ئیدوارد جی ئیپستاین

ئەو پیاوەی کە حەفتاساڵ هەموو جیهانی هەڵخەڵەتاند



وەرگێرانی: سەمیر حسین

چاپی یەکەم
2010

ئەو پیاوەی کە حەفتا ساڵ
هەموو جیهانی هەڵخەڵەتاند

دۆسیەی
<u>ژیانی شاراوەی ئارماند هامەر</u>

نوسینی: ئەدوارد جی لەپستاین

وەرگێڕانی: سەمـــــــیر حسێن

چاپی یەکەم

سلێمانی.........................٢٠١٠

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

زنجیرە (٢٣٠)

ناسنامەی کتێب:

ناری کتێب: ئەو پیاوەی کە حەفتا ساڵ هەموو جیهانی هەڵخەڵەتاند

بابەت: دۆسیەی ژیانی شارلوەی ئارماند هامەر

ناری نووسەر: ئەدوارد جی ئەپستاین

وەرگێڕانی: سەمــــــیر حسێن

نەخشەسازی و بەرگ: فواد کەرلۆسی

شوێنی چاپ: چاپخانەی گەنج

تیراژ : ١٠٠٠ دانە

نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم — ٢٠١٠

ناونیشان: سلێمانی ــ بازاڕی سلێمانی ــ بەرامبەر بازاڕی خەفاف.

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣)   (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

پێڕست

لە پشت هەر سامانێکی گەورەوە تاوانێک حەشاردراوە.

"بەلزاک"

پێشەکی

کەسانێکی زۆر هەیە هەمیشە دەیانەوێت بەرووکەش خۆیان بە گەورە و بەڕێز پیشانی خەڵکی بدەن، بۆ پشتگیری کارەکانیشیان بە سەدان کاری چاکە و خێرخوازی دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا لە پشتی پەردەوە کەسانێکی دیکەن، و مەرامێکی دیکەیان هەیە، تەنها بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان کار دەکەن.

کاتێک ئەم کتێبەم خوێندەوە توشی سەرسامی بووم، چونکە زۆرێک لە بەرپرس و کارمەندە باڵاکانی ئەم وڵاتەم بیرکەوتەوە، کە چەندین نهێنیی زۆر گەورە هەیە لەژیانیاندا، بە هەزاران پەیوەندی ژێر بەژێریان هەیە لەگەڵ وڵاتەکانی دەرووبەر، خەڵکانی ئەورووپا و لەناو خۆیاندا، دەبێت چەند ژمارە حسابیان هەبێت و لەکوێ بێت، چەندیان بەخشی بێت و چەندیان وەرگرتبێت، لەگەڵ کێدا هاوبەشیان هەیە، و لەگەڵ کام کۆمپانیان کار دەکەن، کێ دەزانێت بەژیانی شەخسیان، لەگەڵ چەندین پرسیاری دیکە، هۆکاری نەزانینی ئەو نهێنیانە لەم وڵاتەدا بەهۆی جۆری ئەو دەسەڵاتەوەیە کە بەڕاستی بووەتە ڕێگر لەبەردەم دەرکەوتنی شێوەی ژیانیان، و هەروەها ئەو جۆرە ژیانە مافیای یە کە شتەکانی نادیار کردوە، و بومتە هۆی ئەوەی کە ڕۆژنامەنوسەکان یان ئەو کەسانەی بە شوێن زانیاریەکاندا دەگەڕێن، نەتوانن پەی بەو شتانە بەرن ئەویش بەهۆی نەبوونی یاسایەکی ئازاد بۆ گەیشتنە بە زانیاریەکان. بەڵام بەهەرحاڵ، هەرچەندە مرۆڤ هەوڵبدات، بۆ ئەوەی سەردەمێک خۆی بە جۆرێکی دیکە پیشان بدات، بەڵام ئەگەر لەڕاستیدا بەوشێوەیە نەبێت، زوو بێت یان درەنگ ڕووی ڕاستەقینەی دەردەکەوێت و مێژووی بڕیاری خۆی دەدات.

بەڕاستی هەر لەو ڕوانگەیەشەوە بوو حەزم کرد ئەم کتێبە وەربگێڕم، چونکە ئەم کتێبە پڕە لە زانیاری و وانەی گەورە، بۆ ئەو کەسانەی کە وادەزانن هەرچی بکەن بەنهێنی دەمێنێتەوە، یان بۆ ئەو کەسانەی کە وادەزانن ئەو مرۆڤانەی کە بەرپرسن ڕۆژێک نایێت شتەکانیان بکەوێتە ڕوو.

بەهەرحاڵ هیوادارم توانیبێتم مافی وەرگێڕانی ئەم کتێبەم دابێت، چونکە بەڕاستی ئەم کتێبە زیاتر لە پانزە ساڵ بەردەوام کاری تێدا کراوە، بە هەزاران بەڵگەی سیخوڕی لە دەزگا هەواڵگریەکانی ڕوسیا و ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا خوێنراوەتەوە، بە سەدان چاوپێکەوتن ئەنجامدراوە، سەردانی دەیان کتێبخانە کراوە، گوێ لە دەیان کاسێت گیراوە، بەسەدان ئەلبوم و وێنە سەیرکراوە، چاوپێکەوتن لەگەڵ دەیان هاوڕێ و خزم و کەسی نزیکی ئەم کەسایەتیە کراوە تاوەکو توانراوە ئەم کتێبە بنوسرێتەوە و بەشێك لە حەقیقەتی ژیانی ئەم کابرایە بخرێتەڕوو، هەرچەندە خودی نوسەر نزیکەی چەند مانگێك بە فڕۆکە شەخسیەکەی هامەر چەندین سەفەری لەگەڵدا ئەنجامداوە و لەناو فڕۆکەکەی و ڕیستۆرانەکان و هۆتێلەکاندا چەندین چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ساز کردوە. ڕاستیەکەشی هەموو هەوڵدانەکە بۆ ئەوەیە کە حەقیقەتی شتەکان و ئەو دۆسیە نهێنیەی کە هەیە بخرێتەڕوو، وەکو خودی نوسەر دەڵێت: (دەمویست ژیانی شاراوەی هامەر پیشانبدەم.

لێکۆڵینەوە و گەڕانی (ئەدوارد جی ئەپستاین) لەبارەی (ژیانی ئارماند هامەر) دەرخەری کۆمەڵێك ڕوودا و باسە کە پڕە لە تەزویر، گەندەڵی: و خیانەتی شەخسی لە بەراوردێکی گەورە و کاتێکی درێژ و بەردەوامدا. هامەر لە ساڵی ١٩٩٠ لە تەمەنی نەوەد و دوو ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. لە باسێکی درێژی بەجێماودا لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز، هامەر وەکو معاملەچیەکی سەرکەوتوو پێناسە کراوە: (ماوەیەکی دوور و درێژە خەریکی دامەزراندنی ئاشتی یە لە نێوان ویلایەتە یەککرتوەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتدا، لەگەڵ ئەوەدا هاوکارێکی ماددی زۆری ئەو لێکۆڵینەوە و گەڕانانەی کردوە کە لەلایەن سەنتەرەکانی پزیشکیەوە ئەنجامدراون بۆ دۆزینەوەی چارەسەرەکانی شێرەپەنجە) مرۆڤ دۆستیەکەی، سەنتەرە گەورە هونەریەکەی، و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی لەگەڵ بەرپرسە باڵاکان، بوو بوویە جێگەی قسە و باسی زۆرێك لە خەڵکی. بەڵام باسکردنی ئەسڵی ژیانی هامەر، کە زۆرێك لە کەسایەتیە ناودارەکان و ڕووداوە سەرەکیەکانی سەدەی بیستەم لەخۆ دەگرێت، لە ڕاستیدا جگە لە ئەفسانەیەك هیچی دیکە نیە، ئەفسانەیەك کە نزیکەی حەفتا ساڵ درێژەی کێشا.

نوسەری ئەم کتێبە، بە هاوکاری ئەو سەرچاوە تازە بەدەستهاتوانەی کە بەدەستی هێناون، وێنایەکی بزوێنەر لە پیاوێکی بێ بەزەی، هەلپەرستی بێ شەرم، مامۆستای زۆرزانی و دوورپوو، کە درۆکانی تاوەکو ئەمڕۆش بوونەتە جێگەی بڕوای هەمووکەس، دەخاتە بەردەم خوێنەر. ئەپستاین بەشێوەیەکی بێ وێنە دەستی گەیشتوە بە ئەرشیفەکانی (FBI)، بەڵگەنامەکانی کۆمیسیۆن و کاغەزە بەهادارەکان و بۆرسەکانی کالاَ (SEC)، و بەڵگەنامە نهێنیەکانی سیخوڕی سۆڤیەت لەبارەی خێزانی هامەر لە دەیەکانی ١٩٢٠. هەروەها گفتوگۆی ئەنجامداوە لەگەڵ خۆشەویستەکانی، هاوڕێکان و هاوکارەکانی نزیك هامەر، و دەمووچاوە نزیکەکان و هاوکارەکانی لە سەنتەرەکانی ئاڵوگۆڕە بازرگانیەکان. ئەپستاین لە کاتی لێکۆڵینەوەکانیدا پەی دەبات بەوەی کە هامەر، وەکو رچارد نیکسۆن، چەندین ساڵ قسەکانی خۆی، کە زۆرتر لەبارەی چالاکیە نائاساییەکانەوە بوو، بە نهێنی تۆماری کردوون. ئەم شریتانە گەواهیدەر و دەرخەری فێڵبازی و زۆرداری هامەرن لەکاتی ئەنجامدانی کارەکانی. بەرزبوونەوەی بەرچاوی دارمەند هامەر لە ساڵی ١٩٢٢ بە نامەیەکی نهێنی لە (لنین) ەوە بۆ (ئستالین) دەستی پێکرد. لنین لەم نامەیەدا هامەر بە (ڕێگەی) سەرەکی سۆڤیەتی دەزانێت بۆ سەرچاوەی سەرمایەداری ئەمریکا. هامەر لەوە بەدوا خۆی بە پیاوی سۆڤیەت دەزانی و کارەکانی لەم ڕۆڵەدا هەموو لەسەر ئەو بنەمایە بوون. هامەر بەدرێژایی ژیانی، توانی لە شانۆی جیهاندا پێگەیەکی گرنگ بۆ خۆی بەدەست بهێنێت، بەڵام چۆن بەدەستی هێنا؟ ئەمە پرسیارێکە وەڵامەکەی لەم کتێبەدایە.

سەمیر حسین

٢٠٠٩/٦/٢١

بەڵخەی هەورامان

وەسیەت نامەکەی

ئارمەند هامەر/ سێ مانگ پێش مەرگی، نوسینێك بە دەست و خەتی خۆی دەنوسێت و وەسیەتنامەکەی دەگۆڕێت، و خۆشەویستەکان و کچە نامەشروعەکانی خۆی لە میرات بێ بەش دەکات. پارە خەوێنراوەکانی لە بانکەکاندا بە شێوەیەکی نهێنی کە تەنانەت نزیکترین کەسەکانی بێ ئاگابوون لەو مەسەلەیە، دەخاتە خزمەت و پاڵپشتی مۆزەخانەکەی.

لەندەن

٦ سێپتەمبەر ١٩٩٠

پیتەر لاتز

وەسیەتنامە

پیتەری خۆشەویست،

هەموو فەرمانەکانم لەبارەی بیتی مێرفی و کچەکەی ڤیکتۆریاوە هەڵدەوەشێنمەوە. هەروەها فەرمانەکانم لەبارەی گریزیوسا خاتوو مارتا کافمن واتە (هیلاری گیبسۆن) یش هەڵدەوەشێنمەوە. فەرمانەکانیشم لەبارەی تۆ و پیتەریشەوە هەر ئەوەیە کە پێشتر هەبوو واتە (٥٠,٠٠٠) دۆلار.

حسابەکەی گرزیوسا لە دوای مردنم، دەبێت دابنرێت بۆ سەنتەری مۆزەخانەی ئارمەند هامەر.

ئارمەند هامەر



لەبارەی نوسەری کتێبەکەوە

ئەدوارد جی ئەپستاین لە زانکۆی کرۆنێل خوێندنی تەواو کردوە، و نامەی دکتۆراکەی لەساڵی ١٩٧٣ لە بەشی زانکۆی حکومی لە زانکۆی (هارڤارد) بەدەستهێناوە. تێزی نامەی ماستەرەکەی لەبارەی هەوڵدان بوو بۆ بەدەستهێنانی حەقیقەتی سیاسی (لێکۆڵینەوە: کۆمیسیۆنی وارن و سەلماندنی حەقیقەت) و نامەی دکتۆراکەی لەبارەی شێوەی ڕۆژنامەنوسی تەلەفزیۆنی بوو بەناوی (هەواڵ لە هیچ شوێنێک)، هەردوو نامەکانیشی بڵاو کراونەتەوە. ئەپستاین ماوەیەک لە هارڤارد، ئێم ئای تی، و زانکۆی کالیفۆرنیا لە (لۆس ئەنجلس) وانەی وتوەتەوە بەڵام گەیشتوەتە ئەو دەرەئەنجامەی کە لێکۆڵینەوە و گەڕان بەشوێن بەڵگەکاندا گرنگترە لە وانە وتنەوە: نوسیەی: ژیانی شاراوەی ئارماند هامەر دوانزەهەمین کتێبی نوسەرە، ئەپستاین ئێستا لە نیۆیۆرک دەژی.

گوزەری مەرگ

هیچ شتێك وەکو بڕیاری مەرگ هەستی مرۆڤ نابزوێنێت و کۆی ناکاتەوە

پزیشکەکەی ئارمەند هامەر لە ١٢ ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٠ هەواڵێکی ناخۆشی پێدا لە لۆس ئەنجلس. سێ ڕۆژ پێشتر ئەو لە (ئەلمبارل فارمز) [1]، لە کێڵگەی خاوەن کارگەی گەورەی (جۆهان کلۆگ)[2] لە ڤێرجینیا بوو. کلۆگ نزیکەی سەد کەسی لە دەوڵەمەندترین کەسەکانی ئەمریکایی بۆ هەفتەیەك ڕاوکردنی باڵندەکان بانگهێشت کردبوو بۆ کێڵگە گەورەکەی، ئەویش یەکێك بوو لەوان. خوانەکان شایانە بوون، کەڵەشێری بیابانیان بە فڕۆکە لە بەریتانیاوە هێنابوو. مەبەستی میوانیەکە کۆکردنەوەی پارە بوو بۆ لێکۆڵینەوە و دەستکەوتنی چارەسەری شێرپەنجە. لە گەرمەی میوانی شەوی یەکەمدا، هامەر بەهۆی توندی ئازاری سنگ و سکیەوە ناچار بوو لەسەر مێز هەستێت. پزیشکەکەی، کە لەگەڵیدا دەچوو بۆ هەموو شوێنێك، سەرەتا گومانی وابوو کە خواردنی باشی نەخواردبێت، بۆ یە حبی ڕەوانی و هەندێك چارەسەری دیکەی پێدا. بەڵام ئازارەکانی زیاتر دەبوو. زۆر بە سەختی هەناسەی دەدا و نەیدەتوانی بخەوێت. ڕۆژی دواتر، کاتێك کە ورگنە مل پانەکانی هاوڕێی دەچوون بۆ ڕاوە کەڵەشێری بیابانی، هامەریان بەرەو فڕۆکە (جیتی بوئینگ ٧٢٧) ی شەخسیەکەی خۆیی برد و پاشان بردیانەوە بۆ ماڵەکەی خۆی لە لۆس ئەنجلس. کاتژمێر ٦,٤٥ خولەك دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١١ ئۆکتۆبەر بە پەلە هامەریان بەرەو ژووری

---

[1]– Albemarle farms

[2]– john kluge

تەواری سەنتەری پزیشکی زانکۆی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلس (UCLA) برد- هامەر بەشێوەیەکی زۆر بەخشندانە هاوکاری ماڵدی ئەو دامەزراوەیەی کرد بوو[٢](١)

ئەشیعەکانی ئێکس ئەوەیان پیشاندا کە شانە و ئێسقانەکانی پەراسوی هامەر ئازار و بەرکەوتنێکی فراوانیان بینیوە. دوو پزیشکی باوەڕپێکراو ئەو جۆرە ئازارەیان، (بە حاڵەتێکی پەرتەوازەی و ئەزموونی ڕابردوو) بینی، هیچ گومانیان نەبوو لەبارەی ئەوەی کە: شێرپەنجەیەکی تەشەنەسەندووی مۆخی ئێسقانەکانە. هامەر خۆیشی بەشی پزیشکی خوێندبوو، مانایی ئەم قسەیە باش تێدەگەیشت، توشی ئەو نەگبەتیە بوو کە هەمیشە ترسی هەبوو لێی: شێرپەنجەیەک کە وایی زانیبوو کۆتایی پێهاتوە، بەڵام ئێستا بەشێوەیەکی باوەڕپێنەکراو لە مۆخی ئێسقانەکانیدا بڵاو بوەتەوە، لەگەڵ ئەوەدا هامەر باش دەیزانی کە بەهیچ شێوەیەک تاقەت و تەحەمولی چارەسەری (ئیزەری دەرمانی)[٤] نیە. پیاوێکی ئەوەد و دوو ساڵی کەم خوێنی مزمن، پرۆستات، نەخۆشی جگەر، و لێدانی ناناسی دڵ، جەستەی بەشێوەیەکی بەرچاو لاواز کردبوو. پێشبینی ئەوە کرابوو تە لەماوەی ساڵێکدا دەمرێت.

نزیکەی ساڵێک پێشتر پزیشکەکان هەندێک غودە و ئیلتیهابێکی ترسناکی سەرەتایی مۆخی ئێسقانیان[٥] لە ناودا بینیی بوو، هامەر ئەو کاتە بە دڵنیابوونێکەوە وتبووی بە ئاسانی دەتوانێت زاڵبێت بەسەر ئەو کێشەیەدا. سەرۆک ڕێگان لە ساڵی ١٩٨١ ئەوی هەڵبژاردبوو بۆ (مێزگردی شێرپەنجەی سەرۆک کۆمار)[٦] ، و هامەر بەڵێنیدا بوو لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیەدا کار بکات بۆ کۆکردنەوەی ملیاردێک دۆلار بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو نەخۆشیە. ناوی هامەر لەسەر زۆرێک لە سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە ستراتیژیەکاندا دەبینرا و دەبیسترا وەکو: (سەنتەری بیۆلۆژی شێرپەنجەی ئارماند هامەر) لە ئەنیستیوتی سالک، (تاقیگەی لێکۆڵینەوەی

---

[٢] – سەیری سەرچاوە و پەراوێزەکانی کتێبەکە بکە، بۆ چۆنیەتی زانینی بەدەستهێنانی ئەو بەڵگە و دیکۆمێنتانەی کە بەدەستهاتوون.

[٤]– radiation treatment

[٥]– multiple myeloma

[٦]– president cancer panel

شێرەپەنجەی ئارمەند هامەر) لە زانکۆی ئستانفۆرد، (سەنتەری زانستی تەندروستی جولیوس و ئارمەند هامەر) لە زانکۆی کۆلۆمبیا، و (سەنتەری لێکۆڵینەوەی پێشکەوتووی ئارمەند هامەر لە وزەی ئەتۆمی و تەندروستی). (خەڵاتی شێرەپەنجەی ئارمەند هامەر) بە بڕی ملیۆنێك دۆلار خەڵاتی ئەو بوو بۆ یەکەمین ئەو پزیشکە دەبوو کە چارەسەری ئەو نەخۆشیە بدۆزێتەوە. هامەر لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی- (تمایشی بیل کازبی)[1] دەریخست کە شتێك نەماوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری شێرەپەنجە.

بەڵام هامەر لە ڕووبەڕووبوونەوەی شێرەپەنجەکەی خۆیدا نەیدەتوانی چاوەڕوانی زانست بێت. بۆیە دەستیکرد بە بەکارهێنانی هەویرێکی گیایی کە لەجەنگەڵەکانی مەکسیك هەبوو، کە ڕۆژانە سێ جار وەکو (چای ڕەش)[2] دەیخوارد. هامەر بەو پەڕی دڵنیایەوە بە پزیشکەکانی دەوت ئەو چارەسەرە گیایەی کە بەکاری دەهێنێت دژە کیمی ئەو نێسقانانەیە و بە ئاسانی دەتوانێت زاڵبێت بەسەر ئەو کێشانەدا و ڕیشاڵە شێرەپەنجەیەکان بنەبڕ بکات. (هەرچەندە ڕاپۆرتە پزیشکیەکان ئەم چایە ڕەشەیان بە نهێنی ئامێز ناوبردبوو، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ڕێگەشیان بە خواردنەوەی نەدەدا). هەرچەندە هێنانی دەرمان بەبێ مۆڵەت قەدەغە بوو، بەڵام هامەر ڕێکیخستبوو کە چاودێرە ئاسایشەکانی کۆمپانیاکەی ئەو، (ئەکسیدنتال پترۆلیۆم)[3]، ئەو گیایە بە دەبە بە فڕۆکەی کۆمپانیا بۆی بهێنن. چایە ڕەشەکە بە پرووکەش بەبێ کاریگەری نەبوو، ئەو هاوینە ئەو یە ئەگەر و ئەگەر قسەی دەکرد لەبارەی ژیانی خۆیەوە، و بە دەوروبەرەکەی لەبری ئەوەی بڵێت (کاتێك من مردم) دەیوت (ئەگەر من مردم) (٢).

لە مانگی ئۆکتۆبەر، کاتێك کە هامەر ئەشیعە ئێکسەکانی بینی، تێگەیشت کە چایە ڕەشەکە هیچ کاریگەری نەبووە لەسەری. ئەمە بچوکی بوو بۆ ئەو، بۆیە هەوڵیدا هیچکەس نەزانێت ئەو چارەسەرە هیچ کاریگەری نەبووە لەسەری چونکە ماوەیەکی زۆر بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە توانیویەتی بە ئاسانی زاڵبێت بەسەر نەخۆشیەکەدا

---

[1]– bill cosby show

[2]– tea engro

[3]– occidental petroleum

بەهۆی بەکارهێنانی ئەو ماددە گیاییەوە. بۆیە فەرمانیدا بە پزیشکەکانی کە دەبێت تەنانەت کوڕەکەشی بەهیچ شێوەیەك نەزانێت شێرەپەنجەیەتی. دەبێت هۆکارێکی دیکە بۆ مەرگی بدۆزرێتەوە، بەم شێوەیە تابوتەکەی خۆشەویست و ئەمر دەبێت.

ئێستا ئیدی جگە لەچەند هەفتەیەك هیچ کاتی ئەوەی نەماوە بۆ ئەوەی ئیش و کارەکانی ڕێکبخات و حسابەکانی بکات. (ئەکیسد نتال پترۆلیۆم) لە ساڵی ١٩٥٢ کاتێك کە وەریگرت، کۆمپانیایەك بوو لەسەرەتایی نابوودبوون و شکستی ئابوریدا بوو، ئەوە ئەو بوو کە لەڕێگەی معامەلەکانی لەگەڵ دەوڵەتەکانی دەرەوە و بەدەستهێنانی ئیمتیازە جۆراوجۆرەکانەوە ئەم کۆمپانیایەی وەکو کۆمپانیایەکی جیهانی لێکردبوو. ئێستا (ئەکسید نتال) چوارەمین کۆمپانیای پیشەسازی بوو لە ویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکادا. هەرچەندە هامەر کەمتر لە ١٪ پشکی ئەکسیدنتالی هەبوو، بەڵام لەڕاستیدا سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردن بوو؛ و هەروەها کۆمپانیاکەی وەکو تەویلەیەکی شەخسی خۆی دەبرد بەڕێوە. پارە و گەنجینەکانی کۆمپانیای لە چالاکیە خێرخوازیەکانیدا بەکار دەهێنا. ئەکسید نتال بۆ کۆمەڵەی ئارماند هامەر بەرهەمی هونەری دەکڕی، و پاشان نمایشی دەکردن. تێچوونی (کۆنفرانسی ئاشتی و مافی مرۆڤی ئارمەند هامەر)، کە هەموو ساڵێك لە شارێکدا ئەنجامدەدرا، کۆمپانیای (ئەکسیدنتال) لە ئەستۆی دەگرت، هەروەها تێچوونەکانی دامەزراوەی (بەرهەمەکانی ئارمەند هامەر) کە کاری بەرهەمهێنانی فلیم و کتێب بوو لەبارەی چالاکیەکانی جیهانی هامەر. تێچوونەکانی ئاهەنگی ساڵیادی لەدایکبوونی هامەر، کە پڕبوو لە خەڵکی ناسراو و ئەستێرەی جیهانی، تێچوونەکان و وەکیلە شەخسیەکانی هامەر، پاسەوانەکانی هامەر، و فڕۆکەی بوئینگی ٧٢٧ کەی هەمووی لە ئەستۆی (ئەکسیدنتال) دابوون. ڕاستە کە هامەر ئیدی ناتوانێت لە ناو گۆڕەکەیدا بۆچوونەکانی خۆی بسەپێنێت بەسەر کۆمپانیادا، بەڵام کۆمەڵێك هەنگاو و کاری ئەنجامدابوو کە ناوی لە ئاینەدەشدا شایەنی ناوبردن و هەروەها زیندوو ڕاگرتن بوو. بە سەرفکردنی تێچوونی نزیکەی ١٠٠ ملیۆن دۆلار، ئەکسیدنتالی والێکردبوو لە • دراوسێیەتی نوسینگەی سەنتەری جیهانی خۆی لە (بۆلوار ڤیلشەر)، پەیکەرێکی بیرەوەری ئەمری بۆ دروست بکرێت و بەناوی (مۆزەخانەی سەنتەری هونەری و

فەرهەنگی ئارمەند هامەر[1]، کە لەوێدا وێنەکانی لێۆناردۆ داڤینچی، لەسەر تابلۆکان نوسخەیەك لە دەستوخەتی هامەری پێوە بوو، بۆ هەتاهەتایە لە مۆزەخانەکەی نمایش بکرێت.

هەرچەندە هامەر دەیزانی ئیدی تەمەنی ئەوەندە نەماوە، بەڵام مامەڵەیەکی دیکەی هەبوو دەیویست پێش ئەوەی بمرێت ئەنجامی بدات. ناوی نهێنی ئەو مامەڵەیەی نابوو (مشایخی سەهیۆنی)[2]. هامەر ئەم ناوە نهێنیەی تاوەکو رادەیەك بە گاڵتەوە هەڵبژاردبوو. هاورێکانی ئەو لەو مامەڵەیەدا پێکهاتبوون لە (رۆبێرت ماکسوێل)[3]، خاوەنی ئیمپراتۆریەتی چەندین ملیارد دۆلاری راگەیاندنە گرووپیەکان، وەکو کۆمپانیای بڵاوکراوەی (ماکمیلان)[4] لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و (گرووپی رۆژنامەی میرۆر)[5] لە بەریتانیای گەورە، و (شوول ئیزنبێرگ)[6]، رێکخەری بەشێکی گەورەی ناردەنی پیشەسازی ولاتی چین، و (ئەلبێرت رایشمەن)[7]، و دروستکەری گەورەترین کۆمپانیای معامەلاتی موڵکی جیهانی، (ئەلیمپیا و یۆرك)[8]، ئەم کەسانە هەموو لە کاسبی و کاردا لەگەڵ وڵاتە کۆمۆنیستەکان دەستێکی باڵایان هەبوو. (۲).

---

[1]– armand hammer muscum of art and cultural center

[2] – elders of zion . (کەشتنامەی مشایخی سەمیۆن) کۆمەڵە نوسینێك بوون کە پێکهاتبوون لە کۆمەڵە پلان و نەخشەیەکی جولەکەکان و پۆست ماسۆنیەکان کە لەبارەی لەناوبردنی شارستانیەتی مەسیحیەوە قسەیان دەکرد و دواتر دەرکەوت کە پۆلیسی نهێنی روسیای قەیزاری ئەوانەی دروستکردووە. (وەرگێڕ).

[3] – Robert Maxwell خۆی یەکێك بوو لە فێڵبازترین و هەڵخەڵەتێنەرترین کەسە جیهانیەکان و لەدوایی مەرگە شاراوەکەی لە ساڵی ۱۹۹۱، پەردەی ساختەچیەکانی و فێڵبازی و دزیە گەورەکانی لە بەریتانیادا دەرکەوت. (وەرگێڕ)

[4]– Macmillan publishing company

[5]– mirror newspaper group

[6]– shaul ciscnberg

[7]– albcrt Reichmann

[8]– Olympia and york

هامەر حەفتا ساڵ تەمەنی بوو، بە شاراوەی و ئاشکرا، پەیوەندی هەبوو لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا، و بە کڕین و فرۆشتن و قاچاخی هەر شتێك کە لە هاوکاریکردنەوە بیگرە تاوەکو بگاتە بەرهەمی هونەری تەزاری و ماددەی پیترۆکیمیاوی ئەنجامیدا بوو، بەباشی شارەزایی ڕێسا و یاسای کار و کاسبی ئابوری بوو. ژمارەیەك لە بەهێزترین دەسەڵاتدارە ڕێبەرەکانی سۆڤیەتی بینی بوو، وەکو لنین، ئیستالین، خرۆشۆف، برژنێف و گۆرباچۆف، لەسەفەرەکانیاندا بۆ ڕۆژئاوا ڕێگەیان کەوتبوویە ماڵەکەی ئەو و وەکو خزمەتکارێك کاری کردبوو بۆیان. کاتێکیش جەنگی سارد کۆتایی هات، هامەر دەیویست سود لە پەیوەندیەکانی خۆی وەرگرێت و معاملەیەکی کۆتایی ئەنجام بدات– ئەویش دروستکردنی کارگەیەکی تازەی فڕۆکەسازی بوو. ئەم ئەخشەیە پێویستی بە پاڵپشتی هاوکاری یەکێتی سۆڤیەت، ویلایەتە یەکگرتوەکان و ئیسرائیل بوو. ئەگەر ئەو کارەی سەرکەوتوویوایە، هامەر و هاوڕێکانی دەیانتوانی بە ملیارەها دۆلار سودیان دەستکەوێت. هامەر ڕەزامەندی (گۆرباچۆفی) لە خستنەڕووی ئەخشەکەی لە سێپتەمبەری ١٩٨٩ بەدەست هێنابوو. چەند ڕۆژێکیش پێش ئەوەی لە کێڵگەکەی جۆهان کلوگ توشی ئەو ئازاری سنگە بێت، پلانەکەی خۆی خستبوویە بەردەم سەرۆك جۆرج بۆشی باوك لە کۆشکی سپیدا، و بە هاوکاری (هاوارد بێکەر)[1]، سەرۆکی پێشووی نوسینگەی کۆشکی سپی، هەوڵیدا بوو تاوەکو ڕەزامەندی سەرۆك کۆمار بەدەستبهێنێت چونکە ئەمە کارێکی گەورەیە بۆ داماڵینی چەکی یەکێتی سۆڤیەت– و لەهەمانکاتدا بۆ کرێکارانی ئەمریکیش کار پەیدا دەکات. هامەر هیوادار بوو بە سەفەرێکی دیکەی بۆ مۆسکۆ، پلانەکەی خۆی بکاتە کرداری.

پێتاقەتی سەرەکی هامەر لەم دوا مانگانەی کۆتایی تەمەنی بریتی بوو لە پاراستنی ناوداری و ناوبانگیە فراوانیەکەی خۆی دوایی مەرگی. حەفتا ساڵ بەشێوەیەکی ماندوونەناسانە هەوڵیدابوو کە خۆی بە پیاوێکی چاکەخواز، هونەر دۆست و ئاشتی پەروەر پیشان بدات. چونکە لەتەمەنیدا بە ئەندازەی توکی سەری خەڵاتی وەرگرتبوو وەکو خەڵاتی (کلیکسۆن) بە ناوی (فەرمانی دۆستی داهێنەرەکانی لنین) لە یەکێتی سۆڤیەت، کە بەهیچ سەرمایەدارێکی ئەمریکی دیکە

---

[1] howard baker ، دواتر بووە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا. (وەرگێڕ)

نەبەخشرابوو، و هەرگیزیش نادرێت: (مەدالیایی هونەرە میللییەکانی) ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، نیشانەی (لژیۆن دونوری) فەرەنسا، (فەرمانی بەرزی لێهاتووی) ئیتالیا، (فەرمانی شایانەی ئەستێرەی جەمسەری) سوید، (خاچی شاسواری فەرماندە)ی نەمسا، خەڵاتی (ئاشتی هیلال سەرۆکی گەورەی) پاکستان، (خەڵاتی ڕێبەری) ئیسرائیل، (فەرمانی ئەندرس بیوسی) فەنزویلی، (خەڵاتی ڕێزلێنانی میللی) مەکسیکی، (مەدالیایی ئاهەنگی ساڵگەردی) بولغاریا، و (فەرمانی تاجی) بەلجیك، بەلایەنی کەمەوە بیست و پێنج زانکۆ نامەی دکتۆرایی فەخریان پێ بەخشیبوو. پەیوەندی لەگەڵ (پرنس چارلزی) بەریتانیا ئەوەندە هاوڕێیانە بوو کە ئەیانویست ئەو بکەنە باوکی ناوی یەکێك لە کوڕەکانی چارلز. هامەر تەنانەت توانی بووی بچێتە ناو ڕیزی کاندیدەکانی خەڵاتی ئاشتی (نۆبڵ) یشەوە.

ئاوداری هامەر دوای مەرگی پەیوەست بوو بەوەی کە تاوەکو چەند بتوانێت ئەو عەیب و لەکانەی پێوەی بوو بیانشارێتەوە و بەنهێنی بیانهێڵێتەوە. بۆیە پارێزەرەکان و وەکیلەکانی خۆی ڕاسپارد داوا لە بنکەی بەڵگە نامە یاسایەکانی ئازادی زانیاری ئەمریکا بکەن بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو ڕێگایەی پێبدەن کە بە ئازادی دەستی بگات بەهەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی کە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە درێژایی شەست ساڵی ڕابردوو ئەنجامی داون. (٤) و پاشان پارێزەرەکان هەوڵبدەن تۆمەتەکانی (ئێف بی ئای) و دەزگا نهێنییەکانی دیکە و سیخوڕییەکانی لەبارەی کارە پێشینەکانی هامەرەوە لە یەکێتی سۆڤیەت، بەنازناوی سەرمایەداری هەڵبژێردراوی لێنین، لەم بەڵگەنامانەدا دەربێنن. هەوڵبدەن قەناعەت بکەن بە سەنتەری لێکۆڵینەوەی نهێنی کە ئەم ڕاپۆرتانە، بەبێ گەیشتن بە بەڵگەنامەکانی سۆڤیەت، جگە لە پڕوپاگەندەیەك هیچی تر نین. ساڵێك پێشتر هامەر جۆرێك لەجۆرەکان قەناعەتی کردبوو بە سەرۆك بۆش بۆ ئەوەی بیبەخشێت و بەتایبەتی ئەو داوایەی کە لەسەری بوو لەدادگادا لەبارەی: پێدانی ئەو بڕە پارە نایاسایەی کە بۆ ململانێی هەڵبژاردنی ١٩٧٢ بۆ سەرۆك کۆماری نیکسۆن تەرخانی کردبوو، لەگەڵ ئەو پارەیەی کە تەرخان کرابوو بۆ پەردەپۆشکردنی ڕسوایەکەی (واترگێت). هامەر باش دەیزانی کە شەڕ و ململانێی یاسایی لەبارەی کێشەکانیەوە دوایی مەرگی بەردەوام دەبێت و بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت لەو کێشانە لابدرێت، بۆیە بە هەموو شێوەیەك و بەهەموو

توانایەکیەوە هەوڵی دەدا، دوایی مەرگی خۆی ئەو ڕسوایانە داپۆشێت و ژیاننامەی وەکو خۆر بدرەوشێتەوە.

ئـەو حەربەیـەی کـە هامــەر بـۆ پاراسـتنی نهێنـی خـۆی بـەکاری دەهێنـا (بروابێکراوەکـانی ژیـانی هامـەر)[1] بـوون، بـاوەڕبوونی گـوزەران بـەپێی یاسـایی کالیفۆرنیـا جۆرێـك یاسـایەك و نـەریتێك هەیـە بـۆ ئـەو مەسـەلەیە کـە بـەمانایی شاردنەوەی ئەو موڵك و ماڵە دێت. متمانەبوونی بڕێوی بە پێچەوانەی دارایی تاك، لە گروپی دۆست و نزیکی وەسیەتنامەدا لەکاتی بەجێماندا پێویستی بە هیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی وردی دەوڵەتی نیە. هیچ کەس ئەوەندەی باوەڕپێکراوەکەی ژیانی هامەر ناتوانێت تێبگات هامەر چەندە پارەی لە ژیاندا پەیداکردوە و چۆن پارەکەی خـۆی لـەنێوان خزمـەکان، خۆشەویـستەکان، هاوکارەکـان و دەوروبەرەکەیـدا دابەشکردوە.

کاتێـك هامـەر لەناوەنـدی پزیـشکی زانکـۆی کالیفۆرنیـا لـە لـۆس ئـەنجلس بـە لیمـۆزین مارسـیدزەکەی خـۆی هاتـە دەرەوە، لـە نوسـینگەکەی کارەکـەی لـە قـاتی شانزەیەمی بینای (ئەکسیدنتال)دا هەندێ وەستا. لەناو قاسەکەی نوسینگەکەیدا، کە تەنها خۆی کلیلی ئەو قاسەیەی پێ بوو، دەستەیەك کاغەزی دەرهێنا. پاشان وتی بە شۆفێرەکەی ئەو کاغەزانە بیـە بۆ ماڵەوە. ماڵی لە ژمارە (١٠٤٢) جـادەی تایبـەتی تەپۆڵکەکانی (هـولمبی) ناوچـەی (ڤێـست وود) بـوو، کاتێـك کـە هامـەر سـاڵی ١٩٥٦ ڕۆیشت بۆ کالیفۆرنیا ڕاستەوخۆ ڕۆیشت بۆ ئەو ماڵە و لەوێدا جێگیر بوو.

(ڕووسیا مارا دۆراسۆ)[2]، خاتونێکی پزیشك بوو کە لەکاتی ڕاوکردنی باڵندەدا لە ڤێرجینیا لەگەڵیدا بوو و هاوڕێیەتی دەکرد، لەماڵەکەیدا چاوەڕوانی بوو. کاتێك کە هاوسەری سێ یەمی مرد، واتە (فرانسیس) لە مردنیەوە ئەم پزیشکە پەیوەست بوو بوو بە هامەرەوە. هامەر و دۆراسۆ نزیکەی شەش ساڵ پێشتر یەکتریان ناسی بوو. ئەو ژنە ئەو کاتە نزیکەی (٣٠ تاوەکو ٣١)ساڵ تەمەنی بوو ژنێکی زۆر جوان و ناسك

[1]– armand hammer living trust

[2]–rosamaria surazo

بوو. هاولاتێکی مەکسیکی بوو خەریکی درێژە پێدانی خوێندنی پزیشکی بوو لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە (لۆس ئەنجلس). شێوەی ناسینیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە جارێکیان هاتبوو بۆ نوسینگەکەی هامەر تاوەکو لەبارەی کێشەیەکەوە سەبارەت بە (بەرنوەبەرایەتی کۆچ) داوای هاوکاری لێ بکات: لەگەڵ ئەوەدا پێشنیاری جێگری پرۆفیسۆریان بۆ کردبوو بۆ بەشی بێ هۆشی (jules stein eye institute) ی زانکۆی (UCLA)، بەلام دەزگای کۆچ و هاولاتی ئەمریکا هێشتا (کارتی سەوزی)[٢] یان پێنەدابوو. هامەر وتی بە جێگری کارەکانی خۆی تەلەفۆنێك بکات بۆ کۆشکی سپی. پاشان وتی بە (دۆراسۆ) کێشەکەت چارەسەر دەبێت، و خاتون چەند رۆژێك دواتـر سـەیری کـرد، کێـشەکە چارەسـەر کـراوە. و لەگـەڵ ئەوەشـدا کردویانەتـە سەرپەرشتی بەشی بێهۆشی (jules stein eye institute).

لـە سـاڵی ١٩٨٥، یومەلەرزەیـەك دایـی لـە مەکـسیکۆ، لـەو تەخۆشـخانەیەی کـە دۆراسۆ خوێندبووی تەختی زەوی کردبوو، و دیسانەوە ژنەکە دووبارە رۆیشتەوە بۆ داوایی هاوکاری بۆلای هامەر. هامـەر وەلامـی داواکەی دایەوە و بەخێرایی گروپێك پزیشك و دوو (تەن) کەلوپەلی پزیشکی بە فرۆکە نارد بۆ ئەو شوێنە (٥)، دۆراسۆش لەگەڵ ئـەو هاوکاریـەدا لەگـەڵ هامـەر بـەو فرۆکەیـە رۆیـشتن بـۆ مەکسیك، و لـە چـەند سـەفەرێکی دیکەشـدا لەگەڵیـدا گەشـتی کرد و هاورێیـەتی دەکرد، وەکو سـەفەرەکانی چین، یابـان و روسـیا. هامـەر خۆشـی دەهـات لـەوەی کـە دۆراسـۆی بـە (پزیـشکی شەخـسی خـۆی) بناسـێنێت لەلایـەن بەرپرسـە گەورەکانـەوە، (هەرچـەندە لـەو دوای بەجێهێشتنی (ئەنستیوتی ژۆل ئەستین) دۆراسۆ ئیجازەی کارکردنی نـەبوو لـەبواری پزیشکیدا لە ئەمریکا. لە ساڵی ١٩٨٩، بە وتـەی یـەکێك لـە کارمەنـدەکانی کۆمپانیـای (ئەکسیدنتاڵ)، ژن (لەهـەموو سـەفەرێکدا لەگـەڵ هامـەردا سـەفەری دەکـرد): دەفتـەرە شەخـسیەکەی راپـۆرتی سـەفەرەکانی هامـەر پـشتراستکەرەوەی ئـەو قـسەیە بـوون. دۆراسۆ تەنانەت بە بۆنەی ئاهەنگی حەوت شەو و رۆژی دەست بەکاربوونی سەرۆك کۆماری بۆش دا لەگەڵ هامەردا رۆیشت بۆ واشنتۆن.

---

[٢] – green card ، کارتی رێگەپێدانی کارو و مانەوەی هەمیشەیی لە ئەمریکا. (وەرگێڕ)

لەگەڵ هەموو ئەمەشدا هامەر هێشتا بەشێوەیەك خۆی پیشان دەدا کە لەگەڵ هاوسەرەکەی (فرانسیس)دا دەژی و بەشێوەیەك خۆی پیشان دەدا کە هێشتا هاوسەرگیریەکەیان بەردەوامە، بەڵام پەیوەندی ئەو دوانە هەموو ڕۆژێك تاریکتر و خراپتر دەبوو. ژن و مێردایەتیەکەیان ئاوەندە خراپ بووبوو کە فرانسیس، لە ١٠ ئۆکتۆبەری ١٩٨٩، کچە خوشکە میرات بەرەکەی، (جۆن ویس)، بانگ کرد و پێی وت دەیەوێت هامەر بەجێ بهێڵێت. هەروەها وتی بە (ویس) بەڵگەنامە دارایەکانی خۆم لە شوێنێکدا لە ژووری خەوتنەکەم لە پشت چەند سندوقێکی بچوکەوە شاردوەتەوە. هەر لەو ئاوەندەدا لەمانگەکانی پایز، هامەر فشار دەخاتە سەر فرانسیس کە بەڵگەنامەیەك ئیمزا بکات و دان بەوەدا بنێت کە بەهیچ شێوەیەك ئامادە نیە داوای یاسای بکات لەبارەی سەلتەری هونەریەکەیەوە کە پێشتر کردبووی بەناوی فرانسیسەوە و دەیێت بەهەموو شێوەیەك چاوپۆشی لەو بەشە بکات. سەرەئەنجام، لە ١٥ نۆڤەمبەر، فرانسیس ئامادە بوو ئیمزای بەڵگەنامەکە بکات. دە ڕۆژ دوایی ئەوە، فرانسیس خلیسکا و حەوزی شکا و ترەکی برد، پاشان بۆ عەمەلیاتکردن بردیان بۆ زانکۆی کالیفۆرنیا. هەرچەندە نەشتەرگەریەکەی حەوزی زۆر بەباشی بۆ کرا، بەڵام کێشە و ئەگبەتی دوای نەشتەرگەریەکە دروست بوو بۆی. دوایی بێهۆشکردنی بۆ ئارامکردنەوەی مێشکی دەرمانی (هلسیۆن) یان پێ دابوو، دوایی ئەوە نەیدەتوانی زۆر بەباشی هەناسە بدات.

ڕۆژی دواتر کاتێك (جۆن ڤویس) هات بۆ نەخۆشخانە، فرانسیس هێشتا بەهۆی بەکارهێنانی دەرمانە سڕکەرەکانەوە گێژ و حۆل بوو. ئامادەبوونی دۆراسۆش ئەوەندەی دیکە فرانسسی ئازار دەدا. فرانسیس بە شاراوەییەکەوە لە ویسی پرسی (ئەو لێرە چی دەکات؟) ویس وابیری دەکردەوە کە (دۆراسۆ) هامەر ناردویەتی بۆ ئەوەی چاودێری بکات. ڕۆژی دواتر بارودۆخی فرانسیس خراپتر بوو، و کۆتایی مانگ بەناچاری بردیان بۆ بەشی چاودێری تایبەتی نەخۆشخانە واتە ئنعاش (٦).

هامەر، ئەو ڕۆژانەی کە بارودۆخی ژنەکەی بەرەو خراپی دەڕۆیشت، لەگەڵ دۆراسۆ ڕۆیشت بۆ مۆسکۆ بۆ ئەوەی معامەلەی شاراوەی (مشایخی سەعیۆنی) ئەنجامبدات. ڕۆژی حەوتی دیسەمبەر لە کۆشکی کرملین چاوی بە گۆرباچۆف کەوت، ئەمە چلەمین سەردانی هامەربوو بۆ کرملین کە یەکەمین سەردانی بینیی (لنین) بوو لە

ساڵی ١٩٢١، دوای ئەو بینیتە لە ڕوسیاوە ڕاستەوخۆ ڕۆیشت بۆ مەراکیش، و لە شاری مەراکیش سێ ڕۆژ لە ڤێلایەکدا پشویاندا. کەمێک دوایی گەڕانەوەی ئەوان، فرانیس کە دوو هەفتە دەبوو لە بەشی چاودێری تایبەتیدا ژیانی بەسەر دەبرد، بەهۆی ئازاری زۆری سیەکانیەوە مرد. هەرکەسێک بمردایە لەو شوێنەدا بەزۆی جەستەیان بەکاردەهێنا بۆ تەشریح و کاری پزیشکی بەڵام هامەر ڕێگەی بەو کارە نەدا– و بۆیە مەراسیمی بەخاک سپاردن بەبێ هیچ دەنگە دەنگ و لەناو ئارامیکی تەواوردا ئەنجامدرا. چەند ڕۆژێك دواتر دۆراسۆ شتەکانی گواستنەوە بۆ ماڵی هامەر و لەوێ جێگر بوو.

دوای ئەوەی کە یەکەمین نیشانەکانی شێرەپەنجەی مۆخی ئێسقانەکان لە هامەردا دەرکەوت و هیچ جۆرە چارەسەرێکی تەنانەت هارمۆنیش یەکەڵکی نەهات، دۆراسۆ پێی وت خێزانەکەی لە مەکسیك جۆرێك لە چای گیای دەناسن کە دەتوانێت ببێتە ڕێگر لەبەردەم شێرەپەنجەدا، و لەهەمان مانگدا واتە لە جەنیوەری ئەو جۆرە چایە ڕەشە گیایەیان ڕێکخست و گواستیانەوە بۆ ئەمریکا. هامەر وتبووی بە پزیشکەکانی دەتوانێت بەم چای یە ڕەشە جارێکی دیکە وزە و توانایی بەدەست بهێنێتەوە. لە نۆی مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٩٠، ئەو زیاتر لە چوار سەد هەزار کیلۆمەتر بە فڕۆکە تایبەتیەکەی، (ئۆکسی یەك)[1] سەفەری کرد. ناو فڕۆکەکەی وەکو سوئیتێکی هۆتێلێکی زۆر پێشکەوتوو لێکردبوو. هامەر و دۆراسۆ گەڕانەوە بۆ مۆسکۆ، و چونکە بانگهێشت کرابوون بۆ میوانییەکی تایبەتی سەرانی بەرپرسی گەورەی دەوڵەت، و پاشان لەوێوە ڕۆیشتن بۆ پەکین و تۆکیۆ. پاشان گەڕانەوە بۆ پاریس و لەندەن و بەشداری کۆمەڵێك لە مزایدەی تابلۆی هونەریان کرد. لە مەکسیکۆ لەگەڵ سەرۆك کۆماری مەکسیك، و لە واشنتۆن لەگەڵ سەرۆك کۆماری ئەمریکا بۆش نانی ئێوارەیان خوارد. لە لوئیزویل لە پێشبڕکێکی ئەسپ سواری (کنتوکی)، و لە بالتیمۆر، لە پێشبڕکێکی (پریکنس ئەستیکن)[2] بەشداریان کرد. لە سەرچاوە کانزایەکانی ڕۆمانیا، دەرمانێکیان تاقیکردەوە بەناوی (سەرچاوەی جوانی). لە مانگی مەی هامەر لە لۆس ئەنجلس ئاهەنگێکی لە دایکبوونی ساز کرد بەهۆی ئەوەی

---

[1]–oxy one

[2]- preakness stakes

کە پێی ئاوەتە تەمەنی نەوەد و دوو ساڵی یەوە، و گرووپی سەماکەر بەجل و بەرگی ئاسك و سەرنجڕاكێشەوە جەمیان دەمات لە ئاهەنگەکەدا و سەمایان دەکرد. لە (تێل ئاویۆ) ئاهەنگێکیشی بۆ لەدایکبوونی سی و هەشت ساڵی (دۆراسۆ) ئەنجامدا، دوای چەند ڕۆژێك لەو ئاهەنگە هامەر پێشنیاری هاوسەرگیری خستە بەردەم دۆراسۆ.

هامەر (متمانەی باوەڕپێکراوی ژیانی) گۆڕی و نزیکەی یەك ملیۆن دۆلاری خستەلاوە بۆ دۆراسۆ. پێشتریش هەنگاونانی هاوشێوەی دیکەی هەبوو بۆ سێ ژنەکەی دیکە کە لە ژیانیدا پشکیان هەبوو و لەبەرچاویشی گرتبوون. مادامەکی ئەو سێ کەسە ڕەچاوی بڕیارە ناوبراوەکانی (متمانەی بژێوی) هامەریان ڕەچاو کردبوو، هەموو مانگێك هامەر بۆ پاشماوەی تەمەنیان چەکێکی بانکی پێدەدان. هامەر هیوادار بوو ئەم بڕیار و بازنەی پەیوەندیانەی کە لەگەڵ ئەو ژنانەدا هەیبوو بەشاراوەی بمێنێتەوە.

بەڵام هامەر پێشبینی شتێکی نەکردبوو. دوای مەرگی فرانسیس، ئەویش جوون ویس و پیاوەکەی، واتە (ڕۆبێرت) کەمیراتگری وەسیەتنامەکەی فرانسیس بوون، و ڕۆیشتبوون بەشوێن ئەو پەناگا و شوێنە نهێنییەی کە فرانسیس وتبووی بە جوون و بەڵگە دلراییە شاراوەکانیان بەدەستهێنا. ئەم بەڵگانامانە هەموو ئەو دخل و بەکارهێنانە دارایانەی فرانسیس کە تەنانەت پێش هاوسەرگیری لەگەڵ هامەردا هەیبوو، لە ساڵی ١٩٥٦ وە لەناویدا بوون و لەگەڵ ئەوەدا کۆمەڵێك بەڵگەی زۆر بوونی هەبوو کە تەنانەت ئەوەیان دەخستەڕوو کە هامەر بۆ دانەوەی قەرزەکانی خۆی لە کڕین و فرۆشتنی کەلوپەلە هونەریەکان و هەروەها بۆ کڕینی پشك و کۆنترۆڵکردنی (ئەکسیدنتال پترۆلیۆم) تاوەکو چەندە پشتی بە سامانە بەجێماوەکەی هاوسەرەکەی بووە و چەندە بەکاری هێناوە. ویسی دوایی لێکۆڵینەوە لەو بەڵگانە گەیشتنە ئەو ڕاستیەی کە هامەر بەشێوەیەکی زۆر بەبەرنامە هەموو پارەکانی فرانسیسی بەکارهێناوە بۆ خۆی. لە جێنیوەری ساڵی ١٩٩٠، ڕۆبێرت ویس بە نوێنەری میراتەکەی فرانسیس شکات و داواکاریەکەی بردە بەردەم دادگا، و بانگەشەی ئەوەی کرد کە هامەر نزیکەی ٤٠٠ ملیۆن دۆلاری لە فرانسیس بردوە و لەزۆربەی ئەو میراتەی کە هامەر هەیەتی فرانسیس پشکی هەیە لەناویدا بەتایبەتی تەلارە هونەریەکەی.

هامەر سەرەتا دڵنیابوو لەوەی کە دەتوانێت ئەوانە تێکبشکێنێت. وەکو ئەوەی کە بە پارێزەرەکەی خۆی وتبوی لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا زۆرێك لەخەڵك لەدژم شکاتیان تۆمار کردوە وەکو (شەریکەکانی، بانکدارەکان، فرۆشیارەکانی بەرهەمە هونەریەکان، گلەیدارەکان، خزمەکان، کارمەندە پێشینەکان، بەرپرسەکان و خاوەن ئەلکهولیە گەورەکان، بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتی باج و دەرامەت، (کۆمیسیۆنی بەنرخ و بۆرسەی کالاّکان)[1] ، و پشکدارەکانی)، لەگەڵ ئەوەدا توانیویەتی سەرکەوێت بەسەر هەموو ئەو داواکاریانەیاندا و لەدادگا بەسودی خۆی دەعواکە تەواو بکات (٧).

بە هۆی توانایی (ئەکسیدنتال) کە لە بەردەستیدایە، دەتوانێت سەرکەوێت بەسەر هەموو ئەو کەسانەی کە ناکۆکیان هەیە لەگەڵیدا. بۆیە سووربوو لەسەر ئەوەی کە دەتوانێت بەتێپەڕینی کات یان شکست بێنێت بەسەر خوشکەزاکەی فرانسیس یان ڕێك بکەوێت لەگەڵیدا. پاشان لە مانگی ئۆکتۆبەردا بۆی دەرکەوت، ئەوەندەی ئەماوە لەژیانیدا، بۆیە ئەم حاڵەتە هەمووشتەکانی گۆڕی. ئەگەر دۆسیەی داواکاریەکەی ئەو دوای مەرگی بەردەوام ببێت، و نهێنی (متمانەپێکراوەکانی ژیانی) ئاشکرابن و درزیان تێبکەوێت. واتە بوونی ئەو چوار ژنەی کە پەیوەندی هەبوو لەگەڵیاندا، و شاردنەوەی لە هاوسەرەکەی، لەوانەیە ئەم حاڵەتە بەتەنیای بتوانێت دەستەی داوەرەکان باوەڕپێبکات کە ئەو، وەکو ئەوەی لە شکاتەکەدا هاتبوو، بە فێڵ ئیمزای بە ژنەکەی خۆی کردبوو کە لەموڵك و پشکی سامانەکەی خۆی خۆش بێت، ئەگەر بەوشێوەیە بێت، ئابڕو و حەیای هامەر دوای مەرگی بەتەواوەتی لەناو دەچێت، و شتەکانی بەسەردا ساغ دەبێتەوە.

خواستە تازەکان هامەریان ناچارکرد بیر لە ڕێگاچارەی تازە بکاتەوە. بڕیاریدا هەموو شێوە و نیشانەیەکی چوار ژنەکە و ئەگەری هەر جۆرە ڕسوایەك کە بوونی هەیە لەناو بەرێت. ئێوارەی ١٢ ئۆکتۆبەر، هامەر پارێزەرەکەی (ئستاندفۆرد ماتیۆن)ی بانگ کرد بۆ ماڵەوە. پشوی کۆتایی هەفتە تازە دەستی پێدەکرد، بەڵام ئەمە بۆ هامەر هیچ گرنگی نەبوو– هامەر تەنانەت لەکاتی ئاسایەکانیشدا هەرکاتێك کە پێویستی بە وەکیل و پارێزەرەکانی هەبوایە بەبێ هیچ حسابێك ئەوانەی بانگ دەکرد.

---

[1]- security and exchange commission

نوسینگەی پارێزەری (ماتیوز، میچل سیلبربێرگ و کناپ) لە ساڵی ١٩٥٥ەوە پارێزەری ئەو بوون. هامەر پێداگیری لەسەر ئەوە دەکرد کە دەبێت وەسیەتنامەیەکی تازەی بۆ ئامادە بکات. و فەرمانیشی پێدا کە هاوکاری یارمەتیدانی دڵرای بۆ چوار ژنەکەی لە وەسیەتنامەکەدا لابەرێت و شێوەی (باوەڕبووەکانی ژیانی) کەم بکاتەوە تاوەکو هەموو حسابەکانیان بەتاڵ بکاتەوە. هامەر ڕێگەی دیکەی بۆ هاوکاریکردنی هاوڕێ ژنەکانی و خێزانەکەی دیکەی پەیدا کرد.

ڕۆژێ دواتر، هامەر داوایکرد لە شۆفێرەکەی (نیک بۆچەر)[1]، کە هاوکاریشی بوو، بیبات بۆ مۆزەخانەی ئارمەند هامەر. هامەر کاتی خۆی هەموو تابلۆ هونەرییەکانی خۆی کە پێکهاتبوون لە تابلۆکانی (ڕەمبرانت، ڕوبنس، فراگونار، گویا، گۆگن، ڕێنوار، مۆدلیانی، سیزان، مونە، ڤان گوخ) بەڵێنی دابوو بە (سەنتەری مۆزەخانەی لۆس ئەنجلس). کە بیانبات بۆ ئەو مۆزەخانەیە بەڵام بەو مەرجەی کە: دەبێت کۆمەڵە هونەرییەکەی ئەو لە بینایەکی بەناوی ئەوەوە بەجیا دابنرێن، دەبێت شوێنێکی تایبەتی هەبێت، واتە شوێنێك کە هەڵبژێردراو بێت و لە ژێر چاودێری بنیادی ئارمەند هامەردا ئیش بکەن. ئەو شتەی کە بەڕاستی هامەر دەیویست مۆزەخانەیەکی تایبەتی بوو لە ناو مۆزەخانەی گشتییەکەدا. مۆزەخانە ئەم مەرجەی قبوڵ نەکرد، و هامەر، لە ساڵی ١٩٨٨، کارەکەی خۆی وەرگرتەوە. لەبەرامبەردا، بە پارەی (ئەکسیدنتال)، و لە ڕێگەی معامەلەیەکی موڵکییەوە، بینایەکی بۆ خۆی دروستکرد. خۆی بیناسازییەکەی هەڵبژارد، و خۆی نەخشەکەی هەڵبژارد، و خۆیشی چاودێری بیناکەی دەکرد. مۆزەخانەکەی ئەو، هەرچەندە کرێکارە سەرە خودە ئاسنینەکان هێشتا خەریکی کارکردن بوون لەناویدا، بڕیار بوو ڕۆژی ٢٥ نۆڤەمبەر بکرێتەوە و فیستیڤاڵێکی جوانی بەهۆی دامەزراندنییەوە تێدا ئەنجام بدرێت- لەگەڵ پێشانگایەکی وێنەکانی فۆتۆریست و نمایشە خراوەڕووەکانی هونەرمەندی سۆڤیەتی (کازیمیر مالڤیچ)[2].

---

[1]– nick butcher

[2] kazimir malevich

سەرپەرشتیاری مۆزەخانەکە، (هیلاری گیبسۆن)[٤]، ئەمڕۆ وەکو هەر شەممەیەکی دیکە، لەبەردەم دەرگاکەدا چاوەڕوانی دەکرد. هامەر بۆ یەکەمینجار ساڵی ١٩٧٤، چەند مانگێک دوای یادکردنەوەی ئاهەنگی لەدایکبوونی حەفتا و شەش ساڵی، گیبسۆنی ناسیبوو. ئەو ژنە ئەو کاتانە ڕۆژنامەنوسێکی تەمەن سی و دوو ساڵە بوو و ناوی (مارتا ڤید کافمن)[٥] بوو. هاتبوو بۆ نوسینگەکەی کاری هامەر تاوەکو لەبارەی کارە پڕ لە ناوازە هونەرییەکەی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا ئەنجام بدات. هامەر، لەکاتێکدا کە هەشت کاتژمێر درەنگتر گەیشت بوو بۆ چاوپێکەوتنەکەی، بە گاڵتەوە وتی (من وێنە کێشە کۆنە ساڵەکان و خۆشەویستە گەنجە بەتەمەنەکان) کۆ دەکەمەوە و بە بێ ئابڕوییەکەوە لەکاتی چاوپێکەوتنەکەدا گیبسۆنی شوبهاندبوو بە یەکێک لە تابلۆکانی کە ژنێکی ڕووت بوو، بەڵام لەم چاوپێکەوتنەدا بەحساب هیچ جۆرە قسە و باسێکی هونەری نەهاتە ئاراوە. ژمارەی تەلەفۆنی ژنەکەی وەرگرت، و چەند هەفتەیەک دواتر پێشنیارێکی بۆ کرد کە ژیانی بەتەواوی گۆڕی. داوایی لێکرد کە واز لە ڕۆژنامەنوسی بهێنێت و ببێتە ڕاوێژکاری شەخسی کارە هونەرییەکانی. ئەگەر پێشنیارەکانیشی قبوڵ بکات بەمەرجێک دەبێت سەفەریشی لەگەڵدا بکات، و ببێتە خۆشەویستی. ژنەکە مەرج و بڕیارەکەی قبوڵ کرد، و بووە ڕاوێژکاری هونەری و موچەوەرگری کۆمپانیای (ئەکسیدنتال).

دە ساڵ دواتر، ئەم دوانە بەرەو سەرتا سەری جیهان ڕۆیشتن، و چەندین پێشانگایان کردەوە. هامەر لەم سەفەرانەیدا سەردانی بەرپرسە دەوڵەتیەکانی دەکردو مامەڵاتی نەوتیشی ئەنجام دەدا، خاتونیش کڕیارەکانی مۆزەخانەکەی دەبینی و هەموو جۆرە ڕێکخستنێکی نمایشەکانی کۆمەڵەی ئارمەند هامەری ڕێک دەخست. ئەو ژنە تەنها خۆشەویستی نەبوو، بەوتەی خۆی (مەحرەم و هاوسەری هەموو شتێکی بوو) (٨). لە ساڵی ١٩٧٦، ژنەکە ڕازی بوو بوو واز لە پیاوەکەی خۆی بهێنێت، و بە هێنیش هامەر ڕازیبوو بوو لە پیاوەکەی گیبسۆن نە نەفقەی بڕێت و نە خەرجی منداڵەکانی کە دووکچ بوون. هامەر خەمی ئەوەی بوو کە لەوانەیە پیاوەکەی ڕەزامەند

[٤] - hilary gibson

[٥] – Martha wade kaufman

نەبێت بەو جیابوونەوە و بڕوات بۆ دادگا، ئەو نەیدەویست ناوی لەناو دادگا و لەو کێشەیەدا هەبێت. دەرەئەنجام وتی بە ژنەکە، دەتوانێت بەهەموو شێوەیەك هاوکاری پێویستی بکات. پاشانیش کارەکەی کرد، دەرەئەنجام لە گیرفانی (ئەکسیدنتال پترۆلیۆم) و دامەزراوەی ئارمەند هامەر (٩)،لەگەڵ ئەو ژنەدا توانی کاتەکانی بەسەر بەرێت کە ئەمەش بەشێك بوو لەو ڕێکخستن و کارانەی کە ئەنجامی دەدان و قرت و فێڵانەی کە لە بولرەکانی دیکە و لەگەڵ ژنەکانی دیکەدا ئەنجامی دەدان. خاتونیش هیچ قسەی نەبوو. دواتر کاتێك کە گیبسۆن لە دادگادا داوای مافی خۆی کرد، باسی ئەوەی کرد کە (بۆ مانەوەی دامەزراندنم) دەبوو خۆم (بدایە بەدەست خواستە سێکسیەکانی هامەرەوە)، لەگەڵ ئەو خواستانەی کە زۆر (شەرمەزارانە بوون). تەنانەت باسی ئەوەی کرد کە هامەر داوای لێکردوە خۆی ئەشتەرگەری بکات و سکی خۆی پڕ بکات)، بەردەوام دەوەستا و فەرمانی دەردەکرد ١٠.

لە کۆتایی دەیەکانی ١٩٨٠، فرانسیس توشی گومان و دوو دڵی بوو لەو ژنە گەنجە لە (کسوت) کە ڕاوێژکاری ئەو دامەزراوە هونەریە بوو، بەڵام هامەر دەستیکرد بە فێڵ و ساختەکاری، بۆیە بۆ چەواشەکردنی ئەو مەسەلەیە هامەر داوایی کرد لە (کافمن) تاوەکو بەشێوەیەکی یاسایی ناوەکەی خۆی بگۆڕێت بۆ (هیلاری گیبسۆن) و لەگەڵ ئەوەدا بەمەش وازی نەهێنا وایکرد لە ژنەکە سەر و شێوە و دەنگی خۆیشی بگۆڕێت، تاوەکو (فرانسیس) و هەروەها خاتونەکانی دیکە بە بۆچوونی خۆی نەیناسنەوە. هەروەها داوای لێکرد– کە دواتر ژنەکە خۆی باسی دەکرد– (قژی دروستکراو بکاتە سەری، و ئارایش بکات و جلێك و عەینەکێك لە چاو بکات کە بتوانێت خۆی بەشێوەیەك پیشان بدات کە دە ساڵ پیرتر دیار بێت لەو تەمەنی خۆی) پاشان وتی بە فرانسیس هاوسەرەکەی خۆی (مارتا کافنی) دەرکردوە و هیلاری گیبسۆنی خستوەتە شوێنەکەی واتە کردویەتیە ڕاوێژکاری دامەزراوەی مۆزەخانەکەی (١١). لەگەڵ ئەوەدا گیبسۆنی کردە بەڕێوەبەری داڕێژەری دامەزراوەی مۆنیمێنتە شەخسیەکانی خۆی و مۆزەخانەی ناوەندی هونەری و فەرهەنگی ئارمەند هامەر.

دوای لێکۆڵینەوە لە لیستی بانگەشەکەرەکانی ئاهەنگی کردنەوە، هامەر بەبێ هیچ کاریگەرێکی هەستی وتبووی بە گیبسۆن لەوانەیە خۆی بەشەخسی لەوێ

نەبێت. دواتر هۆکارەکەی پێ وتبوو. ژنەکە هێشتا لە واقورمان دەرنەهاتبوو، هامەر دەستیکرد بە ڕوونکردنەوەی، بە وتەی خۆی گوایە (کێشەیەکی یاسای) هەیە. پێشتر وتبووی بەو ژنە لە (میراسەکەی) لە حسابی بانکەکەی سویسرادا ١٠ ملیۆن دۆلاری داناوە بۆ پاشماوەی ژیانی. باسی ئەوەی بۆ کرد بوو لەوانەیە پارێزەرەکانی پێی بڵێن. ئەو داوا یاسایانەی کە میراسگرەکانی فرانسیس تۆماریان کردوە لەسەری ئەم نهێنیە بخاتە ڕوو. هەروەها وتی، بارودۆخەکە ترسناکە، چونکە ئەگەر حسابەکەی سویسرا (کە ژنەکە دواتر تێگەیشت کە ناوی حسابەکەی گرزیوسا بووە) دەربکەوێت، لەوانەیە تاوانبار بکرێت و بخرێتە زیندانیشەوە. بۆیە ناچارە ئەو پارانە بخاتە سەر حسابی دامەزراوە هونەریەکەی. پاشان هامەر وتی لە حاڵەتەدا لەبری ئەوەی ئێستا ئیدی تۆ ڕاستەوخۆ لە سویسراوە پارە وەرگرێت، هەموو بەڵێنێك و وەرگرتن و دارای و باجێکت پەیوەست دەبێت بەم دامەزراوەیەوە و لەگەڵ ئەودا بەڵێن و پەیمان دەبەستیت. (دامەزراوەی ئارمەند هامەر) دوای مردنی خۆی نزیکەی ١٨ ملیۆن دۆلار پارە لە ئەکسیدنتال وەردەگرێت. تۆش بەشێوەیەکی ڕەسمی پۆستی ڕاوێژکاریت هەیە، و ئەو دامەزراوەیەش هەموو ساڵێك ٢٠٠ هەزار دۆلار بۆ پاشماوەی تەمەنت تەرخان دەکات. سەرەڕایی ئەوەش، لە ڕێگەی دیکەوە بۆ ئایندەی کچەکانت کۆمەڵێك هاوکاری دیکەت دەبێت. داوایی لێکرا ڕەشنوسی ڕێکەوتنەکەی لەگەڵ دامەزراوەدا خۆیی بینوسێت، و ئیمزاشی بکات.

* * *

ئەو یەکشەمەیە هامەر وەکو زۆربەی یەکشەمەکانی دیکە، ڕۆیشت بۆ سەردانی کوڕەزا سی و پێنج ساڵانەکەی (مایکل)، مایکل تەنها کوڕی تاقانەی کوڕەکەی هامەر بوو واتە (جوڵین). جوڵین لە مۆسکۆ پێش ئەوەی ئارمەند و خێزانەکەی یەکێتی سۆڤیەت بەجێ بهێڵن، لە هاوسەرە یەکەمینەکەی هامەر، (ئۆڵگا) لە دایك بووبوو. کەمێك دوای ئەوە هامەر لە (ئۆڵگا) جیابوویەوە. لەبەر ئەوەی کە هامەر هیچ کاتێك نەیدەتوانی (جوڵین) لێهاتوو بکات و ڕایبهێنێت، سەرەنجام تەنها توانی یەك کوڕی هەبێت، بۆیە هامەر توانی مایکل بکاتە جێگری خۆی. ڕاهێنەری تایبەتی دامەزراند کە بۆ ئەوەی هاوکاری مایکل بکەن تاوەکو بتوانێت قوتابخانەی بازرگانی زانکۆی کۆڵمبیا تەواو بکات، پاشان لە ئەکسیدنتال خستیە سەر ئیش، کردیە جێگری

سەرۆك، و سەرۆكی كۆمپانیا، و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن. سەرۆكایەتی (دامەزراوەی ئارمەند هامەر)یشی پێدا. مایكل بووە سەرپەرشتیاری ماڵ و بەرپرسیاریەتی خوشكە بچوكەكەی واتە (كیسی) و باوكیشی لە ئەستۆ گرت. هامەر ڕوونی كردەوە بۆی كە بوونی میراتە بەجێماوەكەی) بەشێوەیەكی زۆر سەیر كەم بووەتەوە، بەڵام پێشبینی پێویست بۆ ئەو و ئەندامەكانی خێزانەكەی لە ڕێگەی كۆمپانیای ئەكسیدنتال و دامەزراوە بۆ دەرەخسێنێت. مایكل نەك تەنها موچەی ساڵێك كە نزیكەی ٥٠٠ هەزار دۆلاری خۆی بەردەوام لە ئەكسیدنتالەوە وەردەگرێت، بەڵكو هەركاتێكیش بیەوێت لە كۆمپانیا وازبهێنێت چەندین ملیۆن دۆلار لە ئەنجامی خزمەتەكەی وەردەگرێت. هەروەها هامەر ملیۆنێك دۆلاری لە پشكی خۆی لە كۆمپانیادا خستە سەر حسابەكەی مایكل و لەگەڵ ئەوەدا كلیلی قاسەكانی سندوقەكانی كرۆكی دارایەكانی دیكەی لە بانكەكانی كالیفۆرنیا و ئەوروپاشدا دەدا بە مایكل ١٢.

هامەر بۆ ڕۆژی دواتر (كیمی هامەر) كە تازە تەمەنی بور بوو بە (سی ساڵ)، بینی. كیسی لە هاوایی دەژیا، بەڵام كاتێك پزیشكەكەی هامەر تەلەفۆنی بۆ كرد وپێی وت كە باوكە گەورەی لەوانەیە پێویستی بە خوێن هەبێت و دەیەوێت خوێنتی پێ ببەخشێت، خۆی بەخێرای گەیاندە لۆس ئەنجلس. كاتێك كە (ڕۆسا ماریا دۆراسۆ) ئەوی برد بۆ ژووری خەوتنەكەی هامەر، كیسی سەیری كرد باوكە گەورەی لە ناو جێگە خەوەكەیدا لێفەیەكی زەردی بەخۆیدا داوە. دواتر كچەكەی لە دەفتەری یرەوەریەكانیدا نوسیبووی زۆر توشی سەرسوڕمان بووم كاتێك لە ڕێگدا باپیرەم بینی كە چۆن بەخێرایی پیر بوە. (چاوەكانی تەواو كزو خەماوی بوون و زۆر بە تەنها دەكەوتە بەرچاو) ئەوەندە بەهێواشی قسەی دەكرد كە زۆرجار دەنگی نەدەبیستن، پاشان، بەدڵنیایەكی تەواوەوە، لەبارەی میراسەكەیەوە دەستیكرد بە قسەكردن. پێی دەڵێت كە ملیۆن و نیوێك دۆلاری بۆ بەجێهێشتوە بەبێ هیچ باج و پێدانی پێشینەیەك، سەرەڕایی سەنەدی مولكیەتبوونی ماڵەكەی. و هەروەها دووبارەی كردەوە كە ئەمە جیاوازە لە (وەسیەتنامەكەی و هیچ پەیوەندی بە وەسیەتەكەوە نیە)١٣.

داواکارییەکی هەبوو لە کچەزاکەی، ئەویش داوای لێکرد ڕەزامەندی پیشان بدات بۆ ئەوەی لە ئارامگاکەی ئەو، واتە ئامارگای خێزانی ئارمەند هامەر، کە لە پارکی (بیرەوەری ڤێست وود) بوو بسپێردرێت بەخاك. چونکە هامەر جگە لە خۆی لەو شوێنەدا ئەندامی خێزانەکەی دیکەی لەوێ بوون کە پێکهاتبوون لە: باوکی، جولیوس، دایکی، ڕۆز، برا باوکییەکەی هێری، و برا بچوکەکەی (ڤیکتۆر) کە زۆرجار هاوکاری دەکرد لەسەفەرەکانیدا و دەڕۆیشت لەگەڵیدا بۆ مامەڵە هونەرییەکان لە مۆسکۆ. هامەر لە ژیانیدا هەمیشە لەگەڵ خێزانەکەی نەدەگونجا و یەکێتی نەبوو لەنێوانیاندا بەڵام حەزی دەکرد لەدوای مردنی بگەڕێتەوە بۆلایان و لەوێ یەکتری بگرنەوە. هامەر لە وەسیەتنامەکەی خۆیدا نوسیبووی، دەبێت مەزارگاکەی هەتا هەتایە بە خاکی تازە داپۆشرێت. وتی بە (کیسی)، کاتێك من ڕۆیشتم سێ شوێنی دیکە لە ئارامگاکەدا دەمێنەوە. ئەوانیشش بۆ (باوك و براکەت و خۆت) و پاشان وتی، (کیسی: تۆ خوێنی و لەناو ڕەگی دەمارەکانی مندایت. کیسی ئیدی لەگەڵ ئێمەدا نامێنێتەوە) و وەکو بڵێت دەستور دەدات، وتی) (تۆ لە تەنیشت خێزانەکەی هامەر، لەگەڵ باوك و دایکی من، لەگەڵ براکانم، لەگەڵ کوڕەکەم، و لەگەڵ نەوەکانم دەبیتە خاك. تۆ بەشێکی لە من) و پاشان فەرمانی کرد بە کچەزاکەی تارەکو بەیانی سەردانی (ئیستانفۆرد ماتیۆن) بکات و بەڵێن و پەیمانامەکەی ئارامگاکە ئیمزا بکات.

کاتێك ڕزگاری بوو لەوەی ژیانی ڕۆما ماریا دۆراسۆ دابین بکات. ئیدا ناتوانێت لە ڕێگەی (میراتەکەی ژیانی) شتێکی بۆ دابنێت، دەبێت گەنجینەی ئەکسیدنتال فریای بکەوێت. ئێوارەی ١٨ ئۆکتۆبەر، کەسی دووەمی خۆی لە ئەکسیدنتال، سەرۆك و بەڕێوەبەری گشتی کاروبارەکانی جێبەجێکردنی کۆمپانیا، (ڕەی ئیرانی)[1] بانگ کرد بۆ ماڵی خۆی. ئێرانی لەهەمانکاتیشدا کاندیدی جێگری ئەو بوو لە ئەکسیدنتال دا. هامەر ڕوونی کردەوە بۆی کە حەز دەکات کۆمپانیا ڕێکەوتنێك لەگەڵ دۆراسۆدا ببەستێت.

لەگەڵ ئەوەی کە ئەم خواستە ئاسای نەبوو، نەدەکرا پشتگوێش بخرێت. هامەر حەزی لە گوێنەگرتن و نافەرمانی نەدەکرد. لە ڕابردوودا سەرۆکی زۆر بەرزی وەکو

---

[1] – ray irani ئێرانی لەبنەڕەتدا، لەدایکبووی لوبنان بوو (وەرگێڕ)

منداڵ لە کۆمپانیادا فڕێدابوویە دەرەوە- تەنانەت ئەگەر زۆرجاریش ئەو کارە ببوایە هۆی دروستکردنی کێشەیەکی گەورەی دادگاش، چەندین جار ئەو کارە دووبارە کراوەتەوە.

هامەر، بەڕووکەش، لە کاردانەوەکانی ئێرانی سەد دەر سەد قەناعەتی نەکرد، بۆیە کاتێك کە ئێرانی ڕۆیشت، تەلەفۆنی کرد بۆ جێگرە شەخسیەکەی خۆی (کاترین کاوساك)، لە ماڵەوە. کاترین هیچ پێی سەیر نەبوو، چونکە دەنگی تەلەفۆنەکانی هامەر لەکاتە سەیرو سەمەرەکاندا زۆرجار بەرگوێی کەوتبوو. کات و شوێن هیچ کاتێك نەدەبووە ڕێگر بۆ کارەکانی هامەر. دەنگی زۆر توند تێکچووبوو، وەکو بڵێت لە تیوە خەودایە، بە پێچەوانەی حاڵەتی ئاسایی کە لەسەر خۆی قسەی دەکرد و وشەکانی دووبارە دەکردەوە. وتی دەیەوێت عەقدێکی لەگەڵدا بنوسێت و دەبێت ئەو عەقدە بۆ بەیانیەکەی بگاتە دەستی ئێرانی. تێگەیشتنی ئەو عەقدە کچەکەی زۆر سەیر توشی سەرسوڕمان کردبوو.

دۆراسۆ، بە تەنها ئیمزای، ٢٥٠ هەزار دۆلار لە کۆمپانیای ئەکسیدنتال وەر دەگرێت و ساڵی ٢٠٠ هەزار دۆلار تاوەکو کۆتایی تەمەنی، دابینکاری تەندروستی و زیادەکانی دیکەی کۆمپانیا دەخرایە بەردەمی. کوسکاك دەیزانی کە هامەر زۆرێك لە تێچوونەکانی دۆراسۆ دابین دەکات. ئەوە حاڵەتێکی شەخسی و تایبەت بوو بەخۆیەوە، بەڵام ئێستا ئەو بۆ هەتاهەتایە لەناو پێڕستی موچەوەرگرەکانی ئەکسیدنتالدا دادەنرێت لەکاتێکیشدا کە دۆراسۆ ئیش بۆ کۆمپانیا ناکات. کوساك بەهیچ شێوەیەك سەری دەرنەدەچوو کە ئەم عەقدە بۆ کۆمپانیا چ سودێکی هەیە، بەڵام ئەو دەبێت تەنها فەرمانەکانی هامەر جێبەجێ بکات.

ڕۆژی دواتر ڕێکەوتنەکەی برد بۆ لای ئێرانی. ئێرانی دەستی برد بۆ چەکمەجەکەی مێزەکەی ژێر دەستی خۆی و بەشێوازێکی سەیر دەقی بەڵگەنامەیەکی هاوشێوەی ئەو بەڵگەنامەیەی دەرهێنا و پیشانیدا. و، بە وتەی کوساك، وتی (ئەمە ئەسڵی ئەو لەعنەتیەیە، هامەر حەوت فیشەکی نا بە ناوچاوانەوە)، و ئینجا بە شکاتکردن درێژەی پێدا، و وتی (ئەم ئیشە خەریکە شێتم دەکات)، وتی بە کچەکە ئەو بەڵگەنامەیەی خۆت بەباشی لە قاسەکەتدا هەڵگرە (١٤). کوساك ئیدی لەبارەی کەمی و چۆنی بەڵگەنامەکەوە هیچ شتێکی نەبیست.

ڕۆژی هەینی، ١٩ ئۆکتۆبەر، ئیستافۆرد ماتیۆز دەقێکی تازەی (باوەڕپێکراوەکانی بـڕۆیی) یـان وەسـیەتنامەکەی و ئـەو میراسـەی کـە بەجێـدەمێنێت، دای بـە دەسـت هامەرەوە. ئێستا تەنها شتێك کە لەو وەسیەتنامەیەدا پێشبینی بۆ کرا بوو مێرمەت و وەرگرتنی ئارامگاکە بوو. هاوکاریەکان هەموو بڕگە بڕگە بۆ ئەو ژنانەی کە هـاودەمی ژیانی شاراوەی بوو لابرابوون، لەڕاستیدا لـە دەقی تـازەی وەسیەتنامەدا هـیچ ناوێك لەوانـە یـان لـەو دەوروبـەرەی کـە بـاوەڕپێکراوی بـوون نـەبرابوو. و بەفـەرمانی هامـەر، ماتیۆ هەموو ئەو وەسیەتە زۆرانەی دیکە کە لەوانە بوو بەرەو دادگا ببرێن لـە دەقـی تازەدا سڕابوونەوە و نـەمابوون، وەکـو ئـەو پێـشبینیەی کـە دەکرا بـۆ کوڕەکەی، واتـە جۆلین، هەروەها ئەو ملیۆن دۆلارەی کە پێشتر بەڵێنی لەسـەر درابـوو بـۆ مۆزەخانـەی (مترۆپـۆلیتنی هونـەری نیویـۆرك) و مۆزەخانـەش ڕەزامەنـدی خـۆی پیـشاندابوو کـە گالەریە بەناوبەنگەکەیان بەناوی ئەوەوە بنێن. هامەر ناوەڕۆکی وەسیەتنامە تازەکەی و گۆڕانـەکانی (ئـەو میراتـە بـەجێماوەی کـە بـۆ باوەڕپێکراوەکـانی هـەبوو) بـە وردی خوێندەوە، و پاشان هەمووی ئیمزا کرد.

ئێـستا دەبێـت ڕوون بکرێتـەوە بـۆ چـی کوڕەکـەی لـە (متمانـەپێکراوەکانی میراتەکەیدا) سـڕاوەتەوە. پەیوەندی هامـەر لەگـەڵ جۆلینـدا بـەهیچ شێوەیەك ئاسـان نـەبووە. جـۆلین لـە سـاڵی ١٩٢٩ لـە مۆسـکۆ لـە دایـك بـووە. هامـەر لـەو سـەرەتایەوە تەنانـەت دڵنیـا نـەبوو کـە خـۆی بیێتـە خـاوەنی بـاوکی منـداڵ. کاتێـك لـە ژنەکـەی جیابوویـەوە، جۆلینی زۆر بەکـەمی دەبینـی. کاتێك کوڕەکـەی بـوو بـە بیـست و چـوار ساڵ، هاوڕێیەکی خۆی بە دەمانچە کوشت و خستیانە زیندانـەوە. ئـەو تۆمەتانـەی کـە خرابوونـە پـاڵ جـۆلین دەرەنجـام ڕزگـاری بـوو لێیـان، و بـاوك کوڕەکـەی خـستە نـاو پێڕستی موچە وەرگرەکانیـەوە. جارجارێك، و زۆرێك لـەبوارەکان کـە تەنانـەت خـودی هامـەر لـەو کارانـەی بـە کـاری جیمـز بۆنـدی نـاو دەبـرد– وەکـو ئەنجامـدان و دانـانی میکرۆفۆنی شـاراوە لـە نوسـینگە، یـان لـە ماڵـەوە، یـان تەنانـەت لەسـەر قۆپـچەکانی کراسـەکانی بۆ ئـەوەی بتوانێـت ئـەو ڕێکەوتنانـەی کـە لەگـەڵ دەوروبەرەکەیـدا دەیـان بەستێت بەبێ ئەوەی کەسی بەرامبەر بزانێت تۆماریان بکات. ئـەم سیستەمە تۆماریـە شاراوانە، بەتایبەتی لەکاتی ڕووداوە هەستیارەکاندا، بۆ نمونە لەکاتی پێدانی بـەرتیل و ڕەشوەدا، کە تەنانەت ئەشی دەهێشت سکرتێرە مەحرەمەکانیشی بزانن، بۆ هامـەر

زۆر سودمەند بوون. بەڵام جۆلین بەشێوەیەکی ڕێکوپێك ڕووبەڕووبوونەوەی هەبوو لەگەڵ پۆلیسدا، و هامەر ئاگاداری پێدا کە ئەرکی بنەڕەتی ئەو ئەوەیە لەبەرچاوی خەڵکی گشتیەوە دوور بکەوێتەوە و ئابڕوی باوکی نەبات. لەماوەی ئەو خزمەتەدا، هامەر بڕێك پارەی مانگانەی دەدا بە کوڕەکەی و ماڵێکی بۆ کڕی لە ناوچەی (بێل ئایر) لە لۆس ئەنجلس. بەڵام دڵنیای کردەوە کە ئەگەر بیەوێت بیبینێت یان تەنانەت تەلەفۆنیشی لەگەڵدا بکات دەبێت پێش وەخت پەیوەندی لەگەڵ سکرتێرەکەیدا بکات و ئەو کاتێکی بۆ دابنێت.

هامەر لەساڵی ١٩٨٨ بیستی کە تاقیکردنەوەی تازەی (DNA) لەتوانایدا هەیە باوك و کوڕی بەشێوەیەکی تەواو بسەلمێنێت، بۆیە کارێکی ڕێکخست کە توانی وابکات ئاوەندی پزیشکی زانکۆی کالیفۆرنیا هەندێك لە خوێنی جۆلین وەرگرن بۆ تاقیگە و بەشێوەیەکی زۆر نهێنیانە دەستیانکرد بە هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە لە نەسڵ و نەسەبی. و دەرکەوت کە (ئۆلگا) لە مۆسکۆ هیچ جۆرە خیانەتێکی لێنەکردوە و کەلاوی نەکردوەتە سەری: جۆلین کوڕی ئەسڵی خۆی بوو. بەڵام تەنانەت ئەم تاقیکردنەوانەش نەیتوانی هیچ جۆرە پەیوەندیێکی باش دروست بکات لەنێوانیاندا (١٥).

کاتێك لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٠ جۆلین هات بۆ ماڵی باوکی، هامەر هیچ شتێکی لەبارەی بارودۆخی مەزاجی خۆی و یان دەرکەوتنی نەخۆشیەکانی باس نەکرد بۆ کوڕەکەی. زیاتر قسەکان لەبارەی باج و سەرانەکانەوە بوون کە چەندە (کاریگەر و زۆربوون). ڕوونی کردەوە کە بۆ لادان لە پێشهاتی تازە لەسەر داراییەکانی خۆی، بڕیاریداوە لەدەرەوەی چوارچێوەی ئەوەی کە لەسەری ڕێکەوتوون بۆ بژێوی، زیاتر دارایی بۆ دابین بکات. و گوایە خەریکی دارشتنی کار و معامەلەیەکە کە بۆ ئەوەی ڕەهنی ماڵەکانی و هەموو ئەو قەرزە پێشینەیانەی کە جۆلین وەریان دەگرێت و لەسەری ماون ڕاستەوخۆ دوای مەرگی هامەر بدرێنەوە و (ئەکسیدنتال پترۆلیۆم) (ڕێکەوتننامەیەکی ڕاوێژکاری بۆ هەموو تەمەنی) لەگەڵ جۆلیندا دەبەستێت و داهاتی زیاتر لە ١٠٠ هەزار دۆلاری لە ساڵێکدا و دابینکارێکی تەندروستی کۆمپانیایی دەخاتە بەردەم. جۆلین، لەبەرامبەردا، بەشێوەیەکی ڕەسمی دەبێتە ڕاوێژکاری ئەکسیدنتال لە ئامادەکاری و بارمەتیدانی کارەکانیدا.

جـۆلین، هەڵبەتــە لــەو داواکاریــە یاســایەی کــە دوای بەجێهێــشتنەکەی هامــەر هەرەشــەی لێدەکرد بێ ئاگابوو، زۆر سەری سوڕما لەم گۆڕانکاریانە. باج و سەرانە لەســەر میراســی تــازە دانــەنرا بــوو: کەواتــە بۆچــی بــاوکی بــێ ئاگایانــە ئــەوی لــە وەسیەتنامەکەی خۆیدا جیاکردبەوە؟ جۆلین دەیزانی کە باوکی حەز دەکات لە هەر مامەڵەیەکدا شتێك بەدەست بهێنێت، تەنانەت کاتێکیش ئەگەر خێزانەکەی خۆیشی بێت لەو مامەڵەیەدا، و بۆیە تەصەورکردنی ئەمە یەکێکی دیکە بوو لەو کارانەی باوکی کە دەیویست ئەویش بکاتە بەشێك لە موچەوەرگرەکانی ئەکسیدنتال. بەڵام لێرەدا میراتی جۆلین لە مەترسیدا بوو. ئەوەی وەبیر باوکی خستبوویەوە کە زۆرجار هەوڵیداوە ڕێکەوتنێکی هاوشێوە ڕێکبخات بۆی بەڵام بەڕێوەبەرایەتی یاسایی ئەکسیدنتال ڕێگربووە. بۆیە باسی ئەوەی کرد ئەگەر دووبارە بارودۆخێکی لەوشێوەیە بێتە پێشەوە، سەری بەتەواوی بەبێ کڵاو دەمێنێتەوە.

هامەر فەرماندەرانە دەستی بەرزکردەوە. وتی ئەو کێشانە پێشتر (چارەسەرکراون) و ڕێکەوتنەکەی جۆلین ئەمجارە (مور ناچێت بە ناویدا) جولین کە زۆر سەیر توشی شۆك بوو بوو، هەستایەوە و داوایی یارمەتی کرد و ڕۆیشت.

هامەر کێشەیەکی دیکەی خێزانی هەبوو کە بەو ئاسانیە نەیدەتوانی چارەسەری بکات، ئەویش کێشەی کچە شاراوە نهێنیەکەی بوو واتە (ڤیکتۆریا) کە نزیکەی سی و پێنج ساڵ بەشێوەیەکی شاراوەی پارە و خەرجی پێدابوو و مەسروفی دەکێشا. لەگەڵ دایکی کچەکە واتە (بیتی جین میڕفی)، هامەر لە ساڵی ١٩٥٢، لە کافتریایەکدا لە ماراتۆن لە فلۆریدا بیتی جین مێرفی ناسی. ئەو ساڵە لەناو کەشتێکی بیست و چوار مەتری خۆیدا لەگەڵ کاپیتانی کەشتیەکە و چێشتکەرێکی یابانی و فرۆکەوانی فرۆکەکەی خۆی ڕۆیشت بوو بۆ دوورگە جولەکەی فلۆریدا. ئەنجیلا هاوسەرە دووەمینەکەی، کە لەساڵی ١٩٤٣ هاوسەرگیری لەگەڵدا کردبوو، لە کێڵگەکەی لە نیوجێرسی بە تەنهای بەجێیهێشت بوو. ئەو ژنە بە تێپەڕبوونی کات گیرۆدەی مادەدسرکەرەکان و خواردنەوە مەیەکان و هەروەها گوێکانی قورس و هاوسەرگیریەکەیان ساردو سڕێکی تەواوی تێکەوتبوو.

بیتی لە هامەر نزیکەی بیست و پێنج ساڵ بچوکتر بوو، ئەوی بەباشی دەخستە پێکەنین. بانگەشەی ئەو کچەی کرد بۆ ئەوەی لەگەڵیدا سەفەر بکات بۆ کوبا. بە فرۆکە

شەخسیەکەی خۆی سەفەریان کرد بۆ کوبا و لەناو هۆتێلی بوك و زاوای هۆتیلی (نال سەرۆکی هاڤانا) مانەوە. کاتێك پشوەکەی هامەر تەواو بوو، بیتی بردەوە لەگەڵ خۆیدا بۆ نیویۆرك و بێ دەنگ و نارام شوقەیەکی بۆ دابین کرد. لە هەشت مانگی یەکەم تەنانەت برادەرەکانی، ڤیکتۆر و هێری، کە هەموو تەمەنیان هاوکار و هاوڕێی بوون، لە بوونی ئەو ژنە ئاگادار نەبوون. هەرکاتێك بیتی سەفەری لەگەڵدا بکردایە، ئەوی بە سکرتێری خۆی دەناساند و لە حاڵەتێکدا کە یەکێك لە سکرتێرەکانی خۆی بە ڕاستی ناوی مەرفی بوو، ئەمە بووبووە هۆی شاردنەوەی تەواوەتی ئەو بابەتە. سەرەڕایی ئەوەش، ناسنامەی درۆزنانەی دیکەی بەگاڵتەوە پێوەدەنا، بۆ نمونە شەوێك لە دانیشتنێکی میوانیدا لە ساگ هاربەر، لانگ ئایلند، ئەو ژنەی بە کچێکی سیناتۆرێکی ئەمریکی ناساند بوو. ئەم گاڵتەکردنە دەرئەنجامێکی باشی نەبوو چونکە کچی ئەو سیناتۆرە بۆ نەگبەتی هەر ئەو ڕۆژە لە نیویۆرك خۆی کوشتبوویەوە و هەواڵەکەی بووبوویە سەردێڕی زۆربەی ڕۆژنامەکان.

هامەر زوو زوو بەڵێنی دەدا بە بیتی کە ئەنجیلا تەلاق دەدات و هاوسەرگیری لەگەڵ ئەودا دەکات. بەڵام بەو شێوە نەبوو. لەگەڵ ئەوەدا لەگەڵ، فرانیسیس هاوسەرگیری کرد.

لەکاتی هاوسەرگیری هامەر و فرانسیس، بیتی کچەکەی هامەری لە سکدا بوو. بۆ شاردنەوەی ئەم حاڵەتە لە هاوسەرە تازەکەی، هامەر بیتی برد بۆ مەکزیکۆ و وایلێکرد کە بڵێت زەواجێکی تری کردوە بۆ ئەوەی منداڵەکەی ناوی خێزانی هامەری نەبێت. کاتێك کچەکەی مانگی مەی هاتە دنیاوە، ناوی ئەو کچەی بە ناوی دایە گەورەیەوە ناونا واتە (ڤیکتۆریا). بیتی هەموو مانگێك، لە ڕێگەی کۆمەڵێك لە وەکیلەکانی هامەرەوە، چەکێکی وەردەگرت. هامەر سووربوو لەسەر ئەوەی کە بیتی ناسنامەکەی بەناوی ئەوەوە بێت بەڵام نەڵێت بە ڤیکتۆریا، هامەر لەم کاتەدا بە پارەی فرانسیس ڕۆیشتبوویە ناو ئیشی نەوتەوە (١٧).

لە ساڵی ١٩٧٦ دەرەنجام ڤیکتۆریا ناسنامەی خۆی کەشف کرد، و هامەریش بەشێوەیەکی ڕێکوپێك دەرۆیشت بۆ سەردانی. جۆرە ڕێکخستنێکی لەناو متمانەپێکراوەکانی بژێوی میراتەکەیدا ڕێکخست بۆ ئەوەی ئەو کچ و دایکە بە جۆرێك لەجۆرەکان سودمەندبن. بەڵام ئێستا، لەبەرامبەر ئەو داواکاریە یاسایە، دووبارە ناچار

بوو کچەکەی بشارێتەوە. دەستەی متصلە ئەگەر بزانن لەو سەرەتایەوە فرانسیسی مەنخەڵەتاندوە، چۆن بیر دەکەنەوە؟ هامەر دەتوانێت کچەکەی بداتە دەستی کورەزاکەی مایکل، و داوای لێبکات دوایی مەرگی خۆی بە پارەی نەقد چاودێری ڤیکتۆریا بکات.

چوارەمین ژن کە هامەر لەناو (باوەڕپێکراوەکانی بڕۆنی میراتەکەی) خۆیدا پێشبینی بۆ کردبوو، (باربارا نیومین) بوو. باربارا پەرستارێکی زۆر لێهاتوو بوو و هامەر لە ساڵی ١٩٨٦ لە سەردەمی نەخۆشی پرۆستاتەکەی لە ناوەندی پزیشکی زانکۆی کالیفۆرنیادا ناسیبووی. لەدوای بەجێشتنی نەخۆشخانە هامەر توانی بووی پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەو کچەدا بپارێزێت، و هەرکاتێک کە لە ناوەندی پزیشکی کالیفۆرنیا دەمایەوە، کە بەلایەنی کەمەوە ساڵی دووجار بوو، دەیویست باربارا پەرستیاری تایبەتی ئەو بێت. ئێستا لەبەرئەوەی ڕێگەیەکی بۆ نوسینی ناوی لەو لە لیستی موچە وەرگرەکانی ئەکسیدنتال و دامەزراوەکەی نەبوو، ناچار دەبوو ئەویش لە (متمانەپێکراوەکانی بڕۆنی) لەدەرەوە بهێڵێتەوە.

* * *

لە ڕۆژی یەکەمی نۆڤەمبەر، هامەر چاوی کەوت بە (خاخام دنیل لپین)[1] لە پەرستگای جولەکەکان لە پاسفیک تاوەکو ئامادەکاری کارێکی کۆتایی: مەراسیمی درەنگتر لە بەڵێنی (بار بیصوا)[2] ی ببینن. هامەر بەدرێژایی تەمەنی ئینکاری لە جولەکەبوونی خۆی کردبوو. لە دەیەکانی ١٩٢٠ کاتێک ڕۆیشت بۆ سۆڤیەت خۆی بە بێ دین لەقەڵەمدا بوو. لە دەیەکانی ١٩٦٠ کاتێک بۆ معامەلەی نەوت سەفەری کرد بۆ عەرەبستانی سعودیە و لیبیا، مەزهەبی خۆی بە بە مەسیحی (یەکتاپەرستەکان)[3] ناساندبوو. تەنانەت لە دەیەکانی ١٩٨٠ لەکاتی پڕکردنەوەی فۆرمی نەخۆشخانەدا

---

[1]– Daniel lapin

[2]– bar mizvah ، مەراسیمێکی بالقبوونی کوڕانی جولەکەیە کە دوای ئەوە ئیدی دەگەنە تەمەنی بەرپرسیاریەتی و ڕێوڕەسمی مەزهەبی فەرز دەبێت بەسەریاندا.

[3]– Unitarian

خۆی بە پرۆتستان یان پرۆتستانی سپی پێستی ئەنگلۆساکسۆنی[1] ناوبردبوو. بەڵام ئێستا، کە چەند هەفتەیەك زیاتری نەماوە لە تەمەنی، حەزی دەکرد بەشێوەیەکی بەرچاو: واتە ڕۆیشتن بەرەو پیاوی، بەرەو ئاینی جولەکە بگەڕێتەوە. ئەم مەراسیم و بۆنە سونەتیە کە بەشێوەیەکی ئاسایی کوڕەکان دەبنە سیانزە ساڵ ئەنجام دەدرێت، بەڵام منداڵیەتی هامەر بەهیچ شێوەیەك سونەتی و ئاسایی نەبوو.

باوکی دکتۆر جۆلیوس زیاتر تەمەنی گەنجی لە ڕوسیادا بەسەر برد بوو و پاشان لە نیوێۆرك بواری پزیشکی تەواو کردبوو، یەکێك بوو لە لایەنگیرە سەرسەختەکانی لنین لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. ئەو یەکێك بوو لە ڕێکخەرەکانی بەرەی دەستی چەپی ناسراوی حیزبی سۆسیالیست، کە لەساڵی ١٩١٩ ئەو بەرەیە بوو بە حیزبی کۆمۆنیست. کاتێك کوڕە یەکەمینەکەی لە ساڵی ١٨٩٨ لەدایکبوو ئەوی بە ئارمەند (arm- and- hammer) ناونا، ناوەکانی هەموو نیشانە و مانای شۆڕشی پرۆلیتاری بوون. ئارمەند لەتەمەنی حەوت ساڵید بوو پۆلیسی نیوێۆرك باوکیان خستە ژێر چاودێریەوە بە تۆمەتی دروستکردنی بۆمب بۆ ئانارشیستەکان. تەمەنی نۆ ساڵ بوو کە باوکی ڕۆیشت بۆ ئەڵمانیا، و لەوێ چاوی کەوت بە لنین. شەش ساڵی دواتر ئارمەند بە زۆری لە شاری (مریدن و کونە تیکت) لە ماڵی یەکێك لە هاوکارە سۆسیالیستەکانی باوکی ژیانی بەسەر دەبرد. لە تەمەنی سیانزە ساڵیدا، هێشتا دوور لە ماڵی خۆیان دەژیا و لەبارودۆخێکدا نەبوو کە بەشداری لە مەراسیمی (بار میصوا) بکات.

بەڵام ئێستا بارودۆخەکە گۆڕابوو. دوو دەستنوسی کۆنی تەوراتی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات دەست کەوتبوو، یەکێکیانی بەخشی بە کەنیسەی خاخام لیپن لە لۆس ئەنجلس و ئەوی دیکەی بەخشی بە کەنیسەیەك لە ئیسرائیل. لەگەڵ ئەوەدا بەداواکردنی ٥٠٠ دۆلار لە یەك بەیەکی میوانەکانی خۆی، نزیکەی سەد هەزار دۆلاری بۆ کەنیسەی جولەکەی پاسفیکی کۆکردبوویەوە. ناوی خۆی بە عیبری بە (ئۆراهامی کوڕی یەهودای مکابی) (ئیبراهیمی کوڕی یەهودای مکابی)نا، چونکە ناوی عیبری خۆی یان باوکی نازانێت.

[1]- WASP

ئاهەنگ و بۆنەی (بار میصوا)ی هامەر لە ١١ دیسەمبەر، شەوی یەکەمی (حنوکا)[1] بەرنامەرێژی بۆ کرابوو.

* * *

ڕۆژی ٦ نۆڤەمبەر، هامەر چاوی بە (جین ئیستون)[2] کەوت کە هاوسەری چیرۆکنوس (ئەروینگ ئەستۆن)[3] بوو. ئەم ئەم خاتونە لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا یارمەتی باشی دابوو بۆ ئەوەی دواهەمین بەرگی (دواهەمین چیرۆک)ی بیرەوەریەکانی خۆی بنوسێتەوە، بۆ هامەر ژیاننامەی خۆی کارێکی زۆر بەسود بوو. ڕووداوەکانی لەو چوارچێوەیەدا بە ئارەزووی خۆی دادەڕشت، ئەوشتانەی کە دەبوونە هۆی ئابڕوچوونی وەلای دەنان و کۆمەڵێك بواری درۆزنانەی کە شەرافەت و کەرامەتی ئەویان بەرز دەکردەوە ڕێکدەخست و دەنوسیەوە.

نزیکەی شەست ساڵ پێشتر بەرنامەی نوسینەوەی ژیاننامەی خۆی داڕشتبوو و سەرەتا بیرەوەریەکانی لە کتێبێکی ٢٤١ لاپەڕەیدا لە یەکەمین مانەوەی لە ڕوسیا، لەژێرناوی (گەڕان بەدوای رۆمانۆف)[4]دا نوسیبووی. ئەم (ڕوونکردنەوە حاڵەی) سەرەتای یە بە مەبەستی کردارێك نوسرا: لە گەڕانەوەی بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٣٢، هامەر پێویستێکی فراوانی بە ڕوونکردنەوەی توانایی قبوڵکردنی هەبوو بۆ مانەوەی دە ساڵەی خۆی لە یەکێتی سۆڤیەتدا. لەوێدا ناچاربوو ئەو بەرپرسیاریەتیە شاراوانەی کە بۆ ڕوسیا لە ئەستۆی گرتبوون بیانشارێتەوە، چیرۆکێکی بۆخۆی دروستکرد کە گوایە بە ڕێکەوت بوەتە جێگەی گرنگی لنین و لە سەرەتایی کاری یەکێتی سۆڤیەت ڕۆڵیی مرۆڤدۆستانەی لەئەستۆ خراوە. بۆ نمونە، نوسیویەتی لنین لە ساڵی ١٩٢٣، لەکاتی مەرگیدا، بەخۆشەویستێکەوە ناوی بردووم و بیری لەمن کردوەتەوە. بەم شێوەیە نوسیویەتی: (لنین لەو کاتە سەخت و گرانەدا، بیری لە من کردوەتەوە و پەیامێکی بۆ ناردم. بڕکە بڕك بە ئازار و زەحمەتێکەوە وتویەتی، بڵێن بە هامەری گەنج من هەرگیز ئەوم لەبیر نەکردوە و هەمیشە ئارەزووی

---

[1] - Hanukah، پشووی مەزهەبی هەشت ڕۆژی جولەکەکانە لە سەرەتایی زستان (وەرگێڕ)

[2]– jean stone

[3]– Irving stone

[4]– the quest of the romanoff treasure

خۆشبەختی بۆ دەخوازم. ئەگەر کێشەیەکی هەیە بیڵێت و بەبێ هیچ وەستانێك و ڕێگرێك پێم ڕابگەیەنێت)١٨، (هامەر بەم شێوەیە خۆی بە سەرچاوەی بیرۆکەی کاتی سەختیەکان و ساتی مەرگی لنین دەزانێت (سەرەڕایی ئەوە هامەر تەنها یەکجار لنینی بینیوە) و بەڵگەی ئەوە دروست دەکات کە بۆچی ڕێبەرانی ڕوسیا بەتایبەتی لەگەڵ ئەودا بەوشێوەیە هەڵسوکەوت دەکەن. لەڕاستیدا لنین هەرگیز لەحاڵەتێکدا نەبوو کە لەکاتی سەرە مەرگدا پەیامێکی بەوشێوەیە بنێرێت بۆ هامەر. چونکە کاتێك جەڵدەی دەماغ دای لە لنین لە ٩ مارسی ١٩٢٣، بەیەکجارەکی زمانی لنینی شکاند و بەهیچ شێوەیەك نەیتوانی قسە بکات. پۆلییت بیورو (سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حیزب) هەوڵیدا ڕێژەی بەرکەوتەی جەڵدی مێشکی لنین بشارێتەوە، بەڵام دەزانرێت کە لنین بەهیچ شێوەیەك توانایی قسەکردنی نیە و تەنانەت ئەگەر بیریشی لە هامەریش کردبێتەوە، لە توانایدا نەبوە ئەو پەیامە بنێرێت کە هامەر باسی دەکات (١٩).

هامەر لەباسکردنی خاکسپاردنی لنیندا لە جێنیوەری ١٩٢٤یشدا وەکو هەمان سەرەمەرگی لنین زیاد و کەمی کردوە لە نوسینەوەی بیرەوەریەکانیدا، کە ئەو ڕۆژەش خۆی بە سەرچاوە و یەکێك لە کەسە ناسراوەکانی ئەوکات دەدات لەقەڵەم و واخۆی پیشان دەدات کە گوایە کەسە ناسراوەکانی ئەوکاتە لەو مەراسیمەدا هەموویان دەبینێت. بۆ نمونە دەنوسێت: (ڕۆژی بەخاکسپاردنەکەی لنین، تروتسکی فەرماندەی هەموو سوپای سوری ئەوکاتەم بینی، لەناو کۆمەڵێك لە سەرکردەکاندا لە کۆشکی ئارامگادا وەستابوو. کە ئەو دەمووچاوە گەورەیەی لەناو خەم و ماتەمدا تەپی بوو) (٢٠)، تەنانەت ئەگەر هامەریش لەو مەراسیمەی خاکسپاردنەدا بەشداری کردبێت، هەرگیز ئەو ڕۆژە تروتسکی نەك هەر لەوێدا نەبوو بەڵکو لە هیچ شوێنێکی مۆسکۆشدا نەبوو، ئەوکاتە تروتسکی لە تەفلیس لە گورجستانی سۆڤیەتدا بوو (٢١). هامەر تێگەیشتبوو کە دەتوانێت بەو ڕێباکی چیرۆکانەی کەسایەتێك لەخۆی دروست بکات چونکە لەڕاستیدا ئەوکاتە ڕێگەی زۆر نەبوو بۆ لێکۆڵینەوەی ئەوەی کە بەڕاستی ڕوویدەدا لە ڕوسیادا و نەدەتوانرا شتەکان بە ئاسانی ڕوونبکرێنەوە.

هەوڵدانی دووەمی ئەو بۆ خۆی، ژیاننامەی خۆی بوو لە ساڵی ١٩٥١، بەڵام ئەمجارە بۆ خوێنەرێکی زۆر سنووردار، لە ڕاستیدا تەنها بۆ (جی. ئەدگار هوور)[1] بوو.

---

[1] - j. edgar hoover، سەرۆکی بەهێز و دێرینی FBI (ڕێکخراوی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی) ئەمریکا. (وەرگێڕ)

هامەر ئەیدەزانی کە هوور ئاگاداری شوێنپێکانی هامەرە لە ساڵی ١٩٢١ەوە و ئاگاداری هەموو وردەکاریەکانی ژیانیەتی. هوور ئەوکاتە گەنجێکی بیست و شەش ساڵ، و یەکێک بوو لە جێگرەکانی وەزارەتی دادگایی ئەمریکا، هامەریش خوێندکارێکی پزیشکی بیست و سێ ساڵە بوو کە بە سەفەر دەڕۆیشت بۆ ئەورووپا. یەکێک لە هەواڵگریەکانیدا ڕاپۆرتیدا بوو دەڵێت هامەر ئەندامی ڕێکخراوی تازەی (ئەنتەرناسیۆناڵی کۆمۆنیستی یان کمینترین)ە. گومانی خراپی (هوور)، ئێف بی ئایی، و چەندین دەزگای سیخوڕی جیهانی والێکرد کە بکەونە دووی هامەر. بۆیە لەماوەی بیست ساڵی داهاتووی، هامەردا، کە ئەوکات کاروکاسپێکی سەرەکی لە کڕین و فرۆشتنی ویسکیدا بەناوی، (مەیسازانی یەکگرتوو)[2]، دامەزراندبوو، هەر کاتێك بکەوتایەتە بەردەم پەیمانی هاوکاری دەوڵەتیەوە، دواتر بۆی دەردەکەوت کە هوور لەناو ئەو مەسەلەدایە.

لە سەرەتایی ساڵی ١٩٥١، هامەر بڕیاریدا ڕوونکردنەوەیەکی درێژ لەبارەی ژیانی خۆیەوە بنوسێت بۆ هوور، تاریکیەکانی ڕوونکردەوە، باسی چالاکیەکانی خۆی دەکات لە دەیەکانی ١٩٢٠ لە یەکێتی سۆڤیەتدا، و ڕوونکردنەوەی بێ بەریانە بۆ تۆمەتەکانی پەیوەندی بە دەزگاکانی سیخوڕیەوە دەخاتە ڕوو، لەم نوسینەدا، هامەر خۆی بە سەرمایەدارێکی دڵسۆز باس دەکات کە گوایە هەرگیز بەهیچ شێوەیەك ڕێك نەبووە لەگەڵ سیاسەتەکانی باوکیدا و بۆ ئەوەش ڕۆیشتوە بۆ ڕوسیا تاوەکو ئەو قەرزانە وەرگرێتەوە کەلەلایەن ڕوسەکانەوە بووە سەبارەت بە کارگە خێزانیەکەیان. بەشێك لەدەرخستەکانی ئەو لەم ڕاپۆرتەدا ناڕێکەدا، بەڵام لێرەشدا هەم، وەکو ژیاننامەکەی یەکەمجاری، دەست بە فێڵ و ساختەکاری دەکات، چونکە دەزانێت بۆ سەلماندنی درۆکانی بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت بەئاسانی دەستی بگات بە بەڵگەنامەکانی سۆڤیەت. لەگەڵ ئەوەدا هەڵەشی نەکردبوو، بۆیە هوور دەرەنجام دۆسیەی ئاسایشی هامەری بەتەواوی داخست، و ئەم دۆسیەیە هەمووی کورتکرایەوە و دواتر ئێف بی ئایی، خستیە بەردەم ئەو پێنج سەرۆکەی داهاتوی ئەمریکاوە کە دواتر پەیوەندیان بەهامەرەوە هەبوو.

---

[2]– united distillers

هامەر لە ساڵی ١٩٧٤ (بۆبی کنمیدینی) ڕۆژنامەنوسی دامەزراند بۆ ئەوەی ژیاننامەیەکی تازەتری ئەو، لە ژێر ناوی (ژیانی دەرکەوتووی دکتۆر ئارمەند هامەر)[١] بنوسێت. ئاخر هامەر کاری تازەی کردبوو: لە دەیەکانی ١٩٥٠ هامەر دەستی کردبوو بەکاری نەوت. لە دەیەکانی ١٩٦٠ ئیمتیازێکی گەورەی بەناوی ئەکسیدنتال لە لیبیادا وەرگرتبوو و بۆ ئەم کارە بەرتیلێکی چەندین ملیۆن دۆلاری بەخشیبوو بە یەکێک لە بەرپرسە ناسراوەکانی شاپانەی لیبیا. ئەمە یەکێک بوو لە سەرەکیترین ئیمتیازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەدەستی کۆمپانیا نەوتیە گەورەکانی جیهانیدا نەبوو. هامەر سامانێکی زۆر گەورەی لەم ڕێگەیەوە بەدەستهێنا کە دواتر لە مامەڵەیەکی گەورەدا لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا بەکاری هێنا. لەگەڵ ئەوەدا لە ڕێگەی ئەو ئیمتیازەی خۆیەوە لە لیبیا توانی لە دەسەڵاتی زۆری کۆمپانیا نەرتیەکان کەم بکاتەوە، و بەم کارەی خۆی، یاسایی بازرگانی جیهانی نەوتی بەشێوەیەکی تەواو گۆڕی. ئێستا دەبوو مێژووی ئیمتیازی نەوتی لیبیا سەر لەنوێ بەشێوەیەک بنوسێرتەوە کە پەردەپۆشی ئەو کێشەی بەرتیلدانە بکات و خەتێک بکێشێت بەسەر ئەو باسەدا. دەبویست وایپیشانی بدات کە سەرکەوتنی ئەو لە لیبیادا بەهۆی مرۆڤدۆستی و بیرتیژی ئەوەوە بووە. بەم شێوەیە خۆی سەرەڕایی بازرگانێک خۆی بەکەسێکی دۆست وێنا دەکرد. هەروەها دەیویست ئەوە بخاتە ڕوو کە نیشتیمان پەرستیشە و لە بەرژەوەندی وڵاتەکەشیدا کار دەکات.

لە کتێبی دکتۆر ئارمەند هامەردا ڕۆڵێکی تازە بۆ هامەر داهێنرا: ڕۆڵی بەرپرسی پشتی شانۆی سەرۆکەکانی کۆماری ئەمریکا. ئێستا باسی ئەوە دەکرا کە ئەو لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا، واتە لەسەردەمی فرانکلین ڕۆزفێلت سەرۆکی ئەمریکادا بوو بوویە ڕاوێژکاری ڕۆزفێلت و بۆچوونی سەربازیشی هەبووە لەسەری، هەروەها هاوکاری ماددی سەرۆک ترۆمانی کردوە لە دوایی جەنگەوە، هەروەها (سەفیری گەڕیدەی) سەرۆک کەنەدی بووە. هامەر تەنانەت شانازی بەخۆیەوە دەکرد کە بە شەخسی هانی سەرۆک هێربێرت هووری داوە تاوەکو (ڕێکخراوی هاوکاریکەرانی ئەمریکا) (American relief administration) کە دە ملیۆن

١- the remarkable life of dr. armand hammer

روسی لە برسیەتی ڕزگارکرد پێکبهێنێت) (٢٢) لە ڕاستیدا بەهیچ شێوەیەك هامەر نەیتوانی سەرۆك هوور ببینێت و هیچ پەیوەندیکی لەگەڵ ڕێکخراوی هاوکاری گەیەنەری ئەمریکا) نەبوە، ئەم ڕێکخراوە کاتێك مۆڵەتی کارکردنی وەرگرت کە هامەر هێشتا خەریکی خوێندن بوو لە کۆلێژدا. تەنها یەکجاریش (فرانکلین ڕۆزفێلتی) بینیوە. لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت یەکجاریش سەرۆك ترۆمانی بینیوە، ئەویش بۆ گرتنی وێنەیەکی کۆمەڵی. پەیوەندی ئەو لەگەڵ سەرۆك کەنەدیدا زۆر بێمانا و کەم بووە. تەنها چەند جارێك لە چەند کۆبوونەوەیەکی میوانی گەورەدا پێشتبوو بۆ کۆشکی سپی. گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی کورتی هەبوو لە ١١ مەی ١٩٦٣ لەگەڵ کەنەدیدا، کە سەرۆك کۆمار بەنهێنی تۆماری کردوە، و لە شێوەی قسەکردنەکەیدا دیارە کە کەنەدی هیچ جۆرە ناسینێکی نیە لەگەڵ هامەردا. لەگەڵ هەموو ئەمەدا، بەوشێوەیەی کە لە ئەزموونی پێشوتری خۆیدا لە باسکردنی ژیاننامەی ئەوزنانەی خۆیدا هاتوە، بە دروستکردن و ڕێکخستنی ئەم جۆرە پەیوەندیە گەورە سیاسیانە دەستی دەکرایەوە بۆ ئەنجامدانی زۆرێك لە کارە گەورەکانی.

وەکو شێوەی (یاسای گرشام)، کە لەوێدا پارە کەم بەهاکان دەبنە جێگرەوەی پارە بەهادارەکان، باسکردنی هامەر لە ڕابردووی خۆی بەهەمان ئەم یاسە پڕە لە وەستان و درۆی بێ شومار. هامەر بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندی گشتی ئەکسیدنتتالی ڕاسپارد تاوەکو نوسخەیەك لە ژیانی دەرکەوتەی دکتۆر ئارمەند هامەر بدەن بەو ڕۆژنامەنوسانەی کە دەیانەوێت لەبارەی ئەوەوە شتێك بزانن یان بنوسن، ئەم نێدارەیەش بۆ ناسینی پێشینەی هامەر سودی لەم کتێبە وەردەگرت. هەروەها وەکیلەکان و پارێزەرەکانیشی بۆ چاوخشاندنەوە بە دۆسیەی کارەکانی هەمیشە چاویان دەخشاندەوە بە کتێبەکانیدا، و لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی ئەم کارانەوە، هامەر توانی پێگەیەکی واقعی بۆ خۆی دروست بکات.

بەرە بەرە، بەشێوەیەکی ئاسایی، ژیانی بوو بەو شێوەیەی کە خۆی باسی دەکرد. ئەفسانەی هامەر هەتاوەکو دەهات خەڵکی زیاتر باوەڕیان پێدەکرد، بەردەوام ڕێزی زیاتر دەبوو و خەڵکی هەوڵیدەدا هاوڕێیەتی بکەن. فرۆکە شەخسیەکەی لە هەر وڵاتێکدا دەنیشتەوە بەخێرای ئاهەنگی پێشوازی سەرۆکایەتیان بۆ ڕێکدەخست و سەرۆك دەهات بۆ بینینی. دەرەنەنجام هامەر لە ساڵی ١٩٨١، لەلایەن سەرۆك

کۆمارەوە بۆ کارێك ڕاسپێردرا، ئەم ڕاسپاردنە یەکێك بوو لەو کارانەی کە نیو سەدە بوو خەریکی درۆکردنی بوو بە خەیاڵی، بەڵام ئەمڕۆ بووەتە واقع: بۆیە مێژگردی شێرەپەنجەی سەرۆکایەتی کۆمار سپێردرا بە هامەر.

لە ساڵی ١٩٨٥، هامەر بیری لە ژیاننامەیەك کردەوە کە سەرکەوتنەکانی ئەو تاوەکو ئەوکاتە بکاتە کاسەیەکەوە. ڕۆژنامەنوسی ڕاهێنراوی شارەزای بەریتانی، (نیل لیندۆن)، کە پێشتریش چیرۆکێکی باشی لەبارەی هامەرەوە لە بڵاوکراوەی (سندەی تەلەگرافی) لەندەن نوسیبوو، بۆ نوسینەوەی ئەو کتێبەی لەلای خۆی دایمەزراند. هامەر وتی بە لیندۆن ئیشی ئەو لێکۆڵینەوە و نوسینەوەی کتێبێك نیە بەڵکو دەبێت چیرۆکەکانی ژیانی ڕوون بکاتەوە. و لەگەڵ ئەوەدا ئەو هیچ شەرمێکی نەکرد بۆ ئەوەی ئەو بەشەی ژیانی کە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەو چیرۆکەی کە هەڵیەبژێرێت بیشارێتەوە. بۆ نمونە، وتی بە لیندۆن هیچ یەك لە دەفتەری بیرەوەریەکانی یان بەڵگەکانی پەیوەست بە ژیانی پێشووی لە ساڵەکانی پێش ١٩٣٢ لە ڕوسیادا ناخاتە بەردەمی. فەرمانیدا ڕووداوەکانی ئەو ساڵە چارەنوسسازانە ڕێك وەکو ئەو شێوەیەی کە لە کتێبی (گەڕان بەدوای گەنجی ڕۆمانۆڤ)دا هاتووە دووبارەی بکاتەوە، لە دووبارەکردنەوەی ڕوداوەکانی دواتری ژیانی، هامەر ڕووداوەکانی باشتر و چاکتر کرد، کۆمەڵێك ڕووداو و حاڵەتی دروستکرد بۆ ئەوەی ئەوشتانەی کە باسی دەکردن بیان سەلمێنێت و هیچ گومانێکیان نەهێڵێت و باشتر کاریگەریان هەبێت. لە کتێبەکەدا خۆی بە یەکێك لەسەرچاوە گرنگە چارەنوسسازەکان و ساتە گرنگە مێژوویەکان دەزانێت لە دیدارەکانیدا لەگەڵ سەرۆکەکان، بەڵام لیندۆن نەیتوانی بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشانەی بەڵگەیەکی سەربەخۆ بەدەست بهێنێت جگە لە وتەکانی خودی هامەر نەبێت. (٢٣)، گرنگی نوسینی ئەم کتێبی دووەمە دووبارە بەشێوەیەکی گشتی نەبووە جێگەی گومانی هیچ کام لە ڕەخنەگرەکان.

هامەر لە ساڵی ١٩٨٩ هەوڵیدا ئەم خۆ وێناکردنەی بۆ باشتر پەسەندکردنی لەلایەن خەڵکەوە بکاتە فلیمێکی سینەمایی و ئەو ئەرکەی خستە ئەستۆی (هارۆڵد گاست) تاوەکو فلیمنامەیەك لەبارەی ژیانی بنوسێت. دەقی فلیمنامەکە سەرتاپا لە هەردوو کتێبی ژیاننامە بڵاوکراوەکەی هامەرەوە وەرگیرابوو و دووبارە لەو فلیمەدا سەرکەوتنە بازرگانیەکان و گرنگی سیاسی هامەری لەجیهاندا دووبارە کردوەتەوە.

خودی هامەریش لە هەندێك لەبەشەكانی فلیمەكەدا دەردەكەوێت، و پێرستێكی دیكەی لە دەستكەوتەكانی دیكە و ناوبانگێكی گەورەتری بۆ خۆی لەو فلیمەدا دروستكرد و ئەو ناوبانگیەشی خستە سەر ناوبانگیەكانی دیكەی.

كاتێك لە سالّی ۱۹۹۰ بلۆكی رۆژهەلاتی و بیری كۆمۆنیستی هەرەسی هێنا، هامەر سەیری كرد دەبێت بەرگێكی تازەی كتێب زیاد بكات بۆ ژیاننامەی خۆی و رۆڵێك بۆخۆی دروست بكات لە كۆتایی هێنانی (جەنگی سارد) دا. مەگەر ئەو شەش جار چاوی بە گۆرباچۆڤ نەكەوتوە، مەگەر ئەو داوایی هەلوەشاندنەوەی كورە ئەتۆمەكانی چەرنوبیل لە سالّی ۱۹۸٦ نەكردووە، و هەروەها لە سالّی ۱۹۸۸ پرۆسەیەكی باشی رێكخستنی هاوكاری دارایی بۆ قوربانیانی بومەلەرزەكەی ئەرمەنستان رێكنەخستوە. بۆ تێروانین لەم بەشەی ژیانی خۆی رۆیشت بە شوێن (جین ئستۆن)دا، بەشێوەیەكی زۆر ورد و رێكخراوانە بەرنامەی كارەكانی ئەو ماوە دە سالّەیە باس دەكات بۆ ئەو ژنە. لە كاتی قسەكردنەكەیدا ئەوەی خستەروو ئیدی شتێك نیە بەناوی چارەسەری دەرمانی بۆ شێرەپەنجە و شانازی تەواوی هاوكاریكردنی زانستی و پزیشكی بۆ ئەوكارەی بە مافی خۆی دەزانی.

بەلاّم لە كۆتایی سالّی ۱۹۹۰ دەركەوت كە هامەر گەیشتوەتە كۆتایی هێلّەكە. خوێن تێكردنی بەردەوام و خالّیكردنەوەی خوێنەكە لە جەستەیدا بەتەواوی هامەری گێژ و ویركردبوو. دلّسارد و بێ ئومێدیش بوو بوو. لەگەلّ ئەوەی كە تاوەكو وەرزی كۆتایی كتێبەكەی رۆیشتبوو، بەلاّم وتی بە ئیستۆن ئیدی نایەوێت هیچشتێكی دیكە بلّێت و لێرەدا رایدەگرێت. كەواتە ئەم كتێبەیان، بە پێچەوانەی ژیاننامەكانی پێشووتری خۆی، نەیتوانی بەتەواوی و لەسەدا سەد كۆنترۆلّی بكات.

* * *

لە ۱۲ نۆڤەمبەر، هامەر وەكیلەكان و پارێزەرەكانی خۆی راسپارد و قبولّی كرد كە گفتوگۆ بكەن لەبارەی داواكاریە یاساییەكەی ٤٤٠ ملیۆن دۆلاریەكەی وەرەسەی هاوسەرەكەی. وەكیلەكان شریتی ڤیدیۆی شایەتیدانی رۆبێرت ویس، و وەصیەتەكەی ژنەكەی، كە تازە لە دادگادا داوایی تۆماركردبوو، هێنایان بۆ ژووری خەوتنەكەی. ویس لە شایەتیدانەكەی خۆیدا بانگەشەی ئەوەی دەكرد كە هامەر پشكی هاوسەرەكەی لە موڵكە هاوبەشەكانی ئەواندا زیادكردوە. كێشە یاساییەكە ئەوە

بوو كە ئايا فرانسیس لە پشكەكەی خۆی خۆش بووە یان خۆش نەبووە. ژنەكە بە ڕۆژ پێش ئەوەی بمرێت قەواڵە بەڵگەنامەیەكەی لەم بوارە تایبەتیەدا ئیمزا كردبوو، بەڵام وارسەكانی بانگەشەی ئەوەیان دەكرد كە هامەر بە فێڵ و تەڵەكەبازی ئیمزای بە فرانسیس كردوە.

وەكیلەكانی شریتەكانیان پیشاندا تاوەكو لە دادگادا لەم دەرخستانەدا توشی سەرسوڕمان و واقوڕمان نەبێت. دەیانویست بزانن بەڕاستی پەیوەندی نێوان فرانسیس و هامەر چۆن بووە.

هامەر لە ژیاننامەكەی خۆیدا ونتاییەك دەخاتەڕوو كە گەوایە ژیانی پڕە لە خۆشبەختی و نزیكەی یەك لەسەر سێی سەدەیەك بە خۆشبەختی ژیاوە. لەكاتێكدا كە لەڕاستیدا هەر لەسەرەتایی كارەكەیدا لەگەڵ فرانسیس خیانەتی لێكرد. ساڵی ١٩٥٥ كاتێك لەسەرەتاوە خۆشەویستی لەگەڵدا دەكرد، فرانسیس بێوەژنێكی پارەداری نزیكەی پەنجا و چەند ساڵە بوو، هەر لەوكاتەدا هامەر بە شاراوەی پەیوەندی هەبوو لەگەڵ بێتی مێرفیدا. دواتر، كاتێك سودی لە پارەكانی فرانسیس وەرگرت و بەو پارانە توانی كۆمپانیای ئەكسیدنتاڵ پترۆلیۆم بكاتە كۆمپانیایەكی گەورەی نەوتی، هێشتا هاوسەرەكەی هەڵدەخەڵەتاند و لەگەڵ ژنانی دیكەدا پەیوەندی هەبوو، و ئەو ژنانەی دەخستە ناو پێڕستی موچەوەرگرەكانی ئەكسیدنتاڵەوە. وادیار بوو فرانسیس لەو سەردەمەدا بێئاگابوو لەهەموو ئەو ڕووداوانەی كە ڕوویانداوە. لەگەڵ ئەوەدا بەردەوام لەگەڵ هامەردا سەفەری دەكرد بۆ وڵاتان و سەردانی سەرۆكەكانی دەكرد تاوەكو ساڵی ١٩٨٧، لە دیدارێكدا لە مۆسكۆ، پێی خزی و كەوت و هامەر فرانسیسی بە كەوتوی لە كۆشكی كرێملیندا بەجێهێشت و بەرەو ماچكردنی گۆرباچۆڤ ڕۆیشت.

لەوشتەی كە هامەر نەیدەزانی، بەلایەنی كەمەوە تاوەكو شریتی ڤیدۆكە و شایەتیەكەی بێتی، بەوەدا دیارە كە فرانسیس هەر لەسەرتاوە گومانی هەبووە لێی، بۆیە لەو بەڵگە و سەنەدە فراوانانەی لەوپارە و قەرزانەی كە بە هامەری دەدا، و هەروەها لەگەڵ هەموو مامەڵەكانی دیكەیاندا، پاراستبوونی. لە ساڵی ١٩٨٨، فرانسیس بەشێوەیەك متمانەی نەمابوو بە پیاوەكەی كە دووبارە وەسیەتنامەكەی سەرلەنوێ داڕشتەوە، و هامەری بەهەموو شێوەیەك لە میراتەكەی بێبەش كرد و

هەموو شتێکی بۆ جوون ویس، کچی خوشکە تاقانەکەی بەجێهێشت. تەنانەت ئەو ماڵەی کە لەکاتی هاوسەرگیرییاندا لەگەڵ هامەر پێکەوە بەهاوبەشی لەناویدا دەژیان بەخشی بە خوشکەزاکەی. فرانسیس، لە تەمەنی هەشتا و هەشت ساڵی، تەنانەت بیری لەوە دەکردەوە کە بەشێوەیەکی یاسایی جیابێتەوە لێی. ئەم دوژمنایەتیە بێ سنورە بەشێوەیەکی زۆر فراوان دەتوانرێت لەدادگادا لە دژی هامەر بەکاربهێنرێت، و تەنانەت ئەو گومانەشی دروستکرد بۆ دەستەی داوەرەکان کە وابیریان دەکردەوە لەوانەیە فرانسیس لەسەردەمی پێکەوەژیانیاندا تەنانەت ئازادانەش چاوپۆشی لە پشکی سەروەت و سامانەکەی خۆی نەکردبێت.

وەکیلەکانی هامەر باوەڕیان وابوو ئەو دەتوانێت بە شایەتیدانی خۆی ئەم گومانانە بڕەوێنێتەوە، بەڵام خودی ئەو دەیزانی تاوەکو دەعواکە دەگاتە دادگا ئەو ڕزگاری نابێت لە جیهان. ئەوکاتە شەڕەکە دەکەوێتە ناو میراتگرەکانەوە (٢٤).

دوای ڕۆیشتنی وەکیلەکان هامەر فەرمانیدا بە برازاکەی کە ئەویش هاوناوی خۆی بوو واتە ئارمەند هامەر، بەڵام بە ئارماشیا بانگیان دەکرد، بە فڕۆکە بەخێرایی لە مۆسکۆوە بگەڕێتەوە بۆ لۆس ئەنجلس. ئارماشا کوڕی ڤیکتۆری برا بچوکەکەی هامەر بوو. ئارماشا تەمەنی دوو ساڵ بوو کە ڤیکتۆری باوکی دایکە ڕوسیەکەی تەڵاقدا بوو و گەڕابوویەوە بۆ نیۆیۆرک و کوڕەکەی لە ڕوسیادا مابوویەوە. لەماوەی بیست و پێنج ساڵدا، خێزانی هامەر هیچ پەیوەندێکیان نەکردبوو بە ئارلم شاوە. بەڵام لەدەیەکانی ١٩٥٠ کاتێک هامەر دیسانەوە ڕۆیشتەوە بەشوێن ڕوسیەکاندا و لەڕێگەی ئەکسیدنتاڵ لەگەڵ ئەورووپای ڕۆژهەڵات خەریکی مامەڵە بوو، ڕێزای سەفەرکردن درا بە ئارماشا بۆ ئەمریکا. لە دیدارێکی هەستیاردا، کوڕە سی و سێ ساڵەکەیان پەیوەست بوویەوە بە خێزانێکەوە کە هەرگیز نەیدەناسین و پێشتر هیچ جۆرە پەیوەندێکیان نەبوو پێکەوە. ئەمە بۆ هامەر یادەوەرێکی ڕابردووی شاراوەی خۆی بوو لە یەکێتی سۆڤیەتدا، کاتێک ئارماشا لە هەفتەی سێ یەمی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩٠ گەیشتە ئەمریکا، هامەر داوای لێکرد کە بەرپرسیاریەتێکی گرنگی بۆ لە ئەستۆ بگرێت و تاوەکو ئەم بارودۆخە بە شاراوەی بمێنێتەوە. داواکاریەکەی ئەوە

بوو کە ئارماشا ئەو بەڵگەنامانەی کە لە مۆسکۆدا هەڵیدەگرتن بیانپارێزێت. هامەر پارەی باشی دابوو بەکۆمەڵێك لە بەرپرسەکانی سۆڤیەت بۆ سەرگرتنی ئەو مامەڵانەی کە ڕەسمی نەبوون، و هامەر دەیویست ئەو دڵنیایە بەدەست بهێنێت لەلایەن ئارماشاوە کە دوای مەرگی هامەر ئەو بەڵگەنامانە بەشاراوەی بهێڵێتەوە.

* * *

لە ٢٥ نۆڤەمبەر، هامەر بۆ دواهەمین جار لەبەردەم خەڵکی گشتیدا دەرکەوت. بڕیاریدابوو بە هەرشێوەیەك بووە لە شەوی ئاهەنگی کردنەوەی مۆزەخانەی ئارمەند هامەردا ئامادەگی هەبێت. داوایکرد لە بەرگدورەکەی جلێکی ڕەسمی تازەی بۆ بدورێت، بەشێوەیەك کە دابەزینی کێشەی جەستەی دەرنەکەوێت، بەڵام لە حەقیقەتدا ئەمە زۆر گرنگی نەبوو، چونکە کاتێك هامەریان بە کورسی تایەدارەوە هێنا بۆ مۆزەخانەکەی، زۆر کەم ئاگایی لەخۆی بوو.

دەموچاوە ناسراوەکانی لۆس ئەنجلس ئەو شەوە بە زۆری کۆببوبوونەوە. هەروەها (دانێل میتەرانی) ژنی سەرۆکی فەرەنساش لەو ئاهەنگەدا بوو. هامەر بەڵێنیدا بوو کە ٢٠٠ هەزار دۆلار ببەخشێت بە دامەزراوەی شەخسی خاتو میتەران، و خاتو میتەران ئەو شەوە لە تەنیشت هامەردا شوێنیان بۆ دانابوو. هامەر، گێژ و وێژ بە دەرمان و دەرزی خوێنەوە، لەناو ڕیزی میوانەکاندا تێدەپەڕی میوانەکانی پێکهاتبوون لە: بەڕێوەبەران و سەرۆکەکانی ئەکسیدنتاڵ کە چاوەڕوان بوون کارەکانی لێوەرگرن، شارەزایانی هونەری بواری تابلۆکانی وێنەکانی کەچەندین ساڵ بوو کارە هونەریەکانی هامەریان هەڵدەسەنگاند، ئەو سیاسەتمەندارانەی کە بەهۆی پشتگیری دارایی هامەرەوە گەیشتبوونە پۆستەکانیان، دیپلۆماتەکانی ئیسرائیل و چین و یەکێتی سۆڤیەت، ئەو پزیشکانەی کە ئیدی هیچ شتێکیان لە توانادا نەمابوو بیکەن بۆ هامەر، لەگەڵ وەکیل و ئەو پارێزەرانەی کە خەریکی دەعوا یاسایەکەی میراسەکەی بوون.

ئەو شەوە کاتێك هامەر هاتەوە بۆ ماڵەوە، حاڵەتێکی وەکو وەهم و وڕێنە ڕووی تێکرد. وایدەزانی دایکی خۆی بە مردوویی لە ژوورەکەیدایە، لە بەرچاوی خزمەتکارەکانیەوە بێ گوێدان دەستیکرد بە گفتوگۆکردن، بەردەوام بە سەر یەکەوە لێی دەپرسی باوکە کەم ئەندامەکەی لە کوێ یە. نیك بوچەر، کە پەرستیاری شەوانی ئەو بوو، نەیدەتوانی قەناعەت بکات بە هامەر کە بەڕاستی دایکی لەوێ نیە. بوچەر پێشتر دووجار بە هەناسەی دروستکراو گیانی کردبوویەوە بەناویدا، بەڵام پێیان وتبوو ئیدی هەوڵ نەدات بۆ ئەوەی گیانی هامەر بگەڕێنێتەوە و لەتوانایی ئەودا نەماوە.

* * *

لە حەوتی دیسەمبەر، روساماریا دۆراسۆ دوو شفاهێنەری (بیروباوەڕی دەرمانی) واتە (faith- healer)ی مەکسیکی هێنا بۆ لای هامەر بۆ ماڵەوە. ئەو پزیشکانە هامەریان لەناو مەسبەحەکەی ماڵەوەدا هەندێك بەدەست لەناو ئاوەکەدا گەڕاند. لەوکاتەدا، دەستیان کرد بە ئەنجامدانی کارێکی کۆنی (ئازتیك)[1]، و دوو ڕۆژی تەواو لەدەوروبەریدا سەمایان دەکرد (٢٥).

دۆراسۆ، بەرەبەیانی ڕۆژی ١٠ دیسەمبەر، جۆلینی بانگ کرد بۆ ماڵەوە. بە ترسەوە پێی وت باوکی خەریکە لەدەستی ئەو شێرپەنجە چارەسەرنەبووە خۆی دەدات بەدەستەوە. جۆلین بە سەرسوڕمانەوە بێدەنگ وەستابوو. تەمەنێك هەوڵیدابوو بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ باوکیدا دروست بکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبووبوو. هامەر هەمووشتێکی لێشاردبوویەوە تەنانەت لەسەردەمی منداڵیشیدا، تاوەکو ئەوکاتەش کە هێشتا تەمەنی دوای شەست ساڵ تێپەڕیبوو نەیدەتوانی باوکی خۆی بناسێت و نەیدەزانی کە چی پێویستە بیکات؛ و تەنانەت لەو ساتە دڵتەزێنە و کارەساتبارەدا، نەیدەتوانی ڕازیبوونی بەدەستبهێنێت. باوکی بەهەرکەش بەهیچ شێوەیەك لەو ساتەدا نەیدەناسی. لەوکاتەدا جۆلین سەری نزمکردەوە بۆلایی گوێی

---

[1] - Aztec شارستانیەتی کۆنی مەکسیك (وەرگێڕ)

هامەرو بە ڕوسی کۆمەڵێك قسەی پێوت - ئەو دژوێنانەی کە پێشتر هامەریان شێت دەکرد، بەڵام ئەمجارە بەهیچ شێوەیەك هامەریان نەجوڵاند(٢٦).

بەو شەوە، تەنها دوو کەس لەلای هامەر بوون لە ژورەکەیدا ئەوانیش: روساماریا دۆراسۆ و نیك بوچەر بوون. دۆراسۆ گوێی خۆی خستە سەر سنگی هامەر. لێدانی دڵی وەستابوو. بوچەر سەیری کاتژمێرەکەی کرد. ساتی مەرگی حەوت و بیست و دوو خولەکی ئێوارە بوو.

روساماریا دۆراسۆ بە فرمێسك ڕژان کەوتبوو بەسەر سنگی هامەردا، بۆچەر تەلەفۆنی کرد بۆ (ئەدمۆند بریج) سەرۆکی ئاسایشی ئەکسیدنتال. (بریج) پێش ئەوەی بڕواتە ناو کۆمپانیای ئەکسیدنتال لە ساڵی ١٩٧٥، پێشتر بیست و پێنج ساڵ بۆ (ئێف بی ئای) ئیشی کردبوو، ئەو بەرنامەیەی کە پێشتر بەوردی داڕێژرابوو، دەستکرا بە جێبەجێکردنی. پزیشکەکەی هامەر (ئالن مترگەر) بەخێرایی هات بۆ ماڵی و فایلی مردنەکەی ئیمزاکرد، و هۆکاری مەرگەکەی بە بەربونی خوێنی دەماغ نوسی. ئامبولانسێك گەیشتە ماڵەوە و جەستەی هامەریان گواستەوە بۆ مردوخانە و لەوێدا فەرماندرا بە سەر بەرێوەبەری ئەو بەرێوەبەرایەتیە کە ناوی (لێری دیوس) بوو بۆ ئەوەی بە زووترین کات بیشۆن و کفن و دفنی بکەن. کارمەندانی پەیوەندی گشتی کۆمپانیای ئەکسیدنتال ئامادەکاری مەرگی هامەریان کرد.پاشان قفڵی دەرگاکانی ژورەکانی تەیەقەی شانزەیەم و هەژدەیەمی بیناکەی ئەکسیدنتال، کە پڕ بوو لە بەڵگەنامەی گرنگ و هەستیار، قفڵەکانیان گۆڕی. بەرپرسانی ئاسایشی کۆمپانیا بەرەو ماڵی هامەر دەرچوون بۆ ئەوەی بگەڕێن بۆ بەڵگەنامە و کاغەزە بەجێماوەکانی. هەواڵی مردنی هامەر درا بە مایکل و خزمەکانی دیکەی و ئەوانەی کە پەیوەندیان هەبوو پێوەی.

نزیکەی کاتژمێرێك دواتر، مایکل هات ماڵی هامەر. بەتازەی بە ئۆتۆمبێلە هەڵهاتۆکەی خۆی لە (فستیڤاڵی) کۆتایی (بالۆن پالیمی ئسپرینگ)دا گەڕابوویەوە.

دەستیکرد بە گەڕان بەناو کەلوپەلە شەخسیەکانی باپیریدا، و کاتژمێرێکی ئاڵتونینی رۆلکس، و گیرەیەکی بۆینباخ، و بتڵێك شەمپانیای دێن پرینیۆنی دا بە (نیك بوچەر).

بەرپرسانی ئاسایشی ئەکسیدنتال، لەو ناوەندا، خەریکی بارکردنی کارتۆنە کاغەزەکانی هامەر بوون لە ڤانێکی لەبەردەم ماڵەکەیدا. بەڵام پێش ئەوەی بڕۆن (ریچارد کلیری)، وەکیل و پارێزەری میراسی فرانسیس هامەر، سەرەڕێگەکەی پێگرتن. وتی دوای مردنی هامەر، هەرچی لەوماڵەدا هەیە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ میراسگرەکەی فرانسیس و ئەو دەتوانێت تەسەروف بکات بەو ماڵەوە، هیچکەس مافی ئەوەی نیە دەستکاری هیچ شتێکی ئەو ماڵە بکات. لەو کاتانەدا بەرپرسانی ئاسایشی کۆمپانیا، مایکڵیان بانگ کرد ئەویش لە ناو ماڵەکەدا هاتە دەرەوە و وەکیلی میراسگرەکەی فرانسییش تەلەفۆنی کرد بۆ پۆلیسی لۆس ئەنجلس. لەوکاتەدا کێشەکێش تاوەکو کاتژمێر یەك و نیوی دوانیوەڕۆ بەردەوام بوو. سەرەئەنجام، (ئیستافۆرد ماتیۆز) وەکیلی هامەر، گەیشت و بڕیاردرا کارتۆنە کاغەزەکان هەموو بگەڕێنرێنەوە بۆ ماڵەوە و لە ژوورێکدا دابنرێن و ژوورەکە قفڵ بکرێت و قفڵەکەش لەلای مایکڵ دابنرێت. (کلیری) پاشان قفڵسازێکی هێنا و قفڵەکانی دەرگاکانی دەرەوەی گۆڕی و بەم شێوەیە مایکڵ، روساماریا، و نیك بوچەریان، بەشێوەیەکی کرداری لە ماڵەکەدا کردە دەرەوە.

گفتوگۆ رادیۆیەکانی پۆلیس لەبارەی رووبەڕووبونەوەکانی بەردەم ماڵی هامەر، نوسەرەکانی شەوانەی رۆژنامەی (لۆس ئەنجلس تایمز)ی ئاگادار کردەوە لە مەرگی هامەر. کاتژمێر شەشی بەرەبەیان لە رۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە کە: ئارمەند هامەری، ملیاردلێری هونەر دۆست، کۆچی دوایی کردوە.

* * *

هامەر (بارمیصوا) کەی خۆی بەچاو نەبینی، ئەو مەراسیمە دوای مەرگی ئەنجامدرا. نەیتوانی ببینێتە میراتگری جولەکەبوونی خۆی کە تەمەنێکی زۆر بوو ئینکاری لێدەکرد و خۆی بە مولحید و مەسیحی و چی وچی دەزانی، و لەو دوایەدا

پەشیمان بویەوە، بەلام بەچاوی خۆی ئەو مەراسیمانەی نەبینی، کە خۆی ئامادەکردبوو بۆیان.

هامەر، زیاتر لە نیو سەدە، و تەنانەت تاوەکو ئەو هەفتەیەی کە گیانی سپارد، بەو پەڕی لێهاتووی و هەوڵدانەوە توانی ئەفسانەی ژیانی خۆی دروست بکات و درێژەی پێبدات. چیرۆکی ئەمریکیکی سەرمایەدار کە لە ڕوسیای کۆمۆنیستدا سامانەکەی کۆ کردبوویەوە و بووبوویە مرۆڤدۆستێکی گەورە، بەرە بەرە بووە ئەمرێکی واقعی لەناو خەلك، و ژمارەیەك لە سەرۆکەکانی ئەمریکا ئەو پیاوەیان قبوڵکرد. ئەوەی کە هامەر نەیدەتوانی پێشبینی بۆ بکات ئەوە بوو کە دوای مەرگی، یەکێتی سۆڤیەت هەڵدەوەشێتەوە و حەقیقەتی کارە نهێنیەکانی لە ئەرشیفەکانی ئەو وڵاتەدا دەردەکەون.



هامەر و براکەی لەگەڵ خێزانەکانیاندا، هامەر لەناوەڕاستدا دانیشتوە ئەم وێنەیە لە ڕوسیادا گیراوە.

بەشی یەکەم

بە ڕاستی لە ڕوسیادا چی ڕوویدا

وەرزی یەکەم

لە دایکبوون

لە ١٨سێپتەمبەری ساڵی ١٩٢٠، جۆلیوس هامەریان، بە دەستبەستراوی و زنجیر لەپێ، برد بۆ زیندانی ویلایەتی (سینگ سینگ)[1]. زیندانی ژمارە ٧١٥١٦ بە بێ پێڵاوی وەستێنرا و پاسەوانە تایبەتیە پزیشکەکان سەرتاپا هەمووی گەڕان تاوەکو بزانن برینێك یان نیشانەیەکی تایبەتی نیە لە جەستەیدا. هیچشتێکیان نەبینی. لە دەفتەری نوسینی داخڵبوونی نوسرابوو (تەمەن ٤٦ ساڵ، باڵا ١.٨٠ مەتر، کێش ٨٨ کیلۆ، دین جولەکە) (١)

جولیس هامەر لە ڕاستیدا پیاوێکی زۆر باش بوو.

لە ناوچەی جولەکە نشینی ئۆدیسا، لە ٣ ئۆکتۆبەری ١٨٧٤، لە یاکوب و ڤیکتۆریا هامەر، لەدایکبوو. یاکوب هامەر لە ڕێگەی بازرگانیەوە دەژیا و بەردەوام لە نێوان ئەمریکا و ڕوسیادا لەسەفەردا بوو. جۆلیوس بەزۆری تەمەنی گەنجی لە ڕوسیادا بەسەر برد، و لە تەمەنی شانزە ساڵیدا لەگەڵ خێزانەکەیاندا کۆچی کرد بۆ ئەمریکا. باوکی ناسنامەی بووبوو بە ئەمریکی، بۆیە لەم ڕووەوە جۆلیوس ڕەگەزنامەی ئەمریکی وەرگرت.

خێزانی هامەر سەرەتا لە (برانفۆرد، کونە تیکت) ژیانیان بەسەر دەبرد، و جولیوس لە کارگەیەکی (تونەرەوەی مس و ڤافۆن)دا کارێکی دۆزیەوە، پاشان لە ساڵی ١٨٩٢ سەفەریان کرد بۆ خوارووی بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری نیویۆرك. جولیوس لەوێ بوویە کارمەندی نوسینگەیەکی دەرمانخانە (صەیدەلیە). وەکو زۆرێك لە

---

[1] – sing sing ، گوندێکی زیندانی ناسراوە، لەنزیك نیویۆرك. (وەرگێڕ)

کۆچبەرەکانی دیکە کە لەدەیەکانی ۱۸۹۰ لە ڕوسیای تەزاریەوە بەرەو ئەمریکا هاتبوون، جولیوسیش بەشوێن ئازادی و ژیانێکی باشتردا بوو. لە هەمان ئەوسالانەی هەرزەکاریدا بەخێرایی بووبە لایەنگری سۆسیالیزم. هەر کتێب و نوسینێکی لەوبوارەدا دەست بکەوتایە بەوردی دەیخوێندەوە، کاتێك تەمەنی گەیشتە هەژدە ساڵی، وەکو یەکێك لە توندڕەوترین لایەنگرەکانی بەرەی ڕاپەڕینی سۆسیالیزم، بوو بە ئەندامی حیزبی سۆسیالیستی کرێکاری، کە هۆتافەکەیان بریتی بوو لە (بمرێت دەوڵەتی سیاسی، بژی دەوڵەتی پیشەسازی). زۆربەی ئەندامەکانی دیکەی حیزب وەکو ئەو بوون: (گەنج، هەژار، و تاوەکو ئەو پەڕ ئایدیالیزمی. ڕێبەری حیزبەکەیان، مارکسیێکی ڕیشتریژ بوو بەناوی (دانێل دی لیۆن) کە جڵەی ئۆپێزیستەکانی لەبەردەکرد و بانگەشەی بۆ شەڕی ناوخۆ دەکرد.

ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی جۆلیوس بەرەو بەرەی حیزبی سۆسیالیستی کرێکاری دەچوو، و بووە هاوڕێ و هاوکاری نزیکی (بۆریس ڕینستین)،ی کۆنە شۆڕشگێر، کە دە ساڵ لە تەمەنیشدا لەو گەورەتربوو. ڕینستین بەهۆی چالاکیە توندڕەوەکانیەوە سەرەتا لە ڕوسیا و پاشان لە ئەڵمانیا، سویسرا و دواتر لە فەرەنساش دەرکرابوو. لە فەرەنسادا بەتۆمەتی بەشداریکردن لە دانانی بۆمبێکدا بە مەبەستی کارێکی تیرۆریستی نزیکەی دوو ساڵ زیندانی کرابوو. ئێستا لە (بوفالو) لە ویلایەتی نیۆیۆرك، دارفرۆش بوو. هەردووکیشیان لە ناوچەی جولەکە نشینی باشوری ڕوسیاوە هاتبوون. هەردووکیشیان زمانەکانی ڕوسیی، یەدیش، ئەڵمانی و ئینگلیزیان بەباشی دەزانی. هەردووکیان لە سەرەتایی دەیەکانی ۱۸۹۰ کۆچیان کردبوو بۆ نیۆیۆرك و ژیانی خۆیان بەتەواوەتی تەرخانکرد بوو بۆ بیرکردنەوە لە شۆڕشێکی تەواو.

هامەر لە ساڵی ۱۸۹۸ لە گەشتێکی سەیرانی حیزبی سۆسیالیستیدا هاوسەری ئایندەی خۆی ناسی واتە (ڕۆز لیپشیتز). ڕۆز کاری خەیاتی بوو بەڵام ئەوکاتە خەریکی ئیشی شاگردی بوو. ساڵێك پێشتر لە جولیوس هاتبوو بۆ نیۆیۆرك. ژنێکی جوان و لێهاتووبوو، بەخێرایی دڵی جۆلیوسی ڕفاند. چەند مانگێك دواتر هاوسەرگیریان کرد، و جۆلیوس کوڕە چوار ساڵەکەی ڕۆزی کە لە پیاوەکەی پێشووتری بوو وەکو کوڕی خۆی قبوڵ کرد کە ناوی (هێری) بوو. یەکەمین ماڵی

ئەوانە شوقەیەکی کرێ بوو لە ناوچەی باکوری جادەی (چێری) لە خوارووی (مانهاتن). جادەی چێری لەو سەردەمەدا بەشێوەیەکی دیار لەناو کۆچبەرە جولەکەکان و ئێرلەندییەکاندا دابەش بووبوو: جولەکەکان لە باکور، و ئێرلەندییەکان لە بەشی باشووریدا نیشتەجێ بوو بوون.

سۆسیالیستە جولەکەکان بەشێوەیەکی ئاسایی ئێواران لە پشت جادەکان و لەناو کۆلانەکانی جێریدا یەکتریان دەبینی و بە زمانە ئەوروپییە ڕۆژهەلاتییەکان گفتوگۆی سیاسییان دەکرد. بابەتەکانیان گەرم وگوڕ و بابەتی ڕۆژبوون وەکو: ئایا دەبێت جولەکەکان لەناو فەرهەنگی خۆیاندا بمێنەوە و جۆرێك لە سۆسیالیزمی جولەکە هەڵبژێرن، یان بکەونە دووی سۆسیالیزمی گشتی؟ توندڕەوە جولەکەکان لایەنگیری بیرۆکەی دووەم بوون. بەتوندی جیابوونەوەیان ڕەفز دەکردەوە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا. ئەم شێوازە بیرکردنەوەیان، بەوشێوەیەی کە ڕەخنەگری کۆمەلایەتی (ئەرڤینگ هەو)[1] دەڵێت: (ڕادیکاڵە جولەکەکان... هیواداربوون لە بوارەکانی مەزهەبی[2] بەرەو فەرهەنگی ئەمڕۆی، لە ناوچە هەژارنشینەکانی جولەکە[3] بەرەو ناوچەکانی شاری، لە پیرۆزی شەرابی یەکشەمەدا بەرەو ستراتیژی ڕاپەڕینی جیهانی شوێن گۆڕکێ بکەن.) (٢) جولیوس هامەر یەکێك بوو لەو ڕادیکالانە، و کاری لەسەر ئەوەدەکرد کە ئەو گۆڕانە ئەنجام بدات.

لە ٢١ مەی ١٨٩٨، کوڕی یەکەمی جولیوس لەدایك بوو، و جولیوسیش بە شانازییەوە ناوی ئەو کوڕەی نا (ئارمەند هامەر). وتی بە هاوڕێکانی کوڕەکەی خۆی بەناوی دامەزرێنەری (حیزبی سۆسیالیستی کرێکاری (arm- and- hammer) ەوە ناونـاوە) (خودی ئارمەندیش دەیان سال دواتر ئەم نیشانەیەی دا لە ئالأیی سەر کەشتیە سەفەرییەکەی خۆی) (٣). دوای چەند مانگێك لە دایکبوونی ئارمەند هامەر وێنەیەکی گیراوە کە چاوێکی کراوە و سەرێکی گەورە و قژێکی پڕی هەیە. کاتێك هامەر تەمەنی نزیکەی دوو سال و نیو بوو، شتێکی خستبوویە زێڕێ بۆ ئەوەی یاریەکانی دابگرێت لە پەنجەرەی ماڵەکەیاندا کەوتبوو بەسەردا و سەری بەخراپی

[1]– irving howe

[2]– yeshiva

[3]– shteti

شکابوو، لەو ڕووداوەدا ئەوەندەی نەمابوو کە هامەر بمرێت. کاتێك دایکی گەیشتە سەری بینی هامەر لەناو خوێندا دیارنیە و دایکیشی بە پەلە گەیاندیە نەخۆشخانە. ئەو برینە تاوەکو ئەو کاتەش مرد هێشتا هەر لەسەر بەشی چەپی سەریەوە مابوویەوە.(٤) یەکەمین بیرەوەرییێك کە ئارمەند هەیبوو لە منداڵیدا ئەو ئازارەی بوو، دوای ئەوە هەمیشە تێپەڕینی ئەسپ و عەرەبانەکانی وەبیر دەهاتەوە بەخێرایی بە کۆڵانەکەیاندا تێدەپەڕین، لەگەڵ بۆنی توندی کۆڵانەکەیان کە هەمیشە بۆنی ئەسپ و ولاخەکانی دەدا.

جولیوس، لەبەرئەوەی کە دەبوو خەرجی ماڵەوەی بکێشایە، لە قوتابخانەی (پزیشکی کۆلێژی پزیشکان و جەراحانی کۆڵۆمبیا) ناونوسی کرد، کە ئەو سەردەمە خوێندنی ئەو بوارە تەنها دوو ساڵ بوو. بۆ کەم بونەوەی تێچوونی بژێوی لەو ماوەیەی کە دەچوو بۆ قوتابخانە، خێزانەکەی نارد بۆ ماڵی باوکی. لە سەرژمێری ١٩٠٠، شوێنی دانیشتنی جولیوس هامەر ماڵی باوکی (یاکوب) لە جادەی (لویس مانهاتن) نوسراوە. لە ساڵی ١٩٠١، کوڕی دووەمی هاتە دنیاوە، ناوی ئەم کوڕەیان لەبەر ڕێزی دایکی، کە ناوی ڤیکتوریا بوو، ناوی نا ڤیکتور، کاتێك جولیوس قوتابخانەی پزیشکی تەواوکرد، خێزانەکەی برد بۆ ماڵێکی تازەی گەورە لە ناوچەی (برونکس)، زۆرێك لە هاوڕێ حیزبییەکانی واتە سەرانی (سۆسیالیستی کرێکاری) لەو ناوچەیەدا دەژیان. و لێرەدا بوو جولیوس یەکەمین عیادەی خۆی کردەوە.

کەنیسەیەك لە تەنیشت ماڵیاندا بوو، بەڵام جولیوس ماوەیەکی زۆر بوو قەشە جولەکەکانی لەبیرخۆی بردبوویەوە و ڕووی کردبویە ئاینی دنیایی سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕی. ئارمەند هامەر لە بیرەوەریەکانیدا دەنوسێت: (نە ئەو هیچکاتێك لەگەڵ باوك و دایکی ڕۆیشت بۆ کەنیسە، نە ئەندامەکانی دیکەی خێزانەکەمیان). لە مەراسیم و بۆنەی (سیدر)[1] یان لە مەراسیمەکانی دیکەی جولەکەکان بەهیچ شێوەیەك هیچ باس

---

[1] – seder (سدر، عبری) مەراسیم و بۆنەی نانخواردنێکی ئێوارەی خێزانی یان دەستەجەمعی یە کە لە شەوی یەکەمی جەژنی (فصح) لە بەر یادی دەرچوونی جولەکەکان لە میسر ئەنجام دەدەرێت. (وەرگێڕ)

و خواستێك نەبوو: (لەناو ماڵی جۆلیوس دا بەهیچ شێوەیەك هیچ جۆرە ئاهەنگێك یان یادکردنەوەیەکی مەزهەبی ئەنجام نەدەدرا) (٥).

پاشـان جولیـوس هامـەر دەسـتیکرد بـە سـەرمایەگوزاری لـەبواری دانـانی دەرمانخانـەدا. هـەر دەرمانخانەیـەکی دادەنـا بـەڵێنی دەدا بـەو کەسـانەی کـە لەسـەری دەبوون ژیانیان دابین بکات. جولیوس، لە ساڵی ١٩٠٢ هەشت دەرمانخانـەی هـەبوو. بـەڵام لـەبری ئـەوەی قـەرزەکانی خـۆی بداتـەوە، زیـاتر داهاتەکـەی تـەرخان دەکـرد بـۆ (حیزبـی سۆسیالیسـتی کرێکـاری)، بـەهۆی ئـەم کـارەی کـە ئـەنجامی دەدا لەبـەردەم مەترسـی هەرەسهێنانـدا بـوو. سـەرەڕایی ئـەوەش، پـارەی دەنـارد بـۆ بەشـی ناوچـەی حیـزب لـە (بوفـالو)، کـە (رینسـتین) سـەرۆکی ئـەو ناوچـەیە بـوو. سیاسـەت لەدیـدی ئەوەوە بـەردەوام لـە پێش کاسبیەکەیەوە بوو. کێشە ئـەوە بـوو کـە ئەوەنـدەی ئـەبرد تێچوونە سیاسیەکانی لە داهاتە بازرگانیەکانی زیاتر بوون. کاتێك خاوەن قەرزەکانی ئـەیانتوانی پارەکـەی لێوەرگرنـەوە، ناچـاربوون کێـشەکەیان بخەنـە دادگـا، و لەگـەڵ ئەوەی کە جولیوس هێشتا سی ساڵ تەمەنی تێنەپەڕی بوو، ناچاربوو بە درێژایی شەش ساڵی دواتر، لە ژێر چنگی خاوەن قەرزەکانی هەڵبێت. هەموو خێزانەکەی، بۆ متمانە بەخشین بە ئەفسانەی بێ پارەی، بە فێڵ و تەڵەکەبازی دەژیان. تەنانەت کوڕە بچوکەکەشی فێربوو بوو کە کاروکاسبی خێزانیەکەی لە خەڵکی بێگانە بشارێتەوە، بەتایبەتی کاتێك کە (گروپی سور) چاودێریان خستە سەر کارەکەی جولیوس

گروپی سور گروپێکی سەربازی بوون لە ساڵی ١٩٠٥ لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی شاری نیویۆرك پێکهێنرا بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی گروپە تێکدەرەکان (ئانارشیستەکانی) بۆمدانەرەکانی (مانهاتن) ببنەوە، بەڵام بەزووی دەرکەوت کاری ئەوانە سۆسیالیستە چەپەکان. گروپـی سـەربازی سـوری پـۆلیس، مـاڵی جۆلیوسـی هامـەریان بـەهۆی چالاکیە سیاسیەکانیەوە، و لەوانەشـە بـەهۆی ناسـراویەکەی لەگـەڵ (رینسـتین)، کـە چەندین جـار لـە (بوفـالو) لەبـەر چالاکیە سیاسیەکانی دەسـتگیرکرابوو، خرایـە ژێـر چاودێریەوە. کاتێك، گومانیان برد بۆ جولیوس هامەر کە ئەو تی ئێن تی بۆمبـەکان ئامادە دەکات، دوو پۆلیسی نهێنی لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێردا توانیـان مـاڵی جۆلیوس بگەڕێن، بـەڵام هـیچ جـۆرە بەڵگە و شتێکیان نەدۆزیەوە کە ببێتە پاڵپشتی ئەو گومانە.

لە هاوینی ساڵی ١٩٠٧، جولیوس هەڵ بەجێهێشتنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای بۆ ڕێکەوت. (رینستین) بۆ بەشداریکردنی حەوتەمین کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالی دووەم دەڕۆیشت بۆ (ئەشتۆتگارتی) لە ئەڵمانیا، بۆیە کارێکیشی کرد کە هامەر بیبات لەگەڵ خۆیدا. هەردووکیان بە نوێنەری (حیزبی سۆسیالیستی کرێکاری) ڕۆیشتن بۆ ئەڵمانیا، جولیوس هامەر لەو کۆنفراسەدا هەڵی بینینی کەسێکی بۆ هەڵکەوت کە هەر لەتەمەنی پانزە ساڵیەوە عاشقی ئەو کەسە بوو و پەیڕەوی لە هەموو یاسایەکی دەکرد، ئەویش (لنین) بوو.

لنین لەو کاتەدا مەڵهاتویەکی سیاسی تەمەن سی و حەوت ساڵە بوو. سەرێکی گەورەی گومەز ئاسای هەبوو، لەگەڵ کوڵمی دەرپەڕیودا، و چەند تاڵە مویەکی سوری لەلاجانگدا هەبوو. چاوەکانی تەنگ و تیژی شێوەی گورگ بوون. ڕیش و سمێڵێکی مەیلەو سوری هەبوو، کە تێکەڵی یەکتربووبوون. (رینستن)، جولیوس هامەری ئاساند بە لنین). بینینێکی کورت بوو، بەڵام هەر ئەم بینینە کورتە بوو ژیانی جولیوس و خێزانەکەی بۆ هەمیشەی گۆڕی. کاتێک کۆنفراسی (ئەشتوتگارت) کۆتایی هات، جولیوس هامەر بووبویە بەشێک لە کادیرێکی هەڵکەوتەی ژێر زەمینی کە لنین پێویست بە پاڵپشتی ئەوانە جیهان بگۆڕێت. ئەم بزوتنەوە پلانگێڕە ئایدیالیزمە، ئەرمونیانی و گفتوگۆی قسەی ئاگرینیان لەبارەی ئاوەڕۆکی کۆمەڵگەوە هەنگاوێک لەپێشتر بوون. لەو ئاستەدابوون کە هۆکاری پێویستی کار، تۆڕەکانی بەرپرسان، سەرچاوەی دارایی، پەیوەندی دڵنیایی، ڕێکخستنی جیهانی، بۆ شۆڕشێکی جیهانی چاوەڕوان ئامادەکرابوون. لەسەر بنەمایی یاسایی لنینیستی، هەر هۆکارێک کە لەو ڕێگەیەدا بەکاربهێنرێت، هەرچەندیش لە ئایدۆلۆژیای مارکسیشەوە دوور بێت، هەر پێویست و ئاراستەکراوە و جێگەی گرنگیدانە.

جولیوس هامەر لە ئۆکتۆبەری ئەو ساڵە بە پەیمانێکی بەهێزترەوە بە مەبەست و مەرامی سۆسیالیستیەوە گەڕایەوە بۆ نیویۆرک. جولیوس سووربوو لەسەر ئەوەی کە زەمینەی کاری دەزگای شۆڕشی لنینیی لە ئەمریکادا فەراهەم بکات. کاری تازەی ئەو بریتی بوو لە دیدار و گفتوگۆ لەگەڵ لایەنگیرانی لنین لە دانیشتنەکانی سۆسیالستەکان لە ئەورووپا و پەیوەندی دروستکردنی ئەوانە بە سەرچاوەی پارێزگاری بۆ پێویستیەکانی کار لە ئەمریکادا. بۆ دابینکردنی تێچوونە داراییەکانی

ئەم چالاکیانە، ئەبوو کارو کاسبی ئەرمانفرۆشیەکەی خۆی سەر لەنوێوە دابمەزرێنێتەوە. جولیوس لەو هەنگاوەیدا هەنگاوێکی دیکەشی هەڵنا و هەوڵیدا لە رێگەی ئەوکارەشیەوە خۆی بزگاربکات لەو گرفتاری و کێشە خێزانیانەی کە لەناویدا بوو. سێ کوڕەکەی نارد تاوەکو لەگەڵ هاوبیرەکانی خۆیدا بژین واتە لایەنگرەکانی حیزبی سۆسیالیستی کرێکاری. ڤیکتۆر ڕۆیشت بۆ پلزنتویل لە نیویۆرک و لە ماڵی (دنیل دی لئۆن) ڕامێنەری فیکری جولیوس مایەوە. هێری نارد بۆ (واتر بێری) لە (کنە تیکت) تاوەکو لەگەڵ خێزانی (سائول ویلنگتۆن)، سۆسیالزمی ئاژاوەگێر کە بووبوویە خاخامێکی جولەکە، ژیان بەسەر بەرێت، لەگەڵ ئەوەدا و ئارمەندیشی نارد بۆ (مێردن) لە (کنە تیکت) بۆ ماڵی (جۆرج ڕۆز)، کە هاوکاری (دی لئۆن) بوو لە دامەزراندنی حیزبی سۆسیالسزمی کرێکاری لە ساڵی ١٨٩٠. خێزانی هامەر نزیکەی پێنج ساڵ لەیەکتر جیابوونەوە.

لە نێوان کوڕەکانی هامەردا، ئارمەند زیاتر لەهەموو کوڕەکانی بێتاقەتی دایک و باوکی ئەبوو. ئارمەند لە منداڵیدا ئەوەندە بەشێوەیەکی قوڵی پەیوەندی لەگەڵ باوکیدا بەستبوو و پەیوەندیکی ئەوەندە ڕۆحی هەبوو لەگەڵیدا، زۆرجار کاتێک باوکی ئەچوو بۆ سەفەرێک بۆ شوێنێك چەند ڕۆژێك نەدەهاتەوە، ئارمەند ئەوەندە بێتاقەت ئەبوو، بەهیچ شێوەیەك ئەو ماوەیە قسەی لەگەڵ هیچکەسدا نەدەکرد، کەچی ئێستا لە پرێکدا لەتەمەنی دە ساڵیدا لەناو خێزانێکی نەناسراودا، لەناو ماڵێکی وێرانی خراپدا لە ناوچەی ڕێگای ئاسنینی، چۆڵی شاری بچوك لە (کنە تیکت) خۆی بینیەوە. هاوینەکەی ئارمەندیان نارد بۆ ئوردوگایی تایبەتی سۆسیالیستەکان. دواتر وەبیری دەهاتەوەوە، کە (من تەنهای تەنها بووم). کاتێك باوك و دایکی منداڵەکانی دیکە دەهاتن بۆ بینینی منداڵەکانیان، هامەر بە تەنهای ئەچوو بۆ سوچێك و (هەستی بە دڵتەنگی و پەراوێزکردن ئەکرد) (٦).

ئارمەند لە ساڵی ١٩١٤ گەڕایەوە بۆلای خێزانەکەی و لە قوتابخانەی (موریس) ناوی نوسی. (دنیل دی لئیۆن) لە ١١ مەی ئەو ساڵە لە پرێکدا کۆچی دوایکرد، ئارمەند ڕۆژی خاك سپاردنەکەی دنیل دی لئیۆن خوێندنەکەی بەجێهێشت و ڕۆیشت بۆ کیسلر لە مانهاتن تاوەکو لە مەراسیمی دنیلدا، بەشداری بکات، بڕیار بوو لەو مەراسیمەدا باوکی وتارێك پێشکەش بکات لەبەر بەرزی ئەو هاورێیەی کە لە

دەستیدا. باوکی بە گرنگترین فریشتەی هاوکاری دارایی حیزبی باسکرد و گرنگی ئەو پیاوەی خستەڕوو.

دەسەڵاتە گەورەکانی ئەورووپا (ئەڵمانیا، روسیا، فەرەنسا، نەمسا، هەنگاریا، و بەریتانیا) لە هاوینی ئەو ساڵەدا چوونە ناو شەڕەوە، و حیزبی سۆسیالیستی کرێکاری دەستی بەخەباتێکی توند کرد بۆ ئەوەی ئەمریکا نەچێتە ناو شەڕەوە. ئارمەند هامەر لە ئوتابخانەکەی خۆیاندا بەهۆی پشتگیری لە ئاشتی، دەستیکرد بە قسەکردن و خەلاتی ئالتونینی وتاربێژیان پێی بەخشی. ناونیشانی وتارەکەی بریتی بوو لە (دواهەمین شەڕی مرۆڤ)، و ئارمەند هامەر لەو وتارەیدا هێرش دەکاتە سەر ئەو باوك و دایکە ئەمریکیەی کە ڕێگە دەدەن بە منداڵەکانیان بڕۆن بۆ بەرەی شەڕەکان. (٧).

ڤیکتۆر هامەر، ئەو ڕۆژە لەناو ئامادەبووەکاندا دانیشتبوو، زۆر کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەو وتارەوە، لەگەڵ ئەوەدا زۆر توشی سەرسوڕمان بووبوو بەهۆی ئەو لێهاتووی و توانا گەورەیەی کە ئەو برایەی هەی بوو. ئارمەند، کاتێك لە (کنە تیکت) گەڕایەوە، بەزۆری خۆی بەدوور دەگرت و زۆر بەکەمی قسەی دەکرد. هەمیشە وەڵامی پرسیارەکانی بە بەڵێ یان بەنەخێر دەدایەوە، هەمیشە لە سوچێکدا دادەنیشت و دەچووە ناو قوڵای بیرکردنەوەوە. ئێستا ڤیکتۆر تێگەیشت بوو کە براکەی واتە ئارمەند دەستێکی گەورەی هەیە لە وتاردان و قسەکردندا.

لەوانەیە جولیوس هامەر خۆی کەمتر توشی سەرسوڕمان هاتبێت لە وتارەکەی ئارمەند. چونکە وتاری کوڕەکەی مەلۆیستێك بوو لە قسەکانی حیزبی سۆسیالیستی کرێکاری لەبارەی جەنگەوە. ئارمەند بەردەوام خۆشەویستی کارەکانی باوکی بوو، و ئێستا کارێکی بۆ کردبوو کە بۆ کوڕەکانی دیکەی نەکردبوو: ناوی هامەری لە حیزبدا نوسی. ئارمەند بەهۆی توانایی خۆیەوە، و لەو ڕێگەیەوە بەدەنگدان گەیشتە ئەندامی کۆمیتەی جێبەجێکردنی حیزب. (٨)

لە ساڵی ١٩١٥، ئارمەند چوو بۆ زانکۆی کۆلۆمبیا. جولیوس هەوڵیدەدا ئارمەند قەناعەت پێبکات بڕوات بۆ بەشی پزیشکی و کارەکەی باوکی هەڵبژێرێت. ئارمەندیش زۆر پەرۆش بوو لەوەی کە چاولێکەری باوکی بکات. دواتر لە بیرەوەریەکانیدا نوسی: (خەونی منداڵی من ئەوە بوو کە گەورەبیم و ببمە هاوڕێی

باوكم)(٩). لە زانكۆی كۆلۆمبیا، ئارمەند لە ژمارەیەك لە چالاكیەكاندا، وەكو شمشێربازی و گفتوگۆكاندا بەشداری كرد، بەڵام هەوڵدانی بنەڕەتی ئەو ئەوەبوو كە بڕوات بۆ كۆلێژی پزیشكی (١٠)، لەگەڵ ئەوەدا، جولیوس هامەریش بەردەوام بوو لە كارو كاسبی خۆی، كە ئەوكاتە (دەرمانخانەیەكی كیمیایی یەكێتی) دامەزراندبوو، كە ئاڕاندەیەك وەكو كارگەیەكی بچوك بوو كە نزیكەی هەشتا كەس لەناویدا ئیشیان دەكرد، و بەزۆری كرێمی پێست و دەرمانە گیاییەكانیان دەفرۆشت بە دەرمانخانەكان.
خێزانی هامەر دوو خزمەتكاری بەردەوام و شۆفێرێكی تایبەتیان هەبوو، و لەكاتی پشوەكانی هاویناندا لەناوچە گەشتیارەكانی كەناری زەریا، لە (بلیمار نیوجێرسی) كاتەكانیان دەگوزەراند. لەكاتێكدا كە ٩٠٪ خەڵكی ئەمریكا خوێندنیان تەواو نەدەكرد، جولیوس هەولیدەدا منداڵەكانی خۆی بنێرێت بۆ كۆلێژە بەناوبانگ و گرنگەكان. كاتێك كە ئارمەند خەریكی تاقیكردنەوە بوو بۆ قبوڵكردنی بۆ كۆلێژی پزیشكی، هێری لە كۆلێژی دەرمانناسی كۆلۆمبیادا بوو، خۆی ئامادە دەكرد بۆ خزمەتكردنی كاروكاسپی و كاركردنی خێزانیان.

* * *

جولیوس هامەر، بەهۆی سامانەكەیەوە، هەرگیز هەڵنەگەڕایەوە لەو پەیمانەی كە دابووی بە لنین. بەردەوام سەرۆكایەتی دانیشتنەكانی حیزبی سۆسیالیزمی كرێكاری لە ئەستۆ دەگرت، بۆ كۆبوونەوە حیزبیەكان بابەتەكانی گفتوگۆی ئامادە دەكرد، بەردەوام لەكاتی گفتوگۆكردنی بەرەكاندا خەریكی داوەریكردن و ڕێكخستنەوەی لایەنەكان بوو، لە كۆمیتەكاندا ئامادە دەبوو، و پارەی بۆ حیزب كۆ دەكردەوە. (بێرترام وۆلف)، یەكێك بوو لە ئەندامەكانی حیزب كە لەو چالاكیانەدا بەشداری هەبوو، بەم شێوەیە باسی جولیوس هامەر دەكات: (پیاوێكی بەهێز، خڕ، سەوز، هەمیشە جلێكی ڕەشی یان سورمەی دە پۆشی... ڕیشێكی نوك تیژی ڕەشی داهێنراوی دەهێشتەوە) و، بەو شێوەیە كە وۆلف بیستویەتی، (یەكێك بووە لە مەحرەمترین و بەتواناترین (مەحرەمەكانی نهێنی لنین).(١١)
لە نۆڤەمبەری ١٩١٧، دەسەڵات لە ڕوسیادا كەوتە دەست لنین. ئەو بانگەوازەی (جەنگی لەدژی جەنگ) كرد، ڕوسیای لەژێر چنگی شەڕێكی گەورەدا دەرهێنا،

بەرنامەی بۆ شۆڕشێکی جیهانی داڕشت. بە سەرکەوتنی لەناکاوی لنین، جولیوس هامەریش بەرپرسیاریەتێکی تازەی لە ئەستۆگرت ئەویش: (دامەزراندنی دام ودەزگایی بەلشەفیکی لە ویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکادا) بوو. لنین ماوەیەك پێشتر یەکێك لە دڵنیاترین بەرپرسەکانی بازنەی ناوخۆی خۆی، (لودڤیگ کریستین ئەلێکساندەر کارلڤیچ مارتنس)[١] ی نارد بۆ نیۆیۆرك.مارتنس، پیاوێکی جەستە باریك، عەجول، سەر و ڕیشێکی بۆری هەبوو، و بە شێوەیەکی زۆر لێهاتوانە بە زمانی ئەڵمانی، ڕوسی و ئینگلیزی قسەی دەکرد کە لەگەڵ ئەوەدا بە ئاسانی دەیتوانی خۆی بەهاوڵاتی هەریەکە لەو وڵاتانە دابنێت، و زۆرجاریش ئەو کارەی دەکرد. لە ڕاستیدا، بەزۆری وا گومان دەبرا کە ئەو بازرگانێکی ئەڵمانی یە. لەکاتێکدا شۆڕشگێڕێکی ڕوسی بوو.

مارتنس لە ساڵی ١٨٧٥ لە گوندی (باچموت) لە باشوری ڕوسیا لەدایکبووە، هێشتا لە تەمەنی هەرزەکاریدا بوو لە (سن پترسبۆرگ) چووە ناو شۆڕشگێڕەکانی لنینەوە. لە تەمەنی بیست و یەك ساڵی گیرا و کرایە زیندانەوە. سێ ساڵ دواتر، حکومەتی تەزاری ڕوسیا دووری خستەوە بۆ ئەڵمانیا، و لەوێدا ئەو بەو گومانەی کە ئەسڵ و نەسەبی ئەڵمانیا بە زۆر نێردرا بۆ خزمەتی سەربازی. لە ساڵی ١٩٠٥، هەڵهات بۆ سویسرا، و لەوێدا بوو بەیەکێك لە هاوڕێ نزیکەکانی لنین و بەرپرسیاریەتی ناردنی تەقەمەنی و ڕێکخستنی تۆڕی نهێنی ژێر زەمینی ڕوسیای پێ سپێردرا. پاشان ڕۆیشت بۆ بەریتانیا و لەوێدا بەنهێنی کارگەیەکی دروستکردنی دەمانچە و سیلاحی بۆ لنین دروستکرد. لە ساڵی ١٩١٤ کاتێك دەزگا ئاسایشیە نهێنیەکانی بەریتانیا چاودێریان خستە سەری، خۆی بە هاوڵاتی و کۆچبەرێکی ئەڵمانی لەقەڵەمدا، و ڕۆیشت بۆ ئەمریکا. لە نیویۆرك لە کۆمپانیایەکی ناردەنی و هاوردەنی وەکو ئەندازیارێك دەستیکرد بەکارکردن و لەوێشدا دەستیکرد بە دروستکردنی لایەنگیر بۆ لنین و هەروەها خولی بەهێزی کادرانی سۆسیالیزمی دەکردەوە.

---

[١]- Ludwig Christian Alexander karlovich martens

لنین لە ٢ جینیوەری ساڵی ١٩١٩ مارتنسی کردە سەفیری خۆی لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا. ئەم بڕیارە زۆر ئازایانە بوو، چونکە حکومەتی ئەمریکا هێشتا دەوڵەتی پێش شۆڕشی ڕوسیای بەڕەسمی دەناساند و سەفارەتخانەی ڕەسمی ڕوسیا لە واشنتۆن لەژێر دەزگا ئاسایشەکانی ئەمریکادا بوو. مارتنس، بەبێ گرنگیدان بە ناکۆکی توندی ئەمریکیەکان، سەفارەتخانەیەکی ناڕەسمی لە ژمارە ١١٠ی جادەی چلی ڕۆژئاوای لە نیویۆرك دامەزراند. ناوی ئەو سەفارەتخانەیەی نا (نوسینگەی حکومەتی ڕوسیای سۆڤیەتی) (١٢). خێراترین کاری ئەم نوسینگەیە بریتی بوو لە شکاندنی گەمارۆی ئابوری سەپێنراوی وڵاتانی ڕۆژئاوایەکان لەسەر ڕوسیا. کاری کۆکردنەوەی هاوکاری و پشتوانی بۆ (نوسینگەی ڕوسیای سۆڤیەت) درا بە جولیوس هامەر. جولیوس کرا بە ڕاوێژکاری دارایی، سەرپەرشتیاری ئیداری. لەکاتێکدا کە دەوڵەتی فیدراڵی ئەمریکا هەموو پارەکانی ڕوسیای لە حسابەکانی بانکەکانی ئەمریکادا بلۆك کردبوو، خەباتگێڕەکانی ڕوسیا بۆ دابینکردنی تێچوونی کردارەکەیان، ئەڵماسیان بە قاچاخی دەهێنا بۆ نیویۆرك. جولیوس هامەر ڕێکخەری فرۆشتنی ئەو ئەڵماسە قاچاخانە بوو بە بازرگانە جۆراوجۆرەکان، و پاشان پارەکانی بە نەقدی دەخستە ناو کارەوە لە کارگەی یەکێتی دەرمانیەکەی خۆیدا و بە قازانجەکەی قەرزەکانی ڕۆژانەی نوسینگەی ڕوسیای سۆڤیەتی پێ دەدایەوە. هەروەها جولیوس کارمەندانی ئاسایشی بۆ نوسینگەکەی دامەزراند. (گریگیۆری وینستین) یەکێك بوو لە لایەنگیرە دڵسۆزەکانی لنین، کە دواتر بووە خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی سۆسیالیستی (جیهانی نوێ)، و پاشان هەڵبژێردرا بۆ (سەرۆکی کاروباری کۆنسوڵگەری)، و دواتر (ئیبراهیم هیلەری) بازرگانی دەوڵەمەندی نیویۆرکی و هاوڕێی خۆی لە (کۆمپانیای یەکێتی) کردە سەرپەرشتی (بەڕێوەبەرایتی بازرگانی). لە مارسی ١٩١٩، نوسینگەی ڕوسیای سۆڤیەتی سی و نۆ کارمەندی هەبوو، هەموو ئەوکەسانە لە لایەنگرە بە وەفاکانی لنین بوون.

نوسینگەی ڕوسیای سۆڤیەت، لە فراوانترین ئاستی بەریەککەوتنی خۆی لەگەڵ خەڵکدا، جۆرێك بوو لە ژورێکی بازرگانی قەرمباڵغی بەلشەفیکی. هامەر و هیلەر بۆ بینینی سەرۆکەکانی کۆمپانیای ئەمریکی وەکو (فۆرد ماتۆر) کە کاڵایەکیان دروست دەکرد کە دەتوانرا بنێردرێت بۆ ڕوسیا، سەفەریان کرد بۆ واشنتۆن، دیترویت و سانفرانسیسکۆ. پاشان هەوڵیان دەدا ئەوانە قەناعەت پێبکەن کە ڕوسیا بازاڕێکی پڕ

له قازانج و بەکەڵکە بۆیان، بە ئومێدی ئەوەی کە ئەوانە فشار بخەنە سەر دەوڵەتی ئەمریکا دان بە لەناوچوونی دەوڵەتی پێشووی ڕوسیای قەزاری بنێت. ئەم چالاکیانە هەڵبەتە هەمووی یاسای بوون، بەڵام نوسینگەی ڕوسیای سۆڤیەتی، جۆلیوس هامەری توشی بەرنامەی دیکەش دەکرد.

یەکێك لەو کارانە بەرپرسیاریەتی دروستکردنی حیزبی بەلشەفیکی بوو لە ئەمریکادا. زۆربەی سۆسیالیزمەکانی ئەمریکا لەو سەردەمەدا دژە بەلشەفیکی بوون و وابیریان دەکردەوە کە دەبێت تێبینیە نەتەوەیەکان لە پێش تێبینیە جیهانیەکانەوەبن، بەمانایەکی دیکە دەبێت بەرژەوەندی نەتەوەی بخرێتە پێش بەرژەوەندی جیهانی. بەڵام کەمینەیەك لە چەپەکان، کە جولیوس هامەر فریشتەی ڕەحمەتی دارایی ئەوانە بوو، بۆچوونێکی دیکەیان هەبوو. بەرەی هامەر، بە هاوکاری شاراوەی (مارتنس) خواستی توندتریان لە زۆرینە هەبوو. بۆنمونە، دەیانوت دەبێت ڕاوێژکاریە ئەنجومەنیەکانی کرێکاران دروست بێت، و دەبێت ئەوانە ببنە هۆکارێك بۆ دروستکردنی حکومەت، دەستبەسەراگرتنی بانقەکان، دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاری. (بنجامین گیتلۆ) کە لەم بەرنامەیەدا لەگەڵ جۆلیوس هامەر ئیشی دەکرد (دواتر بووە کاندیدی حیزبی کۆمۆنیست بۆ بەدەستهێنانی جێگیری سەرۆك کۆماری ئەمریکا)، لە ژیاننامەی خۆیدا دەنوسێت: (بۆ گۆڕینی حیزبی سۆسیالیست بۆ حیزبی بەلشەفیکی، پێشنیارمان کرد ڕۆڵی چاکسازی لە بەرنامەی حیزب لابرێت، یەکێتیەکانی شۆڕشی پیشەسازی دروستکرا... نوێنەرەکانی هەڵبژێردرێن و بەرەو کۆنفراسی جیهانی، کە حیزبی کۆمۆنیستی بانگی کردبوون، و لە مۆسکۆ دانیشتنەکەی پێکهێنابوو، بڕۆن) و پاشان، سەیری ڕابردووی دەکات، و دەنوسێت، (تەنها شێتەکان، یان ڕۆمانسیە سەقەتەکان دەتوانن تەنانەت وێنایی بەرنامەیەکی لەو شێوەیە بکەن) (١٣).

ئەم دەستکیسانە لە ماوەی مانگەکانی بەهار و زستانی ١٩١٩ پەرەیان سەند، و ترۆپکی ئەوانە، بەو شێوەیەی کە بێ گومان مۆسکۆ دەیویست، دەرکردنی بەرەی چەپەکان بوو، و ئێستا مەبەستی لێن دروستکردنی حیزبی بەلشەفیکی بوو لە ئەمریکادا، بۆ ئەوەی بکەوێتە سەر خەتی خۆی. بەرەی دەرکراو لە ٣١ ی ئاوت خۆی گۆڕی بۆ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، و کارتی ئەندامیەتی ژمارە یەکی حیزب بەناوی جۆلیوس هامەرەوە دەرچوو. گیتلۆ دواتر نوسیی، جۆلیوس هامەر (نەك هەر

تەنها کرێی (سەنتەری نەتەوەی حیزب)ی دەدا، بەڵکو دواتر ماڵی کڕی و خستیە بەردەمی حیزب بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی) (١٤)، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری پاشان لەگەڵ بەرەی توندڕەوەکانی دیکەدا یەکی گرتەوە، و حیزبی کۆمۆنیستی ویلایەتە یەکگرتووەکان دروست بوو، دواتر بوو بە ئەندامی ئەنتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیستی (کمینترن).

جولیوس هامەر لەم ناوەندەدا بەرپرسیاریەتێکی دیکەی شارەوەی بەسەردا سەپێنرابوو، هەوڵیەدا پارچە و پێویستی یەدەکی، کە دەوڵەتی ئەمریکا ڕێگەی نەدەدا بە ناردنیان بۆ ڕوسیا، جولیوس ئامادەی دەکردن بۆ ڕژێمەکەی لنین. لە جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیەدا کۆمپانیای یەکێتی، کارەکانی جێبەجێ دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، بە هاوکاری (مارتنس و هلەر)، بەرەی بازرگانی ڕووکەشی کارەکەیان بەرەپێدا تاوەکو کارەکانی دیکەیان زیاتر بەردەوامی پێبدەن. کاتێك ڕێگای ناردنی شتەکانی پەیداکرد بەندەری (ریگا لە لیتوانی لە کەناری دەریایی بەلتیك) بوو، چونکە گەمارۆی ئابوری هاوپەیمانەکان لە دژی ڕوسیادا لەو ڕێگەیەوە گومانیان لێ نەدەبرد. کۆمپانیاکان ئەو کاڵایانەی کە مەبەستیان بوو بینێرن بۆ ڕوسیای سۆڤیەتی، بەناوی خۆیانەوە دەیانکڕی، پاشان بە بەڵگەی تەزویری خروجی کە شوێنی بەکارهێنانی لیتوانی لێدەدرا، ئەوانەیان دەگواستەوە بۆ کۆمپانیای دەرمانی کیمیایی یەکگرتوو. کاتێك کاڵاکان لە ڕێگایی دەریایەوە دەگەیشتنەوە ریگا، بە شەمەندەفەر باردەکران بۆ ڕوسیا.

ئەم ساختەکاریانە، لە هاوینی ١٩١٩، کاتێکی کەمی بۆ کاری پزیشکی جولیوس هامەر، کە بەردەوام هێشتا خۆی لەپاڵ ئەو کاری دەرمان فرۆشتنەدا دەبینیەوە، هێشتبوویەوە. پێویستی بە هاوکاری هەبوو بۆ ئەوەی بگات بە نەخۆشەکانی. ئارمەند لەم کاتەدا گەنجێکی بیست و یەك ساڵە و خوێندکاری پزیشکی ساڵی دووەمی کۆلێژی پزیشکی و نەشتەرگەری زانکۆی کۆڵۆمبیا بوو. دوانیوەڕوان لەبری ڕۆیشتن بۆ پۆل وانەکان لە عەیادەکەی باوکی، لە قاتی یەکەمی ماڵی خۆیان، خەریکی کارکردن بوو. باوك لە شوێنێکدا خەرکی کاری خۆی بوو و کوڕەکەشی لەبەر ئەوەی کە هێشتا بەشێوەیەکی یاسایی نەیدەتوانی کار بکات، نەخۆشە ئاسایەکانی چارەسەر دەکرد.

بەخت ڕووی وەرگێڕا لە جولیوس هامەر لە هەمان هاویندا، گروپێکی خەباتگێڕی دژە کۆمۆنیستی ئەنجومەنی یاسایی ویلایەتی نیۆیۆرک، بە ناوی (کۆمیتەی لوسک) پۆلیسیان هاندا هێرش بکاتە سەر بینای ناوەندی (نوسینگەی ڕوسیای سۆڤیەت) لە جادەی چلی ڕۆژئاوا: هەموو بەڵگە تۆمارکراوەکان، و نیشکەرەکان دەستیان بەسەرداگیرا. مارتنس قیسر هەڵهات، بەڵام دەستەپاچەبوو بۆ خۆشاردنەوە، ماوەیەک لە ماڵی هامەردا خۆی شاردەوە.

پاشان، لە ١٢ ئاوت، پۆلیس جۆلیوس هامەری ئاگادارکردەوە کە بەم زوانە بە تۆمەتی کوشتنێکی نا ئەنقەست دەستگیر دەکرێت. پۆلیس وتی ژنێک هاتوە بۆ عەیادەکەت مە بەستی لەبارببردنی سکی بەڵام بەهەڵە کارەکەی بۆ کراوە و لەکاتی گەڕانەوەی مردوە. ئەو ژنە ژنی متوفی ماری ئۆگانسفی بوو کە هاوسەرەکەی دیبلۆماتێکی سی و سێ ساڵی ڕوسی بوو کە لەلایەن ڕژێمی تەزاری ڕوسیاوە نێردرا بوو بۆ ئەمریکا. لەبەر ئەوە وا دەعواکە پڕکرابوویەوە کە ئەو ژنە لە پێنجی جێنیوەری بۆ لەباربردنی سکی ڕۆیشتوە بۆ عەیادەکەی هامەر و هەمان ڕۆژ کەمێک دوایی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە لەحاڵی خۆی ڕۆشتوە و ئیدی مردوە. کاتی عەمەلیەی جەراحیەکەی هیچ پەرستارێک لەوێ نەبووە و هیچ شاهیدێک بوونی نەبوو.

لەکاتی لێپرسینەوەدا، جولیوس هامەر ئینکاری ئەوەی کرد و باسی ئەوەی کرد کە سکەکەی لەباربواوە، و بانگەشەی ئەوەی کرد کە عەمەلیاتەکە لە ڕوانگەی پزیشکیەوە هیچ هەڵەیەکی تێدا نەبوە، و خۆی کارەکەی بۆ کردوە، بۆیە لەسەر ئەو کارە ڕاپێچی دادگایان کرد.

دادگایەکەی جۆلیوس نزیکەی ساڵێک درێژەی کێشا، چونکە لەکاتی لێکۆڵینەوەکەیدا تۆمەتێکی تازەی بۆ دروست بوو: وتیان (ویلیام کوپ)، کارمەندی یەکێک لە ڕێکخراوەکانی پەیوەندی گشتی لەبەر خزمەتی جولیوس هامەر هەوڵیداوە بەرتیل بدات بە یەکێک لە ئەندامەکانی دەستەی دلوەرەکان. لە ٢٦ جێنیوەری ١٩٢٠، دەستەی دادگا جولیوس هامەریان بە کوشتنی نائەنقەست بە پلەی سێ سزادا. پاشان قازی سزاکەی ڕاگەیاند: سێ ساڵ و نیو تاوەکو دوانزە ساڵ زیندانی دەکرێت، بە تۆمەتی کوشتنی نائەنقەست لە زیندانی (سینگ سینگ)

شەش مانگ دواتر، مارتنس و زۆربەی هاوکارەکانی ڕۆیشتن بۆ ڕوسیا. لنین، لە مۆسکۆ، مارتنسی کرد بە ئەندامی (ئەنجومەنی بەرزی ئابوری نەتەوەی)، و

نوسینگەی ڕوسیای سۆڤیەتی ئەو بووە یەکێك لە (کۆمیسیاری بازرگانی دەرەکی). لەبەر ئەوەی کە ئێستا مارتنس لە مۆسکۆ کاری دەکرد، بەرپرسیاریەتی کردنەوەی ڕێگایەك بۆ معامەلەکردن لەگەڵ ئەمریکادا سپێردرا بەو. مارتنس دووبارە پۆیشت بۆ لایی کۆمپانیای یەکێتی، کە لە ئاژاوەکەی ساڵی پێشوو، کۆمەڵێك کەلوپەل و دەرمان و پێویستی زۆری لامابوو. ئەمانە دەبوو هەموو بگەیەنرێنە ڕوسیا بەڵام لەبەر ئەوەی کە هێشتا پارەکەیان نەدرا بوو لە عەمبارەکانی (نیویۆرك و ریگا) کەڵەکە کرابوون. کۆمپانیا جگە لەمانەش کۆمەڵێك قەرزی زۆری بەسەردا کەوتبوو. مارتنس دەیویست ئیمتیازێك لە ڕوسیادا وەرگرێت بۆ کۆمپانیای یەکێتی، بۆ ئەوەی کۆمپانیا ڕزگاربکات لەو کێشە ئابوریانەی کە تێیکەوتبوو. لە مارسی ساڵی ١٩٢١، مارتنس نامەیەکی لە ڕێگەی نوێنەری سۆڤیەت لە (رویل) (ئینك تالین)، ئیستوانی، نارد بۆ کۆمپانیای (دەرمانی کیمیایی یەکێتی)، و بانگەشەی ئەوانی کرد بۆ ئەوەی نوێنەرێك بنێرن بۆ ڕوسیا (١٥).

پێشنیارەکەی مارتنس، جۆلیوس هامەری خۆشحاڵ کرد. ئەو نەیدەویست ئەو هەلی ئیمتیازە بەهێز و بەنرخە کە لەوانەبوو بتوانێت کۆمپانیا ڕزگاربکات لە دەست بدات، بەڵام هێشتا بەلایەنی کەمەوە نزیکەی سێ ساڵی دیکەی لە زیندانی سینگ سینگدا مابوو. بۆیە موڵکیەتی کۆمپانیای یەکێتی گواستەوە بۆ دوو کوڕە گەورەکەی واتە (هێری و ئارمەند)، و هێری هامەر هەوڵیدەدا بەشی فرۆشتنی دەرمانسازی ڕزگار بکات لەو قەیرانەی کە تێیکەوتبوو، لەگەڵ ئەوەدا نەیدەتوانی نیویۆرك بەجێ بهێڵێت. بۆیە ئەوەی دەمێنێتەوە ئارمەندە، کە تازەش خەریك بوو خوێندنی پزیشکی تەواو دەکرد. جولیوس، بەوشێوەیەی کە دواتر لەنامەیەکدا نوسیبووی، بەتەواوی سەری سوڕمابوو بەوەی کە بەڕاستی ئارمەند ئەنجامیداوە چونکە هیچ جۆرە (ئەزموونێکی بازرگانی) نەبوو. (١٦). لەگەڵ ئەوەدا بەهیچ شێوەیەك سەفەری نەکردبوو بۆ دەرەوە. لە ڕاستیدا بەهیچ شێوەیەك هیچکاتێك سەد میل دوور نەکەوتبوویەوە لە شاری نیویۆرك. سەرەڕایی ئەوە، یەك وشەی ڕوسیشی نەدەزانی. لەگەڵ هەموو ئەمەدا، تاك بەتاکی خێزانی هامەر تێگەیشتبوون، کە ئارمەند گەنجێکی زۆر چالاك و پڕ لە وزە و توانا و ژیرە. جولیوس بەردەوام ئارمەندی بە جێگری ژیانی توانایی و پسپۆڕی خۆی دەزانی. ئێستا داوایکرد لە کوڕەکەی معاملەی بەدەستهێنانی ئەو ئیمتیازە بۆ ئەو لە مۆسکۆ ئەنجام بدات.

وەرزی دووەم

سەفەرکردن بۆ ڕۆژهەڵات

ئارمەند هامەر، لە ١٦ ئاوریلی ١٩٢١، کە ڕۆژێکی بارانی و سارد بوو لە نیویۆرک، لە ماڵەوە چووە دەرەوە و بەرەو بەڕێوەبەرایەتی جەواز و سەفەر ڕۆیشت کە لە جادەی (واریک) بوو. پێویستیەکانی خۆی لەسەر فایلی داواکاریەکەی بەم شێوەیە بوو: باڵا مەترێك و حەفتا سانتیمەتر، چاوی خۆڵەمێشی، بینینی پاك، دەموچاوی بێجی، قژی قاوەی، پێستی تاریك، لەگەڵ ناونیشانی خۆی کە (هۆتێل ئەنسونیا) بوو لەگەڵ وێنەیەکی زۆر جوان و ڕازاوە کە بە کراسێکی سپی و بۆینباخێکەوە، و قاتێکی پەڕمینی ڕەساسی کاڵەوە، و قژەکانی بەرەو سەرەوە داهێنابوو.

پێدانی ڤیزە و جەوازی سەفەر ئەو ڕۆژگارانە لە دەسەڵاتی وەزارەتی دەرەوەدا بوو، و ئەوانەی کە دەیانویست سەفەر بکەن دەبوو مەبەستی تەواوی سەفەرەکەیان ئاشکرا بکردایە و چ مەبەستێکیان هەیە. هامەر شوێنی سەفەرەکەی ناوی پێنج وڵاتی برد کە دەیویست سەردانیان بکات ئەوانیش (بەریتانیا، فەرەنسا، هۆڵەندا، نەرویج و سوید)، کاتی سەفەرەکەی خۆیشی ڕۆژی یەکی جێنیوەری دانابوو. مەبەستی سەفەرەکەشی بریتی بوو لە سەفەرێکی (بازرگانی و گەڕان) و بۆ پشتگیری ئەو سەفەرەشی پشتگیرێکی مۆرکراوی پێبوو کە لەلایەن کۆمپانیای (دەرمان و کیمیای یەکێتی) یەوە مۆرکرابوو و لە پشتیگریەکەدا هاتبوو کە (ئارمەند هامەر بۆ کاروباری بازرگانی دەنێردرێت بۆ ئەورووپا). و لەگەڵ ئەوەدا لە درێژەی پشتگیریەکەیدا هاتوە کە هامەر بۆ کڕینی (بۆن، شەراب و کۆمەڵێك کاڵای دیکە و کۆمەڵێك کاری دیکە لە بەریتانیا و فەرەنسا ئەو سەفەرە ئەنجام ئەدات.)

پشتگیریەکەی برا گەورەکەی هامەر واتە (هێری هامەر) کە جێگیری سەرۆکی کۆمپانیا بوو، ئیمزای کردبوو.

ئاشکرایە لە سەر بەرگی داواکاریەکەدا باسی ئەوە نەکرابوو کە ئەم گەنجە لە یەک ساڵی ڕابردوودا چەندە لێدانی سوزداری سەیری تەحەمول کردبوو. ئەو ژنە گەنجەی کە کردارى لەبارچوونی سکەکەی بۆ ئەنجامدرابوو لەلای ئەو کارمەکەی بۆ ئەنجامدرابوو، کە لەسەر ئەو کارە باوکی لە زیندانیدا کەوتبوو. کۆمپانیاکەی باوکی تاوەکو ڕادەیەک هەموو کار و کاسبیەکەی خۆی لەدەستدا بوو، و دایکی بەناچاری لە هۆتێلێکدا نیشتەجێ ببوبوو. حیزبی سیاسی رادیکالی کە بە یارمەتی باوکی دروست ببووبوو بڕیاری بە نایاسایی دەرچوو. جیهانی ئارمەند لە پڕێکدا لەبەرچاو ون بوو. ئارمەند بەشێوەیەک بەرنامەی دارشتبوو کە دوای تەواوکردنی خوێندنی پزیشکی لە جێنیوەری، دەست بکات بە کاری موقیمی لە نەخۆشخانەی بەناوبانگی (بیلۆڤی نیویۆرک)، و بەلام ئێستاش ئەو کارە بوەتە جێگەی گومان بۆی.

بە پێچەوانەی ئەوەی کە هامەر لە خواستەکانی خۆیدا نوسی بووی، ئەو لە هۆتیلی ئەنسونیا نەدەژیا و تەنها دایکی لەدوایی زیندانیکردنی جۆلیوس لەو هۆتیلەدا دەژیا. خودی ئارمەند لە ماڵێکی بچوک لە (گرینیچ ڤیلج) دەمایەوە کە باوکی پێش زیندانیکردنی دیدارە نهێنیە سیاسیەکانی خۆی لەو ماڵەدا ئەنجامدەدا. لەگەڵ ئەوەدا مەبەستی سەفەرەکەی و داواکاریەکانی بۆ جەوازەکەی بە درۆوە نوسی بوو: کۆمپانیای یەکێتی لە بواری کاری هێنانی شەراب یان بۆندا ئیشی نەدەکرد، ئەو بۆ کڕینی ئەمانە یان هیچ جۆرە کەلوپەلێکی دیکەی بۆ ئەو کۆمپانیایە نە دەڕۆیشت بۆ ئەوروپا. لەگەڵ ئەوەدا مەبەستی سەفەرەکەی بۆ هیچ کام لەو وڵاتانە نەبوو کە ناوی بردبوون، ئەو بەرەو وڵاتێک دەڕۆیشت کە هێشتا لە ژێر چنگی شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا خەریکی دەست و پێ وەشاندن بوو، وڵاتێک کە نە ویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا بە ڕەسمی دەیناسی نە ڕێگەشی بە هاوڵاتیەکانی دەدا سەفەر بکەن بۆ ئەو وڵاتە ئەویش: ڕوسیای سۆڤیەتی بوو.

کاتێک هامەر لە بەڕێوەبەرایەتی جەواز سەفەرەکەدا هاتە دەرەوە، لە وێزگەی (گرێند سینترال) سواری شەمەندەفەر بوو و ڕۆیشت بۆ (ئو ئینینگ) بۆ نیویۆرک، بۆ زیندانی (سینگ سینگ). ئەم زیندانە بینایەکی بەرزی دیوار بەرزی تەلینە بە

دەرگایی گەورەی پۆلاین، لە سەر تۆپۆڵکەیەکی بێ درەخت لەسەر ڕووباری (هود سن). باوکی خۆشەویستی، ئەو کەسەی کە هەموو تەمەنی سەرمەشقی ئەو بوو، لێرەدا، لە ژوورێکی شێدار و ناخۆشدا، لە پشتی پەنجەرە میلیەکانی زیندانەوە، زیندانی کراوە.

ئارمەند هامەر دەیزانی کە باوکی بێ تاوانە. ئەو ئەم نهێنیەی نزیکەی سێ ساڵ لەلای خۆی شاردەوە. دوای سی ساڵ هامەر لەلایی یەکێك لە خۆشەویستەکانی دانی پەوەدا دانابوو کە ئەو کارەی کە بووە هۆی ئەوەی کە باوکی نزیکەی سێ ساڵ و شتێك لە زینداندا بمێنێتەوە من بووم نەك باوکم بەلاّم من خۆم ئاشکرا نەکرد، ئەوە من بووم ئەو کارە هەڵەیەم کرد نەك باوکم چونکە من عەمەلیەی لەباربردنی سکەکەم ئەنجامدا و بە هەڵە کارەکەم کرد. ئەو لەو ساڵەدا خوێندکاری ساڵی یەکەمی کۆلێژی پزیشکی بوو، شەهادە و ئیجازەی کارکردنیشی نەبوو، و ئەگەر لەو کاتەدا باوکی ئەو تاوانەی نەخستایەتە ئەستۆی خۆی، بێ گومان ئارمەند دەکەوتە زیندانەوە. لە بارەی لەباربردنی سکەوە لە ویلایەتی نیویۆرك بەشێوەیەکی ئاسایی ئازادی کارکردن درابوو بە پزیشکەکان بۆ ئەوەی ئەو کارە ئەنجامبدەن. بەلاّم ئەم جارەیان نەك هەر جولیوس هامەریان بەرەو دادگا برد، بەڵکو قازیش لە ڕێگەی یاسایەوە سەیری مەسەلەکانی کرد. (١).

چەند ساڵێك دواتر، هامەر زیندانیکردنی باوکی بە پلانێکی سیاسی ناوبرد، و لە چاوپێکەوتنێکدا وتی: (کاتێك باوکم گرتیان... ئەو ئەندامی حیزبی سۆسیالیزمی کرێکاری بوو و سیاسەتمەدارە ناوچەیەکانی توڕە کردبوو، و بۆیە ئەوانیش بڕیاریاندا بیگرن) (٢)، کاتێك باوکی ئەو ڕۆژە بەهارییەی ساڵی ١٩٢١، هات بۆ ژووری دیدارەکان، جلی یەك ڕەنگی زیندانیەکانی لەبەرکردبوو واتە قات و شەرواڵێکی خەت خەت، بە دوگمەی ئاسنین و جوتێك نەعلی تەختەی قورسیشی لە پێدابوو. (پاسەوانێك) وەکو هەموو زیندانیەکانی دیکە لەگەڵیدا بوو، جولیوس هیچ جۆرە گلەیەکی نەکرد لەو بارودۆخە تاڵەی کە لەناویدا بوو، بەلاّم ئارمەند بەهۆی ئەو ئامانەی کە دەیناردن بۆ دایکی دەیزانی کە باوکی لە شوێنێکدا دەخەوێت درێژایەکەی دوو مەترە و پانیەکەی یەك مەترە. باوکی داوایی هاوکاری لێدەکرد، ئیدی باسی ئەوەی ئەدەکرد کە چەندە حەز دەکات ئیشی پزیشکی ئەنجام بدات.

جولیوس هامەر ئەو ڕۆژە زۆر بەکەمی لەبارەی باروودۆخی زیندانەکەوە قسەی کرد. قسەی گرنگتری هەبوو بۆ ئەوەی لەگەڵ کوڕەکەیدا بیانکات، هەموو قسەکانی لەبارەی لایەنە شاراوەکانی کۆمپانیای یەکێتی و ئەو کارانەوە بوو کە دەبوو لە مۆسکۆ لەگەڵ (مارتنس)دا ئەنجامیان بدات.

ئەنجومەنی بەرزی ئابوری، کە مارتنس یەکێك بوو لە ئەندامەکانی، دەیویست ئمتیاز لە ڕوسیا وەرگرێت بۆ پێدانی ئەوانە و کاری سەرمایەگوزاریەکەیان، هەروەها لەم ڕووەوە بۆ مارتنس زۆر گرنگ بوو کە کۆمپانیای یەکێتی بەشێوەیەك پێشبخات کە گوایە دامەزراوەیەکی سەرمایەداری ناسراوە لە ئەمریکادا. جولیوس هامەر توانیبووی چالاکیەکانی کۆپانیاکەی بۆ ڕوسیای سۆڤیەتی بشارێتەوە لە بەرپرسە ئەمریکیەکان، بەڵام خزمەتە شەخسیەکانی ئەو بە مەرامە بەلشەفیکیەکان لە دیدی هیچکەسێکەوە شاراوە نەبوون. ئەو بەشێوەیەکی ئاشکرا لە نیویۆرك کاری دەکرد بۆ (مارتنس). هەروەها کارێکی زۆری دەکرد بۆ ئازادی گیتلۆ و ئەو توندڕەوانەی دیکەی کە لە کاتی هێرشکردنی پۆلیسەکاندا دەستگیرکرابوون. پارەی بینای ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی لە نیویۆرکدا ئەو دابووی. لە کاتی دادگایکردنی جولیوس ڕۆژنامەکان هەرچی دەیانتوانی لەبارەی چالاکیەکانی ئەو بە نوێنەرایەتی لێنین نوسیبویان. لەگەڵ هەموو ئەمەدا، بەو گریمانەی کە ئەو بەهیچ شێوەیەك نەیدەتوانی لەناو توندڕەوەکاندا خۆی بەدوور بگرێت، بەڵام ئەم پەیوەندی یە بەهیچ شێوەیەك کوڕەکەی نەدەگرتەوە.

ئارمەند حەزی لە کارە سیاسیەکانی باوکی دەکرد و پەیوەندی هەبوو پێوەیان، بەڵام هیچکەس لەم جیهانەدا ئەوی لەو بوارەدا نەدەناسی. جولیوس بەڵگەکانی پەیوەست بە ناونوسینی کوڕەکەی لە حیزبی سۆسیالزمی کرێکاری بە نهێنی هێشتبوویەوە (یان بەو شێوەیە بیری دەکردەوە، و نەیدەزانی کە دەزگایی نهێنی سوپای ئەمریکا، لە ساڵی ١٩١٩، دەستی گەیشتوە بە بەڵگە و دیکۆمێنتەکانی حیزبەکەیان). تەنانەت پەیوەندیەکانی کوڕەکەی لەگەڵ نوسینگەی ڕوسیای سۆڤیەتی دەتوانرێت بە سادەی بخرێتە سەر ئەو پەیوەندیەی ئەو بەو خەباتەی کە بۆ وشکە ساڵی و تاعون لە ڕوسیادا کرا. بەهەرحاڵ، ئارمەند دەیوو لەوەو بەدوا بەباشی ڕۆڵی خۆی ببینێت. نابێت هیچ جۆرە پەیمانێکی سیاسی لە لایەن خۆیەوە دەربخات بۆ

دنیای دەرەوە. دەبێت هەموو ئەو شتانەی کە لە سەردەمی منداڵیدا لەماڵی چالاکەوانە سۆسیالیستەکاندا فێریان بووە لە بیریان بکات، یان بەلایەنی کەمەوە سەرکوتیان بکات. ئەو ئێستا وەکو سەرمایەدارێکی ئەمریکی کە (مارتنس) پێویستیەتی دەڕوات بۆ ڕوسیا.

هامەر، بە فەرمانی باوکی، ڕۆیشت بۆ بینینی (چارلز ڕێکت) کە نوسینگەی وەکالەتەکەی لە ژمارە ۱۱۰ی جادەی چلی ڕۆژئاوا بوو، لە هەمان بینادا (نوسینگەی ڕوسیای سۆڤیەتیش) هەبوو. ڕێکت، بە پێچەوانەی زەردەخەنەی سەر دەموچاوە ڕووکەشەکەی، وەکیلێکی زۆر جدی و سەرسەخت بوو، لە بواری دژی بەلشەفیکیدا لە ساڵەکانی ۱۹۲۰، یەکێك بوو لە مەشتەریەکان لە ویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکادا: (لنین. ڕکیتی بە نوێنەری سەرچاوەی ڕوسیای سۆڤیەتی دەزانی لە ئەمریکادا)، ئەو دڵنیای بەخشی بە ئارمەند هامەر کە سۆڤیەتەکان بەڵگە و دیکۆمێنتی پێویستی بۆ ئامادەدەکەن بۆ سەفەرەکەی بۆ مۆسکۆ. ڕکیت پاشان بەستەیەکی پێدا بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە مارتنس، کە دروستکەری پەیوەندی ئەو بوو بۆ ڕوسیا.

ئەم بەستەیە فلیمێك بوو باسی هارکاریکردنی گواستنەوەی شوێنی بەرپرسیاریەتی مارتنسی دەکرد لە نیۆیۆرکەوە بۆ مۆسکۆ. فلیمەکە ئەو وێنەیەی گرتبوو کە لە بەندەرەکەدا مارتنس و کۆمۆنیستە دەرکراوەکانی دیکە لە نیۆیۆرك سواری کەشتی (ئستکهۆڵم) دەبن، ئەو فلیمە ئەوە دەخاتەڕوو کە چۆن مارتنس لەکاتێکدا کە کەشتیەکە نەرمە نەرمە لە بەندەرەکەوە دوور دەکەوێتەوە، دەست ڕادەوەشێنێت بۆ لایەنگرەکانی لە بەندەرەکەدا خواحافیزی لێدەکەن. پەیوەندی مارتنس بۆ ئەو شریتە هەرچی هەبێت، هامەر پێویستی پێبوو بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو شریتەوە خۆی بناسێنێت بە مارتنس. هەرچەندە مارتنسی بەباشی دەناسی، لەگەڵ ئەوەدا مارتنس دوایی زیندانیکردنی جولیوس هامەر، ئارمەندی وەکو جێگری باوکی سەیری دەکرد.

هامەر بۆ بەشی یەکەمی سەفەرەکەی، لە ٥ جێنیوەری لە نیۆیۆرك سواری کەشتی هەلمی (ئەکویتانیا)[1] بوو. جامتایەك جلوبەرگ، کاغەزەکانی سەفەری، و فلیمی

---

[1]– s.s. aquitania

دەرکردنی مارتنسی پێ بوو. ئەمە یەکەمین سەفەری ئەو بوو بۆ دەرەوە و بۆ یەکەمینجاریبوو سواری کەشتی بووبوو. ئەو جگە لە بازنەی خێزانی خۆی و کۆمەڵێك لە برادەرە نزیکە سیاسییەکانی باوکی تاوەکو ئەوکاتە کەمترین هەڵسوکەوت و تێکەڵی هەبوو. هامەر گەنجێکی خۆپارێز و گۆشەگیربوو. زۆربەی کاتەکانی خۆی بە زۆری لە کۆلێژ و خوێندندا بەسەر دەبرد، هەموو مەبەستیشی ئەوەبوو کە پەیڕەوی لە بۆچوونەکانی باوکی بکات. لە زانکۆشدا هاوڕێی زۆری نەبوو و زۆربەی کاتەکان بە تەنیای دەرۆیشت، ئەم تەنیای و گۆشەگیریە لەکاتێکدا کە باوکیان دادگایی کرد بەهۆی ئەو کوشتنە بە نائەنقەستەوە، و کاتێك دواتر لە ڕۆژنامەکاندا مەسەلەکە باسکراو و لێکدانەوەی جیاجیای بۆ کرا زیاتر بەرەو تەنهاتر و گۆشەگیرتری برد، زۆربەی کاتەکانی لەوماوەیەشدا جگە لە خوێندن و پەیڕەویکردن لە فەرمانەکانی باوکی تەرخان کردبوو بۆ خۆفێرکردنی زمانی ڕوسی. هەموو ڕۆژێك خۆی فێری سەد وشەی ڕوسی دەکرد. هەوڵیدەدا زۆربەی کاتەکان بە تەنهایش نان بخوات و لە قسەکردن لەگەڵ هاوسەفەرەکانی ناو کەشتیەکەش خۆی بپارێزێت (٣). نەیدەویست بکەوێتە بەردەم پرسیارکردن و هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکانی خەڵکەوە لەبارەی باوکی و هۆکارەکانی ئەو سەفەرەی کە خۆی ئەنجامی دەدات بۆ ڕوسیا.

ترس و دڵەڕاکێی هامەر لە دنیای دەرەوە، کاتێك لە ١٣ جێنیوەری گەیشتنە بەندەری (سۆتمپتۆن) لە بەریتانیا، بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو زیاتر بوو. کاتێك هامەر لەگەڵ هاوسەفەرەکانی دیکە پێکەوە لەکەشتیەکەدا خەریکی دابەزین بوو، دەستێك درا لەسەر شانی. کاتێك لای کردەوە دواوە، پیاوێکی جلوبەرگ جوانی گاڵۆك بەدەست و بێگانەیەکی لە پشتی خۆیەوە بینی، پیاوەکە خۆی بە کارمەندی (ئۆسکاتلەند یارد)[1] ناساند. کابرای بێگانە ئەوی لاداو و وتی تاوەکو ئەو پرسیارانەی کە لێت دەکەم وەڵام نەدەیتەوە لەبارەی هۆکاری سەفەرەکەتەوە بۆ بەریتانیا ڕێگەت پێنادەم لە کەشتیەکەوە دابەزیت. دواتر باسی دەکات دەڵێت (لەسەرسوڕماندا زمانم بەسترابوو... بەتەواوی سەرم گێژی دەخوارد). لە لێکۆڵینەوەکەی لەبارەی سەفەرەکەیەوە، سەرەتا وتی بەرەو فەرەنسا، بەلجیك و ئەڵمانیا دەڕۆم. کارمەندە

---

[1] – scotland yard، بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی تاوانی بەریتانی. (وەرگێڕ)

بەریتانیەکە قەناعەتی نەکرد و بەخێرای لەبارەی ڕوسیاوە لێی پرسی. کاتێك دانی بەوەدانا کە لەوانەشە سەرێك بدات لە ڕوسیا چونکە دەیەوێت هاوکاری ئەو ئاوارانە بکات کە بەهۆی وشکەساڵیەوە توشی کارەسات بوون، پۆلیسە مەدەنیەکە فەرمانی دەرکرد (تاوەکو ئاگادارکردنەوەی دواتر) لە کابینەکەی خۆیدا بمێنێتەوە. دوو ڕۆژ دواتر، ئەویان ئازادکرد و ڕێگەیان پێدا بڕوات بۆ لەندەن. لە بیرەوەریەکانیدا دەنوسێت: (لەبری ئەوەی بەهۆی ئەو حاڵەتەوە ساردببمەوە لە سەفەرەکەم کەچی سورتربووم کە بڕۆم بۆ ڕوسیا، بۆیە بەخێرایی ئامادەکاریم کرد بۆ سەفەرکردن بۆ ئەڵمانیا) هامەر، لەو سەردەمەدا، ڕوبەڕووبوونەوە نەخوازراوەکانی خۆی لەگەڵ پۆلیسی (ئۆسکتلەند یارد) بە (کاردانەوەی تورەی دوای جەنگی دەوڵەتی ئەوروپا) ناو دەبات (٤). ئەوەی کە ئارمەند هامەر نەیدەزانی چی بە ئەوە سەرنجڕاکێشانەی کارمەندی وەزارەتی دادگای ئەمریکابوو کە ناوی (جی ئەدگار هوور) بوو.

* * *

یەکەمین ڕووبەڕووبونەوەی هوور لەگەڵ پلانگێڕی کۆمۆنیزم، کە دواتر هەموو تەمەنی تەرخانکرد بۆ ئەوکارە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خوێندکاری لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن لە بەشی یاسا. بۆ پێدانی بڕە پارەی مانگانەی خوێندنەکەی، کارێکی نیوەکاتی لە ساڵی ١٩١٧ لە کتێبخانەی ئەنجومەندا دەست کەوت بوو. کارەکەی لەو کتێبخانەیەدا بریتی بوو لە لێکۆڵینەوە و پێڕست بەندی ئەندامەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیزمی جیهانی. ئەوەندەی نەبرد بوویە شارەزایی ئەو بەشە تازە دەرکەوتیە و خزمەتی سەربازی سەردەمی جەنگی خۆیشی لە (بەشی دوژمنی بێگانە) لە وەزارەتی داد دا گوزەراند، و لێرەدا بوو دەستیکرد بە کاری ڕێکخستنی دۆسیە لەبارەی توندڕەوە ئاڕادەیەك ناسراوەکانەوە. دەزگایی سیخوڕی سوپا نوسراوەکانی زۆرێك لە ڕێبەرە سیاسیەکان و کرێکارانی لەو سەردەمەی جەنگدا خستبوویە ژێر چاودێریەوە،و ئەمانە بوونە سەرچاوەی زانیاری بۆ دۆسیەکانی هوور. لە ساڵی ١٩١٩، هێشتا هوور تەمەنی نەگەیشتبوویە بیست و چوار ساڵ، بەرپرسیاریەتی جێگیری شارەزایی وێرانکاری وەزارەتخانەیان پێ بەخشی. لە هەمان ساڵدا، لە نێوان ترس و هەراس لە کۆمۆنیزم و ئەو ڕاپۆرتە سەیرانەی کە لەبارەی ترسی دانانی بۆمبەکانەوە لەلایەن توندڕەوەکانەوە دەنێردرێن، سەرۆکی داد (میچل پامەر) لە

هەموو شوێنێکدا فەرمانی دەرکرد بۆ ئاگاداربوون لە توندڕەوەکان. ئەوانە بە شەونخونیەکانی پاڵمەر ناسرابوون. هووڤەری کردە سەرۆکی بەشی ڕادیکاڵ کە تازە لە وەزارەتەکەدا دامەزرا بوو، تاوەکو هەوڵبدات لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن بکات لەسەر ئەو ئامانجانە، و لەناو ئەوەشدا بە پێشنیاری هووڤەر، کە خۆی بەشەخسی دۆسیەی دەرکردنی (لۆدویگ مارتنس)ی، ئامادەکردبوو، ڕاستەوخۆ گرنگی و ئاراستەی خۆی خستە سەر چالاکیەکانی نوسینگەی ڕوسیای سۆڤیەتی، کە هەڵبەتە ئامانجێکی دژوار نەبوو چونکە هەمووکەس ئاگاداربوو کە ئەو نوسینگەیە لە خزمەتی دەسەڵاتێکی خۆش نەویستراوی دەرەکیدایە). بەپێی زانیاریە نهێنیەکانی سوپا ئەوەی دەخستەڕوو کە نوسینگەکە بە کارمەندەکانی سۆڤیەت، بە پێکهێنانی چەپگەرایی، بە ڕێکخراوە بانگەشەکەرەکان، و بە بەرەی چەپی حیزبی سۆسیالیستی کرێکاری، کە دواتر بووە حیزبی کۆمۆنیستی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، پارەو هاوکاری ماددی دەگەیەنێت. هووڤەر نوسینگەی ڕوسیای سۆڤیەتی بە مەیدانی جەنگی چالاکیە ژێرزەمینیەکانی لینینی دەزانی لە ئەمریکا.

تەنانەت کاتێک نوسینگەی ڕوسیای سۆڤیەتی داخرا و مارتنسیان دەرکرد، پەیامەکانی مۆسکۆ کە زۆر بەشاراوەی وەردەگیران بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە مارتنس هێشتا سەرگەرمی ڕێکخستن و هاوکاریکردنی مامەڵەیە لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکیەکاندا. دەوڵەتی ئەمریکا حەزی لەم جۆرە مامەڵانە نەبوو هەرچەندە ڕێگری یاسایی ناردنی بۆ ڕوسیای سۆڤیەتی لە ساڵی ١٩٢١ وەرگیرابوو. لە فێبروەری ساڵی ١٩٢١، مارتنس هەوڵیدا دوو کەشتی بگرێت و گەنمی ئەمریکی ببات بۆ ڕوسیا و کەشتێکی دیکەش بگرێت و پڕی بکات لە لۆکەی ڕوسی و بیهێنێت بۆ ئەمریکا. پەیمانی ڕێگەپێدانی ئەم کەشتیانە هەڵوەشێنرایەوە، بەڵام مارتنس هێشتا لە پلان و هەوڵی ئەوەدا بوو لەگەڵ دامەزراوە ئەمریکیەکاندا ئاڵوگۆڕی کاڵا دابمەزرێنێت.

هووڤەر، لەم کاتەدا، کۆمەڵێک سیخوڕی بۆ (بەشی زانیاری گشتی) دامەزراند، ئەوانە هەواڵی هاتوچۆکانی کارمەندە سەرەکیەکانی مارتنسیان پێ دەدا. یەکێک لەوانە (ویلیام ئەدوارد کوپ) بوو، کارمەندێکی پەیوەندی گشتی و ڕۆژنامەنوسی بوو کە (جۆلیوس هامەر) بۆ پشتگیریکردنی خۆی لە دادگایکردنە کوشتنە نالەنقەستەکەیدا وەکو خزمەتکارێک گرتبووی، لەکاتی بەرتیلدانی کوپدا بە یەکێک لە ئەندامەکان

دەستەی منصفەدا کەشف بووبوو. بەڵام دوای ئەو دۆسیەی پەرتیلدانە، کوپ لەگەڵ هووردا بوونە هاوڕێ.

لە ١١ جێنوەری ١٩٢١، کوپ ڕاپۆرتێکیدا کە مارتنس، تەنانەت دوای دەرچوونی لە ئەمریکادا، هێشتا بە شێوەیەکی نهێنی یەکێکە لە خاوەنی کۆمپانیای یەکێتی، بە قسەی کوپ، (بەشێوەیەکی شاراوەی) خاوەنی ٥٠٪ پشکی ئەو کۆمپانیایە بوو. هەروەها کوپ زانیاریدا کە (ئارمەندی کوڕی هامەر) کە هێشتا خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی یە، دەیەوێت لەمانگی جێنیوەری بڕوات بۆ ڕوسیا. مەبەستی ئەو لەم سەفەرەشدا، بە وتەی کوپ، (گەیاندنی پەیامە بە مارتنس). هوور بەشێوەیەکی زۆر توند پەیوەست بوو بە جوڵەکانی هامەری گەنجەوە. دۆسیەی گوزەرنامەکەی ئەو لە وەزارەتی دەرەوە دەرهێنا، و هوور تێگەیشت کە ئەو ڕۆیشتوە بۆ ئەورووپا.

لەم حاڵەتەدا، هووری پەی بەوە برد کە یەکێکی دیکە لە (بەلشەفیکیە بەدناوەکان)ی پێشوو، (ئیبراهام هیلەر)ە، چونکە بەپێی نوسینگەی ناونوسکردنی کۆمپانیاکان یەکێکە لە پشکدارەکانی (کۆمپانیای یەکێتی) جۆلیوس هامەر. لەگەڵ ئەوەدا ڕاپۆرتە زانیاریەکانی سوپای ئەمریکا ئەوەیان نیشاندەدا کە هیلەر لەگەڵ جۆلیوس هامەردا دەستی هەبووە لە کرێگرتنی بازرگانە ئەمریکیەکان بۆ نوسینگەی ڕوسیای سۆڤیەتی. هیلەر، بە هۆی زانیاریەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لەم دوایەدا ماوەیەکی کورت لە (ئیستۆنی) دەست بەسەرکرابوو چونکە دەیویست بەبێ جەوازسەفەری متمانەپێکراو، خۆی بگەیەنێتە ڕوسیا. دواتر ئەویان ئازاد کرد و لە ٢ جێنیوەری لە ستور تێپەڕی و ڕۆیشت بۆ ڕوسیا. بەم شێوەیە، دوو کەس لە خاوەن بنەڕەتیەکانی (کۆمپانیای یەکێتی) هامەرو هیلەر، ڕۆیشتن بۆ مۆسکۆ. (بەشی زانیاری گشتی) تێگەیشتن کە (دیڤید دوبروڤیسکی) کە لە کارمەندەکانی نوسینگەی ڕوسیای سۆڤیەتی بوو لە نیویۆرک، لە لایەن کۆمپانیای یەکێتیەوە ڕۆیشتوە بۆ دەرەوە و پێویستی پزیشکی دەنێرێت بۆ ڕوسیا. لەگەڵ ئەوەشدا سەبارەت بە ئارمەند دیاربوو کە کۆمەڵێك هەواڵ هەبوو. بەڵام تاوەکو کارمەندەکانی هوور هاتن و جوڵان، هامەر بلیتی کەشتی کڕیبوو و بە (ئکویتانیا) دەرچوو بوو بۆ بەریتانیا.

هوور مێژووی چوونی هامەری گەیاند بە سەفارەتی ئەمریکا لە لەندەن. دوو ساڵ پێشتر لە ڕێکەوتنێکی نهێنیانەدا کە بە (پەیوەندی تایبەتی) ناوبرا، بەریتانیای

گەورە بە شێوەیەکی نهێنی قبوڵی کرد بوو کە ڕاپۆرتە هەواڵی نهێنی ئاڵوگۆڕ بکات لەگەڵ ئەمریکادا و لە ساڵی ١٩٢٠ (سەنتەری پاپاپا) یان لە لەندەن دروستکرد بوو تاوەکو کارمەندە دیارەکانی کۆمۆنیست بخەنە ژێر چاودێرییەوە. ئەمە بۆ هوور بەتایبەتی سەرچاوەیەکی زۆر گرنگ بوو، چونکە (ئیم ئای، پێنج) واتە (mi-5 military intelligence-5) دەزگای ئاسایشی بەریتانیا، ماوەیەک پێش سیخوڕێکیان لە کۆمیسیۆنی بازرگانی سۆڤیەتی لە لەندەن ڕێکخستبوو، و کۆمیسیۆنی ناوبراو لەگەڵ نوسینگەی ڕوسیای سۆڤیەتی مارتنس لە نیویۆرک لە پەیوەندیدا بوو (٥) (ئیم، ئای، پێنج) زانیاری دابوو بە هوور کە جولیوس هامەر لە بریارێکی دیاردا (هاوکاری نزیکی تروتسکی و دواتر مارتنیس)ە. هەروەها ڕاپۆرتیدابوو کە ئارمەند هامەر لە ساڵی ١٩١٦ بوەتە ئەندامی (حیزبی سۆسیالیستی کرێکاری) کە (ئیم ئای– پێنج، ئەوی خستوەتە ژێرچاودێرییەوە). ئێستا گرنگی هوور لەسەر ئەوەی کە هامەری گەنج کۆمەڵێک دۆسیەی بردوە بۆ مارتنس (ئیم، ئای– پێنج)ی ڕاسپارد بۆ ئەوەی بڕۆن بگەڕێن بەناو ئەو کەشتیەدا کە گەیشتوەتە بەریتانیا.

(ئیم ئای پێنج) هامەری ڕاگرت و لێپرسینەوەی لەگەڵ کرد و کەلوپەلەکانی گەڕان. لە ١٥ جێنیوەری، هەواڵیاندا بە هوور کە لە کەلوپەلەکەی ئەودا فیلمێکی ١٦ میلیمەتریان دەستکەوتووە کە وێنەی مارتنس لە نیویۆرک پیشاندەدات و هەروەها نامەیەکی بۆ مارتنسی پێ یە. هوور، دوای لێکۆڵینەوە لەو بوارە، ئەوەی خستەڕوو: (فلیمەکە بانگەشەیەکە... و شتێکی گرنگی تایبەتی نی یە). نامە کە بەهەرحاڵ، ئەوە خرابوویە ڕوو کە فلیمەکە چارلز ڕکیت، وەکیلیی دەوڵەتی سۆڤیەت، داویەتی بە هامەر، و تاوەکو ئەو شوێنە هوور دەیزانی ئەم کەسە بەشێوەیەکی کاتی جێگەی مارتنسی گرتوە و ئەوە کە عەمەلیاتی سۆڤیەتیەکان لە ئەمریکادا بەڕێوە دەبات.

لە ٢٠ جێنیوەری ڕاپۆرتێک گەیشتە هوور کە هامەر لە بەرلینە. لە هۆتێلی (ئەدلن) دەمێنێتەوە، کە شوێنەکەی زۆر گونجاوە، چونکە لە نزیک نوسینگەی دەستەی بازرگانی سوڤیەتیدایە، و هامەر تەلەگرافێکی نارد بۆ مۆسکۆ و وتی بەفەرمانی ڕکێت سەفەر دەکات. دە ڕۆژ دواتر، کۆمیسیاری کاروباری دەرەوەی سۆڤیەتی ویزای هامەریان نارد بۆ دەستەی خۆیان بۆ بەرلین. نوسخەی ئەم تەلەگرافانە گەیشتە

دەستی هوور. بەڵام لە ٣١ جێنیوەری، هامەر هۆتێلەکەی خۆی لە بەرلین بەجێهێشت و بۆ سێ مانگی ئاینده لە بەرچاوی هوور وون بوو.

* * *

چوونە ناو ڕوسیاوە لە هاوینی ساڵی ١٩٢١ کارێکی ئاسان نەبوو. جەنگی ناوخۆ بەرۆکی ڕوسیای گرتبوو دوای شۆڕشی بەلشەفیکیەکان لە ساڵی ١٩١٧دا، وڵاتی بەتەواوی پەرتەوازە کرد بوو و بەرەو سەرەتایی وێرانەیەکی گەورەی دەبرد. لە ساڵی ١٩١٩، زیاتر لە ٩٠٪ ڕوسیای پێشوو لە ژێر دەسەڵاتی سوپای دژە بەلشەفیکیەکاندا بوو. ئۆکراین، پۆڵەندە، گورجستان، فنلاندە، لیتوانی، ئیستنی، و لیتوانی، کە ئەمانە هەموو ڕۆژگارێك بەشێك بوون لە ئیمپراتۆریەتی ڕوسیا، ئێستا بانگەشەی دەوڵەتی سەربەخۆیان کردبوو. لەم ناوەندەشدا، دەستێوەردانێکی گەورەی دەرەکی بوونی هەبوو: سەربازە ئینگلیزەکان سەرکردایەتی ناوچەی ئەوتاوی دەریای ڕەش و دەریای قەزوین و بەندەری جەمسەری باکوریان لەدەست گرتبوو، یابانیەکان بەشێکی گەورەی سیبریایان داگیرکردبوو. هێزەکانی دەریایی دەرەکی هەموو بەندەرەکانی سۆڤیەتیان خستبوویە ژێر گەماری ئابوریەوە. بەلشەفیکیەکان، لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان کە زیاتر سەرزەمینەکانی نێوان مۆسکۆ و پیترۆگراد (ناوەکو ١٩١٤ سن پترزبۆرگ) بوو، بە ناوی کۆمۆنیزمی جەنگی، بانکەکان، پاشەکەوتەکان، و تەنانەت خودی پارەکەشیان لەناوبرد، و بنەمایی ئابوریان هەرەس پێهێنا. وینستۆن چرچێل، لەو کاتانە وەزیری جەنگی بەریتانیا بوو، ئەوەی خستەڕوو کە (ڕوسیا بەلشەفیکێکی هەیە بەشێوەیەکی ئاژەڵیانە کەمی دەکەنەوە).

تاوەکو هاوینی ساڵی ١٩٢١، سوپای سووری ڕوسیا زۆربەی ناوچە لەدەستچووەکانی ڕوسیای وەرگرتەوە، دەستێوەردانە دەرەکیەکانی کۆتایی پێهێنا، بەڵام پیشەسازی، گەیاندن، و کشتوکاڵی ڕوسیا هێشتا دوچاری گرفتێکی گەورەبوو بوو، و ترسی برسیەتی بەهۆی وشکەساڵی هەڕەشەی لە سێ ملیۆن کەس دەکرد. تەنانەت ڕێبەرە جەنگیە سەرسەختەکانی بەلشەفیك داوای خولرەنیان لە ڕۆژئاوا دەکرد بۆ ئەوەی بتوانن بەهۆی ئەو هاوکاریەوە ڕووبەڕووی ئەو وشکە ساڵیە ترسناکە ببنەوە.

لیتوانی یەکێك بوو لەو وڵاتە سەرەکیانەی کە پەیوەندێکی ناڕێکی ڕێگایی ئاسنی هەبوو لەگەڵ ڕوسیادا. لە ئاوتی ١٩٢١، ریگا، پایتەختی ئەو وڵاتە، بووە ناوەندی یەکەمین ڕێکەوتنی جدی حکومەتی ئەمریکا و سۆڤیەت بۆ گەیاندنی هاوکاری بە ئاوارەکانی وشکە ساڵی. ڕێکخراوی هاوکاری گەیەنەری ئەمریکا، بە سەرۆکایەتی وەزیری بازرگانی هێربێرت هوور، پێشنیاری گەیاندنی ڕێژەیەکی زۆری خۆراکی کرد، بە مەرجێك بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، دابەشبکرێت بەسەر برسیەکاندا. لەلایەن بەلشەفیکیەکانەوە.

هامەر لە ١٦ ئاوتی ساڵی ١٩٢١ لە ئەڵمانیاوە گەیشتە ریگا. سەفەری شەوانەی لەناو پانتای دەریای باڵتیك لە ناو کەشتییەکی هەڵمیدا کە خۆی ئەو کەشتیە بە (ئەبو قورازەی نێردراوی دۆزەخ) ناو دەبات، بەتوندی حاڵەتی تێکدابوو بەسەریەکدا و توشی داڕوخانێکی دەروونی توندی کردبوو. لە ریگا، (بوریس میشیل) دەزووفرۆشی ڕوسی، کە لەئەسڵدا چل ساڵەی نیویۆرکی بوو، باوکی هامەر بۆ هاوکاریکردنی خۆی لە ڕوسیادا دایمەزراندبوو، هاتبوو بۆ پێشوازیکردنی هامەر. میشیل کاتێك هامەری بینی زۆر توشی شۆك بوو لە دەموچاوی ڕەنگ پەڕیو و حاڵەتی لاوازی. هامەر، لە یاداشتەکانی خۆیدا (میشیل) بە (پیاوێکی زۆر بەهێز و بەتوانا و دەم بەپێکەنین) ناو دەبات. کاتێك میشیل بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانی هامەر خەریکی بەرتیلدان بوو بە کارمەندانی گومرگی لیتوانی، هامەر زۆر بە حەزەوە سەیری دەکرد. دوای نزیکەی مانگێك بەتاك و تەنها سەفەرکردن، هامەر ئێستا بەهۆی پەیدابوونی ئەو هاوڕێیەوە خەریکە جێژ وەردەگرێت و زۆر خۆشحاڵە، بەتایبەتی هاوسەفەرێك کە کاری بۆ ئەم دەکرد. میشیل ئاگاداری کۆمەڵێك شت بوو کە هەرگیز هامەر گرنگی پێنەدەدان: وەکو خواردن، شەراب، جلوبەرگ و ژن. زۆر بەباشیش ڕوسی دەزانی و دەیتوانی تەرجومە بکات بۆ هامەر. میوانخانەکانی ریگا پڕ بوون لە پەیامنێری ئەمریکی و بەریتانی کە دەیانویست ڤیزا وەرگرن و بڕۆن بۆ ڕوسیا و بۆ نوسینی ڕاپۆرتەکانیان لەبارەی مەرگی ئەو کەسانەی کە لەبرساندا دەمردن. کۆمەڵێك ئیشکەری ڕێکخراوی جیهانی گەیەنەری یارمەتی چاوەڕوانی ڤیزاکانیان بوو کە بڕۆن بۆ هاوکاریکردنی ئاوارەکان، لەم ڕووەوە میسشیل نەیتوانی بوو هیچ یەك لە هۆتێلە باشەکانی شار بگرێت، و بۆیە

هۆتێلێکی خراپی بەناوی (رۆم)ەوە دەست کەوتبوو، و هەر جۆرێك بوو شەویان لەو هۆتێلەدا بردە سەر.

ڕۆژی دواتر میشیل هەوڵێکی زۆریدا بۆ ئەوەی بارێك لە کەلوپەلی ئەشتەرگەری لە عەمبارەکانی گومرگی ڕێگا دەربێنێت. ئەو کەلوپەلانە جۆلیوس هامەر لە ئەمریکا ناردبوونی بۆ ئەوەی کورەکەی بتوانێت پێشکەشی حکومەتی سۆڤیەتیان بکات، سەرەڕایی ئەو خەڵاتە زۆرانەی کە میشیل دای بە کارمەندەکانی نوسینگەی گومرگی لیتوانی، نەیتوانی ئەوانە والێبکات ئەو کەلوپەلانەی بە زووی بۆی دابینبکەن بۆ ئەوەی بتوانێت پێش ئەوەی شەمەندەفەری شەوانە، کە هامەر بڕیاربوو بڕوات بۆ مۆسکۆ بیگەیەنێت پێی (٦).

شەمەندەفەرەکە زۆر کۆن بوو، کورسیەکانی داربوون، کاتێك دنیا تاریك بوو، تەنها لایتێك کە دادەگیرسا ئەو لایتە بوو کە میشیل کڕیبووی بۆ هامەر، لەو سێ ڕۆژەی سەفەرەدا. هامەر زۆر دەترسا لە خواردنی ئەو خواردنانەی کە لە وێزگەکاندا دەیانفرۆشت، هەروەها نەیدەتوانی بخەوێت، و کاتێك گەیشتنە سنووری ڕوسیا، نەخۆش کەوت، بەڵام مێشکی بەلایی ئەوەوە بوو کە زوو بگەنە ڕوسیا. ئەمە جۆرێك لە سەرکێشی گەنجی نەبوو، بەڵکو بەرپرسیاریەتێك بوو، کە بۆ باوکی ئەنجامیدەدا.

مۆسکۆش، لە ساڵی ١٩١٧ بەدواوە کەوتبوویە ناو ئاژاوەکانی شۆڕشگێڕەکان و دژە شۆڕشگێڕەکان و توشی شەڕێکی ناوخۆ بوو بوو. (ڤالتەر دۆرانتی) پەیامنێری ڕۆژنامەی (نیویۆرك تایمز) کە هەمان مانگ چووبوویە ناو مۆسکۆوە، تێبینیەکانی خۆی لەکاتی دەرچوونی وێزگەکاندا بەم شێوەیە دەنوسێت:

(جادەکان پڕبوون لە چاڵ و چۆڵی، لوولە ئاوەکان هەموو تەقی بوون و جادەکانیان هەڵکەندبوو و لولەی زێرابەکانیشیان گرتبوو. مۆسکۆ نزیکەی دوو ساڵ و نیو نە ئاوی بەلوعەی هەبوو.. نە ئاوی گەرم، سەرەڕای ئەوەی کە ئاوهەواکەی تاڕادەیەك هەموو زستانێك دەگاتە سی پلەی ژێر سفری سەدی).

کارمەندێکی کۆمۆنیستی لەکاتی داخڵبوونی هامەر دەفتەرێکی فۆرمی خواردنی دا بە هامەر (چونکە ئەو پارەیەی کە ڕوسیا مامەڵەی پێ دەکرد هەڵوەشابوویەوە) و پاشان ئەوی برد بۆ هۆتێلی(ساڤۆ). دواتر لە بیرەوەریەکانیدا دەنوسێت (هەرگیز لە تەمەنمدا میوانخانەیەکم نەبینیوە لە چەشنی ئەو میوانخانەیە، تەنها ناوی

(ساڤۆ)[1] بوو پاشان دەڵێت ژوورەکانی (بۆگەنیان کردبوو) دۆشەکەی بێ سەرین و بێ پەتوی هەبوو. (هەر پیس نەبوون، بەڵکو مشك و مارمێلکە و حەشەراتی بچوك لە دیوارەکاندا یاریان دەکرد) لە هەموو تەمەنیدا هامەر شتێکی لەو شێوەیە نەبینی بوو. تەنها باشیەکەی ئەوە بوو نزیك بوو لە (کۆمیسیاری کاروباری دەرەوە) کە هامەر کاری زۆر خێرای پێ هەبوو(٨).

پەیوەندی هامەر، لەگەڵ گریگیۆری ڤینستیندا بوو، کە یەکێك بوو لە هاوکارەکانی پێشووی باوکی لە نوسینگەی ڕوسیای سۆڤیەتی، کە لەگەڵ دلرونەستەی مارتنس هاتبوو بۆ ڕوسیا، کارگێڕی بەشی کۆمیسیاری کاروباری دەرەوەی کاروبارەکانی ئەمریکا بوو. لەم پۆستەدا خەریکی داڕشتنی ڕێگاچارەی ستراتیژی بوو بۆ سۆڤیەتیەکان بۆ شکاندنی ئەو گەمارۆ ئابوریە نارەسمیەی کە ئەمریکا خستبوویە سەر ڕوسیا، لەگەڵ ئەوەدا هامەر دەبوو لەم ستراتیژەدا ڕۆڵێکی باش بگێڕێت.

هامەر ڕۆژی دوای گەیشتنی ڕۆیشت بۆ بینینی ڤینستن تاوەکو لەبارەی کەلوپەلە پزیشکیەکانەوە کە بەهۆی میشێلەوە ڕەوانەی مۆسکۆ دەکران، قسە بکات. ڤینستن پێی باش بوو هامەر خۆی ئەو شتانە پێشکەش بکات بە (نیکۆلای ئەلکساندەرڤیچ سماشکۆ)[1]، کۆمیسیاری تەندروستی گشتی ڕوسیا، سماشکۆ، پێشتر لنین ڕایسپارد بوو بۆ (سەرکوتکردنی ئاغا بەهێزە) گوندنشینە زەویدارەکان و دەستبەسەراگرتنی گەنمەکانیان، ئێستا کرابوویە بەرپرسی بەڕێوەبردنی گەیەنەری کەلوپەل و هاوکاری بۆ لێقەوماوە برسیەکان.

هەڵبەتە کەلوپەلە پزیشکیەکان هەموو هەدیەی جۆلیوس هامەر بوون، بەڵام ئارمەند، لەوانەیە لە یەکەمین هەوڵدانی خۆیدا بۆ بەرزبوونەوە و دەرخستنی شەخسیەتی خۆی، هەوڵیدا ئەو خەڵاتانە بکاتە موڵکی خۆی و بەحساب خۆی کارەکەی ئەنجامداوە. ڤینستینی قەناعەت پێکرد لەبەرئەوەی کە ئەو نوێنەرایەتی کۆمپانیای یەکێتی لە ئەستۆدایە لە مۆسکۆ؛ باشترایە شانازی ئەو کارە بە ئەو

---

[1] – savoy: باشترین میوانخانەیە لەناو هەموو هۆتێلەکانی جیهاندا لە بەریتانیا

[1] – nikolay aleksandrovich semashko

بدرێت نەك بە باوکی. هامەر ئەم فێڵەی، لە ساڵەکانی دواتر، بە بیانوێك ناو دەبرێت و دەبوو هۆکاری ڕۆیشتنی یەکەمجاری ئەو بۆ مۆسکۆ جۆرێك بووە لە هاوڕێیەتی و چاکەکاری.

هامەر باوەڕبوون بەخۆی و تێکەیشتنی ڕۆڵی، و جێگەگرتنەوەی باوکی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبوو، و تاوەکو دەستیکرد بە ئەنجامدانی بەرپرسیاریەتی دووەمی خۆی. مارتنس کارێکی بۆ ڕێکخستبوو تاوەکو سەردانی سەرچاوەی پەمە کێوی (ئەزبیست، ئاسبست)[2] و ئیمتیازە کانزا بەهێزەکانی دیکە بکات. لە ٥ سێپتەمبەر، هامەر سواری شەمەندەفەرێکی تایبەتی بوو و کە ئەنجومەنی بەرزی ئابوری ڕێکی خستبوو، لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵکی دیکەدا، تاوەکو سەفەرێکی یەك مانگەیان پێ بکەن لە ڕێگەی ئۆراڵەوە بۆ ئەکاترینبۆرگ (دواتر، بوو بە سوردلۆڤسیك) بۆ سەردانی ناوچەی کانزای. شەمەندەفەرەکەیان بە پێوەری ڕوسی ڕازاندبوویەوە، و فەوجێکی سەربازی پاسەوانی ئەو میوانە هەڵبژێردراوەیان دەکرد و دەستەیەك لە ئەوەی ئەمریکیەکانیان سەرگەرم دەکرد. هامەر کەوتە ژێر کاریگەری ئەو میوانیە شایانەوە، و ئەمە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر بەهای خۆی و ئەم کارەی خستە سەر ئەو ئیشکردنانەی کە بڕیاربوو لە ئاییندەدا بیانکات. ئەو هەڵسوکەوتەی کە لەگەڵ ئەودا ئەنجامدەدرا هەڵسوکەوتێك نەبوو لەگەڵ خوێندکارێکی سادەی پزیشکی بەڵکو هەڵسوکەوتێك بوو لەگەڵ بەشداربوویەکی بەنرخ و گرنگدا کە پێگەیەکی گرنگی سیاسی و ئابوری هەیە.

هامەر لەوسەفەرەیدا کە چەند کەسێکی لەگەڵدا بوو دوو کەسی پێشتر لە نیویۆرك باش دەناسین ئەوانیش: (لودویگ مارتنس و ئیراهام هیلەر). هیلەر دەستەی دامەزرێنەری دامەزراوەیەك بوو بەناوی (بلاوکراوە نێونەتەوەیەکان) لە نیویۆرك، کاری ئەم دامەزراوەیە بریتی بوو لە کۆکردنەوەی ئەو کتێبە ئەمریکیانەی کە زیاتر لەسەر شێواز و کاری هونەری بوون، بۆ سۆڤیەت. ئەو لەبەر ئەوەی کە بەشێوەیەکی بە بەرنامە هاتوچۆی ماڵی هامەری دەکرد لە نیویۆرکدا، پێشتر زۆر گرنگی بە ئارمەند

---

[2] – asbestos ، ناوی بازرگانی بەشە جیاوازەکانی سیلیکانەکانی کانزایی مەنیزیۆمە کە بۆ بیناسازی بەکار دەهێنرێت و ئەم کانزایە لەبەرامبەر سوتاندا بەرگرێکی باشی هەیە و بەشێوەیەکی گشتی وەکو ڕەگ هەیە لەناو بەردە کانزایەکانی دیکەدا (وەرگێڕ)

نەدابوو. خاتوونێکی بیست و پێنج ساڵی ئەمریکیش هەبوو لەناو گەشتیارەکاندا بەناوی (لوسی برانام)، کە نوێنەری کۆمیتەی ژنان و لایەنگیری بەرەسمی ناسینی ڕوسیا بوو، و ئەم خاتوونە لە کاتی ژمارەیەک لە سەفەرە لاوەکییەکانی گوندەکانی ڕوسیادا لەگەڵ هامەردا ڕۆیشت بوو، و وێنەیەکی بەجێماوی ئەو سەردەمەی هامەر کە بە پێکەنینەوە گرتبووی پێی بوو.

لە یەکێك لە گەشت و گوزارەکەیاندا، لە کاتی سەردانێکیاندا بۆ کارگەیەك لە شاری (کاسلی)، هامەر دەسەڵاتی لێهاتووی و داهێنەرانەی خۆی پیشاندا، لەو سەفەرەدا هیلەری لەگەڵدا بوو، لە دەفتەری یاداشتەکەی خۆیدا باسی کردوە:

سەیارەکەمان ئۆتۆمبێلێکی (ئیستیوتسی) کۆنەی بێ سەقف بوو. دووری کارگەکە نزیکەی ١٣٠ فێرست[1] (١٣٨) کیلۆمەتر بوو... کاتێك نزیکەی ٢ فێرست ڕۆیشتین مەکینەی ئۆتۆمبێلەکە توشی کێشە بوو. شوفێرەکەی ئامادە نەبوو هەنگاوێك بڕواتە پێشەوە. ناچاربووین دابەزین و بزانین کێشەی سەیارەکە لەکوێدایە. دکتۆرێکی زیرەکمان لەگەڵدا بوو بەزووی کێشەکەی دۆزیەوە، و خۆی دەستیکرد بە لێخوڕین، بە لێهاتوویەکی زۆر فراوانەوە، بەخێرایی دەستیکرد بە ڕۆیشتن (٩)

کاتێك هیلەر کەم کەم تێبینی هامەری دەکرد وایدەزانی، خەریك بوو دەبووە پیاوێکی کرداری لەبەرچاوی. مارتنسیش هەموو ڕۆژێك زیاتر پەیوەندی بەهێزتر دەبوو لەگەڵیدا(١٠). ئێستا ئیدی ئارمەند تەنها کوڕی هاوڕێ نەبوو، بەڵکو خۆی بوو بوو بە هاوڕێ.

بەردەوام کاتێك شەمەندەفەرەکە لەناوچە وشکە ساڵیە برسیەکەی ڕوسیادا تێدەپەڕی، هامەر کۆمەڵێك دیمەنی زۆر سەخت و قورسی بینی لە مەینەتی و سەختی مرۆڤەکان، خەڵکی لە برساندا دەمردن. مارتنس دەیوت ئەگەر کۆمپانیایەکی دەرەکی پەیدا ببێت و گەنم بهێنێت بۆ ڕوسیا و ئەم سەختی و ئازارە نەمێنێت، بێگومان سودێکی باشی دەست دەکەوێت: ئیمتیازی کانزای گەورەی پێ دەبەخشین. هامەر، لەو سەردەمە هێشتا جگە لە بیرکردنەوەیەکی خەیاڵی بەهێز هیچ ئەزمونێکی کارکردنی نەبوو، بۆیە زۆر بەزووی دەستیکرد بە خوێندنەوەی ئەو بیرۆکەیە و ئەو

---

[1] - verst ، یەکەی پێوەری درێژی ڕوسی یە کە بەرامبەر بە ١/٠٦٧ کیلۆمەترە (وەرگێڕ)

قسمیە کاریگەری هەبوو لەسەری. ئێستا دەیەوێت بەهەر شێوەیەك بووە ئیمتیاز و سودی ئەو کانزایە بەدەست بهێنێت.

لە ١٨ سێپتەمبەر، شەمەندەفەرەکە و گەشتیارەکانی گەیشتنە شارێکی وێران و خاپوور ئەویش (یەکاترینبۆرگ) بوو لە کۆتایی ڕۆژهەلاتی ڕوسیای ئەورووپا. مێژووی ئەو شارە نیشاندەری سەرکەوتن و هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی تەزاری ڕوسیا بوو. (پتری گەورە) لە سەرەتایی سەدەی هەژدەیەم، ئەو شارەی دروستکردبوو و بەناوی شاژنەکەیەوە ناوی نابوو و ئەوەندەی نەبرد بوو بە یەکێك لە دەوڵەمەندترین سەنتەرەکانی کانزایی جیهان. لەگەڵ ئەوەدا ئێرە شارێکە کە نیکۆلایی دووەم، دواهەمین تەزاری ڕوسیا، و خێزانەکەی لەکاتی شۆڕشی ڕووسیادا هاتن بۆ ئەم شارە و هەر لەوێدا بوو کە بێ بەزەیانە بە دەستی بەلشەفیکیەکان کوژران.

مارتنس، هامەر و هیلەری لە (یەکاتریبۆرگە)وە برد بۆ شارێکی پاڵی واتە (ئالاپایۆسك) کە بۆ ئەوەی کانزا لەکارکەوتوەکەی پەمووە کێویەکەی تێدا ببینن. ئەم کانزایە سەر کراوە و زۆر فراوان بوو و زیاتر لە سێ سەد مەتر ڕووبەرەکەی بوو. ناوەکەشی چین بوو، و بەلام ئێستا کێوێك زبڵیان کردبوو بەسەریدا. مارتنس وتی بە هامەر ئەگەر ئەو زباڵ و زبڵە لابیرێت بە ئاسانی دەتوانرێت سودی لێوەربگیرێت. پەمووە کێوی بۆ ماددەی تەقەمەنی بەکار دەهێنرا و دەتوانرێت لە قولای زەویدا بهێنرێتە سەرەوە، سواری شەمەندەفەر بکرێت و بەرەو ئەورووپای ڕۆژئاوا ببرێت و بە بەهایەکی زۆر بفرۆشرێت. پاشان وتی ئەگەر هامەر بتوانێت هاوکاری بکات بۆ ئەوەی گەنمی ئەمریکا بگاتە ڕوسیا، ئەویش کارێك دەکات بۆ ئەوەی ئیمتیازی ئەم کانزایە بۆ کۆمپانیای یەکێتی بێت.

بیرۆکەکانی مارتنس لەبارەی هێنانی گەنمەوە زۆر باش بوو و وادیار بوو قازانجێکی زۆری دەبێت: هامەر کەشتی دەگرێت، و پڕی دەکات لە خاویار، پێستی گرانبەها و کۆمەڵێك شتی دیکە کە فرۆشیان باشە دەینێرێت بۆ ڕۆژئاوا، و لە داهاتی فرۆشتنی ئەو کەلوپەلانەدا پارەکەیان دەدات بە گەنمی ئەمریکی و پاشان دەیانگەیەنێتە ڕوسیا. کۆمپانیای هامەرەکان لە جێبەجێکردنی ئەم خزمەتەدا، مافی کارکردن بە ڕێژە ٥٪ نرخی گەنمەکە وەردەگرن. لەم کڕین و فرۆشتنانە، لە دیدی هامەرەوە، تەنها قازانجێکی بازرگانی نەبوون، بەڵکو هەلێك بوون تاوەکو

دارمزووەکانی باوکی جێبەجێ بکات. بەبێ ئەوەی لەبارەی کانزایی یان کاری داردەنیەوە زانیارێکی زۆری هەبێت، بۆیە پێشنیارەکەی بە خێرایی قبوڵ کرد. تەلەگرافێکی کرد بۆ براکەی هێری لە نیویۆرک، کە جێگری کارەکانی ڕۆژانەی باوکی بوو لە کۆمپانیادا، و داوای گرتنی کەشتێکی لێکرد.

* * *

شەمەندەفەرە تایبەتییەکە لە ئۆراڵ بوو، کاتێک هەواڵی ڕۆڵە پێشنیارکراوەکەی هامەریان خستە بەردەم لنین. ڕۆڵێکی بچوک بوو، بەڵام بۆ نەخشە گەورەکانی لنین گرنگییەکی بنەڕەتیان هەبوو. لنین بەهۆی پلانێکەوە سەرکەوتوویوو بوو، کە چوار ساڵ پێشتر بە مەحاڵی دەزانی. لەڕاستیدا، لە بەهاری ساڵی ١٩١٧، لنین بە ناوێکی خوازراوەوە واتە بەناوی (ڤلادیمیر ئیلیچ ئولیانۆڤ) کە ئەو کاتە تەمەنی چل و حەوت ساڵە بوو لە شوقەیەکی دوو ژووری داشقە لە (زوریخ) لە پاڵ کارگەیەکی (کالباس دروستکردندا) ژیانی بەسەر دەبرد. لنین لە ڕێگەی بڵاوکراوەیەکی سۆسیالیستی بچوکەوە بەناوی (ئیسکرا) داهاتێکی کەمی بەدەست دەهێنا و خۆی و هاوسەرەکەی پێی دەژیان. لنین نزیکەی دە ساڵ پێشتر، گەیشتبوویە ئەو دەرەئەنجامەی کە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی ڕوسیا بە گروپی بچوک و ناڕێک لە دەرەوەی وڵات، دوور لە دەستپێڕاگەیشتنی پۆلیسی نهێنی تەزاری، باشتر دەتوانێت کار بکات. بەم شێوەیە (حیزبی کرێکاری سۆسیال دیموکراتی ڕوسیا) خۆی ڕێکدەخات و بەشێوەی ڕێکخستنی ژێر زەمینی کارەکەی بریتیبوو لەو ئامانجە گەورەیەی کە کاری لەسەر دەکرد.

کەوتنی حکومەت بەدەستی ڕادیکاڵەکان لە ناوخۆی ڕوسیادا، بەڕاستی لنینی توشی واقوڕمان کرد، بەڵام ئەو زۆر زوو خۆی گەیاندە سەرچاوەی ڕووداوەکان کە بەخێرای پەردەی لەسەر لادەدرا. بنکەی سوپای ئەڵمانیا پێشنیاری معامەلەیەکی لەگەڵدا کرد کە نەدەکرا قبوڵ نەکرێت. ئەڵمانیا لە دوو بەرەوە شەڕی دەکرد، لەڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ ڕوسیادا، لە ڕۆژئاواشەوە لەگەڵ فەرەنسا و بەریتانیا و هاوپەیمانەکان. بۆیە زۆر حەزی دەکرد ڕوسیا واز لە شەڕکردن بهێنێت. ژەنەراڵە ئەڵمانیەکان بیریان لەوە کردەوە کە لنین و شوێنکەوتوەکانی وەکو ڤایرۆسێکی توندڕەو بگەڕێنەوە بۆ ناو جەستەی ڕوسیا تاوەکو دەست بکەن بە خراپەکاری و

دەستیان هەبێت لە پلانە جەنگیەکاندا. (جەنەراڵ ئەریش لۆدندۆرف)، عەقڵی ئەو پلانە، دەنوسێت (کارکردنی ئێمە زیاتر لەسەر خاڵی بۆچوونی سەربازی بوو. ئێمە دڵنیابووین لەوەی کە دەتوانین ئەرتەنۆی ڕوسیا بشکێنین) (١١). وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا دەنگی لەسەر پلانەکە دەرکرد، و وتی (بە قازانجی ئێمەیە کە دەسەلاتی بەرەی شۆڕشگێرە ڕادیکاڵەکان لە ڕوسیادا زاڵ بکەین) (١٢) بۆیە لنین و دە دوانزە لە هاوبەستەکانی لە بەرنامەیەکی داڕێژراودا لە فارخۆنێکی نادیاردا بە ڕێگا ئاسنینیەکانی ئەڵمانیا لە سویسراوە گەیەنرانە ڕوسیا.

لنین، دوای حەڤدە ساڵ دوورکەوتنەوە لە ڕوسیا، لە ١٦ ئاوریلی ١٩١٧، لە سن پیترزبۆرگ پایتەختی تەزاری لە شەمەندەفەرێکدا دابەزی. خەڵکێکی زۆری لایەنگر و هەوادارانی بە هەراوهوریا لەدەوریدا کۆبوونەوە. وتیان بەوانە شۆڕشی پرۆلیتاری دەستی پێکردووە کە هەموو ئەوانە چاوەڕوانی بوون، بەلشەفیکیەکان پێشەوای ئەو شۆڕشەن. حیزبەکەی ئەو، لەم کاتەدا، کەمینەیەکی بچوك بوو لەناو نوێنەرەکانی پەرلەمانە کاتیەکەی ڕوسیادا، بەلام تارەکو مانگی نۆڤەمبەر ئەوەندە لایەنگیری لەدەوری خۆیدا کۆکردەوە بەتایبەتی لەبواری سەربازیدا کە توانی بەناوی پرۆلیتاریاوە دەسەلات بگرێتە دەست. سەد و پانزە ڕۆژ دواتر، جەنگی ڕوسیا و ئەڵمانیان بە یەك لایەنە کۆتایی هات و هاوسەنگی هێزی سەربازی ئەوروپا تێکدرا بەسەر یەکدا.

کێشەی لنین بەڕێوەبردنی وڵاتێك بوو کە درابوو بەدەستیەوە، خۆی دانی بەوەدانا، (ئێمە ناتوانین ئیداری ئابوری ڕوسیا بکەین). ڕاستی دەوت. لە ساڵی ١٩٢٠، ڕێژەی بەرهەمهێنانی پیشەسازی ڕوسیا کەمبوویەوە بۆ یەك لەسەر پێنجی ئەوەندەی ساڵی ١٩١٣. سەرەڕایی ئەوە، هەوڵێکی زۆردرا بۆ دەست بەسەراگرتنی کێڵگە تایبەتیەکان کە بووە هۆی سەرهەڵدانی جەنگێکی خوێناوی و بەردەوام لە نێوان خاوەن زەویەکان و جوتیاراندا، کە لەو پێکدادانانەدا نزیکەی یەك ملیۆن کەس کوژران، و ئەوەندەی نەمابوو کە هەموو ڕژێمی کشتوکاڵی ئەو وڵاتە هەرەس بهێنێت (١٣). ئارچەی دەوڵەمەندی ئەوتاوی سۆڤیەت، بەبێ دەستکەوتی هۆکاری یەدەکی لە دەرەوە، لەتوانایدا نەبوو سوتەمەنی بۆ تراکتۆرەکان و لۆریەکانی ئامادە بکات، شەمەندەفەرە ڕوسیەکان نەیاندەتوانی بەرهەمە بەدەستهاتوەکان بگوازنەوە بۆ

شوێنێکی دیکە. تەنها ڕێگە گرتن لە برسیەتی خەڵك بەدەستهێنانی هۆکاری یەدەکی، سوتەمەنی، و بەدەستهێنانی پێوستی زۆر بوو لە دەرەوە. وڵاتانی دەرەکیش ئەو ڕژێمە کۆمۆنیستەیان بە دووژمنی سەرەکی و سەرسەختی خۆیان دەزانی.

لنین دەبوو هەڵوێستی ڕۆژئاوا لەبەرامبەر ئەوەی کە لە ڕوسیای سۆڤیەتیدا هەبوو بگۆڕێت. سیاسەتمەدارە ئاسایەکان توانایی گۆڕانێکی لەو شێوازەیان بە ئەگەرێکی زۆر قورس دەزانی، بەڵام لنین دەیوت بە ئاسانی دەتوانێت ئەو کارە بکات. ئەو هەموو تەمەنی خۆی لە سەرچاوەی پلاندانانی جیهانیدا تەرخانکردبوو کە باوەڕی وابوو دەتوانێت بە ئاسانی سەرتاپای ڕژێمی کەپیتاڵیزمی جیهانی تێکبشکێنێت و سەرکەوێت بەسەریاندا. چەندین ساڵ پێشتر لە ساڵەکانی ١٩٠٢، لە نامەیەکدا لە ژێر ناوی دەبێت چی بکرێت؟ هێڵی گشتی ستراتیژیەتی خۆی خستبوویەڕوو کە چۆن گروپێکی بچوك لە شۆڕشگێڕە لێهاتوەکان شۆڕشێکی جیهانی بۆ ئاپۆڕای جەماوەر بەرپا دەکەن. سەرکەوتنی ئەوانە پەیوەستە بە نهێنی، ڕێکخستن، فێڵەوە. چونکە بەو شێوەیەی کارکردن مەبەستی واقی دەشاردرێتەوە، مەبەستی درۆزنانە دەخرێتە ڕوو و نمایش دەکرێت. ناکۆکیە دەرگیرەکان، لادەرەکان، دەرەنجام سەریان لێ تێکدەچێت و خۆیان هاوکاری لەناوچوونی خۆیان دەکەن. ئەم پلانە زۆر کاریگەر بوو. ئێستا لنین دەیویست هەمان بنەمای شۆڕشی لە سیاسەتدا بەکاربهێنێت. دەبێت بەهەرشێوەیەك بووە ڕووی ڕوسیا بەهێز بکات و ئەو دەوڵەتە بکاتە دەوڵەتێکی ئاشتیخواز و بەهێز و قازانج ویست و بەشێوەیەکی مرۆی پیشانی بدات، تەنانەت ئەگەر ئەو هەنگاوانەش بریتی بێت لە لادان لە ئایدۆلۆژیای مارکسیش، هەر دەبێت ئەنجام بدرێت. لەو حاڵەتەدایە کە مانەوەی شۆڕش دەکەوێتە مەترسیەوە، کاتێك کە هێشتا، هۆکارەکان ئاراستەکراوین.

بەخشینی ئیمتیازەکانی وەکو کانزاکان بۆ سەرمایەدارە دەرەکیەکان لەبەرامبەر بەدەستهێنانی پێویستێکی کاتی، بریتی بوو لە بەشێك لەو ستراتیژیەی کە لنین هەیبوو. لنین وتی بە سەرۆکی (کۆمیسایی ئابوریەکەی خۆی) واتە (سیمۆن لیبرمان) ئیمتیازەکان (چەشتەیەکە) کە مامەڵەچیەکان دەخاتە ناو داوەوە و دوژمنایەتی سیاسی خۆیان پێ لەناو دەبات (١٤). بێگومان ئەو سەرمایەدارەکانی ئەمریکا، بەریتانیا و ئەڵمانیای توشی کێبەرکێ کردبوو لەبەر پێدانی ئمتیازەکان، و بۆ

بەدەستهێنانی هەلومەرجی باشتر حکومەتەکانی خۆیان دەخستە ژێر فشارەوە بۆ ئەوەی سنوورداریەکانی معامەلەکردن لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا لەناوبەرن و ڕێگەیەکی زیاتر بکەنەوە لەگەڵیاندا (تەنانەت لنین ئەندێشەی پێدانی بەندەری (ڤلادیوستکی) لە ڕۆژهەلاتی دووری سۆڤیەتی هێنابوویە باسەوە بۆ سەرمایەدارە ئەمریکیەکان بەمەرجێك دەوڵەتی ئەمریکا لەدژی یابان بوەستێت). لنین بە ئاسانی هاوکارەکانی خۆی قەناعەت پێکرد کە لە ڕێگەی چەشتەدانانی ئەو گریمانانەوە بۆ سەرمایەدارەکان دەتوانێت ڕوسیای سۆڤیەتی بەباشی پێشبخات و قازانجێکی باش بکات. یەکێك لە هاوکارەکانی لنین لێی دەپرسێت دەوڵەتی سۆڤیەت ئەناف لەکوێ دەهێنێت بۆ ئەوەی دەوڵەتە کەپیتالیزمەکانی پێ ببەستێتەوە، لنین وەڵام دەداتەوە، (خۆیان تەناڤمان پێدەدەن) (١٥).

لە مارسی ١٩٢١، لنین (سیاسەتی ئابوری تازە)[١] واتە (نیپ)ی خستەڕوو. کۆمۆنیزمی جەنگ، کە هەموو جۆرە بەرژەوەندیکی قەدەغە دەکرد، وەلای نا، و ڕژێمێکی تێکەڵی لە موڵکیەت بوونی گشتی و تایبەتی داهێنا. پارەکەیان کە لە ساڵی ١٩١٨ هەڵوەشابوویەوە، دووبارە هاتەوە مەیدان، و دارایی شەخسی، بازاڕی ئازاد، و معامەلەی سەرمایەداری هەموو ئازادکرانەوە. سیاسەتی ئابوری تازە، کە میواندارێکردنی سەرمایەداری دەرەکی بوو، بڕیاربوو لە مانگی ئاوت جێبەجێ بکرێت، و لنین بۆ دروستکردنی کێبەرکێ لە خستنەڕووی ئیمتیازاتەکانەوە، پێویستیتی تەواوی بە سەرمایەدارێك هەبوو، سەرمایەدارێکی لێهاتووی باش، کە یەکەمین ئیمتیازی سەردەمی تازە وەرگرێت.

دوای چەند سەرکەوتنێکی ناسەرکەوتوو لە بەهاری ڕابردوودا، مارتنس سەرەئەنجام کاندیدێکی گونجاوی پەیداکرد: ئەویش (ئارمەند هامەر) بوو. لە ١٣ی نۆکتۆبەر هاوڕێ و هاودەستی کۆنی جۆلیوس هامەر، بوریس ڕینستین، کە پیاوێکی جەستە لاواز و نیوە کوێری پەنجاو حەوت ساڵە بوو، باروودۆخ و حاڵەتەکەی هامەری بۆ لنین باس کرد. (ڕینستین) لە ساڵی ١٩١٧، دوای شۆڕش، بە پەرتاو هات بۆ ڕوسیا

---

[١] NEP ، نیشانەی کورتکراوەی بەرنامەی ڕەسمی ئابوری دەوڵەتی سۆڤیەتی بوو لە ساڵی ١٩٢٠ تاوەکو ساڵی ١٩٢٨ (وەرگێڕ)

و پەیوەست بوو بە لنینەوە، دواتر بووە نوێنەری ئەمریکا لە کمنترین. کمنترین ڕێکخراوێك بوو لنین لە ساڵی ١٩١٩ دروستی کردبوو تاوەکو ئەو پلانە جیهانی یە کە لە مێژووی تازەدا بێ وێنەیە، لەوانەشە بێ هاوتا بێت ڕێکبخات. سەنتەری کمینترین لە مۆسکۆ بوو و تێچوونی کارەکانیشی کۆشکی کرملین دابینی دەکرد. تاکتیکی ئەو ڕێکخراوە خراپەکاری بوو: کارمەندەکانی دەچوونە ناو یەکێتییەکانی کرێکاری، ڕێکخراوە خوێندکاریەکان، حیزبە سیاسیەکان، و حکومەتەکانەوە. لەگەڵ ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٢١، زیاتر لە هەزار ئەندامی چالاکی نەبوو، کەچی ئەمانە لە بزوتنەوە شۆرشگێڕیەکانی بیست وڵاتدا دەستیان هەبوو. ئەمانە هەموو پێداویستیەکانی سیخوڕی: ناوی خوازراو، بەڵگەنامەی تەزویر، پارەی نایاسایی، چەکی نهێنی، ماڵی نادیار، شوێنی شاراوە و تۆڕی نادیاریان هەبوو. کمینترن لەژێر چاودێری کرملیندا کارەکانی ڕادەپەڕاند، بەڵام واخۆی پیشان دەدا کە دامەزراوەیەکی سەربەخۆی ئازادە.

ڕینستین لە دامەزرێنەرە سەرەکیەکانی ئەم ڕێکخراوە بوو لە مۆسکۆدا، و دوو بەرپرسیاریەتی جیاوازی هەبوو. لەلایەکەوە سەرۆکی (پرۆفینتن) بوو کە هەوڵیدەدا بۆ دروستکردنی ڕاپەڕینی کرێکاری لەسەرتاسەری جیهاندا، و لەلایەکی دیکەوە، لە حکومەتی سۆڤیەتیدا، سەرۆکی بەشی پروپاگەندەی ئەمریکی بوو بۆ کۆمیساری کاروباری دەرەوە. لەگەڵ ئەوەدا یەکێك بوو لە شارەزایانی بواری ئەمریکا بۆ لنین. پلانی بەکارهێنانی سەرمایە و تەکنەلۆژیای ئەمریکی لە ڕێگەی بەخشینی ئیمتیازەکانەوە لە ژێر چاودێری ئەودا جێبەجێ دەکران، و ئەو وتی بە لنین کە جولیوس هامەر (مارکسیستێکی پاك و دڵسۆزە) و کەسێکە دەتوانێت (بزوتنەوەی کۆمۆنیستی) بخاتە سەر پێ لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا و دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت. ڕینستین ڕاپۆرتی دا بە لنین و باسی ئەوەی کرد کە دەوڵەتی ئەمریکا زۆر بەشێوەیەکی نایاسایی جولیۆسی لەبەر چالاکیەکانی لە (نوسینگەی ڕوسیای سۆڤیەتی) خستوەتە زیندانەوە، لەگەڵ ئەوەدا ئەو لە زیندانیشدا لە پشتی میلی ئاسنەکانی زیندانەوە بەردەوام هاوکاریمان دەکات. بۆ لنین ڕونی کردەوە کە جولیوس هامەر کوڕەکەی ئارمەند بە نوێنەری خۆی، لەگەڵ خەڵاتێکی گەورە و دەستگایەکی تەواو بۆ چارەسەرکردنی کارە ئەشتەرگەریە قورسەکان ناردوە بۆ (کۆمیساری تەندروستی) بۆ مۆسکۆ. (١٦)

لنین زۆر کەوتە ژێر کاریگەرییەوە. تەلەگرافێکی کرد بۆ (مارتنس) لە ئۆرال تاوەکو بزانێت ئایا دەکرێت هامەر هانبدات کە لە کارەکانی دیکەی بازرگانیدا سەرمایەگوزاری بکات (١٧). لنین بێئاقەتی ئەوە بوو کە لەوانەیە هامەر نەتوانێت لە بەڵێنەکانی خۆیدا بەتایبەتی لەگەیاندنی گەنمدا کارەکان ئەنجام بدات. لەکاتێکدا کە لنین نەیتوانی بەو بونیاستی معامەلەکان و ئیمتیازەکان لەگەڵ ئەوروپییەکاندا بشکێنێت، هەمان ڕۆژ نوسی (ئینگلیزەکان و فەرەنسییەکان دەیانەوێت ئێمە تالان بکەن) (١٨).

توانی وابکات بەهۆی ئەو معامەلە نادیارانەوە کێبەرکێیەك دروست بکات، و یەکەمین ئیمتیاز بداتە ئەمریکێك. لە ١٩ ئۆکتۆبەر فەرمانیدا بە مارتنس ئامادەکاری بکات بۆ ڕەشنوسی ڕێکەوتنێك لەگەڵ هامەردا. لە ڕەشنوسی ڕێکەوتنەکەدا (ناوێکی خواستراو دابنێت) و پاشان لنین ئەوەشی خستەڕوو کە ئیمتیازێکی تەزویی کانزایی، وەکو گوندە هەڵخەڵەتێنەرەکانی (پوتیومکن)[1] کە بۆ خۆشی شاژن کاترینی گەورە دروستکرابوو، ئامانجە گرنگەکە بەدەست بهێنێت. و پاشان ئەوەشی خستەڕوو، (ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێت نیشانی بدەین و بیخەینە سەر کاغەز. ئەوەیە کە ئەمریکیەکان کەوتونەتە شوێن ئیمتیاز. ئەمەش لە ڕوانگەی سیاسیەوە گرنگە) (١٩).

مارتنس ڕەشنوسی ڕێکەوتنێکی ئیمتیازی بۆ کانزای پەمووی کێوی بۆ گواستنەوەی لە شاری (ئالاپیاوسك) بەناوی هامەرەوە ئامادەکرد. بۆ گرنگیدان بە معامەلەکە و گرنگی خستنەڕووی؛ لنین ڕەزامەندی پیشاندا کە بەشەخسی لەگەڵ ئەو گەنجە ئەمریکیە دابنیشێت و دیدارێکی لەگەڵدا ساز بکات.

* * *

مۆسکۆ لەسەر حەوت تەپۆڵکە بنیاد نراوە، لەسەر یەکێك لەو تەپۆڵکانە، لەنێوان دیوارە بەرزەکان کە تەزارەکان دروستیان کردوە، کۆشکی کرمیلین هەیە. هامەر ئەو ڕۆژەی کە لەسەفەرەکەی ئۆراڵدا گەڕایەوە، بانگ کرا بۆ کرمیلین. لە کاتژمێر نۆی

---

١ - potemkin : دەستلێشانکردنە بۆ ئەو گوندە ڕازاو و جوانەی کە گریگۆری پوتیمومکین (پیاوی بە دەسەڵاتی ڕوسیا و خۆشەویستی کاترینی دووەم) لە گەڕانەوەی شاژن لە (کریمە) لە ساڵی ١٨٧٨) بەشێوەیەکی دروستکراو لە سەر ڕێگەکەی دروستی کرد. (وەرگێڕ).

بەیانی ڕۆژی ٢٢ ی ئۆکتۆبەری ١٩٢١، بۆریس ڕینستین لە بەردەم دەروازەی قەڵاکەی (تروتسکی) ئەو شارە گەمارۆدراوەدا چوو بۆ پێشوازی ئەو گەنجە. ڕینستین چوار دە ساڵ پێشتر جۆلیوس هامەری بردبوو بۆ لای لنین، ئێستا کوڕەکەی جولیوس دەهات. هامەر جەوازەکەی خۆی لە پرسگەی پاسەوانەکەدا دانا و کارتێکی ڕۆیشتنی وەرگرت و لەگەڵ ڕینستیندا بەسەر قادرمە بەردینەکاندا دەستیانکرد بە ڕۆیشتن. لەناو دیوارەکاندا، هامەر توشی واقوڕمان بوو بەو لەو کۆشکانەی سەردەمی سەدەکانی ناوەندا و لەو ڕەنگاو ڕەنگی و جوانکارییەی کە هەبوو. تەزارییەکان پێش ئەوەی لە سەدەی هەژدەیەم پایتەختی خۆیان بەرن بۆ (سن پیترزبۆرگ)، لەو کۆشکەوە دەسەڵاتی ڕوسیایان دەبرد بەڕێوە. لەناو کۆشکی شکۆمەند و ناوچەی فراواندا تێپەڕین کە لە دەوروبەری ئەو ناوچانەدا تۆپەکانی ناپلیۆن دانرابوون کە کاتی خۆی هاتبوو بۆ گرتنی مۆسکۆ. پاشان ڕۆیشتنە ناو بینایەکی تاڕادەیەک تازەوە، کە پێشتر شوێنی دادگایی بەرزی مۆسکۆ بوو. تاوەندی عەمەلیاتی لنین لە قاتی دووەمدا بوو. چاودێرەکان دووبارە هامەریان وەستاندە و پرسیار و وەڵامیان لەگەڵدا کرد، پاشان هامەر و ڕینستین ڕێنوێنی کران بۆ ژوورێک کە لەڕووی دەرەوە بوو کە گروپێک لە کچ و ژنی تێدابوو کە لەپشت مێزەکانەوە دانیشتبوون و خەریکی تایپکردن و نوسینەوە بوون. کاتژمێر ١٢ نیوەڕۆ، دەرگا نهێنییەکانی ناوەوەی شۆڕشی جیهانی کرایەوە و سکرتێرێک هاتوو ئەوانی برد بۆلای لنین.

لنین بۆ بینینی ئەوانە لەسەر کورسییەکەی هەستایەوە. هامەر دواتر لە یاداشتەکانیدا نوسی: (جەستەی بچوکتربوو لەوەی کە چاوەڕوانم دەکرد. پیاوێکی خڕ نزیکەی مەتر و نیوێک باڵای هەبوو بە کەللەیەکی گەورەوە). (هامەر خۆی کەمێک زیاتربوو لە مەترونیوێک) ئەوەی کە هامەری سەرسام کرد، پەرتەوازەی ژوورەکە بوو. سەیری هەر سوچێکی ژورەکەی دەکرد پڕبوو لە (کتێب، گۆڤار و ڕۆژنامە بە پێنج شەش زمان... لەسەر مەکتەبەکان، لەسەر کورسیەکان، هەموو هەڵچنرابوون تەنانەت سەر مێزی نوسینەکەشی پڕبوو لە کتێبی هەڵچنراو) تەنها شوێنێکی چۆڵ کە هەبوو سوچێکی مێزەکەی لنین خۆی بوو کە ئەویش چەند تەلەفۆنێکی لەسەر بوو..

بە وتەی هامەر، کاتێک لنین لەبارەی بارودۆخی ترسناکی ئابوری ڕوسیا و نەبوونی سەرکەوتنی کۆمۆنیستەوە قسەی دەکرد، چاوەکانی پڕبوون لە ناو. ئینجا وتی:

(ڕوسیا ئەمڕۆ لە قۆناغی سەرەتایدایە)، بەشێوەیەك قسەی دەكرد كە سەردەمی نهێنی كۆمۆنیست سەردەمێك بووە و كۆتایی هاتوە، پاشان وتی (ئێمە پێویستمان بە زانین و ڕۆحیەتێكی وەكو ئێوە هەیە كە ئەمڕۆ ئەمریكای گەیاندوەتە ئەمڕۆ) پاشان چووە سەر ئەسڵی بابەتەكە و وتی: (بەڕاستی ئەوەی كە ئێمە پێویستمانە سەرمایە و هاوكاری هوتەری ئەمریكای یە). پاشان داوای پارمەتی لە هامەر كرد. (كەسێك دەبێت هەنگاوێك بنێت بۆ پێشەوە). و پاشان پێشنیاری كرد، (بۆچی تۆ خۆت ئیمتیازی پەمووە كێوی وەرناگریت؟) (٢٠) هامەر هیچ لاری نەبوو. ئەو نەك هەر خۆشحاڵبوو لە بینینی ڕێبەرێكی جیهانی، بەڵكو، بەوشێوەیە كە لە ساڵەكانی دواتردا لە بیرەوەریەكانیدا نوسیبووی كەوتبوویە ژێر كاریگەری توانایی كەسیەتی لینینەوە. دەڵێت (ئەگەر لنین (بە منی) بوتایە لە پەنجەرەوە خۆت هەڵبدە، (من) لەوانەیە ئەو كارەم بكردایە). ئێستا بوو بوو بە موریدی لنین. (٢١). دیدارەكەی ئەوان نزیكەی كاتژمێر یەك و نیوی دوانیوەڕۆ كۆتایی هات.

لنین هیچ قسەیەكی نەبوو لەسەر ئەوەی كە هامەر باسی بەشێك لە زیان و قازانجی ئەو ئیمتیازاتە بكات بە ئاشكرا، تەنانەت پێشنیاری ئەوەشی كرد كە دەبێت هەرچی كراوە ئەو كارە لە دەرەوە بەباشی (بلاَوبكرێتەوە). بەڵام هەموو بەشەكانی گفتوگۆی ئەوانە (بێ زیان) نەبوو. ئیمتیازی هامەر خرابوویە ژێر چاودێری (كۆمیتەی ئیمتیازە تایبەتەكانەوە)، كە یەكەیەكی تازە بوو، و سەرۆكایەتی هاوبەش، و بەڕێوەبردنی ئەو بەشە درابوو بە (فلیكس ئەدمۆندڤیچ دزرژینسكی) سەرۆكی پۆلیسی نهێنی. (دزرژنسكی) كوڕی ئەجیبزادەیەكی دەوڵەمەندی پۆڵەندی بوو، دەیویست ببێتە قەشەیەی كاسۆلیسكی بەڵام دواتر بووە كەسێكی شۆڕشگێڕ و دە ساڵ تەمەنی لەناو زیندانەكانی ئەزاریدا تێپەڕاندبوو. لە دیسەمبەری ساڵی ١٩١٧، لنین ئەوی كردە یەكەمین سەرۆكی (كۆمیسیۆنی گەورەی جەنگی بۆ دژە شۆڕشگێڕەكان و خراپەكارەكان) كورتكراوەی ئەم ڕێكخراوە بەناوی یەكەم وشەكانیەوە ناونرا و بە (چكا) ناوی دەركرد. (چكا) خاوەنی دەسەڵاتێكی زۆر بەهێزی لێكۆڵینەوە، چاودێری، دادگایی، تاوانباركردن، و ئیعدامكردنی هەر كەسێك بوو، ئەگەر بیویستایە لە ڕوسیادا.

لە بەهاری ساڵی ١٩٢١، دزرژنسکی دەستیکرد بە ڕێکخستنی یەکێك لە بەهێزترین فێڵەکانی مێژووی تازە کە بە (عەمەلیاتی تراست) ناو دەبرێت. کارمەندەکانی (چکا) لەم عەمەلیاتەدا خۆیان وەکو دژە کۆمۆنیستی پیشاندا. تاوەکو سیخوڕە ڕۆژئاواییەکان قەناعەت پێبکەن کە گروپی خەیاڵی ئەوانە، ناوی (تراستە) کە ڕێکخراوێکی بەهێزە و بەڕاستی دژە کۆمۆنسیتی یە لە ڕوسیادا. سیخوڕەکان بە دوولایەنە زانیاریان دەخستە بەردەم بەرپرسە ڕۆژئاواییەکانەوە یان (پێیان دەفرۆشتن) ئەو کەسانە بە نهێنی (دزرژینسکی) هەڵبژاردبوون. پەیامی نوسراو لەم ڕاپۆرتانە ئەوە بوو کە (چاکسازی ئابوری تازە) (نیپ) نیشانەی دەستکێشانەوەیە لە کۆمۆنیزم، و ئەوەی کە بەلشەفیکیەکانی لەسەر کار هێشتبوویەوە بێزاری خەڵکی ڕوسیایە لە خراپەکاریەکانی دەرەوە. مەبەستی سەرەکی ئەم عەمەلیاتە ئەوە بوو کە دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان قەناعەت پێبکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان و ڕووبەڕووبوونەوی کۆمۆنیستەکان دەبێت کۆتایی بهێنن بەو گەمارۆ ئابوری و دەستێوەردانەی خۆیان کە لەناو ڕوسیادا هەیانە.

ئەم فێڵ و تەڵەکەبازیە شلەژاوی و ئاڵۆزی پەیوستی زانیاری سیخوڕی سات بەساتی دەرەوە بوو. کێشەی سەرەکی لە ساڵی ١٩٢١ بە خزمەت نەگرتنی سیخوڕان لە دەرەوەی ڕوسیادا نەبوو (ئەنترناسیۆناڵ کۆمۆنیزم) زۆر خەڵکی گەورە و کەسی بە وەفای ئامادە کردبوو بۆ ئەو دەزگایە، کێشەی سەرەکی بریتی بوو لە دروستکردنی پەیوەندی گەیاندنی پارە بۆ ئەو کەسانە. لەکاتێکدا کە ڕوسیا هێشتا لە دەرەوە سەفارەت و دەستەی سیاسی نەبوو تاوەکو ئەو عەمەلیاتە بگرێتە ئەستۆ، (دزرژنسکی بە شاراوەی سودی لە دامەزراوە بازرگانیەکانی ژێر کۆنترۆڵی سۆڤیەتی وەردەگرت. ماوەیەك پێشتر بنکەیەکی شاراوەی بۆ کارمەندەکانی خۆی لە ئەوروپادا ئامادە کردبوو: بۆ نمونە (کۆمپانیای هاوکاری سەرتاسەری ڕوسیا) لە لەندەن، کە بەناوی (ئەرکۆس) (arcos) ناسرابوو، و دەستەی بازرگانی سۆڤیەتی لە بەرلین. بەڵام لە ئەمریکادا، لە بەرنەوەی (ئەدگار هوور) نوسینگەی ڕوسیای سۆڤیەتی داخستبوو، دزرژنسکی ناچاربوو بە گاڵۆك بڕوات بەڕێوە. (کۆمپانیای دەرمانی ماددەی کیماوی یەکێتی) کە تایبەت و پەیوەست بوو بە هامەرەوە، زۆر بەباشی یەکەڵکی ئەم کارە دەهات، ئیمتیازی کانزای ئەوان، کە لەسەر بنەمایی فەرمانی لنین بەشێوەیەکی فراوان

بانگەشەی بۆ کرابوو، بەڵگەیەکی ئاراستەکراو دەدات بە دەستی کۆمپانیای نیویۆرکەوە بۆ ئەوەی پارە بنێرێت بۆ مۆسکۆ. لەگەڵ ئەوەشدا، مۆسکۆ دەتوانێت بەشێوەیەکی ئاسان لە ڕێگەی عەمەلیاتەکانیەوە چاودێری کۆمپانیای یەکێتی بکات. کۆمپانیاکە دەتوانێت دووبارە خۆی ڕێکبخاتەوە و بەڕووکەش وایی لێبکرێت کە لە سەرەوە هەر خەریکی کاروکاسبی خۆیەتی، بەڵام لە دەستەی بەڕێوەبردندا کۆمەڵێک لە کاندیدی سۆڤیەتی تێدایە لە بەرامبەریشدا کۆمەڵێک کەسی نا سۆڤیەتی لەناودا هەبێت. هامەر تاوەکو ئێرە ڕۆڵی کوڕێکی دڵسۆز دەبینێت کە بەتەواوی کارێکی بازرگانی دەکرد بۆ باوکە گیراوەکەی. بەڵام ئێستا خەریکە مەسەلەکە دەگۆڕێت و ڕۆڵی ئەو جدیتر دەبێت. بە قبوڵکردنی ئەو ئیمتیازەی کە ڕوسەکان خستبویانە بەردەم هامەر، لە حەقیقەتدا دەسەڵاتی کۆمپانیای یەکێتی دابوو بە دەست سۆڤیەتیەکانەوە. و ئێستا ئەم کۆمپانیایە بەم شێوەیە دووبارە خۆی ڕێکدەخاتەوە، بۆی دەرکەوت کە دەبێت پەیوەندی لەگەڵ کێدا بێت، و (چکا) ش بەرپرسیاریەتی چاودێری هەموو کاروبارەکانی لەدەستدایە.

دزرژنسکی یەکێك لە کارمەندە بەرجەستەکانی دژە سیخوری (چکا)ی بەناوی (لومیرۆنف)ی کردە چاودێر و ڕێکخەر و هاوئاهەنگی ئیمتیازی تازە. بەرپرسیاریەتی دیکەی (میرۆنف) بە گەواهی پەنابەرێك کە لە ساڵی ۱۹۲۱ لە (چکا) لەگەڵ ئەودا کاری دەکرد، سودوەرگرتن بوو لە خاوەن ئیمتیازەکان بۆ مەبەستی سیخوڕی. کەمێك دوای بینینی لنین، وتیان بە هامەر کۆمپانیای خێزانی ئەو تەنها و تەنها خەریکی کاری کانزاکاری پەموی کێوی نابێت لە ئورال، بەڵکو جۆرێك لە ڕێکخستنێکی دارایی چالاکیەکانی سۆڤیەت لە ئەمریکاشدا ئەنجام دەدات، کە ئێستا نایاسای یە.

ئەخشەکە ئەمە بوو: کۆمپانیای یەکێتی دامەزراوەیەك بۆ کارە بانقیەکان لە نیویۆرکدا دروست دەکات کە ئیمتیازی تایبەتی ناردنی حەواڵەی پارەیە بۆ ڕوسیا. هەر کۆچبەرێك لە ئەمریکا کە دەیەوێت لە ئەمریکا بۆ خزمەکانی خۆیان پارە بنێرن بۆ ڕوسیا دەبێت لەڕێگەی ئەو دامەزراوەیەوە ئیشەکەی ئەنجامبدات. کەسەکانیان لە ڕوسیا بە ڕوکەش تێکڕایی ئەم پارەیە بە پارەی (رۆبلی سۆڤیەتی) لە بانکی نەتەوەی لە مۆسکۆدا وەردەگرن، لەکاتێکیشدا بەهای پارەی ڕوسی لە ڕاستیدا هیچ نرخێکی بەرچاوی نی یە. بەوشێوەیەی کە بوریس رینستین لە ڕاپۆرتێکدا سەرکەوتنەکانی

خۆی له کرملیندا بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو (ئەم (ڕۆڵە) ڕوبارێکە لە ئاڵتون بۆ ڕوسیا.. بۆ پارێزگاری دارایی ئێمە لە دەرەوە) (٢٢).

هامەر ڕێکخستنی پێویستی کارەکەی دا بە (ڤەرون لوڤیك شایەمن) سەرپەرشتیاری بازرگانی دەرەکی لە (بانکە نەتەوەیە کۆماریەکانی سۆڤیەت) و ئەم کەسە حسابێکی ژمارە یەکی بەناوی هامەرەوە کردەوە. ئەمە یەکەمین حساب بوو کە بەناوی کەسێکی بیانیەوە کرایەوە.

لەکاتێکدا کە کارەکان جێبەجێ دەکران، ٧٥ هەزار دۆلار بەشاراوەی درا بەهامەر بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بیبات بۆ نیویۆرك. ئەم ڕێژەیە، کە تێکرایی ٦٠٠ هەزار دۆلار بە پارەی ئەمڕۆی دەکرد، بۆ دابەشکردن بوو لەنێوان کارمەندە شاراوەکانی کمینترن. بەو شێوەیەی کە (رینستین) لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا نوسی، هامەر بەم کارەی ئەوەی نیشانیدا کە خۆی و باوکی (کۆمۆنیستێکی بەباوەڕ و هاوڕێیەکی پاك و خۆشەویستن) (٢٣).

* * *

هامەر کە خەریکی بینین و سەردانی کارمەندەکانی (کمینترن) و (چکا) بوو، کاری ئامادەکردنی بەشەکانی پەیمانی ئیمتیازەکان درا بەسەر (بۆریس میشیل)دا. میشێل لە باوەڕپێکراوە تازەدامەزراوەکانی هامەر بوو بە شاراوەی. چەند مانگێك پێش ئەوە میشێل ئەو گەنجە، کەم ڕوو و نادڵنیا و ترساوەی، سواری شەمەندەفەری ڕوسیایکرد. ئێستا پیاوێکی تری بینی لەبەرامبەر خۆیدا کە پەیوەندیەکانی لەگەڵ (چکا)دا ئەنجامدەدات و دەستکەوتی تایبەتی دەوێت. لەڕاستیدا میشێل زۆر دڵخۆش نەبوو بەو قازانجەی کە لە کانزا لەکارکەوتوەکەی پەموە کێویەکەدا دەستی بکەوێت، بەڵام بە سەختی کەوتە ژێر کاریگەری هاوکاری زۆر باشی حکومەتی سۆڤیەتیەوە لەگەڵ هامەردا. سۆڤیەتیەکان ڕازیبون لەسەر ئەوەی کە نەك هەر شوێنی بەڕێوەبردن، ئاسانکاری تەلەفۆنی و عەمباری پێویستی بۆ دابین بکەن، بەڵکو سەربازی چەکداریشی بخەنە بەردەم.

کەمتر لە هەفتەیەك دوای بینینی لەگەڵ لنیندا، دەقی کۆتایی پەیمانی ئیمتیازەکە ئامادەکرابوو بۆ ئیمزاکردن. ئاهەنگی کارەکە لە ٢٨ ئۆکتۆبەر لە کۆمیسیاری کاروباری دەرەوە ڕێکخرا. میشێل، و هامەر بە نوێنەری کۆمپانیای یەکێتی، و دوو

کەس لە دامەزرێنەرە ئەسڵیەکانی سیاسەتی ئابوری تازەی لنین، (ماکسیم لیتوینف، قائیم قامی کۆمیساری کاروباری دەرەوە، و (پی یتر ئالکسڤیچ) سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەنی بەرزی ئابوری ڕوسیا، بەنوێنەرایەتی حکومەتی سۆڤیەتی، پەیمانەکەیان ئیمزاکرد.

ئەم بەرپرسە پایە بەرزانە، تەنها لەبەر دووبارە کەوتنەوەکاری کانزای پەمووی کێوی ئاهەنگیان نەدەگێڕا. لە ڕاستیدا، ئەگەر مەبەست لە دەرکردنی پەمووە کێوی بوایە، پێویستی نەدەکرد خزمەتی دوو ئەمریکی بێ ئەزموون بکرێت. معاملەی پەموە کێویەکە پێشەکیێک بوو بۆ هەوڵدانی کارکردن بۆ دامەزراندنی بنەمایەکی بازرگانی لە نیویۆرکدا کە لە ڕێگەی ئەوانەوە دەتوانرا ڕێگەیەک بۆ معاملەیەکی بازرگانی و چالاکیەکانی دیکە لە ئەمریکادا بکرێتەوە. لنین نوسیبوی بۆ هامەر: (دەستپێکردنی کارەکە بەڕادەیەکی زۆر گەورە گرنگە) (٢٦) لەگەڵ ئەوەدا لنین وێنەیەکی خۆی ناردبوو بۆیی و لەژێر وێنەکەیدا نوسیبووی (بۆ هاوڕێکەی ئارمەند هامەر) ئەمە دەربڕینێک بوو کە لنین تاڕادەیەک هەمیشە لەکاتی خۆناساندنی بە هاوڕێ کۆمۆنیستەکانی بەکاری دەهێنا و هەرگیز لەبارەی هیچ بازرگانێکی ڕۆژئاوایی دیکەوە ئەو کارەی نەکرد، کە کردی بۆ هامەر.

لە ٣ نۆڤەمبەر، قسەکەری ڕاگەیاندنی سۆڤیەتی بە ئاهەنگ و مەراسیمێکی گەورەوە، بەخشینی ئیمتیازەکەی بەشێوەیەکی ڕەسمی بڵاوکردەوە، و ناوی هامەری بۆ یەکەمینجار لە ڕاگەیاندنە جیهانیەکاندا برد. ئێوارەی هەمان ڕۆژ، هامەر، بە هەڵگری سڵاو و ڕێزی لنین بۆ باوکی و هاوڕێکانی دیکەی لە زیندانەکانی ئەمریکادا، لە مۆسکووە ڕۆیشت بۆ ڕیگا تاوەکو ڕێکخستنی یەکەمین باری ناردەنی ڕوسی ڕێکبخات بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

کاتێک یەکەمجار ئارمەند هامەر پێی خستە ناو کەشتی نەفەر هەڵگری (ئاکویتانیا) ی ئەمریکاوە، گەنجێکی شەرمن و گۆشەگیر و بێ دەنگ و هەڵگری

نهێنیێك بوو: واته ئوشبوونی به تاوانێك كه باوكی لەبەرخاتری ئەو زیندانی كرابوو و لەگەڵ ئەو پەیامە نهێنییەی باوكی بۆ سۆڤیەتییەكان. بەڵام ئێستا كە دەگەڕێتەوە ئەزموونێكی فراوانی لە چۆنیەتی گەڕانی كاری جیهان، بەلایەنی كەمەوە جیهانی پلانگێڕی، پەیداكردبوو، و بەرەبەرە لە ژێر سێبەری بەرزی باوكیدا دەهاتە دەرەوە. بەڵام ئێستا ڕوسیا بە بارێك نهێنی تازەوە، بە بەڵێنی ئەوەی كە كۆمپانیای خێزانەكەی بەكاربهێنێت بۆ حەواڵەكارانی پارە بۆ دەزگا سیخوڕیەكانی سۆڤیەت لە ئەمریكا، بەجێیدەهێڵێت. تازە هامەر لە سنورێك تێپەڕی بوو، چووبوویە سەرزەمینی دڵرشتنی فێڵ و پلانەكانەوە، سەرزەمینێك كە گەڕانەوەی بۆ نەبوو.



ئارمەند هامەر لە ساڵی ١٩٢٢ بە كەشتی ئەڤەریەری (مجستیك) لە سەفەری دووەمی خۆی لە مۆسكۆوە گەڕایەوە بۆ نیویۆرك. نزیكەی مانگێك پێشتر لنین لە نامەیەكدا نوسیبووی بۆ ئیستالین، دەیەوێت لەڕێگەی (هامەر)ەوە بەشێوەیەكی نهێنی (ڕێكەیەك) بكاتەوە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ ئەمریكادا

وەرزی سێیەم

ڕێگـــای لنیـــن

لـە ٤ دیـسەمبەری ١٩٢١، ئارمەند هامـەر گەڕایـەوە بـۆ نیوییـۆرك، ئـەو ئێـستا بووبوویـە دەمووچـاوێکی دیـاری خێزانەکـەیان بـۆ کـار و کاسـبیەکەیان. جلوبـەرگی باشـتر و جوانتر و ڕێکوپێکتری لەبەر دەکرد، سمێڵـی هـەرزەکاری هێـشتبوویەوە، و گیرەی ئەڵماسی دەدا لە بۆینباخەکەی. جلەکانی بە چەشنێك بوون مرۆڤیان دروست دەکـرد؛ هەڵسوکەوتیـشی دڵنیـاتر و ئارامـەتر دەردەکـەوت. دەگـەڕا بەشـوێن ڕۆژنامەنوساندا تـاوەکو چیرۆکی سـەردانەکەی لەگـەڵ لنینـدا بـاس بکـات، و هەڵبەتـە کۆمەڵێك پیاهەڵدان و زیادەڕەوی دەکرد لە گێڕانەوەکەی.

لەبری پەیوەستبوونی لەگەڵ ئیشکەرەکانی نەخۆشخانەی (بێل ڤیو) کە ئامـانج و کاری ئەو بوو پێش ئەوەی بڕوات بۆ مۆسکۆ؛ ئێستا ڕاستەوخۆ نوقمی دەستکیسەی و مامەڵەی نهێنـی بوو بوو لەگـەڵ ڕوسیادا. نـەك هەر تـەنها هـەڵی ئـەوەی هـەبوو کـە کاروکاسـبی باوکـە زیندانیەکـەی لـەناو چـەقێن و هەرەسـهێناندا دەربهێنێـت، بـەڵکو پێویست ئەو ئەرکەی کە لنین خستبوویە سەر شانی بەشەخسی خۆی جێبـەجێی بکـات. ئەو لەوانەیـە ئـەو وەفـا و خۆشەویستەی نـەبێت بـۆ کۆمۆنیـست کـە بـاوکی هـەیبوو، بەڵام گومـانی تێدانیـە کـە کـاری بێ وێنـەی بـۆ خـۆی ئەنجامـداوە: یەکـەمین ئەمریکی دەبێت کە دەبێتە هەڵگری ئیمتیازی ڕوسیا. زۆر ئاگاداری ئەوەبوو کـە خـۆی زۆر لەگەڵ سیاسەتی باوکی یان مەرامە کۆمۆنیزمـەکان یـەك ناکات. لەبەرامبەرئـەوەدا هەوڵیەدا کە خۆی بکاتە سەرمایەدارێکی تەواو و پێوەری و بەشوێن پـارەوە هەرچـی کردبێت ڕێگای ڕوسیا لەم ئاڕاستەوە بەرەوڕووی بازرگانە ئەمریکیەکاندا بکاتەوە.

هامەر لەگەیاندنی پارە بە ڕێبەرە کۆمۆنیستەکانی ئەمریکا تاوەکو ڕادەیەکی زۆر هەموو جۆرە نهێنێك و لەگەرێکی ڕەچاو دەکرد. بەڵگە لە ئارادایە کە ئەمریکا لەو سەردەمانەدا ڕێگەی دەدا بە زۆریەی کالاَ ئەمریکیەکان بەرەو ڕوسیا بڕۆن، بەلام حکومەتی ڕوسیای هێشتا بە حکومەتێکی سەربازی و ناپاسایی دەزانی. (کمینترن)، ئالەتی دەستی مۆسکۆ، بە بۆچوونی دەوڵەتی ئەمریکا، چالاکانە پشتیوانی خراپەکاری و تێکدان دەکات، و حیزبی کۆمۆنیستی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، کە جۆلیۆس هامەر و هاوڕێکانی دامەزرێنەری بوون، هێشتا دەستبەسەربوون و لەژێر گەمارۆدابوون.

گەورەترین کێشەی هامەر کە زۆر پەلەی بوو چارەسەری بکات گەیاندنی گەنم و بەرهەمەکانی دیکەی ئەمریکا بوو بۆ مۆسکۆ. لەگەڵ ئەوەدا دەبوو ئەو بانقەی کە بۆریس ڕینستین پێشنیاری کردبوو بۆ کۆچبەرە ڕوسیەکان، ئەویش دابمەزرێنێت. بۆ ئەنجامدانی کاروبارەکان دەبێت هەرچی کردبێت پارە بکێشێتەوە لە بازرگانە ئەمریکیەکان. لە ١٥ دیسەمبەر، ئەمریکیە بەهێزەکانی لایەنگیری بانکی بانگهێشتکرد بۆ میوانێکی شایانەی تایبەتی لە هۆتێلێکی زۆر جوان و ڕازاوەدا، ئەویش (کامادۆر) بوو لە نیویۆرك. جەلال و شکۆمەندی ئەو کەسانە بە گەورەی و بەباشی دەردەکەوت، کە بەڕاستی وادیاربوو هامەر بێ بەشە لەناو ئەوانەدا. کۆمەڵە بازرگانێکی بانگهێشت کردبوو کە کردنەوەی معاملە لەگەڵ ڕوسیادا بۆیان بێ ئەندازە سودی هەبوو، خەڵکی وەکو (سیدنی کلین)[١]، کە کۆمپانیای (ماددەی خۆراکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی)[٢] هەبوو، کە ئەو نزیکەی سەد ملیۆن دۆلار بەرهەمی وەکو گەنم و کالاَی دیکەی هەبوو کە بۆ بازاڕێك دەگەڕا بۆ ئەوەی بیانفرۆشێت، یان (جۆلیوس رایتن)[٣] کە خاوەنی کۆمپانیای (سونبورن و کوڕەکان)[٤]ی هەبوو کە گەورەترین هاوردەکاری ئەوتی ئەمریکی بوو، یان (ئالن هنسۆن)[٥] کە خاوەنی

١– Sidney

٢– united states food products corporation

٣– Julius rotten

٤– sonneborn and sons

٥– alan hanson

کۆمپانیای گەورەی (کەشتیەوانی ئەکویتی)[1] بوو، کە لەنێوان ڕوسیا و ئەمریکادا کاری دەکرد. گەنجێکی سی و یەك ساڵەی زۆر هۆشمەند و بیرتیژ، بەناوی (جیکۆب شاپیرۆ)[2]، لەگەڵ هامەردا بوو. ئەم شەخسە مافناس، حسابدار و قەرزدەربوو و پێشتر پارەی بۆ هامەر ئامادە دەکرد.

هامەر هەر لە سەرەتایی کاریەوە دەستیکرد بە ئەنجامدانی کارە نهێنیەکان و فرت و فێڵەکانی. تەنانەت لە تەمەنی بیست و سێ ساڵیدا، توانای گەورەکردنی کارەکانی هەبوو. ئەو نامەیەی کە لنین نوسیبووی بۆی لەسەر مێزی میوانیەکان دەست بەدەست دەیگەڕاند. نامەکە تەنها دەیوت (هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم بۆ سەرکەوتنی یەکەمین ئیمتیازت، چونکە وەرگرتنی ئەم ئیمتیازە بۆ کردنەوەی پەیوەندی و کاری بازرگانی بۆ کۆماری ئێوە و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا زۆر گرنگە) بەڵام هامەر وتی بە بازرگانە ئامادەبووەکان لنین لە دیدارە تایبەتیەکەیدا پێی وتوە (کۆمۆنیزم کرداری نیە، سیاسەتی ئابوری نوێ کە لنین بە بۆق وکرناوە لە مانگی ئاوت بڵاوی کردبویەوە، یەکەمین هەنگاوی ڕوسیا بەرەو ئابوری زیاتر و ناسینی زیاترە). پاشان هامەر وتی، هەڵبەتە لنین هێشتا ناتوانێت بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەمە بڵێت، بەڵام حەزدەکات سەرمایەدارەکانی ئەمریکا بڕۆن بۆ ڕوسیا و هاوکاری بەڕێوەبردنی ئابوری سۆڤیەت بکەن. هامەر، بە خۆ هەڵکێشانەوە بە ڕێژەی حسابکراو، وتی بە بیسەرەکان (ئیمتیازی گەورە) بەدەستهاتوە و لە ڕێکەوتنەکانەدا نوسراوە سوپای ڕوسیا پارێزگاریمان لێدەکات. یەکێك لە بازرگانەکان لێی پرسی حکومەتی سۆڤیەتی تاوەکو چەند لەسەرپێ خۆی دەگرێت و دەمێنێتەوە، و هامەر بەبێ ئەوەی هیچ خەم بهێنێتە سەر ئەبرۆکانی، دەڵێت (ئەوەندە بەهێزە دەتوانێت کاروبارەکان بەباشی ببات بەڕێوە و بمێنێتەوە) (١).

هامەر، سووربوو لەسەر ئەوەی کە وەکو چۆن لە نامەکەی لنین و ئیمتیازەکەدا دیارە، ئەو ئەوەندە نزیکە لەگەڵ لێنیدا کە باوەڕی وایە ئەو معامەلاتەی کە بە هاوکاری ئەو ئەنجامدەدرێن، زۆر سود و قازانج و سوزی بۆ ئەو تێدایە. دواتر وەبیری

---

[1] - equity steamship company

[2] – Jacob schapiro

دەمێنێتەوە، (وامدەزانی دەتوانم پەیوەندیەکان و ئاسینەکانم لە بازاڕەکانی ڕوسیادا بەکار بهێنم) (٢)، دواهەمین قسەی لەگەڵ بازرگانەکان ڕاست و ڕەوان بوو وتی: ئەگەر ئەوانە لەو بانقەدا سەرمایەگوزاری بکەن کە ئەو پێکی دەمێنێت، ئەویش ئەو هۆکارانە لەناوخۆیی ڕوسیادا فەراهەم دەکات بۆیان کە بتوانن هەر بەرهەمێك کە دەیانەوێت هاوردە یان ناردەنی بکەن.

ئەم پێشنیارە بۆ ئامادەبووەکان بەشێوەیەك کاریگەری هەبوو کە لە هەفتەی دواتردا بازرگانەکان بەشێوەیەکی تەپلی سەردانی هامەریان کرد. (جیکۆب شایەف) بە تایبەتی بەو ڕێگەپێدانەی کە مۆسکۆ بۆ پێکهێنانی بانقە تایبەتیەکە دابووی بە هامەر، پەیوەندی هەبوو. بۆیە بەبێ دواکەوتن دەستیەکار بوو. کۆنترۆڵی بانقی لەکارکەوتووی، پەیوەست بە بازرگانە پورتوگالیەکان، لە نیویۆرك، بەدەستهێنا بۆ ئەوەی ببێتە (بانقی ئەمریکی) ئەوان. و سەرکەوت لەناویدا، هامەر لە ٢٥ دیسەمبەر تەلەگرافێکی کرد بۆ (ئەرون شاینمن) کە ئەمە کورتەی ئەو معامەلەیە بوو باسی کرد:

(بانقێکی ئەمریکی حەزدەکات، لق لە مۆسکۆ، و دولتر لە کیف، لۆدیسا، و مینسك بکاتەوە و لەژێر هەلومەرجی دەنگدانی حکومەتی سۆڤێتیدا خەرکی حەواڵەکردن و گواستنەوەی پارەی ئەمریکا بێت. بانقە ئەمریکیەکە حەز دەکات لیمتیازی حەواڵە و ڕێژەیەکی ئاڕادەیەك زۆر ئاوەکو سەد دۆلار بۆ ماوەی شەش مانگ بەدەستبهێنێت. ئەم گواستنەوانە هەمووی دەبێت لە ژێر چاودێری بانکی ئەمریکادا ئەنجامبدرێن. بانکی ئەمریکی ڕەزامەند دەبێت ڕاسپاردەیەك بە ڕێژەی ٥٠ هەزار ملیۆن دۆلار لەلای بانقی دەوڵەتی ڕوسیادا دابنێت)(٣).

لە درێژەی تەلەگرافەکەدا هاتوە کە ئەم بوونی دۆلارانە (لە هەر وڵاتێکدا) کە بیانەوێت دەخەنە بەردەم بانقی نەتەوەی سۆڤیەتی. لەگەڵ ئەوەدا، هاوڵاتی ڕوسی کە خێرخوازە ئەمریکیەکان پارەیان بۆ دەنێرن پارەی خۆیان، هەر کاتێك بڕیاربێت، بە (ڕوبڵ) لە ژێر چاودێری کارمەندانی سۆڤیەتیدا وەردەگرن.(٤) نوسخەیەك لە تەلەگرافەکە بۆ مارتنس، ریسنتێن، و لنین، نێردرا.

لە بارەی بەشەکانی دیکەی پلان و پێشنیارەکەوە، بۆ نمونە ئەو چالاکیانەی کە ئەو بانقە لە ئەستۆیان دەگرێت، هێشتا ڕێك نەکەوتوون و ڕەزامەندیان لەسەر پیشان نەداوە، بەڵام خەریکە بەرە بەرە، بەو شێوەیەی کە هامەر نوسی، (سەرچاوەیەك لە پارەی ئەمریکی بەم شێوەیە دروست بوو) پەیداکردنی سەرچاوە لە دراوی بەنرخ لە

ڕوسیا لە ساڵی ١٩٢١ کارێکی بچوک نەبوو. سێ مانگ پێش ئەوە، لنین وتبووی بە (تروتسکی) کە (کارەساتی نەبوونی پارە هەمووشتێکی گرتوەتەوە... ئەوەندەی نەماوە کە هەمووشتێك تێکبچێت) (٥). ئێستا هامەر بەڵێنی داوە کە لە کۆچبەرە ڕوسیەکان لە ئەمریکادا پارە بەدەستبهێنێت. (شاینمەن) بە خێرایی ڕەزامەندی پیشاندا لەسەر (ئیمتیازی) ئەم بانقە پڕ لەپەیوەندیە.

(کۆمیتەی ئیمتیازە تایبەتیەکان) لە ژێر چاودێری (چەکا)، نوسینگەیەکی ناوەندی چوار قاتی زۆر باشی لە ژمارە ٤ ی کوزنتسکی مۆست، لە ناوەڕاستی شاری مۆسکۆ، خستە بەردەم هامەر. ئەم بینایە پێشتر شوێنی کارگەری (فابرژە) بوو،(پیتر کارل فابرژە) خشڵسازێکی فەرەنسی بوو، کارگەیەکی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم دروست کردبوو، ژمارەیەکی زۆری خشڵ، کەلوپەل یاری، بەلەمی مۆدێل بچوک، خشڵی شێوە هێلکەی، یاریەکانی مینای جەژنی پاك بۆ مەراسیمەکانی تەزاری (ئەلکساندەری سێ یەم و نیکۆلای دووەم) دروستکرد بوو. ئەم شوێنە لەسەردەمی شۆڕشدا کەوتە دەست سۆڤیەتیەکان. و ئێستا بە بەهایەکی کەمی لاوەکەی، بە دوانزە دۆلار لە مانگێکدا، دەدرێت بە هامەر بە کرێ (٦) وێنەیەك لەم نوسینگە نۆزدە کارمەندیەی ڕوسی ئەوە دەخاتە ڕوو کە لەپشت مێزە دارینەکانەوە بە تەنگی دانیشتوون و لەناو کاغەزەکان و لە ژێر وێنەی لنین کاری نوسینگەکە دەکەن.

لەم کاتەدا، هێنری هامەر لە نیویۆرك سەرگەرمی ئامادەکاری پیشەکی کارە ئیداریەکانی دروستکردنی بازرگانی تازە بوو. پیشینەی کارکردنی هێنری دەگەڕایەوە بۆ کارکردنی لە کۆمپانیای یەکێتی بۆ ساڵی ١٩١٥، بۆ ئەو سەردەمەی کە بە دامەزراوەی (تاقیکردنەوە پاشەکان) ناو دەبرا و کاری بنەڕەتی ئەو دامەزراوەیە (کرێمی جەستە و کرێمی سپی، و لەگەڵ کۆمەڵێك دەرمانی دیکە و فرۆشتنیان بە فرۆشگاکانی نیویۆرك بوو. لە ساڵی ١٩١٩ کاتێك بووە جێگری سەرۆکی کۆمپانیا، کۆمپانیا لەسەرەتای هەرەسهێناندا بوو، و باوکی، کە هێشتا عەیادە و دەرمانفرۆشێکی پڕ لە داهاتی خۆی هەبوو و پاشانیش لەگەڵ (مارتنس)دا کاریشی دەکرد، توانی ٥٠٪ پشکی هاوڕێکەی، (چارلز فینگرهۆد)، بە بڕی (١,٥٠٠) هەزار دۆلار بکرێت (بەهای هەموو کۆمپانیاکە تاڕادەیەکی زۆر نزیکەی ٢ هەزار دۆلار دانرابوو). دواتریش کاتێك کە مەسەلەی (مارتنس)یش هاتە ناوەوە، (فینگر هود)

داوایەکی یاسای تۆمارکرد لەسەر (هێنری و جۆلیوس و هامەر) بەتۆمەتی تەزویرکردن و ساختەکاری و خەرجکردنی پارەی کۆمپانیا بۆ چالاکیەکانی سۆڤیەت.

دەرگیربوونی مارتس کاریگەری دیکەی لێکەوتەوە، کێشە دارایەکانی کۆمپانیای لەناو نەبرد. پێش ئەوەی کە هەواڵی معاملەی ڕوسیا بگات بە هێنری، ئەو کۆمپانیای یەکێتی هەڵوەشاندبوویەوە. بەڵام لەبەرئەوەی پەیمانی ئیمتیازەکە بەناوی ئەو کۆمپانیاوە ئیمزاکرابوو، هەر شێوەیەك بووە دەبێت دووبارە ئەو کۆمپانیایە زیندوو بکرێتەوە. بۆیە ئەو لە مانگی دیسەمبەر کۆمپانیای (ئەمریکا- ئۆراڵی پالایش و بازرگانی) وەکو هۆکارێك بۆ دەتیازی پەموی کێوی، لە (دلاویر) دامەزراند. بەڵام نارمەند، کە تازە لە سەفەرەکەیدا لە ڕوسیا گەڕابوویەوە، ئەم ناوەی قبوڵ نەکرد. وتی وێنایەکی باش نادات بەدەستەوە. بەشوێن ناوێکی وەکو (کۆمپانیای یەکێتیدا) دەگەڕا (بەتایبەتی کە ئیمتیازی کۆمپانیای یەکێتی، ئەو کۆمپانیایەی کە ئیدی بوونی نەبوو، بەڵام ئێستا بڵاوکراوەتەوە) لەکاتێکدا ناوێك بوو کە نە ڕوسی و تەنانەت بیانیەکانیش نەیانئیستبوو. بۆیە کۆمپانیایەکی دیکەی دامەزراند، ناوی ئەم کۆمپانیایەی ناونا (کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا) کە کردارییەن بووە جێگری کۆمپانیای پێشوو (هەرچەندە بەشێك لەم یەکە بازرگانیە تازەیە، واتە بەشی بڵاوکراوەی دەرمانی ئەو کۆمپانیایە لە (برۆنکس) هێشتا ناوی کۆمپانیای دەرمانی کیمیاوی یەکێتی بەکاردەهێنا). هامەر بوو بە سەرپەرشتیاری کۆمپانیا، و براکەی هێنری بوە جێگری سەرۆکی خەزێنەداری کۆمپانیای تازە. (کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا) لە سەرەتای جێنیوەری ساڵی ١٩٢٢، کاری هاوردەنی- ناردەنی خۆی بۆ نوسینگەی بەنرخی لە ژمارە ١٦٥ (برادۆی) گواستەوە، ئەم شوێنە بیست ساڵ دواتر بووە شوێنی لێکۆڵینەوەی سیخوڕی.

* * *

ئەدگار هوور لە ٤ نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٢١ کاتێك پەیامنێری ئەسۆشێتد پرێس هەواڵی ئیمتیازی سۆڤیەتی بڵاوکردەوە، دووبارە کەوتەوە دووی هامەر. ئەسۆشیتدپرێس بە هەڵە هەواڵەکەیدا بوو کە ئیمتیازەکە دراوە بە کۆمپانیای (مادەی کیمیایی یەکێتی)، ئەمە سەرەتا هەندێك لێڵبوونی دروستکرد، بەڵام

مەسەلەکە زۆر بەزووی ڕوون بوویەوە. هوور زانیاریی زۆر ورد و دریژی لەبەردەستدا بوو کە (کۆمپانیای یەکێتی) مارتنس لە مۆسکۆوە بەڕێوەی دەبات و کۆنترۆڵی دەکات. ئێستا مەبەستی سەرەکی ئەم دۆسیەی لێکۆڵینەوەیە دەرکەوت کە (کارمەند هامەر: لە ڕێگەی کۆمپانیای دەرمانی کیمیایی یەکێتی، چالاکیەکانی بەلشەفیکی) دەکات. دۆسیەکە بەرە بەرە بەهێز و ئەستور دەبوو، چونکە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك هەواڵ دەگەیشت بە کارمەندانی فیدراڵی کە هامەر لەکاتی گەڕانەوەی لە ڕوسیا، (هەڵگری پەیام بووە) لە لۆدویگ مارتنسەوە. هەروەها ڕاپۆرتەکان دەیانوت کە هامەر یەکێکە لەو کەسانەی کە چەند جارێکی دووبارە سەردانی (نوسینگەی ئەنجومەنی هاوکاری هونەری بۆ ڕوسیای سۆڤیەتی) دەکات، کە شوێنەکەی لە ژمارە ١١٠ ی جادەی چلی ڕۆژئاوایە، کە بە باوەڕی ئەوانە شوێنی سیخوڕی سۆڤیەتەکانە لە نیویۆرکدا و ئەو شوێنە بەناوی (سەنتەری بەرگ سازی سۆڤیەتی) دەناسرێت. بە فەرمانی هوور کارمەندەکانی لە سەرچاوەکانی خۆیان لەوێدا و لە شوێنەکانی دیکە دەستیانکرد بە لێکۆڵینەوە.

یەکێك لەکارەکان دەرکەوت کە یەکێك لە چالاکیەکانی هامەر لە ژمارە ١١٠ی جادەی چلی ڕۆژئاوا دروستکردنی ڕێکخراوێکە بەناوی (ئەنجومەنی پزیشکی ئەمریکا بۆ هاوکاریکردنی ڕوسیای سۆڤیەتی) کە ئەرکەکەی بریتیە لە کۆکردنەوەی پارە بۆ بنکەیەکی پزیشکی لە مۆسکۆ. خەڵاتەکان و یارمەتیەکان بۆ کاروبارەکانی بانکی کە ئەو و جیکۆپ شاپیرۆ لە نیویۆرك لە بەردەستیاندا بوو کە دایبمەزرێنن گەیشتنە مەبەستەکەیان. هاودەستی ئەو لەم کارەدا (دیڤید دوبروڤیسکی) بوو، کە کارمەندێکی پێشووی کۆمپانیای یەکێتی و هەروەها (نوسینگەی ڕوسیای سۆڤیەتی) بوو کە پێش هامەر ڕۆیشتبوو بۆ مۆسکۆ. دوبروڤیسکی لە حاڵەتی ئێستادا سەرۆکی (خاچی سووری ڕوسیای سۆڤیەتی) بوو و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەوی بە کارمەندێکی دەوڵەتی سۆڤیەتی دەزانی. سەرتاپای هەموو پلانە نهێنیەکان بۆ گەیاندنی پارە بۆ سۆڤیەتیەکان ڕەچاوکرابوو، بەو شێوەیەی کە خودی (دوبروڤیسکی) دواتر خۆی پشتگیری ئەو مەسەلانەی کرد (٧).

لەگەڵ ئەوەدا، (جۆرج ئیستار) کارمەندی هوور لە نیویۆرك، زانیارێکی گرنگی لە ئەنجوە دەستکەوت کە دەیوت بەخشینی ئیمتیاز بە هامەر زۆر بەشێوەیەکی ئاشکرا

بووه و بلاوکراوەتەوە کە کۆمپانیای هامەر بڕیارە سپاردەیەکی بە بڕی ٥٠ هەزار دۆلار بە ئاڵتونی دابنێت لە بانکی نەتەوەی سۆڤیەتی، بەڵام ئەم سپاردەیە هێشتا نەدراوە. ڕاپۆرتەکەی ئیستار، کە لە ٢٩ نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٢١ گەیشتە دەستی هوور، پرسیاری زۆر جدی لەبارەی سەرچاوەی سەرمایەگوزاری هامەرەوە دەخستەڕوو. پشکنەری حسابی هامەر لە (بانکی نەتەوەی گوتم) نیشانیدا کە بوونی حسابی هامەر کاتێك ڕۆیشت بۆ ڕوسیا کەمتر لە سەد دۆلار بووە. کۆمپانیاکەشیان باروودۆخێکی زۆرباشی نەبوو. ئەم نارێکی و نەگونجانە پرسیاری زۆر سەرنجڕاکێشی دەهێنایە ئاراوە: هامەر ٥٠ هەزار دۆلاری لە کوێ بوو بۆ ئەوەی بینێرێت بۆ بانکی مۆسکۆ؟

هوور ڕۆیشت بۆ وەزارەتی دەرەوە، کە ماوەیەك پێشتر تیمی برادەران هامەریان خستبویە ناو لیستی ڕەشەوە (بۆ ئەوەی نەتوانێت جارێکی دیکە جەواز سەفەرەکەی تازە بکاتەوە). لەو سەردەمەدا، وەزارەتی دەرەوە بەرپرسیاریەتی سەرەکی زانیاری دەرەکی لە ئەستۆدابوو.

کارمەندی تایبەتی وەزارەتی دەرەوە لە نیویۆرك (دەبلیو. بی. بێنرمن) بوو. ئەم شەخسە لە سەرەتایی دیسەمبەر، سەرێکیدابوو لە بەڕێوەبەرایەتی (کۆمپانیای یەکێتی)، کە هێشتا لە ژمارە (٢٤١٢) ی جادەی (برونکسی باشور) بوو. سەیری کرد کۆمپانیایەکی بچوك و بێ دەنگە لەگەڵ نزیکەی سی و پێنج کارمەند. کاری سەرەکی کۆمپانیاکە دروستکردن و فرۆشتنی کەلوپەلی ئارایشتی و ڕازاندنەوە بوو، کە ئەو لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا ئەوانەی بە (خواردنی پێست) ناو برد. لە کاتی پرسیار و وەڵامدا لەگەڵ کارمەندەکان، (بێنرمن) پەی برد کە جولیوس هامەر ساڵێك پێشتر هەموو پشکی کۆمپانیاکەی کردووە بەناوی دوو کوڕیەوە ئەوانیش ئارمەند و هێری بەڵام ئەواتە (ڕۆڵێکی چالاکیان لە بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکەدا) نیە. دوو براکەش بەشێوەیەکی ئاسایی نەدەچوون بۆ نوسینگەی کۆمپانیاکە. بۆیە تێگەیشت کە (کۆمپانیای یەکێتی) دراوەتە دەست (هێنری کونتن) کە وەکیلێکی بوو لەو وەکیلانەی کە سزایی تاوانی بەسەردا سەپێنرابوو، ئەم شەخسە ئەوەندە بەخرایی ئەو کۆمپانیایەی بەڕێوە دەبرد کە ساڵی پار لەمانگی مەی دا لە سەرەتای هەرەسهێنانیدا بوو. لەوە بەدوا، بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا درابوو بە (ئەلبێرد وان هۆرن) کە

بەڕێوەبەرێکی بە ئەزموونی دەرمانساز بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کۆمپانیاکە هێشتا قازانجێکی لەو شێوەیەی نەبوو. لەڕاستیدا، وتیان بە (بێنترمن) ئارمەند هامەر هیچ کاتێك ٥٠ هەزار دۆلاری نەداوە بە ڕوسیا، یان ئەگەر پێشی دابێت، لە پارەی کۆمپانیا نەبووە.

هوور دواتر لە سەرچاوەیەکی بەرزی ناو بازنەی زنجیرە قۆناغی (کمینترین)دا وێنایەکی ڕوونتری دەستکەوتبوو لەبارەی هامەرەوە. ئەم کارمەندە، کە تەنها بە ناوێکی ڕەمزی پەنجە ناوی بردبوو، لەو ڕاپۆرتەدا کە لە ساڵی ١٩٢٤ گەیشتە دەستی هوور، وتی ٧٥ هەزار دۆلار دراوە بە هامەر لە مۆسکۆدا بۆ ئەوەی بیدات بە بەرپرسە شاراوەکانی کمینترن لە ئەمریکادا. ئەگەر ئەو زانیاریە پەنجە ڕاکێشانە ڕاست بێت، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە هامەر بەشێکی جیانەبووە لەو دەزگایەی کە کرملین مەبەستی بوو لە ڕێگەی ئەوەوە پارە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا بڵاو بکاتەوە. هوور لە ساڵەکانی دواتردا لە یاداشتەکانیدا سەبارەت بە دۆسیەکەی هامەر، ئەو و هاودەستەکانی بە (داروودەستەیەکی گەندەڵ) ناو دەبات، و بەڵام کرداریەن بڕیاریدا هیچ جۆرە هەنگاوێکی دژیان لەبارەوە نەنێت. لە کارە دژە سیخوڕیەکان، چەکەکە بەزۆری ئەوەیە کە سیخوڕ و کەسی ناسراو نەگیرێت، بەتایبەتی ئەگەر گومان بکرێت کە کەسێکی دیکەی نەناسراو شوێنی دەگرێتەوە. لەبەرئەوە وەزارەتی دەرەوە ڕەزامەندی پیشاندا کە جەواز سەفەری هامەر تازە بکاتەوە، بە ڕوونکردنەوە لەدۆسیەکەیدا نوسرابوو بەم کارە ئەو هەڵەمان دەبێت بەشاراوەی ئەو نامانەی کە لەگەڵ خۆیان دەیبات بیانپشکنین. بەم شێوەیە هامەر بووە کەسێك کە بەردەوام لە ژێر چاودێریدا بوو.

* * *

لە جێنیوەری ساڵی ١٩٢٢، هامەر بە شەمەندەفەر ڕۆیشت بۆ دیترویت. دووبارە وەکو کارەکەی باوکی، دەڕۆیشت بۆ ئەوەی بەرپرسە بەرزەکانی کۆمپانیای ئۆتۆمبێلسازی فۆرد ببینێت.

هێنری فۆرد نەك هەر بەتەنها دەوڵەمەندترین سەرمایەداری ئەمریکا، و ناودارترین دژە سامی وڵات بوو. بەڵکو ئەو پلان و نەخشەکانی جولەکەکانی خستبوویە سەر زمانی خەڵکی کە دەیوت (جولەکەکانی جیهان) لە پشت لێنین و

شۆڕشی بەلشەفیکیەکانەوەن و دەیانەوێت بەهۆی ئەم کارەوە قازانجێکیان دەستکەوێت. بۆ سەلماندنی ئەم دەسکیسەیە فۆرد (گەشتنامەی مشایخێکی سەهیۆنی) دەستکەوت بوو و بڵاوی کردبویەوە، (کە بەڵگەیەکی ساختەکاری لە بنەڕەتدا ڕوسیای تەزاری) بوو، هەروەها لەگەڵ کتێبێکدا بەناونیشانی (جولەکە جیهانیەکان) کە تاوانی هەموو مەینەتیەکانی جیهانیان بەدرێژای مێژوو دەخستە گەردنی جولەکەکان، لەبیر ئەوە بەهۆی ئەم بیروباوەڕەوە، فۆرد هیچ قسەیەکی نەبوو بەتایبەتی لەگەڵ ئەو سەرمایەدارە جولەکانەی کە نوێنەری حکومەتی بەلشەفیکی مۆسکۆ بوون بۆ مامەلە کردن.

لە هەمان مانگی ڤێبریوەری ساڵی ١٩١٩ دا، کاتێك جولیوس هامەر و ئەبراهام هیلەر لەلایەن نوسینگەی ڕوسیای سۆڤیەتیەوە ڕۆیشتن بۆ بینینی هێنری فۆرد، فۆرد لایەنی کرداری و واقعیانەی خۆی خستبوویە ڕوو. فۆرد ئەگەرێکی گەورەی بۆ بەرهەمهێنانی (فۆردەسن) کردبوو، فۆردسن تراکتۆرێکی بێ ئەسپی گەورە بوو کە فۆرد باوەڕی وابوو ئەو تراکتۆرە دەتوانێت شۆڕشێکی گەورە لە کشتوکاڵدا بەرپا بکات، هەروەکو چۆن ئۆتۆمبێلە کامیۆنەکان شۆڕشێکی گەورەیان لە بارکردن و گواستنەوەدا دروستکرد. ڕوسیا بازارێکی باشی تاقیکردنەوە بوو بۆ فۆردسن، چونکە زۆربەی ئەسپە باربەرەکان لەکاتی جەنگدا لە ڕوسیادا کوژرابوون. لەبەرئەوە فۆرد کارێکی ڕێکخست بۆ ئەوەی نوێنەری (نوسینگەی ڕوسیای سۆڤیەتی) لەگەڵ (ئەرنیست لیبۆلد) ی سکرتێری شەخسیەکەیدا چاویان بەیەك بکەوێت. فۆرد زۆر دڵنیابوو لە (لیبۆلد) کە ڕێکەوتننامەکە زۆر بەنهێنیانە دەهێڵێتەوە. لەو کاتەدا، لەکاتی ئەم دانیشتنەدا تاوەکو ساڵی ١٩٢١، گەیاندن و ناردنی هەموو جۆرە کەلوپەلێك لە ئەمریکاوە بۆ یەکێتی سۆڤیەت هێشتا قەدەغە بوو.

لیبۆلد، کە پێشەنگی فۆرد بوو لە بانگەشەکردن و داڕشتنی نەخشەی (گەشتننامەی مشایخی جولەکە)، بەشێوەیەکی شاراوە ڕۆیشت بۆ نیویۆرك، و لەوێدا پەیامەکانی بە نهێنی لە فۆردەوە وەرەگرت. فۆرد بێگومان دەگەڕا بەشوێن ڕێگەیەکدا بۆ چوونی بۆ ڕوسیا، بەڵام لەهەمانکاتدا پێویستی شتێك هەبوو بۆ ئەوەی خۆی پیا هەڵواسێت و پەردەیەك بدات بەسەر ئەو ڕووتیەی کە هەیبوو، بۆ ئەوەی کاتێك دەرکەوت ئەگەر کاڵاکانی ئەو نێردران بۆ ئەوێ خۆی دوورە پەرێز بگرێت لەو قسانەی

کە پێشتر کردبوونی. جولیوس هامەر و ئبراهام هیلەر پێشنیاریان کرد، فۆرد بەتوانێت ڕێکەوتنەکەی خۆی لەگەڵ (کۆمانیای کڕین و فرۆشتنی پیشەسازی خەلقی کۆمۆنیست) بکات کە یەکێک بوو لە لقەکانی نوسینگەی ڕوسای سۆڤیەتی، بەڵام لیبۆلد ڕێکخستنێکی دیکەی کردبوو کە بەبێ ئەو کارە فۆرد دەتوانێت پەیمانێک لەگەڵ کۆمپانیایەکی تایبەتی لە پترۆگراد ببەستێت بەناوی (ئەیوان ئستاچیف وشرکا). لە حەقیقەتدا، ئستاچیف بەرمیەکی ئاسان و گونجاوبوو بۆ کۆمیسیاری بازرگانی دەرەکی ڕوسیا. دوای ئەوەی کە ڕێکەوتننامەیەکی دوو ساڵەی لەگەڵ ئەم کۆمپانیا خەیاڵیە لە مارسی ساڵی ١٩١٩ ئیمزاکرد، دواتر معاملەیەکی واقی لەگەڵ کۆمپانیای (پیشەسازی خەلقی کۆمۆنیست) لە نیویۆرک ئەنجامدرا. (٨)

فۆرد هەر لەو سەردەمەدا (جیکۆب شاپیرۆ) ئەو پیاوەی کە دووساڵ دواتر هاوکاری هامەر دەکات بۆ ئەوەی بانکێک بۆ گەیاندنی پارە بۆ سۆڤیەت پێکبهێنێت، هێنای بۆلایی خۆی تاوەکو یارمەتی بدات بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی بەڕێوەبەرایەتی حسابکاری جیهانی کۆمپانیاکەی. لەگەڵ ئەوەی کە (شاپیرۆ) حسابکارێک و مالناسێکی زۆر ڕاهێنراو بوو، هەڵبژاردنی ئەو زۆر سەیر دەکەوتە بەرچاو، چونکە سیاسەتی فۆرد بریتی بوو لە خۆلادان لە دامەزراندنی جولەکەکان. کەچی ئێستا هێنری فۆرد لە هەموولایەکەوە دەگەڕێت بەشوێن (شاپیرۆ)دا و بەرپرسیاریەتیکی هەستیاری ناردەنی نهێنی بۆ ڕوسیای دەخاتە ئەستۆ. (٩)

شاپیرۆ، لەدوایی بەجێهێشتنی فۆرد لە ساڵی ١٩٢١، بەرگیری پێکهێنانی (کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا) بوو. ئەو وەکیل، حسابدار، بانکدار، و نوێنەری ڕەسمی کۆمپان بوو لە نیویۆرکدا، ئێستا وازی لەپەیوەندیەکان و سودەکانی خۆی هێنا لەگەڵ فۆرد دا ئەوەکو بێشوێن بێت لەلایەن هامەرەوە.

هامەر هەرچەند بە گفتوگۆ و معامەلە لە ئاستێکی بەرزدا خووی گرتبوو، بەڵام هێشتا ترسی هەبوو لە چاوپێکەوتن لەگەڵ هێنری فۆرد دا. بەتایبەتی کاتێک کە ئاودلری دژە جولەکەبوونی فۆردی بیست بوو. یەکێک لە بەڕێوەبەرەکانی فۆرد لە وێزگەی ڕێگای ئاسنی دیترۆیت هاتبوو بۆ پێشوازی هامەر و ئەوی بە ئۆتۆمبێل برد بۆ نوسینگەی فۆرد لە (دیربۆرن) لەوێدا دوای ئەو چاوپێکەوتنەی کە پرسیاریان لێکرد لەبارەی ڕوسیاوە، ئەویان ناساند بە هێنری فۆرد.

جل و هەڵسوکەوتەکانی هێنری فۆرد هەردووکیان لە بۆچوونی هامەردا زۆر سادە بوون. تراکتۆری فۆردسن سەرەنجام گەیشتبووە قۆناغی تەواوکردن، پاش دانیشتنەکە میوانەکەیان برد بۆ کێڵگەیەکی کشتوکاڵی بۆ ئەوەی یەکەم کاری ئەو تراکتۆرە ببینن و بزانن لەتوانایدا هەیە چی بکات. بە قسەی هامەر لەکاتی گفتوگۆکەیاندا ، فۆرد دەپرسێت چەند تراکتۆرتان پێویستە.

هامەریش دەست دەکات بە بازاڕگەرم کردن و دەڵێت، (ملیۆنەها)، ئەم جۆرە بازارگەرمیە پیاهەڵدانانەی بەرە بەرە خەریک بوو دەبووە خوویەک بۆ کارەکانی. (١٠) بەپێی پەیمانی (ئەیوان ئستیاچیف)، کە چووبووە بواری جێبەجێکردنەوە، تەنها ٢٢٨ هۆکاری گواستنەوەی فۆرد نێردرابوو بۆ ڕوسیا، هامەر ئێستا دەیویست فۆرد ڕێکەوتنامەیەک لەبری ئەوان لەگەڵ (کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا) ببەستێت. گەمارۆی ئابوری ئەمریکا لەدژی مامەڵەکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕوسیادا کۆتایی هاتبوو، و ئیدی پێویستی بە شاردنەوە نەبوو. (کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا) لە ئیمتیازاتنامەکەی هامەردا، (نوێنەری کرێلی) تایبەتی هۆکارەکانی گواستنەوە، لەو جۆرەی کە فۆرد دروستی دەکرد، ناسرابوو، و بەم شێوەیە، دوو هەفتە دوای دووبارە سەردانی هامەر بۆ (دی یربۆرن) فۆرد (کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکای) کردە نوێنەری خۆی لە ڕوسیای سۆڤیەتیدا. هەروەها ڕەزامەندی پیشاندا بۆ ئەوەی گروپێک لە ئەندازیار فێری کارکردنیان بکات لە کارگەکانی خۆیاندا، و ئەمە یەکەمین گواستنەوەی کاری تەکنەلۆژیای فۆرد بوو بۆ ڕوسیا و پاشانیش بەردەوامی هەبوو. هەروەها بڕیار بوو بە پێی ڕێکەوتنامەکە، پلانی کار و زانیاری هونەری دیکە بنێردرێت بۆ ڕوسیا تاوەکو هۆکار و پێویستیەکان بتوانرێت لە قۆناغێکدا ڕێکبخرێت. هامەر بەخێرایی بۆریس میشلی لەگەڵ دیترویت نارد تاوەکو بەشەکانی کارەکانی دیکەی گواستنەوە بخەنە سەر کاغەز.

جیکۆپ شاپیرۆ ڕێکخستنێکی ئاڵۆز و متمانەپێکراوی سەرمایەگوزاری ڕێکخست. کاتێک ڕێکەوتننامەکە لەگەڵ فۆرد دا ڕێکخرا و گەیشتە قۆناغی کۆتایی، شاپیرۆ ڕۆیشت بۆ لای ئەو کۆمپانیایانەی کە پارچەی تەواوکراوی تراکتۆری فۆردسنیان دروست دەکرد ڕۆیشت و نوێنەری بەرهەمهێنانی ئەوانەی لە ڕوسیادا بۆ کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکای گرت. لەو حاڵەتەدا کە کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا لە

ڕاستیدا بووە نوێنەری تایبەتی بازرگانی دەرەکی هەبوو لە ئەمریکادا، شاپیرۆ توانی (مافی کارکردنێکی) گەورە لەوانە بگرێت. بۆ نموونە، کۆمپانیای (گاسنسازی مۆلین) ڕەزامەندی پیشاندا یەک لەسەر سێی بەهای فرۆشتنی کاڵای ناردنی بۆ ڕوسیا بداتە کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا. معامەلاتی هاوشێوە لەگەڵ سێ کۆمپانیای دیکە تاوەکو کۆتایی ساڵی ١٩٢٣ ڕێکخرا.

بۆ دابینکردنی بەهایی ئەو ناردنیانە، سۆڤیەتیەکان ڕەزامەندیان پیشاندا بۆ ئەوەی پێستی دەڵەک، کە ئەو کاتە خواستی زۆری لەسەر بوو، و ماددەی ناردنی دیکە بفرۆشن بە کۆمپانیا ئەمریکیەکان، ئیداری فرۆشتنی ئەوانەش لە نیۆیۆرکدا کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا بێت. کۆمپانیای یەکێتی پارەی لەکاتی فرۆشتنی ئەو کاڵایانەدا وەردەگرت.

ئەم ڕێکخستنانە بەو شێوەیەی کە لە ڕوکەشدا دەردەکەوێت لە ڕاستیدا بۆ هامەریەکان سودی نەبوو. چونکە ئەوانە دەبوو نیوەی قازانجی فرۆشتنی پێستی دەڵەکەکان ڕاستەوخۆ بدەنە (کۆمیسیاری بازرگانی دەرەکی سۆڤیەتی) و بەشێکی گەورەی دیکەی بدەنە کارمەندەکانیان و ئەوی دیکەشی بدەنە حسابی هاویەش لە بانکی (میدلەند)ی لەندەن، ئەم حسابە، بەشێوەیەک کە ئیدارەی زانیاری بەریتانیا دواتر بۆی دەرکەوت، لە ژێر دەسەڵاتی دەزگایی نهێنی سۆڤیەتدا کار دەکات (١١).

کارمەند هامەر لەبەرئەوەی کە زۆر بەتوڵی شەیدا و گیزەی پیاوانی بەهێز بوو. لە ١٥ مارسی ١٩٢٢، بە کەشتی ئەفەرهەڵگری (مجستیک) بەرەو لەندەن کەوتەڕێ، کۆمپانیاکەی بەتازەی نوسینگەیەکی لەبەرتیانیادا کردبوویەوە. نوسینگەیکەیان لە لەندەن لە جادەی (مورگیت) بوو لەتەنیشت بینایەکدا بەناوی (ماڵی سۆڤیەتی) کە دەستەی بازرگانی سۆڤیەتی و هەروەها (ئەرکۆس) دامەزراوەی ناردنی و هاوردەنی سۆڤیەتی تێدابوو. (بنجامین گیتلۆ)، هاوکاری پێشووی (جۆلیوس هامەر) دواتر (ئەرکۆسی) بە جێبەجێکاری سەرەکی پارە شاراوەکانی سۆڤیەتی بۆ گەیاندنی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و کەنەدای دەزانی لە ساڵی ١٩٢٢. (١٢) ئەمە پێکهاتەیەک بوو هامەر لەگەڵیدا معامەلەیەکی زۆری کرد و بۆ ئەو لەداهاتوودا کێشەی زۆر گەورەی بۆ دروستکرد. هامەر لەهەمان مانگدا واتە لە مانگی مارسدا بەڵگەی پێویستی بۆ کردنەوەی حسابێک لە بانکی (میدلەند) دا ڕێکخست و حەواڵەکردنەکانی

پارەکانی ئیمزا دەکرد، و جۆرە ڕێکخستنێکی کرد بۆ ئەوەی (ئەرکۆس) بازنەی ئەم پەیوەندیە زنجیرەیە بێت. پاشان لەوێوە ڕۆیشت بۆ بەرلین.

* * *

بەرلین لە بەهاری ساڵی ١٩٢٢ تێکچوو و ئاڵۆز بوو. ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا سێ ساڵ پێشتر ڕوخێنرابوو، و کۆمارێکی لاواز و بێ توانا و بەپێی پلانگێڕی وڵاتە زلهێزەکان جێگەی گرتبوویەوە. پەیمانی ڤێرسا هەلومەرجێکی قورس و گرانی خستبویە سەر شانی ئەڵمانیا و کۆماری گەنج لەتوانایدا نەبوو ئەو قەرزانە بداتەوە کە خرابوویە سەر وڵاتەکەیان. بەپێی ڕێکەوتنامەکەی ڤێرسا ئەوەی کە مابوویەوە لەناو وڵاتدا هەمووی کردبویە کارێکی مەدەنی. بنکەی سوپایی بەهێزی ئەڵمانیا لەناوچووبوو، و (سوپای ئاشتی) تازە لە بوونی هەر جۆرە چەکێکی جەنگی سنورشکێنی وەکو فڕۆکە، تۆپخانە، کەشتی، یان چەکی کیمیای، قەدەغەکرابوو. بەپێی ئەو پەیمانە نەدەبوو ژمارەی بنکەکانی ئەفسەری سوپای تازە لە چوار هەزار کەس تێپەڕن.

بنکەی سوپایی ئەڵمانیا کە زیاتر لە سەدەیەک مەیدانی هێزی هەموو وڵاتەکان بوو، هەرگیز نەیدەتوانی چارەنوسێکی لەو شێوەیە قبوڵ بکات. کەمێک دوای ئیمزاکردنی پەیماننامەی ڤێرسا، ژەنراڵ (هانس ڤان سیکت) سەرۆکی هێزە سەربازیەکان، سوپا بەهێزەکانی خۆی لە (فەرمانەی لۆجستیکی) وەزارەتی بەرگری دانا، و ئەوانە لەوێدا، لە بازنەیەکی ناسراو بەناوی (سوپای ڕەش)[1]، هەروەها دەوڵەتێکیان لەناو ئەو دەوڵەتەدا دروستکرد. ئەم بنکە شاراوەیە، بە ڕێبەری سیکت، بە شاراوەی دەستیکرد بە ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ (پەیمانی ژەهراوی ڤێرسا) و هەروەها سەرلەنوێ خۆی ڕێکخستەوە.

لەو حاڵەتەدا کە ڕوسیای سۆڤیەتیش بە دەوڵەتێکی (سەرنەکەوتوو) لە قەڵەمدەدرا بەشێک نەبوو لە پەیمانی ڤێرسا، بۆیە بە یەکێک لە هاوپەیمانە ئاسایەکانی

---

[1]- black reichswehr ، گروپێکی نهێنی و نایاسای ئەفسەری ئەڵمانی بون، کە نزیکەی بیست هەزار کەس دەبوون، لە ساڵەکانی ١٩٢٠ و ١٩٢٣ لەناو خۆیاندا دادگایی نهێنیان هەبوو و هەرکەسێک دژیان بوایە و لەگەڵ بیروباوەڕەکانیاندا نە گونجایە بە سزای سەختەکانی ئازەرلست و بەتوندترین شێوە لەناویان دەبرد (وەرگێڕ)

ئەڵمانیا دادەنرا. لەبەرئـەوە، لـە سـاڵی ١٩٢٢، ئـەڵمانیا و سـۆڤیەتیەکان پـەیمانێکی (ئاگربەسـتیان) بـەناوی (پەیمانامـەی (راپـالۆ)[٢] ئیمـزا کـرد. لـەو ڕێکەوتننامەیـەدا هاوکاری سەربازی نهێنی ئیمزا کرابوو، و بەپێی ئەو پەیماننامەیە، بەو شێوەیەی کە (سیرجان– ڤیلەر–بنت) لە لێکۆڵینەوەکەی خۆی لەبارەی بنکەی ئەڵمانیاوە دەڵێت: (پـەروەردەکردن و فێرکردنـی ئەفـسەرەکان و هێـزە ئەڵمانیـەکان لـە بەشـەکانی پەروەردەی و چەکی سەربازی کە لەسەر ئەڵمانیا قەدەغەبوون و هەروەها دامەزراوەی کارگەی فڕۆکەسازی و هەموو جۆرەکانی دیکەی پێویستی سەربازی لە خاکی روسیا بۆ ناردنی ئەڵمانیا، مەیسەر دەکرا بەپێی ئەو پەیماننامەیە) (١٣)

معامەلەیـەکی زۆر ڕاسـت و ڕەوان بـوو: بنکـەی سـوپای ئـەڵمانیا بـە شێوەیەکی نهێنی کەرەسە و هۆکار و خەڵکی دەنارد بۆ ڕوسیا تاوەکو ئەو وڵاتە هـەموو شتێك لە فڕۆکەی بۆمبڕێژەوە بیگرە تاوەکو گازی کوشندە دروست بکات. لەم سەرچاوەیە بۆ ڕێکخستن و ئـەیارکردنی پـەروەردەی شاراوەی سـوپا و هێـزی ئاسمـانی ئـەڵمانیش سودی لێوەرگیرا. لەکاتی ئەو ماوەیەدا بەهۆی سودی پەیماننامـەی ڤێرساوە، ڕوسـیا تـوانی دەزگـای ئـالات و تەکنـەلۆژیای و کەرەسـتەکانی دیکـەی پێویـستی خـۆی سەرلەنوێ ڕێکبخاتەوە بۆ سوپای سوری ڕوسیا، لەڕێگەی ئەڵمانیاوە. لە ڕێگەی ئەم پەیوەندیـەوە بەرژەوەنـدی لـەوەدا بـوو کـە یـەکێتی سـۆڤیەت بەشـێکی گـەورەی دەزگاکانی جەنگی ئەڵمانیا دروست بکات کە بیست ساڵ دواتر هێزەکانی ئەڵمانیا بەو چەکانە زۆربەی خاکی ڕوسیایان داگیرکرد و وێرانیان کرد.

ئـەم کردارە، کـە نـاوی نهێنـی (عەمـەلیاتی کامـای) هـەبوو (operation kama) پەیوەست بوو بە هاوکاری دەزگا زانیاریەکانی سۆڤیەتی و ئەڵمانی. (سوندر گروپ ئێر) یەکەی نهێنی بنکەی سوپای ئەڵمانیا کە بە مەبەستی گواستنەوەی تەکنەلۆژیای ئـەو وڵاتـە بـۆ ڕوسـیا دروسـت بـوو، بـۆ شاردنەوەی ئـەو بـارکردن و گواسـتنەوانە پەیوەنـدیکی نزیکـی لەگـەڵ یەکەیـەکی زانیـاری سـەربازی سـۆڤیەتی لـە بەرلینـدا دروسـتکرد. هۆکاری شـاردنەوەی بنـەڕەتی، بـۆ قاچاخکردنی مـاددە و پـسپۆڕەکانی ئـەڵمانیا بـۆ ڕوسـیا، (کۆمپانیـای تـرویج داهێنـەرانی پیشەسازی) بـوو، کـە لەسـەر

[٢]– treaty of rapallo

بنەمایی وشەی یەکەمی ناوە ئەڵمانیەکەیەوە ئەو کۆمپانیایە بە(GEFU) ناسرا. (GEFU) وەکو نوسینگەیەك لە بەرلین و مۆسکۆ، لەگەڵ کۆمەڵێك کارمەند دا کە هەموو ئەفسەری (سوندرگروپ ئێر) بوون، و ڕۆڵی بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکەیان دەبینی، بە سەرمایەیەکی گەورەی ٧٥ ملیۆن مارکی (کە بتکەی سوپای ئەڵمانیا دابینی کردبوو) خۆیان بە کۆمپانیایەکی تایبەتی دەخستەڕوو کە لەڕوسیادا دەستیکردوە بە کاری سەرمایەگوزاری.

دەزگای زانیاری سۆڤیەتیش کۆمپانیایەکی پەردەپۆشی پێویست بوو تاوەکو معامەلاتەکانی لەگەڵ (GEF) بە شاراوەی بهێڵێتەوە و بۆ وەرگرتنی پارچەی دیکە لە وڵاتەکانی دیکەی ئەورووپا بۆ دووبارە تازەکردنەوەی چەکەکانی بە شاراوەی. بۆئەنجامدانی ئەم کارە سۆڤیەتیەکان بە ڕوکەش دەستیانکرد بەوەی کە ڕۆڵی کۆمپانیای یەکێتی فراوان بکەن، باشیەکەشی ئەوە بوو کە کۆمپانیایەکی ئەمریکی بوو لەگەڵ ئەوەدا کۆمپانیایەکی (ناردەنی و هاوردەنی) بوو. بوریس ریتستین یاداشتێکی بۆ ئەو گۆڕینە تازەیە ناردبوو بۆ هامەر بۆ نیۆیۆرك. (١٤)

پێش ئەوەی هامەر بگاتە بەرلین، هاوکارە ڕوسیەکانی نوسینگەی ئەو، و کارمەندە ڕوسیەکانی ئەڵمانیا دەیانزانی، بۆیە نوسینگەیەکیان بۆ کردەوە. ئەم نوسینگەیە لە (لیندن ئستراسە)، بوو کە دوو کۆڵان دوورتر بوو لە (ویستۆرگ) کە ڕێکخراوێکی بازرگانی سۆڤیەتی بوو. زۆربەی معامەلەکانی هامەر لەڕێگەی ئەم ڕێکخراوەوە ئەنجامدەدرا، ئەم ناوچەیە لە ڕاستیدا بنکەی سەرەکی سیخوڕی سۆڤیەتی بوو لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا. ویستۆرگ لەو سەردەمەدا خەرکی کڕینی پارەی پێویست بوو لە کۆمپانیا ئەورووپیەکانەوە بۆ بنیادنانەوەی هێزی ئاسمانی لە ڕوسیادا، و بەشی کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا لە بەرلین ئەرکی ئەوەبوو کە ڕێکخستنی (بەشداریکردن) بکات لەگەڵ دامەزراوە ئەڵمانیەکاندا.

هامەر لە گەماڕۆ چەکسازیەکانی پەیمانی ڤێرسای هیچ باکی نەبوو. ئەم قەدەغەکردنانەی بە هەڵێك دەزانی، و بەبێ دواکەوتن ڕێکەوتننامەیەکی بەشداریکردنی لەگەڵ دامەزراوەی (سوبلاتنیك) ی ئەڵمانی، کە زیاتر ژمارەی فڕۆکەی پەیداکردبوو بۆ (وستۆرگ)، لیمزا کرد. سوبلانتیك لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا یەکێك بوو لە بەرهەمهێنەرە سەرەکیەکانی فڕۆکەوانی بۆ سوپای ئەڵمانیا و ئێستا لە

ژێر چەتری بەرهەمهێنانی فڕۆکەی مەدەنی خەریکی دروستکردنی فڕۆکە بۆمبڕێژە تازەکانە. لە حاڵەتێکدا کە تاقیکردنەوەی هەر جۆرە تەکنەلۆژیایەکی سەربازی لە ئەڵمانیادا قەدەغەبوو، ئەم پێویستی و کەلوپەلانە دەگوازرانەوە بۆ ڕوسیا. بەرنامە، بەو شێوەیەی کە هامەری باسی کردوە بریتی بوو لە(دروستکردنەوەی کارگە تێکشکێنراوەکانی فڕۆکەسازی لە ڕوسیا بە مەبەستی چاککردنەوە و دروستکردنی فڕۆکەکان لە کورترین ماوەدا) و (دروستکردنی قوتابخانەیەکی فڕۆکەوانی) بۆ ڕاهێنانی فڕۆکەوانەکان. بەپێی ئەم بەرنامەیەش پێویستیەکانی دەزگاکان بۆ دروستکردنی ماتۆڕەکانی فڕۆکە نێردران بۆ ڕوسیا. حکومەتی سۆڤیەتیش بەشێوەیەکی نهێنی بەشوێن کۆمپانیایەکدا دەگەڕا و بۆ ئەوەی بەشداری نیوەی تێچوونی گواستنەوەکان بکات و ئەو کارە بگرێتە ئەستۆ، کە بەبڕی ١٠٠ ملیۆن مارك بوو کە نزیکەی ١٠ ملیۆن دۆلاری دەکرد. (١٥)

هامەر بە قوڵی و زیاتر لە هەر بازرگانێکی دیکە شەیدای ئەم نەخشەیە بوو. هامەر سەفەرێکیان بۆ ڕێکخست بە فڕۆکەیەکی کۆمپانیای (صوبلاتنیك) بۆ مۆسکۆ، ئەو لەوێ لە ١١ ئاوریل، لەگەڵ بۆریس رینستین و هینز زیگرت، چاودێری هەموو هێزی پێشووی ئاسمانی ئەڵمانیا، ڕۆیشتن بۆ بینینی پیاوێك کە لەلایەن بەرەی ڕوسیاوە دانرابوو بۆ پرۆژەی نهێنی دووبارەکردنەوەی خۆ تەیارکردنی چەکسازی: ئەوییش مارشاڵی ئاسمانی (ئارکادی ڕوزنگۆلتز) بوو، کە یەکێك بوو لە باوەڕپێکراوترین هاوکارەکانی لەوکاتی لنین. ڕوزنگولتز هەم لە کۆمیسیاری کاروباری سەربازیدا نوسینگەیەکی هەبوو و هەم لە کۆمیسیاری دارایشدا. بەپێی ئەو دانیشتنانەی کە لە ئەرشیفەکانی ڕوسیادا بوونیان هەیە، (سوبلاتنیك) ئامادەبووە پارچەی پانزە فڕۆکە بەخێرایی ڕادەستیان بکات و لەماوەیەکی دیکەی کورتیشدا چەند سەد فڕۆکەیەکی دیکە دروست بکات. شوێنی پێشنیار بۆ دروستکردنی ماتۆڕی فڕۆکەکان لە ڕوسیادا شاری (فیلا) بوو، لە نزیك شاری مۆسکۆ کە پێشتر کۆمپانیایەکی دیکەی ئەڵمانی، ماوەیەك پێشتر دەستیکرد بوو بە دروستکردنی فڕۆکەی (یونکرس) هەر لەوێدا. مارشاڵی ئاسمانی (ڕوزنگولتز) ڕەزامەندی لەسەر کارەکە دەربڕی. (١٦)

کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا، ئاڕادەیەك وەکو شێوە کۆمپانیایەکی چەند نەتەوەی لێهاتبوو لەگەڵ سەدان کارمەندی ئیشکەردا. سەرەڕایی نوسینگەکەی خۆی لە

مۆسکۆ، نیۆیۆرك، لەندەن و بەرلین، و لە شارەکانی ریگا، کیف و پتراوگرادیش بەشی چالاك و جموجۆڵی هەبوو.

* * *

کانزای پەموە کێوی لە ئۆرال هێشتا نەگەیشتبوویە قۆناغی بەرهەمهێنان. کێشەی کرێکار و نەبوونی هۆکارەکان و ئامێرەکانی ئیشکردن بەرهەمهێنانی کانزاکەیان دواخستبوو؛ و پێشنیاری چر و جنجاڵی هامەر لە بارەی گەنمی ئەمریکاش چارەنوسێکی باشتری نەبوو. یەکەمین باری گەنم بۆ ئەمریکا تەنها چوار هەزار تەن بوو، واتە یەك لەسەر چواری ئەو گەنمەی کە لە سێپتەمبەری رابردوو بەڵێنی گولستنەوەی درابوو. ئەمە هەموو ئەو گەنمە بوو کە توانی بە پارەی کالاکانی ڕوسی کە لە دیسەمبەر نێردرا بۆ ئەمریکا بکڕدرێت. دژوارێکی دیکە ئەوە بوو کە ماددەی کیمیاویان ئەدا لە خاویاری ڕوسی بۆ پاراستنی و خراپ نەبوونی، لەکاتێکدا ئەم ماددەیە لە ئەمریکادا قەدەغە بوو، بۆیە ناچاربوون خاویارە نێردراوەکان بە تێچوونێکی کەمتر بنێرن بۆ کەنەدا. سەرەڕایی ئەوەش، کالاکانی دیکەش بەزۆری تەزویر و بێ بازاڕ بوون و بە نرخی زۆر کەمتر لەوەی کە چاوەڕوانی لێ ئەکرا فرۆشران. سەرتاپای مامەڵەکان بەشێوەیەك بێ هیوایانە بوو کە کەمێك دواتر لە ساڵی ١٩٢٢ ڕێککەوتنامەی گەنمی هامەر لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤیەتیدا هەڵوەشایەوە.

ئەم کەمتەرخەمیانە لنینی نائومێد نەکرد. ئەو کەمتەرخەمیەکانی خستە سەر ئەستۆی کۆمیسیاری بازرگانی دەرەکی و سووربوو لەسەر ئەوەی کە (ئێمە دەبێت زیاتر گرنگی بە هەموو ئەو کارانە بدەین) ١٧. لنین لەسەرەتارە ئەوەی خستبوویە ڕوو کە گرنگی ئیمتیازی هامەر تەنها زیاتر ڕووکەشە، واتە بەو شێوەیەی کە خۆی وتبوو دەتوانێت (خەیاڵی) بێت. مامەڵەی گەنم، بە چاوپۆشی لە هەر شتێك، پروپاگەندەیەکی دروستکردبوو و لە کردارا جۆرێك لە هاوڕێیەتی و سودی باشی فەراهەم کردبوو هەرچەندە (کارەکە درۆزنانە) بوو، کە ئەو مامەڵەیە لەلایەن ڕوسیاوە تەنها بەخشرابوو بە کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا.

هامەر لەکاتی گەڕانەوەی بۆ مۆسکۆ خەڵاتێکی هێنابوو بۆ لنین: کە ئەویش پەیکەرێکی مەیمونی برۆنزی و جەڵدێك لە کتێبەکانی داروین بوون: مەیمونەکە دەرخستەی ئەوە بوو کە سەرەتایی مرۆڤ بووە. پەیکەرەکەشی دەرخستەی

پەیکەرێکی جۆرێك بوو لە مانایی بۆچوونی گەشەکردنی مرۆی. ئەم پەیکەرە برۆنزیە بیری لنینی مەشغوڵ کردبوو، لەسەر مێزە قەرەباڵغەکەی خۆی دایئا بوو. هامەر نامەیەکیشی بۆ ناردبوو کە بە ئیمزای هاوڕێی کۆمۆنیستەکەی باوکی لە زینداندا نێردرابوو. لنینیش لە نامەکەی خۆیدا، سەرەڕایی سوپاسگوزاریەکانی بۆ خەڵاتەکان، جارێکی دیکە خۆی بە (هاوڕێی هامەر) ناو دەبات. لە خوێندنەوەی پشتی ئەو نامەیەدا دەردەکەوێت کە هامەر کارەکانی خۆی لە ئەمریکا و ئەڵمانیادا بە باشی ئەنجامداوە و لنین ڕازیە لە کارەکانی.

لنین چاوەڕوانی ڕاپۆرتێکی دیکە بوو لە هامەر، بەڵام لەهەمان کاتدا فەرمانیدا بە سکرتێرەکانی خۆی، (ئاگاداری ئارمەند هامەر بن و هەرکاتێك خواستێکی هەبوو لێم هەرچیتان لەدەست دێت ئەنجامی بدەن). هەروەها لنین داوایی کرد لە (گریگۆری زینوویف) سەرۆکی ئەنجومەنی پتراگراد، ئاگادارێکی تایبەتیم لە (هاوڕێ هامەر)ی بەخشندە دەوێت و (بەخێرایی فەرمان بدە تەشریفاتی زیادە و کاغەزبازی (لەکارەکانیدا) نەبێت) پاشان وتی (هاوڕێیانی جێگەی متمانە)، کە مەبەستی گروپی (چکا) یە، دەمێت بەشەخسی ئاگادری پێشکەوتن و خێرایی هەموو کردایەکانی ئەو ئیمتیازاتانەین. ئەمە بەڕادەیەکی زۆر گرنگی هەیە) (١٨) ئەو شەخسەی کە کرایە بەرپرس بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی تەواو بکات لەبارەی هامەرەوە (بوریس رینستین) بوو.

ڕاپۆرتێکی چوار لاپەڕەی رینستین دەڵێت بە لنین کە چالاکیەکانی نهێنی نۆ مانگی ڕابردووی هامەر، سەری ئەویان زۆر بەتوندی خستوەتە ناو مەترسیەوە. ڕاپۆرتەکە بەم هۆشدارییە بۆ لنین دەست پێدەکات کە (ئەم یاداشتە نابێت بکەوێتە دەستی نامەحرەمەوە) چونکە ئەگەر ئەم نوسخەیە بکەوێتە دەستی دەوڵەتی ئەمریکا دەتوانێت بۆ هاوڕێ (جولیوس هامەر) کە ئێستا بارودۆخێکی زۆرخراپی هەیە، مەترسی گیانی بێت). و پاشان ڕوونی دەکاتەوە کە چالاکیەکانی جۆلیوس هامەر لە پشتیوانی مەرامەکانی کۆمۆنیزم زیاتر لە چارەکە سەدەیەك دەگرێتەوە، و پاشان ئەوەی وەبیر دەخاتەوە کە بە پێشنیاری (لودیوگ مارتنس) پەیمانێك لەگەڵ کۆمپانیای هامەرەکان واتە (کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا) دەبەسترێت کە بەهۆی ئەو پەیمانەوە (کاڵاکانی ئێمە لە ژێر چاودێری ئەو کۆمپانیایەدا لە نیویۆرك دەفرۆشرێن).

(قازانجی پاشماوەی فرۆشتنەکە حەوالەی دەوڵەتی ڕوسیا دەکرێتەوە) پاشان ڕینستین ئەوەی خستە ڕوو هەرچەندە گەیاندنی گەنم بەهۆی ئەو کێشە پێشبینی نەکراوانەوە کە دروست بوون دواکەوت، بەڵام ئەم هاوکاریانە لەگەڵ سەرکەوتنی باشدا ئەنجامدراون.

ڕێکەوتننامەی هامەر بۆ دەرهێنانی پەموی کێوی، بە بۆچوونی ڕینستین، بەلایەنی کەمەوە، وزەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی بیانیەکانی دیکە بۆ گرتنی ئەو ئیمتیازانە ڕابکێشێت بۆ ئەو هەلومەرجانەی هاوکاری. پاشان دەنوسێت (هەلومەرجی ئەو ئەوەندە لە قازانجی ئێمەدایە کە ئەگەر بمانەوێت دەتوانین بۆ هەموو ئیمتیازەکانی بیانی لە ئایندەدا بیکەینە سەر مەشق). پاشان دەڵێت، سەرەرایی هەموو ئەو شتانە، هامەر بۆ کانزایی پەموە کێویەکە کەرەستەی تازەی ئەڵمانی بۆ دەرهێنانی کانزاکە کڕیوە ئەو شتانەی کە ڕوسیا پێویستیەتی. هەروەها کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا بووتە تەنها نوێنەری ئۆرخکراوی فۆرد بۆ فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی وەکو لۆری و تراکتۆر بۆ ڕوسیا. و لەگەڵ ئەوەدا خەریکی ئەنجامدانی کارێکی هاوشێوەیە لەگەڵ کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی دیکەی ئەمریکادا. لە بەرلین (کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا) چووتە ناو ڕێکەوتننامەیەکەوە لەگەڵ دامەزراوەی (زتلانتیکی ئەڵمانی) لە بەشی (سوبلاننیک)دا. کاری ئەوانە، هاوکاریکردنی فەرماندەی ئاسمانیی سۆڤیەتی یە (بۆ بەدەستهێنانی کار و کاسبی فڕۆکەسازی)، وەکو (دروستکردنی ماتۆڕ لێرەدا بۆ مەبەستی سەربازی و نا سەربازی بەکار دەهێنرێت).

سەرەئەنجام، ڕینستین دەنوسێت هامەر بەڵێنیداوە بە سۆڤیەتیەکان تاوەکو یارمەتیان بدات بۆ ئەوەی تەکنەلۆژیای تەلەفۆنی بێ سیم لە (دامەزراوە پێشکەوتوەکانی ئەمریکا) بەدەست بهێنێت. هامەر وتویەتی دەتوانێت پارچەی ئەسڵی ئەم تەکنەلۆژیا تازەیە لە ویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا بکڕێت، و پێشنیاری کردوە (بەهاوکاری باوکی، بەلایەنی کەمەوە بەشێک لە پارەی پێویست بۆ چارەسەکردنی ئەو کێشەیە، ئامادە بکەن) پاشان ڕینستین دەڵێت (بۆ ئێمە بەڕادەیەکی زۆر گرنگە).

هامەر، لەدیدی سۆڤیەتیەکانەوە، ڕێگەیەکی کردبوویەوە کە لەڕێگەی ئەوەوە پارە و تەکنەلۆژیا بەرەو یەکێتی سۆڤیەت ڕەوانە دەکرا، و دەتوانرێت لە ئایندەداشدا

پەرەی پێبدرێت. رینستین ڕاپۆرتەکەی خۆی بەم ڕستەیە کۆتایی پێدێنێت کە (ئەوەی کە لەسەرەوە هاتوە ڕوونە کە لە شەخسی ئەم دوو هاوڕێیەی هامەر و کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکاوە پەیوەندییەکمان بەدەستهێناوە کە بۆ ئێمە زۆر گرنگە) (١٩)

لنین بە شێوەیەکی ڕووکەش وادیاربوو ئەم هەڵسەنگاندنەی قبوڵ کردبوو. لە ٢٤ مانگی مەی، ڕاپۆرتی رینستین بۆ جوزێف ئستالین، سەرۆکی گشتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست نێردرا هەمان هاوشێوەی ڕاپۆرتەکەی لنین. دواتر لنین لە پەیامێکی هاوشێوەی پەیوەستدا بۆ ئیستالین دەنوسێت:

(بە پشت بەستنی ئەو زانیاریەی هاوڕێ رینستین، من لەلایەن خۆمەوە ڕاسپاردەیەکی تایبەتی نارمەند هامەر و بۆریس میشێل دەکەم و داوا لە هەموو ئەندامانی (پولیت بیورو) دەکەم هاوکاری و پشتیوانی تەواوەتی ئەو دوو کەسە دابینەو باشە بکەن بەتایبەتی. ئەمە ڕێگەیەکی بچوکە بۆ جیهانی (بازرگانی) ئەمریکا. و دەبێت بەهەر شێوەیەك هەبووە سودیان لێوەر بگیرێت.) (٢٠)

لنین سور بوو لەسەر ئەم بۆچوونەی کە لەو نامەیەدا بۆ ئستالین ناردبووی و بە نیشانەیەکی (خێرا) و (نهێنی) دەزانی و ئاشکرای کرد سود وەرگرتن لەم (ڕێگەیە) زۆر گرنگە. لەگەڵ ئەوەشدا فەرمانیدا بە ئیستالین نوسینەکەی ئەو بگەیەنێتە (زینوویف و ئەندامەکانی دیکەی مەکتەبی سیاسی). ئەمە دواهەمین پەیامی لنین بوو بۆ ئیستالین پێش ئەوەی جەڵدەی مێشك لێی بدات کە لنینی لە مانگەکانی دوایدا لە توانایی خست.

ئیستالین هەنگاوی پێویستی نا بۆ بەهێزکردن ی پەیوەندیەکانی لەگەڵ هامەردا. داوای لە ئۆرگانەکانی وەك دەزگای ڕێبەری چکا و دەزگا ئاسایشیەکانی دیکە کرد و فەرمانی پێدان تاوەکو لێکۆڵینەوە بکەن لەسەر چالاکیەکانی هامەر و ڕاپۆرتی لەبارەوە بۆ بنێرن. پاشان، لە ٢ جێنیوەری، بە خواستی ئیستالین، هەموو (پۆلیست بیورو)کان کۆبوونەوەو بڕیاریدا کە هامەر (ڕێگەی) ژێر کۆنترۆڵی سۆڤیەتی بێت بۆ جیهانی بازرگانی ئەمریکا. هامەریش هەمان ڕۆژ مۆسکۆی بەجێهێێت. دوای مانەوەیەکی کورت لە بەرلین و پاریس، سواری کەشتی (مجستیك) بوو و لە ١٣ جێنیوەری گەیشتەوە نیویۆرك، لەگەڵ ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز کاتێکی دیاریکرد بۆ

گفتوگۆکردن و بە هەراوهوریایەکی فراوانەوە کردنەوەی کانزایی پەمووی کێوی خۆی خستەڕوو. (٢١)

(ئێف بی ئایی) گەڕانەوەی هامەری بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەلایی خۆی نوسیەوە، بەڵام لەبیر ئەوەی ئاگاداری ئەو بەزم ورەزمە تازەیەی مۆسکۆ نەبوو، ئەویان تەنها بە هاوکاریکارێکی سۆڤیەتی دەزانی.

هامەر زۆر لەوە زیاتر کە (ئێف بی ئایی) گوماتی کردبوو لە ڕوسیاوە هێنابووی لەگەڵ خۆیدا. یەکێك لە خەلآتەکانی سەفەرەکەی ڕاهێنان و پەروەردەکردنێکی زۆر بەنرخ بوو. لە پلەی یەکەمین سەرمایەداری هەڵبژێردراوی لەنین، فێری شێوەی مامەلەیەك بوو بوو کە لەگەڵ ئەوەی کە لە ڕۆژئاوادا فێریان دەکرد زۆر جیاواز بوو. بنەمایی کارکردن لێرەدا تێگەیشتنەکانی کێبەرکێی بیرۆکەکانی (ئادەم ئسمیت) نەبوون، هیچ باسێك نەبوو لەبارەی بازاڕی ئازاد و کارامەترین بەرهەمهێنەرەکانەوە. بنەمای کارەکە هەڵگرتنی پەیامی لنینستی بوو کە دەبوت پاداشتی ئابوری لە دەوڵەتەوە دەبێت. لەبری ئەوەی کە بازرگانەکان لە بەردەم کێبەرکێ پڕ لە سەراسیمەی مانەوە، تەنها، شایستەکاندا بمێننەوە، دەوڵەت پارێزگاری لە خاوەن بەخشینەکانی ئیمتیازەکان و سەرمایەدارەکانی خۆی دەکات. لێهاتووی سەرەکی، بەم شێوەیە، بەخشینی ئیمتیازە لە دەوڵەت و پاراستنی ئەو ئیمتیازەیە.

* * *

کاتێك هامەر گەڕایەوە بۆ نیویۆرك تازە تەمەنی دەبوو بە بیست و چوار ساڵ. بۆ دووەمین یادی ساڵی لەدایکبوونی خۆی لە ناو خێزانەکەیدا نەبوو، بۆیە بیری لەوە کردەوە لەکاتی ئاهەنگی لەدایکبوونەکەی لە میوانخانەی (ئەنسونیا) یادی لەدایکبوونەکەی بکاتەوە. بەڵام کار و کاسبیە بێ ئامانەکەی هیچ جۆرە کات و مەجالێکی بۆ نەهێشتبوویەوە. دوای دیداری لەگەڵ باوکی لە زیندانی (سینگ سینگ) لەو مانگەی جینیوەری، تەلەگرافێکی زۆر خێرا لە (بوریس میشیل)ەوە گەیشت، دەبویت کێشەی زۆر جدی لە کانزایی پەمە کێویەکە دروست بووە. پەیامێکی دیکە لە نوسینگەی بەرلینەوە دەیوت پێویستیان بە هامەرە لەوێ. شوێنێکی بۆ خۆیی لە کەشتی (هومریك) گرت، کە بڕیاربوو ڕۆژی یەکەمی جینیوەری بڕوات بۆ لەندەن. ئەم

جاره لـه سـەفەره دەریایەکەیدا هـاوڕێی هـەبوو: ئـەوانیش براکانی هێـری و ڤیکتـۆر بوون.

هێـری هەمیشه ئەندامێکی دامـەزرا و دڵنیابەخشی خێزانەکەیان بـوو. و کاتێـك ئارمەند منداڵ بوو له (برۆنکس)، هێری له شەڕێکدا لەسەر براکەی لەگەڵ بەرەڵاکانی کۆڵان خەنجەر بۆکسی بەکار هێنابوو، ئێستا بەڕێوەبەرایەتی بەشی لەندەنی کار و کاسبیەکەی براکەی له دەستۆ دەگرێت بۆ ئەوەی کاتەکان و پڕ له ئیشیەکانی هامەری برای کـەم بکاتـەوه. ئـەم کـاره پێویستی بـه تـاو و تـوێکردنی پـاره بـوو لـه حـسابه نهێنیەکانی ژێر کۆنترۆڵی سۆڤیەتی.

ڤیکتۆر وەکو هێری زۆر جدی نەبوو کەمێك ئاسایی تر بوو. هەمیشه حەزی دەکرد بەردەوام سەما بکات و گۆرانی بڵێت و کاتێکی خۆش بۆ خەڵکی بەرێته سەر. کاتێـك تەمەنی پێنج ساڵ بوو، نمایشی (سەیر و خۆشی هەبوو) به شێوەی تەقلید به زمانه جیاوازەکان گۆرانی و شتەکانی دەوتەوه. ڤیکتۆر له کولێجی له زانکۆی پرینتسۆنی خوێنـدبووی و بەڵام نـەیتوانی بـوو خوێندنەکـەی کۆتـایی پێبهێنێت، حـەزی دەکرد ببێتـه مامۆستای هونەره جوانـەکان، بـەڵام هامـەر هانیـدا بڕوات بۆ مۆسـکۆ و ببێتـه جێگـری ڕەسمـی ئـەو لـه مۆسـکۆدا و کارەکـانی ڕاپـەڕێنێت. تەنانـەت هامـەر ئـەوی نـاردبوو بـۆ قوتابخانـەی تایپێـستی بـۆ ئـەوەی بـەخێرایی شـتەکان بنوسـێتەوه. ڤیکتـۆریش بـه مـەرجێك ئامـادەبوو بـڕوات بـۆ مۆسـکۆ کـه لەوێـدا وانـەی شـانۆش بخوێنێت.

دوویاره پەیوەستبوونی براکان لەسەر کەشتی (هۆمریك) له هاوینی سـاڵی ١٩٢٢، به گەیشتنیان به بەریتانیا کۆتـایی هـات. هێـری و ڤیکتـۆر لـه لەندن مانـەوه. ئارمەند، که سات بەسات بێتاقەتتر و بێ کاتتر دەبوو، بەبێ دواکەوتن سـواری شـەمەندەفەر بـوو و ڕۆیشت بۆ بەرلین. له بەرلینیشەوه ڕۆیشت بۆ هامبۆرگ، و لەوێدا چاوی کـەوت بـه ئەندازیاره ئەڵمانیەکان، لەوێشەوه بۆ ڕیگا و پاشان لـەوێ دەستیکرد بـه ڕێکـەوتن و بەرتیلدان به کارمەندانی گومرگ چونکه بارەکانیان دواخستبوو، و دواتر ڕۆیشت بۆ باکۆ و گرۆزنی بۆ لێکۆڵینـەوەی توانایی وەرگرتنی ئیمتیازێکی نـەوتی. ئـەم سـەفەره یەك لەدوایی یەکانـه، و زۆریـەیان لـه شـەمەندەفەره ناڵەندروستەکاندا ئـەنجامی دەدان که زۆر ئەویان ئازار دەدا. (٢٢)

لە ئۆکتۆبەری ئەو ساڵە، قەیرانێکی دیکە ڕوویدا. کرێکارانی ئیمتیازی پەمووی کێوی هامەر، بێتاقەت بوون لەو بارودۆخە نەگونجاوەی کانزا، بۆیە دەستیان لەکارەکەیان هەڵگرت. هامەر خۆی گەیاندە کانە کانزاکە، بەڵام ئامادەبوونی ئەو کارەکەی خراپتر کرد. (لینۆ وڵف)، بەڕێوەبەری کانزاکە، بۆ پاراستنی گیانی خۆی لە دەستی کرێکارە تووڕەکان، دەمانچەی هەڵ دەگرت. ئەو وتی بە هامەر کرێکارەکانی ئەوەندە بارودۆخیان خراپە بەتایبەتی لەبواری خۆراکیدا کە ئەوەندەی تەماوە دەست بکەن بە شۆڕشێکی توند. هامەر تازە تێگەیشت کە ڕێگەی دەزگاکانی کارکردن و پارچە یەدەکییەکان و ماددەی خۆراکیەکەی کە چەند مانگێک پێشتر ناردبووی بۆ ئیشکەرەکانی هێشتا نەگەیشتوە. بێتاقەت و بێزار، ڕۆیشت بۆ لای (چیکا)، و تاوەکو مانگی دیسەمبەر مانگرتن و سەرکوتکردنی دژوارییەکان بەشێوەیەکی کاتی چارەسەرکران. (٢٣)

هامەر زۆر بەسەختی کەوتە ژێر کاریگەری توانایی لێهاتووی (چیکا) و سەرۆکەکەی، واتە (فلیکس دزرژنیسکی). دواتر لە یاداشتەکانیدا زۆر سوپاسی (دزرژینسکی) دەکرد لە دەستێوەردانە شەخسیەکانی بۆ نەهێشتن و دوانەخستنی گەیاندنەکانی بە ڕێگایی ئاسنیندا. ڕوداوی سەفەری (دزرژینسکی) بە باسێکی زۆر درێژ دەخاتە سەر کاغەز کە کاتێک ئەو بۆ لێکۆڵینەوەی ڕێگای ئاسنەکە دەڕوات بۆ ئۆراڵ و تەلەگرافێک دەکات بۆ سەنتەری ئیداری ناوچەی لە (ئومسک) بۆ ئەوەی شەمەندەفەرێک بنێرێت تاوەکو ئەو بگەڕێنێتەوە. شەمەندەفەرەکە لەسەرکاتی خۆی ناگات، و ئەویش فەرمان دەردەکات بۆ سەربازەکانی (چیکا) تاوەکو بڕۆن سەرۆکی گشتی و جێگرەکەی ئەو سەنتەرە بهێنن بۆی. سەربازەکانیشی ئەو دوو کەسە دەگرن و دەیبەنە دەرەوە لە حەوشەکەیان و فیشەک بارانیان دەکەن تاوەکو ببنە پەند و وانە بۆ ئەوانی دیکە، هامەر ئەم (وانە)یە بە گەواهیدەری ئامانجی ئاڕاستەکراوی هۆکاری کارەکان دەزانێت. دەڵێت دوایی ئەوەی کە ئەو دوو کارمەندەی کە ئیهمالیان کرد هەر لەڕێگەوە کوشتنیان، شەمەندەفەرەکان ئیدی زۆر بەشێوەیەکی ڕێکوپێک کارەکانیان دەکرد و دەهاتن و دەڕۆیشتن (٢٤) . هامەر چیرۆکێکیش دەگێڕێتەوە لەبارەی هەوڵەکانی خۆی بۆ نەهێشتنی کێشەیەکی بارکردن و گواستنەوە کە چۆن بەشێوەیەکی ترسناک وەکو هاوشێوەی چیرۆکەکەی (دزرژینسکی) یە. هامەر پەی .

دەبات، بە وتەی خۆی، کە چەند ڤارغۆنێکی بارکراوی خۆراکی کرێکارانی کانزاکەی لەلایەن فەرماندەیەکی سەربازی وێزگەیەکی بچوکەوە وەستێنراوە و فەرماندەکە بەرتیلی دەوێت تاوەکو ئەو شتانە بەربدات. هامەریش ئامادە نیە ئەو بەرتیلە بدات، و تەلەگرافێك دەکات بۆ بەرپرسەکانی ئەو شارە لە (سوردلوسك) و داوایی هاوکاری دەکات. لەبەر ئەوەی کە جەواز سەفەرەکەی هامەر ئیمزایی بەرپرسی هەمووی (چکا)ی پێوە بوو، کارەکانی وەکو (کلیلێکی سحراوی) بەڕێوە دەچوون. (چکا) ش بەخێرایی دەست بەکار دەبێت و کاتژمێرێك دواتر ڤارغۆنەکانی هامەر بەردەبن، و (فەرماندە سەربازیەکەی وێزگەکەش بەبێ دواکەوتن دەبرێت بۆسوردلوسك) دوایی ئەوەی کە ئیعتراف دەکات لەسەر کارەکەی لە سێدارە دەدرێت) (٢٥).

ئەگەر هامەر بۆخۆ دەرخستن و گرنگی ڕۆڵی خۆیشی بێت پیاهەڵدانی کردبێت لەبارەی لەسێدارەدانی ئەو کارمەندەوە، ئەمە فشەیەکی نوسراوە و باسکراوە. هامەر ئیدی ئەو گەنجە ترسنۆك و لەرزۆکە گۆشەنشینە نیە کە لەبەرامبەر ئەو پۆلیسەی بەریتانیا کاتێك لەناو کەشتیەکەدا گیرا دەلەرزی و قسەی بۆ نەدەهات. ئێستا خۆی بە پیاوێك دەبینێت کە پڕە لە پەیوەندی ترسناك و سەیر، پیاوێکە دەبێت ئێستا خەڵك لێی بترسێت و سەر بەرز نەکەنەوە لەبەردەمیدا، پیاوێك، کە وەکو خودی (دزرژینسکی)، دەتوانێت بەبێ گرنگی سەیری کارمەندێکی دەسەلاَتدار بکات و بەئاسانی سزای بدات لەسەر کارەکەی. ئەمە چیرۆکێکە کە ئەو چەندین جار، هەرجارە و بە گێڕانەوەیەکی کورتی جیاواز، بۆ ئەم و بۆ ئەو چیرۆکەکانی خۆی دەگێڕایەوە.

هامەر کەمێك دواتر لە هەمان مانگی دیسەمبەر کە کاتێك گەڕایەوە بۆ مۆسکۆ، لە شوقەکەی بوریس میشیل مایەوە. وتی بە میشیل زستانی ڕوسیا بەتەواوەتی پەکی خستووم و پێویستم بە هاونشینێکە واتە بە ژنێك بۆ ئەوەی گەرمم بکاتەوە. کوڕە نۆزدە ساڵەکەی میشیل، جۆزێفیش، لەو شوقەیەدا دەژیا. هامەر دیاربوو لە قسەکانی جۆزێف چێژی وەردەگرت، و کەمێك دوایی ئاشنایەکەیان، ڕۆژێك جۆزێفی برد بۆ گەرماوێك لە نزیك کۆشکی کرملین. هامەر کچێکی جوانی بانگکرد بۆ ئەوەی جۆزێف ماساژ بکات، و ئەوکاتە جۆزێف ڕوسی نەدەزانی، وتی بە هامەر بڵێت بە کچەکە هەندێك نەرمتر ماساژی بکات. ئاه و ناڵەی جۆزێف بەرزبوو بوویەوە بۆ ئاسمان،

هامەریش بە قاقا پێدەکەنی. ئەمە یەکەمین و تەنها بوارێك بوو کە جۆزێف پێکەنینی هامەری بینی.

هامەر ئەو مانگی دیسەمبەرە هەموو ڕۆژێك زیاتر و زیاتر بێتاقەت و نارەحەت دەبوو، و چەندین کاتژمێر بە تەنهای لە ژورەکەیدا دەمایەوە. تەنانەت چارێکیان ڕۆژێك پێش کریسمس بەهیچ شێوەیەك لە ژورەکەیدا نەهاتە دەرەوە. بوریس میشل سەرەتا گومانی ئەوەی دەکرد کە میوانەکەی ئازاری مەعیدەی هەیە، چونکە ئەو ماوەیە لە مۆسکۆدا ئەو نەخۆشیە بلاو بوو. بەلام بەرە بەرە کاتێك میشیل داوایی کرد بۆ ئەوەی کێشەکەی خۆی باس بکات بۆی، هامەر بەهیچ شێوەیەك یەك وشە قسەی نەکرد، میشیل ترس دایگرت و گومانی ئەوەی برد ئەوەکو توشی قەیرانی دەروونی بوبێت. بە ناچاری ڤیکتۆرهامەری ئاگادار کردەوە، کە تازە هاتبوو بۆ مۆسکۆ و لە ئەکادیمیای شانۆدا خەریکی فێربوونی وێنەکێشان بوو. ڤیکتۆریش بە پرتاو خۆی گەیاندە شوقەکە و بینی براکەی پەکی کەوتوە و بەتەواوی خەمۆکی دایگرتوە. ڤیکتۆر زۆر هەوڵیدا هەموو هەوڵە قەشمەریەکانی بخاتە گەڕ و هەرچی قسەی خۆشی بۆ دەکرد و دەیلاواند بەلام هیچ سودی نەبوو. هامەر نزیکەی هەفتەیەك بەبێ دەنگ بەو شێوەیە لە ژورەکەیدا مایەوە و لە پەنجەرەکەیەوە بە قوڵی سەیری ئەو بەفرە قورسەی دەکرد کە دەباریە شاری مۆسکۆ. لەگەڵ ئەوەدا بەهەموو شێوەیەك خۆی بەدوور گرت لە سەردان بۆ لای پزیشك. ڤیکتۆر بەناچاری نامەیەکی نوسی بۆ باوکی و میشیلیش هەواڵەکەی پێگەیاند (٢٦). هەفتەیەك تێپەڕی، ئینجا وەکو بڵێی هامەر هاتەوە بەهۆش خۆیدا. پاشان وتی دەبێت سەفەرێك بکات بۆ بەرلین چونکە کاری هەیە، وا خۆی پیشان دەدا گوایە هیچ شتێك ڕووی نەداوە، ڕۆژێ دواتر بەرەو بەرلین کەوتەڕێ. (٢٧)

ئارمەند هامەر بەشێوەیەکی ئاشکرا بەتەواوی لە ژێر فشارێکی زۆر قورسدا بوو. ژیانی ئەو بەتەواوی هەڵگەڕابوویەوە. دوو ساڵ پێشتر، ئەو خوێندکارێکی شەرمن و گۆشەگیرێکی تەنها بوو. ئێستا سەرپەرشتی کۆمپانیایەك دەکات کە زیاتر لە سەد کارمەندی لە پێنج وڵاتدا هەیە. لەگەڵ دوو کەس لە پاڵەوانترین پیاوەکانی جیهان: لنین و هێنری فۆرد، دیداری کردوە و معامەلەی هەیە. بوریس ریستتینیش لەگەڵ خۆیدا بردبووی بۆ (کمینترن) و پەیوەندی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری ڕێبەرانی بەرزی

یەکێتی سۆڤیەتتدا هەبوو. بۆیە لەگەڵ ئەوەدا پەیمانێکی لە ئەستۆگر تبوو کە بە هیچ کەس لەدەرەوەی ڕوسیا جگە لە باوکی نەیوتبوو.، ئەویش بەڵێنی ئاسانکاری کاروباری نهێنی ڕژێمی سۆڤیەتی بوو. هەرچی زیاتر بیری لە ئەنجامی کارەکانی خۆی دەکردەوە، دەیزانی هیچ ڕێگەیەکی نیە بۆ هەڵهاتن لە چنگی کۆشکی کرملین. بۆ ئەنجامدانی پەیوەستبوون بەو بەڵێن و وەفا گەورەیەوە، ڕێگاکەی تاریك و لێڵ بوو، چونکە هیچ جۆرە ئامادەکارێکی پێشینەی نەبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەموو قەیرانەی کە بڕیاربوو لە ئاییندەدا ڕووبەڕووی ببێتەوە.

وەرزی چوارەم

گەڕانەوەی باوکی دەست ودڵ گراوە

ئەو نامانەی کە جۆلیوس هامەر لە کوڕەکەی ڤیکتۆر و هەروەها لە بۆریس میشیل لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٢٢ پێیگەیشت زۆر خەمهێنەر و ناخۆش بوون. لەو نیشانانەی کە ئەوان باسیان کردبوو، جولیوس تێگەیشت کە لەوانەیە کوڕەکەی توشی قەیرانی دەروونی بووبێت (١). هەرچەندە بەڕوکەش خەریکبوو بەرەو چاکبوونەوە دەڕۆیشت، بەڵام دیاربوو کە پێویستی بە هاوکاری باوکی هەیە. جولیوس دەبێت لە (سینگ سینگ) ڕزگاری ببێت.

هێشتا بەلایەنی کەمەوە نزیکەی ساڵێك مابوو لە تەمەنی جۆلیۆس لە زینداندا، بەڵام ئەو دەستیکرد بە داڕشتنی تەگبیری زۆر لێزانانە تاوەکو زووتر ڕزگاری ببێت. بە سود وەرگرتن لە هەموو دەسەڵات و پەیوەندیەکانی خۆی، بانگەشەی ئەوەی کرد کە ڕۆیشتنی ئەو بۆ مۆسکۆ زۆر پێویستە تاوەکو بە فرۆشتنی بەرهەمە دروستکراوەکانی ئەمریکا لە دەرەوە زیان نەکات و لەبەرئەوە ڕزگاربوونی ئەو لە زینداندا بە سود و بەرژەوەندی نەتەوەی ئەمریکایە. لە نامەیەکدا بۆ دەستەی لێبوردەی زیندان نوسی کە کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا نوێنەری ڕێگەپێدراوی ئۆتۆمبێلسازی فۆرد و کۆمپانیاکی دیکەیە لە ڕوسیادا و بەرپرسیاریەتی ئەو کارە لەئەنجامی ئامادەنەبوونی خۆی خراوەتە ئەستۆی کوڕەکەی، کوڕەکەشی تەنها بیست و چوار ساڵە و هەموو تەمەنیشی خەریکی خوێندن بووە) و بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت لە ژێر ئەو بارە قورسەدا دەربێت. بۆ نمونە باسی توشبوونی لەخۆشی دەروونی

کوڕەکەی کرد بەهۆی قورسی ئیشەکانەوە. و پاشان باسی ئەوەی کرد ئەگەر ئەو کارە بێ ئەزموونە لە کوڕەکەی وەرنەگرێت شیرازەی کاروبارەکان بەتەواوی تێکدەچێت، و ئەگەر ئەم حاڵەتەش ڕوبدات، هەموو نارەحەتیەکانی ئەمریکی کە لەڕێگەی کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکاوە کارەکانیان ئەنجام ئەدەن هەموویان دەکەونە مەترسیەوە. عەریزەیەکی هاوشێوەیەی نارد بۆ نوسینگەی بازرگانی دەرەکی و ناوخۆی ئەمریکا، و کە بەرپرسی بەرەوپێشەوەی کار و کاسبی ئەمریکا بوون لە دەرەوە، پاشان چەند دێڕێکی دیکی بۆ زیاد کرد لە عەریزەکەیدا نوسی چالاکیەکانی کۆمپانیای ئەو لە ڕوسیادا (بەتەواوی بێ سود دەبێت وزیانێکی گەورە دەدات لە بازرگانی ئەو وڵاتە لەدەرەوە و ئەگەر لەوێ نەبێت بەپێچەوانەوە ئەگەر لەوێ بێت دەتوانێت ئەو بوارە چالاک بکات و بەسەدان کارمەندی ئەمریکیش بخاتە سەرکار) (٢). ئەم پاوێژە کاریگەرێکی باشی هەبوو. لە ٥ ئاوریلی ساڵی ١٩٢٣ جۆلیوسیان ئازاد کرد و پارەتیاندا سەفەر بکات بۆ ڕوسیا.

هاوسەرەکەی جولیوس هامە واتە رۆز، لەماوەی زیندانی پیاوەکەیدا لە هۆتێلی ئەنسونیا لە ناوچەی ڕۆژئاوای سەروەی نیۆیۆرك مابوویەوە. ژنەکەی خەریکی خۆ کۆکردنەوە بوو بۆ سەفەرەکردن بۆ مۆسکۆ، و جولیوس هامەر بۆ بینینی هێنری فۆرد ڕۆیشت بۆ دیترۆیت.

ناکۆکی و دوژمنایەتی سەرسەختانەی فۆرد لەگەڵ کۆمۆنیزمدا نەبووە هۆی رێگری ئەو معامەلەیەی کە ئەنجامیدا لەگەڵ جۆلیوس هامەردا کە یەکێك بوو لە دامەزرێنەرەکانی حیزبی کۆمۆنیزم لە ئەمریکادا و تازە لە زیندانیشدا هاتبوویە دەرەوە، فۆرد هیچ کاتێك هەستی بە ئازاری ویژدانی نەکرد بۆ ئەوەی دیداری لەگەڵدا ساز بکات یان ڕێگە بدات بە ئەو و کوڕەکەی ببنە نوێنەری فۆرد لە ڕوسیادا بۆ ئەوەی کاڵاکانی بفرۆشن. تەنانەت فۆرد متمانەی بە خشیبوو بە کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا بۆ ئەوەی پارە و پێوسیتیەکانی گواستنەوەی شەش مانگ دوای ئەوەی کە ڕەزامەندی دابوو لەسەر کارەکە بیگوازنەوە بۆ ڕوسیا.

جۆلیوس هامەر لەو دیدارەدا پێشنیاری کرد بۆ فۆرد ئەو تراکتۆرانەی کە دەیاننێرێت بۆ ڕوسیا هەوڵبدە لەگەڵ جوتیارەکان و ناوچەکان و کێڵگەکانی ڕوسیادا بیانگونجێنێت. جولیوس هامەر فۆردی دڵنیا کردەوە کە ڕژێمی ڕوسیا ڕۆژ بەڕۆژ

جێگیرتر وو بەهێزتر دەبێت و پەیوەندییەکانی ئەویش لەگەڵ ڕوسیادا زۆر بەهێزە. فۆردیش بەڵێنیدا بەهەموو شێوەیەک یارمەتی بدات و تەنانەت بیکاتە نوێنەری بنکەیەکی کارگەکەی لە ڕوسیادا.

فۆرد بە ئاشکرا پێشنیارەکانی قبوڵ کرد. دواتر وتی فۆرد ئامادەیە لەگەڵ هەموو ئەو وڵاتانەدا پەیوەندی دروست بکات کە تراکتۆرەکانی دەکڕن و تەنانەت ئامادەشە کارگە لەو شوێنانەدا دابمەزرێنێت بەتایبەتی لەوشوێنەی کە بازاڕی دەبێت، بێگومان ڕوسیاش شوێنێکە لەو شوێنانەی کە لەبەرنامەی هێنری فۆرد دەبێت. (٣)

جۆلیوس و رۆز هامەر، لە نیوەی مانگی ئەپرێل، لە ڕێگەی فەرەنسا، ئەڵمانیا و لیتوانیاوە ڕۆیشتن بۆ ڕوسیا. بۆ یادکردنەوەی ئاهەنگی بەلشەفیکیەکان لە یەکی مانگی مەی لە مۆسکۆ بوون.

* * *

ڕوسیا، لە بەهاری ساڵی ١٩٢٢ بەرە بەرە لە نائومێدیدا دەهاتە دەرەوە، یان بەلایەنی کەمەوە تیشکێک لە ڕوناکی لەسەری تونێلە تاریکەکەوە دەردەکەوت. دوابەدوایی ئەو وشکە ساڵی و وێرانیە، کە ئارمەند هامەر نزیکەی دوو ساڵ پێشتر لە ناوچەی ئۆراڵ بە چاوی خۆی بینی بووی، ئێستا بەرهەمێکی پڕ لە بەرەکەت سەری دەرهێناوە. دوای چەندین ساڵ جیرەبەندی، ئیدی بۆ کڕینی نان و گۆشت و پێویستیەکانی دیکە پێویستیان بە فۆرم و کۆپۆن نەبوو. کاڵا دروستکراوەکانی دەرەوە دووبارە لە دوکانەکاندا دەبینرا. سیاسەتی تازەی ئابوری لنین لەماوەی دوو ساڵدا بەشێوەیەکی زۆر سەیر ڕەونەقێکی گەورەی بەخشی بوو بە بازرگانی و گەشەی ئابوری. لە ساڵی ١٩٢٣، زیاتر لە چوار لەسەر پێنجی هەموو وردە فرۆشیەکان لە دەستی بەشی تایبەتیدابوون. بازرگانەکان و معامەلەچیەکان، ناسراو بە (پیاوانی سیاسەتی ئابوری تازە) بە ئاسانی دەیانتوانی دەستیان بگاتە سەروەت و سامان.

جولیوس هامەر ئەو بەڵێنانەی کە لنین دابووی بۆ ماتریاڵیستی هیچی نەبینی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەشبین بوو. لە مانگی جێنیوەری جۆلیوس لەنامەیەکدا نوسی بۆ هێنری فۆرد: (ڕوسیام لەوە زۆر فراوانتر بینی کە چاوەڕوانم دەکرد. زۆر خێراتر خەریکی بنیادنانەوەی وڵاتەکەیانن خێراتر لە هەر وڵاتێکی دیکەی ئەوروپا کە بینیبێتم، بۆ نمونە ئەڵمانیا، فەرەنسا، پۆڵندە و وڵاتانی بەلتیک) و پاشان دەڵێت:

(ژیان لێرەدا بە ڕادەیەکی زۆر خۆش و دڵگراوەیە و پێوەری زۆر بەرز لە هونەرەکاندا دەردەکەوێت). جۆلیوس و خێزانەکەی لە خۆشگوزەرانی تەواوەتیدا ژیانیان بەسەر دەبرد. لەبەر ئەو زەحمەتانەی کە لە ئەمریکا کێشابویان، لینین ئەوی وەکو یەکێك لە (قوربانیەکانی) کۆمۆنیست دەزانی. لینین کۆشکێکی جوانی هەبوو بەناوی (براون هاوس) لەناوەراستی مۆسکۆدا بەخشیە جۆلویس. ماڵەکە ملیۆنەرێکی تەزاری لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتدا دروستی کردبوو و ئێستا بە پارەیەکی کەم لینین گرتبووی بۆ بنەماڵەی هامەرەکان.

وێنەیەك گیراوە لەساڵی ١٩٢٣ کە ئارمەند پیشان دەدات لە ژورێکی تاریك و پڕ لە نەخش و نیگاردا کە لەسەر مێزێك دانیشتوە و پڕە لە مەشروب و جگەرە و خەریکی خزمەتکردنی دەستەیەکی هاوکاریگەیەنەری ئەمریکی یە. لە پشتیانەوە بەدیوارەکانەوە شتی کەلتوری و کۆن هەڵواسراوە، هامەر لەشاری خەمهێنەری مۆسکۆدا، دوای ماوەیەکی کەم (براون هاوس) بەزووی بوو بە کێڵگەیەکی ڕازاوە. ماڵەکە ئەوەندە سەرنج ڕاکێش بوو کە یەکێك لە میوانەکانی کە ناوی (یوجین لاینز) ە دوای چەندین ساڵ لە یاداشتەکانیدا کە نوسیویەتیەوە بەم شێوەیە وەسفی ئەو شوێنە دەکات:

(لەناوەوە و دەرەوەی ماڵەکە زیاد لە ڕادە زیق و برقی هەبوو، دەرگاکانی بە شەبەکەی ئاسنین بە تێکەڵ و پێکەڵی و نەخش و نیگارەوە بە بەهێزی دروستکرابوون، ڕەونەقی بەرە ئاسکەکانی سەلیقەی بەرزی کاری ئەو بەردتاشانەی پیشان دەدا کە دروستیان کردبوو، و قادرمە مەرمەڕە سەیرەکانیان بەشێوەیەکی پان و سەرنج ڕاکێش بە پێچاو پێچ دەڕۆیشتن بۆ قاتی دووەمی ماڵەکە. ماڵەکە پڕ بوو لە پەیکەری (روکوکو و وێنەی کێشراو و سەرە کەلەی ئاسراو و کە هەموویان لەسەر دیوار و سوچی ماڵەکانەوە دانرابوون و هەریەکەیان سەیری شوێنێکی دەکرد). فراوانی و گەورەی ژوورەکان، بەتایبەتی سەقفی زۆر بەرزی هۆڵ و شوێنی سەماکردنەکە، نیشانەی ئازادی مرۆڤ و عیشقێکی حەقیقی بوون).(٤)

ئارمەند شوقەیەکی تایبەتیشی هەبوو لەوێ، لەڕاستیدا دووبارە کۆبوونەوەی خێزانی و سەلامەتی خێزانەکەیان گەڕابوویەوە. براکەی، ڤیکتۆر کە ئێستا بیست و دوو ساڵ تەمەنی بوو، ئەویش لە (براوان هاوس) دەژیا و هێشتا خەریکی خوێندن بوو لە هونەرە جوانەکاندا لە بەشی وێنەکێشاندا. یەکێك لە هاوڕێکانی ڤیکتۆر چەند ساڵێك دواتر باسی ئەوە دەکات، بەهۆی ئەو هەڵسوکەوتە زۆر جیاوازەی ئەو دوو برایەوە لە ژیاندا (ئارمەند عاشقی ڤیکتۆر بوو) هەرکاتێکیش لە لای بووایە دەبووە کەسێکی دیکە و دەکرایەوە. برا گەورەکەی هێری، سەرپەرشتی کارەکانی کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکای دەکرد لە نیویۆرك و لەندەن دا، و تەنها ئەندامی ئەو خێزانە بوو کە لەناو خێزانەکەیاندا نەبوو. ڕۆز هامەر بە هاوکاری هەشت خزمەتکار و دوو شۆفێری تایبەتی خەریکی بەڕێوەبردنی ماڵەکەیان بوو. خێزانی هامەر مامۆستایەکی تایبەتی ڕوسی هەبوو، کە ناوی (لوبا ئەلیانۆڤا) بوو، کە کچێکی خوێندکاری تەمەن هەژدە ساڵی سەرنج ڕاکێش بوو کە بەشێوەیەکی زۆر سەیر بە زمانی ئینگلیزی، ڕوسی و عیبری قسەی دەکرد. کچەکە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان ڤکیتۆری ناسیبوو، و لە ساڵی ۱۹۲۳ هەفتەی دوو یان سێ جار دەهات بۆ (براوان هاونس) و لەگەڵ ئارمەند، کە هێشتا زۆر ڕوسی نەدەزانی، فێری زمانی دەکرد. ئارمەند بەزۆری لەکاتی خۆ فێرکردنی زمانی ڕوسیادا لەگەڵ ئەو کچە نانی ئێوارەی دەخوارد، و لەکاتی نانخواردندا بەتەواوی بێ نەزاکەتی خۆی دەنواند بەتایبەتی کە بەدەست خواردنی دەخوارد نەك بە کەوچك و چنگاڵ، کچە لەو کاتانەدا واقی وڕدەما. ئارمەند بە بۆچوونی کچەکە بە پیاوێکی زۆر جیاواز دەکەوتە بەرچاوی. چاوە جوڵێنەرەکانی هەمیشە بێتاقەت، و حاڵەتی دەمووچاوی لەهەمانکاتدا پڕ لە نهێنی بوون. کاتێك دەیویست کۆتایی بە گفتوگۆیەك بهێنێت لێوەکانی دادەخست و ئیدی هیچشتێکی نەدەوت. سیمای پۆلاینی ئەوەندە لەگەڵ ڕووکراوەی پاکی ڤیکتۆردا جیاواز بوو کچەکە پێی سەیر بوو کە چۆن ئەو دوو برایە بە سێ ساڵ جیاوازی لە تەمەن ئەو هەموو جیاوازیەیان هەیە لە پەروەردەکردنیاندا (٥)

جولیوس هامەر لە هاوینی ساڵی ۱۹۲۳ لە (براون هاوس) دەستیکرد بە میوانداریکردن و ڕێکخستنی بۆنەی تایبەتی بە پێوەرێکی زۆر گەورە. لە ٤ ئاوت،

خـوانێکی گـەورەی نیـوەڕوانی ڕێکخـست بـۆ دەسـتەیەکی نوێنـەرانی ئەنجومـەنی ئەمریکا. ئەندامەکانی ئەو دەستەیە پێکهاتبوون لە (سیناتۆر ویلیام کینگ، لە یۆتا، سیناتۆر لاد، لە داکۆتـای باکور، و جیمـز فریـر نوێنـەری ئەنجومەن لـە ڤیسکانسین، ئەمانە هاتبوون بـۆ مۆسـکۆ بۆ ئـەوەی دووبارە پەیوەنـدی ئابوری ئـەمریکا لەگـەڵ ڕژێمی سۆڤیەتی ڕێکبخەنەوە و هەڵسەنگاندنێك بکەن لەو بارەوە، جولیوس هامـەریش کارێکی ڕێکخست بۆ ئـەوەی لەگەڵ کۆمـەڵێك لە بەرپرسە بالاَکانی سۆڤیت یـەکتری ببینن، وەکو سـەرۆکی بـانکی بازرگـانی سۆڤیەتی و سـەرۆك بۆریسی تەمـەن کورتی ڕوسیا، کـە هـەر لـەو میوانیـەدا ئامادەبوون. ئامـادەبووان نزیکـەی سـێ کاتـژمێر لـەو میوانیــە شــایانەدا خــەریکی کــاری گفتوگــۆ و وتووێــژ بــوون. و وێنەیــەکیان لــە دوانیـوەڕۆی ئـەو میوانیـەدا لـە حەوشـەی ماڵەکـەدا گرتـوە و هامـەر لەناوەڕاسـتی میوانەکانیدایـە. دەسـتەی نوێنـەرانی ئەنجومـەنی ئـەمریکا زۆر چێژیان لـەو میوانیـە وەرگـرت و سـەفەرەکەیان زۆر بـە ئیجـابی هەڵسـەنگاند لـەو بارەیـەوە ڕاپـۆرتێکی تێروتەسـەلیان دایـە ئەنجومـەنی ئـەمریکا و باسیان لـەو میـوانی و دروسـتکردنی ئـەو پەیوەندیە کرد.

(براوان هاوس) بە زووی بوویە جۆرێك لە سەفارەتێکی نارەسمی بۆ نوێنـەرەکانی ئەنجومەنی ئەمریکا، بازرگانان، دیبلۆماتە بینایـەکان، و میوانە گرنگ و ناودارەکانی دیکە. میوانیەکانی پێنج سالّی دواتری ئەو ماڵە پێکهاتبوون لە: (ئێچ، جی ویلز[1]، جۆن دیڤنی[2]، داگـلاس فەربـنکس[3]، مێـری پیکفـۆرد[4]، جـین تـانی[5]، و ڤێـل راجـەرز[6]) ئارەمنـد هامـەر مەولێـدەدا ئـەو کەسـە گرنگانـە هەرچـەندە لەگەڵیانـدا هـیچ جـۆرە ناسینێکی نەبوو، بانگهێشتیان بکات بۆ ماڵـەوە. بۆنمونـە، کاتێك (ئال هێـر شـفێڵد)ی وێنـەکێش ڕۆیـشت بـۆ مۆسـکۆ، و وەسـفی میوانداریـەکانی هامـەری بیست لەلایـەن

1- H. G. WELLS نوسـەر و لێکۆڵەرەوەی ئینگلیزی (وەرگێڕ)
2 – John dewy فەیلەسوف و شارەزایی پەروەردە و فێرکردنی ئەمریکی (وەرگێڕ)
3 – Douglas Fairbanks هونەرمەندی ئەمریکی (وەرگێڕ)
4 – mary pickford ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی (وەرگێڕ)
5 – gene gunny بۆکسـێنی ئەمریکی (وەرگێڕ)
6 – will rogers ئەکتەری کۆمیدی ئەمریکی (وەرگێڕ)

هاوڕێكانیەوە، لە نوسینگەیەكدا ژمارە تەلەفۆنی ماڵی (براون هاوسی) پەیداكرد و تەلەفۆنی كرد بۆ ئەوێ. ئارمەند هامەر تەلەفۆنەكەی هەڵگرت، و لەگەڵ ئەوەی كە هێرشفیلدی[٧] نەدەناسی، ئەوی بانگهێشت كرد بۆ ماڵەوە. وتی: (ئێمە میوانمان هەیە و لەوانەیە تۆش هەندێك لەو میوانانە بناسیت) پاشان هامەر شۆفێرێكی نارد بەشوێنیدا. كاتێك هێرشفیلد گەیشتە ماڵەوە میوانەكان پێكهاتبوون لە ڕۆژنامە نوسی (نیۆیۆرك تایمز) (ڤالتەر دورانتی) و هەروەها ڕۆژنامە نوسی ڕوسی و بنەڕەت ئەمریكی (یوجین لاینز) و گۆرانیبێژێكی ڕوسی ئۆپێریست. (٦)

تەنها ئەو میوانانەی كە لەو دانیشتنانەدا نەدەبینران و ئامادەنەبوون هاوڕێ كۆنەكانی جۆلیوس هامەربوون لە حیزبی كۆمۆنیستی ئەمریكا كە جارجار دەهاتن بۆ مۆسكۆ بۆ بەشداریكردنی كۆنگرەی حیزب. كاتێك (بنجامین گیتلۆ و ئەندامەكانی دیكەی دەستەی نوێنەرانی ئەمریكا ڕۆیشتن بە شوێن هامەردا ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵیاندا زۆر سارد و مڕ بوو. چەند ساڵێك پێشتر جۆلیوس لە نیویۆركدا بە داتانی سپاردەیەك گیتلۆی لە زیندانندا ئازاد كرد بوو، لەگەڵ ئەوەدا ماوەیەكیش لە سینگ سینگ هاوزینداني بوون. كەواتە بۆچی جۆلیوس ئێستا ئەوەند گوێنەدەر بووە و شتەكان پشتگوێ دەخات؟ جی لاڤستۆن، ئەندامێكی دیكەی دەستەی كۆمۆنیستەكان، دواتر مەسەلەكانی ڕوونكردەوە كە لەوانەیە ڕاست بەرچاو بكەوێت. سۆڤیەتیەكان نەیاندەویست هێرشی پۆلیس بۆ دەزگاكانی حیزبی كۆمۆنیست لە ولاتانی ڕۆژئاوا، كار و عەمەلیاتە سیخوڕیەكانیان كەشف بكەن. دەبوو دیوارێكی ئاگرین لەنێوان كارمەندانی زانیاری سۆڤیەتی و بەرپرسە حیزبیەكانی نەتەوەی كۆمۆنیستدا هەبووایە. بەهۆی كارەكانی چەندین ساڵی پێشتری جۆلیۆس هامەر، لاڤستۆن گومانێكی بەهێزی یرد بوو كە ئەوی بە ئەندامێكی بەهێزی (OPGPU) دەزانی كە ڕێكخراوێكی پۆلیسی نهێنی بووكە جێگری (چیكا)ی گرتبوویەوە ، هەرچەندە لاڤستۆن ئاگادار نەبوو كە ئەو چ پلەیەكی هەیە لەو دەزگایەدا. بۆیە لەم ڕووەوە ساردی لەناكاوی جۆلیۆس هامەری لەگەڵ هاوڕێكانی پێشووی لەدڵ نەگرت.

[٧]– al hirschfeld

شاردنەوەی ئەم بەشە لە هەوڵدانی سۆڤیەتی بوو بۆ دروستکردنی ئەو دیوارە ئاگرینە. (٧)

* * *

جولیوس هامەر ئەوەندەی نەبرد خۆی لەسەروی کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا بینیەوە. تاوەکو پێش دەرچوونی لە زینداندا، بوریس میشێل کە بەباشی قسەی دەکرد بە ڕوسی وەکو بەڕێوەبەری کارمەندانی کۆمپانیاکە خەریکی ئیشکردن بوو. میشێل خۆی بە بازرگان و ئیشکەرێکی باش پیشان دەدا، لەماوەی نەخۆشکەوتنی ئارمەند دا هاوڕێیەتی و دڵسۆزی باشی پیشاندابوو. لەگەڵ هەموو ئەوەدا، میشێل بیروباوەڕە کۆمۆنیستیەکانی جۆلیۆس هامەری نەبوو (٨) و جولیوس دەیزانی کە هاوڕێ سۆڤیەتیەکانی بێتاقەتی ئاگاداری میشێلن لە کارەکانی و چالاکیە خێرا پەرەسەندوەکانی لە کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکادا. (٩). بۆیە جۆلیوس میشێلی لابرد و تی دەبێت تاوەکو کۆتایی ئەم ساڵ بگەڕێیتەوە بۆ ئەمریکا.

جولیوس هامەر لە هەمان هاویندا دەستیکرد بە ڕێکخستنی فرۆشتنی ئەو دەرمان و ئەو کاڵا پاشماوانەی کە مابوون لە کۆمپانیایی یەکێتیدا. کۆمپانیاکە چوار ساڵ پێشتر، پەرەیەکی زۆر سودمەند بوو بۆ شاردنەوە، یان بەلایەنی کەمەوە بۆ ئەنجامدانی کاری قاچاخی لەگەڵ سۆڤیەتیدا. بەڵام ئێستا کە گەمارۆی ئابوری نەماوە و وڵاتانی ئەورووپیش خەریکی ململانێ و کێبەرکێن بۆ ئەوەی ڕێکەوتنی بازرگانی ببەستن لەگەڵ ڕوسیادا، ئیدی پێویستی بەوە نەدەکرد کە پەیوەندیە بازرگانیەکانی کۆمپانیاکەی لەگەڵ ئەورووپایی ڕۆژهەڵاتدا بشارێتەوە یان بە نهێنی ئەنجامیان بدات. لەبەر ئەوە بەشی فرۆشتنی دەرمانەکانی فرۆشتەوە بە (ئەلفێر ڤان هۆرن) ئەو بەڕێوەبەرەی کە لە ئاوەڕاستی ساڵی ١٩٢١ ئیدارەی ئەو کارەی دەکرد، ئەم بەشە ئیدی قازانجێکی زۆری نەبوو.

کێشەی گەورەی جیولیوس هامەر وەرگرتنی ئیمتیازی پەموە کێویەکە بوو کە لنین بە بۆق و کرنا لەگەڵ ئەو کۆمپانیای یەکێتیدا ئیمزای کردبوو. کوڕەکەی لە کاری کانزاکاریدا وایدەزانی هاوتایی نیە و وایری دەکردەوە کە گەنجێکی گەورەی دەست کەوتوە. هەڵبەتە لنین ئەوەی باسکردبوو کە گرنگی ئەم ئیمتیازە کارێکی سیاسی یە نەك ئابوری، ڕاستیەکەش بەلایی ئەوەوە بوو. کاتێك جۆلیوس هامەر لە مانگی

جێنیوەری ڕۆیشت بۆ ئالاپیوەمسك بۆ ئەوەی ئەو كانزایە ببینێت، تێگەیشت كە ئیمتیازێكە جگە لە كۆسپێكی دارایی هیچشتێكی دیكە نیە. تێچوونی بەرهەمەكە لە كانزاكەدا زۆر بەرزبوو، هەر كیلۆ پەموە كێویەك كە بەدەست دەهات كەمێكی زەرەر بوو. بەرهەمەكە لە ژێر هەزارەها تەن زبڵدا بوو كە لە سەردەمی تەزاریدا چاڵی بۆ هەڵكەنرابوو و شاردرابووەیەوە. لەم (خاشاك و زبڵەدا) پەموە كێویەكە شایەنی ئەوە نەبوو دەربهێنرێت، سەرەڕایی ئەوەی كە كرێكارەكان دەبوو ئەو زبڵ و باژەڵە لەسەر ئەو ڕێگەیەیان وەلابنێن بۆ ئەوەی بگەن بەو بەردە كانزایە. لەئەنجامدا دەبوو بۆ بەدەست هێنانی هەر تەنێك پەموە كێوێك پەنجا تەن زبڵ و پیسیان لابردایە.

سەرەڕایی ئەوە، كانزاچیەكان، تەنانەت لە بەراوردی پێوەرەكانی خوار ڕوسیا دا، لە هەلومەرجێكی زۆر سەخت و ئاڵۆزدا كاریان دەكرد، ئیشەكە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە وەستاندا بوو. تونێلە ژێر زەویەكان تەنانەت هەواكێشێكی ئاسایشیان نەبوو. لەگەڵ ئەوەدا نە كامیۆنێك هەبوو، تەنانەت ئەسپ و عەرەبانەش نەبوو بۆ ئەوەی بەردەكان لابیات لە كەنار جادەكەدا. ئەو ئیشەیان بە كەر و حەماڵ دەكرد. ئارمەند ڕەوشی زۆر توندی گرتبوبە بەر بۆ ئەوەی دەستی بگات بەو كانزایە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم كارەدا هێشتا نەگەیشتبوویە ڕێژەی ئاستی پەیمانی كاركردن و مانگی ٢٠ هەزار دۆلار زیانی لێدەكەوت. سەرەڕایی ئەو زیانانە، كۆمپانیاكە دەبوو باجی ئارچەیش بدات و ئەم باجانەش لەسەر ڕێژەی دەرهێنان بوو، نەك قازانجی كاری ساڵانە.

جولیوس هامەر نەیدەتوانی كانزاكە بە پاكی و سادەی ولێ لێبهێنێت. ئەو پەیمانە پێنج ساڵەیەی كە هامەر بە پەرتاو ئیمزای كردبوو، خەرجێكی قورسی خستبوویە گەردنی كۆمپانیاكەوە، كۆمپانیای یەكێتی ئەمریكا ماوەیەك پێشتر داوای لە ئەڵمانیا كردبوو كۆمەڵێك كەرەسەی كانزایی بە بڕی ١٦٤ هەزار دۆلاری بۆ دروست بكات. ئەم قەرزانە دەبوو لە ڕێگە دەرهێنانی پەمە كێویەكەوە بدرایەوە، بەڵام بازاڕی پەمە كێوی لە ئەورووپا هیچ نەبوو. لە ڕاستیدا، لە ساڵی ١٩٢٣ نرخی پەموە كێویەكە ئەوەندە نزم بوو كە ئیدی هیچ فرۆشێكی نەبوو و ناچار بوون ئەو كانزایە بنێرنە بازاڕەكانی دەرەوە. (١٠)

جولیوس هامەر تێگەیشت كە ئەوەندەی نەماوە كانزا كێویەكە كۆمپانیای یەكێتی ئەمریكا و خێزانی هامەر هەرەس پێ بهێنێت. بەڵام ئەو بێ دەسەڵات نەبوو و

هۆکاری کارکردنی فشاری هەبوو. سۆڤیەتیەکان، کە دەیانویست بە سەدان ئیمتیازی دیکە بسپێرن بە کۆمپانیا بیانیەکان، بێگومان حەزیان دەکرد ڕێگە بگرن لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێکەوتنەی کە لەگەڵ کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکادا بەستبوویان. سەرەڕایی ئەوەش، کاتێک لینین ئامادەی خۆی پیشاندا بۆ ئەوەی ئارمەند ببینێت لە ڕاستیدا لینینیش هانی ئارمەندیدا بۆ ئەوەی ئەو معامەلەیە بکات.

هەرچەندە لینین گیرۆدەی سەکتەی دەماغ بووبوو و نەخۆش بوو، بەڵام هێشتا جولیوس هامەر لەلایی لودیوگ مارتنس و بوریس رینستین دەسەڵاتێکی زۆری هەبوو، ئەم دوو کەسە لە دامەزراوەی جیهانی کرێکاریدا، دەسەڵاتێکی زۆر بەهێزیان هەبوو. بۆیە بۆ هاوکاریکردن و ڕزگاربوونی لەو کێشەیە ڕۆیشتە لایی ئەو دووکەسە و کۆمەڵێك بەرپرسەکانی دیکەی سۆڤیەتی (١١)، دوای کۆمەڵێك داواکاری و گفتوگۆ، سۆڤیەتیەکان چاویان بە ڕێکەوتنەکەدا خشاندەوە و چاکسازێکیان کرد لە کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکادا و بەشێوەیەك کە هامەریەکان بتوانن سەرەتا ڕێگە لە زیانە گەورەکەیان بگرن و پاشانیش بتوانن بە جۆرێك لە جۆرەکان هەرچێکیان کردبێت لەو پەیمان و ڕێکەوتنە بێنە دەرەوە. ئیدارەی تایبەتی بازرگانی دەرەکی دەوڵەت بۆ ڕێگەگرتن لە ئابڕوچوون و هەرەسهێنانی ئەو کۆمپانیایە ڕێکەوتنێکی تازەی (هاوردەنی و ناردەنی) بەست و بەشێك لە قەرزە زیادەکانی لەگەڵ ئەواندا گواستەوە.

کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا، بەپێی ئەو ڕێککەوتنە تازەیە، بەشێوەیەکی کاتی بەرپرسیاریەتی گەیاندنی ئامێرەکانی گواستنەوە، دەزگا و تراکتۆر و ئامێرە کشتوکاڵیەکان و لەگەڵ کۆمەڵێك دەزگایی دیکە کە بۆ پیشەسازی دەشێن و ئەوانەی کە ئەمریکیەکان دەیهێنن بۆ سۆڤیەت، دەمێنێتەوە، بەڵام هەموو کارە داراییەکان و نوسینگەیەکان کردارییەن کارمەندانی سۆڤیەتی ئەنجامی دەدەن. دامەزراوەی دەوڵەتی پارە و کاڵای هاوردە لە ڕێگەی داهاتی بەرهەمە ناردەیەکانەوە دابین دەکات. کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا قازانجێکی جێگیر وەردەگرێت، سۆڤیەتیەکان، وەکو ئیمتیازی پەموە کێویەکە، بەبێ دواکەوتن ئەم ئیمتیازەش وەکو نمونەیەکی دیاری ئازادی کاری کۆمپانیا بیانیەکان لە یەکێتی سۆڤیەتدا دەخەنەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. ڕاپۆرتێك لە ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز لە جینیوەری ساڵی ١٩٢٣ بڵاوبوویەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە کە باس لە گرنگی واقعی ئەو ڕێککەوتنە دەکاتەوە بۆ بازرگانە

ئەمریکیەکان کە پێشینەیەك دروست دەکات بۆ چالاکیە ئازادەکانی ئەمریکا لە ڕوسیادا بەبێ دەستێوەردانی هیچ جۆرە ڕێکخراوێکی سۆڤیەتی) (١٢) لەڕاستیدا، ڕێکەوتنە تازەکە کۆمەڵێك بەندوباری تێدابوو کە کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا بە سەختی و توندی بردە ژێر دەسەڵاتی بەڕێوەبەرەکانی سۆڤیەتەوە. بەپێی ئەو بەندو بارانە هەموو بڕیارەکانی کۆمپانیا پەیوەست دەبوو بە کۆمیسیاری بازرگانی دەرەوەی سۆڤیەتی. (١٣)

*   *   *

لە ٢١ جێنیوەری ساڵی ١٩٢٤، لنین بەهۆی قورسی ئەو جەڵتەیەی کە دایی لەمێشکی لە تەمەنی پەنجا و سێ ساڵی کۆچی دوایی کرد. لە کاتێکدا کە ڕێبەرە شۆڕشگێرەکانی وەکو (تروتسکی، زینووف، ولیف بارسیوویچ کامنۆف) خەریکی کێبەرکێ بوون لەسەر ڕێبەریکردنی خەڵك، کەچی خەریك بوو دەسەڵاتی واقعی دەکەوتە دەست (جوزیف ئستالین)ەوە، سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست. جوزێف ڤیساریۆنۆڤیچ جوگاشویلی، کوڕی کفاشی گورجی، چەند ساڵێك دوای ئەوەی کە بووە مارکسیزمی و شۆڕشگێڕ، ناوێکی خوازراوی لەخۆی نا واتە (ئیستالین) کە مانایی (پۆڵا) دەگەیەنێت. لەو ڕۆژگارانەی کە لنین لە سویسرا لە بارەی پایە فکریەکانی شۆڕشەوە خەریکی گفتوگۆ کردن بوو، ئیستالین بۆ داپینکردنی تێچوونە شۆڕشیەکان لە گورجستان و ڕوسیادا دەستی دەوەشاند لە بانکەکان. وەکو بەڕێوەبەرێکی حیزبی، تەرکیز و هەست و گرنگی ئستالین بە شتەکان ئەوە بوو کە تەنانەت پێش جەڵتەکەی لنین، دەستیکردبوو بەسەر نوسینگەی سیاسیدا و لایەنگیرەکانی خۆی لە بەشەکان و ئۆرگانە گرنگ و چارەنوسسازەکانی دەزگاکانی دەوڵەتی سۆڤیەتی و دەزگا نهێنیەکاندا دانابوو. لە جێنیوەری ساڵی ١٩٢٤، ئیستالین دەستیکرد بە کارکردنێکی تەواو و توانی لەماوەیەکی کەمدا دەزگای کمیترن بخاتە ژێر دەسەڵاتی تەواوەتی خۆیەوە، هەرچەندە ئەم ڕێکخراوە، لە تێوریدا، پێکهاتەیەکی نێودەوڵەتی بوو. لە حکومەتەکەی لنیندا، کمیترن لە ڕۆڵی دوورئەندێشەی پشتیوانیدا لە دە دوانزە وڵاتی جیهاندا، کاری دەکرد، و ئامانجی هاوبەشی ئەم ڕێکخراوە بریتی بوو لە هاوکاریکردن شۆڕشی سۆسیالیستی. ئیستالین ئەو شتە خەیاڵیانە نەدەچوون بە مێشکیدا، لەو ڕژێمەدا، ئەم ڕێکخراوە جگە

لە ئامێرێك بەدەستی سۆڤیەتەوە هیچ شتێکی دیکە نەبوو (١٤) ئەندامەکانی لە ئەمریکا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، و وڵاتەکانی دیکە لە ژێر چاودێرێکی توندی بەرپرسە زانیاریەکانی سۆڤیەتیدا ئیشیان دەکرد و کارەکانی وەکو پێکهێنانی گرووپی بەرەی، دامەزراندنی کارمەندانی سیخوڕی و زیادکردنی دەسەڵاتیان، و دابینکردنی هاوکاری دارایی بۆ چالاکیە شاراوەکانی سۆڤیەتی، ئەنجام دەدا کە هیچکامیان پەیوەندیان بە دوورلەندێشەی و کاری داماتوورەوە نەبوو.

گۆڕانی دەزگایی ڕێبەری لە کرملین ئیستلزاماتێکی زۆر جدی هەبوو بۆ کار و کاسپی خێزانەکەی هامەر. ڕێکخراوی (چکا) کە لە سەرەتایی کاری حیزبەکەی لنیندا بۆ گەران و دۆزینەوەی دوژمنە دژە شۆڕشی بوو، ئێستا گۆڕاوە بۆ دەزگای (OGPU) ی پڕ لەتوانا و توندوتیژی، ئەم دەزگایە بەخێرایی بووە پێکهاتەیەکی تەواوی سیخوڕی. ڕێبەری ئەو دەزگایە لە دەستی سەرۆکی زانیاری دەرەوە، (مێر ئەیرامۆڤیچ تریلیسەر) دا بوو کە لە هەمانکاتیشدا سەرۆکی کۆمیتەی گەڕان بەدوایی حەقیقەتدا بوو کە لەم ڕێگەیەشەوە کارمەندانی کمینترینی کۆنترۆڵ دەکرد. (تریلیسر) بۆ ئەوەی کەسە سیخوڕەکانی دەرەوەی وڵاتی بکاتە کەسانێکی لێهاتوو و پسپۆڕ پێویستی بە بنکە هەبوو لە دەرەوە بۆ ئەوەی پەردەپۆشی ڕووکەش خەڵەتاندن بکات لەسەر ئەو چالاکی و کارانەی کە دەیانەوێت ئەنجامیان بدەن. لە وڵاتەکانی وەکو (فەرەنسا)، کە یەکێتی سۆڤیەت بە شێوەیەکی ڕەسمی سەفارەتی هەبوو، ئەم کارە دژوار و قورس نەبوو. چونکە سود لە دەستەی سیاسی سۆڤیەتی وەردەگیرا لەو وڵاتانەدا و بە ئەندامەکانی هەموو پلەی دیبلۆماتی دەدرا. لەو وڵاتانەشی کە یەکێتی سۆڤیەت دەستەی نیوە ڕەسمی بازرگانی هەبوو وەکو ویستریگ لە ئەڵمانیا و ئەرکاس لە بەریتانیا، ئەم نوسینگانە بەشێوەیەکی کاتی، بەلایەنی کەمەوە تاوەکو ئەو کاتەی کە ناسنامەی دیبلۆماتیان پێنەدرابوو، هەڵدەستان بە ئەنجامدانی ئەو کارانە، و کارمەندەکانی خۆیان بە ناوی بازرگانیەوە دەنارد بۆ ئەو شوێنانە. بەڵام یەکێتی سۆڤیەت لە ئەمریکادا نە سەفارەتخانەی هەبوو، نە دامەزراوەیەکی بازرگانی. ڕوسیەکانیش بێ ئومێد بووبوون بۆ کردنەوەی بنکەیەکی سۆڤیەتی لەو وڵاتەدا، بۆیە زۆربەی چالاکیە بازرگانیەکانی خۆیان لە ئەمریکادا لە ڕێگەی (کۆمپانیای یەکێتی) جولیوس هامەرەوە ئەنجام دەدران و دەسپێردران بەو. ئێستا لەبەر ئەوەی کە

جولیوس بەشێوەیەکی ئاشکرا پەیوەست بوو بوو بە حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکاوە و بەردەوامیش لەژێر چاودێری و لێکۆڵینەوەی (ئێف بی ئای) دا بوو، کۆمپانیاکەی زۆر سەخت بوو بتوانرێت ببێتە دامەزراوەیەکی نهێنی بۆ کارەکانی سۆڤیەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. ترێلیسر پێویستی بە کەشێکی هێمنتر بوو، بۆ پێکهێنانی یەکەیەکی بازرگانی بۆ ئەنجامدانی کارە سەرەکیەکانی خۆی وەکو هاوشێوەی پێکهاتەکەی لەندەن و بەرلین. (١٥)

کۆمیساری بازرگانی دەرەوەی سۆڤیەتی پێ ناخۆش نەبوو کە کۆتایی بهێنێت بە نوێنەرایەتی هامەر لە ئەمریکادا. بەرپرسەکانی ئەو وەزارەتە هەر لە سەرەتاوە ڕازی نەبوون کە نوێنەرایەتی بەتایبەتی و قۆرغکراوی بدرێتە هامەر. بە بۆچوونی ئەوانە، ڕێکەوتنی هامەر لەگەڵ فۆرد دا بۆ بەرژەوەندیەکانی ڕوسیا (زیان هێنەر) و (کوشندە) بوو. (١٦) لێکۆڵەرەوانی کۆمیساری کاتێک لێکۆڵینەوەیان کرد لەسەر نوسینگەکەی هامەر بینیان ئەوانە (قازانجێکی لە ڕادەبەدەریان بردوە)، ڕێژەیەکی گەورەیان بۆ تێچوونە شەخسیەکان کەم کردوەتەوە، کەمکردنەوەی زۆر بێ مانایان کردوە، پارەکەیان کردوە بە سێ بەشەوە. (١٧) هەروەها تێبینی ئەوەشیان کرد کە ڕێژەیەکی زۆری پارە لە نیویۆرک لە حسابێکەوە بۆ حسابێکی دیکە، کە هەمووی لە ژێر دەسەڵاتی خێزانی هامەردا بوو دەگوازرێتەوە، بە شێوەیەکی گوماناوی دەدرێت بە (قەرز). (١٨) لە کۆتاییدا گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە کۆمپانیایەکی بازرگانی دیکەی پەیوەست بە سۆڤیەتیەکانی وەکو (وستۆرگ) دابمەزرێنن کە دەتوانێت کاڵاکان لە بەرهەمهێنەرەکانی ئەمریکی بە نرخێکی هەرزانتر بکڕێت. بەم شێوەیە، لە ئاورێلی ساڵی ١٩٢٤، کۆمیسیار جولیوسی ئاگادار کردەوە کە ئیمتیازەکانی ئەو کۆتاییان پێهاتوە.

ئەمە لێدانێکی زۆر ترسناک بوو. (کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا) لە ساڵی ١٩٢٣، ٦٢٤ تراکتۆر و هۆکارەکانی گواستنەوەی دیکەی فۆردی ناردبوو بۆ سۆڤیەت. بەهای ئەو تراکتۆر، و دەزگا کشتوکاڵیانە و پارچە یەدەکیانە نزیکەی (١,٢٠٠,٠٠٠) دۆلار بوو. بۆ پێدانی ئەو پارەیە بە فۆرد، ڕوسەکان بۆ پێدانی تێکڕای نرخی ئەو کاڵایانە و کاڵاکانی دیکە بەزۆری بەرهەمی ناردەنی دیکەی وەکو پێستی دەڵەك و هەندێك شتی دیکەیان نارد بۆ ئەمریکا. بەڵام مافی کارکردن و کۆمەڵێك تێچوون درابوویەوە هامەر،

یان بەشێوەیەکی کەمتر ڕۆیشتبوویە ناو گیرفانی بەرهەمهێنەرە ئەمریکیەکانەوە، یان درابوو بە بەرتیل بەو ڕێکخراوەی کە لەژێر چاودێری سۆڤیەتیدا بوو. دوو معامەلەی ئارمەند، لەکاتی زیندانیکردنی جولیوس دا، کە یەکێکیان ئیمتیازە پڕ لە هەراوهوریاکەی پەموە کێویەکە بوو، ئەوی دیکەشیان ڕێکەوتنی (جۆرێک لەهاوبێیانەی) گەنم بوو، هەردووکیان زیانێکی زۆر گەورەیان لە هامەریەکاندا. جولیوس پارەیەکی زۆریشی بۆ ڕێکخستنی نەخشەی تهێنی فرۆکەی سەربازی بۆ بەرلین و ریگا بە فیڕۆ دابوو، و کوڕەکەشی بە ڕادەیەکی زۆر قەرز و پێشینەی هەلگرتبوو. جولیوس سەیری کرد ئەگەر ڕوسەکان ئیمتیازەکەی هەڵبوەشێننەوە، بڕێک پارە بە بڕی (٤٤٥) هەزار دۆلار لەدەست دەدەن، و ئەمەش خۆی و کۆمپانیا و خێزانەکەی بەتەواوی توشی (هەرەس هێنان و تێکشکان دەکات). ئەو بە شەخسی پێشتر توشی شکست بوو بوو، چونکە کۆمپانیاکەی دوای ئەوە ڕۆیشت بۆ زیندان گەیشتبوویە سەرەتایی هەرەسهێنان، بەڵام ئەمجارەیان ئەم تێکشکانە بەهۆی کۆتایی هاتنی ئەو ئیمتیازاتەوە دەبێتە کارێکی بێ گومان و قەرمنەبوو. جولویس نامەیەکی نارد بۆ ئەو بەرپرسانەی کە خەریکی لێکۆڵینەوە بوون لە حسابەکانی نوسی: ئەم کارە دەبێتە هۆی لەدەستچوونی ئەو هەڵەی کە کردوومانە بۆ سەرمایە گوزاری). پاشان بە ناخۆشێکەوە درێژەی پێدەدات و دەڵێت: (ئێمە شایەتی ئەوەنین کۆتاییمان پێبهێنرێت چونکە سەرمایەیەکی بە بڕی ٤٤٥ هەزار دۆلارمان هەمووی تەرخانکرد بۆ کار و عەمەلیاتەکان بۆ یەکێتی سۆڤیەت. (١٩)

جولیوس هێشتا هاوڕێ و ئاشنای هەبوو لە کرملین. بۆ گەیاندنی داواکاریەکەی چووە لای هاوڕێ کۆنەکەی (بوریس رینستین). (کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا) قوربانی بیرکردنەوەکانی رینستین بوو. رینستین لە ساڵی ١٩٢١ دەستی هامەری گرتبوو و ئەوی ناساند بوو بە لنین. بۆ ئەوەی بە نەخشەی لودویگ مارتنس ئیمتیازی پەموە کێویەکە بدرێت بە ئارمەند هامەر و ڕێکەوتنی گەنمی لەگەڵدا ببەستێت، و بەڕاستی ئەم دوو معامەلەیە زۆر بەشێوەیەکی سەخت و دژوار تەواو بوون بۆ ئەو خێزانە. رینستین دەنگی لەسەر لاداتی پارە دابوو بۆ عەمەلیاتی شاراوەکانی وەکو معامەلەکردنەکەی فڕۆکەسازی ئەڵمانی. سەرەڕایی ئەوانەش، لەبارەی ئەم نەخشانەوە ڕاپۆرتیدابوو بە لنین و ئیستالین. بۆیە ئەو ئاگاداربوو لەو پارانەی کە لە حسابەکانی

کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکادا بەرەو ئەمان ڕۆیشتوون ئەڕۆیشتوونەتە گیرفانی هامەریەکانەوە.

ڕینستین ئەندامی کۆمیتەی چاوپیاخشاندنەوە و تصفیەکردن بوو کە چارەنوسی کۆمپانای یەکێتی دیاری کردبوو. ئەو باش دەیزانی کە کۆمپانیای یەکێتی ئیدی ئەو مەبەستەی کە لە ساڵی ١٩٢١ لە بەرچاو بوو ناتوانێت جێ بەجێبکات و دەبێت ڕێکخراوێکی پەیوەست بە دەوڵەت کە بە کەڵکی کارەکانی (تریلیس) بێت لە نیویۆرک ببێتە جێگرەوەی ئەو کۆمپانیای یەکێتی یە. بەڵام باسی ئەوەی کرد کە لەبەرژەوەندیدایە ئەو تۆمەتانە ڕاگرین و رابخەینە ڕوو کە ئیمتازاتەکانی هامەر سەرکەوتووبوون. بۆچی دەبێت جیهانی دەرەوە هەواڵێکی دەست کەوێت، کە باس لە تێکشکانی نەخشەیەك بکات کە لنین بە شەخسی خۆی کاری تێداکردوە و چاوەڕوانی سەرکەوتنی بووە؟ سەرەڕایی ئەمانە، هامەریەکان بۆ کاری دیکە زۆر پێویستن. بۆیە ڕێگەیەکی ناوەندی هەڵبژارد و ئەم ڕێگاچارەی پێشنیارکرد: هامەریەکان بەبێ دراکەوتن عەمەلیاتەکانی ئەمریکایان دەگواستەوە بۆ ئەو ڕێکخراوەی کە بڕیارە ببێتە جێگرەوەیان، بەڵام لقی کۆمپانیاکەیان لە مۆسکۆ، بۆ (ئالامریکۆ)، (ئەم دەستەواژەیە کورتکراوەی کۆمپانایی یەکێتی ئەمریکابوو، بە زمانی ڕوسەکان)، بەردەوامی دەدات بە کار و کاسبی خۆی لە بواری هاوردەنی و ناردەنیدا، واتە لە حەقیقەتدا وەسڵەکانی هاوردەنی دەفرۆشێت بە بازاڕی سۆڤیەتی. بەڵام لەماوەیەکی دیاریکراوی سنووردارا، سۆڤیەتیەکان تەنانەت ڕێگەدەدەن بەوان مافی کارکردنی زۆر گەورە وەربگرن، بەلایەنی کەمەوە تاوەکو بتوانن ئەو زیانانەی کە دراوە لێیان بەهۆی بەرژەوەندیەکانی سۆڤیەتیەوە قەرەبوو بکرێنەوە. ڕێژەیەکی ورد لەلایەن (کۆمیتەی چاودێری و تصفیەکردنەوە) دیاری کرا. لەم ناوەندەدا، ڕێگەش درا بە دامەزراوەی هامەر کە ببێتە نوێنەری فۆرد، بەڵام ئەو معامەلانەش بە وردی دەبێت بخرێنە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵەوە. کەواتە ئالامریکۆ بەرە بەرە لە سەر شانۆ دەچێتە دەرەوە (٢٠). جولیوس هامەر ئەم پێشنیارەی قبوڵ کرد. وەکو ئەوەی کە دواتر نوسی، حەزی دەکرد کارکردنێکی بێ هەراوهوریا ئەنجام بدات بۆ ئەوەی نەکەوێتە بەرچاو و لە چاپەمەنیە دەرەکیەکانیشدا باسەکانی بڵاو نەکرێنەوە و دواتر ڕووبەڕوی گرفت نەبێتەوە) (٢١)

ڕۆژی ٢٧ مەی ساڵی ١٩٢٤، تابلۆنوسەکان لە نیۆیۆرك ناوی سەر تابلۆکەی سەر بینای ١٧٠٧ی ژمارە ١٦٥ی جادەی (برادۆیان) لە کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکاوە

گۆڕی بۆ (بازرگانی ئەمتۆرگ). ئەم کۆمپانیایە بەهۆی یەکگرتنی دوو کۆمپانیای بێ کار و بێ سەرمایەی سۆڤیەتییەوە لە نیویۆرک دروست بوون. بەلام لە حەقیقەتدا، بەشێوەیەکی سەیر، ئیجازەی بیتا، متمانە و حسابی بانکی، و ئیشکردنیان پێدرا، لەگەڵ تەسلیمکردنی ڕێکەوتنی کۆمپانیایی یەکێتی ئەمریکا، بەتایبەتی ڕێکەوتنەکانی هاوردەنی و ناردەنی لە ڕێگەی کۆمیسیاری بازرگانی دەرەوەی سۆڤیەتی. سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەری تازەی کۆمپانیای، (ئیساك هۆرگین)، کە لە ڕوسیا لە دایکبووبوو، ڕاستەوخۆ کۆمپانیای ئۆتۆمبێل سازی فۆردی ئاگادارکردەوە کە لەوەبەدوا (ئەمتۆرگ) دەبێتە گەیەنەری معامەلەکانی ئەوان بۆ ڕوسیا. هامەر، دوای دروستکردنی ئەو دامەزراوەیە، ئیدی کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکای وەکو ئامێرێکی بەکار دەهێنا بۆ سودە بازرگانییەکانی خۆی، بەلام زۆربەی معامەلەکانی هاوردەنی و ناردەنی خۆی لە ڕێگەی ئەو کۆمپانیا تازە دامەزراوەی ڕوسیا (ئالامریکۆ) کە نوسینگەکەی لە برودینسکی پرولاك بوو لە سەنتەری مۆسکۆدا ئەنجامدەدا.

ئێستا جولیوس هامەر لە مۆسکۆدا ڕۆیشت بۆ سەردانی تروتسکی کە هێشتا یەکێك بوو لە سێ ئەندامەکەی ڕێبەری شۆڕشەکە. جولیوس لەو کاتانەوە تروتسکی دەناسی کە لە نیویۆرك بوو، و ناوی (لوداوید‌ویڤیچ برونشتین) بوو و لە هەفتەنامەی سۆسیالیستی (جیهانی نوێ)دا کاری دەکرد. تروتسکی، لە جێنیوەری سالی ۱۹۱۷، بەشێوەیەکی تەواو بەرەی چەپی والێکرد تاوەکو هەموو حیزبی سۆسیالیستی لە ئەمریکادا لە دەست بگرێت، و جولیوس هامەریش ئەوکاتانە زۆر بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە پەیڕەوی لە فەرمانەکانی کردبوو، کە بووە هۆی دەرکردنی دارودەستەکەی هامەر و خێزانەکەی لەو حیزبە و ئەوانیش حیزبی کۆمۆنیستیان پێکهێنا. پاشان تروتسکی گەڕایەوە بۆ مۆسکۆ، کودەتای نۆڤەمبەری ۱۹۱۷ و ڕێکخست کە بوە هۆی ئەوەی لنین بگاتە دەسەلات. تورتسکی لە سالی ١٩٢٤، هێشتا سەرۆکی کۆمیسیاری جەنگ بوو، لەگەڵ ئەوەدا یەکێك بوو لە بەهێزترین کەسە دیارەکانی سۆڤیەت.

جولیوس هامەر باسی لە پەیوەندیە شەخسیەکانی خۆی کرد لەگەڵ هێنری فۆرد بۆ تروتسکی. ئەو وتی دەتوانێت خۆی وەکو سەرمایەدارێکی ئەمریکی کاربکات، لەبەرئەوە بە بەراورد لەگەڵ (ئەمتۆرگ) لە پێگەیەکی باشتر و سەرکەوتووتردا یە کە ئەم کارەش بەتەواوی سودی ئەم وڵاتەی تێدایە. بۆ لێکۆڵینەوە لەو ئامانجە،

جولیوس هامەر داوایی کرد لە تروتسکی ڕێگەی پێبدەن پەیوەندیەکانی لەگەڵ فۆرد دا بپارێزێت و کوڕەکەی فۆرد بانگهێشت بکات بۆ مۆسکۆ تاوەکو هانی بدات کارگەی تراکتۆر سازی بهێنێتە ڕوسیا.

تروتسکی نەخشەکەی پەسەند کرد. وتی بە جولیوس هامەر کوڕەکەی ئارمەند دەتوانێت لە پەیوەندیدا بێت لەگەڵ فۆرد دا. پاشان نامەیەکی (تەواو نهێنی) نوسی بۆ سەرۆکی نیساک هورگین لە کۆمیسیاری بازرگانی دەرەوە، و باسی ئەوەی کرد کە دەبێت بۆ گەرم ڕاگرتنی پەیوەندیەکان لەگەڵ فۆرد دا باشترە هەر ئارمەند هامەر بێت، نامەکە بەم شێوەیە نوسرابوو:

(ئەو پیاوە ڕەگەز ئەمریکیەی، کە لە ڕوسیادا بازرگانی دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ نیۆیۆرك. ئەم هاولاتی یە، هامەرە، ناسراوێکی باشی هەیە لەگەڵ فۆرد دا. بە گفتوگۆ لەگەڵ فۆرد دا دەتوانێت باسی ئەزمونەکانی خۆی بکات لە ڕوسیادا. هورگین دەبێت هامەر پەیدا بکات و ئەو بکاتە نوێنەر و کەیەنەری بازرگانی. خۆی چونکە ئەوە گومانی تێدانیە فۆرد زیاتر گوێ بۆ قسەیەکی سەرمایەدارێکی هاولاتی ئەمریکی دەگرێت تاوەکو بۆ کارمەندێکی سۆڤیەتی وەکو هورگین(٢٢)

کەمێك دوای فەرمانی نهێنی تروتسکی لەبارەی هامەرەوە، جەستەی ئیساك هۆرگینیان لە چاڵێکدا لە دەریاچەی جۆرج لە باکوری نیۆیۆرکدا دۆزیەوە. (٢٣) پلانی یاریەکە ئێستا بە ئاشکرا دیار بوو. بنکەی سەرەکی (OGPU) بۆ کاروباری سیخوڕی سۆڤیەتی لە ئەمریکا کۆمپانیای بازرگانی ئەمتۆرگ دەبێت و تاوەکو ساڵی ١٩٣٣ ئەو کاتەی کە یەکێتی سۆڤیەت سەفارەتخانەی خۆی لە واشنتۆندا کردەوە، بەو شێوەیە بوو- بەلام کارەکانی سۆڤیەت لەگەڵ فۆرد دا لە ڕێگەی هامەرەوە ئەنجامدەدران.

ئەو کاتانەی کە هامەریەکان خەریکی ڕاوێژکردن و ئەخشەدانان بوون بۆ ئەوەی ڕێگە لە هەڵوەشاندنەوەی ناچاری کۆمپانیاکەیان بگرن، ئارمەند بەرپرسیاریەتی تازە و دژواری لە ئەوروپادا لە ئەستۆ گرت.

وەرزی پێنجەم

دەستاو دەستکردن (دەستگێڕ)

لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٢٤ و ١٩٢٥، ئارمەند هامەر زیاتر سەرگەرمی سەفەرکردن بوو بۆ ناوچەکانی ئەورووپای ناوەندی، و خەریکی کاری شاراوەی پاشماوەی کار و کاسپی خێزانەکەی بوو. تەنها شوێنێك کە بەراستی دەیتوانی بە شوێنی مانەوەی واقعی خۆی بیزانێت، هۆتێل (کایزرهافی) بەرلین بوو، کە نزیکی تۆست بانهف بوو لە وێزگەی گەورەی ڕێگای ئاسنیندا، چونکە بۆ چاوپێکەوتنەکان و هاتوچۆکانی شوێنێکی زۆر گونجاو بوو. لەماوەی ئەو کاتانەدا تاڕادەیەك لە گەشت و سەفەرەکانیدا دەگەڕایەوە بۆ ئەو بنارە خەماویەی و دووبارە لەوێوە دەستی دەکردەوە بە سەفەرەکانی.

بەرلین شارێگای سەرەکی بازرگانی و دارشتنی کارەکانی ئەورووپا بوو. بارە بێ شەرم و گوێنەدەرەکان، جوانترین ڕێستۆرانەکانی جیهان، هونەری ئەکسپرسیۆنیستی، و قلیمە ئەزمونیەکان و دەیان شتی دیکە کە ئەو شارەیان کردبوویە جوانترین شارەکانی جیهان. بەڵام معاملەکانی ئارمەند هامەر هەموو پێویستی بە ئیحتیات کردن و ئەگەر هەبوو، و زۆرێك لەو کەسانەی کە لەبەرلیندا پەیوەندی هەبوو لەگەڵیاندا زیاتر ئەوانە بوون کە پەیوەندیان هەبوو لەگەڵ سۆڤیەتیەکاندا و ئەوانیش زۆر حەزیان نەدەکرد تێکەڵی خەڵکی بن و لەگەڵ ئەوەشدا بەزۆری نەدەچوونە شوێنە گشتیەکان. سەرەڕایی ئەوە هامەر دەبوو ئاگاداربێت و زۆر تێکەڵی خەڵکی نەناسراو نەکات بۆ ئەوەی خەڵکی گومان نەبەن کە ئەوە پیاوی

سۆڤیەتە و خەریکی کاروکاسبی بازرگانی یە بۆ سۆڤیەتەکان. لەبەرئەوە، زۆربەی کاتەکان هامەر بە تەنهای ژیانی دەبردە سەر. زۆرجار شەوانە تاوەکو درەنگانێک لە نادی و کافتریایەکدا بە تەنهای دەمایەوە. ئەم گۆشەنیشین دروستکردنە، وەکو ئەوەی کە دواتر لە یاداشتەکانی خۆی نوسی: (جارجار ئەو تەنها دانیشتنە دەیبردمە ناو بارودۆخێکی تاریکەوە). زۆرجاریش دەکەوتە ناو ترسەوە نەوەکو لە تەنهایدا (شێت) ببێت. بۆیە زۆرجار شەوانە دەچووە ناو نادیەکانەوە و گڵۆبێکی تایبەتی شەوانەی بەکرێ دەگرت، و داوای لە ئۆرکسترا و تیمی مۆزیسیەنەکان دەکرد مۆزیکی شاد و خۆش بژەنن، زۆرجار بۆ کچەکانی بارەکان بتڵە شەمپانیای دەکڕی و سەمای دەکرد لەگەڵیاندا. ئەمە بە وتەی خۆی، ڕەوشی ئەو بوو بۆ ڕزگار بوون لەو فشار و سەختیانەی کە لەسەری بوون. (١)

هامەر لە بەرلینەوە بۆ هامبۆرگ، تالین، پاریس و لەندەن سەفەری دەکرد. بەشێوەیەکی ئاسایی لەناو فارگۆنە شەمەندەفەریە خێراکانی هێڵی سەرتاسەری ئەورووپا، لەسەر کەشتیەکان، لەناو ڤێلاکانی کەنار دەریای بەڵتیک، و ماڵی ژمارە یەکی جادەی (داچس لەندن) کە جێگە خەو و نانی بەیانی دەدا بە گەشتیارەکان دەمایەوە و دەخەوت. لە زۆربەی شارەکاندا جگە لە بەرلین تەنها شەوێک یان دوو شەو دەمایەوە. ئەوەندە سەفەری کردبوو بۆ وڵاتەکانی بەڵتیک کە جەوازی (لەستۆنی) وەرگرت بوو. (٢) ئەم ماڵ لە کۆڵە بەتەواوی باروودۆخی گۆڕابوو و لەو ماوەیەدا بەتەواوی خوی گرتبوو بەو شێوە ژیانەوە.

لە منداڵیشدا، سەرەتا لە ماڵی باوکە گەورەی لە (مانهاتنی باشور) دەمایەوە، پاشان ڕۆیشتەوە بۆ ماڵی باوکی لە (برونکس)، و دواتر پێنج ساڵی تەمەنی لە ماڵی خێزانی لە (کنە تیکات)ی تێپەڕاند. کاتێک باوکی کەوتە زیندانەوە، ئەو ڕۆیشت بۆ شوقەیەک لە ژمارە ١٨٣ جادەی چوارەمی ڕۆژئاوای گرینیچ ویلج. ئەمە تەنها شوێنێک بوو کە ئەو دەیتوانی بە ماڵی خۆی بزانێت. شوقەکە ژووری خەوتنی بچوکی هەبوو،

کە کتێبەکانی پزیشکی، لەگەڵ میکرۆسکۆپێک و کۆمەڵێک لە پێویستیەکان، هەندێک شتی بەنرخی تێدابوو، هەروەها ژوورێکی ئاراڵەیەک سەقف بەرزیشی هەبوو بۆ دانیشتن کە پیانۆیەکی گەورە و گلۆپێکی مێشوی گەورەی تێدابوو لە سەقفەکەیدا. بەڵام ئەم ماڵ و هێلانەیە بەڕاستی زۆر دوور و لە جیهانێکی دیکەش بوو.

هامەر لەو هاتن و ڕۆیشتنانە، ئەرکی نامەبردن، گەیاندن، ڕێککەوتنامە، فرۆشیار، نوسەر، و هەر خزمەتێکی دیکە کە باوکی داوایی لێەکرد ئەنجامی ئەدا. ڕێکخەری کارەکان و نوێنەری چاوی باوکی بوو. کاری سەرەکی هامەر گواستنەوەی پارە بوو لە ڕێگەی نهێنیەوە بۆ کارمەندانی سۆڤیەتی لە ئەمریکا. لە باوکیەوە فەرمان دەگەیشت کە لە (هاوڕییەکەوە)، بەشێوەیەکی گشتی لە ئەڵمانیاوە یان لە وڵاتانی بەڵتیک، فلان بڕە پارە بگەیەنێت یان بیدات بە فڵانە کەس. ئەو پارەی نەقدی وەردەگرت، پاشان تەلەگرافێکی ئەکرد بۆ نیویۆرک بۆ نوسینگەکەی خۆی کە ئەوەندەی ئەو پارەیەی کە لەوێ وەریگرتوە بدەن بە فلانەکەس کە ئەو لەوێدا وەریگرتوە. ئەم پێدان و وەرگرتن و کارانە هەموو لە دیدێک و شێوەیەکی بازرگانی کاڵاکان یان ئەنجامدانی خزمەتگوزارییەکی خەیاڵی بۆ (کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا) ئەنجام دەدران، لەگەڵ ئەوەدا هیچ کەس نەیدەزانی کە سەرچاوەی ئەمانە هەموو یەکێتی سۆڤیەتە. هامەر ئینجا پارەی نەقدی وەرگرتنی بە حسابی بانکی کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا لە لەندەندا هەڵدەڕشت، و لەوێ، بە معامەلەکانی حسابداری، ئەم پارانەی لە قازانجی کاڵاکان یان لە ماڵی ئیشە مەشروعەکانی کارە جۆراوجۆرەکانی بازرگانی ڕێکدەخست.

شێوەی کاری وردی ئەم (دەست گێڕی و دەستاو دەستکردنەی) پارە لە نامەکان و تەلەگرافە گەیەنەرەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ کارمەندانی کمیتێن و لە دۆسیەکانی مۆسکۆدا بە درێژی دەبینرێن و بەرچاو دەکەون. بۆ نمونە، سەیری ئەم نامەیەی جۆلیوس هامەر بکە، لە ڕۆژی ٤ دیسەمبەری ساڵی ١٩٢٥:

(هیوادارم کاتێك ئەم نامە گەیشتە بەرلین، لەوێ بیت و بکتە دەست. یەکێك لە خزمەکانی بەڕێز مۆنس، دەرمانفرۆشی نیۆیۆرکی، هات بۆ لام و وتی ٦,٤٠٠ دۆلار دەبێت لە هاوڕێیەکی ئەوان لە بەرلین وەرگرێت. داوا دەکات لە ئێمە ئەم پارەیە وەرگرین و تەلەگرافێك بکەین بۆ نوسینگەی خۆمان لە نیۆیۆرک کە ئەم ڕێژەیە بدرێت بە بەڕێز مۆنس.

بێزەحمەت ئەم کارە ڕێکبخە. تێچوونی تەلەگراف لە کۆی ڕێژەکە کەم دەکرێتەوە).

هاوڕێت بارکت
ج هامەر (٣)

لە نیۆیۆرك، هێنری هامەر، کە لە لیدارەی (لەمتورگ) لە ژمارە ١٦٥ای جادەی برادوی نوسینگەی هەبوو، لە ڕێگەی کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا وە چەکێك بە بڕی ٥ هەزار دۆلار بۆ جیکۆب مونس نارد، و ڕێژەکەی دیکە لە بابەتی (تێچوونی تەلەگراف یان کرێی دەستگێرەکە)، کەم کراوەتەوە. دواتر جیکۆب شاپیرۆ، کە هەم حسابدار و هەم وەکیلی کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا بوو، ئەم گواستنەوە و ئاڵوگۆڕەی، وەکو پێدانی پێشینەکانی بۆ مونس، لە نوسینگەکانی کۆمپانیادا دەیشاردەوە، و بە شێوەیەکی متمانەی لە ڕێگەی کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا دەیدا بە کۆمپانیای مونس. بەم شێوەیە ئەگەر ئەم معامەلە و فایلی ئەم ئاڵوگۆڕ و حەواڵە کردنە ڕۆژێك لیژنەی چاودێری و گەڕانە پشکنینیان بۆ بکردایە، ئەوکاتە ئەو حسابە وەکو معامەلەیەکی بازرگانی دەردەکەوت.

هۆکاری ئەم هەموو پێچاو پێچە بۆ شاردنەوەی سەرچاوە دیارەکە، ئەوە بوو کە مونس، بە پێچەوانەی وەسفەکانی جولیوس هامەر، تەنها (دەرمانفرشی نیۆیۆرکی) یان تەنانەت، بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە نوسینگەی یەکێتی ئەمریکادا دەردەکەوت. (فرۆشیاری دەرمانە گیایەکان) نەبوو. ناوە بنەڕەتیەکەی (یاکوب مونسو ویتن) بوو و لە ساڵی ١٨٨٥ لە (یانوو) لە ڕوسیادا هاتبوویە دنیاوە. لە ساڵی ١٩٢٣ بوو بە یەکێك

له جێبەجێکارە سەرەکییەکانی دابینکردنی پارە کە لە لایەن (OGPU) وە دانرا بۆ کارمەندەکانی لە ئەمریکا و بەریتانیا.

هامەر یەکێك بوو لە گەیەنەرەکانی دەستاو دەستکردنی سەرەکی پارەکانی کمینترن بۆ حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا، و پروفینترن و یەکێتییەکانی کرێکاری کۆمۆنیستی، و شێوەی گەیاندنی پارەکە بە شێوازێکی ڕێکخراوەی بوو لە ڕێگەی هاوکاری بوریس ڕینستین بۆ ڕێکخستنەکانی کرێکاری لە هەموو سوچێکی ئەم جیهانەدا. نوسراوە نهێنییەکانی نێوان مۆسکۆ و چارلز ڕوتنبرگ سەرۆکی نەتەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا، کە هەموویان لە ئەرشیفی کمینترندا بوونیان هەیە، ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئارمەند و باوکی تاوەکو چەندە بەشێکی جیانەبوون لە ڕێکخستنی نهێنی سۆڤیەتیەکان. (٤) ئەم چالاکیانە هەڵبەتە زۆر ترسناك و نا یاسای بوون، بەم شێوەیە هامەرەکان تاوەکو ساڵی ١٩٢٥ گەیەنەری پارە بوون بۆ ڕۆتنبەرگ و بەرپرسەکانی دیکەی حیزبی کۆمۆنیست لە نیویۆرك. فشاری کارکردنی ئەم جۆرە مامەلانە لە بەهار و هاوینی ساڵی ١٩٢٥ بەتایبەتی دەرکەوت و کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا و فەرعەکەی لە ڕوسیا، ئالامریکۆ، هەردووکیان توشی قەیران بوون. دەزگایی نهێنی سۆڤیەتی، کە کارمەکەی لە نزیکەوە خستبویە ژێر چاودێریەوە، لە مانگی سێپتەمبەر لە ڕاپۆرتێکدا باسی ئەوە دەکات: (باروودۆخی دارایی کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا...هێشتا بەڕادەیەکی زۆر ترسناکە)، و پاشان دەنوسێت ئیدارەی نیویۆرکی ئەو کۆمپانیایە ٢٩,٨١٩ هەزار دۆلار قەرزارە و لە (دەرەوش هیچ پارەیەکی زیادەی نیە) (٥). حیزبی کۆمۆنیست لەو سەردەمەدا زۆر پێویستی بەو پارەیە هەبوو کە مۆسکۆ دەیخستە بەردەم کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا، چونکە بۆی هەیە ڕۆژنامەی حیزب (دێلی وۆرکەر) دابخرێت. لەحاڵەتێکدا کە هامەرەکان، تەلەگرافەکانی نێوان باوك و کوڕ جیاناکەنەوە، ٧ هەزار دۆلار لەو پارەیە تاوەکو ئەو کاتە کە هەفتەی یەکەمی جینیوەری ساڵی ١٩٢٥ بوو تەحویلیان نەدابوو، ڕوتنبەرگ زۆر پێداگیرانە دەیەوێت (هامەر ناچار بکەن ئەو ڕێژەیە بە خێرایی بدات) (٦)، مانگی جینیوەریش دێت و هامەریەکان هێشتا پارەکەیان نەداوە، و ڕۆتنبەرگ، بە توڕەی، تەلەگرافێکی دیکە دەنێرێت: (هامەر کۆمپانیای یەکێتی بازرگانی) ئێستا ١٦ هەزار دۆلار لە پارەی حیزب و ئەنجومەنی فەرهەنگی یەکێتی کرێکاری کە لە کمینترن و پروفینترن

وەرگیراوە لەلایی خۆیان هێشتویانەتەوە) و داوا دەکەین هامەر (بانگ بکرێت بۆ سەرۆکایەتی کمیتەن) و لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت (٧). هەرچەندە ١٦ هەزار دۆلار لە ساڵی ١٩٢٥ ڕێژەیەکی زۆر بوو (تاڕادەیەك نزیکەی ١٢٨ هەزار دۆلار بە نرخی ئەمڕۆ)، ڕێگەیاندا بە هامەریەکان هێشتا گەیەنەری پارەکە بن، و کەمێك دوای ئەو قەیرانە ڕێژەی تەحویلکردنی پارە بۆ ئەوانە زیادتر بوو. (ئێمە ئەمڕۆ لە ڕێگەی بەرلین- جولیوس هامەر- ئەم بڕە پارەیەتان بۆ دەنێرین)، و پاشان پێرستێك لە بواری سەرفکردنی ئەوانەوە دێت، و ئەمە نمونەیەکە لە نهێنیەکانی مۆسکۆ بۆ ڕۆتنبەرگ. (٨). ڕۆتنبەرگیش، لەلایی خۆیەوە، گوایە لەگەڵ بانکێکدا پەیوەندی هەیە، بەبێ هیچ پەردە داوا دەکات، (داوا بکەن لە هامەر ڕێگە بدات بە نوسینگەی نیویورك ڕێژەی..... پارە بداتە برادسکی)، مەبەستی لە (جۆزێف برادسکی) وەکیل و پارێزەری دەعواکەی حیزب، بوو. (٩)

ئەم عەمەلیاتە دارایانە ئەزمونێکی زۆر بەنرخ بوون بۆ ئارمەند هامەر، ئەو ئەزموونانەی کە چەندین ساڵ دوای مەرگی ڕوتنبەرگ، لە ساڵی ١٩٢٧، بە کەڵکی ئەو هاتن.

* * *

سیخوڕی جیهانی تەنها تایبەت نیە بەو کەسانەی کە نهێنیەکانی دەوڵەت دەدزن یان پەیامەکان و ئامانجەکان دەگەیەنن. ئەمانە ئەرخانکردنی ئەو توانایانەن لە دەزگایەکدا کە دەبێت بەدرێژایی کات بەبێ وەستان و بەردەوام بسوڕێنەوە. ڕۆنی ژیانی ئەم سوڕانەوەیەش پارەیە، بەتایبەتی، ئەو پارە نهێنیانەی کە بەبێ ئەوەی هیچ گومانێکی خراپ ببزێت بتوانرێت بەکار بهێنرێت. کاتێك سۆڤیەتیەکان لە کۆتایی دەیەکانی ١٩٢٠ چالاکیە نهێنیەکانی خۆیان لە دەرەوە پەرەپێدا، پێویستیان بە کەناڵێك هەبوو کە لەناو ئەو کەناڵەوە بتوانن ئەو جۆرە پارانە بەبێ گومانبردنی خراپ تێپەڕێنن. (کۆمپانیای یەکێتی) کە دەیتوانی بانگەشەی ئەوە بکات کۆمپانیایەکی ئەمریکی یە و نوێنەری بازرگانە ئەمریکیەکانە لە دەرەوە، بۆ ئەم کارە زۆر گونجاو بوو. خاوەنەکانیشی، هامەرەکان، ماوەیەك پێشتر لە ڕێگەی بازنەکانی خۆیانەوە لە نیویۆرك، بەرلین، و لەندەن لە دابەشکردنی نهێنیانەی پارە بۆ سۆڤیەتیەکان هاوکاریان کردبوو. میکانیزمێکی ئاڵۆز کە سۆڤیەتیەکان بۆ گەیاندنی پارە بۆ ئەو

کەناڵە لە پەیوباوەڕی مۆسکۆدا پەریان لێکردبوویەوە، ڕاهێنانێکی سودمەند بوو بۆ هامەر لە قبوڵکردنی بانکدارێکی جیهانی. سیستەمەکە بەم شێوەیە کاری دەکرد:

سەرەتا، ڕێکخراوی بازرگانی دەوڵەتی سۆڤیەت (گاستۆرگ) کاغەزێکی بەهاداری لە پارەکانی هامەر دەنێرێت تاوەکو بەو نرخە کالآیی دیاریکراو لە دەرەوە بکڕێت. ئەم کاغەزە بەهادارانە لەبەر ئەوەی کە زەمانەتی دەوڵەتی هەبوو بە تەنهای گەیاندنی کالآی (گاستۆرگ) نرخی ڕێکەوتوو لەسەری پێ دەدرا.

پاشان، هامەر دەچوو بۆ لقی بانکی لویدز لەندەن لە مۆسکۆ و ئەم چەکە بەهادارانەی ڕادەکێشا و دەیکردنە پێشینەیەك. لە کاتێکدا کە ئەو کاغەزە بەهادارە دەوڵەتی سۆڤیەت دابینی کردبوو، بانکی لویدز ئەو کاغەزانەی قبوڵ دەکرد و لە ڕێگەی ئیدارەی خۆیەوە لە لەندەن پارەی پێویستیان بۆ کڕینی کالآ پێویستەکان بە دۆلاری ئەمریکی، کرۆنی سویدی، یان لیرەی ئینگلیزی وەکو پێشینەیەك دەدا بە کۆمپانیاکەی هامەر.

هامەر بەشێك لەو پارانەی بۆ خەرجکردنی کڕینی بەشێك لەو کالآیانەی کە پێویست بوو بەکار دەهێنا و بەشەکەی دیکەشی دەخستە ناو (حسابە پاشەکەوتکراوەکەی) نیۆیۆرکەوە. ئەم حسابە بوو کە، ئەگەری ئەوە هەیە بە فەرمانی دەزگایی زانیاری سۆڤیەتی، بۆ پشتگیریکردنی تێچوونەکانی چالاکیەکانی ژێرزەمینیە جۆراو جۆرەکان بەکار دەهێنرا.

ئەم بەشی عەمەلیاتە هەڵبەتە بازرگانیخانەکەی هامەر زۆرجار ڕووبەڕوی کێشە و کەمی دەبوویەوە، چونکە کالآ تەحویل دراوەکان بۆ (گاستورگ) کەمتر بوو لە ڕێژەی داواکراو، لەبەرئەوە ئەو پارەیەشی کە دەگەڕایەوە بۆ بانکی لویدز تەنها بەشێك بوو لەو ڕێژە بەبەرنامەیەی کە لە کاغەزە بەهادارەکەدا بوو. ئەم کەمبوونە سۆڤیەتیەکان بە ناردنی چەکێکی دیکەی بەهادار بۆ کڕینی کالآی دیکە قەرەبوو دەکرایەوە.

عەمەلیاتەکەی هامەر لەناو ئەو ڕێژە گەورەیەی معامەلەدا بوو کە (گنریخ یاگو دا) ، کە ئەو کاتە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەرایەتی ئابوری زۆر بەهێزی لە ئەستۆدا بوو، خۆی بە شەخسی لە نزیکەوە چاودێری ئەو کارەی دەکرد. (یاگودا) کە بەبێ بەزەی، و وردی کار و پەیوەندی نزیکی لەگەڵ ئستالیندا ناسرا بوو، ئەو کاتە قائیم قامی سەرۆکی (OGPU) بوو و دواتریش بووە سەرپەرشتی هەموو دەزگای نهێنی

سۆڤیەتی. یەکێك لە بێتاقەتیەکانی ئەو لە هاوینی ساڵی ١٩٢٥ ئەوە بوو کە ڕێژەی وەرگرتنی قەرزەکانی بازرگانی هامەر لە کۆنترۆڵ دەرچووە. لە یاداشتە (تەواو نهێنیەکان)، بە دەستنیشانکردنی ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا، دەڵێت (لەحاڵەتێکدا کە هاوکاریەکانی پەیوەست بە عەمەلیاتەکانی ناردەنی دەخرێتە ئەستۆی ئۆرگانیە دەوڵەتیەکان)، ئیدی پەیمانی تازە بۆ کڕینی کاڵا لەلایەن ڕێکخراوە دەوڵەتیەکانەوە لەگەڵ هامەرەکان نابەسترێت. لەبەرئەوە ئیدی ئەوانە (چەکی بەهادارەیان) پێ نادرێت بۆ ئەوەی بەو پارەیە قەرز بکەن و پێشینە و سوودەکانی دیکە وەرگرن. بەپێی وتەکانی یاگودا، (زانیاری بەڵگەی) کۆمپانیاکەی ئەوانە، بە حسابکردنی نرخی ڕەسمی ئاڵوگۆڕی بەهادار، ڕێژەی ١,٧١٩,٧٩٨ دۆلار بە بانکە بیانیەکان قەرزارە. زۆرێك لەو قەرزانە بە پارەی بیانیە، وەکو ٧٤,٣٨١ بە لیرەی ئینگلیزی، ٨,١١٥ بە فرانکی سویسری، و ٢٠٢,١٨٩ بە کرۆنی سویدی. یاگودا لە کۆتایدا دەڵێت خودی کۆمپانیای یەکێتی پارەی لە دەرەوە بۆ پێدانی ئەو قەرزانە نیە، , ئەگەر مۆسکۆ دەستوەرنەداتە ئەو مەسەلەیە، (بەبێ هیچ گومانێك بە هەرەسهێنانی دارایی هامەر) کۆتایی دێت. (١٠)

یەك ملیۆن و حەوت سەد هەزار دۆلار لە ساڵی ١٩٢٥ پارەیەکی زۆر گەورە بوو، کە نرخەکەی تاڕادەیەك بە پارەی ئەمڕۆ دەیکردە سیانزە ملیۆن و شەش سەد هەزار دۆلار، بەڵام ئەم پارانە ئەڕۆیشتبوویە گیرفانی هامەریەکانەوە. ئەوانە، لە ژێر چاوی چاودێری بەڕێوەبەرایەتی ئابوری، کە بەپێی ڕاپۆرتەکانی یاگودا، هەر خشتەیەکی حسابی بڕۆشتایەتە حسابەکەی هامەر یان دەربهاتایە بەوردی چاودێری دەکرا و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرا، و نەدەتوانرا ڕێژەیەکی زۆری لەو شێوەیە بخرێتە گیرفانەوە. ڕاپۆرتی ڕێژەی واقعی کڕینی کاڵاکان، ڕێژەی تێچوونە کاغەزە بەهادارەکان کە لەسەر بنەمای پێشینە وەرگرتنەکانی هامەر بوو، و هەنگاو بەهەنگاو (نیشانەی) عەمەلیاتی بانکی بە وردی و فراوانی لێکدەداتەوە و دەڵێت چۆن ڕێژەکانی زیادە لە لەندەن دەگوزێرێت بە پارەیەك کە شایەنی پارەداری بێت. بەهەرحاڵ، ڕێکخستنی (OGPU) نەیدەتوانی لە پێدانی بەردەوام بە حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا، بە کارمەندە شاراوەکانی وەکو (مونس) یان نەخشە شاراوەکانی سۆڤیەتی، وەکو هاوکاریە نهێنیەکان بۆ ئەڵمانیەکان بۆ دووبارە دروستکردنەوەی چەکسازی، بێ ئاگا

بێت، چونکە هەموو ئەو عەمەلیاتانە لە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی خودی ئەو دەزگایەدا ئەنجامدەدرا. سەرەڕایی ئەوەش، دابینکردنی تێچوونی ئەو جۆرە عەمەلیاتانە بێگومان بە ئاگاداری بەرزترین کارمەندەکان بوو. لەبەرئەوە، دەبوو پارەکان لە مۆسکۆ بگوازرایەوە تاوەکو داواکاریەکانی (لوبدن) و بانکە بیانیەکانی دیکە بیاندایە.

لە پایزی ساڵی ١٩٢٥ ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر فشاریان دروست دەکرد بۆ ئارمەند هامەر بۆ ئەوەی حسابەکانی (ئالامریکۆ) پێش کۆتایی ساڵ، کە بڕیاربوو کۆمپانیاکە بپێچرێتە، تسەفیە بکەن. ڕۆژەکان زۆر بەخێرایی تێدەپەڕین، یاگودا و کارمەندەکانی لە بەڕێوەبەرایەتی ئابوری یەک سات دەستیان لێوەرنەدەگرت، و نوسینگەکانی کۆمپانیا کابوسێکی حسابداری بوون، چەندین ساڵ حسابکاری تەزویری و تەڵەکەبازی بۆ شاردنەوە، جێگۆڕکێ و گواستنەوەی پارەی نائاسایی لەناو ئەم دامەزراوەیەدا شاردرابوویەوە. لەوکاتەشدا، بانکی (هاریۆ) لە ئیستۆنیدا هەرەسی هێنا کە ئەویش بووە باری سەربار.

* * *

لە فێبریوەری ساڵی ١٩٢٤ بانکی هاریۆ ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە. ئەو بانکە ئەو کاتانە چوارەمین بانکی کۆماری ئیستۆنی بوو. بانکەکە لە بەندەری تالین بوو، کە هاوتای بەندەری (ریگا) بوو لە لیتوانی، لە ساڵەکانی سەردەمی گەمارۆدانی ئابوریدا (١٩١٨– ١٩٢٢)، بەهۆی چوونی کەلوپەلەکان بۆ ڕوسیای سۆڤیەتیەوە لەو بەندەرەوە، و بانکی هاریۆ لە مامەلەکانیدا لەگەڵ ڕوسیادا بەشێوەیەکی زۆر سەیر قازانجی دەستکەوت بوو، تەنانەت سەفیری ئیستوانی لە مۆسکۆ خستبوویە ناو دەستەی بەڕێوەبەرایەتی خۆیەوە. بەڵام کاتێک بەشێوەیەکی ڕەسمی بەندەرەکانی ڕوسیا بەڕەو ڕوی بازرگانی جیهانی کرانەوە، ڕەونەق و شکۆمەندی ئەو بانکە لەناو چوو، و لەوەش خراپتر، بانکەکە ڕێژەیەکی زۆر قورسی بەهۆی کاریگەری داشکانی بۆرسە کاریەوە لەدەستدا. لە ژێر فشاری بەرپرسەکانی بانکی ئیستوانی، خاوەنەکانی هاریۆ لە جێنیوەری ساڵی ١٩٢٤ بانکەکەیان فرۆشت. هامەر لە ماوەی یەک دوو هەفتە خۆی گەیاندە تالین و ڕۆیشت بۆ لای خاوەن بانکەکان، و بەبێ هیچ

جۆرە چەنە چەنێك، هەمان ئەو بەهایەی کە دەیانویست، ٢٥٠ هەزار دۆلار، قبوڵی کرد و بانکەکەی کڕی. یەك لەسەر سێی ئەو ڕێژەیە ڕاستەوخۆ دەدرا و ئەوی دیکەشی لەماوەی یەك ساڵدا دەدرا، دوای ئەوەی کە زیاتر پارە نەقدە مانەوەکە لە بانکدا وەکو قازانجی پشکی دەچووە گیرفانی خۆیانەوە، ٥١٪ پشکی بانکەکە، و هەروەها کۆنترۆڵی هاریۆ، گوازرایەوە بۆ کۆمپانیای هامەر.

هەرچەندە تاڕادەیەك هیچ پارەی دیکە لە بانکەکەدا نەمابوویەوە، هامەر بۆ باشترکردنی پەرەسەندنی ڕەونەقی بانکەکە ڕێگەیەکی تایبەتی هەبوو، کاغەزە بەهادارەکانی سۆڤیەتی، وەکو ئەوەی کە لە لەندەن کرابوونی، ئێستاش دەتوانێت ئەو کاغەزە بەهادارانە، کە نیشانەی داواکاریەکانی دەزگای گاستۆرگی سۆڤیەتی بوون بۆ کڕینی کاڵاکان، لە بانکی هاریۆ دابنرێن. لە حاڵەتێکدا کە ئاژانسەکانی سۆڤیەتی ناچار نەبوون تەحویلی کاڵاکانی دیناری بە هاریۆ دابنێن، ئەم کاغەزە بەهادارانە بەخێراییش دەچوونە سەر زیادەی دارایی بانك. بۆنموونە، ئەگەر هامەر کاغەزێکی بەهاداری بە ڕێژەی دە ملیۆن دۆلاری لە گاستۆرگی سۆڤیەتی وەرگرتایە کە بۆ ئەوەی شتێکی پێ بکڕێت، و پاشان ئەم بڕەی بردایە لەبانکی هارۆ دایبنایە، دارایی بانکەکەش بەو ڕێژەیە بەرز دەبوویەوە، دەیتوانی بە پشتیوانی ئەو دارایە تازە تۆڕە بانکیەکانی دەرەکی کە لەگەڵ ئەوانەدا معامەلەی دەکرد، پێشینە وەرگرێت. بەم شێوەیە، مادامەکی هاوکارە سۆڤیەتیەکان کاغەزە بەهادارە متمانەپێکراوەکانیان دەخستە بەردەم ئەوەوە و بانکەکانی دیکەش زۆر بە وردی سەیری کتێب و حسابەکانی هاریۆیان نەدەکرد، هامەر دەتوانێت بانکەکەی خۆی بەکار بهێنێت و پارەی تازە بۆ عەمەلیاتی دارایی شاراوە بەدەست بهێنێت.

هامەر بەخێرایی و بە یەکلایکەرەوەی چاوەڕوانەکراو بانکەکەی کڕی بوو. بەڵام، هەر بەو شێوە سادەیە ئەو کارە ئەنجام نەدرا، دەرکەوت ئەم بڕیارە خۆی بەتەنها نەیداوە. بەو شێوەیەی کە لە بەڵگەنامەکانی سۆڤیەتیدا دەردەکەوێت، قۆناغ بە قۆناغ نەخشەکە بەرپرسانی سۆڤیەتی کاریان بۆ کردوە، مەبەستی ئەوانە لەو معامەلەیەدا ئەوە بووە کە کۆنترۆڵی بانکی لە وڵاتێکی بیانیدا، بە ڕوکەش پەیوەست بە سەرمایەدارێکی ئەمریکی، بگرنە دەست خۆیان. پارەی کڕینی بانکەکە ڕاستەوخۆ لە (پارەی پاشکەوت) لە نیویۆرك هاتوە کە تایبەت بووە بە نەخشە شاراوەکان (١١)

بەهاری ئەو ساڵە، هامەر ٤٥ هەزار دۆلاری دیکەی لە نیویۆرك گواستەوە بۆ بانکی هاریۆ و ئەو پارەیەی لەگەڵ ژمارەی چەکەکەدا سپاردی لەناو بازنەی گاستۆرگی سۆڤیەتیدا. بەلام پێش ئەوەی دەست بە عەمەلیاتی کارەکان بکات، پڕوپاگەندەی زۆر ترسناك لەبارەی پەیوەندییەکانی ئەو لەگەڵ سۆڤیەتیەکان لەناو ڕۆژنامە ناوچەیەکانی (تالین)دا بلاوکرایەوە. هامەریان بە (هاوڕێی نزیکی تروتسکی) ناو برد و وتیان کۆمپانیاکە لە کڕینی ئەو بانکەدا بەرەیەکی دیارە بۆ حکومەتی سۆڤیەتی. ئەم چیرۆکانە لە شوێنی زۆر نەگونجاودا دەکەوتە سەر زمان. لە ماوەی ساڵی ١٩٢٤، بەرپرسەکانی ئستۆنی ڕاستەوخۆ مۆسکۆیان تاوانبارکرد بە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتەکەیان، بەڕاستی لایەنگرەکانی سۆڤیەتی لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٢٤ دەستیان کرد بە کودەتایەك، لەگەڵ ئەوەدا هەستی دژە سۆڤیەتی هەموو ڕۆژێکیش زیاتر دەبوو. لافاوی چیرۆکەکان لەبارەی ڕۆڵەکانی هامەر لە پەردەپۆشکردنی کارەکانی سۆڤیەتی گەیشتە ڕادەیەك کە لەناوەڕاستی مانگی مەی سەفارەتی ئەمریکا لە ڕیگا، کە ناوەندی هەواڵسازی ئەو وڵاتە بۆ وڵاتەکانی بەڵتیك، تەلەگرافیان کرد بۆ واشنتۆن کە ئەم پڕوپاگەندانە لەوانەیە ڕاست بێت: (کەسی ئاگادار لە ڕویل (تالین) هەموو کەس باوەڕی وایە کە مەسەلەیەکی زۆر لێڵتر بوونی هەیە کە گوایە گەیاندنی ئەو شمەك و پێویستیانەی کە بانگەشەی بۆ دەکرێت کە گوایە بانکی (هاریۆ) دابینکاری دلرایی بۆ دەکات) گومان دەکرێت (بەرپرسانی مۆسکۆ هەموو یان بەشێك لەو پارەیان دابێت بۆ کڕینی ئەو بانکە تاوەکو ببێتە هۆکارێك بۆ گەیاندنی پارەی شاراوە بۆ دەرەوە) (١٢)

هامەر هیچی پێنەدەکرا دەبوو هەرچێکی کردبێت ئەو هەواڵانەی کە لەبارەیەوە بلاو دەکرێتەوە کە گوایە لەناو بازنەی کارکردنی سۆڤیەتیدایە بیانخاتەوە درۆ. سێ ساڵ پێشتر، کاتێك هەواڵی بەخشینی یەکەمین ئیمتیازی ڕوسیای بلاوکردەوە، فێربووبوو کە دەتوانرێت حکومەت و هەروەها ڕۆژنامەنوسەکان بە سادەی و گاڵتەجاڕێکی ڕوونکردنەوە قەناعەتیان پێ بکرێت، بۆیە وتی هۆکاری معامەلەکردنی ئەو لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا تەنها یەك شتە: ئەویش (پارە) یە. کاتێك کە خۆی بە سەرمایەدارێك ناوبرد کە بۆ بەرژەوەندی، نەك سیاسەت، خەریکی کارکردنە لە ڕوسیادا، سەیری کرد ئەم قسەیە بووە جێگەی قەناعەتی زۆربەی ئەمریکیەکان،

بەتایبەتی ئەو قسەیە بەدڵی وەزارەتی بازرگانی ئەمریکا بوو، کە ئەوکاتانە وەزارەتی بازرگانی ئەمریکا هانی سەرمایەدارەکانی خۆی دەدا بۆ ئەوەی بڕۆن بەشوێنی بازاڕدا بەتایبەتی بازاڕەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات. هەر لەبەرئەوەیە بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەو بانکی هاریۆی بۆ بەرەوپێشبردنی کارە بازرگانیەکانی خۆی کڕیوە و دەیەوێت بنکەی ناردەنی خۆی لە لیتوانیەوە بگوازێتەوە بۆ ئیستوانی. بەتایبەتی هەوڵیدا قەناعەت بکات بەو بەشەی کە وابەستەن بە بازرگانی ئەمریکا لە ئیستوانی کە کۆمپانیاکەی ئەو، (کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا)، موڵکیەت و خاوەنداریەتی ئەمریکی هەیە، خەریکی فرۆشتنی کاڵا ئەمریکیەکانە لە ڕوسیادا. سەرەڕایی ئەوە، شکاتێکی بردە دادگا کە باسی ئەوە دەکات من بێتاوانم و پڕوپاگەندەی ئەوەم بۆ دەکرێت کە گوایە ئەو بانکەم بۆ کارکردنی سۆڤیەت کڕیوە، درۆکە لەکاتێکدایە کە ئەم بانکە ڕقەبەرەکەی لە تالین لە هەمووشوێنێکدا بڵاوی کردوەتەوە چونکە لە کێبەرکێکردنی ئەمریکێکدا لە کاری بانکداری دەترسێت.

باسەکانی هامەر، وایکرد کە سەفارەتی ئەمریکا قەناعەتی پێبکات بۆیە داواکاریەکەیان بردە لای بەرپرسەکانی بانکی ئستوانی، لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵدانەیدا ئەو بۆ پاراستنی بانکەکەی نەگەیشتە هیچ دەرئەنجامێک. حکومەتی ئیستوانی، کە ئەویش سەرچاوەی زانیاری خۆی هەبوو، ئامادە نەبوو ڕێگە بدات بە کەسێک کە ناوداربێت و هەڵبژێردراوی سۆڤیەتی بێت ئینتۆکی گیربکات لە دارایی وڵاتەکەی، ئەویش لەکاتی نێوان جەنگی بەردەوام دەروونی پەرەسەندوی مۆسکۆدا. لە مانگی مەیی ساڵی ١٩٢٥، دەوڵەت فەرمانی داخستنی بانکی هاریۆیدا، بەو بیانوەی کە گوایە وەصڵی حسابەکانی نەداوە. هامەر تاوەکو ئەو بەرواره لە ١٥٠ هەزار دۆلار (لەگەڵ ئەو ڕێژە پێشینەی کە بۆ کڕین دابووی) لە پارەی سۆڤیەتی سەرفکرد و ئەو بانکەی هەرەس پێهێنابوو. سەرەڕایی ئەوەی پارێزەرێکی زۆر لێهاتووی لە تالین گرت بەڵام هەموو ئەو پارانە لەدەستچوون.

هامەر لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٢٥ بۆ خاکمپاردنی یاسایی (کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا) گەڕایەوە بۆ مۆسکۆ. واپێویستی دەکرد کە پێ دەرەئەنجامی کۆمپانیاکەی بشارێتەوە. ئەگەر لەدەرەوەی کرملین مرۆڤی ئەو کۆمپانیایە ئاشکرا ببێت کە کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا هەڵوەشاوەتەوە، بە متمانەی چەک و بەڵگەنامەکانی

پێشینەکانیەوە لەلایی بانکە دەرەکییەکان لێدانێکی گەورەی بەر دەکەوێت. و سەرەڕایی ئەوەش بانکەکانیش داوای قەرەبوو دەکەنەوە و چەکەکانی خۆیان دەوێت، هەموو پلانە هەوایەکانی پێشینەکان هەڵدەوەشێنەوە. هامەر، و باوکی، زۆر بەتوندی هۆشداریان دایە بەرپرسانی سۆڤیەت کە هەرجۆرە بڵاوبونەوەیەکی هەواڵ لەدەرەوەی وڵات سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی کۆمپانیاکە (کاغەزە بەهادارەکانمان هەموو توشی مەترسی گەورە دەبن). هەردووکیشیان باسی ئەوەیان کرد کە ترس و نەگبەتی ئەم کارەش، سەرەڕایی ئەوەی کە فاتحەی کارەکانی ئەوان دەخوێنێت، بۆ متمانەی سەرچاوەکانی سۆڤیەتی (کە ئەو کاغەزە بەهادارانەیان لە بنەڕەتدا ناردوە) دەرەنجامێکی باشی نابێت) (١٢)

کێشەی سەرەکی کرملین بەرگرتن نەبوو لە نابەرچوونی هامەرییەکان بۆ هەرەسهێنانی یەکجارەکی، بەڵکو ترسیان لە وەستاندنی ئەو پارەیە بوو کە لەڕێگەی ئەو کۆمپانیایەوە دەگوازرایەوە بۆ ئۆرگانە دەوڵەتیەکانی سۆڤیەتی. هەرچەندە ئیمتیازی بازرگانی دەرەکی ئەوانە کۆتایان هاتبوو- و بانکی ئستوانی ئەوانە هەرەسی هێنابوو- لەگەڵ ئەوەدا هێشتا کۆمپانیا فەرعییەکەی هامەرەکان لە بەرلین و لەندەن پارەیان دەنارد بۆ کارمەندەکانی کمینترن و خەریکی صیانەکردنی بەرنامەی فرۆکەسازی ئەڵمانیا بوون لە ڕوسیادا. دەزگای زانیاری سۆڤیەتی نەیدەویست لەقە بدات لە بەختی خۆی، لەگەڵ ئەوەدا بەخشینی دووبارە ئیمتیازی تازە بە هامەرییەکان بۆ ئەوەی بتوانن ئەو چالاکیانەیان زیندوو بکەنەوە بەڕاستی کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە : سیاسەتی ئابوری تازە، تاڕادەیەک کۆتایی هاتبوو. بە کردنەوەی دەرگا بازاڕییەکانی دەرەکی بەرەو ناردەنییەکانی گەنم و ماددە سەرەتاییەکان بۆ ڕوسیا، ئیستالین ئیدی پێویستی بە ئیمتیازە دەرەکییەکان نەبوو بۆ ئامادەکردنی سەرمایە یان تەکنەلۆژیا و بۆ مۆدێرنیزەکردنەوەی ڕوسیا پێویستی بە خۆماڵیکردنی ئەو ئیمتیازانە بوو؛ کە درابوو بە کۆمپانیا دەرەکیەکان، نەک بەخشینی ئیمتیازی دیکەی تازە. سەرەڕایی ئەوەش، زۆربەی ئیمتیازەکانی ئێستا بۆکۆمپانیا بیانیەکان ئەو ئیمتیازانە بوون کە دەیانتوانی ماددەی خاوی سۆڤیەتی وەکو دار، زەمرود، بەردی ئاسنین، بفرۆشن بە ڕۆژئاوا. بەڵام ئێستا ڕێکخراوە بازرگانیەکانی سۆڤیەت، وەکو (ئەمتۆرگ) لە ئەمریکا، (ئەرکاس) لەبەریتانیا، و (وەستۆرگ) لە ئەڵمانیا، ئەم ڕۆڵەی لە

ئەستۆ دەگرت. لەم حاڵەتەدا، ئەگەر بڕیاربێت ئیمتیازی تازە بدرێت بە هامەریەکان، ئیدی بۆ فرۆشتنی ماددەی خاوی سۆڤیەتیەکان لە دەرەوە ناتوانرێت هەبێت. ڕێگاچارە ئەوەبوو کە کاری بەرهەمهێنان بدرێت بە هامەریەکان لەڕوسیادا کە بۆ ئەوەی بتوانن بەشێك لەبەرهەمەکانی خۆیان لە دەرەوە بفرۆشن (و لەگەڵ ئەوەدا ئیجازەی ئەوەیان هەبێت پارەی پێویست بۆ مەبەستی دیکە بگوازنەوە بۆ دەرەوە). ئەو کار و کاسپیەی کە پێشنیارکرابوو بۆیان قەڵەمسازی بوو.

* * *

پێشنیاری ئیجازەی دروستکردنی قەڵەمسازی لە مۆسکۆ، دەسەلاتدارانی سۆڤیەتی توشی سەرسوڕمان کرد، پەشۆکانەکانی ئەوانە جێگەی پەیبەدن و تێکەیشتن بوو. لە نامە ناردنە پەرتەوازەیەکانی بەڕێوەبەرایەتیە جیاوازەکان بۆ یەکتری باسی ئەوە دەکەن لە حکمەتی ئابوری ئەم حاڵەتە سەرمان دەرناچێت. هامەریەکان نە ئاشنای پێشینەیان بە قەڵەمسازی هەبوو، نە هیچ هۆکار و کەرەستەیەکی کارکردنیان هەبوو، نە پەیوەندیان بە دابەشکردنی ئەو قەڵەمانە هەبوو لەدەرەوە، و نە ئەزموونێکیشیان هەبوو لەئەزموونی کارکردنی بەرهەمهێنان لەڕوسیادا. معامەلە پێشینەکانی ئەوان لە سۆڤیەت، کانزای پەموە کێویەکە، هاوڕەنی گەنمەکە، جەوازی ناردنی و هاوڕەنی، و بانکی هاریۆ، هەموویان توشی گرفت و کێشە بوویبوون، و توانایی ئەوانە لە کۆکردنەوەی پارە یان متمانەیان لە بانکە ڕۆژئاوایەکان جێگەی گومان بوو. یەکێك لەبەرپرسەکان، کە هامەریەکانی بەهیچ شێوەیەك قبوڵ نەبوو، باسی ئەوە دەکات کە بەتەواوی ئەو سودمەندە لەگەڵ دامەزراوەیەکی ئینگلیزی، ئەڵمانی یان ئەمریکێکی دیکەی پێشینەدار لە کاری قەڵەمسازیدا، ڕێککەوتنێك مۆر بکرێت کە هیچ نەبێت کەرەستە و لێهاتوی و ئەزموونی هەبێت. (١٤)

خەڵکانی دیکە بێگومان باشتر دەیانتوانی لە هامەریەکان کارگەیی قەڵەمسازی دابنێن، بەڵام لێرەدا تێبینی سیاسی زیاتر زاڵتر و لەپێشتر بوو لە تێبینیە بازرگانیەکان. دەزگای نهێنی سۆڤیەتی پێویستی بە هامەر هەبوو کە بۆ ئەوەی پارە دابەش بکات لەناو کارمەندەکانیدا. بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە ناکۆکیەکان زۆر بەجدی نەگیران، ، بە بڕیاردانی بەخشینی ئیمتیازی قەڵەمسازی درا بە هامەریەکان،

بەهای کاری دەستگێران و دەستاودەستکردنی ئەوانە لە گواستنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی پارەدا دەکەوێتە ڕوو.

لەناو ئەم و لێڵی کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکادا لە هەمان مانگی جینیوەریدا کۆمپانیایەکی تازەی بازرگانی سەری دەرهێنا: ناوی ئەم کۆمپانیایەیان نا (ئیمتیازی پیشەسازی ئەمریکا). دارایی سەرەکی کۆمپانیا بریتی بوو لە ڕێکەوتنێکی دە ساڵەی لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤیەتی بۆ قەڵەمسازی لە ڕوسیادا. نوسینگەکان، ئیشکەرەکان، و فەرعەکانی لە بەرلین و لەندەن بەزۆری لەگەڵ فەرعی کۆمپانیاکەی پێشوودا بوو. کۆمپانیای تازە پەیوەست بوو بە (ئا. هامەر و شەریکەکانی) لە نیویۆرکیشدا ئەم کۆمپانیایە ناوی تۆمارکرابوو، و پشکەکەشی، وەکو پشکی کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا، بە یەکسانی بەناوی ئارمەند و هێری هامەرەوە بوو.

وەرزی شەشەم

کـــارگەی قەڵەمسازی

ئارمەند هامەر لە سەرەتایی دەیەکانی ١٩٣٠ نوسی (ڕوسیا عیشقە)(١). بەڵام هامەر لە چوار ساڵی یەکەمی نیشتەجێبوونی لە ڕوسیادا، هەلی ئەوەی نەبوو مومارەسەی عیشقی شەخسی بکات. لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵیدا پیاوێکی ناشیرین نەبوو. باڵایەکی ڕێک، بڕۆی ڕەش، چەناکەیەکی گەورە، و پێکەنینێکی مانداری هەبوو. سەر و شێوەشی باش بوو، و هەمیشە قاتی گران بەهای لەبەر دەکرد. بە تونش و توانایەکی پڕەوە دەڕۆیشت. لەگەڵ هەموو ئەوەدا توڕەبوونێك لەناو چاویدا دەخوێنرایەوە کە ئەمە بووە هۆی ئەوەی هەمیشە پیرتر لە تەمەنی واقعی خۆی بکەوێتە بەرچاو. (٢)

ئارمەند هامەر بۆ میوانی ئانی ئێوارەی یادی لەدایکبوونی خۆی لە (براون هاوس) لە مانگی مەی ساڵی ١٩٢٥، هیچکەسی بانگهێشت نەکردبوو، جگە لە (لوبا ئەلیانۆڤی مامۆستای زمانەوانیەکەی)، کە بوو بوو بە ئەندامێکی خێزانەکەیان. بەڵام کاتێك ڤیکتۆر ئەو شەوە هاتەوە، میوانێکی بانگهێشتنەکراوی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو ئەویش (واواراسۆمسکی) بوو، کە کچێکی بیست و دوو ساڵی زۆر جوان بوو، خوێندکاری کۆلێژ بوو لە بەشی شانۆدا، بەزۆری کاتە بەتاڵەکانی لە باڕێکدا دەبردە سەر لە مۆسکۆ، و خەریکی وتنی گۆرانی دەشتەکی بوو و لەو ڕێگەیەشەوە بژێوی خۆی دەردەهێنا. ڤیکتۆر، ئەم بە پێکەنین و خۆشحاڵ، ئەوی بە دەستگیرانی خۆی ناویرد، بەڵام هامەر ئەو شەوە زۆر گرنگی بە قسەکانی ڤیکتۆر نەدەدا حەز و خۆشی براکەی زۆر بە جدی نەگرت، بەڵام سێ هەفتە دواتر ئەم دوو کەسە هاوسەرگیریان کرد.

هامەر زۆر بێتاقەت بوو بەم هاوسەرگیریە، تەنانەت لە مەراسیمی هاوسەرگیریەکەشدا بەشداری نەکرد. دوای ئەوە ڤیکتۆر و ژنەکەی ڕۆیشتن بۆ مانگی هەنگوینی، ئەویش بڕیاریدا گەڕانێك بکات بۆ شاری جوانی یالتا لە کریمە. ئەمە یەکەمین پشووی واقعی ئەو بوو لە ساڵەکانی پێش ڕۆیشتنی بۆ زانکۆی پزیشکی. لە یەکەمین شەوی ڕۆیشتنی، لە نادیێکی شەوانەدا، لەگەڵ کچێکدا ئاشنا بوو بەناوی (ئۆلگا ڤادینا). کچێکی سەر شانۆ بوو و خەریکی گۆرانی وتنی ناوچەی بوو.

ئۆلگا کچێکی زۆر جوان و نەرم و سەرنجڕاکێش و دەنگێکی سێکسی هەبوو. هامەر دواتر لە یاداشتەکانیدا باسی دەکات دەڵێت کاتێك ئەو کچەم بینی وەکو ئەوە بوو هەورە بروسکەیەکی توند لێیدام. (ملی لەپێ خست). بۆیە دوای تەواوکردنی نمایشەکەی ڕۆیشتە پشت شانۆکە و ئۆلگای بانگهێشتی نانی ئێوارەی کرد. لە ریستۆرانەکەدا، تێگەیشت کە کچەکە بە ڕەگەز ئەڵمانی و پۆڵەندیە و بەناوی (ڤان روت) یش بانگی دەکەن. کاتێك نانی ئێوارە خورا، کچەکە هامەری تێگەیاند حەزی لێدەکات بەڵام پیاوی هەیە. پیاوەکەی کارەکانی بەڕێوە دەبات، و بە ئاشکرا دیاربوو کە کچەکە زۆر حەزی لەو نیە.(٣)

هامەر چەندین ساڵ دواتر باسی ئەوەی کرد کە دەیویست یارمەتی ئۆلگا بدات و لە ناو نەگبەتیدا دەریبهێنێت و هەستەکانی تاوەکو ڕادەیەك لەو بێتاقەتی و سەرگەردانیەدا دەربهێنێت. کاتێك دڵی دۆڕاندبوو بە کچێکی جوانی (ئێرلەندی-ئەمریکی) بەناوی (مارجوری). مارجوری سیلی هەبوو، و هامەر دەیویست بەهەر شێوەیەك بووە چارەسەری بکات، بەڵام پێش ئەوەی چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە کچەکە کۆچی دوایی کرد. بە لەدەستچوونی مارجوری، هامەر کەوتە سەر ئەوەی کە (ئۆلگا) ڕزگار بکات. (٤) چەند ڕۆژێك لە ئاسراویان تێپەڕی بوو داوای لێکرد دەست لە پیاوە ڕوسیەکەی هەڵگرێت و داوای تەڵاقی لێبکات و لەگەڵ ئەودا بڕوات بۆ مۆسکۆ. تەڵاق لە مۆسکۆدا تەنها لەسەر داواکاری ژن وەستا بوو، ئۆلگاش پێشنیارەکەی ئەوی قبوڵ کرد.

ئارمەند و ئۆلگا لە (براون هاوس) دەستیانکرد بە ژیان، و ڤیکتۆر و واواش لەهەمان شوێندا دەژیان. هاوشێوەی ئەم دوو ژنە زۆر سەیر بوو. هەر دووکیان تەمەنیان بیست و چەند ساڵ بوو، هەردووکیشیان تەڵاقیان وەرگرتبوو، و

هەردووکیشان گۆرانی بێژی سێکسی بارەکان بوون. دەڵێن گوایا هامەر ویستویەتی ململانێ لەگەڵ براکەی بکات. (٥)

ئۆلگا بۆ هامەر سەرەتا جێگەی ڕێز و گەورەی بوو، و لەگەڵ ئەوەدا هامەر هەر بەوشێوەیەش هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرد. کاتێک دەڕۆیشتن بۆ میوانی سەفارەتخانەکان، ئەوی بە (بارون ڤان روت) دەناساند. لە کاتی نانی ئێوارانیدا لە (براون هاوس) لە هۆڵی دانیشتندا ئۆلگا دەستی دەکرد بە گۆرانی وتن. هامەر وازی لە کار و کاسبیەکەی هێنابوو و چەندین کاتژمێر لەگەڵ ئۆلگا بە ئۆتۆمبێل دەڕۆیشت بۆ قەیسەری و دوکانەکان بۆ کڕینی جل و بەرگ و سەردانی خەیاتەکان. حەزی دەکرد جلی ژنەکەی خۆی هەڵیان بژێرێت و داوایکرد پاڵتۆیەکی لە پێستی سمۆرە بۆ دروست بکەن بە کلاوێکەوە، ئەو قەمسەڵەیەی لەکاتێکدا لەبەر دەکرد کە دەڕۆیشتن بۆ مەیدانی سور بۆ گەڕان. لە جێنیوەری ساڵی ١٩٢٦ ئۆلگا پێشنیاری کرد بۆ هامەر بۆ ئەوەی بڕۆن بۆ ماڵێکی جیا، و ئارمەندیش چەند کۆلانێک خوار (براون هاوس) ماڵێکی دیوار بەرزی پڕ لە باخ و گوڵی بە کرێ گرت. هامەر ئەو شوێنەی بە (هێلانەی عیشقی) خۆیانی دەزانی. بەڵام کاتێک بەرەو بەهار ڕۆیشتن پەیوەندی ئەوانە بەرەو لێڵی ڕۆیشت. ئارمەند دووبارە دەستیکردەوە بە سەفەرەکانی بەرەو دەرەوە، و زۆرجار بە چەندین هەفتە ئۆلگای بەجێدەهێشت. لەو کاتانەشدا، ئۆلگا سەری دەدا لە نادیەکانی شەوانەی مۆسکۆ، و (هاوڕێ و پارێزەرەکەی) ژەنیەرێکی پیانۆ بوو کە پێشتر هامەری دەناسی. ژنەکەی لە مەیخواردنەوە و شەوە سورەکان خۆشی دەهات، و دیاربوو لە پەیوەندیەکانیشدا لەگەڵ خەڵکی دیکەدا زۆر پاکی نەبوو.

پیاوی خوشکەکەی ئۆلگا بەهاری ئەو ساڵە بە تۆمەتی دزیکردن دەست بەسەریان کردبوو. ئەم پیاوە لە دامەزراوەی (گاستۆرگ)، لەدەرەوە کەلوپەلی دەهێنا، و لە کاتی گەڕانی پۆلیس لە ماڵەکەیدا، بڕێ پارەیەکی زۆری پارەی بیانیان دۆزیبوویەوە، کە ئەم دەیوت نازانێت ئەو پارەیە لە کوێوە هاتوە. ماوەیەک، بۆچوون وابوو کە ئەو کارە کاری (ئۆلگا) بێت، و هامەر بێتاقەتی ئەوە بوو ئەوەکو ئەو بخەنە ناو کارەکەوە. لەبەرئەوە، دووبارە گەڕایەوە بۆ (براون هاوس) (٦).

لە زستانی ساڵی ١٩٢٧، ڤیکتۆر ئەوەی خستە ڕوو کە ئەو بە زووی دەبێتە باوک، چونکە (واوا) سکی پڕ بوو. بۆیە ئارمەندیش کەوتە سەر ئەو خەتەی کە دەبێت منداڵی

ببێت. هەرچەندە ئۆلگا کێشەی زۆری بۆ هامەر دروست کرد بوو، بەڵام هێشتا تەنها ژنێک بوو کە لەناو ژیانی ئەودا بوو، هامەر پێشنیارێکی ئاشکرا و خێرایی خستە بەردەمی، و پێی ڕاگەیاند ئەگەر منداڵی هەبێت هاوسەرگیری لەگەڵدا دەکات. ئەم کارە بەهەر حاڵ بەخێرایی جێگەی قبوڵکردن نەبوو. چەند ساڵێک دواتر، دەرکەوت کچەکە بۆری ڕەحمی خۆی بەستوە. هامەریش پێداگیری لەسەر ئەوە دەکرد کە دەتوانێت ئەم بۆریە بکاتەوە، و ئۆلگاش قبوڵی کرد بۆیە ڕۆیشت بۆ سەردانی پزیشکی تایبەتی لە سویسرا و پاشان بۆ ئەڵمانیاش.

لە مانگی جێنیوەری کاتێک ئۆلگا لەسەفەردا بوو و لە پزیشکێکەوە دەڕۆیشت بۆ لای پزیشکێکی دیکە، (واوا) لە مۆسکۆدا کوڕێکی بوو. ئارمەند داوای لە ڤیکتۆر کرد کە ناوەکەی ئەو بنێتە کوڕەکەی واتە ناوی بنێتە ئارمەند، لەکاتێکدا لە ماڵە جولەکەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا ئاسای نەبوو کە ناوی کەسە زیندوە نزیکەکان بنرێت لە منداڵە تازە لەدایک بووەکانیان. ڤیکتۆر ڕەزامەندی لەسەر پیشاندا. ناوی کوڕەکەی نا (ئارمەند ڤیکتۆرڤیچ هامەر). ئێستا دوو ئارمەند هامەر لە ڕوسیادا هەبوون. (٧)

ئارمەند ڤیکتۆری خستبوویە سەر ئیش لە کارگە قەڵەمسازیەکەی خۆیدا، نەک وەکو بەڕێوەبەرێک بەڵکو وەکو ئیشکەرێک. هاوڕێ ڕوسیەکانی ڤیکتۆر زۆر سەریان سوڕدەما کە گەنجێکی ئەکتەر و هونەرمەندی وەکو ڤیکتۆر شەش ڕۆژ لە هەفتەیەکدا بەیانی تاوەکو هەشتی ئێوارە لەسەر دەزگایەک خەریکی تاشینی دارە قەڵەمەکانە، ڕوونکردنەوەی ئارمەند ئەوە بوو کە ئەو پێویستی بە کەسێکە بۆ ئەوەی ببێتە سەرمەشقی ئەوانی دیکە بۆ کارکردن، ئەگەر براکەی بتوانێت، بۆنمونە، هەموو ڕۆژێک هەزار قەڵەم دروست بکات، لە کرێکارەکانی دیکەش دەتوانرێت ئەو چاوەڕوانیە بکرێت. کارە درێژخایەن و ماندوکەرەکان، بەهەرحاڵ، ژیانی ڤیکتۆریان تێکدا بەسەر یەکدا، و هاوسەرەکەشی پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا دروست کرد. کاتێک دایکی ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بوو، بە هاندانی ئارمەند؛ داواکرا لە ڤیکتۆر جیاببێتەوە لە ژنەکەی. ڤیکتۆر، بە پێداگیری ئارمەندی گەورە، گەڕایەوە بۆ نیویۆرک، و دەرئەنجام کوڕەکەی خۆی، تەنها منداڵی بوو، کە تاوەکو سی ساڵی دیکە نەی بینیەوە.

لەناو ئەم بەزم و ڕەزمەدا ئۆلگا سەرکەوتووبوو کە سکی پڕ بێت. هەرچەندە ئارمەند دڵنیا نەبوو لەوەی کە ئەو منداڵە هی ئەو بێت، ئەو پەدگومانیە نزیکەی شەست ساڵ درێژەی کێشا، بۆیە لەبەر ئەو بەڵێنەی کە دای بەو ژنە هاوسەرگیری لەگەڵدا کرد. ئۆلگا لە ٧ مانگی مەی ساڵی ١٩٢٩ منداڵێکی بوو ناویاننا (جولیێ ئارمەند هامەر). هامەر ئێستا بووەتە خاوەنی ئەو کوڕەی کە دەبێتە میراتگری. (٨)

* * *

کارگەی قەڵەمسازی هامەر لە دەوڵەتی سۆڤیەتی سەردەمی ئستالیندا کارێکی تایبەت بە هامەر بوو. تەنها بەرهەمهێنەری بیانی قەڵەم بوو بۆ بازاڕەکانی ناوخۆ و دەرەوەش. لە معامەلاتەکانی ناردەنی– و هاوردەی پێشوودا، دەوڵەت بەشێوەیەکی تایبەتی کاڵاکانی بە هامەر دا. هامەریش ئەو کاڵایانەی کە پێویست بوون لە دەرەوە دەکڕی یان دەفرۆشی و لە سەدا ڕێژەیەکی لەو نرخەی هەڵدەگرت بۆ خۆی. ئیمتیازە تازەکە جیاواز بوو. دەبوو کاڵاکان لە یەکەمەوە تاوەکو کۆتایی بەرهەم بهێنێت. هەرچەندە دروسکردنی قەڵەم تاوەکو ڕادەیەك کارێکی ئاسانە، دەبێت کاربۆنەکە بخەیتە ناو قەڵەمەکەوە، پێویستی بە ڕێژەیەکی زۆری دەزگا و ئامێر و کرێکاری پسپۆڕ هەبوو کە ڕوسیای کۆمۆنیستی ساڵی ١٩٢٥ نەیبوو. بەدەستهێنانی ئامێرەکانی کارکردن کارێکی ئاسان نەبوو. ئەڵمانیا تەکنەلۆژیای سەربازی زۆر بەشێوەیەکی ئاسان خستبوویە بەردەم ڕوسیاوە، بەڵام پیشەسازیە تایبەتیەکانی وەکو قەڵەمسازی زۆر بەوردی دەپاراست. زۆربەی کارگەکانی قەڵەمسازی ئەڵمانیا لە شاری سەردەمی ناوەندی (نۆرەمبۆرگ) و دەوروبەریدا بوو، و دامەزراندنی ئەو کرێکارانەی کە ئەو پیشەسازیەیان دەزانی، بەپێی یاسای ناوچەی، لە دامەزراوە بیانیەکاندا قەدەغە بوو.

هامەر سەیریکرد دەتوانێت لەو کۆمپانیا جەنگیانەی کە چەندین ساڵ پێشتر بۆ گەیاندنی پارچەی فڕۆکە لە ئەڵمانیاوە بۆ ڕوسیا لە بەرلین دایمەزراندبوو سود وەرگرێت. لەهەمان کاتیشدا ئاسانکاری بانکی و متمانەی دابینکاری پێکهاتەی بازرگانی سۆڤیەتی هێشتا لەژێر دەسەڵاتی هامەردا بوو. بۆیە دەست بەکار بوو. ئامێری ورد و پێویستیەکانی دیکەی بە بیانوی ئەوەی کە بەشێکە لە هەوڵدانی شاراوەی دووبارە چەکسازی ئەڵمانیا– سۆڤیەتی، کڕی. دامەزراندنی ئەندازیارەکانی

ئەڵمانی لەتوانایاندا هەبوو دەستکاری ئەو دەزگایە بکەن تاوەکو بتوانن قەڵەم دروست بکەن، بۆیە کارێکی زۆر هەستیار بوو، بەڵام بەهاوکاری سەفارەتی سۆڤیەتی لە بەرلین سەرکەوتووبوو هەم ئەندازیارانی ئەڵمانی دابمەزرێنێت و هەم بەڵگەی تەزویری سەفەرکردنیشیان بۆ رێکبخات. بۆیە لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٥ یەك بەیەك شاری نۆڤەمیەرگ یان بەجێ هێشت، بەڵگەی سەفەرکردنی ئەوانە نوسرا بوو بۆ (پشوویە) بۆ فنلاندا. بۆیە لەوێوە ڕەوانەی مۆسکۆ دەکران.

عەمەلیاتی هامەر بۆ هەڵهاتنی عەقڵەکان بە سەرکەوتووی ئەنجامدرا. کرێکارە ئەڵمانیەکان لە بینایەکی چۆڵدا لە دەرەوەی مۆسکۆ، کە پێشتر کارگەیەکی سابونسازی بوو و ئێستا وەکو (یەکەیەکی حسابکاری) سەیردەکرا، جێگیرکران. ئەو شوێنە چەند ماڵێکی بوخاری گەرم، فرۆشگایەك، ساحەیەك، قوتابخانەیەك و بنکەیەکی پزیشکی لێبوو. ئەڵمانیەکان بەو ئامێرانەی کە لەبەردەستیاندا بوو بەبێ هیچ کێشەیەك کارگە قەڵەمسازیەکەیان دروستکرد. ئامادەکردنی کرێکاری ڕوسیش هیچ کێشە نەبوو، چونکە بەرێوەبەرایەتی کارامەی نزیکەی چوار سەد کرێکاری ڕوسی خستە بەردەمی، ئەمانە لەبەرامبەر هەر دەستە قەڵەمێکەوە کە دروستیان دەکرد، دەست حەقێکی کەمیان وەردەگرت. بەڵام مادەم خاوەکەی، حکومەتی سۆڤیەتی بەشێوەیەکی کاتی لە گەنجینەی بەهایی دەرەکی خۆی پێویستیەکانی هامەری جێبەجێ دەکرد و رێکەدرا بوو بە هامەر بەهای ئەو نرخانە بە رێژەیەکی دەستکردی زۆر کەم بە ڕوبل بدات. هامەر ئەم بەها نایابەی بە بەکارهێنانی کرینی دار و گرافیتی پێویست لە دەرەوە دەهێنا. لە مانگی مەی ساڵی ١٩٢٦، واتە پێنج مانگ دوای بەدەستهێنانی ئیجازەی کارکردن، کۆمپانیای (ئا. هامەر- ئیمتیازی پیشەسازی) ئەمریکا لە حاڵەتی بەرهەمهێنانی تەواوەتیدا بوو.

ئەمە دەستکەوتێکی زۆر گەورە بوو. لەگەڵ ئەوەی کە هامەر هێشتا تەمەنی بیست و هەشت ساڵی تەواو نەکردبوو و لە وڵاتێکی کۆمۆنیستیدا ئەو کارەی ئەنجامدا بوو، یەکەیەکی بەرهەمهێنانی دروستکردبوو کە بەنەریتێکی کۆنی سەرمایەداری وەکو زۆربەی دەوڵەتەکانی دیکە خەریکی بەدەستهێنانی قازانج بوو. لەگەڵ ئەوەدا ئەرەشی خستبوویە ڕوو کە لەتوانایدا هەیە بەرپرسیاریەتی دیکەی زۆر ئاڵۆز بگرێتە ئەستۆ لە بواری کارکردن و بەرەوپێشبردنی کارەکاندا.

بۆ فرۆشتنی قەڵەمەکان هامەر هیچ کێشەیەکی نەبوو، چونکە ئیدارەکان و دیوانەکانی دەوڵەتی سۆڤیەتی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بێ سنوور پێویستیان بە کەلوپەل قرتاسیە هەبوو. تەنها یەك بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتی وەکو دامەزراوەی کۆمپانیای هاوکاری، (سنتروسویوس) ٤٥٪ هەموو ئەو بەرهەمانەی بەکاردەهێنا، دەزگای ترسناکی سیخوڕی (یاگودا)ش یەکێك بوو لە مشتەریە سەرەکیەکانی. (٩)، هامەر لەساڵی ١٩٢٨، بە خۆهەڵکێشانێکەوە بانگەشەی ئەوەی کرد بوو کە ساڵانە سەد و هەشتا ملیۆن دەستە قەڵەم دروست دەکات. لە ڕاستیدا، لەسەر بنەمای ڕاپۆرتە حسابیەکانی ئەو، تەنها یەك لەسەر چواری ئەو ڕێژەیەی بەرهەم دەهێنا. بەم شێوەیە، کارگەکەی ئەو گەورەترین کارگەی قەڵەمسازی ڕوسیا بوو، و شەخسی ئەویش، بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەیەکی کورت، سوڵتانی بێ کێبەرکێی قەڵەمسازی ئەو وڵاتە بوو.

کارگەی قەڵەمسازی، کە دواتر پەرەی پێدرا و قرتاسیە و پێویستیەکانی دیکەش دروستکرا، وادیاربوو یەکەمین سەرکەوتنی ئاشکرای هامەر بوو. ئەگەر بڕی پێوەری سەرکەوتن بێت، هامەر ئەوەی سەلماندبوو کە کۆمەڵێك لەدەسەڵاتدارەکانی ڕوسیا بە هەڵە بیر دەکەنەوە لەو پیاوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە گومانیان هەبوو لە توانایی ئەو پیاوە. لەتەنیشت ئەو کارگەیەدا بە ئاسانی کارگەیەکی سابونسازیشی دروست کرد و بەرهەمەکانی بەردەوام بازاڕیان هەبوو. بەڵام لە پەرەسەندووی فراوانتری کار و کاسپی خێزانی هامەر، بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی زۆری قەڵەم، بە مانای سەرکەوتن نەبوو. کێشە بڕی قەڵەمەکان نەبوو بەڵکو بەهای ئەو ڕوبلە بوو کە هامەر لە بەرامبەر ئەو بەرهەمانەدا وەری دەگرت. ئەم پارانە واتە ڕوبلەکان لە نرخدا لەبەرامبەر دراوی بیانی زۆر بەهای نەبوو، و لەگەڵ ئەوەدا ئەو و ڤۆلگا بەڕادەیەکی بێ سنوور لە مۆسکۆدا بەخۆشی دەژیان، بەڵام قەرزە گەورەکانی بازرگانی خێزانی هامەر لە لەندەن دا، کە بەهۆی کارە فەرعیەکانی نیویۆرك، بەرلین و لەندەن لە ساڵەکانی پێشتر کەڵەکە بوو بوون لەسەر یەکتر، بەردەوام وەکو خۆیان مابوونەوە و بەهیچ شێوەیەك کەم نەبووبوونەوە.

لەسەر بنەمای حسابی خودی هامەر، ئەم قەرزانە لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٧ بە بڕی ١٧٠ هەزار لیرە (واتە نزیکەی یەك ملیۆن و حەوت سەد هەزار دۆلاری ئەمڕۆ بوو). بۆ

دووباره پێدانەوەی ئەو قەرزی پێشینەیە، بەرپرسە سۆڤیەتیەکان ڕێگەیاندا بوو بە هامەر نزیکەی یەك لەسەر پێنجی بەرهەمی هەموو کارگەکەی خۆی بنێرێتە بازاڕەکانی دەرەوە، و ئەویش نوسینگەی لە (بەریتانیا، چین و ئێران) کردەوە. بەڵام تێچوونی ئەو بەها بەدەستهاتووەی کە لەم ڕێگەیەوە بەدەست دەهات ١٠٠٪ نەدەچووە گیرفانی هامەرەوە. زۆربەی ئەو داهاتە لە ژێر چاودێری توندی (ئەمرکاس) ئاژانسی بازرگانی سۆڤیەتی بوو لە لەندەن. ئەو پارانەی کە لەم ڕێگەیەوە دەچوونە ناو حسابەکانی (ئەمرکاس)ەوە، بەشێکی دەچوە ناو تێچوونی مادده خاوەکەوە، وەکو داری سیدر و گرافیت، کە دەگەڕایەوە بۆ کارگەکە، بەشێکیشی بۆ کرێکارەکان و دامەزراوەکانی دیکەی سیخوڕی لە سۆڤیەت و دەرەوە دەنێردرا، کە ئەم کارە درێژکراوەی عەمەلیاتی دەستگیریەکەی پێشووتر بوو، ئەوەشی کە دەمایەوە تەرخان کرابوو بە پێدان و کەمکردنەوەی قەرزی بانکی هامەرەکانەوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٧ دەرکەوت ڕێگە گرتن لە هەرەسهێنانی کۆمپانیا پێویستی بە ڕێژمێکی گەورەی بەهایەکی بەمێز هەیە. جولیوس هامەر لە هەمان مانگی دیسەمبەردا سەفەرێکی کرد بۆ نیویۆرك بۆ ئەوەی ٥٠٠ هەزار دۆلار پەیدا بکات. ئەو بە پێشنیارێك کە هیوادار بوو قبوڵ بکرێت ڕۆیشت بۆلایی بانکە ئەمریکیەکان. پێشنیارەکە ئەوە بوو کە ئەو ٥٠٠ هەزار دۆلار کاغەزی بەهاداری کارگەی قەڵەمسازیەکە دەفرۆشێت بەوان، ئەم کاغەزانە (تستتروسویون) (ئاژانسی دەوڵەتی سۆڤیەتی نوێنەری کڕین لە دەرەوە بۆ هاوکاری ڕوسیا) زەمانەتی دەکات. (جیکوب شاپیرۆ)، کە بەشەکانی دیکەی پلان و بەرنامەکانی دارایی بۆ هامەرەکان ڕێکخست بوو، هەوڵیدا قەناعەت بکات بە بانکەکان بۆ ئەوەی پێیان بڵێت ئەم سەرمایە گوزاریە بێ مەترسی یە، و بەڵام هیچکام لە بانکەکان حەزیان نەدەکرد ئەو بەرپرسیاریەتە لە ئەستۆ بگرن. (١٠)

دەرەئەنجامەکەی ئەوە بوو لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٩ کاتێك دەوڵەتی سۆڤیەت کەوتە سەر ئەو قەناعەتە کارگەکە بکڕێتەوە، ئەوانە هێشتا ٩٩ هەزار لیرەی ئینگلیزی (کە نزیکەی ٥٠٠ هەزار دۆلاری دەکرد) قەرزی کۆنیان مابوو. ئارمەند بارودۆخە ترسناکەکەی خۆی ڕوونکردنەوە بۆ دەسەڵاتدارەکانی سۆڤیەت: ئەگەر ئەو ئیدی

لەتواناییدا نەبێت قرتاسیە بنێرێتە دەرەوە، ناتوانێت قەرزەکان و سلفەکانی خۆی بداتەوە، و خۆی و خێزانەکەی هەرەس دەهێنن. (١١)

کرملین جارێکی دیکە مەرلیدا نەهێڵێت هامەر هەرەس بهێنێت. ئارمەند هامەر یەکەمین و دواهەمین وەرگری ئیمتیازی ڕوسیا بوو، و وەکو ئەوەی کە لە یاداشتە داخراوەکەیدا وتبووی، بارودۆخە ترسناک و سەختەکانی دارایی ئەو بوو بوویە قوربانی عەمەلیات و پێدانە (وەکو پێدانە شاراوەکان) بوو کە بە نوێنەرایەتی کرملین ئەنجام دەدرا. ئەم تێچوونانە، وەکو بەشێک لە ئەرکێکی گەورە: و هەمووی بۆ کردنەوەی ڕێگەی تازەی مامەڵەی ڕوسیا بووە. کەواتە کێشەکە ئەوە نیە کە ئایا، بەڵکو چۆن، دەبێت ئەو لەژێر ئەو باری قەرزەدا دەربهێنرێت.

تاوەکو ساڵی ١٩٢٩، زۆربەی ئیمتیازە دەرەکیەکانی دیکە خۆماڵی کرابوون، و ئیستالین ئامادە نەبوو لەبارەی هامەریشەوە جیاوازی بکات و سیاسەتی خۆی لەبەر ئەو بگۆڕێت. لەڕاستیدا، مەکتەبی سیاسی (پولیت بیورو) ماوەیەک پێشتر بڵاوی کردبوویەوە کە (کۆمپانیای ئیمتیازی پیشەسازی ئەمریکا) لە ژێر چاودێری سۆڤیەتیدا دێتە دەرەوە. بەڵام ڕێژەیەکی بە بڕی ٥٠٠ هەزار دۆلار وەکو چەکی قەرز دەدرێت بە هامەر، بۆ ئەوەی قەرزەکانی لەندەنی بداتەوە. سەرەڕایی ئەوەش، ئەو سەرچاوانەی کە لەسۆڤیەتدا ئیمتیازیان لەوەوە وەردەگرت ڕەزامەندییان پیشاندا هەموو قەرزە ناوخۆیەکانی، بەڵام نەک هەموو قەرزەکانی دەرەوەی، لە ئەستۆ بگرن.

ئەم بڕیار و بەڵێنە، کاتێک گەیشتە سەر ئیستالین بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدات، لە حەقیقەتدا لە بارەی ئەو دە ساڵەوە بوو کە هامەر لەسەر (ڕێگەی) لێنین بوو و خزمەتێکی گەورەشی بە بازرگانی سۆڤیەتی کردبوو لە ئەمریکادا و هیچ بەرژەوەندیێکیش نەچووبوویە گیرفانی خۆیەوە. بە پێچەوانەوە، بەو شێوەیەی کە خۆیشی تاوەکو ڕادەیەک مافی خۆی بوو شکات بکات، ڕێژەیەکی زۆر لە سەرمایەی خێزانیشی لە ڕوسیا لەدەستدا بوو.

ڕاستە هامەر بە سامانێکی زۆرەوە ڕوسیای بەجێ نەهێشت، بەڵام شتێکی لەگەڵ خۆیدا برد کە لەئایندەدا زۆر بەنرخ و گرنگ بوو بۆی. ئەویش ئیشانەی کارکردن بوو لە ئابوری دەوڵەتیدا، لە ژێر ئەو چاودێرە فکری و بەڕێوەبەرە دیوانە پراگماتیانەدا کە ڕاهاتبوو لەسەری، بەم شێوەیەی فێری بووبوو:

یەکـەم: هەمیـشە ڕاسـتەوخۆ نەبـوو بۆرژشـتیتایە بـۆ لای کەسـی یەکـەمی ئـەو دەزگایە. بەهای ڕووبەڕووبونەوە لە ڕێگەپێدان و ئیجازەی کارکردن لـەلایی بـەرزترین کاربەدەستەوە، هامەر لە یەکەم دیداری خۆیدا لەگەڵ لنین بە باشی ئەوە تێگەیشتبوو. لەڕاستیدا دیدارەکەی لنین زۆر کورت و سەرپێی بوو، بەڵام کاریگەری خۆی هـەبوو، و لنینیش ئەمـەی دەویـست، ئـەم بینینـە کـێش و متمانەیـەکی بەخشیە هامـەر کـە بە ئاسانی هەموو جۆرە کارێکی ئاسان کرد لـە خوارەوە بۆ زنجیرە مەراجیعەکانی دیکە. ئەم جۆرە کارانە بە تایبەتی لـە حکومەتـە زۆرداریەکانـدا کە دەسـەڵاتێکی تاکڕەوانـە و مەزاجیانە دەبیات بەڕێوە، زۆر کارسـازە، چونکە هـەموو دامودەزگا ئیداریـەکانی ئـەو وڵاتانە گومانێکی گەورەن.

دووەم: هۆکـاری بنـەڕەتی ئیـشکردن لەسـەر بنـەمای هاوکـاری یـە. بە پێـچەوانەی سـەرمایەداری سـونەتیەوە، کە سـەرکەوتن پەیوەسـتە بـە دروسـتکردنی باشـترین و هەرزانترین کەرەستەوە، لە سەرمایەداری لینینستیدا سەرکەوتن پەیرەستە بەوەی کە چەندە تێکەڵی لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە خاوەن دەسەڵات و گرنگن لە بەڕێوەبەرایەتی و ئیدارەکانی دەوڵەتدا. هامەر تێگەیشتبوو کە هەردوو دەزگای بـەرزی (چکا – میـونـف و یـاگودا) دەسـەڵاتی ئەوەیان هەیـە کە ئیمتیازەکەی کـەم بکەنـەوە یـان زۆری بکـەن. ئەوانە داوایان لە هامەر دەکرد کە کارێك بکات کە پەیوەندی بە ئیمتیـازەوە نـەبێت وەکـو: گەیانـدنی پـارە بـە کارمەنـدەکانیان لـەدەرەوە لـە ڕێگـەی نائاسـایەوە. و بـە دەستێکەڵ کردن و هاوکاری ئەوانە بوو کە هامـەر توانی کارەکـانی بـەرەو پێشەوە ببـات، تەنانـەت لـەو کاتەشدا کە کـارو کاسـبیەکەی زیـانی هەبووایـە. بەهای مانـەوە لەسـەر هاوکاریکردن بەند بـوو، کـەم کـەمیش تێگەیشت کە هاوکـاری لـەلایی ئەوانـە شـێوەی جۆراوجـۆری هەیـە: وەکـو هـەواڵ گەیانـدن، گواسـتنەوەی تەکنـەلۆژیا، بەرتیلدان.

سێ یەم: کار و کاسبی لـە سەرمایەداری سونەتیدا بەزۆری پەیوەستە بە پێوەرە دەرەکیەکانەوە بۆ سـەرکەوتن، وەکو بەدەستهێنانی قازانج، کە بەشـێوەیەکی گشتی ڕوونە، بەڵام پێوەرەکانی ئەوانە لە سەرمایەداری لنینستیدا پێوەری ناوەکی هەیە بۆ سـەرکەوتنی کارەکـان، وەکـو هـاوبیری لەگـەڵ سیاسـەتی دەوڵەتـدا، و ئـەم پێوەرانـە دەتوانێت بە زۆری بە هەزاران ڕێگە لێکبدرێتەوە و بخوێنرێتەوە. هەرچی ناوەکە لێڵتر

بێت، کارەکە ئاسانتر دەبێت. کاتێک باروودۆخ و حاڵەتەکان هامەریان ناچارکرد بازرگانی دەرەکی و ناردنی خۆی لەگەڵ چالاکیە نا یاسایەکاندا ڕێکبخات وەکو ناردنی پارە بۆ تۆڕە داواکراوەکان، سەیریکرد ئەمە لە قازانجی ئەودایە. چونکە کارمەندە ئیداریەکان دەستخەڕۆ دەبن و نازانن بە چ پێوەرێک داوەری بکەن و ناچارن ڕەزامەندی پیشان بدەن لەسەر کارەکانی.

چوارەم: دەتوانرێت بەرژەوەندی بپێچرێت بە لەفافی هەستەوە بەڵام نابێت بەرژەوەندی بکەوێتە دووی هەستەوە. لە بەرئەوەی کە دابەشکردنی بەرژەوەندی لە سەرمایەداری لنینستیدا بە ڕوکەش لەسەر بنەمایی ئامانجی گشتی یە، نەک تایبەتی، دەبێت بە ڕوکەشیش بێت مەبەستە ئایدیالیستەکان پەیڕەو بکرێت. لە هەمانکاتدا دەبێت هەرچی زووترە هەوڵبدەیت سود لەو بەرژەوەندیە وەرگریت. هامەر، بۆنمونە پەیی برد کە هەوڵدانی مرۆیانەی ئەو بۆ یارمەتیدانی خەڵکە برسیەکان بەهۆی وشکە ساڵیەوە بەڵگەیەکی زۆر باش و ئاراستەکراو بوو بۆبەخشینی ئیمتیازی پەموە کێویەکە بەو. لەلایەکی دیکەوە، دەبینین هیچ دەنگی لێوە دەرنەهات کاتێک سەربازەکانی (چکا) دەستیانکرد بە سەرکوتکردنی کرێکارە مانگرتووەکانی کانزاکە، کەواتە بەپێچەوانەی ئەوەی کە وتراوە، هۆکارە ئامانج دیاری دەکات.

پێنجەم: حەقیقەت هەرچی بێت، دەبێت ڕەزامەندی لەسەر پیشان بدرێت. لەگەڵ ئەوەی کە هامەر نەیدەتوانی قەرزەکانی خۆی بداتەوە، حکومەتی سۆڤیەتی چەندین جار هاتە پێشەوە بۆ هاوکاریکردن و دەرهێنانەوەی هامەر لەو کێشانەدا، چونکە ڕوسیا دەیویست هەموو کەس بەو شێوەیە بیربکاتەوە کە ئەو ئیمتیازانە سودمەندن. تەنانەت کاتێک گەڕایەوە بۆ ئەمریکا بۆ نێو باوەشی سەرمایەداری سونەتی هێشتا دەیتوانی لەسەر دەوڵەتی ڕوسیا کار بکات کە هەرچەندە هەرچی لەدەستی بێت دەیکات تاوەکو ئەو گومانە لە جیهانی دەرەوەدا بمێنێتەوە کە ئەو سامانێکی باشی دەستکەوتووە.

* * *

لە ئاوتی ساڵی ١٩٢٩، بینی کاتی ئەوە هاتوە ئیدی دەبێت ڕوسیا بەجێ بهێڵێت. پێشتر بەبیانوی پشوو و گەشتەوە هاوسەرەکەی ئۆلگا، و کوڕە سێ مانگەکەی، جولین، ناردبوو بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی ئیدی بەهیچ شێوەیەک نەگەڕێنەوە.

نەترسا لەوەی ئەوەکو سۆڤیەتیەکان بڵێت تاوەکو قەرزەکانی کارگەکەی نەداتەوە ناتوانێت لە وڵاتدا بچێتە دەرەوە، بۆیە بە هێواشی بە گالیسکەیەکی ئەسپی لە سنووری فنلاندەوە دەرچوو، و تەسفیە حسابیەکانی دارایی بەجێهێشت بۆ باوکی کە لە مۆسکۆدا مابوویەوە.

لە ٢١ ئاوت لە هۆتێلی ئەیدن لە بەرلین پەیوەست بوویەوە بە خێزانەکەی. ڕۆژی دواتر ڕۆیشت بۆ سەفارەتی ئەمریکا، و ناوی کورەکەی وەکو هاوڵاتێکی ئەمریکی ناونوس کرد و خۆیشی داوای جەواز سەفەرێکی تازەی کرد. لەو سەردەمەدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا داوای لەو هاوڵاتیانەی دەکرد کە دانیشتوی دەرەوەی ئەمریکا بوون زانیاری لەسەر داهاتی خۆیان بڵێن. هامەر نوسی لە ساڵی پێشوو هیچ داهاتێکی نەبووە تاوەکو فۆرمی باجدان پڕ بکاتەوە. هەروەها ئەوەشی خستەڕوو کە مەبەستی ئەوەیە بە خێزانەکەیەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا. (١٢)

بەڵام هەندێك ترسی هەبوو لەسەر ئەوەی تۆ بڵێی ئەمریکیەکان چ جۆرە هەڵسوکەوتێکیان هەبێت لەگەڵیدا. لە ساڵی ١٩٢١، کاتێك خەریکی خۆکۆکردنەوە و ئامادەکاری بوو بۆ سەفەرکردن بۆ ڕوسیا، شەوانە زۆر بێتاقەتی دایدەگرت و زۆر بیری دەکردەوە و خەوی سەیر سەیری دەبینی. بۆ نمونە جارێکیان لە خەویدا سواری ئەسپێك بووە لەناو کۆمەڵێك ئەسپی زۆردا کە ئەو لەپێش هەموویانەوە دەڕوات لە دووریشەوە گەلە گورگێکی زۆر بەرەو ڕوویەوە بە پڕتاو دێن بەڵام کاتێك نزیك دەبنەوە سەیر دەکات مرۆڤن، ئەم جۆرە وێنا و تەصەورانە لە ڕوسیادا چەندینجار ڕووبەڕوویان بوویەوە و بە واقعی هاتنە بەرچەمی (١٣)، ئێستاش بیری لەوە دەکردەوە تۆ بڵێیت دووبارە توشی ئەو مەترسیانە بێتەوە. تۆ بڵێی ئێف بی ئای چەندە ئاگاداری خزمەتەکانی ئەون بۆ دەزگای سیخوڕی سۆڤیەتی؟ ئایا تۆ بڵێی سەرە داوی پارەکانیا دۆزیبێتەوە؟

لە بەرلین لەگەڵ یەکێك لە کارمەندە بەرزەکانی (کمینترن) بەناوی (زیگماس ئەلێکسا) وە ڕاوێژی کرد، و ئەویش بابەتەکەی لەگەڵ مۆسکۆدا باسکرد. ئەلکسا لە نامەیەکدا نوسی بۆ ڕوسیا هامەر (حەز دەکات بگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا بەڵام لە کاروباری کارەکانی خۆیدا ڕووبەڕووی کێشە بووەتەوە)، ئەو پارە نایاسانەی کە هامەر بەشێوەیەکی نهێنی دایەشی کردوون بۆ کارمەندە بێ شومارەکانی ڕوسیا لە

ئەمریکادا، ئایا هیچ کام لەو کەسانە ئەکەوتونەتە دەست ئیف بی ئایی، و ئەگەر یەکێکیان کەوتبێت، ئایا کەوتوونەتە ئەو حاڵەوە کە باسی هامەر بکەن؟ دوای ڕوونکردنەوەی لە سەرۆکی کاروباری ڕێکخراوی (کمینترن) کرد کە ناوی یوسف پیپانتیتسکی، کە پیاوێکی بەهێزی نزیک تەمەن پەنجا ساڵ بوو. یوسف بەرپرسی پاراستنی معاملە شاراوەکانی دارایی بوو بۆ حیزبی کۆمۆنیستی لە دەرەوە و لەگەڵ ئەوەدا ڕاستەوخۆ چاودێری ئاڵوگۆڕ و گواستنەوە داراییەکانی هامەری دەکرد. پیپاتنیتسکی ڕاپۆرتیدا وتی (ئەو دەزگایە ئاگاداری شێوەی معاملەکانی هامەرە.... ئابێت بەم زوانە بیر لە گەڕانەوەی بکات بۆ ئەمریکا) (١٤).

بەو شێوەیەی کە دواتر دەرکەوت، بۆچوونەکەی (پیپاتنیتسکی) لە دەزگای نهێنی ڕۆژئاوا زۆرتر زیادەڕەویکردن بوو.

* * *

تاوەکو ناوەڕاستی ساڵی ١٩٢٧، دەزگا نهێنیەکانی ڕۆژئاوا لە هەوڵدانیاندا بۆ ئاگاداربوون لە چالاکیە جۆربەجۆرەکانی هامەر بە دەستەپاچەی مانەوە و نەیان دەتوانی هامەر بەشێوەیەکی ڕوون پێناسە بکەن. نوسینگەی لێکۆڵینەوەی ئەمریکا، بۆنمونە، دەیزانی کە پارەیەکی زۆر لە مۆسکۆ وە دەکاتە هامەر، بۆیە گومانی ئەوەیان برد کە کۆمپانیاکەی ئەو لەوانەیە (ڕێکخراوێکی پەیوەست بە زانیاری سۆڤیەتی) بێت (١٥)، کارمەندانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، هەواڵی ئەوەیان پێگەیشتبوو کە گوایە هامەر لەسەفەرە بەردەوامەکانی خۆیدا بۆ ناوچەی بەڵتیك هەواڵ دەهێنێت و هەواڵ دەبات، بۆیە وابیریان دەکردەوە کە لەوانەیە (سیخوڕێکی هەواڵگری ڕوسیا) بێت. ئەوانە تەنانەت پێشناری ئەوەیان کرد (هەوڵدەدەن جەوازی سەفەرەکەی تازە بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی نهێنی لێکۆڵینەوە بکەن لەسەر ئەو نامانەی کە دەیان بات بۆ ڕوسیا) (١٦). دەزگای نهێنی ئەڵمانیا لەو دیکۆمێنتەی کە لەساڵی ١٩٢٤ بەدەستی هێنابوو تێگەیشت کە هامەر هاوکاری دەکات لەگەڵ دەستەی بازرگانی سۆڤیەتیدا لە بەرلین، و گومانی ئەوەی برد کە ئەو جۆرێکە لە سیخوڕی ئابوری. زانیاری بەریتانیاش پەی بە پەیوەندی نهێنی هامەر بردبوو لەگەڵ (ڕژێمی شاراوەی) بەلشەفیك و ئەوەی خستەڕوو کە ئەو و خێزانەکەی لە بانگەشە نێودەوڵەتیەکانی بەلشەفیکیەکاندا دەستیان هەیە.

١٢ مانگی مەی ١٩٢٧ سەرەتایی تێکەڵبوون و بەیەك گەیشتنی ئەو وردە زانیاریانە بوو. پۆلیسی بەریتانیا ئەو ڕۆژە دوانیوەڕۆ، هێرشی کردە سەر ناوەندی (ئەرکاس)، ی کۆمپانیای بازرگانی سۆڤیەتی، لە جادەی مرگیت لە لەندەن و ئەو نوسینگەیەی بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بەهەموو شێوەیەك دەستی بەسەردا گیرا. سەرەڕایی ڕەخنەکانی سۆڤیەت، کە دەیانوت ئەم هێرشکردنە مانایەکی سیاسی هەیە، ئینگلیزەکان بە ئاگر و لەحیم و کەرەسەتەی کارەبایی توانیان قاسە ئاسنینە گەورەکانی ئەو دەزگایە بکەنەوە. چەندین لوری کارتۆنە بەڵگە و نوسراویان لەگەڵ خۆیاندا برد و ئەمە دواتر دەرکەوت کە کۆدەتایەکی زانیاری گەورە بوو. بەڵگە و دیکۆمێنتی بەدەست هاتوو نەك هەر پیشانیدا کە سود لە نوێنەرە بازرگانەکانی سۆڤیەتی وەردەگیرێت بۆ پەردەپۆشکردنی کارە سیخوڕیەکانی سۆڤیەت، بەڵکو لێکۆڵەرەوەکان توانیان پەیی بە وردەکارێکی ئاڵۆزتر ببەن سەبارەت بە ڕێکخستنی بەرەیەکی دامەزراوی کەسانێك، بۆ گەیاندنی پارە بۆ ئەوانە و کۆکردنەوەی زانیاری بۆ تۆڕەکانی سیخوڕی سۆڤیەتی. لەناو بەڵگە دەست بەسەراگیراوەکاندا کۆمەڵێك بەڵگە کەوتنە دەست کە ئەوە دەخەنە ڕوو کە دامەزراوەی هامەریەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندیان هەیە لەگەڵ کۆمپانیایی کیمیای مۆنس لە ئەڵمانیادا کە یارمەتی سیخوڕانی کمیتەرن دەدات لە ئەڵمانیا و بەریتانیا. کاتێك ئەم هەواڵەیاندا بە ئێف بی ئایی، ڕاستەوخۆ لە ئەمریکادا پۆلیسی ئەو وڵاتەش چوونە سەر نوسینگەی مونس، پۆلیسەکان کۆمەڵێك کاغەز و ئەوراقی زۆریان دەستکەوت، بۆ نمونە وەرگرتنی (پێشینەیەك) بە بڕی پێنج هەزار دۆلاری هامەر کە لەلایەن هامەرەوە نێردراوە. ئێف بی ئایی توانی لیستی ئەو کەسانە پەیدا بکات کە ئەو پارەیەیان وەرگرتوە کە لە ناردنی ئەو قەرزەوە بەدەستیان گەیشتوە. هامەر لە نوسینگەی خۆی لە بەلین پارە دەگەیەنێتە کۆمپانیای دەرمانسازی گیایی مونس، و پاشان ئەم پارەیە دەدرێت بە پیاوە نهێنیەکانی سۆڤیەت. زانیاری بەدەستهاتوو لەکاتی هێرشکردن بۆ سەر نوسینگەی مونس لەگەڵ ئەو زانیاریەی کە (گریگۆری بسدوڤسکی) کارمەندی سۆڤیەتی لە پاریس کە لەساڵی ١٩٢٩ هەڵهات بۆ ڕۆژئاوا، و خستیە بەردەم دەزگای زانیاری ئەمریکا، تەواو کرا و زیاتر پەی برا بە سەرە دەزوەکان. (بسدوڤیسکی)، لە چۆنیەتی ڕوونکردنەوە گەیاندنی پارەی مۆسکۆ بۆ کارمەندە سیاسی و

سیخوڕیەکانیان لە ئەمریکا، وتی پەرەمیەکی شاراوەی سەرەکی بۆ گواستنەوەی قاچاخی و بەشێکی ئەو پارە هەیە کە ئەویش (نوسینگەیەکی بچوکە کە خەریکی کرینی دەرمانە گیایەکان لە نیویۆرک)ە، ئەم تایبەتمەندیانە لەگەڵ کۆمپانیای مونیس یەکی دەگرتەوە. (١٧)

ئاژانسەکانی زانیاری لە بەریتانیا بە خێرایی جوڵان و ئەم سیستەمە دامەزراوەیان داخست. لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٧، نوسینگەی هامەریان لە لەندەن داخست، و جولیوس هامەریش، کە وادەکەوتە بەرچاو عەقڵی ئەو کارە بێت، قەدەغەکرا بۆ ئەوەی سەفەر بکات بۆ بەریتانیا. سەفارەتی ئەمریکاش لە لەندەن، کە پەیوەندی کاروباری زانیاری نێوان ئینگلیز و ئەمریکا، بارودۆخی لێکۆڵینەوەکەی لە ساڵی ١٩٣٢ بەم شێوەیە کردە ڕاپۆرت و ناردی بۆ ئەو وڵاتە:

(دکتۆر جولیوس هامەر کارمەندێکی سیاسی ناسراوە و هاتنی بۆ بەریتانیا بەهەموو شێوەیەك قەدەغەکراوە. ئەم کەسە بەڕێوەبەری سەرەکی کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکایە، کە کاری سەرەکی ئەو بریتیە لە گەیاندنی پارە لە سۆڤیەتەوە بۆ ڕێکخراو و کەسە بەکرێگیراوەکانی ئەمر بە سۆڤیەت لە ئەمریکادا) (١٨)

دەزگای نهێنی بەریتانیا لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا دەنوسێت ئارمەند هامەر لە لایەن دەزگای سیخوڕی سۆڤیەتیەکانەوە لە ئەوروپادا چالاکی دەکات و ڕێگەی داوە بە هاوسەرکەی ئۆلگا بۆ ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت بەجێ بهێڵێت بۆ ئەوەی هاوکاری کارە شاراوەکانی هامەر بکات (١٩)

بەهۆی ئەو ڕاپۆرتانەوە، ترس لە بەلشەفیکیەکان لە ئەمریکادا تاوەکو ڕادەیەکی زۆر لەناوچوو بوو، و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا خەریك بوو بەشێوەیەکی ڕەسمی دانی بەبوونی دەوڵەتی سۆڤیەتیدا دەنا، هەرچەندە ئەم دانپیانانە تاوەکو ساڵی ١٩٣٣ نەبووە کرداری، بۆیە لەم ڕووەوە زۆر حەزی ئەوە نەبوو کە بکەونە دووی دۆسیەکەی هامەرەوە لە واشنتۆن. هەڵبەتە ئێف بی ئای هێشتا دۆسیەکەی ئەوی بەکراوەی هێشتبووەوە و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش ئامادە نەبوو جەوازەکەی بۆ تازە بکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگە نەگیرا لە گەڕانەوەی هامەر بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.



کۆشکی هاوس هاڵانا لەنێو بەخشی بە بنەماڵەی هامەر و ماوەیەکی زۆر بووە شوێنی ئەو میوانانەی کە لە ڕۆژئاوا دەهاتن بۆ ڕوسیا ولەگەڵ چەندین میوانی گەورەی سیاسی، ئەوە باوکی ئارمەند هامەرە واتە (جولیوس هامەر) و خەریکی قسەکردنە بۆ میوانەکانی



یەکێک لە خۆشەویستەکانی هامەر



هامەر لەبەردەم ئەو سەنتەرەی کە هاوکاری دەکرد بۆ دۆزینەوەی چارەسەری شێرەپەنجە، بەهۆی یارمەتییەکانیەوە بۆ ئەو سەنتەرە، بەناوی ئەوە ناونراوە



هاوڕێکانی هامەر، یەکەمین هاوڕێی (لنین) بوو

وەرزی حەوتەم

پێشەکیەکانی ئەفسانەیەك

ئاینده بۆ ئارمەند هامەر سانّی ١٩٢٠ تاریك دەردەکەوت. هەرچی خۆی و خێزانەکەی هەیان بوو تاڕاندەیەك لەدەستیان دابوو. لە کاروکاسپی دەرمانفرۆشی خێزانەکەیان، واتە لە کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا، هیچ جۆرە پاشماوەیەك نەمابوو، کۆمپانیاکەیان لەبەر ناردنی پارە بۆ کۆمۆنیستەکانی دەرەوە فرۆشتبوویان. ئیمتیازی دەرهێنانی پەمووە کێویەکە، هەرچەندە دامەزراوەی دیکەی ئەمریکی دیکەی ڕاکێشایە ناو ڕوسیاوە، بەلاّم بوە کارەساتێکی دارایی بۆ ئەو بنەماڵەیە. هەنگاوەنانی ترسناك و بێ سودی گەنمەکەش دوای هێنانی چەند هەزار تەنە گەنمێك بە زیانێکی زۆر تەواو بوو. نوێنەرایەتی فۆرد، باوکی واتە جولیوس لەکاتێکدا چەندین ساڵ زەحمەتیان کێشا بۆ ئەوەی ئوسینگەی بهێنێتە ڕوسیا، کەچی بازرگانی دەوڵەتی سۆڤیەتی (ئەمتۆرگ)، بەبێ پێدانی هیچ جۆرە زیانێك، لە جۆلیوسەوە وەریان گرتەوە. بانکی هاریۆ لە نەستۆنی، کە بەهۆی پێداگیری سۆڤیەتیەکانەوە کرێ، هەرەسی هێنا، و ئەو پارەیەی کە لەو بانکەدا سەرمایەگوزاری کرا هەموو لەناوچوو. بازرگانی ناردنی- هاوردنی کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا، و لقی کۆمپانیاکەی لە مۆسکۆ، ئالامریکۆ، بەشێوەیەکی زۆر زیان ئاوەر هەڵوەشایەوە. ئەو کارانەی دیکە کە گرتیانەبەر، بۆ نمونە هێنانی فلیم و ناردنی کۆمەڵێك شتی کۆن، بەهیچ شێوەیەك سەری نەگرت. کاروکاسپی قەڵەمسازی، هەرچەندە قازانجێکی زۆر فراوانی هەبوو بە رویل لە ڕوسیادا، بەلاّم هەرگیز ئەو بەهایەی نەبوو کە بتوانێت زیانەکانی دەرەوەی بداتەوە. هەرکاتێکیش قازانجێك بەدەست بهاتایە لە معامەلەکانی دەرەوەدا،

سۆڤیەتیەکان ئەوەندە دەست بەدەستیان پێدەکرد و زۆربەیان تەرخان دەکرد بۆ کاری سیخوڕی خۆیـان. و ئیسالینیش، دوای جێبـەجێکردنی بەرنامـە پێـنج سـاڵیەکەی، کۆتایی هێنا بە ئیمتیازە دەرەکیەکان. دەرەنجام سەری هامەر، بەشێوەیەکی کاتی، بێ کڵاو بوو.

لەگـەڵ ئـەوەی کـە دەوڵـەتی سـۆڤیەتی پێـشنیاری ئـەوەی کـرد کـە بـەهۆی ئـەو چالاکیانەی کە بۆ ئەوان ئەنجامیانداوە پاداشتی بدەنەوە، ڕێژەی بەخشینەکە ئەوەندە نەبوو کە بەشی پێدانەوەی هەموو ئەو قەرزانە بکات کە خێزانەکەی گیرۆدەی بووبوو لەدەرەوە. بۆنمونە، معامەلاتە گەورەکەی ئەو لە ئەڵمانیا بۆ کڕینی دەزگای ئالاتی کارگەی قەڵەمسازی ڕێژەیەکی زۆری پارەی مابوو کە هێشتا نەیدابوو، بۆیە کار گەیشتبوویە ڕادەیەك کە هامەریان خستبوویە مەترسیەوە و بۆی هەبوو بکرێتە زیندانەوە.

هامەر حاڵەتێکی قوماربازی هەبوو کە دەستێکی دۆڕاوی هەیە و بۆ دەرچوون و بۆ دڕێژەدان بە یاریەکە تەنها یەك ڕێگا زیاتری نیە: ئەویش دەبێت بەڵێت قیر بەقەرمز. هامەر قیر بەقەرمزێکی زۆر باش بوو. سەرەڕایی ئەوەی کە هامەر لە ڕوسیادا تاوەکو لێواری بەرزایەکە ڕۆیشتبوو، بەڵام هێشتا گیانی تێدا مابوو، و دەستی لە هەمانکەدا بوو. جەستەی بەتەواوی لە قومار بازەکان دەچوو، و دەیزانی چۆن دەبێت جارێکی دیکە توانایی ببەخشێتەوە بە هەستەکانی. تەنها کەسانێکی زۆر کەم کە بەپەنجەی دەست دەژمێردران ئاگاداری باروودۆخی ئەو بوون. هامەر بە دەستکراوەی میوانی لە بیانیەکان کردبوو لە (براون هاوس) و لە مۆسکۆشدا بە سەیارە دریژ و گەورەکان بە شۆفێرەوە سەفەری دەکرد بۆ ئەملاو ئەولا. کۆمپانیا بازرگانیەکەی ئەو لە جیهاندا نوسینگەی هەبوو و کارەکانی نیشانەی سەرکەوتنە جۆراوجۆرەکانی بوون. ناوبانگێکی زۆر گەورەی هەبوو: ئەو پیارە ئەمریکیەی کە بە ملیۆنەها دۆلاری لە ڕوسیادا بەدەستهێناوە. پاراستنی ئەم گومانە لە ناو مێشکی خەڵکدا گەورەترین و دواهەمین ئومێدی ئەو بوو تاوەکو پلان و ڕێگەیەکی دیکە بگرێتە بەر لەگەڵ کرملیندا.

لەم کاتەدا، ئستالین بەشوێن ڕێگایی تازەوە بوو بۆ بەدەستهێنانی بەهایەکی باشی بەنرخ بۆ چالاکیەکانی سۆڤیەتی لە دەرەوە. (قەیرانی گەورە) هەموو ڕۆژێك قوڵتر دەبوو، و کار گەیشتە ڕادەیەك ئستالین فەرمانیدا بە دەزگا سیخوڕیەکانی بۆ

ئەوەی بەسەر شێوەیەکیان کردبێت پارەی سەد دۆلاری تەزویر دروست بکەن. کارمەندەکانی سۆڤیەت پارە تەزویرەکەیان هێنا بۆ بەرلین و دابەشیانکرد بەسەر بانکەکانی ئەو وڵاتەدا، بەڵام پێش ئەوەی ئەو پارە تەزویرانە بڵاو بکرێنەوە. کارەکە بووە جووتی ناو ئاو.

کارە هونەرییەکان سەرچاوەیەکی دیکەبوون بۆ بەدەستهێنانی داهات. وێنە گەورەکان، وێنە مرۆییەکان، تابلۆ زیوینەکان، دروستکراوە چینیەکان، تابلۆ ڕەنگینە گەورەکانی زۆر دەوڵەمەندەکان کە لەسەردەمی شۆڕشدا حکومەت دەستی کەوتبوون. هەروەها شتە بەنرخەکانی مۆزەخانەکان و کۆمەڵێک کەرەسەی دیکەی زۆر هەموویان ئامادەی فرۆشتن بوون. ئەم بەرهەمە هونەرییانە لەوانەبوو لە ڕۆژئاوادا بەهایەکی زۆریان هەبێت، بەڵام کۆمۆنیستەکان بەهۆی گەمارۆی ئابوری، هەنگاوەکانی مافی کۆچبەرەکان، و دژوارییەکانی دیکە هیچ جۆرە سەرکەوتنێک بۆ ئەو جۆرە کارانە نەبوو. ئستالین داوای لە هاوڕێ خۆشەویستەکەی خۆی (ئاناستاس میکۆیان) کرد کە دواتر بووە سەرۆکی کۆمیسیاری بازرگانی دەرەکی، پلان و نەخشەیەک دابنێت بۆ ئەنجامدانی ئەو گرفتەی کە لەئارادان.

میکۆیان سەرێکی گورجستانی و سەرێکیشی ئەرمەنی بوو. لە ساڵی ١٩٢٥ بەدواوە بە پیاوی دەستە ڕاستی ئیستالین دادەنرا، و ماوەیەک دامێنان و کاری زۆر گەورەی لە بەکارهێنانی قۆرغکردنی کاری بازرگانی بیانی کردبوو. میکۆیان توانیبووی لە هەموو خاوەن ئیمتیازە بیانیەکان پارەیەکی زۆر وەرگرێت، بۆ نمونە وەکو یەکێکی ئارمەند هامەر. (١)

میکۆیان لە ساڵی ١٩٢٣، کە سەرۆکی کۆمیتەی حیزب بوو، بۆ یەکەمینجار هامەری لە (روستۆف) بینی. هامەر بارە تراکتۆرەکانی فۆردی تەحویل دەدا و ئەم دوو کەسە لە وێنەیەکی دەستە جەمعیدا دەردەکەون. کاتێک میکۆیان هات بۆ مۆسکۆ، ڕۆیشت بۆلای هامەر و داوای لێکرد لە پرۆژەیەکی زۆر هەستیاردا– واتە فرۆشتنی بەرهەمە هونەرییەکانی گەنجینەی (گوسخران) هاوکاری بکات. (گوسخران) کورتکراوەی وشەیەکی ڕوسی یە بەمانایی کۆمیتەی دەوڵەتی بۆ پاراستنی کەلوپەلە گرانبەهاکان) بوو. گوسخران لنین لە ساڵی ١٩٢٠ بنیادی نابوو تاوەکو ئەو بەرهەمە هونەری و جەواهرانەی کە (چکا) تۆماری دەکردن لە ژێر چاودێری سەنتەردا بن و

مەگەر خۆیان بیانەوێت لە دەرەوە بیانفرۆشن. سەرپەرشتی ئەم کەلوپەلانە لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٢١ لە (چەکا)ەوە گوازرایەوە بۆ (کۆمیسیاری دارایی). لینین فەرمانیدا (لەماوەی سێ ڕۆژدا لە ڕۆژی دەرکردنی ئەو فەرمانەدا (گوسخران) دەبێت کە بە گەنجینەی ئەڵماس دادەنرا، لە ساڵەکانی سەرەتای دەیەکانی ١٩٢٠ بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بەرهەمە هونەرییەکان و کەلوپەلە گرانبەهاکان وەرگرێت و بیان خاتە ژێر چاودێری خۆیەوە بەتایبەتی ئەو کەل وپەلانەی کە (چەکا) لە کەنیسەکان، مۆزەخانەکان و ماڵە شەخسیەکاندا ڕفاندبوونی). یەکێك لەسەرپەرشتیارەکانی ئەو بەرهەمانە (مویسی یاکوولۆڤیچ لازرسن) بوو کە بەچاوی خۆی بینی بووی زۆرێك لەو کەلوپەلە گرانانە تێك دەدرا و جەواهرات و کانزا بەنرخەکانیان تێدا دەردەهێنا وەکو بڵێیت کانزایەك دەردەهێنن (٢) ئینجا پارچەکان و کەلوپەلە بچوکە بەنرخەکان بە قاچاخی دەبران بۆ دەرەوە. کێشە ئەوە بوو کە کۆچ بەرە ڕوسیەکان لە ئەوروپا، کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد ئەم کەلوپەلانە لە ماڵەکانی ئەولەندا بە تالان براون، لە دادگادا شکاتیان دەکرد و ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی ئەو کەلوپەلە بەنرخ و گرانبەهایانە لە کاتی خستنە مزایدە و فرۆشتنیان کێشەی یاسایان بۆ دروست دەبوو و نەدەتوانرا بە ئاسانی معاملەیان پێوە بکرێت. میکویان بەدوای چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەدا دەگەڕا.

پلان وکارێکی زۆر هێمن و نهێنیانەی دەویست تاوەکو لەو ڕێگەیەوە ئەو بەرهەمە هونەریانەی (گوسخران) لە ئەمریکادا بفرۆشن، و لە ساڵی ١٩٢٥ پێشنیارکرا بۆ هامەر ئەگەر هەرچی بۆ دەکرێت ڕێگایەك بکاتەوە بۆ فرۆشتنی ئەو بەرهەمانە لە ئەمریکادا بەڵێن دەدرێت کە ١٠٪ نرخی هەر پارچەیەك بۆ ئەو بێت. هامەریش ڕەزامەندی پیشاندا و گەلەرێکی لە نیویۆرك کردەوە بۆ فرۆشتنی ئەو بەرهەمە هونەریانە، و هەوڵیشیدا معامەلاتی دیکە ئەنجام بدات، بۆ نمونە هەوڵێکی زۆرفراوانیدا بۆ ئەوەی تابلۆیەکی تەزویری (ریمبرانت) بفرۆشێت لە بەرلین و هەروەها هەوڵیدا وێنەیەکی ڕەنگ و ڕۆنی لیۆناردۆ دافینچی مۆزەخانەی لنینگراد بفرۆشێت لە ئەمریکا، بەلام ئەو نرخەی کە میکۆیان خستبوویە سەری زۆر بەشێوەیەکی بێ سنور گران بوو. هەرچەندە هیچ یەکێك لەو معاملە هونەریانە سەرەتا سەری

نەگرتبوو و گەلەری نیویۆرکیش هیچ جۆرە سودێکی نەبوو بۆ ئەوکارە، لەگەڵ ئەوەدا میکۆیان لە هەوڵدان و کۆششی هامەر نارازی نەبوو. (٣)

لە ساڵی ١٩٢٩ میکۆیان دووبارە ڕۆیشتەوە بەشوێن هامەردا و بۆ فرۆشتنی کۆمەڵێکی زۆر کەلوپەل و بەرهەمی هونەری لە ئەمریکادا داوای هاوکاری لێکرد. ئەو کێشەیەی کە تاوەکو ئەو کاتە ڕێگەی دەگرت لە ناردنی ئەو بەرهەمە هونەریانەی سۆڤیەت سەرچاوە و بنەمایی سەرچاوەی ئەو بەرهەمانە بوو. میکۆیان پێویستی بە گەیەنەرێك هەبوو، گەیەنەرێك کە هاوڵاتێکی ئەمریکی بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات ئەو شتانە بەشێوەیەکی یاسایی لە ڕوسیادا کڕاون، ئەو کەسە متمانەپێکراوەش کە بتوانێت پارە وەرگیراوەکان دەست بەدەست بکات و بیگەیەنێتە شوێنی مەبەست. تەنها هامەر بوو بتوانێت باشترین کاندیدکراوی ئەم جۆرە مامەڵانە بێت. (٤) لەحاڵەتێکدا کە لە بەرژەوەندی هامەردا نەبوو مامەڵەکانی پێشووی دەریکەوون بۆ بەرپرسانی ئەمریکا، سۆڤیەتیەکان هۆکارێکی زۆر کاریگەریان بۆ بەهێزکردنی ئەو هەبوو.

ڕێکخستنی کارە تازەکە تاڕادەیەك سادە بوو. بەرهەمە هونەریەکان بە کەشتییەکی باش دەگوازرێنەوە بۆ نیویۆرك بۆ هامەر. ئەویش ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەو کەلوپەلە بەدەست هاتوانە بەشێکە لە کۆی ئەو کەلوپەلە شەخسیانەی کە لە مۆسکۆدا کۆی کردوونەتەوە. پاشان ئەوانە دەفرۆشێت، حەقەکەی خۆی وەردەگرێت، و ئەوی دیکەشی دەنێرێتەوە بۆ مۆسکۆ. بۆ شاردنەوەی هۆکاری واقعی ئەم پێدانانە، هامەر ڕێکەوتنێك لەگەڵ (ئەمتۆرگ)دا دەبەستێت و کاڵای سادە لەوانە دەکڕێت. (ئەمتۆرگ) بووبوویە جێگرەوەی کۆمپانیاکەی ئەو واتە (کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکای)، و ئێستا بەشێوەیەکی تەواو وەکو کۆمیساری بازرگانی دەرەوەی سۆڤیەت کاری دەکرد و بەرپرسیاریەتی فرۆشتنی ئەو کەلوپەلە هونەری و بەرهەمە ڕوسیانەی لە ئەمریکادا لە ئەستۆدا بوو. (٥)

بەڕێوەبەری (ئەمتۆرگ) لە نیویۆرك، (بیوتەر ئەلکسویڤیچ بوگدانۆف) بوو، کە هاوڕێیەکی نزیکی میکۆیان بوو، و کەسێکی متمانە پێکراو بوو بۆ گواستنەوە و تەحویلدانی ئەو پارانە. ئەو کاڵایانەی کە هامەر هەڵیبژاردن بە نرخێکی دروێتە لە (ئەمتۆرگ) دەیان کڕێت و تەختەی ڕوسی بۆ دروستکردنی بەرمیلی بیرە بوو. بەپێی

ئەم ڕێگەیە بەرهەمە هونەرییەکان و دارەکانی بەرمیلسازی بیرە بۆ هامەر دەهاتن بۆ نیویۆرك و پارەش لە ڕێگەی (ئەمتورگ)ەوە دەڕۆیشتەوە بۆ مۆسکۆ.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانە، پەیوەندی واقعی هامەر لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤیەتیدا دەبوو بە نهێنی بێت. دەبێت چیرۆکێك دروست بکرێت و پیشانبدرێت کە چۆن ئەو لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا ئەو ڕێکەوتنەی کردوە و کەوتوەتە ناو کارێکەوە کە ئەو بەرهەمە هونەریانەی بەلاوە بکرێت، چۆن ئەو شتانەی بەدەست هێناوە، و چی بووە کە دەوڵەت ڕێگەدەدات ئەو بەرهەمە هونەریە دەگمەنانە لە وڵاتدا بچنە دەرەوە. هامەر، تەنانەت پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ نیویۆرك، دەست بەکار بوو و ئەم باسانەی لە گەڵ ژیاننامەکەی خۆیدا لەبارەی هەشت ساڵی مانەوەی لە ڕوسیەدا گرێداوە. (والتەر دۆرانتی)، پەیامنێری ڕۆژنامەی (نیویۆرك تایمز) لە مۆسکۆ، ئەوی بۆ ئەم کارە کردە هاوکارێکی پسپۆڕ. دۆرانتی، پیاوێکی کورتە بالای شێوە خەماوی بوو، قاچێکی لە پێکدادانێکی ئۆتۆمبێلدا لەدەستدابوو، بەزۆری دەچوو بۆ (براوان هاوس) و چیرۆکی سودمەندی لەبارەی ئیمتیازەکانی هامەرییەکانەوە لە ڕوسیادا نوسی بوو. ئەو لەگەڵ سۆڤیەتیەکاندا پەیوەندێکی زۆر نزیکی هەبوو، پەیوەندییە، ئاگادار و سەنج درەوەکانی، زۆرێك لە نزیکەکانی دۆرانتی بە (بەرژەوەندی ئیستالین) یان دەزانی. (٦)

دۆرانتی پێشەکێکی لەسەر ژیانی هامەر نوسی و وتی باسەکان (وەکو فلیمێکی سینەمای دەڕۆنە پێشەوە، دە ساڵی پڕ لە هەیجان لە ژیانی وڵاتی سەیر و سەمەرەدا... ئارام ئارام لە وێنەیەکەوە بۆ وێنەیەکی دیکە کاری کردوە، هەر یەکە لەو ڕۆڵانەی هامەر، نیشاندەری قۆناغێکە لە گەورەترین و بەهێزترین ئەزمونێك کە مرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینیوە)(٧). پاشان لە کتێبەکەیدا هەرچی زۆرێك لەو کارانەی کە هامەر بە ئاشکرا ئەنجامیداون لەگەڵ سۆڤیەتیەکاندا باسی ناکات، بۆنمونە، بە هیچ شێوەیەك باس لە جولیوس هامەر ناکات کە ئارمەندی نارد بۆ ڕوسیا، و ئەو کاروکاسپییەی کە بۆی ڕێکخستوە، هەروەها باس لە چۆنیەتی ئەنجامدانی معاملە سەرەتایەکانی هامەر ناکات چۆن لەگەڵ سۆڤیەتیەکاندا ئەنجامیداون. لابردنی باوك لە چیرۆکەکەدا ، هەڵبەتە، دۆلارێك لە حسابکردندا دێنێتە ئاراوە. سەرمایەی پێویست بۆ چالاکیەکانی سۆڤیەتی خۆی لە کوێوە هێنا؟ هامەر بانگەشەی ئەوە دەکات کە پێش ساڵی ١٩٢١ و چوونی بۆ سۆڤیەت سەرەتا خەریکی کار و کاسبی خێزانەکەی

بووه و پاشان ئەو بەرهەمانەی بە ڕێژەی زیاتر لە یەك ملیۆن دۆلار فرۆشتوە لەم ڕێگەیەوە سامانێکی دەستکەوتوە. لە ڕاستیدا ئەم هەموو سامانە (با) هێنەرە هەموو درۆیەکی گەورە بوون چونکە: کۆمپانیای ئەرمان و کیمایی یەکگرتوو، لە سالی ۱۹۱۹ دا لە لێواری هەرەس هێناندا و کەوتندا بوو، هیچ کاتێك نەتوانرا بفرۆشرێت، بۆیە لەسالی ۱۹۲۱ ئەو کۆمپانیایە هەلوەشایەوە، و هیچ جۆرە سەرمایەیەکی ملیۆن دۆلاری بۆ هامەرێکی بیست و سێ ساڵە بەجێ نەهێشت.

جولیوس تەنها دەمووچاوێك نیە کە لە کتێبەکەدا باسی نەکراوە. هامەر بەهیچ شێوەیەك باس لە هاوسەرەکەی ئۆلگا، کورەکەی جولێن، و هەروەها بوریس ریتستین، بەرێوەبەری کمیتێرن کە پێویستیەکانی ئەوی ئامادە کرد بۆ هاتنی بۆ سۆڤیەت، ناکات. بانگەشەی ئەوە دەکات کە گوایە لەبەر ئەوەی کە پزیشك بووە ویستویەتی ڕووبەڕووی نەخۆشی (تیفۆس) ببێتەوە کە لەو کاتەدا لەسەروبەندی بلاوبوونەوەدا بوو، و یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو لەگەلّ (کۆمۆنیستێکی واقعی) لە هاوینی ساڵی ۱۹۲۱ بووە ئەویش کاتێك بووە کە پێویستی بە ئیمزایەکی دەسەلاتدارێکی سۆڤیەتی بووە (٨). پاشان دەنوسێت مەبەستی ئەوە بووە (ویستویەتی پەیوەست ببێت بە یەکێکی هاوکاری گەیەنەری ڕوسیاوە، سالێك یان زیاتر لەوێدا کار بکات، و پاشان بگەرێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی. بەلام چارەنوس کارێکی دیکەی بۆ هێنایە پێشەوە)

پاشان دەلێت (ئەوچارەنوسەی) کە سەفەرە پزیشکیەکەی نیمەی گۆڕی، ئەو سەفەرە ڕێکەوتەیە بوو بۆ ناوچەی ئۆرالْ، و لەوێدابوو کە برسیەتێکی زۆرم بەچاوی خۆم بینی. ئەو دیمەنە تراژیدیایانە بەڕاستی منیان توشی سەرسامی کرد، و پاشان دەلێت پرسیم لە کارمەندی شەمەندەفەرەکە بۆچی خۆراك ناهێنن بۆ ئەم خەلکە بۆ ئەوەی وشکە سالیان نەمێنێت. کابرا لە باسەکانیدا هەموو تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی ئەو گەمارۆ ئابوریەی کە ئەوروپیەکان خستویانەتە سەر ڕوسیا. کاتێك ئەمە دەبیستێت بەبێ وەستان پێشنیار دەکات (ڕێکخستنی ئەم کارە لەرێگەی ئەو دامەزراوەیەوە کە خێزانەکەم هەیانە کار ئاسانیتان بۆ دەکەم). پاشان ڕێکەوتنێك دەنوسێت بۆ ئەوەی گەنم بۆ ناوچەی ئۆرالْ بکرێت و لەبەرامبەریشدا کالای بازرگانی وەرگرێت (٩). پاشان دەلێت ئەم هەنگاوە مرۆڤ دۆستانەیە دەکات بە لنین. پاشان

هامەر بانگهێشت دەکەن بۆ کرملین. دەڵێت بە لنین هامەر (ئەوەی کە بەڕاستی ئێمە پێویستمانە سەرمایە و پارمەتی هونەری ئەمریکایە تاوەکو جارێکی دیکە تایەکان بخەینەوە ئیش. تەنها پێویستمان بە یەك کەس هەیە بۆ ئەوەی ئەو بەربەستە بشکێنێت. بۆچی تۆ خۆت ئیمتیازی پەموە کێویەکە وەرناگریت؟) (١٠) پاشان هامەر درێژەی پێدەدات و دەڵێت (لەبەرئەوەی کە چارەنوس منی ڕاکێشاوەتە ئێرە ناچارم بکەومە شوێن چانس و بەختی خۆم لەم وڵاتەدا) (١١)

دوایی چەندین وەرزی باس و ڕونکردنەوەی بێ بنەما لەسەر ئەوەی کە چۆن ئەرکی ڕزگاربوونی ئەو ئیشە باشە ڕێکەوتەکانی، بووەتە هۆی ئەوەی کە سامانێکی گەورە لە ڕوسیادا کۆ بکاتەوە، هامەر دەست پێرالگەیشتنی بە (گەنجی رومانوف) بەم شێوەیە باس دەکات. لەو کاتەدا کە کاتێکی زۆری بەتاڵم هەبوو خۆم خەریك دەکرد بە کۆکردنەوەی (گەنجینە هونەرییەکان و کەلوپەلە گرانبەهاکانی ماڵە خانەدانەکانی رۆمانوف)(١٢). لە شوێنێکدا دەڵێت:

(ڕۆژێکیان من و براکەم ڤیکتۆر لە میوانخانەیەکی بچوکدا لە مۆسکۆ خەریکی نان خواردن بووین. ڤیکتۆر سەیری یەکێك لە قاپەکانی کرد، سەرنجی منیشی ڕاکێشا. قاپەکە دروستکراوی کارگەیەکی چینی سەردەمی شایانە بوو، لە پشتی ئەو قاپەوە نوسرابوو (نیکۆلای یەکەم، ١٨٢٥....) پاشان پرسیارم کرد لە بەڕێوەبەری میوانخانەکە ئەم قاپانەی لە کوێ دەستکەوتوون. وتی لە کۆشك، بەڵام ئەوانەی خۆش ناوێت چونکە زوو دەشکێن. پاشان دەڵێت ئێمە هەموو قاپەکانمان بەلاوە کڕیەوە، و قاپی باشتر و قایمترمان پێدا کە زیاتر بەرگەی تێشکاندنیان دەگرت.)

بەوشێوە ڕێکەوتنە زۆرانەی کە دەهاتنە پێشەوە، هامەر وێنە دێرینەکانی سەردەمی تەزاری، تابلۆ کێشراوەکان و سەدان جۆری شتی گرانبەها و شتی دیکە بەدەست دەهێنێت. ئەم شتانە کۆمەڵێکیان لەدەست خەڵکە گوندنشینەکان بوون بۆیە کڕینیان زۆر ئاسان بوو، کۆمەڵێکی دیکەشیان هەبوو کە زۆر بەنرخ بوون لەدەستی خەڵکی تایبەتی بوون، بۆیە ئەم شتانە هەندێك پێویستی بە کارکردن هەبوو) (١٤)

هامەر دەنوسێت، تاوەکو ساڵی ١٩٢٩ماڵی ئەو (بووبوویە مۆزەخانەیەکی واقعی، چونکە پڕ ببووبوو لە بەرهەمە هونەریە زۆر نایابەکانی سەردەمی خانەدانی رومانوف)، و کاتێك ئامادە دەبێت بۆ ڕۆیشتن لە مۆسکۆ، ئیجازەی ڕۆیشتنی ئەو بەرهەمە

هونەریانە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.(١٥)، دەڵێت ئەو ڕێککەوتنەی کە لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤیەتیدا بەستبوون بۆ فرۆشتنی قەڵەمەکان بەندێکی ڕێکەوتنەکە هەبوو کە ڕێگەی پێ دەدام (کەلوپەلــەکانی ماڵەکــەم) لــە ڕووســیادا ببەمــە دەرەوە، ئــەو کەلوپەلانــە پێکهاتبوون لەم بەرهەمە هونەریانە. (١٦)

ژیاننامەی هامەر، کە بەناونیشانی (گەڕان بەدوایی گەنجی ڕۆمانۆف) لە ساڵی ١٩٣٢ لە ئەمریکا بڵاوکرایەوە، باس لە کۆمەڵە ڕووداوێك دەکات کە بۆ دامەزراندنی کارە تازەکەی زۆر سودمەندە. ئاشکرایە کە هامەر لەسەر حسابی ڕێکەوتن لنینی ئەبینیوە. لەگەڵ ئەوەدا سامانێکی زۆر گەورەی لە ڕووسیادا دەست نەکەوت. ئەو بەرهەمە هونەریانەی بەهیچ شێوەیەك لەلای خەڵك نەکڕی. لە ڕێکەوتنەکەی ئەودا هیچ دەقێك نیە کەباسی ئەوە بکات بەو ڤیجارە بدات کەلوپەلە هونەریەکانی بباتە دەرەوە. بەڵام ئەو توانایە کەم بوو کە کەسێك بتوانێت لە ڕۆژئاوادا لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو باسکردن و باسانەی ژیانی بکات.

هامەر زۆرتری ساڵی ١٩٣١ی لە پاریسدا بردە سەر. دەبێت ئامادەگی بکات، دەبێت بارودۆخە سیاسیەکە باش هەڵبسەنگێنێت، پاشان بڕوات بۆ نیویۆرك. باوکی لە بەریتانیادا بە (سەرچاوەیەکی خراپ) ناوی دەرکردبوو، سەفارەتی ئەمریکا لە ئەڵمانیادا ماوەیەکی زۆر لێکۆڵینەوەیان کردبوو لەگەڵ ئۆلگادا. لەوەش خراپتر جولیوس هامەر بۆداتەوەی قەرزەکانی قەڵەمسازی بە ئەڵمانیەکان لە شاری (ئێرفۆرت)ی ئەو وڵاتەدا دەستبەسەر کرابوو. دادگا بەهیچ شێوەیەك ڕەزامەندی پیشان نەدەدا بۆ ئەوەی ئازاد بکرێت، ئەگەر بەڵگەنامەیەکی بە بڕی (١٠٠) هەزار دۆلار نەسپێرێت. هامەر لەتوانایدا نەبوو ئەم پارەیە بەخێرایی بداتەوە و لەترسی ئەوەی نەوەکو خۆیشی بگرن نەیوێرا بۆلای باوکی لە زینداندا. وەکیلێکی گرت بۆ ئەوەی ڕێژەی پارەکە کەم بکەنەوە، بەڵام نزیکەی دوو مانگی برد تاوەکو جولیوس ئازاد کرا.

لەم گوزەرە ترسناکەدا، فەرەنسا ئارامترین شوێنی کاتی بوو بۆ ئەو و خێزانەکەی. ماڵێکی بچوکی پڕ لە باخچە و گوڵی سووری لە (گارش) نزیك ١٣ کیلۆمەتری پاریس، گرتبوو بەکرێ بۆ ئۆلگا و جولین. ئۆلگا خزمەتکارێکی لە ڕووسیاوە هێنابوو لەگەڵ خۆیدا، و زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ کۆچبەرە ڕووسی

زەمانەکاندا دەبردە سەر. هامەر دواتر ئۆلگای بە بالندەیەکی نەناسراو چواند کە چەندین ساڵ لە قەفەزدا بو، ئێستا لە پڕێکدا ئازاد بووە، (باڵ ڕادەوەشێنێت و دەخوێنێت) (١٨)، ئەم باسکردن و پێناسانەی ئەو بۆ داپۆشینی مەیخواردنەوە و بێ وەفاییەکانی هاوسەرەکەی بوو، ئەم دوو کەسە لەڕاستیدا بە جیا دەژیان و تەنها بەناو ژن و پیاوی یەکتر بوون. (١٩)، هامەر خۆی لە نوسینگە یەك ژوورەکەی لە ژمارە ٢٤ی کۆڵانی (ترونشە) لە سەنتەری پاریس دەژیا، لەسەر پارچە کومبارێك دەخەوت، لەو ڕۆژدا هامەر جێگە خەوەکەی و سەرینەکەی دەخستە ناو دۆڵابەکەیەوە بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانەی کە سەردانی دەکەن نەیبینن. سی و سێ ساڵ زیاتر تەمەنی نەبوو بەلام گەنج دیار نەبوو. کێشی زۆر و قژەکانی سەری کەم بووبوویەوە، خەریك بوو پێڵوەکانی ژێرچاوی شۆڕ دەبوونەوە.

گیرۆدەی بێ پارەی و کەم داهاتی بووبوویەوە. بانکەکانی بەریتانیا بە سەدان هەزار لیرەیان بەلایەوە بوو و فشاریان بۆ دەهێنا، و بەڕێوەبەرایەتی باج و دەرامەتی ئەمریکاش بۆ پێدانی باجە دواخراوەکەی نزیکەی دە ساڵ بوو قەرزی کەوتبوو بەسەردا. هاوڕێ ئەسڵیەکەی ئەو لەگەڵیدا بۆ کارە تازەکەی فرۆشتنی بەرهەمە هونەریەکان بریتی بوو لە (موریس گیست) کە نزیکەی ٦٠ هەزار دۆلاری هامەر و بنەماڵەکەی بەلایەوە بوو. گەلەریە تازە دامەزراوەکەی هونەریان لە نیویۆرك هێشتا سەرمایەی نەبوو، و چونکە کاتی بەڵێنی پێدانی ڕوسیەکان هێشتا نەگەیشتبوو. دەوڵەتی سۆڤیەت بۆ وەرگرتنی کارگەی قەڵەمسازیەکە لە هامەر پارەیان پێدابوو، بەڵام ئەم پارانە هەموو بەشێوەی چەك بوون. بەڵێنی پێدانی ئەم چەکانە هەندێکیان شەش مانگە، و هەندێکیان ساڵ، و کۆمەڵێکی دیکەشیان دوو ساڵ بوو. لەبەر ئەوەی کە بارودۆخی پارە و متمانەی دراوی ڕوسیا ساڵی ١٩٣١ زۆر خراپ بوو، و ئەوروپاش لەناو بارودۆخی قەیراناوی ئابوریدا بوو، و وەرگرتنی قەرز و پێشینە بە چەکی سۆڤیەتی کارێکی زۆر ئاسان نەبوو. بەلام هامەر هەموو تواناییەکانی خستەگەڕ، چەکە سۆڤیەتیەکانی بە کەمکردنەوەیەکی تەواو فرۆشت بۆ ئەوەی قەرزە گەورەکانی خێزانەکەی بداتەوە.

کاتێك بەرهەمە هونەریە ڕوسیەکان لە ساڵی ١٩٣١ دەستیکرد بە گەیشتن بۆ نیویۆرك، کار و کاسپی هامەر زۆر بەتوندی توشی تێکچوون و ترس بووبوو، هێنری

و ڤیکتۆر لە نوسینگە تاک ژوورە ڕزاوەکەی جادەی پەنجا و سێ ی مانهاتن خەریکی هەڵسوڕاندنی کارەکان بوون. لەسەر لەوحەکەی دەرەوەی بیناکە ناوی کۆمپانیای جۆراوجۆر، لەگەڵ هەموو لایەنەکانی دیکەی بەڕووکەش چالاکیەکانی دیکە، بەرچاو دەکەوت: گەلەریەکانی ئارمیتاژ، پیشەنگاکانی ڕۆژ، کۆمپانیای هونەری گوندی، کۆمپانیا هاوردەکانی هونەرە هەڵکۆڵراوەکان، وێنەکانی هورتنس، نوسرابوون. کۆمپانیای ئا. هامەر. ڤیکتۆر گەشبین بوون و دەیانوت کەم بەشە ئاییندەی هەیە، بەڵام ئەو قەیرانە زۆرەی کە دروست بووبوو شەوق و زەوقی هاوڕێیانی هونەری بەتەواوی هەرەس پێنەهێنا بوو. لە ساڵی ١٩٣١، دوو خوشکی تەزاری ڕۆیشتن بۆ دادگا و نەیان هێشت ئەو نوسراوانەی کە نوسرابوون (خاوەن تەزاریە ونبوەکان) بفرۆشن. دەرەئەنجام دادگا چیرۆکەکانی هامەری کە کاڵاکانی لەلایەن خەڵکی تایبەتیەوە کڕیەوە، قبوڵکرد، و بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەعواکەی ئەو دوو ژنە زۆر بەگران تەواو بوو.

لە پاریس، هامەر ڕۆژ بەڕۆژ هەواڵی ناخۆشی دەبیست و پێدەگەیشت، ئەو بەرهەمە هونەریانەی کە ڕاستەوخۆ لە عەمبارەکانی سۆڤیەتیەوە لە مۆسکۆ دەهاتن؛ لە عەمبارەکانی نیزیۆرکدا کەڵەکە دەکرێن. تەنانەت پارەشیان نەبوو بۆئەوەی بیدەن بەو عەمبارانەی کە بەرهەمەکانیان بۆ هەڵگرتبوو، هیچ چارەسەرێک نەبوو تەنها دەبوو بگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا، بەڵام لەبەرئەوەی نەیدەزانی ڕووبەڕووبونەوەی دەوڵەت لە ئەمریکادا چۆن دەبێت، سەرەتا ژن و منداڵەکەی لە پاریس بەجێهێشت، و بێدەنگ ڕۆیشت بۆ ماڵە بچوکەکەی لە (گرینچ ڤیلیج) و خەریکی حسابکردنی نوسراوی کار و کاسپیەکانی خێزانەکەی بوو. هەرەسێکی گەورە خۆی دەخستەڕوو بۆی؛ و هامەر پێویستی بە پارەیەکی خێرا هەبوو بۆ ئەوەی پارەی ئەو بارانە بدات کە ڕاستەوخۆ لە مۆسکۆ وە دەگوازرێنەوە بۆ نیویۆرک. هامەر بۆ هاوکاری ڕۆیشت بۆلای جیکۆب شاپیرۆ، شاپیرۆ هێشتا کرداری دەست گێڕانی پارەی سۆڤیەتیەکانی بۆ هامەر لە نیویۆرک ئەنجامدەدا. سەرەڕایی ئەوەش وەکیل و پارێزەری حسابەکانی هامەر بوو و نوێنەرایەتی کارەکانی هامەری لە ئەمریکادا لە ئەستۆ بوو. شاپیرۆ بەتازەی کرابوویە سەرپەرشتیاری بانکێک بەناوی (ترێستی کۆمپانیای ئەمریکای باکور) ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەسەرەتای ناساندنی بەرەسمی یەکێتی سۆڤیەتدا بوو، و

شاپیرۆ دەیزانی کاتێک کە ئەم کارە سەری گرت، پەیوەندیەکان لەگەڵ هامەردا بێ ڕادە سودمەندن. بۆیە متمانەیەکی خستە بەردەم هامەر کە ڕێگەی دەدا بەو بەبێ ئەوەی هیچ پارەیەکی هەبێت لە حسابەکەیدا دەتوانێت چەکی پارە ڕاکێشێت. تراستی کۆمپانیا، بەهای ئەو چەکانە دەدات، و کاتێک کە کاڵای سۆڤیەتیەکان وەرگیرا و فرۆشران، هامەر ئەو پارەیەی کە ئەو بانکە پێی بەخشی بوو لەگەڵ ئەو سودەی کە چووەتە سەری دەیگەڕاندنیتەوە. ئەم ڕێکەوتن و پێدان و وەرگرتنە هەرزان نەبوو. لەکاتێکدا کە شاپیرۆ هەموو ئەو مەترسیانەی لە ئەستۆ گرتبوو، توانی پەیمانێک لەگەڵ هامەردا ببەستێت کە بەلایەنی کەمەوە نیوەی کەسیەتیەکەی بردە سەرەوە.

زۆرتری پارە بەدەستهاتووەکە لە بانکی (ئەمتۆرگ) دەدرا، لەبەر ئەوە هامەر ناچاربوو هەموو جۆرە پەیوەندیەکانی دەوڵەتی سۆڤیەتی لەگەڵ کڕین و فرۆشتنی هونەریەکانی خۆی بە شاراوەی بهێڵێتەوە. بۆ دروستکردنی پەردەپۆشێکی پێویست، دامەزراوە و کۆمپانیایەکی دیکەی دروستکرد بەناوی (هارکاری تا.هامەر) کە خەریکی هێنانی داری پەرمیل سازی بیرە بوو.

کاتێک خەریکی ئەم ئامادەکاریە تازانە بوو، تێگەیشت کە هیچ کەس نیە زۆر لێکۆڵینەوە بکات لە شێوەی ژیانی پێشووی. بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی ئەمریکا (ئێف بی ئای) تەنانەت پرسیار و وەڵامیشی لەگەڵدا نەکرد. بۆیە هامەر ناردی بەشوێن (ئۆلگا و جولین)دا. هامەر خۆی ئامادەکرد بۆ سەرەتای ژیانێکی ئاوەندی و زۆر جیاواز لە ئەمریکادا.



هامەر لەبەردەم کۆمەڵێک کاری هونەری مۆزەخانەکەیدا



دوو تابلۆی بەناوبانگی مۆزەخانەکەی هامەر



کۆمەڵێك لە کەلوپەلە هونەرییەکانی مۆزەخانەکەی هامەر، ئەم بەرهەمە هونەرییە ڕوسیانە لە مۆزەخانەکان و گەلەرییەکانی ئەمریکادا نمایشدەکران، دوای لێدەرکردنی دەست حەقەکەیان، پارەکەی دیکەی تەرخان دەکرا بۆ یەکێك لە سەرچاوە سەرەکییەکانی کاری سیخوڕی سۆڤیەتی لە ئەمریکادا



چەند کارێکی هونەری مۆزەخانەکەی هامەر

بەشی دووەم

دەست پێڕاگەیشتن بۆلای ڕۆژفێلت

وەرزی هەشتەم

دەلالی هـــــونەر

فرانکلین دی روزفێلت، ڕۆژی چواری مارسی ساڵی ١٩٣٣ سوێندی خوارد و بوو بە سێ و دووەمین سەرۆك كۆماری ئەمریكا. هەفتەی دواتر بانكەكان و بۆرسەكان پشكەكانیان داخست نەك لە بەر خۆشی سەرۆك كۆماری تازە هەڵبژێردراو بەڵكو لەبەرئەوەی ترسناكترین قەیرانی دارایی لە مێژووی ئەمریكادا وڵاتەكەی لەكار خستبوو. معامەلەكردن بە دۆلار لە لەندەن، پاریس، بەرلین و ناوچەكانی دیكەی ئەورووپا بەتەواوەتی وەستابوو. یەكێك لە ڕاوێژكارە گرنگەكانی ڕۆزفێلت، (ركسفۆرد تاگول) دواتر نوسی دەوڵەتی تازە دوو ڕێگەی لەبەردەمدا بوو: شۆڕشێكی ڕێكوپێك- لەكارخستنی خێرا و ئاشتیخوازانەی چەمكی ڕابردوو- یان لەناوبردنی ئەو بێ سەروبەرییەوە و تۆڕمیەی هەموو سەرمایەداری.) (١)

قەیرانی گەورە كە ڕۆژی سێ شەممەی ٢٩ ئۆكتۆبەری ساڵی ١٩٢٩ دەستی پێكرد، بەرەبەرە پەرەی دەسەند و تاوەكو گەیشتە ئەوەی نزیكەی یەك لەسەر چواری هێزی كاری وڵات بەتەواوی بەتاڵ بوو، و جوتیارەكان، كە ئەو كاتە نزیكەی یەك لەسەر چواری تێكڕایی ئیشكەرانی وڵاتیان پێكدەهێنا، نزیكەی دوو لەسەر سێی داهاتی خۆیان لەدەست دابوو. خۆشگوزەرانی و ئاسایش لەسەرتاسەری جیهانی سەرمایەداری چەق بەستوو بووبوو. لە ئەڵمانیا، نازیەكان دەركەوتن و هیتلەر گەیشتە دەسەڵات، لە ئیتالیا، مۆسۆلینی و فاشیستەكان ماوەیەك بوو دەسەڵاتی ئیتالیایان گرتبوو بەدەستیانەوە.

سەد هەزار کۆ بووبوونەوە بۆ ئەوەی گوێ لە قسەکانی ڕۆزفێڵت بگرن لەکاتی وتاردانەکەیدا بەرامبەر بە میللەت و شەست ملیۆنی دیکە، واتە تارادەیەك نیوەی دانیشتوانی وڵات قسەکانی لە ڕێگەی ڕادیۆوە دەبیست. ڕۆزفێڵت کلاوێکی ئاوریشمینی کردبوویە سەری، کۆتێك و پاڵتۆیەکی چەرمی لەبەرکردبوو. بە دەنگێکی زۆر بەهێز و دڵنیاکەرانەوە قسەی دەکرد: (پێش هەموو شتێك، ڕێگەم پێبدەن ئیمانی بەهێزی خۆم بخەمەڕوو، تەنها شتێك کە دەبێت لێی بترسین تەنها خودی ترسە) ڕۆزفێڵت، بە زمانێك کە لەمەر کاتێکی دیکەی مێژووی ئەمریکا قورستر و تووڕەتربوو، بانکدارەکان و سەرمایەدارەکانی ئاگادارکردەوە و وتی ئەوانە لەبەرپرسیاریەتی خۆیان شانیان شل کردوە: (پارە گۆڕەرەکان لە شوێنی بەرزی خۆیان لە پەرستگای شارستانیەتی ئێمەدا هەڵهاتوون. ئێمە دەمانەوێت حەقیقەتی کۆن... بەها کۆمەڵایەتیە بەرزەکان لە سودی سەرفکردنی پارە، بگەڕێنینەوە بۆ پەرستگاکان)[1] لە کاتی ململانێی هەڵبژاردنەکاندا، ڕۆزفێڵت بە هەڵچوون و گەرمییەکەوە هێرشی کردە سەر ڕژێمی سەرمایەداری و بە هۆکاری دروستبوونی ئەو قەیرانەی ناوبرد، بۆیە دەنگی زۆرینەی خەڵکی هەر لەو ڕێگەیەوە بەدەست هێنا. فەرماندەی تازەی هەموو هێزەکان ئێستا داوایی دەسەڵاتێك دەکات کە (بەرەو جەنگی ئەو حاڵەتە کتوپڕە بڕوات، ئەو دەنگانەی کە دەدرێن بە من بەڕاستی دەکەوینە بەر سنوورشکاندنی دژوەستانەوە) (٢)

ئارمەند هامەر هەر لەو سەرەتایەوە سۆزێکی هەبوو بە ململانێکەی ڕۆزفێڵتەوە بۆ هەڵبژاردن. لە جێنیوەری ساڵی ١٩٣٢، لەگەڵ (هێنری فرنچی هالیس)[2] کە ناوبانگێکی باوەڕ هەبوو کە هاوڕێکی نزیکی ڕۆزفێڵتە و ئێستا لە پاریسدا خەریکی کاری وەکالەتیە، پەیوەندی کرد. هامەر ماوەیەکی زۆر بوو کاری بۆ ئەوە دەکرد کە

---

[1] – لێرەدا باسکردنە لە هەڵسوکەوتی عیسا کاتێك لەگەڵ پارەگۆڕەوەکان لە پەرستگای ئۆرشەلیم قسە دەکات: (لە پەرستگادا....... بینی...... صرافەکان لە پشتی مێزەکانی خۆیانەوە دانیشتوون. پاشان بە شەلاق هاتن بە هەموویاندا.. و لە پەرستگاکەدا کردنیانە دەرەوە و پارە وسکەکانی صرافەکان پەرش و بڵاوکراتەوە و مێزەکانیان هەڵگەڕێنرایەوە) ئینجیل، سەفەری یوحەنا، وەرزی ٢، ئایەتی ١٤ –١٥. (وەرگێڕ)

[2] – henry French hollis

ئەمریکا یەکێتی سۆڤیەت بە ڕەسمی بناسێت، ئەم ئامانجە، بەو شێوەیەی کە دواتر نوسی، بە بۆچوونی یەکەمین گرنگی بوو (٣)، لەکاتی ئەنجامدانی ئەم چالاکیانەدا لەگەڵ هالیسدا ئاشنایەتی پەیدا کردبوو. هالیس، سیناتۆری پێشووی نیوهەمشایەر بوو، پێشنیاری کرد بۆ ئەوەی هامەر هەندێک پارەیان بداتێ بۆ سندوقی ململانێی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بۆ ڕۆزفێڵت. هامەریش تەلەگرافێکی کرد بۆ ڕۆزفێڵت و وتی ئامادەیە بۆ ڕۆزفێڵت لە ئەورووپادا پارە کۆ بکاتەوە، و هالیسی ڕاسپارد تاوەکو نامەیەک بۆ ڕاوێژکاری ڕۆزفێڵت (لوئیس مەک هێنری هاو) بنێرێت و بڵێت زانیاری هامەر لەبارەی کاروباری سۆڤیەتی و باشترین ڕێگاچارە بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئەو حکومەتەدا، تاوەکو ڕادەیەکی زۆر بەمادارە. هەرچەندە لەم هەوڵدانە یەکەمینەدا بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەسایەتیانەدا هیچ شتێکی لەو شێوەیە ڕووی نەدا، بەڵام هامەر دەستبەرداری ئەو مەسەلەیە نەبوو و لەسەرخۆ کەوتە دووی ئەو کارە.

هامەر لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٣١ گەڕایەوە بۆ ئەمریکا. دوای هەشت ساڵ چالاکی بازرگانی لە یەکێتی سۆڤیەتدا، کارکردن بۆ دەلاڵی و فرۆشتنی بەرهەمە هونەرییەکان لە ئەمریکادا بۆ ئەو گۆڕانێکی بێ ڕادە بروسک ئاسا بوو. هەرچەندە هیچ سەری دەرنەدەچوو لە کاری هونەری، بەڵام زۆر باش ئاگاداری پەیبردنی توانایی هەڵەکانی بوو، بەوشێوەیەی کە لە مۆسکۆدا زەربەی شکست و هەرەسی بازرگانی بینی، ئێستا ئەو توانایەی هەبوو و بووبوویە ئەزموونێک بۆ خستنەگەڕی توانایی زیاتر بۆ کارکردن لەسەر ئەو بەرهەمە هونەری و پارچە گرانبەها و جەواهر و وێنە و تابلۆیانەی کە لە عەمبارەکانی نیویۆرکدا کەڵەکەبوون. ئەنجامدانی کارێکی کیماگەری لە شارێکی وەکو نیویۆرکدا لەگەڵ ئەو هەموو شارەزا هونەرییەدا زۆر دژوار بوو، بۆیە لەبەر ئەو حاڵەتە بڕیاریدا بەزموونەزمەکانی خۆی بیبات بۆ ناوچەیەکی دووری ئەمریکا. نامەی نوسی بۆ هەموو فرۆشگا گەورەکانی ویلایەتە دوورەکان و باسی ئەوەی کرد کە چۆن لە ماوەی ساڵانی مانەوەی لە مۆسکۆدا توانیویەتی ئەم گەنجینە گەورانەی ڕۆمانۆف بەدەست بهێنێت. کارتی ڕێنوێنی و نامەکانی نیشانەی تەزارییەکانی لەسەر بوو. فرۆشگاکان لەکاتی خستنەڕووی نمایشی کارە هونەرییەکانی هامەردا، نیوەی قازانجی هەر بەشێکی ئەو پارچە هونەریانەیان وەردەگرت. یەکەمین

شوێنێك كه پێشنیارەكەی ئەمی قبوڵكرد چەند فرۆشگایەك بوو له سنت لویس: (Scruggs- vandervoort- barney) بوو. ئەمانە لە ٢٥ جێنیوەری ساڵی ١٩٣٢ تەلەگرافێكیان بۆ كرد و وتیان: بەخێرایی بێت.

هامەر ئەوەندە پارەی نەبوو كە شتەكانی بگوازێتەوە، بۆیە دەستیكرد بەنانەوەی بەزم ورەزم. كۆمپانیایەكی هەرەس هاتووی شانۆی پەیداكرد كە جامتای زۆرە گەورە و بەهێز و جلی بۆ فرشتن هەبوو و شەش لەو جامتایانەی كڕی. پاشان بە هاوكاری براكانی هەرچی لە توانایاندا هەبوو لەو پارچانەیان كردە ناو ئەو جامتایەوە، و پاشان بە كێشمەكێش بردنیان بۆ وێزگەی ڕێگایەكی ئاسنین، و وەكو كەلوپەلێكی شەخسی سەفەری تەحویلیاندا بۆ سنت لویس. هێریش بۆ پاراستنی حساب و كتاب لە نیۆیۆرك مایەوە.

له سنت لویس، ڤیكتۆر دەستیكرد بە كاری پێشەنگایی و ئارمەندیش دەستیكرد بە دروستكردنی پەیوەندی گشتی. ئەگەر خەڵكی باوەڕ بكەن ئەم كەلوپەلە بەنرخە ڕوسیانە بەها و نرخی فەرهەنگی و مێژوویان هەیە، دێن بۆ سەیركردنی. هامەر پێش هەمووشتێك ڕۆیشت بۆلای خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەری ڕۆژنامە ناوچەیەكان، باسی سەفەر و چیرۆكەكانی خۆی دەكرد بۆیان كاتێك لە ڕوسیادا بووە، و وێنەكانی دەخستە بەردەمیان تاوەكو بەوتەی خۆی (ئاوبكاتە دەمیان و بابەتیان بۆ دروست بكات). كاتێك پێشەنگاكە كرایەوە، نزیكەی پێنج هەزار كەس بە ڕیز وەستابوون بۆ ئەوەی (گەنجی ڕۆمانوف) ببینن. فرۆشتنی ئەوەندە سەركەوتووبوو كە فرۆشگاكان نمایشەكەی ئەوانی بۆ یەك هەفتەی دیكە درێژ كردەوە. هامەر دواتر باسی دەكات و دەڵێت (نمایشەكەمان زۆر باش) بوو.

پێشانگا ونمایشەكەی دواتر برد بۆ فرۆشگای (marshal field) لە شیكاگۆ، (bullocks Wilshire) لە لۆس ئەنجلس، (helles) لە كلیولەند، (emporium) لە سانفرانسیسكۆ، (kaufmans) لە پیزبۆرگە و (woodoard and lothrops) لە واشنتۆن. هامەر دوای چەند ساڵێك باسی دەكات و دەڵێت (ئێمە بەشێوەیەكی زۆر سەیر سەفەرەكەمان ڕاخستبوو) ئەم عەمەلیاتە بە (سیركی گەڕیدە) ناودەبات و خۆی بە سەرۆكی ئەو سیركە و جۆرجیش بە سیركە كە ناو دەبات (٥)

دامەزراوەی وەمایەی ئەو سیرکەی هامەر هەڵەی پێ بردن بوو. بۆ ئەوەی کە هەڵەی پەیبەدن باشتر بێت، ئەو کتێبەی کە بەهاوکاری والتەر دۆرانتی ئامادەی کردبوو بڵاوی کردەوە. هیچ رەخنەگرێك گومانی نەبوو لە ڕاستی و دروستی کتێبی (گەڕان بەدوایی گەنجی ڕۆمانۆف)دا. باسەکانی هامەر لەبارەی چۆنیەتی دەستپێڕاگەیشتنی ئەو گەنجینە هونەریانە نەبووە جێگەی گومانی هیچ یەك لە کڕیارەکانی. (هەرچەندە هەندێك لە کەلوپەلەکان هێشتا کۆمەڵێك نیشانەیان پێوە بوو کە ئەوەیان دەخستەڕوو کە ڕاستەوخۆ لە عەمبارەکان یان مۆزەخانەکانەوە هاتوون) چیرۆکەکەی هامەر بووە سەرچاوە و بنەمایەکی باوەڕپێکراو بۆ هەرجۆرە کڕیارێك کە بیویستایە ئەو کەلوپەلانە بکڕێت.

ئەو بارانەی کە لەڕوسیاوە دەگەیشتن کەلوپەلی جۆراوجۆربوون کە لە وێنە و کەرەستەی بچوکەوە بیگرە تاوەکو دەگاتە کتێبە گەورە ئینجیلەکان و تەوراتە کۆنە دەستنوسە تالآنکراوەکان لە کەنیسەکانی تێدابوو. لەڕاستیدا کەمتر لەو شتانە پەیوەست بوو بە سەردەمی تەزاریەکان یان موڵکی هامەربوون. کۆمەڵێکی زۆر لەو کەلوپەلانە بریتی بوو لە کەلوپەل و بەزم وڕەزمی گەشتیاری. مێژوونوسی هونەری (ڕۆبێرت ویلیامز)، دواتر نوسی: (ئەوەی کە هامەرەکان بە کاری هونەری شایانە ناوی دەبەن لەڕاستیدا کەلوپەل و زباڵەی میوانخانەکان، کەنسیەکان، دوکانەکان و کۆشکەکانی ڕووسیابوون) (٦) هامەر سەرکەوتووبوو لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوارناسی، بەشی بەرپرسی ناردەنی کەلوپەلی هونەری لە کۆمیسیاری بازرگانی دەرەوەی سۆڤیەتی، پانزە دانە جواهری هێلکەی بۆ چەژنی پاك کە دروستکراوی (فارژە) بوون بۆ تەزاری، بەدەست بهێنێت. هامەر دواتر ڕوونی دەکاتەوە، (لێمە توانیمان بەڕێز ئاناستاس میکویان، وەزیری بازرگانی، ڕازی بکەین تاوەکو فەرمان بدات بە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوارناسی ژمارەی هێلکەی جەواهراتیمان پێ بفرۆشێت) (٧)، هامەر تاوەکو ساڵەکانی کۆتایی دەیەکانی ١٩٣٠، لەوانەیە بە ڕەزامەندی میکویان، بەردەوام هێلکە دروستکراوەکانی فابرژەی دەست دەکەوت. ئەم بەرهەمە هونەریانە بوونە هۆی دروستکردنی کۆمەڵێك پەیوەندی زۆر جدی بۆ هامەر وەکو ئەو پەیوندیەی کە لەگەڵ (ملکۆم فوربس)، (دوروسی پراس)، و (مارجوری مریوەرپێست) دروستبوو.

. كاتێك كەلوپەلە ئەسڵییەكانی كارگەی فابرژە و شتەكانی دیكە كۆتاییان پێهات، سۆڤیەتییەكان زۆر بەشێوەیەكی سادەی كۆمەڵێك بەرهەمی دیكەیان دروست كرد لەو بابەتانەی كە پێشتر دەیاننارد، ناوی ئەوشتانەیان دەنا، و دەیاننارد بۆ ئەمریكا. تەزویر و ساختەكاری كێشە نەبوو، چونكە لە زۆربەی بوارەكاندا كەلوپەلێكی زۆر و كەلوپەلی هونەری و شتی دەگمەنی هونەرمەندەكانیان دزی بوو و بەتاڵان بردبوویان بۆ ئەمریكا و لەو بوارەدا ئیش زۆر بوو. هامەر خۆی ژمارەیەك مۆر و ئیمزای كارگەی فابرژی لەگەڵ خۆیدا هێنا بوو، و لە ژوورێكدا لە پشتی نوسینگەی نیۆیۆركیەوە شوێنێكی بۆ رێكخستبوون و بەئاسانی دەیتوانی بە ئیمزا و مۆرەوە دەستكاری شتەكان بكات. بەم شێوەیە كەلوپەلە تەزویر و ساختەكارییەكانی دروستكراوی فابرژەی زۆر خراپەوو. (٨) هامەر بۆ بازارگەرمی، شازادەیەكی پێشووتری سپی پێستی روسی، بەناوی (میخائیل گوندوروف) ی دامەزراند بۆ ئەوەی رۆڵی قسەكەر ببینێت. هامەر دەنوسێت: (گوندوروف دەنگ و ئاوازی شایانەی خۆی خستە خزمەتی ئێمەوە).

هامەر لەكاتی كاروكاسپییەكەی لە روسیادا فێری ئەوە بووبوو كە تەزویركردن و ساختەكاری هیچ ترسێكی نیە لەكاتێكدا ساختەكاری و تەزویریش لە ئیشێكدا كە خەڵكی چاوەڕوانی ئەوەی لێبكات. لەم بوارە تایبەتەدا، ئەوەی كە گرنگ بوو ئەوە بوو ئەمریكیەكان حەزیان دەكرد ئەوە ببیستن كە ئەوەی دەیكڕن بەشێكە لە پاشماوەكانی ئیمپراتۆریەتی روسی. هامەر لەگەڵ رۆژنامە و راگەیاندنە سەرەكیەكان یان لە چاوپێكەوتنە پڕ لە شەوق و زەوقەكان لەبارەی ئەو كار و كاسپیە بەرهەمە هونەریانەی كە ئێستا لەناویدا بوو شتەكانی خۆی دەبینی و بەراستی زۆر چێژی وەردەگرت لەو كارە. ئەمانە هەموو بەشێك بوون بە قسەی خۆی لە (زرق و برقی) ژیان(٩)

تاوەكو كۆتایی ساڵی ١٩٣٣، پێشانگا هونەرییەكانی هامەر لە بیست و سێ شاری سەرتاسەری ئەمریكادا نمایشكران، و بەرە بەرە بازاڕ و مشتەرییەكانی بەرەو كەمبوونەوە دەڕۆیشت. تێچوونەكان زۆر دەبون، فرۆشەكان كەم دەبوونەوە. بازاڕی رۆژنامەكان و دەنگدانەوەكان بەرەو نەمان دەڕۆیشت. هامەر گەڕایەوە بۆ (نیۆیۆرك) و (پێشانگایەكی) لە فرۆشگای (lord and taylor) رێكخست. ئەوەندەی نەبرد،

کۆمپانیای گەلەریەکەی ئەرمیتاژی هەڵوەشاندنەوە و گەلەرێکی دیکەی بەناوی (گەلەری هامەرەوە) لە هۆتێلی والدورف ئەستوریا کردەوە. بۆ ڕاکێشانی مشتەریەکانی، وتار و کۆڕ و مەراسیمی لەبارەی هونەری تەزاریەکانەوە ڕێکدەخست و جار و بار ژنەکەی لەو بۆنە و ئاهەنگانەدا گۆرانی ناوچەی و گوندنیشنی دەوت. ماوەیەک دواتر گەلەری هامەر شوێنەکەی گواستەوە بۆ ژمارە ٦٨٢ ی جادەی پێنجەم، و هامەر بوو بە فرۆشیارێکی متمانەپێکراوی بەرهەمی هونەری.

فرۆشتنی گەنجینەکانی ڕۆمانۆفەکان هامەریان دەوڵەمەند نەکرد. کاڵاکان هەموو موڵکی سۆڤیەتیەکان بوون، و زۆربەی قازانجەکان بۆ سۆڤیەتەکان دەگەڕایەوە. لەکاتێکدا کە قەیرانی ئابوری سەرچاوەکانی بازرگانی وشک کردبوو، سۆڤیەتیەکان بەشێکی گەورەی بەهای دەرەکی خۆیان لە ڕێگەی فرشتنی کاڵا هونەریەکانی ئەمریکاوە بەدەست دەهێنا. هامەر بەشێک لە داهاتی ئەو کاڵایانەی بەناوی حەقی کارکردن و پارەی کرێکاران و کرێی بیناکانەوە گل دەدایەوە بۆ خۆی. بژێوی خێزانەکەیان لەسەر ئەوە بوو: باوک و دایکی نوێنەری کڕین و فرۆشتنی گەلەریەکانی هامەر بوون لە ئەوروپا، دوو براکەی وردە فرۆشیەکانی نیۆیۆرکیان بەڕێوە دەبرد، و ئۆلگا بە جیا لەماڵێکدا لە شەقامی پێنجەم لەگەڵ کوڕەکەیدا دەژیان، هەموویان لەم ڕێگەیەوە دەژیان. تەنانەت دوای چەند ساڵێک لە ساڵی ١٩٣٦، حسابی بانکی گەلەریەکانی هامەر لە بانکدا نەدەگەیشتە دوو هەزار دۆلار .(١٠) بەڵام ئەوەی تێدابوو قەرزار نەبوو.

کاری دروستکردنی بەرمیلە دارینەکان کێشەیەکی جدیتر بوون. هامەر ڕێکەوتنێکی لەگەڵ (ئەمتۆرگ) دا بۆ ئەم مەبەستە بەستبوو لەسەر ئەوەی کە ناردنی پارەکانی بۆ مۆسکۆ بەشاراوەی بهێڵێتەوە. ئەوکاتە گومانی وابوو کە فرۆشتنی ئەو دارانە بۆ دروستکردنی بەرمیلی دارین بۆ بیرە ئامانە. تەنانەت بیری لەوە دەکردەوە کە لەوانەیە ئەو کارە سودێکی نێجگار گەورەی هەبێت، بەتایبەتی لەکاتێکدا لە دوای قەدەغەکردنی خواردەمەنیە مەیەکان بازاڕی بیرە و ئاوجۆ بە ڕێژەیەکی زۆر بەرچاو بەرزبووبوویەوە: سەرفکردنی زۆرترینی بیرە واتە سەرفرکردنی زۆرترین بەرمیلە بەبیرە. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە، معامەلەیەکی لەگەڵ کارگەی بیرەسازی (ئەنهیوزر بۆش) بەست لە سینت لوئیس. بڕیاردرا کاتێک ئەو دارانە لە ڕوسیاوە گەیشتن، کارگەیەک بۆ

دروستکردنی بەرمیلی بیرە لە (بروکلین) دروست بکات. پاشان بەرمیلەکان بە کەشتی دەگوازرێنەوە بۆ (سینت لوئیس) و لەوێ دەفرۆشرێن. بەڵام، ئەوە ئەدەمات بە عەقڵی هامەردا کە قەیرانی ئابوری دروست دەبێت و نرخی کەلوپەلەکان دەتەپێت، و کێبەرکێکەرەکانی بە نرخێکی کەمتر داری دروستکردنی بەرمیلیان دەست دەکەوت. نرخی دارەکانی هامەر بەهۆی ڕێکەوتنی لەگەڵ (ئەمتۆرگ) بەسترابوو، و لەم هەلومەرجەدا نەك تەنها جیاوازی نرخی کڕین و فرۆشتن لەناو دەچوو، بەڵکو پێدانەوەی ئەو سودەی کە لە پێشینەکەوە لە بانکە تازەکە وەریگرتبوو بە پشتگیری (جیکۆب شاپیرۆ)، هەموو دەکەوتە سەر ئەستۆی هامەر. بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ڕقەبەرەکان هامەر ناچار بوو نرخەکانی دابەزێنێت، دەرئەنجام نەیتوانی قەرزە ئەسڵیەکەشی بداتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمەدا هێشتا خۆی دەربەپەڕاند، و بە ئۆتۆمبێلی (روڵزرویس) واتە (ئۆتۆمبێلە تاریکە درێژەکان) دەڕۆیشت بۆ سەر ئیشەکەی، بەڵام کاتێك کە قیستەکانی بانکی شاپیرۆ و چەند بانکێکی دیکە لەکاتی خۆیاندا نەدرانەوە، بانکەکە دەستیکرد بەکارکردن و هاندانی دادگای فیدراڵی بۆ ئەوەی کۆمپانیاکەی ئەو بە شکستخواردوو لە قەڵەم بدات، ئەم بانگەشەیەش هامەری بەتەواوی لەکار دەخست، چونکە کارەکانی هەموو پەیوەست بوون بە یەکترەوە.

هامەر پێش ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو هەرەس هێنانە ببێتەوە پێشتر نزیکەی پێنج جار توشی هەمان قەیران بوو بوو، لەگەڵ ئەوەدا باوکی چەندین جار مەزەی شکست و هەرەسی چەشت بوو، و تەنانەت لەسەر قەرزیش گیرابوو. بۆیە بە ئاسانی دەیزانی چۆن هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ ئەو قەیرانە دارایانەدا، بۆیە لەم بوارە تایبەتیەدا بەحسابی ڕابردوو بە پشتی جیکۆب شاپیرۆ دەستیکرد بە ئەنجامدانی کارێك کە وەکو قومار بوو. کاتێك کە هامەر پارەکانی سۆڤیەتی بە شێوەیەکی شاراوەی دەست بەدەست پێدەکرد، شاپیرۆ نوێنەری دارایی ئەو بوو لە نیویۆرك. ناوی شاپیرۆ تەنانەت لە دیکۆمێنتەکانی گەیاندنی پارەدا بە جیکۆب مونس براوە. ئەگەر کارەکە بگاتە ئاستێکی ترسناك و شتەکان دەرکەوێت، شاپیرۆ چی دەزانێت کە هامەر تاوەکو کوێ لە دەرخستەی ئەو تۆمەتانەدا دەربدەکەوێت. تەنانەت هامەر دەتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە شاپیرۆ، نەکە هەر خۆی ، بەرپرسی ڕێکخستنی حسابەکان بووە لە پێدانەکانی بە مونس و لە ڕێگەی کەسانی دیکەی سۆڤیەتەوە شاردویەتیەوە شاپیرۆ،

بە چاوپۆشی لەوەی کە بە هاوڕێی ئەو تاوانە بزانرێت، تۆمەتبارە بە گەیاندن و دەستاو دەستکردنی پارەکان، بەڵام ئێستا بانکدارێکی سەرکەوتوو و بەڕێزە، و لەگەڵ ئەوەدا زۆر زیاتر لە هامەری لەدەستدایە.

شکاتەکەی دادگا درێژەی کێشا، هامەر دانی بەوەدا نا کە لە ساڵی ۱۹۳۲ رێککەوتنێکی لەگەڵ بانکی شاپیرۆدا ئیمزا کردوە، بەڵام بانگەشەی ئەوەی کرد ئەو لەوکاتەدا بازرگانێکی بێ ئەزموون بوە و شاپیرۆش سودی لە بێ ئەزموونی ئەو وەرگرتوە. ئەم دەعوایە هەرچەندە بەسەیر دەکەوێتە بەرچاو، بەڵام شاپیرۆ هیچ نارەزایەتێکی پیشان نەدا، چونکە نەیدەتوانی بچێتە ناو ئەو گفتوگۆیەوە، بۆیە داوەریش ڕێگەیدا بە هامەر ئێستا جارێك درێژە بدات بە کار و کاسپی خۆی و ماوەی پێدانەوەی قەرزەکانی بگۆڕێت بۆ کاتێکی دیکە.

هامەر هێشتا دەرگا بە دەرگا بەشوێن پارەی کاشدا دەگەڕا بۆ ئەوەی بیداتەوە بە (ئەمتۆرگ)، و بەشێوەیەکی زۆر زیرەکانە چارەسەرێکی بۆ کێشەکەی خۆی دۆزیەوە: هامەر توانی کۆمەڵێك لە فرۆشگاکان ڕازی بکات بەوەی کە پێش ئەوەی بەرهەمە هونەریەکانی بفرۆشن پێشەکێکی بدەنێ. لەبەرامبەردا، ئەویش خاترێکی باشیان دەگرێت و نرخەکەی کەم دەکاتەوە بۆیان. پشکی دەوڵەتی سۆڤیەتیش دەبوو پێش گەیشتنی کەلوپەلەکان و فرۆشتنیان بدرایە. پلانەکەی ئەو وەکو ڕاکێشانی چەکێکی بێ ناونیشان بوو، هەڵبەتە ئەم کارە زیاتر هامەریان لەناو قەرزدا نوقم کرد، بەڵام ئەو هەلەی دەدا بە هامەر تاوەکو دەسەرچاوەیەکی دیکەی متمانە پەیدا بکات. سەرچاوەی ئەمجارەی هامەر دامەزراوەیەکی دەوڵەتی بوو: (دامەزراوەی دارایی نۆژەنکردنەوە) کە ڕۆزڤێڵت دایمەزراندبوو بۆ ئەوەی هاوکاری ئەو بازرگان و کەسە زیان لێکەوتوانە بکات کە لەو قەیرانە ئابوریەدا توشی شکست بووبوون. هامەر داوایەکی (٥٠) هەزار دۆلاری کرد لەو دامەزراوەیە. هەرچەندە قەرزی دراکەوتووی ئەو بە سۆڤیەتەکان لە دەفتەرەکانیدا نابینرێت، لەگەڵ ئەوەدا (دامەزراوەی نۆژەنکردنەوە) سەرەتا خواستەکەی بەهۆی کەمی بەهای پاکەوە ڕەفز کردەوەو، بەڵام دوای ئەوەی کە لەسەر کاغەز بەهای کاڵاکانی گەلەریەکەی بەڕێژەیەك دوەمی، توانی ئەوەندە زۆر بنوسێت کە قەناعەت بکات بەو دامەزراوەیە ئەو ڕێژەیەی کە داوایی کردوە زۆر کەمترە لەو بەرهەمە پاکەی کە هەیەتی بۆیە ئەو دامەزراوەیە قەناعەتی بەوە کرد کە ڕێژەیەکی بە

بڕی (٧٥) هەزار دۆلاری بداتێ. بەم ڕێگەیە نەك هەرتوانی لەناو بازنەکەدا بمێنێتەوە بەڵکو ئەو پارەیەی کە لە دامەزراوەیەکی ئەمریکی بەدەستی هێنا خستیە بەردەم ئەمتۆرگ کە ئەوکاتە سەرچاوەیەکی سەرەکی سیخوڕی سۆڤیەتی بوو لە ویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکادا.

* * *

هامەر، سەرەڕایی هەموو کێشە داراییەکانی، خۆی بە سەرمایەدارێکی زۆر سەرکەوتوو دەزانی. هامەر هەمیشە لەگەڵ ڕۆژنامەنوسەکان و پەیامنێرە هەواڵییەکاندا پەیوەندییەکی زۆر نزیك و ئاسایی هەبوو. دەیزانی چۆن بەشەکانی چیرۆکێك و بەسەرهاتێك باس بکات بۆیان و دڵیان بەدەست بهێنێت. نەك هەر چیرۆکە ڕەنگاو ڕەنگەکانی، بۆ پەرەسەندنی بەهای (گەنجینەی شایانەکانی) وتبوو بەرۆژنامەنوسەکان، لەگەڵ ئەوەدا بەهیچ شێوەك ڕووبەڕووی ڕەخنەی ڕۆژنامەکان نەدەبوویەوە، بەڵکو ئەم چیرۆکانە بەرە بەرە ڕۆیشتبوونە ناو سەرچاوە سەرەکییەکانی ڕۆژنامەکانەوە و بووبوونە بەشێك لە پارێزەری سەرچاوەی هەواڵی ڕۆژنامەکان. بۆنمونە، چیرۆکێکی بە قازانجی خۆی (بەڵام ناڕاستی) لە گۆڤاری (تایم) کە چۆن کۆمۆنیستەکانی هەڵخەڵەتاندوە و (هەموو بەرهەمە باشەکانی دارەکانی ڕوسیا، ئەوانەی کە لەژێر هەوای ئازاددا وشکبوون بە زیرەکی خۆی لە مۆسکۆوە هێناون بۆ ئەمریکا و لەژێر چنگی ئەوانەدا دەری هێناون) (١١)، بەم شێوەیە، کاری بەرمیلسازی خۆی، کە لەڕاستیدا لەسەرەتای هەرەسهێناندا بوو، بە سەرکەوتنێکی گەورەی لەقەڵەمدا. ئەم جۆرە چیرۆکانە دوو قازانجی هەبوو یەکێکیان پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ سۆڤیەتیدا باشتر دەشاردەوە و ئاڵۆزتری دەکردن، و لەلایەکی دیکەشەوە خەڵکی ئاڕاستەی خۆیان دەخستە سەر شتێکی دیکەی و نەیاندەزانی کە خەریکە بەرەو قەیران دەڕوات، و خۆیشی خەریك دەکرد بە مەسەلەیەکی دیکەوە.

مۆسکۆ بێ گومان حەزی لەوە بوو کە هامەر بە سەرمایەدارێکی سەرکەوتوو بەرچاو بکەوێت. هەر لەبەرئەوەش بوو کە سۆڤیەتیەکان یەکەمین پێشانگای گەورەی هونەری ڕوسیایان لە ئەمریکادا لە گەلەریەکەی ئەودا پێکهێنا و متمانە و پێگەی ئەویان زۆر بەرز کردەوە. گرنگی ڕاگەیاندنەکان بە هامەر لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٣٣، کە کاتێك باسی ژیانی ئەو بە درێژی لە گۆڤاری (نیویۆرك)دا بلاوکرایەوە، گەیشتە

ترۆیکی خۆی. بابەتەکە باسی ئەوە دەکات کە چۆن هامەر (بە کڕین و فرۆشتنی گەنم، پێستی دەڵەک، قەڵەم، کەلوپەلی نیداری، کانزا خامەکانی وەکو کافور، کلرۆفۆرم، دەزگای نوسین، هەروەها تراکتۆر، دەزگای کارگەکان، دەزگای هەلکەندنی چاڵە نەوتەکان، پەموو، بەرهەمە هونەریە بەنرخەکان و داری دروستکردنی بەرمیلی بیرە، توانیویەتی سامانێکی زۆر گەورە کۆبکاتەوە) ناوی ئەم شتانە هەموو لە کتێبی (گەران بەدوایی گەنجی رۆمانوف)دا وەرگیراوە. گۆڤاری (نۆیۆرک) هامەری بە (خاوەنکارێکی) پڕ لە هەیجان بەلام جدی وێناکرد:

(هەموو رۆژێک بە (رولزرویسە)[1] کۆنەکەی خۆی لە شوقەکەی لە جادەی پێنجەم دەڕوات بۆ کارخانەکەی لە (بروۆکلین)، و ئەوەندە مەشغوڵە زۆرجار فریا ناکەوێت بچێتە سەر جێگە خەوەکەی..... زۆر حەز دەکات بۆ بەسەربردنی کاتی خۆش، هاوڕێ و دۆستەکانی بانگهێشت بکات بۆ ماڵەوە، و جلوبەرگی ساقی لەبەر بکات، و بەدرێژایی شەو لەپشتی بارەکەیەوە بوەستێت و ساردی و شەراب بنۆشێت)

کاتێک ناوداری هامەر زیاتر بەرز دەبوویەوە، بەشوێن بەرزبوونەوەی پێگەی زیاتردا بوو. تەنانەت لەو ساڵانەی قەیرانی ئابوری، کە هامەری تاوەکو لێواری هەرەسهێنان و ریسوایەکی تەواو بردبوو، لەو باروودۆخەدا لەبیری ئامانجێکدا بوو کە ئەگەر سەری بگرتایە ئەوی دەگەیاندە ترۆپکی دەسەڵات لە ئەمریکادا. لەڕاستیدا یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو لەو کارەدا ئەوەبوو کە هەرچی کردبێت ببێتە راوێژکاری سەرۆک کۆماری ئەمریکا. رێگەی زۆر پێچاوپێچی گرتە بەر بۆ گەیشتن بەو مەبەستە. لە رێگەی کوڕەکانی رۆزفێلتەوە دەستی بەو کارە کرد. وەکو چۆن باوکی بە پشتی تروتسکی، کوڕەکەی هێنری فۆردی هاندا بۆ ئەوەی بڕوات بۆ مۆسکۆ، هامەریش ئێستا مامەلەیەکی رێکخستبوو بۆ ئەوەی کوڕەکەی رۆزفێلت، (ئەلیوت) بۆ کارێک

---

[1] رولزرویس: ئەمە جۆرە سەیارەیەکی درێژە کە زیاتر لە ئەمریکادا هەیە و بەزۆری دەوڵەمەندەکان و ناودارەکان پێیانە

سەردانی ڕوسیا بکات. هەلومەرجی مامەڵەکە ئەوەندە هاوکار بوو کە ئەلیوت بەهیچ شێوەیەک نەیتوانی خۆی بەدوور بگرێت لەو پێشنیارە: مامەڵەکەش ئەوە بوو ئەگەر (ئەلیوت) هاوکاری بەرپرسەکانی سۆڤیەتی بکات و بتوانێت مامەڵەیەک بۆ مۆسکۆ ڕێکبخات ئەوکاتە یەکێتی سۆڤیەتی پەنجا فڕۆکەی سەربازی، بە ڕوکەش بەناوی فڕۆکەی نەقڵ هەڵگر لە ئەمریکا دەکڕێت، پاشان بڕی ٢٥ هەزار دۆلار دەدرێت بە دەست حەقی (ئەلیوت)، لەبەرامبەر ئەو مامەڵەیەدا کە ڕێکی دەخات، لە ڕاستیدا ئەم بڕە پارەیە لە سەروبەندی ئەو قەیرانە ئابوریەدا پارەیەکی زۆر زۆر بوو. (١٢) جێبەجێکردنی ئەم کارە بە جۆرێک بوو دواتر یەکێتی سۆڤیەت زۆر بەشوێن ئەو مامەڵەیەوە نەبوو، بەڵام هامەر دەرگایەکی زۆر بەهێزی پەیداکرد بۆ خۆکەیاندنە لای سەرۆک ڕۆزفێلت.

وەرزی نۆیەم

گەڕان بەدوای خانوێکی شایستەدا

هێشتا سێ ساڵ تێنەپەڕی بوو لە مانەوەی لە ئەمریکادا، هامەر جەستەیەکی بازرگانی پارەدار و تەمەن وەستانی میان ساڵی پەیدا کردبوو. سی و حەوت ساڵ زیاتر نەبوو، بەڵام هیچ جۆرە پاشماوەیەکی گەنجی لە شێوەیدا نەمابوو. خەریک بوو بەرە بەرە پان دەبوو، و قژەکانی پێشەوەی سەری بەرەو دواوە دەڕۆیشتن. بۆ ئەنجامدانی هەرکارێك دەبوو وزەیەکی زۆر تەرخان بکات و هەوڵێکی زۆر بدات.

هامەر لە ڕۆڵی تازەی خۆیدا پێویستی بە هاوسەرگیرێکی گونجاوتر هەبوو. ئۆلگای جوان و پڕ لە وزە بۆ ڕوسیا بەکەڵك دەهات، بەڵام سەرکەشیە ڕوسیەکانی ئەو، بیروباوەڕە ئەناسراوەکانی لەبارەی سیاسەتی ئەمریکا، مەیخواردنەوە بێ سنورەکانی، لەگەڵ ئەو ژیانە تازەیەی کە هامەر دەیویست دروستی بکات یەکی نەدەگرتەوە. لەساڵی ١٩٢٥ هامەر خانویەکی بچوکی لە (هایلەند فالن) لە ناوچەی هەشتا کیلۆمەتری شاری نیویۆرك کڕی و ژنەکەی واتە ئۆلگا و کوڕە شەش ساڵانەکەی جولیتی نارد بۆ ئەو ماڵە و بەشێوەیەکی کرداری ڕزگاری بوو لە دەستیان. کاتێك دایك و منداڵەکەی دەڕۆیشتن، هامەر باسی ئەوەی کرد بۆ کوڕەکەی ئەو و دایکی دەڕۆن بۆ شوێنێك کە ئاسودەترن چونکە لەوێ کۆمەڵێك خەڵکی ڕوسی زمان هەیە دەژین. ئاڕاڵەیەك وەکو ئەوە بوو کە خێزانەکەی لەو شوێنە دوورەدا عەمباری دەکردن تاوەکو ئەگەر بڕیاریاندا بگەڕێنەوە بۆ ڕوسیا ئامادەبن.

ژیانی ڕابردووی ئارمەند هامەر لە ڕوانگەی سۆزداریەوە پێستی ئەوی ئەستور کردبوو، و ئامادەی بەرگری بوو لەبەرامبەر ئەو لێدانە دوژمنکارانەی کە بەرامبەری

ئەنجام دەدرا. هەرەس هێنانی باوکی و فێڵ و تەڵەکەبازییەکانی دواتری شاردنەوەی پاشماوەی دارایەکانی خێزانەکەی لە لێکۆڵەرەوانی دادگا، دیارنەمانی کاتی باوک و دایکی کاتێک پۆلیس لەبارەی پەیوەندییە سیاسییەکانی ئەوانەوە دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە و ناچاربوون ئەمریکا بەجێ بهێڵن، زیندانیبوونی باوکی لە سینگ سینگ، لەوانەیە هامەر لەژێر ئەم لێدانانەدا لاوازی پیشان دابێت، وەکو ئەوەی کە براکانیشی ئەو لێدانەیان بەرکەوت، بەڵام دەرەئەنجام ئەمانە هەموو بوونە پەردەیەکی ئاسنین بۆ پارێزگاری هامەر کە ئیدی هیچ جۆرە ئازار و سۆزێکی ئاسایی نەیدەتوانی هامەر تێکبشکێنێت. ئەمەش جۆرێک بوو لە هێز و توانایی. دەیتوانی زەرەیەک بەزەی نەبێت. تەنانەت دەیتوانی لەبارەی خۆیشیەوە گوێ نەداتێ: خەڵکی نامۆ و غەریبە تەنها ئەو شتەیان دەبینی کە ئەو دەیویست بیبینن. لەکاتێکدا کە هاوڕێ سۆڤیەتیەکانی دەیانتوانی ئەوەی کە لەگەڵ سۆڤیەتیەکاندا هەی بوو ئاشکرای بکەن، شمشێری داموکلسی بەڕاستی لەسەر سەری هەڵواسرابوو. بەڵام بەرگە ئاسنینەکەی ئەو توانایەی پێ دەبەخشی کە بەجۆرێك هەڵسوکەوت بکات کە گوایە ئازادە. پەیێ گرنگی بە هەر جۆرە پەیوەندیەکی سۆزداری لەگەڵ خەڵکانی دیکە، ئاگاداری هەستی خۆی دەبوو، و هەموو معاملەیەکی بە سودی خۆی تەواو دەکرد.

هامەر تینوی ناسینی کۆمەڵایەتی بوو. هەرچەندە لە هەوڵدنەکانیدا بۆ ناسینی خۆی زۆرجار توشی قەیرانی گەورە دەبوو، بەڵام بەردەوام هەوڵیدەدا خۆی بەکەسێکی گەورە و ناودار لەقەڵەم بدات، تەنانەت ئەگەر ئەو پەیوەندیانەشی بێ مانا بن، بەردەوام ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ خەڵکانی پلە بەرز و ناوداردا گەورەی دەبەخشی بەو. بۆ نمونە، هامەر چەندە ئەرکی خستە بەردەمی خۆی تاوەکو ببوە هاوڕێی هونەرمەندی ناسراوی ئەمریکی (هۆلین هین). دوای ئەوەی کە (هێلن) ڕۆڵی مێری شاژنی ئوسکەتلەندنی، لە هۆڵێك لە نیویۆرك، بینی، هامەر لە دامەزراوە هونەریەکەی خۆی چەندین کتێبی هەڵبژارد بۆ ئەو خاتونە و پێشکەشی کرد. لەکاتی پێشکەش کردنی کتێبەکانیدا لەنامەیەکدا دەنوسێت، یەکێك لەو کتێبانە موری شەخسی تەزارەکانی پێوەیە (ئەم مۆرە سۆڤیەتیەکان دەیاندا لە شتەکانیان و دەیاننارد بۆ هامەر بۆ ئەوەی بەهای شتەکانیان بەرز ببێتەوە). کچەکە لە نوسینی یادداشتەکانیدا باسی دەکات و سوپاسی دەکات. لە ١١ مارسی ساڵی ١٩٣٦، دوای

گەیشتنی کۆمەڵێک گوڵی سور و خەڵات بۆ ژوری خۆگۆڕینی کچەکە، هامەر خۆی دەڕوات بۆ هۆڵەکە، و جلی ڕەسمی لەبەر دەکات و کڵاوی ئاوریشمینی ئۆپێرا دەکاتە سەری. دواتر لە (دەفتەری یادداشتەکانیدا) باسی ئەو دیدارانەی کردوە. هەرچەندە لەو سەردەمەدا دەفتەری یاداشتی ڕۆژانەی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک نەبوو. باسکردنی ئەم هونەرمەندەش لەلایەن هامەرەوە وەکو هەمان شێوازی پیاهەڵدانەکان و چاوپێکەوتنەکانیەتی لەگەڵ لنین، تروتسکی و هێنری فۆرد دا، هامەر لەشوێنێکدا دەڵێت: (تەنانەت نمە نمی بارانیش نەیدەتوانی حاڵەتی شادی و هەیجانی من کەم بکاتەوە).

چاوەکانی هێلین هیز، بە بۆچوونی ئەو یەک بەیەک دەگەڕا بەناو بینەرەکاندا بەڵام کاتێک گەیشتە لای من وەستا، ڕێک هەمان ئەو وێنایەی کە لە بارەی ئۆلگا بۆ یەکەمینجار لە ڕوسیا بینیبووی. دوای کۆتایی هاتنی نمایشەکە دەڕوات بۆ ژوری خۆ ئامادەکردنەکەی هێلین، لێرەدا خۆی زۆر بەکاریگەر دەزانێت لەبەرامبەر ئەو نمایشانەوە. کچەکە خەریکی خۆ گۆڕینە و لە پشتی پەردەکەوە قسەی لەگەڵدا دەکات. پاشان بۆ خواردنی نانی ئێوارە و شامپانیا دەڕۆن بۆ (مزون روسی) بۆ هۆتێلی (سینت رجیس). بە قسەی هامەر، کچەکەی پێی دەڵێت زۆر کەوتومتە ژێر کاریگەری ئەو بەرهەمە هونەریانە. ئەمە یەکەمجار و دواهەمین جار بوو کە ئەو دووانە پێکەوە ڕۆیشتنە دەرەوە، ئیدی دوای ئەوە لەناردنی گوڵ و خەڵات هیچ باسێک نەبوو. چونکە پێویستی نەبوو: گرنگ ئەوە بوو ئەو توانی ئەم چاوپێکەوتنە سەرکەوتوو ئامێزە ئەنجامبدات. ئەم چاوپێکەوتنەی هیلین هیز، وەکو چاوپێکەوتنەکەی لنین و تروتسکی و فۆرد، پەیوەست دەبێت بە مێژووی ژیانی هامەرەوە و بە زیندووی دەیهێڵێتەوە. (١)

ئارەزوی هامەر ئەوە بوو کە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی بەرزبکاتەوە ئەمەش بەزووی جێبەجێ کرا. لە ساڵی ١٩٣٨، لە داتیشتنێکی ئەدەبیدا، سەردانی جێگرەکەی ئۆلگای کرد. (ئەنجیلا کێری زول) سی و پێنج ساڵە، ساڵێک گەورەتر بوو لە ئۆلگا. وەکو ئۆلگا لە ساڵی ١٩٢٥، ئەم ژنە هاوسەری پیاوێک بوو کە دەیویست تەڵاقی لێ هەڵگرێت. ئەنجیلاش گۆرانیبێژێکی زۆر سەرکەوتوو بوو، بەڵام بەپێچەوانەی ئۆلگاوە ئەو لە پەیمانگای کلاسیکدا خوێندبووی، و هونەرە جوانەکانی

مۆزیکی (بیستنی) تەواو کردبوو، و بە فەرەنسی و ئیسپانی و ئیتالیی گۆرانی دەوت. لە خێزانێکی ناسراوی ئەمریکی بوو و لەگەڵ پۆزڤێلتەکان و گروپە کۆمەڵایەتیە بەرزەکان هاتووچۆی هەبوو. خاتون لە (ڕید بێنك) لە نیوجیرسی خاوەنی کێڵگەیەکی گەورە بوو. تایبەتمەندیەکانی ئەو ژنە بەخێرایی قورگی هامەریا گرت. وەکو ئەوەی کە دواتر نوسی: (ئەو لە ئاهەنگە گەورەکاندا هاتن و ڕۆیشتنی هەبوو، لە میوانی، دانیشتنەکانی ئێواران، شانۆکان، سەفەرەکان و دانیشتنە خانەدانیەکان خۆشی دەهات) هامەر (زۆر بەشێوەیەکی سەیر عاشق و حەیرانی ئەو بوو). بەبێ دواکەوتن پەی بەوە برد کە دواتر دەنوسێت، (ئەمە پەیوەندیێکی زۆر جدی دەبێت). (٢)

هامەر تازە پێی خستبوویە تەمەنی چل ساڵیەوە. قژەکانی خەریك بوو کاڵ دەبوونەوە، و دەمووچاوی بەرە بەرە ئاڵۆزیەکانی ژیانی دەخستەڕوو. بەڵام زۆر باش شارەزای ئەوە بوو کە بەباشی فێڵ و تەڵەکەبازی و عیشقبازی بکات. دەستیکرد بە هێرشکردن بە دەستە گوڵی جوان، بەرهەمە گەنجینەکان، و فەرمووفەرمووی ماستاوچیانە. کاتێك زانی ئەنجیلا لە پێکدادانێکی ئۆتۆمبێلدا توشی گوێ قورسی بووە، کەوتە سەر ئەوەی کە هەوڵبدات چارەسەرێکی ئەو کێشەیەی بکات.

ئەم کارانەی بێ دەرەئەنجام نەبوون. لەماوەی کەمتر لە یەك ساڵ، ئەو بووە هاوسەری هەمیشەی ئەنجیلا، هەرچەندە هێشتا ماڵی بچوکی (گرینچچ ویلج)ی شەوانەی هەبوو لە نیویۆرك، بەڵام زۆربەی کاتەکانی خۆی لە شا گوندی نیوجێرسی دەگوزەراند. بە سودوەرگرتن لە نرخە کەمەکانی زەویە کشتوکاڵیەکان لە سەردەمی قەیرانی ئابووریدا، ئەنجیلای هاندا بوو تاوەکو ڕەهەن وەربگرێت و موڵکی زۆر بکڕێت. بە سەرپەرشتی ئەو، و پارەی ئەنجیلا، دورگەی ئاسی، کە ناوی شاژنێك بوو، نزیکەی دوو ملیۆن مەتر چوار گۆشە بوو، هامەر بووبە خاوەنی.

هاوڕێ کۆنەکانی هامەر لە گۆڕانە لەناکاوەکەی ئەو زۆر سەریان سوڕ دەما. بۆ نمونە، (لوبا ئەلیانۆف)، کە لە مۆسکۆداخەریکی فێرکردنی وانەی ڕوسی بوو بەخێزانەکەیان، هامەری بە گەنجێکی بێ ئەزموون و بێ ئەزاکەت ناو دەبات. بەڵام کاتێك ئەوی لە دوورگەی ئاسی بینیەوە، هامەر جلی ڕەسمی لەبەرکردبوو، بە دەنگێکی خۆ بەگەورەزان و زمانێکی ویلایەتی ناوەند قسەی دەکرد، و شێوە و خواردنی بەتەواوی گۆڕا بوو. ناو و نیشانی خانەدانەکان و چینە ئەجیبزادەکانی

بەشێوەیەك دەمێنایە سەر زمانی كە گەوایە بەشێكە لەوانە. (ئەلیانۆف) هەوڵدەدات باسی هەندێك لە دۆست و هاوڕێ كۆنەكانی مۆسكۆی بۆ بكات، بەڵام هامەر وەكو وێنەیەك سەیری قسەكانی دەكات، وەكو بڵێی ئەوە یەكەمجارە ئەو بناسێت.

كچەكە هەواڵی ئۆلگا و جواین دەپرسێت، و هامەر دەڵێت لێرە نەماون و باریان كردوە. ئەمجارە ناردبوونی بۆ لۆس ئەنجلس، و ئەو دایك و كوڕە لەو شارەدا خەریكی ڕێكخستنی ژیانێكی تازە بوون بۆ خۆیان. (ئەلیانۆف) نزیك بوو لەگەڵ باوكی هامەردا، بەڵام ئارمەند زۆر حەزی نەدەكرد لەبارەی باوكیشیەوە قسە بكات، تەنها وتی باوكی لە ئەوروپادا ژیان بەسەر دەبات لەگەڵ هاوسەرەكەیدا و جارجارێكیش سەفەر دەكەن بۆ وڵاتەكانی كەناری بەڵتیك. خۆ بەهیچ شێوەیەك باسی براكانی نەكرد، لەڕاستیدا هامەر بەتەواوی خۆی دابڕی بوو لە ڕابردووی وەكو بڵێت كەسێكی دیكەیە و هیچ پەیوەندی بەو مەسەلانەوە نیە كە ئەلیانۆف باسیان دەكات. (٣)

* * *

سەرەڕایی پەیدابوونی ئەو متمانە و پێگە تازەیەی ئارمەند هامەر، هێشتا ئەددگار هوور، هامەری لەبیر نەچووبوویەوە. لە ناوەڕاستی دەیەكانی ١٩٣٠، لەهەواڵگرەكانی ئێف بی ئای لە یەكەی جنائیدا ڕاپۆرتێكیان پێگەیشت كە ئەوە دەخاتە ڕوو كە هامەر لەچەندین داروەدەستەی سەرەكی قاچاخی مەشروباتی مەی خواردنەوەدا دەستی هەیە. سەرچاوەی گرنگی ڕاپۆرتەكانی ئێف بی ئای دەرخەری پەیوەندیەكانی هامەر بە دروستكردنی مەیسازی (كینگن) بوو لە (بروكلین). كۆمپانیای بەرمیل سازی هامەر بە ڕووكەش وەسڵی ساختەكاری پەیوەست بە بەرمیلی خاڵی و خزمەتگوزاری دیكە دەخاتە بەردەم كارگەی مەی سازیەوە. لەو ڕاپۆرتەدا دەركەوتوە كە هامەر هاوكاری ئەو كارگەیەی (كینگن) دەكات و بە شێوەیەكی نائاسایی پارە پەیدا دەكات، و بەرژەوەندیەكانی دەشارێتەوە، پارەكانیشی دەست بەدەست دەكات. هەرچەندە گومان هەبوو لەسەر پەیوەندیەكانی هامەر لەگەڵ ئەو كارخانەی مەیسازانەدا، بەڵام هەڵسوكەوتە گوماناویەكان و پەیوەندیەكانی لەگەڵ كەسانی گومانلێكرا هەموو دەرخەری ئەوە بوون كە بەڕاستی دەستێكی ڕاستەوخۆی هەیە لە ئەنجامدانی ئەو كارانەدا، نەك هەر ئەو كارانە بەڵكو هەموو ئەو سەرچاوانەی كە پارەیان لێوە پەیدا دەكرێت.

بەهەرحاڵ ئێف بی ئای لایەنێکی بەهێزی لە کڕین و فرۆشتنی ئەو بەرمیلانەدا دەرخست. لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٣٩، هەواڵ گەیشت کە هامەر هەوڵدانێکی هەیە لە کارگەیەکی مەی دروستکردنی گەورەدا، بەناوی (شنلی ویسکی) بەرمیلی بەکارهاتوو (بە ڕێژەیەکی زۆر زیاد)، و بە بەهای پارەیەکی زۆر زیاتر لە بازاڕ بکڕێت. کەواتە، ئەگەری ئەوە هەیە، لە شوێنی دیکەشدا بەرمیل بکڕێت. لەحاڵەتێکدا کە ئەدەکرا ئەم بەرمیلانە بە قازانج بفرۆشرێنەوە بە مەی دروستکەرەکانی دیکە، گومان لەسەر ئەوە بوو کە هامەر لە ڕێگەی کۆمپانیای ساختەوە لە مەکزیک ئەم بەرمیلانە بە شارلوەی دەنێرێت بۆ هێزە دەریاییەکانی ئەڵمانیا. چونکە ئەڵمانیا لەو سەردەمەدا لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنسا لە شەڕدا بوو، و بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەمارۆ دەریاییەکان، هەوڵیەدا لە مەخزەنەکانی کاراییبی نەوت هەڵگرێت و کەشتیە ژێر دەریاییەکانی لەوێدا سوتەمەنی وەرگرن. ئەڵمانیا خوازیاری نەوتی مەکزیک و بەرمیلی دارین بوو بۆ کردنە ناویان. (٤)

پەیوەندی بازرگانی هامەر لەگەڵ ئەڵمانیادا لە ساڵی ١٩٣٩ ڕوون نەبوو، هەرچەندە ئێف بی ئای دەیزانی کە بارکی کە (ناوی لە ڕاپۆرتەکاندا دەهات) هێشتا نوسینگەیەکی لە بەرلیندا هەیە، چوار مانگ پێشتر ڕێککەوتنامەی (مولۆتۆف، ڕۆیب نترۆپ) ئیمزاکرا، و ئیستالین چووە ناو هاوپەیمانیەتێکی سەیرەوە لەگەڵ ئەڵمانیادا کە یەکێك لە بڕگەکانی ئەو ڕێککەوتنە بریتیە لە هاوکاری نهێنیانە لە نیوە گۆی ڕۆژئاوادا، ئێف بی ئای هەواڵی هەبوو کە کارمەندانی سۆڤیەتی لە ئەمریکا لە عەمەلیەی زۆر ئاڵۆز و نهێنیدا لەگەڵ سیخوڕە نادیارەکانی ئەڵمانیا هاوکاری دەکەن. دەوڵەتی ئەمریکا، بە فەرمانێك، هەموو کارەکانی ڕێکخراوی بازرگانی سۆڤیەتی (ئەمتۆرگ) ی لە نیویۆرکدا وەستاند. (٥) (ئەمتۆرگ) سەرچاوەی زۆرترینی هاوردەنی دارایەکانی هامەر بوو، بەڵام ئایا بەپێی ئەوەی کە هامەر ناردبووی بە شوێن بەرمیلی بەکارهاتوودا لە بازاڕدا هامەر بەشێك نەبوو لەو پلانە نهێنیە نایاسایەی ناردنی کاڵا بۆ گەمارۆ دراوەکانی هیتلەر و ئەم بەرمیلانە نانێرێت بۆ مەکسیك؟ ئەگەر ئەمەشی دەکرد، ئایا ئەمە ئامادەکردنی قۆناغێکی تازە بوو لە هاوکاریکردنی سەرچاوە شاراوەکانی سۆڤیەتی و ئەڵمانی لە ئەمریکادا؟

له ۱۰ فێبریوەری ساڵی ۱۹٤۰، هوور زانیاری خۆی لەبارەی هامەرەوە بۆ سەرۆکی زانیاری هێزی دەریای، و جێگیری بنکەی زانیاری سەربازی سوپا، بە ناوی (جی-۲)، و جێگری وەزارەتی دەرەوە، کە ئەو کاتە بەرپرسی هاوئاهەنگیکردنی زانیاری پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەی بوو نارد. دوای روونکردنەوە ستراتیژی ناسراوی ئەڵمانیا بۆ ئامادەکردنی گەنجینەی شاراوەی پەرمیلی نەوت لە ناوچەی کارائیب، دەڵێت، (بەردەوام زانیاری دەگات و باسی ئەوە دەکات هەندێك کەس لە (کۆمپانیای هاوکاری هامەر) لە میلیتۆن نیوجێرسی، لەگەڵ کارمەندەکانی کۆمپانیای شینلی پەیوەندیان کردوە و نرخی زۆر بەرزتر لە رادەی ئاوەندی خۆیان پێشنیار کردوە بۆ کرینی بەرمیلە بەکارهاتوە ویسکیەکان)(٦)

هامەر، ئەگەری هەیە، سەرەرایی بەکارهێنانی بەرمیلەکانی خۆی، لە کۆمپانیا مەیسازەکانی دیکەش بەرمیلی بەکارهاتووی دەکری. ئێف بی ئای پەیوەندی کرد بە کارمەندەکانی شینلی یەوە، بەڵام هەموویان نینکاری ئەوەیان کرد کە گوایە بەرمیلیان تەحویلی هامەر دابێت. لەحاڵەتێکدا کە فرۆشتنی بەرمیلی بەکارهاتوو بۆ مەکزێك پێچەوانەی یاسای ئەمریکا نەبوو، ئێف بی ئای لە ساڵی ۱۹٤۰ دۆسیەی زۆر خێراتری لەبەردەستدا بوو بۆ لێکۆڵینەوە، بۆیە دۆسیەی هامەر کرداریەن داخرا.

سەرەرایی ئەوە هامەر کێشەشی هەبوو لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا. کێشەکەی بۆ ساڵی ۱۹۳۲ دەگەرایەوە ئەو کاتانەی کە وەزارەت سەرسەختانە رێگری دەکرد لەوەی کە جەولەکەی بۆ تازە بکەنەوە و هەروەها رێگەیان لەسەفەرەکانی گرتبوو بۆ دەرەوە. وەزارەت هۆکاری رێگەگرتنی دەرەوەیان نەدەوت بە هامەر. بەڵام ئەمەش بەهۆی ئەو راپۆرتە زانیاریانەوە بوو کە دەدران لەسەر هامەر، بەتایبەتی ئەو راپۆرتانەی کە لەبەریتانیاوە دەگەیشتن و هامەریان تاوانبار دەکرد بەوەی کە سەرچاوەی گەیەنەری پارەیە بۆ سۆڤیەتە ژێر زەمینیەکان لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا.

بەهەر شێوەیەك بوو، ئەم راپۆرتانە هەموو لە دۆڵابەکانی دەزگا جیاوازەکاندا پەرش و بڵاوبووبوونەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەموو راپۆرت و هەواڵە نهێنیانە نەبوونە رێگر لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی خێرای هامەر، عیشقبازیەکەی لەگەڵ ئەنجیلا و هەوڵەکانی بۆ دەست پێراگەیشتنی فرانکلین دی رۆزفێڵت.

وەرزی دەیەم

چاوپێکەوتنی پێنج خولەکی

لە بەهاری ساڵی ١٩٤٠، ئیستالین ئاگاداری پێشکەوتنی بەرچاوی بروسک ئاسایی سوپاکانی هیتلەر بوو لەسەرتاسەری ئەورووپادا. بە پێچەوانەی جەنگی جیهانی یەکەمەوە، کە سوپاکانی هەردوولا چەندین ساڵ لە بونبەستدا چەقیبوون لە قوڕدا، بەرگری هاوپەیمانەکان ئەمجارە لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا تێکوپێک شکێنرا بەسەر یەکدا. تاوەکو نیوەی جێنیوەری، وڵاتەکانی نەرویج، دانیمارک، بەلجیکە هۆڵەند، لۆکزەمبۆرگ، و فەرەنسا خۆیاندا بەدەستەوە. زۆربەی ئەورووپای ڕۆژهەڵات لە ژێر دەسەڵاتی نازیەکاندا بوو. تەنها وڵاتێك کە دژی کارە سەربازیە فراوانخوازیەکانی هیتلەر بوو بەریتانیای گەورە بوو، بەڵام سوپای ئەم وڵاتەش دوایی بەجێهێشتن و چۆڵکردنی دۆنکریك، بەتەواوی تێکچووبوو بەسەر یەکدا.

ساڵێك پێشتر کاتێك ئیستالین پەیماننامەی ناگربەستی ئیمزاکرد، نەیدەتوانی پێشبینی ئەوە بکات کە هیتلە تەنها بە چەند هەزار قوربانیێك لەماوەیەکی کەمدا هاوپەیمانەکان بشکێنێت. زاڵبوونی هیتلەر بەسەر ئەورووپادا ئیستالینی خستە ناو مەترسیەوە. هیتلەر مەبەستەکانی خۆی لە (نەبردی من) (mein kampf) دا ڕوونکردبوویەوە، و لەناوچوونی دەوڵەتی سۆڤیەتی بۆ ئەڵمانیا کارێکی زۆر پێویست و گرنگ بوو.

کێشەکە بۆ ئستالین نیەتی چاکەی هیتلەر نەبوو بەڵکو خشتەی کاتی ستراتیژی ئەو بوو. ئایا هیتلەر لە توانایدا هەیە لە یەك کاتدا لە دوو بەرەدا شەڕ بکات؟ ئەگەر،

بەو شێوەیەی کە ژەنراڵەکانی ئیستالین بڕیان لێدەکردەوە، توانایی ئەم کارەی نەبێت، دەبێت سەرەتا بەریتانیا بشکێنێت تاوەکو بتوانێت هێرش بکاتە سەر ڕوسیا. بە مانایەکی دیکە هەرچی بەریتانیا زیاتر بتوانێت درێژە بە جەنگەکە بدات، ئیستالین کاتێکی زۆرتری دەبێت بۆ ئەوەی دووبارە هێزی سور ئامادە و تەیار بکاتەوە بۆ هێرشکردنە سەر ئەڵمانیا. لەگەڵ ئەوەدا هەرچەندە بەپێی ڕێککەوتننامەی ئاگربەستی نێوان ڕوسیا و ئەڵمانیا دەبوو ئستالین بەهیچ شێوەیەك هاوکاری دوژمنەکانی هیتلەر نەکات، بەڵام ئستالین ئیدی زۆر حەزی دەکرد پەیوەندیەکانی لەگەڵ بەریتانیا دروست بکاتەوە و هاوکاری جدی یەکتری بکەن. بەڵام لەبەرئەوەی تەنها وڵاتێك، کە ویلایەتە یەککرتوەکانی ئەمریکا بوو، توانایی هاوکاریکردنی بەریتانایی هەبوو، ئەم وڵاتەش هێشتا بێ لایەن بوو، ئیستالین حەزی دەکرد ڕۆزفێڵت هان بدات بۆ ئەوەی بەریتانیا بپارێزێت. هامەر لەم ڕووداوە جیهانی و یاریە ترسناکەدا ڕۆڵێکی سەیری گێڕا.

هامەر بە شەوێك، لە بازرگانی تایبەتی هاوردەنی کارە هونەریەکان و دارەکانی بەرمیل سازی لە ڕوسیای ئستالینەوە، کارەکەی گۆڕی بۆ شەڕی جیۆپۆلۆتیکی، و هەوڵدانی بەدەستهێنانی خێرای ئەمریکا بۆ بەریتانیا. لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکانی پڕ کرد لە بانگەشەی ڕیکلامی بۆ هاوکاری بەریتانیا. پارەیدا بە گروپەکانی فشاری لایەنگیری بەریتانیا لە ئەمریکا واتە لۆبی بەریتانی. دامەزراوەیەکی پەیوەندی گشتی دامەزراند تاوەکو لەم زەمینەیەدا چالاکی ئەنجامبدات. هامەر تاوەکو ئەوکاتە بەردەوام دەرگیری کارە سیاسیەکانی پشتی پەردە بوو. هیچ کاتێك بەو ئاشکرایە نەچووبوویە ناو کرداری سیاسەتەوە بەشێوەیەکی ئاشکرا، تەنانەت کاتێك کە باس گەرم بوو لەسەر ئەوەی کە ئەمریکا دەیەوێت ڕوسیای سۆڤیەتی بەشێوەیەکی ڕەسمی بناسێت. ئەوە بووە متمانەیەك و کارێکی گەورە بۆ ئەو.

هامەر دواتر لە یاداشتەکانیدا لەبارەی گەرموگوڕی و خەمخۆڕی ئەو کارانەوە هەمووی گەڕاندەوە بۆ ئەو مەترسیەی کە بۆ هیتلەر هەیبوو. ئەگەر باوەڕ بە قسەکانی بکەین، کەواتە ئەم خەمە تازە بۆ هامەر پەیدا بووە. لەگەڵ ئەوەدا ڕوون نەبوو ئەو پارەیە لەکوێ دەهێنێت بۆ بانگەشەکردنی ئەو ڕیکلامەی کە ئەنجامیدەدا. کار و کاسپی ئەو، بەپێی خواستەکانی بۆ ئەو پێشینە و قەرزانەی کە وەری گرتوە، ئەگەریش زۆر گەشین بین، قازانجێکی زۆری نەبوو. شێوازی کارکردنی بەهەر

شێوەیەك بووبێت و پارەکەی لەهەر کوێیەك هێنابێت، بانکەشەکانی بوونە هۆکارێکی زۆر پەرەسەندوو بۆ دروستکردنی لایەنگیری و کاریگەرێکی بەرچاوی هەبوو.

هەوڵدانی خۆی ڕاستەوخۆ خستە سەر ئەو ڕێکرییە یاسایەی کە نەبوو هاوکاری ناچاری بۆ بەریتانیا. بە دیاریکردنی ئەو ڕۆزفێڵت بە شەخسی ڕەزامەندبوو لەسەر ئەوکارە، بەڵام یاسای بێ لایەنی (دەستی ئەوی بەست بوو) و یەکێك لەو یاسایانە، یاسای ساڵی ١٩٣٤ی جانسۆن بوو، ئەم یاسایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ناچار دەکرد نەتوانێت پێشینە و یارمەتی بدات بەهەر وڵاتێکی دەرەکی کە لە ڕێککەوتنەکانی پێشوتری خۆی ناکۆکی و دوژمنایەتی کردبێت لەگەڵ ئەمریکادا (١)، بەریتانیا سێ ملیارد و نیو دۆلار لە قەرزەکانی جەنگی جیهانی یەکەمی خۆی نەدابوو، لەگەڵ ئەوەدا، بەپێی یاسای جانسۆن، هیچ هەلومەرجێکی گونجاو نەبوو بۆ هاوکاریکردنی ئەمریکا بۆ بەریتانیا. لەگەڵ ئەوەشدا لە باروودۆخێکدا نەبوو کە قەرز بدات. هامەر بۆ چارەسەرکردنی ئەم ڕێگا بونیەستە بیرۆکەیەك هات بە مێشکیدا: بەریتانیا ژمارەیەك بنکەی ئاسمانی و دەریای داگیرکەکانی خۆی لە نیوە گۆی ڕۆژئاوادا بدات بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەمریکاش بڕی ئەو پارەیەی کە ئەیدا بۆ نەوەد و نۆ ساڵ دەبێت، بەم شێوەیە قەرزەکانی بەریتانیا پاك دەبنەوە. پارەکە چارەسەر دەکرێت، ئەم معاملەیە ڕۆزفێڵتی دەستکراوە کرد تاوەکو لەبارەی کارە تازەکانەوە ڕێککەوتن بکات، و ئەم ڕێککەوتن و متمانانە بووە هۆی ئەوەی کە بەریتانیا دەست بکات بە کڕینی بەلەم و کۆمەڵێك کەشتی جەنگی و ژێر دەریایی.

دوای ئەوەی کە بیرکردنەوەکانی خۆی ئاراستەیەك داڕشت و کردە کرداری، هامەر ڕۆیشت بۆ سەفارەتی بەریتانیا لە واشنتۆن و بۆچوونی ئەوانیشی هەڵگرت. بێتاقەتی خۆی دەربڕی لەبارەی ئەو بێتاقەتی و نیگەرانیەی کە بەریتانیا کەوتووەتە ناوی بەتایبەتی بۆ ئەو باروودۆخە ترسناکەی کە منداڵەکانی تێ کەوتوە، وتی بەریتانیا دەتوانێت بە یەك ملیارد دۆلار واز لە بنکە سەربازیەکانی خۆی بهێنێت بەکرێ لە نیوەگۆی ڕۆژئاوادا. لەگەڵ ئەوەدا توانی لەگەڵ بەرپرسی کاروباری دارایی و ئابوری سەفارەتی بەریتانیا لە واشنتۆن، سەردانی (جی.ئێچ.ئێس. پین سنت) (٢) بکات.

هامەر بەڕوکەش ئەیدەزانی کە بەریتانیەکان تاوەکو چەند چالاکیەکانی ڕابردووی ئەویان خستوەتە ژێر چاودێریەوە. ئیدارەی زانیاری و هەواڵگری بەریتانیا ساڵی

١٩٤٠ دۆسـیـیەکی فـراوان و درێـژی لـەبارەی هامـەرەوە ڕێکخـستبوو و هامـەر و هاوکارەکانی بەبەشێك لە (ڕژێمی شاراوەی) سۆڤیەتی دەزانێت لە ڕۆژئاوادا. ماوەیەك پێش لە هەمان ساڵدا، تەنانەت هاتوو ڕۆیشتنی براکەی (ڤیکتۆر) بۆ میسر (کە ئەوکاتە لەژێر چاودێری بەریتانیادا بوو) خرابویە ژێر چاودێریەوە و گومانبرابوو کە گەلەریەکانی هامەر بەرەیەکە بۆ دەزگای سیخوری سۆڤیەتی (٣) هەروەها لە ڕێگەی نوسینگەی پەیوەندی خۆی لە سەنتەری (نیۆیۆرکدا) بۆی دەرکەوتبوو کە ڕاپۆرتی پشتگیری نەکراو گەیشتوەتە (ئێف بی ئای) کە لەوانەیە هامەر دەستی هەبووبێت لەو پلانگێڕیەی کە ساڵێك پێشتر ویستویانە لە مەکسیك بەرمیلی دارین بۆ نەوت بنێرن بۆ کۆمپانیایەکی ساختەی ئەڵمانیا. بەریتانیەکان نەیاندەتوانی قبوڵی بکەن کە ئەم حەزی هامەرە لەگەڵ ڕووکەشی تیگەرانیەکانی بۆ بەریتانیا دەگونجێت یان ئەو خەمەی کە بۆ منداڵەکانی بەریتانیا هەیبوو ڕاست بێت. (پین سنت) وەڵامێکی ڕەسمی بۆ پێشنیارەکەی بەکرێدانەکەی هامەری نوسی:

(دەبێت لەبارەی ئەم بابەتەوە بەتەواوی لەگەڵتدا ڕاشکاوانەبم و بڵێم بە بۆچوونی ئێمە ئەم کارە لەحاڵەتی ئێستادا هیچ هاوکارێکمان پێ ناکات، لەوانەشە بە پێچەوانەوە... ئێمە حەز دەکەین ئەم کێشەیە بەلایەنی کەمەوە تاوەکو دوای هەڵبژاردنی (نۆڤەمبەر) باس نەکرێت.)(٤)

هامەر دەستبەرداری ئەو مەسەلەیە نەبوو. لەڕاستیدا هامەر زیاتر لە ئەمریکادا بە شوێن ڕێگە و لایەنگیری و هێزی خۆیدا دەگەڕا نەك بۆ بەریتانیا، هەر بۆیە دەستیکرد بوو بەو ژمارە گەورەیە. ڕۆژەکانی کۆتایی ململانێی هەڵبژاردن بوو و ڕۆزڤێڵت نەیدەتوانی لە بواری هاوکاری سەربازی هیچ جۆرە کارێکی تازە لە ئەستۆ بگرێت، بۆیە هامەر چوو بۆ لایی هاوڕێیەکی کۆنی لە ئەنجومەندا، ئەویش (ویلیام ئێچ، کینگ)ی سیناتۆری دیموکراتەکانی ویلایەتی یوتا بوو. کینگ یەکەمجار لە مۆسکۆ، وەکو یەکێك لەدەستەی ئەنجومەنی ئەمریکا، لە (براون هاوس) بینیبووی. کاتێك کە

هامەر بۆ دووبارە وەرگرتنی جەواز سەفەرەکەی بارکی تووشی گرفت بووبوو، (سیناتۆر) کینگ لەبەر ئەو واسیتەیەکی بۆ کردبوو لە وەزارەتی دەرەوە. هامەر لەو ماوەی ساڵانەدا پەیوەندی خۆی لەگەڵ کینگدا بە بەهێزی هێشتبووەوە. ئێستا هامەر داوای لێکرد کە ئەو پرۆژەیەی لەبارەی (پێدانی کرێوە) ببات بۆ ئەنجومەنی سینا. ئەو پرۆژە یاسایەی کە ڕێگەی دەدا بەسەرۆک کۆمار لەگەڵ بەریتانیادا بۆ بەکرێگرتنی بنکەکانی بچێتە ناو ڕێککەوتنامەیەکەوە و هەلومەرجی قەرزەکانی بەریتانیا بگۆڕێت. هامەر خۆی پێشەکی پرۆژەکەی بۆ سیناتۆر کینگ ئامادە کردبوو. کینگیش پرۆژەکەی لە سێپتەمبەری ساڵی ١٩٤٠ خستە بەردەم ئەنجومەنەوە، بەڵام کۆمیسیۆنی کاروباری دەرەوە سینا ڕێگەی لەو پرۆژەیە گرت و بەهیچ شێوەیەک نەیخستە دەنگدانەوە.

هێشتا هامەر هەر بێ ئومێد نەبوو و کەوتە سەر ئەو بیرکردنەوەیەی کە ڕاستەوخۆ خۆی بڕوات بۆ لای سەرۆک کۆمار. ئەو نەک هەر ڕێژەیەکی زۆری پارەی بۆ دووبارە سەرکەوتنەکانی ڕۆزفێڵت تەرخان کرد بۆ هەڵبژاردن، بەڵکو خۆی بە شەخستی پارەیەکی زۆری بۆ نمایشنامەیەکی ڕادیۆیی مەمیر تەرخان کردبوو کە لەو شانۆ ڕادیۆیەدا ئەکتەرەکان ڕۆڵی کورتیان دەگێڕا و باسیان لە دەستکەوتەکانی ئەو (معامله تازەیە)[1] دەکرد. ئەم بەرنامەیە بەشێوەی ڕیکلامی هەڵبژاردن پەخش دەکرا، و هامەر نوسخەیەکی تۆمارکراوی بۆ ئەلینۆر ڕۆزفێڵت نارد کە هاوسەری سەرۆک کۆمار بوو، ئەویش سوپاسێکی باشی کرد: و وتی: (تۆ چەندە کارێکی گەورەت لەبارەی پارێزگاریکردنی سەرۆک کۆمارەوە کردوە) (٥)، ئیدی ئێستا کاتی ئەوە بوو سەردانی ڕۆزفێڵت بکات.

داوای لە ژەنراڵ (ئەدوین واتسۆن) سکرتێری کاروباری کۆمەڵایەتی ڕۆزفێڵت کرد تاوەکو کاتێکی بۆ دابنێت بۆ سەردانی سەرۆک، و ڕوونی کردەوە، (مەبەستی من بۆ قسەکردن لەگەڵ سەرۆک کۆمار ئەوەیە کە هەڵسەنگاندنی خۆم لەبارەی بیروباوەڕی گشتیەوە لەبارەی هاوکاری دارایی بۆ بەریتانیای گەورە بگەیەنم بە جەنابی سەرۆک)

---

[1] - new deal، ئەو یاسایە بوو کە لەسەردەمی سەرۆک کۆماری ئەمریکا فرانکلین دی ڕۆزفێڵت بە مەبەستی ڕوو بەڕووبونەوە لە قەیرانی ئابوری دەرچوو. (وەرگێڕ)

(٦) دوای چەندین کات لە دواخستن و پشتگوێخستن، هامەر سەرەنجام لە ٢٨ نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٤٠ توانی سەرۆك کۆمار ببینێت. ئەو ڕۆژە ڕۆژی پشوی سوپاسگوزاری بوو. بە وتەی هامەر، ڕۆزفێڵت (وازی لە کوڕەکەی خۆی هێنا بۆ ئەوەی من ببینێت). هامەر ناچار بوو نزیکەی نیو کاتژمێر لە نوسینگەی ژەنراڵ واتسۆن چاوەڕوان بێت تاوەکو ڕۆزفێڵت کاری تەواو ببێت. لەم کاتەدا ژەنراڵ وتی بە هامەر وەرە با یاری کردنە کاسەوە بکەین. هامەر دەڵێت بە هەردوو ئەژنۆم لەسەر فەرشەکە دانیشتم، پارەم لە گیرفاندا دەرهێنا، خستمە ناو کاسەکەوە. ئەو ڕۆژە بەخت یاوەرم بوو. سێ سەد دۆلارم بردەوە. پاشان واتسۆن هامەر بەرەو (نوسینگەکەی سەرۆك) ڕێنومای دەکات. (٧) بەمانایەکی دیکە (مێژوو خۆی دووبارە دەکردەوە بۆ هامەر. نۆزدە ساڵ و مانگێك پێشتر، ڕۆیشت بۆ بینینی لنین، لنین دەیویست گەمارۆی سەر یەکێتی سۆڤیەت بشکێنێت و ڕێگەی خۆی بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمریکادا بکاتەوە.

هامەر دەیزانی ڕۆزفێڵت بە هەڵسەنگاندنی بیروباوەڕی گشتی، کە ئەو کاتە تاوەکو ڕادەیەك بەشێکی تازە بوو، زۆر پەیوەستە و حەزی لێدەکات، لەم ڕووەوە هامەر چەڵدێکی گەورەی سەر وتاری ڕۆژنامەکانی پێبوو کە لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٠دا بڵاو کرابوونەوە و دەیبردن بۆ ڕۆزفێڵت، و ئەم دەستکەوتانە هەڵسەنگاندنی ئەو بوو کە خۆی داوای کردبوو تاوەکو ئەوە پیشانبدات کە ڕۆژنامەکان زۆربەیان حەز دەکەن هاوکاری بەریتانیا بکرێت و لایەنگیری بکرێت. دەیویست بیسەلمێنێت کە سەرۆك کۆمار بە جێبەجێکردنی پێشنیارەکەی ئەو نەك هەر شتێك لەدەست نادات بەڵکو پارێزگاری گشتیش بەدەست دەهێنێت.

چاوپێکەوتنەکەی ئەو لەگەڵ ڕۆزفێڵت پێنج تاوەکو شەش خولەك زیاتر درێژەی نەکێشا، لەگەڵ ئەوەدا هامەر باوەڕی وابوو کە سەرۆك کۆماری خستوەتە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی خۆیەوە. فرانکلین ڕۆزفێڵت لێهاتویەکی تایبەتی هەبوو لە ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ خەڵکدا کە لەیەك کاتدا هەم خۆشەویستی پیشاندەدا و لەهەمانکاتیشدا زۆر کەسێکی هەڵسەنگێنەر و ورد و ئاگادار بوو. بە زەردەخەنە و سەر جوڵاندن بۆ نیشانەی سەرکەوتن، ئەو هەستەی دەگەیاند بە میوانەکانی کە خەریکە زۆر بەوردی گوێی لە قسەکانیان دەگرێت، و ئەمەش بەشێك بوو لە

تایبەتمەندی ئەو سەرۆکە. (٨)، بۆیە هیچ سەیر نیە کە هامەر ولبزانێت سەرنجی ئەوی ڕاکێشاوە بۆ خۆی. دواتر هامەر نوسی ڕۆزفێڵت (بەوردی) گوێی لە قسەکانی ئەو گرتوە. چەڵدێك سەروتاری لە ڕۆژنامەکان پێشکەش بە سەرۆك کرابوو، کە ڕۆزفێڵت لە دیدارەکەی ڕۆژی دواتردا لەگەڵ ڕۆژنامەنوسەکان لە کۆشکی سپیدا ئەوانەی پێبوە. هامەر بانگەشەی ئەوەی کرد کە ڕۆزفێڵت بیرکردنەوەی لە (کەشتیەکانی) قبوڵ کرد بۆ بنکەکان و (داوای هاوکاری لێکردم) کە ئەم پێشنیارە بکەیەنە قۆناغی جێبەجێکردن.

هامەر لە یاداشتەکانیدا دەنوسێت ڕۆزفێڵت وەزیری بازرگانی (هێری هاپکینز) ی ڕاسپارد بۆ ئەوەی لەگەڵ مندا لە پەیوەندیدابێت بۆ هەمان مەبەست (٩). هاپکینز ساڵێك پێشوتر نەشتەرگەری شێرەپەنجەی سکی کردبوو و دەرئەنجام ئەوەندە بە خراپی گرفتاری خۆراك بوو بوو کە وادەردەکەوت لەسەرەتایی مەرگدا بێت. لە شوقەیەکی کۆشکی سپیدا دەژیا، لەگەڵ ڕۆزفێڵتدا خواردنی دەخوارد و لەگەڵ ئەودا دەڕۆیشت بۆ هەموو شوێنێك، شەوانە تاوەکو درەنگ کاتێك لەبارەی هەموو بابەتە جیاوازەکانەوە قسەی بۆ ڕۆزفێڵت دەکرد، و ڕاستەوخۆ کاریگەری هەبوو لەسەر بەخشینی کاردانەوەی ئەمریکا سەبارەت بە چوونە ناو جەنگەوە بۆ ئەوروپا. بۆچوونی ئەو ئەوەندە لەلایی ڕۆزفێڵت بەهای هەبوو کە زۆرکەس ئەو بە (ڕاسپۆتین) بەراورد دەکەن (١٠) ڕۆزفێڵت، بە وتەی هامەر، بەرپرسیاریەتی دایە هاپکینز لەگەڵ ئەودا بیر لە (پلانێکی هاوبەش) بکەنەوە لەبارەی وەرگرتن و ئیجارەکردنەوە (١١)

ڕۆزفێڵت لە چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانیەکەی ڕۆژی دواتری خۆیدا باسی چاوپێکەوتنە پێنج خولەکەکەی خۆی بەجۆرێکی دیکە باس کرد. کاتێك لەویان پرسی کە ئایا (لەبارەی بنکەکانی پارێزگاری دەریایی) لەگەڵ هامەردا بیروبۆچوونی ئاڵوگۆڕ کردوە، بەجۆرێك وەڵامی دایەوە (کە هیچ وشەیەکی لەم بارەیەوە باس نەکرد) سەرۆك کۆمار، کە خۆشی دەهات سەر بخاتە سەر ڕۆژنامەنوسەکانی کۆشکی سپی، بەردەوامیدا، و وتی (ئەو لیرەیە کتێبێکی درێژی پێدام بەلام هێشتا کاتی ئەوەم نەبووە سەیری بکەم. ئەگەر بەڕاستی حەز دەکەن، خۆتان دەتوانن سەیری بکەن. بیست و هەشت ملیۆن و شەش سەد و سی و شەش هەزار و نۆسەد چل پارچە هەواڵی تێدایە) لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆژنامە نوسەکان بەو وەسفەی سەرۆك کۆمار

پێکەنین، شانی بەرزکردەوە و وتی: (کۆکردنەوەی ئەم هەموو هەواڵە زۆر سەیرە، بەڵام من هێشتا ئەو هەلەم بۆ نەڕەخساوە سەیرێکی ئەو هەواڵانە بکەم) (١٢)

گاڵتەکردنەکەی ڕۆزفێڵت بێ مەبەست نەبوو. گرنگیدانی ڕۆژنامەکان بۆ دەستکەوتەکانی هامەر بۆ دەوڵەت ئەوەیان وەلانا. بە لەبەرچاوگرتنی دۆسیە هەڵواسراوەکەی (ئێف بی ئای) و هەواڵگری بەریتانیا کە دەگەیەنرا بە ئێف بی ئای، هامەری بە هاودەستی دەزگای سیخوڕی ئیستالین دەزانی، ئەم هەنگاوە لانراوە بەهیچ شێوەیەك هەڵنەسەنگێنرابوو. ئەگەر خەڵکی ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بن، ئەم پەیوەندی و پەیوەستبوونە دەتوانێت زیانی هەبێت بۆ ڕۆزفێڵت. ڕۆزفێڵت پێش ئەوەش لەبەر هەوڵە فراوانەکانی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئیستالیندا هێرشی زۆری کرابوویە سەر. لە ئاستێکی تایبەتی تر بۆ ڕۆزفێڵت، بەهەرحاڵ، ئەگەر ئەو پەیوەندیەشی هەبێت، مادامەکی شاردرابۆوە، دەرەنجام سودێکی گەورەی هەبوو بۆ ئستیالین بۆ وەرگرتنی سولفە و ئیجارە. بەڵام، هەنگاوەکانی دواتری ڕۆزفێڵت لەبارەی پێشنیارەکانی هامەرەوە هەرگیز بێ دەنگە دەنگ نەبوو. هێنری هاپکینز کە سەرپەرشتیاری هەموو کارەکانی سلفە و ئیجارەدانی دەکرد، بەلایەنی کەمەوە دوو جار لە کۆتایی ساڵەکانی ١٩٤٠ نێردرا بۆلای هامەر بۆ نیۆیۆرك بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئەو پلانە. دوای ئەو دانیشتن و پلانانە، لە جێنیوەری ساڵی ١٩٤١، هاپکینز بە فڕۆکە ڕۆیشت بۆ لەندەن و لەبارەی ئەخشەی سلفە و ئیجارەکردنەوە، لەگەڵ چێرچیڵ دا ڕێککەوتنێکی ئیمزا کرد. دوای ئەو دانیشتنانە لەماوەی چەند مانگێکدا، هاپکینز چەند معامەلەیەکی یەك لەدوایەکی بەناوبانگی کەشتیە جەنگیەکانی لە بارەی بنکەکانەوە لەگەڵ بەریتانیەکان ئەنجامدا، و ئەم ڕێککەوتنانە لە مارسی ساڵی ١٩٤١ دەنگی لەسەردرا و لە هەردوو ئەنجومەنی کۆنگرەدا ئیمزای لەسەرکرا و پاشان سەرۆك کۆماریش ئیمزای کرد و شێوەیەکی یاسای وەرگرت. هەرچەندە سەرچاوەی خستنەڕووی ناناسایی سلفە و ئیجارەی ڕۆزفێڵت بۆ دەستەی دەوڵەتەکەی ئەو بە سەربەستی مایەوە، بۆ نمونە، وەزیری کارەکانی ڕۆزفێڵت ، (فرانسیس پرکینز) ئەو کارەی بە (غەیب) ناوبرد لەگەڵ هەموو ئەمەدا زۆرێك لە هۆکارەکانی ئەو زۆر هاوشێوە بوو لەگەڵ پێشنیارەکەی هامەردا. (١٣)

بەرێکەوتنی سلفە و ئیجارە بەو شێوەیەی کە دواتر دەرکەوت، دەرەئەنجامی زۆری هەبوو. زەمینەسازێکی باشی کرد بۆ نەمانی ڕێگری هاوکاری سەربازی بۆ ئەو وڵاتانەی کە لەگەڵ هیتلەردا شەڕ دەکەن، و لە جێنیوەری ساڵی ١٩٤١، کاتێک هیتلەر هێرشی کردە سەر ڕوسیا، ئیستالین توانی داوای هاوکارێکی فراوان بکات و لە ڕێگەیەکی پاسایەوە سولفە و ئیجارەی پارمەتی پێویست وەرگرێت.

هامەر ئیدی هیچ کاتێک ڕۆزفێلتی نەبینی، بەڵام لەگەڵ کابینەی دەوڵەتەکەیدا پەیوەندی باشی هەبوو، ئەمەش دواتر معامەلەیەکی زۆر بەسودی هەبوو بۆ هامەر.

وەرزی پانزەیەم

دەستکەوتەکانی جەنگ

سەرەنجام هامەر لە ٢٩ نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٤٣ لە ئۆلگا جیابوویەوە. ژنەکە ڕەزامەندی پیشاندا لەسەر ئەو تەلاقە بە وەرگرتنی ٧٥ دۆلار نەفەقە و بژێوی بۆ خوێندنی کوڕەکەی و بژێوی خۆی بۆ هەر هەفتەیەك. ئۆلگا و جولین حەزیان دەکرد هەرچیکیان کردبێت خۆیان جیا بکەنەوە لە هامەر و بڕۆنەوە بۆلایی خزمەکانی دیکەی هامەر لە مۆسکۆ.

سێ هەفتە پێش تەواوبوونی کاری تەلاقەکە، هامەر هاوسەرگیری کرد لەگەڵ ئەنجیلا زوڵی. ئەم دوو کەسە نزیکەی پێنج ساڵێك بوو لە ماڵێکی ژنێك لە (ڕیدبنك) لە (نیوجێرسی) پێکەوە دەژیان. لەبەرئەوە ئەو ماوەیەکی زۆر پێشتر بوو کە بوو بوویە بەشێکی جیانەبوو لە ژیانی تازەی هامەر، و بۆیە گرێبەندی هاوسەرگیریەکەیان جگە لە مەراسیمێکی تەشریفاتی هیچی دیکە نەبوو، و هامەر هەولیدەدا ئەنجیلا منداڵی ئەمریکی ببێت بۆ هامەر. ئاهەنگی بوکێنیەکەیان لە شوقەی براکەی ڤیکتۆردا ئەنجامدرا. هامەر قاتی ڕەسمی ڕەشی لەبەرکردبوو و جگەرەی درێژی هاڤانای دەکێشا. قژەکانی سەری لە ناوەڕاستی سەریەوە بەرەو سەرەوە دادەهێنا. چەند ساڵێك بوو کێشی زۆر بوو بوو، و بۆیە ئێستا ژێر ملی غەب غەبەی هەبوو. لەگەڵ ئەوەی کە مەراسیمەکە بچوك و خێزانی بوو، هامەر دیسانەوە نەیتوانی لە دەرخستنی دەسەڵاتی تازە دەستکەوتووی، خۆی بپارێزێت. (بێرنارد بوتین)، داوەری دیوانی گشتی ویلایەت، دەقی گرێبەندەکەی خوێندەوە.

چەند ڕۆژێك دواتر، هامەر و ئەنجیلا بۆ مانگی هەنگوینی بە فڕۆکە لە ڕێگەی مەکسیکەوە ڕۆیشتن بۆ هاڤانا، ئەمە یەکەمین سەفەری هامەر بوو بۆ دەرەوەی ئەمریکا لە دوای دوانزە ساڵی ڕابردووەوە. سەفەرکردن بۆ کوبا پێویستی بە جەواز نەبوو، لەبەر ئەوە هامەر هیچ کێشەی بۆ دروست نەبوو لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەدا. هامەر و ئەنجیلا بۆ مانگی هەنگوینیان باشترین هۆتێلیان لە هاڤانا گرت، ئەویش هۆتێلی بەناوبانگی (ئەل پرزیدنتە) بوو. کاتێك ڕۆیشتن بۆ ژوورەکەیان ئەنجیلا لە سوچێکی پەنجەرەی ژوورەکەیدا دانیشت و سەیری ئەو خەڵکە زۆرەی دەکرد کە دەهاتن و دەڕۆیشتن و معاملەیان دەکرد، تێگەیشت کە پیاوەکەی مەبەستێکی دیکەی هەیە لەو سەفەرەدا. هامەر خەریکی ئەنجامدانی معاملەیەکی گەورە بوو، کە ئەمەش وەکو کارە قوماریەکانی دیکەی بوو. (١)

* * *

جەنگ بەشێوەیەکی کرداری کۆتایی هێنابوو بە هێنانی بەرهەمە هونەریەکانی هامەر. گەلەریەکانی هامەر، تەنانەت بەهۆی ڕووداوە جاروبارە پڕ لە دەنگە دەنگەکانەوە، تەنانەت فرۆشتنی کەلوپەلە بەناوبانگەکانی وەکو ویلیام ڕاندۆلف هێرست لە ساڵی ١٩٤١ قازانجی زۆری نەمابوو. بارودۆخی کاروکاسپی بەرمیل سازیەکەشی لەکارە هونەریەکەی خراپتر بوو. مشتەریە سەرەکیەکانی زۆربەیان سودیان لە بەرمیلی ئەلەمینیۆم وەردەگرت تاوەکو بەلەمی دارین لەبەر ئەوە زۆربەیانی لەدەستدابوو، و بۆیە ئەو ناچار بوو بۆ دووبارە پێدانەوەی قەرزەکانی خۆی قەرزی لە دامەزراوەی دارایی بنیادنانەوە وەرگرێت. بەڵام بەهۆی پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەولەتەکەی ڕۆزفێلت، هەلێکی زۆر باشی بۆ هەڵکەوتبوو بۆ بەدەستهێنانی سودێکی زۆر گەورە. دەولەتی ئەمریکا بۆ بەرەوپێشبردنی هەوڵەکانی جەنگی، بەکارهێنانی گەنم و جۆی لە باج و ڕسوماتەکاندا زۆر توند سنوردار کردبوو و ئارادەیەك هەمووشی دەخستە بەردەم کارگەکانی مەیسازی کە مەشروبیان بۆ باروتی بێ دوکەڵ و کەلوپەلی دیکەیان دروست دەکرد. لەساڵی ١٩٤٣، پێویستیەکانی گەنم و جۆر زۆر کەم بوویوونەوە، و ئەلکهول و خواردنەوەکانیش بەقورسی دەست دەکەوتن. هامەر کەوتە سەر ئەو بیرکردنەوەیەی کە ئەو درزە پڕ بکاتەوە.

پیشینەی دە ساڵەی کڕین و فرۆشتنی بەرمیلی دارین، هامەری ناساندبوو بە بازرگانان و کەسانی زۆر شارەزا و بەهێزی مەی فرۆشی. زۆربەی ئەوانە کارەکەیان لەسەردەمی قەدەغەبووندا دەست پێکردبوو کە سەرەتا بە کاری قاچاغی دەستیان پێکردبوو. (تێبینیی: ماوەیەکی دیاریکراو لەئەمریکادا فرۆشتنی مەیی و خواردنەوەی بەهەمووشێوەیەك قەدەغەبوو بەهۆی باروتۆخی سەختی ئەمریکاوە، بۆیە لەو سەردەمەدا چەندین گرفتی کۆمەڵایەتی و ئابوری و هەروەها بە سەدان باندی سەیر سەیر بۆ فرۆشتنی خواردنەوە کهولیەکان دروست بوون، وەرگێڕ) بۆنمونە لەو جۆرە کەسانە گروپێك هەبوون کە لە هاڤانادا دەژیان و لە پشت گازینۆ و قاوەخانەکاندا دادەنیشتن و لە باندە گەورەکانی فرۆشتنی مەی و مەیسازی بوون و ئەمانە هێشتا بەشێوەیەکی نامەشروع کاریان دەکرد، واتە لەناو بازاڕی ڕەشی سەردەمی جەنگدا بوون و هەوڵیاندەدا معاملەیان بەهەموو شێوەیەك لەدەرەوەی دەسەڵات ئەنجامبدەن. هامەر لەو کار و کاسپیە ژێر زەمینی و شاراوەیەدا بەهیچ شێوەیەك ترس و دڵەڕاوکێی نەبوو. ئەو کارە شاراوە معامەلاتیەی ویسکی و عارەقەی کە ئێستا دەیکرد لەچاو ئەو ئەزموونەی کە هامەر هەیبوو لە دەست بەدەستکردنی پارە بۆ دەزگا نهێنیە بانگەشەکەرەکانی سۆڤیەتی کارێکی منداڵانە بوو.

چەند مانگێك پێشتر، هامەر کۆمپانیایەکی لەکارکەوتووی پەخشی مەشروباتی لە مریلەند کڕی بوو، ناوی ئەو کۆمپانیایەی نا بوو (ئۆڵد کلۆفەر). ئەم دامەزراوەیە هەرچەندە کاری زۆری نەبوو، بەڵام کاری سەرەکی بریتی بوو لە ویسکی فرۆشتن. هامەر بەهۆی کڕینی چەندین هەزار بەرمیلە ویسکی بۆربۆن کارگەیەکی دیکەی مەشروب سازی لە (ئیلینەوی) بەدەست هێنا. ئەم بۆربۆرنە دەتوانرا تاوەکو ٩٥٪ بە مەشروباتی هەرزان بکرێت و بەناوی ویسکی تێکەڵەوە بنێردرێت بۆ بازاڕ. پاشان کارگەیەکی مەیسازی داخراوی دیکەی لە نیومارکێت لە ویلایەتی نیو هەمشایەر کڕی. ئەم کارگەیە، ناوی کارگەی مەیسازی (ناهوم چاپین) بوو، کە ساڵێك پێشتر توشی شکست و هەرەس هێنان بوو بوو چونکە نەیتوانیبوو لەگەڵ بەرهەمهێنەرە گەورەکانی دیکەی مەیسازی کێبەرکێ بکات. کارگەکە داخوازیکەرە سەرەکیەکەی (ڕێکخراوی دارایی نۆژەنکردنەوە) وەری گرتبوو. هامەر تەنانەت لەم ڕێکخراوە دەوڵەتیە بۆ کارگەی بەرمیل سازیکەی قەرزی وەرگرتبوو. دامەزراوەکە پێشنیارەکەی

ئەوی قبوڵ کرد، و هامەر ڕێژەیەکی زۆری پەتاتەی لە ویلایەتی(مەین) ناشت، بۆ ئەوەی مەییان لێ دروست بکات.

تەنها شتێك کە بۆ تەواوکردنی ئەم ئارەزوە پێویستی هەبوو ئیجازەی دەوڵەت بوو بۆ بەرهەمهێنانی مەی خواردنەوە. بەبێ ئەو ئیجازەیە، تەنها کارگەیەکی هەرەس هاتوو لە بەردەستیا بوو، بەم ئیجازەیە؛ لە ڕاستیدا دەیتوانی ئیجازەی پارەیەکی باش بەدەست بهێنێت.

لە هەنگاوەکانی یەکەمجاریدا وادیارە کە دڵنیابوە زۆر بەزووی ئیجازەکەی دەربهێنێت. چونکە جگە لەم حاڵەتە، زۆر بەدوور دەکەوێتە بەرچاو کە هامەر بەکرینیی کارگەیەکی مەشروب فرۆشی بەشێك و کۆمپانیایەکی ڕوسماتی هەرەسهاتوی خۆی بەم شێوە بخاتە مەترسیەوە. بەرپرسانی دەوڵەت ئاگاداری ئەو کارەی بوون، گرنگترین پەیوەندی هامەر لەگەڵ (هێری هاپکینز)دا بوو، کە لە ساڵی ١٩٤٣ لە لایەن ڕۆزفێڵتەوە چاودێری بەرهەمە جەنگیەکانی دەکرد. هاپکینز لە پشکداربونی بەرژەوەندی نێوان خاوەن پیشەسازیەکان لە بەشی دەوڵەتی ئابوری جەنگی ڕۆڵێکی سەرەکی و چارەنوسسازی هەبوو. ئەو هامەری بە خاڵۆی ڕۆزفێڵت، (فریدریك دلانۆ) کە لەو کاتە ئەندامی کۆمیتەی بەرهەمهێنانی جەنگ بوو، و هەروەها بە کارمەندە باڵاکانی دیکەی ئەمریکای ناساند. لە مانگی مەی ساڵی ١٩٤٤، دەوڵەت داواکاریەکەی بەرهەمهێنانی مەیسازی، قبوڵکرد و دەنگی لەسەردا. چەند هەفتەیەك دواتر، ڕۆزفێڵت قەرزی پێدا بۆ ئەوەی مەیسازی (نیو هامپشەر) بکاتەوە. (٢)

خاوەنەکانی پێشووتری کۆمپانیاکە واقیان وڕمابوو کە چۆن کارگە هەرەس هاتوەکەیان لە پڕێکدا بوو بە کارگەیەکی گەورە. ئەوان پێشتر زەرەریان دەکرد، چونکە وەکو خەڵکانی دیکە، دەوڵەت پاسپاردبوون بۆ هەوڵەکانی جەنگی تەنها مەشروبی پیشەسازی دروست بکەن. بەڵام بۆچی ڕێگەدرا بە هامەر مەشروبی خواردنەوە دروست بکات، بەڵام نەدرا بەوان؟ بۆچی پارەی دەوڵەتیان دا بە هامەر تاوەکو دامەزراوەکەی خۆی دووبارە دابمەزرێنێتەوە؟ لەکاتێکدا هامەر هیچ ئەزموونێکی پێشوتری نەبوو لە دروستکردنی مەیسازیدا، و هەرچەندە ئەوانە نەیانەزانی، دەوڵەت خەریکی لێکۆڵینەوەیە لە هامەر لەبارەی ئەو گومانەی کە لەسەری بوو بۆ کاری سیخوڕی سۆڤیەتی. ئەمانە وتیان هامەر دەسەڵاتی ناپاسای بەکارهێناوە

تاوەکو بەرژەوەندیە تەسکەکانی خۆی بەدەست بهێنێت. بۆیە نامەیەکیان نارد بۆ سیناتۆرەکەیان (ئستایلز بریجین) کە لەنامەکەدا هاتبوو:

هەواڵیان پێگەیشتوە کە هامەر ئەو کارگە لەکارکەوتوەی بەکار هێناوە بۆ دروستکردنی مەی خواردنەوە، ئێستا دامەزراوەکەی ئەو تەنها کارگەیەکە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا کە ڕێگەی دروستکردنی مەی خواردنەوەی پێدەدرێت و دەتوانێت دابەشی بکات، لەکاتێکدا کە زۆربەی کارگەکانی دیکەی ئەمریکا بەزۆر ناچارکرابوون تەنها مەشروبات و مەیی پیشەسازی دروست بکەن، ئەم ئیمتیازە جیاوازە، دەبێت لە قازانج و بەرژەوەندی ئەو کەسانەدا بێت کە دەستیان تێکەڵ کردوە لەگەڵ هامەردا.(۳)

دەستنیشانکردنی ئەو (کەسانە) بەبێ ناوبردنی هیچکەس، مانای ئەوە بوو کە کەسانێك هەبوو لەناو دەوڵەتدا سوودیان لەوەدابوو کە هامەر ئەو قازانج و بەرژەوەندیەی دەست بکەوێت چونکە ئەوانیش پشکێکیان بەر دەکەوت.

خاوەنەکانی پێشووتری کارگەکە زۆر دووربوو بتوانن هیچ خێرێك ببینن لە سیناتۆر (بریجین) چونکە ئەو سیناتۆرە خۆی لەو سەردەمەدا پارەیەکی زۆری لە هامەرەوە هەڵگرتبوو بۆ بانگەشەکانی هەڵبژاردنەکانی. بۆیە شکاتەکەی ئەوان تەنانەت لەلایی دەوڵەتەکەی ڕۆزفێلتیش هیچ سوودێکی نەبوو. لە وەڵامی نارەزایەتیەکانی ئەوان بۆ (کۆمیتەی بەرهەمهێنانی جەنگی) وترا هەڵسوکەوتی تایبەت لەگەڵ هامەر و بەخشینی ئەو لەو قەید و بەندانەی بەرهەمهێنانی مەیەکانی خواردنەوە بەهۆی کۆمەڵێك مەسەلەی تایبەتیەوەیە. لەبارەی کارگەکەی ئەوەوە، کە هەڵبەت ئەو کارگەیە پێشتر ئەو داوایەی هەبوو بەڵام (بەهۆی دژواری بارکردن و گواستنەوەی زۆری ئەو بەرهەمهێنانە بۆ شوێنەکانی بەکارهێنان، بەشداریکردنی ئەو یەکانە لە بەرنامە مەیەکانی پیشەسازی ناتەواو بوو). ئەم ڕوونکردنەوەیە بێگومان

ئەو پرسیارە دەهێنێتە ئاراوە ئایا بۆ هامەر چی ڕوویدا کاتێک ئەو کارگەیەی گرتە دەست ئەو شتانە بۆ ئەو فەراهەم بوون.

هامەر بە ئاشکرا زیاتر لەخاوەنەکانی ئەو کارگەیە دەسەڵاتی زۆرتر بوو، هەرچەندە نادیار بوو. (هاوکارە) دەوڵەتیەکانی هامەر هەرکەسێک هەبوون، گومانی تێدا نەبوو کە دەوڵەت حەز ناکات بڕیارەکانی خۆی بگۆڕێت. لە ماوەی چەند مانگێکدا، هامەر خەریکی فرۆشتنی عارەقی پەتاتە بوو لەگەڵ ویسکیدا و یەکەمین سامانی حەقیقی خۆی بە دەستهێنا. هەر پێوانەیەکی کەمتر لە چارەکە لیترێک کەمتر لە دۆلارێک بۆ هامەر تەواو دەبوو و ئەم تێکەڵەیە بەناوی (ویسکی سکە زێڕین)[1] بتڵێک بە پێنج دۆلار دەیفرۆشت.

نهێنی ئەم سەرکەوتنە لە ڕێگەی ململانێکانی کەپیتالیزم و سەرمایەداری کلاسیکیەوە نەبوو، لێرەدا لەم کارەی هامەردا، شەخس کاڵاکانی بە کارامەی بەرهەم ناهێنێت ونایانێرێت بۆ بازاڕ و کێ بەرکێ ناکات لەگەڵ ڕقەبەرەکانیدا، بەڵکو لێرەدا لە بازاڕەکەی هامەردا لەبری ئەمە، دەوڵەت ئیمتیازێکی قۆرغکراو بە کەسێک دەبەخشێ کە کێبەرکێ بۆ خەڵکانی دیکە ئەگەر مەحاڵ نەبێت، بە حەقیقی دژوار بێت. هامەر بۆ یەکەمجار ئیمتیازێکی لەو شێوازەی لە لنین وەرگرتبوو. ئەم جۆرە ئیمتیازاتانە قوربانی ئەخلاقەکانی قوتابخانەی (هوریشیو ئەلگوری)[2] لە کاروبارەکاندا نەبوو بەڵکو بەهۆی ئەنجامدانی ئەو خزمەتانە یان پێدانی پارە بوو بە بەرپرسە دەوڵەتیەکان. ئیمتیازەکانی هامەر لە سۆڤیەتدا هەرچەندە قازانجێکی زۆری بۆ بەهای دەرمکی بەدەست نەهێنا، بەڵام کۆمەڵێک شتی فێرکرد کە بەڕاستی زۆر بەنرخ بوون بۆ کارەکانی دواتری: بۆ نمونە شێوازەکانی هەڵخەڵەتاندن یان سودوەرگرتن لە ئیمتیازەکانی بەخشینی دەوڵەت، پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ بەرپرسە باڵاکاندا، چاوپۆشی لە تێبینیە سۆزداریە ئیزعاجەکانی ئیش، دەست تێکەڵکردن لەگەڵ خاوەن

---

[1]– gold coin whiskey

[2]– horatio alger، نوسەری خۆشەویستی ئەمریکیەکان کە لەچەند دەیەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم کاریگەرێکی گەورەی هەبوو لەسەر فەرهەنگ و کەلتوری ئەو وڵاتە، پاڵەوانەکانی ئەو بەزۆری لە هەژاریەوە بەرەو دەوڵەمەندبوون دەڕۆیشتن و زاراوەی (پاڵەوانی ئەلگوری) بوو بووبیە بەشێک لە زمانی ئەمریکی (وەرگێڕ)

دەسەلآتەکاندا، داپۆشینی کێشەکان، بەدەستهێنانی سەرکەوتن لەناو هەموو ئەو یاریانەدا.

کاتێك مەیەکەی هامەر بە لافاو کەوتە بازاڕەوە، هامەر هەموو جۆرە شێوازە کۆنەکانی ویسکی– کۆمپانیاکانی لەچەشنی: (رومرویسکی)[٣]، (باکینگهام ئسکاچ)[٤]، (بلوگراس بۆربۆن)[٥] و (جی.دەبلیو.دانت)[٦] یەك لەدوایەکی کڕی. هەندێك لە کارگەکانی دیکەی مەشروب دروستکردنی دیکەشی کڕی و هەموو ئەم کۆمپانیایانەی لە کارگەی (مەیسازانی یەکێتی ئەمریکا)[٧] کە نیوەی موڵکی خۆی، و نیوەی دیکەی موڵکی براکەی (هێنری) بوو، ڕێکخست. لە ساڵی ١٩٤٥، لە کۆتایی جەنگدا، (مەیسازانی یەکێتی) حەڤدە ملیۆن داهاتی هەبوو. لە ساڵی ١٩٤٥، داهاتەکەی گەیشتە چل ملیۆن دۆلار، و (مەیسازانی یەکێتی) کە لە نۆ ویلایەتدا بوونی هەبوو، گەورەترین مەیسازی ئەمریکای کەرتی تایبەت بوو. (٥)

لەگەڵ ئەوکارانەشدا هامەر حەزی لە ڕاوکردنی ماسی بوو بەتایبەتی ماسیگرتنی گەورە و ئەم وەرزشی ڕاوکردنەشی وادیاربوو هامەری بەرەو پێگەیەکی تازەتر بەرەو فەرماندەی پیشەسازی ڕێکدەخست. بەتایبەتی هامەر زۆر حەزی دەکرد لە زەریای ئارامدا بەلەمێك بگرێت و بڕوات بۆ ڕاوکردنی ماسیە گەورەکان. ئینجا لەوێ بەشێوەیەکی سەرکەوتوو لەبەرامبەر ڕاوکەی خۆی بوەستێت و وێنەی بگرن. وێنەیەکی لەم بابەتەی لە ساڵی ١٩٤٦ لە (ئاکاپولوکو) گرتوە. کە لە پشتی ئەوە وە دوو ماسی گەورە کراون بەداردا ئەم وێنەیە جۆرێك لە نیشاندەری خۆ گەورەبینین بوو لەبەرامبەر کارەکانیدا و ئەو پلانانەی کە جێبەجێی دەکرد. (٦)

هامەر هیچ نهێنی لەبەرامبەر شاردنەوەی سامانە تازە دەستکەوتوەکەی خۆی نەبوو. ئیدارەی ناوەندی (مەی فرۆشی یەکێتی) لە بینای قاتی حەفتا و هەشتی (ئەمپایراستیت) بوو. کە ئەو سەردەمە ئەم شوێنە یەکێك بوو لە گرنگترین و

---

[٣]– roamer whiskey

[٤]– Buckingham scotch

[٥]– blue grass bourbon

[٦]– j. w. dant

[٧]– united distillers of America

بەناوبانگترین شوێنەکان لە نیۆیۆرکدا. شوێنێکی لە لەندەن بەناوی (ئاکسبریجی) کڕی کە ئەم شوێنە بریتی بوو لەو شوێنەی کە ڕێککەوتننامەی جەنگی ئاوخۆی ئینگلیزی تێدا ئیمزا کرابوو. (پڕ بوو لە قاپی مێژووی کە دواتر ئەو شتە مێژووییانەی لە ئاهەنگی تاج خستنە سەری ئەلیزابێتدا پێشکەشی ئەو مەلیکەی کردن) لەگەڵ ئەوەدا بەلەمێکی بیست و چوار مەتری کڕی و بەو بەلەمە لە ماڵی خۆیدا لە نیوجێرسیەوە دەڕۆیشت بۆ نوسینگەکەی لە (مانهاتن). ماتۆڕی ئەو بەلەمەی لابرد و ماتۆڕی گەورەتری خستە سەر بۆ ئەوەی خێراییەکەی خەڵکی حەیران بکات. پاشان فڕۆکەیەکی دوو ماتۆڕی (beechcraft) ی کڕی و فڕۆکەوانێکی شەخسی بۆ گرت بەناوی (فردگراس). کێڵگەیەکی کڕی و دەواجینێکی بۆ پەروەردەکردنی مانگا، دانا و گەلەیەک مانگای (بلاك ئەنگوسی)[1] تێدا ڕاگیر کرد. چەندین میوانی گەورەی زیق و برقی ڕێکدەخست لەگەڵ نوێنەرەکانی ئەنجومەن، سیناتۆرەکان، پارێزگارەکانی ویلایەتەکان، دادگاکان، بانکدارەکان، و نوخبەکانی کۆمەڵگە و هەموو ئەو کەسانەی کە ئاوداربوون هاوڕێیەتی پەیدا کرد. بە سەدان وێنەی بەجێماوی هەیە کە هەمووی نیشاندەری ئەو میوانیە گەورانەن کە لە کێڵگە و شوێنە بێ وێنەکانیدا ئەو کەسانەی بانگهێشتکردوە و لەگەڵیاندا خەریکی خواردنەوە و پێشکەشکردنی شەمپانیای گران بەهایە.

ئەنجیلا دواتر، لەکاتی تەلاقدانەکەیدا دەڵێت: (فەلسەفەی ژیانی ئارمەند ئەوەیە کە...... پارە دەتوانێت هەموو شتێك و هەموو كەسێك بكڕێت) (٧)

* * *

هامەر یادی لەدایکبوونی تەمەنی پەنجاو یەك ساڵی خۆی لەگەڵ ژن و دایك و دوو براکەی و هاوسەرەکانیان لە سەر بەلەمەکەی، کە بە دەوری دوورگەی (مانهاتن) دا دەسوڕایەوە، کردەوە. بەڵام ئەو ئاهەنگەیان بە خەم و خەفەتەوە بەڕێکرد، بەهۆی ئامادەنەبوونی باوکیان، چونکە لە مانگی ئۆکتۆبەر، لە تەمەنی حەفتا و چوار ساڵیدا، بەهۆی جەڵدەی دڵەوە، کۆچی دوایی کردبوو. هامەر لەبارەی باوکیەوە نەیدەتوانی

---

[1] – black angus ئەنگوسی ناوچەیەکە لە ئوسکتلەندە و مانگای بێ شاخی تێدایە کە ناوبانگێکی جیهانیان هەیە. (وەرگێڕ)

هەست بە بێ تاوانی بکات. دەیزانی کە جولیوس لەبەرخاتری ئەو دووجار زیندانی کرا: جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٢٠ بۆ لەباربردنی سکی ژنەکە کە لەڕاستیدا کاری ئارمەند بوو، جاری دووەمیش لە ساڵی ١٩٣٠ لە ئەڵمانیا، کاتێک هامەر ڕێژەیەکی زۆری قەرزی کەوتبوو بەسەردا نەیدەتوانی بیداتەوە بۆیە باوکیان گرت و ئەویان تاوانبارکرد لەکاتێکیشدا کوڕەکەی هەموو قەرزەکانی هێنابوو بەسەریدا. ئەم گرتنانە کاریگەرێکی ڕاستەوخۆیان هەبوو لەسەر تەندروستی جۆلویس، دەبێت لەبیرمان نەچێت، کە ئارمەند لە سەفەرەکەی ساڵی ١٩٢١ بۆ ڕوسیا هەوڵیدا بوو تاوەکو ڕادەیەک قەرەبووی زیندانیەکەی باوکی بکاتەوە. هەروەها لە ساڵی ١٩٤٣ بەهۆی ئەو دەسەڵاتە فراوانەی کە پەیدایی کردبوویەوە دیسانەوە هەوڵیدا بەسود وەرگرتن لەو توانا سیاسیەی کە هەیبوو ئیجازەی پزیشکی و کاری عەیادەکەی دەربهێنێتەوە بۆ باوکی. بەڵام هامەر، دوای مەرگی باوکیشی، هەرگیز نەیتوانی ئەو دیمەنەی کە باوکی بینی بە عەینەکی گەورەی شیشێنەوە کە بەردیان پێ دەشکاند لە زینداندا لەبەرچاوی ون بێت، هامەر دواتر چەندینجار لە دانیشتنەکاندا ئەو دیمەنەی باسکردبوو و خۆی بە تاوانبار دەزانی. (٨)

بێتاقەتێکی دیکەی ئەو سەرکەشتیە ئەو ڕۆژە بریتی بوو لە بڕیاردانی (ڕۆز هامەر) واتە دایکیان کە دەیویست بەیانی ئەو ڕۆژە بڕوات بۆ ئەڵمانیا، و پاشان لەوێشەوە بڕوات بۆ ڕوسیا. ئەم ژنە ئەندامەکانی خێزانەکەیان بە دایە ڕۆز بانگیان دەکرد، تەمەنی حەفتا و چوار ساڵ بوو. کاتێک سەرەی هات بۆ ئەوەی بە سەلامەتی کەسێک بنۆشێت، ڕووی کردە خێزانەکەی و وتی، (من قەرزداری ئەو کەسانەم کە لەکاتی پێویستیەکاندا چاکەیان لەگەڵدا کردوم... باوکتان لە کاتێکی کتوپڕدا منی بەجێ هێشت، بۆیە ناچارم منیش بە تەنهای سەفەر بکەم) (٩) لە کاتی پڕکردنەوەی داواکاری فۆرمەکەیدا بۆ وەرگرتنی پەساپۆرت نوسیبووی سەفەرەکەی بە مەبەستی کار و کاسبی گەلەریەکەی هامەرە، بەڵام هامەر باش دەیزانی کە مەبەستی سەفەرەکەی دایکی بەڕاستی شتێکی دیکەیە. ئیشەکەی دایکی بۆ گەڕان بوو بەشوێن نەوەکەیدا کە بیست ساڵ پێشتر بەجێی هێشتبوو لە ڕوسیادا. هەرچەندە جارجارێک نامەکان، وەکو خۆیان دەڵێن (ئارماشا) وە دەگەیشتن، هیچکەس لە خێزانەکەیان تەنانەت باوکی، ڤیکتۆر، لەماوەی ئەو ماوەیەدا ئەویان نەبینیبوو. پاشان لە ساڵی

١٩٤٦، ڕۆژنامەنوسێك لە ئەڵمانیا وتبووی بە ڤیكتۆر دەتوانێت ئەو واڵێكات كە ئارماشا ببینێت. ڤیكتۆر دەیویست بڕوات بۆلای ئەو ڕۆژنامەنوسە، بەڵام سەفەركردن بۆ ئەڵمانیا ئەو كاتە پێویستی بە ئیجازەیەكی تایبەتی هەبوو، بۆیە ڕێگەیان بەو نەدا بە بیانوی ئاسایشی نەتەوەی. (١٠) ئێستا ڕۆز هامەر دەیویست بڕوات بەشوێن ئەو پەیوەندیەدا بۆ ڕوسیا. دیارنەبوو كە بتوانێت سەفەر بكات بۆ بەشە سۆڤیەتیەكەی بەرلین یان تەنانەت بۆ مۆسكۆش، بەڵام سور بوو لەسەر ئەوەی كە هەوڵی خۆی بدات.

هەستی دژە سۆڤیەتی، لە ساڵەكانی سەرەتای دەیەكانی ١٩٥٠، سەرتاسەری ئەمریكای گرتبوو. (كۆمیتەی چالاكیەكانی دژە ئەمریكی ئەنجومەنی نوێنەران) شەقامی گشتی ئاگادار كردبوویەوە سەبارەت بە دەسەلاتی پەیدابوونی هەمەلایەنی كۆمۆنیستەكان و دەیوت ئەكتەرە سینەماییەكان و جێبەجێكارەكانی بەرنامەكانی ڕادیۆ بزانن یان نەزانن بەشێكن لەو پلانە. لێكۆڵەرەوان و دەرهێنەرانی ئەو پلانە ڕۆژ بە ڕۆژ و سات بەسات نزیكتر دەبوونەوە لە خێزانەكەی هامەر. هاوسەری دووەمی ڤیكتۆر، ئایرین هامەر، كە یەكێك بوو لە جێبەجێكارە بەناوبانگەكانی بەرنامەكانی ڕادیۆی منداڵان، لەناولیستی ڕەشی تۆڕەكانی ڕادیۆیدا بوو، چونكە هەمووكەس وایری دەكردەوە كە لایەنگیری كۆمۆنیستەكانە. (١١) هەروەها لەساڵی ١٩٥٠، كاتێك كە سوپاكانی ئەمریكا لە كۆریادا شەڕیان دەكرد، سیناتۆر (جۆزێف مكارتی) هۆكاری هەموو شكستەكانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكای خستە ئەستۆی كارمەندە كۆمۆنسیتەكانەوە لە وەزارەتی دەرەوە، و ژمارەی ئەو كەسانەی لە وتارەكانیدا سەرەتا بە ٢٠٥ دواتر بە ٨١ و دەرەئەنجام بە ٥١ كەس ناوبرد. هۆكاری هەڵخەڵەتاندنی ئەو سەرەتای هەڵهاتن بوو لەو دامەزراوە حەقیقیە، هەڵهاتنێك كە ئەو سیاسەتمەدارانە گیرۆدەی دوودڵی وەفاداری ئەو شەخسانە بوون. (١٢) بەهەرحاڵ، تەنها هامەر نەیهێشتبوو لە ڕوسیادا ژیانی ئاشكرا بێت. بەڵام كاتێك دایكی لە سەفەرێكی قاچاخ بۆ دۆزینەوەی ئارمەند هامەری ڕوسی (ئارماشا) سەری لە بەرلینی ڕۆژهەڵاتی یان مۆسكۆ دەرهێنا، بارودۆخی ئێستا لەوانە بوو بگۆڕێت.

هەڵبەتە هەرگیز هامەر نەیدەتوانی هەڵبێت لە ژیانی پێشووی خۆی و ئەو مێژووەی بسڕێتەوە. لە ساڵی ١٩٤٨ شارەزایەكی بواری كشتوكاڵی سۆڤیەتی كە ئیشی بۆ (ئەمتۆرگ) كردبوو لە نیویۆرك لە گالەریەكەیدا پەیوەندی كرد بە (هامەرەوە)

(١٣)، وتـی دەزانم هامـەر تـۆ زۆر پەیوەسـتی و پەیوەنـدیت هەیـە بـە کـشتوکاڵی سۆڤیەتیەوە و لە هەوڵدان وکارەکانی دوای جەنگیش چ وەکو پێدانی پارە و چ وەکو کەلوپـەل یارمـەتی (بەڕێوەبەرایـەتی هاوکـاری و توانـا بەخـشینی ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتوەکانت) کـردوە بـۆ پێـدانی هاوکـاری بـواری کـشتوکاڵی سـۆڤیەتی، هامـەر ماوەیـەك لەگـەڵ کارمەندەکـەی (ئـەمتۆرگ) دا قـسەی کـرد، و بەڵێنیـدا جارێکـی دیکـە یەکتر ببینەوە، و لەبارەی کشتوکاڵی سۆڤیەتیەوە قسە بکەن.

لە ساڵەکانی دوایدا کاتێك هامەر باس لەو چاوپێکەوتنەی دەکات لەگەڵ کارمەندە شـارەزاکەی بـواری کـشتوکاڵی سـۆڤیەتی دەڵێـت ئـەو کەسـە تـەنها بـۆ بینینـی گەلەریەکەی هاتبوو و تەنها لـەبارەی ئەو گەلەریەشـەوە قسەیان کردوە. و ئەو کەسە ئەندازیارێکی کشتوکاڵی بوو. پاشان دەڵێت بە ڕێکەوت کەوتینە سەر باسی کشتوکاڵ و کاری چاندن لە ڕوسیادا چونکە خۆی حەزی لەوەکردوە هەواڵی ئەو شتانە بپرسێت کە پەیوەندی هـەبوو پێوەیـان، پاشـان دەڵێـت ئـەو ئەندازیارە سۆڤیەتە باسـی ئـەوەی کـردوە سۆڤیەت پێویـستی بـەماددەی کیمیـاوی و پەرەپێـدانی کـشتوکاڵی هەیـە نـەك خۆراکی ئامادە، بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە بتوانێت خۆی ڕاست بکاتەوە.

بەڵام با وادابنێین ئەم چاوپێکەوتنە بۆ هامەریش چاوڕوان نەکراو بووبێت، باشە کارمەندی (ئەمتۆرگ) چ پێویستی دەکرد سەردانی گەلەریەکەی هامەر بکات. هامەر خاوەن گەلەرێکی ئاسایی ئـەمریکی نـەبوو. هامەر ئـەو گەلەریـەی بـۆ هـەموارکردن و دروستکردنی (ڕێگای) معاملـەی ئـەمریکا و سـۆڤیەت دانـابوو، دەزگای ئـەمتۆرگ لـە نوسـینگەی کۆمپانیاکـەی خۆیـدا بـۆی دروسـت کردبـوو، و ئاشـنای هـەبوو لەگـەڵ کۆمـەڵێکی زۆر لـە بەرپرسـە باڵاکانیـان. لەبەرئـەوە، زۆر لـە عەقڵـەوە دوورە ئەگـەر باوەڕبکەین ئەو بینینـەی کارمەندی ئـەمتۆرگ تـەنها بینینێکـی ڕێکـەوت بـووە. هامـەر زۆر بـاش دەیزانـی کـە (ئـەمتۆرگ) ئالەتێکـە بەدەسـتی سـۆڤیەتەوە. لـە ڕابردووشـدا چەندین جار سـۆڤیەتیەکان داوایان لێکردبـوو بۆ ئەنجامـدانی هاوکـاری و کـارکردن، ئیدی لەکوێ دەرکەوێت کە شتی وا ڕوویتەداوە. لەگەڵ ئەوەی کە ئەو ئێستا بووبووە سـەرمایەدارێکی بـەڕێز، سـەرمایەدارێك کـە دەیتـوانی بـڕوات بـۆ بینینـی کەسـە نزیکـەکانی سـەرۆك کۆمـار، بەڵام لـە ڕوانگـەی دەرکـەوتنی ژیـانی شـاراوەی هێـشتا کەسێکی ئـازاربەر و خـراپ بوو. سۆڤیەتیەکان هێشتا بـەردەوام دەیـانتوانی ژیـانی

پێبگەیەنن و دەیانزانی کە دەتوانن بە ئاسانی فشاری بۆ دروست بکەن. بەکورتی، هیچ ڕێگاچارەیەکی دەرچوونی نەبوو، و قسەکان و پێشنیارەکانی ئەمتۆرگ نەدەکرا پەبیّ وەلاّم بەجێبهێڵرێت، و لە داواکاریەکانی خۆی بدزێتەوە.

بەهەرحاڵ، هامەر دوای دیدارەکەی لەگەڵ ئەندازیاری کشتوکاڵی سۆڤیەتی دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە بۆ ئەوەی بزانێت ئایا دەتوانێت کارگەیەك دابنێت بۆ ئەوەی مادەی کیمیاوی و کوت و کەرەسەی کشتوکاڵی بەرهەم بهێنێت بەتایبەتی ئەو ماددانەی کە دەنێردرانە دەرەوە. هامەر ڕۆیشت بۆلایی شارەزایەکی بەرجەستەی بەرهەمهێنەری کودی کیمیای بەهۆی نایترۆجینی کمیاوی، دکتۆر (چارلز. ئا. براوان) کە نزیکەی بیست و شەش کارگەی لە هەموو جیهاندا لەو جۆرە کارگانەی کە سۆڤیەتیەکان دەیانویست دروست کردبوو. لە یەکەم بینینی خۆی لەگەڵ (براوان) دا پێی وت دەیەوێت کۆمپانیای دروستکردنی ویسکی دروستکردنەکەی خۆی پەرەپێبدا و بەرهەمی (ئامونیاك) مادەی ئەسڵی کودی کیمیای، دروست بکات. پاشان هامەر ئەوی وەکو ڕاوێژکاری ڕاستەوخۆی خۆی دامەزراند و هەموو ئامادەگێکی بۆ ڕێکخست بۆ ئەوەی بگەرێت بەشوێن کارگەیەکی گونجاودا (١٥) لەناو بەرێوەبەرایەتیەکەی کۆمپانیاکەیدا، کۆمپانیایەکی فەرعی ئامۆنیاکی تازە کە مەبەستی بوو دروست بکات سپاردی بە (براون)، دیسانەوە هامەر دەستی بە کارێکی تازە کردەوە.

* * *

ئەو دەستکەوتەی کە دەوڵەت بەخشیبووی بە هامەر لەکارو کاسبی مەیسازیەکەیدا بە تەواوبوونی جەنگ و پەرەسەندنی بازاری ئازاد لەبری پشکی دەوڵەتی کەم کەم لەناو دەچوو. (مەیسازانی یەکێتی) پارەیان دەرشتە گیرفانی هامەر، بەلاّم کێبەرکێی بازار تاوەکو ڕادەیەکی زۆر لە ڕێژەی داهاتی ڕۆژانەی کەم کردبوویەوە. ئێستا هەلێکی دیکە هاتبوویە پێشەوە بۆ ئەوەی ئیمتیازێکی دیکەی دەوڵەتی پڕ لە قازانج بەدەست بهێنێت.

براوان لە ساڵی ١٩٥٠ ڕێگەی کەوتە پالأوگەیەکی گەورە لە (مۆرگن تاون)، لە ڤێرجینیای ڕۆژئاوا، کە موڵکی دەوڵەت بوو. ئەم یەکە زۆر گەورەیە کە نزیکەی (٣٥) ملیۆن مەتر بوو دەوڵەتی ئەمریکا لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەم بە تێچوونی ٧٥

ملیۆن دۆلار بۆ بەرهەمهێنانی ئامۆنیاك، كە ئەو كاتە یەكێك بوو لە بەرهەمە زۆر پێویستەكان، دروستی كردبوو. دوای جەنگ گۆڕانیان بەسەردا هێنا بوو بۆ ئەوەی ئەو ئامۆنیاكە بەكار بهێنن بۆ ماددەی كودی كیمیاوی، ئەم ئامۆنیاكانە بە ڕێژەیەكی زۆر بەشێوەیەكی كاتی دەنێردران بۆ یابان و ئەڵمانیای داگیركراو. ئێستا ئەو بازاڕەش بەرەو كزبوون دەڕۆیشت، سوپای ئەمریكاش دەیویست ئەو كارخانەیە بدات بە كرێ لە مزایەدەیەكی زیادكردندا. ئەمە ڕێك ئەو شتەبوو كە هامەر بەشوێنیدا دەگەڕا.

بەپێی ئەو حسابەی كە (براون) كردی، دەبوو بەرهەمهێنانی ساڵانەی ئامۆنیاكی دروستكراوی كارگەكە لە ٣٦,٠٠٠ تەنەوە بیگەیەنێتە ٢٥٠,٠٠٠ تەن. ئەگەر بتوانێت هەموو ئەو ئەمۆنیاكە هەر تەنێكی بە بەهای ٨٠ دۆلار بفرۆشێت، ئەم كارە ساڵانە نزیكەی ٢٠ ملیۆن دۆلار داهاتی دەبێت. هامەر حسابی كرد تەنانەت ئەگەر بۆ هەر تەنێك نزیكەی ١٢ دۆلار حەقی ئیمتیازەكەی بداتە سوپا و خەرجەكانی دیكەش لەبەرچاوبگرێت، دوبارە قازانجی پاكی ساڵانەی دەگاتە ٤,٨ ملیۆن دۆلار. ڕەقیبەرە سەرەكییەكانی دیكەی ئەو لەم مزیادەیەدا بازارێكیان بۆ ئەم هەموو ماددە دروستكراوەی ماددەی كوتە نەدەزانی، بەڵام هامەر بازارێكی لە دەرەوە دەناسی: ئەویش بلۆكی ڕۆژهەڵات بوو واتە سۆڤیەت. لەبەرئەوە پێشنیاری كرد بۆ سوپا: ساڵانە بەلایەنی كەمەوە ٤٠٠,٠٠٠ دۆلار و بە كرێی پانزە ساڵ بیدەنێ. (پێشنیاری دواتر تەنها بۆ دوو ساڵ كرێگرتن بوو) (١٦)

هەرچەندە هامەر زۆرترین پێشنیاری كردبوو، بە ئەزموونەكانی پێشوتری لەگەڵ دەزگاكانی دەوڵەت دەیزانی كە لۆژیكی ئابوری بەزۆری شوێنكەوتەی لۆژیكی سیاسی یە. ڕێژەی بڕی معاملەكەش كەم نەبوو، بۆیە بەدڕێژایی ئەو هاوینە كەوتە كاكردن و توانی پێگەی خۆی زۆر بەهێز بكات. ئێستا دەوڵەتی ترۆمان لەسەر كاربوو، ودەست پێڕاگەیشتنی هامەر بۆ ئەم كابینەیە ئەوەندەی دەوڵەتەكەی ڕۆزفێڵت نەبوو، بەڵام لایەنگری زۆرگرنگی لە ئەنجومەندا هەبوو. ئەم لایەنگیرانە، ڕێگەی زیاتر، بە ڕێ و ڕەسمی كۆن، واتە بۆ پێدانە پارە بۆ (ململانی هەڵبژاردن) بۆ ئەوانەشی كە تەنانەت (كاندید نەبوون)، بەدەسەتی هێنابوو. بەخشین و دەستبلاوی ئەو بەر دیموكراتەكان و كۆماریەكانیش كەوتبوو. پەیوەندی ئەسڵی ئەو لەنێوان

دیموکراتەکانی ئەنجومەندا بۆ نوێنەرانی (ئەیبێرت گۆر) لە ویلایەتی تنسی بوو. هامەر لە ساڵی ١٩٥٠ ئەم نوێنەرەی ئەنجومەنی کردبوویە شەریکی خۆی لە ئەحواجینی مانگادارییەکەدا، ئەلگور سودێکی گەورەی لەم ڕێگەیەوە دەست کەوت.

لەم بوارەدا بەتایبەتی، بۆ معامەلەی پاڵاوگەی مۆرگن تاون، پارەی دا بە سیاسەتمەدارەکانی دیکە. بۆنمونە، یەکێك لە واسیتەکانی هامەر بۆلای جێگری وەزارەتی سوپا بۆلای (ئەچیبالد ئەلکساندەر) بوو لەلایی کەسێك کە لە پۆستێکی گرنگی چارەنووسسازدا بوو بۆ قبوڵکردنی ئەو بەڵێن و ڕێککەوتنە، تەلەفۆنێکی کرد بۆ نیوجێرسی، ئەکلساندەر بەنیاز بوو دوای خانەنشینی لە سوپادا بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سینا بەشداری بکات. واسیتەکە وتی بەو ئەگەر ڕەزامەندی پێشان بدەیت و وابکەیت ئیجارەکە بدرێت بە هامەر، ئەوا خەڵاتێك بە ڕێژەی سەد هەزار دۆلار بۆ ململانێ هەڵبژاردنەکەی داهاتووت وەردەگرێت. (١٧) بەم هەوڵدانانە دڵنیا بوو پێشنیارەکەی قبوڵ دەکرێت.

بەڵام سوپا پێشنیارەکەی هامەری ڕەفز کردەوە و پاڵاوگەکەی دا بە ئیجارە بە کۆمپانیایەکی کیمیاوی کە سەرەتا هیچ پێشنیاریشی بۆ نەکردبوو. هامەر لە نامەیەکدا بۆ نوێنەری ویلایەتەکەی لە ئەنجومەندا نوسی بڕیاری سوپا (بە پێچەوانەی بنەماکانی سەرەتای دادپەروەری و ویژدان و هەڵسوکەوتی شەرافەتمەندانەوەیە کە دەبێت لەنێوان دەزگا دەوڵەتیەکان و بەشی تایبەتیدا بوونی هەبێت). (١٨) هامەر ئەو پاشماوەی دەسەڵاتە سیاسییەی کە مابووی خستیە گەڕ، و (کۆمیسیۆنی هێزەکانی چەکداری ئەنجومەنی نوێنەرانی) تێگەیاند لە مانگی ئۆکتۆبەر لێکۆڵینەوە بکەن لەسەر ئەو مەسەلەیە. هیوادار بوو بتوانن بۆچوونی سوپا بگۆڕن، بەڵام بەدرێژایی دانیشتنەکە، هامەر تێبینی کرد دەیانەوێت بڕۆنە ناو ئەو بابەتانەوە کە هامەر حەزی نەدەکرد باس بکرێت و بچنە ناویەوە. وەکیلی داواکاریەکەی کۆمیسیۆن پەنجەی خستە سەر خاڵێك کە ئەو زۆر بە قورسی و بەسەختی شاردبوویەوە: ئەویش ژیانی بوو لەروسیا. کاتێك داوای لێکرد باسی ئەو کاتە بکات، دەیویست لە باسکردنی ئەو مەسەلەیە خۆی بدزێتەوە کە کۆمپانیاکەی ئەو، یەکێتی ئەمریکا، لە دەیەکانی ١٩٢٠ لە ڕاستیدا ئالەتێکی دەستی سۆڤیەتەکان و سێ کەس لە بەڕێوەبەرانی هەڵبژێردراوی مۆسکۆ بوون و ئەمانە لە کاروباری هەموو

کۆمپانیاکەدا مافی ڤیتۆیان هەبووە. بۆ نموونە، کاتێک کە پرسیاریان کرد لە هامەر کە (کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا) لە کوێ چالاکی بازرگانی هەیە، هامەر بە دڕۆوە وەڵامی دایەوە، (نوسینگەی سەنتەری ئێمە لە نیویۆرک بووە. ئێمە لەسەرتاسەری ئەورووپادا نوسینگەمان هەبوو، لە لەندەن، پاریس، بەرلین، و چەند وڵاتێکی دیکە) پاشان فشاریان بۆ هێنا بۆ ئەوەی شوێنەکانی دیکەش بڵێت ئەو شوێنەی کە ئەوان مەبەستیان بوو، پاشان وتی (باشە، لە مۆسکۆش نوسینگەمان هەبوو). (١٩)

سوپا لەگەڵ وەکیلی داواکاریەکەی کۆمیسیۆن پێشتر زانیاریان لەبارەی چالاکیەکانی هامەر وەکو نوێنەری یەکێتی سۆڤیەت بەدەست هێنا بوو. سیناتۆر برجیز، کە هێشتا بەخاڵی پشتگیری هامەر دادەنرا لە ئەنجومەن، بەشێوەیەکی نارەسمی دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوەی کە بۆچی معاملەی پاڵاوگەی ئامۆنیاکە نەدرا بە هامەر، پاشان پێی دەڵێن سوپا (بەهۆی پەیوەندکانی ڕابردووی دکتۆر هامەر لەگەڵ ڕوسیا) بووە پێشنیارەکەیان ڕەفز کردوەتەوە. بەهۆی ئەو زانیاریانەی کە هەیە، لە دۆسیەکانی ئێف بی ئای دا هامەر، (نابێت هیچ ڕێککەوتنێک ببەسترێت لەگەڵ کۆمپانیاکەی هامەردا، یان کارێکی پێویستی متمانەپێکراوی گشتی لە وەزارەتی سوپادا پێبدرێت). (٢٠)

سیناتۆر برجیز بەبێ دواکەوتن دەڕوات بۆ لای هاوڕێ کۆنەکەی ئەددگار هوور و بەشێوەیەکی نهێنیانە و نارەسمیانە داوای ڕوونکردنەوەی لێدەکات کە بۆچی ناوی وەکیلەکەی ئەو کردارییەن لە لیستی ڕەشدایە.

بە سەرهەڵدانی جەنگی سارد لە ساڵە ناخۆشەکانی دەیەکانی ١٩٤٠، ئێف بی ئای چاودێری خۆی لەسەر کارمەندەکانی (ئەمتۆرگ) زۆر توند کردبوویەوە و تێگەیشتبوو لە چەندین پەیوەندی ئەوانە لەگەڵ هامەردا و لە ساڵی ١٩٤٨ گفتوگیان لەبارەی ناردنی کودی کیمیای کردبوو بۆ سۆڤیەت. ئێف بی ئای دۆسیەیەکی هەبوو بۆ هامەر کە دەگەڕایەوە بۆ چارەکە سەدەیەک و ناوەڕۆکی زانیاری لەبارەی پەیوەندیە نهێنیەکانی دیکەی هامەر و سۆڤیەتیەکانی لەناودا بوو. هوور بەشێوەیەکی ئاشکرا وتی بە سیناتۆر برجیز تاوەکو هامەر نەتوانێت ڕوونکردنەوە لەبارەی ئەو هاتووچۆیانە بدات، بەردەوام لەژێر چاودێری ئێف بی ئای دا دەمێنێتەوە.

برجیز، دوای چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ هوور، ڕۆیشت بۆ لای هامەر بۆ نیوجێرسی و کێشەکەی بەبێ پەردە بۆ باسکرد و وتی: ئێف بی ئای ئاگادارە کە هامەر کارمەندی سۆڤیەتییەکان بووە، و بانگەشەی ئەوە دەکات کەهامەر پارەی بۆ ڕێکخستنی کۆمۆنیستەکان گواستوەتەوە و یارمەتی جێگیرکردنی سیخوڕەکانی سۆڤیەتیداوە لە ئەمریکادا. لەبەر ئەوە بەستنی هەر جۆرە پەیمان و ڕێککەوتنێک لەگەڵ هامەردا لەلایەن دەوڵەتەوە ڕێگری لێدەکرێت.

سیناتۆر برجیز ڕێگاچارەشی خستە بەردەم. وتی دەتوانم کارێک بکەم بۆ ئەوەی ئێف بی ئای بەشێوەیەکی ڕەسمی لێپرسینەوەت لەگەڵدا بکەن. ئەمە هەل دەبەخشیە هامەر تاوەکو ئەو تۆمەتانەی کە لەسەریەتی ڕەتیان بکاتەوە، بەڵام ئەگەر ئەو قسە وباسانە بەمەڵە بڕوات، لەوانەیە تۆمەتی شایەتی درۆدان لەوەش خراپتر بخرێتە پاڵی. هامەر ڕەزامەندی پیشاندا و فەرمانیدا بە برجیز تاوەکو ئەو کارە ڕێکبخات و ئامادەی خۆی پیشاندا بۆ ئەوەی ئێف بی ئای لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکەن.

وەرزی دوانزەیەم

لێپرسینەوە

ئەدگار هوور نزیکەی سی ساڵ زیاتر بوو کە لەگەڵ سێبەرەکەی هامەردا رۆیشتبوو. یەکەمین راپۆرت لەبارەی هامەرەوە درا بەدەست ئەدگار هوورەوە لەساڵی ١٩١٩ بوو، تەنانەت پێش ئەوەی ئەدگار هوور بڕوات بۆ ئێف بی ئای. ئەو کاتانە هوور لە وەزارەتی داد کاری دەکرد و خەریکی ئامادەکردنی دۆسیەی دەرکردنی (لودویگ مارتنس) کارمەندی پلە یەکی لینین بوو لە ئەمریکا. هوور پێشکەوتنی ئارمەندی هامەری لەماوەی هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی، بۆ بە رەسمی ناسینی یەکێتی سۆڤیەت، و ئێستاش هەڵخەڵەتاندنەکانی چاودێری کردبوو. رێکخستنی دەستبەسەراگرتنی کاتی هامەر لە بەریتانیا، سەیرکردنی نامەکانی ئەو، لێکۆڵینەوە لە نوسینگەکەی، چاودێریکردنی حسابەکانی. هێشتا هەمان هەڵسەنگاندنی دەسڵیەکەی خۆی (داروودەستە گەندەڵەکەی) لەسەر دۆسیەی ژمارە٦١ - ٢٨٠ بە ناوی (ئارمەند هامەر، ئاسایشی ناوخۆی -روسیا) بە دەستوختە ناخۆشەکەی خۆی هەڵگیرا بوو.

هوور لە راپۆرتی کارمەندەکانی خۆی لەبارەی باجی ئەو رێگایانەی کە هامەر دوای جەنگی جیهانی لە کاری دابەشکردنی مەشروباتدا دابووی، دەیتوانی هامەر رێژەیەکی زۆر گەورە پارەی نەقد ئامادە بکات بەبێ ئەوەی لە نوسینگەکەی خۆی شتێک پیشان بدات. و هەروەها پەی بەرێت کە هامەر ژمارەیەک لە نوێنەرەکانی ئەنجومەن، و هاوکارانی کۆشکی سپی هەیە بۆ بەڕێوەبردن و بەرەوپێشبردنی کاروبارەکانی بەتایبەتی کاتێک کێشەیەکی بۆ دروست دەبێت، کاتێک هوور زانیی

سیناتۆر بریجیز خەریکی جێبەجێکردنی کار و ڕەسوماتەکانی ئەوە و بووەتە یاریدەدەرێکی باشی هەرگیز سەری سوڕنەما. هوور خۆی پەیوەندێکی زۆر باشی هەبوو لەگەڵ بریجیز دا، بەتایبەتی هەرکاتێك پێویستی بە دەستهێنانی پارێزگاری ئەنجومەن هەبووایە بۆ ئێف بی ئای. داوای لە بریجیز دەکرد بۆ ئەوەی ڕەزامەندی سیناتۆرەکانی دیکە بەدەست بهێنێت بۆ هاوکاریکردنی. بۆیە داوای لە بریجیز کرد لە شوێنێکدا چاویان بەیەك بکەوێت، بۆیە لە جێنیوەریساڵی ١٩٥٢ کارێکی ڕێکخست و ڕاپۆرتێکی نهێنیانەی لەبارەی هامەرەوە خستە بەردەم بریجیز، سنیاتۆر بریجیزیش تێگەیشت کە تۆمەتە خراوە پاڵەکانی هامەر زۆر ڕوون و ئاشکران.

ئەو نوێنەر و نامەگەیەنەری سۆڤیەت بوو.

پارەی بۆ سۆڤیەت دەست بەدەست پێ دەکرد، و بەلایەنی کەمەوە ٧٥ هەزار دۆلار لە سەرمایەی سۆڤیەتی گوازراوەتەوە بۆ هامەر.

لە دامەزراندنی سیخوڕە سۆڤیەتیەکان و دانانیان لە حکومەتی ئەمریکادا دەستێکی باڵای هەبووە.

ڕێککەوتنێك هەیە لەگەڵ پۆلیسی سۆڤیەتی کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە سەگی پۆلیسی بۆ کاری دۆزینەوە و گەڕانیان بۆ پەروەردە دەکات.

لە دەیەکانی ١٩٢٠، پەیوەندێکی سەرەکی تۆڕەکان بووە و پارەی گەیاندوەتە دەستی سیخوڕەکان لە نیویۆرك و لەندەن دا.

ئێف بی ئایی بە ڕوونی نەیدەوت لە چ ڕێگەیەکەوە ئەو زانیاریانەی دەستکەوتوە. کۆمەڵێك لەو زانیاریانە لە ڕێگەی عەمەلیاتە شاراوەکانی وەکو دەزگای نهێنی ئەمریکا و بەریتانیا، لە کارە نایاسایەکانی وەکو هێرشکردنە سەر بنکە و کۆمپانیا گومان لێکراوەکان و شکاندنی سندوقە پۆلاینە تایبەتیەکان و وێنەگرتنەوەیان، و بەدەستهێنانی ئەو شتانەی کە پێویست بوون. (١)

کاتێك هامەر دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە لەو تۆمەتانە، کەموکورتێکی زۆری لە بەڵگەکاندا بینی. هەموو ئەو ڕووداوانەی کە وترابوو بە سیناتۆر بریجیز پەیوەست بوو بە چارەکە سەدەیەك پێشوتر. بەبێ بەڵگە و دیکۆمێنتی سۆڤیەتی، کە ئەو کاتە دەرنەکەوتبوو، بۆیە سەلماندنی ئەو تۆمەتانە زۆر دژوار بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی شایەتحاڵە سەرەکیەکان مردبوون. مردوەکانیش بریتی بوون لە (بوریس میشێل،

بازرگانی ئەمریکی ڕوسی کە لەگەڵ هامەردا ڕۆیشت بۆ ڕوسیا، لودویگ مارتنس، کارمەندی لنین لە نیویۆرک و ڕێکخەری ئیمتیازە پەموە کێویەکە، بوریس ڕینستین، سەرۆکی بانگەشەی لنین و ڕێکخەری پەیوەندی هامەر لە مۆسکۆ، ئابراهام هیلەر، هاوڕێی بازرگانی باوکی، گریگۆری وینستین، ڕێکخەری پەیوەندیەکانی ئەو لەگەڵ کۆمیسیاری کاروباری دەرەوە، جیکۆب مونیس، کارمەندی سیخوڕی و ڕێکخەری پارە قاچاغەکان، چارلز وتنبەرگ، سەرۆکی حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا کە بە شاراوەی لە هامەرەوە پارەی وەردەگرت، و گنریخ یاگوادا، سەرۆکی زانیاری ئیستالین کە چالاکیە دەرەکیەکانی کۆمپانیای هامەری چاودێری دەکرد. لەهەمووی گرنگتر باوکی، کە ئەویش مرد بوو.

لە قسەکانی سیناتۆر بریجیز تێگەیشت کە ئێف بی ئای لە دەیەکانی ١٩٢٠ هەواڵگری خۆیان هەبووە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکادا، و یەکێك لەو کەسانە، بەتایبەتی- کە ناوی نهێنی (پەنجە) بووە، وادیاربوو کە هێشتا زیندوە. بەڵام ڕاپۆرتی ئەوانە بە ئەگەرێکی زۆر شتێك جگە لە قسەی عیشوائی هیچی دیکە نیە. لەبەر ئەوە هامەر دەیزانی کە خەریکە بەبێ گوێدان قاچ دەخاتە ناو مینەکانەوە.

هامەر، تاوەکو ٢١ جێندیوەری، یاداشتێکی ئامادە کرد، باسی لە ژیانی خۆی بەو شێوەیەی کە خۆی ویستی باسی کرد، و ئەو تۆمەتە سەرەکیەی کە ئەویان بە کارمەندێکی سیخوڕی سۆڤیەتی ناودەبرد بە توندی بەدرۆی خستەوە. سیناتۆر ئەم بەڵگە و یاداشتەی دا بە هوور. هووریش بە تیلێکس ناردی بۆ نوسینگەکەی خۆی لە نیویۆرك کە (دیار بوو خوێندنەوەی ئەو یاداشتە و لێکۆڵینەوەی جۆرێك لە ڕاستی مەسەلەکەی باشتر ڕوون دەکردەوە و بەرچاو ڕوونێکی زیاتری دەدا بە ئێف بی ئای) بۆیە بڕیار درا لە ٢٠ فێبریوەری ساڵی ١٩٥٢ لە نوسینگەی ئێف بی ئای لە نیویۆرك هامەر ئامادە بێت، بەڵام لە دواهەمین سات دا هامەر لە بەر هۆکاری تەندروستی دانیشتنەکەی دواخست، و داوایکرد چاوپێکەوتنەکەی لە نوسینگەکەی خۆیدا ئەنجام بدرێت. (٢)

هەرچەندە هوور، هیچ کاتێك هامەری نەبینی بوو و (هەرگیزیش نەیبینی)، دەیزانی کە هاوتاکەی کێ یە. نوسی، هەوڵدانی ئەو بۆ گواستنەوەی لێپرسینەوەکەی بۆ نوسینگەکەی خۆی، بۆ ئەوەیە کە (زاڵ بێت بەسەر بارودۆخەکەدا و سەرکەوێت

بەسەر هەلومەرجی گفتوگۆکەدا). گواستنەوەی شوێنەکەی دیارە ئەو هەڵە دەدات بەدەستەوە کە گفتوگۆکان تۆمار بکرێن، و هوور باش دەیزانی کە شریتی پرسیارەکان دواتر بۆ ئابڕوچوونی نێف بی ئای بەکاردەهێنرێت. لە نوسینێکی نهێنیانەدا بۆ نوسینگەی نێف بی ئای فەرمان دەدات: (ئەو دەبێت بێت بۆ نوسینگەکەی ئێمە.. دەبێت لە ڕێگەی بریجیزەوە ئەو هەواڵە بگاتە هامەر). هوور بەنەرمی توانی ئەو، ئاشوبە دابمرکێنێتەوە. (٣)

پلانی هامەر ئەوە بوو کە بتوانێت ئەو زانیاریە لێڵەی کە نێف بی ئای لە سەر ژیانی ڕابردووی هامەر کۆیی کردبوویەوە، سودی لێوەرگرێت. مەبەستی ئەوە بوو ئەو وێنایەی کە خۆی دەیەوێت بیخاتەڕوو، و وەکو هونەرمەندێکی بە سەلیقە، بەشەکان بەر و دوا بکات، پارچە ناڕێک و ناتەواوەکان لاببات. لەحاڵەتێکدا ناتوانن بەشێوەیەکی ئاراستەکراو تۆمەتباری بکەن، چونکە دەتوانێت بڵێت ئەو تۆمەتە پەیوەندی بە باوکیەوە هەیە و دەتوانێت لەو ڕێگەیەوە ئەو گومانە خراپانە دوور بخاتەوە لەخۆی، چونکە جولیوس چەندین ساڵ پێشتر تاوانی لەباربردنی سکەکەی لە ئەستۆ گرت و کوڕەکەی ڕزگارکرد لە زیندان، ئێستاش دەتوانێت بە مردوویش کوڕەکەی ڕزگار بکات. دەتوانرێت ئەو فێڵە بکرێت چونکە هەردووکیان لە ڕوسیادا لە ماڵێکدا دەژیان، و هەردووکیشیان لیشیان دەکرد، و هەردووکیشیان بەرپرسیاریەتی هاوبەشیان هەبوو. دەزگا نهێنیەکانی سۆڤیەتی بە زۆری ئەوانی بە یەک ناو بەناوی (هامەر)ەوە دەناساند و نێف بی ئای چۆن دەتوانێت، دوای بیست ساڵ، بە لێبڕاوی بڵێت مەبەستی هەواڵگرەکانمان کام لە هامەرەکەیانە؟

ئارمەند باوکی لەلایەن نێف بی ئای ئایدالیستیەوە بە سادە و سەرلێشێواو، کە ئەو لەگەڵیدا هیچ کاتێک لەگەڵیدا ڕێک نەبووە، ناساند. بۆنموونە، وتی بە نێف بی ئای باوکی (پەیوەندی) بە ڕێکخراوە کۆمۆنیستە بەرهیەکانەوە بوو و هەر ئەم مەسەلەیەش بووە هۆی ئەو هەموو نەهامەتیانەی کە بەسەر خێزنەکەیاندا بێت. هامەر باتگەشەی ئەوەی کرد کە ئەو بەشەخسی هیچ پەیوەندیێک یان حەزێکی بە سیاسەتە توندڕەوەکان و مەرامە شکستخواردوەکانی، کۆمۆنیزمەوە نیە. پاشان باسی ئەوەی کرد کە ئەو هێشتا تەمەنی بیست و یەک ساڵ نەبوو ڕۆیشت بۆ ڕوسیا بۆ ئەوەی لەوێ کاسپی بکات و پارە پەیدا بکات.

هامەر لەو ڕاپۆرتەی کە خستیە بەردەم سیناتۆر بریجیز دەیزانی کە دەبێت تۆمەتی گواستنەوەی ٧٥ هەزار دۆلار لە لایەن سۆڤیەتیەوە بۆ خۆی وەڵام بداتەوە، بۆیە دەستیکرد بە قسەکردن و ڕوونکردنەوەی لەسەر ئەو پارەیە، و خۆی بە سەرمایەدارێکی تەواو ناساند و وتی: ئەو پارە ٧٥ هەزار دۆلارە بۆ دەزگای چاڵ هەڵکەندنی نەوت بووە کە لە ساڵی ١٩٢٠ ناردویەتی بۆ ڕوسیای سۆڤیەتی، و کاتێك بینی حکومەتی سۆڤیەتی قەرزەکانی ناداتەوە، بۆ داوالکردنی قەرزەکانی ڕۆیشت بۆ ئەوێ و توانی بەدەستی بهێنێتەوە. کاتێك پرسیاریان لێکرد ئایا هیچ بەڵگە و دیکۆمێنتێکی هەیە لەبارەی ئەو حساب و ڕێککەوتنەی کە کردووتانە، ئەویش دەڵێت هیچکامم هەڵنەگرتوە، و پاشان دەڵێت: (ئایی خۆزگە مرۆڤ دەیتوانی هەرچی بکردایە و هەرچی ببینایە هەمووی لە کاغەزێکدا دەنوسی لەژیانیدا بۆ ئەوەی ئەگەر ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ ناحەزەکان تۆمەتێکیان بۆ دروست کرد بتوانیت بە ئاسانی وەڵامیان بداتەوە). (٤)

هامەر بۆ وەڵامدانەوەکانی تۆمەتی دەست تێکەڵکردنەکەی لەگەڵ نامەبەرەکان و کەسانی سیخوڕی سۆڤیەتی لە دەیەکانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ یش خۆی ئامادە کردبوو. کارمەندەکانی ئێف بی ئای ناوی شەش کەسیان برد، کە هامەر لەگەڵ ئەوانەدا لە پاریس، بەرلین، لەندەن و نیۆیۆرك ئاسراوێکی نزیکی هەبوو: بۆ نمونە جیکوب مونس، کە لە سەروی پێڕستی ناوەکانی ئێف بی ئای بوو. مونس لە ساڵەکانی نیوەی دەیەکانی ١٩٢٠ ڕێژەیەکی زۆری پارەی لە هامەرەوە وەرگرتبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، هامەر بەگشتی ئەوەی بەدرۆ خستەوە کە هیچ کاتێك مونسی (بینی بێت) یان تەنانەت ناوی ئەویشی بیست بێت. لەگەڵ هەموو ناوەکانی دیکەدا بەو شێوەیە وەڵامی دایەوە.

نمایشەکە زۆر لێزانانە بوو. لێپرسراوەکانی لێکۆڵینەوەکەی هامەر لە ڕاپۆرتەکەیاندا دەڵێن هامەر زۆر بەدڵنیایەکی تەواوەوە وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە و زۆرجاریش تەنانەت زۆر زیاتر لەو وەڵامەکەی دەڕوات و ڕوونکردنەوەی زیاتر بۆ ئەو ئەو تۆمەتانە دەخاتە ڕوو کە خراوەتە پاڵی. دوایی چولر کاتژمێر لە لێکۆڵینەوە لەگەڵ هامەردا، کارمەندەکانی ئێف بی ئای شتێکی زیاتر لەوەی کە هامەر لە دەقەکەی بەردەمیدا باسی دەکرد هیچیان نەدەزانی، ئەم دەقانەی خۆیشی هەموو

پێداگیری لەسەر وەفاداری هامەر دەکەنەوە بۆ سەرمایەداری ئەمریکا و پەیوەندی تایبەتی خۆی بەو کارەوە. لە کۆتاییشدا، هامەر پێرستی ناوی ئەو کەسانەی کە زۆر باش دەیناسین خستیە بەردەم ئێف بی ئای کە دوانیان دوو داوەری زۆر بەناوبانگ بوون لەگەڵ نوێنەرێکی ئەنجومەن، دا ئەویش (ئەمانوئیل سیلەر)بوو کە سەرۆکی کۆمیسیۆنی داوەری ئەنجومەنی نوێنەران، بوو و بەرپرسیاریەتی چاودێری کارەکانی ئێف بی ئای پێ سپێردرابوو.

ئەدگار هوور راپۆرتی لێکۆڵینەوەکی زۆر بە حەزەوە لە مانگی مارسی دواتر لە واشنتۆن خوێندەوە. هەرچەندە هامەر باسەکانی خۆی زۆر بەشێوەیەکی باش گونجاندبوو لەگەڵ دۆسیەکەی ئێف بی ئای دا، بەڵام بەشە ئەسڵیەکانی چیرۆکەکەی ئەو هێشتا لەگەڵ ئەو بەڵگانەی کە ئێف بی ئای لە بەردەستیدا بوو نەدەگەونجا. بۆ نمونە، بانگەشەکەی هامەر سەبارەت بە ۷۵ هەزار دۆلارە گوازەرەوەکەی سۆڤیەتی بۆ کرینی دەزگای هەڵکەندنی چاڵە نەوتیەکانی ساڵی ۱۹۲۰، بە ئاشکرا لێرەدا شتێکی پێچەوانە و ناکۆک دەردەکەوێت. زانیاری سوپای ئەمریکا، بۆ پاراستنی گەمارۆی ئابوری روسیای سۆڤیەتی، ناردنی دەزگای هەڵکەندنی چاڵە نەوتی زۆر بەوردی کۆنترۆڵ کرابوو، و بەهیچ شێوەیەك ناردن و گواستنەوەی ئەو دەزگایە لەو ساڵانەدا ئەنجام نەدراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێف بی ئای (لە رێگەی نامەشروعەوە) بێ پەردە ئاگاداری نوسینگەی کۆمپانیاکەی هامەر بوو کە بەهیچ شێوەیەك هیچ جۆرە دیکۆمێنت و نوسراوێکی لەوجۆرەی بازرگانی لەگەڵ سۆڤیەتیەکاندا نەبوو، و کارمەندەکانیشی بەهیچ شێوەیەك ئاگاداری معامەلەیەکی لەو شێوەیە نەبوون. ئێف بی ئای بەهۆی ژمارەی پارەکانیەوە تێگەیشتبوو کە زۆرتری ئەوپارانە لە نێوان کارمەندانی سۆڤیەتی لە ئەمریکادا بڵاو دەکرێنەوە. جیکوب مونس، ئەو پیاوەی کە هامەر لە لێکۆڵینەوەکەیدا سوێندی خوارد تاوەکو ئێستا ناوی نەبیستوە، یەکێك بوو لە پارە وەرگرە سەرەکیەکانی هامەر. لەلێکۆڵینەوەیەکی نهێنیدا بۆ سەر نوسینگەکەی مونس کۆمەڵێکی زۆری بەڵگە بوونی هەیە کە باس لە بەشەکانی وەرگرتنی ئەو پارەیە دەکات لەلایەن هامەرەوە.

کێشەیەك، بەو شێوەیەی کە هوور بەبێ گومان دەیزانی، ئەوە بوو کە دۆسیەکە بۆ ئەوە ناشێت دووی بکەوێت لە دادگادا، بەمانایەکی دیکە ئەو بەڵگە و دیکۆمێنتانەی

کە لەماوەی سێ ساڵدا ئەو دەزگایە خەریك بوو کۆی دەکردەوە لەسەر هامەر نەدەکرا بەو دیکۆمێنتانە هامەر تاوانبار بکرێت و لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت. لەگەڵ ئەوەدا هوور حەزی نەدەکرد ئەو ڕەوشەی کە ئێف بی ئای و کارمەندەکانی گرتبوویانە بەر بۆ پەیداکردنی چۆنیەتی ئەو پارەیەی کە ڕوسەکان دەیننێرن بۆ ئەمریکا دەرکەوێت. لەوەش گرنگتر، بەو شێوەیەی کە هوور بە دەستوخەتی خۆی لەسەر دۆسیەکەی نوسیی بووی، باسی ئەوەی کردبوو کە هامەر پشتگیرێکی باشی سیاسی دەکرێت. بەلایەنی کەمەوە دوو سیناتۆری دەسەڵاتدار (ئستایلز بریجیز لە نیوهەمشایر و (ئۆن بروستر) لە ویلایەتی مێین و دوو نوێنەری گرنگی ئەنجومەن کە پێکهاتبوون لە (ئەلبێرت گۆر) لە تێنسی و (ئەمانوئێل سیلەر) لە نیویۆرك، لە لایەنگرە سەرسەختەکانی هامەر بوون. هوور سێ ساڵ لە واشنتۆندا بەردەوام لەو کارەدا ئیشی دەکرد چوونکە واقعیەتی دەسەڵات تێگەیشتبوو، و ئێستاش زۆر حەزی نەدەکرد خۆی بخاتە ناو ئەو بەزم و ڕەزمەی پەرلەمانەوە. بۆیە بڕیاریدا هیچ کارێك نەکات. ئێستا ئیدی هامەر کردارێەن هووری لەم یاریە شەترەنجەدا بێ جوڵە کردبوو.

* * *

لێکۆڵینەوەکەی ئێف بی ئای بۆ هامەر جۆرێك بوو لە سوکایەتی پێکردن، سەرەڕایی دڵنیایەکانی سیناتۆر بریجیز، دڵنیا نەبوو بەرەو کوێ دەڕوات. وەکو بڵێیت دەیەوێت بیسەلمێنێت هێشتا لەناو جەرگەی سەرۆکەکانی ئەمریکادایە، هامەر لە جێنیوەری ساڵی ١٩٢٥ ماڵە هاوینیەکەی ڕۆزفێلتی لە دوورگەی کمپوبلو لە کەنەدا لە کەناری ویلایەتی مێن کڕی، و ١٢ هەزار دۆلاری بۆ ئەو دوورگەیە دا بە (ئەلیوت) کوڕەکەی سەرۆك کۆمار. (٥)، ئەمە شوێنێك بوو کە کاتی خۆی ڕۆزفێلت لەو شوێنەدا ژنەکەی خستبوویە ناو داوی عیشقەوە، و لێرەدا بوو کە نەخۆشی فەلەجی منداڵی گرت. ئەم کۆشکە سی و چوار ژوورە تاقیە، دوایی مردنی سەرۆك کۆمار، بوو بە وێرانە. ڕۆزفێلت ئەو شوێنەی بە دوورگەی خۆشەویستی خۆی ناو دەبرد، هامەر ئەو شوێنەی وەکو زیارەتگایەکی ئەتەوەی دەزانی و دەیوت پیرۆزی ئەم شوێنە بەلامەوە بۆ ئەو پەیوەندیە پیرۆزەم دەگەڕێتەوە لەگەڵ فرانکلین دی ڕۆزفێلت دا هەربۆیە وەکو شوێنێکی پیرۆز سەیری دەکەم. (٦)

بەڵام ئەم سەردەمە، وەکو هامەر لە ژیاننامەکەی خۆیدا باسی دەکات، سەردەمێکی زۆر باش و خوازراو نەبوو. بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو تۆمەتانەی کە دەدرایە پاڵی بە (هێرشی خەم) ناوی دەبات، بۆیە لەو سەردەمەدا دەستیکرد بە خوێندنەوەی کتێبە دەروونیەکان و بەتایبەتی زۆر حەزی لە کتێبەکەی (دیل کارنگی) بوو کە هەمیشە ئەو قسەیەی کتێبەکەی دیل کارنگی دەکرد کە دەڵێت: (من هەموو ڕۆژێک لە هەموو لایەکەوە باشتر دەبم) تەندروستی جەستەی هامەر خەریک بوو وەکو حاڵەتی دەروونی لێدەهات. بەردەوام هاواری ئەوەی دەکرد کە ماندووە و بە ئازاری بەردی گورچیلەوە دەیناڵاند و دەیوت خەوم نیە بەهۆی ئەو ئازارەی کە لەپێمدایە بۆیە ئەو ئازارە جەستەیانە بەتەواوی هامەریان لە کار خستبوو. وەکو ئاو خواردن هامەر نەشتەرگەری دەکرد، بەڵام ئەم نەشتەرگەریانە، وەکو هەموو کارەکانی دیکەی لە بواری سیاسەت، ژنەکانی، بازرگانیەکانی جار جارێک گرفتی زۆر جدیان بۆ هامەر دروست دەکرد و هیچ باشبوونەوەیەکیان بەدواوە نەبوو (٧)

سەرکەوتنەکانی هامەر لە پەیداکردنی پارە هەمیشە قوربانی توانایی ئەو دەبوو لە پەیداکردنی لایەنگیرەکانی لە حکومەتدا. لە لێنینەوە بیگرە بەدواوە، بەرتیل ئەو لە پەیداکردنی ڕێگەیەک، هەرچەندە زۆر پێچاو پێچ و سەخت بوایە، بەڕاستی لەتوانای زۆر کەم کەسدا هەبوو. پاشان لە بەدەستهێنانی، ئیمتیازێکی سودمەند لە پارێزگاری دەوڵەت یان ڕێکەیەکی هاوکاری، معامەلەیەک کە ئەوی لەدەستی کێبەرکێ ڕزگار دەکرد. بەدەست دەهێنا.

بەڵام ئێستا دەوڵەتی ترۆمان لە ڕێکدا لەگەڵ ئەودا سارد بوو بوویەوە، ئاڵۆزیەکان، ئەو پارێزگاریانەی کە لە ئەنجومەندا کڕیبوونی، ئەوی نەدەگەیاندە هیچ شوێنێک. بەڕێوەبەرایەتی باج و دەرامەتی ئەمریکا دۆسیەیەکی جنائی دارایی گەورەی لە دژی ئەو پێکهێنابوو، و دۆسیەیەک کە دەیتوانی بە ئاسانی هامەر بخات. وەزارەتی بەرگری خۆی بەدوور دەگرت لە کڕینی ئەلکهولە پیشەسازیەکەی بۆ کارگەکانی، ئەم کارەش بووە هۆی ئەوەی کە هامەر بخەنە ناو ئاستێکی زۆر ترسناکەوە بەتایبەتی لە بەرامبەر ڕەقەبەرەکانی. بەڕێوەبەرایەتی باج و دارایی ویلایەتی نیۆیۆرکیش ڕێککەوتنێکی سەرەکی فرۆشتنی کۆمپانیاکەی ئەوی پەک

خست بوو. (٨) دەوڵەت لە هاوڕێیەتی و دۆستایەتییەوە گۆڕابوو بۆ دوژمن، و کێبەرکێکردنی لە بازاڕی ئازاد لە ئەستۆی هامەردا نەما بوو.

ئەو قازانجە زۆرانەی کە لە نیوەی دەیەکانی ١٩٤٠ دەرژانە گیرفانی هامەرەوە، بەخێرایی لەدەستی چوون. بۆ پێدانەوەی قەرزەکان و وەرگرتنەوەکانی، دەستیکرد بە فرۆشتنی کەلوپەلەکانی کارگەی (مەیسازانی یەکێتی)، لەگەڵ مانگا نەژاد دەسنیەکانی. لە فێبریوەری ساڵی ١٩٥٣، لەگەڵ هەموو کار و کاسپیەکەی خۆی فرۆشتی بە کارگەی (پیشەسازی شنلی) ویسکی دروستکردنی ڕقەبەرەکەی، بەم شێوەیە کۆمپانیاکەی هامەر بووە پۆستەیەکی خاڵی، و ڕێکخستنێکی بێ کردار.

پاشماوەی پارەکانی هامەر لەم پۆستە خاڵیەدا بەرە بەرە لە تێچوونە شەخسیەکانی هامەردا تەواو دەبوو. کاپیتانی کەشتیەکەی هامەر، فڕۆکەوانی فڕۆکەکەی، چێشتکەرە یابانیەکەی، پارێزەرە تایبەتیەکەی، شۆفێر و خزمەتکار و هاوسەرەکەی، و تەنانەت کرێکارەکانی کێڵگەکەی، هەموویان لە کۆمپانیای مەیسازانی یەکێتیەوە موچەیان وەردەگرت. ئەو قەرز و ڕەهنانەی کە بۆ پێدانی پارەی کەشتی و فڕۆکە و ئۆتۆمبێلەکان و کێڵگە و شوێنی نیشتەجێبوونەکانی وەکو (دورگەی کمپوبلو) ی پایکێشا بو و هەمووی لەسەر حسابی کۆمپانیا بوو. ژمارەیەک دەعوای یاسایش دابگا لە دژی دامەزراوەی مانگا بەخێوکردنەکەی خرابوویە ڕوو، ئەمانە شکاتی ئەوەیان دەکرد کە دامەزراوەکەی مانگای عەیبداری پێ فرۆشتوون و بەرپرسیاریەتی ئەم تەزویرانە کە دەگەیشتە ملیۆنەها دۆلار دەخرایە ئەستۆی ئەو کارگە و کۆمپانیایە.

کاسبیەکەی دیکەی هامەر، واتە گەلەریە هونەریەکەی، ئەویش گیرۆدەی دارایی بوو بوو. ئارمەند سەرپەرشتیاری ڕۆژانەی ئەو گەلەریەی خستبوویە ئەستۆی ڤیکتۆری قسە خۆش و دڵ کراوە، کە هیچ کاتێک کاسبکارێکی باش نەبوو، ڤیکتۆر وەکو دایکی، خولیا و بیرۆکەی گەڕان کەوتبوویە سەری بەشوێن هامەری ڕون بوودا واتەر (ئارماشا)، هەمیشە سەفەری پڕ لە تێچوونی دەکرد بۆ ئەوروپا، پارەی ئەو کەسانە دەدا کە بەڵێنیان دەدا کوڕەکەی بدۆزنەوە، و هەمیشە شتی هونەری خراپ و تەزویری دەکڕی، و هەموو ئەم کارانەش لەسەر شانی ئارمەند بوو و دەبوو پارەکانی ئەو

بیاندات. ڤیکتۆر ئەوەندە بەخراپی کاری گەلەریەکەی پشتگوێ خستبوو کە ئیدی بەهیچ شێوەیەك لەتوانایدا نەبوو پارە خەرج بکات بۆ دۆزینەوەی کورەکەی.

هاوسەرگیری هامەر و ئەنجیلاش توشی قەیران بوو بوو. ڕاستیەکەی، هیچ کاتێك پەیوەندی ئەو دوانە پەیوەندیکی خۆشەویستانەی واقعیانە نەبوو، لەدوایی مانگی هەنگوینیەوە، کاتێك پێی وتبوو هەرگیز حەز ناکات منداڵی لێبێت. لەدوایی ئەو قسەیەوە، ژن و پیاوی ئەوانە وەکو بەرژەوەندیکی لێهاتبوو. ژنەکە ئابرو و کەرامەتی بەخشیبوو بە هامەر، ئەنجیلاش لەکاتێکدا کە زۆر پێویستی بە هاوکاری هەبوو کێلگەیەکی لە نیوجێرسی پێ بەخشیبوو و ئەو کێڵگەیەی کردبوویە مەنتەرێکی سەرەکی پەروەردەکردنی مانگای شیردەر. لەم بارەیەوە بەوتەی نوسینی خودی هامەر، ژنەکەی (هاونشینێکی لایق، هۆشمەند، زۆر لێهاتوو بوو) (٩). بەڵام کاتێك کە بەرە بەرە پەیوەندی ژن و پیاوی ئەوانە دوور دەکەوتەوە، هامەر هەستی دەکرد ڕۆژ بە ڕۆژ ژنەکەی زیاتر لەگەڵیدا ناڵەبارتر دەبێت. ژنەکە، هامەری تێگەیاند کە زۆر حەز ناکات ئەو هەموو کاتە بە تەنیایی لە نیویۆرکدا بیباتە سەر. (هامەر لە نیویۆرکدا لەماڵێکدا دەمایەوە کە مولکی شەخسی خۆی بوو: ماڵێکی یەك ژووری بوو کە سەردەمی خوێندنی لە زانکۆدا لەو ژورەیدا دەبردە سەر) ژنەکە مانگا بەخێوکردنەکەی بە مولکی خۆی دەزانی، و کاتێك هامەر دەستیکرد بە فرۆشتنی مانگاکان ئەنجیلا زۆر گومانی خراپی برد لە هامەر. ئەم گومانە خراپانەی ئەنجیلا زۆرجار لەکاتی خواردنەوەی مەیدا باشتر دەردەکەوت. لە هەمان مانگی جێنیوەری، بۆ نمونە، لەبەردەم کەسێکی وەکو سیناتۆر بریجیز، ژنەکە پیاوەکەی تاوانبارکرد کە تەزویر دەکات و داهاتی فرۆشتنەکان دەکاتە گیرفانی خۆیەوە و پشکی ئەو نادات.

ڕۆژێکی دیکەش ژنەکە بەخێرایی خۆی گەیاندنە ژورە تایبەتیەکەی هامەر، کە کۆمەڵێکی زۆری نامە و نوسینی تایبەتی هامەری تێدابوو و نامەکەی لتینی لەناو دەفتەرە شەخسیەکەی هامەردا ڕفاند، و هەڕەشەی لێکرد بەوەی کە باسی ڕابردووی دەکات و ئەو ڕابردووە گەندەڵەی دەخاتەڕوو بۆ خەڵکی. (١٠) هامەر تاوانی هەڵسوکەوتەکەی ئەوی خستە ئەستۆی ئەو هەموو مەشروبە زۆرەی کە بەردەوام دەیخواتەوە، و شکاتی کرد لەسەر ئەوەی کە (لەو هەمیشە بەدرێژای ڕۆژ مەستە، و لە

کۆتایی ڕۆژیش، ئەوەندە مەیی دەخواتەوە کە ئیدی بەهیچ شێوەیەك ئاگایی لەخۆی نامێنێت، بۆیە لەو کاتانە هەرچی کە نەگونجاو بێت باسی دەکات). (١١)

لە سەرەتایی ١٩٥٣، کاتێك کە ژنەکەی لە نەخۆشخانە خەریکی نەشتەرگەرییەك بوو، هامەر کەشتیە گەشتیەکەی خۆی نارد بۆ ماراسۆنێك بۆ کەنداوی فلۆریدا و خۆیشی بە فڕۆکە ڕۆیشت بۆ ئەوێ. بەشوێن هەڵهاتنی نەگبەتیەکانی ژیانیدا دەگەڕا، و بەلام توانی بەزووی دلدارێك بۆ خۆی بدۆزێتەوە.

وەرزی سیانزەیەم

یاری هەستاوە لەخاکدا

لە سەرەتایی ساڵی ١٩٥٣، نزیکەی ساڵێک بوو کە بیتی مێرفی بەڕێوەبەری میوانخانەی لانلی بوو لە وێزگەکانی کەشتیە گەشتیارەکان لە شاری ماراتۆن. بیتی تەمەنی بیست و چوار ساڵ بوو، قژی سور و درێژ جەستەیەکی نەرم، و بەردەوام زەردەخەنەیەکی جوانی هەبوو. لە ئیندیانا وە هاتبوو بۆ فلۆریدا. مشتەریەکانی هۆڵی لانلی هەموو جۆرە ڕەنگێکی تێدابوو، بەزۆری لە دەریاوە دەهاتن و لەوێ لەنگەریان دەخست، و بیتی بەشێوەیەکی خودایی مرۆڤێکی نەرم و خوێنگەرم و لەسەرخۆ بوو، بەردەوام حەزی دەکرد لەگەڵ ئەو مرۆڤانەدا قسە بکات. ڕۆژێکی هەینی ئەوەندەی زاتی پیاوێکی گەورە زل زلێک سەیری دەکات. پیاوەکان زۆربەیان واقیان وڕدەما بە مێرفیدا، بەڵام ئەم پیاوە لە مشتەریە ئاسایەکانی لانلی نەدەچوو، ئەوانە بەزۆری قاتی جوان وکراسی سپیان لەبەر دەکرد. ئەم پیاوە جلێکی ڕەنگ بەرازی، کراسێکی لەکەدار، کۆتێکی هەندێک شەق و شڕ، شەرواڵێکی خاکی پیسی لەبەرکردبوو. عەینەکە خۆرەتاویەکانی بە پەتێک بەستبوو بەیەکەوە. تەمەنی لەوانەیە لە پەنجا و چەند ساڵە دەچوو. بەڵام لە کەسێکی شپرزە نەدەچوو. قژەکانی پێشەوەی شێواو بوون، ناوچاوانیشی هەندێک زیاد لەڕادە دەرپەڕیبوو. لە جێگەی خۆیدا وەستابوو دەتوت بەستویەتی. سەرەتا، کچەکە وابیری کردەوە، یەکێک بێت لە ماسیگرەکان. بەڵام توانا و بازووی کەسانێکی نەبوو کە لەدەرەوە کار دەکەن. لەوانەشە لەو کەسێکی بەرەڵا دەچوو و هەر حەزی لە کەناری دەریا کردبێت، و بیتیش وابیری

دەکردەوە تۆ بڵێت ئەو پیاوە بتوانێت پارەی ئەو نان و شەربەتەی هەبێت کە داوای کردوە.

کابرا، لەوانەیە شەیدای ئەو کچە بووبێت، پارەی حسابەکەی خستە سەر مێزەکە و دە سەنتی بەخشیشی خستە سەر مێزەکە. لەگەڵ ئەوەدا بەردەوام دانیشتبوو و هەر سەیری کچەکەی دەکرد، کاتێک مشتەریەکانی دیکە ڕۆیشتن، کچەکە لێی پرسی ئایا شتێکی دیکەی پێویستە، کابرا داوای شتێکی دیکەی کرد، دیسانەوە کچەکە کەوتەوە گومانی ئەوەی تۆ بڵێیت ئەم کابرایە بتوانێت پارەکەی بدات. پاشان کابرا کچەکەی بانگ کرد بۆلای خۆی، و خۆی بە (دکتۆر) ناساند. کچەکەش پرسی چ جۆرە دکتۆرێکی، لەوەلامدا وتی (دکتۆری کاری قەڵەمی)، و پاشان وتی دەتوانێت کێشە و گرفتاریەکان نەهێڵێت. ئینجا وتی (من سەردەمانێك دکتۆری واقعی بووم، بەلام هیچکاتێك کاری دکتۆریم نەکردوە). ئینجا عەینەکەکانی لەچاویدا لابرد و داوای لێبووردنی لێکرد کە بەو شێوازە سەیری کردوە، و پاشان وتی لەبەر ئەوەبوو کە زۆر لە کچێك دەچوو کە ماوەیەکی زۆر پێشتر دەیناسی. پاشان وتی، ئەو تەنها بەڕاستی عاشقی ئەو کەسە بوو ناوی (ماراجوری) بوو.

بیتی لەسەر مێزی کابرا دانیشت. حەیرانی شێوازی دەنگی کابرا بوو بوو. کابرا باسی ئەوەی بۆ کرد کە دوای تەواوکردنی خوێند لە زانکۆی پزیشکی لە ساڵی ۱۹۲۱ چۆن مارجوری ناسیوە. مارجوری کچی یەکێك بوو لە مامۆستاکانی و توشی سیل بوو بوو. ئەویش تازە بوو بوو بە دکتۆر و گومانی نەبوو لەوەی کە دەتوانرێت ئەو کچە ئەگەر لە زووەوە توشی سیل نەبووبێت بگەیەنێتە نەخۆشخانە و چارەسەری بکات. بەلام پێش ئەوەی ئەو کارە ئەنجام بدات، باوکی ئەوی نارد بەشوێن کارو کاسبیدا بۆ ڕوسیا.

پرسیاری کرد لە بیتی: (تۆ تەمەنت چەندە؟)

کچەکەش مێژووی لەدایکبوونی پێ وت: ۲ دیسەمبەری ۱۹۲۳.

کاتێك ئەوەی بیست، بێدەنگ بوو، سەرێکی جولاند، و وتی بە کچەکە مارجوری لە پاییزی ساڵی ۱۹۲۳، واتە چەند ڕۆژێك پێش ئەوەی کە بیتی لەدایك بێت، مرد. کابرا وتی بە باوەڕی من هاوشێوەیەکی جەستەی زۆرت هەیە لەگەڵ ئەو کچەدا، و پاشان وتی من باوەڕم وایە کاتێك مرۆڤێك دەمرێت تەنها ئەو کەسە دەڕوات ئیدی ڕۆح

و جەستەی لە شێوەی کەسێکی دیکەدا دەردەکەوێت، ئینجا وتی بە بیتی لەکوێی جەستەتدا نیشانەیی خوایی هەیە.

ئەم پرسیارە زۆر لایەنێکی شەخسی هەبوو، بیتی بە بیستنی ئەم قسەیە لەجێگەی خۆیدا وشك بوو، کچەکە زۆر ئەهلی نهێنی و عیرفان نەبوو، و بەڵام کابرا ئەوی خستبوویە ناو داوەوە. پاشان وتی نیشانەیەکی لەو جۆرەی کە تۆ باسی دەکەیت هەمە. کابرا دەستی ڕاکێشا بۆ قژی و، وتی پرێك وەکو قژەکانی مارجوری یە. دواتر وتی (تۆ دەتوانیت ببیت بە مارجوری)

بیتی حەزی دەکرد دریژە بدات بەو باسە، بۆیە دەستیکرد بە یاریکردنی هاکی سەر مێز لەگەڵیدا. کاتێك سەرقاڵی یاریکردن بوون، مەلەوانێك بەجلی مەلەکردنەوە هاتە ناو کافتریاکەوە. خزمەتکارێکی کەشتێکی گەشتیاری گەورە بوو کە ڕۆژێك پێشتر هاتبوو بۆ ماراسۆن. مەلەوانەکە ڕاستەوخۆ ڕۆیشت بۆلای (دکتۆر) و بەشێوەیەکی زۆر بەئەدەبانە قسەی لەگەڵدا کرد، و ڕاستەوخۆ ئەوەهات بە مێشکی بیتی دا کە وابیری دەکردەوە کابرایەکی بەرەلاَ و وێڵگەردە لەڕاستیدا خاوەنی ئەو کەشتیەیە و دەبێت دکتۆر ئارمەند هامەر بێت. چەند خولەکێك دواتر کاپیتانی کەشتیەکە، فێرد گراس، هات بۆ کافتریاکە، و ئەو و هامەر لەبارەی سەفەرێك بۆ کوبا دەستیان کرد بە قسەکردن. هامەر پرسی لە بیتی، هیچ کاتێك ڕۆیشتوی بۆ هاڤانا؟

چەند ڕۆژێك دواتر خاتوون لە کوبا بوو. کوبای ئەو سەردەمە زیاتر بە مەشروباتی ساقە دریژی قامیشی شەکر، و سەمای مامبۆ، و جەنگی کەڵەشەیرەکان، و گازینۆکانی قومارکردن ناوبانگی هەبوو. هامەر چەند ژوورێکی لە هۆتێلی (ئال پریزدنتە) گرت لە هاڤانا. داوایی کرد هەمان ئەو ژوورەی بوك و زاوایەی کە نزیکەی دە ساڵ پێشتر گرتبووی لەگەڵ ئەنجیلادا بۆ مانگی هەنگوینیان دایبنێن بۆی. بیتی دواتر بیری کردەوە کە هامەر لە هەوڵی دووبارە ژیانی ڕابردووی بوو. جاری یەکەم هەڵەی کردبوو، ئەم جارە بە دووبارەکردنەوەی ڕووداوەکان لەوانەیە بتوانێت قەرەبووی هەڵەکان بکاتەوە.

هامەر دەڕۆیشت بۆ هەر شوێنێکی دوورگەکە بیتی لەگەڵدا بوو. شەوی یەکەم ڕۆیشتن بۆ گازینۆی تروپیکانۆ، ئەوانیان برد بۆ ژووری نوسینگە تایبەتیەکانی بەڕێوەبەری گازینۆکە، و بە هەمان ئەدەب و ڕێزی ناو کەشتیەکە میواندار و فەرموو

فەرموویان لە هامەر کرد. هامەر، دیاریبوو، خاوەنی گازینۆکەی (میلانسکی) دەناسی. ڕۆژی دواتر ڕۆیشتن بۆ بینینی یاریە ئاوچەیەکانی (های لای) و لە جێگەی تایبەتی سەرۆکی کوبا، (فولخنسیوباتیستا) دانیشت. پاشان گەڕان بەناو کارگەکانی عارەقسازی قامیشی شەکردا، و خاوەنەکانی ئەو کارگانە بۆ بەخێرهاتنی هامەر لەدەرەوە بەڕیز وەستا بوون. لە فرۆشگاکاندا، بەشێوەیەکی زۆر سەیر بە بیانییێکی پلە بەرز سەیر دەکرا. کچەکە دەستی بۆ هەرچی دەبرد ڕاستەوخۆ دەیانخستە بەردەمی بەبێ ئەوەی دیاریبێت کە هیچ جۆرە پارەیەك دەدرێت لەبەرامبەر ئەو شتە.

پێش ئەوەی کوبا بەجێ بهێڵن، بیتی حەزی دەکرد هەندێك پێکەوە لە کەناری دەریادا پیاسە بکەن. کاتێك کچەکە بینی هامەر بەجلی نیشەوە هاتوە بۆ گەڕان، شەرواڵەکانی پێداکەند و بە مەقەست لە سەر ئەژنۆکانیەوە بڕی.

کاتێک گەڕانەوە بۆ فلۆریدا، هامەر دیسانەوە بیتی لە کەشتیەکەی خۆیدا برد بۆ گەڕان بەناو ئاودا. پاشان وتی بە کچەکە دەیەوێت بڕوات بۆ نیویۆرك و حەز دەکات ئەویش لەگەڵیدا بێت. کچەکەش پێی دەڵێت ئەو کارە ڕاست نیە چونکە تۆ ژنێکی دیکەت هەیە، لەم کاتەدا هامەر کاپیتانی کەشتیەکەی بانگ دەکات بۆ سەر کەشتیەکە و فەرمان دەدات هەر لەوێدا مارەیان ببڕێت بۆ یەکتری. مەراسیمێکی دڕۆزنانە بوو، بەڵام هامەر تیرەکەی دابوو لە نیشانەکە. نزیکەی مانگێك دوای ئاسینیان، کچەکە ڕۆیشت لەگەڵیدا بۆ نیویۆرك.

بیتی لە نیویۆرك بووە بەشێك لە ژیانی شاراوەی هامەر. هامەر سێ شوقەی جیاوازی پیشانی بیتی دا کە بەناوی خوازراوەوە بەکرێی گرتبوون. ئەو شوقانە لە شوێنی زۆر گونجاوی شاردا بوون: یەکێکیان لە ڕۆژهەڵات، یەکێکی دیکەشیان لە ڕۆژئاوا، سێ یەم دانەشیان لە جادەی چوارەدەیەمی نزیك مەیدانی (یونیون). ئەو ئەم شوقانەی بۆ چاوپێکەوتنە تایبەتیەکان و کۆمەڵێك کاری دیکە سودی لێوەردەگرتن (شوقەی ڕۆژئاوای کارگەیەکی بچوکی لە پشتەوە هەبوو بۆ چاککردنەوە و دروستکردنی کەلوپەلە هونەریەکانی گەلەریەکەی). وتی بەکچەکەی کام لە شوقەکانی حەز لێ یە هەڵیان بژێرێت. بیتیش شوقەی جادەی چواردەیەمی هەڵبژارد، کە تەنها دە بینا دوور بوو لە ماڵی خودی هامەرەوە. هامەر بەڵێنێکی لەگەڵ خزمەتکارەکەی دانا بۆ ئەوەی ماڵەکە ڕێك و پاك بکاتەوە. چونکە خۆی جارجارێك سەردانی ئەو

شوێنە دەکات، و پاشان دەڕواتەوە بۆماڵەکەی خۆیان یان دەڕوات بۆ شوێنێکی دیکە، بۆ ئەوەی کچەکە تەنها نەبێت، توتێکی بچوك، باڵندەیەکی دەنگ خۆشی کەناری، تولەیەکی ڕەشی بۆ کڕی و ناوی سەگەکەی نا (ئەریك)، پرنس ئەریك ناوی ئەو مانگایە بوو کە خەڵاتی باشترین مانگای وەرگرت لە کێڵگەکەی بەخێوکردنی مانگاکانیدا، و هامەر بەهۆی ئەو دەستکەوتەی کە بەدەستی هێنابوو لەو مانگایەدا شانازی بەخۆیەوە دەکرد.

هامەر کاری فێربوونی پیانۆی بۆ بیتی ڕێکخست و پیانۆیەکی گەورەی بۆ تمرین کردن هێنا بۆ شوقەکەی. پاشان بیتی هاندا بڕوات بۆ مۆزەخانە و خولی فێربوونی شێوازی وتاردان و خولی فێربوونی کاری هونەری. هەروەها هەوڵیدا فێری کاری تایپێستی و نوسینی خێرایی بکات. هەرکاتێك پێکەوە بوونایە و بەیەکەوە دەربکەوتنایە، بیتی وەکو سکرتێر دەیناساند لەملاو لەولا. لەگەڵ ئەوەدا ئەوی لە پێرستی موچە وەرگرەکانی خۆیدا ناونوس کرد.

لەو سەفەرانەی کە پێکەوە دەڕۆیشتن بەردەوام هامەر ناوی خوازراوی بەکاردەهێنا و بیتی بەردەوام تێبینی ئەوەی دەکرد کە هامەر خەریکی دڕین و سوتاندنی نوسین و بەڵگەنامەکانە. ڕۆژێکیان کچەکە شاهیدی ئەوە بوو کە چۆن جەواز سەفەرەکەی پارچە پارچە کرد و خستیە ناو ئاگرەوە: ئەو جەوازە، جەوازی دەستونیایی هامەر بوو کاتێك کە جەوازی ئەمریکی ئەبوو سودی لەو جەواز سەفەرە وەردەگرت. پاشان چەند بەڵگەیەکی دیکەی سوتاند. هۆشداری دایە کچەکە کە هەرگیز هیچ شتێك لەبارەی ئەو بەڵگانەوە بەهیچ کەس نەڵێت. نزیکەی ساڵێك بەسەر لێپرسینەوەکەی ئەودا تێدەپەڕی. بەڵام هێشتا خۆی لەناو مەترسیدا دەبینیەوە و وایدەزانی ئێف بی ئای لەوانەیە هێرشی بۆ بکەن.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٣، ڕۆژێك لە شوقەی جادەی چواردەدا، لە پڕێکدا هامەر تەختی زەوی بوو، و پاشان بیتی بەپەلە هامەری گەیاندە نەخۆشخانەی پزیشکان. پەرکەم لێیدا بوو و ئەوەندەی نەمابوو بمرێت بۆیە بەخێرایی نەشتەرگەرێکیان بۆ کرد. بیتی بەدرێژایی ئەو شەوە بەدیاریەوە دانیشت تاوەکو هۆشی هاتەوە بەخۆیدا. کاتێك تێگەیشت کە دەبێت چەند هەفتەیەك لە نەخۆشخانەدا بمێنێتەوە، وتی بە بیتی دەیەوێت ژیاننامەی خۆی بنوسێتەوە، بۆیە پێویستی بە هاوکاری ئەو دەبێت. ئەوی

نارد بۆ ماڵی گرینچ ویلیج تاوەکو بەستەیەک کاغەز بهێنێت، دواتر، بەشێوەیەک کە ئەو کاغەزانەی دەخوێندەوە و دەیدڕاند، باسی لە سەرگوزەشتەی خۆی بۆ کچەکە کرد و ئەویش نوسیەوە. بیتی تێکەیشت لەمەسەلەکەی هامەر، ئەویش ئەوە بوو کە هامەر نەیدەتوانی لە بەربەستی دەموچاوێکی ئەسڵی، باوکی، تێپەڕێت. هەر بابەتێکی کە دەهێنایە پێشەوە بۆ قسەکردن وەکو زانکۆی پزیشکی، کارو کاسبی، هونەر، ڕوسیا، بە شێوەیەک لە شێوەکان دەچووە سەر باسی باوکی. جولیوس تەک تەنها سەرمەشق و ڕزگارکەی ئەو بووە. هامەر زوو زوو باسی ئەو ڕووداوەی ژنەی دەکرد کە بەهۆی لەباربردنی سکیەوە گیانی لەدەستدا و باوکیشی ئەو تاوانەی خستە ئەستۆی خۆی و لەبری کوڕەکەی ڕۆیشت بۆ زیندان. هەوڵیدا لەبری باوکی بڕوات بۆ مۆسکۆ و خۆی پاک بکاتەوە لەو تاوانەی کە کردبووی. بوویە نوێنەری باوکی، ڕێکخەوتنێکی بەنوێنەرایەتی باوکی ئیمزا کرد، و بەهەرحاڵ نەیتوانی لەژێر فشاری ئەو ڕێککەوتنەشدا بێتە دەرەوە، و بیرکردنەوەی هەرەسی هێنا. هەر لەویش باوکی گەیشت بە فریایەوە و ڕزگاری کرد لەو قوڕەی کە لەناویدا بوو. بۆیە دوایی چەندین ساڵ هەرگیز نەیدەتوانی باوەڕ بە مردنی باوکی بکات، و باسی ئەوەی کرد کە چۆن دوایی چەندین ساڵ لەمردنی باوکی دەڕوات بۆ سەر گۆڕستان و لەسەر پارچە کومبارێک بەچەندین کاتژمێر دادەنیشێت و لەگەڵ ڕۆحی باوکیدا دەردە دڵ دەکات. وتی تەنها باوکی دەتوانێت ئەو ببەخشێت لەو تاوانانەی کە کردونی.

بیتی زۆر زوو تێگەیشت هەرگیز هامەر ناتوانێت ژیاننامەی خۆی بنوسێتەوە شتێک بکات مەگەر تەنها ئەوەی کە هامەر بتوانێت وابیر بکاتەوە کە باوکی بەخشیویەتی. ئەم پرۆژەیە، دوایی دەرچوونی لە نەخۆشخانەدا وازی لێهێنا. هامەر ئێستا پرۆژەیەکی دیکەی تازە لەسەردا بوو کە بیتیش لەو پرۆژەیەدا بەشدار بوو. ئەویش ئەوە بوو دەیویست ژنەکەی تەلاق بدات.

* * *

هامەر لە شاردنەوەی ژیانی شاراوەی خۆی ئەوەندە توانایی پەیدا کردبوو کە ئەنجیلا هیچ ئاگاداری بیتی نەبوو لە نیۆیۆرکدا. بەڵام لە هەڵسوکەوتی پیاوەکەی لەبارەی فرۆشتنی مانگاکانەوە و خەرجکردنی پارەکانی، و دیارنەمانی زۆری لەو هاوینەدا، تووشی بێتاقەتی بوو بوو. لە مانگی جێنیوەری، پرسی لە پیاوەکەی ئایا

ژنێکی دیکەی نیە و پەیوەندی لەگەڵ هیچکەسێکی دیکەدا نیە. هامەریش بەشێوەیەکی ڕەها حاشای لەو مەسەلەیە کرد. یەکێك لە هۆکارەکانی تەڵاق لە نیوجێرسی بریتیە لە مەسەلەی زینا. دەرەنجام ئەنجیلا دەیویست تەلاق وەربگرێت بە خەتایی پیاوەکەی، نەك لەسەر خواستی خۆی. ڕۆژی دواتر هامەر وتی بە هاوسەرەکەی دەیەوێت داوای تەڵاق بکات چونکە ژنەکەی هەمیشە سەرخۆشە. پاشان هۆشداری دایە ژنەکەی نابێت بەهیچ شێوەیەك ناڕازی بێت. پاشان وتی ئەگەر ڕەزامەندی پیشان نەدات ڕۆژگاری ڕەش دەکات.

ژنەکە، بەو شێوەیەی کە لە شایەتیدانەکەی تەڵاق نامەکەیدا لە دادگادا دەڵێت، هەڕەشەکەی زۆر بەجدی وەرگرت، چونکە لەماوەی شانزە ساڵی هاوبەشماندا تێگەیشتبووم پیاوەکەم لە شەڕێکی دەروونی زۆر قوڵدایە. ماناوەی نۆ ساڵەی ئەو لەڕوسیادا، لە سەردەمی پاکسازیەکان و کوشتاریەکانی ئەو وڵاتە، سەرەڕایی فێرکاری پزیشکیەکانی، بوەتە هۆی ئەوەی کە لە ئازار و ڕەنجی خەڵکانی دیکە بە هیچ شێوەیەك نارەحەت نەبێت). ئەنجیلا باسی ئەوەی کرد کە (ئەو هەمیشە شانازی بەخۆیەوە دەکات کە چۆن ئەو کەس و ڕێکخراو و دامەزراوانەی کە لەسەر ڕێگەکەی وەستاون ڕووبەڕوویان بووەتەوە و هەموویانی دانیشاندوون).(١) لەگەڵ ئەوەدا ئەو هەرگیز خۆی نەداوە بەدەستەوە، و هەر لەبەر ئەوەیە زۆر بێزارە لێی. ،

هامەر وردە وردە لەگەڵ ئەنجیلادا گۆڕا، و بەرە بەرە بەیەکجارەکی دوور دەکەوتەوە لە ئەنجیلا. قفڵی دەرگاکانی ماڵەکەی لە نیۆیۆرکدا گۆڕی، وتی بە پاسەوانی شوقەکەی (ئیمپایر ئەستیت) هەرگیز ڕێگە نەدەن بەو ژنە بڕواتەوە بۆ ئەو ماڵە. حسابی بانکەکانی بلۆك کرد یان پارەکانی هەموو کێشایەوە. چەکەکانی مەیسارانی یەکێتی کە بۆ خەرجی ماڵەکەی ئەو خەرج دەکرا هەمووی وەستاند. ئەو شۆفێرەی کە چەندین ساڵ لەخزمەتیدا بوو، و بوونی بۆ ژنەکە زۆر گرنگ بوو، بەتایبەتی کاتێك کە گوێکانی ئەنجیلا سات بەسات قورستر دەبوون، دەری کرد. دەستی بە دامەزراندنی کۆمەڵێك پارێزەر کرد وەکو (لوئیس نیزر) و (بیکی) ئەمانە ناودارترین پارێزەرەکانی وڵات بوون. لە ١١ نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٥٣ هامەر لە نیوجێرسی بە شێوەیەکی ڕەسمی شکاتی لە هاوسەرەکەی کرد لە دادگادا و

بەتۆمەتی ئاوڕزڕاندنی شەڕی دەروونی داوای تەلاقی لێکرد. بۆیە ئەو بووە مدعی، و ژنەکەشی مدعی علیە.

ژنەکەش دەستیکرد بە شەڕ لەگەڵیدا، ڕۆژنامەی (دیلی نیوز) لە نیویۆرک لە ڕاپۆرتێکدا لەسەرزاری ژنەکەی دەنوسێت: (دەڵێت پیاوەکەم تاڵانی کردم.) تۆمەت بارکردنی هەردوو لا زیاتر ئاویان دەکرد بە ئاشی پڕوپاگەندەکاندا بەڵام لەگەڵ ئەوەدا هیچ پەیوەندیەکیشی بە ئەسڵی مەسەلەکەوە نەبوو. لە دۆسیەکەی هامەر لە دژی هامەر، هەردوولا دەیانویست لە شەڕی یەکتر ڕزگاریان ببێت، جەنگی یاسای لەسەر پارە بوو. هامەر بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە کۆی سامانەکەی ئەو بۆ دوو ملیۆن دۆلار کەمتر بووەتەوە، و زۆربەی ئەو پارەیش ماڵ و کەلوپەلە هونەریەکانن کە فرۆشتنیان ئاسان نیە. پارەی نەقدی لە حسابی بانکەکەیدا هەبوو، وەسڵی سەرانەکەی ئەوەی دەخستەڕوو کە ساڵی ١٩٤٩ هەموو داهاتی ساڵانەی هیچ کاتێك زیاتر لە ٣٦ هەزار دۆلار نەبووە. ئەنجیلا داواکاری ئەوەی دەکرد کە پیاوەکەی پارەی زۆری شاردوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا نەیدەتوانی ئەوە بسەلمێنێت.

* * *

لەکاتی ئەم شەڕە پڕ هەراو هوریایە، بیتی مێرفی لە پشتی شانۆکەوە چاوەڕوان بوو. هامەر بەڵێنی پێدا بوو کاتێك کارەکەی تەواو بوو بەشێوەیەکی واقعی و یاسای هاوسەرگیری لەگەڵدا دەکات. بەڵام چەند مانگێك تێپەڕی هامەر وەفادار نەبوو بە بەڵێنەکەی، و کچەکەش نیویۆرکی بەجێهێشت و ڕۆیشت بۆلای باوك و دایکی بۆ ئیلینوی. هامەر داوای لێکرد بگەڕێتەوە، هامەر وتی حەز دەکات منداڵی لێببێت بۆیە ئەویش نەرم بوو و گەڕایەوە.

بیتی هاودەستی نهێنی هامەر بوو. شەوێك لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٥، هامەر لەگەڵ ئەودا بە کەشتیە گەشتیەکەی ڕۆیشتن بۆ کێڵگەکەی ئەنجیلا بۆ نیوجێرسی. ئەنجیلا لە نەخۆشخانە بوو، و هامەر هێشتا کلیلی ماڵەکان و سندوقی قاسەکەی هەبوو. هامەر دەیویست ئەو دوو نامەیەی دەست کەوێت کە ئیمزای لینینان پێوە بوو چونکە دەیزانی ئەنجیلا بردونی و کاتی خۆی ئەنجیلا تەلەفۆنێکی کرد بۆ خوشکەکەی باسی ئەو نامانەی کردوە کە بەهایەکی گەورەی پارەیان هەیە. ئاسراوێکی کۆنی هامەر لە ماڵێکدا لە نزیك کێڵگەکەی ئەوان دەژیا هێڵی تەلەفۆنەکەی

ئەنجیلای کۆنترۆڵ کردبوو، ئەو گفتوگۆیەی لەو هێڵە کۆنترۆڵکراوە بیستبوو. (٢) ئەگەر ئەو ژنە ئەو نامانەی لابێت، کەواتە ئەوکاتە دەردەکەوێت کە توانیویەتی دەستی بگات بە کۆمەڵێك دۆسیەی زۆر گرنگی دیکە. دوای گەڕان نامەکانی لە ماڵەکەدا نەدۆزیەوە، بەڵام کاتێك ئەو گەڕانەوە بۆ کەشتیەکە دەستی پڕ بوو لە چەوری و گیرفانی کراسەکانی پڕ لە ئاڵتون و جەوهەرات بوو، و وتی هەموو ئەمانە ئەنجیلا لە لایی من بردوتی.

بیتی، کە تایپیستێکی باش بوو، ئەو ئەرکەی بەسەردا سپێردرا بۆ ئەوەی شریتی گفتوگۆکانی ئەنجیلا لە تەلەفۆنە کۆنترۆڵ کراوەکەوە بنوسێتەوە. هامەر لەبارەی ڕابردوویەوە هەندێك شتی وتبوو بە بیتی، بەڵام چیرۆکەکانی ئەو بەردەوام هێشتا ئەویان وەکو سوپەرمانێك دەردەخست. بەڵام ئێستا بەهۆی ئەو قسانەی کە کۆنترۆڵ کرابوون بیتی گوێ لە کۆمەڵێك قسەی ئەنجیلا بوو لەبارەی عادەت و خەوتن و تەندروستی هامەرەوە. سەدان کاتژمێر شەریتی تۆمارکرابوو، و هامەر پێی وت چ بابەتێك لەو قسانە هەڵبژێرێت. بێتاقەتی ئەو نە لەستراتیژی یاسای و نە لە ئەگبەتی و بێتاقەتی ئەنجیلا بوو، بەڵکو ئەوە بوو کە ئایا ئەو ژنە لەبارەی ڕابردوویەوە چی دەزانێت، ڕابردوویەك کە هێشتا ترسی ئەوەی هەبوو کە ئێف بی ئای بە شوێنیەوە بێت.

بیتی لەشریتەکانیدا هیچ شتێکی لەو شێوەیەی بەرچاو نەکەوت کە ئەوە بخاتە ڕوو ئەنجیلا هیچ شتێك لەو بارەیەوە دەزانێت. گومانەکان زۆرتر لەو بارەیەوە بوو کە لەوانەیە هامەر قازانجی دەواجینی بەخێوکردنی مانگاکانی خستبێتە گیرفانیەوە. گفتوگۆکان ئەوەیان دەخستە ڕوو کە بەفەرمانی هامەر دەرزی (ئستروید)[1] دراوە لە (پرنیس ئەریك) و مانگا تایبەتیە جوتەکانی دیکە. ئەم کارە ڕێژەی بەرهەمهێنانی تۆی ئەو مانگایانەی کە هامەر فرۆشتبووی بە گاوداره ئەرژەنتینیەکان زیادی دەکرد، بەڵام لەمەمانکاتدا بووبوویە هۆی لەدایکبوونی گوێرەکەی کەموکورت وعەییبدار، و ئەمەش بۆ خۆی، کۆمەڵێك دەعوای یاسای دروست کردبوو. ئەنجیلا وادیار بوو

---

[1] – steroid ، مادەیەکی تێکەڵەیە لە چەند هۆرمۆنێکی جۆراوجۆر و ماددەی کیماوی بۆ بەهێزکردنی زاین لەناو ئاژەڵاندا. (وەرگێڕ)

پێتاقەتی ئەم بەزمە بوو. لەگەڵ ئەوەدا لە کێشەکێشەکانی لەگەڵ هامەردا، بەڕاستی ماندوو دیار بوو بۆیە دیار بوو خۆی ئامادە کرد بوو بۆ چارەسەرکردن و کۆتایی هاتنی ئەو کێشەیە.

درەنگ کاتانێکی شەوی ٨ مەی ساڵی ١٩٥٥، بیتی شاهیدی پێشهاتێکی چاوەڕواننەکراوی پڕ لە ڕووداوەکانی ژیانی یارەکەی بوو. هامەر، ئەو کاتانە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك لە شوقەکەی بیتیدا دەمایەوە، لەوکاتانەدا کە جلی پشووی لەبەردا بوو تەلەفۆنێکی بۆ کرا. تەلەفۆنەکە براکەی بوو (هێری)، یەکێك بوو لەو کەسە دەگمەنانەی کە ژمارەی ئەو شوقەیەی لەلا بوو، چەند وشەیەك قسەی لەگەڵ هامەردا کرد، هامەریش پێی وت بڵێ بە ئۆلگا بەخێرای تەلەفۆنێکم بۆ بکات. هامەر هەندێك پێدەنگ دانیشت تاوەکو دووبارە تەلەفۆنەکە لێیدایەوە. تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و دەستیکرد بە قسەکردن لەگەڵ ئۆلگادا، زیاتر لە دە ساڵ بوو کە ئۆلگای نەبینی بوو. هیچ بەزم و ڕەزمێك لە ئارادا نەبوو. چەند جارێك داوای لە ژنەکەی کرد پێی بڵێ چی ڕوویداوە و چ بەزمێك ڕوویداوە. پاشان تەلەفۆنەکەی دانا، تەلەفۆنێکی دیکەی بەتایبەتی بۆ پارە کرد. پاشان ڕووی کردە بیتی و وتی دەبێت بەیانی بە فڕۆکە بڕۆیت بۆ لۆس ئەنجلس. لە وێدا ٥٠ هەزار دۆلار پارەی نەقد بدەیت بە وەکیلەکە.

بیتیش دەپرسێت چی ڕوویداوە.

هامەریش دەڵێت، (جولین بە تۆمەتی کوشتن گیراوە).

وەرزی چواردە

کوڕی شایستەی باوک

لە ساڵی ١٩٢٩، کاتێک هامەر ڕوسیای بەجێهێشت، حەزی دەکرد هاوسەرەکەی و کوڕە تازە لەدایک بووەکەی لەوێ بەجێبهێڵێت. بەڵام دایکی ڕازی نەبوو. دایکی کوڕەزاکەی واتە جولین ئەوەندە خۆشی دەویست دەیپەرست، کوڕێکی زۆر جوان و قژ زەرد و خەپ و خڕ بوو. بۆیە هامەر ژن و منداڵەکەی سەرەتا لەگەڵ خۆیدا برد بۆ پاریس و پاشان بۆ نیویۆرک. بەڵام جولین ڕێک نەدەکەوت لەگەڵ ئەو ژیانە تازەیەی باوکی. چونکە بە ئینگلیزی قسەی نەدەکرد و شوێنی لەدایکبوونی ڕوسیا بوو. جولین دواتر وەبیری دەهێنێتەوە دەڵێت هەرچیم دەکرد نەمدەتوانی لەگەڵ باوکمدا پەیوەندی دروست بکەم. هەرکاتێک جولین تووڕە بووایە و هەرلوهوڕیای بنایەوە باوکی دەیوت ئەوە تێنەگەیشتوە. پێش ئەوەی باوک و دایکی جیا ببنەوە منداڵەکەیان نارد بوو بۆ چاودێری شەوانە ڕۆژی. تەمەنی دە ساڵ بوو لەگەڵ دایکی دا لە (هایلەند فالز) لە نزیک نیویۆرک ڕۆیشتن بۆ لۆس ئەنجلس. و دەڵێت لەبیرم ناچێتەوە هەرگیز لەو ماوەیەدا لەجەژنەکانی سەری ساڵیشدا باوکم نەدەبینی. بەڵام تەنها جارجارێک دەڕۆیشت بۆ بینینی باوکی بۆ کێڵگەکەی لە نیوجێرسی. لەوێش بە زۆری باوکی خەریکی کار و کاسبی خۆی بوو و بە تەنیای بەجێی دەهێشت. هەرکاتێک بەڵێنێکیان دادەنا بۆ بینینی یەکتری، هامەر هەمیشە ئامادە نەدەبوو و لەسەر بەڵێنەکەی نەدەهات. جولین لەم ساڵانەی دواییدا بەم شێوەیە باسی لە هەڵسوکەوتەکانی باوکی دەکرد:

من دەزانم باوكم بەردەوام خەریكی ئیشكردن بوو و هەمیشە مەشغوڵ بوو، و بەردەوام ئەو پرسیارەم لەخۆم دەكرد بۆچی دەبێت من چاوەڕێم تاوەكو بەشێك لەتەمەنی خۆی لەگەڵ مندا بەسەر بەرێت. لەسەردەمی هەرزەكاریمدا هەندێك جار ڕازی دەبوو بمبینێت یان بمباتە دەرەوە، بەڵام دواتر تێدەگەیشتم كە ئیشی هەیە و ناتوانێت بەڵێنەكەی بباتە سەر لەگەڵمدا... ئەم حاڵەتانە ڕێگەی منی بۆ پەیداكردنی پارە بەهێزتر دەكرد. (١)

بە تێڕوانین لە ڕابردوو، جولین تێگەیشت كە پەیوەندی لەگەڵ باوكیدا بەردەوام جۆرێك لە مامەڵەیەكی چەند ڕەهەندی بوو. لەئاستێكدا، ئەو هەوڵیدەدا شتێكی دەستكەوتی وەكو پارە بەدەست بهێنێت، لە ئاستێكی قوڵتردا، مامەڵەكە ئەوە بوو تاوەكو باوكی والێبكات ئەو بە كوڕی خۆی بناسێت. لەبەر ئەم حاڵەتە دووەمینە بوو كە بەردەوام باوك كوڕەكەی ڕەفز دەكردەوە.

باوكی هەمیشە، تەنانەت لەسەردەمی منداڵی خۆیشیدا، بەردەوام دەستەیەك كاغەزی زەردی لەدەستدا بوو، و خەریكی حسابكردن بوو. تەنانەت باوكی بابەتە زۆر سۆزدارییەكانی وەكو ئازارەكان و بێتاقەتییەكانی دایكی لە جیابوونەوەی ماڵەوە، بەشێوەیەكی زۆر سەیر لە ڕوانگەی تێچوون و قازانجەوە شیكار و لێكدەدایەوە. بۆ بەشداریكردن لەم یاریە، جولینیش مەستی دەكرد دەبێت ئەویش (هۆكاری چەندانی) خۆی فەراهەم بكات. هەڵهاتن لە قوتابخانە، سەركەشییەكانی سەردەمی هەرزەكاری، و هەڵسوكەوتە ناشایستەكانی دیكەی هەموویان وەكو ژمارەیەك لە تێچوونەكانی خۆی بەكار دەهێنا. ئەوكاتە، قبوڵی دەكرد كە بەرامبەر قازانجێك، بۆ نموونە چەند ڕۆژێك گەڕان و ماسیگرتن لەگەڵ باوكیدا، دەبێت دەست لە هەڵسوكەوتی ناشایستەی خۆی هەڵگرێت.

جولین، لەبەر حەزی باوكی، ڕۆیشت بۆ كۆلێژی مارشاڵ لە (هانیگتۆن) لە ڤێرجینیای ڕۆژئاوا، و لەوێ، سەرەڕایی ئەوەی كەبەردەوام خەریكی مەی خواردنەوە و قومارکردن بوو توانی بواری ڕۆژنامەگەری بخوێنێت. پاشان هەوڵیدا بەهۆی

لێهاتووی نوسینەکانیەوە باوکی بخاتە ژێر کاریگەریەوە: سەرگوزەشتەی یەکێك لە پشوە دەگمەنەکانیان کە پێکەوە ڕۆیشتبوون، بۆ دوورگەی کارائیبی، ئەوکاتە تەمەنی بیست و یەك ساڵ بوو، لە بیست لاپەڕەدا نوسیەوە و پاشان دایی بە باوکی. ناونیشانی ئەو نوسینەی ئابوو: (یاداشتەکانی کارائیب: ڕوونکردنەوەیەکی واقعی بوو کە چۆن دەبێت بڕۆیت بۆ سەفەرێکی بازرگانی) و پاشان نوسینەکەی پێشکەش کرد بە (باوکی و ئەنجیلا). ئەم بابەتە زۆر بە چێژ و زیرەکانە بوو و بەیەکێك لە خەیاڵپلاوە هەمیشەیەکانی کۆتایی پێ دەهێنا. لە چیرۆکەکەدا فڕۆکەکەیان تێکدەشکێت، و ڕۆژنامەکان لەسەر تاسەری وڵات دەیکەنە سەر دێڕی هەواڵەکان و دەنوسن (سەرمایەدارێکی خۆشبەخت و خێزانەکەی لە نیشتنەوەیەکی ناچاریدا لە لێواری فلۆریدا کەوتونەتە خوارەوە و هیچ پاشماوەیەکیان نیە). بیریشی لە ناونیشانێکی دیکەی بابەتەکەی کردبوویەوە: (تۆفان سوڵتانی لەناوبرد). هامەر بەڕوکەش وادیار بوو حەزی لەو بابەتە نەکرد بوو. هەرگیز نەیوت بە جولین بابەتەکەی خوێندوەتەوە. (٢)

جولین وازی لە ڕۆژنامەنوسی هێنا و کۆلێژی بەجێهێشت. و چوو لە سوپادا ناوی نوسی. دواتر لە ڕێگەی نوسینەوەی ڕووداوەکانی فلیمەکانی (ویسترین)ەوە پارەی پەیدا دەکرد، و لەگەڵ ژنێکی جوان بەناوی (گولنا سو ئەروین) کە تەلاقی لە پیاوەکەی وەرگرتبوو، هاوسەرگیری کرد. باوکی نە پیرۆزبای لێکرد و نە پارەشی بۆ نارد. لەڕاستیدا، کاتێك کە جەژنی لەدایکبوونی بیست و شەش ساڵەی جولین بوو، کوڕەکەی نزیکەی سێ ساڵ دەبوو باوکی نەبینی بوو. دوای نیوەڕۆی ڕۆژی لەدایك بوونەکەی، توشی نامراوێکی کۆنی هاوڕێی بوو کە سەربازێك بوو بەناوی (بروست ویلاك). ئەوانە حەوت هەشت ساڵ پێشتر ماوەیەك لە ژوورێکدا پێکەوە بوون و هاوڕێی مەشروب خواردنەوەش بوون(٣). جولین دەیزانی کە (ویلاك) بۆ هاوڕێیەتی ناشێت و چەندین جار زیندانی کراوە، بەڵام، بەرشێوەیەی کە دواتر باسی دەکات، (عاشقی ژیانی خۆش و گوێنەدانی ئەو) بوو. ئەو شتەی کە دڵی جولینی بردبوو ئەوە بوو (ویلاك) (هەموو جۆرە یاسا و بڕیارێکی دەخستە ژێرپێیەوە و هیچ حسابێکی بۆ کەس نەدەکرد) (٤)، بۆیە دوای ئەوەی یەکتریان بینیەوە، دووبارە بەگەرمی سەردانی یەکتریان دەکرد. بەردەوام خەریکی خواردنەوەی بیرە، مارتینی و ڤۆدکا و خواردنەوە

مەیەکان بوون و دەڕۆیشتن بۆ ڕیستۆرانە ڕوسیەکان، هەر لەوێشدا بوو (گولنا سوی) ناسیی.

ئەو ڕۆژەی کە یادی لەدایکبوونی جولین بوو بۆ دوانیوەڕۆکەی گولناسوش لەگەڵیاندا بوو، سکی پڕ بوو نزیکەی پێنج مانگ بوو، بۆیە گولنا نەیدەویست تاوەکو درەنگانێك لە دەرەوە بمێنێتەوە، ئەو ڕۆژە هەندێك زوتر هەستان و هەرسێ کیان ڕۆیشتن بۆ شوقەکەی خۆیان. کاتێك گەیشتنە ماڵەوە، گولنا خەوت، و جولین و ویتلاکیش بەردەوام درێژەیان بە مەیخواردنەوەدا. نزیکەی کاتژمێر سێ بەیانی دەنگی دوو فیشەك و هاوارێك لە شوقەکەدا هات.

کاتێك پۆلیس گەیشتە ماڵی جولین، ویتلاك کەوتبوو و خەڵتانی خوێن بوو بوو. جولین باسەکەی بەم شێوەیە گێڕایەوە: (ئەو شەوە دەست دەکەن بە قومار و جولین نزیکەی ٤٠٠ دۆلار دەدۆڕێنێت بە ویتلاك. جولین ئەو کاتانە پێ نیە بیداتێ، بۆیە دەڵێت بە ویتلاك شتێکت بۆ دەنوسم وەکو بەڵێنێك لەنێوانماندا بێت دوای پارەکەت دەدەمەوە، ویتلاکیش قبوڵی ناکات و دەڵێت دەبێت جلەکان و سەیارەکەم وەکو بارمتە پێ بدەی تاوەکو پارەکەم پێ دەدەیت. جولینیش داواکەی ڕەفز دەکاتەوە. دەنگەدەنگ دروست دەبێت و دەگەنە شەڕکردن، و پاشان ویتلاك دەڵێت باشە لەبری پارە دەبێت لەگەڵ ژنەکەتدا بخەوم. پاشان ویتلاك خۆی دەکات بە ژووری ژنەکەیدا، و جولینیش ڕێگەی پێ دەگرێت، ویتلاك پاڵەوانی بۆکسێن بوو، بۆکسێکی لێدەدا و تەختی زەوی دەکات. پاشان جولین دەمانچەکەی لە مێزەکەیدا دەردەهێنێت. ویتلاك بە بتڵێکی شکاوەوە پەلاماری دەدات، و جولینیش دوو فیشەکی بۆ دەتەقێنێت، دەست بەجێ دەیکوژێت.

جولین دەگیرێت و بە تۆمەتی کوشتنی بە ئانەنقەستی پلەیەك زیندانی دەکرێت. و دایکی تەلەفۆن دەکات بۆ هامەر و داوای هاوکاری لێ دەکات.

کاتێك هامەر سەر دێڕی هەواڵی ڕۆژنامەی (لۆس ئەنجلس تایمز) لەبارەی ڕوداوی دەستگیرکردنی جولین دەخوێنێتەوە، بیر لە سەردێڕی هاوشێوەی هەواڵی گرتنەکەی باوکی دەکات بە تۆمەتی کوشتنە نا ئەنقەستەکە سی و شەش ساڵ پێشتر. (٥) ئەگەر باوکی ئەو کاتە ئەهاتایەتە پێشەوە و خەتای ئەو مەرگە ترسناکەی لە ئەستۆی خۆی

نەگرتبایە، ئەویش وەکو کوڕەکەی تاوەکو ئێستاش تاوانبار بوو بە کوشتنی ئانەنقسەت. کەواتە ئێستا سەرەی ئەوە کوڕەکەی ڕزگار بکات.

هامەر لە ڕێگەی واسیتەی نوسینگەی یاسای پڕ لە دەسەڵاتی لۆس ئەنجلس (میچێل، سیلبربێرگ و کناب) کە پەیوەندییەکی زۆر بەهێزیان لەگەڵ ئاودارە سیاسیەکانی کالیفۆرنیا هەبوو، خۆی ڕێکخست. (٦). یەکێک لە کارمەندە گەنجەکانی ئەو دامەزراوەیە، (ئارتوگرۆمن) بوو، کە هامەر کردی بە بەرپرسی دۆسیەکە. گرومن لە ژیانی ئێستای هامەردا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو.

ئارتۆر گرۆمن زۆر بەوردی دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە لەو دۆسیەیە و هۆکاری دەست بەسەراگرتنی کوڕەکە، لە دۆسیەکەدا هاتبوو: جولین دوو فیشەکی نا بوو بە سنگی ویتلاکەوە. ویتلاکیش لە کاتی لێکۆڵینەوە پزیشکیەکەدا دەرکەوتوە ڕێژەیەکی زۆر ماددەی ئەلکهول لەناو خوێنیدایە. شایەتی تەقاندنی فیشەکەکان تەنها جولین و گولنا بوون (ناکرێت گولناش ناچار بکرێت لەدژی پیاوەکەی شایەتی بدات). گرومن دواتر ڕاپۆرتێکی ئامادەکرد کە باسی ئەوە دەکات دەسەڵاتی دەوڵەت لە ڕەفزکردنەوەی باسەکەی جولین زۆر سنوردارە. حوکمی تازە لە دادگای بەرزی کالیفۆرنیای بەنمونە هێنایەوە کە دەڵێت دادوەرەکان ناتوانن خۆیان بە شایت بشوبهێنن، بەڵگەی ئەوەی هێنایەوە لەبەر ئەوەی کە دادوەرەکان لە لێکۆڵینەوە سەرەتاکەی بەدەستهێنانی حەقیقەتی جولین داوای شایەتیان کردوە، لە دادگای ئێستادا ناتوانرێت گومانمان هەبێت لە ڕاستی قسەکانی ئەو. ئەمە خاڵێکی هونەری بوو، بەلام فیشی خۆی کرد. ئەگەر لێکۆڵەرەوان نەتوانن باسەکەی جولین ڕەفز بکەنەوە، دادگایی کردنەکەی ئەو هیچ دەرەنەنجامێکی نابێت، چونکە لە کالیفۆرنیادا تەقەکردن بۆ پارێزگاریکردن لە نەفسی خۆت شتێکی یاسای یە. پاردەدەری داگا، لە مانگی جێنیوەری، تۆمەتەکەی ڕەفز کردەوە.

سێ مانگ دواتر، کوڕەکەی جولین لەدایک بوو. هامەر بوو بە خاوەنی کوڕەزایەک. ناویان نا مایکل ئارمەند هامەر.

* * *

ئەو واسیتەیەی کە هاوکاری هامەری کرد بۆ پاراستنی یاسای جولین، نوێنەری ئەنجومەنی ئەمریکا (جیمز ڕۆزڤێلت)، کوڕە گەورەکەی فرانکلین ڕۆزفێلتی سەرۆکی

پێشووی ئەمریکا بوو. ڕۆزفێڵت خزمەتی سیاسی خۆی لە ساڵی ١٩٣٧ بە یارمەتیدەری سەربازی باوکی دەست پێکردبوو. بە دەستێوەردان لە دۆسیە هەستیارە سیاسیەکان و بەکارهێنانی دەسەڵاتی خۆی بۆ هاوکاریکەرانی دارایی حیزبی دیموکرات ناسرا بوو. بەرە بەرە کاتێك هەوڵە بێ پەرواکانی بۆ کۆکردنەوەی پارە پەرەیان سەند، فرانکلین هیچ ڕێگەیەکی لەبەردەمدا نەما و داوای ئەوەی لێکرد کە کۆشکی سپی بەجێ بهێڵێت. بۆیە جیمز دواتر دەستی کرد بە کاری دابینکاری کۆمەڵایەتی، بوو بە دەلاڵی دابینکاری کۆمەڵایەتی (بیمە)، بەلام نەیتوانی ئەوەندە پارە پەیدا بکات تاوەکو خەرجیە تەلاق زۆرەکانی خۆی پێ دابین بکات. لە ساڵی ١٩٥٤، هاتە سەر ئەو بۆچوونەی کە ببێتە نوێنەری کالیفۆرنیا لە ئەنجومەندا، و وتی سیاسەت (تەنها بەشێکە کە من لەناویدا پەروەردەی بنەڕەتیم هەیە) (٧). بە ناوی ڕۆزفێڵت، هیچ کێشەیەکی بۆ هەڵبژاردن نەبوو.

هامەر هەلەکەی لەدەست نەدا. دەیزانی ڕۆزفێڵت پارەی پێویستە، هامەریش پێویستی بە هاوکارێك و پشتگیرێك هەبوو لە ئەنجومەندا. هەڵبەتە ئەوەمان لەبیر نەچێت هێشتا بەردەوام پەیوەندیکی باشی هەبوو لەگەڵ سیناتۆر بریجیز و سیناتۆر ئەلگور دا، بەلام ئەمانە بەشێوەیەك لەشێوەکان تێیان گەیاندبوو کە ئامادە نەبوون لە هەموو کارێکدا هاوکاری بکەن. هامەر پێویستی بەکەسێك بوو کە لەکاتە پێویستەکاندا هەموو هاوکارێکی لەگەڵدا بکات ئەگەریش زۆر نایاسای بێت. بۆیە ڕۆزفێڵت ئەو کەسە بوو کە هامەر بەشوێنیەوە بوو، دوای ئەوەی کە دۆسیەکەی جولین هەندێك ماوەی تێکەوت، تەلەگرافێکی کرد بۆ ڕۆزفێڵت، (باسی لەوە کرد کە هاوکاریکردنی تۆ ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕێت پێویستم بەهاوکاریتە زۆر مەمنون). ژمارە تەلەفۆنە تایبەتیەکانی نارد بۆ ڕۆزفێڵت و داوای لێکرد هەرکاتێك پێویستی پێ بوو تەلەفۆنێکی بۆ بکات. (٧)

ڕۆزفێڵتیش ئامادەی خۆی پیشاندا. وتی بەهامەر کەوتوومەتە ناو قەیرانێکی سەختی ئابوریەوە، (گەوەندەی نەماوە نوقم بم). پێویستم بە هاوکارێکی ٢٥٠٠ دۆلاری خێرا هەیە، کە بۆ ئەوەی نەفەقەی ژنەکەی و هەندێك لە قەرزەکانی دیکە بدەمەوە. ڕۆزفێڵت پرسی لە هامەر ئایا دەتوانێت لە ڕێگەی گەلەریەکەیەوە چەند شتێکی بەنرخی باوکی واتە فرانکلین ڕۆزفێڵت بفرۆشێت: ئەوانیش پێکهاتبوون لە

(ئەڵڵە ئەلماسەکەی، نامەکانی باوکی بۆ ئەو، و پاشان دوو نامەی سەرۆک ترۆمان بۆ خۆی، و لەگەڵ نیشانەیەکی (شەخسی و نهێنیانە).

هامەر ٢٥٠٠ دۆلاری بۆ نارد، و ئەو پارەیەی وەکو پێشەکێک بۆ کەلوپەلەکان ناو برد. دواتر پێی وت حەز دەکەم کاروباری (کۆمپانیای ڕۆزفێلت و سارجنت) کە ڕۆزفێلت دروستی کرد بوو بۆ فرۆشتنی بیمەی گرووپی گەشەی پێبدا. (٩) ڕۆزفێلت توشی سەرسامی بوو بوو لەبەر ئەو یارمەتیەی کە هامەردابووی. بۆیە ڕۆزفێلت وتی (بەبۆچوونم کۆمپانیاکە زیاتر لە ١٠ هەزار دۆلار زیاتری سەرمایەی پێویست نیە... حەز دەکەم شەریکێک پەیدا بکەم) (١٠) هامەریش وەلامی دایەوە پارە کێشەیەک نیە، و خودی خۆی هاوکاری دەکات لە ڕێگەی حسابە بانکیەکانی خۆیەوە کێشەکانی بۆ چارەسەر دەکات. هامەر وتی بە ڕۆزفێلت نەک هەر بە سەرمایە هاوکاری دەکات بەڵکو ئەو دامەزراوانەی کە ئەو پەیوەندی هەیە لەگەڵیدا وایان لێدەکات هاوکاری باشیان هەبێت لە نێوان کۆمپانیای ڕۆزفێلت و سارجنت)دا (١١) پاشان هامەر لەڕوانگەی کۆبوونەوە کۆمەڵایەتیەکانیشەوە هەوڵدەدات هاوکاری ڕۆزفێلت بکات.

وەرزی پانزەیەم

هاوسەرگیری ئاڵتونی

تەلاقدانی ئەنجیلا لەلایەن هامەرەوە لە ١٩ جێنیوەری ساڵی ١٩٥٦ بەشێوەیەکی ڕەسمی تەواو بوو. دوای چەندین ساڵ کێشمەکێش، جیابوونەوە بۆ هەردووکیان جگە وەکو سەرکەوتنێك، جۆرێکیش بوو لە ئازاد بوون. ئەنجیلا کێڵگەکەی خۆی وەرگرتەوە لە نیوجێرسی، و لەگەڵ سی هەزار پارەی نەقد دا (کە هەمووی خەرجکرا بۆ پارێزەرەکان و دادگا)، و لەگەڵ مانگی هەزار دۆلار نەفەقە. هامەر بەلەمە گەشتیاریەکەی، گەلەریە هونەریەکەی، ماڵە تەنیایەکانی خۆی، و کێڵگەیەکی لە نیوجێرسی بۆ خۆی هێشتەوە، و پاشان ئازادی خۆیشی بەدەستهێنایەوە. شەش ڕۆژ دواتر هاوسەرگیری کرد، بەلام نەك لەگەڵ دڵدارەکەی (بیتی میرفی)، کە بەڵێنی پێدابوو هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات و سکیشی پێنج مانگە بوو. بەڵکو لەگەڵ بوکێکی تازەدا بەناوی (فرانسیس بارت تولمن) کە بێوەژنێکی جەستە لاواز بوو بەلام زۆر شەهامەتدار و دەوڵەمەند بوو.

فرانسیس تەمەنی پەنجا و سێ ساڵ بوو، زۆر دەوڵەمەند بوو. لە پیاوەکەیەوە کە ناوی (ئەلمێر تولمەن) کە نزیکەی ساڵێك پێشتر مردبوو، زیاتر لە هەشتا ملیۆن دۆلاری بە میرات بۆ بەجێمابوو. هیچ منداڵ و خزمێکی نزیکی نەبوو، لە ماڵێکی گەورە، لە بەشی (هولمبی هیلز) لە لۆس ئەنجلس، ئەو خانوە پێشتر موڵکی هونەرمەندێکی ئەستێرەی سینەمای هۆلیود بوو، بەتەنیای دەژیا و خزمەتکارێك بە نیوە کات ئیشی بۆ دەکرد. تاك و تەنها بوو، فرانسیس لە سەرەتایی ١٩٥٥، چاوی

بە بابەتێك کەوت لە ڕۆژنامەیەکی پڕ لە خوێنەردا کە بەرپرسیارێتی لەم سەرەوە بۆ ئەو سەر باسی لە ژیانی خێزانداری هامەری کرد بوو. کاتێك سەیری وێنەکەی کرد بیری هاتەوە کە ئەو بیست ساڵ پێشتر لە مزایدەیەکی گەلەریدا هامەریی بینیوە. تەلەگرافێکی نارد بۆ گەلەریەکەی بۆ هامەر، پاش ئەوەی کە هاودەردی خۆی بۆ دەربڕی پرسی (دەتوانێت هاوکاری بکات). (١)

هامەر کاتێك پەی برد ئەو بێوەژنە چ سامانێکی هەیە، بەخۆی وت دەتوانێت زۆر شتم بۆ بکات: بۆنموونە پارەم پێبدات تاوەکو کارەکانم بکەم. بەپێ یاسای باج و دەرامەتی ساڵی ١٩٥٥، کۆی داهاتی ساڵانەی ئەو کەمتر لە ٢٧ هەزار بوو، و ئەمە بەرزترین ژمارەی دەرامەتی بوو لە شەش ساڵی ڕابردوودا. (٢) پارەی کەشتی گەشتەکەی، فڕۆکەکە، و ماڵە گەورەکەی هەمووی کۆمپانیای (مەیسازانی یەکێتی) دابینی کردبوو، بەڵام ئێستا خودی کۆمپانیاکەش توشی قەیرانی دارایی قورس بوو بوو. گەلەریە هونەریەکەی توشی قەرزێکی گەورە بوو بوو، و دەبوو خەرجیەکانی وەکیلی دادگای هاوسەرە تازە جیابووەکەی، و مەشوقەکەی لە دەستۆ بگرێت. بۆیە داوایکرد لە فرانسیس پەنجا هەزار دۆلاری بداتێ بە قەرز بۆ بەرێ کردنی ئیشەکانی جولین و ڕزگارکردنی، و خاتونیش بەبێ دواکەوتن بڕیاریدا لە بانکی نیویۆرکدا بڕی پەنجا هەزار دۆلاری بداتێ. ئەمە ئەو پارەیە بوو کە بیتی بردی بۆ پارێزەرەکەی جولین لە لۆس ئەنجلس (بەبێ ئەوەی بزانێت ئەمە پارەی ژنێکە ناوی فرانسیسە، و هامەر خان دەیەوێت بیهێنێت) (٣)، لەوە بەدوا، عیشقبازی شاراوەی هامەر لەگەڵ فرانسیس لەگەڵ ڕێکخستنی دارایدا بەشاراوەی بوو. بەڵێنیدا بە ژنەکە کاتێك کاری تەڵاقەکە تەواو بوو ڕاستەوخۆ هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات.

نزیکی سەری ساڵ بوو مەسەلەکەی باس کرد بۆ (بیتی). بە دەنگێکی ئارام، لەسەر خۆی وتی بە کچەکە: (تۆ عیشقی حەقیقی منی، و هەمیشەیش دەبێت. (هامەر ئێستا واز لە پارە جوانە دەرهاتوەکەی لەخاك دەهێنێت و ئەو عیشقە ونبوەی کە بەشوێنیدا دەگەڕا و دۆزیەوە پشتگوێی دەخات و لەگەڵ فرانسیسدا هاوسەرگیری دەکات). پێش ئەوەی کچەکە هیچ بڵێت، ڕاوێژێکی باشی دانا بۆ کچەکە. وەکو بڵێی

دەیـەوێت معامەڵـەی لەگەڵـدا بکـات، وتـی دەبێـت بڕۆیـت بـۆ مەکـسیك تـاوەکو پەیوەندیەکەمان بە نهێنی بمێنێتەوە. پاشان دەڵێت دەبێت ئەو قسەیە نابێت لەگەڵ هیچکەسدا، تەنانـەت لەگەڵ ئەو منداڵەشی کە خەریکە لەدایك دەبێت باس بکەیت. لەبەرامبەردا، ماڵێکی بۆ دەکرێت لە مەکزیکۆ، لەگەڵ ناسنامەیەکی تازە، و پارەی خەرجکردنی هەتاوەکو لە تەمەندا بێت. سەرەڕایی ئەوەش، پارە دەدات بە کابرایەکی مەکسیکی بۆ ئەوەی ئاهەنگێکی ساختەکاری هاوسەرگیری بکات تاوەکو منداڵەکەیان زۆڵ نەبێت (و ناوی ئەو منداڵەش نابێت بەهامەر ناو بنرێت)

بیتی سەیری هەرچی و پەرچییەکانی دەکرد. باشە خۆ هامەر بەڵێنی بەو دابوو هاوسـەرگیری لەگەڵـدا بکـات و کـچەکەش بـاوەڕی بـە بەڵێنەکـەی کردبـوو. وازی لەکارەکەی هێنابوو لە فلۆریدا و لەگەڵ ئەودا هاتبوو بۆ نیویۆرك. نزیکەی سێ ساڵ تەحەمول کردبوو تاوەکو لەگەڵ ژنەکەیدا جیاببێتەوە. هاودەست و شەریکی تاوانی گوێگرتنی تەلەفۆنیەکانی ئەنجیلا بوو لەگەڵ دزینی کەلوپەلەکانی. منداڵێکی هامەر لە سکیدا بوو، منداڵێك کە خۆی داوایی کردبوو. ئێستا دەڵێت تۆ بڕۆ بۆ دەرەوەی وڵات، بـۆ شـوێنێك کـە ئەهیـچکەس دەناسـێت و نـە زمانیـان دەزانێـت. لـەوێش هاوسەرگیرێکی درۆزنانە بکە. بەڵام هۆکاری کارەکانی ئەو تێدەگەیشت. بابەتەکە، بەدەستهێنانی پارەی ئەو ژنە بوو نەك مەسەلەی عیشق و وەفا، هامەر پارەی هەڵبژارد بوو.

بەڵام بیتی، هەرگیز نەیدەتوانی باوەڕ بەو واقعیەتە بکات کە هاتبوویە پێشەوە، و هیچ ڕێگـە چارەیەکی دیکەشـی نـەبوو، چـونکە نـە ئیشێکی هـەبوو، نـە ماڵێـك، نـە داهاتێك، جگە لەوەی کە هامەر پێیدەدا، لەگەڵ ئەوەدا بەزووی منداڵێکی دەبێت کە بەهیچ شێوەیەك حەقی نیە بەسەر گەورەکردن و پەروەردە کردنیەوە. بیتی بەچاوی خۆی بینی بووی چ بەڵایـەکی هێنا بـوو بەسـەر ئەنجیلادا لەبەر ئـەوەی پێـچەوانەی خواستەکانی هامەر بوو، بۆیە ناچار بوو مەرجەکانی هامەر قبوڵ بکات.

لە مانگی جێنیوەریدا، چەند ڕۆژێك پێش هاوسەرگیریەکەی ئارمەند و فرانسیس، چەند کەسێکی نێردراوی هامەر هاتن بۆ شوقەکەی بیتی و کەلوپەلە شەخسیەکانی و

سەگەکەی و هەندێك پێویستی دیکەیان خستە ناو لۆرێکەوە و بەرەو مەکزیکیان برد.

دوو ڕۆژ دواتر، فڕۆکەکەی هامەر خودی کچەکەی برد بۆ (ئەلپاسۆ). وەکیلەکەی هامەر بیتی لە سنووری مەکزیك تێپەڕاند و دایی بەدەست بێگانەیەکەوە کە بڕیار بوو بیبێتە (پیاوی بە کرێی). پێش بەستنی عقدەکەیان، بەڵێننامەی هاوسەرگیری ئیمزاکرد، پاشان مەراسیمێکی دوو خولەکی ژن و پیاوی ئەنجامدرا، و پاشان، کابرا بۆ هەمیشەی ون بوو، دواتر کچەکەیان بە ئۆتۆمبیلێکی (ئیستیشن واگن) برد بۆ مەکزیکۆ.

لە ١٥ مەی ساڵی ١٩٥٦، بیتی کچێکی بوو کە کێشی سێ کیلۆ و نیو بوو، بە فەرمانی هامەرناوی نا (ڤیکتۆریا) بەناوی دایکە گەورەی هامەرەوە. چەند هەفتەیەك دواتر، هامەر بۆ بینینی کچەکەی ڕۆیشت بۆ مەکسیك. کێشی کەمی کرد بوو. زۆر بەباشی ئاگاداری ژەمە خواردنەکانی دەکرد، وتی بە بیتی ڕۆژانە بیست جار بە مەمە لە مەسیبەحەکەیاندا ئەم سەرو ئەو سەر دەکات. هەندێك کراوە بوو بوو، کراسە سپییەکەی بەری زۆر لێی دەهات، بەتەواوی ئامادە بوو بۆ چوونە هاوسەرگیرییەوە لەگەڵ ژنێکی دەوڵەمەندی بێوەژندا لە تەمەنی پەنجا و هەشت ساڵیدا. ئەو هاوسەرگیرییە زۆر بەدڵی هامەر بوو بەڕاستی گەنجی کردبوویەوە. نزیکەی کاتژمێرێك لەوێ مایەوە، پاشان عەینەکە ڕەشەکانی کردەوە چاوی و ئیشارەتێکی کرد بۆ شۆفێرەکەی و وتی بڕۆین. وتی بە بیتی شەو لەگەڵ فرانسیس لە لۆس ئەنجلس بڕیارە یەکتری ببینین، و فڕۆکەکەی چاوەڕوانی بوو، ئەوەمان لەبیر نەچێت فرانسیس هیچ شتێکی لەبارەی ژیانی شاراوەی هامەرەوە نەدەزانی لە مەکسیك.

دەرەئەنجام وەزارەتی دەرەوە ڕێگەیدا بە سەفەرکردنی هامەر بۆ دەرەوەی وڵات، چونکە پێشتر بەهۆی ئاڕوونی ئاسایشی نەتەوەییەوە ڕێگە نەدەدرا جەواز سەفەری بەدەرێتێ، لە ٢٨ ئۆکتۆبەری ١٩٥٥، دوای ئەوەی کە بەشێوەیەکی ڕەسمی سوێندی خوارد ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست نیە، بۆیە جەواز سەفەرێکیان پێدا بەناوی خۆیەوە. ئەمە یەکەمین جەواز سەفەری ئەو بوو لە ساڵی ١٩٢٨ بەدواوە. گۆڕانی هەڵسوکەوتی وەزارەتی دەرەوە، بەو شێوەیەی کە سیناتۆر بریجیز چەند مانگێك پێشتر وتبووی، ئەدگار هوور سەرەنجام دۆسیە ئاسایشیەکەی ئەوی داخستوە. بۆیە لەئێستاوە دەتوانێت پلانی دروستکردنی کارگەی ئامۆنیاك دابنێتەوە کە بڕیار بوو

له ساڵی ١٩٥١ دایمەزرێنێت بەڵام دەوڵەت ڕێگەی گرت لەو کارە و وەستاندی، بەڵام ئێستا دەتوانێت دووبارە دەستی پێبکاتەوە.

لەو ماوەیەشدا، ئەو ڕێککەوتنەی کە دایکی بۆ بینینی کوڕەزا ڕوسیەکەی واتە (ئارماشا)، کە حەوت ساڵ پێشتر لە ئەڵمانیا دەستی پێکرد بوو، ئێستا لە ڕوسیا گەیشتبویە دەرەئەنجام و کوڕەکەی دۆزیبوویەوە. لە سەرەتایی ساڵی ١٩٥٦ خزمە سۆڤیەتیەکانی ڕازیبوون ئارماشا، کە ئێستا پیاوێکی تەمەن بیست و هەشت ساڵە بـوو و لـــە ئوتابخانەیـــەکی قزاقـــستاندا دەیخوێنـــد، بگەڕێنـــەوە بـــۆ مۆســـکۆ. بانگەشەیەکیشیان نارد بوو بۆ خێزانەکەی بۆ ئەوەی ئەوانیش بێن بۆ مۆسکۆ.

ڕۆز هامـەر هـەموو توانایـەکی خـستبوویە گـەڕ بـۆ ئـەوەی پـێش ئـەوەی بمرێـت ئارماشا ببینێت. بەبێ دواکەوتن جەواز سەفەرەکەی خۆی تازە کردەوە. لە سەرەتایی ئەو ساڵە نامەیەکی بەخەتی خۆی نوسیی بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و داوای کرد (داواتان لێدەکەم ڕێگەم پێبدەن بۆ ئەوەی سەردانی کوڕەزاکەم بکەم لە مۆسکۆ) (٥) لە مانگی مەی ئەو و ڤیکتۆر بە فڕۆکە ڕۆیشتن بۆ مۆسکۆ.

کەمێك دواتر، لە هۆتێلی ساووی، ڕووبەڕووی کرملین، کاتی دیاریکراویان دانا بۆ یەکتر بینین. ڕۆز و ڤیکتۆر هیچکامیان نەیاندەزانی ئارماشا شێوەی چۆنە، دواهەمین وێنەیەك کە لەلایان هەبوو تەمەنی دوو ساڵ بوو، بەڵام شێوەی توڕەی ئەو ئێستا هەردووکیانی توشی سەرسامی کرد بوو. ئارماشا پیاوێکی باڵا بەرز و بەمێز لەگەڵ چـەند دانێکـی دروسـتکراو. بـە ئینگلیزێکـی تـەواو بـاش خـۆی ناسـاند و پاشـان دەستیکرد بە باسکردنی سەرگوزەشتەی خۆی لەو کاتەوەی کە باوکی بەجێهێشتوە. لـە سـەردەمی جەنگدا کاتێك لـە مۆسـکۆدا منداڵـەکانیان دەردەکرد ئـەویان بردوە بـۆ ئاسیایی ناوەڕاست. دواتر دەڕوات بۆ ئەنستیتۆتی نوخبەی زمانە بیانیەکانی مۆسکۆ، هەڵبەتە ڤیکتۆر هامەر مانگانە و تێچوونەکانی ئەوی لەئەستۆ گرتبوو. ئینگلزیی و ئیسپانی خوێندبوو، و بەو حەوت سەد دۆلارەی کە هەموو مانگێك لە ئەمریکاوە پێی دەگەیـشت، سـەری لـە چـینە باڵاکـانی کۆمەڵگـەی مۆسـکۆ دەرهێنـا بـوو. دوای تەواوکردنی خوێندنی لە ئەنستیتۆتی زمانە بیانیەکان، ئەویان ناردبوو بۆ قرقیزستان، و لەوێ هاوسەرگیری کرد بوو ئێستاش کچێکی هەبوو. (٦)

ئارماشا وتی حەز دەکات بێت بۆ نیویۆرک بۆ ئەوەی سەردانیان بکات. پاشان وتی ئەگەر ئەمریکا ڤیزەم بداتێ سۆڤیەت نابێتە ڕێگر. ڤیکتۆریش بڕیاریدا ڤیزەیەکی بۆ بگرێت.

لەو ڕۆژانەی کە ڕۆز و ڤیکتۆر ئاشنا دەبن بە ئارماشا، ئارمەند و فرانیسیس لە ڤینز و پاریس و لەندەن لە مانگی هەنگوینیدا بوون دوو هەفتە لە کلاریج لەندەن مانەوە. ڕۆژانە، دەڕۆیشتن بۆ مۆزەخانەکان و گەلەریەکان، فرانسیس خۆی زۆر حەزی لە تابلۆ ڕەنگیەکان بوو بۆیە چێژی وەردەگرت لەو کارەی کە هامەر دەیکرد، شەوانەش دەچوون بۆ نمایشەکان. هامەر دەیویست دڵی ئەو بەدەست بهێنێت. لە مانگی ئاوت گەڕانەوە بۆ لۆس ئەنجلس، . هامەر لەماڵە گەورەکەی خاتوندا باری خست.

هامەر بەرە بەرە کاروباری بەڕێوەبردنی دارای فرانسیسی گرت بەدەستەوە. ڕێژەیەکی زۆری پارەی ژنەکەی بۆ کۆمپانیاکەی خۆی، (مەیسازانی یەکێتی و گەلەریەکانی هامەر) خەرج کرد ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەو دوو دامەزراوەیەی بکەونە ژێر باری قەرزێکی زۆرەوە. لەگەڵ ئەوەدا پارەکەی لە ژمارەیەك کاری بازرگانی دیکەدا سەرمایەگوزاری کرد وەکو: لە کانزایەکدا لە ویومینگ کە پەشمی سەوزی دروستکراویان بۆ جواهرسازی بەرهەم دەهێنا (ئەم کارە بە زیانێکی زۆرەوە تەواو بوو)، تۆڕێکی ڕادیۆی دامەزراند (کە زۆر بەخێرایی فرۆشتیەوە)، و لەگەڵ کۆمپانیایەکی بچوکی نەوتی لە لۆس ئەنجلس. ئەم کۆمپانیایە لەسەر کاغەز لەحاڵەتی تەواوبووندا بوو. ئەم کارەی لەسەرەتایی زەرەردا بوو چونکە کەمتر لە ١٤ هەزار دۆلار لە حسابی بانکەکەیدا مابوو، و داهاتیشی، بەهۆی خاڵیبوونەوەی چاڵە نەوتەکانی هەفتانە دەگەیشتە ٦٠٠ دۆلار. بەڵام هامەر لەبەر دوو هۆکار پێویستی بەم کۆمپانیایە هەبوو: یەکەم پشکەکەی لە بۆرسەی لۆس ئەنجلس دەکڕی و دەفرۆشت، دووەم هامەر لەناوەکەی خۆشی دەهات: (کۆمپانیای نەوتی ئەکسیدنتال) .(occidental petoleum company)

هامەر هاوسەرێکی تازە، شوێنێکی تازە، نوێنەرێکی کۆنگرێسی تازە، و کۆمپانیایەکی تازەی پەیدا کرد بوو. لەگەڵ ئەوانەشدا تەمەنی دەبوو بە شەست ساڵی و ئامادەی ژیانێکی تازە بوو.



وێنەی سەرەوە هامەرە لەگەڵ گۆرباچۆڤدایە، وێنەی ناوەند، هامەر لەگەڵ ئەندامانی کۆمپانیای ئەگسیدنتال کۆبووەتەوە، وێنەی خوارەوە هامەر لەگەڵ سەرۆکی چیندایە.



هامەر لەگەڵ نیکیتا خرۆشۆڤ

لەم کاتەدا تابلۆیەك پێشکەش بە هامەر دەکات لەژێریدا نوسراوە: (بۆ بەڕێز هامەر، یەکەمین وەرگری خاوەن ئیمتیاز کە (لنین) پێی بەخشی. ١٨ فێبریوەری ١٩٦١. لەگەڵ باشترین ئارەزوودا، (خرۆشۆڤ)

بەشی سێیەم

سەرمـــــایەداری گـــەورەی نەوتی

وەرزی شانزەیەم

دووبارە کردنەوەی ڕێگا

لە کەنەدی یەوە بۆ خرۆشۆف

ئێوارەی ١٩ جێنیوەری ساڵی ١٩٦١، ڕۆژێك پێش دەستپێکردنی کاری ڕەسمی دەوڵەتی تازەی ئەمریکا، کرێوەیەکی زۆر توند و بەفرێکی قورس واشنتۆنی هێنا بە ئەژنۆدا. کرێوە و بە فرێکی زۆر جادەی پەنسلیڤانیای تەنیبەو ئەندازیارانی سوپا ناچار بوون بە داگیرساندنی گلۆپەکان ڕێگەی (کاپیتۆل (بینای کۆنگرە) بکەنەوە. لەگەڵ ئەو هەموو بەفر و با و بۆرانەدا، سەر لەبەیانی ئەو ڕۆژە، جۆن فیتز جراڵد کەنەدی، سوێندی سەرۆك کۆماری دەخوارد و بوو بە سی‌وخۆهەمین سەرۆك کۆماری ویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا، و (ڕۆبێرت فراست)[١] بە شەوق و شەیداییەوە (شیعری بۆ سەردەمی زێڕینی ئەو سەردەمە دەوت، کە ئەو نیو ڕۆژە کاتژمێری دەستپێکردنی ئەو سەردەمە بوو) (١). هامەر لەشوێنێکی داپۆشراودا دانیشتبوو و سەیری ئەو مەراسیمەی سەرۆك کۆماری گەنجی دەکرد. سەرەڕایی ترسی ئەو تۆفان و با و بۆرانە، ئەو بە فڕۆکە هاتبوو بۆ واشنتۆن چونکە بڕیاریدا بوو لەگەڵ کەنەدیدا قسە بکات، و ئەو هەلە، وەکو خۆی دەڵێت، ئەو (سودی ڕۆڵە) لە دەوڵەتی تازەدا لە دەست نەدات. (٢)

ئەو شەوە پێنج میوانی سەما هەموو بە جلی ڕەسمی بۆ شانازی سەرۆکی تازە ڕێکدەخران، و هامەر کە میوانی سیناتۆر ئەلگور بوو لەناو یەکێك لەو میوانیانەدا بوو. بانگهێشتکردنی هامەر لەلایەن سیناتۆر ئەلگورەوە بۆ ئەو جۆرە میوانیانە

١- Robert frost (١٨٧٤-١٩٦٣) شاعیری بەناو بانگی ئەمریکی (وەرگێر)

هەرگیز نەخێری نەبوو. هامەر سیناتۆری کرد بوو بە شەریکی خۆی لەکاری دەواجینی مانگادارییەکەدا، و ئازانجێکی زۆر باشیان دەست دەکەوت، و لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوویدا لە هەموو سەری ساڵێکدا خەڵاتێکی زۆر گرانبەهای پێشکەش کرد بوو. ئەلگور هاوکارێکی نزیکی کەنەدی بوو لە سنا دا، بۆیە ئەگەرێکی زۆری هەبوو کە لەوانەیە کەنەدی سەردانی مێزەکەی ئەوان بکات لە میواندارییەکەیدا، و هامەریش بە هەموو تەحەمول و ئارامگرتنێکیەوە لە تەنیشت پولین ئەلگور لەسەر مێزەکەی دانیشتبوو و چاوەڕوانی ئەو ساتەی دەکرد. بەڵام کەنەدی ئەوەندە پەلەی بوو بۆ ئەوەی بگات بە دانیشتنەکەی دیکەی سەماکردندا، بە پرتاو لە تەنیشت مێزەکەی هامەر و ئەلگوردا تێپەڕی. (٣) هامەر دەیویست لەگەڵ کەنەدیدا لەبارەی پلانەکەی خۆی و ڕۆیشتنی بۆ ڕوسیا قسە بکات. لە مانگی ئۆکتۆبەردا، لە ڕێگەی کوڕی براکەیەوە ئارماشا، پەیامێکی سەر سوڕهێنەری لە مۆسکۆ وە پێگەیشت بوو. وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت، کە چەندین ساڵ بەبێ بەڵگە ڕێگەی دەگرت لە سەفەرکردنی ئارماشا بۆ ئەمریکا، دەرئەنجام لە ساڵی ١٩٦٠ ڕێگەیدا سەفەر بکات. ئارماشا لەکاتی مانەوەی خۆی لە نیویۆرک، باسیکرد بۆ مامی کە چ ژیانێکی پڕ لە شەوق و زەوقی هەیە لە مۆسکۆدا، و هاوڕێکانی هەموو کوڕ و کچە دەوڵەمەندە سەرمایەدارە کۆمۆنیستەکانن. وتی هاوڕێکانی هەمیشە قسەکانی تۆ دەکەنەوە و بەوتەی ئەوانە دەڵێن ئەگەر هامەر بێت بۆ مۆسکۆ دەزگای ڕێبەری سۆڤیەتی مەدالیای خەڵاتی (پاڵەوانی) پێ دەبەخشێت.

هامەر زۆر برازاکەی خۆش نەدەویست و حەزیشی لەوە نەبوو گرنگی پێبدات، لەڕاستیدا، دواتر گومانی لەوە هەبوو کە ئەوە کوڕی براکەی حەڵاڵی براکەی بێت. (٤) قسەکانی ئارماشا لە حاڵەتێکی ئاسایی بە جۆرێك لە ماستاوکردن دادەنران بەڵام شتێك هەبوو نەدەبوایە بەکەم بگیرایە: سەردانی ئارماشا بۆ ئەمریکا لە ئەنجامی دەستێوەردانی نیکیتا خرۆشۆف قبوڵکرا بوو. و خرۆشۆف لەو سەربەمەدا ڕۆژئاوای بانگهێشت دەکرد بۆ (سەر مێزی گفتوگۆ و ئاشتیخوازی). ئایا خرۆشۆف حەز دەکات ئەو ڕێگەیە بکاتەوە کە بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵە بەسترا بوو؟

هامەر، بەو شێوەیەی کە دواتر نوسی، تێگەیشت کە پەیوەندی ئەمریکا و ڕوسیا لەو کاتانەدا (بەشێوەیەکی زۆر ترسناك دەڕواتە پێشەوە). (٥) چەند مانگێك پێشتر،

فڕۆکەیەکی (U-2) ی سیخوڕی ئەمریکی لەسەر ڕوسیا تەقەیان لێکرد بوو، لەبەر ئەوە خرۆشۆف کە بڕیار بوو لە کۆنفراسێکدا ئامادەبێت بە بەشداری سەرانی فەرەنسا، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت لە پاریس، نەڕۆیشت و خۆی بەدوورگرت. لەم کاتە ئاڵۆزەدا نەبوو هامەر ئاگادار بێت نەبادا سەفەرەکەی ئەو بۆ مۆسکۆ بە ئیشکردن بۆ سۆڤیەتەکان لێکبدرێتەوە. باشترین ڕێگا بۆ دوورخستنەوەی خۆی لە گومانێکی لەوشێوەیە ئەوە بوو کە بە ڕەزامەندی سەرۆک کۆمار سەردانی ڕوسیا بکات. ئومێدەوار بوو چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ کەنەدیدا ئەم دەرەئەنجامە بهێنێتە ئاراوە. تەنانەت بیری لەوە دەکردەوە کە دەتوانێت تێچوونی سەفەرەکەی بخاتە ئەستۆی سەرۆک کۆمار. (هەرچەندە چەند ساڵێک دواتر ئەو کارانەی کرد) و لەکاتی وتارەکیدا لە ئەنجومەنی کاروباری دەرەوە لە نیویۆرک لە ساڵی ١٩٨١ وتی: (هاوڕێ کەم ئەو هەلەی بۆ ڕەخساندم کە بە ڕەزامەندی جاك کەنەدی دووبارە بگەڕێمەوە بۆ مۆسکۆ... سەرۆك کەنەدی داوای لێکردم وتی بزانم دەتوانیت چی بکەیت بۆ دروستکردنی پەیوەندیکی باشتری بازرگانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا). (٦)

هامەر بڕیار بوو لە ناوەڕاستی مانگی فێبریوەری بڕوات بۆ مۆسکۆ، و کاتی پێویست بۆ وەرگرتنی پارەتی زۆر بەخێرایی تێدەپەڕی، بۆیە ڕووی کردە پیاوەکەی خۆی لە کۆنگرێس ئەویش (جێمز ڕۆزفێڵت) بوو، کە پێشتر فریای کەوتبوو، و هامەریش هاوکاری زۆرباشی کردبوو وەکو پێدانی پارە بۆ بانگەشەکانی خۆ کاندیدکردنی، ماڵی گەورە، و هەروەها پێدانی چەندین بلیتی فڕۆکە بە (کۆمپانیا دابینکاریەکەی، واتە (ڕۆزفێڵت و سارجنت) کە هامەر خۆیشی سەرمایەگوزاری کرد بوو لەو کۆمپانیایەدا، بۆ دابینکاری بیمەی کۆمپانیای ئەکسیدنتاڵ. هەروەها بەڵێنیدا بوو بە جێمز ڕۆزفێڵت بۆ ئەوەی بیکاتە شەریك لەگەڕانەکانیدا و هەڵکەندنی چاڵە نەوتە پڕ لە قازانجەکانیدا. (٧)

ڕۆزفێڵتیش ڕاستەوخۆ ڕۆیشت بۆ لای (لارنس ئەبراین) سەرۆکی نوسینگەی سەرۆك کۆماری هاوڕێی دێرینەکەی. وتی بە ئۆبراین هەرچیت کردبێت چاوپێکەوتنێك ڕێکبخە ئەگەریش کورت بێت، بۆ هامەر بۆ ئەوەی سەردانی کەنەدی بکات، وەکو خستنەڕووی ڕێزێك. (٨) ڕۆزفێڵت باسی ئەوەی کرد لە بەر ئەوەی کە

هامەر سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای نەوتی ئەکسیدنتاڵە بەتوانێت دواتر هاوکاری زۆر گەورەی دارایی دیموکراتەکان بکات لە کالیفۆرنیادا، پارمەتیەکانی بۆ کاتی هەڵبژاردنی سەرۆکیش زۆر بەسوود. (٩)

ناسنامەی تازەی هامەر، نەوتی کالیفۆرنیای، بەڕاستی زۆر پڕ بەها بوو. لەکاتێکدا هێشتا کە ئەکسیدنتاڵ هەر خەریکی زەرەرکردن بوو. بەڵام لە ماوەی ساڵی ١٩٥٦، کاتێک هامەر کاروباری ئەو کۆمپانیایەی گرت بەدەستیەوە، تاوەکو جێنیوەری ساڵی ١٩٦١، پشکی ئەو کۆمپانیایە شەش هەزار ئەوەندەی پێشبووتر گەشەی کرد. بۆیە ئەکسیدنتال ئێستا لە بازاڕدا زیاتر لە ١٠ ملیۆن دۆلار نرخی هەبوو.

بەشێکی گەورەی گەشەکردنی ئەو کۆمپانیایە بەڕاستی هەمووی دەگەڕایەوە بۆ توانا سەیرەکانی هامەر کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە حەفارەی سەیری زۆر سەرکەوتووی پەیدا کردوە بۆ لێدانی چاڵە نەوتەکان لەکاتێکیشدا هەموو ئەو شتانە جێگەی گومان بوون. ئەم کارە بۆ هامەر لەگەڵ فرۆشتنی وەکو خۆی دەڵێت (گەنجەکەی رۆمانۆف) دا هیچ جیاوازی نەبوو. لە هەردوو بوارەکەدا، بەلایەنی کەمەوە لەماوەیەکی زۆر کەمدا، زیاتر حساب بۆ شێوەی ڕووکەشی دەکرا تاوەکو بۆ ناوەڕۆکی ناوەوەی. لە ساڵی ١٩٥٨، بۆ نمونە، بە بوق و کرنا بڵاوی کردەوە کە ئەکسیدنتاڵ توانیویەتی لە نیکاراگوایی چاڵە نەوتی زۆر گەورە بدۆزێتەوە. پشکی کۆمپانیاکە بەشێوەیەکی زۆر سەیر سەری گەیشتە ئاسمان، هەرچەندە لە نیکاراگوای هیچ نەوت نەدۆزرایەوە، و ئەم حاڵەتە دوو ساڵ دواتر لە پێڕستی ڕاپۆرتە ساڵانەکانی کۆمپانیاکەدا خرایە ڕوو. لەگەڵ ئەوەدا بڵاوی کردەوە کە ئەکسیدنتاڵ (گەورەترین مەخزەنی بەردی کانزایی ئاسنی لە بەشی ڕۆژئاوای ئەمریکادا دۆزیوەتەوە) و هەروەها لەگەڵ کانزایەکی ئاڵتون لە مۆنتانیا، بەڵام ئەمانە هەموو دواتر بەپێی گەواهیەکانی زەویناسی دەرکەوت کە جێگەی گومان بوون. (١٠)

هەڵبەتە نابێت گومانمان لەوە هەبێت کە بانگەشە و ڕیکلامە سەیرەکانی هامەر بوون توانیان کۆمپانیای ئەکسیدنتال بەسەرکەوتوو بخەنە ڕوو. ئەو دارایەکەی هاوسەرەکەی، و ئەو پارانەی کە لە چەند سەرمایەگوزارێکی دەرەوەی کۆمپانیاکە بەدەست هێنا بوو، هەمووی کردبوویە دەست مایە، و کۆمەڵێک ڕێککەوتننامەی ڕێگەپێدانی دەرهێنانی نەوتی پێ بەستن بۆ کۆمپانیای ئەکسیدنتال، کە ئەو

ڕێککەوتنانە هەموو بۆ ئەو کۆمپانیایە بەتەواوی سودمەندبوون. ئەو سەرمایەگوزارییە تازانەی کە لەسەر حسابی کۆمپانیاکە خرانە گەڕ توانی دۆزینەوەکانی نەوتی ئەکسیدنتال زۆر بەرز بکەنەوە و ئەوەندەی دیکە گەشە بدەنە کۆمپانیاکە.

هامەر بازرگانێکی زۆر داهێنەر بوو و دیدگای زۆر باشی بۆ دیاریکردنی توانایەکانی هەبوو، و توانی یەکێک لە باشترین شارەزاکانی حەفارەکانی نەوتی کالیفۆرنیا کە ناوی (یوجین ڕید) بوو، لەلای خۆی دابمەزرێنێت. پشکە بەرزەکەی خۆی لەبری پارە بەکارهێنا و کارگەی حەفارە بچوکەکانی (ڕید) ی لەناو بەختەك کڕی و پاشان ئەوی کردە سەرۆکی دۆزینەوەی کۆمپانیای ئەکسیدنتال. هامەر نەك هەر خۆی لەکاتی ناوەختەکاندا دەڕۆیشت بۆ سەردانی چاڵە نەوتەکان و بەردەوام خەریکی گەشەپێکردنی کارەکەی بوو، بەڵکو ئەوکەسانەشی کە لەخزمەتی ئەودا بوون زۆر بێ بەزەیانە بەکاری دەهێنان. بۆ نمونە، ڕۆژێکیان پێویستی بە زانیارێك دەبێت لە ڕاوێژکارە دارایە گشتیەکەی خۆی (مێری لیبوویتز) بەڵام بۆی دەردەکەوێت کە ئەو لەگەڵ خێزانەکەیدا ڕۆیشتوە بۆ بەلەم سواری بۆ ڕوباری (سکرامینتۆ) و بڕیاریشە شەو لە ناو خەیمەدا لەوێ بمێنێتەوە، پاشان دەڵێت بە سکرتێرەکەی ژمارەی تەواوی ١١٤ی شوێنی تەلەفۆنی گشتی بە درێژایی کەناری ڕووبارەکە پەیدا بکە و شەو ڕۆژ یەك بەیەك تەلەفۆنیان بۆ بکە بەڵکو تاوەکو بەرێکەوت (لیبوویتز) لەیەکێك لەو تەلەفۆنانەدا وەڵام بداتەوە. (١١)

مێری لیبوویتز، خۆی لە بواری دەروونناسی و لەبواری حسابداریشدا خوێندبووی، پەی بەوەبرد کە هامەر توانایی زۆر سەیری هەیە لە هەزمکردنی زانیاریەکاندا و لەگەڵ ئەوەدا خاوەنی غەریزەیەکی قوماربازی سەیرە. لیبوویتز لە گفتوگۆیەکدا ئەوەی باسکردبوو کە (کاتێك دکتۆر فریشتەی چانس دەبینێت. ڕاستەوخۆ دەڕوات بەشوێنیدا، لەگەڵیدا دادەنیشێت و دەیلاوێنێت، و عیشق بازی لەگەڵدا دەکات). (١٢)

یەکێك لە قومارەکانی هامەر بریتی بوو لە بەکارهێنانی توانا سەیرەکانی (ڕید) لە بەدەستهێنانی سەرچاوەی نەوت و گاز لە کالیفۆرنیای باکوردا. لە ساڵی ١٩٦١، ئەکسیدنتال، هەرچەندە هێشتا زۆری مابوو ببێتە کۆمپانیایەکی جیهانی، بەڵام توانیبووی ناوبانگ پەیدا بکات لە هەموو شوێنێکدا، و ئاڕاەیەك بە کۆمپانیایەکی

گەورەی ئەوتی کالیفۆرنیای حسابی بۆ دەکرا. بۆیە هامەر لە ئامبێکدا بوو بەڕاستی دەیتوانی بەئاسانی و بە بەخشەندەیانە هاوکاری کاندیدەکانی حیزبی دیموکرات بکات.

لەگەڵ ئەمەشدا، لارنس ئۆبراین نەیتوانی چاوپێکەوتنێك ساز بکات بۆ هامەر لەگەڵ کەنەدی دا. بۆیە باشترین ئیشێك کە لەدەستی دەهات ئەوە بوو کە بتوانێت وێنەیەکی ئیمزاکراوی سەرۆك کۆمار پێشکەشی بکرێت.

ئێستا کە ناتوانێت لەژێر سێبەری کەنەدیدا بڕوات بۆ مۆسکۆ، ناچار بوو هاوکارێك و پشتوپەنایەکی دیکە بدۆزێتەوە، بۆیە پەنای برد بۆ لای سیناتۆر ئەلگۆر. سیناتۆر، لە کۆتایی جینیوەری، پەیوەندی کرد بە (لوسەر هاجین)، وەزیری تازەی بازرگانی، وپێی وت هامەر دەیەوێت بە شەخسی بەشێوەیەکی تایبەتی بڕوات بۆ سۆڤیەت و چەند وڵاتێکی دیکە، بۆیە دەکرێت لەدوایی ڕازیبوونتان داوایی لێبکەن تێبینیەکانی خۆی لەبارەی بارودۆخی تایبەتی ئەو ئیشەوە کە دەیەوێت لەو وڵاتانەدا بەدەستی بهێنێت بیکاتە ڕاپۆرتێك وبیداتە وەزارەتی بازرگانی. وەزیری بازرگانیش هیچ بەڵگەیەکی نەبوو بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارە قبوڵ نەکات. ئەلگور سیناتۆرێکی گرنگی دیموکراتەکان بوو، و قبوڵکردنی ئەم پێشنیارە هیچ جۆرە بەرپرسیاریەتێکی نەدەخستە سەر کۆڵی (هاجین) (بۆیە هامەر بە ڤیزای گەشتیاری سەفەری دەکرد و خۆیشی تێچوونی سەفەرەکانی دەدا). لەگەڵ ئەوەدا هاجیز ئەو هەڵەی لەدەستنەدا و وتی سەیری دۆسیەی زانیاری هامەر بکەن. دەرئەنجامەکە زۆر ڕەزامەندانە نەبووو. ڕوونکردنەوەیەکی بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (دین راسك) نوسی، و وتی (بەو شێوەیەی کە لەوانەیە بزانیت ئێمە لێکۆڵینەوەی ئاسایشیمان لەبارەی دکتۆر هامەرەوە کردوە، بەڵام وەڵامێکی کۆتایی و تەواومان بەدەست نەهێناوە). (١٣)

لەکاتی ئەم لێکۆڵینەوانەدا، هامەر لەڕێگادا بوو بەرەو مۆسکۆ. ئەو و فرانسیس لە ١١ فێبریوەری ساڵی ١٩٦١ گەیشتنە ئەو وڵاتە. فرانسیس لە زۆربەی سەفەرەکاندا لەگەڵ هامەردا گەشتی دەکرد، و لە ڕۆڵە تازەکەی خۆی زۆر چێژی وەردەگرت. هامەر زۆر پارێزەری بوو و زۆر بەڕێزەوە ئەوی دەناساند بە هاوڕێ و ئەوکەسانەی کە دەڕۆیشت بۆ لایان. بۆیە بەڕاستی دیار بوو لە سەرەتاوە ئەرکێکی زۆری خستبوویە

سەرشانی بۆ فرانسیس. فرانسیس لەو سەرەتایەوە زۆر دڵخۆش بوو بە سەفەرەکانی لەگەڵ هامەردا و جیهانی لەچاوەکان و لێکدانەوەکانی هامەرەوە دەبینی. (١٣)

کاتێك هامەر و خێزانەکەی بە ئۆتۆمبێلی درێژ لە فڕۆکەخانەکەوە بردیانن بۆ مۆسکۆ، هامەر بەبێ ئاگا هەرچی دەبینی لەو سەفەرەیدا بەراوردی دەکرد لەگەڵ سەفەرەکەی یەکەمجاری ساڵی ١٩٢١ دا. لەبری ئەو هۆتێلە بچوکە وێرانانەی کە ئەو سەردەمانە هەبوون، ئێستا هەموو کۆشکی زۆر گەورە و بەرزبوون کە ڕۆیشتبوون بەناو ئاسماندا. لە بری ئەسپ و عەرەبانە کۆنەکان کە دەڕۆیشتن بەسەر جادەکاندا ئێستا پڕە لە سەیارەی جۆراوجۆر و تەکسی جوانی دروستکراوی مۆسکۆ. لەبری ئەو جلە پیسانەی کە خەڵکی ئەوکاتانە لەبەریان دەکرد، ئێستا خەڵکی هەموو جلی جوان و گرانبەهایان لەبەر کردبوو. لەبری منداڵی برسی، ئێستا کوڕی جوان و کچی جوان هەموو شارەکەیان تەنیوە و خەریکن یاری ئیسکیت دەکەن. کاتێك فرانسیس و هامەر گەیشتنە هۆتێلی (سوتیسکایا) کە شوێنێك بوو بە زۆری بەرپرسە باڵاکانی حیزب و کەسە گرنگەکانی وڵاتانی دەرەوە، دەهاتن بۆی، هامەر وتی هەرچەندە ئەم میوانخانەیە وەکو پێوەری ڕۆژئاوایەکان زۆر ڕازاوە نیە، بەڵام ژوورەکانی زۆر جوان و پاکوخاوێن و دڵڕفێنن. (١٥) ئەمە لەوانەیە باشترین و خۆشترین زستان بووبێت کە خەڵکی مۆسکۆ لەماوەی پەنجا ساڵی پێشووتردا بینیبویان، هێشتا لە بازاڕەکانی مۆسکۆدا میوەی تازە هەبوو.

هامەر لەیەکەم هەلیدا پەیوەندی کرد بە سەفارەتی ئەمریکاوە. ڕۆژی ١٤ فێبریوەری (ویلیام مۆریل)ی بینی، مۆرێل ڕێکخەری کاروباری بازرگانی بوو و ڕاپۆرتی دەدا بە وەزارەتی بازرگانی. (لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەوەی کە هامەر هیچ ئاگادار نەبوو، بەڵام مۆرێل یەکێك بوو لە کارمەندەکانی ڕێکخراوی (ڕەش) لە مۆسکۆدا). پێکەوە ڕۆیشتن بۆ وەزارەتی بازرگانی سۆڤیەتی، و لەوێ چاویان کەوت بە سەرۆکی مامەڵاتی وڵاتەکانی ڕۆژئاوا و جێگرەکەی کە بەرپرسی کاروباری مامەڵەکردن بوو لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. لەوێ ئەوانە وەکو هەموو بازرگانە ئاسراوەکانی دیکەی سۆڤیەتی میواندارییان کرا و قسە وباسی هەمیشەی لەبارەی توانایی گەشەکردنی کڕین و فرۆشتنی کاڵا ناجەنگیەکانی نێوان یەکێتی سۆڤیەتی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باسکرا. (١٦) کاتێك گەڕانەوە بۆ سەفارەتی

ئەمریکا، هامەر وتی بە مۆرێل ئێستا دەیەوێت (ئاناستاس میکۆیان) قائیم قامی سەرۆک وەزیران و دەسەڵاتی ڕاستەقینەی پشتی بازرگانی سۆڤیەت، ببینێت. (١٧)

بە قسەی هامەر، مورێل لەشوێنی خۆیدا وشک بوو کاتێک هامەر وتی دەمەوێت ئەو کابرا بەرپرسە باڵایە ببینم. بۆیە مۆرێل بەزمانێکی گاڵتەئامێزەوە وتی (میکۆیان) قائیم قامی سەرۆک وەزیرانە، هەرگیز نایەوێت بازرگانە ئەمریکیەکان ببینێت. مۆرێل دیار بوو هێشتا تێنەگەیشتبوو کە هامەر بازرگانێکی ئاسایی ئەمریکی نیە. هامەر پێشتر میکۆیانی دەناسی. لە سەردەمی (سیاسەتی ئابوری تازە)دا، کاتێک هەر دووکیان تەمەنیان بیست و چەند ساڵە بوون، ئەوکاتە ئاشنا بوون بەیەکتر و بەباشی یەکتریان دەناسی. لەو سەردەمەدا هامەر بە (ڕێگەی) بازرگانی یەکێتی سۆڤیەتی دادەنرا بۆ ئەمریکا و میکۆیانیش پەروەردەی بەردەستی ئیستالین بوو و ئێستا زەمانە خەریکە ئەم دووانە بەیەک دەگەیەنێتەوە. پێشتر میکۆیان کۆمیسیاری بازرگانی دەرەوە و هامەریش جێبەجێکاری بازرگانی دەرەوە بوو. مۆیکۆیان بەرپرسی جێبەجێکردنی ئیمتیازە دەرەکیەکان بوو لەگەڵ ڕێکخستن و گونجاندنیان لەگەڵ ستراتیژی سۆڤیەتی، هامەریش لە ناو ئیمتیازدراوەکاندا بوو. میکۆیان سەرپەرشتیاری پرۆژەی فرۆشتنی کەلوپەلە هونەریەکان بوو لە ڕۆژئاوادا، و هامەریش دەڵاڵی فرۆشتنی ئەو کەلوپەلانە بوو بۆ یەکێتی سۆڤیەت لە نیویۆرک، هامەر دواتر وتی من هەرگیز (مرۆڤێکی بیرتیژتری وەکو (میکۆیان) م لە ناو بەرپرسە سیاسیەکانی دنیادا لە هیچ شوێنێکدا نەبینیوە). (١٨)

ڕۆژێک دوای چاوپێکەوتنەکە لەگەڵ مۆرێل دا، هامەر لەگەڵ چەند کەسێکدا لە هۆتێلەکە هاتنە دەرەوە و کەوتنەڕێ بۆ بینینی (میکۆیان) بۆ کۆشکی کرملین. بەپێی قسەی هامەر، وەرگێڕەکەی میکۆیان تەنها کەسێ سێ یەم بوو لە دانیشتنەکەدا، کە کاتژمێر (پێنجی دوانیوەڕۆ) بە یادی بیرەوەری ٣٥ ساڵ پێشووتر) دەستی پێکرد. کاتژمێرێک و سی و پێنج خولەک دواتر دانیشتنەکە کۆتایی هات، و هامەر بەڵێنیدا (یەکێک لە نیرە مانگا دەگمەنەکانی وەکو خەڵاتێک بنێرێت بۆ میکۆیان) (١٩) ئەو بەشەی گفتوگۆیەی کە هامەر لەبیرەوەرەوەندیدا بوو باسی بکات بۆ وەزارەتی دەرەوە پەیوەست بوو بە گلەیی و شکاتی ئاسایی سۆڤیەتیەکانەوە لەبارەی ناداپەروەری سیاسەتی بازرگانی ئەمریکا. ئیدی کەس نازانێت باسی چی کراوە، بەڵام کەمتر لە

چل کاتژمێر دواتر، هامر دووباره ڕۆیشتەوه بۆ کرملین. ئەمجاره خودی (خرۆشۆف) بانگی کردبوو. هەمان ڕۆژ بەیانیەکەی، واته ۱۷ فێبریوەری، خرۆشۆف له لێدوانێکدا جەنگی ساردی به جیاوازی پلەیەك دانابوو بۆ ڕوودانی شەڕێکی کارەسات بار له ئەڵمانیای ڕۆژئاوادا.(۲۰) هەر جۆره هەنگاوێکی سۆڤیەتی بۆ فشار دروستکردنی بەرلین، که جیا بوو لەهەموو ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، دەتوانرا کەنەدی ناچار بکات به ڕووبەڕووبونەوەیەکی سەربازی. بەڵام خرۆشۆف مەبەستێکی هاوپێیانەتر، به قازانجی هەر دوولای لەسەردا بوو: و ئەویش پەرەسەندنی مامەڵەی بازرگانی بوو لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا، و دەیویست هامەریش ئەو ڕۆڵه ببینێت. (۲۱)

* * *

لەگەڵ ئەوەی که خرۆشۆف چوار ساڵ له هامەر گەورەتر بوو، بەڵام هیچ کاتێك لنینی نەبینی بوو. له نیوەی دەیەی ۱۹۲۰، کرا بوو به کۆمیسیاری کانزای خەڵوزی بەردینی ئۆکراین، له پاکسازیەکانی ئیستالیندا بۆ لەناوبردنی نەیارەکانی توانیبوو ڕزگاری ببێت، لەکاتی مەرگی ئیستالیندا سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی بوو. خرۆشۆف هەم پیاوێکی سادە بوو هەمیش زیرەك بوو، لێکۆڵینەوەیەکی دەروونی ڕێکخراوی ڕەشی ئەمریکی دەڵێت خرۆشۆف (تۆڵەسێنەر و ترسناکیش) بوو. (۲۲)

هامەر لەو دوو سەردانه یەك لەدوا یەکانەی که ئەنجامیدا لەگەڵ سەرانی سۆڤیەتیدا سەری سوڕ دەمێنێت. دواتر نوسی (خرۆشۆف زۆرێك لەو خاڵانەی که لنین له ساڵی ۱۹۲۱، کاتێك کورسیەکەی ڕاکێشا بۆ ئەوەی نزیکم ببێتەوه و چرپاندی بەگوێمدا، و قسەکانی کرد ئەمیش هەمان بەزمی دووباره کردەوه)، خرۆشۆفیش داوای بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای ئەمریکی دەکرد. وەکو لنین، باوەڕی وابوو که پیشەسازی ئەمریکی دەتوانێت له مامەڵەیی نێوان یەکێتی سۆڤیەتی و ئەمریکادا زۆر قازانجی هەبێت) (۲۳) هاوشێوەیەکی دیکه هەبوو که هامەر نایڵێت ئەویش ئەوه بوو که: (بوریس ریستێن، شارەزایی کاروباری ئەمریکای لنین، له دانیشتنی یەکەمی کرملین ئامادە بوو، ئێستا (ئاناتۆلی دوبرینین)[1] سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی

---

[1] anatoly dobryni- دواتر چەندین ساڵ بوو به سەفیری سۆڤیەت له ئەمریکا (وەرگێڕ)

ویلایەتە یەکگرتووەکانی کۆمیتەی ناوەندی، و شارەزای سەرەکی خرۆشۆف لە کاروباری ئەمریکا، لە ئەنجومەندا ئامادەبوو.

چاوپێکەوتنەکە لەگەڵ خرۆشۆفدا دوو کاتژمێر و پێنج خولەک درێژەی کێشا. دوای ئەوە، وەکو بڵێیت دەیانویست ئاهەنگێك بۆ دووبارە کردنەوەی ئەو ڕێگایە بکەنەوە، هامەر لەگەڵ (دوبرینین) سەردانی کارگەی دروستکردنی قەڵەمسازیەکەی پێشووتری خۆی کرد کە ئێستا بە کارگەی گەورەی قەڵەمسازی (ساکۆ و وانزێتی)[2] ناودەبرا، لەکاتی سەردانی بۆ ئەو شوێنە چەند قەڵەمێکی جوانیان پێشکەش کرد. ڕۆژنامەی (مۆسکۆ نیوز) چیرۆکەکەی بە وێنەی هامەرەوە بەدرێژی باس کرد.

ڕۆژی دواتر هامەر و فرانسیس ڕۆیشتن بۆ لەندەن. فڕۆکەیەکی (جیتی) لەخزمەتیاندا بوو، کە هیچ سەرنشینێکی دیکەی پێ نەبوو. لە لەندەن نامەیەکی نوسی بۆ (هاجین) وەزیری بازرگانی ئەمریکا باسی ئەوەی کرد کە (ئەو باسەی کە لە چاوپێکەوتنەکەمدا لەگەڵ میکۆیان و خرۆشۆفدا باسمان کرد .زۆر بەنرخ بوو بۆیە حەز دەکەم لەکاتی گەڕانەوەم بۆ ئەمریکا لەگەڵ جەنابت و چەند بەرپرسێکی دیکەی ئەمریکا باسی بکەم و بەدرێژی ئەو مەسەلانە ڕوون بکەمەوە کە قسەمان لەسەر کردن)(٢٤)

خواستی چاوپێکەوتنی هامەر لەگەڵ (هاجین) ڕۆژی ٢٥ فیبریوەری ساڵی ١٩٦١ ئەنجامدرا. هامەر دوای خستنەڕووی پێشنیارەکەی خرۆشۆف بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی بەرهەمهێنانی خۆراکی سۆڤیەت، گلەییەکەی خرۆشۆفیشی گەیاند لەبارەی سنوورداریەتی سیاسەتی بازرگانی ئەمریکی. خرۆشۆف وتبووی ئەگەر ئەمریکا هەلومەرجی مامەڵەکانی بازرگانی دەرەوەی خۆی باشتر بکات، سۆڤیەت کاڵای زۆرتری ئەمریکی دەکڕێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە گەشەی ئابوری بکەن و خەڵکێکی زۆریش بکەونە سەر کار. هەروەها خرۆشۆف باسی ئەوەشی کرد بوو کە تاوەکو ئەمریکا زیاتر متمانە ببەخشێت بە سۆڤیەت، واتە ئەو وڵاتە بتوانێت

---

[2] – sccoo and vanzetti دوو کەسی ئەنارشیستی ئیتالی بوون و بەتۆمەتی کوشتن و دزی لە ساڵی ١٩٢٧ لە ئەمریکادا لەسێدارە دران. ئەم ڕووداوە ناوبانگێکی جیهانی بوو چونکە ئازادیخوازەکان سزادانی ئەوانی بە هۆکاری بیروباوەڕەکانیان ناوبرد و ئەوانی وەکو شەهید ناوبرد. (وەرگێڕ)

ئێستا بکڕێت و دواتر پارەکەی بدات، ئەم جۆرە مامەڵە سودمەندانە بۆ هەردوولا دەتوانێت زۆر پەرەبسێنن و گەشەکردنی باش بەخۆوە ببینن. (٢٥)

هاجیز زۆر بەرێزەوە گوێی ڕاگرت لە هامەر، بەڵام ئەم قسانەشی پێشتر بیست بوو. ئەوەی کە هامەر نەیوت بە هاجیز و لە هیچکام لە ڕاپۆرتەکانیدا باسی نەکردبوو بۆ وەزارەتی بازرگانی یان بە سەفارەتی ئەمریکا لە مۆسکۆ، ڕۆڵی ئەو بوو لە گەشەکردنی چۆنیەتی پیشەسازی پەترۆکیمیاوی سۆڤیەتیدا. ڕۆڵی ئەو، کە هێشتا لە قۆناغی سەرەتایدا بوو، بەتەواوی دەبووە هۆی سودوەرگرتنی هامەر لە سەرچاوەی دارایی ئەمریکا، و ئەمەش دەبووە هۆی بەرهەمهێنانی ڕێژەیەکی زۆری کودی کیمیای فسفۆر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی.

* * *

ئەکسیدنتاڵ هۆکارێك بوو کە هامەری بەکاری هێنا و لەڕێگەی ئەو کۆمپانیایەوە پارچە و بەشی جۆراو جۆری پرۆژەی گەورەی کودی کیمیای لێ دروستکرد. لە دانیشتنەکانی وال ستریت دا، ئەکسیدنتالیان بە کۆمپانیایەکی تەواو کەپیتالیستی پارە دەرهێنەر بانگهێشت دەکرا. دۆزینەوەی گازی سروشتی لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٦١ لە ناوچەی (لاتراب) لە کالیفۆرنیا دووبارە بەهای ئەو کۆمپانیایەی ئەوەندەی دیکە بەرز کردەوە، و ئەم پشکە ئەوەندە زۆر بوو کە هامەر دەیتوانی بەو پشکە کۆمپانیاکانی دیکە بهێنێتە ژێر بار.

بۆ ئەنجامدانی بەرنامە ئاڵۆزە جیهانیەکان، هامەر دەبوو کۆنترۆڵی سەدەر سەدی کۆمپانیای ئەکسیدنتال بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. ئەو سەرپەرشتیاری دەستەی بەڕیوەبردن و سەرۆکی گشتی کۆمپانیا بوو، بەڵام لەو سەردەمەدا تەنها ١٠٪ پشکی دارایی هەموو ئەو کۆمپانیایە موڵکی خۆی بوو، لەبەر ئەوە بەڕێوەبەرەکانی دیکە، بە نوێنەرایەتی ٩٠٪ شەریکەکانی دیکە لەتوانایاندا هەبوو، ڕێگە لە دەربڕین و بۆچوونەکانی بگرن و نەمێڵن کۆمپانیاکە بچێتە ناو کاری ناردنی کودی کیمیاویەوە و بەرزۆرینەی دەنگ تیۆریەکەی ڕەفز بکەنەوە. بۆ ئەوەی دڵنیای لەم کارەدا بەدەست بهێنێت و مەسەلەیەکی لەو شێوەیە ڕوونەدات، یەك بەیەك بەڕێوەبەرەکانی بانگ کرد و پێی وتن ئەگەر دەتانەوێت لە دەستەی بەڕێوەبەرایەتیدا بمێننەوە، دەبێت دەست لەکارکێشانەوەیەکی بێ کات ئیمزا بکەن، ئەم نامە دەست لەکارکێشانەوانەی لە

گیرفاندایە لە ئایندەدا هەر کاتێك بەبێ هیچ جۆرە ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەخت دەتوانێت هەرکەسێکی بوێت لەکاری بخات، بەڕێوەبەرەکان، یەك بە یەك، ئەم داواکاریەیان قبوڵ کرد. ئەم هەنگاوە ناناسایە لە ڕووی هونەریەوە، پێچەوانەی بڕیارە دەرخراوەکانی کۆمیسیۆنی کاغەزە بەهادارەکانی بۆرسە و کالاکان بوو بۆ کۆمپانیا گشتیەکان (چونکە بێ گومان پشکدارەکانی هەڵخەڵەتاند بوو، ئەوانیش بەو باوەڕەوە مابوونەوە کە دەستەی بەڕێوەبەرایەتیەکەیان سەربەخۆی هەیە)، بەڵام لەکاتێکدا هیچ کەس جگە لە بەڕێوەبەرەکان ئاگاداری ئەم دەست لەکارکێشانەوەیە نەبوون، هامەر دەیتوانی هەرچی حەزی بکردایە لە ئەکسیدنتالدا بیکات، بۆیە کەوتە سەر ئەوەی کە کۆمپانیاکان بکاتە موڵکی خۆی تاوەکو بتوانێت ئەکسیدنتال لە کۆمپانیایەکی نەوتی و گازی کالیفۆرنیاوە بکاتە کارگەیەکی بەرهەمهێنەری کودی کمیاوی هەتاردەنی.

جێبەجێکردنی پلانەکەی هامەر هەموو پەستراپوو بەو ئومێدەی کە حکومەتەکەی کەنەدی بتوانێت ئەو سیاسەتانەی کە لە سەرەتای جەنگی سارد دا لە کۆتایی دەیەکانی ١٩٤٠ بۆ معامەلەکردنی ئەمریکا هەبوو لەگەڵ سۆڤیەتیدا هەندێك شلی بکات. یاسای کۆنترۆڵی هەناردەنی ساڵی ١٩٤٩ هەموو کۆمپانیا ئەمریکیەکانی ناچار دەکرد ئەگەر بیانەوێت هەر جۆرە ناردەنێك و کالایەك بنێرن بۆ سۆڤیەت بەتایبەتی ئەو کالایانەی کە دەبووە هۆی گەشەکردن و بنیادنانیی ئەو وڵاتە لەڕووی پیشەسازی خۆراکی و بەرهەمهێنانەوە دەبوو پێشتر وەزارەتی بازرگانی ئەمریکی ئاگادار بکرێتەوە و حکومەت ڕاستەوخۆ ئاگاداری ئەو معامەلەیە بوایە. ئەم ڕێگە پێدان و ئیجازانەش زۆر بەکەمی ڕێگەیان پێدەدرا، لەڕاستیدا ئەم سیاسەتە لەبەرامبەر ڕوسیادا جۆرێك بوو لەگەمارۆیەکی ئابوری بانگهێشت نەکراو. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سەرەڕای ئەوەش فشاری خستبوویە سەر هاوپەیمانەکانی خۆی وەکو وڵاتانی (ناتۆ) و یابان تاوەکو ڕێگە بگرن لەو کەلوپەلانەی کە دەبنە هۆی بنیادنانی وڵاتەکەیان نەك هەر بۆ سۆڤیەت بەڵکو بۆ هەموو ئەو وڵاتانەی کە سەر بە (بلۆکی ڕۆژهەڵاتی) بوون، و (کۆمیتەی هاوئاهەنگی کۆنترۆڵەکانی ناردەنی ناتۆ) ئەو ڕێنوێنیانەی ئەمریکای جێبەجێ دەکرد. هەر وڵاتێك، تەنانەت بێ لایەنەکانیش، ئەگەر ئەو جۆرە کالایانەی کە باسمانکرد لە سەرەوە بیانناردایە بۆ بلۆکی ڕۆژهەڵاتی،

ڕووبەڕووی بەرپرسیاریەتی دەبنەوە لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانیەکانیەوە. لەگەڵ ئەوەدا ئەمریکا هۆشداری دایە بانکی جیهانی بەهیچ شێوەیەك پێشینە و قەرزیش نەدات بە ڕوسیا و بەمەش توانایی گەیاندنی کالاَ ڕۆژئاوایەکانی بۆ ئەو وڵاتە قورستر دەکرد. لەڕاستیدا سۆڤیەت لە بارودۆخێکی زۆر باشدا نەبوو، بەتایبەتی بۆ ناردنی کالاَکانی بۆ ئەمریکا پێویستی بەوە بوو کە چاو بە کارەکان و پەیوەندیەکانی خۆی بخشێنێتەوە. لە کۆتایی دەیەکانی ١٩٥٠، ڕێگە گرتن لە مامەڵەکردن لەگەڵ بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا ، ئەگەر نەڵێین دەمارگیرانە بوو، بەڕاستی شەڕێکی مەزهەبی لەخۆ گرتبوو: ئەگەر کۆمۆنیزم جۆرێکە لە ئایدۆلۆژیایەکی تەواو، کەواتە مامەڵە لەگەڵ وڵاتانی کۆمۆنیستی لە حوکمی مامەڵەی ئەهریمەندایە. لەم حاڵەتەدا، یەکێتیە کرێکاریەکانیان زۆر سەرکەوتوانە هاندا بەهیچ شێوەیەك دەست لە کالاَ ڕوسیەکان نەدەن و بەڵگەی ئەوەیان هێنایەوە کە ئەمانە هەموو دروستکراوی زەحمەتی (کۆیلە) کۆمۆنیستەکانە. کەندەی لەسەرەتای دەست گرتنە دەسەڵاتیدا بەڵێنیدا بوو بەپێی توانا ئەو دیدە نەهێڵێت، ئەگەر لەتواناشیدا نەبوو هەوڵدەدات ئاراستەیەك گۆڕانی بەسەردا بهێنێت.

بەکارهێنانی ئەکسیدنتال بۆ کاری کودی کیمیای ڕووبەڕووی کۆمەڵێك مەترسی زۆر جدی دەبوویەوە بۆ نمونە، گۆڕانی لەناکاو لە پەیوەندی دەرەوەی وڵاتدا دەیتوانی کۆمپانیا لە بازاڕی دەرەکی کودی کیمیاوی بێ بەش بکات. لەم ڕووەوە هامەر بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لە پەیوەندیێکی نزیکدا بوو لەگەڵ سۆڤیەت، و بۆ ئاگادار بەردەوامەکانی خۆی لەگەڵ کارمەندانی سۆڤیەتی لە نیویۆرك و واشنتۆن، ڕێکخستنێکی هونەری سۆڤیەتی بۆ ئەمریکا ڕێکخست. هەروەها نامەیەکی نوسی بۆ سەفارەتی سۆڤیەت لە واشنتۆن و باسی لە ناردنی چوار سەرە مانگایی ئەژاد بەرزی بۆ خرۆشۆف کرد، و نوسخەیەکی نوسراوەکەشی نارد بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا. پێشنیاری ئەوەی کرد بارکردن و گواستنەوەی مانگاکان لە ئەستۆی (ئەمتۆرگ) دا دەبێت، ئەمە هەمان ئەو ئاژانسەی سۆڤیەت بوو کە خودی ئەو لەدەیەکانی ١٩٢٠ کە دەستێکی باڵای هەبوو لەدامەزراندنیدا. (٢٦). دواتر ڕۆیشت بۆ بینینی سەفیری سۆڤیەتی، (میخائیل منشیکیف) و تەنانەت خوانێکی ئێوارەی لەسەر

شەرەفی خۆی ڕێکخست. سەفیریش ڕاستەوخۆ ڕاپۆرتی نارد بۆ (دوبرینین)، و ئەویش بە کارێکی گونجاوی زانی. (٢٧)

کارەکان هەموو بۆ بەدەستهێنانی مەبەستەکە بوو، و لە جێنیوەری ساڵی ١٩٦٣ هامەر سەفەرێکی چوار ڕۆژەی کرد بۆ مۆسکۆ. هیچ هەلێك لەمە باشتر نابێت، ئەو ماوە گەرمەی هەرەسهێنانی پێنج ساڵەی بەشی کشتوکاڵی سۆڤیەت بوو، و ئەم مەسەلەیە خرۆشۆفی نوقمی کێشە و گرفتاری گەشەکردنی گەورەی پیشەسازی کشتوکاڵی کیمیای کرد بوو، و ئەو وڵاتەی خستبوویە سەر ئەوەی لە بیرکردنەوەیەکی بە پەلەی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەدا بێت. هامەر بۆ بەردەوامی کارەکە بەردەوام بەشێوەیەکی زۆر باش هاندەدرا و دەستخۆشی لێدەکرا لە ئەنجامدانی ئەو پرۆژە پێویستیەدا بۆ گەشەکردی کەرتی کشتوکاڵی سۆڤیەتی.

هەر لە مۆسکۆ هامەر باسی ئەوەی کرد کە ئەکسیدنتاڵ خەریکە (کۆمپانیای کودی کیمیای بێست) لە کالیفۆرنیا دەکڕێت، پاشان باسی ئەوەی کرد کە ئەم دامەزراوەیە تەکنەلۆژیای تازەی بۆ دروستکردنی فۆسفاتەکان لە ئەسیدی سۆلفۆریك دا دروست کردوە. و دەرەئەنجام هەویرێکی کودی کیماوی بەهێزی، بەناوی (ئەسیدی فۆسفۆریکی بەرز) دەست کەوتوە، کە بۆ ناردنی ڕۆسیا زۆر بەسودە. هامەر لە گەڕانەوەی بۆ ئەمریکادا دەستیکرد بە ئامادەکردنی بەشە پێویستەکانی بەرهەمهێنانی کودی کیمیاوی. پاشانیش (کۆمپانیای بەردی ئاسن و کودی کیمیاوی جیهانی)، کە گەورەترین هەناردەی کودی کیماوی بوو کڕیەوە، ئیدی ئێستا ئەو تۆڕە گەورەیەی کە هەیبوو ئامادەگی تەواوی هەبوو بۆ عەمبارکردن و بارکردن و گواستنەوە، دواتریش کارگەیەکی دیکەی کڕی بەناوی (جێفرسۆن لیك سۆلفانی)، کە سێ یەمین بەرهەمهێنەری سۆلفۆر بوو لە ئەمریکا، بۆ ئەوەی (ئەسیدی سۆلۆریك) کە پێویست بوو بەرهەم بهێنێت. پاشان کۆمەڵێکی زۆری کەنجینەی گەورەی فۆسفۆتی لە فلۆریدا کڕی. لەکۆتایدا توانی کۆمپانیایەکی دیکەی ئینگلیزی بکڕێتەوە بەناوی (نرداك بە بەرپرسیاریەتێکی سنوردار) کە مافی قۆرخکراوی تەکنەلۆژیای زۆر گرنگی ئەسیدی فسفۆریکی بەرزی هەبوو، لە پڕێکدا ئەکسیدنتال بوونێکی تازەی بۆ دروست بوو: بەشی کودی کیمیاریەکەی سەرچاوەی زیاد لە ٩٠٪ دەستکەوتەکان و

سودەکانی کۆمپانیا بوو. هامەر ئێستا ئامادەی ناردنی کودی کیمیاوی هەبوو، کە سوپایی ئەمریکا دە ساڵ پێشتر ڕێگەی لێ دەگرت.

هامەر نەیدەویست جارێکی دیکە دەوڵەت بە گومانەوە سەیری بکات. کاتێك لە ساڵی ١٩٦١ لەڕوسیا گەڕایەوە، ڕاستەوخۆ بەبێ سەرکەوتن، هەوڵیدا بوو بەشێوەیەکی ئاشکرا خۆی بگەیەنێتە لای سەرۆك کەنەدی. تەنانەت لەکاتی یەکێك لە فەیرانەکانی بەرلیندا، داوای کرد بوو لە سیناتۆر ئەلگور بۆ ئەوەی بلێت بە کۆشکی سپی و پاڕیان بکات کە هامەر وەکو میانجیگەرێك دەست بەکار بێت لە نێوان ئەمریکا و ڕوسیادا. (٢٨) کۆشکی سپی ئەم پێشنیارەی پشتگوێ خست. دوای ئەوە لەو هەوڵیدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا هامەر ماڵەکەی پێشووتری سەرۆك ڕۆزفێلتی لە (کمپوبلۆ) بەخشیەوە بەدەوڵەتی ئەمریکا کە پێشتر کڕیبووی و پێشنیاری کرد بۆ کەنەدی، کە هەست دەکات حەز دەکات خۆی بەراورد بکات بە فرانکلین ڕۆزفێلت، بۆیە بە شانازیەوە بانگهێشتی کرد بۆ مەراسیمی پێشکەشکردنی کۆشکەکە بە دەوڵەتی ئەمریکا. بەڵام دیسانەوە کۆشکی سپی داوایی لێبوردنی کرد، و تەنیا ئەوەی قبوڵی کرد کە کەنەدی (پەیامێك بنێرێت) (٢٩) ئێستا کە ئیدی هامەر موڵکەیەتی یەکەکانی کودی کیمیاوی تەواوکردبوو، تەلەگرافێکی نارد بۆ کەنەدی کە ئەمە دەقەکەیەتی:

(کۆمپانیاکەم دەرەنجام گەورەترین دابیناکاری مادەی کودی کیمیاوی جیهانی بە ٢٣ بەشی عەمەلیاتی لە ٥٩ وڵات و بە معامەلەیەکی بڕی (٦٥) ملیۆن دۆلاری بەدەستهێنا. من باوەڕم وایە کە ڕێکخستنی فێمە دەتوانێت بە سودوەرگرتن لە شارەزایی ئەمریکی هاوکاری سەرتاسەری خەڵکی برسی جیهان بکەین بۆ ئەوەی ئاستی بژێوی خۆیان بەرز بکەنەوە و ئەمەش باشترین وەڵامە بۆ کۆمۆنیزم و ڕژێمە ستەمکارەکانی دیکە کە ئاشتی دەخەنە مەترسیەوە. داوام لە جیمی ڕۆزفێلت کرد بۆ ئەوەی دیدارێکم بۆ ڕێکبخات لەگەڵ جەنابتدا لە هەفتەی ئاینەدا بۆ ئەوەی پلانەکەی خۆم بەشێوەیەکی باشتر بخەمە ڕوو بۆ جەنابت. (٣٠)

هامەر، تەنانەت دوای ئەوەی کە ئیشەکەی خۆی وەکو وەلامێك بۆ کۆمۆنیزم باس دەکات و گوایە لەرێی بلۆکی رۆژهەلاتی ستەمکاردا دروستی دەکات، هەر نەیتوانی ئەو دیدارەی سەرۆك ببێتە نسیبی و چاوی بە کەنەدی بکەوێت، و دواتر لە یاداشتەکانیدا ئەوەندەی دیکە ترش و خوێی پێوە بکات و بیگەڕێنێتەوە. لە ٢٥ سێپتەمبەر، پۆزفێلت پێی وت کەنەدی پێی وتوە باوەڕ ناکەم لە ئایندەشدا بتوانم کاتی ئەوەم هەبێت ببینم، چونکە بڕیارە گەشتێك بکات بۆ چەند ویلایەتێك لەبارەی مەسەلەکانی پاراستنی سەرچاوە سروشتیەکانەوە قسە بکات (٣١) و ئیدی هیچ هەلێکی دیکەی دەست نەکەوت تاوەك کەنەدی لە ٢٢ نۆڤەمبەر لە دالاس بەدەستی کەسێك کوژرا.

لەگەڵ ئەوەشدا هەر هامەر دەستیکرد بە جێبەجێکردنی پرۆژەکەی. لە مانگی مەی، نامەیەکی نوسی بۆ خرۆشۆف و بەشێوەیەکی رەسمی داوای دیداری لێکرد و (نوسخەیەکی لەو داوایەشی راستەوخۆ نارد بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا). بەشێوەیەك نامەکە دەنوسێت کە گوایە خرۆشۆف بەهیچ شێوەیەك ئاگاداری هیچ نیە(ئێمە ئێستا خاوەنی گەورەترین کۆمپانیای کودی کیمیاوین لە رۆژئاوای ئەمریکادا) و (هیوادارم هاوکارێکم لەدەست بێت بۆ ئەوەی بتوانم بۆ دابینکردنی دارایی پێویستیەکانتان لەو کارگەی کیمیاویەی کودە خزمەتێکتان بکەم، و سەرەڕایی ئەوەش بتوانین هەردوو وڵات لەو رێگەیەوە نزیك بکەینەوە.) (٣٢)

مانگێك دواتر، هامەر لە مۆسکۆ چاوی کەوت بە خرۆشۆف، میکۆیان و منشیکف. (دوبرینین ئەوکاتە سەفیری سۆڤیەت بوو لە واشنتۆن و بارنەی ویلایەتە یەککگرتوەکان (وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت) لە مۆسکۆ درا بوو بە منشیکف.) (٣٣) خرۆشۆف ماوەیەك پێشتر لەوتارێکدا بەڵێنیدا بوو بە خەڵکی روسیا هەرچی کردبێت دەبێت دەست بکات بە بەرنامەیەکی چڕوپڕ بۆ ئەوەی بتوانێت بەرهەمی ساڵانەی کودی کیمیاوی سۆڤیەتی تاوەکو کۆتایی ئەو دەیە لە پێنج ملیۆنەوە بیگەیەنێتە سەد ملیۆن تەن، هامەر ئەم تەکنەلۆژیە پێشکەوتوە خستە بەردەم خرۆشۆف. بەپێی یاداشتەکەی هامەر بۆ ئەم دیدارە، خرۆشۆف باسی ئەوەی کردوە (ئەگەر تۆ لەم کارەدا (پرۆژەی کودی کیمیاویدا) سەرکەوتوو بیت، ئەم کارە زۆر گەورەترە لە

دروستکردنی یەکەمین کارگەی قەڵەمسازیەکە) (٢٤) هامەر لەو گەشتەیدا ژمارەیەك لە پسپۆڕانی پلەیەکی کۆمپانیای ئەکسیدنتاڵی لەگەڵ خۆیدا برد بوو بۆ مۆسکۆ، ئەمانە زۆرتری هاوینەکەی خەریکی کارکردن بوون تاوەکو بتوانن ڕێککەوتنەکان و کارەکان بخەنە سەر کاغەز و بەشە لاوەکیەکانی کارەکە تەواو بکەن.

لە ٢٦ سێپتەمبەری ساڵی ١٩٤٦، بەشێوەیەکی ڕەسمی ڕێککەوتنامەکە ئیمزا کرا لەنێوان مۆسکۆ و هامەردا. بۆ ئەوەی شێوەیەکی ڕەسمی ببەخشرێتە ئەم معاملەیە، ڕۆژنامەی (ئیزوستیا) وەرزێکی لە کتێبی ١٩٣٢ی هامەری، لە (گەڕان بەدوایی گەنجی ڕۆمانۆف) دا دووبارە بڵاوکردەوە، ئەم بەشە باسی ئەوە دەکات کە چۆن لینین داوایی لێکردوە ئەو سەهۆڵەی نێوان ئەمریکا و سۆڤیەت بشکێنێت، بەپێی ئەم ڕێککەوتنامەیە ئەکسیدنتاڵ پیشەسازی کشتوکاڵی کیمیاوی لە بنەڕەتەوە لەسەر بنەمای دواهەمین پێشکەوتنەکان بۆ یەکێتی سۆڤیەت بنیاد دەنێتەوە. بەپێی ئەو پێشبینیەی کە کرابوو، دە کارگەی کودی کیمیاوی تازە لە ناوچەی کراسنویارسك لە سیبریای ناوەندیدا دروست دەکرێت و ئەم کارگە کودە کیمیاویانە (ئەسیدی فسفۆریکی) گوشراو بەرهەم دەهێنێت. ئەم پرۆژەیە نزیکەی یەك ملیارد دۆلاری تێدەچوو و ساڵانە بەلایەنی کەمەوە نزیکەی ٥٠ ملیۆن تەن کودی کیمیاوی بەرهەم دەهێنێت، واتە ئەوەندە بەرهەم دەهێنێت کە بتوانێت بەتەواوەتی سیمای کشتوکاڵی ڕوسیا گۆڕانی بەسەردا بهێنێت. (٣٥)

ئەگەر کارەکان بەپێی ئەو نەخشەیەی کە دانراوە بڕواتە پێشەوە، هامەر دەکەوێتە قۆناغێکەوە تەنها کەسێك دەبێت کە مافی ناردنی کودی کیمیاوی دەبێت بۆ سۆڤیەتی و ئەو لایەنە گرنگە بەتەواوی کۆنترۆڵ دەکات. و جێبەجێکردنی ئەم حاڵەتە بەڕاستی ئەو بەرهەمە بوو کە بەشێوەیەکی ڕێزمانی لەسەردەمی لینیندا فێری بوو بوو. ئێستا هامەر بەڕاستی لە نەخشەیەکدا ئیش دەکات کە ڕوسیا دەیەوێت لەماوەی پێنج ساڵی داهاتووی کارکردنیدا پێی بگات. هامەر ئامانجی ئەم پڕۆژەیەی بە مرۆڤدۆستی ناو بردوو، وتبووی دەیەوێت (یارمەتی مرۆڤە برسیەکانی سەرتاسەری جیهان بدەم بۆ ئەوەی ئاستی ژیانیان بەرز بکەنەوە) و (ئەمەش باشترین وەڵامە بۆ کۆمۆنیست). ئێستا کە پڕۆژەکە ئاشکرا بوو بوو، هەوڵیدا بوو بەشێوەیەکی سەرکەوتوو بیخاتەڕوو.

هاوکـات لەگـەڵ دەرخـستنی ئـەو پرۆژەیـە لـە مۆسـکۆدا، هامـەر لـە لەنـدەن کۆنفراسێکی ڕۆژنامەوانی پێکهێنا بوو، هیوادار بوو بتوانێت پێشینەی پێویست وەرگرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە. وتی بە ڕۆژنامەنوسەکان، (ڕوسەکان زۆر خوازیـاری ئـەو کـارە بەکەڵکـەی ئێمـەن). کاتێـک یـەکێک لـە ڕۆژنامەنوسـەکان ئـەو پرۆژەیەی بە ئالۆگۆڕێکی بێ وێنەی تەکنەلۆژیا ناوبرد لەسەردەمی جەنگی سار دا و پاشان پرسیاری لە دەرەئەنجامی سیاسی ئەو مەسەلەیە کرد، هامەر وەڵامی دایەوە وتی (من کاسپم نەک سیاسەتمەدار، بۆیە ئەمەش کارو کاسپی یە) (٣٦)

بەڵام، بەو شێوەیەی کە ڕووداوەکان دەریانخست، ئەمە لەو جۆرە کاروکاسپیانە نـەبوو کـە بکرێـت بـە ئاسـانی لـە سیاسـەت جیـا بکرێتـەوە. ڕێـك دوو هەفتـە دوای کۆنفراسە ڕۆژنامەوانیەکەی هامەر، خرۆشۆف لە پرێکدا لەکار کەوت، و کەمێك دواتر پـرۆژەی کـودی کیمیـاوی سـۆڤیەتی، کـە داهێنەرەکـەی و ڕێبەرەکـەی پـەکی کـەوت، ئەویش بە شێوەیەکی کاتی دوا کەوت. کاتێك جێگرەکەی خرۆشۆف، (لونید برژنیف) لە ساڵی ١٩٦٥ هاتە سەرحوکم، ئامادەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بوو، بەڵام بە هـۆی تەشەنەکردنی جەنگ لە ڤێتنام بە تەواوی ئەو پەیوەندیە سارد و سڕەی کە هەبوو لـەنێوان ئـەمریکاو ڕوسـیادا ئەوەنـدەی دیکـە خاوبوویـەوە و بەیـەکجاری پـچڕا. سەرەڕایی هەوڵە بێ وچانەکانی هامەر، بەڵام کارەکەی بەشێوەیەکی کاتی وەستێنرا.

* * *

ئێف بی ئای لە ساڵی ١٩٦١ بۆنی کرد بە هەندێك لە پەیوەندیەکانی هامەر لەگەڵ سـەفارەتی سـۆڤیەتدا، ئێـف بـی ئـای گومـانی ئەوەی بـرد لەوانەیـە دووبـارە هامـەر کەوتبێتەوە ناو معاملەوە لەگەڵ سۆڤیەتدا. کاتێك هامەر لە مانگی مەی ئەو ساڵە ڕۆیـشت بـۆ بینینـی سـەفیری سـۆڤیەت، چـالاکیەکانی هامـەریان گەیانـدە (ویلیـام سالیوان) جێگیری بەڕێوەبەری گەیاندنی زانیاریـە ناوخۆیـەکان. (سالیوان) پیـاوی ژمـارە سێ (ئەدگار هوور) بوو لـە ئێـف بـی ئـای دا، و هـەموو لێکۆڵینـەوە هەسـتیارە سیاسیەکان ئـەو هەڵسەنگاندنی بـۆ دەکـردن. سالیوان بینـی هامـەر (لـەنێوان پایـە بـەرزەکانی دەوڵـەتی ئـەمریکا ناسـراوی زۆری هەیـە). (٣٧) لـە ١٤ جێنیـوەری سـاڵی ١٩٦١ یاداشتێکی نوسی بۆ هوور و یاروەزخەکەی بەکورتی بۆ باس کرد. وتـی هامـەر (لـەو جـۆرە مرۆڤانەیـە کـە بـۆ بەدەسـتهێنانی قازانج و بەرژەوەنـدی معاملـە لەگـەڵ

شەیتانیشدا دەکات). و پاشان دەڵێت (ئەم پڕۆژەیەی دوای کە هامەر زۆر دڵی پێخۆشە دووکەسی بەرز لە ئەنجومەدا هاوکاری دەکەن ئەوانیش ڕۆزفێڵت و سیناتۆر ئەلگۆرە بۆیە بە ئەگەرێکی بەهێز لەوانەیە معامەلەیەکی بازرگانی بێت بۆ سۆڤیەتیەکان.... و قسەی باسەکان لەو بوارەدا خۆیان دەبیننەوە.... ئەم مەسەلەیە ڕەهەندێکی سیاسی هەیە، و لەبەرئەوە، نابێت ئێمە خۆمان لەو مەسەلەیە بدەین).(٣٨).

هوور بەهۆی تێبینیەکانی لەسەر ئەو مەسەلە سیاسیانەوە، و خۆپاراستنی لەو بوارەدا توانی بووی دەسەڵاتی خۆی لە ماوەی سەردەمی حوکمڕانی شەش سەرۆک کۆماری ئەمریکادا بپارێزێت. بۆیە ڕازیبوو بە هەڵسەنگاندنەکەی (سالیوان) هەڵبەتە کۆمەڵێک ئەگەر و ئامادەکاریان کرد و هەواڵی سەردانەکەی هامەریان بۆ لای سەفیری سۆڤیەتی گەیانده سەرۆکەکەی خۆیان واتە (ڕۆبێرت کەنەدی) کە داوەری گشتی بوو. (لەوانەیە ڕەفزکردنەوە و پشتگوێ خستنی داواکاریەکانی هامەر بۆ بینینی سەرۆکەکان لە کۆشکی سپیدا لەبەر ئەو مەسەلەیە بووبێت)، بەڵام هوور ڕازی بوو لەسەر ئەوەی کە جارێک ئێف بی ئای هیچ کارێک نەکات و واز لە مەسەلەکە بهێنێت چۆن دەڕواتە پێشەوە با بڕوات. (٣٩)

لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕابردووی تاریکی هامەرەوە، بەهەرحاڵ تەواو نەبوو. چونکە لە سەرەتایی ساڵی ١٩٦٣، دوا لە دۆسیەیەک کرابوو لە (سمیوئیل پاپیچ)، بەرپرسی پەیوەندیەکانی ڕێکخراوی ڕەش و ئیف بی ئای، لەسەر هامەر. داواکاریەکەش لەلایەن (جێمز ئەنگلتۆن) سەرۆکی بەهێزی دژە زانیاری ڕەشەوە کرا بوو؛ لەبەر ئەوە نەدەتوانرا ئەو داوایە بەکەم بگیرێت.

(ئەنگلتۆن)، پیاوێکی تەواو جەستە لاواز و باریک بوو، قژێکی خاوی هەبوو، لەگەڵ سیمایەکی جوانی ساقدا، پێش ئەوەی ئەنگلتۆن بڕواتە ناو دەزگا هەواڵگریەکانەوە، سەرۆکی گۆڤاری شیعر و شاعیری (فیوریوس) بوو و لەگەڵ شاعیرەکانی وەکو (ئەزرا پوند)، (تی. ئێس. ئەلیوت) و (ئای. ئای. کامینگز) لە نزیکەوە کاری کرد بوو. لەزۆرێک لە بوارەکانی وەکو گوڵ و قارچک و بەردە گران بەهاکان خاوەن بۆچوونێکی زۆر گەورە بوو، لەبەر ئەوە بەڕاستی پیاوێکی ئەفسانەیی

بوو. بەرپرسیاریەتی دژە سیخوڕی کە دە ساڵ پێشتر لە ئەستۆی گرتبوو، ئێستا بەهۆی لێهاتوویەکانی و دامەزراویەکەیەوە بوو بوو بە کەسایەتێکی زۆر گەورەی پیرۆز بۆ گەڕان بە شوێن پرۆژە گەورە سیخوڕەکانی سۆڤیەتیدا. ئەنگلتۆن ئەوەندە بەهێز لەو بوارەدا کاری دەکرد و توانایی بەکار دەهێنا، زۆرێک لەهاوکارەکانی تووشی گومان دەبوون لەوەی ئایا ئەوەی ئەنگلتۆن کاری بۆ دەکات بوونی هەیە. تیۆریەکەی ئەو ئەوەبوو کە (کەی، جی، بی) نەخشەی ستراتژی و لەشکرکێشی هەیە بۆ هەڵخەڵەتاندنی ڕەش، و لە ساڵی ١٩٦٢، کاتێک کارمەندێکی سۆڤیەتی بەناوی (ئاناتۆلی گالیتسین) هەڵهات بۆ ئەمریکا و کەوتە ژێر لێکۆڵینەوە، ئەو گومانەی ئەنگلتۆنی بەهێزتر کرد. گالیتسین هەوڵیدا کۆمەڵێک بەشی ئادیاری ڕۆڵێکی گەورە بخاتە بەردەست ئەنگلتۆن. یەکێک لەو بەشە ئاڕاستەیەک سەیرانە کەسێک بوو کە گالیتسین ئەوی بە (شازادەی سەرمایەدار) ناو دەبات، و ئەو کەسە لە دەیەکانی ١٩٢٠ خزمەتێکی گەورەی بە سیخوڕی سۆڤیەتی کردوە. (٤٠)

هەرچەندە گالیتسین هیچ ناوێکی نەهێنا، بەڵام چەندین ناونیشانی سەیری ئەو کەسایەتیەی باسکرد بوو وەکو: ئەو کوڕی ئەمریکێکی ملیۆنێر بوو، لە سەردەمی (سیاسەتی ئابوری تازەدا) ڕۆیشت بوو بۆ ڕوسیا. لە سەرەتایی دەیەکانی ١٩٣٠ گەڕابوویەوە بۆ ئەمریکا. کوڕێکی لە ڕوسیادا بەجێهێشت بوو، سۆڤیەتیەکان کوڕەکەیان وەکو فشارێک بەکار دەهێنا بۆ کارکردنی ئەو کەسە. لە کۆتایی دەیەکانی ١٩٥٠ دووبارە ئەو کەسەیان بەکار هێنایەوە. سۆڤیەتیەکان لە ساڵی ١٩٦٠ ڕێگەیان لە پێشەنگایەکی خەیاڵی ئەو شازادە سەرمایەدارەوە گرت ئەوەکو ئەرکی ئەو دەربکەوێت.

سەرۆکی بەشی لێکۆڵینەوە (ئەنگلتۆن)، داوای لە (ریمۆند روکا) کرد بۆ ئامادەکردنی لیستێک لەسەر ئەو بازرگانانەی ئەمریکا کە لەسەردەمی سیاسەتی ئابوری تازەدا، ڕۆیشتوون بۆ ڕوسیا و هێشتا لە ساڵی ١٩٦١ زیندوون. ناسراوترین

ناوێك كە ئەو پەیدای كرد (ئەڤرێل هریمەن) بوو. هریمەن كوڕی سەرمایەدارێكی گەورەی ملیۆنێری ڕێگای ئاسن بوو. ئیمتیازی مەنگەنیزی لە ساڵی ١٩٢٥ بەدەستهێنا بوو و ساڵی دواتر ڕۆیشتبوو بۆ ڕوسیا بۆ ئەوەی كاری ئیمتیازەكان بكات. پاشان بوو بە پارێزگاری نیویۆرك. دواتر وەكو جێگری وەزارەتی دەرەوەش كاری دەكرد. لە ڕاستیدا، زۆر قورس بوو بتوانرێت ئەمریكێكی سەرمایەداری دیكە بناسرێتەوە.

ئەنگلتۆن، زۆر حەزی دەكرد بڕوات بگەڕێت بەشوێن گەورەترین پلانەكان و نەخشە نهێنیەكاندا. بەتایبەتی نەخشەیەك و پلانێك كە كەسێكی وەكو (هریمەنی) تێدا بێت، بۆیە پڕۆژەی دەینەسوری بەكارهێنا، ئەو لێكۆڵینەوەیەی كە دەری دەخات ئایا هریمەن ئەو شازادە سەرمایەدارەیە كە گالیتسین، باسی دەكات. لەگەڵ ئەوەدا هیچ یەكێك لە چالاكیەكانی هریمەن لە ڕوسیادا لەگەڵ ئەو ناونیشانەدا نەدەگونجا كە گالیتسین باسی دەكرد، و بەزووی دەركەوت كە ئەنگلتۆن بە هەڵەدا چووە.

پڕۆژەی دەینەسور خەریك بوو بەرەو بون بەست دەڕۆیشت، و (ریمۆند روكا) دەستیكرد بە لێكۆڵینەوەی ئەو دۆسیەیەی كە لە (ئێف بی ئای) یەوە پێیان گەیشتبوو. ئەویش لەسەر دۆسیەی ئارمەند هامەر بوو، كە ناوی دووەم كەسی ئەو لیستە بوو كە ئامادە كرا بوو. ئەو دەیزانی كە دەزگای (ئێم – ئای– ٥) ی بەریتانیا گومانی زۆری هەیە لە هامەر، ئەنلگتۆن لە ساڵی ١٩٥٩ داوای لە دۆسیەكەی كرد بوو لە بەریتانیا. روكا چوار هاوشێوەی سەیری لەنێوان هامەر و شازادە سەرمایەداری بێ ناودا دەبینی.

یەكێكیان، گەڕانەوەی هامەر بوو لە ساڵی ١٩٣٢ واتە ئەو بەروارەیە كە گالیتسین دەیوت. دووەمیان، هامەر هەموو كەس لە ڕوسیادا بە كەسێكی ملیۆنێریان دەزانی. لەو زانیاریەی كە لنین لە ساڵی ١٩٢١ دەینێرێت بۆ ڕێبەرەكانی دیكەی حیزب، ئەو بە كوڕی (هامەری ملیۆنێری ئەمریكی) ناو بردوە.

سێ یەم، هامەر لە بارودۆخێکی زۆر ناخۆش و بێتاقەتاویدا کەسەکانی بەجێهێشت بوو. هەڵبەتە گوایە ئەو کورە کە بەجێهێڵراوە کوڕی برایەتی، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتەکانی ئێف بی ئای، لە داواکاریەکانی بۆ ڤیزەی ئەمریکی لە ساڵی ١٩٤٢، وتڕا بوو کە کوڕی خۆیەتی. (٤١) تەنانەت ئەگەر وادابنێین ئەم کارەش بۆ ئەوە کراوە تاوەکو زوو ڤیزەکەی لێبدرێت (کە بەدرۆ خرایەوە)، لێرەدا ڕوسەکان لە بارەی ئەسڵ و ئەسەبی ئارمەند هامەرەوە هەڵخەڵەتێنرا بوون.

چوارەم، هامەر بەپێی ڕاپۆرتێك دەرکەوتبوو لە ساڵی ١٩٢٧ دەستی تێکەڵ کردوە لە تۆرێکی چالاکی سیخوڕی سۆڤیەتیدا، کە لەوانەیە بۆ ئەوسەردەمە ناوی (شازادەی سەرمایەدار) بۆ ئەو ڕاست بێت. بەپێی دۆسیەکەی هێرشەکان بۆ سەر نوسینگەی ئەرکاس، ئەو زانیاریانەی کە بەریتانیا خستیە بەردەم ڕێکخراوی ڕەش، لەو دیکۆمێنتە نیوە مەوتاوانەدا ئەوە دەخەنە ڕوو کە کار وکاسپی هامەر ڕێگەیەك بووە کە لە ڕێگەی ئەو کار وکاسپییەوە بە هەزاران دۆلار دراوە بە کارمەندی سیخوڕی (جیکۆب مونس).. مونسیش، خۆی، وەکو سەرچاوەیەکی ڕێکخستنی زۆر باشی (سیخوڕی سەربازی) خرابوویە ڕوو و لە بەرلین و لەندەن و نیۆیۆرك.

مێژووی هامەر بەشێوەیەکی گشتی دەگوتجا و یەکی دەگرتەوە لەگەڵ ناونیشانی (شازادە سەرمایەداری) ئەمریکا، بەڵام ئەمە ئەو ماسیە گەورەیە نەبوو کە ئەتکتلۆن دەیویست بیخاتە ناو تۆڕەکەوە. ئەڤێرل هریمەن لە یەك بەیەکی کابینەی حکومەتە دیموکراتەکان لە فرانکلین ڕۆزفێڵتە بە دواوە لە بواری بەرپرسە باڵاکاندا کاری کرد بوو، ئێستا لەبەر ئەوەی کە هامەر بەشێوەیەکی زۆر ئاسان دەکەوێتە بەردەستی حکومەتی ئەمریکا. گریمان ئەویش (شازادەی سەرمایەدار) بێت، بەرپرسیاریەتیەکەی چی بوو؟ ئەنگتلۆن کە بەوە ناسرا بوو لەماوەی حەوت ساڵدا تەحەمولی کرد بوو بۆ دەرکەوتنی نهێنێك، پیاوێکی زۆر بە ئارام بوو. لەبری ئەوەی کە ڕاپۆرتی (شازادەی سەرمایەدار) بداتە (ئێف بی ئای)، پێی باش بوو کە چاوەڕوانی بکات تاوەکو ئەم بەشەش وەکو بەشە نادیاریەکانی دیکە دەرکەوێت و ئاشکرا ببێت.

لە جێنیوەری ساڵی ١٩٦٤، کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی دژە سیخوڕی ئەنگلتۆن خوازیاری زانیاری زۆرتر بوون لەبارەی هامەرەوە. دەزگای ڕەش لە (ترپیۆلی) ڕایگەیاند هامەر لە لیبیایە.



مەلیك ئیدریس، پاشای لیبیا



مەلیك ئیدریس لەگەڵ هامەر و شلەمی کە لە پشتەوەیە لەئاهەنگی بەگەڕخستنی دەرهێنانی نەوت

وەرزی حەفتەیەم

جیۆپۆلەتیکی نەوتی خـــــاو

لە سەرەتایی دەیەکانی ١٩٦٠، کڕین و فرۆشتنی نەوت لە جیهاندا تاڕادەیەك ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی کارتلی بوو کە پێکهاتبوو لە حەوت کۆمپانیای بەهێزی نەوتی جیهانی کە بە (حەوت خوشکەکان) ناو دەبران. ڕێککەوتن و بڕیاردان لەسەر ئەو کارە لەگەڵ هەفتەیەکی ڕاوکردندا لە سێپتەمبەری ساڵی ١٩٢٨ لە کێڵگەی جوانی کۆشکی (ئەکناکاری) لە ئۆسکەتلەندا بەڕێوە چوو. ڕێکخەری ئەو دانیشتنە (سێر هێنری دتردینگ) سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەرایی (ڕۆیال دی، شێل، کۆنسەر سیۆمی ئینگلیزی- هۆڵەندی) بوو، کە سەرمایی ئیتمیازە سەرەکییەکانی نەوتی، بەشێکی گەورەی کەشتیە نەوت بەرە گەورەکانی جیهانیش موڵکی ئەو کۆمپانیایە بون. لەناو میوانەکانیشدا سەرۆکی دوو لە گەورەترین کۆمپانیا نەوتیەکانی جیهان: (والتەر تیگل) سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمپانیای (مایملك ڕاکفلەر)، و بەرپرسی ئەریلی نیوجێرسی (کە دواتر سەرەتا بە ئیسۆ و پاشان بوو بە ئیگزان)، و سێرجان کدمێن)، سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردنی نەوتی ئینگلزی- ئێرانی (کە دواتر بوو بە بریتش پەترلیۆم) دەبیتران. ئەم سێ کەسە، کە کۆمپانیاکانی ئەوانە لە ساڵی ١٩٢٨ نزیکەی چوار لەسەر پێنجی نەوتی جیهانیان بەرهەم دەهێنا، ئەوانە بە جلی پەژمینی ڕاوکردنەوە لە تەنیشت یەکتردا بە بیانوی ڕاوکردن وەستان و فیشەکیان دە تەقاند لە باڵندەکان و شەویش دەبۆیشتنەوە بۆ کۆشك و باڵندەکانیان دەخوارد، و دەستیان دەکرد بە پلانداڕشتن لە سەر ئەوەی کە لە بازاڕی جیهانی نەوت دا دەست نەکەن بە

کێبەرکێ لەگەڵ یەکتریدا. خاڵی سەرەکی ئەو دانیشتنەیان قسەکردن بوو لەسەر ئەوەی کە ئەم بارودۆخە سود بەخشەی کە هەیە تێکی نەدەن بەسەر یەکدا. لەبری ئەوەی کە لە ڕۆژهەلاَت، ئەمریکای لاتین یان شوێنەکانی دیکەی جیهان، بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی بەرهەمهێنانی نەوت ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە، پێشنیاری خۆیان بۆ دۆزینەوەی نەوتی تازە پێکەوە ڕێکبخەن. ئەوکاتە نەوتە دۆزراوەکە بەپێی ئەو ڕێککەوتنامەیەی کە لەسەری ڕێککەوتوون دابەشی دەکەن لەناو خۆیاندا و پشکی هەر کۆمپانیایەك بەو ڕێژەیە دەبێت کە لە ساڵی ۱۹۲۸ لە بازاڕی جیهانیدا هەیەتی. کاتە ئەسڵیەکە، بەو شێوەیەی کە خۆیان دەڵێن هەموو قبوڵیان کرد، ڕێکخستنی کارەکە بە ڕەزامەندی سەرپەرشتیاری ئەویل کالیفۆرنیا کە ئێستا بە (شۆرن) ناو دەبرێت و سەرپەرشتیار ئەویل نیویۆرك کە ئێستا بە (موبیل) ناو دەبرێت و کۆمپانیای تەکساس کە ئێستا بە (تەکساکۆ) ئیمزایان کرد. ئەم حەوت کۆمپانیایە بڕیاریاندا لە کەشتیە نەوت بەرەکان، پالاَوگەکان، هێڵەکانی لولەکێشی و ئاسانکاری بازاڕ هەموو پێکەوە هاوبەش بن. هەروەها ڕێککەوتنی بڕیارەکانی (کارتل) لە هەموو شوێنێکی جیهان دەبێت، جگە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کە یاسای زۆر توندی دژە تراستی هەبوو واتە دژی قۆرغکردن و پاوەنکردنی دەسەلاَتبوو لەلایەن چەند کۆمپانیایەکەوە.

لەوە بەدوا، هەرکاتێك نەوت لە وڵاتانی تازە گەشەکردوو دەدۆزرایەوە، (حەوت خوشکەکە) کۆنسەرسیۆمی واتە (یەکگرتن و ڕێککەوتنی) ناوچەیان پێکدەهێنا بۆ ئەوەی عەمەلیاتی دۆزینەوە و دەرهێنان و ناردنە دەرەوەی بازاڕی لە ئەستۆ بگرن. لە حالَەتێکدا کە هیچ کەس جگە لە ئەندامەکانی کۆنسەر سیۆمی کەشتی نەوتەبر، هێڵی لولە و هۆکارەکانی دیکەی گەیاندنی نەوتی بازاڕی نەبوو، دەوڵەتەکانی جیهانیش بە ناچاری پێشنیارەکانی ئەو کۆمپانیایانەیان قبوڵ دەکرد. ئەگەر دەوڵەتێك بیویستایە ڕێککەوتنێك هەڵبوەشێنێتەوە، (کارتیل) نەوت بەرەکانی پاشەکشێ پێدەکرد، هێڵی لولەکانی دەبەست، دەستپێڕاگەیشتنی بە پالاَوگە نەوتیەکان دەپچڕاند، ڕێگەی لە ناردەنی نەوتی ئەو وڵاتە دەگرا. کاریگەری و لێبراوی ئەم جۆرە هەنگاوانە لە ساڵی ۱۹٥۱ لە ئێراندا بە ئاشکرا نیشاندرا. (محەمەدی) سەرۆك وەزیرانی وڵات، ئیمتیازی نەوتی یەکێك لە ئەندامەکانی ئەو کۆنسەر سیۆمەی خۆماڵی کرد، (حەوت

خوشکەکان) دەست پێراگەیشتنی ئەو وڵاتەیان بۆ بازاری نەوتی جیهانی بەست، و ئابووری ئێرانیان بەتەواوی لەکار خست. لایەنگرەکانی شا، بە یارمەتی ڕێکخراوی ڕەش، حکومەتی مصەدەقیان وەلانا و نەوتی ئێرانیان دووبارە سپاردەوە بە حەوت خوشکەکە. کارتێل بەم شێوە ڕەوشانەی تاوەکو ساڵەکانی ۱۹٦۰ دەسەڵاتی خۆی بەتەواوی سەپاندبوو بەسەر نەوتی خاوی ئاردەنی جیهاندا. ئەم سیستەمە ترسناکە تەنها یەک خاڵی لاوازی بەهێزی هەبوو ئەویش: وڵاتی پادشای لیبیا بوو. (۱)

لیبیا لە ژێر سایەی پارێزگاری نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە دیسەمبەری ساڵی ۱۹۵۱ توانی بەشێوەیەکی تەواو سەربەخۆی خۆیی لە ژێر ئیستعماری ئیتالیادا دەربهێنێت و ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆ و سەرۆکی یەکێک لە خێڵەکانی ئەو وڵاتەیان کردە پادشای لیبیا. شێوەی جیاوازی مێژووی ئەو وڵاتە ئەوە بوو کە (یەکەمین) دەوڵەت پادشای بوو کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دروستی کرد. پادشای تازە، (مەلیک ئیدریس) کە پێشتر زۆربەی تەمەنی لە ژێر پارێزگاری بەریتانیا لە میسردا بەسەر بردبوو، لە وڵاتە تازە دامەزراوەکەی خۆی شتێکی لەو شێوەیەی نەدەبینی کە فەرمانڕەوای پێ بکات. لیبیا سەرزەمینێکی زۆر پان و بەرینە، ڕووبەرەکەی گەورەترە لە فەرەنسا،و بەریتانیا و ئەڵمانیا، بەڵام زۆربەی ناوچەکانی بیابانە، تەنها دوو خاڵی نیشتەجێبوونی لە ناوچەی میدیتەرانەدا هەبوو. بە پێی ئاماری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دانیشتوانی وڵاتی تازە نزیکەی یەک ملیۆن کەس بوو، و ٩٤٪ ئەو کەسانەش بەهیچ شێوەیەک خوێندەواری و نوسینیان نەدەزانی. تارادەیەک هەموو کارمەندەکانی دەوڵەت، وەکو چوار قازی دیوانی گشتی تازە دانراو، لە وڵاتانی دەرەوە دامەزرا بوون (۲) ئابووری ئەو وڵاتە زۆر کەم بوو. وشکە ساڵی و هێرشی کوللە، کشتوکاڵی ئەو وڵاتەیان کە تارادەیەک ئیتالییەکان زۆر بەزەحمەت دروستیان کردبوو ئەگەر هەمووی نەفەوتابێت بەشێکی زۆری بەتەواوی لەناوبرا. تەنها ئیشکردنیان کۆکردنەوەی تانکە تێکشکاوەکان و گوللە تۆپە تەقێنراوەکان و سیمە دڕکاوییەکان و ئەوپارچە ئاسنە تێکشکاوانەی جەنگی جیهانی دووەم بوو کە هەموویان کۆ دەکردەوە و دەیان ناردن بۆ بازاڕەکانی ئەوروپا، ئەمە هەموو ناردەنی ئەو وڵاتە بوو. دەوڵەتی تازە دامەزراوە ڕێگەی دابوو بە بەریتانیا و ئەمریکا بۆ ئەوەی بنکەی سەربازی دەریای و ئاسمانی لە سەر خاکەکەیاندا دابمەزرێنن و تارادەیەکیش

کۆمەڵێك پارەی دەست دەکەوت لەو ڕێگەیەوە، لەگەڵ ئەوەدا ئەو وڵاتە نە فڕۆکەخانەی نەتەوەی نە هیچ تەلەفۆنێکی نەبوو بۆ ئەوەی پەیوەندی خۆی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا ببەستێت.

تاوەکو نیوەی دەیەکانی ١٩٥٠، بەزۆری ئابوری ئەو وڵاتە پشت یەستووبوو بەکارکردنیان و ئیشکردنیان لەناو ئەو بینا و دامەزراوانەی ئەمریکادا کە لە ناوچەکانی فڕۆکەخانەی (ویلوس) دا دروستی دەکرد. ئەم پرۆژە سەد ملیۆن دۆلاریە بۆ جێگیرکردنی دە هەزار سەربازی ئەمریکی بەرنامەڕێژی بۆ کرا بوو. بە وتەی یەکێك لە بەرپرسە پێشینەکانی لیبیا (ئەمە تەنها پیشەی دڵنیایی ئێمە بوو لەو سەردەمەدا)(٣) سەرچاوەی داهاتی سەرەکی کارمەندەکانی دەوڵەتی تازە، بەدەستهێنانی ڕاستەوخۆی بەرتیل وەرگرتن بوو لە خاوەنکارەکانی پرۆژەکە، تاوەکو گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە بە قسەی یەکێك لە دیبلۆماتکارەکانی ئەمریکا (لیبیا گەندەڵترین وڵات بوو لەجیهاندا. (٤)

تەنها ئومێدی حکومەتی پادشای لیبیا دۆزینەوەی نەوت بوو. یەکێك لە هەڵسەنگاندنەکانی زەوی ناسی بە تێچوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دەرکەوت کە لە بیابانە پان و بەرینەکاندا لە چینەکانی ژێرەوەیدا گومانی نەوت دەکرێت، بۆیە کاتێك کە کۆمپانیاکانی نەوت بڕیاریاندا بگەڕێن بە شوێن نەوتدا، دەوڵەتی لیبیا بیری لە بەخشینی سیستەمی ئیمتیاز کردەوە کە ئەمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێ وێنە بوو. لەبری ئەوەی ئەو نەوتە بدرێتە کۆنسەرسیۆمی نەوتی ئیمتیاز بۆ دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوتی هەموو وڵاتەکان، لیبیا ناوچە نەوتیەکانی خۆی دابەشکرد بەسەر هەشتا و پێنج ئیمتیازی جۆراو جۆردا. یاسای نەوتی ١٩٥٥ی ئەو وڵاتە ڕێگەیدەدا بە کۆمپانیا نەوتیەکان بە مزایدەی زیاتر لەو ئیمتیازە ببەخشێت بەڵام ژمارەی ئەو ئیمتیازەی کە هەر کۆمپانیایەك دەیتوانی بەدەستی بهێنێت مەنوردار دەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ژمارەیەك ڕێکخستنی زەنی، وەکو (بەرژەوەندی نەتەوەی) یش ڕێکخرا بوو کە لەکاتی هەڵسەنگاندنەکەدا بەکار دەهێنرا. مەبەستی سیستەمی تازە ئەوە بوو کە نەهێڵێت (کارتیل) (حەوت خوشکەکان) کە سێ ساڵ پێشتر نەوتی ئێرانی داخست بوو، نەوتی لیبیا قۆرغ بکات. (مستەفای بن حەلیم) بەرپرسێکی دەوڵەتی و سەرپەرشتیاری ئەو ڕەشنوسی یاسایە بوو، کە لە

ڕوونکردنەوەیەکدا دەڵێت (ئێمە ئەمان دەویست کۆنترۆڵەکە سەد لە سەد بدەین بەدەست کارتێلەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستمان بەو بازاڕە هەبوو کە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا بوو) (٥) ستراتیژی ئەو ئەوە بوو کە کۆمپانیا نەوتیە سەربەخۆکانی ئەمریکا و ئەورووپا هانبدات بۆ ئەوەی دەست بکەن بە کێبەرکێ لەگەڵ کارتێل دا.

یەکەمین ئیمتیازەکان لە ساڵی ١٩٥٥ بەخشرا. براوەکان چوار کۆمپانیایان لە حەوت خوشکەکان بوون واتە (ئیسو، بریتش پترولیۆم، کساکۆ، ستاندارد ئەویل کالیفۆرنیا) و حەوت کۆمپانیای دیکەی نەوتی سەربەخۆ. حەفارەکان سەرەتا نەگەیشتنە نەوت، و وادەردەکەوت کە لیبیا بەهۆی هەڵسەنگاندنەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە لە ڕوانگەی نەوتییشەوە وەکو سەرچاوەکانی دیکە هەژار بێت. بەڵام، لە ١٢ ئاوریلی ساڵی ١٩٥٩، ئیسۆ لەناوچەیەک لە ناوەڕاستی بیابان بەناوی (زلتین) نزیک سەد میلی دەریای میدیتەرانەدا ناوچەیەکی دەوڵەمەندی نەوتی دۆزیەوە. کاتێک کە ڕوون بوویەوە دەریایەکی فراوانی نەوتی باش لە ژێر ئەو بیابانەدایە، هێرش دەستی پێکرد.

تریپۆلی، تەنها چەند ئەوەیەک پێشتر، بازاڕی کۆیلەی عەرەبی بوو. ئێستا لەبەر نەوت وەکو بازاڕێکی بەهێز هەموو کۆمپانیاکانی والێکردوە ڕاکەن بەشوێنیدا و شوێن پێی خۆیان قایم بکەن لەناویدا. بەپێی یاسایی ساڵی ١٩٥٥ ی نەوت، براوە یەکەمینەکانی ئیمتیازەکان دەبوو نیوەی ناوچەی ئیمتیازە بەدەستهاتووەکەیان بدەنەوە بە لیبیا، و ئەو بەشانەی کە دراوەتەوە بە لیبیا دووبارە لەساڵی ١٩٦٥ خرانەوە مزایدەوە. نوێنەرەکانی کۆمپانیا نەوتیەکان هۆتێلەکان و چایخانە بچوکەکانی شاریان پڕ کرد بوو و دەگەڕان بەشوێن دەسەڵاتدارێکی وڵاتدا بۆ پێڕاگەیشتنیان بەو ئیمتیازە. و گروپێکی زۆری لە میللەتە جیاوازەکان- بازرگانە عەرەبەکان، سەرۆک خێڵەکانی بیابان نشینەکان، یاسا ناسە سویسریەکان، دەڵاڵە ئەمریکیەکان- بەکورتی مێشەکانی دەوری شیرینی، دەوری نەوتەکەیان گرتبوو و لەبری ئەو عەزیەتەی کە کێشاویانە خۆیان دەخستەڕوو. (بن حەلیم) دەڵێت: (بارودۆخەکە هەموو ڕۆژێک پیستر دەبوو) (٦) شەڕ بوو لەسەر خەڵاتێک کە بە ملیاردها دۆلار بەهای هەبوو. بەڕاستی ئەم خەڵاتە دڵی ئارەمند هامەری زۆر بە توندی ڕفاند بوو.

* * *

هامەر پلانی زۆر گەورەی لەسەردا بوو بۆ کۆمپانیای ئەکسیدنتال، گەورەتر لە پرۆژەی کودی کیمیاویەکە. دەیویست بەرەو بازاڕی جیهانی نەوتی خاو بڕوات: نیازی وابوو ئەو کۆمپانیایە بکاتە کۆمپانیایەکی سەرکەوتووی جیهانی، سەرکەوتوویەک کە، بەوتەی خۆی، (هەموو دنیا بیناسێت) (٧)، و لەم کارەشدا زۆر بەشێوەیەکی سەرسەختانە توانایەکانی خۆی دەخستەڕوو کە زۆرێک لەو کەسانەی کە لەژێر دەسەلاتیدابوون تاقەتی ئەو توانا پڕوکێنەرەیان نەبوو. هامەر لەناو بازنەی حەوت خوشکەکاندا بە بێگانە دادەنرا، و بۆ گەیشتن بە ئارەزووەکانی، دەبوو درزێک پەیدا بکات بۆ ئەوەی سەرکەوێت بەسەریاندا. لیبیا مەلی بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەرامانەی خستە بەردەم. هامەر دواتر باسی دەکات، (ئیدریس بە کردنەوەی سەرزەمینە نەوتیەکانی خۆی لەبەردەم پێشنیارەدەرەکاندا، جۆرێک لە هەراوهوریای بازرگانی دروست کرد). لە خوولی دووەمی ئیمتیازەکاندا بڕیار بوو لە ساڵی ١٩٦٥ ببەخشرێت، و (من لەو ساتەوەی کە چاوم بەو داوایە کەوت ڕاستەوخۆ ویستم بڕۆمە ناو ئەو یاریەوە) (٨). کێشەی بەدەستهێنانی ئیمتیازی نەوتی لە حکومەتە زۆردارەکاندا بۆنموونە لیبیا لەگەڵ ئەزموونی وەرگرتنی ئیمتیازەکان لە ڕوسیای لینینیستی زۆر جیاواز نەبوو. لە هەردوو شوێنەکە، دەسەلات لەناو دەستی چەند کەسێکدا بوو کە بە پەنجەی دەست دەژمێردران، سەرەڕایی ئەو بەزم و ڕەزمە ئاگرینە، ئامانجی کرداریان هەبوو. چۆن لینین هەوڵیدا لەناو کێبەرکێ سەرمایەدارییەکاندا هەموو مەبەستێکی بۆ بەدەستهێنانی مەرامە باڵاکان و گەشەکردنی دەوڵەتی سۆسیالیستی بێت، سوڵتانی لیبیاش بەو شێوەیە بیری دەکردەوە کە مەبەستی ئەوە بوو لە ڕێگەی بەخشینی ئەو ئیمتیازانەوە هەر جۆرێکی کرببێت گەشە بە ئابوری لیبیا بدات. ئەمەش بۆ هامەر یارێکی زۆر ئاشکرا و ئاسان بوو، لە جێنیوەری ساڵی ١٩٦١، بەشێکی لە کۆمپانیاکەی خۆی بەناوی (ئەکسیدنتال لیبی) لە تریپۆلی ناونوس کرد. دواتر بەرنامەی سەفەرەکەی خۆی بۆ یەکێتی سۆڤیەت بەجۆرێک ڕێکخست کە لە ڕێگادا دوو ڕۆژ لە تریپۆلی بمێنێتەوە.

هامەر لە ٩ فێبریوەری گەیشتە تریپۆلی. سەرەتا بەهۆی ئەو شوێنە ناخۆش و سەختەوە کە بۆیان گرتبوو زۆر بێتاقەت و بێزار بوو، دەبوو بەناو تەویلەخانەیەکدا بڕوات تاوەکو بگاتە میوانخانەکەی، دواتر (عبدللە عابدی) بینی، کە عەرەبێکی سەد و

سی و شەش کیلۆ و کابرایەکی زل ئاڵۆز بوو لەناو خێڵەکەیدا، کە خەنجەرێکی کرد بوو بە کەمەریدا و تەسبیحێکی ڕازاوەی پێچا بوو پێوەی، بۆنی ئەوەی کرد کە لەوانەیە ئەو کابرایە دەستێکی باڵای هەبێت لە کاروکاسبی ئەو ناوچەیەدا. عابد، کە لە تریپۆلی بەناوی شازادەی ڕەش ناوبانگی هەبوو، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە خزمایەتیکی دووری هەیە لەگەڵ (مەلیک ئیدریس)دا و لە ئاستێکدایە دەتوانێت ئیمتیازی نەوت بۆ هامەر بەدەست بهێنێت. بەڵام عابد هامەری تێگەیاند کە دەبێت هەر شێوەیەکی کردبێت بەرتیل بدات، و شێوە و شیوازی بەرتیلیدانیشی پێوت لە لیبیادا. بەرتیل وەکو ڕەوشێکی (زۆرباشی بەدەستهێنانی مافی ئیمتیان) حسابی بۆ دەکرا، و لە ئاستێکدا بوو کە بەشێوەیەکی گشتی ٣٪ بەهای ئەو نەوتە بوو کە بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئیمتیاز دەدرا. بۆنموونە، ئەگەر ئیمتیازی ملیۆنێک بەرمیلە نەوت بەدەست بهێنێت، دەبێت بەلایەنی کەمەوە ٣٪ مافی ئەو ئیمتیازە کە دەکاتە بەهای سی هەزار بەرمیلە نەوت وەکو بەرتیل بدەیت. ئەمە بەشێوەیەکی ئاسایی بەحسابی دۆلار لە یەکێک لە بانکەکانی سویسرا دادەنرا. هەرچەندە کۆمپانیای ئەوتی وابەستە بە کارتیل (حەوت خوشکەکان) لەترسی ئەوەی مەبادا پێشینەیەک دروست بکەن بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی وڵاتانی دیکەش و ببێتە مۆدێلێک، بۆیە بۆ پێدانی ئەو بەرتیلە خۆیان بەدوور گرت، عابد باوەڕی وابوو کۆمپانیا بچوکەکان لە مزایدەی ساڵی ١٩٦٥ ناتوانن بگەنە هیچ ڕێککەوتنێک مەگەر ئەوانەیان کە بتوانێت پێشینەیەک وەکو سەرەتای بەدەستهێنانەکە بداتە سوڵتان. بۆیە وتی بە هامەر ئامادەیە ببێتە گەیەنەرێک بۆ ئەو بەرتیلە و خزمەتکاری بکات.

هامەر ئامادە بوو بۆ دروستکردنی ئەو پەیوەندیە بەڵام هیچ بەڵێنێکی نەسپارد. شازادە ڕەشیش بە خەنجەر و جلە پڕ لە زرق و برقەکانی هیچ خۆشەویستیکی بۆ ئەو دەرنەبڕی. هامەر پەی برد بەوەی کە بەدەستهێنانی ئیمتیاز لە لیبیادا کارێکی پڕوکێنەر و درێژە، و دەیزانی کە کاتی پێویستیشی هەیە- و نزیکەی چوار ساڵی ماوە و دەتوانێت ڕێگەیەک پەیدا بکات بۆ گەیشتن بەو مەبەستەی.

کەمێک دواتر لە هەمان مانگی فێبریوەری، لە ڕاپۆرتێکدا کە هامەر دایبووی بە (هاجین) وەزیری بازرگانی هۆشیداریدا لەسەر ئەوەی کە دەڵاڵی زۆر ترسناک لە لیبیادا خەریکی پەیداکردنی دەسەڵاتن، بەڵام باسی ئەوەی نەکرد کە خۆیشی لە

پەیوەندیدایە لەگەڵ ئەو دەڵاڵانەدا. (٩) لە ڕاستیدا هامەر چاوی لە دەوڵەمەندترین ناوچەی ئیمتیازی بەهێزی نەوتی لیبیا بوو، واتە بەشی ٤٢ ب و ٤٤. ئەم دوو بەشە درێژکراوەی ئەو دوو ناوچەیە بوو کە درابوو بە کۆمپانیای نەوتی حەوت خوشکەکان، و هەردووکیان ئەگەری ئەوەیان هەبوو ڕێژەیەکی گەورەی نەوتیان تێدا بێت و لەوانەشە کۆمپانیاکانی دیکە زۆر بەتوندی بکەونە کێبەرکێ کردن لەسەر ئەو ناوچەیە. هامەر بەشوێن واسیتەیەکدا دەگەڕا کە بکەوێتە پێش هەموویانەوە. لە ساڵی ١٩٦٢ سێ واسیتەی جیاوازی لە ترپیۆلیدا هەبوو، کە هەریەکەیان بانگەشەی ئەوەی دەکرد پەیوەندی باشی هەیە لەگەڵ سوڵتاندا. ناوی نهێنی ئەوانە (وارن، سام، و خێزانی وایت) بوون. هەرسێکیان بەڵێنی ئەوەیان دەدا کە دەتوانن بە ئاسانی دەستیان بگاتە تەنها پیاوی خاوەن دەسەڵاتی لیبیا واتە (عومەر شلحی).

شلحی، پیاوێکی چوارشانە و کورتە باڵا بوو، چاوەکانی زۆر زیرەك بوون، هەرچەندە تەمەنی سی و دوو ساڵ زیاتر نەبوو بەڵام بوو بوو بە ئەفسانەیەك لە بازاڕی نەوت دا. منداڵی خۆیی لەناو خانەدانە شایانەکانی میسردا بەسەر بردبوو، دوای تیرۆرکردنی باوکی، مەلیك ئیدریس، کە خۆی منداڵی نەبوو، ئەوی بە مانا، هەرچەندە نەك بەشێوەیەکی ڕەسمی، کردبوو بە کوڕی خۆی. زۆرێك لەخەڵك ئەویان بە جێگری شایانەی لیبیا دەزانی. بەهەرحاڵ، دیاربوو ئەو پیرە پیاوە گوێ بۆ قسەی ئەو دەگرێت، و شلحی لەرێگەی براکان و خێزانەکەیەوە خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆر بەهێزی سوپا و هێزی پۆلیس بوو. بەوە ناسرابوو کە ئەو لە کۆمیسیۆنی ئیمتیازی نەوتیش، ئەگەر نەڵێن دەسەڵاتی ڕها، بەلایەنی کەمەوە دەسەڵاتێکی زۆر فراوانی هەبوو.

ساڵی ١٩٦٤ گەیشتبوو، هێشتا وارن و سام و خێزانی وایت هیچکامیان نەیانتوانی بوو ئەو هاوکاریەی کە هامەر دەیەوێت لە شلحی بەدەستی بهێنێت. لەم حاڵەتەدا، هێربێرت ئالن، شەریکی دامەزراوەی بانکی سەرمایەگوزاری (ئالن و شرکا) هاتە ناو مەسەلەکەوە. ئەو هامەری ناساند بە سێ کەس کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد پەیوەندیکی زۆر باشیان هەیە لەگەڵ شلحیدا و دەتوانن ئیمتیازەکە بەدەست بهێنن. ئەم سێ کەسە سەیر و سەمەرە بریتی بوون لە: فەرەنسیێك، سربستانێك و لیبیێك. کابرای فەرەنسی خۆی بە (ژەنراڵ دی روون) ناساند بوو. (دواتر دەرکەوت کابرایەکی ساختەچی بەو ناوە نەسڵیەکەی بریتیە لە فرانسوا پگولو). کابرای خەڵکی سربستان

ناوی (فردیناند گالیك) بوو، لە کاتی بۆنە گەورەکاندا بەشداری دەکرد و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە پەیوەندی لەگەڵ بنەماڵەی شایانەی لیبیا هەیە. کابرای لیبایی ناوی (تاهر عوقبی) بوو کە ماوەیەکی کورت وەزیری کاری حکومەتەکەی مەلیك ئیدریس بوو و دەیوت ڕاستەوخۆ پەیوەندیم هەیە لەگەڵ شلحیدا. هامەر ئەو کاتە هیچ هۆکارێکی بۆ هەڵسەنگاندنی ئەخلاق و هەڵسوکەوتی ئەو کەسانە نەبوو. بە هەرحاڵ لە ١٧ سێپتەمبەری ساڵی ١٩٦٤، لەگەڵ ئەوانەدا لە هۆتێلی کلاریج لە لەندەن نانی نیوەڕۆی خوارد، و تاهر بانگەشەی ئەوەی کرد کەبەڕاستی دەسەڵاتیان هەیە. ڕۆژی دواتر ڕێککەوتننامەیەکی لەگەڵ عوقبی ئیمزا کرد کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنامەیە ئەگەر عوقبی و هاوکارەکانی بتوانن ئەو دوو ئیمتیازەی کە باسکرا وەربگرن بۆ کۆمپانیای ئەکسیدنتال، ئەکسیدنتال ٣٪ داهاتی ناپاکی ئەو بەرهەمەیان پێ دەبەخشێت وەکو پارە. یان ئەگەر عوقبی حەز بکات، ڕێژەیەکی پارە بە یەکجار بە بڕیی یەك ملیۆن دۆلار دەدرێت پێیان. (١٠) و لەو دانیشتن و ڕێککەوتنەدا هامەر ڕازی بوو لەسەر ئەوەی کە لەکاتی بەدەستهێنانی قازانجی ئەکسیدنتا لە فرۆشتنی نەوتەکەدا شتێکیش بدات بە (ئالن و شرکا). (١١) ئەم مامەلەیە، هەڵبەتە پەیوەستە بەوەی کە عوقبی بتوانێت ڕێکخستنێکی پێویست بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئیمتیازە لەلای شلحی بەدەست بهێنێت.

لەکاتێکدا کە کارمەندەکانی هامەر، لە هەوڵداندا بوون لە پشتی پەردەوە ڕێگەیەك بدۆزنەوە بۆ گەیشتنیان بە شلحی، هامەر کەوتە سەر ئەو بیرکردنەوەی کە سەردانێکی مەلیك ئیدریس بکات. چۆن دیدارەکەی لەنێن بۆ هامەر بووبوویە ڕێگەخۆشکەر بۆ ڕازیبوونی کۆمۆنیستەکان، بەهەمان شێوەش سەردانی مەلیك ئیدریس کاریگەرێکی زۆرباشی دەبێت لەسەر بەرپرسەکانی لیبیا. لە دیبلۆماتە ئەمریکییەکانەوە لە تریپۆلی بیستبووی کە ئیدریس بەشێوەیەکی شەخسی زۆر حەزی لە چاکسازی کشتوکاڵی یە، و لە کۆتای ساڵی ١٩٦٣ لێپرسراوانی لیبیای ئاگادار کردەوە کە ئەکسیدنتال ئامادەیە کارگەیەکی کودی کیماوی مۆدێرن لە لیبیادا دروست بکات. بەڕاستی دیدی ئەوانەش بۆ ئەم مەسەلەیە زۆر خۆشحاڵانە بوو، هامەر داوای بینینی مەلیك ئیدریسی کرد بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕەسمی داوایەکەی پێشکەش بکات. بەرپرسە لیبییەکان و دیبلۆماتە ئەمریکییەکان هەوڵیاندا هامەر

تێبگەیەنن کە پادشا هەرگیز خۆی تێکەڵی ئەو مەسەلانە ناکات، و بەڵام زۆر سەرسەختانە سوور بوو لەسەر ئەوە مەسەلەیە و لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٣ توانی بکاتە لوتکەکە. بەڵام، لەم کاتەدا، قورسایی بنەماڵەی پادشایی زۆر دابەزیبوو. یەك ملیۆن عەرەب، زیاتریش لەدەیەکانی ١٩٦٠ بوویبوونە دژە پۆژئاوایی، بۆیە بەشێوەیەك دەزگای شایانەیان لاواز کرد بوو کە زۆربەی کاتەکانی خۆی لە شوێنێك لە نزیك بنکەیەکی دەریایی ئینگلیزەکان لە (تبروك) بەسەر دەبرد تاوەکو هێزەکانی دەریایی بەریتانیا بتوانن ئەو و خێزانەکەی لە کاتی پێویستیدا ڕزگار بکەن. مەلیك ئیدریس هەڵبەتە بەشێوەیەکی ڕەسمی فەرمانڕەوای وڵات بوو، بەڵام دەسەڵاتێکی زۆری نەبوو، تەنانەت بەسەر حکومەتەکەی خۆشیدا. هامەر هێشتا بەردەوام بەشوێن پەیوەندێکدا دەگەڕا لەگەڵ شلحیدا.

دواهەمین ماوە بۆ تەسلیمکردنی پێشنیار بۆ وەرگرتنی ئیمتیازە نەوتیەکان لە ١٧ جێنیوەری ساڵی ١٩٦٥ بوو. لە بەهاری ئەو ساڵە، هامەر توشی دڵەڕاوکێ بوو کە واسیتە تازەکانیشی ناتوانێت سودێکی زۆریان هەبێت. لەگەڵ هەموو ئەو بەڵێن و بەزم و ڕەزمەیاندا، هێشتا نەیتوانیبوو لەگەڵ شلیحیدا هیچ جۆرە ڕێککەوتن و قسەوباسێك ئەنجامبدات. لە ڕاستیدا، دوای چوار ساڵ چالاکی لە لیبیادا، هێشتا چاوپشی بە شلحی نەکەوتبوو. لە ئاوریلی ئەو ساڵەدا، لەو پەڕی بێ ئومێدیدا، داوای لە عوقبی کرد کارێکی بۆ بکات بۆئەوەی ئەو و شلحی هەردووکیان لە دەرەوەی لیبیا یەکتر ببینن. کاتێك کە عوقبی دەستیکرد بە ئەنجامدانی ئەو کارە، هامەر تازە تێگەیشت کە گوڵی تێکراوە. (١٢) دواتر وتی (مەسەلەکە هەمووی جۆرێك بوو لە بانگەشەکردن و ساختەکارێکی گەورە) (١٣)

لە مانگی مەی ساڵی ١٩٦٥، لە (مێن کامونن) سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی کاروباری دارایی ئەکسیدنتال، پێشنیاری کرد بۆ هامەر ڕێگە لە زیانەکای خۆی بگرێت لە لیبیا و لە نەوتی ناوخۆ بەشوێن هەلەکاندا بگەڕێت بۆ ئەکسیدنتال. چونکە کۆمپانیاکەی ئەو هیچ ئەزموونێکی لە دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت نیە لە بیاباندا، و بە دارایە پوختە کەمەکەی خۆی ئەگەری هەڵبژاردنی ئەو لە مزایدەکەی مانگی جێنیوەری زۆر کەمە. (کامونن دەڵێت، (هەرکەسێکی دیکە بوایە وازی دەهێنا)، بەڵام هامەر بەهیچ شێوەیەك دەستبەرداری ئەو مەسەلەیە نەبوو: (ئاوەدانی ئاوەدانی، یان

ویرانی ویرانی). هامەر زۆر جەربەزانە ئیرادەی ئەوە بوو کە دەتوانێت سەرکەوتوو بێت لە لیبیادا. (١٤) بەرپۆوەبەران و سەرۆکەکان و ڕاوێژکارانی لیبیای کۆکردەوە و داوایی لێکردن شێوەی کارکردنی کۆمپانیا بچوکەکانی دیکە، هەموو کارمەکانیان، هەڵبسەنگێنن و بزانن ئەوانە چۆن لە بارەی یەکەم مزایەدەی خۆیانەوە سەرکەوتووبوون. هامەر زیاتر سەرنجی کەوتە سەر (وێندل فیلیپس)، زەوی ناسی ئەمریکی کە بە یەکێك لە پڕ کریارەکانی ئیمتیازە براوەکان ناسرا بوو.

فیلیپس، ئەو کاتە سی و پێنج ساڵ تەمەنی بوو، کەسێکی زۆر لێهاتوو بوو، بالآیەکی بەرز، قژێکی بۆر، و شێوە و جوڵەیەکی سەیری هەبوو، و لە ساڵی ١٩٥١، سەرۆکی دەستی نێردراو بوو بۆ دەرهێنانی پایتەختی (مەلەکەی سبلء) لە ژێر خاکدا، لە عەرەبەستانی سعودیە. حەزی دەکرد لە بیاباندا بگەڕێت و سواری حوشتر بێت و لە ناو خەیوەتکای بیابان نشینەکان ژیان بەسەر بەرێت. ساڵی دواتریش ڕۆیشتبوو بۆ عەمان لەوێ چوو بو بۆلای شێخی عومان، شێخیش ئیمتیازی نەوتی گرانبەهای پێ بەخشی بوو. (١٥) کاتێك فیلیپس لە ساڵی ١٩٥٥ ڕۆیشت بۆ لیبیا، زۆر ئاگاداری پیشەسازی نەوت نەبوو، و کۆمپانیایەکی بۆ بەشداریکردنی گەڕان دامەزراند، ئەویش کۆمپانیای (نەوتی ئەمریکی ڕۆژهەلآت) بوو لە ڕاستیدا کۆمپانیایەکی لەو شێوەیەش نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا توانیبووی سەرکەوێت بەسەر کۆمپانیای کارتێل حەوت خوشکەکەدا. هامەر دەیویست بزانێت ئەم کابرایە چ سیحرێکی بەکارهێناوە. (١٦)

هامەر کەوتە گەڕان بەشوێن فیلیپسدا، پاشان زانی لە عەمانە، لە پایتەختی ئەردەن، کاتێك دەستی گەیشت بەو کەمتر لە شەش هەفتە ماوە مابوو بۆ تەسلیمکردنی پێشنیارەکان بۆ لیبیا. پەیامێکی بە تەلەگرافێکدا نارد بۆی و تێچوونی سەفەرەکەی و بلیتی فڕۆکەکەی لە ئەستۆ گرت و پێشنیاری کرد لە ڕۆژی ١٣ جێنیوەری لە هۆتێلی ریتس لە پاریس چاویان بەیەك بکەوێت (لەبارەی بابەتێکی گرنگ کە سودی بۆ هەردوولا هەیە گفتوگۆ بکەن) (١٧) فیلیپس ناوی ئارمەند هامەر-یان ئەکسیدنتال پترولیۆمی تاوەکو ئەوکاتە نەبیستبوو. بەلآم دوای ئەوەی کە لێکۆڵینەوەی لە تواناکانی هامەر کرد، سەیری کرد سەفەرەکەی ئەوروپا زۆر بەنرخ تەواو دەبێت بۆی.

هامەر و فیلیپس لە ۲۲ جێنیوەری لە هۆتێلی کاوالیری هێلتۆنی ڕۆم چاویان بەیەك کەوت. هامەر بەبێ شاردنەوە و بەزم و ڕەزم نەسڵی مەسەلەکەی بۆ باسکرد: وتی دەیەوێت لە مزایەدەیەکی دوو لە پڕ مشتەریەکانی ئیمتیازەکانی لیبیادا بەشداری بکات، و پرساری کرد لە فیلیپس ئایا دەتوانێت دەستم بخەیتە ناو دەستی شلحیەوە.

فیلیپس وتی لەوانەیە بتوانێت کارێکی لەو شێوەیە بکات، بەڵام ئەگەر کردی، پارچەیەك لەو پارەوە چەورەی بۆ خۆی و دوو کەس لە هاوڕێکانی کە دەستیان دەگات بە شلحی دەیەوێت. هامەریش ڕازی بوو و وتی هیچکەس بەبێ دەستکەوت ئەم کارە ناکات. پاشان فیلیپس ئەوی ناساند بەیەکێك لەو دوو هاوڕێیەی کە هەیبوو ئەویش (هانس– ئەلبێرت کونس) بوو.

کونس کابرایەکی بەهێزی تەمەن چل ساڵ بوو، سەرێکی گەورە و چەناگەیەکی درێژی هەبوو. کاتێك عەینەکی دەکردە چاوی زۆر سەیر دەکەوتە بەرچاو و بەشێوەیەکی ترسناکانە سەیری مرۆڤی دەکرد. بەزمانێکی ئینگلیزی خەست لە ناو قوڕگیەوە قسەی دەکرد. هاوڵاتێکی سویسری بوو، و لە گەنجیدا ڕۆیشتبوو بۆ میسر و لەوێ کاری کردبوو. بەهۆی زمانی لوسی و قسەزانیەکەیەوە توانی ببوی زۆربەی دڵی شێخەکانی عەرەب بەدەست بهێنێت. لەرێگەی پەیوەندیەکانی خۆی بە شێخەکان، بوو بوویە قاچاخچێکی کۆمپانیا ڕۆژئاوایەکان بۆ بەدەستهێنانی نەوت و لولەکان، لەگەڵ ئەوەدا خۆراك و پێویستیەکانی بۆ ئەو کۆمپانیا و ئیشکەرانە ئامادە دەکرد و دەگەیاندە دەستیان، و سەرەڕایی ئەوەش لەرێگەی پەیوەندیەکانیەوە توانیبووی ڤیزا و سەفەرەکان و هۆتێلەکان و کارەکانی ڕێکخستن ئەنجامبدات بۆ ئەو ڕۆژئاوایانەی کە دەمانەوە بەهەر حاڵ وەکو ڕێکخەرێکی تەواوی لێهاتبوو لە هەموو بوارەکانـدا. کاتێك کارەکەی سودی زۆری پێگەیاند، کۆمپانیایەکی بەناوی بەڕیوەبەرایەتی (ئیمگ) لە جنێف دامەزراند کە هاوکاری کۆمپانیاکانی دیکەی دەکرد بۆ ڕێکخستنی کارەکانیان. هاوڕێیەکی هەبوو بەناوی (کەمال زینل زادە) کە پەیوەندێکی تەواوی هەبوو بە شلحیەوە لەسەر ئەو مەسەلانە.

زینل زادە، ئەو کاتە تەمەنی سی وسێ ساڵ بوو، لە یەکێتی سۆڤیەت لەدایك بوو بوو. باوکی ئازەربایجانی و دایکی چیچانی بوو. بە جەوازی ئێرانی ڕۆیشتبوو بۆ

بەریتانیا و لە (قوتابخانەی ئابوری لەندەن) خوێندبووی. کاتی مانەوەی لە لەندەن، وەکو وەرگێڕێك بۆ بی بی سی ئیشی کرد بوو و لەگەڵ ئەوەشدا هاوڕێی (بوصیری شلحی) برای سەرکردە (عومەر شلحی) بوو. لە ڕێگەی پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ خێزانی شلحی، معامەلاتی بۆ نوێنەرایەتی کۆمپانیایەکی پۆڵای ئەڵمانی لە لیبیادا ئەنجامدا بوو. پاشان ڕۆیشتبوو بۆ (دوسلدۆرف) و سەرەڕایی کارە بازرگانیەکانی، چەند ڕیستۆرانتێکی ڕوسی کرد بوویەوە. زینل زادە زۆر دەترسا لە سەفەرکردن بە فڕۆکە، بۆیە زۆربەی کارەکانی لیبیای دابوو بە (کونیس) و ئەو ئەنجامی دەدان.

کونس پێشنیاری کرد بۆ هامەر بۆ ئەوەی پێکەوە بڕۆن بۆ (دوسلدۆرف) و بۆ ئەوەی زینل زادە ببینن. ئەو مرۆڤانەی کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد زۆر نزیکن لە شلحی بەوە تاوەکو ئێستا پێنج بۆ شەش جار هامەریان گەزی بوو، لەگەڵ هەموو ئەوەشدا ئەو ڕۆژی دواتر لەگەڵ (کونس) سواری فڕۆکە بوون و ڕۆیشتن بۆ (دوسلدرۆف) بۆ بینینی زینل زادە.

هامەر و کونس و زینل زادە لە (دوسلدۆرف) لە ڕیستۆرانە ڕوسیەکەی زینل زادەدا نانی ئێوارەیان خوارد. ژمێارە گەڕیدەکان و کلاسیکەکان لەپاڵیاندا ڤیولۆنیان دەژەنی و خاوپارێکی زۆر لەسەر مێزەکەدا دانرا بوو. هامەر پەی بەوە برد کە ئەو و زینل زادە هاوشێوەیەکی زۆریان هەیە. هەردووکیان لە مۆسکۆ ژیا بوون، و دەیانتوانی لەبارەی باروودۆخی ئەو ناوچەیەوە بە ڕووسی قسە بکەن. هەردووکیشیان خزمیان بەجێهێشتبوو، هامەر کوڕی براکەی، زینل زادەش، خوشکێکی، هەردووکیان قسەی ئەوەیان دەکرد کە پەیوەندێکی زۆر گرنگیان هەیە لە ڕوسیادا. هامەر هاوڕێی میکۆیان بوو، زینل زادەش لەگەڵ حەیدەر علی ئێف، کە سەرۆکی (کە، جی بی) ئازەربایجان بوو، و دواتر بوو بە قائم قامی سەرۆك وەزیرانی یەکێتی سۆڤیەت، هەردووکیشیان حەزیان لە مۆزیك و خواردنی ڕوسی دەکرد. پاشان ڕێککەوتنی ئیشەکە دەستی پێکرد.

زینل زادە هەمان شەو تەلەفۆنی کرد بۆ شلحی. پێی وت کابرایەك بەناوی هامەر، کە تازە ناسیویەتی، دەیەوێت لە مزایدەی بەشەکانی (١٠٢ب و ٤٤) دا بەشداری بکات. شلحی بەو پەڕی بارەڕبوون بەخۆ و بێ پەروا قاقایەکی لێدا و وتی ئەوە کێ یە دەیەوێت بۆ ئەو دوو بەشە گرنگە لەگەڵ کۆمپانیاکانی (حەوت خوشکەکە) کێبەرکێ

بکات. ناوی هامەر تاوەکو ئێستا بەرگوێی نەکەوتبوو. شلحی وتی بە زینل زادە بە فیڕۆ پارەی تەلەفۆنەکە ئەدات چونکە کۆمپانیاکەی هامەر بەشێك نیە لە بەشداربووەکانی مزایدەکەش. زینل وەڵامی دایەوە و وتی هامەر خۆیشی ئەزانێت بەبێ هاوکاری بچوکترین چانسی نیە بۆ بردنەوە. بەڵام ئەگەر سەرکەوتووبوو ئامادەیە هەمان ڕۆژ بەخشینی ئیمتیازی دوو ملیۆن و هەشت سەد هەزار دۆلار پارەی نەقد بداتە شەریکە بەشداربووەکانی و سەرەڕایی ئەوەش سەدەر سەد بەهای ئەوتی بەدەستهاتووش ئەخاتە بەردەست ئەوانە. ئەگەر ئەوتی ئەو دوو بەشە ئەوەندەی ئەوتی ئەورویەرەکەی هەبێت، داهاتێکی بەدەستهاتووی سەیر بەدەست دێت. زینل زادە پاشان هەندێك باسی هامەری کرد، و وتی (کابرایەکی جدی) دیارە. (١٨)

شلحی تێگەیش کە مەسەلەکە متمانەپێکراوە چونکە زینل زادە لەناو کارەکەدایە. زینل زادە هاوڕێی نزیکی براکەی بوو. ئەوکاتەش بە ڕێکەوت شلحی ئەڕۆیشت بۆ ئەڵمانیا بۆ ئەوەی سەردانی پزیشك بکات، بۆیە ڕازیی بوو هەفتەی دواتر لەوێ هامەر ببینێت.

هەفتەیەك دواتر، لەسەر کاتژمێر نۆی بەیانی هامەر خۆی کرد بە ژووری پێشوازی شلحیدا لە هۆتێلی (کونیگزبێرگ بۆن). هامەر زۆر لەوە پیرتر بوو کە شلحی چاوەڕوانی ئەکرد. پێستی ڕەنگی تێدا نەمابوو، و پڕ بوو لە چرچ و لۆچ، عەینەکێکی پان زۆربەی ئەمووچاوی داپۆشی بوو. جلەکانی چرچ و لۆچ و چڵکن بوون، وەکو بڵێی بەدرێژای ئەو ماوەیە سەفەری پێوەکردوون. بەڵام زۆر بەباوەڕبوونەوە ڕۆیشتە پێشەوە و بە توندی دەستی شلحی گوشی.

شلحی زۆر سەری سوڕما. وتی بەهامەر کێبەرکێ ئەکەیت لەسەر ئەو ئیمتیازانە، جەنگێکی بێ سنورە و باوەڕناکەم چەك و پێویستیت پێ بێت بۆ ئەو شەڕە. پاشان وتی (تۆ وادیارە گونجاو نیت بۆ ئەو هەلومەرجە. متمانەت سفرە)

بەڵام زۆر سەیر بوو هامەر بەهیچ شێوەیەك زەرەیەك بێتاقەت نەبوو. تێڕاما لە شلحی و وتی بۆ بردنەوەی ئەو جەنگە هەرچی پێویست بێت ئەیکەم. ڕوونی کردەوە و وتی ڕاستەوخۆ و بەخێرایی و لێبڕاوانە ئەتوانم کار بکەم چونکە پێویست ناکات ئیجازە لە هیچکەس وەربگرم بۆ بەشداریکردنی ئەو کارە. وتی (ئێمە نە کۆمیتە و نە کۆمیسیۆنمان هەیە، نە حسابکردن و بەزم و ڕەزم. متمانە و معاملەکە هەر ئەمەیە کە

لەبەرامبەر تۆدا دانیشتوە). پاشان باسی ئەوەی کرد کە ئەو دەتوانێت کەمەری ئەو (حەوت خوشکە) بشکێنێت، ئەگەر ئەو دەستی بگاتە نەوتی لیبیا، و ئەگەر ئەو هاوکاری شلحی بکات، هامەر ئەو دەکاتە (دەوڵەمەندترین پیاوی ئەوروپا). شلحی ڕاستەوخۆ کەوتە ژێر کاریگەرییەوە: تەنانەت ئەگەر ئەم کابرایە خەیاڵ پڵاو بێت، دیارە کە ئەهلی کردارە و دەرەنجامەکان قبوڵ دەکات. هامەر لەگەڵ هەموو ئەو مشتەریانەی کە ڕووبەڕووی شلحی بوو بوونەوە جیاواز بوو. شلحی باروودۆخ و ئەحواڵی زاڵبوون لەسەر خولی دووەمی ئەو مزایدەی کە چەند ڕۆژێکی مابوو ڕوونی کردەوە بۆ هامەر، و شلحی کاتێك کە قسەی دەکرد تێگەیشت کە هامەر بیسەرێکی زۆر باشە. زۆر بەوردی گوێی لە بابەتەکان دەگرێت. گرنگتر لە هەمووی، وەکو ئەوەی کە لە پرسیارەکانیدا دیارە، تێبینی دەکاتە سەرە کێشە جیاوازەکانی شلحی، و لەگەڵ ئەو داواکاریانەی کە هەیەتی. کێشەی شلحی ڕێکخستنی بەخشینی ئیمتیازەکان نە بوو بۆ هامەر، بەڵکو ڕێکخستنی کارەکە بوو بەشێوەیەك کە ڕۆڵی ئەو نەکەوێتە دەرەوەی یارییەکە. بۆ ئەوەیی ڕیسوای دروست نەبێت بۆی، هامەر دەبێت معاملەکە چەور بکات. بۆیە پێویست بوو ئەسڵی معاملەکە زۆر بکات تاوەکو بتوانێت بەشێوەیەکی ناڕاستەکراو ڕووبەڕووی خەڵکانی دیکە ببێتەوە چۆن ئەکسیدنتال، کۆمپانیایەك کە تاڕادەیەك بەبێ هیچ جۆرە ئەزموونێکی نەوتی جیهانی، دەتوانێت زاڵبێت بەسەر کۆمپانیاکانی دیکەدا. هامر بیری لەو مەسەلەیەش کردبوویەوە: ئەکسیدنتال پێشنیار دەکات لە ناوچەی بێ ئاو و بێ گیا و وشکی شوێنی لەدایکبوونی باوکی مەلیك ئیدریس، بۆ بەدەستهێنانی ئاوی خواردن بیری زۆر قوڵ لێبدات. شلحی ئەم بیرۆکەیەی قبوڵ کرد و هیچ کۆمپانیایەکی دیکە نەیتوانیوە پێشنیارێکی لەو شێوەیە بکات، و کۆمیسیۆنی پەیوەست دەتوانێت بەم شێوەیە بەخشینی ئیمتیازاتەکە بداتە ئەکسیدنتاڵ و بڵێت بەرژەوەندی نەتەوەی لیبیا لەبەرچاو دەگیرێت.

شلحی ئەوەی ڕوونکردەوە کە دەبێت چ شتێك لە پێشنیارەکەدا بکرێت و بگونجێنرێت، هامەر بەشێوەیەکی خێراتر لە دەفتەرەکەیدا دەینوسیەوە و بە عیشق و حەزەوە یەك بە یەك هەموو داواکاریەکانی شلحی قبوڵ کرد. و بەڵێنیدا بەبێ دواکەوتن دەستبەکار بێت. بۆ نمونە، بۆ ئەوەی پیشانی بدات چۆن لە سەرچاوە

ناویەکانی ژێر زەوی (الکفره) ڕووبارێک ناو بەرێ بخات و بیابانە وشکەکە بکاتە ناوچەیەکی ئاوی، وتی بە شلحی دەمەوێت هەر ئەم شەو فڕۆکەیەکی جیتی بگرم بەکرێ و ئەندازیارانی هایدرۆلیک و شارەزایانی کشتوکاڵی ئەمریکی بە فڕۆکە ببەم بۆ ئەوێ. پاشان بەدەنگێکی نەرم وتی، (بێتاقەت مەبە، عومەر، ئەوانە پێش ئەوەی تۆ بگەڕێیتەوە بۆ تریپۆلی لەوێ دەبن.)

شلحی تاوەکو ئێستا هیچ معاملەچییەکی بەو هەموو توانایی و ئیرادەوە نەبینی بوو. بەرنامەی هەڵکەندنی چاڵە ئاوێک هیچ تێچوونێکی لەو شێوەیەی نەبوو بۆ ئەکسیدنتاڵ، و بەڵام دەستکەوت و هەلێکی باشە بۆ ئەوەی ئەو ببێتە هاوڕێی نهێنی هامەر.

دوای ئەو گفتوگۆیە، ڕۆیشتن بۆ ڕیستۆرانێکی چۆڵ لە (بۆن) لە سەر ڕووباری ڕاین. هامەر بۆ هەمووشتێک وەڵامێکی ئامادەی پێ بوو. بەردەوامیش زمان لووسی دەکرد، و دەیوت بە شلحی، (تۆ وەکو کوڕەکەی خۆمی) پێش تەواوبوونی نانی ئێوەڕۆ، شلحی دووپاتی کردەوە بۆ هامەر دەبێت معامەلەی نێوانیان زۆر بەشێوەیەکی نهێنی بێت و لەسەرووی هەمووشتێکەوە بێت. و ئەو مەسەلەیە نابێت بەهیچ کەس بوترێت جگە لە (کونس و زینل). ئەگەر هامەر ویستی پەیامێک بنێرێت بۆ تریپۆلی، دەبێت ناوێکی نهێنی بەکار بهێنێت، و بەناوی (دکتۆر داردن) (ناوی پزیشکی چاوی شلحی بوو لە ئەڵمانیا) هەردووکیان پەسەندیان کرد. (١٩)

هامەر بۆ بەیانییەکەی ڕۆیشت بۆ بینینی (کونس و زینل زادە)، بەشەکانی شێوەی پێدانی لەسەدا سەدی ماقی ئیمتازەکەیان خستە سەر کاغەز. ئەوانە دەبوو پارەیەکیش بدەنە (ویندل فیلیپس) بۆ ئەوەی کە ئەوی پێناساندبوون، و پشکێک بە بڕی ٠/٣٣٥٪ تەرخان کرا بۆ فیلیپس، و دەرمنەنجام بۆ ئەوەی شلحی نەخەنە ناو مەسەلەکەوە بەشێوەیەکی ئاشکرا، بڕیاردرا ئەکسیدنتاڵ ڕاستەوخۆ پشکەکەی ئەو بدات. پاشماوەی ماقی ئیمتیازەکە کە دەکاتە ٢/٦٦٥٪ ئەکسیدنتاڵ سێ مانگ بە حسابێکی هاوبەش بەناوی زینل زادە و کونس لە بانکی (یونیون سویسرا) لە (زوریخ) دادەنرێت. ئەوانەش ئەو پشکەی کە پەیوەست بوو بە شلحی، کە نیوەی ئەو ڕێژەیە بوو، دەخرێتەوە سەر حسابەکەی شلحی. هەرچەندە شلحی لە حسابی بانکی

زوریـخ پـشکی نـەبوو، بەڵام دەسـەڵاتی لە لیبیـادا ئەوەنـدە گـرنگ بـوو، کـە لـەبارەی وەرگرتنی پارەکەوە هیچ ترسێکی نەبوو.

هامـەر دەیزانـی کـە لەسـەدا سـەد دەستکەوتی ناپاکی ئەو قازانجـە زۆر گەورەیـە، بـەڵام هـیچ چـارەیەکی نـەبوو. کـات زۆر بـەخێرایی تێدەپـەڕی. ئێـستا یـان دەبێـت ماسیەکە بگرن یان لـە خـۆوە چەشتەکە دەست ناکەوێت. کاتێك ڕۆیـشت بـۆ لەندەن بەخێرایی دەستیکرد بـە جێبەجێکردنی کارەکان و پەیوەندی بەست لەگـەڵ هـەموو ئەوکەسانەی کە ڕۆڵیان دەبینی لەکارەکەدا. تەلەگرافێکی کرد بۆ (عوقبی) لـە تریپـۆلی و (والـن) لـە نیۆیـۆرك و ئاگـاداریی کردنـەوە ڕێککەوتنەکـەی سـێپتەمبەری ڕابـردوو لەگەڵ ئەوانەدا لەمڕۆ بە دواوە هەڵدەوەشێتەوە. (٢٠) (کۆمپانیـای ئـالن و شـەریکەکان دواتر بۆ کەموکورتی ڕێککەوتنەکە شکاتیان بردە دادگا بـەڵام نـەیانتوانی بیسەلمێنن هیچ ڕێککەوتنێکی متمانەپێکراو بوونی هەیە).

لـە ٢٦ ی جێنیـوەری، هامـەر ڕۆیـشت بـۆ تریپـۆلی بـۆ ئـەوەی خـۆی چـاودێری پێشکەشکاری ڕەسمی پێشنیارەکەی ئەکسیدنتاڵ بێت. پێشنیار و داواکە خرابووبە نـاو فـایلێکی پێـستەوە و بـە پـەتێکی ئاورشـیمی سـور و ڕەش و سـەوز، ڕەنگـی ئـاڵآ تازەکەی لیبیا بەسترابوو. سـەرەڕایی هەلومـەرجی ناسراوی دۆزینـەوە و دەرهێنـانی ناوچـەیەکی نـەوتاوی، و پێـدانی ٤٠٪ سوودە بەدەسـتهاتووەکەی بـە دەوڵـەتی لیبیـا، پێشکەشکردنی پێشنیار بۆ گەڕانی ناو لەناوچەی (الکفرە)ش تێدا ئامادەکرا بوو.

هەرچەندە وەزارەتی نـەوتی لیبیا دەرەئەنجامی مزایەدەکـەی تـاوەکو فێبریـوەری ساڵی ١٩٦٦ بلاو نەکردەوە، بەڵام هامەر ئەوەندە دڵنیا بوو فڕۆکەیەکی بچوکی (بۆمب وەشێنی (ا)– ٢٦) ئەمریکی کە کرابوو بە مەدەنی) کری تاوەکو بتوانێت بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لەنێوان ڕۆما و تریپۆلیدا هاتوچۆ بکات. (٢١) بەڵام مانگی فێبریوەری هات و ڕۆیشت و کـاتی زیـاتری ویـست، لـە شـلـەی هـیچ هـەواڵێکی تـەواو نـەبوو، و هامـەر خـەریك بـوو بـەرە بـەرە بێتاقـەت دەبـوو، بێتاقەتیەکەشـی بەڵگـەی هـەبوو. چـونکە باروودۆخی دارایی ئەکسیدنتال باش نەبوو. مەیدانەکانی نەوت و گـازی بەشـداربوو لە کالیفۆرنیا کۆتـایی دەهـات. سـەرمایەگوزاریە قورسـەکەی لـە کـودی کیمیـاوی ڕوسـی بووبوە ڕێگر. چەندین ملیۆن دۆلاری خودی هامەریش لە کڕین و فرۆشتنی موڵکدا لە کالیفۆرنیا لەدەستی دابوو. لە ساڵی ١٩٦٦، هامەر توانی بە زیاد نیشاندانی نرخی

موڵکە نەفرۆشراوەکەی، زیانەکانی خۆی لەم زەمینەیەدا لە پشکدارەکانی بانکەکانی بشارێتەوە. (٢٢) بەڵام ئەم هەڵخەڵەتاندنە حسابدارێکە کەوتە ژێر لێکۆڵینەوەی (کۆمیسیۆنی کاغەزە بەهادارەکان و بۆرسەی کاڵا)وە، و ئەوەندەی نەبرد کە گەنەکاریەکانی دەرکەوتن. ئەکسیدنتال پێویستی بەلافاوێك پارەی نەقد هەبوو، و ئەمتیازی لیبیاش ڕزگارکەرێك بوو کە هامەر زۆر چاوی لەسەری بوو.

لە سێپتەمبەری ساڵی ١٩٦٦، هامەر داوای چاوپێکەوتنێکی دیکەی کرد لەگەڵ شلحیدا. چاوپێکەوتنەکە لە هۆتێلی ئەنتەرناسیۆنال لە کەناری دەریاچەی جنێف ئەنجامدرا.

کاتێك شلحی خۆی کرد بە ژووری پێشوازییەکەی هامەر لە هۆتێلەکەدا، هامەر بێ ئەندازە توشی سەراسیمە بوو بوو. وەکو بڵێیت دەیەوێت شتێکی پێ بفرۆشێت، دەستیکرد بە بازارگەرمی، و ئەو پارانەی کە تاوەکو ئەوکاتە خەرجی پرۆژەکەی لیبیای کرد بوو، یەك بەیەك، بۆی ژمارد، و وتی، تەنانەت وتویەتی بە کۆمپانیایەکی دەرمانسازی سویسرا بۆ ئەوەی دەرزێك دروست بکات لە دژی باری ژەهراوی بیابانی. بەڵام دەیویست بزانێت بارودۆخی ئیمتیازەکە لە چ حاڵێکدایە.

کاتێك هامەر قسەی دەکرد شلحی هەستی بەبێتاقەتی و ترس دەکرد لە دەموچاوی هامەردا، بۆیە هەوڵیدا ئارامی بکاتەوە. و پێی وت: (ئارام بگرە) و ڕوونی کردەوە کە (کۆمیسیۆنی ئیمتیاز) ناچارە بۆ پاراستنی ڕووکەشی شایستەبوونی یەك بە یەکی پێشنیارەکان لێکۆڵینەوە بکات؛ ئەم کارە لە لیبیادا درێژە دەکێشێت، و بەتایبەتی کە هاوینە، زۆربەی بەرپرسە دەوڵەتیەکان پشوویانە. هامەری دڵنیا کردەوە کە لە کۆتایدا ئەکسیدنتاڵ دەبێتە خاوەنی ئەو پرۆژەیە.

چەندین هەفتەی دیکە تێپەڕی و پەیامە یەك لەدوایەکەکانی هامەر بۆ (دکتۆر داردن) بێ وەڵام بوون، دواتر زێنلی زادەی ئاگادار کردەوە بۆ ئەوەی جار وبار تەلەفۆن بکات بۆ شلحی. و دواتر ڕێژێکیان بەبێ ئەوەی شلحی ئاگایی لەخۆی بێت بەبێ هیچ پێشەکێك لە قاوەخانەیی هۆتیل (هیلتۆن) لە ڕۆما لەبەردەمیدا وەستا. هامەر وایپیشانیدا کە بە ڕێکەوت بینیویەتی، بەڵام شلحی دواتر بۆی دەرکەوت کە بەوشێوەیە نەبووە و بەبەرنامە چاودێری کردوە. شلحی وانگومانی دەکرد کە لەوانەیە زێنل زادە شوێنی پشووی ئەوی پێ وتبێت. پێکەوە چایێکیان خواردەوە، هامەر

دووباره دەستیکردەوە بە باسکردنی پلانەکانی خۆی، باسی ئەوەی کرد کە دەیەوێت یارمەتی پادشا بدات لە گەشەکردن و پێشکەوتنی لیبیادا. سەرەمستانە دەیویست دەسەڵاتی پشتی شانۆ بەدەست بهێنێت. ئەم قسانە شلحی حەزی لێنەبوون، بەڵام کار لە کار ترازابوو. (٢٣)

لە ٢٦ فێبریوەری ساڵی ١٩٦٧، بەو شێوەیەی کە شلحی بەڵێنیدا بوو، ئیمتیازی دوو پارچەی ناوچەی (کەزای)، کە ئێستا بەشەکانی ١٠٢ و ١٠٣ دەکات دیاری کردبوون، بۆ ئەوەی بیبەخشن بە کۆمپانیاکەی هامەر. ئەکسیدنتال لەسەرووی چوارده کۆمپانیای دیکەوە هەڵبژێررا بەو مەبەستەی کە لەهەمووی بە ئەزموونترە. لە مانگی دیسەمبەر، گەیشتنە نەوت، زۆر سەیر نەبوو چونکە هەردوو ناوچەی ئیمتازەکە نزیك بوو لە ناوچە چینە نەوتاویە زۆر دەوڵەمەندەکان، بەڵام ڕێژەی نەوتی سەرچاوەکە لە هەموو چاوەڕوانیەکان زیاتر بوو. بەپێی بۆچوونەکانی دامەزراوەی ئەندازیاری (دیگولەر و مکانتان) ڕێژەی گەنجینەی دوو ناوچەکە نزیکەی سێ ملیارد بەرمیلە نەوتی کەم (سولفۆر) بوو. هامەر دەستی بە گەنجێکی گەورە گەیشتبوو.

لەدەرخستنەکانی هەموو شوێنێکدا، هامەر سەرکەوتنی بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازی نەوتی لیبیا، بە دەرئەنجامی ئەو بەرهەمە مرۆڤ دۆستی یە، و بە شێوەیەکی وردتر، ئەو بەڵێنە بوو کە دابووی بۆ گەڕان بەدوایی ئاودا بۆ خەڵکی لیبیا. لە ژیاننامەی خۆیدا، بەبێ ئەوەی دەربارەی (گونس، زینل زادە، شلحی، یان باسی معامەلە ژێر بەژێرەکانی بکات)، یانگەشەی ئەوە دەکات کە پێشنیارەکانی ئەو (لەگەڵ پێشنیاری زۆربەی کۆمپانیاکانی دیکە بەتەواوی جیاواز بوو... ئێمە پێشنیارمان کرد لە نزیك گوندی بیابانی (الکفرە)- شوێنی لەدایکبوونی پادشا و شاژن و شوێنی ئارامگای باوکی مەلیك ئاو بدۆزینەوە. نەبوونی ئاو، زیاتر لە نەبوونی نەوت، یان بەهای دەرمکی، لیبیای خستبوویە ناو هەژاری و توشی گیرۆدەیی کردبوو...) (٢٤)

ئەم چیرۆکە کاتێك هامەر خۆی باسی دەکات، بە بەسەرهاتێکی فریشتەی پاك، پادشای باش، سەرزەمینی گیرۆدەی بێ ئاو، چۆن پیاوێکی نەجیبزادە پێشنیار دەکات بۆ پادشا بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە لەکەمی ئاو ڕزگار بکات، ئەمانە بوونە وێردی

سەر زمانی زۆرێك لەخەڵك كە چۆن كۆمپانیایەكی ئەمریكی بچوك و بێ ئەزموون دەوڵەمەندترین سەرچاوەی نەوتی لیبیای بەدەستهێنا.

ڕاستەوخۆ دوای بەدەستهێنانی ئەو ئیمتیازە، هامەر فەرمانیدا بە بەڕێوەبەری كاروباری دارایی ئەكسیدنتاڵ، (جێمز ماردی) دوو ملیۆن و هەشت سەد هەزار دۆلار بخاتە حسابەكەی (كونس و زیتل لە یۆنیۆن لە بانكی سویسرا لە زوریخ. (ماردی) لە پێدانی ڕێژەیەكی زۆر گەورەی ئەو پارەیە ڕازی نەبوو، تاوەكو هامەر نەتوانێت ڕێكەوتنەكەی خۆی لەگەڵ (كونس و زیتل) پیشان بدات، هامەریش وتی ئەو ڕێككەوتنە ئەوەندە نهێنییە دڵنیای كردەوە دەبێت ئەو ڕێككەوتنە لە سندوقە شەخسیەكەی لە (بانكی سیتی نشنال) لە لۆس ئەنجلس وەربگیرێت، و ناتوانێت نوسخەیەكی لێ وەرگرێت. لە ٥ ئاورێلی ساڵی ١٩٦٧، یەكەمین قیستی بەرتیلدانەكە خرایە سەر حسابی بانكەكەی سویسرا. (٢٥) ئەمە تەنها پێشەكی بوو. ئەگەر پێشبینیەكانی ڕێژەی ئەو گەنجینەی نەوتە ڕاست بێت، ٣٪ ئەو سودەی كە هامەر بەڵێنی دابوو، دەیگەیەنێتە ئاسمان: و پلانگێڕەكان بەشێوەیەكی تەواو بەهای نەوەد ملیۆن بەرمیلە نەوتی خاو دەبێتە نسیبیان. لە ساڵی ١٩٦٧، بەرمیلێك نەوت بە یەك دۆلار بوو، واتە ڕێژەی پارەی هەریەكەیان دەگەیشتە نەوەد ملیۆن دۆلار. و خودی ئەكسیدنتاڵ، تەنانەت لەگەڵ ئەم ڕێژەیەش، دەیتوانی چاوی لە دووی بڕی داهاتی ناپاكی نزیكەی سێ ملیارد دۆلار بێت و دوای پێدانی پشكی دەوڵەتی لیبیا و تێچونی ناردنی نەوت بۆ بازاڕەكانیش، دیسانەوە قازانجێكی زۆر بێ سنووریان دەستبكەوێت.

* * *

هامەر لە ناوەڕاستی دەیەكانی ١٩٦٠، دەسەڵاتێكی زۆر سەیری گەورەی چ لە دنیای سیاسەت و چ لەدنیای نەوتدا بەدەستهێنا. بەشێكی، بەناوی (ئەكسیدنتاڵ ئەنتەرنەشنال) ی لە كۆمپانیاكەی خۆی لە واشنتۆن دامەزراند، بۆ ئەوەی خەریكی كاری (پەیوەندیە دەوڵەتیەكان) بێت، و ژمارەیەك لە باشترین كارمەندەكانی پەرلەمان، سیاسەتمەداران، و كارمەندانی پەیوەندیە گشتیەكانی لەو دامەزراوەیەدا دامەزراند. كۆمەڵێك سیناتۆری زۆر گرنگی هەر دوو حیزبی دیموكرات و كۆماریەكانیشی خستە ناو داوەكەوە و بە بەرتیلدان و پێدانی پارەیەكی زۆر (كە، بەپێی یاسای دابینكاری

دارایی تێچوونەکانی ململانێی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٧٢ ڕێگە پێدرا بوو، سندوقێکی پارەی دانا بۆ بیست و سێ کەسی هەڵبژێردراوی سیناتۆرەکان و کەسایەتیە گەورەکانی دەوڵەت و ئەندامانی کۆنگرێس، کە لەناو ئەو سندوقەدا هەموویان پشکیان هەبوو لە پارە و لەپاڵیشیاندا کارەکانی خۆی دەکرد.

کۆشکی سپی (لیندن جانسۆن) سەرەتا، لە ساڵی ١٩٦٤، هیچ گرنگێکی دانەنا بۆ خواستەکانی هامەر بۆ بینینی سەرۆك کۆمار. ڕاوێژکاری ئاسایشی جانسۆن، (مەك جۆرج باندی)، کە دوایی لە دۆسیەکەی هامەری کرد بوو لە ئێف بی ئای و خوێندبوویەوە، زۆر دژی ئەم دیدارە بوو. کاتێك یەکێك لە هاوکارەکانی سەرۆك کۆمار زانیاریدا بە باندی و وتی (ڕۆزفێڵت) نوێنەری کۆنگرە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك پەیوەندیان هەیە و بەردەوام تەلەفۆنی بۆ دەکات و هامەریش یارمەتی زۆر گەورەی دەکات، باندی لە وەڵامدا وتی، جانسۆن (هیچ ناچار نیە ئەو ببینێت) (٢٦) کاتێك وترا بە ڕۆزفێڵت جانسون کاتی نیە هامەر میوانداری بکات، ئەویش نامەیەکی توڕەی نوسی بۆ کۆشکی سپی، و وتی (دکتۆر هامەر نەك هەر لە پێگەیەکدایە کە دەتوانێت ڕێژەیەی پێنج ڕەقەمی بداتە حیزبی دیموکرات، و پێیشی داوە، بەڵکو لەڕابردووشدا داویەتی. وادیارە بەرنامەکانی سەرۆك کۆمار زۆر ئاڵۆز و پڕن کە ناتوانێت پێنج خولەك دکتۆر هامەر ببینێت.) (٢٧)

لە ساڵی ١٩٦٥، هامەر لەگەڵ سەرۆکی نوسینگەی جانسۆن، (مارڤین واتسۆن)، بەرنامەیەکی هاوڕێیانەی داڕشت، و ڕێگەیەکی بۆ کۆشکی سپی دۆزیەوە. پاشان ئەوی لە ئەکسیدنتال ئەنتەرنەشناڵ دامەزراند و کردی بە جێگری سەرۆکی پەیوەندی دەوڵەتی. چەند ڕۆژێك پێش میواندارییکردنەکەی کۆشکی سپی بە شانازی مەلیك فەیسەڵی عەرەبستانی سعودیە لە جێنیوەری ساڵی ١٩٦٦، واتسن نوسینێکی کورت و سودمەندی نوسی بۆ جانسۆن کە دەڵێت (هامەر ئەمڕۆ لێرە بوو. دەیوت یەك بیست و پێنج هەزاری هەیە و دەیویست بزگاری ببێت لە دەستی) (٢٨) ئەم نوسینە توندەی واتسن بۆ ٢٥ هەزار دۆلارەکە بوو. مەبەستی ناسینەکەی هامەر هەرچێك بێت، ئەو دوای ئەو پێدانە ئیدی هیچ کێشەیەکی نەبوو بۆ گەیشتنە کۆشکی سپی. هەرکاتێك سەرۆك کۆمار مەشغوڵ بوایە، بە ئاسانی دەیتوانی بڕوات بۆ دیتنی واتسن یان یەکێك لە ڕاوێژکارە بەرجەستەکانی. جانسۆن تەنانەت هامەری بانگهێشت کرد بۆ کێڵگەکەی

خۆی لە تەکساس. هامەر لەو پلە گەورەیەی کە پێی گەیشتبوو زۆر شانازی بەخۆیەوە دەکرد. لەدیدی هامەرەوە، پەیوەندی لەگەڵ جانسۆن یەکێك بوو لە ئاسانترین پەیوەندیەکانی لەگەڵ سەرۆك کۆمارەکان. (٢٩)

لە سەردەمێکدا کە هامەر شانازی دەکرد بە پەیوەندیکردنی لەگەڵ جانسۆن، و بەتایبەتی ئەو کاتەی کە هامەر توشی نەوت بوو لە لیبیا، باجگیرێکی سمێڵ زل لەخۆیەوە پەیدا بوو و هەڕەشەی ئەوەی لێدەکرد کە بەشێك لە ژیانی شاراوەی هامەر ئاشکرا دەکات. لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٦٦، ژمارەیەك وێنە لە ڕێگەی پۆستەوە گەیشتنە دەستی هامەر، وێنەکان بریتی بوون لە هامەر و بیتی کە بەجلی مەلەکردنەوە لە ئاکاپولکو، لەگەڵ وێنەیەکی تر کە بیتی لەسەر کەشتیە گەشتیاریەکەی هامەر بوو، لەگەڵ وێنەیەکی ڤیکتۆریا و کچە نامەشروعە دە ساڵەکەی لە باوەشی هامەردا بوو. دوا بەدوای گەیشتنی وێنەکان تەلەفۆن کرا بۆ ماڵی هامەر. هەڕەشەکەرەکە داوای ٢٥ هەزار دۆلاری دەکرد لەبەرامبەر بێدەنگبوونی لەسەر ئەو مەسەلەیە.

هامەر ئەرکێکی زۆری کێشا بوو تاوەکو پەیوەندیەکانی لەگەڵ بیتی دا بشارێتەوە. سەرەتا هاوسەرگیرێکی تەزویر و کەسیەتێکی تازەی بۆ بیتی و باوکە ساختکاریەکەی ڤیکتۆریا تاشی بوو، پاشان بڕیاریدا بوو کە تێچوونی مانگانەی ئەوانە بدات لە ڕێگەی کۆمەڵێك وەکالەتی نەناسراوەوە. هەروەها پێداگیری لەسەر ئەوەکرا بوو کە ئەوترزێت بە ڤیکتۆریا وەك ئەمری ج کەسێکە. بەڵام نهێنیەکەی بەجۆرێك لە جۆرەکان خەریك بوو ئاشکرا دەبوو. ئەگەر بوونی بیتی و ڤیکتۆریا دەرکەوێت، ئەو کاتە هاوسەرگیری هامەر و فرانسیس، کە ئەوەندەش بەکەڵکی دارایی کارەکانی هاتوە، بە ئاسانی ژیانیان پێ دەکات و هەمووشتەکان هەڵدەوەشێنرێنەوە.

هامەر لە هەمان مانگی دیسەمبەرەوە تەلەفۆنێکی کرد بۆ بیتی و باسی مەسەلەی هەڕەشەکردنەکەی لەگەڵ کرد، و زۆر بەوردی قسەی لەگەڵ کرد، وتی (هەر ڕووداوێك ڕوبدات، من هۆکاری چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەم هەیە) پاشان، دوای بێدەنگیێکی درێژ پرسی لە ژنەکە، ئایا دەزانێت هەڕەشەکەرەکە کێ یە؟

بیتی وتی بەهامەر دەزانێت، کابرایەکە بەناوی (ریمۆند گێلن هاورتن) کە ماوەیەکی کەم لەگەڵیدا ژیاوە. دوای ئەوەی کە ڕۆیشت، کیفێکی پڕ لە وێنەی لەگەڵ

خۆیدا بردوە، بەتایبەتی ئەو وێنانەی کە هامەری لەگەڵدا بوە، و لەگەڵ کۆمەڵێك ئاڵتون و جەواهراتدا.

هامەر وتی، (بێتاقەت مەبە، ئیشەکە بەجێ بهێڵە بۆ وەستاکەی) و هامەر بەزووترین کات لەدژی هەرەشەکارەکە دەست بەکار بوو. کۆمەڵێك کەسی زۆر وریای دامەزراند بۆ ئەوەی (هاورتن) پەیدا بکەن، ئەوانیش ئەو کەسەیان لە هۆتێلێکی نزیك (هۆستن) دۆزیەوە. هامەر دواتر بڕیاری بینینی بیتی دا لە فرۆکەخانەی ئەو شارە، جلێکی کۆنە و پیسی لەبەرکرد بوو و ئەو جلانە بۆ کابرایەکی حەفتا و چەند ساڵە دەچوو. ئەوەندەی ئەبرد دوو پیاو بە عینەکی ڕەشەوە نزیك بوونەوە لێیان، و هامەر وتی بە بیتی ئەمانە بۆ ئاژانسی مادە بێهۆشکەرەکانی فیدراڵ ئیش دەکەن، و بە یارمەتی ئەوانە دەیەوێت سۆراخێکی (هاورتین) پەیدا بکات و وەکو بەڵگەیەك لەدژی بەکاری بهێنێت. پیاوەکان کارتی ناسنامەی خۆیان پیشانی بیتی ئەدا، بەڵام ژنەکە هەرچی هامەر وتی ئەنجامیدا و شێوە و جەستەی هاورتنی بۆ باسکردن. چەند ڕۆژێك دواتر، جەواهراتەکەیان بۆ گەڕاندەوە. کاتێك پرسی لە هامەر چی هات بەسەر هاورتندا، ئەویش بەکورتی وتی (سێ کەس ڕۆیشتن بۆ ماسیگرتن، و دووانیان گەڕانەوە) هەڕەشەی باجگەرە سمێڵ زلەکەی لەکۆڵ بوویەوە.

چیرۆکی ماسیگرتنەکەی هامەر، بەرشێوەیەی کە بێ گومان ئەو مەبەستی بوو، بیتی تێگەیاند کە هاودەستە شاراوەکانی هامەر سەری هاورتنیان کرد بە ژێر ئاودا. بیتی بەهۆی پێشینەی ئەو کارانەی کە ئەنجامیدا لەگەڵ ژنەکەی پێشوویدا دەیزانی هامەر چەندە ترسناکە و دەرەئەنجامی کارەکانی چۆن دەبێت. بەڵام لەم بوارەدا دواتر تێگەیشت کە هاورتنی نەکوشتوە. ڕۆیشتبوو بۆ شارێکی بچوك لە تەکساس، و هەر لەوێ تاوەکو ساڵی ۱۹۷۲ خۆی کۆچی دوای کرد. (۳۰)

هەر لەو ڕۆژانەدا، چیرۆکێکی بەهێزی زیانبەخش لەبارەی پەیوەندی هامەرەوە لەگەڵ ئیسرائیلدا کەوتە سەر زمانەکان وبڵاو بویەوە و هامەریش دەبوو ئەو چیرۆکە ڕاگرێت. ئەو چیرۆکەی کە لە گۆڤاری (لێکۆڵینەوەی ئەوتی عەرەب) لە مارسی ساڵی ۱۹٦٦ باسی لە داهاتی پێشینەی جولەکەی ئەوی دەکرد و دەیوت لە دەیەکانی ۱۹٥۰ هامەر پارەی بۆ ئیسرائیل کۆکردوەتەوە، لەکاتێکیشدا لە بنەڕەتدا ئەو مەسەلەیە ڕاست بوو، و پاشان ئەو تۆمەتەیان خستەپاڵ کە بەدزیەوە ڕۆیشتوە بۆ ئیسرائیل و

بومتە پۆلیسی نهێنی ئیسرائیل. هامەر گومانی ئەوەی برد کە ئەم چیرۆکە ڕاست و درۆزنەیە یەکێك لە کۆمپانیا ڕەقەبەرەکانی بێت بلاویان دەکاتەوە بۆ ئەوەی پێگەی هامەر لق بکەن لە لیبیادا. گومانەکەی ئەو بۆ (ئیسۆ) دەچوویشت. بۆ ڕێگەگرتن لەو پڕوپاگەندەیە لە جیهانی عەرەبدا، بڕیاریدا کە ڕاستەوخۆ حاشا لە مەسەلەکە بکات، و تەنانەت مەزهەبێکی دیکە هەڵبژێرێت. هامەر پەیوەندی کرد بە (کلێسای یەکتاپەرستانەوە) لە لۆس ئەنجلس و داوای لە قەشەی ئەو کەنیسەیە کرد نامەیەکی بۆ بنوسێت و بڵێت ئەو یەکتا پەرستە و بەردەوام مەراسیمە مەزهەبیەکانی لەم کەنیسەیەدا بلاو دەکاتەوە. پاشان نامەیەکی نوسی بۆ شلحی، و باسی لە بابەتەکەی گۆڤاری (لێکۆڵینەوەی نەوتی عەرەبی) کرد بەم شێوەیە:

> تەنها بیرۆکەی من ئەوەیە کە سەرنوسەری ئەو گۆڤارە بەشێوەیەکی تەواو خەریکی یاریکردنە بەکۆمپانیا گەورە نەوتیەکان، چونکە ئەوانە زۆر تووڕەن لە بەخشینی ئیمتیاز بە کۆمپانیا تازەکان... ئەو گۆڤارە مانگی فێبریوەری ڕەخنە لە دەوڵەت دەگرێت و باسی ئەوە دەکات کە ئیمتیازەکەیان نەداوە بە کۆمپانیای (ئیسۆ)، بۆیە ئەگەر سەیری ئەم تێبینیە بکەیت تێدەگەیت کە ئیسۆ یەکێکە لە هاوکاریکەرەکانی گۆڤارەکە.

هامەر درێژەی پێدەدات و پارێزگاری لە خۆی دەکات لەسەر ئەوەی کە گوایە ئەو گۆڤارە وتویەتی جولەکەیە و خەریکی پشتیوانیکردنی ئیسرائیلە:

> نوسخەیەك لە نامەی قەشەکەی خۆم لە کەنیسەی یەکتاپەرستەکان، کە پێویست بە ڕوونکردنەوە ناکات، لەگەڵ نامەکەدا دەنێرم بۆت... من هەرگیز پێم نەخستوەتە ئیسرائیلەوە و هیچکاتێکیش ئەندامی ئەو ڕێکخراوە نەبووم کە پارە کۆ دەکەنەوە بۆ ئیسرائیل، و نە خۆم و نە هاوڕێکانم هیچکاتێك پەیوەندیمان بەو مەسەلەیەوە نەبووە. بەم شێوەیە ئەوانە تێبگەیت کە ئەم بانگەشە و پڕوپاگەندانە چەندە بێ بنەما و درۆزنانە و هەڵبەستراون. (٣١)

دواتر لە دانیشتنێکدا وتبووی بە شلحی جولەکەکان و کۆمپانیای ئیسۆ ویستیان ئابڕوی من ببەن. و پاشان کۆمەڵێك بەڵگە و دیکۆمێنتی پیشاندا کە ئەو هەرگیز ئەو کارەی نەکردوە. هەڵگەڕانەوەی هامەر لەدینی خۆی بەهیچ شێوەیەك متمانە و ئابڕوی هامەری بەرز نەکردەوە لەلایی شلحی. لەگەڵ ئەوەشدا، هەوڵدانی شلحی بەردەوام لەسەر ئەوە بوو کە ئیمتیازەکەی هامەر بپارێزێت. هەموو سەرنوسەری بڵاوکراوەکانی لیبیای بانگهێشت کرد و داوایی لێکردن بەهیچ شێوەیەك باس لەو مەسەلەیە نەکەن.(٣٢)

پەیوەستبوونی هامەر بەکەنسیەی یەکتاپەرستیەوە، و گۆڕینی ناسنامەکەی لە ڕاستیدا خۆ ئامادەکردنی ئەو پیاوە بوو بۆ کۆمەڵێك کاری دیکە کە لەبەردەستیدا بوون. ژیانی لەگەڵ ژن و منداڵە ڕوسیەکەی زۆر بەسانەی بەجێهێشت بوو بۆ ئەوەی ببێتە معاملەچێکی ئەمریکی، دە ساڵ کار و زەحمەتی لە یەکێتی سۆڤیەت بەجێهێشت بوو تاوەکو تواناکانی خۆی بۆ وەرگرتنی خاوەنکاری لە دەوڵەتی ئەمریکا ئامادە بکات. بۆیە ئینکاربوونی جولەکەبوونی ئێستا بۆ هامەر زۆر لە بەرژەوەندیدا بوو.

* * *

ئەکسیدنتال تاوەکو هێڵی لولەی بەدرێژای ٢٠٩ کیلۆمەتر لە دڵی بیابانەوە بۆ لێواری مدیتەرانەوە ڕانەکێشێت، نەیدەتوانی هیچ پارەیەك لەو نەوتە بەدەست بهێنێت. هەروەها دەبوو کۆمەڵێك پایەی ئاوی دروست بکات بۆ ئەوەی بتوانێت لولەکان لەسەر ئاوەکەوە بگەیەنێتە قوڵای بۆ ئەوەی بگەن بە کەشتیە نەوت هەڵگرەکان. لە ساڵی ١٩٦٦، بەهای پاکی ئەکسیدنتال کەمتر لە پەنجا ملیۆن دۆلار بوو و هیچ لەتوانایدا نەبوو بەو پارەیە ئەو کارە ئەنجامبدات. بەڵام هامەر ڕێککەوتنێکی لەگەڵ کۆمپانیای (بکتێل) لە سانفرانسیسکۆ بەست لەسەر ئەوەی کە ئەو پرۆژەیەی بۆ تەواو بکات و لەگەڵ ئەوەشدا تێچوونەکانی بگرێتە ئەستۆ. بکتێل لەبەرامبەر ئەو کارەدا بڕی ١٥٣ ملیۆن دۆلار لەکاتی فرۆشتنی نەوتەکەدا وەردەگرێت.(٣٣)

بکتێل لە ئاوتی ساڵی ١٩٦٧ دەستیکرد بە دروستکردنی هێڵی لولەکان کە هەر لولەیەکی چل ئینچ بوون کە ئەمە گەورەترین هێڵی لولەی لیبیا بوو. کاری بیناي

لولەکان لە فێبریوەری ساڵی ١٩٦٨ کۆتایی پێهات. کەمتر لە مانگێك دواتر، نەوت هەڵگرەکان نەوتی ئەکسیدنتاڵیان گەیاندە بازاڕەکانی ئەوروپا.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٨، هامەر ئاهەنگێکی پڕ لە شکۆمەندی لە بیابانی لیبیا بۆ کردنەوەی ئەو ناوچە نەوتیە بەرپا کرد. ئەندازیارەکانی ئەکسیدنتاڵ مسیٚ هەفتە زەحمەتیان کێشا وسەکۆیەکی بەرزیان بۆ وتاردان بە بەرزی ١٥ مەتر دروستکرد کە لەسەر ئەو بەرزایە بە سەدان ئاڵای سور و سەوز و ڕەش دەشەکایەوە. نزیکەی هەشت سەد سەرۆك خێڵی مێزەرە سپی خێڵەکانی لیبیا ئامادە بوون. بۆ هاتنی پادشا فەرشی سور ڕاخرا بوو. گۆڤاری (فۆرچیون) لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا نوسی (سەربازە حوشتر سوارەکان چاودێری مەراسیمەکەیان دەکرد، و ژمنیارە سورپێستەکان بەڕیز وەستابوون و خەریکی ژەنینی مۆزیك بوون و قەسابەکانیش بیابانەکەیان سور کرد بوو لە سەربڕینی ئاژەڵەکان بۆ ڕێکخستنی خوانەکەیان. (٣٤)

هامەر لەگەڵ فرانسیس و سیناتۆر ئەلگور بە فرۆکە هاتن، گۆر لەکۆتایی خولی نوێنەرایەتی خۆیدا ئەنجومەنی بەجێدەهێشت بۆ ئەوەی کاتەکانی لەگەڵ ئەکسیدنتاڵدا تێپەڕێنێت. هامەر لە تەنیشت مەلیك ئیدریس دانیشتبوو و ناوی ناوچەی ئیمتیازەکەی خۆی نایە (ناوچەی ئیدریس). پاشان خوانێکی گەورەیان لەناو چەند خەیمەیەکی گەورەدا ڕێکخست. ئەم نمایشە زیاتر لە یەك ملیۆن دۆلاری تیچوو بۆ ئەکسیدنتاڵ، لەگەڵ ئەوەدا هامەر ئەمەی زۆر بە بەهادار دەزانی. وەکو چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ لنین دا، کە ئەو هەموو ئەزموونە دروستکراوەی بۆ هێنایە پێشەوە. هامەر باسی ئەوەی دەکرد کە مەلیك ئیدریس بەشێوەیەکی نهێنیانە پێی وتوە، (خودا بەتایبەتی تۆی ناردوە بۆ لیبیا) (٣٥)

ئەو بە پیرۆز سەیرکردنەی هامەر زۆر گرنگ بوو بۆ سەرکەوتنی کارەکانی، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام پێویستی بە هاوکاری شلحی بوو. مانگێك دوای جێبەجێکردنی ئەو مەراسیمە، هامەر کارێکی کرد بۆ ئەوەی شلحی، و کونس، بیات بۆ لۆس ئەنجلس (ترسی زینل زادە بۆ سواربوونی فرۆکە ڕێگر بوو لەوەی کە ئەویش بڕوات). کاتێك گەیشتنە ماڵەکەی، کونس باسی لە بابەتی ٣٪ پشکەکەی خۆیانی کرد. پێدانەکان دواکەوتبوو، و ئەو دەیویست ئەو داوایە لە هامەر لەبەردەم شلیحدا بکات. بەڵام هامەر

هەندێك بێدەنگ بوو و وتی حسابكارەكانی ئەكسیدنتال، (ئارتۆر ئەندرسۆن و شركا) هێشتا چەند پرسیارێكی هونەریان لەبارەی ڕێككەوتنەكەوە هەیە.

پێش ئەوەی باسەكە بگاتە شوێنێك، هامەر پێداگیری لەسەر ئەوە كرد كە دەبێت سەیری ئەو شریتە بكەن، ئەو شریتە مەراسیم و ئاهەنگی كردنەوەی ئەوتەكە بوو لە بیابانەكـەدا بـە ئامـادەبوونی مـەلیك ئیـدریس. فرانسیسـسش هـات بۆلایـان. دوای سەیركردنی فلیمەكە، هامەر ئەوانی برد بۆ ڕیستۆرانی (تریدر ویك) لە (بوورلی هێلن). و ڕۆژی دواتـر، لـە لۆس ئـەنجلس دەرچوون، و بـەڵام هامـەر هاوكـارێكی خـۆی نـارد بۆ ئەوەی میوانەكانی ببات بۆ (دیزنی لەند). (٣٦)

* * *

بازاڕی پشكی ئەكسیدنتال لە (وال ستریت) زۆر گەرم بوو، ڕاستەوخۆ كڕین و فرۆشتن ئـەنجام دەدرا، و بـەهای هـەر پـشكێكی لـە سـەد دۆلار تێپـەڕی. ئـەم مامەڵـە گـەرم و گوڕانـە بـەهۆی كاردانـەوەی دەراسـەتی كۆمپانیاكـە ئـەبوو، بـەهۆی پێـشبینی فرۆشتنی ئەو ملیارد بەرمیلە ئەوتـەی لیبیاوە بوو. هیچ كۆمپانیایـەكی سەربەخۆی ئەوتی تاوەكو ئەوكاتە ئیمتیـازێكی لـەو چەشـنە گەورەی بەدەسـت نـەهێنابوو. هامـەر بەشەخسی چووبوویە نـاو ئـەو مامەڵـە ئاگرینانـەوە. پـشكی ئەكسیدنتال بەردەوام پـارەی زیـاد دەبـوو، و سـەرەنجام چـەندین پـشكی دیكـەی كڕیـەوە، و كۆمپانیـا بچوكەكانیـشی دەخسـتە سـەر پشكەكەی خۆی، دە توانـرێ كۆمپانیـای بـەم شـێوەیە كڕیـەوە، و ئەكـسیدنتاڵ بەشـێوەیەكی زۆر بەتوانایانـە گەشـەی پێـدا و بـووە هـۆی ئەوەی كە هەر تەنێ مامەڵەی ئەوتی دەكرد بەڵكو توانی كۆمەڵێك سەرچاوەی دیكەی لیبیا بگرێتە دەست وەكو گەورەترین كۆمپانیای خەڵوزی بەردینی دووەگەی كریگ، كە بە سێ پـەمین بەرهەمهێنـەری خـەڵوزی بـەردینی وڵات دادەنرا، و هامـەر، ئـەڵبێرت ئەلگوری كردە سەرۆكی ئەو یەكەیە.

بەرە بەرە كاتێك ئەكسیدنتال بووە شێری مەیدانەكە لەبواری پیشەسازیدا، هامەر، كە هـەموو دەستكەوتەكانی دەخستە نـاو حسابەكانی خۆیـەوە، ئەو ناوبانگیـەی كـە لەهـەموو تەمەنیـدا بەشـوێنییەوە بـوو بەدەسـتی هێنـا. ئـەویان بـە هێـزی جوڵێنـەری كۆمپانیاكە دەزانی و ناوی بەردەوام لەناو هەواڵەكاندا بوو. باسی ژیانی و چۆنیەتی

دەستپێڕاگەیشتنی بەو سەرمایە و کارەی لە بڵاوکراوەکانی (فۆرچیون)، (فوربیس)، بزنیس ویک)، (نیۆیۆرک تایمز)، (لۆس ئەنجلس تایمز) و شوێنەکانی دیکە بڵاو دەبوویەوە. ئەم نوسینانە بەگشتی لەسەر هامەر هاوڕێیانە بوو، و ئەویان بەردەوام بە مامەڵەچییەکی (زیرەك و لێهاتوو) خاوەنی (سەرپەنجەی سیحراوی) دەزانی و بە مرۆڤێکیان دەزانی کە شەهامەتی هەیە و دەتوانێت بە ئاسانی ڕووبەڕووی بەهێزترین و دەسەڵاتدارترین کۆمپانیاکانی جیهان ببێتەوە.

ئەگەر ئەم تایبەتمەندیانە بەراورد بکەین لەگەڵ مەترسیەکانی، ڕوونکردنەوەکەی سەرەوە ڕاستن. هامەر سەرەتا لە قوماری نەوتەکەی لیبیادا، ئەکسیدنتاڵی بردبوویە ژێرباری زیاتر لە حەفتا ملیۆن دۆلار قەرزەوە. لەگەڵ کارتێلی گەورەی (حەوت خوشکەکان) زۆران بازی کردوو توانی سەرکەوێت بەسەریاندا. هامەر بەرتیلی ئەوەندە گەورەی دابوو کە کۆمپانیا ڕقابەرەکانی نەوتی نەیاندەویست یان نەیاندەتوانی ئەو بەرتیلە بدەن. ستراتیژی هەمووشتێك یان هیچ شتێکی لەبەرچاو نەگرتبوو، خەڵاتەکەی ڕفاندبوو. ئاراستەی دەرەنجامی بانگەشەی و توانایی و متمانەی تازە لەودا دەردەکەوت.

تەنانەت کاتێك کە نەوتی ئەکسیدنتاڵ لیبیا دەستیکرد بە ڕۆیشتن، بارودۆخی نەقدی کۆمپانیا بەخێرایی بەرەو باش بوون نەڕۆیشت. دنیا پڕ بوو لە نەوت، نرخەکان زۆر دابەزیبوون، و تێچوونەکانی ئەکسیدنتاڵ گەیشتبوونە ئاسمان. بەپێچەوانەی حەوت خوشکەکەوە، کە خۆیان کەشتی نەوت هەڵگریان هەبوو، هامەر دەبوو نەوت هەڵگریش بگرێت بەکرێ، بۆیە نرخی گواستنەوە ئەوەندەی دیکە تێچوونەکەی زیاتر دەکرد. هامەر پێنج سەنت لە هەر بەرمیلێکدا بۆ وەقفی گەرانی ناوەکەی لە ناوچەی (الکفرە) تەرخانکرد بوو. سەرەڕایی ئەوانەش، ئەکسیدنتاڵ دەبوو بۆ ناردنی هەر بەرمیلە نەوتێك بڕێك لە سەرانە بداتە لیبیا. لەبەر ئەوە دوای دەرکردنی ئەو تێچوونانە، هێشتا سودی ناپاکی تێکرایی پەنجا و شەش سەنت لە هەر بەرمیلێکدا بۆ کۆمپانیا دەمایەوە، بەڵام هەموو ئەم ڕێژەیەش بۆ پێدانەوەی قەرزەکانی کۆمپانیای بکتێل کە ١٥٣ ملیۆن دۆلار بوو دەڕۆیشت. ئەکسیدنتاڵ ئەوەندە لە بارودۆخێکی خراپدا بوو حسابدارەکانی ناچاربوون ساڵی ١٩٦٨ ڕێگە لەو پارەیە بگرن کە دەچووە ناو حسابەکانی سویسراوە. هامەر، بە پرتاو بۆ سەرکەوتنی

مامەڵەکەی لەگەڵ شلیحدا ڕازیبوو بوو کە لەبەرامبەردا ٢/٦٦٥٪ لەسەر بنەمایی بەهای ناپاکی نەوتی بداتە شلحی، نەك لەسەر بنەمای دەستکەوتە پاکەکانی ئەکسیدنتال. کونس لە نامەیەکدا بۆ (وندل فیلیپس) دەنوسێت هامەر بەو دەڵێت کە مافی پێدانی بەرتیلەکە (ڕێژەیەکی زیاتر لە هەر بەرمیلێك بەدەست دەهێنێت تاوەکو کۆمپانیاکەی هامەر، چونکە ئەو دەبێت سەرانە و مافی ئیمتیازەکەی دەوڵەتی لیبیاش بدات) (٣٧) هامەر، ئێستا لەبەر ئەوەی کە ئیمتیازەکەی لەدەستدا بوو و نەوتیش دەڕۆیشت، کەوتە سەر ئەوەی چاوێك بخشێنێتەوە بەو ڕێککەوتنامەیەی کە ئیمزای کردوە بۆ پێدانی بەرتیلەکە و ڕێژەی بەرتیلەکەی لەسەر بنەمای بەهای پاك حساب بکات. بەم شێوەیە، شلحی و هاودەستەکانی لە ساڵی ١٩٦٨ شتێکیان بە نزیکی ٣/٨ ملیۆن دۆلاریان دەست دەکەوت.

لە مانگی جێنیوەری ئەو ساڵە، شلحی لە مەراسیمێکدا لە کۆشکی شاپانە لەگەڵ کچی سەرۆك وەزیرانی لیبیا هاوسەرگیری کرد. مەلیك ئیدریسیش نزیکی بوو ئەوی کردە وەزیری کاروبارەکان. کونس و زینل زادە هەردوو بەشداربوون لەو ئاهەنگەدا. دوای ئەوە، شلحی وتی پێیان هەرگیز تەحەمولی ئەو فێڵ و هەڵخەڵەتاندنانەی هامەر ناکات، ئەو بڕیارەی کە لەگەڵ هامەر بەستورمە بەتەواوی ڕوونە: هامەر دەبێت ٣٪ نرخی هەموو نەوتەکە بدات پێمان، نەك ٣٪ سودی پاکەکەی، پاشان وتی ئەگەر هامەر لەسەر بەڵێنەکەی نەمێنێت، دەتوانێت وەکو وەزیری کاروبارەکان چاوێك بخشێنێتەوە بە ئیمتیازەکەیدا. (٣٨)

کونس بێتاقەت بوو ئەوەکو شلحی ئیمتیازەکە هەڵبوەشێنێتەوە. لەکاتی گەڕانەوەی بۆ سویسرا، نامەیەکی نوسی بۆ فیلیپس وتی: (تۆ عەرەبەکان دەناسیت، دەزانیت چ ئەخلاقێکیان هەیە، ئەو لەبیرکردنەوەی ئاینەدا نیە. بەردەوام بیر لەوە دەکاتەوە کە هەڵخەڵەتاوە و هەرشتێکیش بڵێت لەدەستی دێت.... نەك هەر شێتە، بەڵکو لەشێتیش دەرچوە). کونس داوا لە فیلیپس دەکات ترسناکی ئەو بارودۆخە بگەیەنێت بە هامەر. لە نامەیەکدا پێشنیاریان کرد بۆ ئەوەی پێکەوە (فشارێك دروست بکەن بۆ هامەر تاوەکو هەرچی کردبێت کارەکە بەچەشنێکی باش ڕێکبخاتەوە و ئەگەر لەوبارەیەوە هەنگاو نەنێت هۆشداریان دایە (کارەساتێکی گەورە ڕوودەدات.... بۆ هەمووان) (٣٩)

دیاربوو فشارەکە کاریگەری هەبوو. هامەر، لەبری ئەوەی هەمووشتێك بخاتە مەترسیەوە، بۆچوونەکەی گۆڕی، و سەرەڕایی ئەوەش یەك ملیۆن و نۆ سەد هەزار دۆلاری زیادەشی خستە ناو حسابەکەی بانکی سویسراوە. (٤٠)

بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتاریانەی کە ئەکسیدنتال هەیبوو، هامەر ئێستا دەستی بە قومارێکی تازە کرد، کەوتە سەر ئەوەی کە بەرهەمهێنانی نەوتی لیبیا بەرەپێشبەدات. شارەزایان وتبوویان بە هامەر دەتوانێت ڕۆژانە زیاتر لە شەش سەد هەزاربەرمیلە نەوت دەربهێنێت و ناوچەکە لە پڕێکدا لەناو بەرێت، بەڵام ئەو بۆ پێدانەوەی قەرزەکانی پێویستی بە نەوتی زیادە هەبوو، و فەرمانیدا بەوان خێرایی پەمپەکان زۆربکەن بۆ ئەوەی ناوچەکە تاوەکو ساڵی ١٩٦٩ بتوانێت ڕۆژانە هەشت سەد هەزار بەرمیلە نەوت بەرهەم بهێنێت. (٤١)

ئەرشتەی کە نەدەهات بە عەقڵی هامەردا ئەوە بوو کە لە سێپتەمبەری ساڵی ١٩٦٩، واتە ڕێك ئەو کاتەی کە بڕی بەرهەمهێنانی ئیمتیازەکەی بەرەو گەشەکردن و باشبوون دەڕۆیشت، حکومەتی پادشایی لیبیا بە فەرمانی سەرکردەیەکی سەربازی تەمەن بیست و حەوت ساڵ بەناوی (معمر القزافي) بروسك ئاسا لەناوچوو.

وەرزی هەژدەیەم

هەڵهاتن لە ڕۆژی سزا

کودەتاکەی قەزافی دونیای توشی سەرسامی کرد چونکە ئارادەیەك چاوەڕوان نەکراو بوو. قەزافی لە خێڵێکی بیابانەنشینی چادرنشین بوو لە ناوچەکانی نزیك (زلتین)، ئەو شوێنەی کە لەژێریدا دەریایەکی گەورەی نەوت لەساڵی ١٩٥٩ دۆزرایەوە، قەزافی خێڵەکەیان لەو ناوچەیەدا خەریکی لەوەڕاندنی بزن بوون. لە تەمەنی حەڤدە ساڵی قەزافی، ئەنجومەنی نهێنی ئەفسەرانی ئازادی پێکهێنا، کە مەبەستی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراو و ئەنجومەنەیە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەرتاسەری عەرەبی (پان- عەرەب) بوو. پاشان قەزافی بوو سەرپەرشتەی تازە پێگەیشتوانی ئەفسەرەکان و بەتوانایی لێهاتووی شەخسی خۆی توانی مەبەست و ئامانجەکانی خۆی بخاتە ڕوو و کۆمەڵێکی زۆری خوێندکارانی زانکۆی ئەفسەری بکاتە شوێنکەوتەی خۆی. تەنانەت لەساڵی ١٩٦٦ کاتێك ئەویان بۆ ڕاهێنانی ئەندازیاری سەربازی نارد بۆ بەریتانیا، لەوێش بەردەوامیدا بە پێکهێنانی گروپەکەی خۆی. لە ساڵی ١٩٦٨ کاتێك گەڕایەوە بۆ لیبیا، دەستیکرد بە ڕێکخستنی شۆڕش. لە ئاوتی ساڵی ١٩٦٩، مەلیك ئیدریس بۆ پشووی هاوینەی خۆی لە لیبیا چووە دەرەوە، و چوار سەد پارچە کەلوپەل و پێویستیشی برد لەگەڵ خۆیدا. شلحی و هاوسەرە تازەکەشی لەگەڵ ئەودا ڕۆیشتن بۆ تورکیا. زۆربەی بەرپرسە گرنگەکانی دیکەی لیبیا لەو هاوینە لەدەرەوەی ئەو وڵاتە بوون.

قەزافی لە ڕۆژی یەکی سێپتەمبەر دەستیکرد بە کارەکەی. هەرچەندە جگە لە کۆمەڵێك ئەفسەری تازە هیچکەسی دیکەی لەگەڵدا نەبوو، و هەموو جبەخانەکەی

تەنها پێنج دەمانچە و چل و هەشت فیشەك بوو، توانی بنکەی سەنتەری فەرماندەی سوپا لە تریپۆلی بگرێت. سەربازەکانی ئەوێ، کە لە دەستی پادشای لاواز بێتاقەت بوون زۆربەیان پەیوەست بوون بە قەزافیەوە. پاشان قەزافی ڕاستەوخۆ دەستیگرت بەسەر وێزگەی ڕادیۆی لیبیا دا و بەشەخسی هەواڵی ژمارە یەکی خوێندەوە، و بانگەوازی کۆماری تازەی عەرەبی کرد و بانگی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کۆماری کرد. کودەتاکە بەبێ خوێنڕێژی بەڕێوە چوو، و تەنها یەك سەرباز ئەویش بە ڕێکەوت کوژرا. (١)

قەزافی بەبێ وەستا پلەی خۆی گەیاندە پلەی لیوا و ئەنجومەنی فەرماندەی شۆڕشی بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتی پێکهێنا، و وڵاتانی ڕۆژئاوای دڵنیا کردەوە کە پابەند دەبێت بەهەموو ئەو بەڵێن و پەیمانانەی کە حکومەتەکەی پێشوو بەستویەتی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا. لەهەمان کاتدا، فەرمانیدا بە ئەمریکا و بەریتانیا بەخێرای بنکە سەربازیەکانی خۆیان لە لیبیا دابخەن. و پاشان ڕێککەوتنێکی نهێنی لەگەڵ میسر و سۆڤیەتدا بەست بۆ هێنانەناوەوەی چەك و تەقەمەنی، دیبلۆماتە ڕۆژئاوایەکان هەر پێشتر پەیان بەوە بردبوو کە قەزافی بەهەموو شێوەیەك دەیەوێت لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوادا پەیوەندیەکانی هەڵپەسێرێت.

قەزافی عەبداللە تەریقی، وەزیری نەوتی پێشووی عەرەبستانی سعودیەی، بانگ کرد بۆ تریپۆلی و کردی بە ڕاوێژکاری نەوتی خۆی. تەریقی قسەی لە دژی کۆمپانیا حەوت خوشکەکەوە کردبوو لە وڵاتەکەی خۆیدا، زۆر بەباشی ئاگاداری کاروباری نەوتی بوو. دەیزانی ئەوەی کە لە عەرەبیستانی سعودیەدا ڕوویدا ئەوە بوو کە نەیتوانی وڵات سەرکردایەتی نەوتەکەی بگرێتە دەست چونکە کۆمپانیای نەوتیەکان وەکو کۆنسەرسیۆمێکی یەکگرتوو بەناوی (ئارامکۆ) یەکیان گرتبوو و بەرەیەکی یەکگرتوویان پێکەوەنابوو. ئەگەر دەوڵەتی سعودیە بیویستایە هەموو ئیمتیازەکانی ئارامکۆ وەربگرێتەوە، دەبوو هەموو دەزگاکانی وڵاتی دابخستایە، وەکو ئەوەی کە لە ئێران لە دەیەکانی ١٩٥٠ ڕوویدا. وڵاتەکانی دیکەی بەرهەمهێنەری نەوتیش لە کەنداوی عەرەبیدا خاوەنی هەمان پێگەی هاوشێوە بوون. بەڵام لیبیا چیرۆکێکی دیکە بوو: تەنها وڵاتێك بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە کۆمپانیای حەوت خوشکەکان کۆنترۆڵی قۆرغکراوی نەبوو بەسەر نەوتەکەیدا. کۆمپانیایەك کە بەشێك نەبوو لە

کارتێك، ئەکسیدنتال بوو، کە گەورەترین ئیمتیازی برد بوو. تەریقی دەیزانی کە ئەکسیدنتال زیان پێگەیشتوە، چونکە بەپێچەوانەی زۆربەی کۆمپانیا جیهانیەکانی دیکەی نەوتەوە، سەرچاوەی نەوتی سەرەکی دیکەی جگە لە ئیمتیازی لیبیا نەبوو. بۆیە کاتێك ئارام دەستی کرد بە دامەزراندن و بەهێزکردنی حکومەتەکەی، ئەکسیدنتال بووە ئامانجێکی سەرەکی هێرشەکان. (٢)

قەزافی داوای لە کاربەدەستەکانی خۆی کرد لێکۆڵینەوە بکەن لەبارەی ئەوەی بزانن ئەکسیدنتال چۆن دەستی گەیشتوە بەو ئیمتیازە گەورەیە، ئەمەش ماوەیەکی بۆ هامەر تەسکتر کردەوە. مەسەلەکە گاڵتە نەبوو. شلحی دادگای شۆڕشی قەزافی بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرکردبوو بە تاوانی گەندەڵی و دزی. دواتر قەزافی دەستی گرت بەسەر ئیمتیازی گروپی سەرمایەگوزاری بچوکی ئەمریکی (چاپاکووا)دا، لەبەر ئەوە بوو چونکە ئەو کۆمپانیا لەڕێگەی پێدانی بەرتیلەوە بە شلحی توانیبووی ڕێگەی خۆی لە لیبیادا بکاتەوە. (٣) ئەگەر قەزافیش هەمان ڕێگا بگرێتە بەر لەبارەی ئەکسیدنتالەوە و بۆی دەرکەوێت کە شلحی دەستی هەیە لەم کارەدا ئەو کاتە ئەکسدینتال هیچ ڕێگەیەکی بۆ دەرچوون نامێنێتەوە.

لێکۆڵەنەوەکانیش خەریك بوو ڕاستەوخۆ بەرەو ئەو مەبەستە دەڕۆیشتن. عەزیزی برای عومەر شلحی لە شەوی کودەتاکەدا لە تریپۆلی دەستگیرکرابوو. ئەویش وەکو بەرپرسەکانی دیکەی وەرگرتنی ئیمتیازەکان، کەوتبوویە ژێر لێپرسینەوەوە. هەموو بەڵگەکانی ئەکسیدنتال لە تریپۆلیدا دەستی بەسەردا گیرا بووو. لێکۆڵەرەوە لیبیەکان، تاوەکو سەرەتایی ساڵی ١٩٧٠، لە سیرەوە تاوەکو پیازی بەرتیلەکەی هامەریان لە دەست بەسەراگیراوەکاندا دەرهێنا. (٤) لە مانگی مەی ساڵی ١٩٧٠ مەسەلە ئەسڵیەکە ئەوە بوو کە قەزافی دەیەوێت لەگەڵ هامەردا چی بکات.

کاری ڕۆژانەی خاڵیبوونەوەی شۆڕەی قەزافی ڕووی کردە جۆرج ویلیامسۆن، نوێنەری تازەی ئەکسیدنتال لە تریپۆلی. ویلیامسۆن، هەرچەندە تەمەنی لە سی و چوار ساڵ زیاتر تێنەپەڕی بوو، بەڵام نزیکەی دە ساڵ ئەزموونی نەوتی هەبوو لە لیبیادا، لەو ماوەیەدا ئیشی بۆ ملیاردلێردی نەوتی تەکساسی (نێلسن بانکەر هانت) کردبوو. ویلیامسۆن تەکساسیێکی خۆش معامەلە بوو و لەگەڵ زۆرێك لە لیبیەکاندا، بەتایبەتی لەگەڵ هەندێك لە کەسە نزیکەکانی قەزافی، هاوڕێیەتی هەبوو. هامەر لە

سێپتەمبەری ساڵی ١٩٦٩ پەیوەندی کرد بە ویلیامسۆنەوە و پێشنیاری پێدانی موچەیەکی بەخشندانەی بۆ کرد کە دوو ئەوەندەی مووچەکەی (هانت) بوو بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەکسیدنتاڵدا ئیش بکات، سەرەنجامیش ولیامسۆن پێشنیارەکەی هامەری قبوڵ کرد. ویلیامسۆن، هامەری بە (بێگانەیەکی) دەرەوەی کاری نەوتی -کلیمی نیویۆرکی بە پووکەش بێ ئەزموون دەزانی، بەڵام ئەمە نەبووە ڕێگری کارەکەی. حەزی لە مرۆڤی تازە دەکرد بۆ ئەوەی ئیشی لەگەڵدا بکات. لەکاتێکدا کە خاوەن نەوتی ئەزموونداترتری وەکو هانت، هەبوون لە لیبیا دەچوونە دەرەوە، کەچی هامەر ئامادە بوو ڕووبەڕووی ئەو عەرەبە تازە تووڕەیە ببێتەوە. ویلیامسۆن سەرەتا پێتاقەتی تەمەنی هامەر بوو. هامەر نزیکەی حەفتا و چەند ساڵ تەمەنی بوو ، ولیامسۆن دڵنیا نەبوو لەوەی کە بتوانێت ماوەیەکی زۆر بمێنێت. بەڵام سەیری کرد تێگەیشت کە مێشکی هامەر زۆر چالاک و تیژە، و ئەو کێشانەی کە ویلیامسۆن بیریان لێ بکاتەوە ئەو قسەی لەسەر دەکرد و چارەسەریشی بۆ دادەنان. توانایی و ئیرادەی هامەر بەتەواوی ولیامسۆنی خستبوویە ژێر کاریگەرییەوە. هامەر سووربوو لەسەر ئەوەی کە دەتوانێت ڕووبەڕووی هەموو ڕێگرێك ببێتەوە و لەدژی هەموو جۆرە کەسێك بوەستێت و هیچ ترس و باکێکیشی نیە لەو حکومەتە شۆڕشگێڕە ترسناکەی کە لە لیبیاشدا هاتوەتە سەر حوکم. بەڵام ئێستا، کاتێك کە ویلیامسۆن لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو لێکۆڵینەوە و دەرخستنی نهێنیانەیە، ترسی لێنیشتبوو کە قەزافی خەریکە نزیك دەبێتەوە لە هامەر، و ئەویش ڕێگەیەکی ئەوەندە تەسك و تەنگە بەهیچ شێوەیەك ڕێگەی دەرچوونی نیە.

هامەر، قەزافی بە (زۆر فێڵباز و زۆر زیرەك) ناو دەبات. لە بارەی لێکۆڵینەوەکەوە هیچ شتێکی لەدەست نەدەهات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەیتوانی لەو بارودۆخە ترسناکەشدا سودی دەستکەوێت. شلحی ئەو کاتە دانیشتوی جنێف بوو، لە لیبیای تازەدا هیچ دەسەڵاتی نەبوو و ئیدی بەکەڵکی هامەر نەدەهات. بەڵام ئەو ملیۆنەها دۆلارەی کە بڕیاربوو بڕواتە حسابی بانکی سویسراوە بۆ شلحی و هاوکارەکانی، زۆر بەکەڵکی هامەر دەهات. چونکە لەوانەبوو بتوانێت لە ڕێگەی ئەو هەموو پارەیەوە دیسانەوە لە حکومەتەکەی قەزافیشدا دەسەڵات پەیدا بکات.

حسابدارەکانی ئەکسیدنتال، بەتایبەتی مێن کامینز و جێمز ماردی، ماوەیەك پێشتر وتبوویان بە هامەر کە بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی (فۆرس مێجەر) لە لیبیا، مافی ئەوەی هەیە لە پێدانی پارە بە شلحی و هاوکارەکانی خۆی بپارێزێت. (٦) لەگەڵ ئەوەدا ئیدی پێویست ناکات پارە بنێرێت بۆ حسابەکەی بانکی سویسرا. هامەر وتی خۆم دەچم بۆ سویسرا و لەگەڵ ئەواندا رێك دەکەوم. لە (زوریخ) پەیامێکی کورتی نارد بۆ شلحی بەم شێوەیە: پێدانەکان دەوەستێن چونکە ئیدی شلحی دەسەڵاتی نیە هاوکاریمان بکات لە لیبیادا. پاشان وتی ئەگەر جارێکی دیکە شلحی گەیشتەوە دەسەڵات، ئەوکاتە ئەویش ڕازی دەبێت بۆ ئەوەی (لیشی لەگەڵدا بکاتەوە). شلحی بە سەرسامیێکەوە ئەو بارودۆخەی قبوڵ کرد. چونکە ناوی ئەو لەناو پێرستی ئیعدامەکانی قەزافیدا بوو، و ئاسایە کە هامەر نایەوێت ئەکسیدنتال پەیوەندی هەبێت لەگەڵیدا. بۆیە بەهیچ شێوەیەك پێی سەیر نەبوو کە هامەر پەیوەندی لەگەڵدا پچڕاند. دواتر لە قوڵای بیرکردنەوەدا وتبووی (تەنها ئەوەم چاوەڕوان دەکرد لە هامەر) (٧)

کاتێك هامەر لە سویسراوە گەڕایەوە بۆ لۆس ئەنجلس چیرۆکێکی زۆر جیاوازی لەوەی کە بینی باسکرد بۆ ماردی و کامینز. وتی شلحی ڕازیبووە ڕێژەیەکی کەمتر وەرگرێت، واتە لەسەر بنەمای بەهای پاك نەك بەهای ناپاکی نەوت، و ئەو باوەڕەی وایە کە ئەکسیدنتال بە شێوەیەکی یاسای و ئەخلاقی پێویستە لەسەر شانی ئەو پارەیە بەردەوام بڕێژێتە ناو حسابی بانکەکەی شلحیەوە لە سویسرا. (٨)

کامینز گومانی برد لەسەر ئەوەی کە چی بوو هامەر لە پڕێکدا بەو شێوەیە ئەوەندە سورە لەسەر ئەوەی کە پەچاری ئەو ڕێککەوتنە بکات. دواتر وتی (هامەر هەرگیز بێتاقەتی پیشان نەدابوو لە ژێرپێ خستنی ڕێککەوتنامەکاندا. پارێزەری زۆر گرانبەهای بۆ نەهێشتنی کێشەی لەم جۆرە گرتبوو. بەڵام ئێستا نازانم بۆچی هامەر دەیەوێت بەوەفابێت لەبەرامبەر ئەو بەڵێنەدا کە هیچ سودێکیشی بۆ نەماوە) لەگەڵ ئەوەدا کامینز دەیزانی ناکۆکی لەگەڵ خواستەکەی هامەردا واتە بێ بەش بوون لە نیشەکەی و نانبڕینی. (٩)

ئەو شتەی کە نە کامینز و نە ماردی و نە هیچکەسی دیکە لە ئەکسیدنتال نەیدەیزانی ئەوە بوو کە هامەر لە سەفەرەکەیدا بۆ سویسرا ڕێککەوتن و

پەیماننامەیەکی نهێنی لەگەڵ زینل و کونسدا بەست بوو، ڕێککەوتن و پەیماننامەیەك کە کۆنترۆڵی پارەی زیاتر دەگەیشتە دەستی ئەو.

هامەر ئەو دووانەی تێگەیاند کە جگە لە قبوڵکردنی پێشنیارەکەی ئەو هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان نیە، و لە نامەیەکدا نوسی بۆ کوینس، (ئەگەر ئەم مەسەلەیە بڕوات بۆ دادگا، دوورنیە کە هەموو شتێك بکەوێتە مەترسیەوە چونکە، ئەگەر دادگا لە ئەمریکادا ئەو ڕێککەوتنە بێ متمانە بزانێت، لەوانەیە هیچ شتێك نەگات بە ئێوە)(١٠)

کونس و زینل لە ٧ جینیوەری ساڵی ١٩٧٠ وەڵامی هامەری دایەوە: (جێگەی نیگەرانیە کە تۆ، جارێکی دیکە، بەم شێوە ناشیرینە خۆت داڕنیت لەو ڕێککەوتنەی کە پێکەوە بەستمان) (١١) بەڵام دەیانزانی کە ڕیش و مەقەستەکە بەدەستی هامەرەوەیە. و ئەگەر بیانەوێت پارەیان بگاتە دەست دەبێت ئەوان سازش بکەن لەگەڵ هامەردا.

ئیدی هیچ نەدەدرا بە شلحی، و نابێت بەهیچ شێوەیەك لە ڕێککەوتن و دانیشتنەکەی ئەمجارەدا شلحی بوونی هەبێت. پشکەکەی ئەو هەمووی لە گەنجینەدا هامەر وەری دەگرێت. پشکەکەی زینل و کونس، کە نیوەی ڕێژەی ئەو پێدانە دەمێنێت دەڕواتە ناو حسابی بانکەکەی سویسرا، وەکو هاوکاری هەر دووکیشیان لەوەو بەدوا وەکو (ڕاوێژکار) لە ئێران و وڵاتانی دیکەی بەرهەمهێنەری نەوت ئیش دەکەن[1]. ئەکسیدنتاڵ ڕێککەوتنی زۆر بەسود لەگەڵ کۆمپانیاکەی ئەواندا، بەڕێوەبەرایەتی (نامیگ) بۆ ڕاکێشانی هێڵی لولە نەوت دەبەستێت.

---

[1]ـ لە دەیەکانی ١٩٧٠ کاتێك کە لافاوی خێری داهاتی نەوت بەرز بوویەوە دەلاڵە جیهانیەکان بەرەو ئێران ڕۆیشتن، زینل زادەش گەیشتە تاران و بوو بە پشکدارێکی سەرەکی و سەرپەرشتیاری گشتی کۆمپانیای نایمگ، لەناو چالاکیەکانی دیکەش، بوو بە خاوەنکاری شایی ئێران بۆ لوولەی غازی سەرتاسەری سنورەکانی سۆڤیەتی. یەکێك لە شاکارەکانی زینل زادە لە ئێراندا (ئامادەکردنی فلیمی کاروان) بوو لەگەڵ کۆمپانیای ئەنتۆنی کوین و جنیفەر ئونیل، لە ساڵی ١٩٧٨. شەریکەکەی ئەو لەم کارەدا بریتی بوو لە (مەهدی بوشەهری) پیاوی (ئەشرف پەهلەوی) و بەشێکی گەورەی تێچوونی فلیمەکە بەڕێوەبەرایەتیە جیاوازەکانی دەوڵەتی ئێران وەکو بانکی گەشەپێدانی پیشەسازی و کانزای ئێران دابینیان کرد. (وەرگێڕ)

زیتل و کونس، پشکەکەی خۆیان، لەلایەن حسابدارەکانی ئەکسیدنتال، ئارتۆر ئەندرسۆن و شرکا، پشت ڕاستکردەوە و وتیان ئەو پارەیەی کە دەڕژێتە حسابەکەی بانکی سویسراوە دەگاتە دەستی ئەوان. حسابداران و بەڕێوەبەرانی ئەکسیدنتال هیچکامیان ئاگاداری ئەو تەزویرە نەبوون. تەنها هامەر دەیزانی کە پشکی شلحی دەڕواتە ناو سندوقی پاشەکەوتەکەی خۆیەوە.

لەم کاتەدا، قەزافی فشارەکانی زیاد کرد لەسەر ئەکسیدنتال. هەڕەشەی ڕاستەقینەی ئەو خۆماڵیکردنی نەوتەکە نەبوو، چونکە لەو کاتەدا ئەکسیدنتال دەیتوانی بڕوات بۆ دادگا و داوای ئەو زیانانە بکات کە لێیکەوتوە و هەموو ئەو پارانە وەرگرێتەوە کە بۆ ئەو پرۆژیە خەرج کراوە، بەڵکو هەڕەشەی ئەوەی لێدەکرد کە ڕێژەی بەرهەمهێنانی بەتەواوی کەم دەکاتەوە، کە مافێکی ئاسایی لیبیا بوو، تاوەکو ناوچە نەوتیەکە بپارێزرێت. هامەر هیچ چارەیەکی نەبوو جگە لەوەی کە خۆی بدات بەدەستەوە، چونکە درزێکی دیکە، داخستنی ئیمتیازەکە، ئەکسیدنتال دەخاتە چاڵێکی قوڵەوە. لە ۴ جینیوەری ساڵی ۱۹۷۰، ئەنجومەنی فەرماندەی شۆڕش فەرمانیدا بە ئەکسیدنتال ڕێژەیەکی زۆری نەوتەکە بە بڕی ٤٠٪ بەرهەمهێنانی نەوتەکەی کەم بکاتەوە. کۆمپانیاش تەنها ئەوەندە نەوتی دەر دەهێنا کە بتوانێت بەپێی ڕێککەوتنەکانی خۆی بیگەیەنێتە پاڵاوگەکانی نەوت لە ئەورووپادا.

قەزافی کەسی دووەمی خۆی لە (ئەنجومەنی فەرماندەی شۆڕش) عەقید عەبدول جلودی ڕاسپارد، بۆ ئەوەی خەریکی کارەکانی ئەکسیدنتال بێت. جلود کابرایەکی تەمەن بیست و سێ ساڵی جەستە لاوازی پڕ لە توانا، و هاوڕێیەکی زۆر نزیکی سەردەمی منداڵی قەزافی بوو، و ئێستاش سەرپەرشتیاری دەزگای هەواڵگری و پیشەسازی نەوتی وڵاتی لە ئەستۆ گرتبوو. جلود بە لێهاتویەکی تەواوەوە دەستیکرد بە شەڕکردن لەگەڵ بەڕێوەبەران و لێپرسراوانی کۆمپانیای ئەکسیدنتال، بۆ نمونە هەر کاتێك یەکێك لە کارمەندەکانی ئەو کۆمپانیایە بهاتایە بۆ ناو لیبیا لەسەر سنور فەرمانیدا بوو ڕووتوقوتیان بکەنەوە و سەرتاپا بگەڕێن پێیاندا. لە قۆناغێکدا، هامەر وتی مانەوەی (جۆرج ویلیامسۆن) لە تریپۆلی زۆر (ترسناکە)، بەڵام ویلیامسۆن وەستا، و تاڕادەیەك هەموو ڕۆژێك بەجۆرێك لە جۆرەکان ڕووبەڕووی جلود دەبوویەوە. جارجاریش نانی ئێوارانی لەگەڵدا دەخوارد. کەم کەم پەی بەوە برد کە

جلود نەتوانرێت بە چاو داگرتنێك لە مرۆڤێكی گەرم و خۆش كەیفەوە بگۆڕێت بۆ پیاوێكی توند و تووڕە، و دووبارەش بەهەمان خێرایش، بگەڕێتەوە بۆ هەڵسوكەوتەكەی دواتری. (١٢)

لە سەرەتایی جێنیوەری، جلود ویلیامسۆنی ئاگادار كردەوە كە لەمانگی ئاوت ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتەكە ١٠٪ كەم بكاتەوە و لە یەكی دیسەمبەریش، واتە لە ڕۆژی یادی شۆڕشدا، كە جلود ئەو ڕۆژەی بە ڕۆژی تۆڵە سەندنەوە ناوبرد، ئیمتیازەكانی ئەكسیدنتال لەوە دەچوو بەرەو خۆماڵیكردن دەڕۆیشت.

هامەر لە لۆس ئەنجلس بوو كاتێك ویلیامسۆن هەواڵی پێدا و مەسەلەكەی بۆ باسكرد. ئارام و لەسەرخۆ، گوایە دەیەوێت لەبارەی داخستنی ئاینەدەی خۆیەوە گفتوگۆ دەكات، وردەكاریەكانی بەرنامەكەی باسكرد. دواتر، بەشێوەیەك كە ویلیامسۆنی توشی سەرسوڕمان كرد،خاڵی لاوازی و بەهێزی جلودی بەدرێژی لێپرسی. تەنانەت باسی شێوەی خواردنیشی كرد، لەبارەی مەیخواردن و ژنەوە. كاتێك هەموو قسەكانی ویلیامسۆنی بیست، وتی (بڵێ بە جلود، من دەمەوێت بێم بۆ لیبیا).

هامەر، پێش ئەوەی بڕوات بۆ لیبیا، دەستی بە مانۆڕی كۆتایی كرد. ڕۆیشت بۆ بینینی (كینس جیمسۆن) سەرۆكی گشتی كۆمپانیای (ئیسۆ)، لە نیویۆرك. جیمسۆن، هامەری بە كەسێكی هەڵخەڵەتێنەر و هەلپەرست دەزانی، هامەری خۆپەرست دەیویست بەهۆی ئەو پێگە دێرینەی كە جیمسۆن هەیەتی بەرژەوەندیەكانی خۆی بپارێزێت. چەند مانگێك پێش ئەوە، هامەر لە ئێران ویستبووی ڕێگە لە كۆمپانیای كارتێل حەوت خوشكەكان بگرێت. ڕۆیشتبوو بۆ تاران و معاملەیەكی باشتری لە كارتێل خستبوویە بەردەم (شا) دوە. (١٣) شا پێشنیارەكەی ئەوی قبوڵ نەكرد بەڵام كێشمەكێشمەكانی شا و كارتێل بەهێزتر بوو.

ئێستا هامەر داوای هاوكاری دەكات لە (ئیسۆ). وتی بە جیمسۆن قەزافی فشار دروست دەكات بۆ ئەكسیدنتال بۆ ئەوەی ڕێژەیەكی زۆری لە ڕادەبەدەری نەوتی لیبیا بگرێتە دەست خۆی. پاشان وتی ئەو لەبەرامبەر ئەو خواستانەی زۆر سورە، بەڵام ئەكسیدنتال (لە جێبەجێكردنی ئەركەكانی خۆی بۆ گۆڕینی ئەوت ڕوویەڕووی دژواری زۆر جدی بووەتەوە). پرسی ئایا ئیسۆ ئامادەیە لە ئیمتیازی خۆی لە

عەرەبستانی سعودیە نەوتی لەدەستچوونی ئەکسیدنتال لە لیبیا، بە نرخێکی تەواو، بداتە ئەکسیدنتال. هامەر خەریکبوو وا قسەی دەکرد ئەگەر ئیسۆ ئەو کارە نەکات، ئەو ناچار دەبێت تەسلیمی قەزافی دەبێت، و ئەمەش دەبێتە ڕێگە خۆشکەرێك بۆ ئەوەی ئەم کارەی قەزافی ببێتە مۆدێلێك بۆ هەموو ولأتانی عەرەب تاوەکو بیر لە خۆماڵیکردنی نەوت و کەمکردنەوەی ئیمتیازی کۆمپانیاکان بکەنەوە.

جیمسۆن پیاوێکی زۆر خۆپارێز بوو، زۆر بەڕێزانە گوێی بۆ قسەکانی هامەر گرت، بەڵام ئامادە نەبوو بەهیچ شێوەیەك هاوکاری بکات بۆیە هامەری بێتاقەت کرد. کەمێك دواتر، لەهەمان مانگدا، جیمسۆن هامەری ئاگادار کردەوە ئەگەر هامەر نەوتی لە ئیسۆ دەوێت، دەبێت نرخی بازار بدات. ئێستا هامەر بۆی ڕوون بوویەوە کە ئەو دوژمنە دۆستی نیە. حەوت خوشکەکە ناتوانێت بگاتە فریای ئەکسیدنتال. (١٤)

مەسەلەکە بۆ هامەر تەنها پارە نەبوو، ئەو تەنها لە سەدا ڕێژەیەکی کەمی ئەکسیدنتال موڵکی ئەو بوو، ناوبانگی ئەو وەکو سەرمایەدارێکی زۆر بەهێز، کە لەماوەی دە ساڵی ڕابردوودا بە پشتی ئەو ناوە ئەوشتانەی بەدەست هێنا بوو، ئێستا هەمووی لە مەترسیدا بوو. ناوبانگی ئەو پێش هەمووشتێك لە ئەنجامی دۆزینەوەی ئەو نەوتە زۆرەی لیبیاوە پەرەی سەندبوو، خەیاڵی نەبوو بهێڵێت هەموو شتێك لە ڕۆژی تۆڵەسەندنەوە و پاداشتی قەزافیدا بڕوات بە هەوادا. لە لیبیاش دەبوو وەکو ڕوسیا، بە هاوکاری، نەك بە ناکۆکی، لەسەر ئەو کەسانەی کە لەسەر دەسەلأتن، سەرکەوێت بەسەر کێشەکانیدا. جلود کلیلی چارەسەری کارەکە بوو.

هامەر لە ٢٥ ئاوت، هەفتەیەك پێش ڕۆژی جەژا، بە فڕۆکە شەخسیەکەی خۆی ڕۆیشت بۆ تریپۆلی. ویلیامسۆن لە فڕۆکەخانەدا تاك و تەنیا چاوەڕوانی دەکرد. لە ڕێگەی شار، هامەر لەناو ئۆتۆمبیلە گەورە مارسیدزە بێنزەکەی ویلیامسۆن، سەری سوڕما لەو هەموو سەیتەرەی ناو شار، بەتایبەتی کە سەربازە چەکدارەکان تاوێك ناتاوێك بەردەمی سەیارەکەیان دەگرت. شارەکە وەکو ئوردوگایەکی سەربازی لێهات بوو، خەڵکی مەدەنی لەسەر جادەکاندا زۆر بەکەمی دەبینرا. جلود لە کۆشکی سەرۆك کۆماری چاوەڕوانی ئەوی دەکرد، و دەمانچەیەکی تۆپلی حەوت فیشەکی دابوو لە خۆی. (١٥)

جلود بەبێ پێشەکی ڕۆیشتە ناو باسەکەوە. بابەتەکەی ئەو زۆر دیار و ڕوون بوو: لیبیا دەبێت پشکێکی زیاتر لە هەر بەرمیلە نەوتێکی هەنارەی ئەکسیدنتال بەدەست بهێنێت و لەبارەی ئەو نەوتەشی کە پێش شۆڕش ئەکسیدنتال ناردویەتی دەبێت ئێستا زیادەکەی بگەڕێنێتەوە.

ئەڵبەتە هامەر بێ ئاگا نەبوو لەم داواکاریانە هەمووی ویلیامسۆن پێی وتبوو. بەڵام زۆر کەوتە ژێر کاریگەریەوە کاتێك جلودی بینی بە چ ئیراد و متمانەیەکەوە ئەو داواکاریانە دەکات. جلود زۆر بیرتیژ بوو، و شێوەیەکی پڕ لە هەیبەتی هەبوو. هامەر خۆشی دەهات لە شێوەی کارەکەی. ویلیامسۆن، کە لەگەڵ زۆربەی دانیشتنەکانی هامەردا بوو، وتی، (زۆر حەزم دەکرد بتوانم ئەو دابمەزرێنم) (١٦)

هامەر هەموو ڕۆژێك پێش دانیشتنەکان بە فڕۆکە گالف ئیستریمەکەی خۆی لە تریپۆلیەوە دەڕۆیشت بۆ پاریس. ڕێگاکە نزیکەی سێ کاتژمێر بوو، بۆیە حەزی دەکرد دوای ئەو دانیشتنانە هەموو جارێك بگەڕێتەوە بۆ پاریس بۆ ئەوەی لە هۆتێلی ئارام و خۆشی (ریتس)دا شەوەکانی بەئارامی بەسەر بەرێت. پاشان بەرەبەیان دەگەڕایەوە بۆ تریپۆلی، بە شەوق و زەوقێکی پڕ لە توانایەوە. (١٧)

ژمارەیەك لە سەرۆکە بەرزەکانی ئەکسیدنتال داوایان لە هامەر کرد بوو ئاگادار بێت و بەهێز بێت لەکاتی گفتوگۆ و ڕێککەوتننامەکەدا، تەنانەت هامەر ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە بە کۆتایهاتنی کارەکانیان بەدەرهێنانی نەوت لە لیبیادا تەواو بوایە لەڕێگەی دادگاشەوە، هێشتا ئەو بیرکردنەوەیەکی دیکە لە مێشکیدا بوو: دەیویست سود لەو زیانانە وەرگرێت کە دەکەوێتە ئەکسدینتال. ویستی جلود تێبگەیەنێت کە پشتیەستنی ئەکسیدنتال تەنها بە نەوتی لیبیایە و بۆیە کۆمپانیاکەی ئەو هاوپەیمانێکی باشترە بۆ لیبیا تاوەکو حەوت خوشکەکە، و چونکە مانەوەی ئەکسدینتال لە دریژخایەندا لە سودی لیبیادایە. لە زۆرێك لە خاڵە دیارەکاندا، خواستەکانی جلودی قبوڵ کرد. پێش گەیشتنی یەکی دیسەمبەری ساڵی ١٩٧٠، ڕێککەوتنێکی ئیمزا کردبوو کە سود و شێوەی ئەو ڕێککەوتنە وەکو هیچکام لە ڕێککەوتنەکانی دیکەی کۆمپانیا نەوتیەکانی ڕۆژئاوا نەبوو. لەوە بەدواوە لیبیا ٥٥٪ داهاتی ئەو نەوتەی ئەکسیدنتال وەر دەگرێت، و لەوەش گرنگتر، لە ئایندەدا ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە نرخ لەسەر نەوتەکە دابنێت. کاتێك ئەکسیدنتال بەو مەرجە ڕازی بوو، داوا لە کۆمپانیاکانی دیکەی نەوت لە لیبیا وەك کۆمپانیای حەوت خوشکەکە

کرا پەیڕەوی هەمان ڕێککەوتنامەی ئەکسیدنتال بکەن. ئەگەر نەکەن بەشەکەیان خۆماڵی دەکرێت. سێ هەفتە زیاتر درێژەی نەکێشا، هەموویان ڕازیبوون. هامەر بەو ڕێککەوتنە سادەیە دەسەڵاتی کۆتایی وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوتی لەسەر نەوتەکەی خۆی بەرسمی ناسی، و جیۆپۆلەتیکی نەوتی بۆ هەمیشە گۆڕی.

ڕێککەوتننامەکان، لەوە بەدوا، لە پۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یەك لەدوایی یەك هەڵوەشێنرانەوە. تەنها لەبەر ئەوەی کە کۆمپانیا نەوتیەکان ئەو مەرجانەی لیبیایان قبوڵ کرد، ئێران، عێراق، عەرەبستانی سعودیە، و وڵاتەکانی دیکەی کەنداوی عەرەب، هەموویان فشاریان هێنا بۆ کۆمپانیاکان. شای ئێران، بۆنموونە داوایی دابەشکردنی قازانجی یەکسان و زیاتریشی کرد لە کۆمپانیاکان. بۆیە هەموو ئەو کۆمپانیایانەی کە خاوەنی ئیمتیاز و بەدەستهێنانی نەوت بوون و بەتایبەتی کۆمپانیای حەوت خوشکەکەی لە ئێران ناچار بوون ملکەچی ئەو داواکاریە بن. لەماوەی چەند مانگێکدا، دەستبەسەراگرتنی نەوت و کۆنترۆڵکردنێکی سەیری چاوەڕوان نەکراو ڕوویدا، دەسەڵاتی کاری نەوتی لە کارتیلی حەوت خوشکەکە گوازرایەوە بۆ وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت. ئەم وڵاتانە دواتر کارەکانی خۆیان لەڕێگەی ڕێکخراوێك کە پێشتر لە (ڤێنا) دایان مەزراند، ئیشوکاری نەوتیەکانی خۆیان ڕێکدەخست، ئەو ڕێکخراوەش (ئۆپێك) بوو. کە هەموو کارەکان لەڕێگەی ئۆپێکەوە ڕێکدەخران. وەکو ئەوەی کە یەکێك لە بەڕێوەبەرەکانی نەوت دەڵێت، (پیشەسازی نەوت بەو شێوەیەی کە ئێمە دەماننناسی بوونی نەماوە) (١٨)

عەقید جلود، کە بەرپرسی دەزگای نهێنی لیبیاش بوو، بۆ دڵنیایی بەردەوامی هاوکاریەکانی هامەر، کەوتە بیری بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی دیکە لە هامەر لەو کاتە پڕ لە هەراوهوریایەدا: جلود لێکۆڵەرێکی لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٧٠، کە لێکۆڵیارێکی گەنج بوو بەناوی (ساسی الحاج) لە فەرەنسا خوێندبووی، ناردی بۆ نیویۆرك تاوەکو لێکۆڵینەوە بکات لەبارەی ڕۆڵی هامەرەوە لە پێدانی بەرتیل بو بەرپرسانی پێشووی لیبیا.

هامەر ناچاربوو ملکەچی ئەو لێپرسینەوەیە ببێت. بۆیە لە نوسینگەی وەکالەتەکەی خۆی لەگەڵ وەرگێڕێك کە ناوی (حەکیم بورشان) بوو ڕۆیشتن بۆ بینینی ساسی. ساسی دەستپێکردنی بەڵگەکانی خۆی لەبارەی بەرتیلدانی هامەر بۆ بەرپرسەکانی لیبیا یەك بەیەك ژماردی، و هامەریش لەسەرخۆ هەمووی بیست بەبێ

ئەوەی هیچ خۆی تێکبدات. هامەر نەک هەر لە لیبیادا لەگەڵ شلیحدا دەستی تێکەڵ کرد بوو بەڵکو لەگەڵ کۆمەڵێک بەرپرسی دیکەدا دەستی تێکەڵ کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ساسی ڕێژە و کاتە وردەکانی پێدانی پارەی بۆ حسابی بانکەکانی سویسرای زۆر بەوردی خستە بەردەم هامەر، کە لەوانەیە لە کاتی لێکۆڵینەکەی عەزیزی براکەی شلحیدا دەست کەوتبێتن. (١٩)

ساسی هامەری دڵنیا کردەوە کە مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوە دادگایکردنی ئەو یان بڵاوکردنەوەی ئەو زانیاریانە نیە بۆ بەردەم خەڵکی گشتی. بەبێ وەستان وتی بە هامەر (ئەنجومەنی فەرماندەی شۆڕش) لە لیبیا گەیشتوەتە ئەو دەرەئەنجامەی کە بەردەوامی ئەو معامەلەیە لەگەڵ ئەمریکیەکاندا لە بەرژەوەندیی لیبیادا نیە، بەتایبەتی ئەگەر ئەوانە حەز بکەن هاوکاری ئەو لێکۆڵینەوانە بکەن. بۆ نیشاندانی ئەو هاوکاریەش، داواکرا لە هامەر ڕێککەوتنێک ئیمزا بکات کە دەیوت ئەکسیدنتال ئیمتیازەکانی خۆی لە ڕێگەیەکی نامەشروعەوە بەدەستهێناوە. ئەگەر ئیمزای بکات، ساسی بەڵێنیدا ئیدی هیچ هەنگاوێک لەو بوارەدا نەنێت.

هامەر سەیری کرد لەناو کونێکدایە و گیری خواردوە. ئەگەر پێشنیارەکە قبوڵ نەکات، بە ناهاوکار حساب دەکرێت، و بەو شێوەیەی کە لێکۆڵیار وتی، لێکۆڵینەوەکە دەخرێتە بەردەم خەڵکی گشتی یەوە. لەوانەشە دەستبگیرێت بەسەر ئیمتیازەکانی ئەکسیدینتالدا. و ئەگەریش بەو شێوەیە نەبێت، هامەر هەموو دەستکەوتەکانی خۆی، بۆ نمونە وەکو ناوبانگیەکەی، لەدەست دەدات. لەلایەکی دیکەشەوە، ئەگەر ڕێککەوتنەکە ئیمزا بکات، لە ئاییندەدا بیانوێکی باش دەکەوێتە دەست قەزافی بۆ داخستنی کۆمپانیاکەیان.

نە ڕێگەی چوونە پیشەوەی هەیە و نەڕێگەی گەڕانەوە. بەناچاری بەڵگەنامەکەی ئیمزا کرد. پێش ئەوەش سۆڤیەتیەکان شمشێرێکیان لەسەر سەری هامەر دانابوو. ئێستاش ئەو قومارە دەکات، چونکە لەبەرژەوەندی هامەردا نیە قەزافی نابوی بەرێت. بەهەرحاڵ، هامەر چ لەکاتی ئیمزاکردنی بەڵگەنامەکاندا بزانێت یان نەزانێت، ستراتیژی قەزافی بۆ وەرگرتنی تەواوەتی ئیمتیازی نەوتی لە ڕۆژئاوایەکان، تاوەکو ڕادەیەکی زۆر پشتی بەستووبوو بە پاراستنی ئەکسیدینتال لە یاریەکەدا.

سیاسەتی هاوکاری هامەر دەرەئەنجامێکی ڕەزامەندانەی لێکەوتەوە. تەنها ئەکسیدنتال بوو کە دوای پانزە ساڵ لە لیبیادا سودمەند بوو لە نەوتی لیبیا، هەرچەندە لە ساڵی ١٩٧٣ ٥١٪ نەوتەکەی خۆماڵی کرا و هەروەها ڕێژەی ١٣٦ میلۆن

دۆلار لە قەزافی غەرامەیان وەرگرت. ئەکسیدنتال تەنیا کۆمپانیایەك بوو لە لیبیا، ئەو پارانەی کە کۆمپانیا قەرزاری لیبیا بوو حسابی نەکرد (٢٠) هامەر دواتر لە ژیاننامەکەی خۆیدا دەنوسێت کە سەرۆکی کۆمپانیاکانی دیکەی نەوتی بەرزوری هێرشیان دەکردە سەر ڕۆڵی ئەو لە لیبیادا. وەڵامی ئەو بۆ ئەو کەسە بچوکانە ئەوە بووکە: (من بەردەوام بووم و پێداگیریم کرد، بەڵام ئەوان لەناوچوون). (٢١)

ئەو ڕۆژانەی کە هامەر خەریك بوو لەگەڵ قەزافیدا ڕێك بکەوێت، عومەر شلحی لە هەولداندا بوو بۆ دەستبەسەراگرتنی وڵات. ئەخشەی هێرشکردنەسەر تریپولی لەسەردا بوو و سەربازێکی زۆری شەرکەری بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە دامەزراند. بەڵام دەزگای نهێنی لیبیا لە ساڵی ١٩٧٤ ئاگادار بوو و دژی ئەو کودەتایەی شلحی وەستایەوە.

* * *

لە ساڵەکانی سەرەتایی دەیەکانی ١٩٧٠، جیمز ئەنگلتۆن و کارمەندەکانی لە بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی ڕەش دا پێشکەوتنەکانی هامەریان لە لیبیادا زۆر بەوردی چاودێری دەکرد. لەم کاتەدا، قەزافی پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ بلۆکی سۆڤیەتدا بە شاراوەی پەرەپێدا بوو، ڕاوێژکارە ئەڵمانیە ڕۆژهەڵاتیەکان ڕاهێنانیان بە دەزگا ئاسایشیەکانی قەزافی دەکرد و ڕێکەوتنامە و پەیمانی نهێنیان لەبارەی گواستنەوەی چەکەوە دەبەست، و دەزگای هەواڵگری ئەمریکاش زیاتر و زیاتر پەیوەندیەکانی لیبیای دەخستە ژێر چاودێریەوە. بەشێکی سەرەکی هەواڵگریەکان بەهۆی ئەلیکترۆنی و چاودێرە هەستیارەکانی ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەی ئەمریکاوە بەدەست دەهات، و پاشان دەخرانە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی ڕەشەوە.

هەرچەندە ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەی نەیدەتوانی نهێنی وشەکانی تەلەگرافی سیاسی ئاڵوگۆڕی نێوان مۆسکۆ و تریپولی تێبگات، بەڵام دەیزانی و دەیتوانی کەمی و زۆری پەیوەندیە هەواڵگریەکان تێبگات. کاتێك کارمەندەکانی ئەنگلتۆن دەستیان کرد بە شیکارکردنی زانیاریەکان، ڕووبەڕووی کۆمەڵێك شت بوونەوە کە باسیان لە هاتووچۆی هامەر دەکرد. لە ساڵەکانی ١٩٧٠ و ١٩٧٢، ڕێك پێش سەفەرەکانی هامەر بۆ تریپولی، لە پڕێکدا پەیوەندی نهێنی شاراوەی هەواڵگری مۆسکۆ زیاد دەبوو لەگەڵ سەفارەتەکەیاندا لە تریپولی، و دوای ڕۆیشتنی هامەر بۆ لیبیا، پاشان لە پەیوەندی قسەکردنی هەواڵگری کەم دەبوویەوە. ئەم شێوەیە لە بارەی سەردانی سەرۆکەکانی دیکەی نەوتی بۆ تریپولی ڕاست نەبوو. ئەم جۆش و خرۆشە لە بارەی هامەرەوە تۆ

بڵێیت کارێکی ڕێککەوت بێت؟ ئەنگلتۆن کەوتە بیری ئەوەی لەوانەیە سۆڤیەتیەکان پەیوەندیان هەبێت لەگەڵ ڕێککەوتنامەکەی هامەرەوە؟

کارمەندەکانی ئەنگلتۆن دەزگای بیستنی سەماعە ئاشکراکانی ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەی، واتە قسەی تەلەفۆنی هامەر و بەڕێوەبەرەکانی دیکەی ئەکسیدنتالیان لەگەڵ نوێنەری کۆمپانیاکەیان لە لیبیا، لێکدایەوە. بینیان لە ساڵی ١٩٧١ بەدواوە، هامەر وادیارە هاوئاهەنگی لەگەڵ کۆمپانیا نەوتیەکانی جیهان دەکات و ئاگاداری ستراتیژی ئەوانەیە. بەڵام لێکۆڵەرەوەکانی ڕەش کەوتنە سەر ئەوخاڵەی کە بەڕێوەبەرانی ئەکسیدنتال، بەلایەنی کەمەوە هەموو ڕۆژێک لە گفتوگۆ تەلەفۆنیەکانیاندا، ستراتیژی یەکەی کۆمپانیا نەوتیەکانیان بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ لیبیا، بەتەواوی و بە ئاشکرا بۆ کارمەندەکانی خۆیان لەو وڵاتەدا باس دەکرد. دەزگای سیخوڕی سۆڤیەتی دەیتوانی گوێ بۆ ئەو گفتوگۆیانە بگرێت، ئەگەری ئەوەشی هەبوو گوێی بۆ بگرتایە، و پاشان لەوانەبوو ئەو زانیاریەی بخستایەتە بەردەم لیبیایەوە. بەهەر حاڵ، لیبیەکان، چەندین جار، توانیان کارەکانی کۆمپانیای نەوتی بە سەرکەوتووی پێشبینی بکەن.

لەبەر ئەوە ئەنگلتۆن، پێی سەیر نەبوو کە هامەر تەسلیمی قەزافی بووە، ڕازیبووە بە خۆماڵیکردنی نیوەی نەوتی کۆمپانیاکەی ئەکسیدنتال، و هەر ئەم کارەش بوو کە زیادبوونی بەهای نەوتی لە سەرتاسەری جیهاندا دروستکرد.



هامەر لەگەڵ شازادە چارلزی بەریتانیا

وەرزی نۆزدەیەم

هونەری بـــەرتیلـــــدان

لـە ١٨ی نۆڤەمبـەری سـاڵی ١٩٦٩، دوو مـانگ دوای دەسـەلاّت گرتنە دەسـتی قـەزافی لـە لیبیـادا، و لەکاتێکـدا کـە ئەکـسیدێنتاڵ هێـشتا سـەرگەرمی ڕادەی خـۆ گونجاندنـدا بـوو بـۆ جێبـەجێکردنی کارەکانی، هامـەر هەوڵیـدا ئیمتیـازی دیکـە لـە کەنداوی عەرەبیدا بەدەست بهێنێت، و هۆکاری ئەو بۆ گەیشتن بە ئەو مەبەستە زۆر سادە و ساکار بوو ئەویش تەنها: پارە بوو.

هامـەر لـە ژوورە گەورەکـەی خـۆی لـە هـۆتێلی کلاریـج لـە لەنـدن بـە جامتایـەك کـە نزیکـەی ٢١٧ هـەزار دۆلاری تێـدا بـوو هاتـە دەرەوە، و بەدرێـژایی ڕێـڕەوی هۆتێلەکـە ڕۆیشت و خۆی کرد بە ژوورێکی خۆشتر لەوەی خۆیدا، پارەکەیدا بە شێخ (سولتان المعلا) وەزیری نەوتی میرنشینی بچوکی (ام القوین). شێخ سوڵتان کوڕی ئەمیر ام القوین بـوو و بـۆ کەسێکی وەکو هامـەر کـە دەیویـست بـۆ ئـەو میرنـشینە خـەریکی کاروکاسبی بێت زۆر گرنگ بوو. ٢١٧ هەزار دۆلارە ناوبراوەکە بەشێکی نەقدی ئەو پارەیە بوو کە نزیکەی ١/٧ ملیۆن دۆلار بوو کە هامەر قبوڵی کرد بوو بیدات لەبری ئـەو ئیمتیـازەی کـە وەری دەگرێـت بـۆ هەڵکەنـدنی نـەوت لـە ئاوەکـانی کـەناری میرنشینەکە. ئەم ئیمتیازە پێشتر درابوو بە کۆمپانیای (مکام ئویل)ی ئەکساسی. ملیۆنێك پارەی زیاتر دەڕۆیشتە گیرفانی ئەو کۆمپانیایەوە، تەنیا ٤٥٤ هەزار دۆلاری دەڕۆیشتەوە بۆ خەزێنەی حکومەتی میرنشینەکە. ئەم، لەهەر حاڵەتێکدا، کۆی گشتی بەهای معامەلەکە نەبوو. هامەر دەبوو، لە ڕێگەی (پاتنشیا ئەنستالت)، وەقفی هامەر لە لیختن ئەشتاین، ٢٠٠ هەزاری دیکە بخاتە سەر حسابەکەی شێخ سوڵتان لە بانکی

سویسرا. ئەو پێدان و مامەڵە نهێنیانەی دیکەی هامەر لە ڕێگەی حسابەکەی لیخت ئەشتاینەوە دەدران. لەبەرئەوە یاسای نهێنی ئەو وڵاتە ئەوەندە توند بوو تەنانەت لێهاتووترین حسابدارەکانی ئەکسیدێنتاڵ زۆر دژوار بوو بتوانن پەی بەو حاسبە بەرن.(١)

ئەم پێدانە ژێر بەژێرەی هامەر بۆ ئەو بەرپرسە دەوڵەتیە کارێکی بێ پێشینە نەبوو. لێکۆڵینەوەی دەستەی بەڕێوەبردنی کارمەندانی ئەکسیدێنتاڵ لە ساڵی ١٩٧٨، لە وەڵامی شکاتەکانی پشکدارەکان لە دادگادا، دەرکەوت کە هامەر، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٩ تاوەکو ساڵی ١٩٧٥، خۆی ڕاستەوخۆ یان لەڕێگەی واستەکانەوە، بە ژمارەیەك لە کارمەندەکانی دەوڵەت لە چوارده وڵاتی جیاواز لە ئەفریقا، ئاسیا و ئەمریکای لاتین پێدانی ژێر بەژێری دابوو. لێکۆڵەرەوەکان، سەرەڕایی ئەوەی کە پێدانی ئاشکرایان دۆزیەوە، سەیریان کرد هەشت ملیۆن و حەوت سەد هەزار دۆلاریش وەکو مافی کارکردنی گومانی لە ڕێگەی حسابە بێ ناوەکانی بانکی لە سویسرا و لە ناوچەکانی دیکەی ناوەندی ئازادی بانکی دراوە بە خەڵکانی بێگانە. دەرخستنی ئەو هەموو پارەیە لە ناو یاسای بانکەکاندا کارێکی قورس و مەحاڵ بوو.(٢)

تاوەکو ساڵی ١٩٧٧، کاتێك ئەنجومەن دەنگی لەسەر پرۆژە (یاسای کاری گەندەڵی دەرەکی) دەرکرد، بەرتیلدان بە کارمەندە حکومیەکانی دەرەوەی وڵاتی ئەمریکا بە تاوان حساب نەدەکرا. بەڵام تاڕادەیەك هەمیشە لە وڵاتی وەرگردا بەرتیلدان تاوان بوو. لەوە بەدوا، ئەگەر کۆمپانیایەکی نەوتی ئیمتیازێکی لە ڕێگەی نایاساییەوە بەدەست بهێنایە، ئەم ئیمتیازە دەبوو بەبێ پێدانی هەر جۆرە پێشینەیەکی غەرامەوە هەڵبوەشێتەوە، و ئەو کۆمپانیایەش بەشێوەیەکی یاسای نەیدەتوانی داد بەرێت بۆ هیچ شوێنێك، ئەمە مەسەلەیەك بوو لیبیا لەکاتی خۆماڵیکردنی ئیمتیازەکانی ڕۆژئاوایەکان بە شێوەیەکی بەرچاو جێبەجێی کرد. هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکان، پشکدارەکانی دەخستە بەردەم زەرەرێکی زۆر گەورەوە، لەگەڵ ئەوەدا، تەنانەت پێش دەرکردنی پرۆژە (یاسای کاری گەندەڵی دەرەکی) کۆمپانیا پشکدارەکان بە شێوەیەکی یاسایی بەرپرس بوون لە بەرتیلدان و کارەکانی دیکەی نایاسای خۆیان لەدەرەوە، چونکە کاریگەرێکی تەواوی دەکردە سەر

بارودۆخی دارایی کۆمپانیاکە بۆیە، دەبوو پشکدارەکان ئاگادار بکرێنەوە. شاردنەوە و دەرخستنی ئەم جۆرە زانیاریانە بە تۆمەتی تەزویری کاغەزی بەهادار حسابی بۆ دەکرا و ئەرکی پشکدارەکان بوو بەهەموو شێوەیەك داوای یاسایی خۆیان تۆمار بکەن، (وەکو ئەوەی کە لە ئەکسیدینتال ڕوویدا). بەکورتی، ئەگەر بەرتیلدان ماوەیەك دەرنەکەوێت، هەر ڕۆژێك دەبێت دەربکەوێت.

لەگەڵ هەموو ئەمەدا هامەر هیچ ترسی ئەبوو لەوەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان دەرکەوێت یان گومانی بکەوێتە سەر، چونکە لە ساڵی ١٩٧١، وتیووی بەیەکێك لەو کەسانەی کە پارەکەی دەگەیاندە دەست کەسە مەبەستدارەکان: (پارە زمانی هەیە)[1]. هامەر سەرزەنشتی ڕقەبەرە گەورەکانی خۆی لە کۆمپانیاکانی دیکەدا دەکات و ئەوانە بە هەندێك (شێتی گەورەی ماجستێری بواری کاروباری ئیداری) ناو دەبات کە ناچارن کارەکانی خۆیان بە دەنگدانی (کۆمیتە تایبەتیەکانی دەستەی بەڕێوەبردنەکانیان) و (حسابدارەکانیان) بکەمیەنن. (٣) ئەوانە هیچ ورە و توانایەکیان ئەبوو بۆ ئەوەی ئابڕوی خۆیان بخەنە ناو مەترسیەوە و لە بازاڕی دەسەڵات گرتنە دەستدا دەست بکەن بە کێ بەرکێ، بەتایبەتی کاتێك لە دەیەکانی ١٩٦٠ کۆمپانیاکانی ئەوانە ئەوەندە ئەوتیان هەبوو کە نەیاندەتوانی بە قازانج لە بازارەکانی جیهاندا بفرۆشن. هامەر گرفتاری ئەم جۆرە قەید و بەندانە ئەبوو. نمایشەکەی ئەو تاك نەفەری بوو. بەبێ وتەی سەرۆکی کاروباری دارایی ئەو سەردەمەی ئەکسیدنتال، هامەر هەموو ڕێگریە داراییەکانی سەر ڕێگەکەی لادەبرد و بەشێوەیەك گاڵتە بە پرسیارەکانی حسابدارەکان دەکرد وەکو بڵێت ئەوانە (مێشی نیزعاجن). (٤) ئەو سەرۆکانەی کە گوێیان بۆ فەرمانەکانی ئەدەگرت بەبێ دواکەوتن دەری دەکردن، و بەڕێوەبەرەکانی ئەکسیدنتال وەکو لاستیکێك رایدەکێشان و خاوی دەکردنەوە بۆ بەڕێوەبردنی

---

[1] - هامەر لە نوسینگەکەی ئیشەکەیدا لە ماڵەوە میکرۆفۆنی شاراوەی هەبوو، گفتوگۆکەی خۆی لەگەڵ ئەو واسیتەیەدا لە بارەی بەرتیلەکەی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٧١ بە شاراوەی تۆمار کردوە. ئەمە یەکێکە لەو شریتانەی کە هامەر لەماوەی هەژدە ساڵدا بەشاراوەی لە پێگە جۆراوجۆرەکاندا تۆماری دەکردن و ئێستا هەموو ئەو شریتانە لەبەردەستی ئێمەدان. ئەو بە ڕووکەش دیاربوو هیچ شتێکی لەبارەی ئەو شریتانەوە نەوتوە بە هاوکارە بازرگانەکانی خۆی. مەبەستی ئەو لەو کارەدا تاوەکو ئێستاش ڕوون نیە. (دانەر)

کارەکانی خۆی، و لەبیرمان نەچێت وەکو ئەوەی کە پێشتر باسمان کرد یەك بەیەکی ئە بەڕێوەبەرانەی بانگ کردبوو بۆلای خۆی و پابەندنامەی دەستلەکارکێشانەوەی بێ مێژووی پێ ئیمزا کردبوون. کاتێك دەیویست معاملەیەکی سەر بگرێت، تەنانەت پێویستی بەوە نەدەکرد ئاگادارەی دەستەی بەڕێوە بردنیش بکاتەوە. دەیتوانی بەبێ ئیجازە، یان تەنانەت بەبێ ئاگادارى سەرۆکەکانی کۆمپانیا سود لە گەنجینەی پارەی نەقدی کۆمپانیا وەرگرێت. کەمتر بەڕێوەبەرێك، بەلایەنی کەمەوە لە کۆمپانیای پشکدارە گشتیەکان، توانایی پێدانی بەرتیلی هەبوو بەو ڕێژەیەی کە هامەر ئەنجامی دەدا.

توانایی کرداری بەرتیلدان وەکو بڵێیت هەستی دەسەڵاتی شەخصی و توانایی هامەری پەرە پێدەدا. (سێر جۆهان فاستەر) یەکێك لە بەتیزترین ڕاوێژکارەکانی مەلەکەی بەریتانیا کە لەو سەردەمەدا ڕاوێژکاری هامەر بوو لە ناو ڕێککەوتن و بەستنی پەیماننامەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و دواتریش بوو (بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەکسیدنتال) دەڵێت: (هامەر لە گوێنەدان و سەرکەشیەکانی خۆی چێژی وەردەگرت. زۆر حەزی دەکرد بە جامتای پڕ لە دۆلارەوە خۆی بکات بە ژوری هۆتێلەکاندا و یەك بەیەك ئەو کەسانە ببینێت کە بەڵێنی لەگەڵدا دانابوون، و حەزی دەکرد کاتێك جامتا پارەکە دەکاتەوە خۆشی ناوچاوی ئەو کەسانە ببینێت. ئەو کاتانە چێژی زیاتر وەردەگرت کاتێك هەندێك توشی لەرزین دەبوون. حەزی دەکرد خەڵکی بکەونە داوی پارەکەیەوە) (٥)

هامەر لەوحەیەکی هەڵواسیبوو لە نوسینگەکەیدا لەسەری نوسرابوو: (ئەوانەی کە ئاڵتونیان هەیە بڕیارەکان دادەڕێژن). کاتێك پارەکان بەردەمی کەسەکانیان دەگرت و دەیبینی ئەو کەسانە بەو پارەیە کار دەکەن و جگە لەم ڕێگەیە هیچ کەس کاری نەدەکرد، ئیدی دەیتوانی لەو ڕێگەیەوە هەموو ئەوشتەی کە حەزی لێدەکرد بەدەستی بهێنێت. هامەر دەیتوانی ئەو کەسەی کە بەرتیلەکە وەردەگرێت بیخاتە ژێر فەرمانەکانی خۆیەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو پێدانە هەموو جۆرە یاسایەکی دەوڵەتی یان یاسایەکی ئیداری و کۆمپانیای بخستایەتە ژێر پێیەوە. ئەم حاڵەتە دەبووە هۆی ئەوەی زیاتر بەرتیل وەرگرەکانی بەرەو گەندەڵی دەبرد و باشتر کارەکان بەڕێوە دەچوون، لەبەرامبەر خواستەکانی هامەردا باشتر چۆکیان دادەدا.

* * *

بەرتیلدان بەشێکە لە پێویستی ئامادەکاری سەرەتایی کارێك بۆ ئەوەی مەترسی لەدەستدانی کارێك تاوەکو ڕادەیەکی زۆر لاواز بێت بۆیە مەرجەکانی بەرتیلدان دەبێت ڕەچاو بکرێت کە بەکورتی ئەمانەن.

یەکەم، بەرتیل دەر دەبێت ڕێژەیەك پارەی باشی دەست بەدەست کەوێ، و گوێنەدەری لەبەردەستدا بێت. دووەم، پێویستی بە واسیتەیەکی باش هەیە تاوەکو بکەوێتە میانجیکەری نێوان ئەو و کەسی بەرتیل وەرگرەوە. سێ یەم، دەبێت چیرۆکێك دروست بکرێت بۆ ئەوەی شەرعیەت بدرێت بەو پارە پێدانە. دیار بوو هامەر ئەم ڕێسایانەی زۆر بە باشی پەیڕەو دەکرد.

شێوەی پارە دەستاو دەستپێکردن و گەیاندنی، دەیان ساڵ پێشتر لە ڕوسیادا فێری بوو بوو. هامەر لەدەیەکانی ١٩٦٠ بە لێهاتووی خۆی پارەیەکی زۆری لەدەرەوەی حساباتەکان بەدەستهێنا و ئەم پارانە دەسەڵاتی ڕەهای دروستکرد بۆ هامەر بۆ ئەوەی بەردەوام لەڕێگەی ئەم پارانەوە ڕێڕەوی پەیدالکردنی پارە بەدەست بهێنێت. لە هەندێك شوێندا، کۆمپانیای ساختەی لە دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان، دوور لە دەسەڵاتی یاساوە پێکدەهێنا، کە هیچ پەیوەندی بە ئەکسیدنتالەوە نەبوو و بۆیە لە ڕێگەی ئەم دامەزراوە ناشەرعیانەوە هەمیشە دەکەوتە دەرەوە دەستپێڕاگەیشتنی حسابدارەکانی کۆمپانیاوە. بۆ سود پێکەیاندنی ئەم کۆمپانیا ساختەیە، بەوتەی خۆیی سەربەخۆیە، داوای لە کۆماپنیا فەرعیەکانی ئەکسیدنتال دەکرد بەشێوەیەکی دروستکراو نەوت بە نرخێکی هەرزانتر بفرۆشن بەو کۆمپانیایە و دیسانەوە لێی بکڕینەوە. ئەو قازانجەی کە لەڕێگەی ئەو معاملەیە ساختەکاریەوە دەست ئەو کۆمپانیایە دەکەوت، هەمووی دەبوو بەسەرمایەکی باشی سەربەخۆی بۆ جێبەجێکردنی کارە سەرەکیەکانی دیکەی هامەر.

بۆنمونە، سەیرکە بزانە هامەر بە چ ڕێگەیەکی ئاسان لە مانگی مەی ساڵی ١٩٦٨ کۆمپانیایەکی دروستکرد بەناوی (ئۆتاگ)، بە تێچوونی کەمتر لە هەزار دۆلار، داوای لە وەکیلەکەی کرد ئەم کۆمپانیایە لە سویسرا دروست بکات. سەدان دامەزراوە لەم شێوەیە هەموو هەفتەیەك لە سویسرا تۆمار دەکران؛ زۆرێکیان بەناوێکی ئەڵەم و بەختەکی هەڵبژێردرابوون، لەبەر ئەوە زیادکردنی کۆمپانیایەکی دیکە لەناو ئەم

کۆمەڵەیەدا گومانی تێدا نیە بەهیچ شێوەیەك نەدەبوویە جێگەی سەرنج. هامەر ماوەیەك دواتر موڵکیەتی ئۆتاگی گواستەوە بۆ کۆمپانیایەکی ساختەی دیکە بەناوی (لەویل فیندل) کە لە لوکزەمبوٚرگ دروستکرابوو و بەڕەسمی پەیوەست بوو بە وەکیلێکی (لوکزەمبۆرگیەوە). (ئۆتاگ) لە کۆمپانیایەکی فەرعی ئەکسیدنتال لە ئەورووپا نەوتی بە نرخی ١٪ ژێر نرخی بازار دەکڕی و دواتر ڕاستەوخۆ ئەو نەوتەی بەنرخی بازار دەفرۆشتەوە بە کۆمپانیاکانی دیکەی بەلجیکی، ئەوانەی کە پێشتر لەلای ئەکسیدنتال نەوتیان کڕی بوو، و بەم شێوەیە پارەی دەست دەکەوت. ئەم مامەلانە دەکەوتنە سەر کاغەز، هیچ نەوتێك تەحویل نەدەبوو بۆ (ئۆتاگ)، ئەم کۆمپانیایە تەنها پارەی لە ڕێگەی پێدانی کارگە بەلجیکیەکانەوە وەردەگرت، ١٪ جیاوازی بەهاکەی بۆ خۆی وەردەگرت، ئەوی دیکەشی دەناردەوە بۆ ئەکسیدنتال. حسابدارەکانی ئەکسیدنتال هیچ بەڵگەیەکیان نەبوو بۆ ئەوەی توشی گومان ببن چونکە نرخی کەمتری (ئۆتاگ) دەیتوانی حسابەکە ڕاست بکاتەوە و حسابەکە بێ گومان بکات. بەم ڕێگەیە، سەدان هەزار دۆلاری لە ئەکسیدنتالی لە ڕێگەی (ئۆتاگ)ەوە خستە ناوگیرفانی خۆیەوە. (ئۆتاگ) دوای پێدانی باجەکانی بە سویسرا بۆ ئەو مامەلانە، پاشماوەی پارەکەی دەناردەوە بۆ خاوەنە ئەسڵیەکەی بۆ (لوێل فیندل) لە لوکزەمبورگ و ئەم کۆمپانیایەش، پارەکانی دەگواستەوە بۆ ئەو حسابە بانکیانەی کە لەبەردەستی هامەردا بوون. هامەریش ڕاستەوخۆ لەو حسابانە پارەی نقدی رادەکێشاو دەیبردنەوە بۆ لۆس ئەنجلس و لە سندوقە پارێزراوەکەی لە بانکی سیتی نەشنال، کە جێگری بەڕێوەبردنی کارەکانی بە کرێی گرتبوو، دایدەنا. (٦)

لەسەر بنەمای قسەکانی (مێن کامینز)، سەرۆکی کاروباری دارای ئەکسیدنتال، هامەر فێڵ و تەڵەکەبازی زۆر زیاتر ئاڵۆزتری هەبووە لە (ئۆتاگ)، و لەو ڕێگایانەوە پارەی گەنجینەکانی ئەکسیدنتال و کۆمانپا فەرعیەکانی ئەو کۆمپانیایەی دەخستە سەر حسابە جۆراوجۆرەکانی لە وڵاتەکاندا بەبێ ئەوەی حسابدارەکانی ئەکسیدنتال ئاگادارین. کامینز دەڵێت: (هامەر هەرچی پارەی بویستایە لەبەردەستیدا بوو). (٧)

بۆ نمونە، لە پایزی ساڵی ١٩٧١، هامەر شتێکی وت کامینز لە سەرسوڕماندا خەریك بوو شاخ دەربهێنێت، پێی وت پارەی لادراوی داوە بە عەقید جلود و بەرپرسەکانی دیکەی دەوڵەتی قەزافی. کامینز دەڵێت ئەم مەسەلەیەی ئەوەندە بە

ئاسانی و ئاسایی باسکرد، کە گوایە لە بارەی مەسەلەیەکی زۆر سادەوە قسە دەکات، و کامینزی دڵنیا کردەوە کە ئەو پارەیەی کە داویەتی بەو کەسانە هیچ کەس ناتوانێت بیکاتە موڵکی ئەکسیدنتال. کامینز لە سەرچاوەی ئەو پارە گوماناویە کە دابووی بە دەوروبەرەکەی قەزافی بێ ئاگا بوو. دواتر تێگەیشت کە هامەر ڕێگەیەکی پەیدا کردوە بۆ ئەوەی ئەو پارەیەی کە بڕیار بوو بچێتە حسابەکەی شلحیەوە هەمووی ڕۆیشتوەتە حسابەکەی خۆیەوە. (٨)

هامەر لەپەیداکردنی واسیتەی پێویست بۆ پێدانی بەرتیل هیچ کێشەیەکی نەبوو. لەو حاڵەتەدا کە خۆی بە بەشێك لە ڕژێمی ئەمریکی ئەحزانی، زۆر پەیوەست بوو بەو کەسانەی کە هیچ حسابێکیان بۆ ڕێسا و یاسای بازرگانی نەدەکرد و هەموو فێڵ و تەڵەکەبازێکیان ئەنجامدەدا بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان. ئەو کەسانە بەزۆری مامەڵەچی گەڕیدە، و بەزۆری چەند نەتەوەیی، و بەچەند جەواز سەفەرێکەوە، حسابی بانکی لە سویسرا، و کۆمپانیای تایبەتی ساختە لە لخست ئەشتاین، مۆناکۆ، لیبریا یان لەو شوێنانەی کە بێ ناو پارێزراو بوون، هەبوون. چالاکی ئەسڵی ئەم کۆمەڵیە گەڕان بوو بەشوێن پەیوەندیە پڕ لە ئاڵۆزیەکان لەگەڵ بەرپرسە دەوڵەتیەکانی ئەو وڵاتانەی کە تازە لە گەشەکردندا بوون. ئەم پەیوەندیانە، بە زۆری، لە ڕێگە گوماناویەکان و لێڵەکاندا دروست دەبوو. هامەر دوانزە واسیتەی لەم جۆرە کەسانەی هەبوو و پەیوەندێکی زۆر بەهێزی هەبوو لەگەڵیاندا. ئەمانە تەنها ڕاپۆرتیان بەو نەدەدا، لە ڕاستیدا کارمەندانی تایبەتی ئەو بوون، بەشێوەیەك خۆپارێز و نهێنیان هەبوو کە لە ساڵی ١٩٦٩ کاتێك دووان لەو کەسانە توشی یەکتر دەبن، هیچکامیان بەوەی تری نەوتبوو کار بۆ هامەر دەکەم. (٩) ئەوانە بۆ هەرشوێنێك کە هامەر بیویستایە دەسەڵات پەیدا بکات دەڕۆیشتن بۆ نمونە بۆ (ڤەنزویلا، نێجیریا، کامیرۆن، ئەنگۆلا، ئەرژەنتین، مەکسیك، گواتمالایا، ئێران یان پیرۆ). هەرچەندە هەموویان وەکو کونس و زینل لە لیبیا، خۆیان بە ڕاوێژکار ناو دەبرد، بەڵام ئەمانە لەڕاستیدا داینەمۆی جوڵەی ئەو سیستەمە نهێنیە بوو کە هامەر پەیڕەوی دەکرد بۆ وەرگرتن و دەست بە دەست پێکردنی پارەکانی ئەکسیدنتال و پێدانیان بە بەرپرسە ناوچەییەکان بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی زیاتر بۆ ئەکسیدینتال. ئەم واسیتانە هیچ جۆرە پەیوەندێکی کرداریەن بە زەویناسی، ئەندازیارەکان، حەفارەکان، و کارمەندە دیارەکانی

شارەزایانی ئەوتی ئەکسیدنتالەوە نەبوو، چونکە لە ئاستێکی دیکەدا دەگەڕان بۆ نەوت. تەنانەت کارمەندە پایە بەرزەکانی ئەکسیدنتال لە وابەستەی یان، وەکو بڵێیت لە بوونی ئەمانە هیچ ئاگادارێك و گومانێکیان نەدەبرد. هامەر ڕێکخستنی ئەم ڕژێمە دوولایەنەی بەجۆرێك دابوو کە تەنها خۆی وێنای ڕاستەقینەی چالاکیەکانی هەبوو. گومانی تێدانیە، ئەم دوو لایەنە هەردووکیان تەواوکەری یەکتربوون و لەڕێگەی کارە یاسـایەکانەوە دەیتـوانی هـەموو کـارە زێـر بـەرژێرەکانی ئەنجامبـدات و کـارە ساختەکاریەکانی بەڕێوە بەرێت.

لەوانەیـە زۆر کـەس هـەرگیز نـەتوانێت فـشاری کـرداری هاوکـاتی دوو چـالاکی ئاشکرا و نهێنی قبوڵ بکات، بەڵام هامەر هەرگیز کێشەی نەبوو لە جێبەجێکردنی ئەم پلانانـەدا. تەنانـەت کـاتێکیش منـداڵ بوو، ئـەوەی کـە دەبـوو لـەبارەی سیاسـەتەکانی شۆرشگێڕی باوکیـەوە بیڵێت بە بێگانـەکان و ئـەوەی کـە دەبێـت بیـشارێتەوە، زۆر بـە باشی جیای دەکردەوە. لە ڕوسیا، کە دوو کەسیەتی جۆراو جۆری هەبوو، یەکێکیان بازرگـانێکی ئـەمریکی زۆر دەوڵەمەنـد و ئـەوی دیکـەیان هـەواڵگرێکی زانیـاری سـۆڤیەتی، کـە ڕاسـتەوخۆ کـاری بـۆ جۆرێـك لـە پێویـستێکی مانـەوە دەکـرد. و لـەم ڕێگەیەوە ئەوەندە لێهاتووی پەیدا کرد کە توانی تەنانەت خێزانی شاراوەیشی هـەبێت لـە پـاڵ خێزانـی ئاشـکرایدا، بۆیـە بـەردەوام دوو دیـوی کـارکردنی هـەبوو کـە ئـەو کارکردنانەی تەواوکەری یـەکتری بوون، و ئەمەش بووبوویە بەشێك لە تایبەتمەندی ژیـانی هامـەر، واتـە لەیـەك کاتـدا دووکـەس بـوو: هامـەرێکی ئاشـکرا و هامـەرێکی شاراوە.

لە هەمانکاتدا واسیتەکان تۆڕێکی نهێنی هامەر بوون. ئەگەر کارێك لە وڵاتێکی بێگانـەدا بـە هەڵـە ڕوویبدایـە و دەزگـا دەوڵەتیـەکان شـتێکیان دەربخستایە و یان بیانزانایە یەکێك لە کارمەندەکانی دەیەوێت بەرتیل بدات، هامەر دەیتوانی لەو کاتەدا بڵێت ئەو کەسەی تەنها وەکو ڕاوێژکارێك گرتوە و هەرگیز ئەو ڕێگەیەی پێنەداوە کە بـەرتیل و سـاختەکاری بکـات. مادامـەکی ئـەم دیـوارە نادیـارە وەکـو پارێزەرێـك بمێنێتـەوە، ئـەویش هەمیشە لـە تۆڵـە سـەندنەوەی حکومەتـەکان دەپارێزرێـت، وەکو ئەوەی کە لەدەیەکانی ١٩٧٠ لە ڤەنزەویلا شتێکی لەو شێوەیە ڕوویدا.

هامەر حەزی دەکرد لە ناوچەی دەریاچەی ماراکایبۆ لە فەنزویلا ئیمتیازێک بەدەست بهێنێت. (ئیمۆ و حەوت خوشکەکە)ش تاوەکو ئەوکاتە فەنزەویلایان بە ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دەزانی. ئێستا، وەزارەتی نەوتی ئەو وڵاتە مزایدەی ئیمتیازەکانی بەرەو ڕووی کۆمپانیا نەوتیە سەربەخۆکان کردوەتەوە، نەک لەبەر پێویستی ئەو کارەی کە سەرکەوتنێکی بۆ ئەوانە هەبێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە دەیانویست فشار دروست بکەن بۆ (حەوت خوشکەکە) تاوەکو بەرهەمهێنانی خۆیان زیاد بکەن. هامەر تێگەیشت کە لەم هەلومەرجەدا بۆ دەستکەوتنی ئەو ئیمتیازە) پێویستی بە کەسانێک دەبێت کە لەناو ئەو وەزارەتەدان. معامەلەچێکی خەڵکی ئارکەنزاسی بەناوی (جۆن ئەسکیۆ) کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد پەنج و پەنا و کاروکاسپی لە فەنزویلا زۆر بەباشی دەزانێت، وەکو کارمەندێک لای خۆی دایمەزراند. ڕێککەوتن و دانیشتنێکی باشی لەگەڵ بەحساب ئەو ڕاوێژکارەیدا کرد، ئەسکیۆ کۆمپانیایەکی ساختەی بەناوی (نورک ئەنتەرنەشنال) ی لە (باهاما) هەبوو، هامەر لەڕێگەی حسابی بانکی سویسراوە سێ ملیۆن دۆلاری گواستەوە بۆ ئەو کۆمپانیایە. ئەسکیۆ چەندین جار ئەم پارەی لە ڕێگەی بانکێک لە پەنەما دەست بەدەست پێکرد، و پاشان وەکو نوێنەرێك لەلایەن هامەرەوە دەستی گەیشتە هەندێك لە بەرپرسە فەنزوێلایەکان. بە سەرکەوتنی ئیشەکە ئەسکیۆ ١٪ قازانجی هامەری لە نەوتی فەنزویلای وەردەگرت، لەگەڵ ئەوەدا هیچ جۆرە گومانێك لەبارەی ڕۆڵی خۆیەوە دیار نەبوو. دواتر خۆی بە (فەرمانبەر و کارگوزار) ناو برد.

بۆ خۆلادان لە بەدناوی خۆی لەکارکردندا لەگەڵ کۆمپانیا نەوتیە بیانیەکان، و فەنزەویلا بڵاوی کردەوە کە ئیمتیازە تازەکان هەموو بەشێوەی (ڕێککەوتنامەی خزمەت) لەگەڵ کۆمپانیای نەتەوەی نەوتی ئەو وڵاتە دەبێت. کۆمپانیای بیانی لەکاتی دۆزینەوە و هەڵکەندنی بەرهەمهێنانی نەوت، ٩٠٪ نەوتی بەدەستهاتوو بۆ خۆی وەردەگرێت و لەگەڵ ئەوەدا ٥٢٪ باجەکان لەسەر داهاتی بەرهەمی داهاتوو و هەروەها ١٦/٦٧٪ داهاتەکە وەکو ئیمتیاز دەدرێت بە دەوڵەتەکە. لێکۆڵینەوە کرابوو کە ناوچەی لەبەرچاو نزیکەی سێ ملیارد بەرمیلە نەوتی تێدایە

بە هاتنە سەر حوکمی قەزافی لە لیبیادا هامەر زۆر بە سەختی کەوتبوویە ناو کێشەوە، پشکێکی لەو نەوتە دەویست و هیچ قسەیەکی نەبوو کە سێ ملیۆن دۆلار

ژێر بەزۆر بدات و ڕێککەوتنی خزمەتی سێ ئیمتیاز لە پێنج ئیمتیاز بەدەست بهێنێت. براوەکانی مزیادەکردنەکە لە یەکی دیسەمبەری ساڵی ۱۹۷۰ بلاوکرانەوە، بەڵام لە پایزی ساڵی ۱۹۷۱ کێشەیەك هاتە پێشەوە کە دەیتوانی معامەلەکە تێکبدات بەسەر یەکدا. کۆمیسیۆن ئیمتیازی نەوتی فەنزەویلا لە دواهەمین ساتدا بە پێشنیاری هامەر، کە دەیویست بەشی لیبریایی ئەو، (کۆمپانیای سەرتاسەری جیهانی ئەکسیدنتال) ڕێککەوتنامەی خزمەت ئیمزا بکات، ناکۆکی لێکەوتەوە. کۆمیسیۆن سوور بوو لەسەر ئەوەی کە هامەر بۆ ئەم مەبەستە دەبێت فەرعێك لە ئەکسیدنتال لە فەنزەویلا دابمەزرێنێت. هامەر نەیدەتوانی ئەمە قبوڵ بکات هەروەها، بەوشێوەیەی کە بۆ (ئەسکیو) ڕوونی کردەوە، یەکەی لیبریا سەرچاوەی سەرەکی ئیستراتیژی ئەوە تاوەکو داهاتە نەوتیەکانی دەرەوە بۆ ئەکسیدنتال بپارێزێت، چونکە نەیدەویست ئەمانە بکاتە ڕاپۆرت بۆ ئیدارەی باج و دەرامەتی ئەمریکا یان بیخاتە بەردەم هەڵسەنگێنەرانی بەرپرسانی کاروبارەکان لە ئەمریکادا. هامەر دەترسا دامەزراندنی ئەو بەشە لە فەنزەویلا زیان بدات لەو ستراتیژیە.

چەند ڕۆژێك زیاتری نەمابوو بۆ ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەی خزمەتەکە. هامەر ئیسکۆی بانگهێشت کرد بۆماڵەکەی خۆی لە لۆس ئەنجلس و بەشاراوەی گفتوگۆکەی نێوان خۆی و ئیسکۆ تۆمار دەکات. دەنگی هامەر لەسەر شریتەکە دەبیسترێت کە دەڵێت ئیسکیو دەبێت بە فڕۆکە بگەڕێتەوە بۆ فەنزەویلا و (لە پشتی شانۆوە) لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی فەنزەویلا ڕێك بکەوێت و ڕەزامەندی ئەوانە لەبارەی فەرعی لیبریاوە بەدەست بهێنێت. ئیسکیو گومانی هەیە کە ئەوانە ڕازیبن، و هامەریش هەڵدەچێت و دەڵێت (تۆ لەگەڵ وەزیر قسەت کرد، یان نەتکرد؟ ئەو پارەمان لێ وەردەگرێت یان وەرناگرێت؟ ... کەواتە، کابرا بۆ شتێك ناکەیت؟) پاشان دەڵێت (لەوانەیە ئەو پارەیەی کە دەیدەیت بە وەزیر کەم بێت) گفتوگۆکە درێژە دەکێشێت و هامەر خوازیاری ئەوە دەبێت کە باروددۆخەکە هەڵبسەنگێنن و بزانن، بەو شێوەیەی کە لە شریتەکەدا هاتووە، کوێ ئەو سێ ملیۆن دۆلارە بە چی خەرج کراوە و دراوە. دەپرسێت (کێ چی وەردەگرێت؟)

ئسکیۆ پێدانەکان یەك بەیەك باس دەکات. هەموو بۆ پەیداکردنی کارەکەیە بە دەوڵەتی (رافائل کالدرا) ڕێبەری حیزبی (copel) کە لەم دوایە بوو بە سەرۆك کۆمار

(و له ساڵی ١٩٩٦ دووباره بوویەوه بەسەرۆك كۆمار). ئسكیۆ ڕوونی دەكاتەوه كه ٥٠٠ هەزار دۆلاری پارەی نەقدی داوه بەهەندێك له بەرپرسەكانی (copei)، و پێنج سەد هەزار دۆلاری دیكه داوه به بەرپرسەكانی وەزارەتی كانزا و هایدرۆكاربۆن، و یەك ملیۆن دۆلاری داوه به (پیدرۆ تینوكۆ) خاوەن بانكی بەهێز كه سەرەتا بوو به وەزیری دارایی و دواتر بوو به سەرۆكی بانكی ناوەندی. هامەر ئەم بەرتیلانه لەلای خۆی حساب دەكات، و دەڵێت (ئەمه بوو به دوو ملیۆن، ئەو ملیۆنەكه چی لێهات؟) و ئسكیۆ دەخاته ژێر فشارەوه بۆ ئەوەی حسابەكەی تری بۆ بكات. ئسكیۆ نزیكەی ٧٥٠ هەزار دۆلاری دیكەی بۆ حساب دەكات كه داویەتی بەم و بەو، وەكو ٥٠ هەزار دۆلار بەو كارمەندانەی كه بەشەكانی پێشنیارەكانی كۆمپانیا نەوتیەكانیان له ژێر دەستدایه، (چاره كه ملیۆنێكی دیكەی بۆ پشكدارەكانی دیكه. حەز دەكەیت بڕۆ بۆ لای كالدرا)، هامەر، له كۆتایی قسەكانیاندا له شریتەكەدا دەردەكەوێت كه بەتەواوی زاڵ بووه بەسەر بارودۆخەكەدا، چونكه تەنانەت هەموو بەشەكان بەوردی باس دەكات و نەخشەكانی داهاتووش بەوردی دادەڕێژێت. داوا له ئسكیۆ دەكات بڕواته لای ئەو كەسەی كه زۆر خاوەن بڕیاره لەو وەزارەتەدا و بڵێت، (ئێمه هیچ قسەمان نیه ٢٥٠ هەزاری دیكه دەخەینه سەرمایەكه) و پێداگیری دەكات لەسەر ئەوەی، ئەگەر پێویست بێت، ڕێژەكه بكه به ٥٠٠ هەزار دۆلار. ئسكیۆ حاڵی دەكات دەبێت ئەو كەسه بڕوات بۆ لای سەرۆك (كالدرا) و كێشەكه لەناو خۆیاندا چارەسەر بكەن (١٠) لەم دنیا شاراوەیەدا پێدانه بێ حسابه ژێر بەژێرەكان، هامەر هیچ هۆكارێكی نەبوو تێبگات و بزانێت چەنده لەو سێ ملیۆنه كه خراوەته حسابەكەی كۆمپانای ئسكیۆ له (باهاما) له ڕاستیدا گەیشتووەته دەست ئەو كەسانەی كه لەبەرچاو گیراون له فەنزەویلادا. كۆمپانیایی ساختەی (ئسكیو) پارەكانی دابوو به كۆمەڵێك حسابی بێ ناو له پەنەما و دواتر به پارەی نەقد وەرگیرا بوو. ئیدی لەوه بەدوا شوێن پێی پارەكان ون دەبێت. بەهەر حاڵ، هەركەسێك كه پارەكانی وەرگرت، ئەكسیدنتاڵ سێ ڕێككەوتنامەی بەهێز و بەنرخ كه هامەر بەشوێنیەوه بوو، بەدەست هێنا.

بەڵام پێش ئەوەی ئەكسیدنتاڵ سود لەم نەوته وەرگرێت، له فەنزەویلا سەرۆك كۆمارێكی تازه هاته سەر حوكم بەناوی (ئەندرس پرێز)، و ئەو له ساڵی ١٩٧٤ هەموو ڕێككەوتنەكانی نەوتەكانی خۆماڵی كرد. دەوڵەتی فەنزەویلاش هەموو ئەو زیانانەی

بژاردەوە بەو کۆمپانیا دەرەکیانەی کە لەو ڕێگەیەوە ئیمتیازەکانیان بەدەست هێنا بوو، و بەڵام هیچی نەدا بە ئەکسیدنتال و بەڵگەی ئەوەی هێنایەوە کە ئەم کۆمپانیایە ڕێککەوتنەکانی خۆی بەشێوەیەکی نایاسایی ئەنجامداوە و لەڕێگەی بەرتیلدان و پارە بەخشینەوە ئەو ئیمتیازانەی وەرگرتوە. لێکۆڵەرەوەکانی دەوڵەت دواتر چەند پێدانێکی ئسکیۆ یان دۆزیەوە، و چەکێکی بانکیان لە تەلەفزیۆن پیشاندا کە ئسکیۆ لە ناو دەفتەری چەکەکەی باوکی یەکێك لە کارمەندی سەر بە وەزارەتی کانزا و هایدرۆکاربۆن نوسی بووی، بەڵام نەیانتوانی هیچ بەڵگە و شاهیدێك بخەنەروو کە کارمەندانی دەوڵەتی فەنزەوێلا لە ئسکیۆ پارەی وەرگرتوە، لەگەڵ ئەوەدا سەرکەوتوو نەبوون لە دۆزینەوەی پەیوەندی دروستکردنی بەرتیلدانی ئەمکیۆ لەگەڵ هامەردا (ئەوانە ئاگاداری ئەو شریتانە نەبوو کە تۆمار کرابوون لەنێوان ئەو دوو کەسەدا لەبارەی پێدانی ئەو بەرتیلانەوە. شریتەکان تاوەکو مردنی هامەر لەلایی خۆی مانەوە) لەگەڵ ئەوەشدا هامەر ئەو مەسەلانەی هەموو بەدرۆ خستەوە کە بانگەشەی ئەوەی کردبێت باسی پێدانی بەرتیلی دەکات. هامەر دانی بەوەدانا کە سێ ملیۆن دۆلاری داوە بە کۆمپانیاکەی ئسکیۆ بەڵام وتی ئەم پێدانە هەموو لە ڕێگەی معامەلەیەکی مەشروعەوە بووە بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی ڕێککەوتنامەکە بووە. هامەر بانگەشەی ئەوەی کرد ئەگەر ئەو پارەیە لەلایەن ئسکیۆ وە درابێت بەکەسێك وەکو بەرتیل، بەبێ ئاگاداری ئەو بووە. هامەر تەنانەت وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای قەناعەت پێکرد کە ڕۆڵم لە کۆمپانیاکەی ئەو کراوە لە فەنزەوێلا، و سەفارەتی ئەمریکا لە (کاراکاس) لە بەرژەوەندی هامەردا بەجۆرێك لە جۆرەکان دەستی خستە ناو مەسەلەکەوە.

دیسانەوە کارە شاراوەکانی هامەر لێرەشدا پارێزران. لەگەڵ ئەوەی کە ئسکیۆ لە ساڵی ١٩٧٦ دەستگیرکرا و بێ گومان بوو کە کەسانێك هەیە لە دەوڵەتی فەنزەوێلادا پارەیان لەو وەرگرتوە، بەڵام دیسانەوە هیچکەس نەیدەتوانی بیسەلمێنێت کە هامەر لەم مەسەلەیەدا دەستی هەبوە. لە ساڵی ١٩٨٩، دوای دە ساڵ لە کێشمەکێشی یاسایی، دادگای بەرزی فەنزەوێلا فەرمانیدا بە دەوڵەت ٤٢/٢ ملیۆن دۆلار وەکو قەرەبووکردنەوە بدات بە ئەکسیدنتال لە بەرامبەر ئەو ڕێککەوتنە نەوتیەی کە بڕیار بوو بدرێت بەو کۆمپانیایە و بەڵام خۆماڵی کرا لەلایەن دەوڵەتەوە.

* * *

هامەر بۆ چالاکیە شاراوەکانی خۆی هەمیشە چیرۆکی پەردەپۆشکردنی زیندوو و ئامادەی هەبوو. ئەم چیرۆکانە پێویست نەبوو لە هەموو شوێنێك باوەڕیان پێبکرێت یان هەوو ئەڕوات بەناویاندا، تەنها مەبەستی ئەوە بوو کەمێك ناوەکە لێڵ بکا و مەسەلەکان تێکبدات بەسەر یەکدا تاوەکو ئەو بەرپرسانەی کە بەشوێن دۆزینەوە و دەرخستنی گەندەڵیەکانەوە بوون نەتوانن پەی بەرن بە مەسەلەکان و لەگەڵ ئەوەدا بەڵگەیەکی دیکەیان بەدەستەوە بێت بۆ ڕازیکردنی بەرپرسەکان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چیرۆکانە قەڵفانێکی زۆرگرنگ بوون بۆ ئەو کارمەندە بەرتیل وەرگرانەی کە ئیمتیازەکانیان دەبەخشی. هامەر بەزۆری بەشێوەیەك کارەکانی ڕێکدەخست کە لەکاتی بەدەستهێنانی کارەکان بۆ دەرەنجامی ئەو کارە حاڵەتێکی دروست دەکرد کە کارمەندەکانی سەرەوە بەشێوەیەك پەیان دەبرد کە ئەو و کۆمپانیاکەی بەڕاستی لەڕێگەیەکی زۆر مرۆڤ دۆستانەوە کارەکان ئەنجامدەدەن. زۆر زوو لە ژیانی تایبەتی خۆیدا بۆی دەرکەوت کە ئەم ڕێگایانە زۆر کاریگەرە. کاتێك یەکەمجار گەڕایەوە لە ڕوسیادا، ئەو چیرۆکەی دروستکرد کە گوایە لنین کەوتوەتە ژێر کاریگەری ئەوەوە بۆ ئەو وشکە ساڵی و برسیەتیەی کە ڕوسیای گرتوەتەوە و هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ڕازیبوو بەوەی کە ئیمتیازی پەموە کێویەکەی پێ ببەخشێت. هەر ئەم جۆرە قسانە بوو کە هێنری فۆردی قەناعەت پێکرد کە بێتە پێشەوە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵیدا بۆ ئەنجامدانی کارەکانی لە ڕوسیا، لەگەڵ ئەوەدا هامەر سات بەسات بۆی دەردەکەوت و ئەو قەناعەتەی لەلای دروست دەبوو کە دروستکردنی چیرۆکی مرۆڤ دۆستانە و هێنانەوەی بەڵگەی بێ سەروبەری سۆزداریانە کاریگەرێکی لە ڕادە بەدەری هەیە بۆ پێکانی ئامانجەکانی و بەدەستهێنانی ئەو مەبەستانەی کە بەشوێنیەوە بوو کە تەنها خۆی لە پارە دا دەبینیەوە.

لە دەیەکانی ١٩٦٠، هەرکاتێك هامەر دەڕۆیشت بۆ وڵاتە دواکەوتوەکان بەتایبەتی ئەوانەی کە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی وەکو نەوتیان هەبوو، سیناتۆرە گرنگەکانی وەکو ئەلگوری ڕادەسپارد بۆ ئەوەی پێش ئەوەی ئەو بڕوات بۆ ئەو وڵاتە تەلەگراف بکەن بۆ سەفارەتی ئەمریکا، بۆ ئەوەی لەڕێگەی سەفارەتەوە بتوانێت چاوی بکەوێت بە کارمەندە پایەبەرزەکانی ئەو وڵاتە، و پاشان بە کۆمپانیا گەورەکان

و دواتریش کۆنفراسێکی ڕۆژنامەنوسی ببەستێت. لەم دانیشتنانەدا، باسی لە ئەگەری توانایی ئەکسیدنتال دەکرد لە چارەسەرکردنی کۆمەڵێك لەو کێشانەی کە ئەو وڵاتانە هەیان بوو: بۆ نموونە ئەکسیدنتال دەتوانێت کارگەی کودی کیمیاوی دروست بکات بۆ ئەوەی یارمەتی سەرچاوەی کشتوکاڵی بدات و بتوانێت کێشەی کەم خۆراکی لەناو بەرێت، یان دەتوانێت بڕی گەورەی ئاو لێبدات و چارەسەری کەم ئاوی بکات، و یان دەتوانێت دوامەمین دۆزینەوەی دەرمانە کشتوکاڵییەکان بخاتە بەردەست ئەو وڵاتە بۆ ئەوەی بتوانن لەڕێگەی ئەو داهێنەرە تازانەوە هەموو ئەو حەشەرات و میکرۆبەی کشتوکاڵ لەناو بەرن و لەو ڕێگەیەوە گەشە بە بەرهەمی خۆیان بدەن. لە چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکاندا هەمیشە وەکو پزیشك خۆی دەناساند، بۆ ئەوەی خەڵکی بزانێت لەگەڵ ئەوەی کە ئەو کاسبێکە، دکتۆرێکی گەورەشە. بەهەرحاڵ، بەڵێنە مرۆڤ دۆستانەکانی زۆر بە کەمی لە چوار چێوەی قسە دەرچوون (جگە لە هەڵکەندنی بیرە ئاوەکەی بیابانی الکفرەی لیبیا)، بەڵام ئەم بەڵێن و قسانە پێشەکییەکی باش بوون بۆ ڕێگە خۆشکردن و دروستکردنی معامەلەکانی ئەو.

سەرکەوتنی هامەر لە پشت پەردەی کارە مرۆڤ دۆستانەکانی خۆی لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە ئەو لەڕاستیدا دەمامکێکی دیکەی دەکردە دەموچاوی کە بەڕاستی ئەو دەمامکە بۆ ئەو مانایەکی تایبەتی هەبوو. لەڕاستیدا هامەر دەیویست هەمووکەس ئەو بە دکتۆر هامەر و مرۆڤ دۆست بناسن.

* * *

لەگەڵ ئەوەی کە هامەر لە هونەری بەرتیلداندا گەیشتبووە پلەی پسپۆڕی، بەڵام بەرتیلەکانی هەموو ئیمتیازی نەوتی سودمەندیان نەبوو. بۆ نموونە لە نێجریا، ئەکسیدنتال ئیمتیازی بەدەست هێنا کە بەهۆی هەوڵدانەکانی واستەکانی هامەرەوە بوو لە پێدانی پارە بە بڕی دوو ملیۆن دۆلار بە (مۆنت کارلۆ، سالوادەر ئامۆن). بەڵام ئیمتیازەکە نەگەیشتە نەوت، و ئاموون ناچاربوو بە وەرگرتنی ١٢٧ هەزار دۆلار قەناعەت بکات. (١١) لە کەنداوی عەرەب، لەگەڵ ئەوەی کە ئیمتیازی ئەکسیدنتال لە کەناری (ام القوین) گەیشتە نەوت، ئیمتیازەکە بەهۆی ناکۆکی سنوری میرنشینێکی دیکەوە، کە ئێران پشتیوانی لێ دەکرد، کێشەی تێکەوت و چارەیەکی نەبوو جگە لە بەجێهێشتنی. ئەم جۆرە شکستانە، بەهەرحاڵ، بەشێك بوون لە یارییەکە. ئەو ئیمتیازە

سەرکەوتوانەی کە هامەر بەدەستی دەهێنان، بۆ نموونە گەنجی پڕ لە نیعمەتی لیبیا، ئەکسیدنتاڵ تاوەکو نیوەی ساڵی ١٩٧٠ کردە کۆمپانیایەکی پڕ لە داهاتی زۆر گرنگ. ئەو نەوتەی کە ڕۆیشت، و ئەو پارەیەی کە بەدەست هات، بوو بە هۆکارێکی باش بۆ هامەر تاوەکو ئەو ئەرکەی کە نزیکەی نیو سەدە پێشتر لە ئەستۆی گرتبوو: کردنەوەی ڕێگەی مامەڵەی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت، جێبەجێ بکات و بگاتە دەرەئەنجامێک.

وەرزی بیستەم

بە پارە و سەرمایەوە بەرەو ڕوسیا

سەرەتایی سەرۆکایەتی ریچارد میلهۆس نیکسۆن، سی و حەوتەمین سەرۆک کۆماری ئەمریکا، لە ٢٠ جێنیوەری ساڵی ١٩٦٩، کاریگەرێکی قوڵی هەبوو لەسەر پەیوەندی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا- و هەروەها لەسەر ئارمەند هامەریش. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تاوەکو ئەوکاتە، بە پەیڕەویکردن لە جەنگی سارد هەوڵیدا بوو هیچ جۆرە مامەڵەیەک و ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و بازرگانی نەبێت لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا. هەوڵەکانی کەنەدی لە سەرەتایی حکومەتەکەی لە سەرەتاکانی دەیەکانی ١٩٦٠ کە بە نەرمونیانکردنی سیاسەتی بازرگانی دەستی پێکرد بەڵام بە پەرەسەندنی جەنگی ڤێتنام بە خێرایی وەلانرا. جێگرەکەی، لیندن جانسۆن کە ڕووبەڕووی جەنگی ڤێتنام و هێرشی سۆڤیەتی بوو بۆ چیکۆسلۆڤاکیا، لە گۆڕانی ئەو سیاسەتەدا هیچ گۆڕانێکی بەسەر کارەکاندا نەهێنا. بەڵام کاتێک نیکسۆن هاتە سەر حوکم، کەوتە سەر ئەو بیرکردنەوەی کە بە دیدێکی فراوانتر و باشترەوە سەیری مەسەلەی بازرگانی بکات لەگەڵ سۆڤیەتدا.

نیکسۆن، بەهۆی ئەو هەستە شەخسیە زۆرتایبەت و باشەی کە هەیبوو و لەگەڵ ئەو بێزاری و بێتاقەتیەی کە ڕۆشنبیرەکان هەیان بوو، لە بواری جیۆپۆلەتیکدا واقعبینێکی زۆر سەیر و بەهێز بوو. بە وتەی هێنری کیسنجەر، کە ئەوکاتە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەی و هەروەها وەزیری دەرەوە بوو دەڵێت، هیچ سەرۆک کۆمارێکی دیکەی ئەمریکا، لەوانەیە جگە لە ڕۆزفێلت، بە ئەندازەی نیکسۆن توانایی پەیبردنی هەستی واقعگەرایی سیاسی (رئال پۆلەتیکی) نەبووبێت. بە باوەڕی

نیكسۆن، زیاتر لەهەرشتێك پێداگیری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی وڵات دەكرد بۆ بەرژەوەندی ئاسایشی وڵات. نیكسۆن سووربوو لەسەر ئەوەی كە بابەتی مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ سۆڤیەتدا لەسەر ئەو بنەمایە بەپێی سیاسەتەكانی ماكیاڤیلی جێبەجێ بكات. ڕێگربوون لە تەكنەلۆژیا و پێشكەوتنەكانی زانین و متمانەكان بۆ كۆمۆنیستەكان، كارێكی ئەخلاقی نیە، بەڵكو تەكتیكێكە بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازی سیاسی. ئەمانە هەموو بە بۆچووی ئەو هۆكارەكانی مامەڵە بوون. ئەگەر سۆڤیەتەكان دەیانەوێت سەرچاوە و هونەری پێوسیتی داهێنانی ئابوری خۆیان بەدەست بهێنن، دەبێت بەهای ئەوانە لە زەمینەكانی دیكە، بۆ نمونە لەجەنگی ڤێتنام، بدرێت. وەكو ئەوەی كە دواتر كیسنجەر ڕوونی كردەوە، (ئێمە دەمانویست لەبواری ئەو زەمینانەی ئەگەری هاوكاریكردن هەبوو پێداگیری بكەین، و ئەم هاوكاریەش هەر دروست دەكەین بۆ باشتركردنی هەڵسوكەوتی سۆڤیەتی لەو زەمینانەی كە دوو وڵات پێكەوە شەڕیان بوو. ئەمە........ چەمكێك بوو كە دەوڵەتی نیكسۆن لە ئاڵۆزیەكان و تێكچوونەكانی تێدەگەیشت.) (١)

قەیرانەكان و ئاڵۆزیەكان لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٧١، بە ناردنی دەستەیەكی بازرگانی بە سەرۆكایەتی (ماریس ئیستنس) وەزیری بازرگانی ئەمریكا بۆ مۆسكۆ دەستی پێكرد. ئستنس، پێش ئەوەی بچێتە ناو كاری دەوڵەتیەوە لە كۆكردنەوەی پارەدا بۆ حیزبی كۆماریخوازەكان ڕۆڵێكی سەرەكی هەبوو، گرنگترین پەیوەندی نیكسۆن لەگەڵ سەرمایەدارەكانی ئەمریكا بوو. سەفەرەكەی ئەو زۆر لێهاتوویانە هاوكات لەگەڵ كۆنفراسێك لە مۆسكۆدا ڕێكخرا بوو كە كۆمەڵێك لە سەرۆكە پایە بەرزەكانی كۆمپانیا گەورەكانی ئەمریكا وەكو (ئای بی ئێم)، (جەنراڵ ئەلیكتریك) و (تینگهاوس) و (دۆپن) لەوێ ئامادەیان هەبوو. كاتێك ئەو ڕۆیشت بۆ كرملین و لەبارەی كەمی سنورداریەكانی بازرگانیەوە قسەی كرد، ئەمە پەیامێكی ڕوون بوو بۆ مامەڵەچیەكان كە خەریكە ئیدی سەهۆڵی جەنگی سارد بەرە بەرە دەشكێت. (٢)

نیكسۆن وایدەزانی دەتوانێت لەڕێگەی سیاسەتی بازرگانیەوە مامەڵەی سەرمایدارە ئەمریكیەكانی لەگەڵ یەكێتی سۆڤیەتدا لەژێر چاودێریدا بێت، بەڵام بەرپرسەكانی سۆڤیەتی مەسەلەكەیان بە جۆرێكی دیكە دەبینی. سۆڤیەتەكان باوەڕیان وابوو كە سەرمایەدارەكان دەسەڵاتیان هەیە بەسەر حكومەتی ئەمریكادا و

بەرنامــەکانی ئەوانــە سیاســەتی بازرگــانی ئــەو وڵاتــە دیــاری دەکــەن. برژنێــف و هاوکارەکــانی پەرەســەندنی ئاڵۆزیــەکانیان بــە هۆکــارێکی بــاش دەزانــی بــۆ ئــەوەی راســتەوخۆ داوا لەســەرمایەدارەکان بکــەن فــشار دروســت بکــەن بــۆ ویلایەتــە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ستورداریەکانی بازرگانی لەناو بەرێت. (٣) لە جێبەجێکردنی ئــەم مەبەستەدا، نیکۆلای پاتۆلیچف، وەزیــری بازرگــانی دەرەوەی سۆڤیەت، بەڵێنی ئەگــەری ملیاردهــا دۆلاری رێککــەوتنی بــە بەشــداربووەکانی کۆنفراســی مۆســکۆ دا. سەرەرایی ئەوەش، سەرمەشق و راهێنان بۆ بەدەستهێنانی کار و کاسبی لە یەکێتی سۆڤیەت خرایەروو بۆیان. وتی، (دەزانم ئێوە حەز دەکەن بزانن ئایا سەرمایەدارێك دەتوانێــت لــە وڵاتێکــی کۆمۆنیــستیدا کاروکاســبی بکــات)، و بتوانێــت ســەرکەوێت (یەکێك لە دەوڵەمەندترین کەسەکانی ئێوە) پیاوێکی ئەمریکی کە لەدەیەکانی ١٩٢٠ لــە یــەکێتی ســۆڤیەتدا کارگــەی قەڵەمــسازی هــەبوو، ئــەو قەڵەمانــەی کــە خــودی (پاتولیــچف) لــە قوتابخانــەدا بــەکاری هێنــا بــوون، وەبیــری هێنایــەوە. هەڵبەتــە ئــەو سەرمایەدارە نمونەیە کە سەرمەشقی ئەو کارە بوو ئارمەند هامەر بوو. (٤)

* * *

قسەکانی وەزیــری سۆڤیەتی گەیشتەوە گوێی تیژی هامــەر. هامــەر لــە ژێرەوە بەچاوێکی کراوەی تیژەوە ئــەو قــەیران و ئاڵۆزیانــەی دەبینی. بە وتــەی خــۆی، (بە حەزێکی تەواو فراوانەوە) چاودێری ئەو پێشکەوتنە فراوانەی دەکرد. (٥) دەیزانی کە وەزیری بازرگانی سۆڤیەتی لە خۆیەوە لە بەردەم بازرگانە ئەمریکیەکاندا نــاوی ئــەوی نــەهێناوە. پەیامەکــە ئــەوە بــوو کــە ئــەو ئیــدی وەکــو ســاڵی ١٩٢٩ کاتێــك رۆســیای بەجێهێشت (جێگەی گومان نیە). هامەر دەیان ساڵ دڵەڕاوکێی ئەوەی بوو کە (لێف بی ئای) لەبارەی خزمەتەکانی دەیەکانی ١٩٢٠ ی ئەو بۆ دەزگای سیخوڕی سۆڤیەت، چی دەزانێت. پەیوەندی کورتی ئەو لەگەڵ خرۆشۆفدا پەیوەندێکی کرچ و کاڵ بوو و زوو لــەناو چوو. ئێستا وادیارە سۆڤیەتیەکان دەیانــەوێت ئەو بەشێوەیەکی ئاشکرا بێتە ناو ئەو کارەوە. دەنوسێت: (پەیوەندی من لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، لە سەردەمی کەوتنی دەسەڵاتی خرۆشۆف بەدواوە، سەر لەنوێ گەشەی کردەوە.)

هامــەر ئێستا تەمەنی نزیکەی حەفتا و چەند ساڵە بوو. دەمووچاوێکی چرچ و لۆچی وشك هەڵهاتووی بوو، قژەکانی بەشێوەیەکی تــەواو کەم بووبوونــەوە، بینین و

بیستنی زۆر لاواز بوو بوو. بەڵام تەرکیزی بۆ کارەکانی بەتەواوی لەجێگەی خۆیدا بوو. دەیویست ئەو ڕۆڵەی کە چارەنوس خستویەتیە ئەستۆی ڕۆڵی تێدا ببینێت. دەڵێت: (هیچ سیاسەتێك نەیدەتوانی لەوە زیاتر نزیکتر بێت لە بیروباوەڕەکان و مەبەستەکانی منەوە) (٦)

دووبارە بەرەو ڕۆژهەڵات کەوتەوە ڕێ. ئێستا ئەکسیدنتال لەژمارەیەك لە وڵاتەکاندا خاوەنی پێگەیەکی باش بوو، بەڵام هامەر لەو وڵاتانەدا تەنها وەکو مامەڵەچییەك دەناسرا، بەڵام مامەڵەچییەك کە سەرۆکەکانی کۆمپانیا چەند نەتەوەیەکان، پیاوەکانی وەکو (کینس جینمسۆن) پێدەکەنن بەڕیشی، کابرایەکی وەکو ئەدگار هوور زۆر بەبەرنامە شوێن پێی هەڵدەکات و بە گەندەڵی دەزانێت، و کەسێکی وەکو عەبدول جلود پەیوەندی هەیە لەگەڵیدا و پارەی لێدەسێنێت. بەڵام ڕوسیا شتێکی دیکەیە، ئەو لە ڕوسیادا پەیامی هەیە. ئەم پەیامە بە شەخسی لنینی پێیدا بوو، و ئیستالینیش گەشەی پێدا بوو. و هەروەها ڕێگەی کەوتبوویە ناو حەرەمی کرملین، ئەو ئیمتیازەی کە زۆر بەکەمی دەبووە نسیبی بیانیەکان، بەشێوەیەکی کرداری بۆ هیچ بازرگانێکی دیکە ڕێك نەدەکەوت.

هامەر نزیکەی دە ساڵ بوو ئەکسیدنتالی بۆ ئەو ڕۆژە ئامادە دەکرد کە پەیوەندی ئەمریکا و ڕوسیا بەرەو باشبوون بڕوات. لە سەرەتاکانی دەیەکانی ١٩٦٠ هەوڵیدا بوو پیشەسازی کودی کیمیاوی یەکێتی سۆڤیەت نوێ بکاتەوە. هەرچەندە سەرکەوتوونەبوو بۆ ئەوەی هاوکاری دارایی یان پشتگیری تەواوی ئەمریکا بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەکسیدنتال لەم نێوەندەدا کۆمەڵێك کۆمپانیای بەدەستهێنا کە پسپۆڕبوون بۆ ئەوەی ماددەی کیمیاوی بەڕێژەیەکی سادە بە گوشراوی دروست بکەن و لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە بیهێنن بۆ یەکێتی سۆڤیەت. بەشە جیاوازەکانی مامەڵەی کودی کیمیاوی کە ئەو هەموو ساڵە ئەو ئامادەی کردبوو ئێستا بە کۆمەڵ هەمووی لەدەورەی یەکتردا کۆبووەتەوە و ئامادەیە.

لەو ماوەیەدا، هامەر توانایی دارایی ئەکسیدنتالی بە باشی پەرەپێدا بوو. ڕێککەوتن و ئیمزاکردنی پەیماننامەیەك لەگەڵ قەزافیدا ڕێژەیەکی باشی پارەی خستبوویە بەردەم ئەو. وکاتێکیش کە نیکسۆن باسی لە چاکترکردنی پەیوەندیەکانیان کرد لەگەڵ سۆڤیەتدا، هامەر دەستیکرد بە خۆ ئامادەکردن بۆ

ئیشکردنێکی فراوان بۆ ڕوسیا و پێشەکیش چەند هەنگاوێکی هاویشت. بە خێرایی زۆربەی پشکی کۆمپانیایەکی بچوکی بەناوی (تاوەر ئەنتەرنەشنالی) کڕی. ئەم کۆمپانیایە بەبێ دەنگ خەریکی ئامادەکردنی پلان بوو بۆ سەرمایەگوزاریکردن لە دنیای کۆمۆنیستدا. کارەکتەری سەرەکی تاوەر ئەنتەرنەشنال یەکێك بوو لە خاوەن پیشەسازیە زۆر سەرکەوتوەکانی ئەمریکا بەناوی (سیروس ئیتۆن) پیاوێکی تەمەن هەشتا و هەشت ساڵ بوو، بالاً بەرز و جەستە هەژار و سەرسپی بوو، بلاًوکراوەی پارێزگارانی (نشنال ریوییو) سیروسی بە (ترسناکترین سەرچاوەی زیندوی ڕۆحی کێبەرکێ سەرمایەداری) ناوبرد. (٧)

ئیتۆن لە (پیگواش) لە ویلایەتی نووا ئیسکوشیا لە (کەنەدا) لەدایك بوو بوو، کاروکاسبی و معاملەکردن لەلایەن شەخسی (جۆن راکفلەر) ەوە فێر بوو بوو: لە خزمەتی ڕاکفلەر، سەرەتا کەلوپەلەکانی گۆڵفی بۆ لای ساحەکان هەڵدەگرت، پاشان بوو بە پاسەوانی شەخسی ئەو، و پاشان بوو بە هاوکاری ئیشەکانی. هێشتا تەمەنی نەبوو بوو بە سی ساڵ توانی لەسەرپێی خۆی بوەستێت، و بە سەربەخۆی توانی پێش کەوێت. پارەی بە قەرز لە بانکەکان وەرگرت و لە کۆمپانیا خزمەتگوزاریە گشتیەکاندا لە کەنەدا و ئەمریکا دەستیکرد بەسەرمایە گوزاری و پاشان سەرمایەگوزاریەکەی خۆی لە سەندیکایەکی گەورە بەناوی (کۆمپانیای گاز و کارەبای کیشوەری) خستەگەڕ. لە کاتی دروستبوونی قەیرانی بازاڕی ئابوری لەساڵی ١٩٢٩ بازارەکەی توانی بە سەلامەتی ڕزگاری بێت و لەسەردەمی قەیراندا کۆمەڵێك کۆمپانیای ئاسن، پۆلاً، لاستیك و لەقوتوونانی کڕی. کۆمپانیای (پۆلای ریپابلیك)ی دروستکرد کە سێ یەمین کۆمپانیای بەرهەمێنانی پۆلاً بوو لە ئەمریکادا، و هەروەها توانی کۆنترۆڵی ڕێگای (ئاسنی چساپیك و ئۆهایۆ) بەدەست بهێنێت، کە ئەم ڕێگەیە بارکردن و گواستنەوەی کالاًکانی زۆربەی ئەمریکای لەسەر بوو.

ئیتۆن، کە لەڕێگەی لێهاتووی سەرمایەداری خۆیەوە پارەیەکی زۆر گەورەی لە دەیەکانی ١٩٤٠ و سەرەتای دەیەکانی ١٩٥٠ کۆ کردبوویەوە، کەوتە سەر ئەوەی کە بەشێکی گەورەی سامانەکەی خۆی تەرخان بکات بۆ باشترکردنی گونجاندنی سیاسەتی ئەمریکا و سۆڤیەت. لە جێنیوەری ساڵی ١٩٥٧، کۆنفرانسی (پوگواشی زانایانی ئەتۆمی) لە موڵکی گوندەکەی خۆی لە (نووا ئسکوشیا) پێکهێنا. هەموو

تێچوونەکانی ئەو بیست و چەند کەسە زانایەی کە لەو کۆنفرانسەدا بەشداریان کرد لە گیرفانی خۆی خەرج کرد. دەستەی سۆڤیەت پێکهاتبوون لە کەسایەتیەکانی وەکو (دیمیتری ئسکوبلتسین) فیزیازانی ناسراو، (ئەلێکسەندەر کوزین) زانایی گەورەی بواری کیمیا و براوەی خەلاتی (وا.و.تاپچیف) و سەرۆکی ئەکادیمیای زانستگەی سۆڤیەتی. دەستەی ئەمریکیەکانیش کۆمەڵێك زانایی بەناوبانگ بوون وەکو (لئو زیلارد) کە بە یەکێك لە باوکەکانی ئەتۆم دادەنرا، (هێرمان مۆلەر) زانایی گەورەی شارەزای بایۆلۆجی و وەرگری خەلاتی نۆبل، و (یوجین ئابینۆڤیچ) سەرۆکی بڵاوکراوەی (بولتین زانایانی ئەتۆمی). بەشداربوەکان لەو فارگۆنانە کە ڕێگا ئاسنەکانی چساپیك و ئۆهایۆی ئەیتۆن ئامادەیان کرد بوو دەخەوتن و هەفتەیەك هەموو ڕۆژێك کاتژمێر شەشی بەیانی لەدەوری یەکتردا کۆ دەبوونەوە. زانا ڕوسیەکان ئەو هەلەیان بۆ پەیدا بوو لەگەڵ هاوتا ئەمریکیەکانی خۆیان لە هەر دەرگایەك، بۆ نمونە لەبارەی بارودۆخی زانستی ئەتۆمی، قسە بکەن. لە ئاستێکی خوار زانست و مەعریفەتیشدا، ئەو کۆنفرانسە هەلێك بوو بۆ (کە،جی، بی)، تاوەکو ئەو وەرگێڕانەی کە بەشداری دەکەن لەو کۆنفرانسەدا خۆی هەڵیان بژێرێت، و بتوانن دەستیان بگات بە کۆمەڵێك لە زانا ئەمریکیەکان. (٨) کۆنفرانسی یەکەمی (پوگواش) ئەوەندە سەرکەوتووبوو کە زۆر پەرەی پێدرا و وەکو ڕووداوێکی ساڵانەی لێهات.

ئیتۆن بەزووی بوو بەیەکێك لە خۆشەویستەکانی دنیای کۆمۆنیست. هەموویان دەستخۆشیان لێدەکرد و بە سەرمایەدارێکی بەخشندەی هەوڵدەری پێکەوەژیانیان دەزانی و هەوڵەکانی هەموو بۆ ئاشتی بوون. کاتێك خرۆشۆف بانگهێشتی دەکرد دەتوت میوانداری سەرۆکێکی وڵات دەکات و لە مۆسکۆدا لە هەموو شوێنێکدا دەڕۆیشت لەگەڵی. میکۆیان ئەوی خەلات باران کرد. پولیوت بیورو (خەلاتی ئاشتی لنینی) پێ بەخشی. وێنەکانی لە لاپەڕەی یەکەمی (پراودا) بڵاوکرانەوە.

لەگەڵ هەموو ئەم سوپاس و پێزانیانەدا، ڕێبەرانی سۆڤیەتی بەشێوەیەکی تەواو کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە ئیتۆن دەموچاوێکی گونجاونیە بۆ ئەوەی ببێتە ڕێبەر و پێشڤەرەوڵی ئاسایکردنەوەی ئەو پەیوەندیانەیان لەگەڵ ئەمریکادا. گاڵتەجاڕانە دەکەوتە بەرچاو، بەلام لەبەر ئەوەی ئەو زۆر خۆی نزیك کردبوویەوە لەگەڵ ئەوانەدا، ئیدی هیچ نرخێکی ئەوتۆی نەمابوو بۆ یان. ڕەخنە بەردەوامەکانی ئەو لەسیاسەتی

جەنگی سارد لە ئەمریکا، نوێنەرەکانی ئەنجومەنی ئەمریکای توشی گومان کردبوو لەبارەی وەفاداری و دڵسۆزیەوە، لە ڕاپۆرتێکی ئێف بی ئای دا بەم شێوەیە باسی نیتۆن دەکات: (لە ژێر پەردەی هاوکاریکردن و کارکردنی ئاشتیخوزیدا هاودەم و هاوکاری سۆڤیەتەکانە) سۆڤیەتەکان باوەڕیان وابوو بەبێ هاوکاری دەوڵەتی نیکسۆن بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت ئەو قەیران و ئاڵۆزیانەی نێوانیان چارەسەر بکرێت، لەبەر ئەوە بەهیچ شێوەیەك لەبەرژەوەندیاندا نیە لەگەڵ کەسێکی وەکو نیتۆنی ڕەخنەگری ڕاشکاوانە و نزیکی ڕوسیا تێکەڵ ببن و ئەو ئەرکەی بخەنە بەردەم. نیتۆن و دانیشتنەکانی پوگواش خزمەتی خۆیان کردبوو، و ئیدی نەیانەتوانی ڕێگە خۆشکەری کردنەوەی معاملەی ڕۆژئاوابن لەگەڵ سۆڤیەتدا.

نیتۆنیش زیرەکتر بوو لەوەی کە تێنەگات لەوەی کە سۆڤیەتەکان پەرلوێزیان خستوە لە ڕۆڵپێدانیدا لەو ستراتیژە تازەیەی سەرمایەگوزاریانەی کە لەگەڵ ئەمریکادا هەیانە. سۆڤیەتەکان لە سەرەتایی دەیەکانی ١٩٦٠ ئەریان هاندابوو دەست بکات بە جێبەجێکردنی پلانی زەوی و زار و بەرهەمی گەورە، و هەروەها دامەزراندنی سەنتەرێکی بازرگانی گەورە لە مۆسکۆدا کە سەری بڕوات بەناو هەوردا و هەروەها دامەزراندنی لولەی گازی سیبریا و گەیاندنی بۆ ناوچەکانی دیکە، بەڵام ئێستا دەبینێت دەیانەوێت ئەو دوور بخەنەوە و هیچ یەك لە پرۆژەکانی ئێستای ئەو قبوڵ ناکرێن. کاتێك هامەر لەسەرەتایی ١٩٦٩ پزیشت بە شوێن نیتۆن دا بۆ کلیولەند، لەبارەی کارەکانی ئەوەوە زۆر بەدوورودرێژی لێکۆڵینەوەی کرد بوو. و لەم حاڵەتەدا بوو کە وتی ئەکسیدنتال بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆژانە هۆکارێکی باشترە تاوەکو تاوەری ئەنتەرنەشنال، و پێشنیاری کڕینی زۆرپەی پشکەکانی کۆمپانیای نیتۆنی کرد. نیتۆن دیار بوو هیچ چارەیەکی نەبوو جگە لەوەی ڕازی بێت: ئێستا، ئیدی، هامەر بۆ ئەکتەری ئەم شانۆیە دیاری کرابوو، نەك نیتۆن. لەگەڵ هامەردا ڕێککەوت و ئەکسیدنتال قبوڵی کرد هەموو ئەو قەرزانەی کە تاوەری ئەنتەرنەشنال لەماوەی ئەو ساڵانەدا لە ئامادەکردنی پرۆژەکانی خۆی لە بلۆکی سۆڤیەتدا کەوتبوو بەسەریدا بیداتەوە. و لەگەڵ ئەوەشدا هامەر بەڵێن دەدات کە ٪٤٥ هەر جۆرە داهاتێکی بەدەستهاتوو لەو پرۆژانەدا بداتەوە بە نیتۆن.

هامەر لەڕێگەی (یکاترینا فۆرتسوا)، وەزیری فەرهەنگ، دەستپێڕاگەیشتنی خۆی لەگەڵ بەرپرسانی سۆڤیەتیدا پەرەپێدا. فۆرتسوا، پێشتر خەریکی کاری جۆلایی بوو. لە ساڵی ۱۹۲۰، کاتێک تەمەنی لە نۆزدە ساڵ زیاتر نەبوو، پۆیشتە ناو ڕێکخستنەکانی کۆمۆنیستەوە. (۱۰) دواتر بووە جێگەی متمانەی ئیستالین، و زۆر بەخێرایی لەناو حیزبدا پلەی بەرز بوویەوە و لە ساڵی ۱۹٥۰ بوو بەئەندامی مەکتەبی سیاسی و یەکەمین ژن بوو کە لە مێژووی سۆڤیەتدا گەیشتە ئەو پلەیە. (۱۱) هامەر لە ساڵی ۱۹٦٤ ئەوی ناسی، سەرسەختی ئەو ژنە و لەهەمانکاتدا شایەستەبوونی دڵی ئەوی ڕفاند. (۱۲) میکۆیان بەرپرسیاریەتی ڕێکخستنی ئاڵوگۆڕی هونەری لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکانی بەو دابوو. ئەمە بەشێک بوو لەوەی کە هامەر لەناوەڕاستی دەیەکانی ۱۹۲۰ تێکەڵی بوو بوو. کاتێک هامەر بیستی (فۆرتسوا) عاشقی کارەکانی (گرندما موزیز)[1]ە، پێشنیاری کرد پێشانگایەک لە وێنەکانی ئەو لە (مۆزەخانەی هونەرە جوانەکانی پۆشکین) لە مۆسکۆ ڕێکبخەن. فۆرتسوا دەیویست تیپی مۆزیکی سوپای سور بنێرێت بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بەڵام وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەمەی بە لایەنێکی بانگەشەی دەزانی و ڕازی نەبوو بەو ناردنانە. هامەر بەڵێنیدا دەسەڵاتی خۆی لە حکومەتەکەی جانۆسوندا بخاتە گەڕ و ئەو نارەزایەتیانە نەهێڵێت. (۱۳)، هەرچەندە سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام فۆرتسوا هەوڵەکانی هامەری بەرز نرخاند، و هامەر بە درێژایی ساڵەکانی کۆتایی دەیەکانی ۱۹٦۰، بە پشت هەڵکردن لەم کارە ئەم پەیوەندیەی تێپەڕاند، لەم ماوەیەدا، ژیانی فۆرتسوا لە مۆسکۆدا بەشێوەیەکی بەرچاو زۆر باش بوو، بۆنمونە، دەستیکرد بە دروستکردنی ماڵێکی ۱٦۰ هەزار دۆلاری گەورە بۆ خۆی، و ئەو پڕوپاگەندەیە بڵاو بوویەوە لەسەر زمانی خەڵک کە گوایە سەرچاوەی ئەو سامانە تازەیە بۆ هامەر دەگەڕێتەوە. بەهەرحاڵ، هامەر دەیتوانی خۆی بە هاوڕێ و دۆستی خاتوو وەزیر دابنێت.

[1] grandma moses – وێنە کێشێکی ئەمریکی یە (ناوە ئەسلیەکەی anna mary Robertson)، ناوی پیاوەکەی (thmas moses)، کچێکی لادێی بوو خوێندنێکی کەمی خوێند بوو، لە تەمەنی ۷۸ ساڵی توشی نەخۆشیێک دەبێت و فەلەج دەبێت، و ناتوانێت کاری کشتوکاڵی و زەوی و زار بکات، بۆیە دەست دەکات بەکاری ڕێنەکێشان و کۆمەڵێک وێنەی گوند و دەشت و کێو دەکێشێت. کارەکانی ئەو بە (بەدەوی ئەسل) ناو دەبرێن و ناوبانگی جیهانیان هەیە. (وەرگێڕ)

لە ساڵی ١٩٧٢، هامەر هەمواركردنی پێشەكی كارەكانی ڕێكخستبوو. دەڵێت: (من دەمویست ئەكسیدنتاڵ لە ڕەوینەوەی كێشە ئاڵۆزەكانی نێوان ئەمریكا و ڕوسیا ڕۆڵی یەكەمی هەبێت. ئەم كۆمپانیایە لە پێگەیەكدا بوو لە هەر دەزگایەكی دیكەی ئەمریكا باشتر دەیتوانی ئەو ڕۆڵە ببینێت.) (١٤) ئەم هەلە كاروكاسبی سۆڤیەتی جارێكی دیكە بەرەو ڕووی هامەر دەكردەوە، بەڵام ئێستا ئەو بەشێوەیەكی تەواو دەوڵەمەندتر و بەهێزتر بوو لە ڕابردوو، و لەگەڵ ئەوەدا بەری لە معاملەی زۆر گەورەی لەسەرداپوو. بۆ نمونە ئەو ئیمتیازاتانەی كە بڕیار بوو بدرێن بە هامەر بەڵێنی زۆر تایبەتی كرملین بوون.

* * *

ئەم دەست پێڕاگەیشتنە (یوری ئاندروپف) فەراهەمی هێنا بۆ هامەر. ئاندروپف سەرۆكی (كە.جی.بی)، و ئەندامی بەهێزی مەكتەبی سیاسی بوو، كەسێك بوو كە لە ئایندەدا بڕیاربوو جێگەی (برژنێف) سەرۆكی حیزبی كۆمۆنیست بگرێتەوە. بەرپرسیاریەتی لێكۆڵینەوە لە ئەهێشتنی ئەو ئاڵۆزیەی كە لەنێوان سۆڤیەت و ئەمریكادا بوو لە ئەستۆی ئەودا بوو، لە جێتیوەری ساڵی ١٩٧٢، (میخائیل براك) ی دەستنیشان كرد بۆ ئەوەی (سەفیری) شەخسی، و هاودەمی، هامەر بێت لە مۆسكۆدا.(١٥)

براك لە ساڵی ١٩٢٩ لە مۆسكۆ لەدایك بوو بوو. باوكی جولەكە و دایكی ڕوسی بوو. لە قوتابخانەیەكدا وانەی خوێند بوو كە تایبەت بوو خێزانی كۆمۆنیستە نوخبەكانەوە. و لەوێشدا یەكێك بوو لە كەسە بەتواناكان، و هەر لەوێ وە ڕۆیشتە ناو حیزبی كۆمۆنیستەوە. ئینگلیزیەكەی لە ساڵەكانی كۆتایی دەیەكانی ١٩٤٠ لە (ئەنستیۆتی زمانە دەرەكیەكان) تەواو كردبوو، ئەم دامەزراوەیە سەنتەری ڕاهێنانی كاندیدەكانی پلەیەكی دەزگای سیخوڕی سۆڤیەتی بوو. لە كۆتایی دەیەكانی ١٩٥٠ ئەویان وەكو وەرگێڕی هونەری نارد بۆ كۆنفراسی (پوگواش سیرۆس ئیتۆن). لەم كۆنفراسەدا بوو كە ناوبانگی دەركرد بەوەی كە بە لێهاتووی و توانای خۆی توانی لە ڕێگەی ئەو هەڵسوكەوتە خۆشەی خۆیەوە هاوڕێیەتی پەیدا بكات لەگەڵ كۆمەڵێك زانایانی بەرجەستەی ڕۆژئاوای وەكو (بالتو زیلارد). باراك دواتر وەكو ڕۆژنامەنوسێكی سۆڤیەتی سەفەری كرد بۆ زۆربەی ویلایەتەكانی ئەمریكا، و بە

ئینگلیزێکی بێ خەوش کە زۆرکەس وایان دەزانی بەریتانی یە قسەی دەکرد. لەو ساڵانەدا هاوڕێیەتی خۆی لەگەڵ (زیلارد) پەرەپێدا و بەرە بەرە پەیوەندی خۆی پەرەپێدا لەگەڵ زۆرێک لە زانایان و شارەزایانی بواری ئەتۆمی ئەمریکادا. ئەم چالاکیانە بەخێرای سەرنجی (ئێف بی ئای) یان ڕاکێشا. کاتێک براک فیزاکەیان بۆ تازە نەکردەوە تێگەیشت ئیدی خەریکە یاریەکانی دەردەکەون بۆیە بەناچاری گەڕایەوە بۆ مۆسکۆ.

براک لەگەڵ برازاکەی هامەر (ئارماشا)، لە (ئەنستیتۆتی زمانە دەرەکیەکان) ئاشنا بوو بوو، و لە ساڵی ١٩٦٤ کاتێک هامەر ڕۆیشت بۆ مۆسکۆ، براک چاوپێکەوتنێکی درێژی لەگەڵدا سازکرد بۆ گۆڤارێک. لە ساڵە دواتری دەیەکانی ١٩٦٠، براک دوراو دوور هەر جۆرە پەیوەندێکی مابوو لەگەڵ هامەردا. ئێستا: بە هاوکاری (ئاندروپف)، پەیوەندیکی ئاشکرای لەگەڵدا هەیە. براک لە ناوەڕاستی مانگی جێنیوەری ساڵی ١٩٧٢، لە قاتی کۆتایی هۆتێلی ناسیۆنال، لە بەرامبەر کرملین، نوسینگەیەکی بۆ کارەکانی هامەر دامەزراند، و بووە بەڕێوەبەری ئیش و کارەکانی.

هامەر هەر لەسەرەتای پەیوەندیەکانی لەگەڵ براک دا زانی کارمەندی دەزگای هەواڵگری سۆڤیەتیە. کاتێک یەکێک لە پایەبەرزەکانی ئەکسیدنتال پرسیاری لەبارەی ئەزموونی بازرگانی (براک)ەوە کرد، هامەر یەبێ وەستان لە وەڵامدا وتی کارمەندێکی لێهاتووی (کەی. جی.بی) یە. و ڕوونی کردەوە، (ئێمە بەبێ (کەی.جی.بی) ناتوانین لە ڕوسیادا کاروکاسبی بکەین و باشترە کارمەندێکی ئەو دەزگایەمان لەگەڵدا بێت کە بیناسین تاوەکو نەیناسین). (١٧)

ئەو زستانە، هامەر لیستێک داواکاری پێشکەش بە براک کرد، بۆ ئەوەی جێبەجێیان بکات بۆی، یەکێک لە داوکاریانەی خوازیاری ئەوە بوو کە ڕێگە بدرێت بەهامەر بە فرۆکە شەخسیەکەی خۆی (جتی) سەفەر بکات بۆ مۆسکۆ. کاتێ کە براک وەڵامی دەداتەوە تاوەکو ئێستا هیچ فرۆکەیەکی جتی نەیتوانیوە بێتە ناو حەرەمی خاکی ڕوسیاوە، هامەریش لەوەڵامدا دەڵێت دەبێت ڕێگە بدرێت بە من چونکە دەبێت بیسەلمێنین کە ئەو ئیمتیازەی دەدرێت بە من جیاوازە لەو هەموو ئیمتیازانەی کە دراوە بە بازرگانە ئەمریکیەکان، لەگەڵ ئەوەدا شتێک دەبەخشن بە من کە پێشتر نەتاندراوە بەهیچ کەس. بەڵام وەرگرتنی ئەو پارمەتیە بۆ هامەر، تانەت لەڕێگەی

براکەوە، کارێکی سادە نەبوو. براک دەبوو ئەم خواستە بە پشتگیری سەرۆکی دەزگای ئۆ سـیخوڕی (کـە.جـی.بـی) بگەیەنێتـە ژەنراڵـی فەرمانـدەی بـەرگری ئاسمـانی سۆڤیەتی، وەزیـری فڕۆکەوانی وڵات، کارمەندەکانی بواری فڕۆکەخانەی مۆسکۆ، و راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەی و سەرۆکی حیزبی کۆمۆنیستی. ئەم کارەش، تەنانەت بە هاوکاری (ئاندروپۆف)یش نزیکەی چوار مانگێکی دەویست. براک لەگەڵ ئەوەدا توانی ئیجازە وەرگرێت بۆ هامەر بەبێ تەشریفاتی ڕێوڕەسمی گوزەرنامە و گومرگ بێت و بڕوات بۆ ڕوسیا، و ئەمە ئیمتیازێك بوو تەنها بە سەرانی وڵاتان دەدرا. براک کۆمەڵێك لە داواکاریەکانی دیکەی هامەری جێبەجێ کرد، بۆ نمونە براک کارێکی کرد بۆ ئـەوەی ئۆتۆمبێلە لیمۆزینە مارسیدزە درێژەکەی خۆی بهێنێت بۆ مۆسکۆ و لە شوێنی مانەوەی لنین لە هۆتێلی ئەنتەرناسیۆنال، لەو ژوورانەی کە لنین لە ڕۆژەکانی سەرەتای شۆڕش لەناویدا خەوتبوو، بمێنێتەوە. (١٥)

بـراک، جگـە لـەم لایـەنی تەشـریفاتیانە، دەبـوو کۆمـەڵێك کـاری دیکەشـی ڕێکبخستایە. بڕیار بوو نیکسۆن و برژنێف لە مانگی مەی لە مۆسکۆ یەکتر ببینن و سۆڤیەتیەکان دەیانویـست، لـە بەر دەلیلی سیاسی، سێ معامەلـەی خۆیـان لەگـەڵ هامـەردا ڕاستەوخۆ دوای چاوپێکەوتنی هـەر دوو سـەرانی وڵات بخەنـەڕوو و بڵاوی بکەنـەوە. معامەلـەی یـەکەم و لـە هـەمووی نـزیکتر بۆ بـواری جێبـەجێکردن، پەیمانی پەرەسەندنی بواری بەرهـەمهێنانی کودی کیمیاوی بوو کە هامەر و سۆڤیەتیەکان لە ناوەراستی دەیەکانی ١٩٦٠ بەستبوویان بەڵام نەکەوتبوویە بواری جێبەجێکردنەوە. لەرێگـەی ئـەم ڕێککەوتنـەوە ڕێژەیـەکی زۆر فۆسـفاتی ئـەمریکی لەگـەڵ ئامۆنیـك، پۆتاسیۆم، و ئورانیـۆمی سۆڤیەتی ئـاڵوگۆڕی پـێ دەکرا و معامەلەکە تـارەکو سـاڵی ١٩٩٨ لە سەدەمین ساڵی لەدایکبوونی هامەر، بەردەوامی دەبێت. بەپێی ڕێککەوتنی ئەکسیدنتال، لە پشکەکەی خۆی، زیاتر لە پەنجا ملیۆن تەن بەردی فۆسفات، واتە زیـاتر لـە ٦٪ بەرهـەمهێنانی هـەموو ئـەمریکا، لـە کانزاکـانی فلۆریـدای بـاکور دەردەهێنرێت. فۆسفاتەکان لە گەڵ ئەسیدی سۆلفۆریك تێکەڵ دەکرێ و لەناو کەشتیە نەوت هەڵگرە گەرمدارەکان دەبرێت بۆ ڕوسیا، و لـەوێش بە لولە دەگەیەنرێت ئەو کۆمەڵـە کارگـە پەترۆکیمیاریـەی کـە هامـەر دروسـتیان دەکـات. سـۆڤیەتیەکان، لەبەرامبـەردا، ڕێژەیـەکی ئەوەنـدەی ئـەو فۆسـفاتە گـازی سروشـتی دەدەن بـە

ئەکسیدنتال، کە دواتر ئەو مادەیە دەکەن ئامۆنیکا و مادە کیمیاریەکانی دیکە و دەنێردرێنەوە بۆ ئەمریکا و کۆمەڵێك لە وڵاتانی ئەورووپی.

معامەلەی دووەم، هەرچەندە هێشتا شێوەی نەگرتبوو، تەنانەت پرۆژەیەکی گەورەتریش بوو. ئەویش ئەوە بوو بەپێ ئەو ڕێککەوتنامەیە ئەکسیدنتال مەیدانی گازی سروشتی زۆر گەورە لە ناوچەی (یاکوتسك) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەندی سیبریا وەگەڕ دەخات و پاشان ساڵانە سەد ملیارد فۆتی چوارگۆشە گاز لە ڕێگەی هەزار و دووسەد میل هێڵی لولەوە کە لە سەرزەمینە بەستووەکانەوە تێدەپەڕێت دەگوازرێتەوە بۆ بەندەری (نۆلگا) لە سەر دەریای یابان، دواتر ئەو گازە سروشتیە لەژێر فشارێکی گەورەدا وەکو شلەیەکی لێدێت و لە کەشتیە نەرت هەڵگرە تایبەتیەکان، کە بەتایبەتی بۆ ئەم کارە دروستکراون، وەکو تەنکەرە فلاسکە گەورەکان، ئەو گازە شلە دەنێرن بۆ ئەمریکا و یابان.

معامەلەی سێ یەم، کۆمپانیای (تاوەر ئینتەرنەشنال ئیتۆن) بەرنامەی بۆ داڕشتبوو، ئەویش دروستکردنی چوار ساختومانی زۆر گەورەی سەرنجڕاکێشی مۆدێرن بوون کە بەرزیان دەچوو بەناو هەوردا لەناوە ڕاستی مۆسکۆدا، ئەم بینایانە یەکێکیان دەبووە سەنتەرێکی گەورەی بازرگانی جیهانی، یەکێکیشیان دەبووە هۆتێلێکی سەرنجڕاکێشی شەش سەد ژووری، یەکێکی دیکەشیان دەبووە شوێنی میوانی بۆ پیاوە سیاسیەکانی دەرەوەی وڵات لەگەڵ هۆڵێکی گەورەی کۆنفرانسدا، کە دوو هەزار کەس بگرێت، و پێنج ڕیستۆرانی جیهانی لەناودا بێت، لەناوەڕاستی ئەو بینایانەشدا مەیدانێکی یاری گۆڵف هەبێت کە (١٨) کونی هەبێت (کەتەنها مەیدانی یاری گۆڵف دەبێت لە سۆڤیەتدا). سۆڤیەتیەکان باوەڕیان وابوو بۆ هاندانی بازرگانیە بیانیەکان لە ڕێگەی ئەم جۆرە پرۆژانەوە کارێکی زۆر پێویست و گرنگە. (١٩)

سەفەری یەك هەفتەی نیکسۆن بۆ مۆسکۆ، یەکەمین دیداری سەرۆك کۆماری ئەمریکا لە پایتەختی سۆڤیەتی، لە یەکەمی جێنیوەری ساڵی ١٩٧٢ کۆتایی پێهات. مانگێك دواتر، هامەر چارپێکەوتنی سەرانی خۆی پێکهێنا. لە ڕۆژی ١٤ جێنیوەری بە فڕۆکە شەخسیەکەی خۆی هات بۆ مۆسکۆ. پیاوی خوشکەکەی کەنەدی، (سارجنت شرایڤر) سەرۆکی دامەزرێنەری (سوپای ئاشتی)، و دواتر سەفیری ئەمریکا لە فەرەنسا، لەگەڵیدا بوو. (شرایڤر) چەند مانگێك دواتر لە هەمان ساڵدا بووە

کاندیدی دیموکراتەکان بۆ جێگری سەرۆك کۆماری. ئێستا وەکو راوێژکاری یاسایی هامەر رۆڵ دەبینێت.

لەگەڵ شاندەکەی هامەردا کەسێکی دیکەی تارالحیەك ناسراو بەرچاو دەکەوت ئەوشی (دیڤید کار) بوو. ناوی ڕاستەقینەی (کار) (دیڤید کاتس) بوو. لە ساڵی ١٩١٨ لە بروکلین لە باوك و دایکێکی روسی و لیتوانی لەدایك بوو بوو، لە گەنجیدا چالاکیەکانی لەبواری سیاسیدا بوو و لە بیست ساڵی لە رۆژنامەی (دیلی وۆرکەر)ی (بلاوکراوەی کۆمۆنیستەکان لە ئەمریکا) کاری کردبوو. لە ساڵی ١٩٤١ رۆیشت بوو بۆ واشنتۆن، و لە بەرێوەبەرایەتی زانیاری جەنگدا دامەزرا بوو. لە ساڵی ١٩٤٥، پێشنەی کۆمۆنیستی ئەو کابرایە کەوتە سەر زمانی خەڵکی. دواتر ناوی خۆی گۆڕی بۆ (کار) و بوو بە جێگری (درو پێرسن)، ئەو کاتە یەکێك بوو لە بەهێزترین رۆژنامەنوسەکانی و لێکدەرەوەکانی رادیۆ لە ئەمریکا. (کار)، لە رێگەی پەیوەندیە رۆژنامەنوسیەکانیەوە، توشی کۆمەڵێك پەیوەندی گشتی کۆمپانیاکان و پاشان کرینی پشکی کۆمپانیاکان بوو بوو. لە سەرەتایی دەیەکانی ١٩٦٠ سەری لە پاریسەوە دەرهێنا، ئێستا بووبویە خاوەنکار و کۆمپانیایەکی بەناوی (ئەندازیارانی دلرایی) لە (باهاما) دامەزراندبوو. کۆمپانیاکەی ئەو تایبەت بوو معامەلاتی کالاً و تەکنەلۆژیا لە بلۆکی سۆڤیەتی. پەیوەندی سەرەکی (کار) لە مۆسکۆ لەگەڵ (دژمێن گۆیشانی) زاوای سەرۆك وەزیرانی (الکسی کاسگین) بوو. گویشانی سەرەرایی ئەوە قائیم قامی سەرۆکایەتی دەستەی بەرێوەبردنی (کۆمیتەی دەوڵەتی و زانست و تەکنەلۆژیا) ی ئەنجومەنی وەزیرانی سۆڤیەتی بوو. ئەمە هەمان ئەو ئاژانسە بوو کە هامەر پەیوەندی هەبوو لەگەڵیدا، لەبەر ئەوە بوو (کار) ی لەگەڵ خۆیدا هێنا بوو بۆ مۆسکۆ.

هامەر خوازیاربوو ئەم شاندە دەستەیەکی بەهێز و کاریگەربن. بەهۆی (شرایوەر) و (کار) و شەش حەوت کەسی رۆژنامەنوسی سۆڤیەتی، هامەر لە ئاهەنگێکدا بەشداری کرد کە (کۆمیتەی زانست و تەکنەلۆژیا) رێکی خستبوو، و لەو مەراسیمەدا (رێککەوتنی پێشەکی) پرۆژەی کودی کیمیاوی ئیمزا کرا. (لەگەڵ هەموو ئەو وێنەگرتن و باسەدا، لەراستیدا ئەمە رێککەوتنێکی کاتی بوو بۆ گەیشتن بەو کارە)

لە ١٧ جێنیوەری، هامەر رۆیشت بۆ لەندەن، و لەوێ کۆنفراسێکی رۆژنامەوانی پێکهێنا و بلاوی کردەوە کە (رێککەوتنامەیەکی گشتی) لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤیەتدا

مۆر کردوه، کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنامەیە تەکنەلۆژیای ئەکسیدنتال لەگەڵ ماددەی خاوی سۆڤیەتی ئاڵوگۆڕی پێ دەکرێت. هامەر ئەو ڕێککەوتنەی بە (یەکێک لە بەرهەمەکانی) سەفەرەکەی نیکسۆن ناوبرد، و وتی (من لە ماوەی ٥١ ساڵی تەمەنی معاملە و گفتوگۆی بازرگانی خۆم لەگەڵ سۆڤیەتدا هیچ کار و بازرگانی و ڕێککەوتنێکم نەبینیوە ئەوەندەی ئەم کارە سودی هەبێت لەگەشەکردنی معاملەی نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا) لەگەڵ ئەوەی کە هێشتا معاملەکە بەتەواوی ڕێک نەخرابوو، و ئەگەریش بە ئەنجام بگەشتایە، هیچ کاریگەرێکی نەبوو لەسەر ووزە لە ئەمریکادا، کەچی لەگەڵ ئەوەدا هامەر وتی بە ڕۆژنامەنوسەکان ئەم دامێنانە، لە چاو کارەکانی دیکە، کێشەی (باشترکردنی فراوانی نەوت و گاز لە ئەمریکادا) چارەسەر دەکات. (٢٠) دەرخستنەکانی هامەر پشکی ئەکسیدنتالی ١٩٪ گەشەپێدا، لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا ٢٠٠ ملیۆن دۆلار لە بەهای بازاڕی زیاد کرد، و لافاوی فەرمانی کڕین گەیشتە شوێنێك کە بۆرسەی نیۆیۆرك ناچار بوو بەشێوەیەکی کاتی کڕین و فرۆشتنی پشکەکان دابخات.

لە نیۆیۆرك، پیتەرسۆن، وەزیری بازرگانی دەوڵەتی نیکسۆن، بە پەلە وتی هیچ جۆرە ڕێککەوتنێکی پێویست لەنێوان هامەر و سۆڤیەت نەبەستراوە. پاشان وەزیر وتی ئەو زانیاریانەی کە بەو گەیشتوە ئەوە دەخەنە ڕوو ڕێککەوتنامەکەی ئەکسیدنتال و سۆڤیەت لە قۆناغێکی زۆر سەرەتاییدایە. درۆ دەلەسەکانی هامەر (پیتەرسۆنی) تەواو بێتاقەت کردبوو، بەتایبەتی کاتێك کە سۆڤیەتیەکان لە بڵاوکردنی ئەو بانگەشە درۆزنانەی هامەردا دەستیان هەبوو. ئەمە هەڕەشەیەك بوو بۆ سیاسەتی دەوڵەتی ئەمریکا کە دەیانویست سەرمایەگوزاری ئەو وڵاتە لە ڕوسیا بە هاوکاری ڕێبەرە سۆڤیەتیەکان لە کێشەکانی ڤێتنام و شوێنەکانی دیکە ببەستنەوە بەیەکەوە. ئەگەر معامەلەچیەکانی دیکەی ئەمریکی باوەڕیان بکردایە کە هامەر ڕێککەوتنی پڕ قازانجی بۆ گازی سروشتی سۆڤیەتی و سەرچاوە بەهادارەکانی دیکە بەستوە، لەوانەبوو هێرشیان بهێنایە بۆ ڕوسیا و هەڵبخەڵەتانایە، و بۆ ئەو دژوار بوایە، ئەگەرچی مەحاڵ، دەبوو لە بەرامبەر خواستەکانی کەمکردنەوە لە سنوورداریەکانی بازرگانی بوەستێت، و سۆڤیەتیەکان لەوە بەدوا هیچ بەڵگەیەکیان نەدەما بۆ ئەوەی باوەڕ بە خواستەکانی سیاسەتی ئەمریکا بکەن. (٢١) هامەر هەرچی لەسەردا بوو،

گومانی تێدا نەبوو کارەکانی لە ژێر کاری ستراتیژەکانی کیسنجەرەوە وەردەگرت. لەگەڵ هەموو ئەمەدا، پیتەرسۆن هیچ کارێکی لەدەست نەدەهات. هامەر لەگەڵ (ماریس ستنس) کە کاتی خۆی لە وەزارەتی بازرگانی بوو و ئێستاش سەرۆکی کاروباری دارایی ململانێی هەڵبژاردنی نیکسۆن بوو، پەیوەندی هەبوو، و ئەمەش بەمانای دەستپێڕاگەیشتنی بوو بە کۆشکی سپی.

نزیکەی شەش هەفتە پێش سەفەرەکەی نیکسۆن بۆ مۆسکۆ و چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرانی دەوڵەتی سۆڤیەتدا، هامەر بەشەخسی ٤٦ هەزار دۆلار پارەی نەقدی دابوو بە (ستنس)، ئەم پارە زۆر بەباشی دەستاو دەستی پێکرا بوو، و لەبەکێک لە حسابە بێ حسابەکان و نوسینگە تایبەتیەکانی بەرتیلدەری لە سویسرا وەرگیرابوو. بەشی یەکەمی پارەکە کە نزیکەی ١٠٠ هەزار دۆلار بوو درابوو بە سندوقی دووبارە هەڵبژاردنەوەی نیکسۆن. ستنس پێی وتبوو بەهۆی ئەو پارەیەوە ئەوی کردوەتە ئەندامی دەستەی تایبەتی سەد هەزار دۆلاری نیکسۆن، ئەمە ئەو گروپە بوون کە تایبەتبوون و لەلایەنگرە هاوکاریکەرەکانی سەرۆک، ئەم گروپە بەئاسانی دەیانتوانی دەستیان بگات بە کۆشکی سپی. هامەر کاتێک لە ١٩ جێنیوەری لە لەندەن گەڕایەوە، (تیم بابکاک)، پارێزگاری کۆماریخوازەکانی پێشووی ویلایەتی مونتانای بانگ کرد. بابکاک، ئێستا کرابوو بە جێگری سەرۆکی ئەکسیدنتال ئەنتەرنەشنال، کە بەیەکێک لە باڵە بەهێزەکانی لایەنگری هامەر دادەنرا لە واشنتۆن. بابکاک لەگەڵ نیکسۆندا هاوڕێیەتی هەبوو و هامەر هەر لەبەر ئەوە ئەوی کردبووە جێگری سەرۆکی ئەکسیدنتال ئەنتەرنشنال، ئەو کابرایە ڕۆڵی سەفیری دەبینی بۆ هامەر لەلای دەوڵەتی نیکسۆن. هامەر وتی بە بابکاک دەبێت سەرۆک کۆمار ببینم و باسی ئەو مامەڵەیە بکەم لەگەڵیدا کە لەگەڵ سۆڤیەتەکاندا ئەنجامم داوە. بابکاک تەلەفۆنی کرد بۆ (ئێچ.ئار.هالدمەن) سەرۆکی نوسینگەی نیکسۆن، و بڕیاری چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دانا بۆ ڕۆژی دواتر.

هامەر ڕۆژی دواتر دوانیوەڕۆکەی ڕۆیشت بۆ کۆشکی سپی. دواتر بانگەشەی ئەوەی دەکرد، (من تازە لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕابوومەوە، و لەوێ یەکەمین ڕێککەوتنامەی بازرگانیم لەدوای چاوپێکەوتنی نیکسۆن لەگەڵ بڕژنێف ئیمزا

کردبوو، و سروشتی یە کە نیکسۆن حەزی دەکرد لەسیرەوە تاوەکو پیازی مەسەلەکە بزانێت) (٢٢)

هالدمەن، کە لەو دانیشتنەدا ئامادەگی هەبوو، باسێکی تاڕادەیەک کورتی جیاوازتری لە دەفتەری یاداشتەکەی خۆیدا نوسیوە:

(٢٠ جینیوەری ساڵی ١٩٧٢، سەرۆک کۆمار و من ئەمڕۆ چاومان کەوت بە ئارمەند هامەر. بەشێوەیەکی گشتی دیاربوو مەبەستی ئەوە بوو کە ڕاپۆرتێک لەبارەی سەفەرەکەی خۆی بۆ ڕوسیا و ئەو مامەڵە گەورەیەی کە لەگەڵ سۆڤیەتەکاندا........ ئەنجامی دەدات بیگەیەنێت بە سەرۆک کۆمار. هامەر شێتە، بە بەستەیەک کتێبی هونەری و چیرۆکی خۆیەوە لە ڕوسیاوە هاتبوو.

لەبارەی پێشینەی خۆیەوە قسەی دەکرد بۆمان لە ڕوسیادا، و کۆمەڵێک شتی وت بەڕاستی زۆر سەیر بوون، بەڵام گومانی تێدانیە کە ئەو عاشقی خۆیەتی، و ئەو سودەی نیە کە خۆی باسی دەکات.) (٢٣)

بەهەرحاڵ، هامەر، جگە لە باسی خۆی باسی شتێکی دیکەشی کرد. بەبێ ئەوەی بزانێت قسەکانی لە دەزگای شاراوەی کۆشکی سپیدا تۆمار دەکرێن، بەبێ پەردە وتی بە نیکسۆن: (من لە سەنتەری سەد هەزار دۆلاری تۆدام)، و پاشان وتی ئامادەم ئەگەر پێویست بکات هاوکاری زیاترت بکەم.

نیکسۆن تەنها پارەی لە هامەر نەدەویست. ئەکسیدنتاڵ لەم کاتەدا (ماریون واتسۆنی) دامەزراندبوو. واتسۆن یەکێک بوو لە هاوکارە پایەبەرزەکانی لیندن جانسۆن و ماوەیەکی کورتیش وەزیری پۆست و تەلەگراف بوو لە دەوڵەتەکەی جانسۆندا. ئەو یەکێک بوو لە باشترین ڕێکخەرەکانی سیاسی حیزبی دیموکرات. نیکسۆن داوای لە واتسۆن کرد بوو دەست بە ململانێی ڕاگەیاندن بکات تاوەکو دیموکراتە پارێزەرەکانی ویلایەتی باشور دەنگی پێبدەن. واتسۆن ئەم ئەرکەی قبوڵ کردبوو بەمەرجێک دوای ململانێی هەڵبژاردن هامەر دووبارە ئەو دابمەزرێنێتەوە. هالدمەن ئەو مەسەلەی باسکرد: (ئیمە دەبێت ئەومان هەبێت). هامەر، دەیزانی بۆ

ئەنجامدانی داهێنانەکانی لە سۆڤیەت پێویستی بە نیکسۆن هەیە، بەخێرایی قبوڵی کرد. (٢٤)

چەند ڕۆژێك دوایی ئەو چاوپێکەوتنە لە هەمان هەفتەدا، هامەر تایبەتمەندیەتی ئەندامیەتی سەنتەری سەد هەزار دۆلاری خۆی زیاتر خستە ژێر تاقیکردنەوە و هەڵیمەنگاند. ڕۆیشت بۆ لای ئستنس و شکاتی ئەوەی کرد کە پیتەرسۆن لە بەردەم خەڵکدا باسەکان و ڕێککەوتنەکانی منی لە سۆڤیەتدا بە درۆ خستوەتەوە. ئەوەندەی نەبرد کە کاردانەوەی سلبیەکانی پیتەرسۆن لە ڕۆژنامەکاندا کۆتایی پێهات، و (هیلمۆت سونفێلد) قائم قامی بەرزی کیسنجەر لە نوسینگەی ئاسایشی نەتەوەی بووە گەیەنەری هامەر بۆ کۆشکی سپی. سونفێلد لە بارەی هامەرەوە گومانی هەبوو، و ئەوی بە (فێڵباز) و لەگەڵ ئەوەشدا (خۆبەگەورەزانی) ئەزانی، بەلام نەیدەتوانی هیچ شتێکیش بکات چونکە پشتوانیکردن لە هامەر دیاربوو لە زۆرشوێنی بەرزی دەوڵەتەکەی نیکسۆندا دەبینرا. (٢٥)

* * *

لەم کاتەدا، (دۆرمێن کامینز) لە نوسینگەی سەنتەری ئەکسیدنتال لە لۆس ئەنجلس، شیکار و لێکدانەوەی خۆی لەبارەی ڕێککەوتنە سەرەتایەکانی هامەرەوە تەواو کرد لەگەڵ سۆڤیەتەکاندا. ئەو بەڕێوەبەر و سەرۆکی گشتی، کاروباری دارایی کۆمپانیا بوو لەگەڵ ئەوەدا بەرپرسی پاراستنی بەرژەوەندی پشکدارەکانی لە ئەستۆدا بوو. بەهۆی بونی ئەوەوە لەم دوایەدا (وال ئستریت) لە بارەی بەشداریکردنی کامینز بەباشی ئەیزانی کە ڕێککەوتن و بەستنی پەیماننامەی تازەی هامەر لەگەڵ قەزافی لە ڕێژەی سودی ئەکسیدنتال زۆر کەم کردبوویەوە، و سووربوونی بەردەوامی هامەر لە پێدانی ڕێژەیەکی سەدی لە پارەی لیبیا بە حسابی بانکی سویسرا کارەکەی خراپتر کردبوو. لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٧٢، ئەکسیدنتال داهاتی ناپاکی بە ڕێژەی ١/٢ ملیارد دۆلاری هەبوو، و بەلام لەم ڕێژەیە تەنها ٤ ملیۆن دۆلاری گەیشتبوو بە قازانجی کۆمپانیاکە. بە بۆچوونی کامینز ئەم سودە کەمە نەیدەتوانی تێچونی ئەخشەکانی پەرەسەندنی کارکردنی نەوتی کۆمپانیا دابین بکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا هامەر دەیویست کۆمپانیا لە پرۆژە چەند ملیارد دۆلاریەکان لە یەکێتی سۆڤیەتدا بەشداری پێ بکات.

بچوکترینی ئەم پرۆژانە، (سەنتەری بازرگانی جیهانی مۆسکۆ) بوو، کە تەنها بۆ بنیادنانی بیناکە نزیکەی ١١٠ ملیۆن دۆلار پارەی پێویست بوو، و تەنانەت ئەگەر گەشبین بین بەداهاتی داهاتووی ئەو بینایە، لە ئایندەدا بەهیچ شێوەیەك شایەنی پێشبینی ئەوە ناکرێت کە لەتوانایی ئەکسیدنتالدا هەبێت ئەو برە پارەیە دابین بکات. پرۆژەی کودی کیمیاوی یەکێك بوو لەو پرۆژانە کە دەبوو چوار کارگەی پێشکەوتووی ئامۆنیکی لە سەر کەناری ڤۆلگا بۆ دروست بکرایە، هێڵی لولە بەدرێژایی ٩٦٥ کیلۆمەتر بۆ سەر بەندەری ئۆدیسا لە دەریای رەش، سەنتەرێکی بارکردن، و چوار ئەوتبەری زەریایی گەورە، کە بەپێی حسابەکانی کامێنز پێویستی بە یەك ملیارد سەرمایەگوزاری هەبوو. تێچوونی گەورەترین پرۆژەی، داڕشتنی گازی سروشتی سیبریا بوو، کە نزیکەی ٤ ملیارد دۆلاری تێدەچوو.

ئەم پرۆژانە ترسێکی زۆر گەورە و جدی بوون بۆ ئەکسیدنتال. کۆمەڵێك بازرگانی بیانی کە سەردانی مۆسکۆیان کردبوو وتیان دەبێت مۆسکۆ بەلایەنی کەمەوە ببێتە دە ئەوەندەی ئێستای ئینجا پرۆژەی (سەنتەری بازرگانی جیهانی) دەتوانێت تێچوونەکانی خۆی پەیدابکاتەوە، ئەگەرنا وەکو بینایەکی پڕ لە خەرجی و بێ مەسرەفی لێدێت. هەروەها وتبوویان ئەگەر ئەکسیدنتال نەتوانێت رێژەی ئەو فۆسفاتە پێشبینی کراوە تەحویل بدات کە لەرێککەوتنەکەدا هاتوە، پرۆژەی کودی کیمیاوی توشی شکست دەبێت، و ئەو کاتە هەموو سەرمایەی ئەکسیدنتال لەوانەیە تیابچێت. زەوی ناسەکانی ئەکسیدنتالیش خۆیان گومانیان هەبوو کە گەنجینەی فۆسفاتی کۆمپانیا لە فلۆریدا ئەو ئەندازە فۆسفاتەی هەبێت. لەکاتێکیشدا ئەمە لەحاڵەتێکدایە ئەگەر دەوڵەتی ئەمریکا رێگە لەناردنی ئەو فۆسفاتە نەگرێت. پرۆژەی سیبریا نەك هەر سەخترین ناوچەیە لەهەموو جیهاندا بۆ کارکردن و راکێشانی لولەکان، بەڵکو دەبێت خزمەتگوزاری گشتی یابان و ئەمریکا رێککەوتنامەی درێژخایەن بۆ کڕینی ئەو گازەی سۆڤیەتی ئیمزا بکات.

کامێنز لە رۆژی کۆتایی مانگی جێنیوەری رۆیشت بۆ بینینی هامەر و شیکاریەکانی خۆی خستە بەردەم هامەر. گومانەکانی خۆی لەبارەی پرۆژەکانی سۆڤیەتەوە، دێر بەدێر هەمووی بۆ هامەر حساب کرد. کاتێك کە کامێنز قسەی دەکرد هامەریش دەستیکرد بە نوسینەوەی ئەو حسابانە بەشێوەیەکی درێژ لە دەفتەرەکەی

خۆیدا و پاشان هەوڵیدا گومانەکان و بۆچوونەکانی بەدرۆ بخاتەوە و وتی کامینز تۆ تەنها ڕەشنوسی یەکەمی ڕێککەوتنەکانت بینیوە. کامینزی دڵنیا کردەوە کە ئەم ترسانە لە ڕێککەوتنەکانی کۆتاییدا لەگەڵ سۆڤیەتدا نامێنێت. بەڵام کامینز هێشتا ڕازی نەبوو. پرسی لەهامەر: چۆن دەتوانرێت ئەگەری هەرەسی ئەو ڕێککەوتنی ڕەوینەوەی ئاڵۆیەکانی نێوان مۆسکۆ و ئەمریکا چالاك بکرێتەوە؟ ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە هەڵبوەشێتەوە یان شکست بهێنێت، ئەکسیدنتال دەبێت هەموو ئەو سەرمایەگوزاریەی کە لەسۆڤیەت کردویەتی لە دارایەکەی خۆی لایبەرێت.

هامەر پەبێ ئەوەی وەڵام بداتەوە تێرامابوو لە کامینز، ئەو تێڕوانینە ئەوەندە دریژ بوو تەنانەت دوای چەندین ساڵ کاتێك کامینز بیری لەو سەیرکردنە دەکردەوە توشی لەرزین دەهات. پاشان دەڵێت بەیانی وەڵامەکەت دەدەمەوە.

ڕۆژی دواتر کامینز کاتێك دەڕوات بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەکسیدنتال دەبینێت دۆسیەکانی پەیوەست بە پرۆژەکانی سۆڤیەتی لە نوسینگەکەیدا ئەماون و بڕاون. پاشان دەڵێن هامەر دەیەوێت ئەو ببینێت. هامەر بەبێ ئەوەی قسەیەکی لەگەڵدا بکات، نامەیەکی دەدات بەدەستەوە. ئەوە نامەیەکی دەست لەکارکێشانەوەی ئیمزاکراوبوو کە کامینز کاتێك بەرزبوونەوەی بۆ ئەو پلەیەی دابووی بەهامەر. ئەو کاتە هیچ مێژوویەکی پێوە نەبوو. ئێستا بینی مێژووی دەست لەکارکێشانەوەکەی هامەر خۆی خستویەتیە سەری. مێژووی هەمان ڕۆژ، یەکی ئاوتی ١٩٧٢. ئەو دەرکرابوو. (٢٦)

* * *

لە ١١ فێبریوەری ساڵی ١٩٧٣، هامەر دووبارە ڕۆیشتەوە بۆ مۆسکۆ. چوار مانگ پێشتر، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (میخائیل ئەندرۆیڤیچ سوسلۆڤ) هەڵسوڕێنەری سەرەکی حیزبی کۆمۆنیست و دووەمین پایەبەرزی پۆلیت بیرۆ، هامەر بووبویە جێگەی ڕێزی ڕێبەرایەتی سۆڤیەتی. برژنێف کە، ئەو کاتە، نەیتوانی بوو هامەر ببینێت، نامەیەکی بۆ ناردبوو (ڕۆڵە زۆر گرنگەکەی) لە (گۆڕینی ئیجابی ئێستای پەیوەندی سۆڤیەت و ئەمریکای) زۆر بەرز نرخاندبوو. ئێستا هامەر دەیویست برژنف ببینێت لە کرملین، بەو شێوەیەی کە لینین و خرۆشۆفی بینی بوو.

دیدارەکە لە ١٥ فێبریوەری ڕێککەوت. هامەر برژنف (بە پیاوێکی مرۆڤ دۆست و زۆر گەرم و گوڕ وەسف دەکات). و دەڵێت (هەرکاتێك توشی هەیجانێك بوایە چاوەکانی پڕ دەبوون لە ئاو). لەکاتی دیدارەکەیدا، بە وتەی هامەر، برژنف لە پڕێکدا دەستی کردوە بە گیرفانیدا و کاتژمێرە ئاڵتونینەکەی خۆی داوە بە هامەر. دەڵێت (برژنف حەزی دەکرد ڕێگەی معامەلە بکەمەوە لەگەڵ سۆڤیەتدا). ئەو بیروبۆچوونەکانی منی (لەبارەی پەرەپێدانەوەی ئاڵوزیەکانی بازرگانی) نێوان هەردوو وڵاتی قبوڵ کرد و پاشان دەڵێت سەرۆك ڕازیبوو کە متمانە و توانایی خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی پشتگیری ئەکسیدنتال بکات لەسەر خستنی پرۆژەکانیدا.) (٢٧) برژنف خۆی، لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا، پەیوەندیەکانی لەگەڵ هامەردا بەشێوەیەکی دیکە، و بە هەستێکی کەمتر، باس کردبوو: (من بارمەتی ئەو دەدەم، ئەو لە نێوانماندایە، ئێمە هیچ قسەیەکی نهێنیمان نەکردوە، قسەکان تەنها لەبارەی کار و کاسبیەوەیە) (٢٨)

هامەر لەدوای چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ سەرۆك برژنفدا بۆ سودوەرگرتن لەو پەیوەندیە زەرەیەك کاتی بەفیڕۆ نەدا. لەکاتی گەڕانەوەی لە مۆسکۆ لە مانگی فێبریوەریەدا، سەری لە تاراندا، و لەگەڵ اسدالله علم سەردانی شای کرد، (علم) لە یاداشتەکانی خۆیدا، هامەر بە (پیرەپیاوێکی دڵ تەڕ) ناو دەبات. هامەر ڕوونی دەکاتەوە کە سۆڤیەتیەکان لەڕێگەی ئەوەوە پێشنیاری معامەلەیەکی سێ لایەنە دەکەن کە ڕێژەیەکی زۆر گەورە گازی سروشتی لەخۆ دەگرێت. ئێران گازە سروشتیەکەی خۆی دەدات بە یەکێتی سۆڤیەت، سۆڤیەتیش ڕێژەیەکی یەکسان لە گازی سیبریا دەگوازێتەوە بۆ ئالاسکا، بۆ ئەوەی ئەکسیدنتال ئەو گازە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا بفرۆشێت. لەم ئاڵوگۆڕەدا، ئەمریکا پارەی ئەو گازە دەدات بە ئێران. (٢٩) ڕۆڵی هامەر، بەهەر حاڵ، لە ڕوانگەی ئابوریەوە ناکرداری بوو. یەکێك لە سەرۆکەکانی ئەکسیدنتال دواتر باسی ئەوەی کرد، گواستنەوەی گازی سۆڤیەتی لە پانایی جەمسەری ئالاسکاوە لە ڕوانگەی لۆجیستیکیەوە نەگونجاو و کارێکی زۆر قورسە. بەهەرحاڵ دەرئەنجام: (هامەر دەیویست بەتەواوی پەیوەندی خۆی لەگەڵ سۆڤیەتدا بەرەو شای ئێرانیش ببات) (٣٠)

بیرۆکەی مامەڵەی سێ لایەنە، دوای گەڕانەوەی هامەر بۆ ئەمریکا پشتگوێ خرا، تەنانەت هامەر ئەو مەسەلەی لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبردنی خۆیشی باس نەکرد، وتی بەوان تەنها لەبارەی ڕێککەوتن و پەیماننامەی دوو بازرگانی ئاسایەوە لەگەڵ برژنیف دا قسەی کردوە. لە مانگی ئاوریل، هامەر پەیمانێکی بیست ساڵەی بۆ گواستنەوەی فسۆفات لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا ئیمزا کرد و ئەم ڕێککەوتنەی (بە هەنگاوی یەکەمی مامەڵەی سۆڤیەتی – ئەمریکی) ناو برد (٣١) پاشان، لە سێپتەمبەر، ڕێککەوتنامەی بیناکانی ناوەندی بازرگانی جیهانی لە مۆسکۆ ئیمزا کرا. مامەڵەی پێشنیاری سێ یەم، واتە هێڵی لولەی گازی سیبریا، کە تێچوونەکەی بریتی بوو لە ١٧/٦ ملیارد دۆلار، بەبێ دەنگە دەنگ وەلانرا.

بەڵام دەستپێکردنی ئەم دوو پرۆژەش پێویستی بە ناردنی ڕێژەیەکی گەورەی سەرمایە بوو بۆ یەکێتی سۆڤیەت. هامەر باش دەیزانی کە ئەکسدینتال هەرگیز لە پێگەیەکدا نیە کە بتوانێت خۆی بەتەنها ئەو بڕە پارەیە و ئەو سەرمایە دابین بکات، بۆیە رووی کردە (بانکی ناردەنی– هاوردەنی ئەمریکا) ئەمە دامەزراوەیەک بوو ئەنجومەنی ئەمریکا بۆ هاوکاریکردنی دارای ئەو وڵاتانە دایمەزراندبوو کە وڵاتانی تازە گەشەکردوو بوون. هامەر پێشناری کرد کە بانک قەرزێکی بیست ساڵەی بە ڕێژەی ١٨٠ ملیۆن دۆلاری بۆ دروستکردنی کارگەکان، هێڵی لولە، و ئاسانکاری پێوستیەکانی دیکەی پرۆژەی کودی کیمیاوی ئەکسیدنتال، بداتە حکومەتی سۆڤیەتی. سودی ئەم قەرزە لە نزیکەی نیوەی ڕێژەی سودی بانکە بازرگانیەکانی دیکە بوو. هامەر دڵنیابوو ئەگەر (بانکی ناردەنی و هاوردەنی) ئەو پارەیە بەو هەلومەرجە بدات، ئەوا دەتوانێ ١٨٠ ملیۆن دۆلاری دیکە بەهۆی ئەو ڕێژە ناسراوەی کە وەری گرتوە لە سەندیکایەکی بانکی، بە ڕێبەرایەتی بانکی ئەمریکا، کە دەیویست لە پوسیادا ئیش بکات، قەرز وەرگرێت. کۆی ئەو ڕێژەیەش، بەلایەنی کەمەوە بۆ وەگەڕخستنی پرۆژەکە، باش بوو.

بۆ بەخشینی قەرز، هامەر دەبوو لە بەربەستێکی گەورە تێپەڕێت. پێش ساڵی ١٩٧٣ ئەنجومەنی ئەمریکا تەنانەت بیریشی لە خواستنی پێشینە نەدەکردەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەت، و لەبەرامبەریشدا هەر جۆرە پێشینەیەک لە ڕێگەی بانکی هاوردەنی و ناردەنی، بۆ ئەو وڵاتە قەدەغەکرا بوو مەگەر ئەوەی کە سەرۆک کۆمار ڕەزامەندی

لەسەر پیشان بدات بەخشینی قەرزێکی لەو شێوەیە ئایا لە بەرژەوەندی نەتەوەییدایە، بۆیە هامەر پێویستی بە نامەیەکی نیکسۆن هەبوو.

تەنانەت هامەر دوای ئەوەی کە سەرۆک کۆمار دووبارە هەڵبژێردرێتەوە هامەر بە پارەی نەقدی هاوکاری سندوقی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری کردبوو. لە ١٣ مارسی ساڵی ١٩٧٤، نامەیەکی نوسی بۆ نیکسۆن باسی ئەوەی کرد کە (معامەلەی کودی کیمیاوی) لە ژێر لێکۆڵینەوەی ویلیام کیسی سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردنی (بانکی هاوردەنی و ناردەنی) دایە، و ڕەزامەندبوون لەسەر ئەو پرۆژەیە (لەم حاڵەتەدا دەتوانرێت زۆر گرنگ بێت). و پاشان دەڵێت، (ئەم معامەلەیە بە تایبەتی بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا زۆر گرنگە، و لە بارودۆخی جوتیاران، هاوسەنگی پێدانەکانی ئێمە، بێکاری، و باشترکردنی هێزکاریگەرێکی باشی هەیە). نامەکە زۆر بەگەرمی کۆتایی پێدەهێنێت، و دەپرسێت ئایا لەدەستی بەڕێزی دێت (خزمەتێك بەو کارەو و وڵاتەمان بکات)، و پاشان دەڵێت، (ئەگەر تۆ ڕازی نەبیت، بەڕاستی مرۆڤایەتی هەنگاوێك دێتەوە دواوە). (٣٣)

ئەنجامدانی معامەلەکان چەندین مانگ درێژەی کێشا، بەڵام نیکسۆن لەکۆتاییدا دەستی هامەری گرت. لە ٢٠ مانگی مەی، سەرۆك کۆمار نوسی بۆ کەیمی کە بە شێوەیەکی شەخسی گەیشتوەتە ئەو دەرئەنجامەی کە معامەلەی (هامەر).. لە ڕوانگەی بەرژەوەندی نەتەوەییەوە هەمان ئەو شتەیە کە من لەکاتی جێبەجێکردنیدا پێشبینیم بۆ کردبوو... بۆیە لە بەرژەوەندی نەتەوەییدایە کە (بانکی هاوردەنی و ناردەنی) پارێزگاری لە ناردنی ئەمریکا بکات بۆ سۆڤیەت.) (٣٤) ڕۆژی دواتر، لە ساڵ ڕۆژی حەفتا و شەش ساڵەی هامەر، (بانکی ناردەنی و هاوردەنی) ڕەزامەندی پیشاندا لەسەر پێشینەیەك بە بڕی ١٨٠ ملیۆن دۆلار. ئەمەش گەورەترین قەرز بوو کە ئەو بانکە تاوەکو ئێستا دابووی بە وڵاتێکی کۆمۆنیستی. (٣٥) کەمێك دوای ئەوە، بانکی هاوردەنی و ناردەنی ٣٦ ملیۆن دۆلاری بەقەرز بەخشیە دەوڵەتی سۆڤیەتی، ئەم ڕێژەیەش تایبەت کرا بوو بە سەنتەری بازرگانی جیهانی هامەرەوە.

معامەلاتی ڕوسیا، تەنانەت لەگەڵ ئەو ڕێژە کەمە، قازانج هێنەر نەبوو. کەشتیە بارکراوەکانی ئەسیدی فسفۆرێکی ئەکسیدنتال یەك لەدوای یەك دەگەیشتنە بەندەرەکانی ئۆدیسا، بەڵام سۆڤیەتەکان تەیار و ئەزموونی پێویستیان بۆ وەرگرتن و

چاککردنی ڕاستی و ڕێکخستنی ئەو ماددەیە نەبوو، کاتێك ئامونیاکی سۆڤیەتی لە بەرامبەر تەحویلی ئەکسیدنتال بوو، بازاڕی جیهان پڕ بوو لە ئامۆنیاك، و نرخەکان زۆر دابەزی بوون. سەرۆکەکانی ئەکسیدنتال لە دوو دەیەی دواتر هەوڵیاندا ئەم معامەلاتانە لە ڕوانگەی ئابوریەوە گەرم و گوڕێکی ناوچەی پێ ببەخشن، بەڵام نەگەیشتنە دەرەنجام. (زیلتان مێرزی) بەڕێوەبەری جێبەجێکاری گشتی هامەر، ئەزموونێکی بیست ساڵەی لە کاری ماددەی کیماوی لە کۆمپانیای (داوکمیاکال)ی هەبوو. لەگەڵ ئەوەدا، ئەویش نەیتوانی هیچ ڕێگەیەك بدۆزێتەوە تاوەکو ڕێگە لەو زیانە گەورەیە بگرێت لە کاتی گوڕینی فۆسفاتەکە بۆ ئامۆنیاکە هەبوو. ئەو ڕێککەوتنەی کە هامەر لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی سۆڤیەتی بەستبووی هیچ حسابێکی بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ئەو مادانە بۆ هەویری شلە نەکرا بوو. ئەم معامەلەیە، لە ڕوانگەی پارە دەرهێنانەوە، معامەلەیەکی باش نەبوو. بەڵام تەنانەت دوای ئەوەی کە (مێرزی) هەڵسەنگاندنی بۆ معامەلەکە و ڕێککەوتنەکە کرد، بینی هامەر هێشتا سورە لەسەر ئەوەی کە بەردەوامی بدات بە کارەکە. مێرزی دواتر وتی: (حەقیقەت ئەوەیە کە هامەر لە بیری پارەدا نەبوو. دەسەڵاتی دەویست) (٣٦) لەدیدی هامەرەوە، کرملین یەکێك بوو لە سەنتەرە سەرەکییەکانی هێز لە جیهاندا. بۆیە بەبۆچوونی هامەر هاوڕێیەتی کردن لەگەڵ ئەو سەنتەرەدا بێگومان دەسەڵاتێکی گەورەی بەدوادا دێت.

لە هاوینی ساڵی ١٩٧٤، سامانی پاکی شەخسی هامەر گەیشتبوویە بیست ملیۆن دۆلار. ئەکسیدنتال پترولیۆم بەتەواوی لەبەردەستی ئەودا بوو و لەگەڵ ئەوەی کە ملیۆنەها دۆلاری هەبوو لەحسابە تایبەتیەکانی بەرتیلداندا. بیست کەس لە ئیشکەرە بەمەیزە قاچاخچیەکانی سیاسی جهانی، وەکو (مارویین واستۆن) و (تیم بابکاك)ی لەخزمەتدا بوو. سیناتۆرەکان و نوێنەرەکانی ئەنجومەن چاویان لە بەخشندەی و پێدانی پارەی ئەو بوو. و برژینف واتە سەرۆکی ڕوسیا، و نیکسۆن سەرۆکی ئەمریکاش لە بەرژەوەندی هامەردا کاریان دەکرد.

وەرزی بیست و یەك

تـــاوان و ڕیسوایەکـــەی واترگێت

لە خودی ئەو ژیاننامەی کە هامەر لە کۆتایی دەیەکانی ۱۹۸۰ بڵاوی کردەوە، دەنوسێت لە ساڵی ۱۹۷۵ (ناخۆشترین کابوسەکانی من گیانیان بۆ پەیدا دەبوو). (۱) مەبەستی توانای ئەو واقعە بوو کە دەست بەسەر بکرێت و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت، و وەکو باوکی، بە دەست بەسەری بەرەو زیندان بڕوات. هۆکاری ئەو کابوسەش (واترگێت) بوو. ئەو لێکۆڵینەوە بێ ئامانەی کە بە دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆك نیکسۆن لە ئاوتی ساڵی ۱۹۷۵ کۆتایی هات و ئێستاش یەخەی هامەری گرتبوو، ڕۆڵی ئەو لە دابینکردنی پارە بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو ڕووداوە جێگەی لێکۆڵینەوە و سەرنجدان بوو.

سێ ساڵ پێشتر، لە جێنیوەری ساڵی ۱۹۷۲، هامەر هەواڵی دەستگیرکردنی پێنج دزی لە نوسینگەی کۆمیتەی نەتەوەی حیزبی دیموکراتی لە ناوچەی واترگێت بیست، بەڵام زۆر گرنگی بەو مەسەلەیە نەدا. لەکاتی دەست بەسەراگرتنی ئەو کەسانە، هامەر لە لەندەن بوو، و خەریکی ڕێکخستنی معامەلاتەکانی مۆسکۆ بوو. تەنها لەبەر ئەو هەندێك گرنگی بەو مەسەلەیەدا کە خۆیشی چەند ژوورێکی لەو شوێنەدا هەبوو و بێتاقەتی نائارامی ئەو شوێنە بوو. (۲)

دەست بەسەراگیراوەکانی واترگێت، هەڵبەتە، دزی ئاسایی نەبوون. کارمەندانی نهێنیی ڕێکخستنی هەڵبژاردەی نیکسۆن بوون و دەیانویست لە ناوەندی کاری دیموکراتەکان دەزگای بیستنی تۆمارکردنی قسە دابنێن. ئەوانە وایان دەزانی ئەو

تۆمەتەی کە دراوەتە پاڵیان بەزوویی نامێنێت، و لەبەرامبەردا ئەو دەستگیرکراوانەش هیچ شتێکیان نەدەدرکاند. کۆمیتەی دووبارە هەڵبژاردنەوەی نیکسۆن، لەبەرامبەر ئەو کارەدا، هەموو هەفتەیەک برێک پارەی پێدەدان لەبەرامبەر بێدەنگ بوونیان.

هەرچی ڕۆژەکان و مانگەکان زیاتر تێدەپەری، ڕێژەی پارەی نەقدی داواکراو زیاتر دەبوو. ماریس ئستنس، بەرپرسی کاروباری دارایی هەڵبژاردنی نیکسۆن، کەوتە ژێر فشارێکی زۆر فراوانەوە، بە وتەی خۆی، ناچار بوو (پارەی نەقدی) لە (جێبەجێکارەکانی دەرەوە) بەدەست بهێنێت. (۳) (یاسای دارایی هەڵبژاردن) کە لە ۷ ئاوریل جێبەجێ کرا، کارەکەی دژوارتر کرد چونکە بەپێی ئەو یاسایە پێدانی پارە بەبێ بردنی ناو بۆ ململانێی سیاسی بە تاوانی فیدراڵی دادەنرا. لەبەر ئەوە ئستنس ناچار بوو بگەرێت بەشوێن خەڵکی تایبەتیدا. ئەوانە دەبوو پارەی بێ ترس، واتە پارەی سەد دۆلاری کە وەرگرتنی ئاسان بوو، لە بەردەستیدا هەبێت، و لە بەرامبەردا هیچ قسەیەکان نەبێت و یاسای دارایی هەڵبژاردن بخەنە ژێر پێیان و خۆیان بەشاراوەی بهێڵنەوە.

هاسەر لە هەردوو بوارەکەدا توانایی هەلومەرجەکەی هەبوو. ڕێژەیەکی زۆری پارەی خەوێنراوی هەبوو. تاوەکو جێنیوەری ساڵی ۱۹۷۲، زیاتر لە ۲/۸ ملیۆن دۆلاری لە پارەکانی ئەکسیدنتاڵ خستبویە ناو حسابەکانی بانکی (یۆنیۆن)ەوە لە سویسرا کە (کونس و زینل زادە) ئەو حسابەیان دەبرد بەڕێوە. لەگەڵ ئەوەدا هامەر ئەندامی سەنتەری (سەد-هەزار- دۆلاری ئستنس) بوو، بەشێوەیەکی ئاشکراش ڕێژەیەکی بە بڕی ٥٤ هەزار دۆلارو سەد دۆلاری، بەشێوەی بێ ناو بەخشی بوو، و هەرچەندە بەو ئەوترا بوو پارەکە چۆن سەرف کراوە. فەرماندرا بە تیمی (بابکاک) پارەکە بە سێ قیست بداتە ئستنس. یەکەمین بەشی لەناو پاکەتێکی قاوەی لە ڕۆژی ۸ سێپتەمبەری ساڵی ۱۹۷۲ تەحویل درا، دواهەمین بەشیشی لە ۱۷ جێنیوەری ساڵی ۱۹۷۳. هەڵبژاردن لەم بەروارەدا کۆتایی پێ هاتبوو، بۆیە ئەو پارەیەی هامەر ڕاستەوخۆ دەڕۆیشتە ئەو سندوقەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی کۆشکی سپی دا بوو بۆ پەردەپۆشکردنی واترگێت خەرج دەکرا.

لە ساڵی ۱۹۷۳ کاتێک مەسەلە پەردە پۆشکراوەکە بەرە بەرە دەر دەکەوت، کۆمیتەی دووبارە هەڵبژاردنەوەی نیکسۆن کەوتە ژێر فشاری بەردەوامی ڕۆژنامەوە

تاوەکو ناوی هەموو ئەو کەسانە بوترێت کە پارەیان داوە. هامەر کەوتبوویە ناو کێشەوە، بەڵام وایی دەزانی دەتوانێت ڕزگاری ببێت. ژیانی تیمەکەی بابکاک، پارێزگاری پێشووی مۆنتانا و بەڕێوەبەری ئێستای ئەکسیدنتال، لە دەستی ئەودا بوو. بابکاک بۆ پاراستنی پلە و پۆستی خۆی هیچ ڕێگەیەکی ئەما بوو جگە لەوەی کە دەبوو فەرمانەکانی هامەر جێ بەجێ بکات. بۆیە هامەری بابکاکی والێکرد بڵێت ئەم پارانە لە لایەن خۆی و چوار بازرگانەوە لە مۆنتانا دراوە. کێشەکە ئەوە بوو ئەگەر بپرسن لە بابکاک و هاوڕێکانی ٥٤ هەزار دۆلاری نەقدتان لەکوێ هێنا، هیچ وەڵامێکی قەناعەتکەرانەیان پێ نەبوو. هامەر وەڵامێکی بۆ ئەو مەسەلەیە ئامادە کرد. لە جێنیوەری ساڵی ١٩٧٣، هامەر پەیوەندی کرد بە ڕاوێژکارەکەی خۆی لە لەندن. پسپۆڕ بوو لەو کارانە، وەکو خۆی دواتر دەڵێت، (چارەسەرکەر و سەرداپۆشەری ئەو کێشە هەستیارانە بوو کە لە دەرەوەی پێکهاتەی یاسایی)دا بوون. ئەو پێش ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٤ ببێتە ڕاوێژکاری هامەر، خۆی بازرگانێکی زۆر گەورە و بەڕێز بوو. بەڵام هامەر کۆمەڵە هەلێکی خستە بەردەم ئەو کە بەشێوەیەکی گشتی لەکاری بازرگانیدا بوونیان نەبوو: گەڕیدە و هەڵسوڕێنەرێکی جیهانی. ئەمە بۆ ئەو، لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا، ژیانێکی تازە بوو. دەڕۆیشت بۆ وڵاتە گەشە نەکردووەکان و شێخ نیشینە بێ ناو و بێ عەلەفەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خۆی نزیک دەکردەوە لەو بەرپرس و دەسەڵاتدارانەی کە دەیانتوانی ئیمتیازەکانی نەوت ببەخشن. ئەم پیاوە، لە بواری هاوکاریکردنی هامەر و پەیداکردنی هۆکارەکانی ئەو دەست بەسەراگرتنەی دەسەڵاتدارەکان، کەم کەم ڕووبەڕووی کۆکردنەوە کارە داراییەکان بوو، بۆ نموونە کردنەوەی حسابی بانکی ژمارەدار لە سویسرا بەناوی (دامەزراوەکانی لیختن ئشتاین) و ناردنی پارە لە ڕێگەی ئەوانەوە بەشێوەیەك کە هیچ کەس هەست بەجێگە پێکەی نەکات. هامەر مامۆستایەکی دیاری ئەم ساختەکاری و کەڵەکچیانە بوو. ئەو ڕاوێژکارە ئینگلیزە دواتر دەڵێت: (ئەو فێڵبازترین کەس بوو کە من لە هەموو تەمەنمدا بینیومە یان توانیومە بیری لێبکەمەوە. من نەمەبوو بعێنمەوە بەلایەوە، بەڵام توانی من ڕاکێشێت بۆ خۆی). لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٧٢ کاتێك پارەی بۆ هامەر ئامادە دەکرد، هەڵبەتە هیچ ئاگاداری ئەوە نەبوو کە ئەو پارەیە لەدوایی هەڵبژاردنەکانیش بە نیکسۆن دەدرێت و بەکاردەهێنرێت بۆ پەردەپۆشکردن و

ئاوانەکەی واترگێت. ئێستا هامەر داوای لێدەکرد چیرۆکێك دروست بکات بۆ ئەوەی ئەوە دەربخات کە (بابکاك و هاوڕێکانی) ئەو پارە شاراوەیان لەکوێ دەست کەوتوە.. بەکورتی هامەر داوای لێکرد بەرپرسیاریەتی ئەو ٥٤ هەزار دۆلارە لە ئەستۆ بگرێت. دەبێت بڵێت ئەو، نەك هامەر، ئەو پارەیەی لە سێنیتەمیەری ڕابردوو داوە بە بابکاك بە قەرز. هەروەها هامەر داوای لێکرد سەنەدێك بە بەرواری ئەو ڕۆژە بنوسێت. ڕاوێژکارە ئینگلیزیەکە بەبێ ئەوەی مەبەستی ئەو ئامادەکاریانە بزانێت هەرچی هامەر داوای لێدەکرد ئامادەی کرد. ماروین واتسۆن پاشان بە فڕۆکە سەنەدەکەی لە لەندەنەوە بەرەو واشنتۆن برد و خستیە بەردەم بابکاك بۆ ئیمزا کردن. (٤)

کاتێك کارەکانی نوسینگەی ئەم پەردەپۆشکردنە زۆر لێهاتووانە تەواو بوو، هامەر ئینکاری لە بەرپرسیاریەتی پێدانی هەرجۆرە پارەیەکی نایاسای کرد. لە ٢٣ ئاوتی ١٩٧٣ کاتێك دوو کارمەندی (ئێف بی ئای) ڕۆیشتن بەشوێنیدا، وتی بەران تەنها ئەو پارەیەی کە داوە بە سندوقی هەڵبژاردنەکەی نیکسۆن ئەو ٤٦ هەزار دۆلارە بوو کە لە مارسی ساڵی ١٩٧٢ دراوە. ئەم ڕێژەیە، کە پێشتر (لستنس) ئەو پارانەی تەنها بە پێدانی هامەری ئاوبردبوو بۆ کۆمیتەی دووبارە هەڵبژاردنەوەی سەرۆك کۆمار، نایاسای نەبوو، چونکە پێش یاسای دارایی تازەی هەڵبژاردن و قەدەغەبوونی پارەی بێناو درابوو. (٥) هامەر لەبارەی ئەو ٥٤ هەزار پارە نەقدەی کە دابووی، کە یاسای نەبوو، هیچ شتێکی نەوت بە کارمەندەکانی ئێف بی ئای. دوو هەفتە دواتر، کۆمیتەی هەڵبژێردراوی لێکۆڵینەوەی واترگێتی ئەنجومەنی سنا دووبارە لێکۆڵینەوەی کردەوە لەگەڵ هامەر لەبارەی ئەو پێدانانەوە. هامەر دیسانەوە وتی تەنها ئەو بڕی، ئەو ٤٦ هەزار دۆلارەی داوە کە لەمانگی مارس بەخشیویەتی ئەویش بەشێوەیەکی یاسای.

ئەم پەردەپۆشکردنە خێرایە ئێستا بەشێوەیەکی کاتی خرایە ئەستۆی ئەوانەی کە پارەیان دەدا بە هەڵبژاردنەکان، بەڵام هەرگیز نەدەهات بە خەیاڵی هامەردا کە ڕیسوای وترگێت یەکێك بێت لە گەورەترین لێکۆڵینەوەکانی مێژووی ئەمریکا. مۆرەکانی هامەر یەك لەدوای یەك لەناویران. چوار بازرگانەکەی مۆنتانا لەبەردەم ئێف بی ئای دانیان بەوەدانا کە ئەوان لەگەڵ بابکاکدا کاریان کردوە و پارەکەیان تەزویر بووە. ڕاوێژکارەکەی هامەر لە لەندەن، دوای ئەوەی کە گیرا و دادگای و لێکۆڵینەوە

لەگەڵدا کرا، دانی بەوەدانا کە هیچ کاتێك پارەی لە ڕاستیدا بە بابکاك بە قەرز نەداوە و مێژووی ئەو سەنەدەش دەگەڕێتەوە بۆ پێشتر. لە درێژەی لێکۆڵینەوەکەدا واتسۆن دانی بەوە دانا کە ئەو سەنەدە ناوبراوە لە جێنیوەری ساڵی ۱۹۷۲ بابکاك بردویەتی و ئیمزای کردوە. بابکاکیش لەبەرامبەر ئەو سەنەدەدا، پارەی داوە و دانی بەوەدانا کە لەگفتوگۆکەی خۆی لەگەڵ ئێف بی ئای دا درۆی کردوە. و هامەری بە سەرچاوەی ئەسڵی ٥٤ هەزار دۆلارەکە و پێدەری ناڕاسای و ڕێکخەری پەردەپۆشکردنی ئەسڵی مەسەلەکەی ناساند. ئیمتا ئیدی لێکەڵەرەوەکانی واترگێت لەدژی هامەر دەست بەکار بوون. ئەگەر ڕێکخستنەکەی کاتی بابکاك ڕاست بێت، هامەر و شەش کەس، کە لەناویاندا خۆی، ڕایسپاردوون لەگەڵ کارمەندەکانی ئێف بی ئای درۆبکەن، و لەگەڵ دەستەی ئەنجومەنی سنا درۆ بکەن، و سەنەدی ساختە ئامادە بکەن. ڕێگەگرتن لە جێبەجێکردنی دادپەروەری لەبەردەم ڕێکخستن و ساختەکاری کارێکی لەم شێوەیدا گاڵتە و گەپ نیە.

ڕاوێژکاری یاسای هامەر لە واشنتۆن، (ئەدوارد بنت ویلیامز) پارێزەری ئەو دەعوا ناسراوە بوو. ویلیامز بەبێ پشت و پەنا وتی بە هامەر باروەۆخی تۆ لە ڕوانگەی یاسایەوە زۆر ترسناکە. لێکۆڵەرەوەکانی ئێف بی ئای دوو کەس لە بەرێوەبەرە پایە بەرزەکانی هامەریان واتە (واتسۆن و بابکاك) یان ولێکردبوو کە دان بە تاوانەکەی خۆیاندا بنێن. هەردووکیشیان شایەتی ئەوەیاندا کە بە فەرمانی هامەر بابەتەکەیان پەردەپۆش کردوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لێکۆڵەرەوەکان بۆچوونەکانی خودی هامەریان لەلایە کە دەریبڕیوە بۆ ئێف بی ئای و کۆمیتەی ئەنجومەنی سەنا کە وتویەتی تەنها ٤٦ هەزار دۆلاری داوە نەك ۱۰۰ هەزار دۆلار، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە خودی هامەر دەستێکی باڵای هەبووە لە پەردەپۆشکردنی ئەو بابەتەدا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سەنەدە ساختەیە و ئەو ڕاوێژکارەی لەندەنیشی هەیە، کە وتویەتی شایەتی داوە سەنەدەکە بە فەرمانی هامەر ئامادە کراوە. بەکورتی سوو ناچێت بە دۆسیەکەدا و دەتوانرێت بە ئاسانی هامەر تاوانبار بکرێت کە ویستویەتی بە خراپەکاری و ساختەکاری بەردەم جێبەجێکردنی دادپەروەری بگرێت.

بە وتەی ولیامز تەنانەت ئەگەر هامەر بتوانێت دەستەی منصفەش قەناعەت پێ بکات کە هەموو ئەو ڕێژە ۱۰۰ هەزار دۆلارەی پێش کاتی دیاریکراوی ۷ ی ئاورێل

تەسلیم بە بابکاك کردوە، و لەوانەیە بابکاك خۆی بەشەخسی هەر چۆنێك بووە ئەو ٥٦ هەزار دۆلارەی لەلای خۆی هێشتوەتەوە، و دوای ئەو بەڵێنە تەسلیمی کردوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر دوورنیە کە هامەر تاوانبار نەکرێت و بەتاوانی ڕێگەگرتن لە جێبەجێکردنی دادپەروەری تاوانبار نەکرێت و چەندین ساڵ نەکەوێتە زیندانەوە. و ئەگەریش دەستەی منصفە قبوڵی بکات کە کارمەندەکانی ئەو فەرمانی ئەو ئیشیان کردوە، ئیدی ئەو کاتە بەتەواوی هامەر بە خەتاکار دەزانرێت. بۆیە ویلیامز ئامۆژگاری هامەری کرد کە هەر جۆرێك بووە قەناعەت بکات بە لێکۆڵەرەوان و هەوڵبدات نەهێڵێت مەسەلەکە بەرەو دادگا بڕوات. پێشنیارەکەشی ئەوە بوو کە هامەر تاوانێکی سوکتری بخرێتە پاڵ، واتە هاوکاریکردنی ناشایی بۆ ملمڵانێی هەڵبژاردنەکان، بگرێتە ئەستۆی خۆی.

بیرکردنەوە لە دانپیادانان بە تاوان بۆ هامەر شتێکی قورس و زۆر بێزراوە. ئەو پەنجا ساڵ هەوڵیدا بوو ئەو تاوانەی کە باوکی خستیە ئەستۆی خۆی و لەبنەڕەتیشدا تاوانی ئەم بوو بە شاراوەی بیهێڵێتەوە. ئێستا چۆن دەتوانێت تاوانێکی لەو شێوەیە بگرێتە ئەستۆی خۆی؟ بە باوەڕی ئەو، بەو شێوەیەی کە دواتر نوسی: (تاوان لە زهنی تاوانکار و لەناو خەڵکێکدا کە ئەو لەناویاندا هاتن و ڕۆیشتن دەکات دەمێنێتەوە، و ئەوانەش بەردەوام بەچاوێکی خراپ و بێ متمانەوە سەیری دەکەن)(٧) لە هەمانکاتیشدا دەیزانی کە بەهیچ شێوەیەك ڕێگەی هەڵهاتنی نیە بەشێوەیەکی ئاسای لەو تاوانەی کە کردویەتی. ئەگەر دان بەتاوانەکەی خۆیدا بنێت، ئابڕوی لەبەردەم هەموو خەڵکدا دەڕوات و لەوانەشە بەڕێوەبردنی کاروباری ئەکسیدنتاڵی لێ وەربگرنەوە. ئەگەر تاوانەکەش قبوڵ نەکات، لێکۆڵینەوەکانی ئێف بی ئای لەبارەی ئەو پارە دەستگێرانەی کە خراوەتە بەردەم ملمڵانێی هەڵبژاردنەکانەوە بێ گومان توندتر دەبێت. ئەم دەزگایە بەو سەدان کارمەندەی کە هەیەتی، دەتوانێت بەو هێزە بازنە بەهێزەی کە هەیەتی پەردە شاراوەکانی چالاکیە بانکیەکانی دەرەوەشی هەموو بخەنە ڕوو، دەتوانن حسابی بانکەکەی سویسرای بخەنەڕوو و لەگەڵ ئەوەدا زینل و کونسیش بهێننە ناوەوە. لەو کاتەدا، گواستنەوە و پێدانی ملیۆنەها دۆلار لە پارەکانی ئەکسیدنتاڵ، گواستنەوە و وەرگرتنی ئەو هەموو پارە ناپاساییە کە دەتوانرێت بەتۆمەتی ناپاکی لەدژی ئەو بەکار بهێنرێت، لەوانەشە

بتوانرێت هەمووی دەرکەوێت. ئەمە نابێت ڕوویدات. کەواتە چارەسەریشی نیە جگە لەوەی کە ڕێگە بدات بە ویلیامز بۆ ئەوەی بچێتە ناو معاملەوە.

ویلیامز کە لە قسەکردن و ململانێدا لەگەڵ لێکۆڵەرەوەکانی واترگێتدا بێ ئەزموون نەبوو، باروودۆخەکەی زۆر بەوردی هەڵسەنگاند. ئەوە هات بە مێشکیدا کە لەوانەیە لێکۆڵەرەوەکان دوای دەست لەکارکێشانەوەی نیکسۆن ئیدی زۆر ئارەزووی بەردەوامی ئەو لێکۆڵینەوەیان نەبێت لەبارەی واترگێتەوە. لە گفتوگۆکەی خۆیدا لەگەڵ ئەواندا بەشێوەیەك تێگەیشت کە مەسەلەکەی هامەر بۆیان مویەکی ئیزعاجە کە ناتوانرێت بە بێ گرنگی سەیر بکرێت. ویلیامز بەشێوەیەك ڕێگەیەکی بۆ خستنە بەردەم کە هەم لێکۆڵینەوەکە دەربەکەوێت و هەمیش مەسەلەکە کۆتایی پێدەهات. هامەردان بەو تاوانەدا دەنێت لە پێدانی پارەی نایاسای بە سندوقی هەڵبژاردن، و لەبری ئەوەی کە بڕوات بۆ زیندان بەبێ ڕێنومایەکان جەریمە دەکرێت و سزایەکی هەڵواسراوی بۆ دەردەکرێت. لە بەرامبەر دانپیادانانی ئەو تاوانەدا، لێکۆڵەرەوەکان لە ئیرادەی تاوانی جنائی ڕێگە دەگرن لە جێبەجێکردنی دادپەروەری و چاوپۆشی لێدەکرێت. ویلیامز بەڵگەی ئەوەی هێنایەوە کە ئەم ڕێگاچارە لە بەرژەوەندی گشتیدایە، چونکە گرتنی پیاوێکی حەفتا و شەش ساڵ بۆ زیندان لەبەرامبەر پێدانی ڕێژەیەکی زۆری پارەی جەریمەکراو هیچ گرنگییەکی نیە، بەهەرحاڵ بە بچوکردنەوە یەکێك لە خاوەن پیشەسازیە دەوڵەمەندەکان هیچ بۆ کەرامەتی خۆیان زیاد ناکەن. لێکۆڵەرەوان ڕەزامەندیان لەسەر بنەمایی ئەو بۆچوونە خستەڕوو، بەڵام دیاریکردنی ناونیشانی وردی تۆمەتەکە تاوەکو ئاوتی ١٩٧٥ درێژ کرایەوە. سەرەنجام، لە یەکی سێپتەمبەری ساڵی ١٩٧٥، هامەر لەبەردەم دادگای بەخشینی فیدراڵی واشنتۆندا دانی بە سێ فەقەرەی تاوانی پشتگیری پارەی نایاسای هەڵبژاردن دانا. (هەریەك لەوپێدانە جیاوازانە لە پێدانی ئەو هاوکاریە نەقدیە دوای مۆڵەتی ٧ ئاوریلەوە بوو) سەرۆکی قازیەکانی دادگا، ویلیامز جۆنز، پێش دەرخستنی بۆچوونی کۆتایی، کەسێکی ڕاسپارد بەناوی (جێمز واکەر) تاوەکو چاودێری ئەو کاتەی هامەر بکات لە تەواوبوونی سزا هەڵواسراوەکەیدا.

بۆ هامەر دانپیادانان بە تاواندا لەبەرامبەر جیهاندا زۆر ترسناك بوو. هەر لەو نزیکانەدا، لە ژیاننامەکەی خۆیدا دەنوسێت، (لە ژیاندا هیچ شتێك ئەوەندەی ناوی

باش و ناویانگی ناوداری بۆ من گرنگی نەبوو. و ئێستا دەیانویست من تاوانبار بکەن). (٨) پێش دەرخستنی بڕیارەکە نامەیەکی بیست لاپەڕەی نوسی بۆ کارمەندی چاودێری دادگا، (ئەو بێتاقەتی و تاوانەی کە لەم ماوەیەی تۆمەتبارەکردنەدا دەیکێشم هەرگیز ناتوانم باسی بکەم. بە پێدانی یەك عانەی سیاسی بەبێ بردنی ناوم لە پارەی خۆم، کارێك کە هەموو دەزانین تاوەکو پێش ٧ ناوریلی ١٩٧٢ بەتەواوی باسای بوو، کەچی دوای ئەو بەرواره دەبێتە ناباسای دیارە تەمەنی سودمەند و کاری باش بەهەوادا دەڕوات). پاشان لەو نامە بیست لاپەڕە سەیر و غەریبەدا، بەردەوامی دەدا بە قسەکانی، و ڕێك ئەو شتەی کە پێویست بوو دانی پیابنێت، واتە تاوانەکەی خۆی، ئینکاری‌دەکات. دەنوسێت (حەقیقەتەکەی ئەوەیە کە من بووم بە قوربانی ئەو یاریە). پێداگیری ئەوە دەکات کە من تاوانەکە لە ئەستۆ دەگرم نەك لەبەر ئەوەی کە باوەڕم وایە تووشی ئەو تاوانە بووم بەڵکو لەبەرئەوەی کە پیر و بێ توانا بووم و تاقەتی کێشمەکێش و هێنان و بردنی دادگام نیە. دواتر باسی ئەوە دەکات کە خراپترین کێشە کە تووشم بووە لەم تەمەنەدا نەمانی تاقەت و بیرکردنەوەیە، پاشان دەڵێت (لەو ژیانە پڕ لە کێشمەکێشەدا کە من هەمە، لەگەڵ ئەو کێشە جیهانیانەی کە من شەو و ڕۆژ بیریان لێدەکەمە، دەتوانم بیر لەوە بکەمەوە کە ئەو مەسەلەیە پشت گوێ خراوە) (٩)

ویلیامز نامەکەی بە ئاشکرا خوێندەوە. ئەمە دەیدا لەو معاملە ژێر بەژێرەی کە لەگەڵ لێکۆڵەرەوەکاندا لەنجامیدا بوو، پێشتر زۆر توند ئامۆژگاری کرد کە ئەو نامەیە نەنێرێت. بەڵام هامەر هەرگیز دەست بەرداری ئەو کارانە نەبوو کە لە ڕابردوودا دەیکردن، و دیسانەوە دەیویست دووبارە بابەتەکە لە سودی خۆیدا دەستکاری بکات. بۆیە بەهیچ شێوەیەك ڕاوێژی نەکرد لەگەڵ پارێزەرەکەیدا و ئەو نامەیەی نارد بۆ دادگا.

بەو شێوەیەی کە ویلیامز دەترسا، قازی جونز نامەکەی بە ناڕەزایبوونی کەمتەرخەمی ڕازیبوون زانی، بەمانایەکی دیکە ئەو نامەیە بۆ وەڵامدانەوەی جۆرێك لە جۆرەکان ئەو بارە نەخواستراوە بوو کە هاتبوو بەسەریدا. ئەگەر هامەر باوەڕی وایە بێ تاوانە لەبەرامبەر بڕیاری دادگا، ناتوانێت خۆی بە کەمتەرخەم بزانێت. دادگا دواتر بلاوی کردەوە مادامەکی ئێستا ناڕازیە بەو ڕێککەوتنە، دادگا دەستەی منصفە

پێکدەمێنێتەوە تاوەکو هامەر جارێکی دیکە پارێزگاری بکات لەو دوو تاوانەی دیکە کە دراوەتە پاڵی. ویلیامزیش بەبێ دواکەوتن کشایەوە لە دۆسیەکەدا.

هامەر دواتر دەڵێت، (ئێستا هەم دارەکەم دەخوارد و هەم پیازەکەش) (١٠) لەبری ئەوەی کابوسەکە تەواو بێت، زیاتر باڵی کردەوە. لەگەڵ ئەوەی کە ئەکسیدنتال تێچوونەکانی دادگای هامەری دەدا، ئەم پارانە کەم کەم دەگەیشتنە نزیکەی یەك ملیۆن دۆلار، و کۆی گشتی تێچونەکان تاڕادەیەك بەشێوەیەکی تەواو بووە هۆی دابەشکردن لەنێوان هەموو دادگادا. سەرەڕایی گرووپی دادوەرانی تایبەتی واترگێت، هامەر ئێستا دەبوو لەگەڵ کۆمیسیۆنی (کاغەزە بەهادارەکان و بۆرسەکانی کاڵا)ش ڕێك بکەوێت. ئەمانەش لێکۆڵینەوەی خۆیان دەست پێکرد بوو لەبارەی ڕێشەی کاری تاوانەکانی کارمەندانی پێشووی ئەکسیدنتالەوە کە دەیانوت هامەر بەرتیلی داوە بە ڕێبەرە بیانیەکان. کمیسیۆن داوایەکی پێشکەش کرد کە بە پێی ئەو داوایە هامەر ناچار دەبوو بە بەڵگەکانی خۆی بڕوات بۆ دادگا و لەبارەی پێدانە نقدیەکانی خۆیەوە بۆ واستەکانی ئەو معامەلانە گەواهی بدات. ئەگەر هامەر دڵنی بەو کارەدا بنایە، دەکەوێتە ژێر لێکۆڵینەوەیەکی توندی کۆمەڵێك پرسیاری زۆرەوە، کۆمەڵە پرسیار و لێکۆڵینەوەیەك کە ئەگەری زۆری هەبوو حسابەکانی بانکی سویسراش بخاتەڕوو.

لەبەر ئەوەی کە هامەر لەتوانایدا نەبوو ئەو هەموو فشارانە قبوڵ بکات، خۆی کرد بە مردوو، و نامەیەکی نوسی بۆ دادگا و وتی: (واقعیەتێك هەیە کە ناتوانم خۆمی لێلابدەم ئەوەیە کە من ٧٧ ساڵەم و بە نەخۆشی دڵ وکێشەی کەم توانایی و ئازاری جەستەیەوە دەناڵێنم). پاشان ڕۆیشت و لە (نەخۆشخانەی سیدەری لوبنان) لە لۆس ئەنجلس کەوت. لە جێنیوەری ساڵی ١٩٧٦، شەش پزیشکی تایبەتی کە ئەکسیدنتال گرتبوون تەقریرێکیان نوسی بۆ دادگا و دانیان بەوەدانا کە هامەر لەڕوانگەی پزیشکیەوە بەهیچ شێوەیەك لەتوانایدا نیە بڕوات بۆ بەردەم (کۆمیسیۆنی کاغەزی بەهادار) یان بڕوات بۆ دادگای واشنتۆن. پارێزەرەکەی ئەو لە لۆس ئەنجلس، ئارتۆر گرۆمەن، وتی پزیشکەکانی هامەر گەیشتونەتە ئەو دەرەنجامەی کە هامەر دوورنیە بەهۆی نەخۆشی دڵەوە کۆچی دوایی نەکات. بەهۆی ئەو بارودۆخەوە لێکۆڵەرەوان ڕەزامەندیان پیشاندا تاوەکو دۆسیەکە بنێرن بۆ دادگای فیدراڵی لۆس ئەنجلس، و

لەوێ سەرۆکی قازی، (لارنس لیدیك)، ئیجازەی دا هامەر سەرلەنوێ تاوانی ئەو سێ فەقەرە ڕیسوایەی کە پێشتر دانی پیادانا بگرێتە ئەستۆی خۆی.

هامەر دەستیکرد بە دواهەمین کاری کە لەوانەیە بەو کارەی بتوانێت ڕزگاری ببێت لەو دانپیادانانەی تاوانەی لەبەردەم هەموو کەسدا، و داوایکرد لە قازی لیدیك کە بەچاوی ئەو باروودۆخەوە بڕیاری لەسەر بدات کە لە (نەخۆشخانەی سیدری لوبنان) کەوتوە، و وتی لەوانەیە ئەگەر لە نەخۆشخانە بێتە دەرەوە بمرێت. قازی لیدیکیش داواکاریەکەی قبوڵ نەکرد، بەڵام ڕازیبوو گروپێك پزیشك لەگەڵیدا بێن بۆ دادگا. (١١)

دەرەنجام ڕۆژی تۆڵە سەندنەوە گەیشت ڕۆژی ٢٣ مارسی ساڵی ١٩٧٦ بوو. هامەریان بە کورسی تایەدار هێنا بۆ دادگای فیدراڵ. دەموچاوە ئاسایە برۆنزیەکەی، پەڕی بوو، چاوەکانی شۆڕ و کزبووبوون، و جەستەی دەلەرزی. دوو پزیشك لە نزیکەوە بەردەوام فەحسیان دەکرد بۆ ئەوەی زیان نەگات بە دڵی. پەرستارەکانیش لە دەرەوە بە ئۆکسیجین و پێویستیە سەرەتایەکانی پزیشکیەوە وەستابوون.

هەموو ئەم بەزم و ڕەزمە بۆ دادگایەك بوو کە تەنها چەند خولەکێك درێژەی دەکێشا. قازی لیدیك سێ فەقەرە تاوانە ڕیسوایەکەی واترگێتی یەك بەیەك خوێندنەوە. هامەر بەدەنگێکی لاواز بەڵام هۆشیار لە وەڵامی هەریەکە لەو تاوانەدا وتی (خەتاکار). پاشان قازی لیدیك هامەری بە ٣٠ هەزار دۆلار جەریمە کرد بەشێوەیەکی نەقدی و پاشان لەگەڵ ساڵێك سزای هەڵواسراودا.

کاتێك دادگای تەواو بوو، هامەر، بە وتەی وەکیلەکەی، بەشێوەیەکی موعجزە ئاسا (شفای بۆ هات). ڕۆژێك دواتر لە نەخۆشخانە هاتە دەرەوە، کورسی تایەدار، دەزگای فەحسی دڵ، ئۆکسجینی ناچاری، لەگەڵ پێویستیە پزیشکیەکانی دیکە، هەموو فڕێدران. و ڕۆژێك دوای ئەوە لەنوسینگەی کارەکەی لە ئەکسیدنتاڵ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵیدا خۆی ڕزگار بکات لە شەڕی لێکۆڵینەوەی دانپیادانەکەی (کۆمیسیۆنی کاغەزە بەهادارەکان)، لەوێش ڕەزامەندی پیشاندا کە ئەکسیدنتاڵ بەڵێن دەدات هەموو ئەو پرسیارانەی کە پێشتر ئامادە کرابوون لەلایەن کۆمیسیۆنەوە ڕوون بکرێنەوە. (ئەکسیدنتاڵ بەشێوەیەکی تەواو کۆمیسیۆنێکی تایبەتی دادەمەزرێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لەو پێدانانەی کە کۆمیسیۆنی کاغەزە بەهادارەکان) بانگەشەی دەکەن، و ڕاپۆرتە دەستکەوتوەکانی خۆیان لە ساڵی ١٩٧٦ تەسلیم بکەن.)

فرانسیس هامەر هەفتەیەك دواتر نوسی، (هورا........ ئازاری تەواو بوو) (١٢)

ئەم ژنــه لــەماوەی بیــست ســاڵی ڕابــردوودا هاوســەرێکی زۆر ماندوونەناس بــوو، ماڵەکەی خۆی لە لۆس ئەنجلس و سەرچاوە دارایەکانی خۆی خستبوویە بەردەم پیاوەکەی. لەگەڵ ئەوەی کە سەفەرکردن بۆ ڕوسیا بۆ ئەو بەتەواوی ناخۆش بوو، کەچی پێنج شەش جار لەگەڵ پیاوەکەیدا ڕۆیشتبوو بۆ ڕوسیا. لە ماوەی ئەو کابوسە سێ ساڵەیدا لەگەڵ پیاوەکەیدا وەستا بوو. ئەو ماڵەکی جێنیوەریەی کە پیاوەکەیان برد بۆ نەخۆشخانە، ژنەکە یادی ساڵ ڕۆژی هاوسەرگیریان دواخست. ئێستا، کە هامەر گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە، فرانسیس ئەندامەکانی دیکەی خێزانەکەیان بەهۆی ئەو بۆنەیەوە میوانداری کرد. میوانەکانیش پێکهاتبوون لە کوڕەکەی هامەر، جولیێن، کە بە تازەی ژنەکەی تەڵاقدا بوو، ڤیکتۆر هامەر و هاوسەرەکەی ئایرین. هێری کۆچی دوایی کردبوو، ئارماشا لە مۆسکۆ دەژیا، و فرانسیس هیچ ئاگاداری ڤیکتۆریا، کچە بیست ساڵەکەی ئارمەند، نەبوو.

هامــەر بــێ ئەنــدازە تەندروســت و خۆشــحاڵ بەرچــاو دەکــەوت. داوای خــواردنی پرۆتینی کرد بوو، زیاتر لە ١٨ کیلۆ کەمی کرد بوو، دەموچاوی دووبارە برۆنزی بوو بوویــەوە. هامــەر بەســەلامەتی فرانــسیس و پــشتیوانی ئــەو لــەماوەی ئــەو ســاڵانەی گرفتاریــەی یاســایەدا خواردیــەوە، و وتــی هەســت دەکــات وەکــو بڵێیــت لــە گــۆڕ هەستاوەتەوە. و زۆر پڕ بە دڵ پێدەکەنی. (١٣)

* * *

لــە جێنیــوەری ســاڵی ١٩٧٦، هامــەر گەڕایــەوە بــۆ مۆســکۆ. ناوبــانگی ئــەو لــە مۆسکۆدا هیچ زیانێکی پێ نەگەیشتبوو. بە پێچەوانەوە، زیاتر بوو بوو چونکە وا بیر دەکرایەوە کە هامەر زۆر بەهێز بووە و توانیویەتی لەبەرامبەر حکومەتی ئەمریکادا بوەستێت. لــە یــەکێتی ســۆڤیەت، هێشتا ئــەویان بــە ســەرمایەدارێکی گــەورەی لــێن دەزانی. چاپەمەنیەکانی سۆڤیەت پرۆژەی کودی کیمیاویان بە (معاملەی سەدە)، بە بــەهای ٢٠ ملیــارد دۆلار، نــاو دەبــرد، کــە بــە تــەخمینکراوی ٩٠٪ ســەرمایەگوزاری دەرەکی بوو لە یەکێتی سۆڤیەتدا. بەو پارەی کە لە (بانکی هاوردەنی و ناردەنی) و ســەندیکای بانکــەکانی بازرگــانی ئــەمریکای وەرگرتبــوو، کۆمەڵــە کارگەیــەکی زۆر گــەورەی مــۆدێرنی ئامۆنیــاك لــە کــەناری ڕۆیــاری ڤۆلگــا لــە بەردەســتدا بــوو بــۆ

دروستکردن. و هەروەها بە هاوکاری دارایی کە لە بەڕێوەبەرایەتی کەشتیوانی ئەمریکا وەرگیرا بوو، کەشتیە نەوت هەڵگری بەتایبەتی بۆ بارکردنی فسفۆری گوشراو بۆ ڕوسیا، لە کارگە کەشتە سازیەکانی ئەمریکادا لە حاڵەتی دروستکردندا بوون، ناوی یەکەم کەشتیەکەش (جولیوس هامەر) بوو. هەروەها بەهۆی کۆمەڵە متمانەیەکی دیکە کە لە بانکە ئەمریکیەکانەوە وەرگیرابوو، خەریکی داڕشتنی دروستکردنی ئەو سێ بینایە بوون کە دەچوون بەناو ئاسماندا. یەکەمین بیناشیان بە ماڵی هامەر ناودەنرا. نرخی نەوت لە بازاڕی جیهانی گەیشتبوویە چوار ئەوەندە، کە ئەم تەقینەوەیە تاوەکو ڕادەیەک پەیوەست بوو بەو معامەلەیەوە کە هامەر لەگەڵ قەزافی کرد بووی، و ئەکسیدنتال ئیدی کۆمپانیایەکی زۆر پڕ لە سود بوو و دەیتوانی بە ئاسانی سەرمایەی پێویست بۆ گەشەکردنی سەرچاوەی ناتەواوی ئەم پرۆژەیە فەراهەم بکات.

کەمێک دواتر هەمان هاوین، هامەر هەرلێدا دەوڵەتی سۆڤیەت ئیمتیازێکی دیکەی پێ ببەخشێت: ئەم جارە شوقەیەک بوو پەیوەست بوو بەخۆیەوە لە نزیک کرملین. ئەم بینایە مەڵبەتە ئەوەندەی (براون هاوس) نەبوو کە پێشتر ماڵی باوکی هامەر بوو و ئێستاش بووبوویە سەفارەتی نەمسا، بەڵام شوقەیەک بوو کە پێکهاتبوو لە پێنج ژوور بە هەموو ستاندارێکی ڕۆژئاوای. میخائیل براک، هاوکارەکەی هامەر لە مۆسکۆ، دەڵێت (تاوەکو ئێستا بەهیچ سەرمایەدارێک ئیمتیازێکی لەو شێوەیە نەدراوە). میوانیەکانی بۆ ماڵە تازەکە لە مانگی ئۆکتۆبەر ژمارەیەک لە نوخبەکانی دەزگای سۆڤیەتی بوون ، وەکو ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەی برژنێف، ئاندری ئەلکساندرێف- ئارگنتیف، ئامادەبوون. ئەلیکساندەر- ئارگنتیف، مرۆڤێکی زۆر بەڕێز و بە ئەدەب بوو، و لە هاوئاهەنگکردنی سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەتی بەرپرسیاریەتیکی تایبەتی هەبوو. کاتێک هامەری بینی، پێی وت برژنێف دەیەوێت بتبینێت، و هامەری برد لەگەڵ خۆیدا بۆ کرملین، و لەوێ نزیکەی نەوەد خولەک لەگەڵ برژنێف دانیشتن و گفتوگۆیان کرد. (١٤) برژنێف لەو چاوپێکەوتنەدا حەزی دەکرد لەبارەی بابەتەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاوە قسە بکات، بۆ نمونە لەبارەی (پەیمانی سنوردارکردنی چەکە ستراتیژیەکان)، بۆ ئەوەی هامەر ئەو پەیامە ببات بۆ واشنتۆن.

لە ماوەی ساڵی دواتر، هامەر بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لەنێوان ئەمریکا و ڕوسیا، و وڵاتەکانی دیکەی کۆمۆنیستی هات و ڕۆیشتنی هەبوو. ڕێکەوتنی گرنگی بۆ دروستکردنی پرۆژەی پەترۆکیمیاوی پیشەسازی وزەی بۆ پۆڵەندە، ڕۆمانیا، چیکۆسلۆڤاکیا، و چین بەست. بۆ بەرەو پێشبردنی ئەهێشتنی ئاڵۆزی، و هەروەها هێنانەوەی ئەو ئابڕوە بەهەوادا ڕۆیشتوەی نیشتیمانی، (کۆنفرانسی ئاشتی و مافی مرۆڤی ئارمەند هامەری) لە ئۆسلۆ، پایتەختی نەرویج، بەست. تێچوونی کۆنفراسەکە کۆمپانیای ئەکسیدنتال دابینی کردبوو، و لەگەڵ ئەوەدا بوو بە کۆنفرانسێکی ساڵانە. وەکو کۆنفرانسی (پوگواشی سیرۆس ئیتوان)، ئەم کۆنفرانسەی هامەر، زیاتر بۆ ڕۆشنبیرە بەرجەستەکانی سۆڤیەت و ڕۆژئاوا بوو، ئەم کۆنفرانسە یەك هەفتە کۆی دەکردنەوە لە دەوری یەکتردا و لەبارەی ڕێگاکانی بەرەو پێشبردن و هاوژیانی ئاشتییانەوە گفتوگۆیان دەکرد.

لە ساڵی ١٩٧٨، هامەر ئیدی بوو بوو بە کەسێکی ناسراوو هەر کۆمپانیایەکی ئەمریکی بیویستایە لە وڵاتێکی بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا ئیش بکات یان سەرمایەگوزاری بکات دەبوو هامەر ئاگادار بکاتەوە و لەڕێگەی ئەوەوە کارەکانی ئەنجام بدایە. سەدان کۆمپانیا، لە (ریدرز دایجست) کە دەیویست دەقی ڕوسی بۆ گۆڤارە ڕوسیەکان دەربێنێت، بیگرە تاوەکو کۆمپانیای دروستکردنی ئۆتۆمبێلسازی (دیۆرین) کە دەیویست بەشێك لە ئۆتۆمبێلی ئەلەمنیۆمی (ئەسپۆرت) دروست بکات لەکارگەکانی ڕوسیا، هەموو لەڕێگەی هامەرەوە دەست بەکار بوون. ئەوەی کە لنین بە ڕێگەیەکی بچوکی معامەلەی ئەمریکا ناوی برد، ئێستا وەکو شاڕێگەیەکی لێهاتبوو. برژنێف بە هۆی خزمەتەکانی هامەرەوە لە ساڵ ڕۆژی هەشتا ساڵی تەمەنیدا، خەڵاتی (فەرمانی دۆستی لنینی) پێشکەش کرد، ئەم خەڵاتە تاوەکو ئێستا هیچ بازرگانێکی بیانی وەری نەگرتبوو، و دوای ئەویش هیچ کەس وەری ناگرێت. تاوانەکانی ئەو لە ئەمریکا هەرچی هەبوون، هامەری لە سۆڤیەتدا وەکو پاڵەوانێك ناساند بوو.

وەرزی بیست و دوو

مامۆستا کۆنەکان، دولبەرە جوانەکان

هامەر جیهانی هونەر بە جۆرێک لە (جەنگەڵ) ناودەبات، و دەڵێت: (پڕە لە حەسادەتی دڕندانە و شەڕی بێ بەزەییانەی نێوان دەلاڵەکان و خاوەن گەلەرییەکان) ئەو لەو جەنگەڵەدا (بە چنگ و دندان بۆ تابلۆکان) شەڕی دەکرد. ئەزموونی خۆی لەو مەیدانەدا بەهاوشێوەی (هەنگاونان لە جەنگەڵی بازرگانیدا) حسابی بۆ دەکات.(١) بۆ یەکەمجار کاتێك چاوی کەوتە سەر ئەو لایەنەی جیهانی هونەر لە ساڵی ١٩٢٧ بوو لە مۆسکۆ، و لەو ڕۆژانەی کە کار و کاسبی و کاری خێزانیان نوقمی دەریایی قەرزاری بوو بوون ئەو هەوڵیدەدا لەسەر ئاوەکە بمێنێتەوە. ئاناستاس میکۆیان، پیاوی دەستە ڕاستی ستالین، ئەو هەلەیدا بەو کە لەڕێگەی فرۆشتنی پارچە هەڵبژێردراوە هونەرییەکان لە دەرەوەی ڕوسیا بەهای بیانی کە بێ ڕادە ڕوسیا پێویستی بوو بەدەست بهێنێت. ئەم بەرهەمە هونەریانە لە ژێر دەسەلاتی (گوسخران)، کۆمیتەی دەوڵەتی بەرپرسیاری گەنجینە نەتەوەییەکان بوو. لەوحاڵەتەدا کە ناردنی گەنجینە نەتەوەییەکان بە تاوانێکی گەورە دادەنرا و سزاکەی لە سێدارەدان بوو، کارێکی لەوشێوەیە بەبێ پشتوانی و یارمەتی تەواوی دەوڵەتی سۆڤیەت مەحاڵ بوو. (٢) ئەو ڕۆڵەی کە میکۆیان لەبەرچاوی گرتبوو بۆ هامەر ڕۆڵی واسیتە بوو: سەرەتا کۆمەڵێك بەرهەمی هونەری لە ئارمیتاژ و مۆزەخانەکانی دیکەی سۆڤیەت دەهێنن، بە پشتگیری سەرۆکی گشتی ئەو بەرهەمانە دەسپێرن بە هامەر، تاوەکو ئەو بەرهەمانە لە ئەڵمانیا، فەرەنسا و ئەمریکا بیفرۆشێت بە دەلاڵەکان و گەلەرییەکان. میکۆیان وتی بە هامەر، (ئێستا دەتوانیت تابلۆی کۆنی مامۆستایانی گەورەت لەبەردەستدا بێت... بەڵام ئێمە

ئێستا لە وڵاتی خۆماندا خەریکی شۆڕشین و دواتر دەیانگەڕێنینەوە). (٣) هامەر لەبارەی هەر شتێکەوە کە بیفرۆشێت وەکو دەلاڵێك ڕێژەی ١٠٪ نرخەکەی وەردەگرێت بۆ خۆی.(٤)

لە مارسی ساڵی ١٩٢٧، یەکەمین (شاکار) کە تەحویلی هامەر درا بۆ ئەوەی بیفرۆشێت. تابلۆیەکی ڕەنگ ڕۆنی، ٧٦ سانتیمەتر بە ٦١ سانتیمەتر بوو کە وێنەی منداڵێك بوو خەتەنە دەکرا لەناو کۆمەڵێك فریشتەدا. بە وتەی سۆڤیەتەکان، ئەو تابلۆیە ئیشی (رەمبرانت) و ناونیشانی (خەتەنەکەرانی مەسیح) بوو، ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگ بوو چونکە میراتی یەهودیەتی مەسیحی وەبیر دەهێنایەوە. گوایە ئەو تابلۆیەی ڕەمبرانت تابلۆیەکی ڕوون بوو بووە کە کۆمەڵە دەلاڵێکی ڕوسی لە سەدەی نۆزدەیەم فرۆشتویانە. و وادیارە تاوەکو سەردەمی شۆڕشی ڕوسیا لەناو کۆمەڵەی خێزانی هونەردا مابوویەوە. هامەر دەبوو بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەو تابلۆیە لەلایەن یەکێك لەو خێزانانە بەدەستی هێناوە کە دۆستی هونەرن.

هامەر پەیوەندی کرد بە کۆمەڵە کەسێکی دەلاڵی هونەری لە ئەڵمانیا کە زیاتر ئیشیان گەڕان بوو بەشوێن ئەو تابلۆ و ئیشە هونەریە وێنەوانەی (رەمبرانت) و تابلۆکەی بە بەهای (٥٠٠) هەزار دۆلار (واتە بەرامبەر بە چوار ملیۆن دۆلاری بەهای ئەمڕۆ) خستەڕوو بۆیان. ئەو کۆمەڵەیەش پێداگیریان لەسەر ئەوە دەکرد کە دەبێت پێش هەر جۆرە ڕێککەوتنێك لەسەر نرخەکەی پشتگیری و زەمانەتی ئەسڵی وێنەکە بکرێت، و هامەر لە ٨ ئاوریل تابلۆکەی نارد بۆ بەرلین بە ڤیکتۆری برایدا. لەوێ تابلۆی (خەتەنەکەرانی مەسیح)یان برد بۆ لای (ماکس فریدلاندەر) کە بەڕێوەبەری مۆزەخانەی بەرلین بوو، لەگەڵ ئەوەدا یەکێك بوو لە زۆر شارەزا بەرجەستەکانی (رەمبرانت)

لە یەکەم لێکۆڵینەوەی (فرید لاندەر) دا، کۆنی ڕەنگی تابلۆکەی گەڕاندەوە بۆ هاوسەردەمی تابلۆکانی دیکەی ڕەمبرانت، و لە دەرخستنی بۆچوونەکانیدا بەڕاستی مامۆستا بوو. بەڵام لە تاقیکردنەوەکانی دواتر و شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە کیمیاوییەکاندا دەرکەوت بۆی کە ڕەنگەکەی لە سەدەی بیستەمدا دروست کراوە. پاشان فرید لاندەر وتی بە ڤیکتۆر تابلۆکە ساختەکارێکی زیرەکانە و تازەیە. (٥)

هامەر لە پڕێکدا خۆی لەناو تێکەڵێکی ساختەکاری گەورەی هونەریدا بینیەوە. سۆڤیەتەکان، چ دەیانزانی و چ نەیاندەزانی، کارە ساختەکاری و تەزویرەکانیان سپارد بە هامەر. و ئەو نەیدەتوانی باسی ئەوە بکات کە واسیتەی سۆڤیەتیەکان لە معامەلەکەدا هەیە: چونکە ئەمە نەك هەر زیانی دەدا لە کارەکانی دیکەی لە ڕوسیادا بەڵکو ئەگەری ئەوەشی هەبوو کە کاری دەست گیرێ و پارە دەست بە دەستپێکراوەکەی لە ڕۆژئاوادا دەربکەوێت. ئەو تابلۆی هونەریەی ڕمبرانت وەکو تابلۆیەکی پەیوەست بەخۆی خستبویە بازاڕەوە بۆ فرۆشتن، بۆیە بە ڕووکەش وادیار بوو کە تاوانبار لە ساختەکاری و تەزویرەکردنەکەیدا، چونکە ئەو بەتاوانێکی گەورە دادەنرێت کاتێك دەتەوێت تابلۆیەك بە بانگەشەی ئەسڵی خاوەن کارەکە بفرۆشیت، لەگەڵ ئەوەشدا ساختەکاری بێت. لە ئەڵمانیادا هیچ هەنگاوێك نەنرا لەبەرامبەر کارەکانی، بەڵام چیرۆکی (ڕمبرانتی) تەزویر و ساختەکاریەکەی بەخێرایی کەوتە سەر زمانی خەڵکی، و کرداریەن هامەریان لە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی مامۆستا کۆنەکاندا بەبێ متمانە ناوبرد. ئێستا ئیدی بۆ قاچاخچی بەرهەمی هونەری مۆزەخانەکانیش بەکەڵکی میکۆیان نایێت. (٦)

سەرەڕایی ئەو سەرشۆڕیبوونەی ناو خەڵکی گشتی، هامەر لەم ڕووداوەدا وانەیەکی گرنگ فێربوو. کە کۆمەڵە کڕیارێکی گەلەری ئامادە بوون ڕێژەیەکی زۆری پارە بدەن بە وێنەیەك کە وایدەزانرا تابلۆی ئەسڵی ڕمبرانتە، بەڵام کاتێك کە زانرا کە تابلۆی مامۆستای گەورە نیە، ئیدی یەك فلس بە تابلۆکە نەدرا. لەم ڕوانگەیەوە، کاتێك کە هامەر وەکو خۆی دەڵێت (گەنجی ڕۆمانۆفی) هێنا بۆ بازاڕ، لە دۆزینەوە و دیاریکردنی مێژووی وێنە و تابلۆکاندا ئەرکێکی زۆری خستە سەرشانی خۆی. ئەم گەنجەش دروستکراوی ئەم دوایانە بوو دەرەئەنجام کەسێك بە لێهاتووی خۆی توانی بۆی دەرکەوێت کە ئەو کەلوپەلانە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی تەزاری. ماوەیەك دواتر، هامەر بوو بە پسپۆڕی فرۆشی بەرهەمە هونەریەکان لەناو کۆمەڵە دەلاڵچیە گەورەکانی بواری هونەریدا. بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٤١، (ویلیام ڕاندۆلف هێرست) [١] پێشنیاری کرد ئەو کۆمەڵە هونەریانە بەخەڵکی ئاسایی لە بری کەسە تایبەتەکانی بواری هونەری

---

[١] william Randolph hearst (١٨٦٣-١٩٥١) ڕۆژنامەنوس و نوسەری ئەمریکی.

بفرۆشرێت. وتی ئەگەر ئەم کارە هونەریانە بتوانرێت لە فرۆشگای گەورەی (میسین)ی نیویۆرکدا دابنرێت بۆ فرۆشتن، (ئەمە گەورەترین پڕوپاگەندە دەبێت کە تاوەکو ئێستا بۆ فرۆشگایەک کراوە (٧)

ترۆپکی دەستکاریە گاڵتەجاڕیەکانی هامەر لە زەمینەی ڕاستی و ئەسڵی بەرهەمە هونەریەکان لە بارەی ئەو شتانە بوو کە بانگەشەی دەکرد لە کارگەکانی (فابرژە) دروستکراون. لە ساڵی ١٩٣١، کاتێک دەگەڕایەوە بۆ نیویۆرک، سۆڤیەتەکان کۆمەڵێک لە مۆر و ئیمزای فابرژەیان پێدا تاوەکوو بتوانێت نوسخە ساختەکارەکان (بکاتە مۆڵکی فابرژە). چەندین ساڵ، تەنانەت لە ساڵی ١٩٥٤ کاتێک کە هامەر معشوقەکەی بیتی مێرفی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ کارگەی (گەلەری هامەر) لە جادەی پەنجا و حەوتی ڕۆژئاوا لە نیویۆرک، هێشتا سودی لەو مۆرانە وەردەگرت و کارە بێ ناونیشانەکانی دەکرد بەناوی فابرژە وە. بە خۆشحاڵیەوە شانازی بە خۆیەوە دەکرد و نیشانی بیتی دان چۆن کەلوپەلەکانی سەدەی نۆزدەیەم بە ئیمزای فابرژەی ئەسڵی لەبەردەمدایە. هامەر وتی بە کچەکە تەنانەت ئەو کەسە پسپۆڕانەی کە خۆیان بە شارەزایی فابرژە دەزانن گوڵی ساختەکاریەکانی ئەو دەخۆن. ئەو سەرەتا هیچ شتێکی باس نەدەکرد و وازی لێدەهێنان ئەوانە خۆیان (ئیمزاکەی) بدۆزنەوە، و ئەگەر شتێکیشان پێ وت، شێوەیەکی سەیر بەخۆی دەبەخشێت. هامەر بەم شێوەیە نەک هەر لە سودی دارایی فرۆشتنی ئەو کەلوپەلانە بەڵکو بەهۆی لێهاتوی خۆی لە هەڵخەڵەتاندنی فرۆشیارەکان چێژی وەردەگرت. بەرهەمی هونەری، لەدیدی ئەو، جۆرێک بوو لە هەڵخەڵەتاندن و کڵاوخستنەسەر، بۆیە دەرەنجام ئەو دەیویست بە لێدانی مۆر و ئیمزا لە کەلوپەلەکان بۆ ئەوەی بیانکاتە ئەسڵی، حەقیقەتی ساختەکاری، فەراهەم دەهێنا. (٨)

کارە ساختەکاریەکان لەدیدی هامەرەوە جۆرێک بوو لە گاڵتەکردنی تایبەتی. تەنانەت لەماڵەکەی خۆیدا لە لۆس ئەنجلس، ئەو تابلۆ ساختەکارانەی کە فرۆشتبویان بەو هەڵیواسی بوون بە دیوارەکانیدا. هەندێک لە تابلۆکانی دیوارەکەی کاری فرانسیس بوون. فرانسیس بەردەوام حەزی لە هونەر بوو و هەر ئەو بیانوەش بوو بەدەستی هامەرەوە کە بەشێک لە سامانەکەی ئەو ژنە تەرخان بکات بۆ کڕینی تابۆکان. لە دەیەکانی ١٩٦٠ کاتێک کۆمەڵەی هونەری ئارمەند هامەر پەیدا بوو، هامەر ئاراستەی خۆی خستەسەر ئەوەی کە هەرچی کرد بێت بەرهەمە هونەریە کۆنەکان

پەیدا بکات. ئەم سیاسەتە بوە هۆی ئەوەی کە ڕۆژەیەکی زۆر کاری گوماناوی بکرێت، بەتایبەتی بۆ ئەو بەهای کەم بەرزوری لەسەر تێبینیەکانی دیکە زاڵ دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، هامەر خۆی بە کڕیارێکی زیرەک و وریا دەزانی. (٩)

هامەر بەردەوام شتی هەرزانی دەکڕی، تاوەکو ساڵی ١٩٧٠، زیاتر لە هەشتا تابلۆی کۆ کردبوویەوە. لەم کاتەدا کەوتە سەر بیری ئەوەی کە پێشەنگایەکی لە کۆمەڵە تابلۆکەی خۆی لە مۆزەخانەی واشنتۆن لە (تەلاری نەتەوەی هونەر و کۆمەڵەی هونەری نەتەوەی هونەرە جوانەکان) ڕێکبخات، بەڵام هەردووکیان داوایی لێبوردنیان لێکرد و ڕەزامەندیان پیشان نەدا. بەهەرحاڵ، لە مارسی ساڵی ١٩٧٠، سەنتەری (سمیتسونین)ی ڕازی کرد کۆمەڵە هونەریەکەی ئەو لە (مۆزەخانەی نەتەوەی مێژووی سروشتی) نمایش بکات. لەهیچ تێچوونێك دەست پارێزی نەکرد بۆ ئەوەی شەوی کردنەوەی ئەو پێشەنگایە بەڕاستی ببێتە ڕووداوێکی گرنگ. لە نوێنەرەکانی ئەنجومەن، سیناتۆرەکان، قازیەکانی دیوانی گشتی، بەڕێوەبەرەکانی کۆشکی سپی و هەروەها زۆربەی دەستەی سیاسی بانگهێشت کرد. میوانێکی زۆر سەرکەوتووبوو، بەڵام خودی کۆمەڵە هونەریەکەی ڕەخنەگرەکان گاڵتەیان پێ دەکرد. (١٠)

بۆ نمونە، (پال ریچارد) ڕەخنەگری هونەری (واشنتۆن پۆست) تابلۆکانی هەم بە عەیبە و هەم بە ئاسای ناوبرد، و پاشان خوێ زیاتر دەکات بە بابەتکەدا و دەڵێت لەوانەیە هەندێکیان ساختە و تەزویرین. و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نوسی: (تاوەکو ئێستا سەرەڕایی هەموو ئەو تابلۆ گەورە کۆنانەی ئەم شارە، تاوەکو ئەم ڕاددەیە تابلۆیی لەم شێوەیەی بێ ڕێز نەخراوەتە ڕوو) و ئەمەی بەنیشانەی ئەوەی دانا کە گەورەترین هونەرمەندانیش (ڕۆژی ناخۆش و خراپیان) هەیە. (١١)

دوای سەرفکردنی ملیۆنەها دۆلار پارەی خۆی و هاوسەرەکەی لەم ڕێگەیەدا، هامەر خۆی کردە گاڵتەجاڕی کۆمەڵێك کەس کە هیوای ئەوە بوو ببێتە ئەندامی خۆیان بەڵام لەبری دانپیادانان بەو شکستەدا، کەوتە سەر ئەوەی کە هەرچیەکی کردبێت متمانە و بەهای ئەو سەنتەرە هونەریەی بەرز بکاتەوە. دواتر باسی ئەوەی کرد کە، (پێویستم بە شکستێکی لەو شێوەیە هەبوو. باوەڕم نەبوو کە هونەرمەندە گەورەکانیش ڕۆژێکی ناخۆشیان هەبێت). (١٢) بۆیە ڕاستەوخۆ پۆیشتەلای ئەو

گروپەی کە گاڵتەیان پێ کردبوو، و داوای لە(جۆن واکەر)، بەڕێوەبەری نایابی (تەلاری نەتەوەی هونەر) کرد سەیرێکی بەرهەمە هونەریەکانی ئەو بکات.

واکەر سەری سوڕما، چونکە زۆربەی کارە هونەریەکانی یان ساختە و هەندێکیشی مامناوەندی بوون. ئامۆژگاری کرد بەلایەنی کەمەوە نیوەی تابلۆکانی لابەرێت. (١٣). واکەر سەری سوڕما کە نەک هەر ئامۆژگاریەکەی ئەوی قبوڵ کرد بەڵکو داوایی لێکرد لەبەرامبەر پارەیەکی زۆردا بیکاتە پاوێژکاری خۆی. واکەر کەوتە ژێر کاریگەری هامەرەوە و سەیری کرد زۆر بەباشی لەهەڵەکانی وانە وەردەگرێت. دواتر دەڵێت: (بەو زەین و توانایەی کە هەیبوو، (هامەر) زوو تێگەیشت لەکوێدا توشی هەڵە بووە. چونکە بەردەوام بەشوێن شتی هەرزاندا گەڕابوو). (١٤)

ئێستا کەوتە سەر ئەو بیرەی بە هاوکاری واکەر کۆمەڵەیەکی دیکەی هونەری فەراهەم بکات. فەرمانیدا بە واکەر دەبێت کۆمەڵە هونەریەکەی ئەو ئەمجارە تەنها ئەو کارانەبن کە لە پێوەری (باشترین مۆزەخانەکانی جیهاندابن). (١٥) ئەم جۆرە فەرمانانە لە دەسەڵاتی دارایی هامەر و ژنەکەیدا بەدەربوو. بۆ دابینکردنی پارەی ئەوانە، لە (بنیادی ئارمەند هامەر)، کە لەساڵی ١٩٦٨ بۆ هەڵهاتن لە باج و خەراج دایمەزراند بوو، سودی وەرگرت. ئەکسیدنتاڵ ڕاسپارد ڕێژەیەکی زۆر پارە ببەخشێتە ئەو سەنتەرە. و دواتریش ڕێژەیەکی زۆری لە حسابە شاراوەکەی بانکی یۆنیۆنی سویسرای خستە سەر، (١٦) وتی بەدەستەی بەڕێوەبەرێتی ئەکسیدنتال ناوی ئەو بەشێوەیەک لەو کۆمپانیایەدا جۆشی خواردوە کە هەرچی زیاتر شەخسیەتی ئەو بەرێتە سەرەوە زیاتر ناوداری و متمانەی کۆمپانیا پەرەدەسێنێت و بەم شێوەیە خەرجی پارەی کۆمپانیا بۆ داوەریکردنی کۆمەڵە هونەریە شەخسیەکەی بەکارهێنا. دەستەی بەڕێوەبردن کە لە ژێر دەستی هامەردا بوون، بوونە هۆکارێک بۆ دروستکردنی ناوداری بازرگانی خۆی. هەر بۆ ئەو مەبەستە، لە سەرەتای ١٩٧١ کارێکی کرد کە (کۆمەڵە هونەریەکانی ئارمەند هامەر) لەبەر ڕێزی خاتو فۆرتسوا، بنێردرێن بۆ یەکێتی سۆڤیەت. کۆمەڵە هونەریەکە لە شەش مۆزخانەی سۆڤیەت، وەکو ئارمیتاژ لە لینگراد و مۆزەخانەی هونەری جوانی پوشکین لە مۆسکۆ، نمایشکران. و پاشان، هەمان ساڵ، لە لەندەن و دوبلینیش نمایشکران. تێچوونی ئەمانە و پێشەنگا جیهانیەکانی دیکەی کۆمەڵەکەی، سەرەڕایی تێچوونە میواندارییە شکۆمەندیەکان کە

بەبۆنەی ئەو پێشانگایانەوە ڕێکدەخران، هەمووی ئەکسیدنتاڵ خەرجی دەکرد و ئەوانە دەخرانە سەر حسابە دەرەکیەکانی پەیوەندی گشتی کۆمپانیا.

ئەم پێشەنگا جیهانیە هونەریانەی هامەر هەرچەندە ناوداری و متمانەی ئەکسیدنتاڵی پەرەپێدەدا، بەڵام زیاتر لە بەرژەوەندی (گەلەریەکانی هامەر)دا بوون کە پەیوەندیان بە کارە هونەریەکانەوە هەبوو و دواتریش بەرهەمەکانی (نفیس) هەندێکیان بە پارەی ئەکسیدنتاڵ، کڕدران بۆ (دامەزراوەی ئارمەند هامەر). لەو ساڵەی کە هامەر دەستیکرد بە ئاڵوگۆڕی هونەری یەکێتی سۆڤیەت، بە کڕینی ٧٥٪ پشکی (نودلەر و شرکا) کۆنترین گالەری هونەری ئەمریکا، بە نرخی ٢/٥ ملیۆن دۆلار، توانی کارکردنی سنووری کارە هونەریەکانی خۆی پەرەپێبدا. هەروەها بەڵێنیدا بە مۆزەخانەی هونەری ناوچەی لۆس ئەنجلس کۆمەڵەکەی خۆی لە وەسیەتنامەکەیدا دەبەخشێت بەوان، بۆیە وتی پێیان بیکەنە ئەندامی دەستەی باڵای خۆیان. ئەمەش لە هەمانکاتدا چوار پلەی جۆراوجۆری کارکردنی لەخۆ دەگرت: بەڕێوەبەری مۆزەخانە کە کۆمەڵە هونەریەکانی نمایش دەکرد، سەرپەرشتی دامەزراوەکە کە پارەی کۆمەڵە هونەریەکەی دەدا، و سەرۆکی گشتی کۆمپانیای نەوتیەکە کە پارەی دامەزراوەکەی دەدا، و ئەو دەلاڵەی کە، لە ڕێگەی (نۆدلەر و شرکا) و (گالەریەکەی هامەرەوە) تابلۆی بۆ ئەو کۆمەڵەیە دەکڕی. لەم کاتەدا، (والکەر)کۆمەڵە هونەریەکەی ئەوی بە یەکێک لە گرنگترین کۆمەڵە هونەریەکانی ولاتی حساب کرد. هامەر، بەپێی ئەم بڕیارە، ئەو ناسنامەیەی کە دەگەڕا بۆی لە جیهانی هونەردا بەڕێژەیەکی زۆر توانیبووی بەدەستی بهێنێت.

هامەر ڕاوێژکارە دارایەکەی خۆی، (مێری لیبۆیتز)[1]، کرد بە شەریکی ٢٥٪ مامەلاتە هونەریەکەی خۆی، و بە هاوکاری ئەو، هەوڵیدا (نودلەر و شرکا)ش بهێنێتە ناوەوە و لەو ڕێگەیەوە بیکاتە دەسەڵاتێکی سەرەکی لە دنیای هونەردا. لەماوەی چەند ساڵی دواتردا، هامەر ژمارەیەك مرۆڤی پلە یەکی، وەکو (جۆن ڕچارد سۆن)[2]، کە

[1]– maury leibovitz
[2]– john vichardson

پێشتر سەرۆکی بەشی هونەرە جوانەکانی (کرستین)[3] بوو، لەلایی خۆی دایمەزراندن. بیرەوەری ریچارد سۆن بۆ هامەر بە پیاوێکی چرچ و لۆچ، بە پێستێکی جگەری و چاوی نیوە بەستوو دێتە بەرچاوی کە هەر کاتێك ئەوی دەبینی کیسەڵە پیرەکانی وەبیر دەهاتەوە. ئەو سەرەتا زۆر باسی توانایی هامەری دەکرد، بەلآم ئەوەندەی نەبرد بۆی دەرکەوت کە ئەو نە تێگەیشتنی هونەری هەیە و نە هیچ جۆرە ترس و دڵەڕاوکێیەك. ئەمە کاتێك بۆی ڕوون بوویەوە کە هامەر ئەوی برد بۆ ماڵەوە و تابلۆیەکی پێ پیشاندا و وتی ئەمە (ژنە خەڵکی مودیلانی)[4]یە. ریچارد سۆن، کاتێك کە سەیری کرد زانی تەزویرە و لەبەرئەوەی کە گومانی برد فێڵێك لە ئیشەکەدایە وتی (زۆر جوانە). هامەر ئەو دەرخستنی بۆچوونە کورتە ئیجابیەی ریچاردسۆنی بەوە زانی کە گوایە بە تابلۆیەکی ئەسڵی زانیوە و بە شادیێکی زۆرەوە هاواری کردوە (ئەم تابلۆیە هەموو ئێوەی پسپۆڕی هونەری هەڵدەخەڵەتێنێت. ئەمە نوسخەی دووەمە و فرانسیس کێشاویەتی). (١٨)

ریچاردسۆن تێگەیشت کە هامەر لە پەیوەندیە بازرگانیەکانیدا هیچ سنورێك نابینێت لە نێوان وەهم و هونەردا. دواتر نوسی، (بەڕوی تێگەیشتم کە ناسین و وابەستەی هامەر بە هونەر ئەوەندەی (ئال کاپنە)[5] یە و پاشان دەڵێت:

مادامەکی مرۆڤ خۆی زۆر توشی کارەکە نابێت، کارکردن بۆ هامەر- و لەهەمووی زیاتر، سەیرکردنی ئەو لەکاتی مەشغولبوونی و دروستکردنی شتێك لە هیچ- زۆر خۆش و سەرگەرمی بوو. درۆکان، قسە دروستکردنەکان و هەڵخەڵەتاندنەکان! ئەم فێربوونە لە خۆهەڵدانە، لە زیرەکی و لێهاتووی بوو، وەکو بڵێیت لە تەماشێکی سحرکردنی پشتی شانۆدا دانیشتبیت و کاتێك سەیر دەکەیت دەزانیت چۆن فێڵەکان دەکرێن. (١٩)

ریچاردسۆن توشی تۆقین بوو کاتێك هامەری بینی چۆن دامەزراوەی بەناوبانگی (نودلەری) بۆ خۆ ئامادەکردنی هەڵهاتن لە پێدانی سەرانە بەکارهێنا. تابلۆ تایبەتە ئەسڵیەکانی تایبەت بە مامۆستا کۆنەکان کە ئێستا دەرکەوتبوو هەموو نوسخەی تەزویرن و لەسەریان دروستکراوەتەوە بەهۆکارێك دەزانی و مشتەریەکانی

[3] - Christies دامەزراوەی بەناوبانگی هەراجی بەرهەمە هونەریەکان. (وەرگێر)

[4]- modigilanis woman of the people

[5] - al cupone بازرگانی بەناوبانگی ئەمریکی یە. (وەرگێر)

هەڵدەخەڵەتاند بۆ ئەوەی بیکڕن- و دەتوانن کەمکردنەوەی سەرانە بکرن. بەوشێوەیەی کە ریچاردسۆن باسی دەکات، بەرنامەی هەڵهاتن لە سەرانە تاڕادەیەك باش ئیشی دەکرد تاوەکو ئەوەی کە بەڕێوەبەرایەتی باجەکانی شارەزایان لە دەرەوە بگرنت کە بۆ ئەوەی بەهای خەلاّتی گومانــاوی هونەریەکــە هەڵبسەنگێنن. بەڕێوەبەرایەتی باج و سەرانەی ئەمریکا چاودێری خودی هامەری دەکرد کە پارەی زۆری وەرگرتووە و خاترانەی زۆری دەشکاند، بۆیە ئەویان ناچار کرد ٢٣٧ هەزار دۆلار جەریمە و باجی پێشووتریش بدات. (٢٠)

ریچارد شایەتی لێهاتووی، و پەیوەندیەکانی هامەر بوو لە ئاڵوگۆڕکردنی بەرهەمە هونەریەکانی لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤیەتیدا. لە ساڵی ١٩٧٢، هامەر تابلۆیەکی بێ نرخی ئیشی (گۆیا)[1]ی بەدەستهێنا و ئەو تابلۆیەی بە بڕی ٦٠ هەزار دۆلار کڕی بۆ (گەلەری نۆدلەر)، نرخە تاڕادەیەك کەمەکەی نیشاندەری شێوەی خراپی تابلۆکە بوو. هامەر دەیزانی کە ناوێکی گرنگە و ناوبردنی لە بازاڕدا دەتوانێت سودێکی گەورەی لێببینێت، هەرچەندە خودی بەرهەمەکە هیچ بەهایەکی هونەریشی نەبێت. چەند مانگێك دواتر لە هەمان ساڵدا هەڵێکی لەو شێوەیە هاتە پێشەوە، خاتون فورتسوا پێی وت یەکێتی سۆڤیەت زۆر خۆشحاڵ دەبێت ئەگەر تابلۆیەکی لە (گۆیای) پێشکەش بکەیت. هامەر ئەم کارەی ڕێکخست لەکۆتاییدا لە ڕێگەی بەشێك لە معامەلاتێکی گەورەوە تاوەکو بەرژەوەندیەکانی خۆی بشارێتەوە. سەرەتا، لە گەلەریەکەی خۆی داوای کرد مولّکیەت بوونی (گۆیا) بگوازێتەوە بۆ کۆمپانیایەکی ساختە لە (زوریخ). ئەم کۆمپانیایە بە ڕەسمی پەیوەست بوو بە دامەزراوەیەکەوە لە (لیختن ئەشتاین) بەلاّم خۆی لە ڕێگەی ڕاوێژکارە لەندەنیەکەوە کۆنترۆڵی هەبوو بەسەریدا. بەم شێوەیە، ئەزانرا کە ئەو تابلۆکەی خۆی فرۆشتوە. پاشان وتی بە (دامەزراوەی ئارمەند هامەر) تابلۆکە لە کۆمپانیای (زوریخی) بە بڕی ١٦٠ هەزار دۆلار دەکڕێتەوە، کە ئەمە خۆی قازانجێکی باشێنەری بە ڕێژەی ١٠٠ هەزار دۆلار بەدەست هێنا. پاشان دامەزراوەکەی خۆی ڕاسپارد تابلۆکە پێشکەش بکەن بە یەکێتی سۆڤیەت و لەگەڵ ئەوەشدا، بە فشەکردنە هەمیشەیەکەی خۆی، لە کۆنفرانسێکی

---

[1] - goya, lucientes (١٧٤٦-١٨٢٨) وێنەکێشی ئیسپانی. (وەرگێڕ)

ڕۆژنامەنوسیدا بڵاوی کردەوە کە ئەم پێشکەشکردنە (خەڵاتی یەک ملیۆن دۆلاریە لە کۆمەڵە هونەریە شەخسیەکانی خۆی) پاشان ئەو و ڕاوێژکارە لەندەنیەکەی بە کیفێک کە ١٠٠ هەزار دۆلار پارەی نەقدی تێدا بوو بەرەو لینینگراد ڕۆیشتن و لە ئاهەنگی کردنەوەی پێشەنگایەکدا کە (گۆیا) لەو پێشەنگایەدا بەشێکی تایبەتی هەبوو، بەشداریان کرد. لە ڕۆژی دواتر بەبێ جامتا پارەکە گەڕانەوە بۆ لەندەن. لەبەرامبەر ئەم هەڵخەڵەتاندن و بەخشینە، فورتسوای والێکرد تابلۆیەکی زۆر بخاتە بەردەم هامەر. هامەر بەشەخسی تابلۆی بەرهەمی وێنەکێشی مۆدێرن (کازیمیر مالویچی) بەدەست هێنا، و ئەو تابلۆیەی بەبێ وەستان فرۆشت بە کڕیارێکی ئەڵمانی بە بڕی ٧٤٠ هەزار دۆلار، و ئەم پارەیەی خستە ناو حسابە شەخسیەکەی خۆیەوە. بەم شێوەیە، هەرچەندە دامەزراوەکەی تابلۆیەکی هەرزانی لەدەستدا و (گەلەریەکەی، گۆیای هەرزان نرخی لەدەستدا) بەڵام خۆی قازانجێکی زۆر گەورەی بەدەست هێنا.(٢١)

لە نیوەی دەیەکانی ١٩٧٠، جادووگەری هامەر، ئیدی نەیدەتوانی ڕیچاردسۆن هەڵبخەڵەتێنێت و سەرگەرمی بکات. هامەر دەیویست لەناو معامەلە کێشمەکێشەکاتیدا (گالەری تودلەر) باشتر بکات، ڕیچاردسۆن نارەزایەتی خۆی پیشاندا لەبەرامبەر ئەو گاڵتەجاڕیانەدا، و هەستی کرد ئیدی جێگەی سەرنج نین. ئەوەندەی نەبرد دەستی لەکارکێشایەوە. (٢٢) هامەر لەم کاتەدا ڕاوێژکارێکی هونەری باشتری پەیدا کردبوو ئەویش: (مارتا فید کافمن) بوو.

کافمن، ڕۆژنامەنوسێکی ئازاد، سەرنجڕاکێش، و قژ سورێکی ڕوون بوو، بۆ یەکەمجار لە ئاوتی ساڵی ١٩٧٤ هامەری ناسی. کافمن لە گۆڤارێکدا ئیشی دەکرد، بەڵێنێکی لێوەرگرت کە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا بکات و بابەتێک لەبارەی بەرهەمە هونەریەکانیەوە بنوسێت، بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندی گشتی ئەکسیدنتال کاتێکی بۆ دانا بوو کە خاتون دەتوانێت کاتژمێر نۆی بەیانی هامەر لە نوسینگەی کارەکەی لە قاتی شانزەیەمی بینای ناوەندی جادەی ویلشەر لە (لۆس ئەنجلس) بیبینێت. کاتێک خاتون گەیشت، هێشتا کابرا نەهاتبوو. بڕیاریدا چاوەڕوانی بکات، و بەدرێژای ئەو ڕۆژە لە ژووری چاوەڕوانیەکەی هامەردا دانیشت و چاوەڕوانی بوو. بەهەرحاڵ، دەرئەنجام، هامەر کاتژمێر پێنجی دوانیوەڕۆ پەیدا بوو، بۆ دواکەوتن لە هەشت

کاتژمێری خۆی زۆر بە گەرمی داوای لێبوردنی کرد، فەرمانیدا بە سکرتێرەکەی چاییان بۆ بهێنێت.

کابرا قەڵەوتر بوو لەوەی کە کافمن بیری لێدەکردەوە (هامەر لەم کاتەدا کێشی نزیکەی ٩٣,٥ کیلۆ بوو) بەڵام زۆر چوست و چالاکانە دەرۆیشت بەرێگادا. جلێکی خۆڵەمێشکی، زۆرجوان دوراو، لەگەڵ کراسێکی سپی، لەبەرکرد بوو و لەگەڵ بۆینباخێکی زۆر جواندا. ڕەنگی دەمووچاوی برۆنزێکی زۆر جوان بوو. ژنەکە دەیزانی تەمەنی نزیکەی ٧٥ ساڵە و تێبینی کرد کە لەگەڵ ئەوەی تەمەنی زۆرە کەچی زۆر خۆشحاڵ و دڵخۆشە. هامەریش زۆر دڵی لەخاتون چوو. دواتر پێی وت، (ئیدی دەمت خستیووریە سەر تەڵەکە).

ژنە چاوپێکەوتنەکەی دەست پێکرد، پرسیارێکی لێکرد وتی حەز و توانایت چی یە بۆ کۆکردنەوەی ئەو بەرهەمە هونەریانە: ئایا هامەر لەو کارە بەجۆرێك لە کاروکاسبی دەزانێت یان بەجۆرێك لە حەز و هەیجانێکی قول؟ هامەری لەبری وەڵامەکە، بەبێ پێشەکی بابەتەکەی گۆڕی، و لەبارەی تابلۆیەکی خۆیەوە کە بەرهەمی (رویلس) بوو قسەی کرد. بەتێڕامانەوە سەیری ژنەکەی کرد و وتی، (ئەو وێنەیە دەکرێت تۆ بیت). پاشان ڕوونی کردەوە کە ئەو تابلۆیە مەعشوقی ڕۆبنمە، و پاشان وتی ڕەنگی پێستت ڕێك وەکو ڕەنگی پێستی تابلۆکەیە. لەوکاتەدا سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد و وتی بڕیارە بچم بۆلای حەلاقەکەم پاشان وتی دەکرێت بەشێکی چاوپێکەوتنەکە دوابخەیت بۆ دوای سەرتاشینم. بەڵام لە دوکانی سەرتاشینەکە لەبری گفتوگۆکە لەبارەی هونەرەوە کە چاوەڕوانی لێدەکرا، هامەر لە بارەی بارودۆخی ئەو ژنەوە پرسیاری کرد. خاتون زۆر خۆشحاڵ بوو لەو پرسیارانە و وتی هاوسەرەکەی مامۆستایە لە زانکۆی کالیفۆرنیای باشور و دوو کچی هەیە بەڵام لەگەڵ پیاوەکەیدا ناگونجێت. ڕوونی کردەوە وتی حەز دەکەم زۆرتر لەبارەی هونەرەوە فێربم، بۆیە بەڵێنیدا کە باسێك لەبارەی ئەو بنوسێت.

کاتێك کاری قژەکانی تەواو بوو، کە چەند خولەکێك زیاتر نەبوو، هامەر دەستی ژنەکەی گرت و ئەوی بەرەو سەیارە لیمۆزینەکە برد کە چاوەڕوانی بوو. وتی دەیەوێت بڕوات بۆ فڕۆکەخانە، دەیەوێت شەو بڕوات بۆ مۆسکۆ. وتی ئەمە یانزەمین سەفەرمە بۆ مۆسکۆ لەو ساڵەدا. داوای کرد لە ژنەکە ژمارە تەلەفۆنەکەی خۆی لەناو

دەفتەرە زەردەکەیدا بنوسێت. دوای وەستانی خولەکێك پێکەوە هامەر ڕۆیشت، و ژنەکە سەیریی کرد ئەو پرسیارانەی کە بۆ تێروانین لە بابەتکەی پێویستە لێی نەکردوە. تەنها لەبارەی ژنە موو سورەکان و ژنی ڕووت، قسەکرا و لەبارەی هونەرەوە هیچ نەوترا. (٢٢)

چەند هەفتەیەك دواتر، هامەر تەلەفۆنێکی بۆ کرد. بەشێوەیەکی زۆر ڕەسمی پێی وت گەڕاوەتەوە بۆ لۆس ئەنجلس، لەبارەی پرسیارەکانی ئەوەوە زۆر بەباشی بیری کردوەتەوە، و ئێستا ئامادەیە بۆ چاوپێکەوتنەکە. داوای کرد لە خاتون هەمان ڕۆژ دوانیوەڕۆ لە ژوورە تایبەتیەکانی هۆتێل (بورل هیلتۆن) بێت بۆ سەردانی، و پاشان وتی هەمیشە کاتێك سود لەم شوێنە وەردەگرم، کاتێکە کە نامەوێت کاری ڕۆژانەی کۆمپانیا ئیزعاجم بکات.

کاتێك ژنەکە گەیشتە ئەوێ هامەر دەرگاکەی کردەوە و ئەوی لەبەرامبەر خۆی لەسەر کورسیێك دانیشاند. خاتون دەفتەری نوسینەکەی دەرهەێنا، بەلاَم هامەر وتی ئەو شتەی کە دەمەوێت پێت بڵێم بۆ بلاَوکردنەوە نیە، دەمەوێت تەنها گوێ بگرێت. ژنەکە لەم داواکاریە هەندێك پێی سەیر بوو بەلاَم دەفتەری نوسینەکەی لابرد.

هامەر دەڵێت بە کافمن هونەر بۆ ئەو، نە کار و کاسبی یە نە حەز و هەیجان، هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجێك: ئەویش هێشتنەوەی ناوی خۆیەتی بە نەمری. حەز دەکات دامەزراوەیەکی هونەری ئەوەندە جوان و بێ هاوتا دروست بکات کە نەوەکانی دواتر هەمیشە ناوی هامەر لەبەرامبەر گەورەیدا ببینن. لەبەر ئەوە، بەهیچ شێوەیەك کەمتەرخەمی نەکردوە لە سەرفکردنی هیچ پارەیەکدا بۆ کڕینی تابلۆکان و کارە هونەریەکان. کۆمەڵە هونەریەکەی خۆی لەکاتی ژیانی خۆیدا لە مۆزەخانە گەورەکانی جیهاندا نمایش کردوە، و دوای مەرگیشی هەموو لە بینایەکی جیاواز لە مۆزەخانەی هونەری ناوچەی لۆس ئەنجلس دادەنرێن، بۆ ئەوەی ببنە یادەوەرێکی هەمیشەی بۆ ئەو. پاشان وتی ڕێکخستنی سەرەتایی کردوە بۆ کارەکانی بۆ ئەو مۆزەخانەیە، دەرەنجام دەبێت کارە هونەریەکانی باشتر بکات و ناوداری جیهانی بۆ خۆی دروست بکات. پاشان وتی بە ژنەکە مەبەستی سەرەکی ئەو لەم دیدارە شتێکی دیکەیە: داوای لێکرد دەست لە ڕۆژنامەنوسی هەڵگرێت و لەنزیکەوە ئیشی لەگەڵدا بکات تاوەکو ئەو ئارەزووە گەورەیەی بهێنێتەدی. پاشان وتی دەمەوێت بتکەمە

ڕاوێژکاری شەخشی لەکاری هونەری، و سەرپەرشتیاری بەرهەمە هونەریەکانم، و بەرپرسی پەیوەندیەکانم لەگەڵ مۆزەخانە جیهانیەکاندا. پاشان وتی لە بینای ئەکسیدنتالدا نوسینگەیەکت دەبێت و لەگەڵ ئەودا لەگەڵ خۆمدا بۆ هەموو گۆشە و کەنارێکی جیهان سەفەر دەکەیت. پاشان هەندێك نزیك بوویەوە لێی، و وتی ئەمە تەنها پەیوەندی کارەکان نابێت، و پاشان پێشنیاری ژیانێکی تازەی خستە بەردەمی. پاشان بەڵێنی پێدا ئەگەر ئەم پێشنیارە قبوڵ بکەیت، (ئیدی هیچکاتێك کێشەی دارایت نابێت).

ئەم پێشنیارە بەرچاوە، و شێوەی دڵنیاکردنەوەی، ژنەکەی توشی واقوڕمان کرد. ژنەکە پرسی (بۆچی من؟)

هامەر وەڵامی دایەوە لەو ساتەوەی کە چاوم بە تۆ کەوت سەرنجت ڕاکێشاوم. وتی هەست دەکەم تۆ حەز دەکەیت شتێك فێربیت. پاشان باوەشی پیا کرد و وتی: (من دەمەوێت تۆ بپارێزم). (٢٤) و پاشان بردی بۆ ژورەکەی پاڵی و پەیوەندێك دروست بوو کە زیاتر لە دە ساڵ درێژەی کێشا.

کاتێك هامەر لەلای دەڕوات، کافمن سەیر دەکات پێنج ئەسکەناسی سەد دۆلاری لەسەر مێزەکە دانراوە بۆی. ئەویش دەستیان لێنادات. چونکە مەبەستەکە دیاربوو.

لە ٢٢ سێپتەمبەری ساڵی ١٩٧٤، ناوی کافمن ڕۆیشتە ناو لیستی موچەوەرگرەکانی ئەکسیدنتالەوە. بەشێوەکی ڕەسمی بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندی گشتی کۆمپانیا کاری دەکرد، بەڵام لەڕاستیدا هەرکاتێك کە بەویستی دەهات و دەڕۆیشت. لە دە ساڵ دواتر لە فەنزەویلا، پیرۆ، مەکسیك، یابان، بەریتانیا و وڵاتەکانی دیکە لەگەڵ هامەردا بوو، هامەر هەمیشە بازرگانی و هونەری پێکەوە تێکەڵ دەکرد. لەکاتێکدا کە هامەر لەگەڵ فرانسیس لە فرۆکە جێتیەکەیدا سەفەری دەکرد، کامفن بە فرۆکەی ئاسای سەفەری دەکرد بۆ ئەو شوێنە. بەرپرسیاریەتی ڕەسمی ئەو، ئەوە بوو کە ڕێکخستنی نمایشی کۆمەڵەی ئارمەند هامەر کە ئێستا زیاتر لە ١٦٠ تابلۆ بوون لە مۆزەخانە ناوچەیەکاندا ڕێکبخات. کافمن لەو سەفەرانەدا دانیشتنی میوانداریشی ڕێکدەخست و بەرپرسە دەوڵەتیەکان، دەوڵەمەندەکان، و ڕۆژنامەنوسەکانی بانگهێشت دەکرد. هامەر ئەم تێچوونانەی بە شێوەیەك باس دەکرد کە گوایە ئەو بەرهەمە هونەریانەی هەمووی بۆ خزمەتکردن و بەناوبانگکردنی

ئەکسیدینتال دەبێت. لە هەندێك لە وڵاتەکاندا، بۆنموونە لە قەنزەویلا، کارە هونەرییەکانی بۆ ئاڕاستەی گشتی لەدەسکیسەکان و واستەکانی هامەر بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی ئیمتیازی نەوتی پێ بەدەست بهێنێت (٢٥)

هامەر بەشێوەیەکی ڕوون هەلومەرجی معامەلەکەی وت بە کافمن. بەوتەی خۆی، چەند ساڵێك دواتر پەیوەندی ئەوانە ئەوە بوو کە ژنەکە بەشێوەی (ژنی نهێنی، هاوڕێ، شەریکی ئیش، هاوکار، ڕاوێژکار، پەرستار، معشوقە و دلبەر) خزمەتی ئەوی دەکرد. (تەسلیمی) خواستە سێکسییەکانیشی دەبوو. هامەر، لەبەرامبەردا، ئیش، خەرجی، و داهاتی بۆ هەموو تەمەنی لە حسابە شاراوەکەی لە بانکی سویسرادا بۆ دانابوو. ئەو حساب بانکییەی، بەو شێوەیەی کە ژنەکە لێی تێگەیشت، شوێنی پاشەکەوتی داهاتی معامەلە شاراوەکانی هامەر بوون، و پشکی ژنەکە تاوەکو دە میلیۆن دۆلار ڕۆیشت بوو. (٢٦)

کافمن لایەنێکی دیکەی لە شێوازەکانی هامەردا کاتێك بینی، کە حەزی کرد کارە هونەرییەکانی کاریکاتێرەکانی سەدەی نۆزدەهەمی (ئونرە دومیە) کۆ بکاتەوە. هامەر، لەم بوارەدا، بەڕاستی بە ئەفسێکی هونەرمەندانەوە پەیوەندی دروستکرد لەگەڵ ئەو ئیشەدا. (دومیە) لە بواری سیاسیدا تێگەیشتنێکی ڕەشبینیانەی هەبوو: دەیوت خاوەن دەسەڵاتەکان ئەو کەسانەی کە هیچ دەسەڵاتیان نیە بەکاریان دەهێنن بۆ خۆیان تاوەکو سامانی شەخسی خۆیان پێ زیاد بکەن، بە قەڵەمە تیژەکەی خۆی، بێ بەزەییانە و بەتوندی هێرشی دەکردە سەر چینی دەسەڵاتداری فەرەنسا، لەمووچاوە بەرجەستەکانی ئەم چینە لەلای دۆمیە بریتی بوو لە:داوەرەکان، سەرۆك دیوانەکان، کاردینالەکان، بانکدارەکان و بازرگانەکان، دۆمیە ئەو کەسانەی بە خەڵکی درندە، چاوچنۆك، خۆویست و چڵێس، ورگ زل و جەستەی نانەجیب دەهاتە بەرچاو. هامەر، کە خۆی لەگەڵ فەرمانڕەوا نەوتییەکاندا شەڕی کردبوو، بەوتەی خۆی، زۆر شانازی و دەستخۆشی بە (لێهاتووی دومیەوە دەکرد لە بە هۆی ئەو ڕووبەڕووبونەوەکانی لەگەڵ دەسەڵاتدارەکاندا) (٢٧). لەگەڵ ئەوەدا هاوشێوەیەکی لە نێوان ڕۆحی لێهاتووی و ململانێی دۆمیە و باوکی (جۆلیوس) دا دەبینی. بەو شێوەیەی کە وتبوی بە کافمن، هەردووکیان بیر و هەستی خۆیان لەبەرامبەر دژایەتی چینی دەسەڵاتدارەوە خستەوەتەکار. دۆمیەش وەکو، جۆلیوس، ماوەیەك کەوتبوویە

زیندانەوە. لە ساڵی ١٨٣٢ گیرابوو بە تۆمەتی ئەوەی کە لە کاریکاتێرێکدا سوکایەتی بە لویس فلیپی پادشای وڵات کردبوو. هامەر هەرچی زیاتر لەبارەی دۆمیەوە شارەزا دەبوو، زیاتر حەزی لە کۆکردنەوەی کارەکانی ئەو دەکرد، بۆ پیشاندانی چینی دەسەڵاتدار. (٢٨)

ئەو هەلەی کە هامەر چاوەڕوانی بوو لە ساڵی ١٩٧٥ پێی گەیشت: بیستی کە ناوەندی هونەری جۆرج لانگستریت، کە زیاتر لە شەش هەزار لیتۆگرافی دۆمیەی تێدا بوو، خرایە مزایدەوە بۆ فرۆشتن. لانگستریت ئەمانەی لە ماوەی زیاتر لە نیو سەدە کۆ کردبوویەوە، و حەزی دەکرد هەمووی لە شوێنێکی گونجاودا وەربگیرێن. و تاڕادەیەک قبوڵی کرد بوو کە ئەوانە بە ڕێژەی تاڕادەیەک کەمتر لە ٢٥٠ هەزار دۆلار بفرۆشێت بە مۆزەخانەی ناوچەی لۆس ئەنجلس. هامەریش یەکێک بوو لە ئەندامانی دەستەی ئەم مۆزەخانەیە و لەم ڕێگەیەوە تێگەیشت کە ئەو سەنتەرە کەوتوەتە مزایدەوە. هامەر لەم جۆرە حاڵەتانەدا فەلسەفەیەکی سادەی هەبوو: (کاتێک هەلێکت بینی، بە هەردوو دەستت خۆتی لێگیر بکە) (٢٩) بۆیە کەوتە سەر ئەوەی کە هەوڵبدات کارەکانی دۆمیە خۆی بیکڕێت، هەرچەندە دەبوو کێبەرکێ بکات لەگەڵ کەسێکدا کە لە ئەنجومەنی دەستەی مۆزەخانەکەی خۆیاندا بوو.

بەپێی یاسای کالیفۆرنیا هەر ئەندامێکی دەستەی ئەنجومەنی ئەو مۆزەخانەیە بەرپرس بوو لەوەی کە دەبێت بەرژەوەندی دامەزراوەکە بخاتە پێش بەرژەوەندیە شەخسیەکانیەوە، لەم ڕوانگەیەوە بوو هامەر دەستیکرد بە کێبەرکێکردن، دەستەی ئەنجومەنی مۆزەخانەش دەیانتوانی ئەو ناچار بکەن دەست لە مزایدەکە هەڵگرێت. هامەر پێشنیارێکی سەیری کرد بۆ مۆزەخانەکە: ئەگەر مۆزەخانە ئیجازە بدات ئەو کارە هونەریەکانی دۆمیە بە بڕی ٢٥٠ هەزار دۆلار بکڕێت، ئەو لەماوەی شەش مانگ لە دوایی بەرواری کڕینەوە ئەو ئیشانە پێشکەش دەکات بە مۆزەخانە. ئەم ڕێککەوتنە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کەمکردنەوەیەکی گەورەی سەرانە و باج وەربگرێت، و کارە هونەریەکەش بە بەلاش بگاتە دەست مۆزەخانە. هامەر سور بوو لەسەر ئەوەی کە معاملەکە نوسراو نەبێت تاوەکو ئەو بتوانێت ڕێژەیەکی زۆر سودی سەرانەکە وەرگرێت (ئەگەرنا کەمکردنەوەی سەرانەکەی ئەو لەسەر بنەمای نرخی دانراوی ٢٥٠ هەزار دۆلار حساب دەکرێت نەک بەهای دادپەروەرانەی بازاڕ، کە لەوانەیە چەندین

ئەوەندەی ئەو بێت). وادیار بوو ئەم ڕێککەوتنە بۆ هەردوولا سوودمەند بوو، بۆیە دەستەی کارگێڕی و ئەنجومەنی مۆزەخانە ڕازیبوون بەو کارە. سەرەنجام هامەر کارەکانی دۆمیەی کڕی.

شەش مانگ تێپەڕی بەسەر کڕینی بەرهەمەکانی دۆمیەدا، و هامەر نیشەکانی دۆمیەی نەدا بە مۆزەخانە. سەرەڕایی دوو نامەی سەرۆکی مۆزەخانە، هامەر سەیری کرد ناتوانێت دەستبەرداری ئەو کارانە بێت. وتی بە کالمن، (هەرگیز تەحەمولی جیابوونەوە ناکات لە کارەکانی دۆمیە). دەیویست ئەوانە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و بەناوی خۆیەوە لە هەموو کونج و کەلەبەرێکی ئەم جیهانەدا نمایش بکرێن. لە نامەیەکدا بۆ مۆزەخانە، هامەر حاشای کرد لەو ڕێکەوتنەی کە لەگەڵ ئەواندا بەستبووی. دۆمیەکان پەیوەست بوون بەوەوە، و باشیش دەیزانی مۆزەخانە هەرگیز بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەك ناتوانێت بڕوات بۆ دادگا. بەڵام هامەر بەڵێن دەدات وەسیەت دەکات دوای مەرگی ئەو کارانە پێشکەش بکات بە مۆزەخانە، بەڵام بۆی هەیە دەکرێت هەرکاتێك بیەوێت ئەو وەسیەتنامەیە بگۆڕێت، ئەم بەڵێنەش هیچ زەمانەتێکی یاسای نەبوو. (لەگەڵ ئەوەشدا، لەکاتی سەرە مەرگیدا وەسیەتەکەی گۆڕی و ئەم بەرهەمانە هیچکاتێك نەگەیشتنە دەست مۆزەخانە) (٣٠)

لە جێنیوەری ساڵی١٩٧٦، هەلێك هاتە پێشەوە کە هامەر تابلۆیەکی (رامبرانت) کە ناودارێکی جیهانی هەبوو بکڕێت: ئەم تابلۆیە وێنەیەك بوو لە (یونوی ئیلاهەی ڕۆم) (نوسخەیەکی دیکەی دروستکراوی ئەو تابلۆیە، بە دەمووچاوی فرانسیس لەیری یۆنیۆ، لەماڵی هامەردا ریچارد سۆن ماوەیەك پێشتر بینی بووی). تابلۆکە چەندین ساڵ لە مۆزەخانەی (ترۆپۆلیتین) لە نیویۆرك هەڵواسرا بوو. خاوەنی ئەم تابلۆیە (ویلیام میدندۆرف) بوو، کە سەرۆکی بانك و وەزیری پێشوی هێزی دەریای بوو، و داوای لە گەلەری (نودلەر) کرد بوو ئەو تابلۆیە بخاتە مزایدەوە. لەگەڵ ئەوەی کە کۆمپانیا نەیتوانی مشتەرێکی گونجاو پەیدا بکات، مافی پێشەکی بۆ خۆی وەرگرت، بەو مانایەی کە هامەر دەیتوانی هەر نرخێك کە پێشنیاری بکات بۆ (میدندۆرف) قبوڵی بکات. بەرهەرحاڵ میدندۆرف خۆی کڕیارێکی بۆ پەیدا کرد، ئەویش مۆزەخانەی (پال گتی) بوو، کە ڕەزامەندی پیشاندا لەسەر ئەوەی کە تابلۆکە بفرۆشرێت بە سێ ملیۆن دۆلار بەو مۆزەخانەیە. هامەر کاتێك نامەی بیست بەخێرایی

دەستی خستە ناو ئەو مەسەلەیەوە و سودی لەو هەلە وەرگرت کە ئەوان دەبوو پێشەنگ بن. خۆی دەنوسێت، (سەرکەوتووبووم دەستی مۆزەخانەی پال گتی بگرم) بەپێی ئەو بڕیارەی کە لەگەڵ نۆدلەردا بەسترا بوو، داوای کرد لە (میدندۆرف) تابلۆکەی بەهەمان نرخ کە مۆزەخانەی گتی پێشنیاری کردوە بفرۆشێت بەو. (میدندۆرف) حەزی نەدەکرد بەهیچ شێوەیەك ڕووبەڕووی مەسەلەی دادگا و یاسا ببێتەوە لەگەڵ هامەردا بۆیە پێشنیارەکەی هامەری قبوڵی کرد. و هامەر یەکێك لە سەرۆکەکانی ئەکسیدنتالی بە لۆرینکەوە نارد بۆ ماڵیان تاوەکو تابلۆی ڕەمبرانتەکە وەربگرێت. (٣١)

ئێستا ناوێکی دیکە مابوو تاوەکو هامەر گەلەریەکەی خۆی پێ تەواو بکات: ئەویش (لۆناردۆ دافینشی) بوو هامەر لەساڵی ١٩٨٠ بیستی، کە دەفتەری یاداشتەکانی لیناردۆفینشی لە کریستی لەندەن دەخرێتە مزایدەوە ئەم دەفتەری یاداشتە تەمەنی ٣٦٠ ساڵ بوو. ئەم دەفتەرە نزیکەی هەژدە لاپەڕە بوو، بنەماڵەی ئەجیبزادەی (لیستەر) لە سەدەی هەژدەیەم بەدواوە بوو بوویە خاوەنی ئەم دەفتەرە، لەسەر چوار لەوحە بوو لەسەر هەر لاپەڕەیەکیشەوە، ناوی لستەری پێوە بوو بە خەتی خۆی. دێرەکانی ئەو لاپەڕانە بریتی بوو لە کۆمەڵە یاداشتێکی خێرای دافینشی لە بارەی چەند بابەتێکی وەکو ئەستێرەناسی، ئەندازیاری هایدرۆلیك، و ڕەنگی ئاسمان، بەگشتی نزیکەی ٣٦٠ دێڕ بوو. دەفتەری یاداشتەکە، وەکو هامەر دەڵێت، (بەهایەکی مێژوویی) زۆری هەبوو، تەنیا دەستنوسێکی شەخسی لیۆناردۆبوو کە مابوو. لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٨٠ کاتێك کەوتە مزایدەوە، هامەر پێنج ملیۆن و دوو سەد و هەشتا هەزار دۆلار. (بەزیادەی ١٠٪ دەست حەقی کریستی) پێیدا، کە زۆرترین ڕێژەیە کە تاوەکو ئێستا بۆ دەستنوسێك درابێت لە مێژووی ئەو مزایدانەدا. (٣٢)

لە ٣ دیسەمبەری ساڵی ١٩٨٠، هامەر دانیشتنێکی تایبەتی ڕێکخست لەگەڵ هەر چوار بەڕێوەبەرایەتی کۆمیتەی جێبەجێکردنی ئەکسیدنتاڵدا و داوایی لێکردن دەنگ بدەن لەسەر پرۆژەیەك کە کۆمپانیا (متمانەیەك) بە بڕی شەش ملیۆن دۆلار بدات بە (دامەزراوەی ئارمەند هامەر) تاوەکو بتوانێت ئەو دەفتەری یاداشتەی لیۆناردۆ بەدەست بهێنێت. (زلتان مێرزی)، کە ئەندامی ئەو کۆمیتەیە بوو، ئەم خواستەی بە (خەڵاتێکی چاکەکاری) ئاناسایی ناوبرد، بەڵام بەو شێوەیەی کە دواتر ڕوونی

کردەوە، ئەندامەکانی کۆمیتە هیچ چارەیەکیان جگە لە قبوڵکردنی ئەو پێشنیارە نەبوو و ئەگەر ڕازی نەبوونایە دەکەوتنە بەر هێرشی بێ بەزەیی هامەرەوە. (٣٣) لە ڕێکەوتنامەی دانیشتنەکەدا نوسراوە (هاوکاری دارای ئاوبرلو تێچوونێکی بەهادار و شایستە بۆ متمانەی کۆمپانیا بەدەست دەهێنێت.) (٣٤)

هامەر ناوی دەستنوسەکەی لیۆناردۆی گۆڕی. ناوی نا (نوسخەی دەستنوسی هامەر) تاوەکو شاری بچوکی داڤینشی، شوێنی لەدایکبوونی لیۆناردۆ، لە ئیتالیا ناسنامەی هاوڵاتی شانازی ببەخشن بە هامەر. بەم شێوەیە ئەو، لە ڕوانگەی تەشریفاتیەوە، بوو بە ئارمەند هامەر داڤینشی. هەروەها دامەزراوەی ئارمەند هامەری ڕاسپارد تاوەکو ڕێژەیەک پارە بداتە زانکۆی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلس تاوەکو (ناوەندی ئارمەند هامەر بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی لیۆناردۆ) دابمەزرێنێت. (٣٥)

کاتێک هامەر ئەو دەستنوسەی بەدەست هێنا، فەرمانیدا ئەو دەفتەرە بەش بەش بکەن بۆ حەفتا و دوو بەشی جیاواز. ئینجا هەر بەرگێکی خستە ناو کیفێکی جوانەوە تاوەکو بتوانێت بەشێوەیەکی بەرچاو لە پێشانگاکاندا بیانخاتە ڕوو. کاتێک شارەزایانی بواری هونەری ڕەخنەی توندیان لە هامەر گرت لەبارەی ئەوەی کە دەفتەرەکەی پارچە پارچە کردوە بۆ چەند بەشێکی بچوک، هامەر لەوەڵامدا وتی لیۆناردۆ لە بنەڕەتدا ویستویەتی ئەو یاداشتانەی بەشێوەی بەرگی جیاواز بێت و بە جیاکردنەوەی ئەوانە ئەو توانی (شێوەیەک بخاتەڕوو کە لەڕوانگەی دەسەڵات و وردەکاریەوە زۆر لێهاتوو بێت) (٣٦)

هامەر بڵاوی کردەوە کە فەوجێکی کۆماندۆی نوخبەی کە لە ئاسیادا ڕاهێنانی سەربازیان بینیوە و چەکداری تەواون بۆ چاودێری شەو و ڕۆژی ئەو نوسخە دەستنوسانەوە دامەزراندوە. هەرچەندە لەو کاتەدا هیچ کۆماندۆیەکی چاودێر بوونی نەبوو، و جارێکیش ئەم سندوق و جامتایانە بەبێ هیچ جۆرە پاسەوانێک لە ناو دوو سندوقی گەورەدا لەناو فڕۆکەکەیدا لە فڕۆکەخانە بەجێ هێشتبوون، بەڵام بڵاوکردنەوەی ئەو بانگەشە ئاسایشیەی کە بۆی دەکرد گوایە کۆماندۆی تایبەتی هەیە بۆ پاسەوانی لە ڕاگەیاندنەکاندا بەفراوانی دەنگی دایەوە. (٣٧)

نوسخەی دەستنوسەکانی هامەر، بە هەراوهوریایەکی زۆرەوە، لە پانزە مۆزەخانەی جیهان لە نۆ وڵاتدا نمایش کران و زیاتر لە یەك ملیۆن کەس سەردانی ئەو مۆزەخانانەیان کرد بۆ بینینی ئەو یاداشتانەی دافینشی.

ئێستا کە خۆی کرد بە خاوەنی لیۆناردۆ، هامەر توانی بانگەشەی ئەوە بکات کە (مدیچی)[1] یەکی سەدەی بیستەمە. تابلۆی گەورەکانی هونەری ڕۆژئاوای لە ڕێنیسانسەوە بەدواوە هەبوو. تاوەکو ساڵی ١٩٨٣، ژمارەیەکی زۆر بەرچاوی گەلەریو تەلار لە مۆزەخانە گەورەکانی وەکو (ترۆپۆلیتن لە نیویۆرك، کۆرکران لە واشنتۆن، و ژکمار- ئاندرە لە پاریس بە فەخری ناویی ئەویان لەخۆیان نابوو و سەرۆك ریگان (مەدالیای هونەری نەتەوەی) و (ژاك لانگ) وەزیری فەرهەنگی فەرەنسا، نیشانەی (لژیۆن دونور)ی پێ بەخشی. بەهەرحاڵ، بەو شێوەیەی کە خۆی دەیویست، (ئەو دەیویست هونەر) (ڕووداوی ئەمری) ئەو بێت، و لەبەرئەوە بەهیچ شێوەیەك قەناعەتی نەدەکرد بەو مەدالیا و خەڵاتە ئاساییانە. دەیویست مۆزەخانەیەکی تایبەت بەخۆی هەبێت. (٣٨)

هامەر وایزانی بوو مۆزەخانەی ناوچەی لۆس ئەنجلس بینایەکی تایبەتی و جیاواز تایبەت دەکات بەوەوە، بینایەك کە ناوی هیچکەسی دیکە لەناویدا نابرێت و خودی خۆی یان دامەزراوەکەی ئەو سەرپەرشتی ئەو بینایە دەکات و پێشانگاکانی لە ژێر چاودێری خۆیاندا دەبن. بەڵام لە ساڵی ١٩٨٧ تێگەیشت کە کارێکی لەو شێوازە لە ئارادا نیە، لەبەر ئەوە کەوتە سەر ئەو بیرەی، کە بە پارەی ئەکسیدنتاڵ، (مۆزەخانەی ئارمەندی هونەری و فەرهەنگی ئارمەند هامەر) دروست بکات. بەپێی ئەو بەڵێنەی کە دابووی بە خۆشەویستە دێرینەکەی مارتا کافمن (کە ئێستا ناوی خۆی گۆڕی بوو بە هیلاری گیبسۆن تاوەکو فرانسیس پێی نەزانێت) کارێکی هەمیشەی بۆ پەیدا کرد. بینای مۆزەخانەکەی بەستەوە بە سەنتەری ئەکسیدنتاڵەوە و ناوی خۆی، وەکو پەردە هەڵکۆڵەراوەکانی یۆنانی کۆن، بە ئەلفبای یەك مەتری، لە سەر دوو لایەنی بیناکە هەڵکۆڵی. لە دروستکردنی بیناکەدا بەهیچ شێوەیەك کەمتەرخەمی نەکرد لە سەرفکردنی پارەدا. بۆ بەهێزکردنی پەستنەوەی خۆی و لیۆناردۆ، پەردە

---

[1] - Medici خانەدانی هونەردۆستی فلۆرانسی لە سەدەی پانزەیەم و شانزەیەم. (وەرگێڕ)

مەرمەڕەکانی دیوارەکانی دەرەوەی بیناکەی لە هەمان ئەو کانە بەردەوە هێنا لە ئیتالیا کە لیۆناردۆ پێنج سەدە پێشتر ماڵەکەی لەو بەردە مەرمەڕە دروست کردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی ٣٦ ملیۆن دۆلای لە گەنجینەی ئەکسیدنتاڵ خستە بەردەم مۆزەخانەکەی تاوەکو بۆ تێچوونەکانی کارکردنی مۆزەخانەکەی سەرف بکرێت. لە دەرگای چوونە ژوورەوەی مۆزەخانەکەیدا وێنەیەکی بە بەرزی ٢١ مەتری خۆی دروستکرد، لە ناو مۆزەخانەکەشدا کۆمەڵێك بەرهەم دەبینرێت وەکو (دەستنوسەکەی داڤینشی) و تابلۆکەی (دۆمیە) ... هیتد، گۆڤاری (نیۆیۆرك) دواتر نوسی، ئەو مۆزەخانەیە زیاتر لە (ئارامگایەك دەچێت) تاوەکو لە (مۆزەخانەیەك) (٣٩) گرنگ نیە بۆ هامەر، ئارامگابێت یان مۆزەخانە، گرنگ ئەوەیە توانی بگات بە ئامانجەکەی.

وەرزی بیست و سێ

میانجـــــی

کـەمێك پـێش کاتـژمێر دوانـزەی نیـوەڕۆی ڕۆژی ٢٠ جێنیـوەری سـاڵی ١٩٨١، ڕۆناڵد ریگان، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، و جیمی کارتەر، سەرۆکی پێشوی ئـەمریکا، لـە شـوێنی تایبـەتی خۆیـان لـە شـوێنی بـەرزی کـاپیتۆل هیـل، دانیشتن، و ریگـان وەکـو چلەمین سـەرۆك کۆمـاری ویلایەتـە یـەکگرتوەکانی ئەمریکا سوێندی یاسای خوارد. هامەر، کە لە هـەموو بۆنەکانی سوێند خواردنەکانی سەرۆك کۆمارەکان، لە فرانکلین ڕۆزفێلتەوە بیگرە لە ساڵی ١٩٣٣ تـاوەکو ڕیگان لەو بۆنانـەدا ئامـادە بوو، چـەند هـەنگاوێك لـەولای ریگـان و کارتـەرەوە. چـەند میـوانێکی سـەرەکی بەشەوقێکی زۆرەوە سـەیریان دەکرد، ئەلبێرت گوری (بچوك)، سیناتۆری تینسی (و جێگری سەرۆك کۆماری ئێستا) بوو. لە پێنج بۆنەی پێشوتری میوانی باوکی ئەلگور، ئـەلبێرت ئـەلگوری (گـەورە)، بـوو، کـە ئێـستا سـەرۆکی بەشـی خـەڵوزی بـەردینی ئەکسیدنتاڵ بـوو و زیـاتر لـە ٥٠٠ هـەزار دۆلاری وەردەگـرت لـە سـاڵێکدا. هامـەر، سەرەڕای زۆری تەمەنی، هێشتا بە جوڵە وهێزێکی فراوانەوە دەجولا، چەپڵەی لێدەدا و پەرۆزیـای دەکرد. شوێنی ئەو زۆر بـاش بـوو. لـە بەشی تایبـەتی سـەد سیناتۆری ویلایەتـەکانی ئـەمریکادا دانیـشتبوو. ئەو شـەوە بۆ میوانی سـەمای ئاهەنگەکە، لە شوێنێکی گونجاو لە تەنیشت دەرگای هاتنە ژوورەوەی سەرۆك کۆماری تازەدا وەستا بوو، بەو پەڕی خۆشحاڵیەوە چاوەڕوانی بەخێرهاتنی سەرۆکی تازە هەڵبژێردراو بوو. بەڵام کاتێك ڕیگان خۆی کرد بەژووردا، بەخێرای لە تەنیشت هامـەرەوە تێپـەڕی، زۆر گرنگی پێ نەدا. هەرچەندە ئەمە سوکایەتێکی گەورە بوو، بەڵام هامەر ئەوەندە نا واقع

بێ نەبوو کە تێندگات هەوای سیاسەت ئێستا لەلایەکی دیکە، بەرەو مەترسیکی گەورە، هەڵدەکات. (١)

هامەر حەقی خۆی بوو بێتاقەت بێت. ریگان، لە ململانێی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ١٩٨٠، بابەتەکەی خۆی لەبارەی یەکێتی سۆڤیەتەوە بە ڕوونی بەهەموو شێوەیەك باس کردبوو. ڕژێمی سۆڤیەتی، کە هامەر بازنەی بەختی خۆی بەستبوو پێوەی، لە دیدی ریگانەوە (ئیمپراتۆریەتێکی ئەهریمەنی) بوو. ریگان ئەو ڕێبەرە سۆڤیەتانەی کە مەدالیایان دابوو بە هامەر بە (درۆزن و هەڵخەڵەتێنەر) ناوبردبوو. سیاسەتی ڕەوینەوەی ئاڵۆزی، کە هامەر خۆی تەرخانکرد بوو بۆی. ریگان باوەڕی وابوو (تاوەکو هەرجۆرە سیاسەتێکی خراپەکاری، سنورشکاندن و فراوانخوازی لە جیهاندا نەوەستێنن). ئەو لایەنگری پەرەسەندنی زیاتر فشار خستنە سەر ئابوری ڕوسیایە نەك، کەمکردنەوە و باشترکردنی پەیوەندی لەگەڵیاندا، هەربۆیە ئەو سیاسەتەی کە بڕیار بوو ئەمریکا پەیڕەوی بکات، بە بۆچوونی ریگان هەموو لەبەرژەوەندی ڕوسیادا بوو. (٢)

ئەگەر ریگان بانگەشەی هەڵبژاردنەکەی خۆی لەبواری سیاسەتی دەرەکیدا بکات، زیانی زۆر گەورە دەکەوێت لە هامەر. ئەو بەشێکی زۆر گەورەی سەرمایەی ئەکسیدنتاڵی خستبویە سەرمایەگوزاریەوە لە یەکێتی سۆڤیەتدا. تەنها لە پرۆژەیەکیاندا، واتە لە ناردنی (ئەسیدی فسفۆریکی گوشراو)، ئەکسیدنتاڵ نزیکەی ٧٥٠ ملیۆن دۆلاری سەرمایەگوزاری کردبوو. کارگەیەکی گەورە لە (جکسونویل) لە فلۆریدا، لەوماوەیەدا دروست کردبوو بۆ گۆڕینی بەردە کانزایە فسفۆردارەکان بۆ ئەسیدی فسفۆریکی گوشراو (SPA). کارگەی (جکسونیل)، کە نزیکەی یەك ملیۆن تەن بەرهەمی ماددەی کودی کیمیاوی هەبوو لە ساڵێکدا، تەنیا و تەنیا بۆ یەك مشتەری واتە بۆ یەکێتی سۆڤیەت کاری دەکرد، و سۆڤیەتیش تەنها وڵاتێك بوو کە ئەسیدی فسفۆریکی گوشراوی وەکو ماددەیەکی سەرەتای کودی کیمیاوی بەکار دەهێنا. هەروەها ئەکسیدنتاڵ ناچار بوو کەشتیە تایبەتیەکان، گەنجینەکانی پاشەکەوت، و ئاسانکاری دیکە بۆ گواستنەوەی ئەو ماددە کیمیاویە بۆ ناوچەی کشتوکاڵی یەکێتی سۆڤیەت دروست بکات، داڕشتنی ئەم نەخشەی بیناسازیانە کارەکەی تاوەکو ١٩٧٨دواخست. پاشان، لە دیسەمبەری ١٩٧٩، یەکێتی سۆڤیەت

هێرشی کردە سەر ئەفغانستان، و شۆڕشگێڕە ئەفغانییەکانیش دەستیانکرد بەکاری پارتیزانی لەدژی سۆڤیەتەکان. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش یارمەتی و چەك و تفاقی دەدا بە پارتیزانە ئەفغانییەکان. سەرۆك کارتەر ناردەنی قەدەغەکرد بۆ ڕوسیا. گواستنەوە و بارکردنی ئەسیدی فسفۆریکی بۆ ماوەیەکی نادیار دواخرا. پرۆژەکانی دیکەی ئەکسیدنتال لە یەکێتی سۆڤیەتیش بەشێوەیەکی کاتی وەستان. هامەر، بەپێی وتەی یەکێك لە بەڕێوەبەرەکانی، سەرەتا دەستیکرد بە فێڵ لێدان و هەڵخەڵەتاندنی حسابی تاوەکو کۆمەڵێك لەو زەرەر و زیانانە بشارێتەوە کە ئەکسیدنتال لێی دەکەوت لەئەنجامی وەستاندنی پرۆژەکانییەوە. بەڵام ئەگەر گەمارۆی ئابوری زیاتر بەردەوام بوایە، حسابکارەکانی ئەکسیدنتال بە ئاسانی دەیانتوانی ئەم زیانە بە ملیاردێك دۆلار زیاتر بڵاو بکەنەوە. (٣) هامەر لە ٢٣ جێنیوەری ساڵی ١٩٨٠ نامەیەکی نوسی بۆ (برژنێف)، ئامادەی خۆی پیشاندا بۆ ئەوەی وەکو میانجیکەرێك بکەوێتە نێوان ئەمریکا و سۆڤیەت لەسەر ئەو کێشەمکێشەی کە لەنێوانیاندا هەیە و ئەو کێشەیەی کە لە ئەفغانستاندا هەیە. وتبووی، (من باوەڕم وایە دەتوانم ئەو کێشەمکێش و ئاڵۆزییەی کە لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا دروست بووە ڕۆڵێکی ئیجابی ببینم لە چارەسەرکردنی بەشێك لەو کێشانەدا). (٤)

هامەر کەمتر لە مانگێك دواتر، دیسانەوە لە مۆسکۆ بوو. ڕاستەوخۆ ڕۆیشت بۆ وەزارەتی بازرگانی سۆڤیەتی و باسی لە کاریگەری مەینەتباری ئەو گەمارۆدانە ئابورییەی کرد کە لێی کەوتوە. کاتێك باسی لە زیانەکانی ئەکسیدنتاڵ کرد، یەکێك لە جێگرەکانی وەزارەتی سۆڤیەتی پرسی، (چیمان لەدەست دێت بیکەین؟) هامەریش بەبێ وەستان دەڵێت، (ئێوە دەتوانن داوای پاسای لەسەر جیمی کارتەر تۆمار بکەن، هەرچەندە ئەم کارە هیچ سودی نیە) (٥) دەیزانی پێویستی بە ڕێگاچارەی سیاسی هەیە.

پاشان ڕۆیشت بۆ کرملین و سەردانی برژنێفی کرد. لە چاوپێکەوتنی یەك کاتژمێری نێوانیان، برژنێف هێڵی سوری سۆڤیەتی سەبارەت بە هێرشی بۆ سەر ئەفغانستان بۆ هامەر ڕون دەکاتەوە. دەڵێت یەکێتی سۆڤیەت ئاگادارە کە (ڕەش)، بە هاوکاری دەزگا نهێنییەکانی پاکستان، خەریکی داڕشتنی پلانێکی کودەتایە لە کابوڵدا، و دەستێوەردانی ئێمە لە ئەفغانستاندا بەتەواوی لایەنی بەرگری هەیە.

برژنێف داوا لە هامەر دەکات بەرپرسیاریەتێك لەلایەن ئەوەوە لە ئەستۆ بگرێت تاوەکو لە فشاری پەرەسەندوی جەنگی ئەفغانستان لەسەر سەرچاوەی سۆڤیەتی کەم بکاتەوە. پێشنیاری کرد هامەر معامەلەیەك لەگەڵ واشنتۆندا ئەنجام بدات لەسەر ئەوەی ئەبێت ڕوسیا بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەی پێنج ساڵ پشتگیری لەو حکومەتە کۆمۆنیستیەی ئەفغانستان بکات کە لەسەر کارە. ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش هاوکاریەکانی خۆی بوەستێنێت بۆ پارتیزانە ئەفغانیەکان. لە بەرامبەریشدا، یەکێتی سۆڤیەت هێزەکانی خۆی لەماوەی پێنج ساڵدا لە ئەفغانستان دەکاتە دەرەوە، و ئەوکاتە هەڵبژاردنێکی ئازادی سەرتاسەری ئەنجام دەدرێت. (٦)

هامەر لە ژیاننامەکەی خۆیدا دەنوسێت: (زۆربەی ساڵەکانی ١٩٨٠ زیاتر لە هاتن و ڕۆیشتندا بووم بە هەموولایەکی جیهاندا و هەوڵم دەدا تاوەکو کۆتایی بهێنم بەو قەیرانە سیاسیە). (٧) بەپێی بنەمای دەفتەری یاداشتەکانی ڕاپۆرتەکانی فڕۆکەکەی، هامەر ئەو ساڵە ٤٩٤٩٢١ کیلۆمەتر بە فڕۆکە جیت بوئینگی ٧٢٧ی تازە کراوەکەی ئۆکسی یەك سەفەری کردبوو. تازەگەری زۆر پێشکەوتوی هونەری ناو فڕۆکەکەی ئەو توانایەی دەبەخشی بەو لە فڕۆکەکەیدا تەلەفۆن بکات بۆ هەر سوچێکی جیهان کە بیویستایە. (٨)

هامەر لەسەروی کۆمپانیا چەندین ملیارد دۆلارەکانەوە بوو، لەبەر ئەوە لەتوانایدا هەبوو بە ئاسانی پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ بازرگانەکان، پارێزەرەکان، سەرمایەدارەکان، و سیاسەتمەدارەکان دروست بکات، و لەگەڵ ئەوەدا زۆربەی وڵاتە کاریگەرەکان لە چارەسەرکردنی کێشەکان دەرگایان بەڕوودا دەکردەوە. لەماوەی چەند هەفتەیەك توانی چەندین چاوپێکەوتن ساز بکات لەگەڵ پایە بەرزەکان و سەرۆکەکانی ئەوروپادا. ئامانجی یەکەمی ئەو لەو هاتن و ڕۆیشتنانە و دروستکردنی بەرپرسیاریەتێکی سیاسی دروستکراو بوو بۆ خۆی بۆ ئەوەی ببێتە سیاسەتمەدارێکی بەڕێز و گەورەی جیهانی کە لایەنگری ئاشتی بێت. ئەو ستراتیژیەی لەو شریتانەی کە لەکاتی سەفەرەکانیدا تۆماری کردبوون دەردەکەوێت. لەم شریتانەدا خۆی بە کەسی سێ یەم لایەنی کێشەکان دەزانێت، و ئەو بەرپرسانەی کە دەیانبینێت و بابەتەکانی ئەوانە لەبارەی ئەفغانستان و کاردانەوەکانی سەبارەت بە پێشنیارەکانی خۆی، باس دەکات.

لە سەرەتای ئاوریلی ١٩٨٠، هامەر کاندیدی خۆی بۆ بەرەو پێشبردنی پلانەکەی پێش خستبوو: (ئەدگار فۆر)، سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی فەرەنسا کە هاوڕێی نزیکی سەرۆک کۆماری فەرەنسا (والری ژیسکار دستن)، سەرۆك کۆماری فەرەنسا بوو، وەکو (وەکیل)ی ئەکسیدنتال لە فەرەنسادا دایمەزراند. هامەر لە یاداشتە شریتیەکانی خۆی دەڵێت ئەم (پەیوەندیە) دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت لە دروستکردنی پەیوەندیماندا لەگەڵ سەرۆك کۆماردا.) (٩) و هەروەاش بوو، فۆر کارێکی کرد کە هامەر و هاوسەرەکەی لە ٢ ئاوریل لە کۆشکی سەرۆك کۆماری لەگەڵ (ژیسکار) نانی نیوەڕۆ بخۆن. هامەر لە تۆماری شریتێکدا باسی ئەوە دەکات کە (ژیسکار) خاوەنی شەخسیەتێکی سەرنجراکێش، و (ئەدەب و نەزاکەتێکی نەجیبزادەی)، (شێوەی دەمووچاوێکی زۆر جوان)، (جلێکی زۆر جوان و ڕێکوپێك) بوو. هامەر لە دانیشتنەکەدا تێدەگات کە ژیسکار حەز دەکات بۆ چاوپێکەوتنی نێوان سەرانی هەردوو وڵات بانگهێشت بکرێت بۆ مۆسکۆ. لەوانەشە پێی ناخۆش نەبێت کە ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت لە شانۆی جیهانیدا. بەهەرحاڵ هامەر پێی وت ناسراوە سۆڤیەتیەکان دەتوانن ئاسانکاری بۆ دیدارێکی لەم شێوەیە بکەن. و پاشان هەندێك باسی لە دیدارەکەی خۆی کرد لەگەڵ لنیندا بەڵام ترش و خوێکی باشی کرد بەسەر باسەکەیدا و پاشان باسەکەی بەرەو ئەفغانستان برد. وتی دەتوانێت معامەلەیەك لەگەڵ سۆڤیەتەکان ئەنجامبدات بەمەرجێك ئەمریکا دەست لە پارێزگاریکردنی شۆڕشگێڕەکان هەڵگرێت (و هەوڵبدات هانیان بدات لەدژی دەوڵەت کار بکەن هەرچەندە مارکسیش بن)

بە وتەی هامەر ژیسکار دستن، و ئەو، گفتوگۆیەکی زۆر (باش و گەرمیان) کردوە. هامەر دەڵێت: (سەرەتا، سەرۆك کۆمار ڕازی نەبوو بەو پێشنیارەی کە کردبویەتی. وتویەتی، ئێمە دەوڵەتی مارکسیمان لەوێ ناوێت... دەبێت وازبهێنین بۆ ئەوەی خودی خەڵکی ئەفغانستان بڕیاربدەن چ جۆرە حکومەتێکیان دەوێت). هامەر دەست دەکات بە قسە، و دەڵێت بە (ژیسکار) (برژنێف کەسێکی باشە) و ئاشتی دەوێت، و پەلکەی ئەوە دەهێنێتەوە کە (ئێمە دەبێت واقعی بین و ئەو واقعیەتە قبوڵ بکەین کە لە شۆڕشی ١٩٧٨ بە دواوە لەوێدا حکومەتی مارکسیتی بووە، و ڕوسەکان ئامادە نین بەسادەی بڕۆنە دەرەوە و یارمەتی بدەن دەوڵەتێکی ناسەرکەوتوو بێتە

سەر حوكم). هامەر دەڵێت بەڵگەكەی ئەو دیار بوو ژیمكاری نەرم كردوە. (وادیارە حەز دەكات قسەكانی قبوڵ بكات كە ئێستا نابێت هەوڵبدەین حكومەتی ئێستا لابەرین یان هانی شۆڕشگێڕەكان بدەین بۆ ئەوەی ئەو حكومەتە لەناو بەرێت).

هامەر بە وتەی خۆی هەڵێك دەبینێت، بۆ ئەوەی (ئەركەكەی) بباتە پێشەوە. پرسیار دەكات لە (ژیسكار)، (بۆچی تۆ لەم زەمینەیەدا هەنگاو نانێیت؟، پاشان دەڵێت ڕوسەكان زیاتر متمانەیان بە فەرەنسیەكان هەیە تاوەكو ئەمریكیەكان. باسی ئەوە دەكات كە وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت، ئاندرە گرومیكۆ، هەفتەی داینەدە بڕیارە بێت بۆ پاریس پێشنیار دەكات هەوڵدەدەین (وەزیری دەرەوەی ئەمریكاش سیرۆس وانس هەمان كات بێت و جەنابتان بكەونە نێوان ئەو دوو كەسەوە و ڕێككەوتنەكە ئەنجام بدەن). ژیسكار ئەم شێوە كارەی قبوڵ نەكرد، بەڵام ڕەزامەندی پیشاندا كە لەبارەی ڕۆڵی ئاشتی لەگەڵ برژینف گفتوگۆ بكات (بەتایبەتی كاتێك هامەر وتی كە ئەمە لەوانەیە ببێتە هۆی بانگهێشتكردنی بۆ مۆسكۆ).

دوای ئەو چاوپێكەوتنە، هامەر لە ڕاپۆرتەكەی خۆی لە شریتەكەدا دەڵێت: خەریكە كارەكە دەچێتە پێشەوە. حەزی لەو كاركردنەی خۆی بووە: (تاوەكو تەواوكردنی نانی نیوەڕۆ، هامەر بەتەواوی دڵی (ژیسكاری) ڕفاند بوو. لە ڕاستیدا، فرانسیس وتی، گومانی نیە كە تیەكەت دا لە نیشانەكە، بەرپرسیاریەتی خۆت بەباشی ئەنجامدا) (١٠)

هامەر هێشتا دەبوو ڕەزامەندی سەرۆك كارتەر بەدەست بهێنێت لەبارەی ئەو ڕۆڵە ئاشتیانەی كە لە ئەفغانستاندا دەیەوێت بیگێڕێت، بەڵام كێشەی ئەوە بوو نەیدەتوانی چاوپێكەوتنی لەگەڵدا ساز بكات. خەتاكەشی دەگەڕاندەوە بۆ (ئیزبیگنیف برژینسكی)، ڕاوێژكاری سەرسەختی ئاسایشی نەتەوەی كارتەر، دەیزانی و بەپێی تۆمارە دەنگیەكانی شریتەكانی هامەریش دەركەوتوە كە (برژینسكی) بوەتە ڕێگر لە بەردەم بینیی سەرۆك كارتەردا.) (١١) برژینسكی ئەو بەهارە بەڕاستی نارازی بوو لە دەستپێڕاگەیشتنی هامەر بۆ كۆشكی سپی. ئەو زۆر بەتوندی بەدگومان بوو لەبەرامبەر مەبەستی سۆڤیەت لە ئەفغانستاندا، و بەو شێوەیەی كە دواتر ڕوونی كردەوە، پێشنیارەكەی برژینفی بە (پێچەوانەی ئاماتجی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا) یە. بە بۆچوونی ئەو، ئەمریكا بەڵێنیداوە

ستورشكاندنی سۆڤیەت لە ئەفغانستاندا نەمزۆك بكات، واتایی ئەم بەڵێنەش دەركردنی ڕژێمی دەسەڵاتدار بوو لە كابولدا و سەرچاوەی لێكۆڵینەوەی ئەم ئامانجەش گەیاندنی چەك بوو بۆ شۆڕش گێڕەكان. ئەگەر ئەمریكا لەگەڵ برژنێفدا ڕێك بكەوێت، ئەمریكا ناچارە ئەو هاوكاریانە بوەستێنێت، لەو كاتەدا گومانی تێدانیە شۆڕشەكە شكست دەهێنێت. بە گومانی برزژینسكی سەرچاوەی پێشنیارەكەی برژینف ئەوە بوو كە لەنێوان ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی تۆوی دووبەرەكی بچێنێت.(١٢)

كەمێك دواتر لەهەمان بەهار هامەر سەركەوتوو بوو خۆی بگەیەنێتە كارتەر لەبەر ئەو هاوكاریانەی كە ئەنجامیدا. بیستی كە حیزبی دیموكرات بۆ هەڵبژاردنی ١٩٨٠، پێویستیكی زۆری هەیە بە پارە، بۆیە پزیشت بۆلای ئیشكەرە سەرەكیە سیاسیە گەورەكانی كارتەر و پارەیەكی زۆری بە بڕی ١٠٠ هەزار دۆلاری خستە بەردەمیان. ئەوەندەی ئەبرد كارتەر قبوڵی كرد چاوی بكەوێت بە هامەر. هامەر سەركەوتنی خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆ فشارەكانی (هۆمیتلۆن جێردن) سەرۆكی نوسینگەی كارتەر)، (جودی پاول) سكرتێری ڕاگەیاندنی كارتەر، (ڕۆبێرت ئەشتراوس) سەرۆكی ململانێی هەڵبژاردنی دووەمی كارتەر، و چەند كەسێكی دیكە، و پاشان دەڵێت (لی كلینگ) كە سەرۆكی سندوقی ململانێی هەڵبژاردن بوو زۆر ڕەزامەندبوو لە ڕێكخستنی ئەو دیدارەی هامەر لەگەڵ كارتەردا و پشكێكی گەورەی هەبوو لەو كارەدا. (١٣)

كاتژمێر ١١،٤٥ پێش نیوەڕۆی ٥ جێنیوەری ١٩٨٠ هامەر خۆی دەكات بە كۆشكی سپیدا. هامەر وتی (جەنابی سەرۆك كۆمار، (من ماوەیەكی زۆرە چاوەڕوانی ئەم دیدارە بووم)، و پاشان باسی لە ١٠٠ هەزار دۆلارەكەی خۆی كرد و ڕوونی كردەوە كە داوایان لێكردوە ئێستا پێدانەكە دوا بخات و بە باوەڕی ئەو كارتەر دەتوانێت دووبارە خۆی هەڵبژێرێتەوە و سەرئەنجام دەبێت (بە سەرۆك كۆمارێكی ئاشتیخواز بناسرێت، و حسابەكەی خۆی لەگەڵ ڕیگاندا جیا بكاتەوە كە سەرۆكێكی شەڕخوازە). بەڵام هەرچی كرد نەیتوانی قەناعەت بكات بە كارتەر بۆ ئەوەی ڕۆڵی ئاشتەوای ئەو قبوڵ بكات. بۆنمونە كاتێك وتی ئەگەر ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا واز لە دەستێوەردان بهێنێت لە ئەفغانستان، (لەماوەی پێنج ساڵی داهاتوو

هەڵبژاردنێکی ئازاد ئەنجام دەدرێت)، کارتەر بە ساردی وەڵامی دایەوە، (ئێمە باوەڕناکەین بتوانین ئەوەندە تەحەمول بکەین). (١٤)

سەرەڕایی کەمتەرخەمی کارتەر، هامەر دەستبەرداری کارەکەی نەبوو. لەحاڵەتێکدا کە پاکستان شوێنی سەرەکی هاوکاریکردن و ناردنی چەکی ئەمریکا بوو بۆ ئەفغانستان، بەڵام دەزگای هەواڵگری پاکستان هۆکاری سەرەکی پێکهێنان، و فێرکردن و ڕێنوێنیکردنی گروپە پارتیزانە دژە سۆڤیاکانی سۆڤیەتی بوون لە ئەفغانستان، هامەر دواتر ڕۆیشت بۆلای (محمد زیاء الحقی) سەرۆک کۆماری دیکتاتۆری پاکستان. (١٥) تێگەیشت کە بەبێ هاوکاری زیاء ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هیچ چارەیەکیان نابێت بێجگە لەوەی کە ڕێگاچارەیەك لەسەر بنەمای ئەوەی کە برژیف دەیڵێت پێی لێبکەنەوە. زیاء لە چارەسەرکردن و وەلاخستنی قەیرانەکەی ئەفغانستاندا (دەموچاوێکی سەرەکی) بوو. (١٦)

هامەر، لە داواکردنی بەدەستهێنانی متمانە و هاوکاری زیاء دا، لە ئاوتی ١٩٨٠ ڕۆیشت بۆ ئیسلام ئاباد و لە ماڵەوە چاوی کەوت بە سەرۆك. زیاء کابرایەکی سەربازی بوو و بە سادەی دەژیا، و ولادیاربوو بەڕوکەش هیچ جۆرە حەز و ئارەزویەکی شەخسی نیە، بەڵام ئارەزوی زۆر گەورەی بۆ گەشەکردن و باشترکردنی پێگەی پاکستان هەبوو کە یەکێك لەو حەزانەی بەدەستهێنانی نەوت بوو تاوەکو پشت بەستنی وڵاتەکەی بەهۆی بوونی نەوتەوە گەشە پێ بدات. هامەر سودی لەم بابەتە وەرگرت. هەرچەندە سەرۆکەکانی ئەکسیدنتال وتبوویان پێی سەرمایەگوزاری لە پاکستاندا (ناوچەیەکی ئابوری) نابێت، بەڵام هامەر لۆژیکی تایبەتی خۆی هەبوو. پێشنیاری کرد کە پیشەسازی نەوتی گەورە لە پاکستاندا دروست بکات. وتی بە زیاء الحق ئەکسیدنتال سەرچاوە و دەسەڵاتی پێویستی هەیە کە لە کەنارەکانی پاکستان ئەوەندە نەوت بەرهەمبهێنێت کە بەئاسانی بتوانێت هەموو پێویستیەکانی ناوخۆ چارەسەر بکات و هەمیش بیکاتە وڵاتێکی هەناردەی نەوتی. هەروەها باسی ئەوەی کرد کە پاڵاوگەیەکی زۆر مۆدێرن لە پاکستاندا دروست دەکات و لولەکێشی دەکات بۆ سەرتاسەری وڵات. ئەم پرۆژەیە، ئەگەر جێبەجێ بکرایە، هەڵبەتە پێویستی بە سەدان ملیۆن دۆلار هەبوو، بەڵام هامەر وتی بە زیاء کاتێك دەتوانم ئەو پرۆژەیە ئەنجامبدەم کە لەناوچەکەدا ئاشتی بوونی هەبێت. (١٧)

دوای ئەوەی کە ڕوونی کردەوە بۆ زیاء الحق کە دەیەوێت هاوکاری پاکستان بکات، هامەر باسی ڕۆڵی خۆی کرد بۆ دەستبەربوونی ئەو ناشتیە. بەو پەڕی سەرسامیەوە سەیری کرد الحق وادیارە خۆشحاڵە بەو پێشنیارەی کە هامەر دەیکات و بە گشتی ئامادەیە سەرچاوەی پێشنیارەکە قبوڵ بکات: واتە هیچ لاری نیە لەوەی کە دوای پاشەکشێکردنی هێزەکانی سۆڤیەتی لە کابوڵدا حکومەتێک بێتە سەر حوکم کە لایەنگری سۆڤیەت بێت. الحق هەمیشە لەگەڵ کەسێکدا کە دەیویست لە وڵاتەکەیدا پارە خەرج بکات زۆر بەشێوەیەکی بە ئەدەبانە هەڵسوکەوتی دەکرد، بەڵام هامەر بەشوێن کردنەوەی ئەو ڕێگا خەیاڵیەدا بوو. بەرەو مۆسکۆ ڕۆیشت و ڕاستەوخۆ پێشکەوتنەکانی خۆی ڕاگەیاند بە برژنێف. بەڵام دواتر دەرکەوت کە هامەر، بەخراپ زیانی تێگەیاندوە. زیانیش ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی کارکردنە سیاسیەکانیەوە بەڕوونی وتی ئامادەنیە بەهیچ شێوەیەک پشت لە شۆڕشگێڕە ئەفغانیەکان بکات. لەگەڵ هەموو ئەوەشدا، لە پایزی ساڵی ١٩٨٠، هامەر دڵنیا بوو کە دوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار (عەقڵ زاڵ دەبێت). گومانی دەکرد کارتەر پێشنیاری کۆتایی هاتنی جەنگ لە ئەفغانستاندا قبوڵ بکات، و دووبارە بچنەوە سەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ سۆڤیەتدا.

بەڵام ئەوە ڕیگان بوو کە هەڵبژاردنەکەی بردەوە، نەک کارتەر. هامەر هەوڵیدا لە هەمان مانگی نۆڤەمبەردا ڕۆڵی ئاشتی خۆی لەگەڵ ڕیگاندا باس بکات، بەڵام سەیری کرد زۆر بەهێز ڕێگەکەی بەستراوە. نەک هەر ناتوانێت ڕێگان ببینێت، بەڵکو (ریچارد ئالن)، ڕاوێژکاری هەڵبژێردراوی ئاسایشی نەتەوەی ڕیگان، تەنانەت وەڵامی تەلەفۆنەکانی هامەریشی نەداتەوە. هامەر دوایی ماوەیەک تێگەیشت کە هۆکاری ئەو هەڵسوکەوتە ساردە لەگەڵیدا هۆکاری پەیوەست بەیەکێک لە هاوکارەکانی پێشووی ئەوەوە واتە دیڤد کار لەسەر ئەو ڕووداوەی کە لەنێوانیدا ڕوویدا بوو. (١٨)

* * *

دیڤیدکار لە سەرەتایی دەیەکانی ١٩٧٠، زۆر بەکەڵکی هامەر هاتبوو. لەگەڵ سۆڤیەت، هاوکاری کرد بوو لە بەستنی ئەو ڕێککەوتنانەی کە لەگەڵ (کۆمیتەی دەوڵەتی زانست و تەکنەلۆژیا) دا بەستیان، و لە فەرمنسا قرپای کەوت و ئەکسیدنتاڵ لە ژێر بای سەختی ڕێککەوتنە ئیجارە نەگونجاوە ئەوت هەڵگەرەکاندا دەرهێنا. بەڵام

کاتێك (کار) خواستی کارکردنی لەگەڵ معامەلەکانی لەگەڵ سۆڤیەتدا ڕەفز کردەوە، هامەر بەبێ وەستان کاری دەکرد لەسەر کارەکەی. (کار)یش کەوتە سەر ئەوەی کە زانیاری لەبارەی معامەلە بازرگانیەکانی ئەوەوە بداتە (کۆمیسیۆنی کاغەزە بەهادارەکان و بۆرسەی کالاّ)، هەروەها لە خۆیەوە تۆمەتێکی دروستکرد بۆ هامەر گوایە بەرتیلیداوە بە کابینەی حکومەتەکەی نیکسۆن. هامەر ئەم تۆمەتانەی هەموو بە گاڵتەجاڕی ناویرد، بەلاّم لە ساڵی ١٩٧٨ بۆ ئەوەی دڵنی (کار) بەدەست بهێنێتەوە ڕازی بوو لەسەر ئەوەی کە لەیەکێك لە ڕێکەوتنە زۆر بەسوودەکانی خۆی لەگەڵ سۆڤیەتدا بیکاتە هاوبەش: بەپێی ئەو ڕێکەوتنە حکومەتی سۆڤیەتی بە ئەکسیدنتال و شەریکەکانی مافی فرۆشتنی قۆرغکراوی سکە ئاڵتونیەکانی یاریەکانی ئەلۆمپیکی دابوو، ئەم پێشبڕکێیە بڕیار بوو لە هاوینی ساڵی ١٩٨٠ لە مۆسکۆ ئەنجام بدرێت.(١٩)

ئەم داواکاریە (کار) ی بێدەنگ نەکرد. ئەو لە جێنیوەری ساڵی ١٩٧٩، لەبەرامبەر (کۆمیسیۆنی کاغەزە بەهادارەکان) شایەتیدا کە هامەر بەرتیلێکی گەورەی بە بەرپرسە سۆڤیەتەکان داوە، بۆ نمونە ١٠٠ هەزار دۆلاری داوە بە (یکاترینا فۆرتسو) (کە دوای ئەوەی تۆمەتبارکرا بە گەندەڵی و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا، و لە ساڵی ١٩٧٤ لە مۆسکۆ مرد). (٢٠) وادیار بوو لە شایەتیدانەکانی (کار)دا شتێك بزانێت لەو جامتا پارەیەی کە هامەر لە ساڵی ١٩٧٢ لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ لنینگراد.

کەمێك دوای بلاّوبوونەوەی ڕوونکردنەوەکانی شایەتیدانەکەی (کار) لە ڕۆژنامەی (نیۆیۆرك تایمز)، جەستەکەیان بە مردوی لە شوقەیەکدا لە جادەی فوش لە پاریس دۆزیەوە. (کار) تەمەنی نزیکەی شەست ساڵ بوو و پزیشکەکانی گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە هۆکاری مەرگەکەی بەهۆی نەخۆشی دڵەوە بووە. بەلاّم هاوسەرەکەی (کار)، کە ئەوکاتە لە نیۆیۆرك بوو، وای بۆ دەچوو کە کوشتویانە. شکاتێکی کرد لە دادگا تاوەکو لێکۆڵینەوەیەك لەوبارەیەوە ئەنجامبدەن و جارێك ڕێگەی لێبگرن لە خاکسپاردنی یان لە سوتاندنی. جەستەی (کار) یان برد بۆ یەکەی پزیشکی بۆ لێکۆڵینەوە و شیکارکردنی، بەلاّم هیچ نیشانەیەك لە کوشتن و سزلدانی دەست نەکەوت.(٢١)

لێکۆڵینەوە لەبارەی مەرگی لەناکاوی (کار) ەوە، بەهەرحاڵ لێرەدا کۆتایی نەهات.
(کار) نزیکەی دوانزە کاتژمێر پێش مەرگی لە مۆسکۆ بوو بوو لەوێدا بەهۆی بێتاقەتی و ئازارداني کچەکەیەوە لە دادگا شکاتی کردبوو، لەبەر ئەوە ڕێکخراوەکانی هاوکاری و هاوتای ڕەش لە فەرەنسا، واتە (دەزگای دژە سیخوڕی لێکۆڵینەوە بیانیەکان) (SDECE)، دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە لەو ئیشە، و وتیان ئایا لە مۆسکۆ ژەهر خوارد نەکرابێت کە ماوەیەکی دواتر کاریگەری بوبێت لەسەر دڵی. لە حاڵەتێکدا کە وا تەصور دەکرا (کەی.جی.بی) ئەو ژەهرەی هەیە. دەزگای دژە سیخوڕی فەرەنسا ئەو تێوریەیان خستەڕوو کە (کار) لەوانەیە دەزگای هەواڵگری ڕوسیا کوشتبێتی.
(کار) پێش ڕۆیشتنی بۆ مۆسکۆ شتێکی وتبوو بە بەڕێوەبەرایەتی (ڕەش) کە هامەر پارەی داوە بە وەزیرێکی گرنگی سۆڤیەتی و چەند بەرپرسێکی دیکەی ئەو وڵاتە. پەیوەندی دەزگای دژە سیخوڕی فەرەنسا بەو مەسەلەیەوە، پەیوەندی بە دواکاریەکەی و چۆنیەتی مەرگی (کار) ەوە نەبوو. بۆ ئەوانە ئەوە گرنگ بوو کە ئەگەر بەرپرسە سۆڤیەتەکان لەهامەر بەرتیلیان وەرگرتبێت، کەواتە زیانەدەرن و دەتوانرێت ئەوانە بۆ مەبەستی هەواڵگری بەکاربهێنرێن. دەزگا فەرەنسیەکان دەستیانکرد بە کۆکردنەوەی دۆسیە لەبارەی هامەرەوە، بۆیان دەرکەوت پیاوێکی بەرتیل دەری دەست ڕۆیشتوە. (٢٢)

لە ٢١ نۆڤەمبەری ١٩٨٠، عەقید (ئەلکساندەر مارنش)، سەرۆکی (دەزگای دژە سیخوڕی لێکۆڵینەوەی بەڵگەکانی بیانی) فەرەنسا، ڕۆیشت بۆ بینینی سەرۆک ریگان لە شوێنی کاتی سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراو لە کالیفۆرنیا، و هەڵسەنگاندنی فەرەنسای لەبارەی ترسی سیخوڕی سۆڤیەتی پێگەیاند. مارنش، پیاوێکی باڵابەرز وسمێڵی زل بوو کە تاوەکو بناگوێی هەبوون، و بە ئینگلیزێکی بێ عەیب قسەی دەکرد. لەکاتی گفتوگۆکردنیدا لەگەڵ ڕێگاندا هۆشداری پێدا کە ئاگاداری کەسێکی زۆر خاوەن دەسەڵات بێت: ئەویش ئارمەند هامەرە، تێیگەیاند کە دەزگای فەرەنسا لە بارەی پەیوەندیەکانی هامەر لەگەڵ بەرپرسە سۆڤیەتەکان لێکۆڵینەوەی کردوە و بەتەواوی باوەڕی وایە کە ئەو ئالەتێکە بە دەست ئەوانەوە و سۆڤیەتەکانیش لە ڕێگەی ئەو پیاوەوە دەسەڵاتی خۆیان زۆر پەرەپێداوە. و ئامۆژگاری ریگانی کرد کە بەهەمووشێوەیەك خۆی بەدوور بگرێت لەو پیاوە. (٢٣)

ریگان لەم هۆشداریە نائاساییە توشی شۆك بوو. وتی بە مارنش ئەو بەشێوەیەکی شەخسی ناسراوی نیە لەگەڵ هامەردا، بەڵام بەتازەی ئاگاداربووم کە هەرکاتێك بۆ چاکردنی قژم دەڕۆم بۆ دوکانی حەلاقەکەم لە (بۆرل هێلن)، سەیر دەکەم هامەر لە کورسیەکەی پاڵمدا دانیشتوە. مارنش سەرێك بادەدات و وەڵام دەداتەوە، فەرموو پێم نەوتی. (٢٤)

* * *

هامەر تەنانەت پێش دەستپێکردنی گرتنە دەستی دەسەڵاتی ریگان ئاگاداری ئەوە بوو کە وتویانە بەسەرۆك کۆمار ئەو لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە کار دەکات، هەر لەبەر ئەوجبوو سور بوو بڕوات بۆ کۆشکی سپی. بۆ لەنجامدانی ئەم مەبەستە دەبێت هەر شێوەیەك بێت بەدگومانی سەرۆك ریگان لەبارەی خۆیەوە برەوێنێتەوە. لە تەلەفۆنە بێ وەڵامەکانیدا دەیزانی کە (ریچارد ئالن) و کارمەندەکانی ئاسایشی نەتەوەی بێ سودن، بۆیە دەبوو ڕێگەی دیکە بدۆزێتەوە. (٢٥)

تەنها ڕێگەیەك بۆ گەیشتن بە سەرۆك، هاوسەرەکەی سەرۆك کۆمار نانسی ریگان بوو. تاڕادەیەك ڕاستەوخۆ دوای ئاهەنگی کردنەوەی کاری دەوڵەتی تازە، هامەر کەوتە سەر ئەوەی کە سود لەو پەیوەندیە فراوانە کۆمەڵایەتی و مەدەنیەی خاتون وەرگرێت. لە سەرەتایی دەستپێکردنی کارەکەیدا واتە لە هەمان مانگی جێنیوەریدا هامەر ٢٠ هەزار دۆلاری بۆ بەڕێوەبردنی پرۆژەیەك کە لەژێر چاودێری شەخسی خاتوندا بوو نارد. پاشان بانگهێشتی کرد بۆ ئەوەی گەلەری (کورکران) ئیفتیتاح بکات، ئەمە مۆزەخانەیەك بوو هامەر ملیۆنێك دۆلاری پێ بەخشی بوو. خاتونیش بانگهێشتەکەی قبوڵ کرد و لە مەراسیمی میوانیەکەیدا لەتەنیشت ئەوەوە دانیشت. هامەر بۆرسێکی خوێندنی بە شانازی بارکی خاتون لە (کۆلێژی ئەمریکیەکانی دەشتەرگەری) دروستکرد و هەندێك پارەی بەبڕی ٥٠ هەزار دۆلاریش بۆ ململانێی خاتون لەدژی بەکارهێنانی مادە بێهۆشکەرەکان، بەناوی (تەنها بڵێ نا) دابینکرد، و زیاتر دڵی ئەوی ڕاکێشا بۆ خۆی. (٢٦) خاتون حەزی کردبوو چاوی بە شازادە چارلزی بەریتانیا بکەوێت، بۆیە هامەر خوانێکی ئێوارەی بە شانازی شازادە چارلز ڕێکخست و خاتونیشی بانگهێشت کرد، و ئەوی لە نێوان خۆی و شازادەدا دانیشاند. هامەر لەم میوانیە و هەروەها چەند بوارێکی دیکە ڕاستەوخۆ باسی بیروباوەری خۆی

دهکرد لهبارهی سهرمایهدارییهوه و دهستخۆشی لهپیاوهکهی خاتون دهکرد بۆ پهیڕهوکردنی ئهو سیاسهته باشانهی که جێبهجێیان دهکات. (٢٧)

لهگهڵ ئهوکارانهدا هامهر بهشێوهیهکی تهواو ههوڵیدا پهیوهندی دروست بکات لهگهڵ سهرۆك ڕیگاندا. بۆ ئهم کاره سودی له بهڕێوهبهرایهتی بۆنه دهوڵهتیهکانی ئهکسیدنتال وهرگرت له واشنتۆن. ئهم بهڕێوهبهرایهتیه له ساڵی ١٩٨١ کۆمهڵێك کهسی زۆرباشی و پهیوهندیدار لهو بهڕێوهبهرایهتیهدا کاریان دهکرد، وهکو (ویلیام ماك سوینی)، هاوکاری پله بهرزی دهوڵهتی (جانسۆن)، (جرۆلد شکتر)، قسهکهری پێشوی ئهنجومهنی ئاسایشی نهتهوهی له سهردهمی (کارتهر)، فهرماندهی دهریای (تیزول شیاردی بچوك) کارمهندی پێشوو له دهوڵهتهکهی کهنهدیدا، (گۆردن ریس) ڕاوێژکاری پێشووی پهیوهندیه گشتیهکانی (مارگرێت تاچهری) سهرۆك وهزیرانی بهریتانیا، و (جاك کینگ) قسهکهری پێشووی دامهزراوهی (قهزا و ئاسمانی نهتهوهی ئهمریکا). ئهمانه له ساڵی ١٩٨١ کاتێکی زۆریان بهوه دهکوشت که کارێك بکهن بۆ هامهر لهو مهراسیم و میواندارییانهی که چاوهڕوان دهکرا ریگان بۆ ئیمزاکردنی ڕێکهوتنی بازرگانی بڕوات بۆ (ئۆتاوا)، هامهریش بانگهێشتێکی بۆ خۆی ڕێکخست و له میوانداری سهرۆك وهزیری کهنهدا، (پییرترۆدۆ) ئامادهبوو. لهوێ، لهناو زۆربهی بهرپرسه بالآکانی کهنهدا و کارمهندانی ئاسایشی تێپهڕی و خۆی گهیانده ئهو شوێنهی که ریگان وهستابوو. نزیك بوویهوه لێی و به زهردهخهنهیهکهوه بهرهو پیری ڕۆیشت و دهستی برد تهوقهی لهگهڵ کرد و خۆی ناساند به ریگان. سهرۆك کۆماریش وهبیری کهوتهوه که پێشتر یهکتریان له دوکانی حهلاقهکهیدا له (بورلی هیلز) بینوه و (بێ ئاگا لهوهی که ریگان دوای چاوپێکهوتنهکهی لهگهڵ(مارنش)دا سهبارهت به هامهر حهساسیهتێکی بۆ پهیدا بوو بوو). ریگان بهخێرای ڕوویکرد بهولاوه و دهستیکرد به قسهکردن لهگهڵ بهرپرسێکی کهنهدی و هامهریش ئهو ههلهی نهبوو گفتوگۆکهی درێژه پێ بدات. (٢٨) ڕاسته هامهر ئهو ههموو ڕێگهیهی بری بوو له لۆس ئهنجلسهوه تاوهکو ریگان ببینێت، بهلآم سهرمرایی ئهو بینینه زووگوزهره هێشتا ناثومێد نهبوو، چونکه بهلایهنی کهمهوه ئهوهی پیشانی ریگان دابوو که دهوڵهتی کهنهدی ڕێزیان لهو گرتووه.

چەند ڕۆژێك دواتر هامەر لە لەندەن بوو، لە بانگهێشتێکی میوانداری خوانێکی ئێوارەی ڕەسمی تاچەردا، سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، بانگهێشتی کردبوو، ریگان و هاوسەرەکەشی لەوێ بوون، ئەمەش دووبارەی شانۆکەی کەنەدا بوو، بەڵام هیچ شتێك دروست نەبوو. بەڵام هامەر سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەوەندە لە مەراسیم و بۆنەکاندا خۆی پیشان بدات تاوەکو ریگان ناچار بکات قبوڵی بکات.

لەم سەروبەندەدا، هامەر، لەڕێگەی دیڤید مرداك، ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆی دۆزیەوە بۆ کۆشکی سپی. مرداك پیاوێك بوو خوێندنی ناوەندیشی تەواو نەکردبوو و لە ڕێگەی کڕین و دامەزراوەکانی کۆمپانیا پیشەسازیەکانەوە توانی بووی سامانێکی زۆر گەورە کۆ بکاتەوە، و سەرەڕایی کارەکانی بەیەکێك لە پارە کۆکەرەوەکانی سەرەکی حیزبی کۆماریخوازەکان لە کالیفۆرنیا دادەنرا، گرنگتر لە هەمووی بۆ هامەر، پەیوەندێکی زۆر نزیکی هەبوو لەگەڵ دەسەڵاتدارە زۆر پایەبەرزەکانی ڕیگان لە کۆشکی سپیدا. (٢٩) هامەر هەستیکرد پەیوەندیە سیاسیەکانی مرداك دەتوانێت بۆ ئەو زۆر سودمەندبن، و کەوتە سەر ئەوەی کە پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەودا بەهێز بکات. (٣٠) دەیزانی مرداك یەکێکە لەو کەسانەی کە زۆر حەزی لە ئەسپی عەرەبیە و چەندین ئەسپی هەیە. و هامەر لە گفتوگۆیەکی کورتدا لەگەڵیدا تێگەیشتبوو کە مرداك زۆر حەزی لە بەدەستهێنانی ئەسپێکی نێرە لە ئەسپە عەرەبیە ڕوسی نەژادەکان بەڵام نەیتوانی بوو سود لە دەسەڵاتدارە سۆڤیەتەکان وەرگرێت بۆ هێنانی ئەو ئەسپە بۆ ئەمریکا. هامەر، لە ڕێگەی ئەو پەیوەندیانەی کە لەمۆسکۆدا هەیبوون، لە پێگەیەکدا بوو دەیتوانی بە ئاسانی ئەو کێشەیە چارەسەر بکات.

لە سەرەتایی فێبریوەری ساڵی ١٩٨١، تەلەفۆنێکی کرد بۆ مرداك، نوسینگەکەی مرداك لەبەرامبەر بینای ئەکسیدنتال بوو لە جادەی (ویلشەر)، و بەڵێنی پێدا ئەسپێکی نێرەی عەرەبی ڕوسی نەژادی پاڵەوانی، بەناوی پسنیاری بۆ پەیدا بکات. پێی وت لە ڕێگەی ناسراوی خۆیەوە لەگەڵ برژینف ئیجازەی هێنانی ئەو ئەسپە عەرەبیە ڕوسیە نەژادە وەردەگرێت. لەبەرامبەردا داوایی کرد لە مرداك بیکاتە شەریکی خۆی لە پەروەردەکردنی ئەسپەکانیدا.

مرداك پێشنیارەکەی هامەری بە خۆشحاڵیەوە قبوڵ کرد و دوو مانگ دواتر هەردووکیان بە (ئۆکسی یەکی) فڕۆکە شەخسیەکەی ڕۆیشتن بۆ مۆسکۆ. لەوێشەوە

رۆیشتن بۆ شاری (پیاتیگۆرسك) لە دەشتەکانی دامێنی باکوری کێوەکانی قەفقاز، بۆ سەردانی کێڵگەی پەروەردەکردنی ئەسپی (ترسك)، بە ئاسانی رۆیشتن و سەیرکردنی (پسنیاو) بەشێوەیەکی گشتی بۆ بیانیەکان قەدەغە بوو. بریاربوو بری یەك ملیۆن و چوار سەد هەزار دۆلار بدەن بەو ئەسپەی کە حەزیان لێیەتی. بەپێی خواستەکەی مرداك، بۆ مافی پەروەردەکردنی ئەو نەژادی ئەسپە لە ئەمریکادا بەلایەنی کەمەوە دەبوو ١٠ ملیۆن دۆلاریان پێ بدات.

دوای مامەڵەکردنی ئەسپە عەرەبیەکە، هامەر پەیوەندیی بوونی دارایێکی فراوانتری پێشنیارکرد بۆ مرداك. مرداك خاوەنی ١٩٪ پشکی کۆمپانیای لە قتونانی گۆشتی مانگای (ئایووا) بوو، کە گەورەترین دامەزراوەی لە قتونانی گۆشتی مانگا بوو لە ئەمریکادا، و هیچ کەسێکی دیکە بەرادەی ئەو پشکی نەبوو. هامەر وتی بە مرداك کاتێك کە گەمارۆی ئابوری لە روسیا وەرگیرا، ئەو دەتوانێت ملیۆنەها تەنی گۆشتی بەستوی مانگا بفرۆشێت بە بلۆکی رۆژهەلات، بەرژەوەندی ئەو کۆمپانیا گۆشتیەش زۆر بەرز دەبێتەوە. مرداك، کاتێك سەرکەوتنی هامەری لە بەدەستهێنانی ئەو ئەسپە عەرەبیە روسی نەژادەدا بینی، هیچ گومانی نەبوو لەوەی کە هامەر دەتوانێت بەهۆی ئەو پەیوەندیە زۆرانەی کە لە مۆسکۆدا هەیەتی بەرژەوەندیەکانی کارگەی گۆشتی ئایووا پەرەپێدەدات. هامەر پێشناری کرد کە ئەکسیدنتال، بە پارێزگاری مرداك، کارگەیەکە بە بری ٨٠٠ ملیۆن دۆلار بکرێت. ئەمە نزیکەی ٣٠٪ زیاتر لە نرخی بازاڕ بوو (و قازانجێکی زۆر دەرۆیشتە گیرفانی مرداکەوە لە بابەتی ئەو پشکداربوونەی). بۆ لادان لە دەرئەنجامی سلبی سەرانە، هامەر باوەری وابوو کە ئەکسیدنتال پارەی کۆمپانیای گۆشتەکەی بە پشکی خۆی بیدات، و ئەمیش مرداك دەکاتە گەورەترین پشکداری ئەکسیدنتال. لەگەڵ ئەوەدا مرداك کە ئەوکاتە تەمەنی زیاتر لە پەنجاو هەشت ساڵ نەبوو، بەشێوەکی لۆژیکی دەبێتە جێگری هامەر، کە ئەوکاتە تەمەنی هەشتا و دوو ساڵ بوو. مرداك ئەم هەلومەرجەی بە خۆشحاڵیەوە قبوڵ کرد و پەیوەستبوونی کۆمپانیاکە کەمێك دواتر لەهەمان ساڵدا ئەنجامدرا.

ئەو زستانە لەکاتێکدا ئەو مامەڵەیە خەریك بوو ئەنجام بدرێت، مرداکیش هەوڵیدا رووی باشی هامەر لە کۆشکی سپیدا پیشانبدات و ئەو بەدگومانیەی کە کۆشکی سپی و ریگان هەیانبوو لەبەرامبەر هامەردا وەلای بنێت. بەڵگەی ئەوەی

هێنایەوە کە هامەر تەنها بۆ بەرژەوەندیە بازرگانیەکانی سود لەپەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ مۆسکۆدا وەردەگرێت. (٣١)

لە بەهاری ساڵی ١٩٨١ لەو ڕێگرییەی کە هەیبوو بۆ ڕۆیشتنی بۆ کۆشکی سپی درزی تێکەوت. لەگەڵ یەکێك لە کەسە نزیکەکانی کۆشکی سپی، (مایکل دیڤەر)، پەیوەندێکی هاوڕێیەتیانەی دروست کرد (دواتر هامەر ئەم کابرایەی بە سێ لەوەندەی موچەی دەوڵەتیەکەی لە ئەکسیدنتال دایمەزراند). نانسی ریگانیش کەم کەم ناوی هامەری لە پێرستی بانگهێشتەکەرەکانی کۆشکی سپیدا جێ دەکردەوە، و تەنانەت (ریچارد ئالنیش) ئیدی نەیدەتوانی لەمیوانیەکاندا گرنگی پێ نەدا.

لە ٢٥ ئاوریلی ١٩٨١، ریگان گەمارۆی بازرگانی سەر سۆڤیەتی هەڵگرت، کارکردنی ئەو زیاتر لەسەر نیگەرانیەکانی باروودۆخی جوتیارەکانی ئەمریکا بوو کە پشکی ئەوانە لە بازاڕی گەنمدا خەریك بوو لەدەست دەچوو. هامەر نامەیەکی نوسی بۆ ریگان سوپاسی ئەو بڕیارە لێهاتوانەی کرد و دڵنیای کردەوە کە نوێکردنەوەی معامەلە و کڕین و فرۆشتن لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا لە قازانج و بەرژەوەندی نەتەوەیدایە. (٣٢) ئەمەش بە قازانجی ئەکسیدنتال بوو بەشێوەیەکی تەواو. ئەکسیدنتال وەستانی ئەو شەش مانگەی کارو کاسپی خۆی لە سۆڤیەتدا نزیکەی ٣٨٣ ملیۆن دۆلاری لەدەستدا بوو، بەبێ وەستان ئامادەی بارکردنی دووبارەی ئەسیدی فاسفۆریك بوونەوە بۆ بەندەری ئۆدیسا.

هامەر بۆ بەیانی ئەو ڕۆژەی کە هەواڵی کۆتایی هاتنی گەمارۆ ئابوریەکانی بازرگانی بیست، هەموو ڕێکەوتن و پەیمانامەکانی خۆی هەڵوەشاندەوە و بەرەو مۆسکۆ ڕۆیشت. (٣٣) وەکو سەفەرەکانی دیکەی بۆ ڕوسیا لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا، فرۆکە جێتیەکەی لە لەندەن وەستا تاوەکو دوو فرۆکەوانی ڕێنوێنی سۆڤیەتی لەگەڵ خۆیدا بەرێت. کاتێك فرۆکەکەی لە (سیرمیتوو) لە فرۆکەخانەیەك لەنزیك مۆسکۆ نیشتەوە، ڕاستەوخۆ، دوو کارمەندی تەشریفاتی دەوڵەتی چاوەڕوانی بوون. بەبێ ئەوەی لە گومرگ و ڕێگەی گوزەرنامەکانەوە تێپەڕێت، کارمەندەکان هامەریان لە هۆڵێکی تایبەتی میوانە گرنگەکان تێپەڕاند و سواری (لیموزینی چایکا) یان کرد کە وەستابوو بۆی و ڕاستەوخۆ ڕۆیشت بۆ شوقەکەی لە مۆسکۆ. لەوێ میخائیل براك، ڕێکخەری کارەکانی لە سۆڤیەت، و ژەنراڵ ئەلکساندرف- ئارگنتیف،

پاریزکاری ئاسایشی نەتەوەی برژنێف، هاتبوون بۆ پێشوازیکردنی. هامەر نزیکەی بیست ساڵ بوو پەیوەندی لەگەڵ ئەمانەدا هەبوو، و ئەم دوانەش بەتازەی هاوکاریان کردبوو لە پەیداکردنی ئەسپە عەرەبییەکەدا بۆ مرداک. (٣٤)

هامەر وتی پێیان لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەی کە ئەنجامیدا، تەنانەت کارکردنیشی لەگەڵ (گرێت والدهایم) سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەوڵەتی ریگان هەرجۆرە بەرژەوەندییەکی لە ئەفغانستان لەسەر بنەمای پێشنیارەکانی برژنێفی کردلاریەن رەفز کردەوە و ئیدی لەو ژینگە شەرانگێزییەی ئێستای دەسەلاتدارانی واشنتۆن هیچ کارێکی لەدەست نایەت بۆ گەڕانەوەی گفتوگۆ و نەهێشتنی ئەو گرژیانەی کە لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا هەیە.

ژەنراڵ ئەلکساندەر- ئارگلتف بەرپرسی رێکخستنی زانیاری گەیاندن بوو لە وەزارەتەکان و دەزگا هەواڵگرییە جۆراوجۆرەکانی سۆڤیەتی لەبارەی ئەمریکاوە. ئاگاداری ئەو بارودۆخە ترسناکەی پەیوەندی نێوان ئەو دوو وڵاتە بوو. لەگەڵ ئەوەدا، هامەری هاندا بەردەوامی بدات بە پرۆژەکانی خۆی لە سۆڤیەت و دڵخۆش بێت بەوەی کە هەر دەبێت سارد و سڕییەکانی نێوان ئەمریکا و روسیا نەمێنێت. دوو رۆژ دواتر کاتێک گەڕایەوە بۆ ئەمریکا، تێگەیشت کە ریگان نارازی بووە لە دیتنی سەرانی هەردوو دەوڵەت لە ئایندەیەکی نزیکدا. بەباوەڕی هامەر، چاوەڕوانبوون و کارکردن بۆ نەهێشتنی ئەو بارگرژییەی کە هەبوو لەنێوان هەردوو وڵاتدا، بەبێ دانیشتن و گفتوگۆکردنی هەردوولا کارێکی قورس و مەحاڵە.

سەرەڕایی بەدگومانییەکانی هامەر لە زەمینەی نەهێشتنی ئەو بارگرژییەی کە هەبوو، هەوڵدانی ئەو بۆ نزیکبوونەوە لەکۆشکی سپی ریگان کەم کەم خەریک بوو دروست دەبوو. لە ٤ ئۆکتۆبەری ١٩٨١، ریگان، هامەری کرد بە سەرۆکی خۆبەخشی دەستەی پارێزکاری بەناوی (مێژگردی شێرەپەنجەی سەرۆک کۆمار). هەرچەندە ئەم پۆستە پۆستێکی فەخری و شانازی بوو، بەڵام هامەر بەهۆی لێهاتوییەکانیەوە توانی سود لەو پۆستە وەرگرێت و خۆی بکاتە یەکێک لە کەسە مەحرەمەکانی دەوڵەتی ریگان. هەروەها سەرۆک ئەوەی بە هۆکارێك ناوبرد و وتی (پشتگیری ئێف بی ئای) بەدەستەتهێناوە بۆ پێدانی ئەو پێگەیە و ئاگاداری کردون کە چاودێری بکرێت لەبەرامبەر هەرکارێکدا کە گومانی لێبکرێت، و بەهەرحاڵ لەراستیدا ئێستا، ئەو

پۆستەی ئەو نە پشتگیری بە نێف بی ئای هەبوو و نە پێویستیشی بەچاودێری ئەو دەکرد ئەو کارێك بوو هامەر خۆی پێیگەیشتبوو. (٣٦)

ریچارد ئالن لە ساڵی ١٩٨٢ دەستی لە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەی هەڵگرت و هامەریش لە ڕۆیشتنی ئەو کابرایە قازانجێکی زۆر باشی کرد. داوەر (ویلیام کلارك)، کە خەڵکی کالیفۆرنیا بوو، و لەناو بازنەی ناوخۆی کەسە نزیکەکانی ڕیگاندا بوو، و هامەریش لە لۆس ئەنجلسەوە دەیناسی، بووە جێگری ئالن. قازی کلارك، بەپێچەوانەی ئالن، بچوکترین گرفتی لەگەڵ هامەردا نەبوو. هامەر چەند تابلۆیەکی بەخشی بە کۆشکی سپی کە جێگەی ڕەزامەندی سەرۆك کۆمار بوون، لە ڕێگەی بەخشین و خۆپاککردنەوەی زیاتر توانی خۆشەویستی ئانسی ریگان بەدەست بهێنێت. یەکێك لەو تابلۆیانە کە زۆر خۆشەویست بوو لەلای ریگان، تابلۆی چارلز ماریۆن بوو بەناوی (تێپەڕینی گەلە ئەسپێك لە بیابانێکدا) کە یەکێك بوو لە تابلۆ سەرنجڕاکێشەکان. هەروەها بەڵێندا بۆ دامەزراندنی کتێبخانەی سەرۆك ڕۆناڵد ریگان یەك ملیۆن دۆلار ببەخشێت. لە ساڵی ١٩٨٣، کارەکە گەیشتە شوێنێك کە سەرۆك ریگانی بە (هاوڕێی خۆشەویستی خۆی) ناوبرد. (٣٧) دەستپێڕاگەیشتنی هامەر بۆ کۆشکی سپی بۆ لای سەرۆك ریگان لە ساڵەکانی نێوان دەیەکانی ١٩٨٠ زیاتر لە ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا بوو، بەڵام هەر لەو ئاستەی بۆ مەبەستی میانجیگەریش سودی لێوەگرت.

* * *

هامەر هیچکاتێك لە ئامانجە جیۆپۆلەتیکەکانی خۆی: واتە نەهێشتنی بارگرژییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە و هێنانەوەیان بۆ سەر مێزی گفتوگۆ، دەستی هەڵنەگرت، بەڵام، بەوشێوەیەی کە دواتر نوسی، پەی برد کە (ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ مۆسکۆ درێژ و پێچاوپێچ و قەیراناوییە) (٣٩) ئەم ڕێگایانە بەهۆی کۆمەڵێك ڕێگەی جیاوازەوە بوون. سێ ڕێبەری سۆڤیەتی بە ماوەیەکی کەم یەك لەدوای یەك مردن: برژنێف، لە نۆڤەمبەری ١٩٨٢مرد، و جێگرەکەی، یۆری ئاندرۆپیفیش، لە فێبریوەری ساڵی ١٩٨٤، و پاشان جێگرەکەی ئاندرۆپیف، کنستانتین چیننکۆ، لە مارسی ساڵی ١٩٨٥. هامەر بۆ مەراسیمی خاکسپاردنی یەك لەدوای یەکی ئەوانە ڕۆیشت بۆ مۆسکۆ. کەمێك دوای کفن و دفنکردنی ئاندرۆپیف، ژەنراڵ ئەلکساندرف- ئارگنتف

هامەری برد بۆ دیداری (چرننکۆ)، لە دیسەمبەری ١٩٨٤، هامەر، لەگەڵ ئەلکساندرف- ئارگنتف و براك، دانیشتنێكی زۆرباشی كاتژمێر و نیوی لەگەڵ ڕێبەری تازەی سۆڤیەتی ئەنجامدا. هامەر كە ئەو پروپاگەندە ناخۆشانەی لەبارەی (چرننكۆوە) لە ڕۆژنامەكاندا خوێندبوویەوە، لەگەڵ ئەوەدا زۆر سەری سوڕما لەشێوەی چالاك و دڵنیایی سەرۆك. چرننکۆ، دوای پێشكەشكردنی دەستە گوڵێك بەو خزمەتەی كە هامەر كردویەتی، داوای لێكرد بیروبۆچوونی خۆی لەبارەی ریگانەوە باس بكات بۆی.

هامەر بە ئینگلیزی قسەی دەكرد و براكیش تەرجومەی دەكرد. وتی بە چرننکۆ ئێستا بەباشی ڕیگان دەناسێت، و دڵنیایە سەرەڕایی ئەو گریوتینە دژە سۆڤیەتیەی كە هەیەتی سەرۆك كۆمار، زۆر حەز دەكات وەكو سەرۆكێكی گەورەی مێژووی لێبێت. هەروەها وتی ریگان لەم بارەشەوە زۆر كەوتوەتە ژێر كاریگەری هاوسەرەكەیەوە، و خاتون بەشێوەیەكی نهێنیانەش كە بەخودی خۆی وتوە، زۆر حەز دەكات پیاوەكەی (خەڵاتی ئاشتی نۆبل) بەدەست بهێنێت. هامەر وتی بە چرننکۆ ریگان ڕەزامەندە بەدیداری سەرانی هەردوو وڵات. (٤٠)

چرننکۆ ڕێگەیدا بە هامەر بڵێت بە ڕیگان كە ئەو ئامادەی چاوپێكەوتنە، و هامەریش بەبێ وەستان چەند نامەیەكی نارد بۆ كارمەندانی ئاسایشی نەتەوەی، و زانیاریەكەی گەیاند پێیان. كاتێك لەمانگی دیسەمبەردا هیچ هەواڵێكی باشی دەست نەكەوت، تێگەیشت كە لەڕێگەی واستەكانیەوە دەستی ناگات بەسەرۆك كۆمار. (هەندێك لە كەسەكانی دەوروبەری ڕیگان و هەندێك لە ئەندامەكانی پولیت بیورو تاڕادەیەك بەشێوەیەكی یەكسان بەدگومان بوون لەبەرامبەر یەكتری، ئەو ئەمریكیانە زانیاری تەواویان نەدەدا بە سەرۆك كۆمار). هامەر بەشێوەیەكی تەواو لەگەڵ ئانمسی ڕیگاندا قسەی دەكرد، و هیوادار بوو بتوانێت لەڕێگەی ئەوەوە هێڵی پەیوەندی ڕاستەوخۆ بەسەرۆك كۆمار پەیدا بكات. لەگەڵ هەموو ئەمەدا لەساڵی ١٩٨٥ نەیتوانی هیچ كارێك ئەنجامبدات. لەبارەی ئەم سەردەمەوە هامەر دەنوسێت (سەرەڕایی ئەو شكستە یەك لەدوای یەكانەوە، هێشتا دەرگاكانی كۆشكی سپی داخرابوون.) (٤١) چرننکۆ هێشتا ساڵێك لەسەر كار نەبوو كۆچی دوای كرد، و بێتاقەتی كاری هامەر زۆرتر بوو. ئێستا دەبوو هەموو كارەكە سەرلەنوێ دەست

پێبکاتـەوە. دووبـارە ڕۆیـشتەوە بـۆ مەیـدانی سور و لـە ژێـر بـاو بـەفردا وەسـتا. بـۆ پارێزگـاری لـەخۆی کـە ئـەو سـەرمایە ئێسقانی مرۆڤـی دەتاسـاند، هامـەر خـۆی بـە قوماشـی کـشمیری، و قەمـسەڵەی پـەڕمین، وکـڵاوی نـەرمی پێستیـەوە داپۆشـی بـوو. دووبـارە لـە ئاهـەنگی غـەماوی ماتـەمباری شـەپیورەکانی بیستەوە. دووبـارە گـوێی گرتـەوە لـە هاندانـە دڕێژیـەکانی کاندیـدی جێگرەکـەی لـە سـەر مـەزاری لینین. بـەڵام ئـەمجارە جیـاوازێکی زۆربەرچـاو دەبینرێـت: جێگرەکـەی میخائیل گۆرباچـۆف بـوو. کابرایـەکی زۆر خۆشـحاڵ و گـەرموگوڕ بـوو، و زۆر شـارەزا و ئاشـنابوو لەگـەڵ بـەها جیهانیەکانی سەرمایەداری.

چـەند کاتـژمێرێك دواتـر لەهـەمان ڕۆژدا، هامـەر لـە دانیـشتنی میوانداریەکـەدا گۆرباچۆفی بینـی. بەوشـێوەیەی کـە دواتـر نوسـی، (دەموچـاوی زۆر گـەرم و گـوڕ و سـەرنجڕاکێش) بـوو، و ئەمـەش زۆر بەقورسـی هامـەری خستـەژێر کاریگەریـەوە. زۆر بـــەخێرای تێگەیـــشت کـــە ئـــەم گەشـــبینی و کرانـــەوەی گۆرباچـــۆفە دەبێتـــە ڕێگاخۆشـــکەرێکی بـــاش بـــۆ کردنـــەوەی دەرگـــای گفتوگـــۆ لەگـــەڵ ســـەرانی وڵاتـــی ئەمریکادا.

ڕوداوەکان لـەم بوارەدا زۆر بـەخێرای دەڕۆیشتنە پێشەوە. ڕیگان و گۆرباچۆف، لە بەهاری دواتر، ڕەزامەندیان پیشاندا و ڕازیبوون لەسەر ئەوەی کە بینینی سەرانی هـەردوو وڵات لـە ڤـازلتجی هەردوولادایە، و دەرکـەوت کـە دیبلۆماتـە ئەمریکیـەکان و ســـۆڤیەتەکان خـــەریکی گفتوگـــۆن لـــەبارەی بەشـــەکانی کـــات و شـــوێنی چـاوپێکەوتنەکانەوە. لـە ١٢ جێنیـوەری ١٩٨٥، هامـەر دووبـارە لـە کـرملین بـوو و بەشـێوەیەکی ئاسـایی هـەموو جارێـك ئەلکسـاندەر– ئـاگنتف و براکـی لەگەڵـدا بـوو. هـەموویان ڕۆیـشتن بـۆ بینینـی گۆرباچـۆف لـە نوسـینگەکەیدا. نوسـینگەی کـاری گۆرباچۆف لە بینای کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست بوو و ئەمـەش هـەمان ئـەو شوێنە بوو کە هامەر شەش مانگ پێشتر چرننکۆی بینی بوو. هامەر تێگەیشت کە گۆرباچۆف زاڵە بەسـەر کارەکەدا، و پیـاوێکی تـەواو هۆشیار و لێهاتوە. بـەڵام کاتێك قسەکردن هاتـە سـەر ڕۆنالـد ریگـان، لـە تێگەیـشتنی ڕژێمـی ئـەمریکا، گۆرباچـۆف هەندێك نیگەران و بێتاقەت دەکەوتە بەرچاو. (٤٢) هامەر، بە هاوکاری ئەلکساندرف– ئارگنت، هەوڵیـدا باسـی ئـەو بێتاقەتیانـەی ریگـانیش بکـات لەبەرامبـەر پرسـەکانی

ڕوسیاوە. و باسی ئەوەی کرد کە دواکەوتنی چاوپێکەوتنی سەرانی هەردوو وڵاتیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەستە کۆماریخوازانەی کە دەیانەوێت وتووێژەکان دوابخەن. بۆیە داوای لە گۆرباچۆف کرد بەخێرایی هەرچی کردنێت ئیشێك بکات بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو دیدارانە ڕێکبخات. (٤٣)

لە گەڕانەوەی بۆ واشنتۆن، هامەر کەوتەسەر ئەوەی کە دەتوانێت ڕیگان ببینێت و باس لە دانیشتنەکەی خۆی لەگەڵ گۆرباچۆفدا بکات بۆ ڕیگان، بۆیە بڕیاری چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆك کۆمار دانرا بۆ ٢٣ جێنیوەری. یەکەمینجار بوو هامەر بانگهێشت دەکرا بۆ نوسینگەی ڕیگان بۆ کۆشکی سپی. لەماوەی ئەو دانیشتنە پانزە خولەکیەدا، نزیکەی خولەکێك باسی لە شێوە و هەڵسوکەوتی گۆرباچۆف کرد و هەوڵیدا ریگان رازیبکات (کاتێك بۆ ڕۆیشتنی خۆی بۆ مۆسکۆ دیاری بکات). (٤٤) داوای لێکرد ڕێگە نەدات هیچ جۆرە کێشەیەکی تەشریفاتی چاوپێکەوتنەکانی سەرانی هەردوو وڵات دوابکەوێت. بە هەندێك ماستاوکردنەوە هامەر وتی، (تۆ زۆر گەورەتری لەوەی کە لە بەردەم غروری خۆتدا دابنیشیت. تۆ سەرۆك کۆماری بەهێزترین وڵاتی سەرزەوی و بەهێزترین پیاوی جیهانیت) (٤٥)

دیداری سەرانی هەردوو وڵات لە مانگی نۆڤەمبەری هەمان ساڵ لە جنێف ئەنجامدرا. لەگەڵ ئەوەی کە هامەر لەو دانیشتنەدا بەشداری نەکرد، بەڵام خۆشحاڵ بوو لەوەی کە ئەو هەموو هەوڵدان و کارەی میانجیکردنەی بێ بەرهەم نەبووە. و ئێستاش چاوەڕوانی ئەوەبوو پاداشتی ئەرك و ماندووبوونەکانی وەرگرێت.

وەرزی بیست و چوار

هاوسەنگی دەسەڵات

لە سەرەتای دەیەکانی ١٩٨٠، هامەر تاوەکو رادەی شێتی، شەیدای رۆڵی مارلۆن براندۆ بوو لە فلیمی پڕ لە هەیجانی (فۆرمۆل)، (the formula) دا. ئەم فلیمە باس لە سەرمایەدارێکی گەورەی نەوتی پیری قوتابخانەی ماکیاڤیلی دەکات، کە بەروکەش وادیارە باس لە شێوەی نمونەی ئەو دەکات. (١) ئەم سەرمایەدارە گەورە خەیاڵیە، ناوی (ئادەم ئستیقل)ە، مێشکێکی زۆر هۆشیار و پلانەری هەیە کە سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست دەهێنێت و بەهای نەوت لە جیهاندا بەشێوەیەکی خۆویستانە و دەستکردانە بەرز دەکاتەوە.

لەگەڵ ئەوەی کە ئستیقلی بێ بەزەی، تینوی دەسەڵات، و تێکەڵی چالاکیە تاوانیەکانە، هامەر لە هەمووشوێنێك لەبارەی ئەم کابرایەوە قسەی دەکرد و بە ئاشکرا خۆی دەچواند بەو. بەڵام لە شێوە و جەستەی قارەمانی پاڵەوانی فلیمەکە بەتەواوی رۆڵی نەبوو. هامەر بە گۆڤاری (پیپل) دەڵێت، (شێوەی براندۆ لە زەوقی دام چونکە هەوڵدەدات من بەبێ قژ و سەعاعە لە گوێوە پیشانبدات. چیتان لێبشارمەوە من هێشتا قژم هەیە، و هیچ کاتێکیش سەعاعەم بەکار نەهێناوە) (٢) لە هەڵێکی دیکەدا، لە وتارێکیدا لە بەردەم (ئەنجومەنی نەوتی ئەمریکا) بە شکۆمەندێکەوە وتی براندۆ لە فلیمەکەدا (عەینەکی بێ دەوری) لەچاو کردوە، لەکاتێکدا من هەمیشە عەینەکی دەورەدراوم لەچاو کردوە. (٣) هەروەها شکاتی براندۆی کردبوو کە گوایە لە فلیمەکەدا قەڵە و قورس دەردەکەوێت، لەکاتێکدا ئەو هەژار و پڕ لە وزەیە. (٤) بەڵام

حەزی لە دەسەلاتی بێ سنوری (ئستیفل) دەکرد و ستایشی دەکرد. هامەر دانی بەوەدا دانا کە ئستیفل دەسەلاتی خۆی ئەك لە پلە و پایە لە زنجیرە پلەکانی کۆمپانیاکاندا بەدەست هێنا بێت بەڵکو بەهۆی توانایی زۆر لێهاتوی خۆی و پەیرەن بە لاوازی خەڵکی دیکە توانیویەتی بگاتە ئەو پلەیە. ئەمە زۆر هاوشێوەی دیدی خۆی بوو لە دەسەلاتدا. لەدیدی هامەرەوە، دەسەلات لەپلەی یەکەمدا جۆرێك بوو لە شێوەیەکی فکری، بەحسابکردنێکی ورد لەسەر ئەوەی کە خەڵکانی دیکە چیان دەوێت یان لەچی دەترسن دەتوانرێت سەرکەویت بەسەریاندا.

هامەر ماوەیەکی زۆر بوو شانازی دەکرد بەخۆیەوە کە دەتوانێت لە پشتی شانۆوە دەسەلاتێکی بەهێزی هەبێت. بیتی میرفی لەساڵی ١٩٥٢ لێی دەپرسێت، ئایا هیچ کاتێك بیری لەوە کردوەتەوە کە ببێتە سەرۆك کۆماری ئەمریکا، هامەریش لەوەڵامدا دەڵێت، (من پێویستم بەوە نیە ببمە سەرۆك. من سەرۆکەکان دروست دەکەم) (٥) نزیکەی سی ساڵ دواتر، لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیدا لێی دەپرسن ئایا (دەسەلاتی ئەو زیاتر لەسەرۆك کۆماری ئەمریکا نیە)، بەبێ دەنگی زەردەخەنەیەك دەکات و سەری رازیبوون دەجوڵێنێت. (٦) ئەم بانگهێشتانە، پیاهەڵدانی واقعیەتی دەسەلاتی ئەو بوون، بەڵام بەرزفڕی و حەزەکانی ئەوی دەگەیاندە بەرزترین بەرپرسە دەوڵەتیەکان بۆ کۆنترۆڵی کردنیان. لەگەڕان بەدوای ئەم بەرزەفڕیانەدا، ئەو گومانی ئەوەی دەکرد کە تارادەیەك هەمووکەس، تەنانەت سەرۆك کۆماریش، دەتوانرێت بە وزە گونجاوەکان بیهێنرێنە جوڵە. ئەم وزە و توانایانە لەوانەیە لە بوارێکا بریتی بێت لە دابینکردن و هۆکارەکانی چارەسەری نەخۆشیە بێتاقەتکەرەکان، وەکو چارەسەرکردنی پزیشکی مناخم بیگنی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل. لەلایەکی دیکەوە، لەوانەیە مەسەلەکان شێوەیەکی عەیبتر لەخۆیان بگرن، بۆنمونە پێدانی متمانە و پارە بەنهێنی بە رێبەرانی لیبیا دوای کودەتای قەزافی. (٧)

بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی پێویستیەکان، ترسەکان و ئارەزوەکانی ئەوانەی کە دەیویست لە ژێر دەسەلاتی خۆیدا دەریان بهێنێت، هامەر شارەزایانی وەکو: چاودێرانی تایبەتی، کارمەندەکانی پێشووی ئێف بی ئای، رەش، و دەزگای هەواڵگری دەرەکی، و تەنانەت سیخوڕە خراپەکارەکانیش لەلای خۆی دادەمەزراند. یەکێك لەو شارەزایانە (هێربێرت ئیتکلین) بوو، کە ئێف بی ئایی و دەزگاکانی دیکەی

جێبەجێکردنی یاسای بۆ زاڵبوون بەسەر ڕێکخستنەکانی جنائی وەکەڕەدەخست و ئەو لەهەموو ئەو ماوەیەدا نارەزایەتی دەربەبڕی لەگەڵ تاوانبارەکاندا هاوکاری دەکات. نیتکیت دواتر چووە ناو بەرنامەی فیدراڵی پارێزەرانی شایەتەدانەوە و بە ناوی ساختەوە کاری بۆ هامەر دەکرد. (٨) هامەر بەدرێژای ساڵەکان تۆڕێکی فراوانی ئەو جۆرە کارمەندانەی هەبوو. زانیاری، بۆ ئەو، دەسەڵات بوو. (٩)

هەوڵدانی هامەر بۆ بەدەستهێنانی زانیاری بۆ ئەوەی بتوانێت وەکو هۆکارێکی کارکردنی فشار بەکاری بهێنێت، تاڕادەیەك خۆ بۆخۆ جۆرێك بوو لە ئامانج. سەردەمێك لە کۆتایی دەیەکانی ١٩٧٠، لە هەوڵدانەکەیدا بۆ دەستپێڕاگەیشتن و زانینی زیاتری ئەو سیاسەتمەدارانەی کە پێشینەیەکی کێشەی دارایان هەیە، دەستیکرد بە کڕینی پشکی بانکی (فێرست نشنال واشنتۆن). دوای ئەوە نزیکەی ٥ ملیۆن دۆلار سەرمایەی دانا و پاشان ٢/٥٪ پشکی کۆمپانیای مۆڵکی بانکی (فاینەنشیال جەنرال بنکشیرەر)ی کڕی، جارێکیان هەوڵیدا سەرمایەدارێکی بیانی کە دەیویست لە ئەمریکادا سەرمایەگوزاری بکات هانیبدات لە کڕینی کۆمپانیادا هاوبەشی لەگەڵدا بکات. سەرمایەدارەکە دەپرسێت ئەم معاملەیە چ سوودێکی هەیە. هامەریش سەیرێکی عاقڵانەی کەمێك گەمژانەی دەکات وەڵێت بانکی ناوبراو پارەی بەلای کۆمەڵێك لە سیناتۆر و نوێنەرەکانی کۆنگرێسەوەیە و زیاتر لەسەد کەس لەوانە نەیانتوانیوە قەرزەکانیان بدەنەوە. ئەو سەرمایەدارەی کە بڕیارە هاوبەشی لەگەڵدا بکات هێشتا لە مەبەستی هامەر تێناگات، و هامەر ڕوونی بەکاتەوە کە هەموو ئەم سیناتۆر و نوێنەرانە بۆ وەرگرتنی پێشنە و قەرز لەو بانکە و مۆڵك و دەستکەوتەکان و کەلوپەلەکانیان بەتەواوی دەخەنەڕوو بۆ بانك. پاشان وتی بەهای ئەم زانیاریانە لە ڕوانگەی کردلری دەسەڵاتەوە زۆر زیاترە لە هەموو ئەو ڕێژە پارەیەی کە پێویستە سەرمایەگوزاری بکرێت. سەرمایەدارە بیانیەکەش تازە تێگەیشت مەبەستی هامەر لە مافی ئەو بێدەنگیەدا بەرتیلدان و ئەنجامدانی کۆمەڵێك کاری شەخسیە، بۆیە بەشداریکردنەکەی قبوڵ نەکرد.

هامەر سەرکەوتوونەبوو زاڵبێت بەسەر ئەو بانکەدا و لە ساڵی ١٩٨١ پشکەکەی خۆی بە هەشت ملیۆن دۆلار قازانج فرۆشت. ئەو دامەزراوەیەی کە پشکەکەی ئەوی بە

شاراوەی کڕی بانکی ڕسوای (متمانە و بازرگانی جیهانی) بوو کە دواتر بە گەورەترین ساختەکار و هەڵخەڵەتێنەری بانك لە مێژوودا تاوانبارکرا. (١٠)

هامەر ڕێگەی جۆراوجۆری بۆ دەستکەوتی زانیاری هەستیار لەبارەی نوێنەرەکانی ئەنجومەنەوە هەبوو. بەوشێوەیەی کە یەکێك لە کارمەندە پلە بەرزەکانی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری هەمەلایەنی ئەو لە واشنتۆن بۆی دەرکەوت، (هامەر) لە بارەی زۆربەی سیاسەتمەدارەکانەوە، ئەو دوگمەیەی کە دەبوو دەستی پیا بنێت بەبێ هیچ کێشەیەك زۆر بەرودی پەیدای دەکرد) (١١) زانیاری ورد و باوەڕپێکراوی خۆی بۆ دەسەلاتگرتن بەسەر ژێردەستەکانی خۆی لە ئەکسیدنتالیش بەکار دەهێنا. لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ کۆڤارێکدا لەساڵی ١٩٨١ وتی، (کاتێك دەستەی جێبەجێکاری کۆمپانیا قسەم لەگەڵدا دەکەن، پێش ئەوەی شتێك باس بکەن، من زۆر بەباشی، و زۆرجاریش باشتر لەوانە، دەزانم دەیانەوێت چی بڵێن) (١٢) ئەم توانا نائاسایە بۆ پێشبینی وردی دژەکان و ناکۆکیەکانی ئەو لەگەڵ ئەو پرۆژانەی کە لەخەیاڵیدا بوون، ئیمتیازێکی دەروونی پەرێشانی لە دانیشتنەکاندا دەدا بەو. بەشێوەیەکی گشتی، قسەکانی ئەوانە لە ناوەڕاستی ڕستەکاندا بە جوڵەی دەستی خۆی بێدەنگ دەکرد و دواتر ڕستەکەی بۆ تەواو دەکردن، ولەبیوت ئیرادەی ئەوانە، یان وەکو خۆی دەڵێت (مەبەستەکانی ئەوانەی) باس دەکرد، و پاشان بە سەیرکردنێکی توڕانە کۆتایی بەو باسە دەهێنا.

تەنانەت سەرۆکی ئەکسیدنتالیش لەم هەڵسوکەوتە نائاسایانەی هامەر بێ مەترسی نەبوو. (ڕۆبێرت عبود)ی خاوەن بانکی ڕەچەڵەك لوبنانی کاتێك هامەر لە ساڵی ١٩٨٠ هێنایی و کردی بە جێگری زلتان، بەشێوەیەکی ئاسایی دەکەوتە بەردەم ئەم جۆرە بچوککردن و بەسوك سەیرکردنانەی هامەرەوە. جارێکیان، لە مارسی ساڵی ١٩٨١، عبود بە نوێنەرایەتی ئەکسیدنتال لە لەندەن خەریکی قسەکردن بوو، بابەتی گفتوگۆکە لەبارەی پلانێکی دەوڵەتی بەریتانیاوە بوو بۆ پەرەپێدانی سەرانە و باجەکان بۆ ئیمتازی نەوتی کۆمپانیا و چۆنیەتی ڕووبەڕووبونەوەی ئەو پێشنیارە. هامەر لەو کاتەدا خۆی کرد بە ژوردا و ئیشارەتێکی بۆ کرد دەستی لەسەر تەلەفۆنەکە دابنێت. ژوورەکە پڕ بوو لەخەڵك، هامەر لە دوای عبودەوە وەستا، و وەکو بڵێیت قسە لەگەڵ تایپیستێکدا دەکات نەك سەرۆکی کۆمپانیایەکدا، وشە بەوشە، پێی وت دەبێت

چی بلێت. و لەگەڵ ئەوەدا ئەوەی پیشانی هەموو ئامادەبواندا چەندە لەبارەی مەسەلەکان دەزانێت و چەندە زاڵە بەسەر کارەکاندا. (١٣)

هەرچەندە هامەر دەیویست توانای و زانینی خۆی لە چالاکیەکانی کۆمپانیادا، بە حاسەی شەشەمی پیشانبدات، بەلام بەشێك لەو ناسینەی بریتی بوو لە لێکۆڵینەوە شاراوە ناوخۆیەکانی. لێکۆڵینەوەکانی زۆرجار دەبووە هۆی دانانی میکرۆفۆنی شاراوە لە ژوور و سەیارەکانی کارمەندەکانی. تەنانەت نەیدەویست کارمەندانی ئاسایشی ئەکسیدنتالیش بەم کارە بزانن، وەکو خۆی دەڵێت (کارە یاریە جیمسبۆندیەکانی)، بۆ ئەم کارە سودی لە کورەکەی جۆلین وەرئەگرت بۆ دانانی هۆکارە ئەلیکترۆنیەکان و تۆمارکەرەکان لە سەیارەکان و شوێنەکاندا. مەبەستی هامەر، بە گومانی جولین، بریتی بوو لە(بەردەوامی کۆنترۆڵی رەهای ئۆکسی) (١٤)

تاوەکو ساڵی ١٩٨١، هامەر لە لێکۆڵینەی ئەو مەبەستە هیچ کیشەیەکی نەبوو. تەنانەت دوای ئەوەی کە (کۆمیسیۆنی کاغەزە بەهادارەکان و بۆرسەی کالاکان) لە ساڵی ١٩٧٢ ئەویان ناچارکرد دەست لە نوسینی نامەی وازهێنان و دەست لەکارکێشانەوەی ئیمزاکراوی بێ بەرواری دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکەی هەڵگرێت، هێشتا بەڕێوەبەرەکانی لەسەر بنەمای وەفاداری و لایەنگیری خۆی هەڵیدەبژاردن. ئەمانەش بریتی بوون لە یاساناسەکان و شارەزایانی کاروباری دارای، کە بەشێکی گەورەی ئیشەکانی کۆمانیایان لە دەستی هامەرەوە وەردەگرت، و سەرۆکەکانی کۆمپانیا، کە بەردەوام خزمەتکردنیان لەدەستی ئەودا بوو، و هاورێ کۆنەکانی، کە وەفاداری نەبڕاوەی خۆیان پیشانی هامەردا بوو. ئەمانەش هەرجۆرە بیروباوەڕێکیان هەبوایە، هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرا کە شتێك قبوڵ بکەن: ئەویش ئەوە بوو کە ئەکسیدنتال بەجۆرێك لە جۆرەکان شوێنکەوتەی رەهەند و بیرکردنەوە بازرگانیەکانی ئارمەند هامەرە. (١٥) هامەر بەردەوام پێداگیری لەسەر ئەوە دەکرد کە دەبێت کۆمەڵەی گشتی پشکدارەکانی کۆمپانیا لە رۆژی لەدایکبوونی ئەو بێکبهێنرێن، و ئەندێشەی دروستکردنی هەرجۆرە ناسنامەیەکی دیکە بۆ کۆمپانیا، بەبێ ئیجازەی شەخسی خۆی، بەبێ بۆچی و چۆن رەفزی دەکردەوە. و دەبوو بانگەشەکان و ریکلامەکانی پەیوەندی گشتی لەدەستی شەخسی ئەودابن. (١٦) گرنگی ئەم سیاسەتە ئەوە بوو کە رێبەرانی بیانی ناچار دەکرد معامەلاتەکانی خۆیان

لەگەڵ شەخسی هامەردا ئەنجام بدەن، نەك لەگەڵ كۆمپانیایەكی بێ ناسنامەی ئەمریكیدا. دەستەی بەڕێوەبردن بەشێوەیەك پەیوەست بوون بە دەسەڵاتی هامەرەوە كە تاوەكو ئەم دوایەش واتە لە دەوروبەری ساڵەكانی ١٩٨٠ فشەی ئەوەی دەكرد هەركاتێك پێویستی بە دەنگدانی ئەندامانی كۆمپانیا هەبێت بۆ جێبەجێكردنی كارێك، بەبێ هیچ دژایەتێك هەموویان یەك دەنگ دەدەن و یەكگرتوون. (١٧) ئەم یەكبوونی بۆچوونە كاتێك كۆتای هات كە ئەكسیدنتال كۆمپانیای گۆشتی ئایواوای كڕی، و دیڤید مرداك هاتە مەیدانەوە.

كاتێك هامەر لە ساڵی ١٩٨٢ مرداكی كرد بە جێگری سەرۆكی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەكسیدنتال، گومان لەسەر ئەوە بوو كە مرداك بەوشێوەیەی كە ڕۆڵی سیاسی ئەوی برەو پێشەوە، لە كارو كاسبیشدا پشتوانی ئەو بوو. هامەر بە هەوڵدان و بەدەستهێنانی (پسنیار) و ئەسپی نێری عەرەبی دیكەی بە نرخی كەمتر كڕی بوو بۆی و هەروەها بەشداری پێكردبوو لە كڕینی پشكێكی ئەكسیدنتال و هەروەها ئەكسیدنتالیش پشكێكی لە كۆمپانیای گۆشتی ئایووا كڕیەوە بە بەهای زیاتر لە بازاڕ. بۆیە هامەر ئەمەی كرد تاوەكو مرداكیش ئەمەك حەرامی نەكات، و وەكو بەڕێوەبەرەكانی دیكە، بەدڵی ئەو دەنگی بدات.

بەڵام مرداك لە ڕەنگی قوماشی بەڕێوەبەرەكانی دیكەی هامەر نەبوو. لە هامەر دەوڵەمەندتر، بەتەمەن بچوكتر، و گرنگتر لە هەمووی، ئێستا گەورەترین پشكداری ئەكسیدنتال بوو. مرداك و زیرەك و سەربەخۆ بوو و بەباشی تێدەگەیشت لە بارودۆخەكان. ڕۆژێكیان لە ساڵی ١٩٨١، هامەر و مرداك و دوو هاوڕێی دیكەیان لە بینا بەرزەكەی مرداكدا دانیشتبوون، لەوكاتەدا هامەر دەیویست وا خۆی پیشانبدات كە زیاتر دەسەڵاتدارە بەسەر مرداكدا وتوانای خۆی دەخستەڕوو، لەم كاتەدا هەلیكۆپتەرەكەی هامەر لە پشتی بینای ئەكسیندتال لەو بەری جادەكەوە هەستابوو و بەرەو هامەر دەهات، لەم كاتەدا مرداك هەلیكۆپتەرەكەی پێ پیشاندان و بە دەنگێكی جەرگبڕانەی تاسێنەرانە وتی: (ئەم شەریكەی من دكتۆر هامەرە. بە هەلیكۆپتەرە شەخسیەكەی خۆی بەرەو فرۆكە جێتیە شەخسیەكەی دەڕوات، فرۆكە شەخسیەكەی ئەو دەبات بۆ شوقە شەخسیەكەی لە مۆسكۆ، و تێچوونەكانی هەموو ئەمانەش ئەكسیدنتال دەیدات. بەندە نە هەلیكۆپتەرم هەیە، نە جێتی شەخسی، نە هیچ جۆرە

ئاسانکارییەکی کۆمپانیایی، لەگەڵ ئەوەشدا پشکەکەم لە ئەکسیدنتالدا چوار ئەوەندەی پشکەکەی هامەرە). (١٨)

بەو شێوەیە کە دەرکەوت، مرداك بێتاقەت بوو لە هۆکاری سەفەرەکەی هامەریش بۆ مۆسکۆ. ئێستا کە دەیتوانی بەئاسانی دەستی بگات بە بەڵگە دارایەکانی ئەکسیدنتال بینی کۆمپانیا لە هەڵسەنگاندنی پرۆژەکانی خۆی لە سۆڤیەت، گریمانەی حسابکاری ترسناکی گەشبینیانەی بەکار هێناوە. بۆنموونە، لەبارەی مامەڵەی کودی کیمیاوییەوە وابیشانیاندا بوو کە دەتوانێت ئامۆنیانکی گەیەنراو بۆ سۆڤیەت بە نرخێکی سرومستکراوی زۆر بەرز بفرۆشێت. بەڵام کاتێك کە حسابکردنێکی واقعیانەیان ئەنجامدا بۆ ئیشەکە، دەرکەوت کە ئەکسیدنتال ملیاردها دۆلار لە روسیادا لەدەست دەدات. ئامانجی هامەر لە ئەنجامدانی ئەم مامەڵانە نادیارانە هەرچی بوو، سودی ئاشکرای ئەوانە نەبووە نسیبی کۆمپانیا، و مرداك ئامادە نەبوو بهێڵێت هامەر زیاتر لەمە خوێنی کۆمپانیا بڕێژێت. (١٩)

هامەر لەم کاتەدا زۆر بەسەختی سەرگەرمی ئەنجامدانی پرۆژەیەکی گەورە بوو بۆ دەرهێنانی خەڵوزی بەردین لە کانێکی ناوخۆی چیندا. بەپێی ئەو نەخشەیەی هامەر، ساڵانە نزیکەی ١٥ ملیۆن تەن خەڵوزی بەردین بەدەست دەهێت، کە بەپێی ئەم پێشبینیە دەبێتە گەورەترین کانە بەردی خەڵوزی جیهان، ئەو خەڵوزە بەردینە بەرهەمهێنراوە لە ڕێگەی هێڵی ئاسنەوە دەیبات بۆ بەندەرێك لەسەر دەریایی یابان، و پاشان بە کەشتی دەیگەیەنێتە ئەو کۆمپانیا بەکارهێنەرە خەڵوزە بەردینانەی یابان و کۆریای باشور. بۆ دابینکردنی تێچوونی ئەو کانزایە، هامەر پێشنیاری کرد ئەکسیدنتال پێشنیەکی بانکی بە بڕی (٣٤٥) ملۆن دۆلاری بۆ دابنێن، و ئەم پارەیە لەکاتی فرۆشتنی خەڵوزە بەردینەکەدا دەدرێتەوە. (٢٠) نرخی خەڵوزی بەردین لە بازاڕەکانی جیهان بەرەو (دابەزین) دەڕۆیشت، بەڵام هامەر وتی، (من ئیشم بەم کارانەوە نیە). من (دیداری دریژخایەنم) هەیە. و ڕوونی کردەوە، (هەستی من ئێستا لەبارەی چینەوە هەمان ئەو هەستیە کە کاتی سەفەری یەکەمم بۆ ڕوسیا لە سەردەمی لنین کرد) (٢١)

ئەم حەسرەتانەی ڕابردوو هیچ کاریگەری نەکردە سەر مرداك. ئەگەر نرخی خەڵوزی بەردین لە دابەزیندایە، ئەکسیدنتال دەبێت بەزووی خۆی لەم کارە

بکشێنێتەوە. هامەر بەڵگەی ئەوەی دەهێنایەوە ئەگەر ئەو خەڵوزە بەردینەش زەرەر بکات، ئەم معامەلانە هاوکاریمان دەکەن بۆ ئەوەی ئەکسیدنتال ئیمتیازی ئەوتی وەرگرێت لە چیندا. مرداك پێکەنی بەم لۆژیکە، و وتی تەنها پەیوەندی ئەم دوو حاڵەتە ئەوەیە کە هەردووکیان زیانیان هەیە. پێشنیارەکانی پەیوەست بە چینی چواند بە کارە زەرەرەکانی ئەکسیدنتال لە معامەلەکانی کودی کیمیاوی لە سۆڤیەتدا، و خوێی کرد بەسەر برینەکاندا.

هامەر زۆر تورە بوو لەو دژایەتیانەی مرداك. دواتر توەمی، (دیڤید مرداك لەگەڵ ئەوەی کە رێگەی کەوتە بازنەی ناوخۆی، داوای ئەندامبوونی کرد، لەگەڵ زۆریەی سیاسەتەکانی کۆمپانیاکەمان نارەزایەتی خستەڕوو، و بەتایبەتی، لە دانیشتنەکانی دەستەی بەڕێوەبردندا رەخنەی لێدەگرتم). هەروەها مرداك داوای کرد رێگەی پێ بدرێت بەشەخسی سەرپەرشتی نوسینگەی جێبەجێکردن بکات تاوەکو بتوانێت چالاکیەکانی هامەر بخاتەژێر چاودێریەوە. و لەگەڵ ئەوەی کە قبوڵمانکرد پشکی خۆی لە ئەکسیدنتال بەرێژەی ٥٪ سنوردار بکات ئێستا فشاری دروستکردەوە بۆ دەستەی کۆمپانیا بۆ ئەوەی پشکی زیاتر بکرێت. بەوتەی هامەر، (مەسەلەکە خەریك بوو لێڵ دەبوو). (٢٢)

لە سەرەتایی ١٩٨٢، مرداك هامەری بانگهێشت کرد تاوەکو لە نادیەکەیدا نانێکی لەگەڵدا بخوات. خواردنەکە بەخۆشی خورا، بەلام کاتێك میوەیان هێنا، مرداك لە پڕێکدا سەیری هامەری کرد و وتی (وابزانم تۆ دەبێت دەستلەکار بکێشیتەوە. وابزانم تۆ بۆ بەڕێوەبردنی ئەکسیدنتال باش نیت چونکە زۆر پیریت).

هامەر لە نوسینەوەی یاداشتەکانی خۆیدا بەشەکانی دیکەی رێکەوتنەکەی تێکەڵ وپێکەڵ کردوە و بە نادیاری باسی دەکات. سەرەتا توشی شۆك دەبێت لە خواستە ناگرینەکەی مرداك. دەنوسێت (تاوەکو ئێستا هیچکەس لەسەر زەویدا نەیتوانیوە بەوشێوەیە جورئەتی هەبێت قسەم لەگەڵدا بکات) بەم وەسفە (مرداك زۆر لەسەرخۆ بوو).

بەلام هامەر ئامادە نەبوو بەم سادەیە کۆتایی بە دەسەلاتی خۆی بهێنێت. بە لەسەرخۆی وەلامی مرداك دەداتەوە، (من خولی بەڕێوەبردنم کۆتایی پێدێنم).

مرداکیش دەڵێت، (من و تۆ لە شەڕداین.. من هیچ کاتێك توشی شکست نابم). هامەریش کاتێك لەپشتی مێزی نانخواردنەکە هەڵدەستێتەوە، بەبێ دواکەوتن وەڵام دەداتەوە، (منیش هیچکاتێك شکست ناخۆم) (٢٣)

دەرەنجام هامەر، سەرەڕایی ئەو بێتاقەتی و ناڕەحەتیانەی، بەڕاستی دەیزانی لە شەڕدایە و لەوانەشە توشی شکست بێت. مرداك دەستێکی بالآی هەبوو لە موڵکیەتبوونی کۆمپانیاکان. ئەمە بەڕاستی پسپۆڕی خۆی بوو، بەتایبەتی ئێستا کاتێك کە جێگری سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەکسیدنتال بوو. هامەر ئێستا زۆربەی دەستەی بەڕێوەبردنی لەگەڵدا بوون، بەڵام تەنانەت بە هاوکاری ئەوانەش نەیدەتوانی مرداك پێش تەواوبوونی پۆستەکەی لە ساڵی ١٩٨٤ وەلای بنێت. ئەم ماوە زۆرە کاتێکی باشی دەدا بە مرداك بۆ ئەوەی کودەتایەکی باش بکات. ئەم شەڕە دەتوانێت بەشێوەی وەرگرتنی وەکالەتنامەکان لە پشکدارەکانی دیکە، یان بەشێوەی کڕینی ئەکسیدنتال بێت لەلایەن کۆمپانیایەکی دیکەی هاودەستی مرداکەوە.

مرداك، کەمێك دوای ڕووبەڕووبوونەوەکەی لەگەڵ هامەردا، تواني عبود کە بەرپرسی بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی ئەکسیدنتال بوو قەناعەتی پێ بکات لەو کێشمەکێشەدا خۆی بێ لایەن بگرێت. هامەر ماوەیەك پێشتر وایزانی بوو عبود بوەتە لایەنگری مرداك. بەرهەحاڵ، مانای بڕیاری عبود ئەوە بوو کە هامەر نەیدەتوانی پشتی بە دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمپانیا بێت.

بەهەرحاڵ، هامەر سەرچاوەی دیکەی لەبەردەستدا بوو.حسابە شاراوەکانی بانکەکان هێشتا لەدەستی ئەودا بوون. لەماوەی دوانزە ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٢٠ ملیۆن دۆلاری خستبوویە ناو حسابی بانکی یفۆیۆنی سویسراوە، و هەرچەندە حسابدارەکانی ئەکسیدنتال وایان دەزانی ئەم پارەیە هەموو سەرفی پێدانی بەرتیل کراوە بۆ عومەرشلحی و هاوڕێکانی بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی نەوتەکەی لیبیا، بەڵام زۆربەی ئەو پارەیە دەرۆیشتە گیرفانی هامەرەوە. لەگەڵ ئەوەدا هامەر هێشتا کۆمەڵە پەیوەندیکی خۆی هەبوو لە مۆسکۆدا لەگەڵ چەند تۆڕێکی پەیوەندی بۆ ئاسانکاری معامەلەکانی و بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکانی لەهەموو جیهاندا. بیری کردەوە، بەتایبەتی زانیاری نهێنی، چەکی کۆتایی دەبێت لەم جەنگەدا. تاوەکو ناوەڕاستی

١٩٨٢، كۆمەڵێك كارمەندی لێکۆڵینەوە، وەکو (هێربێرت نیتکین)ی ڕاسپارد بەهەموو توانایەکی ماددی و مەعنەوییەوە بۆ ئەوەی لەبارەی ژیانی مرداکەوە لێکۆڵینەوە بکەن. هەموو پەیوەندییەکانی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی بتوانێت بەهەمووشێوەیەك پەیی بەرێت بە ژیانی شاراوە و نهێنی مرداك. کارمەندە شاراوەکانی نزیك بوونەوە لە هاوڕێ کۆنە نزیکەکانی مرداك کە بۆ ئەوەی نهێنی ژیانی لەو کەسانەوە وەرگرن. هامەر تەنانەت هەندێك هەواڵگری نارد بۆ لای کۆمەڵێك مافیا بە ئومێدی ئەوەی بتوانن لەڕێگەی ئەوانەوە نهێنیێك یان لاوازێکی مرداکیان دەستکەوێت. بەشوێن تۆمەتێکدا دەگەڕا بۆ ئەوەی ئابڕوی مرداکی پێ بەرێت یان بەلایەنی کەمەوە بتوانێت عەیبداری بکات. هیچ پێویستی نەدەکرد تاوانەکان ڕاستبن یان ناڕاستبن گرنگ ئەوە بوو شتێکی دەستکەوێت. ئەم لێکۆڵینەوانە لە دەرەوەی ئەکسیدنتاڵدا ئەنجامدەدران، و هامەر، مارتا کافمن کە ئێستا لە دامەزراوەی کارمەند هامەردا بوو، ڕایسپارد تاوەکو ئەم پرۆسەیە بەرێتە پێشەوە. ئەم ژنە لەگەڵ ئەوەی کە هەشت ساڵ خۆشەویست و عاشقی هامەر و نهێنی پارێزی بوو؛ تازە خەریکبوو تێ دەگەیشت کە ئەو تاوەکو چ ڕادەیەك بەشوێن دەسەڵاتی ڕەهاوەیە. بۆ ئەوەی پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەم ژنەدا بەنهێنی بشارێتەوە بەشێوەیەکی ڕەسمی داوای لێکرد بەتەواوی کەسیەتی خۆی بگۆڕێت. ژنەکە تێگەیشت کە هامەر مامۆستای بەدەستهێنانی نهێنی خەڵکانی دیکەیە. هامەر تەنانەت لەدەسەڵاتیدا هەبوو دۆسیە نهێنیەکانی دامەزراوەکانی بولری یاسایش بەدەست بهێنێت. تاوەکو سەرەتایی ساڵی ١٩٨٣، بەڵگە و دیکۆمێنتێکی زۆری بەدەستهێنا بوو، کە دەیوت هەمووی لەبارەی دۆسیەی مرداکەوەیە. (٢٤)

فەلسەفەی هامەر ئەوە بوو کە (تاوەکو هەموو توانایەکت لە مەیدانەکەدا بەکار نەهێنیت بەجێی نەهێڵیت) (٢٥) ئێستا داوای لە مرداك کرد سەرێك بدات لە نوسینگەکەی، کاتێك مرداك هات و دانیشت، دۆسیەکەی دا بەدەستیەوە. هامەر چیرۆکەکە بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە مرداك دۆسیەکەی گوشی و بەخێرای بەستی و لە ژوورەکە چووە دەرەوە. هامەریش تێگەیشتبوو کە توانیویەتی (دارەکەی)

پیشانبدات‌و تێیگەیاندبوو کە دەتوانێت سەربکەوێت بەسەریدا. پاشان دەستیکرد بە پاڕانەوە.(٢٦)

هامەر مرداکی باش دەناسی، دەیزانی کە بازرگانێکی حسابکارە و زیاتر پەیوەندی بە (پارەی نەقد و ئامادە) وە هەیە تاوەکو بەبەدەستهێنانی دەسەڵاتی کۆمپانیا. (٢٧) پێشنیارێکی بۆ کرد بۆ ئەوەی هەم لەو شەڕە پیسە ڕزگاری ببێت و هەمیش قازانجێکی خێرای دەست کەوێت. وتی داوا دەکەم لە ئەکسیدنتال هەموو پشکە ئاسایەکان و نائاسایەکانی مرداك بە نرخێك لەسەرووی بازاڕەوە بکڕێت. ڕێژەی ئەو زیادانەی کە ئەکسیدنتال دەیدا بە مرداك شایەنی ڕێکەوتن و مامەڵەیە و لەحاڵەتێکدا کە ئەو پارەیە لە خەزێنەی ئەکسیدنتال دادەنرێت، نەك لە گیرفانی خودی هامەرەوە، بۆیە بە دڵنیاییەوە دەتوانێت لەگەڵیدا بگاتە ڕێکەوتنێك. (٢٨)

مرداکیش بەڵگەی هەبوو بۆ ئەوەی پێشنیارەکەی پشتگوێ نەخات. دەوڵەتی ریگان بەخێرای بەرەو ئەوە دەچوو گەمارۆی ئابوری بخاتە سەر لیبیا، و ئەگەر ئەو بڕیارە جێبەجێ ببێت، ئەوکاتە زیانێکی گەورە دەکەوێتە ئەکسیدنتال، و لە بەهای پێنج ملیۆن پشکەکەی ئەکسیدنتالی ئەو کەم دەبێتەوە. بۆیە کەوتە سەر ئەو بیرەی کە لەم کێشمەکێش و بەزم و ڕەزمە لەگەڵ هامەردا بێ سودە: مادامەکی جیاوازی و ناکۆکی کەوتە ناوکارەکەوە، ئیدی ئەکسیدنتال بەهای ئەوەی نیە شەڕی بۆ بکەیت. بۆیە مرداك کەوتە سەر ئەو بیرکردنەوەی کە پارەکەی خۆی بە نقدی وەرگرێتەوە.

دوای ڕێکەوتنێکی درێژ، هامەر ڕەزامەندی پیشاندا ئەکسیدنتال ڕێژەیەکی گەورەی زۆری نرخی بازاڕ لەبارەی پشکەکەی مرداك بدات، سەرەڕای بەهاکەی ڕێژەکەی دەگاتە نزیکی ٦٠ ملیۆن دۆلار. دوای ئەوەی کە مامەلەکە لە جێنیوەری ساڵی ١٩٨٤ دەنگی لەسەردرا، مرداك بە یەکجاری لە دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەکسیدنتال دەستی لەکار کێشایەوە.

هامەر دەبوو کارێکی دیکەی نیوە و ناچڵ هەبوو تەواوی بکات. لە ئاوتی ١٩٨٤، بڵاوی کردەوە کە ئەکسیدنتال، بۆ سێهەمین جار لەو چوار ساڵەی کۆتایی،

سەرۆکێکی تازەی دەبێت، ئەویش (ری ئیرانی) یە جێگری سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیایە کە چەندین ساڵ بەوەفاداری مابوویەوە لەگەڵ هامەردا، جێگەی عبودی گرتەوە. کەنارگرتنی عبود، هامەر بە (جیاوازێکی بۆچوونی ڕاستگۆیانەی) ناوبرد. مرداك لەگفتوگۆیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (لۆس ئەنجلس تایمز) وتی:

حەز و کارکردنی (عبود) بۆ کەمکردنەوەی قەرزەکان، خۆلادان لە جێبەجێکردنی تازە و کرداری ڕەوشە پارێزەرەکان لە جێبەجێکردنی کارەکانی کۆمپانیا بە چەك و بەهای پشکدارەکان بوو. بەلام بۆ ئەگبەتی بە هۆی ڕەوشە زۆر زیادەڕەویەکانی دکتۆر هامەر لەلێشوکارەکاندا کە دەسەلاتی هەبوو، هیچکەس جورئەتی ئەوەی نەدەکرد لەبەرامبەر فەرمانڕەواوی بێ سنوری زۆردارانەی ئەودا بوەستێت. (٢٩)

* * *

دەسەلات، بۆ هامەر، بەدەستهێنان و پاراستنی هەموو ئەوشتانە بوو کە ئەو دەیویست. توانایی ئەو کەم نەبوو، و بەهیچ شێوەیەك بیری لەوە نەدەکردەوە واز لەکارەکەی بهێنێت: (من تاوەکو دواهەمین ساتی ژیانم لەسەر زەوی خوازیاری هەموو نیعمەتەکانی ژیانم) (٣٠) بەرە بەرە خەریك بوو دەگەیشتە تەمەنی نەوەد ساڵی، بەلام هێشتا هەر لەتوانایدا بوو بەشێوەیەك دەسەلاتی خۆی بەکاربهێنێت کە سەرۆکە گەنجەکانی دیکە دەست و پێی خۆیان کۆ دەکردەوە و تەنانەت زۆرجاریش ناچار دەبوون دەست لەکارەکەیان بکێشنەوە. بۆنموونە، تێبینیی بکە هامەر چۆن لە کۆتایی دەیەکانی ١٩٨٠ ڕوویەڕووی مەترسی تیرۆرستەکان دەبێتەوە لە جەنگەلەکانی کۆلۆمبیادا.

لە ساڵی ١٩٨٤، دوای سەرفکردنی ٥٠ ملیۆن دۆلاری ئەکسیدنتال بۆ دۆزینەوەی ناوچەیەکی نەوتی، وەکو هامەر دەڵێت، (زۆر زەبەلاح)، لە پەنجا کیلۆمەتری ڕۆژهەلاتی کێوەکانی (ئاند) لە باکوری کۆلۆمبیا، دەرئەنجام توانیان نەوت بدۆزنەوە. ناوی ئەو ناوچەیان نا (ناوچەی کانیۆنی لیمۆن) و زەویناسەکان بۆیان دەرکەوت یەك ملیارد بەرمیل نەوتی تێدایە و کاتێك گەیشتنە دەرهێنانی تەواوەتی ڕۆژانە دەتوانرێت ٢٥٠ هەزار بەرمیلە نەوت دەربهێنرێت، کە تاڕادەیەك یەك

لەسەر دەی هەموو نەوتی (ئالاسکا)ی دەکرد. بەهەرحاڵ، نەوتە خاوە بەدەستهاتووەکەی سووک و کەم سوڵفۆر بوو و پاڵاوگە نەوتییەکانی ئەمریکا کەمتر پێویستیان بەو جۆرە نەوتە هەبوو.

ئەم دۆزینەوە گەورەیە بۆ ئەکسیدنتال زۆر لەکاتی خۆیدا هاتە پێشەوە. داوا لە ئەکسیدنتال و کۆمپانیاکانی دیکەی ئەمریکی کرا بوو هەموو کارمەندەکانی خۆیان لە لیبیادا بهێننە دەرەوە، چونکە وادیاربوو گەمارۆی ئابوری بۆ سەر لیبیا نزیکە. ئەکسیدنتال، لەم کاتەدا، سەرچاوەی دیکەی نەوتی، وەکو سەکۆیەکی لە ئاوەکانی دەریای باکوری، هەبوو بەڵام بەشی گەورەی گەنجینە نەوتییەکەی بوو لە لیبیا. هامەر تێگەیشت کە دۆزینەوەی ئەو نەوتەی کۆڵۆمبیا دەتوانێت تاوەکو ڕادەیەکی زۆر قەرەبووی ئەو نەوتە لەدەستچووەی لیبیا بکاتەوە. تەنانەت دەیتوانی باری قەرزی زۆری ئەکسیدنتال، کە زیاتر بەهۆی ئەو پرۆژانەوە بوو کە لە وڵاتە کۆمۆنیستەکاندا جێبەجێ دەکرا، سووک بکات. لە سەفەرەکەی خۆیدا بۆ (بوگاتا) بۆ ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەکە لەگەڵ سەرۆک (بلیساریۆ بتانکۆر)، هامە زۆر لێهاتوانە دەریخست کە دەیەوێت ناوچەکە تاوەکو ساڵی ١٩٨٦بگەیەنێتە نەوت. دەبێت نەوت لە سەر کێوەکانی ئاند بەرەو بەندەری کوورناس لە دەریای کاراییب بار بگوازرێتەوە، لەبەر ئەوە پێویست بوو هێڵێکی لولەی بەدرێژای ٤٦٠ کیلۆمەتر و تێچوونی بەبڕی ٤٠٠ ملیۆن دۆلار لە کێوەکانەوە و بەرەو دەشتە زۆر دژوارەکان تێپەڕێت. (٣١) بۆ بەڕێکخستنی کارە (بەرنامە بروسک ئاساکەی)، هامەر (ئایمگی) لەکارەکەدا دامەزراند: ئەمە هەمان ئەو کۆمپانیا ڕاوێژکارییەی هاوڕێ دێرینەکانی کۆنس و زینل زادە بوو، کە هێشتا پارەکانی لیبیا لە ڕێگەی ئەوانەوە دەڕۆیشتنە ناو حسابە نهێنییەکانی سویسراوە. زینل زادە دواتر وتبووی بە یەکێک لە ئاسراوەکانی هامەر ئەو چاوەڕوانییەی هەبوو لە نیمە بەشێک لە دەستکەوتەکەی خۆمان لەبارەی هێڵی لولەکانەوە بە بەرتیل بدەین بە (دامەزراوەی ئارمەند هامەر). (٣٢) هامەر بۆ دروستکردنی هێڵی لولە نەوتەکە کۆمپانیای (بکتێلی) دامەزراند. خاوەنکارەکان و چاڵ هەڵکەنەکان و حەفارە و ئەندازیارەکان لە هەموولایەکەوە ڕووبانکردە کۆڵۆمبیا و (کانیۆن لیمۆتیان) ئامادەکرد بۆ سوودوەرگرتن و لەگەڵ ئەوەدا واستەکانی هامەر لە بوگوتا سەرگەرمی وەرگرتنی ئیجازەی بینا و بەخشندەییەکانی و عەفوەکانی ژینگەی بوون. (٣٣)

لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٥ بەشێوەیەکی ئەزموونی ئەوت دەرهێنرا لە چاڵە نەوتەکاندا، و بەڵام ئەم نەوتە بەهۆی کێشە پێشبینی نەکراوەکانەوە نەدەتوانرا بگەیەنرێتە بازاڕەکان. پارتیزانە چەکدارەکان ڕێگەیان لە پێشکەوتنی کاری هێڵی لولەکان گرتبوو. ئەمانە بەشێکبوون لە (سوپای ئازادی بەخش) کە گروپێکی مارکسی ترسناك بوون کە بەشێك لە دلهاتی ئیشەکانیان لەڕێگەی قاچاخی کۆکاینەوە بەدەست دەهێنا و ئەو زەویە جەنگەڵیانەی کە هێڵی لولەکانی پێدا تێدەپەڕی کردارییەن لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا بوو. بەدرێژای ساڵی ١٩٨٥، سوپای کۆلۆمبیا نەیتوانی یان لەتوانایدا نەبوو پارێزگاری ئەو لولە نەوتیانە بکات کە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا بوو. معامەلە و ڕێککەوتن لەگەڵ ئەو پارتیزانانەدا بەپێی یاسای کۆلۆمبیا قەدەغەبوو، لەبەرئەوە هامەر سەیری کرد هیچ چارەسەرێکی نیە. هەوڵیدا ڕێگەیەکی گونجاو بۆ هاوکاریکردنی ئەوانە بگرێتە بەر.

هامەر یەکێك لە کارمەندەکانی پێشووی دەزگای ڕەشی، دامەزراند بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئەزموونی ڕێکەوتن بکات لەگەڵ بزووتنەوە شۆڕشگێرییەکانی ئەمریکای لاتینی، ڕۆژانە دوو هەزار دۆلار موچەی وەردەگرت. هەروەها ژمارەیەك سەربازی باشی ناوچەی، کە پەیوەندیان لەگەڵ قاچاخچییەکانی کۆکاین هەبوو، دامەزراند. لە سەرەتایی ١٩٨٦، کۆمەڵێك ڕێگەی کردەوە لەگەڵ سوپای ئازادی بەخشی خەلق دا. ڕێبەرانی ئەم بزوتنەوەیە پێویستیان بە پارەی نەقد هەبوو، بۆ ئەوەی بەردەوامی بدەن بە شۆڕشەکەی خۆیان، و هامەریش پێویستی بە نەوت هەبوو بۆ ئەوەی ئامانجە بازرگانیەکانی بهێنێتەدی. هەردوولا بە ئاسانی گەیشتنە دەرەنجام و ڕێکەوتنێك: لەکاتی چاودێریکردنی هێڵە لولەکانی هامەر، بەشێوەیەکی ڕێکوپێك مانگانە بڕێك دۆلاری باش دەگاتە (سوپای ئازادی بەخشی خلق). (٣٦) ئەم بڕە پارەیە بەپێی ئەو زانیاریانەی کە هەیە ساڵانە دەگەیشتە نزیکەی سێ ملیۆن دۆلار، ئەم کارە جێگەی ڕەزامەندی (جێمز ساتن) نەبوو کە سەرۆکی کاروباری ئاسایشی ئەکسیدنتال بوو لە ئەمریکای لاتین. ساتن پێش ئەوەی لە ئەکسیدنتالدا ئیش بکات لە ئێف بی ئای ئیشی کردبوو، و ئەم پێدانانەی بە کارێکی (نائەخلاقی، ناشایستە، پێچەوانەی بەرژەوەندی و نایاسای) دەزانی. کاتێك بە ئاشکرا دەستیکرد بە دژایەتیکردنی ئەم کارە، هامەر لەسەر کارەکەی دەریکرد. (٣٥)

هامەر خۆی ئەم پێدانانەی زۆر بەئاسانی دەزانی. دەیووت، (ئێمە ئیشمان بۆ پارتیزانەکان دۆزیوەتەوە. ئێمە ئەوانەمان والێکردەوە سازش بکەن و ڕێکەوتن بکەن.... و ئەوانەش بەجۆرێك لە جۆرەکان دەبنە پارێزەری ئیشەکەمان لەبەرامبەر کەسانی دیکە.) (٣٦) ئاشکرایە ئەم پارەیە پارمەتی پارتیزانەکانی دەدا بۆ ئەوەی سنووری توانای پارتیزانەکانی خۆیان لە ناوچەکانی دیکەی وڵاتدا پەرەپێبدەن. بەڵام با واز لە وردەکانی ئەو ئەم ئیشە بهێنین، هامەر دیسانەوە گەیشتبوویە مەرامی خۆی: نەوتەکەی، ساڵانە زیاتر لە یەك ملیارد دۆلار بەهای هەبوو، بەرەو دەریاش ڕۆیشت. بەم قازانجانەی ئەکسیدنتال دەیتوانی زیاتر و زیاتر دەسەڵاتی خۆی پەرەپێ بدات.

* * *

دەسەڵات و شاردنەوە بۆ هامەر دوو ڕووی سکەیەك بوون. لە سەردەمی گەنجیدا فێر بوو بوو بە توانا سەیر و پلانە سەیرەکانی خۆی جیا جیا لەشوێنێ خۆیدا بمێنێتەوە. مادامەکی کە مۆر و نیشانەی ئەم بەشە جیاوازانە بەهێز دەمێنەوە، ئەو تەنها کەسێك بوو کە دەیزانی ئەم بەشانە چۆن پەیوەست بکات بەیەکەوە. عومەر شلحی، کە ڕۆژگارێك گومان دەبرا شەریکی هامەرە لە لیبیادا، لە ساڵی ١٩٩٥ کاتێك کار لەکار ترازا تێگەیشت هامەر چۆن ئەم فێڵەی بەکارهێناوە و زیاتر لە ٢٠ ملیۆن دۆلاری بەناوی ئەوەوە لەماوەی پانزە ساڵدا گواستووەتەوە بۆ خۆی، و لە دیدی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەکسیدنتالیشی شاردوەتەوە.

لە مانگی مەی ساڵی ١٩٩٥، شلحی لە تاراوگەدا دەژیا لە جنێف، لەگەڵ هاوسەرەکەی، کە کچی پێشووی سەرۆك وەزیرانی پێشووی لیبیا بوو لەگەڵ دوو کوڕی کە لە شوقەیەکی زۆر بەرزدا بوون. دوای هەوڵدانە بێ بەرهەمەکانی بۆ دەستپێڕاگەیشتنی قەزالی، سامانەکەی کۆتایی هاتبوو. تەنها نیشانەی دەسەڵاتی پێشووی ئەو ژمارەیەك وێنە بوو لەناو چەند قاپێکدا کە لەگەڵ مەلیك ئیدریسدا گرتبوونی. لە سەر مێزی نوسینەکەی سندوقێکی بچوك هەبوو کە کۆمەڵێك بەڵگە،ی وەکو تەلەگرافەکانی گواستنەوەی پارە و وەسڵە حسابەکانی دارایی. ئەمانە لەنێوان ١٢٠ سندوقی بەڵگە و دیکۆمێنتی حسابی ئەکسیدنتال پترۆلیۆم کە لێکۆڵەرەوانی (کۆمیسیۆنی کاغەزە بەهادارەکان و بۆرسەی کاڵا) لە کۆتایی دەیەکانی ١٩٧٠ تۆماریان کردبوو لە سندوقی ژمارە ٩ دا بەدەست هاتبوون. ئەم کاغەزە مۆرکراو و

داخراوانە تاوەکو ساڵی ١٩٩٢ لە عەمباری کۆمیسیۆن.لە ماریلەند مانەوە تاوەکو ئەوەی کە یاسای ئازادی زانیاری و شکاتی ئەوانە بۆ دادگا بە شارلوەی دەربهێنرێن.

شلحی هەمیشە خۆی بە کەسێکی شارەزا دەزانی لە مەیدانی دەسکیسەبازیدا. پێش کودەتای ١٩٦٩ قەزافی، ئەو یەکەمین دەسەڵاتداری لیبیا بوو، و حەوت خوشکە گەورەکەی نەوت کاریان لەگەڵدا کرد بوو. هەروەها هامەریش، ئەوکاتە تاڕادەیەک لە بواری نەوتدا کەسێکی نەناسراو بوو. دەستێوەردانی شلحی یەکەمین سەرکەوتنی هامەری فەراهەم هێنا بوو: دوو شوێنی گرنگی ئیمتیازی لیبیای کە هەموو حەسرەتی ئەو بوون خستبیووە بەردەمیەوە. بەپێ هاوکاری ئەو، بەوتەی خۆی، (هامەر سفر بوو) هامەر قبوڵی کرد بوو حەقی ئیشکردنی بەبڕی ٢,٦٦٥٪ بەهای نەوتی کە ئیمتیازەکانی بەدەست دەهێنا، بدات بە شلحی و هاوکارەکانی واتە کونس و زینل زاده و پارەکە دەڕۆیشتە ناو حسابی بانکی یونیونی سویسرا لە زوریخ. شلحی تاوەکو سێپتەمبەر، (١,٤,١٩٦٩) ملیۆن دۆلار لە پشکی خۆی وەرگرتبوو. کاتێکیش، قزافی هاتە سەر حوکم، پارەکەی شلحی بڕا. هامەریێ ڕاگەیاند دەستەی بەڕێوەبردن بڕیاریانداوە کە کۆمپانیا ئیدی لەبارەی ئەوەوە هیچ ڕێکەوتنێکی نیە و ئیدی پارە ناڕواتە ناو حسابی بانکەکەی سویسرایەوە.

شلحی ئەم بڕیارەی بەناچاری قبوڵ کرد، ئەمەیش یەکێک بوو لە دەرەنجامەکانی لەدەستدانی دەسەڵات. ئەو ئێستا لە تاراوگەدا دەژیا. وڵاتەکەی، کۆشکەکانی، ئەندامەکانی خێزانەکەی هەمووی لەدەستدا بوون: بۆچی دەبێت پێشبینی ئەوە بکات کۆمپانیایەکی دوورکەوتوی نەوتی بەرتیلەکەی ئەو بە کرچ و کاڵی بدات؟ لە سێ ساڵ دواتر، کە زۆر بەسەختی خەریکی دروستکردنی دژە کودەتایەک بوو، زۆر گوێی نەدا بەو بڕە پارە لەدەستچووەی کە بڕیاربوو لەبری ئاسانکاریەکەی وەریگرێت.

لە ساڵی ١٩٧٢، بەڕێکەوت، لە سەفەرێکی فڕۆکەدا لە جنێفەوە بۆ دوسلدۆرف، چاوی بە (هانس کونس) کەوت. باسیان لە ڕۆژگارەکانی ڕابردوو کرد، و کونس لەدەمی دەرچوو کە ئەو و زینل، بەهۆی واسیتەیەکی دیکەی مامەڵەوە لەگەڵ ئەکسیدنتال هێشتا پارە لە هامەر وەردەگرن. بەڵام کونس بەخێرای تێگەیشت

خەریکە ئاوەکە لێڵ دەکات، و بۆیە لەکاتی قسەکردنەکەیدا بابەتەکەی گۆڕی و مەسەلەکەی لەبیر شلحی بردەوە.

شلحی توشی گومان بوو، ئەو واتێگەیشتبوو کە پارەکانی کونس و زینلیش لەکاتی تێکچوونی بارودۆخەکاندا فەوتابوون. چونکە ئەو دوانە واسیتەکانی شلحی بوون. ئەگەر معاملەکە تێکچووە، باشە ئەمانە بۆچی هێشتا پارە لە هامەر وەردەگرن؟ تۆ بڵێی گۆڵیان لەو کردبێت؟ کاتێك شلحی پرسیاری کرد لە زینل، کە دۆستی خێزانی بوو، ئایا هێشتا پارە دەچێتە ناو حسابەکەی بانکی سویسراوە، زینل حەشای کرد و وتی کونس لەبارەی شتێکی دیکەوە قسەی کردوە. کونس دوای ئەو باسە دەستیکرد بە قسەکردن لەبارەی شتێکی دیکەوە. شلحی کەوتە گومانەوە کە هەردوکیان شتێکی لێدەشارنەوە بۆیە ڕۆیشت بۆلای پارێزەرێك، پارێزەرەکەش وتی پێی بەبێ بەڵگە هیچ کارێك ناکرێت.

ئێستا شلحی بەڵگە و دیکۆمێنتی لەبەردەستدا بوو. حەواڵە تەلەگرافیەکانی بۆ بانکی سویسرا و وەسڵی حسابەکانی حەقی ئیشەکەی هیچ گومانێکی نەدەهێشتەوە کە کاتێك هامەر وتی بەو دەستەی بەڕێوەبردنی ئەکسیدنتال بڕیاریدا حەقی ئەو ئیشە نهێنیەی ٢,٦٦٥٪ دەبڕێت نرۆی کردبوو. لە ڕاستیدا، ئەکسیدنتال، لەو ساڵانەی بەپێی ئەو بەڵگەیە کە نیشانەدرێت، ساڵی چوار جار پارەی دابوو. بەپێی بەڵگەیەکی دیکە کە شلحی ئێستا لەبەردەستیدا بوو، بەدرێژایی ئەو ماوەی کە پێیان وتبوو ئەم حسابە داخراوە، بڕی ٢٠,٧ ملیۆن دۆلار ڕۆیشتبوویە ئاو ئەو حسابەوە.

شلحی دەڵێت، (تاوەکو ئەو شوێنەی کە خەزێنەدارو حسابدارەکانی ئەکسیدنتال ئاگادارن، من پشکی خۆم لەبارەی ڕێکخستنی ئەو ئیمتیازەوە لە ماوەی هەموو ئەو شانزە ساڵەوە بەڕێکوپێکی وەرگرتوە. بەڵام تاوەکو ئێرە کە من ئاگاداربم، معاملەکە تێکچوە، و من دۆلارێکم وەرنەگرتوە.)

کەواتە ئەو ٢٠,٧ ملیۆن دۆلارەی کە ڕۆیشتوەتە ناو حسابی بانکەکەی یۆنیۆنی سویسراوە چی لێهاتووە؟

دوای گەیشتنە دەسەلاتی قەزافی، هامەر هەموو سەرە دەزوەکانی لەدەستدا بوو. دەیتوانی پێدانەکان بڕێت و ملیۆنەها دۆلار بخاتەوە ناو گیرفانی پشکدارەکانی ئەکسیدنتالەوە، یان دەیتوانی پێدانەکان بەردەوامی پێبدات و پارەیەکی شاراوە بۆ

بەرتیلدان کۆبکاتەوە. هامەر ڕێگەی دووەمی هەڵبژارد، بەڵام بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەبەستە پێویستی بە هاوکاری کونس و زیئل زادە بوو، چونکە حسابەکە بەناوی ئەو دووانەوە بوو. ئەگەر دەیانەوێت حسابەکەیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بدرێت. دەبێت لەگەڵ هامەردا ڕێکبکەون و شلحی بکەنە دەرەوەی یاریەکە. شلحی دوژمنی قەزافی بوو، و هامەر پێویستی بە هاوکاری قەزافی هەبوو. بەم شێوەیە هامەر ڕێکخستنی پێدانی بەرتیلەکەی گۆڕی.

شلحی بە دەنگێکی بەڕاستی خەمبارەوە وتی، (من متمانەم کرد بە هامەر. من ئیمتیازێکم بۆ ئەو وەرگرت کە ئەوی دەوڵەمەند کرد، و لەگەڵ ئەوەدا ئەو پارەکەی منی خوارد. یەکێك لە وەسڵە حسابکراوەکانی دارایی سندوقی ژمارە ئۆی دەرهێنا: کە وەسڵێکی حسابی بوو لە ڕۆژی ۲۰ مانگی مەی ۱۹۷۵، کرابوو، بەش بە بەشی گواستنەوەی پارەی لە ئەکسیدنتالەوە بۆ حسابی بانکەکەی یۆنیۆنی سویسرای تێدابوو.

زۆربەی ئەوپارەیەی کە لە حسابی بانکەکەی سویسرا بوو لە حسابەکانی دیکە نادیار بوو، بەڵام بەشێکی بەشێوەی پارە درابوو بە چەند دامەزراوەیەکی خزمەتگوزاری: دوو ملیۆن دۆلار بۆ کۆلێژی یەکگرتوی جیهانی ئارمەند هامەر، ۱۰۰ هەزار دۆلار بۆ خەرجکردنی نۆژەنکردنەوەی هۆڵی فۆرد لە واشنتۆن، و ۵۰۰ هەزار دۆلار نەقدی بۆ بنیادی ئارمەند هامەر. بۆ شلحی تێگەیشتن لەم حاڵەتە زۆر قورس بوو کە، (هامەر پارەی ئەوی دزیوە و بۆ خێر و حەسەنات بەکاری هێناوە). (۳۷)

بەڵام ژیانی هامەر لەم کاتەدا بۆ پارە نەبوو. بۆ ناودار بوو. پارە و دەسەڵات هۆکارێك بوون بۆ ئامانجێکی گەورەتر، واتە بۆ خۆناسین و ناوداربوونی.

وەرزی بیست و پێنج

هەوڵدان بۆ خەڵاتی نۆبڵ

بۆ بەرز ڕاگرتنی نەوەد ساڵەی هامەر لە مانگی مەی ١٩٨٨، خۆی و ئەکسیدنتاڵ پترۆلیۆم ئاهەنگێکی زۆر جوان و ڕازاوەیان سازکرد و بەڕادەیەکی زۆر پارەیان بۆ ئەو ئاهەنگە تەرخانکرد. هامەر هەشت سەد کەسی بانگهێشت کردبوو بۆ (ئاوەندی جۆن ئێف. کەنەدی بۆ جێبەجێکردنی هونەرەکان) لە واشنتۆن: ئەندامەکانی کابینەی حکومەت، ڕێبەرەکانی کۆنگرێس، قازیەکانی دیوانی گشتی، سەرۆکەکانی کۆمپانیا، و کەسانی بیانی و چەندین کەسایەتی دیکە ئامادەبوون. دوای خواردنی خاویار و نانی ئێوارە و شامپانیا لەگەڵ سێ سەد کەس لە هاوکارەکان و کەسە نزیکەکانی خۆی، ڕۆیشت بۆ شوێنی تایبەتی سەرۆک کۆمار: سەرۆک ڕیگان ئەو شەوە ڕێگەی پێدا بوو سود لەشوێنەکەی وەرگرێت. لەگەڵ چەند کەسێك لە میوانە تایبەتەکان، وەکو سیناتۆر ئەدوارد کەنەدی و هێلن هیز، لەوێ دانیشتە و گوێی گرت لە ستایشی کۆمەڵێك سەفیری وڵاتان، بۆ نمونە چین و ئیسرائیل و یەکێتی سۆڤیەت (لە سۆڤیەتدا دوو شەو پێشتر بەرنامەیەکی تایبەتی تەلەفزیۆنی کاتژمێری پێشکەشکرابوو بۆ پیاهەڵدان و ستایشکردنی هامەر). ئامادەبوان هەموو لە جلوبەرگی ڕەسمیدا بە سەلامەتی هامەر خواردیانەوە. پاشان گروپێك لە بەرجەستەترین هونەرمەندەکانی جیهان، (ئایزاك ستێرن، و (یهودی منوهین) ی ژەنیاری کەمانچە، کە دواتر پارچەیەك لە مۆزیکی (باخی) پێشکەشکردن، و (کری تکاناوا)، یەکێك لە ئاوازەکانی مۆزارتی ژەنی و گۆرانی (لەدایکبوونت پیرۆزبێ) پێشکەش کرد. لەکۆتایی بۆنەکەدا، هامەر خۆی ڕۆیشتە سەر شانۆ. زۆر خۆشحاڵ و شەیدا بەرچاو دەکەوت. داوای ڕێبەری

ژمنیارەکـانی وەرگـرت، و ڕێبـەری ئۆرکێسترای سـەمفۆنیای نەتـەوی کـرد و ئـاوازی سرودی (ئەستێرەکان و هێڵە ئەمرەکان) یـان ژمنی، ئەم ئاوازە (سرودی هەڵکردنی ئـالآی ئەمریکایـە). کاتێك ئاهـەنگ و خۆشـیەکە تـەواو بـوو، هامـەر بـەرەوە مۆسـکۆ ڕۆیـشت، و گۆرباچـۆف بانگهێـشتی کردبـوو بـۆ ئـەوەی ئامادەبێـت لـە دیـداری (گۆرباچۆف و ریگـان)دا، هامەر تـەنها هـاولآتێکی ئەمەنیـە لـە هـەموو جیهانـدا کـە توانیویەتی ئەو شانازیە بەدەسـت بهێنێت و لـە وتووێژێکی گرنگـی نێوان دوو وڵاتـدا ئامادە بێت. (١)

هامەر بۆ پیری پێویستی بە ڕێز و گەورەیی هەبوو. ساڵێك پێشتر نوسیبووی، (بە ڕوونێکی تەواو دەتوانرێت ببینرێت کە چی گرنگە و چی گرنگ نیە. من زۆر بەڕوونی دەزانم لەو ماوەیەی کە تەمەنم ماوە دەمـەوێت چی بکەم). (٢) هامـەر ئیدی ئامـانجی زیادکردنی سامانەکەی نەبوو. ئەوە تێگەیشتبوو کە (سامان ئیدی بە تەنیایی خۆشی بۆ مرۆڤ ناهێنێت). هەڵبەتە پارە بەکەڵك دێت، چونکە بە پـارە دەتوانرێـت بەرپرسە حکومیەکان، هێزە پارتیزانیە شۆڕشگێڕەکان، ئەوشتانەی دیکە کە پێویستیان بەوەیە بیانکڕیـت بۆ خزمـەتی خۆت، دەتوانیـت بیانکڕێت. بەڵام پارە جگە لە هۆکارێك بـۆ گەیشتن بە ئامانج هیچی دیکە نیە. هامەر ئێستا خوازیاری ستایش، و جۆرێك لـە خۆناسین و دەرخـستن بـوو، بەڵام ئـەك بـۆ ناسینێك و خـەڵآتێکی بچوکی وەکـو ئـەو وڵاتانەی کە پێشکەشی دەوڵەمەندەکانی دەکەن. ئەو بەشوێن ئەو شانازی و پێدانە خەڵآتە گەورانەوە بوو کە بتوانێت کاریگەری ئاوڵنەکانی پێشووتری، پارەگەیاندنەکان و دەسـت بەدەسـتێپکردنەکانی بـۆ دەزگـای نهێنـی سـۆڤیەتی، بەرتیلدانـەکانی بـۆ بەرپرسـە دەوڵەتیـەکان و ئیـستغلالکردنی کـارە شەخـسیەکانی نـەهێڵێت. چـاوی بڕیبوویە خەڵآتی ئاشتی نۆبڵ.

خەڵآتی ئاشتی لە ساڵی ١٩٠١ لەسەر داواکاری وەسیەتی (ئەلفێرد برنهارد نۆبڵ) دانرا. نۆبڵ زانایەکی ئاشتیخوازی سویدی بوو، کاتێك کە (تی ئێن تی) و باروتی بێ دووکـەڵی داهێنـا. بەپێـچەوانەی بۆچـوونەکان و حـەزەکانی نۆبڵـەوە بـەکار هێنـرا. خەڵآتی ئاشتی نۆبڵ کۆمیتەیەکی پێنج کەسی لە پەرلەمانی نەرویژ دەیبەخشن. لەناو وەرگرەکانی ئـەم خەڵآتـەدا نـاوی کۆمـەڵێك لـە نـاودارترین کەسە مێژوویـەکانی ئـەم سـەردەمەوە دەبینرێـت. ئـەوان بۆیـە کۆمیتـەی ئـەرویجیان بـۆ ئـەوە هەڵبـژارد کـە

سیاسەتمەدار بوون و ڕێکەوتنی ئاشتیان بە گرنگییەوە سەیری ڕێکەوتنامەکانی ئاشتیان دەکرد: لە وەرگرەکانی ئەو خەڵاتە لە پیاوە سیاسیەکاندا وەکو: (تیۆدرۆ ڕۆزڤێلت، وودرۆولسن، داگ هەمەر شۆڵد و هێنری کیسنجەر) یان ئەو ڕێبەرانەی کە ویستویانە مافی مرۆڤ بپارێزن و گرنگیان بە یاساکانی مافی مرۆڤ داوە وەکو: دکتۆر مارتین لوسەر کینگ، قەشە دزمۆند توتو، مادۆرترزا، ئاندرۆ ساخرۆف و ئەلبێرت شوایتسر.

هامەر لەگەڵ هیچکام لەو دوو گروپەدا نەدەگونجا. بەهەرحاڵ، هیچ بازرگان و کاسبکارێك تاوەکو ئێستا ئەو خەڵاتەی هەڵنەگرتوە. کاتێك لە ساڵی ١٩٨٦ ئەو خاڵەیان پێ وت، بەبێ ئەوەی هیچ خۆی تێك بدات، وەڵامی دایەوە، (من، ئەگەر پێویست بێت، خۆم دەخەمە ناو گروپێکیانەوە). کۆمەڵێك لە سەرۆکەکانی ئەکسیدنتال بێتاقەت بوون چونکە وایان دەزانی عەقڵی لەدەستداوە، بەڵام خودی خۆی بەڕاستی واقعیین بوو و دەیتوانی خۆی بخاتە هەلومەرجێکەوە بۆ ئەوەی بیێتە یەکێك لە کاندیدەکانی خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ. (٢)

هامەر سێ ساڵ پێشتر، کاتێك کۆنفرانسی ئارمەند هامەری بۆ ئاشتی و مافی مرۆڤی کردەوە، پێشەکی خۆ ئامادەکردنەکانی بینی، چونکە ئەم کۆنفرانسە لەگەڵ دوو بەشی ئەو مەرجانەی کە خەڵاتی ئاشتی دەیگرێتەوە یەکی دەگرتەوە. ئامانجی ڕەسمی کۆنفرانسەکە، کە تێچوونەکەی کۆمپانیای ئەکسیدنتال دابینی دەکرد، هاندان بوو لەسەر گفتوگۆ و قسەکردن لە نێوان بلۆکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بۆ تێگەیشتن لەیەکتری کە ئەمە شتێکی زۆر تازە بوو بۆ ئەو سەردەمە. بەدەستهێنانی پارێزگاری حکومەتی سۆڤیەتی بۆ ئەم کۆبونەوەیە بۆ هامەر زۆر ئاسان بوو. ئەم دیدارانە، هەرچەندە هیچ دەرەئەنجامێکی نەبوو، بەڵام بەگشتی هەلێکی زۆر باش بوو بۆ وەرگێڕە سیخوڕە سۆڤیەتەکان بۆ ئەوەی لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا ڕۆشنبیرەکان و دیبلۆماتە ڕۆژئاوایەکان بناسن (وەکو ئەوەی کە لە کۆنفرانسی پێشوی پوگواش زاناکانیان ناسی. لە ڕێکخستنی بەشی سۆڤیەتەکان لە کۆنفرانسەکەدا، میخائیل براك ڕۆڵێکی زۆر گەورەی بینی بۆ هامەر.

بەهەرحاڵ، هامەر، لەم دانیشتنانەدا مەبەست و فەرمانی خۆی هەبوو لەو کۆبوونەوانەدا. کاتێك شوێنی کۆنفرانسی یەکەمیان لە ٢٢ سێپتەمبەری ١٩٧٨، لە

شاری ئۆسلۆ بەست، یەکەم دەستکردنەوە بوو بەدەستهێنانی ئەو خەڵاتە، چونکە کۆمیتەی هەڵبژاردنی کاندیدەکانی (خەڵاتی ئاشتی نۆبل) هەمان هەفتە چەند هەنگاوێك لەولای ئەو شوێنەی کۆنفرانسەکەی هامەرەوە بوو و ئەگەری ئەوەی هەبوو هامەر یەکێك بێت لە کاندیدە هەڵبژێردراوە ئیحتیمالیەکان بۆ ساڵی ۱۹۷۹. هامەر بۆ سەرنجراکێشانی زیاتر، (کۆمەڵەی هونەری ئارمەند هامەری) لەهەمان هەفتەدا لە ئۆسلۆ نمایش کرد، و بۆ خۆ دەرخستن هەموو نوێنەرەکانی پەرلەمانی نەرویج و ئەندامانی کۆمیتەی هەڵبژێردراوی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵی بانگهێشت کرد بۆ کردنەوەی پێشانگاکە، وتی بە (کارل بلومی) راوێژکاری پەیوەندیە گشتیەکانی خۆی (ئەمە تەنها هەنگاوی یەکەمە بۆ دروستکردنی ئەو پەیوەندیانە. ناوی من لەناو کاندیدکراوەکانی کۆمیتەی نۆبڵدایە) (٥)

(کۆنفرانسی ئاشتی و مافی مرۆڤی ئارمەند هامەر) لە شەش ساڵ دواتر پێنج جار لە پۆڵەندە، فەرەنسا و ئیسپانیا و لە دوو شوێن کە لەگەڵ فرانکلین رۆزفێڵت پەیوەندی هەبوو: پشوی هاوینی رۆزفلێتەکان لە کمپوبلو (کە هامەر پێشکەشی کردبوویەوە بە دەوڵەتی ئەمریکا) و لە موڵکی پێشووی ئەوان لە (هایدپارك)، لە نیویۆرك، لە شوێنی ئارامگای رۆزفێلێت. پێکهێنرا. هەریەکە لەو کۆنفرانسانەدا، هامەر لە هەوڵدانەکانی خۆیدا بەشێوەیەك ئەو کۆنفرانسانەی ئاساند کە بۆ لێکۆڵینەوە و جێبەجێکردنی ئاشتی و دەربرینی بۆچوونی ئازادی سیاسی یە. و بۆ گەورەکردنی وێنەی خۆیشی وەکو کەسێکی ئاشتیخواز و بەرگریکار لەمافی مرۆڤ لەو سەردەمەدا، داوایی لە بەشی راگەیاندنی ئەکسیدنتال دەکرد چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا بکەن یان بیکەنە هەواڵ و ریپۆرتاژێك و بڵاوی بکەنەوە. هەروەها داوای لە بەشی کامێرای ئەکسیدنتال کرد کە ناوی (بەرهەمی ئارمەند هامەر) بوو، کاتێك دەڕوات بۆ هەرشوێنێك وێنەگران و کامێرامانەکان بڕۆن لەگەڵیدا. ئەو دە دوانزە چاوپێکەوتنەی کە لەگەڵ سەرۆکەکانی جیهانیشدا هەیبوو هەمووی بوونە بەشێك لەو ململانێیەی پروپاگەندە. (٦)

هامەر دەبوو کابرایەکی گرنگ و بە ئابڕوو پەیدا بکات بۆ ئەوەی دەستنیشانی بکات بۆ کاندیدی ئەو خەڵاتە. سەرەتا– دوای ئەوەی کە رۆزالین کارتەر لە مەراسیمێکدا خەڵاتی (پیاوی بە ویژدانی) دامەزراوەی شارێکی پێشکەش کرد، ئیدی

هامەر هەوڵیدا زیاتر پەیوەندی لەگەڵ سەرۆك كارتەردا دروست بكات، بەلآم كارتەر قبوڵی نەكرد زۆر پەیوەندی هەبێت لەگەڵیدا و ئەو هەڵبژێرێت و بیكاتە كاندیدی ئەو خەلآتە. (٧) هامەر بەهیچ شێوەیەك تەریق نەبوویەوە و بەخێرایی ڕۆیشت بەشوێن كەسێكی دیكەی ناسراودا: ئەویش (مارگرێت تاچەر) سەرۆك وەزیری بەریتانیا بوو. دەیزانی كە شازادە چارلز دەتوانی داوا بكات لە تاچەر ئەو دەستنیشان بكات بۆ كاندیدی ئەو خەلآتە و خودی شازادەش خۆی دەستیكرد بە پارمەتیدانی.

هامەر لە مانگی مەیی ١٩٧٧، لە بۆنەیەكی كردنەوەی پێشانگایەكدا لەبارەی پلانەكان و نەخشە نهێنیەكانی وینستۆن چرچیل لە تەلاری (نۆدلەر) لە لەندەن، چارلزی ناسی بوو. هامەر تابلۆیەكی چرچیلی بۆ نامەنگی بیست و پێنجەمین ساڵی پادشایی مەلەكەی (ئنگلیز) پێشكەش كرد. ئەم خەلآتە، بە وتەی خودی هامەر، (بووە سەرەتایەك بۆ دروستبوونی هاوڕێیەتێكی زۆر باش و پاك). (٨) لەگەڵ ئەوەی كە هامەر زانی یەكێك لە حەزەكانی چارلز بریتیە لە وێنە و تابلۆی ڕەنگی، هامەر بەخێرای وێنەكێشی بەناوبانگی ئەمریكی (باب تیمبرلیكی) دامەزراند بۆ ئەوەی شازادە فێربكات و پێشنیاری بۆ بكات تابلۆكانی لە (نۆدلەر) نمایش بكات. كارمەندەكانی هامەریش، لەگەڵ ئەوەدا، لیستێكیان لە بەرنامە چاكەكارەكانی چارلز پەیداكرد بەتایبەتی ئەوانەی كە خۆی پشتگیری كردبوون. بۆیە تێگەیشت چارلز زۆر پشتگیری (سندوقی سروشتی كێوی جیهان)، كە هەوڵدانەكانیان بۆ پاراستنی ئەهەنگەكان بوو، و (دەستەی نێراسراوی سەرتاسەری جیهانی)، كە بەرپرسیاریەتیان سوڕانەوە بوو لە جەمسەرێكەوە بۆ جەمسەرێكی دیكە، و (تراستی مێری رۆز) كە پارەی دابین دەكرد بۆ لەناودەرهێنانەوەی كەشتی مێری ڕۆز، كە لە ساڵی ١٥٤٥ نوقم بوو بوو. هەندێك لەو هەوڵدانانە بەبۆچوونی هامەر (سەیر وسەمەرە) بەرچاو دەكەوتن، لەگەڵ ئەوەشدا هاوكاری هەموویانی دەكرد. شازادەی تێگەیاند كە بەخشندەی و یارمەتیدانی ئەو، بەو كارانەی كە ئامادەیە لەگەڵیدا بیكات، هیچ سنور و ڕادەیەكی نیە. ڕۆژێكیان، لە كۆشكی (بوكینگهام) دەستی برد بۆ پەنجەرەیەك و وتی بە (پرنسس دیانا)، (ئەگەر (چارلز) داوام لێبكات لەو پەنجەرەوە خۆم فڕێبدەم، وابزانم خۆم هەڵدەدەم) (٩) و (ئەمە لەخۆیدا جۆرێك بوو لەو نازایەی كە پێشتر بەناحەقیقی وتبووی بە لنین بۆ دابینكردنی هەوڵدانەكانی بۆ كردنەوەی ڕێگایەك

لەگەڵ ئەمریکادا) هامەر بەزووی زانی ئامانج و ئاواتی خۆشەویستی چارلز چی یە، ئەویش داهێنانێکی پەروەردەی ئەناسرا بوو بەناوی (کۆلێژی یەکێتی جیهان).
یەکەمین (کۆلێژی یەکێتی جیهان) لە ساڵی ١٩٦٢ لە وێلز دامەزرا بوو: ئەمە فێرگەیەکی دوو ساڵەی پێش زانکۆی بوو لەسەر بنەمای ئەندێشەکانی کۆرت هان، کە دامەزرێنەرێکی ئەڵمانی ئەژاد بوو بۆ بنیادنانی ژیانی سنووری دەرەکی، ئەم بەرنامەیە هەوڵیدەدا خوێندکاری ولاتە جیاوازەکان وەرگرێت و ڕاهێنانێکی سەخت و دژواریان فێربکات لەڕووی ڕێکخستنی جەستەی و زانستیەوە. کۆمیتەیەکی هەڵبژاردن دانرا بوو لە چل ولاتدا، هەروەها چەند شوێنێکی فێرگەی زیاتە لە سەنگافورە و ڤیکتۆریا لەکەنەدا دامەزرا بوو، و ئەنجومەنی ڕاوێژکاری جیهانیان پێکهێنا بوو... خاڵۆی باوکی شازادە چارلز، (ئەریل مۆنتباتن)، دووەمین جێگری شایانەی بەریتانیا لە هیندستان، دەستی چارلزی لەم کارەدا گرتبوو. (مونتباتن) سەرۆکی ئەنجومەنی جیهانی کۆلێژەکانی یەکێتی جیهان بوو و هەوڵیدا بوو بەشێکیشی لەو فێرگەیە لە ئەمریکادا دابمەزرێنێت بەلام نەیتوانی بوو پارەی پێویست کۆ بکاتەوە. کاتێک مونتاباتین لە ساڵی ١٩٧٩ بەدەستی تیرۆریستەکان کوژرا، چارلز کەوتە سەرئەوەی کە ئارەزووەکان و بەرنامە تەواونەبووەکانی خاڵۆی باوکی بۆ فێرگەکان تەواو بکات و دایان بمەزرێنێت. هامەریش ئەم هەلەی قۆستەوە تاوەکو بتوانێت باشتر هاوڕێیەتی خۆی لەگەڵ چارلزدا بەهێز بکات، و تێچوونی دارایی بەشی ئەمریکا کە چارلز زۆر حەزی دەکرد خۆی بیگرێتە ئەستۆ بۆی جێبەجێکرد. (١٠) لە ساڵی ١٩٨١، هامەر بینایەکی گەورەی لە شاری بچوکی مۆنتزوما، لە (نیو مەکسیکۆ)، کە دانیشتوانەکەی نزیکەی (٢٠٠) کەس بوو کڕی. ناوی ئەو بینایە بریتی بوو لە (مونتزوما)، (ڕێگەی ئاسنی سانتاقە) سەدەیەك پێشتر دروستی کردبوو کە بۆ ئەوەی ببێتە میوانخانە و شوێنی حەوانەوەی میوانەکان. بیناکە مێژوویەکی هەندێك کۆنی ئاشرینی هەبوو، دوو جار سوتا بوو و توشی وێرانی و شکست بوو بوو. لەسەر زەویەکیٚ تاڕادەیەك فراوان دروستکرابوو و دواهەمین جار بوو بوو بە قوتابخانەیەکی کەنسیەی، و لە ساڵی ١٩٧٢ موە داخرا بوو. کاتێك هامەر ئەو بینایەی وەرگرت، نزیکەی دە ساڵ بە چۆڵی بەجێهێڵرابوو و زۆر پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەبوو. هامەر جێگری جێبەجێکردنی بەرنامەکانی خۆی، (جێمز پوگاش)ی تەرخانکرد بۆ ئەو پرۆژەیە و

بەخێرای هەموو توانایەکی خستەبەردەم بۆ ئەوەی بتوانێت لەماوەی ساڵێکدا هەموو کێشەیەکی چارەسەربکات و بە باشترین شێوە تازەی بکەنەوە و لەگەڵ ئەوەدا بیکەنە شوێنێك کە جێگەی دوو سەد خوێندکاری لێبێتەوە. کرێکارەکان و ئیشکەرەکان شەو و ڕۆژ کاریان تێداکرد و توانیان بیناکە بەباشترین و جوانترین شێوە ئامادە بکەن. هەرچەندە ئەو وانەی کۆلێژە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڕەسمی نەناسرا بوو، بەڵام هامەر دەسەڵاتی سیاسی خۆی خستەگەڕ و ڕەزامەندی ئیداری کۆچ و کۆچبەرانی بۆخۆی ڕاکێشا بۆ ئەوەی یەکەمین دەستەی خوێندکارانی بیانی بەبێ ڤیزا بێنە ناو ئەمریکا و لەو فێرگەیەدا بخوێنن. لە سێپتەمبەری ١٩٨٢، شازادە چارلز بە فڕۆکەکەی هامەر ڕۆیشت بۆ نیومکسیکۆ و (کۆلێژی یەکێتی جیهانی ئەمریکای ڕۆژئاوای ئارمەند هامەری) کردەوە.

هامەر ئەو فێرگەیەی بە (خەونە محاڵەکەی) شازادە چارڵی ناوبرد، و دوای تەواوبوونی نزیکەی ٥ ملیۆن دۆلاریشی بۆ دانا بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو خەونەی بهێنێتە دی. بۆ هاوکاری دارایی تێچوونی ئەو بەرنامەیە، ڕێژەیەکی گەورەی لە حسابی بانکی یۆنیۆنی سویسرا بەکارهێنا. ئیمتیازی نەوتی لیبیا کۆتایی پێهاتبوو، هیچ دەنگێك نەمابوو لە گواستنەوەی حەقی ئیشەکە بۆ حسابی بانکەکەی سویسرا، بەڵام هێشتا چەندین ملیۆن دۆلار لەو حسابەدا بوو. پارەکە لەلایەن زیندل زادە هاوکاری هامەر خرایە بەردەم کۆلێژەوە. (١١) بەشێکی دیکەی ئەو تێچوونانە (دامەزراوەی هامەر) دابینی کرد (کە خودی ئەو دامەزراوەیەش پارەی لە حسابی بانکی سویسرا وەرئەگرت) و بەشێکی دیکەی پارەکەشی لەڕێگەی ئەو میوانداریە گەورانەوە کۆکرایەوە کە خودی هامەر ڕێکی خستن: بۆنموونە، میوانداری نۆڤەمبەری ١٩٨٥ (پام بیچ) کە شازادە چارلز و پرنسس دایانا لەو میوانیەدا ئامادەبوون. (١٢) هامەر ئەرکەکەی خۆی ئەنجامدا بوو: ئێستا سەرەی شازادە چارلز بوو بۆ ئەوەی حەقی ئەو ماندووبوونانەی بداتەوە و هاوکاری بکات بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ.

* * *

خەڵاتی ئاشتی لە ئۆسلۆ دەبەخشرێت، بەڵام دامەزراوەی نۆبڵ لە ستۆکهۆڵمدایە. (سوید و نەرویج لەکاتی مردنی نۆبڵدا یەك وڵات بوون). بۆ هەڵسەنگاندنی نمایشەکە،

هامەر کاری کرد بۆ ئەوەی بانگهێشتی بکەن بۆ مەراسیمی بەخشینی خەڵاتی زانست و ئەدەبیات لە ستۆکۆهڵم، و لەگەڵ ئەو بانگهێشتەشدا پێشانگای (کۆمەڵەی هونەری ئارمەند هامەری) لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆ ئەو شارە. خانەدانە گرنگەکانی شایانەی سوید و کەسانی بەرپرس و خەڵکانی گرنگی لە سوید دا بۆ کردنەوەی ئەو پێشەنگایە بانگهێشت کرد، کۆمەڵێکی زۆر بەرچاو لەو پێشەنگایە ئامادەبوون. رێژەیەکی زۆری پارەی بەخشی بە ئەکادیمیای سوید و کۆمەڵێك شارەزای پەیوەندی گشتی ناوچەی گرت تاوەکو دەسەڵاتدار و خاوەنکارە بنەڕەتیەکانی هەڵبژاردنی کاندیدکراوەکانی هەڵگری خەڵاتی ئاشتی ببینن و پەیوەندیان لەگەڵدا دروست بکەن. لەگەڵ ئەوەدا لەگەڵ ئەو کەسایەتیانەی کە هامەر وایدەزانی هاوکاری دەکەن و بەکەڵکی کارەکەی دێن پەیوەندیێکی زۆر گەرمی دروستکرد، ئەوانی بانگهێشت دەکرد بۆ ئانخواردنی ئێواران و پارەی دەبەخشی بەو دامەزرا و رێکخراوە خێرخوازانەی کە جێگەی گرنگی ئەو کەسانە بوون. لەلایەکی دیکەشەوە، دەیتوانی کۆمەڵێك کاری گرنگ بکات لە قازانجی ئەکسیدنتال و مامەلەی باش دروست بکات، لەلایەکی دیکەشەوە بەبێ گوێدانە هیچ شتێك بەرێوەبەرایەتی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵی ئاگادارکردوە، کە ئەو هەوڵی زۆرباشی داوە بۆ ئاشتی بۆنموونە باسی لە هەوڵدانەکەی خۆی دەکرد بۆ وەستاندنی شەڕی ئەفغانستان و ئەو ئاارامیەی کە لەنێوان دەوڵەتە زلهێزەکاندا هەبوو. لە یەکێك لە دانیشتنەکاندا بەم شێوەیە کۆتایی بە قسەکانی خۆی هێنا: (دەمێت بەو پەڕی راستگۆیەوە پێتا بڵێم، من ژیان و سامانی خۆم تەرخانکردوە بۆ گەورەترین ئامانج ئەویش، دروستبوونی ئاشتی جیهانیە) (١٣) رێژەیەك پارەی شاراوەی تەرخانکرد بۆ ئەم مەبەستە. بە وتەی راوێژکارە لەندەنیەکەی، هامەر نزیکەی ٥ ملیۆن دۆلاری خەرجکردوە و کۆمەڵێك مەدالیا و نیشانەی کڕیوە کە وایدەزانی کاریگەریان هەیە لەسەر هەڵبژاردنەکەی بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە.

لەم کاتەدا هامەر هەواڵێکی ناخۆشی پێگەیشت: ئەویش ئەوەیە خەڵاتی نۆبڵ هەرگیز نادرێت بەکەسێك مەحکوم کرابێت بەتاوانی جنائی، جگە لە (ناڕەزایانی سیاسی و خەڵکانی معارەزەی دژە دیکتاتۆرەکان)، هامەر لە ساڵی ١٩٧٦ تاوانێکی سێ فەقەرەی لە ئەستۆ گرتبوو. هەرچەندە ئەم تاوانە سوکایەتی بوو و هامەر یەك ساڵ سزاکەی بە هەڵواسراوی تەواوکردبوو، وترا بەو کە ئەم پێشینە، ئەگەر بەتەواوی

نەبێتە ڕێگر لە کاندیدکردنی بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە، بێگومان زیانێکی زۆر جدی لێدەدات.

هامەر تێگەیشت کە نەبێت بەزووترین کات ئەو لەکەیە لەسەر دۆسیەی ژیانی خۆی پاك بکاتەوە. لە ساڵی ١٩٧٧ بۆ ناونانی (سەنتەری زانستی تەندروستی زانکۆی کۆلۆمبیا) بەناوی خۆی و باوکیەوە ڕێژەیەکی بە بڕی (٥) ملیۆن دۆلار بەخشیە ئەو سەنتەرە. سەردەمێك نوسیبووی، (کاتێك کەسێك تاوانبارکرا ئیدی ناتوانێت ئازاد بێت..... ئایا ئێستا جیهان بێ تاوانی ئەو قبوڵ دەکات) (١٤) ئەم ئەرکە بەتایبەتی بۆ هامەر زۆر قورس بوو، چونکە ئەو، بە پێچەوانەی باوکی، دانی نابوو بەتاوانەکەی خۆیدا.

هامەر لەساڵی ١٩٨٦ (بروست کافمن) قازی پێشووی دیوانی بەرزی بەنسلیڤانیا، و گروپێك لە مافناسەکانی پلەیەکی واشنتۆنی لەلای خۆی دامەزراند تاوەکو بەنوێنەری خۆی لەلایی سەرۆك ڕیگان داوای لێخۆشبوونی بکەن. بەخشندەیەکانی سەرۆك کۆماری ئاڕاستەیەك هەمووی لەسەر بنەمای بڕیاری بەزەیی یە، بەڵام هامەر پێداگیری لەسەر ئەوە دەکرد کە لەبارەی ئەوەوە لەسەر بنەمای (حوکمی بێ تاوانی) بێت، ئەمەش کاری کافمنی دژوارتر کرد. لەگەڵ ئەوەدا هامەر بەردەوام فشاری دروست دەکرد بۆ کافمن بۆ ئەوەی هەرچی کردبێت زووتر کارەکەی تەواو بکات، و هامەر وتی ئاگاداریە کاندیدکردنی ئەو بۆ ئەو خەڵاتە لەسەر ئەم کارە وەستاوە. کافمن لە ٦ نۆڤەمبەری ١٩٨٦ داواکاریەکەی پێشکەشی دادگای ئەمریکا کرد. لە داواکاریەکەیدا باسی ئەوەی کرد کە (دەنگدانی خێرا زۆر پێویستە چونکە سەرەڕایی مەسەلەکانی دیکە...... خەریکە بڕیار لەسەر پێدانی خەڵاتی نۆبڵ دەدرێت. بەپێی وتەی سەرچاوەی باوەڕپێکراوی هامەریش یەکێکە لە کاندیدەکانی ئەم شانازیە، بەڵام ئەم کێشەیە ناڕەوایە پێشینەی پاکی ژیانی ئارمەند هامەری بەتەواوی لەکەدار کردوە و دەبێتە ڕێگر لەبەردەم وەرگرتنی ئەو خەڵاتەدا). (١٥)

لەکاتی کارکردنیدا بۆ ئەوەی ببەخشرێت، هامەریش خۆی ڕاستەوخۆ پەیوەندی کرد بە (ئەدوین میز) سەرۆکی دادگای گشتی هەڵبژێردراوی (ڕیگان)ەوە، و داوای یارمەتی لێکرد. (ئەدوین مێزی) دڵنیا کردەوە کە دەبوایە ئەو تۆمەتەی کە دراوەتە پاڵی لەسەردەمی نیکسۆندا لەسەرم لابرێت) مێزی، لە وەڵامدا بەڵێنیدا ڕاستەوخۆ

دوای وەرگرتنی دولکاریەکەی وەزارەتی دادگا راپۆرتەکە بگەیەنێتە کۆشکی سپی. هامەر بەڵێنی هاوکاریەکەی میێزی بە نیشانەی ئەوە زانی کە ریگان بریاری بەخشینەکەی بۆ ئیمزا دەکات. دواتر بۆ یادی لەدایکبوونی نەوەد ساڵی بانگهێشتی تایبەتی نارد بەشوێن ئەدوین میێزی و کەسە نزیکەکانی ریگاندا، و پارەیەکی زۆریشی بەخشی بە ئەنجومەنی بانگهێشتی خواردنی نانی ئێوارەی سەرۆک کۆمار، کە ئەو پارەیە بۆ مەسرەفی تێچوونەکانی حیزبی کۆماریخوازەکان و کاروبارەکانی دیکەی دەوڵەت تەرخان دەکرا.

بەرهەمحاڵ دەبوو داخوازیەکەی هامەر لە پێنج و پەناکانی دەزگای یاسای وەزارەتی دادگای ئەمریکادا تێپەرێت، کە پێویست بوو بچێتە بەردەستی لیژنەی یاسای، کارمەندانی ئێف بی ئای و کۆمەڵێک لیژنەی دیکە، ئەم کارە لەساڵی ١٩٨٤ دەستی پێکرد، و بەو شێوەیەی کە بەشێوەیەکی گشتی ئەم دامەزراوەیە لە ئەنجامدانی خواستەکانی بەخشینی هەموو تاوانبارەکان کاری دەکرد، پۆیشتن بەشوێن دۆسیەکانی دیکە و بنکەی زانیاریەکانی دیکەی کۆمپیوتەریدا بۆ ئەوەی بزانن دوای تەواوبوونی ئەو سزا هەڵواسراوەی کە بۆی دانرابوو تووشی هیچ تاوان و سزایەکی دیکە نەبووە.

تەنها زانیارێکی گونجاو لەو لێکۆڵینەوەیەدا بەدەست هات ئەوە بوو کە

(دوای ئەوەی کە ئێف بی ئای هەواڵی ئەو تۆمەتانەی بیست کە دکتۆر ئارمەند هامەر و هاوڕێکانی پلانیان داڕشتوە تاوەکو بۆ وەرگرتنی.. ئیجازەی هەڵکەندنی نەوت لە کەنارەکانی (پلیسدن) لە (کالیفۆرنیا) بەرتیل بدەن بە ئەندامانی ئەنجومەنی شاری لۆس ئەنجلس، دکتۆر ئارمەند هامەر لەساڵی ١٩٧٩، بە تۆمەتی گەندەڵی کارمەندانی دەوڵەتی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کراوە.)

تۆمەتەکە ئەوە بوو کە هامەر بەشاراوەی بڕی ١٢٠ هەزار دۆلاری داوە بە (هێربێرت ئیتکین)، کارمەندی پێشووی (ئێف بی ئای) و کارمەندی ئێستای خۆی، ئەویش ڕێژەیەکی لەو پارەیەی داوە بەبەرتیل بۆ کارمەندە دەوڵەتیەکان. ئەم

لێکۆڵینەوەیە، کە شەشەمین لێکۆڵینەوەی سەرەکی ئێف بی ئای بوو لەبارەی هامەرەوە لە ساڵی ١٩٢٧ تاوەکو ئەوکاتە، لە ساڵی ١٩٨٠ بەبێ هیچ دەرەنجامێك کۆتایان پێهاتبوو. ئێف بی ئای لە ڕاپۆرتەکەی خۆی بۆ وەڵامی داواکاری بەخشینەکەی ڕایگەیاند (دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکە تەواو نەبوو لەبارەی ئەوەی کە ئەوە بسەلمێنێت شایەت و بەڵگە بگەڕێنێتەوە بۆ دەستەی منصفە) (١٦)

بەشێکی دیکەی زۆری ڕاپۆرتەکەی ئێف بی ئای زیاتر باس لە کاروبارەکانی ڕۆژانەی هامەر دەکات. ئەو کارمەندانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ هامەردا دەکرد باسی ئەوەیان کرد بوو ئایا لەسەردەمی تاوانبارکردنەکەی سەفەری کردوە بۆ شارەکانی دیکە، و ئەویش بەوانی وت، (بەڵێ نزیکەی چوار ملیۆن کیلۆمەتر) (١٧) کارمەندەکانی لێکۆڵینەوە لەگەڵ سێ کەسیش لێکۆڵینەوەیان کرد کە زۆر نزیك بوون لە هامەرەوە، یەکێك لەوانە (ویلیام مك گیل)ی بەڕێوەبەری ئەکسیدنتاڵ، بوو کە وتی (خوێندکارانی کۆلێژی یەکێتی جیهانی ئەمریکای ڕۆژئاوای فارمەند هامەر) ە (هامەر بە یەکێك لە کەسە پیرۆزەکان و قەدیسەکانی دەزانن) (١٨) کارمەندانی ئێف بی ئای دواتر ڕۆیشتبوون بۆ ماڵ بەماڵی (تەپۆڵکەکانی هۆلەبی) کە ماڵەکەی هامەر لەوێ بوو، و پرسیاریان کردبوو لە دراوسێکانی کە ئایا هامەریان بینیوە لەگەڵ کەسانی گومانـاوی هاتوچۆ بکات یان سود لە خواردنەوەی ئەلکهولیەکان و ماددە بێهۆشکەرەکان وەرگرێت. هیچکەس هیچشتێکی لەو بارەیەوە نەبیستبوو. ئێف بی ئای کارەکەی خۆی لە جێنیوەری ١٩٨٥ تەواوکرد، و خواستی بەخشینەکەی هامەر، ڕۆیشت بۆ بەشی دادگای جنائی وەزارەتی داد، و لەوێ توشی کێشەی تازە بوو.

لەو لێکۆڵەرەوانەی کە دەستیان لە دۆسیە یەکەمینەکەی هامەردا هەبوو، زۆر دژی ئەوە بوون سەرۆك کۆمار هامەر عەفو بکات و بڕیاری بێتاوانی لەسەر بدات، چونکە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم حکومەتە مرۆڤێکی بێ تاوانی ناچار کردوە بەزۆر دان بەتاوانباری خۆیدا بنێت. ئەمانە باش دەیانزانی کە باروودۆخەکە بەو شێوەیە نیە. هامەر لەسەر خواستی خۆی دانی بە ڕیسوایەکەی واترگێتدا دانابوو تاوەکو حکومەت تـاوانی زۆر زیـاتری، وەکـو ڕێگـەگرتن لـە جێبـەجێکردنی دادپـەروەری، نەهێنێتـە پێشەوە، و لێکۆڵەرەوان هەموو باوەڕیان وابوو کە بەئاسانی دەتوانن بەو بەڵگانەی کە هەیانە ئەو تاوانە بسەلمێنن. هامەر معامەلەیەکی ناپاسای ئەنجامدابوو و لەگەڵ

ئەوەشدا هەڵهاتبوو لە ئەنجامی مزلکەی. ئێستاش دەیەوێت سەرەڕایی ئەو تاوانەی کە کربوریەتی حکومەتیش تاوانبار بکات بەوەی گوایە بێ تاوانە، ئەمە شتێکی نەگونجاوە. هامەر لەوانەیە باوەڕی وابێت کە ئەم ڕێگەیە پێویست بێت بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ، و شەخسی خۆی ئەوەندە دەسەڵاتی سیاسی هەیە کە قسەی خۆی بسەلمێنێت، بەڵام لێکۆڵەرەوان ئامادە نەبوون پێشنیاری بەخشینەکەی ئیمزا بکەن، (ئەدوین مێزیش) لەتوانایدا نەبوو بەبێ ئیمزاکردنی ئەو لێکۆڵەرەوانە ئەو پێشنیارە بنێرێتە کۆشکی سپی، چونکە ترسی ئەوەی هەبوو کە ئەو مەسەلەیە بگاتە دەمی ڕۆژنامەکان و تەقینەوەیەک دروست بکات. (١٩)

بەم شێوەیە ناوی هامەر لە لیستی بەخشراوەکانی ساڵی ١٩٨٥ سەرۆک ڕیگاندا نەبوو. هامەر لەساڵی ١٩٨٦ بڕیاریدا یەک ملیۆن دۆلار بداتە کتێبخانەی ڕۆناڵد ریگان، ئەم کتێبخانەیە بۆ نەمری ریگان دادەمەزرا و دوای تەواوبوونی سەرۆکایەتیەکەشی ئەم کتێبخانەیە دەکرایەوە. پێدانی پارەکەی هامەر بۆ ئەو پرۆژەیە دەبووە گەورەترین دابینکاری و بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژەیە. (٢٠) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە لیستی بەخشینەکانی ساڵەکانی ١٩٨٦ و ١٩٨٧ ریگانیشدا ناوی هامەری تێدا نەبوو. سەرەڕایی ئەو دواکەوتنە بێ هیوایانە، هامەر بەڵێنیدا پارەکەی زیاد بکات بۆ ملیۆنێک و سێ سەد هەزار دۆلار بۆ کتێبخانەکە، و لە ساڵی ١٩٨٧ نوەمی، (هیوادارم ئیدی ماڵی خۆم بەدەمێ). (٢١)

ریگان لە کۆتایی سەردەمی سەرۆکایەتیەکەی، (سی و دوو کەسی) دیکەی بەخشی، بەڵام دیسانەوە ناوی هامەری تێدا نەبوو. (هامەریش بەڵێنەکەی خۆی لەبارەی پێدانی پارەکەوە نەبردە سەر) (٢٢)

لە ٢٠ جێنیوەری ساڵی ١٩٨٩، کاتێک جۆرج بۆش سوێندی یاسای خوارد، هامەر دیسانەوە لەمەراسیمەکەدا ئامادەی هەبوو. سەرەڕای ڕازاندنەوەی دەموچاوی، ڕەنگ پەڕیو و لاواز بەرچاو دەکەوت. هەفتەیەک پێشتر لە لۆس ئەنجلس لە نەخۆشخانەدا خەوێنرابوو، سەرەڕایی ئەوەی ئازار و ناڕەحەتێکی زۆری دەکێشا، بەڵام سور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت لەو مەراسیمەدا بەشداری بکات و یاری خۆشەویستەکەی (روساماریا دۆراسۆ)، کە ئێستا پسپۆری بێ هۆشی بوو لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلس، لەو سەفەرەدا یاوەری دەکرد. هاورد بیکەر، سەرۆکی نوسینگەی

پێشووی ریگان، کە لە سەردەمی جێگری سەرۆك کۆماری بۆشدا پەیوەندێکی نزیکی لەگەڵدا پەیدا کردبوو، لەکاتی مەراسیمەکەدا لەتەنیشت هامەرەوە بوو. ئەو ئێستا هاوکاری هامەر بوو لە واشنتۆن. زۆربەی ئەو هەفتەیەی کە هامەر لە واشنتۆن مایەوە هامەر بانگهێشت دەکرا بۆ میوانداریەکان و پێشانگەکان. پاشان بۆ ئەوەی زیاترمتمانەی خۆی لەناو حیزبی کۆماریخوازەکان پەرەپێبدات بری ۱۱۰ هەزار دۆلاری بەخشی بە کۆمیتەی هەڵبژاردنی ویلایەتەکان.

هامەر ئێستا کە تەمەنی نزیکەی نەوەد و یەك ساڵ بوو، بۆی دەرکەوت ئیدی ئەو هەلەی نابێت بتوانێت چاوی لەدووی رێزلێگرتنەکانەوە بێت، بۆیە داوای لە لیژنەی وەزارەتی داد و لێکۆڵەرەوەکانی کرد چاوێك بەداواکەی بخشێنەوە و داواکاریەکە لەسەر بریاری بەخشین بەرز بکەنەوە، لیژنەی لێکۆڵینەوەش هیچ لاریان نەبوو لەسەر ئەو داواکاریە، بۆیە داواکاریەکەیان بەرزکردەوە بۆ کۆشکی سپی، و جۆرج بۆشیش لە ١٤ مانگی ئاوت هامەری بەخشی.

خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ، ترۆپکی حەزەکانی هامەر، سەرەنجام نزیك دەبوویەوە. بەڵام لەماوەی ئەو رێگە درێژەدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی، ئیرادە و کارکردنەکانی شازادە چارلز بۆ ئەو ئیشە زۆر سارد بوو، و سەرەرایی هەموو هەوڵدانەکانی هامەر، چارلز بەهیچ شێوەیەك پشتگیری هامەری نەکرد بۆ ئەوەی ببێتە کاندیدی خەڵاتەکە. هامەر رۆیشت بەشوێن کەسایەتێکی دیکەی ناسراودا، ئەویش (مناخ بیگنی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل) بوو، کە خۆی لە ساڵی ١٩٧٨ خەڵاتی ئاشتی نۆبڵی وەرگرتبوو، و دەیتوانی کەسێکی دیکەش دەستنیشان بکات بۆ ئەوەی ببێتە کاندیدی وەرگری ئەو خەڵاتە.

داواکردنی یارمەتی هامەر لە مناخ بیگن، دوور نەبوو لەگاڵتەجاریەوە، هامەر زۆربەی ژیانی خۆی بەدوورگرتبوو لە ئیسرائیل، تاوەکو دوای حەفتا ساڵی تەمەنیشی تەنانەت حاشای ئەوەی دەکرد کە جولەکە بێت. یەکەمین سەفەری ئاشکرای ئەو بۆ ئیسرائیل لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٨٤ بوو. پێشتر ترسی ئەوەی هەبوو ئەگەر پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا دروست بکات (قەزافی) تورە ببێت چونکە تاوەکو ئەوکاتە بۆ نەوت پشتی بە قەزافی بوو. بیگن، لە ساڵی ١٩٨٤، توشی نەخۆشێکی ترسناك بوو کە ترسی ئەوە هەبوو بمرێت و پێویستی بە نەشتەرگەری

دەکرد، بەڵام ئەو ڕقی لە ئەشتەرگەری بوو. هامەر (دکتۆر ویلارد گۆدۆین)ی بەناوبانگی ئەمریکی نارد بۆ ئیسرائیل، و ئەو سەرۆك وەزیرانی ڕازی کرد تاوەکو ئەشتەرگەری بکات. هامەر توانی بەم کارەی متمانی خۆی زیاد بکات لە ئیسرائیلدا، و بەڵێنیشدا نزیکەی سەد ملیۆن دۆلار بخاتەگەڕ لەبواری بازرگانیدا لە ئیسرائیل و لەو ڕێگەیەشەوە ئابوری ئیسرائیل بەهێز بکات) (٢٣) یەکەمین خواستیشی کە پێشنیاری کرد بەناوی (بەشداربوەکانی هەڵکەندنی چاڵەکانی ئیسرائیل) لە زەمینەی بەدەستهێنانی نەوت لە ژێر بیابانی نقب بوو. وتی، (ئەگەر بتوانم نەوت لە ئیسرائیلدا پەیدا بکەم.....دەتوانم ئیسرائیل بکەمە وڵاتێك کە پشت بەخۆی ببەستێت) (٢٤) ئەخشەی دووەمی معامەلەیەکی دروستکردنی کارگەیەکی فڕۆکەسازی (مشایخی سەهیۆنی) بوو، کە ئەگەر سەرکەوتووبوایە، دەیتوانی ئیسرائیل بکاتە یەکێك لەوڵاتە زۆر بەهێزەکانی بەرهەمهێنەری فڕۆکەوانی لە جیهاندا.

مناخ بیگن کە زۆر خۆشحاڵ بوو بە جێبەجێکردنی هەردوو پێشنیارەکە، ئەویش هیچ لاری نەبوو لەوەی کە پێشنیاری ئەوە بکات بۆ لیژنەی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ هامەر بکەنە یەکێك لە کاندیدەکان بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە. لە ساڵی ١٩٨٨، نامەیەکی نوسی بۆ کۆمیتەی هەڵبژاردن و هامەری کرد بە کاندید. لەگەڵ ئەوەدا هامەر نوسینگەی واشنتۆنی ئەکسیدنتاڵ ڕاسپارد بۆ ئەوەی پەیوەندی بکەن بە سەرۆکەکانی وڵاتەکانەوە و داواکاری هەڵبژێردراوی ژیانی هامەر بنێرن بۆیان بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن پشتوانی لێ بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا خەڵاتی ئاشتی نۆبڵی ١٩٨٩، بەخشرا بە (دالای لاما) کە خزمەتەکانی ئەو بۆ کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی چین بوو لە تبت، بەشێوەیەکی ئاشتیانە. بەڵام هامەر دەستی لە هەوڵدانە وەرنەگرت، هیوادار بوو کە بتوانێت خەڵاتی ١٩٩٠ بەدەست بهێنێت.

هەوڵدانەکانی ئەو لە ١٢ ئۆکتۆبەری ١٩٩٠ لە پڕێکدا وەستان. لەو ڕۆژەدا وێنەکانی ئەشیعەی ئێکس ئەوەیان خستەڕوو کە شێرەپەنجە بە خێرای لە ئێسقانەکانی هامەردا پەرەدەسێنێت.

کۆتایی

دوای مـــــــەرگ

ئارمەند هامەر لە ١٠ دیسەمبەری ١٩٩٠ کۆچی دوای کرد. شەوی دواتر، نزیکەی پێنج سەد کەس هەمووی بە جلی رەسمیەوە، دەبێت بوترێت بێگومان بۆ (میصوا)[1] ی دوای مەرگی هامر، لە هۆڵی گەورەی سەمای هۆتێل (هیلتۆن) کۆبوونەوە. چەند مانگێک پێشتر، هەمان ئەم کۆمەڵەیە بانگهێشت کرابوون بۆ ئەوەی بەشداری یادی گەورەی و (بەخشندەی و فیدارکاری) هامەر بکەن بۆ هەوڵدانە گرنگەکانی بۆ ئاوەدانکردنەوەی دووبارە زەویەکانی ئیسرائیل، و هەروەها ئەو کارانەی کە لەیەکێتی سۆڤیەت و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئەنجامیداون. لە راستیدا ئەم کۆبوونەوەیە بۆ (میصوای) ئەو بوو، لە تەمەنی نەوەد و دوو ساڵیدا، بەپێی بانگهێشتنامەکان، (اعجازی دووبارەبوونەوەی جولەکە بوون) بوو. هەرچەنده ئەو میوانیە فەخریە ئیدی لەو تەمەنەدا نەبوو کە ئەو مەراسیمە ساز بکات و خۆی ئامادە نەبوو، بەڵام بەشێوەیەکی سەیر هیچ گوێی نەدەدا و گرنگ ئەوە بوو کارەکە بکرێت. کۆمەڵێک کەسایەتی لەناو ئامادەبوواندا بوون وەکو: (هاورد بیکەر)، کە یارمەتی بڕیاری بەخشینی هامەری دابوو، (تام برادلی)[2]، سەرۆکی شارەوانی لۆس

---

[1] – میصوا: ئەو مەراسیمەیە کە جولەکەکان لە تەمەنی نۆ بۆ سیانزە ساڵی ئەنجامی دەدەن بۆ تەمەنی هەرزەکاریان و بەڵێنی جولەکەبوونیان پێ دەبەخشن، لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا بەدرێژی باسی ئەم (میصوا) یە کراوە، لەبارەی هامەرەوە، چونکە هامەر بەگەنجی خۆی بە مولحد و دواتریش خۆی بە مەسیحی ناوزەند کردبوو و دواتر لەتەمەنی پیریدا دەیویست بگەڕێتەوە بۆ سەر دینە ئەسڵیەکەی خۆی. (وەرگێڕ)

[2] – tom Bradley

ئـەنجلس، (ئەدمۆنـد بـراوان)[3] پارێزگـاری پێـشووی (کالیفۆرنیـا)، (دوکمجیـا)[4]، پارێزگاری ئێستای کالیفۆرنیـا، (پیـت ویلـسن)[5] پارێزگـاری هەڵبـژێردراو، سـیناتۆر (ئـالن کرانـسن)[6]، (ڕۆبێـرت ماکـسوێن) یـەکێك لـە شـەریکەکانی معاملـەی (مـشایخ صـهیۆن)، و ئەسـتێرەکانی جیهـانی نمـایش و هونـەری وەکـو (جـۆن دینفـەر)[7]، (مـرۆ گریفین)[8]، (شیلی ونترز)[9] و(تید ترنەر)[10] لەناو ئامادەبوانەدا بوون.

ئـەو ئاهەنگـە کـە نزیکـەی دوو کاتـژمێری خایانـد (ئـەلیوت گۆلـد) هونەرمەنـدی ئـەمریکی، لەبەرامبـەر وێنەیـەکی زۆر گـەورەی ئارمەنـد هامـەر لـە تەمـەنی سـیانزە ساڵیدا، واتە تەمەنی سونەتی بۆ میـصوای هامەر وەستابوو. سێ میوانی تایبەتی لەم مەراسـیمەدا ئامادەگیـان هـەبوو کـە (گۆلـد) بـەم شـێوەیە ناسـاندنی: (ئیـدا نـودل)، (ئەلێکس گولدفریب) و (نیکۆلاس دانیلۆف). ئەو کاتانەی کە هامەر بەگەرمی بەشوێن بەدەستهێنانی خەڵاتی نۆبێلەوە بوو ئەم سێ کەسە هەریەکەیان لە ڕوسیادا کێشەیان هەبوو و هامەریش هەموو هەوڵدانێکی خۆی خستبوویەگەڕ و توانیبووی کێشەکانیان چارەسەر بکات. ئێستا هەریەکەیان بە جیا ستایشی بێ پایانی خۆی پێشکەش بە هامەر دەکرد. سەرەنجام، مایکل هامەر، لەبری باوکە گەورەی قەڵەمێکی دوو مەتر درێژی وەرگرت، ئەمە گاڵتەیەکی ئاسایی بوو بۆ ئەو خەڵاتەی کە لەکاتی میصوا دا پێشکەش بەو کەسە دەکرێت.

بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە کاتژمێر چواری دوانێوەڕۆ، جولێن هامـەر و دوو کوڕەکەی، مایکل کە ئێستا تەمـەنی سـی و پێنج ساڵ، و کیمی سـی سـاڵ بوون، ڕۆیشتن بۆ

---

[3]– Edmund browm

[4]– deukmejian

[5]– pete Wilson

[6]– alan cranson

[7]– john Denver، گۆرانیبێژی ئاسراوی ئەمریکی کە لەم دواییەدا لە ڕووداوێکی فڕۆکەدا کوژرا. (وەرگێڕ)

[8]– merv griffin

[9]– shelley winters

[10]– ted turner سەرۆکی تۆڕی تەلەفزیۆنی (CNN) (وەرگێڕ)

نوسینگەکەی (ئارتۆر گرومەن). گرومەن، نزیکەی سی ساڵ بوو وەکیلی هامەر بوو، وەسیەتنامەکەی بۆ خوێندنەوە. پانزە خولەك دواتر کاتێك وەسیەتەکەی تەواو کرد، جولین بێدەنگ و خەمبار لە جێگەی خۆیدا وشك بوو بوو. باوکی بەهیچ شێوەیەك ئەو بەڵێنانەی نەبردە سەر کە پێش مەرگی وتبوونی. لە وەسیەتنامەکەدا هیچ قسەیەك لەبارەی پێدانی قیستەکانی ماڵ و قەرزەکانی دیکەی جولینەوە نەبوو. هیچ باسی ڕێکەوتنێکی ئەکسیدنتاڵ نەکرابوو. ئەو میراتە چەند ملیۆن دۆلاریەی کە هامەر دوای خۆی بەجێهێشت بوو هیچ باسێك نەبوو. بۆ کوڕە تاقانەکەی خۆی، تەنها و تەنها ٢٥٠ هەزار دۆلاری بەجێهێشت بوو، کە ئەویش بۆ پێدانی ڕەهنی ماڵەکان بەس نەبوو. (١) کیسی و مایکلیش باروبۆخیان لەباوکیان باشتر نەبوو.

دەرکەوت سامانێکی گەورە بوونی نیە. هامەر، بەپێچەوانەی ئەوەی کە لە ڕۆژنامەکاندا دەوترا، ملیاردەر نەبوو. سەرتاپای دارایەکەی ئەو نزیکەی چوار ملیۆن دۆلار بوو. لەبەرامبەر ئەم ژمارەیەدا، دوای مردنەکەشی کۆمەڵێکی زۆر قەرزی بەسەرەوە بوو، بۆنموونە وەسڵی تێچوونە یاسایەکان، باج و سەرانەکانی موڵکەکان، و ملیۆنەها دۆلاری ئەو بەڵێنانەی کە بڕیاربوو بیانبەخشێت بە کارە جۆراو جۆرە خێریەکان. هەروەها میراتگری فرانسیسیش داوایەکی لەسەر تۆمار کرد بوو کە داوای ٤٤٠ ملیۆن دۆلاری کردبوو کە هێشتا بەهەڵواسراوی مابوویەوە، و دەبوو لەو حسابەی کە ماوەتەوە بگوازرێتەوە بۆ بنەماڵەی فرانسیس.

مەراسیمی خاکسپاردنەکەی کاتژمێر ١١ بەیانی ١٣ دیسەمبەر لە کەنیسەیەکی بچوك بوو لە (پارکی مۆنیمێنتی ڤیست وود). هامەر ئەم گۆڕستانەی لەبەر ئەوە هەڵبژارد کە چەند سەد مەترێك زیاتر دوور نەبوو لە بیناکەی ئەکسیدنتاڵەوە و دەیتوانی لە ئارامگاکەی خۆیەوە نوسینگەکەی کارەکەی ببینێت. مەراسیمەکەی ئەمڕۆ خاڵی بەرامبەری ئەو مەراسیمە شاد و خۆشیەی میحوای دوو ڕۆژ پێشوتر بوو. ئەو شتەی کە، لە ڕاستیدا، زیاتر بەرچاو دەکەوت بوونی ئەو کەسانە نەبوو کە لەوێدابوون، بەڵکو ئامادەنەبوونی ئەو کەسانە بوو کە بۆ دەرخستنی دواهەمین ڕێزی نەهاتبوون.

کوڕە تاقانەکەی هامەر نەهاتبوو. جولین هێشتا بیری لە وەسیەتە سەیرەکەی باوکی دەکردەوە. جۆلین نەیدەزانی چی بکات چونکە باوەڕی نەدەکرد، بەو شێوەیە

بێت، هامەر هەموو تەمەنی تەنها کوڕێکی هەبوو، بەڵام ئێستا بێ بەشی کردبوو، باوەڕپێنەکراو بوو، بەهەرحاڵ. جۆلین لەگەڵ جینی هاوسەری لەماڵەوە مانەوە و نەچوون بۆ بەشداریکردنی مەراسیمی بەخاکسپاردنەکەی باوکی.

خێزانەکەی براکانی هامەر، هێری و ڤیکتۆریش لەوێ نەبوون. دوای مردنی هێری لە ساڵی ١٩٧٠، ئارمەند لەگەڵ خێزانی هاوسەرەکەی براکەی، بیتی باربار، نێوانیان تێکچوو بوو. لەو کاتە لە ماڵێکی کێشەداری ویکسبێرگ، میسیسیپی دا دەژیان. ئەم ماڵە موڵکی شەش نەوەی خێزانێک بوو، کاتێک هێری مردبوو براکەی کردبوو بەوەکیل، بۆیە منداڵەکانی چوون بۆلای هامەر و داوایان لێکرد ماڵەکە بگێڕنێتەوە بۆ ئەوان. بەڵام هامەر ماڵەکەی بە ٢٢ هەزار دۆلار فرۆشت بە کابرایەکی نەناسراو، و فاتحەی پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەو خێزاندا خوێند و بەتەواوی پەیوەندییەکانیان پچڕان. (٢)

هامەر دوای مەرگی براکەی دیکەشی ڤیکتۆر لە ساڵی ١٩٨٥ توشی کێشەیەکی سەختر لەکێشەی منداڵەکانی هێنری بوو. ڤیکتۆر دوای مردنی بە بەهای نزیکەی ٧٠٠ هەزار دۆلاری لەدوای خۆی بەجێهێشت و هامەر خۆی کردبوو بە میراتگری. هامەر، لەبری ئەوەی ئەو پارەیە بۆ ژنە داماوەکەی ڤیکتۆر، (ئایرین) کە لە خەڵوەتگەی پیریدا ژیانی بەسەردەبرد، و کوڕە ڕوسییەکەی ئارماشا، و کچە ئاباوکیەکەی (نانسی وێبکەر) بگەڕێنێتەوە و دابەشی بکات بەسەریاندا، بانگەشەی ئەوەی کرد بڕی ٦٦٧ هەزار دۆلاری داوە بە براکەی بە قەرز بۆ ئەوەی سەرفی بکات بۆ سەردانەکانی بۆلای پزیشکەکان. بانگەشەکەی هامەر هەموو ئەو میراسەی دەبرد کە ڤیکتۆر بەجێیهێشت بوو، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە نانسی نەک هەر فەرمانەکانی هامەری بۆ فرۆشتنی ماڵەکەی لە (ئستامفۆرد، کۆنە تیکت) قبوڵ نەکرد، بەڵکو بەڵێنیشدا ئەم کارە نابەجێیەی هامەر بگەیەنێتە دەمی هەموو خەڵک. هامەریش هەڕەشەی تۆڵە سەندنەوەی لێکرد و بڕیاریدا ئەو پێدانە مانگانەیەی کە دەیبەخشێت بە خەڵوەتگە کە بۆ ئایرین دەیبڕێت. نانسیش لەبەرامبەر ئەگەری هەڕەشەکانی بڕینی پارەکەی دایکی وەستا. کاتێک مەسەلەکە ڕۆیشتە ناو ڕۆژنامەکانەوە، هامەر بەخێرای بۆچوونەکەی گۆڕی و لە سەرپەرشتی بانگەشەی میراتگری براکەی دەستی کێشایەوە

و نانسیش لەبەرامبەردا ڕەزامەندی پیشاندا ئیدی لەبارەی ئەو کارانەیەوە قسە نەکات. (٣)

کەواتە ڤیکتۆر ئارماشاش، بەڵگەی خۆی هەبوو بۆ ئەوەی بەشداری لەو مەراسیمەدا نەکات. ئارمەند هامەر، جگە لەوەی کە ناوەکەی خۆی پێدا بوو کە ئەویش فلسێکی نەدەهێنا، هیچی بۆ بەجێنەهێشت بوو. ئارماشا بەجێمانی خۆی لە ڕوسیادا دەخستە سەر هامەر، نەک باوکی. (٤) کاتێک ئەم دووانە گەیشتن بەیەک، بەرشێوەیەی کە ئارماشا نوسی، ئارمەند هامەر ئەو کارەی بە (جۆرێک لە هەڵەی ڕابردوو) ناوبرد. (٥) هامەر هیچکاتێک لەبارەی ژنەکەی یان منداڵەکانیەوە پرسیاری نەکرد، و لە ساڵەکانی دواتریش هامەر قەدەغەی کردبوو ئارماشا بڕوات بۆ نوسینگەی ئەکسیدنتال لە مۆسکۆ. کەواتە ئیدی بۆچی ئێستا بڕوات بۆ کفن و دفنی هامی؟

لەناو ئەو کەسانەی کە ئامادەیان هەبوو لەو مەراسیمەدا، (ڕی ئیرانی) بوو کە جلێکی ڕەش و عەینەکێکی کردبوویە چاویەوە، لەگەڵ دوانزە لە بەڕێوەبەرەکانی دیکەی ئەکسیدنتال کە بەڕیز لە پێشەوە وەستا بوون. ئەو جێگری هامەر بوو. کاتێک بەڕێوەبەرەکانی هەر ئەم دوانیوەڕۆیە لەسەر گۆڕەکەی گەڕانەوە، (ڕی ئیرانی) یان بەڕەسمی وەکو سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردن، و بەڕێوەبەری گشتی کاروباری جێبەجێکردنی کۆمپانیاکە هەڵبژارد. یەکەمین هەنگاوی ئەو ئەوە بوو کە ئەکسیدنتال پترلیۆم هەوڵبدات لە شەڕ و جەنگی عەیبی هامەر ڕزگاری بێت. کارەکەی بە لەناوبردنی پاشماوەی ئەو کەسایەتیە پیسە دەست پێدەکات. فەرمان بەدات وێنەکان و پەیکەرەکانی هامەر لە بەڕێوەبەرایەتی سەنتەری ئەکسیدنتال لابەرن. پاشان ئەخشە و تێڕوانینی ژیاننامەکەی هامەر کە ئەکسیدنتال تاوەکو ئەو کاتە نزیکەی ٢٠٠ هەزار دۆلاری بۆ خەرج کردبوو فڕێدران. (بەرهەمەکانی ئارمەند هامەر)، ئەو یەکە قلیمەی کە کاری تەنها گەورەکردنی هامەرە، دایەخات. (٦) بەشداریکردنی ئەکسیدنتال لە کۆمپانیای (ئارم و هامەری) هەڵوەشاندەوە کە کاری بەرهەمهێنانی خواردنەوەی شیرینیەکان بوو هامەر بۆ ئەوە ئەو کارگەیەی کڕی کە لەناوی ئەو ئەچوو. بازرگانی پەروەردەکردنی ئەسپی عەرەبی، کە جگە لە ئارەزویەکی شەخسی هامەر هیچی دیکە نەبوو کۆتای پێهێنرا. ڕاپۆرتی ساڵانەی ئەکسیدنتال دەگۆڕێت کە

ناوەرکی وێناکەی، بۆ ئەوەی مەراسیمی ماتەمباری یان ستایشی هامەر نەبێت. تەنها ناوی ئەو بە وشەیەکی بچوک لەژێر ناوی: (بەیادی دکتۆر ئارمەند هامەر (١٨٩٨–١٩٩٠) دەبێت (٧)

هەروەها ری ئیرانی هەموو ئەو پرۆژانەی کە هامەر بۆ بەرەوپێشبردنی بەرنامە شەخسیەکانی خۆی لە کردنەوەی جۆرێك لە (ڕێگا) بۆ جیهانی کۆمۆنیست دروستی کردبوون هەڵیوەشاندنەوە. پرۆژەی کانزای گەورەی خەڵوزی بەردینی چین وەلانا. ئەخشەکانی پەترۆکیمیاوی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی فرۆشت یان وەلاینان. بەرە بەرە ئەو معامەلە چەند ملیۆن دۆلاریانەی کە لەگەڵ ڕوسیادا مۆرکرابوون کەم کرانەوە. لە کاتی هەڵسەنگاندنی دووبارەی ئەو معامەلانەدا، ئیرانی بۆی دەرکەوت هامەر پارەیەکی زۆر گەورەی زیادەی ڕشتبوویە ناو ئەو پرۆژانەوە. کاتێك کە هامەر حسابەکانی دەکرد زیانە گەورەکانی دادەپۆشی، ئیرانی لەکاتی داخستنی هەموو ئەو پرۆژانە، بەناچاری زیانەکانی داخستنی پرۆژەکانی دەبژارد کە بەو حسابەی کرا هەمووی نزیکەی دوو ملیارد و نیو دۆلار بوو. (٨)

لە مەراسیمی خاکسپاردنەکەیدا، هیلاری گیبسۆن تەنها کەسێك بوو کە لەپشتی ئیرانی و دەستە دوانزە کەسەکەی ئەکسیدنتالەوە بوو، و هێشتا هەستی بەوە نەدەکرد کە جیابووەتەوە لێی. چونکە هێشتا بۆی دەرنەکەوتبوو کە ئەویشی داماو کردووە. ژنەکە ڕاوێژکاری هونەری، و هەم دۆست و هەم خۆشەویستی هامەر بوو، و هامەر بەڵێنیدا بوو ئەوەندە پارەی بۆ دابنێت کە لەهەموو تەمەنیدا بە ئاسانی پێی بژی. یەك ساڵ شەو و ڕۆژ ئەرکی کێشا بوو بۆ ئەوەی (مۆزەخانەی ئارمەند هامەر) برازێنێتەوە بۆ کردنەوەی. ئەو ڕۆژە هامەریان بە کورسی تایەدار هێنا بوو. ئەمە دواهەمین جار بوو کە هیلاری ئەوی بە زیندوی بینی. لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەی بەڕێوەبەرەکانی سەرۆکەکانی ئەکسیدنتال ئەو ژنەیان بە کلاوێکی قژی تازە، و ڕەنگی گۆڕا، و جلی تازەوە نەناسی، ئیرانی هیچ گومانی نەما کە هەم کەسیەتی ژنەکە دەزانێت و هەمیش ئاگاداری ئەو پەیوەندیەیە کە لەگەڵ هامەردا هەیەتی، دواتر وتی بە ژنەکە، (زانیاری و ئاگاداری نهێنیەکان کار و پیشەی منە).

لەم مانگانەی دوایدا، ژنەکە تێگەیشت بوو کە مۆزەخانەکە کێشەی بۆ ئەکسیدنتال دروست کردوە. کۆمەڵێك لە دامەزراوە گەورەکانی سەرمایەگوزار لە

ئەكسیدنتال شكاتیان كردبوو لەلای دادگا كە كۆمپانیا ٩٦ ملیۆن دۆلاری لە پارەی پشكدارەكان سەرفی مۆزەخانە كردوە. لەلایەكی دیكەوە نوێنەرەكانی سندوقی خانەنشینی كارمەندانی دەوڵەتی ویلایەتی كالیفۆرنیا لە شكاتێكیاندا بۆ بەردەم دادگا وتبویان، (ئەوەی كە ئێمە لێرەدا هەمانە دامەزراوەیەكی خێریە كە ئامانجی بەنەمری هێشتنەوەی ناوی ئارمەند هامەرە). (٩) ئەم داوایە یاسایە، ئێرانی و ئەندامەكانی دیكەی دەستەی بەڕێوەبردن بێ ڕادە توشی سەرسامی كردبوو، و ئێستا كە هامەر مردوە، بەڕێوەبەرەكان هەرچی زووتر دەستە بەكاردەبن تاوەكو ئەوشتانە چارەسەر بكەن. گیبسۆن ئاگادار بوو كە ئێرانی مانۆڕەكانی خۆی دەست پێكردوە بۆ ئەوەی پەیوەندی ئەكسیدنتال لەگەڵ مۆزەخانەكەدا بپچڕێنێت و ئیدارەكەی ببەستێتەوە بە شتێكی دیكەوە لەدەرەوەی ئەكسیدنتال. لەكاتی كفن و دفنەكەدا كاتێك هیلاری سەیری ئێرانی دەكرد دەیزانی دەبێت (غەزەل خواحافیزی بخوێنێت). چونكە یەكەم كەسایەتی خۆی لەدەست دابوو، و دووەمیش لەوانەیە كارەكەی لە مۆزخانەدا لەدەست بدات، سەرەئەنجام ڕۆژگاری ڕەش دەبێت. (١٠). مۆزەخانەی ئارمەند هامەر دەخرایە سەر زانكۆی كالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلس كە بەڕێوەبەرایەتی ئەو مۆزەخانەیە بۆ نەوەد و نۆ ساڵ لەئەستۆی دەگرت. (١١) زانكۆ بیركردنەوەیەكی هەبوو بۆ مۆزەخانە كە زۆر جیاواز بوو لەگەڵ خواستەكانی هامەردا. دەبوو مۆزەخانەكە هەموو وێنە گرانبەها و بەنرخەكانی هامەر دەربێنێت و بیناكە بكاتە شوێنێك بۆ بەشە جیاوازەكانی فەرهەنگی و كەلتوری، تاوەكو خوێندكارەكانی زانكۆ و دانیشتوانی ناوچەكە بتوانن لە پۆلەكانی وانە، فیستیڤاڵەكانی فلیم، كۆڕەكانی خوێندنەوەی شیعری، و نمایشی وێنەكێشانی تێدا ساز بكەن. (١٢) وێنەی گەورەی هامەریان لابردوو. (نوسخەی خەتی هامەر) دەفتەری یاداشتەكانی لیۆناردۆ داڤینشی كە هامەر ناوی خۆی لەسەریان نوسی و و ئەو نوسینانەی بە گوڵی سەر سەرزی مۆزەخانەكەی خۆی ناوی بردبوون، لە مزایەدەیەكدا بە بڕی ٣٢ ملیۆن دۆلار فرۆشران بە (ویلیام گیتن)، دامەزرێنەری كۆمپانیای (مایكرۆسۆفت)، پاشان ناوی هامەر لەسەر ناونیشانی نوسینەكان لابرا، و ناوە ئەسڵیەكەی پێش نوسینی ناوەكەی هامەر واتە (نوسخەی خەتی لیستەری) لەسەر نوسیەوە. بەڵام هێشتا مۆزەخانەكە هەر ناوی هامەر بوو و هەروەها لەسەر شێوەی دەرەوەی بیناكە بەپێی ئەو ڕێكەوتنەی كە

مۆزەخانە لەگەڵ ئەکسیدنتاڵدا هەیبوو ناوی هامەر بە وشەی یەک مەتری بۆ هەتا هەتایە لەسەر ئەو مۆزەخانە دەمێنێتەوە، بەڵام ئەم مۆزەخانەیە ئێستا ئەو مۆنیمێنتە نەمرە نەبوو بۆ هامەر بەو شێوەیەی کە خۆی دەیویست.

مایکل هامەر، کە ئێستا سەرپەرشتی کارەکان دەکات، سەرپەرشتی مەراسیمە کورتەکەی خاکسپاردنەکەی دەکرد، بەڵام ئەو نەبووە شوێنکەوتەی باوکە گەورەی لە ئەکسیدنتاڵ. هەمان ساڵ، لە پۆستی ئەندامبوونی سەرۆکایەتی و سەرپەرشتی کۆمپانیا دەستی لەکار کێشایەوە، و ڕازی بوو کاتێک خولی ئێستای ئەندامبوونی لە دەستەی بەڕێوەبردندا کۆتایی هات، ئیدی بەهیچ شێوەیەک خۆی هەڵنەبژێرێتەوە بۆ ئەندامبوون، و پاشان ڕێکەوتننامەیەک ئیمزا دەکات بۆ ئەوەی نهێنیەکان لای خۆی وەرگرێت، و لەبەرامبەردا ١,٥ ملیۆن دۆلار پاداشتی کۆتایی خزمەتەکەی وەربەگرێت.(١٤)

مایکل هامەر کەم تازۆرێک وەکو سەرۆکی دامەزراوەی ئارمەند هامەر دەمێنێتەوە. ئەم شوێنە کە باوکە گەورەی دایمەزراندبوو وەکو ڕێکخستنێکی زۆر باشی لەجۆری (سندوقێکی زێڕین) بوو، لەگەڵ ئەوەدا ئەکسیدنتاڵ بەڵێنیدا بوو ساڵانە بڕی ١,٨ ملیۆن دۆلاری هامەر بداتە ئەو دامەزراوەیە بۆ ماوەی دە ساڵ دوای مردنەکەی. بەڵام مایکل هامەر نەیدەتوانی هەموو کاتی خۆی تەرخان بکات بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ئەو دامەزراوە خێریە. لەو حاڵەتەدا کە ئەو جێبەجێکاری کارەکان و میراتبەری وەسیەتەکەی باپیرەی بوو، بە زووی نوقمی داواکاری یاسای زیاتر و زیاتر دەبوو لەو بەڵێن و قەرزانەی کە کەوتبوو بەسەریدا لەدوای مردنی هامەر. ژمارەی ئەم داوا یاسایانە بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو لەپەرەسەندندا بوون، لەماوەی یەک ساڵدا زیاتر لە سەد بنکەی خێری، مۆزەخانە، ئەندامانی خێزان و کەسانی دیکەی خاوەن قەرز داوایان تۆمارکرد بۆ ئەو قەرز و بەڵێنانەی کە بڕیار بوو هامەر پێیانبدات، و ئەمانە هەموو بەحساب دەبوو پارە لە میراسە گەورەکەی هامەر وەرگرن. لەناو داوکاریەکانی ئەو ناوانە ئەمانە بەرچاو دەکەوتن: دامەزراوەی سەرۆک کۆماری ڕۆناڵد ریگان، کە دەیوت هامەر بەڵێنیداوە ٦٤٠ هەزار دۆلاری خۆی بۆ (١٩٨٦–١٩٨٧–١٩٨٨) ئەو ساڵانەی کە هەوڵیدەدا سەرۆک کۆمار بیبەخشێت) بدات، دامەزراوەی (دانیل میتەران) دەیوت هامەر (٢٥٠) هەزار دۆلاری پارەی ئەولنی هێشتا نەداوە

(ئەمە بەهۆی ئامادەبوونی هاوسەرەکەی سەرۆك کۆماری فەرەنسا بوو لە میوانی خوانی ئێوارەی ئاهەنگی کردنەوەی مۆزەخانەکەی)، (ئەنستیۆتی سالك)، دەبوت هامەر لەکاتی رووبەڕووبونەوەکەی لەگەڵ شێرەپەنجەکەیدا بەڵێنیداوە ڕێژەی (١,٤٤٧,٢٠٠) دۆلار بدات بەو دامەزراوەیە، بەڵام هیچ باسێك لەو پارەیە نیە، جێن ئستۆن، دەبوت لەبەرامبەر نوسینەوەی کارە تەواونەبوەکەی ژیاننامەی هامەر بڕیارە ٩٠ هەزار دۆلار وەربگرێت، و (ئۆرکسترای سەمفۆنیای نەتەوەی)، دەبوت هامەر ٢٥٠ هەزار دۆلار لەرزارە، و لەبەر ژمێنی ئاهەنگی (لەدایك بوونت پیرۆز) بۆ یادی لەدایکبوونی ئاهەنگی تەمەنی نەوەد ساڵی. (١٥)

جولین هامەر هچکاتێك لە بیری مردنی باوکی نەبوو، چونکە لەدیدی باوکیەوە جولین هیچ پەیوەندی بەکەسایەتی هامەرەوە نەبوو؛ و هیچ پەیوەندێکیشی لەگەڵدا نەبوو. جولین دوای ئەوەی کە کوڕەکەی مایکل دەبێتە جێبەجێکاری کارەکانی باوکی، ئیدی قسەی لەگەڵ نەکرد. جولین دواتر زۆربەی کاتی پێنج ساڵی ئایندەی خۆی تەرخان کرد بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی پەرتەوازەی مڵك و ماڵەکانی باوکی و چۆنیەتی مردنەکەی. لە مارسی ساڵی ١٩٩٦ ئەویش کۆچی دوای کرد. کیسی هامەریش لەگەڵ براکەی پەیوەندی دەپچڕێنێت، و دوای مردنی باوکی، ئەویش لەرێگەی دادگاوە دەست بەلێکۆڵینەوە دەکات لەو پارانەی کە باوەڕی وایە لەوانەیە باوکە گەورەی پارەکانی لەدەرەوەی و وڵات لە شوێنێکدا خەواندبێت. (١٦)

مایکل هامەر، بە هیوای پاراستنی بەشێك لە داراییەکانی، کۆمەڵێك شوێنی بایەخەی دەفرۆشێت کە هامەر بۆ ئەمری خۆی هێشتبوونیەوە. بۆنمونە، ڕازی دەبێت (مۆزەخانەی مترۆپۆلیتنی هونەر) ناوی هامەر لەسەر تەلاری گەورەی خۆی لە قاتی یەکەم لابەرێت، کە ئەم ناوە هامەر بە پێدانی ٢ ملیۆن دۆلاری بەدەستی هێنا بوو و لەبەرامبەر لابردنی ئەو ناوەشدا مۆزەخانە ملیۆنێك دۆلار دەگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنی ناوەکە. (١٧)

ناکۆکی و ململانێی وەرەسەی فرانسیس هامەر و ئارمەند هامەر لە ساڵی ١٩٩٤ کۆتایی هات. دوای پێنج ساڵ لە کێشمەکێشی یاسای، دادگا شکاتی وارسەکەی فرانسیس هامەر ڕەفز دەکاتەوە. بەڵام ئەوانە دووبارە داوای سەرلەنوێ شکات دەکەنەوە، و خۆیان بە خاوەن حەق دەزانن، بەهەرحاڵ لەو کێشمەکێشەی کە

بەردەوام بوو، تێچوونێکی زۆر گەورەی پارە بەفیڕۆ دەدرا بۆ بەڕێوەچوونی کاروباری یاساییەکان.

لە مەراسیمی خاکسپاردنەکەی لۆس ئەنجلسدا، کچێکی قژن کە هیچکەس ئەوی نەدەناسی، جلی ڕەشی لەبەرکردبوو و وەستابوو، بەڵام هیچ فرمێسکی بۆ هامەر نەڕشت. ئەمە کچە سی و پێنج ساڵەکەی ئەو، ڤیکتۆریا، بوو، هامەر بوونی ئەم کچەی لە ئەندامەکانی دیکەیماڵەوەی شاردبوویەوە. لە وەسیەتنامەکەی خۆیدا ناوی ئەم کچەی بە ناوی (ڤیکتۆریا واریا) بردبوو، و گومانی تێدا نەبوو ئەویشی لە میراسەکەی بێ بەش کردبوو. لەدیدی کچەکەوە ئەمە وەکو هەمان ئەو کارانەی دیکەی بوو کە کردبوونی لەبەرامبەر دایکی، ئەم پیاوە دایکی ناچار کردبوو هاوسەرگیرێکی ساختە بکات، و لە ولاتێکی غەریبەدا بژی، و لەرێگەی تاردنی پارەوە بە کەسانی نەناسراودا وایکردبوو ژنەکەی لە ژێر چنگی خۆی هێشتبوویەوە و ئیرادەی خۆی سەپاندبوو بەسەریدا. ژنەکەی زۆر بەکەم ئەوی دەبینی، لەگەڵ ئەوەدا هامەر وەکو خودایەکی دوورەدەست هەمیشە دەستوەردانی دەکرد لە ژیانیدا، و ئێستا وادیارە ئەو هەموو بەڵێن و قسانەی کە دەیدا بۆ ئەوەی چاودێری کچەکەی بکات بەدرۆ دەرچوون و هیچ مانایەکیان نەبوو. کچەکە نەك بۆ ڕێزی باوکی بەڵکو بۆ تۆڵە سەندنەوەی هەموو ئەو کارانەی هاتبوو بۆ سەر گۆڕەکەی. ئەویش شکاتی بۆ دادگا برد. دایکیشی، بێتی مێرفی، کە لەتەنیشتیەوە وەستابوو، ئەویش سووربوو لەسەر داوا یاساییەکە. (١٨)

ڕۆساماریا دۆراسۆ لە پشتی خەڵکەکەوە وەستابوو. زۆرێك وابیریان دەکردەوە کە ئەو ژنە پزیشکی هامەر بوو چونکە لە هەموو شوێنێکدا ئەو ژنەی بە پزیشکی خۆی دەناساند. ئەم ژنە ساڵێك پێشتر لە هەمووکەس زیاتر لە هامەرەوە نزیك بوو، و لەکاتی سەفەرەکانیشدا لەگەڵ هامەردا کۆمەڵێکی زۆر لە بەهێزترین پیاوەکانی جیهانی بینی بوو. ئەویش بەشوێن ژیانی خۆیەوە بوو.

کیسی هامەر پێشتر ئامادە نەبوو لە مەراسیمەکەدا بەڵام لە دوا ساتدا کاتێك گەیشتە مەراسیمەکە سەری تابووتەکەیان داخستبوو. دەیویست باپیرە گەورەی بۆ دواهەمین جار ببینێت و وێنەیەکی خۆی بخاتە ناو تابوتەکەیەوە. داوای کرد سەری تابوتەکەی لابەرن بەڵام براکەی، مایکل، داواکاریەکەی قبوڵ نەکرد. (١٩)

تابوتەکە شۆفێرەکەی هامەر، و پەرستارەکەی، و خزمەتکارەکەی هەڵیان گرت و لەبەردەم ڕیزی دەستەی بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا و کۆمەڵێك کەسانی دیکەی ئامادەبووی مەراسیمەکەدا ڕۆیشتن، و ئەوانیش یەك بەیەك شوێنەکەیان بەجێ هێشت. مایکل و کیسی هامەر ڕۆیشتن لەگەڵ تابوتەکە تاوەکو ئارامگای خێزانی ئارمەند هامەر. ئەو ژوورەی تاق ئەوسیەی کە هامەریان برد بۆی چوار جەستەی دیکەی لێ بوو ئەوانیش: جەستەی (جۆلیوس هامەر، رۆز هامەر، و ڤیکتۆر هامەر، و هێری هامەر). مایکل و کیسی لەملا و ئەولای دەرگاکەوە وەستان تاوەکو تابوتەکەی ئارمەند هامەریان خستە ناو سەردابەکەوە و پاشان وەستان تاوەکو دایان پۆشی و سەردابەکەیان داخست.

یاداشتی نووسەر

بۆ یەکەمینجار لە ٢١ فێبریوەری ساڵی ١٩٨١ لە نوسینگەی کارەکەی لە بەڕێوەبەرایەتی سەنتەری ئەکسیدنتال لە لۆس ئەنجلس ئارمەند هامەرم بینی. ڕۆیشتبووم بۆ ئەوێ بۆ ئەوەی باسێکی کورتی ژیانی هامەر لە (گۆڤاری نیویۆرک تایمز) بنوسمەوە. هامەر، ئەو کاتە تازە چالاکیەکانی خۆی دەستپێکردبوو بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ و و ئاسراوی هەبوو لەگەڵ (ئارتۆر سالزبێرگر) (ناسراو بە (پانچ) سەرۆکی بڵاوکراوەی (تایمز)، هامەر وایدەزانی من ستایش و تاریفی دەکەم. بەخێرای پرسی ئایا (ناسراویت هەیە لەگەڵ پانچ)، و کاتێك وتم نەخێر، هامەر ڕاستەوخۆ وتی چۆنە تۆ و ئەو پێکەوە بانگهێشت بکەم بۆ خواردنێکی ئێوارە (و ئەم کارەشی کرد). پاشان وتی دەبێت باسەکە بخرێتە سەر بەرگەکەی، و پاشان وتی ئەگەر (کێشەیەکت) هەبوو لەگەڵ سەرنوسەردا، پێم بڵێی، و خۆم تەلەفۆن دەکەم بۆ (پانچ) بۆ ئەوەی هاوکاریت بکات. دیاربوو کە حەزی دەکرد وادابنێت کە زۆر زاڵە بەسەر بارودۆخەکەدا، منیش ئەو کاتە هیچشتێکی وام نەوت کە بێتاقەت بێت.

لە ڕووبەڕووبونەوە شەخسیەکاندا، وابزانم هامەر کەسێکی زۆر گونجاو و خۆشویستراو بوو، زیاتر لە پزیشکی لادێ دەچوو تاوەکو لە کابرایەکی بازرگانی گەورەی جیهانی. بانگهێشتی کردم بە فڕۆکە شەخسیەکەی، (ئۆکسی یەك) لەگەڵیدا بڕۆم بۆ سەفەرە بێ کۆتایەکانی بازرگانی و سیاسیەکانی. (ئۆکسی یەك) فڕۆکەیەك بوو بەتایبەتی بۆ سەفەرکردنی نێوان کیشوەرەکان دروستکرابوو. کابینە سی و دوو

مەتریەکەی وەکو هۆڵێکی شەخسی بوو، جێگە خەوی دووکەسی و حەمام و نوسینگەی ئیشکردنی تێدا بوو. لە ماوەی شەش مانگی دواتردا، لەگەڵ هامەردا ڕۆیشتم بۆ (پاریس، لەندەن، ئۆتاوا، شیکاگۆ و واشنتۆن و نیویۆرك) هامەر لە میوانخانە ناسراوە شەخسیەتدارەکانی، وەکو کلاریج لە لەندن، لازاناتنە لە پاریس، و میدیسۆن لە واشنتۆن خواردنی دەخوارد و دەمایەوە و لەگەڵ ئەوەشدا زۆر چێژی لەو شوێنانە وەردەگرت، و تەنانەت حەزیشی دەکرد کارمەندەکانی هۆتێلەکانیش هامەر بناسن. (تەنها جارێك کە هامەرم بینی توڕە بێت جارێکیان بوو کە کارمەندی سندوقداری پلازاناتنە، کارتی متمانەی جێگرەکەی ئەوی قبوڵ نەکرد، و نەیهێشت جامتای جێگرەکەی ببرێت بۆ ژوورەکەی) هامەر تاقەتی خواردنی زۆر باش و تەشریفاتی نەبوو، و هەمیشە حەزی دەکرد داوای هەمبەرگر بکات.

لەم سەفەرانەدا چەندین کاتژمێر لە بارەی ژیانی، دەستکەوتەکانی، و سیاسەت و بازرگانیەکانی گفتوگۆمان دەکرد. ئەم قسەکردنانە بەردەوام ئاسان نەبوون. گوێچکەی ئەو کەمێك قورس بوو، و هەرکاتێك کە حەزی نەدەکرد لەبارەی شتێکەوە قسە بکات، لەم حاڵەتەدا سودی لە گوێ قورسەکانی خۆی وەردەگرت بۆ خۆ دەربازکردنی لە بابەتەکە. هەرکاتێك پرسیارێکم لێبکردایە کە چاوەڕوانی نەبوو یان نەیدەویست وەڵام بداتەوە، زۆر بە سادەی خۆی دەکرد بە کەڕێکی تەواو. لەگەڵ ئەوەی کە عەینەکێکی گەورەی دەکردە چاوی، بەڵام هێشتا هەر نزیك بینیەکەی چارەسەر نەدەکرا، و زۆربەی کات، وەکو کابرای حەلقەی ئیفلام کارتۆنی (ماگۆ)، ناسراوەکانی نەدەناسی.

هامەر لە (ئۆکسی یەك) کاتێك لە ناوچەیەکی کاتیەوە تێدەپەڕی، هیچ گوێی بە گۆڕانی کاتەکان نەدا وەکو خەڵکانی دیکە، هیچ کاتێك سڵی لەوە نەکردەوە ئەگەر ئیشێکی هەبووایە بە کارمەندەکانی ئەگەر کاتژمێر سێی شەویش بوایە تەلەفۆنی دەکرد بۆیان. هامەر بەرنامەکانی خۆی جێبەجێ دەکرد و بە ئارەزوی خۆی دەخەوت یان کاری دەکرد. هاوسەرەکەی ئاراڵدیەك هەمیشە لەگەڵیدا بوو و هاوکاری دەکرد.

کاتێك فرۆکەکەی دەنیشتەوە، بەردەوام ژمارەیەکی زۆری هاوکارە شەخسیەکانی، کارمەندانی پەیوەندی گشتی، کارمەندانی ئاسایشی، و وێنەگرە تایبەتەکانی دەهاتن بۆ بەخێرهاتنی، و هەرگیز نەیاندەتوانی فەرمانەکانی پشتگوێ بخەن.

بەدرێژای زستان و بەهاری ساڵی ١٩٨١، هامەر منی بانگهێشت کرد بۆ زنجیرە دانیشتنێك کە خۆی لەو دانیشتنانەدا کەسی یەکەم بوو. من لەگەڵ ئەودا دەڕۆیشتم بۆ بانگهێشتە میواندارییە سیاسیەکان، مەراسیمەکانی و پێشکەشکردنی خەڵاتەکان، کردنەوەی مۆزەخانەکان، و میوانیە تایبەتیەکان، چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانیەکان و بانگهێشتە خێریەکان. هامەری منی ناساند بە دۆستەکانی وەکو (شازادە چارلز، نانی ریگان، باب هوپ، لوئیس نیزەر، سیناتۆر چرلز پێرسی، دیڤید مرداك، ئەدگار فۆر، و مێرجان فاستەر، شازادە بەندرین سوڵتان لەعەرەبستانی سعودیە و پییر ترودو). مەبەستی ئەو ئەوە بوو کە ڕێژەیەکی باش کەرەستەی ڕەنگاو ڕەنگ بخاتە بەردەمم بۆ ئەو چیرۆکەی کە بڕیارە لەسەر هامەر بینوسمەوە، هامەر بە بۆچوونی خۆی، کارنەکتەرێکی سەرەکی بوو لە پارە، چاکەکاری و دەسەڵاتدا. هاوین هات و من هێشتا چیرۆکەکەم تەواو نەکرد. هامەریش تاقەتی نەما و پێشنیاری کرد لە چیرۆکەکەدا هاوکاری بکەم. سوپاسی ئەو پەیوەندی و هەڵسوکەتە باشانەی بکەم، بەڵام بەوەم نەوت چی لیشەکەی دواخستووم.

من لەو کاتەدا خەریکی نوسینی کتێبێك بووم لەبارەی دەزگای سیخوڕی سۆڤیەتەوە. یەکێك لەسەرچاوەکانم بۆ ئەو کتێبە (جێمز ئەنگلتۆن) ی سەرۆکی پێشووی دژە زانیاری ڕەش بوو. (١) ئەنگلتۆن جۆرێك لە لێکۆڵینەوەی هەبوو لەبارەی هامەرەوە، پێشینەی ئەو گومانە دەگەڕایەوە بۆ بیست ساڵ پێشوتر بە وتەی نهێنی یەکێك لە کارمەندە هەڵهاتوەکانی (کەی، جی، بی) لەبارەی سیخوڕێکی دەسەڵاتدارەوە بەناوی (شازادەی سەرمایەدار). ئەنگلتۆن گومانی ئەوە بوو کە بۆی هەیە ئەو سیخوڕە هامەر بێت، بەڵام تاوەکو ساڵەکانی ئەم دوایە لەبارەی ئەم دۆسیەی (پرۆژەی دەینەسۆرەوە) هیچ شتێکی پێ نەوتم. و دواتر، بە شێوە کورت و لێڵیەکەی خۆی

وتی بۆچی تۆ لەلایەنێکی دیکەی چالاکیەکانی هامەر ناتوسی، کە ئەویش پێویستی بەوەیە برۆیت بەشوێن ئەو بەڵگەنامانەی کە کارمەندەکانی زانیاری بەریتانیا لە ساڵی ١٩٢٧، لەکاتی هێرشکردنیان بۆ نوسینگەی (ئەرکاس) دەستەی بازرگانی سۆڤیەتی بەدەستیان هێناوە. منیش لەرێگەی لێکۆڵەرەوە بەتواناکەم لە لەندن (ریکا فریزەر) توانیم بەڵگەکانی (ئەرکاس) بەدەست بهێنم. لەم بەڵگانەدا شتێکی لەو شێوەیە دەست نەدەکەوت، بەلاّم بەتەواوی ئەوەی دەردەخست کە هامەر لە دەیەکانی ١٩٢٠ بابەتێکی لێکۆڵینەوەی سەیر بووە و خەریکی معامەلاتی ناردەن و پێدانی پارە بووە بۆ کارمەندە سیخورە سۆڤیەتەکان. بەبێ دەستپێڕاگەیشتن بە دۆسیەکانی ئێف بی ئای لەبارەی هامەرەوە نەمدەتوانی پەی بە لێکۆڵینەوەی ئەو دەرەنجامانە بەرم. بە هەرحاڵ، لەدوای هەوڵدانێکی زۆرەوە توانیم بەشێوەیەکی دیکە ژیانی هامەر بنوسمەوە کە دەتوانرێت بوترێت بە دیوە راستەقینەکەیدا.

چیرۆکەکە لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٨١ لە ژێر ناوی (مەتەڵی ئارمەند هامەر) لە (گۆڤاری نیۆیۆرك تایمز) بلاّو بووبەوە، ئەو پرسیارەی هێنایە پێشەوە کە: ئایا هامەر بەتەواوی بۆ بەرەو پێشبردنی پەیوەندیە بازرگانیەکانی لەگەڵ رووسیادا سود لە پەیوەندیەکانی وەردەگرێت، یان پەیوەندیە بازرگانیەکانی بەکاردەهێنێت تاوەکو خزمەت بە پەیوەندیەکانی مۆسکۆ بکات؟(٢) هامەر تورە بوو بەم نوسینە، نامەیەکی بیست و پێنج لاپەرەی نارد بۆ سەرنوسەری (تایمز) و لە نامەکەدا بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێت وەسفی خۆی دەکات. و پاشان پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە دەبێت ئەو نوسینە هەمووی بلاّو بکرێتەوە لە تایمزدا، بەلاّم ئەوانە ئەو بیست و پێنج لاپەرەیان کورت کردەوە و لەلاپەرەیەکدا بلاّویان کردەوە. (٣)

وەلاّم و بەردەوامی ئەو کێشمەکێشەیە بێ سود بوو، چونکە بەبێ دەستپێڕاگەیشتن بە ئەرشیفەکانی سۆڤیەتی و دۆسیەکانی ئێف بی ئای لەبارەی هامەرەوە، هیچ رێگەیەك نەبوو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشمەکێشەی کە هێنابوومە ئاراوە. ئینجا، دوای مەرگی هامەر، یەکێتی سۆڤیەت هەرەسی هێنا، و ئەو پێشهاتەی

کە هەرگیز ئەو نەیدەتوانی پێشبینی بکات، و لاقاوێك بەڵگە و دیکۆمێنت لە یەکێتی سۆڤیەتی کەوتە دەرەوە. من کۆمپانیای (بڵاوکراوەی ئیست ڤیو) م دامەزراند، ئەمە دامەزراوەیەك بوو لە (میناپۆلیس) تایبەت بوو بە بەدەستهێنانی ئەو بەڵگانەی کە لە ئەرشیفەکانی سۆڤیەتیدا هەبوون، تاوەکو بتوانم لەو ڕێگەیەوە دۆسیەکانی هامەر دەستکەوێت. لەڕێگەی ئەمانەوە، من زیاتر لە سێ هەزار لاپەڕەی هەواڵگری نهێنیانەم لە سۆڤیەت دەست کەوت کە بەدرێژی باس لە پەیوەندی هامەر دەکەن لەگەڵ بەرپرسە سۆڤیەتەکاندا، پاشان، لەڕێگەی (یاسای ئازادی زانیارییەوە) توانیم دەستم بگاتە زۆربەی ئەو دۆسیانەی (ئێف، بی، ئای) کە باسی هامەریان دەکرد، ئەم زانیاریانە پێشتر دەستکەوتنیان قەدەغە بوو. لەبەر ئەوە ئەم زانیاریانە هەلێکی بێ وێنەیان خستە بەردەمم تاوەکو ژیاننامەی هامەر لە دیدگای دوو دەزگای هەواڵگری دژ بە یەك بنووسمەوە، بۆیە بڕیارمدا ئەم کتێبە بنووسم کە ئێستا لەبەردەستی تۆدایە.

سەرچاوە و پەراوێزەکان

لە ژێر چاودێری خێزانی هامەر، سەرەتا لەرێگەی یەکەی دژەتاوانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی شاری نیویۆرک، بەناوی (دەستەی سور)، پاشان لەلایەن سوپای ئەمریکا و ئاژانسە دەوڵەتیەکان، دەرکەوت کە هامەر پێشینەیەکی دێرینی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم. کاتێك هامەر تەمەنی بوو بە بیست و پێنج ساڵ، بەلایەنی کەمەوە پێنج ئاژانسی ئەمریکی و بەریتانی دۆسیەیان لەسەر ئارمەند هامەر هەبوو. هەرچەندە لەوانە خۆی بێ ئاگا بووبێت لەو جیهانی سیخوڕی و چاودێری یە، چاودێریکردنەکەشی لەلایەن دەزگا هەواڵگریەکان تاوەکو مردنەکەی بەردەوام بوو، و دواهەمین چاودێری لێکۆڵینەوەکەی ئێف بی ئای بوو دوابەدوای داخوازیەکەی بۆ بەخشینەکەی لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە لەبارەی ئەو سەرپێچی و تاوانەی بەخشینەی پارەی بە سندوقی دەنگدانەکان و بەکارهێنانی بۆمەبەستێکی دیکە لە ڕیسوایەکەی واترگێتدا. کارمەندە دەوڵەتیەکان بەشێکی زۆریان وردە وردە کۆکردەوە و ئەمانەش یارمەتی منیاندا تاوەکو بتوانم ئەو پارچە و وردە زانیاریانە هەموو وێنایەکی گەورەیان لێ دروست بکەم بۆ دووبارە خستنەڕووی ژیانی هامەر بەشێوەیەکی دیکە. دەزگای سیخوڕی سۆڤیەتیش چاودێری هامەر و خێزانەکەی بوون، و بەڵگە سۆڤیەتەکان پەنجەرەیەکی گرنگیان لەبارەی چالایە سەرەتایەکانەوە کردەوە. دەعوا یاسایەکان، وەکو بڵاوکردنەوەی مایەپوچیەکان، دۆسیەکانی تەلاق، ڕاپۆرتە تاوانیە هەڵواسراوەکان، ناکۆکیە زۆرەکان لەبارەی ڕێکەوتنەکانەوە، لێکۆڵینەوەکانی (کۆمیسیۆنی کاغەزە بەهادارەکان و بۆرسەی کاڵا)، شکاتی کۆمەڵە پشکدارەکان، دادگە جنائیەکان، و داخوازیەکانی بەخشینی بەڵگە بێ

کۆتاییەکانی ژیانی هەموو شاهیدی ئەدەن لەسەر ژیانی دواتر ئارمەند هامەر. ئەو بەڵگە و دیکۆمێنتانەی کە من لەو بوارەدا کۆمکردونەتەوە هەمووی لە ئەرشیفەکەم لە بەشی (کۆمەڵەی تایبەت) لە کتێبخانەی زانکۆی بستۆن پارێزراون.

هامەر لە پروپاگەندەکان ترسی نەبوو. سەدان چاوپێکەوتنی لەبارەی کارەکانی خۆیەوە کرد،چەندین جار دووبارە ژیاننامەی خۆی نوسیەوە، و تەنانەت داوای ئەوەشی کرد فلیمێکی لەبارەوە بنوسن. لەگەڵ ئەوەدا یارمەتی چەندین ڕۆژنامە نوسیدا بۆنمونە وەکو یەکێکی وەکو من، چەندین هەفتە و مانگ سەفەری لەگەڵدا بکەم. لە سەفەرەکانیدا دەیویست کەرەسەیەك بخاتە بەردەم ئەو ڕۆژنامەنوسەوە بۆ ئەوەی شتێکی لەبارەوە بنوسێت کە لە قازانجیدا بێت. من لسەکانی ئەوم لەو بوارەدا بۆ نیشاندان و بەکارهێنانی بەراوردەکانی هامەر بەکار هێناوە. خودی ژیاننامەی ١٩٨٧ هامەر، کە بەیارمەتی (نیل لیندۆن) نوسی، دووبارەکردنەوەیەکی زۆر باشە بۆ خۆی لەبارەی ئەوەی کە حەزی دەکرد مێژوو لەبارەیەوە چی بڵێت و لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی گرنگە لە باسکردنی ژیانی خۆی. بەڵام لەروانگەی ڕاستی ناوەرۆکی باسەکانەوە، دەبێت زۆر بەوریای و ئەگەرەوە مامەلەیان لەگەڵدا بکرێت. لیندۆن وەکو شەخسی ڕۆژنامەنوسێکی زۆر لێهاتوو و پلە یەکە، بەڵام دەستکەوتی کۆتایی لەژێر چاودێری هامەردا بوو. هەڵبەتە لیندۆن زۆر بە جدی هەولیدەدا ڕاستی چیرۆکەکانی هامەر هەڵسەنگێنێت، بەڵام زۆرێك لە بەسەرهاتەکانی، بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندی بەمانەوەی هەبوو لەسۆڤیەتدا؛ شایەنی لێکۆڵینەوەی زیاتر بوون.

گوزەری مەرگ

زۆربەی ڕۆژانەی ساڵی کۆتایی ژیانی هامەر لەبارەی بەرنامە و بڕیارەکانی ڕۆژانەی هامەرەوە کە کارمەندەکانی ئەکسیدنتال پترولیۆم ئامادەیان دەکرد، وەرگیراوە. دێر بە دێری ژیانی هامەر، لیستی ئەو کەسانەی کە بڕیار بوو بیانبینێت، بەرنامەکانی سەفەرکردن و شوێنی مانەوەکانی لە هۆتێلەکان، شوێنی مەساژ و چاککردنی قژی هامەر هەموو لەم دیکۆمێنتەی کۆمپانیادا دەردەکەوێت. لەگەڵ

ئەوەشدا، من دەفتەری یاداشتەکانی ڕۆژانەی و شۆفێرەکەی (بوچەر)م پەیداکرد، کە هەموو پشتگیری یەك بەیەکی ئەو بەرنامانەی ڕۆژانە دەکەنەوە کە کۆمپانیا ئامادەی کردبوو. کۆمەڵێك لە خزم و کەسە نزیکەکانی هامەر، بۆ نمونە ئەوەی کچەکەی، کیسی هامەریش لەو ماوانەدا یاداشتی ڕۆژانەیان هەبوو. من گفتوگۆم کردوە لەگەڵ (بوچەر، کوڕەکەی هامەر (جولین))، کیسی هامەر، جێگرەکەی هامەر (کاترین کوساك) و (جەین نیستۆن) و (نیل لیندۆن)، و هاوکارەکانی لە نوسینەوەی ژیاننامەکانیدا، سەرەڕای ئەوەش سەیری کۆمەڵێك یاداشتی پەرتەوازی خودی هامەرم کردوە کە لەوماوەیەدا لەسەر پارچە وەرەقی زەرد و سپییەکان نوسیبویەوە. ئەم یاداشتانە باسی کاری ڕۆژانەکانی دەکات، بەڵام زۆرجار بەکورتی، لەبارەی چالاکیەکانیەوەیە.

پەرەسەندنی نەخۆشیەکەی هامەر بەزۆری لەناو بەڵگە و دیکۆمێنتەکانی (سەنتەری پزیشکی زانکۆی کالیفۆرنیا) لە لۆس ئەنجلس وەرم گرتوە کە زیاتر ئەو ڕاپۆرتانەیە کە پەرستارەکانی داویانە لەبارەی تاقیکردنەوە نەخۆشیەکانیەوە (لێرەدا بەناوی پزیشکی پێشووی زانکۆی کالیفۆرنیاوە باسکراوە.)

سەرچاوەیەکی دیکەی دۆسیەکانی بریتی بوو لە دادگاکان کە دوای مەرگی هامەر کرانەوە. ئەم کارانە مانۆڕەکانی هامەریان لەبارەی دوای مردنی خۆی لە دووبارە چاوپێخشاندنەوە جیاوازەکان بە وەسیەتنامەکانی خۆی و تەواوکردنیان پێچەوانە کردەوە (دادگای باڵا، لۆس ئەنجلس، کالیفۆرنیا، دۆسیەی ٠٠٤٦٣٥ بی پی (١٩٩٥) و (تراستی ژیانی ئارمەند هامەر، سەرچاوەکانی نوسین). سەرەڕایی ئەولەەڕێژەیەکی زۆری بەڵگە لەکاتی شکات کردنی میراتگرەکانی هاوسەرەکەی، (جوون ویس)، لەدژی هامەر دەرکەوتن. (واریسەکەی فرانسیس هامەر لە دژی ئارمەند هامەر، دادگای باڵای لۆس ئەنجلس، کالیفۆرنیا، دەعوای ٠٠٥٤٨٠ بی، دۆسیەی ٣٥٥٠، کە لێرەدا بە دەعوای یاسای ویس ناوبراوە). جوون ویس وەکیلەکەی هامەر، جی گۆلد بێرگ، هەردووکیان بابەتیان لەبارەی ئەم دۆسیەوە پێدام.

دۆسیەی فراوانی ئێف بی ئای لەبارەی چالاکیەکانی هامەر (دۆسیەی ئارمەند هامەر ٢٨٠– ٦١) پشتگیری ئەو ڕاپۆرتانە دەکات کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢١. ئەم دۆسیەیەم لە ئێف بی ئای بەهۆی (یاسای ئازادی زانیاریەکان) دەستکەوت.

ڕوونکردنـەوەی معامەلـەی (مـشايخی صـهيون)، وکيلەکـەی هامـەر لـە پـاريس (سمونيل پيسار) کە زۆرێك لەمعامەلەتە جيهانيەکانی هامەريشی هـەبوون، زانياری پێدام. لەگەڵ ئەوەدا لەلای کارمەندەکانيشی کۆمەڵێك دۆسيەم بەدەست هێنا.

هـيلای گيبـسۆن، ڕاوێـژکاری هونـەری هامـەر، دۆسـيەيەکی زۆر باشـی لـەبارەی چـۆنيەتی پێـشکەوتنی کـاری (مۆزەخانــەی ئارمەنــد هامــەرەوە) پێــدام و لەگــەڵ تێبينيەکانی خۆی لەبارەی چالاکيەکانی هامەر لەبواری هونەر و کارەکانی ديکەيەوە.

باسـی پەيوەنديــەکانی هامــەر لەگــەڵ بيتــی مێرفــی لەســـەر بنــەمای ئــەو چاوپێکەوتنەيەم بوو لەگەڵ مێرفی، ئەم خاتونە کۆمەڵێك سەرەداوی پەيوەنديەکانی خۆی لەگەڵ هامەردا بۆ باسکردم.

١- باسـکردنی ڕووداوەکانی ميوانی کلۆگ لە نيك بۆچەر و هـەروەها گفتوگۆ کردنە لەگەڵ ميوانەکانی ديکە، بۆ نمونە وەکو (ئەلفێرد تابمن) (alfred taubman).

٢- گفتوگۆ لەگەڵ کوساك.

٣- گفتوگۆ لەگەڵ (پيسار).

٤- ڕاپۆرتێك لەبارەی ئارمەند هامەر، ١٩٨١، دۆسيەی ئێف بی ئای.

٥- گفتوگۆ لەگەڵ باکوساك.

٦- پزيشکی پێشووی زانکۆی کاليفۆرنيا لەبارەی فرانسيس هامەر.

٧- گفتوگۆ لەگەڵ (گلدبێرگ)

٨- شکاتی هيلاری گيبسۆن، دادگای بالآ، لۆس ئەنجلس، کاليفۆرنيا، دۆسيەی ٠٠٤٦٣٥ بی پی (١٩٩٠)

٩- گفتوگۆ لەگەڵ گيبسۆن.

١٠- هـيلاری گيبـسۆن لـە دژی کۆمپانيـای ميوزيـك، پيلـر و گـارت (musick, peeler and garrett)، دادگـای بـالآ، لـۆس ئـەنجلس، کاليفۆرنيـا، دۆسـيەی (١١٨٢٠٧) بی سی، لاپەڕە (٥).

١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٢- گفتوگۆ لەگەڵ جولين هامەر، گفتوگۆ لەگەڵ کوساك.

١٣- کيسی هامەر، دەفەری ياداشتی ڕۆژانە، بەشی ١٧ ئۆکتۆبەر، ١٩٩٠.

١٤- گفتوگۆ لەگەڵ کۆساك.

١٥- گفتوگۆ لەگەڵ گیبسۆن.

١٦- گفتوگۆ لەگەڵ جولین هامەر

١٧- گفتوگۆ لەگەڵ میرفی.

١٨- لە (گەڕان بەدوای گەنجی رۆمانوف)، نوسینی هامەر، لاپەڕە ١٢٧.

١٩- لنین، نوسینی ڤلکوگونف (voklogonov)، لاپەڕە ٤٢٩.

٢٠- گەڕان بەدوای گەنجی رۆمانوف، لاپەڕە ١٣١.

٢١- ڤلکوگونف، لنین، لاپەڕە ٤٣٧.

٢٢- ژیانی جیاواز، نوسینی کنسدین، لاپەڕە ١٤٤ (بەشی وێنەکان). هامەر لە بانگەشەکەی پەیوەست بە سەرۆك هوور لە وتارەکەیدا بۆ مێژگردەکەی برۆکسل کە ئامادەی کردبوو لە ٢١ شاوریلی ١٩٨١ دووبارە (دۆسیەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ڕێگە پێدان بەپێی یاسای ئازادی زانیاری).

٢٣- گفتوگۆ لەگەڵ لیندۆن.

٢٤- گفتوگۆ لەگەڵ گلدبێرگ.

٢٥- گفتوگۆ لەگەڵ بوچەر.

٢٦- گفتوگۆ لەگەڵ جولین هامەر.

وەرزی یەکەم: لەدایکبوون

توندڕەویە سیاسیەکانی جولیوس هامەر بوونە هۆی ئەوەی کە بەرپرسە دەوڵەتیەکان لە ساڵی ١٩٠٥ جولیوس بخەنە ژێر چاودێریەوە. لە ئەنجامی ڕۆڵەکانی بۆ ڕێکخستنی (نوسینگەی حکومەتی ڕوسیای سۆڤیەتی)، دەزگای لنین لە نیویۆرك، دۆسیەکان لەبارەی ئەو لەم دەزگایانەی خوارەوە بەدەستهاتوون: لە (بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی ئێف بی ئای) (ئەرشیفی نەتەوەی، گروپی بەڵگەنامەکانی ٥٩، بابەتی ٢٢٧٢)، لە بەڕێوەبەرایەتی وەزارەتی دەرەوە، دەزگای ڕەش، کە لە دەیەکانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ زانیاریەکانی دەرەوەی بەردەوام بڵاو دەکردەوە (ئەرشیفی نەتەوەی، گروپی بەڵگەنامەکانی ٥٩)، لە بەشی زانیاری سەربازی وەزارەتی جەنگ (ئەرشیفی نەتەوەی، گروپی بەڵگەکانی ١٦٥)، لە ئێف بی ئای (دۆسیەی جۆلیوس هامەر، ڕێگەپێدان بەپێ

یاسای ئازادی زانیاری)، و لە نەزگای هەواڵگری سیخوڕی بەریتانیا. سەرەڕای ئەو سەرچاوانە، هەر بەپێی یاسای ئازادی زانیاری توانیم دۆسیەی ڤیزەی جولیوس هامەر لە وەزارەتی دەرەوە بەدەست بهێنم. دۆسیەی دەربارەی ئازادی مەرجی جۆلیوس هامەر لە زیندانی سینگ سینگ لە ساڵی ١٩٢٣، لە ئەرشیفی ویلایەتی نیویۆرک، لە ئالبەنی بوونی هەیە.

ژمارەیەک لە هاوڕێکانی جولیوس هامەر لە بزوتنەوەی سۆسیالیستی لە بیرەوەرییەکانی خۆیان باسیان لە چالاکیەکانی ئەو کردوە– گرنگتر لە هەمووی، بنجامین گیتلۆ لە کتێبی (دانی پیادا دەنێم) (I confess) و (برترام وولف) لە کتێبی (لە ژیانی دوو سەدەدا) (a life in tow centuries). باسەکانی (دنیل دی لئیۆن) لە کتێبی (دنیل دی لیئۆن) باسیان لە جۆلیوس کردوە. باسەکانی پەیوەست بە (لودویگ مارتنس) لە دۆسیەکانی وەزارەتی داد لەبارەی دەرچوونی ئەو لە ئەمریکا، بەپێی یاسای ئازادی زانیاری، بەدەست هاتوون. باسی سەردەمی منداڵی هامەر زیاتر لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە لەگەڵ ئارمەند و ڤیکتۆر هامەر لە ساڵی ١٩٨١ و خودی ژیاننامەکەی خۆیشی، کە بە هاوکاری (نیل لیندۆن) نوسیویەتی، نوسراوە.

١– نوسینگەی چوونە ژوورەوەی زیندانی ویلایەتی سینگ سینگ، نوسینینگ، نیویۆرک، ١٩٢٠، ژمارە ٧١٥١٦.

٢– هوو، جیهانی باوکەکانمان، لاپەڕە ٢٩١.

٣– وولف، ژیان لە دوو سەدەدا، لاپەڕە ٨–١٦٧.

٤– هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لاپەڕە ٥٢.

٥– هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٥٥.

٦– هەمان سەرچاوەی پێشوو ٥٨.

٧– هەمان سەرچاوەی پێشوو ٦٠ .

٨– فایلەکانی حیزبی سۆسیالیستی کرێکاری ١٩١٦، ئەنجومەنی مێژووی ویلایەتی، مدیسۆن، ویسکانسن.

٩– هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر لاپەڕە ٥٤.

١٠– ساڵنامەی زانکۆی کۆلۆمبیا، ١٩١٩.

١١– وولف، ژیان لە دوو سەدەدا، لاپەڕەکانی ١٦٧–١٦٨.

١٢- گیلت، (بازرگانی ئەمریکا-سۆڤیەت).

١٣- گیتلۆ، دانی پیادا دەنێم، لاپەڕە ٢٦.

١٤- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٥٩.

١٥- ڕاپۆرتی زیندانیکردنی جۆلیوس هامەر، ٢ جێنیوەری ١٩٢١، دۆسیەکانی بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی ١٩٠٩-١٩٢١ (میاکرۆ فلیم ٧٩٥-٢٠٢٦٠٠).

١٦- دۆسیەی ئازادی مەرجی جۆلیوس هامەر.

وەرزی دووەم- سەفەر بۆ ڕۆژهەڵات

سەرچاوی سەرەکی لە زەمینەکانی چالاکی ئارمەند هامەر و خێزانەکەی لە یەکێتی سۆڤیەت لە دەیەکانی ١٩٢٠ ئەرشیفێکی سێ هەزار لاپەڕەییە کە من لە کۆمسیاری بازرگانی دەرەوە وەرمگرت (ئیدی لەوەودوا بە ئەرشیفی سۆڤیەتی ناویان دەبەم). ئەم ئەرشیفانە کۆمەڵێک بەڵگە دیکەی ئاژانسی دیکەی حکومەتی سۆڤیەتی، وەکو بانکی نەتەوەی کۆماری سۆڤیەتی و دەزگای نهێنی سۆڤیەتیشی تێدایە. کە کۆمەڵێک بەڵگەی بەنرخی، وەکو ڕاپۆرتی ڕینستێن بۆ لنین، لە ئەرشیفی سەرۆک کۆماری لە کرملینی تێدایە (لەوە بەدوا ئەمانە بەناوی ئەرشیفی سەرۆک کۆمار ناو دەبەم). سەرچاوەی سەرەکی ڕوونکردنەوەی پەیوەندیەکانی هامەر لەگەڵ کارمەندانی کۆمۆنیست لە دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت بریتیە لە ئەرشیفەکانی (کۆمنترن) کە کۆمەڵێک بابەتی کۆکراوەی پەیوەست بە حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکاشی تێدایە (ئەمانە لەوە دوا بە بەڵگەکانی کۆمینترین ناو دەبەم). پرۆفیسۆر هاروی کلەر، ئەو لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەو بەڵگەنامە و دیکۆمێنتانە کردوە، و بابەتەکانی پەیوەست بە هامەری بۆ ئامادە کردم.

باسەکانی ئامادەکاریەکانی هامەر بۆ سەفەرەکانی بۆ ڕوسیا لە خواستەکانی بۆ جەواز سەفەر، لەساڵی ١٩٢١ زیاتر لەناو زانیاریەکانی پەیوەست بە وەرگرتنی نامەکانەوە بوو. داواکاریەکانی هامەر و خێزانەکەی بۆ جەواز سەفەر، لە ڕێگەی یاسای ئازادی زانیاریەکانەوە بەدەستم هێنا. (جۆزێف میشێل) دۆسیەکانی وەکو نامەکان و نوسینەکانی چاپەمەنی پەیوەست بە باوکی بوریستی پێدام و ئەمانە

پۆشنگەری ئەو خولەی گواستنەوە ئینتقالیەی ڕوسیا بوون. باسی سەفەرەکانی هامەر بۆ ئورال لەلای (ئیبراهام هیلەر) لە کتێبی (زیندوی پیشەسازی ڕوسیای سۆڤیەتی) وەرگیراوە. (والتەر دۆرانت) ڕۆژنامەنوسی (نیویۆرك تایمز) لە یەکێتی سۆڤیەت لە دەیەکانی ١٩٢٠ کە بارمەتی هامەریدا بۆ تێروانینێکی بەهەوەریەکانی ساڵی ١٩٣٢، شوێنی گشتی ئەو کاتە مۆسکۆیە لە کتێبی (هەرچیم دەوێت دەینوسم) باسکراوە.

هامەر ڕۆڵی خۆی لەبارەی کرداری نایاسای لەبارپردنی کۆڕپەلەی دواتر باسکرد بۆ بیتی مێرفی. باسی زیندانی سینگ سینگ لە (دانی پیادا دەنێم) نوسینی (بنجامین گیتلۆ) دایە. گیتلۆ هاوکاری جولیوس هامەر و لەسینگ سنگ لەگەڵ هامەردا بوو. کاردانەوەی هامەر بۆ ئەو دەستبەسەراگرتنە کورتەی لە بەریتانیا لە ژیاننامەکەی خۆیدا لە ساڵی ١٩٣٢، لە (گەڕان بەدوای گەنجی ڕۆمانوف)دا هاتوە.

هەڵسەنگاندنی بازرگانی ئەمریکا لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت لە نامیەکی بلاَوکراوەی دکتۆری زانکۆی هاروارد (فیلیپ گیلت)، (بنەماکانی سیاسی بازرگانی ئەمریکی- سۆڤیەتی، ١٩٢٤-١٩١٧) هەروەها گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفیسور گیلتە. باسی ژیانی ڕێبەرانی کمینتێرن لە بلاَوکراوەی ١٩٨٦ (فەرهەنگی ژیاننامەکانی کمنتێرن) ی نوسینی (برانکۆ لازیچ) و هەروەها (جیهانی نهێنی کۆمۆنیزمی ئەمریکا) نوسینی هاروی کیلەر، جۆن ئەریل هینز و فریدریخ ئیگۆرۆڤیچ فیرسف، و شیکار و لێکۆڵینەوەکانی پێشتری ئەنتۆنی کیو براون، و چارلز مدونالد لە (لەسەر زەوی سور). ئەلسکاندەر میخایلۆڤیچ ئەرلۆف، هەڵهاتوی دەزگای هەواڵگری سۆڤیەتی، وێنەیەکی لە (چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕێکخستنی بازرگانی لەلایەن ڕێکخراوەکانی هەواڵگری سۆڤیەتی لە ساڵەکانی ١٩٢١-١٩٢٩)، و (تۆمەتە مەرگبارەکان) لە نوسینی جۆن کاستلۆ و ئولگ تزارف، کارمەندی پێشووی کە.جی.بی دا هاتوە.

دەزگای هەواڵگری ڕوسیا ژمارەیەکی زۆر ناو و ڕێکخراوی گۆڕیوە. (چکا) واتە (کۆمیسیۆنی باڵای چاودێری دژە شۆڕشی تێکدەران) لە ساڵی ١٩١٧ دروست بوو، ناوەکەی لە فێبریوەری ساڵی ١٩٢٢ بە (GPU) واتە (نوسینگەی ڕێنوێنی سیاسی یەکەکانی دەوڵەت) گۆڕی. لە ساڵی ١٩٣٤ ناوی ئەو دەزگایەش گۆڕا بۆ (GUGB) واتە (بەڕێوەبەرایەتی سەرەکی ئاسایشی دەوڵەتی) و ئەم یەکەیەش بەشێکە لە

(NKVD) واتە (کۆمیسیاری کاروباری ناوخۆی دروستکراو). لە ساڵی ١٩٤١، ناوی ئەم دەزگایەش گۆڕا بۆ (NKGB) واتە (کۆمیسیاری ئاسایشی دەوڵەتی دروستکراو) و لەساڵی ١٩٤٦، دیسانەوە ئەم دەزگایەش گۆڕا بۆ (KGB) واتە (وەزارەتی ئاسایشی دەوڵەتی). لە ساڵی ١٩٤٧، چالاکیەکانی دەرەوەی ئەم دەزگایە بە (KI) تێکەڵ بوون و (کە.جی.بی) (کۆمیتەی ئاسایشی دەوڵەتی) دروست بوو. لە ساڵی ١٩٢٠، بنکەی سوپای سۆڤیەتیش دەستیکرد بە دروستکردنی دەزگایەکی هەواڵگری دەرەکی، بەناوی (GRU) واتە (ڕێنومای سەرەکی زانیاری)، کە کارە زانیاریەکانی هاوتا بوو لەگەڵ دەزگا هەواڵگریەکانی دیکەی زانیاری وڵات. بۆ هەڵهاتن لەو تێکچوونە بێ بوارە و دەزگایانە ئیدی لەمەولا لەبری ناوهێنانی ئەو هەموو دەزگایانە تەنها ناونیشانی (زانیاری سۆڤیەتی) بەکار دەهێنم کە کارەکانی هەموو ئەو دەزگایانە دەگرێتەوە.

بۆ دووبارە نوێکردنەوەی چالاکیەکانی لنین، لە کتێبی لنین نوسینی (دیمتری ولکۆکۆنۆف) کە بنەمای ئەو کتێبە لەسەر دەستپێڕاگەیشتنی ولکوگونف بۆ دۆسیەکانی پێشوتری نهێنی کرملین، هەروەها سودم لە کتێبی (یۆتۆپیای دەسەلات) لە نوسینی میخائیل هێلەر و ئەلکساندەر نکریچ وەرگرت، کە مێژوویەکی گشتی سۆڤیەتە، باس دەکات. باسی قسەکانی لنین هەمووی لە جەڵدی ٤٥ کۆمەڵە بەرهەمەکانیەوە وەرگیراوە.

سەرەنجام خودی هامەریش دواتر هەندێك بیرەوەری خۆی لەو سەردەمەدا لەسەر شریت تۆمار کردوە بەدەنگە، ئەوانیشم گوێ لێگرت و بەراوردم کردوون لەگەڵ ئەو زانیاریانەی کە لە ڕێگەی دەزگا و شوێنەکان و کتێبەکانی سەرەوە بەدەستم هێناون.

١- گفتوگۆ لەگەڵ مێرفی.

2- Wixen, mogul who refuses of retire, pp. 60-62

٣- گفتوگۆ لەگەڵ ڤیکتۆر هامەر.

٤- هامەر، لە گەڕانی گەنجی ڕۆمانوف، لاپەڕە ٤-٥.

٥- ئەمە سیخوڕە یاکوب نوسوویتسکی (jacob nosovitsky) بوو. بۆ باسکردنی زیاتری دروستبوونی ئەم پەیوەندیە تایبەتە، سەیری mask of treachery بکە.

٦- گفتوگۆ لەگەڵ جۆزێف میشێل.

٧- دۆراتی، هەرچیم دەوێت دەینوسم، لاپەڕە ١١٠.

٨- هامەر، لە گەڕان بەدوای گەنجی رۆمانوف، لاپەڕەکانی ٣٢-٣٤.

٩- هیلەر، زیندوی پیشەسازی ڕوسیای سۆڤیەتی، لاپەڕە ٥١.

10- L.C.K. martens, biographical memoir, 1958, no, 5, istoricheskii archive, moscow>

١١- گوازراوەتەوە لە لنین، نوسینی ولکوگولف، لاپەڕەکانی ٦٢-١١٠-١١٩.

12- Cave browne and macsonald, on a field of red, p. 18.

١٣- یۆتۆپیای دەسەڵات، لاپەڕە ١٢٨.

14- Liberman, building lenins russia , p. 117.

15- Gershman, selling therm the rope, p. 35.

١٦- ڕاپۆرتی رینستین، لاپەڕە ١٨، ئەرشیفی سەرۆک کۆماری ، کۆمەڵەی بەرهەمەکانی لنین، جڵدی ٤٥، لاپەڕە ٣٣٧.

١٧- لنین، کۆمەڵە بەرهەمەکانی، جلدی ٤٥ لاپەڕە ٣٣٨.

١٨- هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٣٤٠.

١٩- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٣٤٧

٢٠- هامەر، گەڕان بەدوای گەنجی رۆمانوف، لاپەڕەکانی ٦٠-٦٤.

٢١- شریتەکانی هامەر، ١١ ئاوریل ١٩٨٠، دیوی یەکەم.

٢٢- ڕاپۆرتەکانی رینستین، ریزی سێ، ئەرشیفەکانی سەرۆک کماری.

٢٣- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٢.

٢٤- لنین، کۆمەڵە بەرهەمەکانی، جەڵدی ٤٥، لاپەڕە ٣٦٨.

وەرزی سێ یەم: ڕێگەی لنین

لێکۆڵینەوەکانی ئەنگار هوور لەبارەی هامەرەوە لەسەر بنەماکانی ڕاپۆرتە یەك لەدوای یەکەکان لە دۆسیەی ئێف بی ئای هامەر و بەڵگەکانی (نوسینگەی

لیکۆڵینەوە) و وەزارەتی دەرەوە کە هەمووی لە ئەرشیفەکانی نەتەوەی لە گروپی (٥٩،٨٦، ٨٠٠) بەڵگەکاندا ڕێکخراون. ڕاپۆرتەکانی تایبەت بە ئستار و بێنر مێن لە گروپی (٨٠٠، جەلدی ٣٣٢- ١١ی بەڵگەکانی (٢٩ نۆڤەمبەری ٢٠ دیسەمبەری ١٩٢١) دەست دەکەون. باسێکی پچڕ پچڕ لەبارەی پەیوەندییەکانی ئارمەند و جولیوس هامەر لەگەڵ هێنری فۆرد لەسەر بنەمای نامەکان، تەلەگرافەکان و بەڵگەکانی دیکە هاتوە کە لە ئەرشیفی کتێبخانەی فۆرد لە (مۆزەخانەی هێنری فۆرد) لە (دی بربۆرن) لە میشیگان، دانراون. بۆچوونێکی گشتی لەبارەی ستراتیژی فۆردەوە لە کتێبی فۆرد، نوسینی ئالین نوینز و فران ئەرنست هیل، فۆردەکان، لەنوسینی پیتەر کالیر و دیڤید هوورویتز، و بازرگانەکانی ئەمریکا لە دەرەوە، لە نوسینی میرا ویلکینز و فرانك هیل وەرگیراون. (سیس شاپیرۆ) زانیاری لەبارەی ڕۆڵی باوکی، جیکۆب شاپیرۆ، لە معامەلەکانی لەگەڵ فۆردی، پێدام.

باسی یەکێتی نهێنی ئەڵمانیا- سۆڤیەت لە کتێبی (جۆن ویلەر-بنێت، یاداشتەکانی دەسەلاَت و هەروەها جرالد فرۆند، (یەکێتی نایەوێن) دا هاتوە.

١- (نیویۆرك تایمز) ١٨ دیسەمبەری ١٩٢١، (نیویۆرك ورلد)، ١٧ دیسەمبەرە ١٩٢١، هەروەها گفتوگۆ لەگەڵ سیس شاپیرۆ.

٢- بە گواستنەوە لە ژیانی سۆڤیەتی، ئاروبلی ١٩٨٥، لاپەڕە ٧.

٣- تەلەگرافی ئارمەند هامەر، ١٠ جێنیوەری ١٩٢٢، ئەرشیفی ڕوسیا.

٤- هەمان سەرچاوە.

٥- لینین، کۆمەڵە بەرهەمەکانی، جەلدی ٤٥، لا ٣٢١.

6- Williams, russian arts and american money, p. 213.

٧- دوبروڤسکی دوای ئاوارەبوونی ئەم هەڵسەنگاندنە لەلایەن ئێف بی ئایەوە پشتیگری کراوە. گەواهیەکەی دوبروڤیسکی، ٢٣ سێپتەمبەری ١٩٣٩، ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، شایەتیدان لە کۆمیتەی تایبەتی چالاکیەکانی نا ئەمریکی، کۆنگرەی حەفتا و پێنج، (لیکۆڵینەوەی چالاکیەکانی بانگەشەی نائەمرکی لە ویلایەتە یەکگرتوەکان، ١٩٣٨-١٩٩٤٣ جەلدی ٨، لاپەڕە ٥٢٠٧، هەروەها سەفارەتی ئەمریکا لە لەندن، دۆسیەی جولیوس هامەر، ٢١ ئۆکتۆبەری ١٩٢٦، بەڵگەی وەزارەتی دەرەوە، گروپی ٨٦، ئەرشیفی نەتەوەی، گروپی بەڵگەی ٨٠٠ بی.

8- Wilkins and hill, amereccan business abroad, pp. 208-212.

٩- گفتوگۆ لەگەڵ سیس شاپیرۆ.

١٠- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر لا ١٢٧.

١١- سەفارەتی ئەمریکا لە لەندن، دۆسیەی جۆلیوس هامەر، ٩ نۆڤەمبەری ١٩٢٦، بەڵگەی وەزارەتی دەرەوە، گروپی ٨٦، ئەرشیفی نەتەوەی، گروپی بەڵگەی ٨٠٠ بی.

12- Gilow, I confess, p 338.

13- Wheeler- bennett, the nemesis of power, pp, 96-103-128.

١٤- نامەی رینستین، جینیوەری ١٩٢٢، ئەرشیفی سۆڤیەتی.

١٥- یاداشتی ئارمەند هامەر بۆ کۆمیسیاری کاروباری سەربازی دروستکراو، ١١ ئاوریلی ١٩٢٢، ئەرشیفی سۆڤیەتی.

١٦- هەمان سەرچاوە.

١٧- لنین، کۆمەڵە بەرهەمەکانی، جەلدی ٤٥ لا ٥٢٣.

١٨- هەمان سەرچاوە. لا ٥٤٢-٥٤٤.

١٩- راپۆرتی رینستین، لا ١٣-١٧ ئەرشیفی سەرۆک کۆمار.

٢٠- لنین، کۆمەڵەی بەرهەمەکانی جەڵدی ٤٥ لا ٥٥٩

٢١- (نیویۆرک تایمز) ١٤ جینیوەری ١٩٢٢.

٢٢- گفتوگۆ لەگەڵ جۆزێف میشێل.

23- OGPU report, 1923, soviet archive.

٢٤- هامەر، لەگەڕان بەدوای گەنجی رۆمانۆف لا ١١٢-١١٧.

٢٥- هەمان سەرچاوە لا ١١٢-١١٣-٤٦.

٢٦- گفتوگۆ لەگەڵ جۆزێف میشێل، گفتوگۆ لەگەڵ ڤیکتۆر هامەر.

٢٧- دۆسیەی ئازادی مەرجی جۆلیوس هامەر لە زیندن، وەکو نامەکانی لە ڤیکتۆر هامەر و بوریس میشیل بۆ جولیوس هامەر.

وەرزی چوارەم: گەڕانەوەی باوکی دەست و دڵکراوە

لەگەڵ ژمارەیەك ئەو کەسانەی کە ئەم لەسەردەمە لەگەڵ هامەردا ژیاون یان ئەوەیان دەناسی گفتوگۆم کردوە: (لوبا ئەلیانۆف)، هاوڕێی خێزانی هامەر کە

خێزانەکەیان فێری زمانی ڕوسی دەکرد، (جۆزێف میشێل)، باوکی لە کەسە نزیکەکانی هامەر بوو، (ئایزاک دان لیواین)، ڕۆژنامەنوس، (جی لاوستۆن) هاوڕێ سیاسی جۆلیوس هامەر، ڤیکتۆر هامەر، وێنایەکی کەم تا زۆرێك کرچ و کاڵی لەبارەی شێوەی ژیانی هامەرەوە لە یەرەوەریەکانی (یوجین لاینز) ی ڕۆژنامەنوس لە ژێر ناوی (بەرپرسیاریەتی لە یۆتۆپیا) دەست دەکەوێت. جولیوس هامەر داواکاری خۆ بۆ ئازادی زوتر پێش کاتی تەواوبوونی خۆی لە زیندان، زانیاری تایبەتی لەبارەی چالاکیەکانی کوڕەکەیەوە داوە لە ڕوسیادا. سەرچاوەی سەرەکی بۆ چالاکیە بازرگانیەکانی ئارمەند هامەر ئەرشیفی سۆڤیەتی بەڵگەکانی کمیتێرنە، کە لە وەرزی دووەمدا باسکراوە.

١- دواکاری ئازادی مرجدار، دۆسیەی زیندانی جۆلیوس هامەر.

٢- نامەیەك لە ٣ ئاورێلی ١٩٢٣

٣- نامەیەکی جۆلیوس هامەر بۆ جورج کارلسن، ٢٠ جێنیوەری ١٩٢٤، ئەرشیفی سۆڤیەتی.

4- Lyons, assignment in utopia, p. 297

٥- گفتوگۆ لەگەڵ ئەلیانۆف.

٦- بابەتێکی بلاْونەکراوەی میل گاسۆ (mel gussow) لەبارەی ئال هێرشفێلد بۆ گۆڤاری (نیوۆرکەر) جێنیوەری ١٩٩٢.

٧- گفتوگۆ لەگەڵ لاوستۆن.

٨- ڕاپۆرتی ڕینستین، ئەرشیفی سەرۆك کۆمار.

٩- نامەی ژمارە ٣٨، لە بوریس ئستمونی یاکیف بۆ مویسی ئیلیچ فرومکین، ٢٢ دیسەمبەری ١٩٢٢، ئەرشیفی سۆڤیەت.

١٠- ناوەڕۆکی ڕاپۆرت لەبارەی (ئیمتیازی پەموەکێویەکە) بە ئیمزای جولیوس هامەر، ٤ ئاوت ١٩٢٣، ئەرشیفی سۆڤیەتی.

١١- نامەی ژمارە ١١٤٨، لە جولیوس هامەر بە لودویگ مارتنس ١٠ مەی ١٩٢٣، ئەرشیفی سۆڤیەتی.

١٢- دۆرانتی، (بەخشینی ئیمتیاز لە سۆڤیەت بۆ دامەزراوەی ئەمریکی).

١٣- ڕێککەوتنی کۆمپانیای یەکێتی ئەمریکا، ١٩٢٣، ئەرشیفی سۆڤیەتی.

14- Klehr, haynes and firsov, the secret world of ammerican communism, p.14.

15- Costello and tsarev, deadly iilusion, pp. 30-32.

١٦- نامەی ژمارە ٣٨، لە ئستمونی یاکف بۆ فرۆمکین، ٢٢ دیسەمبەری ١٩٢٢، لاپەرەکانی ٨-٩ ، ئەرشیفی سۆڤیەتی.

١٧- راپۆرتەکانی ئا.ئیس، رۆش، ٥ ئۆکتۆبەر ١٩٢٥، ئەرشیفی سۆڤیەت.

١٨- نامەی ژمارە ١١٠٢، لە جولیوس هامەر بۆ فرۆمکین، ٢٨ نۆڤەمبەری ١٩٢٥، ئەرشیفی سۆڤیەتی.

١٩- نامەی ژمارە ١١٠٢ لە جۆلیۆس هامەر بۆ فرۆمکین، ٢٨ نۆڤەمبەر ١٩٢٥، ئەرشیفی سۆڤیەتی.

٢٠- نامەی ژمارە ٣٨، لە ئسیتیمۆنی یاکف بۆ فرۆمکین، ٢٢ دیسەمبەر ١٩٢٢، لاپەرەکانی ٨-٩، ئەرشیفی سۆڤیەتی.

٢١- نامەی ژمارە ١٠٢٠، لە جۆلیوس هامەر، ٣ ئۆکتۆبەر ١٩٢٥، ئەرشیفی سۆڤیەتی.

٢٢- نامەی لە لئیۆن تروتسکی بۆ فرۆمکین، ٢١ ئاوت ١٩٢٥، ئەرشیفی سۆڤیەت.

23- See o toolc, honorable treachery, p. 323.

وەرزی پێنجەم: دەستگیر

ریمۆند رۆکا، سەرۆکی دەزگای لێکۆڵینەوەی زانیاری دژە سیخوڕی ڕەش، لەبارەی دۆسیەی مۆنس زانیاری پێدام. دۆسیەی ب (بەلشەفیکی) لە ئەرشیفی نەتەوەی باس لە ڕاپۆرتەکانی سەفارەتەکانی ئەمریکا دەکات لەبارەی سیخوڕی سۆڤیەتیەوە، بە تایبەتی بەڵگەی گروپی ٨٠٠ جەڵدی شانزەیەم (سەفارەتی ئەمریکا لە لەندن)، کۆمەڵێك ڕاپۆرتیان هەیە لەبارەی مۆنسەوە. هەڵسەنگاندنی وەزارەتی دەرەوە لەبارەی مامەڵەی بانکی (هاریۆ) لە بارە بابەتەکانی ئەرشیفی نەتەوەی (گروپی بەڵگەکانی ٢١١٤)، بەتایبەتی ڕاپۆرتەکانی (ئێف. دەبلیو.بی.کلمن) ئەندامی سەفارەتی ئەمریکا لە ریگا لە مانگی مەی ١٩٢٤ (کە دواتر لەو ڕاپۆرتانەدا بە کلمن ناوبران)، وەرگیراوە. وەرگێرانی کۆمەڵە چیرۆکێك لە کۆمەڵە ڕۆژنامەیەکی ناوچەی،

وەکو (revala bote) (٥ مانگی مەی ١٩٢٤) و aba maa ٢٤ ئاوریلی ١٩٢٤، کە نیشانەری بولرێکی گشتی یە، و هەروەها لە ئەرشیفەکانیدا ئەم باسانە نەبینرێت.

١- گفتوگۆ لەگەڵ هیلاری گیبسۆن.

٢- گفتوگۆ لەگەڵ بیتی مێرفی.

٣- نامەیەکی جۆلیوس هامەر بۆ ئارمەند هامەر، ٤ دیسەمبەری ١٩٢٥، بەڵگەکانی کمینترن.

4- Klehr, haynes, and firsf, the secret world of american mommunism, p. 37.

٥- نامەی ژمارە ٣١٣٧٧٩، لە گنریخ بۆ مویسی ئیلیچ فرۆمکین، ٢١ سێپتەمبەری ١٩٢٥، ئەرشیفی سۆڤیەتی.

٦- نامەیەك لە چارلز روتنبێرگ بۆ پیات نیژتسکی، ٨ جێنیوەری ١٩٢٥، بەڵگەی کمینترن.

٧- میتن روتنبێرگ، ١١ جێنیوەری ١٩٢٥، بەڵگەکانی کمینترن.

٨- هەمان سەرچاوە، ٨ دیسەمبەر ١٩٢٦، بەڵگەکانی کمینترن.

٩- هەمان سەرچاوە، ١٥ نۆڤەمبەر ١٩٢٥، بەڵگەکانی کمینترن.

١٠- نامەی ژمارە ٣١٣٧٧٩، لە یاگودا بۆ فرۆمکین، ٢١ سێپتەمبەری ١٩٢٥، ئەرشیفی سۆڤیەتی.

١١- کورتەی معامەلاتی هاوردەنی ئەلامریکۆ، ٢١ سێپتەمبەر، لاپەرە ٢، ئەرشیفی سۆڤیەتی.

١٢- راپۆرتی کلمن، ٢٤ مانگی مەی ١٩٢٤.

١٣- نامەی ژمارە ١٢٤٣، لە ئارمەند و جولیوس هامەر، ٢٠ مارسی ١٩٢٦، ئەرشیفی سۆڤیەتی.

١٤- راپۆرتی پوروشین، ٢٤ جێنیوەری ١٩٢٥، ئەرشیفی سۆڤیەتی.

وەرزی شەشەم: دروستکردنی قەڵەم

زانیاری پەیوەست بە چالاکیەکانی بەرهەمێنانی هامەرەوە و کێشە دارایەکانی لەو ئەرشیفانەی سۆڤیەتەوە هاتوە کە پێشتر باسمانکردن: لە باسی هێرشەکان بۆ

نوسینگەی ئەرکاس، کە پەیوەندی نێوان مونس و هامەر دەخاتەڕوو، و لەگەڵ درێژەی لێکۆڵینەوە لەبارەی خێزانی هامەرەوە، لەو هێرشەوە دەستکەوت کە حکومەتی بەریتانیا بەشێوەیەکی نهێنی ئەنجامیدا، و هەروەها بەڵگەی گروپی ۸۰۰ ب، جەڵدی شانزەیەم (سەفارەتی ئەمریکا لە لەندەن)، لە ئەرشیفەکانی نەتەوەی، وەرگیراوە، هەروەها بە بەڵگەی یاسای ئازادی زانیاری، دۆسیەی تەواوەتی ئێف بی ئای ڤیکتۆر هامەرم دەستکەوت، ئەم زانیاریانە توانی هاوکاریم بکات بۆ ئەوەی چالاکیەکانی ئارمەند لە ڕوسیا هەڵسەنگێنم.

١- هامەر، لە گەڕان بەدوای گەنجی ڕۆمانوف، لا ١.

٢- گفتوگۆ لەگەڵ لوبانەلیانۆف.

٣- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لا ١٨٦.

٤- گفتوگۆ لەگەڵ بیتی مێرفی.

٥- گفتوگۆ لەگەڵ ئەلیانۆف.

٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٧- گفتوگۆ لەگەڵ ڤیکتۆر هامەر.

٨- گفتوگۆ لەگەڵ ئەلیانۆف.

٩- بەرگی ژمارە ٧١١٨٤٢٢٧، یاى ٢-١٩ نۆڤەمبەری ١٩٢٩، ئەرشیفی سۆڤیەتی.

١٠- نۆیۆرك تایمز، ٢٢ نۆڤەمبەری ١٩٢٧.

١١- بەرگی ژمارە ٧١١٨٤٢٢٧، ١٩ نۆڤەمبەری ١٩٢٩، ئەرشیفی سۆڤیەتی.

١٢- دۆسیەی داواکاری جەواز سەفەر، ئارمەند هامەر.

١٣- هامەر،گەڕان بەدوای گەنجی ڕۆمانوف، لاپەرە ١٩، گفتوگۆ لەگەڵ ڤیکتۆر هامەر.

١٤- یاداشتەکانی (لەنگوریتیا، ٦ دیسەمبەر ١٩٣٠، لا ٢، بەڵگەکانی کمینترن.

١٥- ڕاپۆرت لەبارەی دۆسیەی ئارمەند، ئارویلی ١٩٢٤، دۆسیەی ژمارە ٦١-٢٨٠ ئێف بی ئای.

١٦- یاداشتەکانی ژمارە ٨٥٠، لە پاوەر بۆ بریست، ٢٦ مەی ١٩٢٣، دۆسیەی داواکاری جەواز سەفەر، ئارمەند هامەر.

١٧- بستدوڤیسکی، (چۆن مۆسکۆ پارە دەگەیەنێتە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی).

١٨- دۆسـیەتی جۆلیـوس هامـەر، بەڵگـەی ١٢,٢٦٦ ئـاوریلی ١٩٤٠، بەڵگـەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئەرشیفی نەتەوەی، بەڵگەی گروپی ٨٠٠ بی.

١٩- دۆسیەی ئێف بی ئای لە بارەی ڤیکتۆر هامەر، ١٩٤٠.

وەرزی حەوتەم: پێشەکی ئەفسانەیەک

باس و ڕونکردنەوەی معامەلەکانی بەرهەمە هونەریەکانی سۆڤیەتی لە کۆتایی دەیەکانی ١٩٢٠ لەکتێبی هونەری سۆڤیەتی و پارەی ئەمریکی، ڕۆبێرت سی ویلیامز هاتوە. باسی کڕین و فرۆشتنەکانی هامەر لەناو ئەم کاروکسابیەدا لە ئەرشیفی سۆڤیەتیدا هاتوە. جولێن هامەر بیرەوەریەکانی خۆی لەکاتی مانەوەی خێزانەکەی لە پاریس بە وێنەی ئەو سەردەمەوە پێدام. لوبا ئەلیانۆف، کە پۆیشت بۆ بینینی جولیوس هامەر لە زیندانی ئەڵمانیا و هەروەها ئارمەند هامەر لە پاریس، باسی لە زینـدانیبوونی دووەمـی جۆلیـوس هامـەری بـۆ کـردم. ڤیکتـۆر هامـەر بەشـەکانی گەڕانەوەی هامەری بۆ نیویۆرک بۆ باسکردم.

١- ویلیامز، هونەری سۆڤیەتی و پارەی ئەمریکی، لاپەڕی ١٦-١٧.

2- Larsons, an expert in the service of the soviets, habsburg, when russia sold its past.

٣- نامەیـەك لـە سمـوڵیلی بـۆ ئاناسـتاس میکۆیـان، ٢٠ جێنیـوەری ١٩٢٩، ئەرشیفی سۆڤیەتی.

٤- کۆمیـسیۆنی بەرهەمـە بـەهادارە هونەریـەکان، ٣ مـەی ١٩٢٩، ئەرشـیفی سۆڤیەتی.

٥- ویلیامز، هونەری سۆڤیەتی و پارەی ئەمریکی، لا ١٨

6- Taylor, stalin apologist, p. 175.

٧- هامەر، گەڕانی گەنجی ڕۆمانوف، لا ٢١١.

٨- هەمان سەرچاوە لا ١٤.

٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو لا ٤٨.

١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو ٥-٦٤.
١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو ١١٠.
١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو ٢١٥.
١٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەکانی ١٦-٢١٥.
١٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو لا ٢١٥.
١٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو لا٢١٨
١٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو ٢١١.
١٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو ٢١٩.
١٨- هەمان لەگەڵ لیتدۆن، هامەر، لا ٢٠٠.
١٩- گفتوگۆ لەگەڵ ئەلیانۆف.
20- Habsburg, when russia sold its past, p. 128.

وەرزی هەشتەم: دەلاّلی هونەر

ڕوونکردنـەوەی بـارودۆخی شـابوری لـە سـاڵی ١٩٣٢ لـە کتێبـی (وڵاتێـك لـە ئەشکەنجە) نوسـینی (راب ئـەلیس) دا هـاتوە. پەیوەندییـەکان لەگـەڵ ڕۆزفێلـت لـە نوسینەکانی هیتری فرنچ هالیس لەبارەی ڕۆزفێلتـەوە وەرگـیراوە کە لە کتێبخانـەی (فرانکلین دی. ڕۆزفێلت) لە هایدپارك، نیۆیۆرك هەیە. شاراوەی هامەر لە ڕۆڵی خۆیدا لە خستنەڕوو و فرۆشتنی کەلوپەلە هونەرییەکانی ڕوسیا وەرگیراوە لە نوسینەکانی خۆیەوە، وەکو (ژیاننامەی خۆی لە ساڵی ١٩٨٧) و ئەو چاوپێکەوتنانەی کە خۆم لەگەڵمدا سازکرد لە ساڵی ١٩٨١. ڕۆبێرت سی. ویلیامز کە کەوتبوویە شوێن پێی سەرچاوەی بەرهەمـە هونەریـە ڕوسیەکانی هامەرەوە، لـە کتێبـی (هونـەری ڕوسـی و پارەی ئەمریکی) هەڵسانگاندنێکی ماکیتری لەم بارەوە کردوە. بەڵگە و دیکۆمێنتـەکان لە ئەرشیفی سۆڤیەتی پشتیگری بۆچوونەکانی ئەو دەکەن. باسی ئەوەی کـە هامـەر چۆن مۆرەکـانی فـابرژەی بـەکاردەهێنا لـە لـەلای بیتـی میرفـی وەرگـیراوە، کـە هامـەر چـۆنیەتی کارەکـەی بـۆ بیتـی نـمـایش کردبـوو. بـارودۆخی دارایـی هامـەر لـە داخوازیـەکانی بـۆ وەرگرتنـی پێـشینە لـە (دامـەزراوەی دارایـی و نـۆژەنکردنەوە)

ڕوونکراونەتـەوە، کـە مـن لـە دۆسـیەکانی سـاڵەکانی ١٩٣٣ و ١٩٣٤ لـە ئاژانـسی ئەرشـیفەکانی نەتـەوەی دەسـتم کـەوتوە، لەمـەو دوا بـە (دامـەزراوەی دارای و نۆژەنکردنەوە) باسی دەکەم.

١- بە گێڕانەوە لە ئالیس، وڵاتێك لە ئەشکەنجە. لا ٣٦٨.

٢- بە گێڕانەوە لە فریدل، ڕۆزڤێلت، لاپەرەکانی ٣-٩٢.

٣- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لا ٢٠٢.

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو لا ٢٠٣.

٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو لا ٧-٢٠٥.

٦- ویلیامز، هونەری ڕوسی و پارەی ئەمریکی، لا ٢٢١.

٧- ئارمەنـد هامـەر، پێـشەکی کتێبەکـەی (هێلکـەکانی فـابرژە) لـە دانـراوەی دامەزراوەی فابرژە.

٨- گفتوگۆ لەگەڵ مێرفی.

٩- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لا ٢٠٧-٢١٤.

١٠- داواکاری پێشینە بۆ هامەر ١٩٣٦، دامەزراوەی دارای نۆژەنکردنەوە.

١١- گۆڤاری (تایم) ٢١ ئاوتی ١٩٣٣.

12- Hellman, the innocents abroad, pp. 18-21.

١٣- گۆڤاری (تایم)، ١٩ ئۆکتۆبەر ١٩٣٦.

وەرزی نۆیەم: گەڕان بەدوای خاتونی شایستە

باسی پۆلی باوکی هامەر لە دەیەکانی ١٩٣٠ و هەروەها وێنەکانی خێزانیان جولین هامەر پێدام. یاداشتەکانی پەیوەست بە بیرەوەریەکانی ڕۆژانەی ئارمەند هامەر، لە خودی ژیاننامەی ١٩٨٧ەوە وەگیراوە. چالاکیە گوماناویەکانی هامەر لە مەکسیك لە دۆسیەکانی ئێف بی ئای وەرگیراون.

١- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر لا ١٨-٢١٧.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو ٢٤٩.

٣- گفتوگۆ لەگەڵ ئەلیانۆف.

٤- نامەیەك لە پی. ئای. فاکس ۆرس، بۆ ئەدگار هوور، ٧ دیسەمبەری ١٩٣٩، دۆسیەی ئێف بی ئای ئارمەند هامەر.

5- Cave browne and macdonald, on a field of red, p. 508.

٦- نامەیەك لە هوور بۆ ئادۆلف بێر، ١٠ فێبریوەری ١٩٤٠، دۆسیەی ئێف بی ئای ئارمەند هامەر.

وەرزی دەیەم: چاوپێکەوتنی پێنج خولەکی

باسی ستراتیژی ئیستالین لە دژی هیتلەر لە ساڵی ١٩٤٠ و ١٩٤١، لە شیکار و باسی بەڵگەی سیخوڕی لەم کتێبەی خوارەوە وەرگیراوە:

Barton wgaley, codework, BAR-ABROSSA.

باسی هامەر لە ڕۆڵی خۆی لە (خستنەڕوی پێشینە و ئیجارە) لەسەر بنەمای نوسینەکانی خۆی و ئەو بەڵگانەیە کە خۆی خستویەتی بەردەم نوسەر. بابەتەکانی ناو کتێبەکەی ڕۆزفێڵت لەوە دەخەنە ڕوو کە هامەر لەبارەی بابەتەوە پەیوەندی لەگەڵ ڕۆزفێڵتدا هەبوە.

١- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لا ٢٦٣-٥.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو لا ٢٦٥.

٣- دۆسیەی ئێف بی ئای ڤیکتۆر هامەر، ١٢ ئازوریلی ١٩٤٠.

٤- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لا ٢٦٥.

٥- بە گواستنەوە لە: finder, red carpet, p-18.

٦- بە گواستنەوە لە هەمان سەرچاوە، لا ٨٢.

٧- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لا ٧-٢٦٦.

8- Goodwin, no ordinary time, p. 78.

٩- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لاپەڕە ٢٦٧.

10- Goodwin, no ordinary time, pp. 88-9-204,459.

١١- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لا ٢٦٧.

١٢- بە گواستنەوە لە: finder, red carpet, p. 83.

١٢- بە گواستنەوە لە: goodwin, no ordinary time, pp. 193, 212

وەرزی پانزەیەم: دەستکەوتی شەڕ

چۆنیەتی دروستبوونی کێشە و تەلاقی یەکەمی هامەر لە فایلی دانیشتەکانی دادگای (هامەر لەدژی هامەر) لە دادگای داوەری بەشی ٨ ویلایەتی نوادا، ناوچەی کلارك، دۆسیەی ژمارە ١٩٠٣٩ (١٩٤٣) وەرگیراوە. باسی هاوسەرگیری دووەمی هامەر لە گێڕانەوەی جولین هامەر وەرگیراوە، کە خودی خۆی لە مەراسیمی ئاهەنگەکەیاندا بەشداری کردوە. کاتێك هامەر بیتی میرفی برد بۆ هاڤانا بیتی خۆی باسی مانگی هەنگوینی بۆ کردم. لەبارەی بابەتی تەلاقی ژنی دووەمی هامەرەوە، (هامەر لەدژی هامەر) لە دادگای بالاّ، بەشی دادگای انصاف، ناوچەی مونموس، نیوجیرسی، نوسینگەی تۆمارکردنی دعواکان، ژمارە ١٠٧٥٥٤ ئێف (١٩٥٦-١٩٥٣).

زانیاری لەبارەی پەیوەندی دووبارەی خێزانی هامەر بە خزمەکانی سۆڤیەتی لە دۆسیەکانی داواکاری جەواز سەفەرەکەی رۆز هامەر، ڤیکتۆر هامەر وکارمەند هامەر و هەروەها دۆسیەکانی ئێف بی ئای لەبارەی ڤیکتۆر هامەرەوە هاتوە. نانسی ویکەر (nancy wicker)، کچی ناباوکی ڤیکتور هامەر، باسی چالاکیەکانی هامەریشی بۆ کردم لەو سەردەمەدا. هامەر لەناو خودی ژیاننامەکەی ١٩٨٧خۆیدا، هامەر، بابەتێکی لەبارەی دەفتەری یاداشتەکانیەوە باسکرد، بەلاّم دەفتەرەکەی پیشان نەدام.

١- گفتوگۆ لەگەلّ میرفی.

٢- بەڵگەکانی دامەزراوەی دارایی و نوژنکردنەوە (١٩٤٣-١٩٤١)، هەروەها گفتوگۆ لەگەلّ ڤیکەر.

٣- بە گواستنەوە لە کتێبی ڤینبرگە ئارمەند هامەر ، لا ٩٦.

٤- بە گواستنەوە هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ٩٨.

٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو ٩٩.

٦- گفتوگۆ لەگەلّ جولین هامەر.

٧- هامەر لەدژی هامەر (١٩٥٥)،سی- ١٧١٢.

٨- گفتوگۆ لەگەلّ میرفی.

٩- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، ٢٨٢٤.

١٠- دۆسیەی ئێف بی ئای لەبارەی ڤیکتۆر هامەر.

١١- وینبێرگ، ئارمەند هامەر، ل ١٠٦.

١٢- روور، سیناتۆر جو مکارتی، لاپەرەکانی ٥-٨.

١٣- گفتوگۆ لەگەڵ ڤیکتۆر هامەر.

14- Finder, red carpet, p, 89.

١٥- ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، دادرەسی کۆمیسیۆنی هێزە چەکدارەکان، ل ١٦-٦٢.

١٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو ١١٢.

١٧- وینبێرگ، ئارمەند هامەر، ل ١١٠.

١٨- ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، ، داودرەسی کۆمیسیۆنی هێزە چەکدارەکان، ل ٦-١٩، .

١٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٣١.

٢٠- لە مارکا گالوشا بۆ ئستایلز برجیز، ٢٧ نۆڤەمبەر ١٩٥١، کاغەزەکانی ئستایلز برجیز، کالج نیوئنگلەند، منیکەر، نیوهەمشایر، هەروەها، وینێرگ، ئارمەند هامەر، ل ١٠٩.

وەرزی دوانزەیەم: لێپرسینەوە

باسی لێپرسینەوەی هامەر لە راپۆرتەکانی ١٩٥٣- ١٩٥٢ لە ئێف بی ئای باسکراوە لە دۆسیەی ژمارە ٢٨٠-٦١، پەیوەست بە ئارمەند هامەر. لەگەڵ ژمارەیەك لە کارمەندەکانی ئێف بی ئای، وەکو ویلیام سالیۆن، دوای خانەنشینبوونی لەو دامەزراوەیە، لەبارەی ئەو دۆسیەوە گفتوگۆم کردوە.

١- گفتوگۆ لەگەڵ سالیۆن.

٢- کورتی راپۆرتی ٢١ فێبریوەری ١٩٥٢، دۆسیەی ئێف بی ئای ئارمەند هامەر.

٣- یاداشتەکانی هوور بۆ ئا.ئێچ، بلمونت، ٢٧، فێبریوەری ١٩٥٢، دۆسیەی ئێف بی ئای ئارمەند هامەر.

٤- به گواستنەوەی ڕاپۆرتی ٢٨ مارسی ١٩٥٢، لاپەڕە ٦٧، دۆسیەی نێف بی ئای ئارمەند هامەر.

5- Collier with horowitz, the roosevelts, p. 457.

٦- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لا ٢٧٦-٩.

٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو لا ٤-٢٨٠.

٨- ویبیرگ، ئارمەند هامەر، لا ١١.

٩- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر ٢٨٥.

١٠- هامەر لەدژی هامەر (١٩٥٦)

١١- هامەر لەگەڵ لیندۆن، لا ٢٨٥.

وەرزی سیانزەیەم: یاری دەرهاتوو لەخاکدا

بابەتەکانی پەیوەست بە تەلاقی دووەمی هامەر لە بەڵگەی درێژی دۆسیەی هامەر لەدژی هامەری ساڵی (١٩٥٣-١٩٥٦) وەرگیراوە.

١- هامەر لەدژی هامەر (١٩٥٣-١٩٥٦).

٢- گفتوگۆ لەگەڵ مێرفی.

وەرزی چواردەیەم: کوڕی شایستەی باوك

باسی ژیانی تایبەتی هامەر لەم سەردەمەدا لەسەر زاری جولین هامەر و بیتی مێرفی وەرگیراوە. (جولین هامەر لەگەڵ هەندێك وێنە، و دەرخستەیەکی لە ڕەفزکردنەوەی تۆمەتە بۆ هەڵواسراوەکانی، و هەروەها یاداشتەکانی سەفەرەکانی باوکی پیشاندام) گراس، فرۆکەوانەکەی هامەر، پشتیگری بۆ چوونەکانی بیتی مێرفی دەکات.

بەشەکانی دادگای جولین هامەر لە دۆسیەکانی جنائی ژمارە (١٧٢١٦٢) (١٩٥٥) دادگای باڵای ویلایەتی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلس هەیە.

بابەتەکانی پەیوەست بە جیمز رۆزفێڵت وەرگیراوە لە نوسینەکانی رۆزفێڵت بۆ هامەر، من ئەو بابەتانەم لە کتێبخانەکانی فرانکلین رۆزفێڵت بەدەست هێناوە، لەوە بەدوا (بە کاغەزەکانی جێمس ڕۆزفێڵت) ناویان دەبەم.

١- گفتوگۆ لەگەڵ جولین هامەر.

٢- جولین هامەر، یاداشتەکانی سەفەری کارلئیب، فێبریوەری ١٩٥٦.

٣- ڕۆژنامەی (نیویۆرك تایمز)، ١١ مەی ١٩٥٥.

٤- گفتوگۆ لەگەڵ جولین هامەر.

٥- بە گواستنەوە لە هامەر لەگەڵ لیندون، هامەر، لاپەڕە ٢٨٨.

6- Gabler, an empire of their, own, p. 294.

7- Gollier with horowitz, the roosevelts, p. 460.

٨- تیلگرافی ئارمەند هامەر بۆ جیمز ڕۆزفێلت، ٢ جێنیوەری ١٩٥٥، کاغەزەکانی جێمز ڕۆزفێلت.

٩- تەلەگرافی جێمز ڕۆزفێڵت بۆ ئارمەند هامەر، ٣٠ جێنیوەری ١٩٥٥، کاغەزەکانی جێمز ڕۆزفێڵت.

١٠- نامەی ئارمەند هامەر بۆ جیمز ڕۆزفێڵت، ٢٦ ئاوتی ١٩٥٥، کاغەزەکانی جێمز ڕۆزفێلت.

وەرزی پانزەیەم: هاوسەرگیری ئاڵتونی

جوون ویس، کچی خوشکی فرانسیس، زانیاری پەیوەست بە پەیوەندی هامەر و هاوسەری سێ یەمی پێدام. بیتی مێرفی باسی پەیوەندی خۆی کرد بۆم لەگەڵ هامەردا. باس و بارودۆخی ئارماشا لە بابەتی (میخائیل براك) لە (سوویت لایف) و لە کتێبی joseph finder, red carpet وەرگیراوە.

١- هامەر لەگەڵ لیندون، هامەر، لا ٢٩٠.

٢- دەرخستنی سەرانەی ئارمەند هامەر، ١٩٥٥, ١٩٤٨، و ڕێکەوتننامەکانی.

٣- گفتوگۆ لەگەڵ مێرفی.

٤- گفتوگۆ لەگەڵ ویس.

٥- دۆسیەی داواکاری جەواز سەفەری رۆز هامەر.

6- Finder, red carpet, pp. 136-7.

وەرزی شانزەیەم: دووبارە کردنەوەی ڕێگا: لە کەنەدیەوە بۆ خرۆشۆڤ

لە دەیەکانی ۱۹٦۰، هامەر بەنامەیەك بۆ بەرپرسەکانی وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی بازرگانی هەوڵیدا باسێکی خۆی بکات لەبارەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ کارمەندەکانی سۆڤیەتی و لیبیا. هەرچەندە ڕوونکردنەوەکانی هەمووی لە بەرژەوەندی خۆیدا نوسراون و نابێت ئەو نوسینانە بە واقعی بزانرێن، بەڵام ئەم نامەیە، بابەتێکی گرنگە بۆ دیاریکردنی ڕیزبەندی ئیشەکانی هامەر. وەزارەتی دەرەوە، بەپێی یاسای ئازادی زانیاری دۆسیەکەی هامەری بەشێوەیەکی کورتتر خستوەتەڕوو کە لەوە بەدوا بە (دۆسیەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا) ناویان دەبەم، هەروەها وەزارەتی بازرگانی کە لەوەدوا بە (دۆسیەکانی وەزارەتی بازرگانی) ناویان دەبەم. باسی معامەلەکانی هامەر لەگەڵ جیمز ڕۆزفێلت لە (کاغەزەکانی جیمز ڕۆزفێلت) وەرگیراوە. زانیاریەکانی پەیوەست بە ئەکسیدنتال پترولیوم لەسەر بنەمای ڕاپۆرتەکانی ساڵانەی ئەو کۆمپانیاوە و دەرخستەکانی کۆمسیۆنی کاغەزە بەهادارەکان و بۆرسەی کاڵا، لە ساڵەکانی ۱۹٦۰–۱۹۷۰ وەرگیراوە. زانیاری پەیوەست بە فرانسیس لە دۆسیەکانی دادگا و لە فایلەکانی ویسەوە وەرگیراوە بۆ ئارمەند هامەر.

ڕونکردنەوەکەی ڕەش لەبارەی هامەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەڵگەکانی نوسەرێك لەگەڵ جیمز ئەنگلتۆن و کارمەندەکانی لە ساڵی ۱۹۸۱.

١- بە گواستنەوە لە: schlesinger, a thousand days

٢- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لا ٣١٤.

٣- نامەیەك بۆ ئارمەند هامەر، جێنیوەری ۱۹٦۱، کاغەزەکانی ئەبێرت ئەلگور، زانکۆی ویلایەتی تنسی میانی، میمفریز بۆرر، تنسی.

٤- گفتوگۆ لەگەڵ گیبسۆن.

٥- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لا ٣١٤.

6- Finder, red, carpet, p, 142.

٧- نامەیەك بۆ سام پیسوینە لەبارەی دۆزینەوەی نەوتی ئەکسیدنتال ١٩٦٤-١٩٦٦، کاغەزەکانی جیمز ڕۆزفێلت.

٨- گفتوگۆ لەگەڵ لارنس نۆبراین.

٩- ڕێکەوتنی جێمز ڕۆزفێلت لەگەڵ نۆبراین، ١٩٦١، کاغەزەکانی جیمز ڕۆزفێلت.

١٠-ویندیرگ، ئارمەند هامەر، لاپەڕەکانی ٢٩٥-٧.

١١- هەمان سەرچاوە لا ١٥٨.

12- Yergin, the one man flying cireus, p. 43.

١٣-نامەیەك لە لۆسەر هاجین، بۆ دین راسك، ٣ مارسی ١٩٦١، دۆسیەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.

١٤-گفتوگۆ لەگەڵ فرانسیس هامەر، ١٩٨١.

١٥-هامەر لەگەڵ لینۆن، هامەر، لا ٣١٥.

١٦- یاداشتەکانی هامەر لەبارەی چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ وی. ئێم، فینۆگرادف. گریبکف، ١٥ فێبریوەری ١٩٦١، دۆسیەکانی وەزارەتی دەرەوە.

١٧- یاداشتەکانی ئارمەند هامەر لەبارەی گفتوگۆکانی لەگەڵ ویلیام ئێن. مۆرل، ١٤ فێبریوەری ١٩٦١، دۆسیەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.

١٨- هامەر لەگەڵ لینۆن، هامەر، لاپەڕە ٣١٣.

١٩-یاداشتەکانی ئارمەند هامەر لەبارەی گفتوگۆکانی لەگەڵ (ئاناستاس میکۆیان) ١٥ فێبریوەری ١٩٦١، دۆسیەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.

20- Beschloss, the crsis years, p. 79.

٢١-یاداشتەکانی ئارمەند هامەر لەبارەی گفتوگۆکانی لەگەڵ نیکیتا خرۆشۆف، ١٧ فێبریوەری ١٩٦١، دۆسیەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.

22-Beschloos, the crisis years, pp. 169-172.

٢٣- هامەر لەگەڵ لینۆن، هامەر، لاپەڕەکانی ٣٢٣-٣٢٤.

٢٤-نامەیەك لە ئارمەند هامەر بۆ هاجین، ١٩ فێبریوەری ١٩٦١، دۆسیەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.

٢٥-یادداشت لەبارەی دیداری ئارمەند هامەر با هاجین، ٢٧ فێبریوەری ١٩٦١، دۆسیەکانی وەزارەتی بازرگانی ئەمریکا.

٢٦- نامەیەك لە ئارمەند هامەر بۆ میخائیل منشیکۆف، ٣١ مارس ١٩٦١، کاغەزەکانی جیمز ڕۆزفێلت.

٢٧- نامەیەك بۆ جیمز ڕۆزفێلت، مەی ١٩٦١، کاغەزەکانی جیمز ڕۆزفێلت.

٢٨- یاداشتی سنای ئەمریکا، ١٦ ئاوتی ١٩٦١، کاغەزەکانی جیمز ڕۆزفێلت.

٢٩-نامەیەك لە دێلی یەوە بۆ جیمز ڕۆزفێلت، ٣ ئاوریلی ١٩٦٣، کاغەزەکانی جیمز ڕۆزفێلت.

٣٠- تەلەگرافێك لە ئارمەند هامەر بۆ جۆن ئێف کەنەدی، ٢١ سێپتەمبەر ١٩٦٣، کاغەزەکانی جێمز ڕۆزفێلت.

٣١-نامەیەکی جیمز ڕۆزفێلت بۆ ئارمەند هامەر، ٢٣ سێپتەمبەر ١٩٦٣، کاغەزەکانی جێمز ڕۆزفێلت.

٣٢- نامەیەك لە ئارمەند هامەرەوە بۆ خرۆشۆف، ٨ مەی ١٩٦٤، دۆسیەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.

٣٣- یاداشتەکانی ئارمەند هامەر لەبارەی گفتوگۆکانی لەگەڵ خرۆشۆف، ١٢ جێنیوەری ١٩٦٤، دۆسیەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.

٣٤- هەمان سەرچاوە.

٣٥- هامەر، لە کتێبی گەڕان بەدوای گەنجی ڕۆمانۆف، لا ١، گفتوگۆ لەگەڵ ئارمەند هامەر.

٣٦- ڕۆژنامەی (نیویۆرك تایمز)، ٢٧ سێپتەمبەر ١٩٦٤ز

٣٧- یاداشتەکان لە دەبلیو.ا.برانیگین. بۆ ویلیام سالیوان، ٢٣ فێبریوەری ١٩٦١، دۆسیەکانی ئارمەند هامەر بۆ ئێف بی ئای.

٣٨- یاداشتەکانی، ١٤ جێنیوەری ١٩٦١، دۆسیەکانی ئارمەند هامەر بۆ ئێف بی ئای.

٣٩- گفتوگۆ لەگەڵ سالیوان.

٤٠- گفتوگۆ لەگەڵ ئەنگلتۆن.

٤١- دۆسیەکانی ئارمەند هامەر لە ئێف بی ئای، ٤ ئاوتی ١٩٤٤، لاپەڕە ١٥.

وەرزی حەڤدەیەم: جیۆپۆلەتیکی نەوتی خاو

لەگەڵ هەموو ئەو ئەرکەی کە هامەر خستیە بەر خۆی تاوەکو ئەو ئەو پێدان و بەریتلانەی بشارێتەوە کە بەخشی بە بەرپرسەکانی لیبیا بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازی نەوتی بۆ ئەکسیدنتال پترۆلیۆم، دوا یاسایەکان لەسەر مافی ئیشکردنەکان هێڵە سەرەکیەکانی ئیشەکەی خستەڕوو. زۆرێك لەبەشەکان، وەکو بەروارەکان، شوێنەکان، و بەشداربوەکان لە دانیشتنەکاندا، و هەروەها خودی بەڵگەکانیش توانیم لەو بوارەدا بەدەستیان بهێنم. شکاتی ئالن و شرکا (لە دادگای بەشی ئەمریکا، بەشی باشوری نیۆیۆرك، دۆسیەی ٦٧-٤٠١١ (١٩٦٨)، لەمەودوا بە (شکاتەکەی ئالن) ناو دەبرێت، شکاتی ویراست وندل فیلیپس (وراس وندل فیلیپس لە دژی ئەکسینتال پرتۆلۆم، دادگای بەشی ئەمریکا، بەشی ناوندی کالیفۆرنیا، دۆسیەی ١٤٦١-٨٧ ئی ئار، لەمەو دوا بە (شکاتی فیلیپس ناودەبرێت) شکاتی هانس کونس (هانس- ئەلبێرت کونس لە دژی کۆمپانیا ئەکسیدنتال پترولیوم، ئارمەند هامەر و ئارتۆر ئاندرسن و شرکا، دادگای بەشی ئەمریکا، لە بەشی کۆلۆمبیا، دعوای مەدەنی (٨٨-١١٦٩ (١٩٨٨) لەمەو دوا (بەشکاتی کونس ناو دەبرێت) و شکاتی عومەر شلحی (شکاتی عومەر شلحی لەدژی کمال زینل زادە، دادگای سەرەتای، دۆسیەی ژمارە ٨٧٥ (ا) ١٧١٦، جێنف، سویسرا (٢ ئاوریلی ١٩٧٩) لە ئەرشیفی نوسەر، لەمەو دوا (بە شکاتی شلحی ناو دەبرێت) بەتایبەتی دەرخەری کارەکان بوون. لێکۆڵینەوەی ناوبراو کۆمیسیۆنی کاغەزە بەهادارەکان و بۆرسەی کالاّ لە ئەکسیدنتال پترولیوم و شانزە کارتۆن بەڵگەی ڕابردوو، بەهۆی یاسای ئازادی زانیاریەوە خرانەڕوو، وەکو دۆسیەکانی ژمارە یەکی ٤٠٧-٥٢٠ کۆمیسیۆنی کاغەزە بەهادارەکان، ١٤ ئاوریلی ١٩٧٨ لەوە دوا (بە دۆسیەکانی کۆمیسیۆنی کاغەزە بەهادارەکان) ناو دەبرێت، و هەروەها زانیارێکی گرنگ بەدەست دەهێنن.

لەلایەن جی. هێنری شولەر، کارمەندی پێشووی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە لیبیا، بابەتی زۆرم دەستکەوت. ئەو دەستونسێکی بڵاونەبووی خۆی بەناوی (نیشانە نادیارەکانی) خستەبەردەم. ئەم بەڵگەیە هەم لێکۆڵینەوەیە و هەمیش شیکارکردنێکە لە چالاکیە سیاسیەکان و ئابوریەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە گفتوگۆکانم (لە

لەندەن لە ١٩٩٥) لەگەڵ مستەفا بن حلیم، وەزیری زۆر بەهێزی دەوڵەتی لیبیا، لەبارەی ئەوەی کاتێك کە هامەر ڕۆیشت بۆ لەندن لەگەڵ خوشکەکەی ویند فیلیپس، مریلین فیلیپس هاجسن، پیاوەکەی گۆردن هاجمن، مەیاسگرەکەی فیلیپس، و لەگەڵ عومەر شلحی، ڕاستەی سەرەکی معاملەی لیبیا، و لەگەڵ دۆرمن کامینز، و سەرۆکی هەموو کاروبارە دارایەکانی ئەکسیدنتال، و لەگەڵ جۆرج ویلیامسۆن، کە بووە سەرۆکی عەملیاتی هامەر لە لیبیا و بەڵگەکانی ئەو سەردەمەی پێدام، و زۆر سودم لێوەرگرتن.

ڕوونکردنەوەی پەیوەندی هامەر لەگەڵ سەرۆك جانسۆن لە کتێبخانەی لیندن بینز جانسۆن لە شاری ئۆستین تەکساس (کە لەمەودوا بە کاغەزەکانی جانۆمسۆن) ناو دەبرێت دەستم کەوت. بەشی پەیوەست بە بیتی مێرفی لەگفتوگۆکاندا لەگەڵ خودی خۆی بەدەستم هێناوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ ژمارەیەك لە فرۆکەوانەکانی هامەر لەو سەردەمەدا، وەکو (فێرد گراسی) گفتوگۆم کردوە.

1- Epstein, the gartel that never was, p. 68.
2- Tremlett, gadaffi, p. 76.

٣- گفتوگۆ لەگەڵ بن حلیم.

٤- گەواهی جیمز ئەکینز لە بەرامبەر کۆمیسیۆنی وەزارەتی دەرەوەی ئەنجومەنی سنای ئەمریکا، ١١ ئۆکتۆبەری ١٩٧٣.

٥- گفتوگۆ لەگەڵ بن حلیم.

٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٧- گفتوگۆ لەگەڵ کامینز.

٨- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر. ل ٣٢٤.

٩- نامەیەکی ئارمەند هامەر بۆ لوسەر هاجیز ٢٤ فێبریوەری ١٩٦١، دۆسیەی وەزارەتی بازرگانی ئەمریکا.

١٠- نامەیەکی ئارمەند هامەر ١٨ دیسەمبەر ١٩٦٣، شکاتی ئالن.

١١- شایەتیدانی ئارمەند هامەر، ٧ فێبریوەری ١٩٦٨، شکاتی ئالن.

١٢- گفتوگۆ لەگەڵ ولیامسۆن.

١٣- شایەتیدانی ئارمەند هامەر، ٧ فێبریوەری ١٩٦٨، شکاتی ئالن.

١٤- گفتوگۆ لەگەڵ کامنز.

١٥- ملیاردێری نەوتی دەبلیو، فیلیپس لە ٥٤ ساڵی کۆچی دوای کرد)ن (هونولولو ئادورتایزر)، ٥ دیسەمبەری ١٩٧٥.

١٦- گفتوگۆ لەگەڵ مریلین هاجسن، گفتوگۆ لەگەڵ گۆردن هاجسن.

١٧- شکاتی فیلیپس.

١٨- گفتوگۆ لەگەڵ شلحی.

١٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٠- پەیامی تەلەگراف لە ئارمەند هامەرەوە بۆ تاهر عوقبی، ١٩ جێنیوەری ١٩٦٥، شکاتی ئالن.

٢١- گفتوگۆ لەگەڵ گراس.

٢٢- وێنبێرگ، ئارمەند هامەر، لاپەڕە ١٦٥-١٦٦.

٢٣- گفتوگۆ لەگەڵ شلحی.

٢٤- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لاپەڕە ٣٣٦.

٢٥- یاداشـتی جێمـز مـاردی لـەبارەی ڕێکـەوتن لەگـەڵ لێکۆڵینـەوەی کۆمیسیۆنی پەیوەندی دەرەوەی ئەنجومەنی سنای ئەمریکا، ٢٩ نۆڤەمبەری ١٩٧٣، دۆسیەی کۆمیسیۆنی کاغەزە بەهادارەکان، لا ١.

٢٦- دۆسیەی نهێنی ئێف . ئای. ٥ کاغەزەکانی جانسۆن.

٢٧- نامەیەک لـە جێمـز ڕۆزفێلـت بـۆ هێـری هـال وێلسن، دۆسـیەی نهێنـی ئێف، ئا. ٥. کاغەزی جانسۆن.

٢٨- یاداشتی ماروین واتسن بۆ لیند جانسۆن، دۆسیەی نهێنی ئیف. ئا.٥ کاغەزەکانی جانسۆن.

٢٩- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لا ٣٦٥.

٣٠- گفتوگۆ لەگەڵ مێرفی.

٣١- نامەیەک لە ئارمەند هامەرەوە بۆ عومەر شلحی، ٢ مەی ١٩٦٦، شکاتی فیلیپس.

٣٢- گفتوگۆ لەگەڵ شلحی.

33- Mc cartney, friends in high places, p. 148.

٣٤- براون، (هامەر لە لیبیا)

٣٥- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لاپەڕە ٣٤٣.

٣٦- گفتوگۆ لەگەڵ شلحی.

٣٧- نامەیەك لە هانس کۆنس بۆ فیلیپس ٣١ جێنیوەری ١٩٦٨، شکاتی فلیپس.

٣٨- گفتوگۆ لەگەڵ شلحی.

٣٩- نامەیەك لە کونس بۆ فیلیپس، ٣١ جێنیوەری ١٩٦٨، شکاتی فیلیپس.

٤٠- نامەیەك لە ئارمەند هامەر بۆ کونس و کمال زینل زادە، ١ مەی ١٩٦٩، شکاتی فیلیپس.

٤١- گفتوگۆ لەگەڵ ولیامسۆن.

وەرزی هەژدەیەم: هەڵهاتن لەڕۆژی سزا

بەشی پەیوەست بە پەیوەندی ڕەشەوە لەگەڵ هامەر بەهۆی گفتوگۆیەکەوە لەگەڵ جێمز لەنگلتۆن و سەرۆکی نوسینگەی ئەنگلتۆن، نوتن ئەسکات میلەر.

1- Tremlett, gadaffi, pp. 65-73.

٢- گفتوگۆ لەگەڵ ولیامسۆن.

٣- گفتوگۆ لەگەڵ شولەر.

٤- گفتوگۆ لەگەڵ ولیامسۆن.

5- Dunne, armand hammer, p. 18.

٦- یاداشتی جیمز ماردی لەبارەی گفتوگۆ لەگەڵ لێکۆڵینەوەی کۆمسیۆنی پەیوەندی دەرەوەی سناى ئەمریکا، ٢٩ نۆڤەمبەری ١٩٧٣، دۆسیەی کۆمیسیۆنی کاغەزی بەهادار، لاپەڕە ١.

٧- گفتوگۆ لەگەڵ شلحی.

٨- یاداشتی ماردی.

٩- گفتوگۆ لەگەڵ کامنز.

١٠- نامەیەك لە ئارمەند هامەرەوە بۆ هانس کونس، ٥ دیسەمبەری ١٩٥٦٩، شکاتی کونس.

١١- نامەیەك لە کونس و کمال زیتل زادە بۆ ئارمەند هامەر، ٧ جینیوەری ١٩٧٠، شکاتی کونس.

١٢- گفتوگۆ لەگەڵ ولیامسۆن.

١٣- عەلەم شا، و من (وەرگێرانی ئینگلیزی) لاپەرە ٦٣.

١٤- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لا ٣٤٥.

١٥- گفتوگۆ لەگەڵ ولیامسۆن.

١٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٧- گفتوگۆ لەگەڵ گراس.

18- Yergin, the prize, p. 580.

١٩- گفتوگۆ لەگەڵ شولەر.

٢٠- شکاتی کۆنس.

٢١- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لاپەرە ٣٥٣.

وەرزی نۆزدەیەم: هونەری بەرتیلدان

لێکۆڵینەوە وشیکاریەکەم لە شێوەکانی بەرتیلدانی هامەر بۆ کارمەندنی دەوڵەتی لەسەر سێ بنەمای سەرەکی وەرگیراوە:

یەکەمین وەرگیراوە لەو یاداشتانەی کە کۆمیسیۆنی تایبەتی بەڕێوەبەرایەتی ئەکسیدنتال ئامادەیان کردوە. ئەم کۆمیسیۆنە لە ساڵی ١٩٧٧ پێکهێنراوە تاوەکو لەبارەی بەرتیلدانەکان و گەندەڵیە گوماناویەکانی ئەکسیدنتالەوە لێکۆڵینەوە بکات، ئەمە ئەو شتەبوو کە پشکدارەکانی دادوەرەکانی (کۆمیسیۆنی کاغەزە بەهادارەکان و بۆرسەکانی کالا) ویستبویان. کۆمیسیۆنی دەسەڵاتی بە زۆر گەواهیدانی نەبوو، بەڵام فۆرمێکی پاپرسی دابەشکرد بەسەر بەڕێوەبەرەکانی ئەکسیدنتالدا، و لەسەر بنەماکانی ئەو پرسیارانە، سی و سێ لایەنی پێدانی نائاسای و گوماناوی ڕاپۆرتیان

لەسەردرا. ئەم ڕاپۆرتانە بەناونیشانی (پێدانە لێکۆڵەرەوەکان و کارکردە حسابدارەکانی کۆمپانیای ئەکسیدنتلای پترۆلۆیم، ١٩٧٥-١٩٦٩) لە ساڵی ١٩٧٨ خرایە بەردەم کۆمیسیۆنی کاغەزە بەهادارەکانەوە و (لەوە بەدوا بە یاداشتە وەرگیراوەکانی ئەکسیدنتال ناو دەبرێت)

دووەمین بەدەستهێنان لە دەرەنجامی سێ لێکۆڵینەوەی سەرەکیە کە کۆمیسیۆنی کاغەزە بەهادارەکان لە بارەی ئەکسیدنتالەوە بەکاریان هێنا. ئەم بوارە، بۆنموونە لێکۆڵینەوەی ژمارە ٤٩٤، ئێچ ئا، ٥٥٧، ئێچ ئا، و ٨٤٦ ئێچ، بەپێی یاسای ئازادی زانیاری خرایە بەردەم. بابەتە خاوەکانی لە دۆسیەکانی ئەکسیدنتال کە (کۆمیسیۆنی کاغەزە بەهادارەکان) دەستی بەسەردا گرتبوون، بەپێی یاسای ئازادی زانیاری و خواستی هەشت ساڵە بۆ بەردەم (ستیو وینبێرگ) لە ساڵی ١٩٩٣ توانیم دەستم پێیان بگات و (لەوە بەدوا ئەمانەش بە لێکۆڵینەوەکانی کۆمیسیۆن) ناو دەبرێن.

هەروەها کۆمەڵێك شریت و میکرۆکاسێت هەیە کە هامەر لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٩ تاوەکو ١٩٨٣ بە شێوەیەکی نهێنیانە تۆماری کردوون (لێرەدا بە شریتەکانی هامەر ناو دەبرێن). هامەر بەزۆری گفتوگۆ هەستیارەکانی لەسەر ئەم شریتانە تۆمار دەکرد، و بەتایبەتی ئەو گفتوگۆیانەی کە لەبارەی پێدان و وەرگرتن و بەرتیلەکانەوە بوو.

لە کۆتاییدا پەیوەندیم لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوڕێ و هاوکارەکانی هامەرەوە کرد کە دەستیان هەبوو لەو معامەلانەدا، یان ئاگاداری بەشێك لەو معامەلانە بوون. وەکو سێر جۆن فاستەر، و جۆن بێرتۆن تێرگت، ڕاوێژکاری هامەر لە کاروباری جیهانی ئەوتدا.

١- گفتوگۆ لەگەڵ سێرجان فاستەر.
٢- یاداشتە وەرگیراوەکانی ئەکسیدنتال.
٣- گفتوگۆ لەگەڵ ئارمەند هامەر.
٤- گفتوگۆ لەگەڵ کامینز.
٥- گفتوگۆ لەگەڵ فاستەر.
٦- یاداشتە وەرگیراوەکانی ئەکسیدنتال.
٧- گفتوگۆ لەگەڵ کامینز.
٨- گفتوگۆ لەگەڵ کامینز.

٩- نامەیەك لە هانس كونس بۆ ویندل فیلیپس، ١ مەی ١٩٦٩، شكاتی فیلیپس.

١٠- گفتوگۆ لەنێوان ئارمەند هامەر و جۆ ئەسكیۆ، نۆڤەمبەری ١٩٧١، شریتی ژمارە ٤ هامەر دیوی یەكەمی.

١١- یاداشتە وەرگیراوەكانی ئەكسیدنتال.

وەرزی بیستەم: بەرەو ڕوسیا بە متمانەو پارەوە

بەشێك لە ناوەڕۆكی ئەم وەرزە وەرگیراوە لە گفتوگۆكانم لەگەڵ ڕچارد نیكسۆن و هێنری كیسنجەر، و كارمەندانی نوسینگەی ئاسایشی نەتەوەی كیسنجەر، وەكو هێلمۆن سوننفێلد. دووبارە گەڕانەوەی هامەر بۆ یەكێتی سۆڤیەت لەسەر بنەمای گفتوگۆكانی ژمارەیەك لە هاوكارەكانی، وەكو میخائیل براك وەرگیراوە كە پەیوەندی هەبوو بە مۆسكۆ وە، و نۆرمن كامنز، و زلتان مێرزی كە دواتر بوو بە سەرۆكی ئەكسیدنتال. شریتە باشەكانی هامەر، كە ڕێكەوتنەكانی خۆی لەگەڵ بەرپرسەكانی ئەكسیدنتال لەبارەی مامەڵەكانی سۆڤیەت كە بەنهێنی تۆمار كردوە.

١- كیسنجەر، دیبلۆماسی، لا ٧١٤.

2- Finder, red carpet, pp. 201-2.

٣- گفتوگۆ لەگەڵ براك.

4- Finder, red carpet, p. 226.

٥- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر. لا ٤٠٢.

٦- هەمان سەرچاوە. لا ٤٠١.

7- Finder, red carpet, p. 93.

٨- گفتوگۆ لەگەڵ باراك.

٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٠- خرۆشۆف، بیرەوەریەكانی خرۆشۆف، لاپەرە ٣٤٥-٨١.

١١- سەفەرەكەی یكاترینا فورتسوا (نیویۆرك تایمز) ٢٥ ئۆكتۆبەر ١٩٧٤.

١٢- گفتوگۆ لەگەڵ گیبسۆن.

١٣- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لا ٤٣٣.

١٤- هەمان سەرچاوە، لا ٤٠٢.

١٥- گفتوگۆ لەگەلێ براک.

١٦- هەمان سەرچاوە.

١٧- گفتوتگۆ لەگەلێ میْرزی.

١٨- گفتوگۆ لەگەڵ براک.

١٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٠- (نیۆیۆرک تایمز) ١٨ جێنیوەری ١٩٧٢، لا ١.

٢١- گفتوگۆ لەگەڵ پیترسۆن، گفتوگۆ لەگەڵ هلمۆن سوننفێلد، گفتوگۆ لەگەڵ کیسنجەر.

٢٢- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لا ٤١١.

٢٣- هالد من، یاداشتەکانی هالدمن، لا ٤٨٤.

٢٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٥- گفتوگۆ لەگەڵ سوننفێلد.

٢٦- گفتوگۆ لەگەڵ کامیدز.

٢٧- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لا ٤٠٥.

٢٨- پەیوەندی ڕوسی، دکتۆر ئارمەند هامەر، بەرنامەی تەلەفزیۆنی ئێن بی سی، دروستکراوی (لوسی یاروپس، ١٨ جێنیوەری ١٩٧٤.

٢٩- اسدالله عەلەم، یاداشتەکانی عەلەم، جەلدی دووەم، لا ٤٠٥-٤٠٦ .

٣٠- گفتوگۆ لەگەڵ میْرزی.

٣١- (سۆڤیەتەکان وئەکسیدنتال لە معامەلەیەکی چەند ملیۆن دۆلاری) نیۆیۆرک تایمز، ١٤ ئاوریلی ١٩٧٣.

٣٢- وال ستریت جەنرال، ٢٢ مەی ١٩٧٣.

٣٣- نامەیەکی ئارمەند هامەر بۆ ریچارد نیکسۆن، ١٣ مارسی ١٩٧٤.

٣٤- نامەیەکی نیکسۆن بۆ ویلیام کیسی، ٢٠ مەی ١٩٧٤،.

٣٥- نیۆیۆرک تایمز، ٢٢ مەی ١٩٧٤، لاپەرە ١.

٣٦- گفتوگۆ لەگەڵ میْرزی.

وەرزی بیست و یەك: تاوان و ڕیسوایەکەی واترگێت

بەڵگەی ئاشکرای ڕوونی پێدانە ناپاسایەکانی ئارمەند هامەر بۆ سندوقی هەڵبژاردن، لە (لێکۆڵینەوەکانی گروپی لێکۆڵەرەوانی تایبەتی واترگێت)، و بە تایبەتی یاداشتەکانی ١٦ی سێپتەمبەری ١٩٧٤ی ئەوانە، لە کورتەی شایەتیدانەکانی (ئەرشیفی نەتەوەی، گروپی بەڵگەکانی ٤٦٠، دۆسیەکانی ئارمەند هامەر و ئەکسیدنتال پترۆلیۆم) بەدەست هاتوە، سەرەڕایی ئەوەش، لێکۆڵینەوەکانی ئێف بی ئای، وەکو کورتەی گفتوگۆکانی لەگەڵ ئارمەند هامەر، لە دۆسیەی ئێف بی ئای هامەر، کە پێشتر باسکرا بوونیان هەیە. لێکۆڵینەوەی کارمەندەکانی سزادانی هەڵواسراوی هامەر و کاردانەوەکانی دادگا لەبەرامبەر ئەو ڕاپۆرتە سزا هەڵواسراوانەی ئارمەند هامەر (دادگای بەشی ئەمرکا، واشنتۆن، دۆسیەی ٦٦٨-٦٧٥) و لە دادگا لە بەردەم لارنس لیدیك لە (دادگای بەشی ئەمریکا، ناوچەی ناوەندی کالیفۆرنیا، دۆسیەی ٧٢٧-٧٧٤ی ١٢ فێبریوەری ١٩٧٥) وەرگیراوە.

هەروەها لەگەڵ وەکیلەکەی هامەر، ئەدوارد بنت ویلیامز، لە ١٩٨١ ،لەگەڵ ڕاوێژکارەکانی لندنی هامەر قسەم کردوە.

١- هامەر لەگەڵ لیندۆن، لاپەڕە ٤١٤.

٢- گفتوگۆ لەگەڵ هامەر.

٣- گروپی لێکۆڵەرەوانی تایبەتی وارترگێت، یاداشتی ١٦سێپتەمبەری ١٩٧٤.

٤- گفتوگۆ لەگەڵ ڕاوێژکارانی هامەر لە لەندن.

٥- کورتەی گفتوگۆ لەگەڵ ئارمەند هامەر، ٢٤ ئاوتی ١٩٧٣، لە دۆسیەی ئێف بی ئای ئارمەند هامەر.

٦- گفتوگۆ لەگەڵ ویلیامز.

٧- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لاپەڕە ٤١٤.

٨- هەمان سەرچاوە.

٩- نامەیەك لە ئارمەند هامەرەوە بۆ جیمز واکەر، ڕاپۆرتی سزای هەڵواسراوی ئارمەند هامەر.

١٠- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لا ٤١٤.

١١- دادگایکردن لە بەردەم قازی لیدیك

١٢- نامەیەك لە فرانسیس هامەر بۆ ڤیكتۆر و ئارین هامەر، ٢ ئاوریل ١٩٧٦.

١٣- گفتوگۆ لەگەڵ جولیێ هامەر.

١٤- براك، (میوانی دكتۆر هامەر بۆ ماڵە تازەكەی).

وەرزی بیست و دوو: مامۆستا كۆنەكان، دولبەرە جوانەكان

ئەم وەرزە بەهۆی گفتوگۆكانم لەگەڵ مارتا كافمن (هیلاری گیبسۆن) لە ساڵی ١٩٩٢ نوسرا و لەو دۆسیانەی كە گیبسۆن پێیدام، وەكو وەسلە حسابكراوەكانی كۆمیتەی جێبەجێكردنی ئەكسیدنتال لە بەرواری ٢ دیسەمبەری ١٩٨٠، و هەروەها نامەوەرگیراوەكانی ساڵی ١٩٨١ی ئارمەند هامەر بۆ زانكۆی كالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلس. هەروەها بەشێكی دیكەی ئەم وەرزە گفتوگۆیە لەگەڵ جاك تانزر و جۆن ریچاردسۆن، كە هەردووكیان جێگری گەلەریەكەی نۆدلەر هامەر بوون، و هەروەها لەگەڵ ڤیكتۆر هامەر وكچە ناباوكیەكەی، نانسی بیكەر. لەگەڵ دەرخستەكانی راجەر شاكلی سەرۆكی هەموو كاروبارەكانی دارای ئەكسیدنتال لە سەردەمی هامەردا.

١- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لا ٤٤٧.

٢- نامەیەكی ئارمەند هامەرە كە دەرخەری ڕەزامەندیێكی سۆڤیەتە بۆ بەڕێوەچوونی كارەكانی.

3- Ronay, framed in a masterful swindel, pp. 14-15.

٤- گفتوگۆ لەگەڵ ڤیكتۆر هامەر.

٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لا ١٨٠.

٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٨- گفتوگۆ لەگەڵ مێرڤی.

9- Richardson, hammer nailed, pp, 96-102.

10- Jones, battle for the masterpieces.

١١- (واشنتۆن پۆست) ٢٨ مارسی ١٩٧٠، هەروەها سەری وێنبێرگ، ئارمەن هامەر، لاپەڕە ٢٨٠ بکە.

12- Crawford- mason, wheeler dealer armand hammer, p. 54.

١٣- وینبێرگ، ئارمەند هامەر، لاپەڕە ٢٨٠.

14- Walker, self portrait with donors, p. 38.

١٥- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لاپەڕە ٤٤٢.

١٦- دەرخستنی سەرلانەی دامەزراوەی ئارمەند هامەر، ١٩٨٥.

١٧- گفتوگۆ لەگەڵ مێرزی.

18- Richardson, hammer nailed, p. 102.

19- Ibid.

٢٠- گفتوگۆ لەگەڵ ریچارد سۆن.

٢١- گفتوگۆ لەگەڵ ئارمەند هامەر لە ١٠ جێنیوەری ١٩٧٨ کە لەو گفتوگۆیەدا باسی معامەلەی وێنەکێش گۆیا کراوە، شریتەکانی هامەر، هەروەها گفتوگۆ لەگەڵ تانزر، گفتوگۆ لەگەڵ ریچاردسۆن.

٢٢- گفتوگۆ لەگەڵ ریچارد سۆن.

٢٣- گفتوگۆ لەگەڵ گیبسۆن.

٢٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٥- گفتوگۆ لەگەڵ شاکلی.

٢٦- هیلاری گیبسۆن، لەدژی (پلیمو گارت) دیوانی باڵا، لۆس ئەنجلس، کالیفۆرنیا، دۆسیەی ١١٨٢٠٧ بی سی، هەروەها گفتوگۆ لەگەڵ گیبسۆن.

٢٧- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لا ٤٤٤.

٢٨- گفتوگۆ لەگەڵ گیبسۆن.

29- Esterow, hammer , p. 73.

٣٠- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لاپەڕە ٤٤٤.

٣١- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر لا ٤٤٩-٤٥٠.

٣٢- گفتوگۆ لەگەڵ ئارمەند هامەر.

٣٣- گفتوگۆ لەگەڵ مێرزی.

٣٤- وەسڵەکانی ئەکسیدنتال پترۆلیۆم، ٣ دیسەمبەری ١٩٨٠.

٣٥- نوسینەکانی ئارمەند هامەر لەگەڵ زانکۆی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلس. ١٩٨١.

٣٦- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لاپەرە ٤٤٦.

٣٧- گفتوگۆ لەگەڵ هامەر.

٣٨- گفتوگۆ لەگەڵ گیبسۆن.

39- Me gugan and wright whose at is it anyway? P. 52.

وەرزی بیست و سێ: میانجی

ئەم وەرزە لەسەر بنەمایی تێبینیە شەخسیەکانە لەسەر ئارمەند هامەر و ئەو گفتوگۆیانەی کە لەکاتی سەفەرەکانیدا لەساڵی ١٩٨١ کە لەگەڵیدا بەڕێم نوسیومە. لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی ئەکسیدنتال لە گفتوگۆکانم لەگەڵ بەڕێوەبەران و کارمەندە پلەبەرزەکانی ئەو کۆمپانیایە، وەکو رۆبێرت عبود، زلتان مێرزی، راجەر شاکلی، جێمز گالوین، و هەروەها ئەو راپۆرتە ساڵانە و بەڵگانەی دیکە کە نەخرانە بەردەم (کۆمیسیۆنی کاغەزە بەهادارەکان و بۆرسەی کالاّ). هامەر بەڵگەکانی سەفەرکردنی بە فڕۆکەکەی ئەو سەردەمەی هەمووی خستەبەردەمم. هەروەها لەگەڵ ریچارد ئالن، راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەی سەرۆک ریگان، گفتگۆم کردوە، و هەروەها گفتوگۆم لەگەڵ (ژان-لوئیس ژرێین) شارەزای کاروباری زانیاری فەرەنسا، و لەگەڵ کوڕی زیاء الحق واتە (ئیجاز الحق)،کە لە ساڵی ١٩٨٨ لە کارەساتێکی فڕۆکەدا کوژرا قسەم کردوە.

١- گفتوگۆ لەگەڵ مێرزی، کە لەم مەراسیمەدا لەگەڵ هامەردا بوو.

2- Regan, an amercan life, pp. 226-90.

٣- گفتوگۆ لەگەڵ مێرزی.

٤- نامەیەك لە ئارمەند هامەرەوە بۆ لئونید برژێنف، ٢٣ جێنیوەری ١٩٨٠، دۆسیەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.

٥- گفتوگۆ لەگەڵ گالوین.

٦- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لا ٤٢٤.

٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٨- بەڵگەکان و دیکۆمێنتەکانی سەفەرکردنی فڕۆکەکانی هامەر.
٩- شریتەکانی هامەر، ١١ ئاوریلی ١٩٨٠، دیوی یەکەم.
١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
١١- شریتەکانی هامەر، ٦ جێنیوەری ١٩٨٠، دیووی یەکەم.
١٢- گفتوگۆ لەگەڵ ئیزبگنیف برزژینسکی.
١٣- شریتەکانی هامەر، ٦ جێنیوەری ١٩٨٠، دیوی یەکەم.
١٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
15- Yousaf and adkin, the bear trap, pp. 24-41.
١٦- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لا ٤٢٤.
١٧- گفتوگۆ لەگەڵ زیاء الحق.
١٨- گفتوگۆ لەگەڵ ئارمەند هامەر. گفتوگۆ لەگەڵ ئالن.
١٩- گفتوگۆ لەگەڵ ئارمەند هامەر، گفتوگۆ لەگەڵ هینزل.
20- Rowan, death of david karr and other mystries, p 102.
21- Ibid, p. 96.
٢٢- گفتوگۆ لەگەڵ گریگرۆن.
23- Woodward, veil, 40.
24- Woodward, veil, p 40.
٢٥- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لاپەڕە ٤٢٨.
٢٦- ڤینبێرگ، ئارمەند هامەر، لا ٣٩٢.
٢٧- تێبینیە شەخسیەکانی نوسەر لە کاتی ئانخوارسنی ئێوارانی ١٩٨١ بۆ شازادە چارلز.
٢٨- تێبینیە شەخسیەکانی نوسەر، لە ساڵی ١٩٨١.
٢٩- گفتوگۆ لەگەڵ دیڤید مرداك.
٣٠- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لا ٣٧٦.
٣١- گفتوگۆ لەگەل مرداك، گفتوگۆ لەگەڵ ئارمەند هامەر.
٣٢- نامەیەك لە ئارمەند هامەر بۆ رۆناڵد ریگان، ٢٣ ئاوریلی ١٩٨١.
٣٣- گفتوگۆ لەگەڵ ئارمەند هامەر و تێبینیە شەخسیەکانی نوسەر.
٣٤- گفتوگۆ لەگەڵ براك.

٣٥- گفتوگۆ لەگەڵ ئارمەند هامەر.

٣٦- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر. لا ٤٢٩.

37- Duncan, hammer of the midas touch, p. 13.

٣٨- وینبێرگ، ئارمەند هامەر، لا ٤٥٥.

٣٩- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لاپەڕە ٤٩٢.

٤٠- گفتوگۆ لەگەڵ باراك.

٤١- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لا ٤٨١.

٤٢- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٤٩٥-٤٩٩.

٤٣- گفتوگۆ لەگەڵ براك.

44- Boward, dr armand hammer, p. 55.

٤٥- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لاپەڕە ٥٠١.

وەرزی بیست و چوار: هاوسەنگی دەسەڵات

ئەم وەرزە و وەرزی دواتر لەسەر بنەمای تێبینییە شەخسیەکان و گفتوگۆکانم لەگەڵ هامەر لەکاتی سەفەرەکاندا لە ساڵی ١٩٨١ نوسیوە. بەڵگە و دیکۆمێنتی ئەو سەفەرانەی دەخستە بەردەمم. شریتەکانی هامەر، کە دواتر گەیشتە دەستم، هەموو پشتگیری ئەو بابەتانەن کە هامەر لەماوەی ساڵەکانی ١٩٧٨ تاوەکو ١٩٨٢ لە فڕۆکەکەی خۆی یان لە ژوری هۆتێلەکان بە تۆمارکردنی دەنگەکان شتەکانی وەرگرتوە.

باسی چالاکیەکانی ئەکسیدنتال لێرەدا وەکو گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆکەکان وبەڕێوەبەرەکانی کۆمپانیا وەکو رۆبێرت عبود، زلتان مێرزی، راجەر شاکلی و جێمز گالوین، و هەروەها لە ڕاپۆرتەکانی ساڵانە و بەڵگەکانی بنکەی (کۆمیسیۆنی کاغەزە بەهادارەکان) وەرگیراوە.

١- هامەر لە ٢٥ سێپتەمبەری ١٩٨٠، لەکاتی کردنەوەی (کۆمەڵەی هونەری ئارمەند هامەر). گۆڤاری (نیوز ویك) ٢٥ ئۆکتۆبەری ١٩٨٠، لا ١٧.

2- Crawford- mason, wheeler dealer armand hammer, p. 47.

٣- وتارەکەی ئارمەند هامەر لە ئەنجومەنی نەوتی ئەمریکا، بیکرز فیلد، کالیفۆرنیا، ٢٣ ئۆکتۆبەری ١٩٨٠.

٤- گفتوگۆ لەگەڵ ئارمەند هامەر.

٥- گفتوگۆ لەگەڵ مێرفی.

6- Duncan, hammer of the midas touch, p. 13.

٧- هامەر و لیندن، لاپەڕەی ٤٧٢.

٨- گفتوتگۆ لەگەڵ ژول کرول.

٩- گفتوگۆ لەگەڵ گیبسۆن.

١٠- ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) ٧ ئاورلی ١٩٧٩، هەروەها (واشنتۆن ئیستار) ٢٠ جێنیوەری ١٩٧٩.

١١- گفتوگۆ لەگەڵ جروڵد شکتر.

12- Crawford, mason, wheeler dealer armand hammer, p. 47.

١٣- تێڕوانینە شەخسیەکانی نوسەر، گفتوگۆ لەگەڵ عبود.

١٤- گفتوگۆ لەگەڵ جولین هامەر، گفتوگۆ لەگەڵ گیبسۆن.

١٥- گفتوگۆ لەگەڵ مێرزی.

16- Kinkead, armand hammers costly dreams, p. 100.

١٧- وینبێرگ، ئارمەند هامەر، لاپەڕە ٣٢٥.

١٨- تێبنیە شەخسیەکان نوسەر، گفتوگۆ لەگەڵ مرداك.

١٩- گفتوگۆ لەگەڵ مرداك.

20- Kinkead, armand hammers costly draams , p.102.

٢١- هامەر، (بازاری فراوانی چین)، لاپەڕە ٢٣.

٢٢- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لاپەڕە ٢٧٧.

٢٣- هەمان سەرچاوە، ٢٧٨.

٢٤- گفتوگۆ لەگەڵ گیبسۆن.

٢٥- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لاپەڕە ٢٩٨.

٢٦- گفتوگۆ لەگەڵ گیبسۆن.

27- Kinkead, armand hammers costly dreams, p. 98.

٢٨- گفتگۆ لەگەڵ مێرزی.

٢٩- ڕۆژنامەی (لۆس ئەنجلس تایمز) ٢٥ ئاوتی ١٩٨٤، لاپەڕە ب.١.

٣٠- چاوپێکەوتنی هامەر لەگەڵ گۆڤاری (modern maturity)، ل ٦٢.

31- Cook, armands new elephant. P. 67.

٣٢- گفتوگۆ لەگەڵ شلحی.

٣٣- گفتوگۆ لەگەڵ مێرزی.

٣٤- ڕۆژنامەی (بوگاتا) ا نۆڤەمبەری ١٩٨٦.

٣٥- گۆڤاری فۆربیس، ١٨ مارسی ١٩٩١.

٣٦- بە گواستنەوەی ڕۆژنامەی (وال ستریت جێرنال) ١٣ مەی ١٩٨٥، ل ١.

٣٧- گفتوگۆ لەگەڵ شلحی، دۆسیەی کۆمیسیۆنی کاغەزی بەهادار.

وەرزی بیست و پێنج: لە هەوڵدان بۆ خەڵاتی نۆبڵ

لەساڵی ١٩٨١ کاتێك لەگەڵ هامەردا سەفەرم دەکرد، لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوکارە سەرەکییەکانی ئەو، وەکو جرۆڵد شکتەر، ویلیام مك سوینی، و جێمز پوگاش گفتوگۆم کرد. دواتر لەگەڵ تئودور لاك وودیش، کە لەگەڵ پوگاشی، لە (ڕێکخستنی کۆلێژی یەکێتی جیهانی ئەمریکای ڕۆژئاوای ئارمەند هامەر) دەستی هەبوو، قسەم کرد.

زانیاری پەیوەست بە ڕێکخستنی خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ لە ستۆکهۆڵم لە بارون ئستیگ رامل، کە یەکێك بوو لە بەڕێوەبەرەکانی دامەزراوەی نۆبڵ، پێدام.

١- بەڵگەکانی سەفەری ئارمەند هامەر بۆ مانگی مەی ١٩٨٨، پێرستی میوانی ئاهەنگی لەدایکبوونی ئارمەند هامەر.

٢- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لاپەڕە ٤٦٨.

٣- ئیم، چاوپێکەوتن لەگەڵ ئارمەند هامەر.

٤- گفتوگۆ لەگەڵ شکتەر.

5- Blumay with edwards, the dark side of power, p. 344.

٦- گفتوگۆ لەگەڵ شکتەر.

7- Blumay with edwards, the dark side of power, p. 344.

٨- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لاپەڕە ٣٩٤.

٩- هەمان سەرچاوە. ٥١٠.

١٠- گفتوگۆ لەگەڵ تئودور لاك وود.

١١- ڕۆژنامەی (لۆس ئەنجلس تایمز) ٢٣ مەی ١٩٨٥.

12- Hunter, hammer, p.4.

١٣- گفتوگۆ لەگەڵ رامل، گفتوگۆ لەگەڵ راوێژكاری لەندەنی ئارمەند هامەر.

١٤- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لاپەڕە ٤١٤.

١٥- ڤینبێرگ، ئارمەند هامەر، لاپەڕە ٤٥٠.

١٦- راپۆرتێك لەبارەی ئارمەند هامەر، ١٧ ئاوریلی ١٩٨٤، دۆسیەی ئێف بی ئای، ژمارە ٧٢.

١٧- راپۆرت لەبارەی ئارمەند هامەر، ١٧ جینیوەری ١٩٨٥، دۆسیەی ئێف بی ئای ژمارە ٢٠٢٤١-٧٢.

١٨- ڤینبێرگ، ئارمەند هامەر، لاپەڕە ٤٤٩.

١٩- دۆسیەی بەخشینی ئارمەند هامەر، ١٩٩١، وەزارەتی دادی) وینبێرگ، ئارمەند هامەر، لاپەڕە ٤٤٨.

٢٠- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، ل ٤١٥.

٢١- دۆسیەی بەخشینی ئارمەند هامەر، ١٩٩١، وەزارەتی داد.

٢٢- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لاپەڕە ٤٣٠.

٢٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

کۆتایی: دوای مەرگ

١- گفتوگۆ لەگەڵ جولین هامەر.

٢- ڤینبێرگ، ئارمەند هامەر، لاپەڕە ٤٣٥.

3- Blunay with edwards, the dark side of power, pp. 426-7.

٤- گفتوگۆ لەگەڵ براك.

٥- نامەی ئارماشا هامەر بۆ ڤیكتۆر هامەر، ١٩٦٣.

6- Cook, (the high cost of hammer) p. 104.

7- Lee, (occidental lets memory of ex- chief fade) p. dl.

8- Ibid.

9- Mc guigan and wrighit, whose art is it, anyway? P. 52.

١٠- گفتوگۆ لەگەڵ تلودور لاك وود.

١١- ڕۆژنامەی (لۆس ئەنجلس تایمز) ٢٣ مەی ١٩٨٥.

12- Hunter, hammer, p.4.

١٣- گفتوگۆ لەگەڵ ڕامل، گفتوگۆ لەگەڵ ڕاوێژکاری لەندەنی ئارمەند هامەر.

١٤- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لاپەڕە ٤١٤.

١٥- ڤینبێرگ، ئارمەند هامەر، لاپەڕە ٤٥٠.

١٦- ڕاپۆرتێك لەبارەی ئارمەند هامەر، ١٧ ئاوریلی ١٩٨٤، دۆسیەی ئێف بی ئای، ژمارە ٧٢.

١٧- ڕاپۆرت لەبارەی ئارمەند هامەر، ١٧ جێنیوەری ١٩٨٥، دۆسیەی ئێف بی ئای ژمارە ٤١٢٠٢-٧٢.

١٨- ڤینبێرگ، ئارمەند هامەر، لاپەڕە ٤٤٩.

١٩- دۆسیەی بەخشینی ئارمەند هامەر، ١٩٩١، وەزارەتی دادی) ویلبێرگ، ئارمەند هامەر، لاپەڕە ٤٤٨.

٢٠- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، ل ٤١٥.

٢١- دۆسیەی بەخشینی ئارمەند هامەر، ١٩٩١، وەزارەتی داد.

٢٢- هامەر لەگەڵ لیندۆن، هامەر، لاپەڕە ٤٣٠.

٢٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

کۆتایی: دوای مەرگ

١- گفتوگۆ لەگەڵ جولین هامەر.

٢- ڤینبێرگ، ئارمەند هامەر، لاپەڕە ٤٣٥.

3- Blunay with edwards, the dark side of power, pp. 426-7.

٤- گفتوگۆ لەگەڵ براك.

٥- نامەی ئارماشا هامەر بۆ ڤیکتۆر هامەر، ١٩٦٣.

6- Cook, (the high cost of hammer) p. 104.

7- Lee, (occidental lets memory of ex- chief fade) p. dl.

8- Ibid.

9- Mc guigan and wrighit, whose art is it, anyway? P. 52.

سوپاس و پێزانین

سوپاسێکی بێ پایانی (سینتیا سین) دەکەم، کە لێکۆڵەرەوەیەکی سەرەکیم بوو لەم پڕۆژەیەدا، بەتایبەتی بۆ هاوکاریەکانی لە بەدەستهێنانی کەرەسەکان لەڕێگەی (یاسای ئازادی زانیاری)ەوە واتە (FOIA) ، هەروەها لە داواکاریەکان و گەڕانەکانی بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەکان و دیکۆمێنتەکان لە (ئەرشیفی نەتەوەی) و شوێنەکانی دیکەدا.

بۆ گەڕان و بەدەستهێنانی بەڵگەکان و دیکۆمێنتەکان لە بنکەکانی سۆڤیەتی زۆر قەرزداری (کۆنت لی) و (فرانگالا)م لە بڵاوکراوەی (ئیست ولیو، و (ئۆلگ گۆرلیف)، کە لێکۆڵینەوەی زۆریان بۆ کردم لە مۆسکۆ. هەروەها سوپاسی (هاروی کلهەر) دەکەم بۆ ئەو بەڵگانەی کە لەئەرشیفی (کمیتەن) بەدەستی هێنان بۆم. هەروەها (کاری لیزا سونسۆن) کە لە وەرگێڕانی بەڵگەکانی سۆڤیەتیدا هاوکارێکی گەورەی کردم.

لەگەڵ ئەوەدا لە لێکۆڵینەوەی سێ نوسەری دیکە کە پێش من دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردبوو لەسەر هامەر، زۆر سودم لێوەرگرتن لەوانیش: پرۆفیسۆر (رۆبێرت ویلیامز)، نوسەری (هونەری روسی و پارەی ئەمریکی)، (جۆزێف فینەدەر) نوسەری کتێبی (فەرشی سور)، و (ستیو ڤیتبێرگ) نوسەری کتێبی (ئارمەند هامەر)، بەتایبەتی ڤینبێرگ زۆر هەوڵیدا لەگەڵمدا و کەرەسەی زۆرباشی خستە بەردەمم.

سوپای هێنری شولەر دەکەم، بەڕێوەبەری (بەرنامەی بارلت) لە ئاسایشی وزە، بۆ ڕێنوێنی و زانیاریەکانی لەبارەی لیبیاوە.

هەروەها حەز دەکەم زۆر سوپاسی (هێنری برادلی) دامەزرێنەری کارتاژ بۆ دابینکردنی پارە بۆ لێکۆڵینەوە لەم پڕۆژەیە و لە (سەنتەری سیاسەت و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی) بۆ بەڕێوەبردنی لێکۆڵینەوەکان بکەم. بۆ دەستنوسی یەکەمی ئەم کتێبە زۆر سودم لە (موشکافی های تینا بیلت) و (ئالن فرانکل پال) وەرگرت. ڕێزێکی زۆر گەورەم بۆ ئەم کەسانەی خوارەوەش هەیە:

Thomas fedorik, clay felker, robert d. fisher, rebecca fraser, hillel fradlen, philip s. hillette, laura glaz, cascy hammer, gean

hammer,william hood, maort hanklow, michael joyce, jules kroll, richard larry, bettye murphy, onathan napack, dan nessel , ann odom, feffreey paul, caron smith, olivia snaije, and katrina vandenheuval.

ڕێزێكی گەورەم هەیە بۆ (suzannc jackson) لە لێكۆڵینەوە و ڕوونكردنەوەی بابەتەكان. سوپاسی جۆزێف ئایزمەنیش دەكەم بۆ ئەوەی لەڕووی یاساییەوە هاوكاری كردم.

سەرەنجام ئەم كتێبە بەهۆی لێهاتوویە بێ وێنەكانی (شارۆن دیلانۆ (sharon delano) وە توانیم كۆتایی پێبهێنم.



ئیدوارد جی ئیپستاین

هەموو جیهان بەلای (ئارمەند هامەر)ەوە بریتی بوو لە (پارە، دەسەلات، ناوبانگ) هەموو کارەکانیشی تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆیبوون، هیچکاتێک بیری لەو کەسانە نەدەکردەوە کە نیشی لەگەلدا دەکردن، لە دوسیەکانی (ئێف بی ئای) و (رەش) و دەزگاکانی (کەی جی بی) و (کمینترن) دەردەکەویت کە ئەم پیاوە تەنها بەشوێن بەرژەوەندیەکانی خۆیەوە بوو.

هامەر لە روسیادا، هەر لەسەردەمی لینین تاوەکو گورباچوف پەیوەندی هەبوو لەگەل هەموویاندا، بە کەسایەتییەکی گەورە دەزانرا، لە ئەمریکاش بە پارە پەیوەندی خۆی لەگەل زوربەی سەرکردەکان و سیناتورەکان و بەرپرسەکاندا هەبووە سلی لە هیچ شتێک نەدەکردەوە، هامەر باوەری وابوو بە هێزی پارە، دەتوانریت هەمووشتێک بکریت، بە ملیونەها دولاری دەبەخشی بۆ ئەوەی بە پیاوێکی گەورە بناسرێت.

سەنتەری خیرخوازی گەورەی هەبوو، دەچوو بۆ هەر ولاتێک بە شیوەیەکی فەرمی سەروکی ئەو ولاتانە پێشوازیان لی دەکرد، بە دەیان خەلاتی جیهانی نێودەولەتی وەرگرتووە، بەلام کاتی ئەوەی نەبوو ببیتە خاوەنی خەلاتی نوبل، هەرچەندە هەشت سال بە ملیونەها دولاری بو تەرخانکرد. بەهەرحال، هامەر پیاوێکی (فیلباز، بی وەفا، بەرتیل دەر، هەلخەلەتێنەر، و زور وریا و بەتوانابوو)، هیچکەس نەیدەتوانی لە فیلەکانی تێبگات... کاتێکیش مرد هەموو ژنەکان و مندالەکان و خزمەکانی بێبەش کرد لە سامانەکەی.

سەمیر حسێن

لەبلاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی رێنما

نرخ (7500) دینارە